

# ئەو قاچەی بەجێماوە

یاداشتەکانی سەید ناسڕ حوسێنی
لە گرتووخانە نهێنیەکانی ڕژێمی بەعسدا


بەعەرەبی کردنی: کەمال سەید
بەکوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجر

**بەعەرەبی کردنی: کەماڵ سەید**

# ئەو قاچەی بەجێماوە

**یاداشتەکانی سەید ناسرِ حوسەینی**

**لە گرتووخانە نهێنیەکانی ڕژێمی بەعسدا**

**بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر**

## پێناسی کتێب:

نـاوی کتێــــب: ئەو قاچەی بەجێماوە

ناوی نووســـــەر: کەمال سەید

بە کوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی نـاوەوە: زێبار عەزیزخان مهاجر

نەخشـەسازی بەرگ: بەرەکات قورتاس

بڵاوکـــــار: نووسینگەی کاروان

نۆرە و ساڵی چــاپ: یەکەم، ١٤٤٢ك – ٢٠٢١ز

تـیــــراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٨٥٣ )ــــی ساڵی (٢٠١٩)ــــی پێدراوە.

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە



ناونیشان: سۆران (شەقامی گشتی) – هەولێر – کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن:

٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥ Karwancenter18@gmail.com

ئەمەی خوارەوە دەقی پێشنووسی ڕێزدار جەنابی ئیمام خامنەئیە (سایە و سێبەرەکەی بەردەوام بێ) بۆ کتێبی ((ئەو قاچەی بەجێماوە)):

((تا ئێستا هەرگیز کتێبێکم نەخوێندۆتەوە، گوێبیستی وتەیەك نەبوومە، وێنای دیمەنەکانی دیلبوونی پیاوە جوامێرەکانمان بکات، لە نێو پیس و پۆخڵیەکانی بەعسییە ترسنۆکەکان، وەك چۆن ئەم کتێبە وێنای دەکات))

ئەمە گێڕانەوەیەکی هەڵاوێردراوە، لەبارەی ڕووداوە شڵەژێنەرەکان، کە لەلایەك وێنای داستانەکانی ئارامگری و خۆڕاگری پاڵەوانەکانمان دەکات، لەلایەکی ترەوە نیگاری سوك و ڕیسوایی و تووندوتیژی و داڕوخانی دڕندەکانی سەدام دەکات، وەك زاراوەیەك لەبەر چاوی خوێنەردا دەڕوات، زاراوە وشە وشە، قەشەنگی هەستکردن بە جوانی و سەرسوڕمانی و شکۆمەندی و سەربەرزی دەچێتە ناخیەوە، لەلایەکی ترەوە هەستی خەم و خەفەت و توڕەیی پیرۆز لە دەروونماندا هەڵدەقوڵێنێ.

سڵاو و ڕێز بۆ دیلە تێکۆشەرە بەرگریکارە حوسەینیەکان.

سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی ڕاوێژکاری کەلتوری کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، لە بەغداد، لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ بەدواداچوون و دەرکردنی ئەم شوێنەوارە سەنگینە.

## پێشکەشە بە:

بە عەریفی عێڕاقی وەلید فەرحان، سەرۆك پاسەوانی خێوەتگەی ١٦ لە تکریت، نازانم لەوانەیە کوژرابێ لە جەنگی یەکەمی کەنداوی فارسی، کاتێك جۆرج بۆشی باوك جەنگی دژی عێڕاق ڕاگەیاند!

لەوانەشە گیانی سپاردبێ لە جەنگی دووەمی کەنداوی فارسی، لە جەنگی جۆرج بۆشی کوڕدا!

لەوانەشە تا ئێستا لە ژیاندا مابێ!

ئەو پیاوەی کارەکانی حوکمڕانەکانی بوونە هۆی نەفرەت بارین بەسەر وڵاتەکەی!

ئەو پیاوەی کە ئەشکەنجەی منی دەدا، بەدرێژایی چەندین ساڵ لەپاڵ گلکۆی پاکی باپیرم!

ئەو پیاوەی هەر کاتێك ئازاری منی دەدا، ئەوا پاسەوانی عێڕاقی عەلی جاڕوڵڵا دەچووە گۆشەیەك و لە پێناو مندا بە بێ دەنگی دەگریا!

لەوانەشە شەرم دایگرتبا!

ئەم کتێبە پێشکەش بەو دەکەم بەوپەڕی خۆشەویستیەوە!

لە پێناو گشت ئەو شتە جوانانەی کە کارە جوانەکانی ئەو دایهێنان!

هەموو ئەوەی بەسەرمندا هات؛

((جگە لە شتی جوان چیترم نەبینیوە))[1].

(١) ئەمە گوزارشتێکە خاتوو زەینەبی پاکیزە وتویەتی، لە دوای ڕووداوەکەی کەربەلا، وەك وەڵامدانەوەیەکی عوبەیدوڵای کوڕی زیادی ستەمکار، کە پێی وت:

- چۆن ڕوانیتە کاری خوا بەرامبەر خانەوادەکەت؟

خاتوو زەینەب وتی:

- تەنها شتی جوانم بینی! ئەوانە کۆمەڵە کەسانێکن، خوای مەزن کوژرانی بەسەر ئەواندا نووسیبوو، بۆیە ئەوانیش بە چارەنووسی خۆیان گەیشتن، خوای مەزن ئەوان و تۆش لە دوارِۆژدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەو کاتە لێپرسینەوەکە یەکلا دەکرێتەوە؛ بڕوانە کێ ئەو کات ڕزگاری دەبێ، هەی دایکت ڕۆ ڕۆت بۆ بکات هەی کوڕی مەرجانە!

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی وەرگێڕ

لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتی ئاشتی و ئاشوب و فیتنەش دروستکراوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە قوتابخانەی تاقیکردنەوەدا تێبپەڕێ، ئەنجامی کردەوەکانی بەرجەستە ببێ و ئەوەی دەیچێنێ بەرەکەی چ لە دونیا یان لە دوارۆژدا بدورێتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستمان باسی بەسەرهاتی دیلێکی ئێرانی دەکات بە ناوی (سەید ناسر حوسەینی) لە جەنگی نێوان ئێران و عێڕاق بەدیل گیراوە، بەندیخانە نهێنیەکانی بەعسی بینیوە و ئەشکەنجە و ئازارەکانی ئەم ڕژێمە دڕندەیەی چەشتووە.

پێم وابوو وەرگێڕانی ئەم کتێبە خزمەتێکە بە کتێبخانەی کوردی و ئاشناکردنی خوێنەرە بە لایەنێکی بچوك لە دڕندایەتی و سەرشێتی ئەو ڕژێمە گۆڕ بە گۆڕە، کە بووە مایەی نەهامەتی بۆ گەلانی ناوچەکە بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی.

لە کۆتاییدا سوپاسی خوای مەزن و دلۆڤان دەکەم کە هێز و وزەی پێبەخشیم لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، زۆر سوپاسی (سەرهەنگ عەبدولواحید) دەکەم بۆ هەڵەچنینی ئەم بەرهەمە. هەر لێرەشدا وەك وەفایەك بۆ ئەو یارمەتی و پشتیوانیە بێ سنوورە بۆ من هەیبووە،.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

## ئاماژەیەك

بەهاری شازدەمی خۆی لەبەردەم ئاگردا پێشکەش کرد. نیشانەی دەگرت لە دوورگەی ((مەجنون))، دوورگەیەك تیایدا بینینی بڵێسە و ساچمە و گوللەی بەتاڵ لە چنگی گڵ و خاکەکەیدا سەرسامکەر نییە!

پەلکە زێڕینەی هیواکانی بەهاری خۆی، لەلای تەپۆلکی نیشانەگرتنەکەی دادەنا، کە هەموو ڕۆژێك دەگەیشتە چڵەپۆپەی خۆی!

ڕوانین و خودی خۆی دەردەبڕی لە کونی دووربیندا، لەوێوە بەرەو هێڵەکانی بەعسییەکان دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە، بەو هیوایەی بتوانێ خەیاڵی سەرکردەکانی جەنگەکە بخوێنێتەوە، ئایا دەبێ چیان بوێت؟

ئەمڕۆ ٢٤/ ٦/ ١٩٨٨، گەورەمان ناسر حوسەینی پور لەسەر تەپۆلکە و گردەکە هاتە خوارەوە، دووربینەکەی ڕادەستی یەکێکی تر کرد، تەمەنە شازدە ساڵیەکەی هەڵدایە سەر شانی و بەرەو بارەگا ڕۆیشت، دەیویست ئەو هەواڵە بۆ سەرکردەکانی بگوازێتەوە، کە لە دووربینەکەدا بینیویەتی، لە جوڵەی هێزەکانی سەدام، چونکە بۆنی هێرشێکی لەناکاو و نزیکی بەعسییەکانی دەکرد، هێرشێك چارەنووسی ئەو و چارەنووسی دوورگەی مەجنون و زۆرێك لە هاوەڵان و خەڵکی شارەکەی دیاری دەکات!

عێراقییەکان؛ بەڕێز ناسر بە لاقە هەڵواسراوەکەی بەدیل دەگرن، بە ئێسك و دەمار و پێستەوە، چیتر ئەوان نابینێ لە ڕێگەی دووربینەوە، بەڵکو لە نزیکەوە چاودێریان دەکات و لە پەنهانیدا دەنووسێ.

سەیدی ناوبراو قاچەکەی خۆی، لە بەهاری شازدەمیدا، لەسەر خاکی عێراق جێهێشت، بەم کتێبە گەڕایەوە لامان، کە سەرکردەی ئەو نین، ئەم کتێبە کە چەند وشەیەك لەخۆ دەگرێ، دەکرێ ئێمە پشتی پێ ببەستین، کە هێشتا پێی سەلامەتمان هەیە.

نووسینگەی هونەر و ئەدەبیاتی بەرگری

حەوزی هونەری — هاوینی ٢٠١١

پێشەکی نووسەر

**جەنگ ئەوەندە درێژەی کێشا، تا ئاستێك کە من گەورە بووم. من لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بووم، کاتێك ڕۆیشتمە بەرەکانی جەنگ، حەزم بەکارکردن دەکرد لە بەشی ئەندازیاری، بوومە کارمەند لەم بەشەدا، دواتر گوێزرامەوە بۆ بەشی هەواڵگری سەربازی و پرۆسەکان.**

**لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بووم، جەنگیش لە ڕۆژانی دواهەمیندا بوو، بە دیل کەوتمە دەستی هێزە عێراقییەکان، لە دوورگەی مەجنون، ئەو کاتە من ڕێنیشاندەر بووم لە کەتیبەی شەهیدان، کاتێك لەشکری سەدام هێرشی پێچەوانەی کرد.**

**لە ماوەی دیلایەتیدا، چەندین ڕووداوی هەژێنەر و ئازار بەخشم بینی. بەر لە دیلایەتی، من لە بەشی هەواڵگری بووم، چاودێری بەرەکانی دوژمنم دەکرد، بە وردی جوڵەکانیانم تۆمار دەکرد، کار و کاردانەوە و هەڵچون و تێپەڕینی بارهەڵگرەکانی، لەگەڵ ڕۆژ و کاتژمێر و خولەکەکەشم تۆمار دەکرد.**

**لەوەتەی ڕۆژی یەکەمی دیلبوونمەوە، چیتر پێویستم بەوە نەبوو بە دووربین چاودێری ڕووداوە گرنگەکان بکەم، بە گشت ئەو پەند و وانانەی لە خۆی دەگرت.**

**من چیتر پێویستم بە دووربین و بورج نەبوو، زانیاریەکانم لەبارەی عێراقیەکانەوە زۆر سنووردار بوو، لە میانەی ئەوەی بە دووربین لەسەر گردەکە لێیانم دەبینی و گوێبیستی دەبووم لەبارەیانەوە!**

**لە دوای دیلایەتی، ڕەفتاری چاك و خراپی ئەوانم بینی، حەزم دەکرد ڕاپۆرتێك ئامادە بکەم، لەبارەی ئەو ماوەیە لە چاودێری کردنم بۆ ئەوان، ئەمەش لە کاتی ڕزگاربوونم لە دیلایەتی و گەڕانەوەم بۆ نیشتمانە ئازادەکەم؛ حەزم دەکرد هەموو ئەوە بنووسم، کە لە**

گرتووخانەکانی عێراقدا بینیبووم، ئەم ڕاپۆرتە لەبارەی سەبارەت بە ڕۆژانەکانی من بوو لەوێ.

دوو مانگ بەسەر دیلبوونی مندا تێپەڕین، ئەو کاتە گوێبیستی عێراقیەکان بووم، قسەیان دەکرد لەبارەی ئازادکردنی دیلە کەم ئەندامەکان و بریندارەکان، ئەو کاتە بڕیارمدا یاداشتەکانم بنووسم لەو ماوەیەدا وەك سەرە خاڵ، بەکارهێنانی ڕێگەی هێماکان بۆ ئەوەی کورت و پوخت بێ، ئەو تێبینیانەی بوونە هۆی کێشە بۆ من، ئەوا هەوڵمدا ئاماژەیان پێ بکەم لە پەڕی دوور و درێژ، دواتر لە نێو گۆچانەکەمدا لولپێچ دەکرد، وام دەزانی ئازاد کردنم نزیکە، بەڵام هیچ شتێك ڕووی نەدا.

دوو مانگ و نیو تێپەڕین، گوێبیستی ئەوە بووم، جارێکی تر عێراقییەکان قسەیان دەکرد لەبارەی کۆبوونەوەیەك لە ژنێف، وەزیری دەرەوەی هەر دوو وڵاتی لەخۆگرتووە، لێدوانیان داوە لەبارەی گۆڕینەوەی دیلە نەخۆش و کەم ئەندامەکانی هەر دوو لا، سەرباری ئەم بارودۆخە سەختە، ئەوا هەندێك لە ڕووداوی سەرنجڕاکێشم نووسی.

ئەو پەڕاوانەی من لەسەرم دەنووسی، پاکەتی جگەرە یان کیسەی چیمەنتۆ یان پەڕاوێزی ڕۆژنامە عێراقییەکان بوون، ئینجا لە گۆچانەکەمدا لولپێچم دەکرد.

لەوەتەی کۆتایی جەنگی ساڵی ١٩٨٨ من چاوەڕێی هەلێکم دەکرد، بۆ ئەوەی تیایدا بە تەنها بم، دوور لە چاوەکان، بۆ دەرهێنانی یاداشتەکان لە گۆچانەکەمدا، نووسینەوەیان و پاکنووس کردنیان لە دەفتەرێکدا، کە ئامادەم کردبوو، لە لاپەڕەی سپی، ئەو لاپەڕانەم لە کۆتایی ئەو کتێبانە دەکردەوە، کە ڕێکخراوی موجاهدی خەلق (دووڕووەکان) بۆیان دەهێنایان.

**ڕۆژانی کۆتایی دیلایەتی، لە ئەیلولی ١٩٩٠ بوو، من ئەو کات لە نەخۆشخانەی ١٧ تەمموز بووم لە حەبانییە، ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا کە چاوەڕێم دەکرد، هەڵسام بە پاکنووس کردنی ڕووداو و یاداشتەکانم، لە دەفتەرێکی بچوکدا، کە تەنها لە بیست لاپەڕ پێکدێت!**

**دوای ڕزگاربوونم لە گرتووخانە، دەفتەرەکەم دەرهێنا لە نێو پەڕۆیەکانی برین پێچی، دەفتەرێکی بچوك بوو، جیهانێکی مەزنی لەخۆگرتبوو لە یاداشت و یادگاری خۆم و هاوڕێیەکانم لە دیلایەتیدا.. جیهانێك لە یاداشت.**

**هەر دێڕێکی و هەر وشەیەکی، کلیلێك بوو بۆ جیهانێکی فراوان لە یاداشت و ئەوەی یاد تۆماری کردووە لە ڕووداو و پێشهاتەکان، ئا بەم شێوەیە دەستم کرد بە دووبارە نووسینەوەی ئەو یاداشتانەم، وەرم دەگرتن لە دەفتەرە بچوکەکەم و یادە پڕاو پڕەکەم لە ڕووداوەکان.**

**دووبارە نووسینەوەی کتێبەکە، ١٨٧ ڕۆژی خایاند، سەبارەت بە یادگاریەکانی ٨٠٨ ڕۆژ، کە لە گرتووخانەکانی دیلایەتیدا بردمەسەر.**

**یاداشتەکانم و دواتر دووبارە نووسینەوەی و ئەو هەوڵانەی هاودەمی ئەمەن، لە هەوڵ و کۆششەکان، بوونە هۆی هاتنە کایەی ئەم کتێبەی بەردەستت ((ئەو قاچەی بەجێماوە)).**

**نووسینەوەی ئەم یاداشتنامە ڕۆژانەییانە، ماوەیەك لە کاتی خایاند، بە درێژایی ماوەی پچڕ پچڕ، بەدوای ئەو هاوڕێیانەمدا گەڕام کە لەگەڵمدا بوون، لە دیلایەتیدا، بە زەحمەت هەندێکیانم بینیەوە و پرسیارم لە هەندێکیان کرد لەبارەی هەندێك خاڵی ناڕوون و کۆمەڵە ناو و ڕووداوێك، کە بە کرچ و کاڵی مابووەوە لە یادمدا، لە پێناو ئەوەی چیرۆکەکە تەواو بێ، بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە تاڵانە، پێشکەشی نەوەکانی ئایندە بکەم، وەك چەند وانەیەك سەبارەت بە خۆڕاگری و چەسپاوی و ئارامگری.**

ئەم کتێبەم پێشکەشی عەریفی عێراقی وەلید فەرحان کردووە، لەوانەیە ڕۆژێك لە شوێنێك بە ئاکامی خۆی گەیشتبێ...

حەزی من لە تۆمارکردنی یاداشتی ڕۆژانەم دەگەڕێتەوە بۆ پایزی ١٩٨٦، ئەو ڕۆژەی ڕووم کردۆتە شاری دزفولی بێ دەنگ، ئەو کاتە لەگەڵ حەمید جەبەل عاملی بووم، لە شاری ئەسفەهان، دەیویست بچێتە نێو لیوای ٤٨ فەتح.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا، سواری پاسێك بووین بەرەو شاری ((شوشتر)) دەڕۆیشت.

حەمید تەنیشت پەنجەرەکە دانیشت، دەستی کرد بە نووسین لە دەفتەری ڕۆژمێری گیرفانی، لە لاپەڕەیەکدا ڕۆژی دووشەممەی ٧ کانونی یەکەمی ١٩٨٦ ئەم وشانەی خوارەوەی نووسی:

ئەمڕۆ من و سەید ناسرِ حوسەینی ڕۆیشتینە دزفول، ڕۆژێکی زۆر چاك بوو، سەید ناسرِ ئامێری تۆمارکەری فیدیۆیی کوداك ١١٠ ئەمریکی کڕی، منیش بەدلەیەکم کڕی کە خاڵی ڕەش و سپی لەسەریەتی. هەروەها ڕۆیشتینە گەرماو، بەهەمان شێوە بەیانیمان بەیەکەوە کردەوە، من گەسی هەمبەرگرم خوارد، سەید ناسرِیش گەسی سوسەجی خوارد، پەیوەندیم بە ئەسفەهانەوە کرد، لە ئێوارەدا بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ یەکە ئەندازەییەکان.

بەشی یەکەم:

## دوورگەی مەجنون

## ڕێگەی توونێل

■ هەینی ٢٤ حوزەیرانی ١٩٨٨ دوورگەی مەجنون...[1] ڕێگەی تونێل

کاتەکە بە کاتی ئێوارە بوو، ئاسمانی دوورگەکە وەك گومبەتێك بوو لە گوللە، شێ هەناسەکانی دەخنکاند، نۆرەی من تەواو بوو، لەسەر گردەکە دابەزیم، (گردی نیشانەگرتن و چاودێری) نۆرەکەم ڕادەستی ((وەلی یاری خواه)) کرد.

من هەموو جوڵەکانی دوژمنم تۆمار کردبوو لە قوڵایی پێگەکانیدا، لە بەرەی یەکەم و هێڵی دووەم، لە پەڕاوی تایبەتدا.

وا دەردەکەوت بەعسییەکان ئامادەکاریان دەکرد، بۆ هێرشی پێچەوانەی توند و تیژ، ئەمە لە جوڵەکانیان دەخوێنرایەوە، لەوپەڕی ناوچەی کەسارە، بەیزە، سەخرەی هەدامە و کەرام، هەروەها هاتوچۆیان بەدرێژایی بەشی بینراو لەسەر ڕێگەی عمارە – بەسرە، لە پشت کەناڵی (سویب)ی نوێ و ڕێگەی گڵی، کە دەچێتە دوورگەکانی مەجنون.

چڕی هێزەکانی دوژمن، چەقی دەگرت لە باشوری دوورگەکانی مەجنون، لە بەشی خۆرئاوا لە ئەلهوردا، حەفارەکانی عێراقی کاری هەڵکەندنیان دەکرد لە پشت ساتری یەکەم لە بەرامبەر دوورگەکە لە باشورەوە، کەلێنیان بەجێدەهێشت لە نێو ساترەکاندا، بە

(١) دوورگەی مەجنون، لە دوو بەشی باکور و باشوور پێکدێت، کۆی ڕووبەرەکەی دەگاتە دوو سەد کیلۆمەتری چوار گۆشە، بیست و پێنج کیلۆمەتر دوورە لە (ئەلقرنە)، شاری (حەویزە) دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی دوورگەی مەجنون، ئاوەکانی ئەلهور لە خۆرئاوای دیجلە سنوورەکانی نێودەوڵەتی ئێران دەبڕن، لە باشوری قرئەلقرنە، لە باکوریش شاری (ئەلعەزیز)، نزیکە ٥٠ گوندی بچوك لەم ناوچەیەدا بڵاون، خەڵکی لادێ لەوێ نیشتەجێن، قوڵایی ئاوەکان لە ئەلهور لە نێوان نیومەتر بۆ سێ مەتر دێت و دەچێ، ڕووەکەکانی (قامیش و زەل و گیا) زەلکاوەکان دادەپۆشن، ئاوەکانی ئەلهور ڕێگەیەکی ئاوی لەگەڵێدا تێکەڵە، ڕێگە بە جوڵەی کەشتییە بچوکەکان دەدات، کە ئەو ڕووەکانە دەبڕێ، کە زۆربەری جار بەرز دەبنەوە بۆ زیاتر لە حەفتا سەنتیمەتر لەسەر ڕووی ئاو.

درێژایی ماوەی جیاکەرەوە کە دەگەیشت چوارسەد تا پێنج سەد مەتر، هێزەکانی سەدام لە پاڵ ساترە ئاویەکە، ساترێکی گڵیان دامەزراند بوو، بەلەمەکانیان ڕەوانە دەکرد لە میانەی ئەو کەلێك و دەرگایانەی هێشتبوویانەوە، قامیشیان دەهێنا.

ڕاپۆرتەکانی چاودێری و ڕوانگە ڕۆژانە ڕادەستی سەرکردایەتی بارەگای شەشەمی هەوالگری پاسەوانی شۆڕش دەکرا، پێش چەند ڕۆژێك هەواڵی نیازی دوژمن بڵاوبووەوە، بە ئەنجامدانی هێرشی پێچەوانە لە دوورگەی مەجنوندا.

بەعسییەکان لە دوای پرۆسەی ((خەیبەر)) و ((بەدر))[1] و لە پێناو پێشگرتن لە هێرشی لەناکاوی هێزە ئێرانیەکان، هەڵسان بە دانانی ئاوپرژێن لەسەر ڕووباری دیجلە، بۆ فرێدانی ئاو بە ئاراستەی هوری مەزن، بەرامبەر هێڵەکانی پێشەوە لە دوورگەی مەجنون، کێشانی تەلی دڕکاوی و بازنەیی و جاڵجاڵۆکەیی و تاکلایەنی و تونێڵی لەپاڵ ڕێگری خۆری و دانانی بۆمب و بەرمیلی تەقێنەر و ئەڵغامی پرشنگداری دژ بە تاکەکەسییەکان.

لە ڕێگەی گەڕانەوە لە ڕوانگەکە، لە یەکەم ڕێڕەوی ئاویدا چاوم کەوت بە ((عەلی یوسف سورە))، کە یەکێك بوو لە تاکەکانی ئەو کەتیبەی لە خرمشهەر بوو، گەمیەکەی پەکی کەوتبوو پێش گەیشتنی بە بارەگای کەتیبەکە، ئێمە بەیەکەوە خولی پسپۆریمان تەواو کرد لە تەقاندنەوەدا، لە سەربازگەی قودس لە هەمەدان، پێشبینی بینینی ئەوم نەدەکرد لە دوورگەی مەجنون، عەبدولعەلی حەق گۆ))[2] پێی ڕاگەیاندمیەکێك لە ئەندامانی کەتیبەی ((ئەلقائیم)) لە خرمەشهەر لێت دەپرسیّ!

---

(١) ئەم دوو پرۆسە و کردارە لە مانگی شوباتی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ لە هەمان ناوچە ئەنجامدران.

(٢) شەهید عەبدولعەلی حەق گۆ، قوتابی زانکۆ بوو لە بەشی جوگرافیا، ساڵی سێیەمی بوو، دوای بیست و چوار ساڵ لە شەهید بوونی لاشەکەی دۆزرایەوە، لە گوندی (دیل) بەخاك سپێردرا، چونکە شوێنی لەدایکبوونی (دیل) بوو، لە ڕووی کارگێڕیەوە سەری بە شاری (گچساران)ەوەیە.

عەلی زۆر بلیمەت بوو لە هونەری تەقاندنەوە، ئەزموونیشی هەبوو، بەهەمان شێوە زیرەك بوو لەلاساییکردنەوەی دەنگی (کویتی پور) و (حوسەین فەخری)، هەر کە منی بینی بەدەنگ ئەمەی وت:

ممّد نبودي ببيني، شهر آزاد گشته، خون يارانت پر ثمر گشته[١].

گەیاندمانە کەتیبەکەی و ڕۆیشتمە شوێنی هەوالگری.

خانووی ئەو لە خرمشهر بەر بۆردومان کەوت، باوانی گوێزرانەوە بۆ گەڕەکی (جنگ زدکان))[٢] لە شاری (ئومیدیە))[٣].

عەلی پێی وتم: دوای ئەوەی خرمشهر ڕزگاری بوو، پێش ئەوەی بچمە ((مزگەوتی مەزن)) ڕۆیشتمە ماڵەکەمان، بەعسییەکان دوو لە خەڵکی خرمشهریان لە باخچەی ماڵەکە ناشتبوو!

پێی ڕاگەیاندم: سەید، وەك چۆن ئێمە حەز و هیوا و ئاوات بەو کەسانە دەخوازین، کە هاوچەرخی ئیمام حوسەین (سڵاوی خوای لێبێ) بووینە، پشتیان گرتووە، هەروەك ئێمەش ئومێدی ئەوە دەخوازین هاوچەرخی بین، ئەوا نەوەکان ئومێد بەوانە دەخوازن کە هاوچەرخ و هاوسەردەمی ڕێزدار خومەینی بووینە و پشتیان گرتووە و سەریانخستووە، جەنگاون دژی سەدامی ستەمکار، دەبێ ئێمە لە بەهای ئەم بەهرە و بەخششە بگەین، کە شتێکی کەم نییە!

---

(١) تۆ لە کوێ محەممەد! شارەکە ڕزگاری بوو. خوێنی هاوەڵانت بەرهەمی دا. وەرگێڕی عەرەبیەکە کردوویەتیە عەرەبی، منیش بەکوردیم کردووە.

(٢) زیان بەرکەوتووانی جەنگ.

(٣) لە نزیك شاری ئەهواز.

ئینجا پێی وت: زۆر لێره لەگەڵ هاوڕێکانت تێکەڵ مەبە! هاوڕێیەتی ئێره جیاوازه، لەگەڵ هاوڕێیەتی شار، هاوڕێیەتی لێرەدا تەمەنی کورتە، هاوڕێکەت کاتێك شەهید دەبێ، ئێش و ئازارت پێدەبەخشێ، برین لە ناختدا جێدەهێڵێت، لێرەدا زۆر لەگەڵ یەکتردا نامێنینەوە، ئەمە شتێکە لە دەرەوەی ویستی ئێمە، شتێکە ئاگر و گوللە بڕیاری لێدەدات.

پێی وت: هیواخوازم ئاگر و گوللە تەنیشت و پەراسوەکانم بپێکن، دەمەوێ بەهۆیەوە دڵی دایکی ساداتی پێبدەمەوە، پەراسوەکانی ئەویان شکاندووە.

ئەم وشانە بۆ من وەك وانە بوون، پێی وتم: هیوادارم گۆڕ بۆ من نەبێ!

ئەگەر گۆڕ بۆ منیش هەبێ، هیواخوازم لەسەر گەواهی گۆڕەکە بنووسن: ((نازانین ئەمە کێیە؟))، نەناسراوە لە بەقیعی ئێران، ئاخ! ئای چەندە خولیا و حەزی سەردانکردنم هەیە بۆ سەردانی بەقیع[1]!

پرسی بەڵێنەکە، شوێنەواری لەسەر (عەلی) جێمابوو، عەلی بەڵێنی دابوو لەگەڵ چوار لە هاوەڵانی لە مزگەوتی جەزائیری لە ئەهواز، عەلی سەبارەت بەم بەڵێنە پێی وتم: کاتێك ئێمە لە خولی پسپۆریدا بووین لە سەربازگەی قودس، لە شاری هەمەدان، پێنج کەسمان بەڵێنماندا لەسەر برایەتی، گرێبەستی برایەتی و وەفاداریمان ئەنجامدا، بەوەی بەیەکەوە بین لە گشت بارودۆخەکان و تکا بۆ یەکتر بکەین لە دوارۆژدا.

گوڵێکی پێنج گەڵایان کردبووە هێمای خۆیان، چواریان لێ شەهید بوون، یەکێکیان ناوی (بەهمەن درولی) بوو، ئەوەی دواهەمیان وەسیەتی ئەوەی کرد لەسەر گۆڕەکەی بنوسرێ ((پر کاهی به آستان قدس الهي))[2].

---

(١) گۆڕستانی بەقیعی غەرقەدی مێژوویی لە شاری مەدینەی پیرۆزە، گڵکۆی ئیمامە پاك و شەهیدەکان لەوێن. وەرگێڕی عەرەبی.

(٢) پوشکە کایەك پێشکەشی گۆڕەپانی پیرۆزی خوایی دەکەم.

عەلیم بەڕێکرد و خوا حافیزیم لێکرد، زروق لەلای بارەگای هەوالگری وەستا، بارەگا پڕ بوو لە ئەندامانی هەوالگری، من برسی بووم، ئەو کات (پیران مستەوفی زادە) سەرۆکی شارەوانی بوو، خواردنی ئیستەنبۆڵی خواردنی خۆشەویست بوو لەلای من، پیران ماسیەکی برژاندبوو. پێش ئەوەی خواردنەکەم بخۆم، نامەیەکی لە باوکمەوە پێدام، خولیا منی ڕاچڵەکاند، ئەو هێنابووی، پێش ئەوەی پۆستەچی لیوا بە کاتژمێرێك لە سەربازگەی شەهید غولامی بێ.

من برسیتر بووم بۆ خوێندنەوەی نامەکە زیاتر لە برسیبوونم بۆ خواردن، نامەکەم خوێندەوە، فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە، چەندین ئاشوب و ناخۆشی زۆر مەزن بەسەر باوکمدا هاتوون، لە ژیاندا زۆر دوودڵ بووە لە پێناو مندا، وەك نەریتی خۆی هەردەم بە ((گلێنەی چاوم)) منی دواندووە، بە ناوی (ئەمیر) بانگی کردووم، کە لە گەڕەکەمان پێی ناسراوم.

((ئەمیر کوڕی خۆشەویستم! چیتر توانای بەرگە گرتنی ناخۆشی و بەڵایەکی ترم نییە، دوای شەهیدبوونی براکەت سەید هیدایەتوڵا، من هەست بە شانازی دەکەم، چونکە پێنج منداڵەکانم ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە لە بەرەکانی جەنگدا، بەڵام ڕووداوی (دە برزگ) پشتی شکاندم، دوژمنی بەعسی بە تووندی شەڕی کردوو و لەهەمان کاتدا بە چاکی خۆی گرت... ئەگەر بتوانی لە کۆتاییەکانی مانگی (مرداد[1]) وەرەوە، بۆ ئەوەی بچینە لادێ، لە پێناو هەنارچنین!

شەش مانگ بەسەر شەهیدبوونی براکەمدا تێپەڕیون، باوکم هەست بە دوودڵی دەکات سەبارەت بە منداڵەکانی لە بەرەکانی جەنگدا، مافی خۆیەتی هەست بە دوودڵی بکات لە دوای ڕووداوی ((دە بزرگ)ی پڕ ئێش، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠ و شەهیدبوونی براکەم،

---

(١) مانگی (مرداد) لە ڕۆژمێری ئێرانیدا بەرامبەر مانگی ئاب، ئۆغستیە لە ڕۆژمێری زاینیدا. وەرگێڕی عەرەبی.

لەگەڵ پیران ڕۆیشتمە (سه راه محور[1]) لە پێناو ڕادەستکردنی ڕاپۆرتی ڕوانگە و چاودێری بۆ ((عیزەتوڵا وەلی پور)).

هەروەك پیران بەخۆی دەڵێت، بۆ جاری سێیەم لەو شەودا وەسیەتی خۆی نووسیوە، باسی ئەو برە پارەیەی کردووە کە لە مامی خۆی قەرزی کردووە، کە شەش سەد و پەنجا تومەن بووە، داوای لە خێزانەکەی کردووە تاکە کوڕەکەی خۆی (یاسر) ڕەوانەی حەوزەی زانستی بکات، بەهەمان شێوە لە وەسیەتەکەیدا نووسیویەتی هیچ یارمەتیەکی دارایی وەرمەگرە لە دامەزراوەی شەهیدان، لەمەدا پاداشت تەنها لە خواوە بزانە.

مرۆڤێکی چاك و هەست بزواو بوو، جەستەیەکی وەرزشی بەهێز و ڕیشێکی پڕی هەبوو.

بۆ خێزانەکەی نووسی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕوقیە و سەکینە[2] بکات، وەك چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ یاسر و ئەعزەم و خەدیجەدا دەکات.

بۆی نووسی ڕوقیە و سەکینەی زیاتر لە منداڵەکانی خۆشبووێ.

پیران زۆر من و (وەکیلی) خۆشدەویست، وەك ئەوەی ئێمە منداڵی ئەو بووبین، پیران سەرنجی فرمێسکەکانی منی دابوو، کاتێك من نامەی باوکی خۆمم دەخوێندەوە، نەیزانی باوکم چی نووسیوە، بەڵام وتی: باوك دوودڵ دەبێ لە پێناو کوڕەکە، دواتر وتی: مانای باوکایەتی نازانی تا نەبیتە باوك!

---

(١) خاڵی بەیەکگەیشتنی سێ ڕێگە. وەرگێڕی عەرەبی.

(٢) دوو کچە برای ئەو بوون، ساڵی ١٩٨٥ لە شلمچە شەهید بوو.

ویستی سەرنجم لابدات لەسەر قوڵبوونەوە لە سۆزەکانمدا، کەش و هەوا لە ناخمدا بگۆڕێ، جا وتی: دەی کامێراکە بهێنە، تا هەندێك وێنە بگرین، دەمەوێ هەندێك وێنە بۆ خێزانەکەم ڕەوانە بکەم!

من عەدەسەیەکی وێنەگرتن (کوداك ١١٠)ی ئەمریکیم کڕی بوو لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، دوو مانگ تێپەڕیبوو بەسەر ڕووکردنی من بۆ بەرەکانی جەنگ، هاوڕێکانم لە یەکەی (ئاژەوەنانەوە و تێکدان) کامێرایان نەبوو، جگە لە من و ئیسماعیل پرهون.

ئەو هاوڕێیانەم کە لە هێڵەکانی پێشوە بوون، کە بۆ خۆشۆردن دەهاتنە شار، فیلمی کامێرایان دەکڕی، لە ماوەی دوو ڕۆژدا بیست و چوار وێنەیان دەگرت، ئەم کامێرایە تا دواهەمین ڕۆژەکانی جەنگ لەگەڵم مایەوە.

پێم وت:

- سێ یان چوار وێنەی تێدایە، دووانیان هی تۆن.
- کاتێك دەچنە هویزە، فیلمێکی بیست و چواریم بۆ بکڕن! لە پاڵ پردەکانی خەیبەر و شوێنی هەوالگری چوار وێنەمان گرت، هەموو هاوڕێکانمان ئامادە بوون، جگە لە (وەلی یاری خواە) نەبێ، لە بورجی چاودێری بوو، حەسەن وەکیلی، زەلی زر جام، عەلی برز درست، پیران مستوفی زادە، عەبدولعەلی حەق گو، وەڵاهـ خواست پرکانی ئامادەبوون.

وا بڕیار بوو لە ڕۆژانی داهاتوودا بچمە هویزە یان ئەهواز، لەوێ فیلمەکە چاپ بکەم.

بەهرام درود[1] وێنەکانی گرت، بە گاڵتەوە وتی:

- زۆرێك وێنەیان لەگەڵ گرتم و شەهید بوون، مەبەستی برای من سەید هیدایەتوڵا بوو! بەڵێنم بە بەهرامدا، ئەگەر گەڕامەوە (باشت) ئەو وێنەیەی بۆ چاپ بکەم کە لەگەڵ براکەم گرتبووی لە بەرزاییەکانی (جاچیلای) لە کوردستان، بەهرام لە تاکەکانی (ئەدوات) و لە کەسە نزیکەکانم بوو، زۆر چالاك و گاڵتەچی بوو، زۆر تێکەڵ دەبوو لەگەڵ کارمەندانی هەواڵگری.

دوای ئەوەی مەلەمان لە ئاوەکانی دوورگەکەدا کرد، لەسەر پردەکانی خەیبەر دانیشتین، وەك نەریتی خۆی بەهرام دەستی بە گاڵتە کردەوە:

- هێرشی عێراقی بەبێگومان هەر دەکرێ! ئایا ناتانەوێ چارەنووسی هەر یەکێکتان لەم دوورگەیە بزانن؟

بەهرام هەڵسا بە دابەشکردنی پەڕێك بۆ چوار بەش، لە هەر بەشێکدا شتێکی نووسیی، داوای لێمان کرد هەڵیبژێرین!

لەسەری نووسیبوو: شەهیدد، دیل، بریندار، زیندوو.

لەم گەشبینی و پێشبینیە دووانیان ڕاست دەرچوون، لە ڕۆژی دواتردا ڕوویاندا، دووانیان مان کە هێشتا نەهاتبوونە جێ.

بوونی من لەگەڵ کارمەندانی هەواڵگری (هەواڵگری) چێژێکی تایبەتی بۆ من هەیە.

---

(١) لە خەڵکی ڕدبالی سەر بە (گجساران) بوو، لە ناوچەی (پد بیت اللهی) شەهید بوو، جەستەی ناوبراو دوای ١٢ ساڵ دۆزرایەوە، لەلایەت کۆمەڵەی پشکنینەوە، ڕوفاتی ئەو لە نزیك شوێنی لەدایك بوونی لە پاڵ گڵکۆی پاکی (سەید جەمالەدین) نێژرا.

هاوڕێی برای شەهیدم بوون، لە دوای شەهیدبوونی براکەم، برایەتیم گرێدا لە بارەگای (گردوی کردستان) لەگەڵ عیزەتوڵا وەلی پور سەرکردەی یەکەی (ئیتالاعات).

دوای شەهیدبوونی سەید هیدایەتوڵا، (وەلی پور) داوای لە حەسەن کرد بڕوات بۆ لای (ئاقاسی) سەرۆکی یەکەی (ئاژاوەنانەوە و تێکدان) بابەتی گواستنەوەی من ڕێك بخات، بۆ یەکەی هەوالگری، ئاقاسی ئەمەی ڕەتکردەوە.

لە ڕۆژانی سەرەتادا دەیوت: ئەو بەشداری کردووە لە خولی پسپۆریتەقاندنەوە، پاسەوانی سەوری (سوپا) خەرجی ئەوی کێشاوە، دوو ساڵ لە کاری ئەو تێپەڕیون، تەنها شەش کەس ئەم خولەیان تێپەڕاندووە، دووانیان شەهیدبوونە، سێیەمیان گوێزراوەتەوە بۆ بارەگای ڕەمەزان، ئێمە ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە!!

بەڵام وەلی پور قسەی لەگەڵ کرد، ئەوی خستە دۆخێکی ناڕەحەتەوە، لە کۆتاییدا بە زەحمەت ڕەزامەندی دەربڕی، ئا بەم شێوەیە گوێزرامەو بۆ یەکەی (هەوالگری)، بەڵێنم بە (ئاقاسی)یدا لە ئەرکە تایبەتیەکاندا یاوەری بکەم، بۆ (ئاژاوەنانەوە و تێکدان) حەزم دەکرد لەو یەکەیە بم، کە برای شەهیدی من بەبیرم دەهێنایەوە، هەر بۆیە من بەختەوەر بووم بە گوێزرانەوەم بۆ هەوالگری.

خۆرئاوابوونی ئەو ڕۆژە خەماوی بوو، وەك هەر ڕۆژێکی دیکەی هەینی.

نیو کاتژمێر مابوو بۆ ئاوابوونی خۆر، تۆپی بارەگا کە لەسەر ڕێگەی شەفیع زادە دانرابوو، ساچمە و بڵێسەی خۆی بۆ جاری دووەم بەسەر شوێنی بەعسییەکان لە ئەسیلدا باراند، بەهەمان شێوەی دوێنێ.

تۆپەکان بەسەر هێڵی دووەمدا دەبارین، بە تووند لە پێگەکانی دەدا، لە دەشتاییەکانی باشوری دوورگەکە، بەرامبەر قەڵاکانی خەندەق و لە ڕاست و چەپیشی.

کات لە دەوری کاتژمێر نۆ بوو، ئارامی شەو دوورگەکەی تەنی بوو، تەنانەت یەك گوللەش نەتەقێنرا.

من لەگەڵ وەلی زرجام و حەسەن وەکیلی و ئەسغەر دلروز[1] لە دەرەوەی شوێنەکە دانیشتبووین، شوێنی خۆمان گرتبوو لەسەر ئەو پردانەی ئەوێ، گفتوگۆمان دەکرد. وەلی وەك نەریتی خۆی گاڵتەی دەکرد.

نازانم چۆن گفتوگۆی ئێمەی ڕاکێشا بەرەو هەتیوەکانی بەرەکە، ئەوانەی دایکیان لەدەستدابوو، من و ئەسغەر و وەلی بوین لە کۆی چوار کەسەکە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دایکم مرد، ئەسغەر لە تەمەنی دە ساڵیدا دایکی لەدەستدا.

وەلی پێی وتم:

- سەید! دەزانین ئاشوب و بەڵای ئێمە، مەبەستم من و تۆ و ئەسغەرە، ئاشوبەکەمان سوکترە، چونکە دایکمان نییە، کەواتە کارەساتەکەمان سوکترە لەوانی تر!
- چۆن؟!
- نازانین چارەنووسی ئێمە لەم جەنگەدا چی دەبێ، وا بزانم ئەمە بەخششێکە، کە مرۆڤ دایکی نەبێ، ئەگەر شەهید بووم، خەیاڵم ئاسودە دەبێ لەوەی دایکمان جێبهێڵێن ئاه و ناڵە بکێشێ لەدوامان...

ماوەیەك بێ دەنگ بوو، دواتر وتی:

- هیوادارم هیچ شەهیدێك دایکی نەبێ، هیچ کارەساتێك لەم دونیایەدا هاوشانی کارەساتی دایکی جەرگ سوتاو نییە.

ئەوەم بیرکەوتەوە کە شەهید باقر جاکیان (قوتابیەك بوو لە حەوزەی زانستیدا) پێی وتم، لە یەکێك لە هاوڕێکانیەوە، کە دایکی لەدەستدابوو لە ساڵی یەکەمیدا، لە ساڵی

---

(١) لە ئەوی دواتردا شەهید بوو.

چوارەمیدا باوکیشی لەدەستدا، وتی من دایکم لەدەستداوە، (شروە)م[1] بۆ بخوێنن، ئینجا گریا، وتی سۆزی دایکم نەبینیوە، بەڵام حەزم لێیە کاتێك لە سەر زەوی شەهید دەکەوم لەسەرم بگریەن.

بەڵێ ئەگەر شەهید بووم، پێم خۆشە نیو قالبە سەهۆڵ دابنێنە سەر گۆڕەکەم، بۆ ئەوەی بتوێتەوە و بێتە ناو گۆڕەکەم، لە جیاتی فرمێسکەکانی دایکم، پێم خۆشە سەهۆڵ بۆم بگریە و فرمێسك هەڵبڕێژێ لە جیاتی دایك و باوکم، پێم وابێ من شتێکی وام پێ ڕانەسپاردوون، کە لە تواناتاندا نەبێ[2].

ئێمە قسەمان دەکرد، کاتێك عەبدولعەلی حەق گو بانگی کردین و وتی: وەلی پور ئێوەی دەوێ، وەرن بۆ بارەگای سەرکردایەتی.

عیزەتوڵا وەلی پور تازە گەڕابووەوە لە کۆبوونەوەی سەرکردەکان، لە بارەگانی (خاتەمولئەنبیا ٣)، قسەی کرد لەبارەی هەوڵێستی بەعسی دوژمن و گەیشتنی یەکەی تازە لە کەرتەکە، وتی: ئەو زانیاریانەی لەبەردەستمدان، ئەوە دەگەیەنن دوژمن ئامادەکاری بۆ هێرشی پێچەوانە دەکات.

زانیاری وەرگرتبوو، لە عەقیدی عێراقی محەممەد فەتاح، سەرکردەی لیوای پیادەی ٤٢٩، کە پێش چەند ڕۆژێك وەك دیل گیرابوو لە (شلمچە).

لە میانەی قسەکانیدا، درکم کرد جەنگەکە ناهاوتایە، بەیانی ڕوودەدات، بەڵام ئەو قسەی کرد لەبارەی گەیشتنی چەند یەکەیەکی تازە لە لەشکری بەعسی، بۆ دوورگەکە بەر لە چەند ڕۆژێك. لیوای پیادەی (٦٠١)ی سەر بە فەیلەقی سێ و فیرقەی ٢٥ سەر بە فەیلەقی

(١) گۆرانیەکە دڵ نەرمی و خەم دادەبارێنێ، دەروون بەرز دەکاتەوە بۆ پلە بەرزەکان. وەرگێری عەرەبی.

(٢) ناوی عەبدوڵا ئاسمار بوو، لە پرۆسە سەربازیەکانی (وەلفەجر ٨) لە (فاو)دا شەهید بوو.شەهید باقر جاکیان دەڵێت: پێش ئەوەی گەواهی گۆڕەکە دابنێن، نیو قالبە سەهۆڵ دانرایە سەر گۆڕەکەی.

ناوبراو و دوو کەتیبە لە فیرقەی ١٦ و لیوای مغاویری قادسیە و دوو کەتیبەی هێزە تایبەتەکان لە لیوای پاسەوانی کۆمار و... گەیشتوون.

وەلی پور وتی: من ئێستا قسەتان لەگەڵ دەکەم، ئەو یەکانەی باسم کردن، سەرقاڵن بە بە داگرتنی زەخیرەکەیان و ئامادەکاریەکانیان لە بەیزە و سەخرە و هدامە و رەوتە و ئەو رێگەیەی دەچێتە دوورگەکانی مەجنون و کەناڵی سویب!!

بە چاوی خۆم بینینم لەسەر بورجی چاودێری، جموجۆڵ هەبوو لە هێڵەکانی پێشەوە، هاتوچۆ و گواستنەوەی چڕ و پڕی زیاتر هەبوو لە پێشتر، ئەو شتانەی بینیم تۆمارم کردن و پێشکەشی بارەگای سەرکردایەتیم کرد، هەر ڕاپۆرتێك ئاماژە دەکات بە هێرشی پێچەوانەی نزیك!

موحسن ڕەزایی[(١)] بە (حەیدەر پور پور)ی سەرکردەی لیواکەمانی وت: بەعسییەکان لە هێڵەکانی پێشەوە، دوورگەکە بە ئامانج دەگرن، زۆر ئاگادار و وشیار بن، ئێرە هێڵی کۆتاییە!

ئەمەم لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە وەلی پور بیست، لەبەر ڕۆشنایی شرۆڤەکەمان بۆ بارودۆخەکان، درك بەوە دەکەین کە دوژمن هێرش ناکات کاتێك پلەی گەرما لەسەرووی (٥٠°) بێت، تۆپ توانای تۆپبارانکردنی هێزەکانمانی نەبوو بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان؛ لەم جۆرە دۆخەدا، تۆپەکان بەچاکی کار ناکەن، بەتایبەت تۆپەکانی دوور مەودا، چونکە لولەکەی لەت دەبێ.

ئێوارەی ئەمڕۆ گەرماییەکەی کەمتر بوو، بەراورد بە ڕۆژانی ڕابردوو، تۆپەکان کێشەیەکیان نەبوو بۆ تۆپباران کردن، هەر لە خۆرئاوابوونەوە تا بەیانی ڕۆژی دواتر، کێشەکە دەستپێدەکات، کاتێك پلەی گەرما ٤٥ دەبڕێت!

---

(١) دوو کچە برای ئەو بوون، ساڵی ١٩٨٥ لە شلمچە شەهید بوو.

بەعسییەکان لە میانەی هاویشتنی تۆپە دوکەڵی و فسفۆڕیەکان، ئامانجەکانیان دیاری کردووە لە ڕێگەی خەندەق و ڕێڕەوی عەقەبە و هێڵەکانی پاڵپشتیمان، لە نێویاندا ڕێگەی گەورەی شەهیدان، بەدر، مانگی نەوەی هاشم، خاوەنی زەمان، شەهیدی هیمەتبەرزی، ڕێگەی تازە داهێنراوی شەفیع زادە، ناسراو بە (تۆبخانە). لەم جۆرە کەش و هەوایەدا، دوژمن ئامانجەکانی خۆی دیاری دەکرد، لە ڕێگە و شوێنەکانی سەرکردایەتی و ناوەندەکانی کۆبوونەوەی هێز و وزە و کارپێکەرەکانی بەرگری ئاسمانی و تۆپەکانەوە، لە میانەی هاویشتنی تۆپە دوکەڵیەکان، ڕوانگەی بەعسی هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی ئامانجەکان.

ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی بارەگای سەرکردایەتی، ئاماژەیان بەوە دەدا، کە ١٣٠ کاتیۆشا جێگەی خۆیان گرتووە لە هێڵی دووەمی بەرامبەر دوورگەی مەجنون.

دوای گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە، وەلی پور بڕیاریدا، کارمەندانی هەواڵگری هەڵبستن بە ئەرکی ڕێنیشاندەری بۆ کەتیبەکان، وەلی زرجام، نیعمەتوڵا پایدار، وەلی یاری خواه، ئەڵاخواس پرکانی، عەلی برزدست، ئایەتوڵا پرور و ترابعلی تەوەکەل پور، لە بەشی کەتیبەکانی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا) و (ئیمامی عەلی) بوون، پیران ڕۆیشتە فەسیلی (قاسمی کوڕی حەسەن) کە لە جێگە قەڵاکانی خەندەقدا جێگەیان گرتبوو، حەسەن وەکیلی نامەبەر و پەیوەندی بەستەری (هەواڵگری) بوو لەگەڵ میحوەر، هیچ یەکێك لە کارمەندانی هەواڵگری نەمانەوە جگە لە عەبدولعەلی حەق گو نەبێ، بووە هەماهەنگکار بۆ کارەکان لە بارەگای هەواڵگریدا.

لەم شەوەدا ئەندامانی هەواڵگریگەردنی یەکتریان ئازاد کرد، هەر یەکێکیان ڕۆیشتە یەکە دیاریکراوەکەی.

حەسەن هەڵسا بە گەیاندنی پیران، بە ماتۆڕەکەی (تریل) بۆ شوێنە قەڵاکانی خەندەق، پیران بەردەوام دەیوت: حەسەن (اسکول سپانە[1])یە لە یەکەی هەواڵگریدا، پێش ئەوەی پیران بڕوات، ئەوا بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بەمندا بۆ ئەوەی بۆی بپارێزم، شەوێکی تاڵ بوو، کاتێك خواحافیزیم لێکرد، بە تووندی باوەشی پێداکردم و وتی: کاتێك ئەم جارە دەگەڕێمەوە، بەیەکەوە دەچینە (تنگ سپو)، سەید هیدایەت بەڵێنی داوە بێتەماڵمان! پیران هێشتا نەگەڕاوەتەوە!

هەر کە یەکێك جیا دەبووە و بەرەو کەتیبەکەی دەڕۆیشت، یەکگرتوویەکەی کارمەندانی (هەواڵگری) تا هەتایە پەرت بوو، (عەلی یوسفی سورە راست) دەیوت: تەمەنی دۆستایەتی لە بەرەی جەنگدا کورتە... زۆریش کورتە!

من وا هەستم دەکرد چەند ساڵێکی دوور و درێژ دەمێنمەوە لە خەندەقی ((هەواڵگری))دا، لە پاڵ هاوەڵانم، من ڕاهاتبووم لەگەڵ سۆزی پیران مستەوفی زادە، شەرمی ئەڵاخواست پرکانی، ڕێز و شکۆی عەبدولعەلی حەق گو، جوڵە جوڵی حەسەن وەکیلی، گاڵتەی وەلی زرجام، سوربوونی عەلی بزر دست، خەونی ئەتوڵا پرور، خەندەی عیزەتوڵا وەلی پور، کە هەرگیز لە ڕووخساری جیا نەدەبووەوە.

چارەنووسی جەنگ لەم مانگەدا دیاری دەکرێ، بەشێوەیەکی بڕوا پێنەکراو، کاتێك دۆستەکانم ڕۆیشتن، هەستی دڵتەنگی دایگرتم، هەستم کرد بەوەی من زۆرێکیان لەمەودوا نابینم! ئەڵاخواس لێیدەبورم لەسەر ئەوەی دوێنێ ڕوویدا، ئەو کات لە ئاوەکانی دوورگەکە مەلەوانیمان دەکرد، ئەڵاخواست بە گاڵتە هەڵسا بە نقومکردنی سەرم بۆ ژێر ئاو، خەریك بوو بخنکێم، پێی وتم: ئەوەی لە بواری هەواڵگریدا کار دەکات، دەبێ بەلایەنی کەمەوە هەناسەی بگرێتەوە بۆ ماوەی یەك خولەك و نیو بەلایەنی کەمەوە، خەریك بوو لە

(١) (ئاچار فرنسا) نموونەیەکە بۆ ئەو کەسە دەهێنرێتەوە، کە هەردەم پێویستیان پێیەتی و بە چەندین کاری جیاواز هەڵدەستێت. وەرگێڕە عەرەبیەکە.

**چرکەکانی کۆتاییدا بخنکێم و لێی توره بووم، بەڵام خۆشەویستی من بۆ ئەو وەك خۆی مایەوە، هاوەڵانم ڕۆیشتن و لەگەڵ عەبدولعەلی حەق گو مامەوە.**

**وەلی پور چاك دەیزانی چەندە پەیوەستم بە بورجەوە، من عاشقی ڕوانگە و دووربینی ۲۰ × ۱۲ بووم، بە گاڵتە پێم وت: ئەگەر لەسەر بورجی چاودێری بم پرژێنن هێشتا تێر نابم.**

**مرۆڤ لەسەر ئەم بورجە هەست دەکات ئەو بەرزترە لە هەمووان، بەتایبەت کۆمەڵکەی ئێمە، ئێمە هیوای پان و پۆڕمان هەڵدەچنی، هەوڵماندەدا بەو کارانە هەڵبستین کە پیاوە مەزنەکان پێی هەڵدەستان و خۆڕاگریمان لە جەنگدا تۆمار بکەین.**

**وا پێم خۆشە ئەوانە ببینم کە نامبینن، زانیاری بە تۆپهاوێژەکان بدەم، بۆ ئەوەی شوێنی ئەو دەبابە و ڕاجیمانە بە ئامانج بگرێ، کە بۆمبە بارانمان دەکەن، ئەو ڕێگە و ڕێڕەو و بارهەلگرانەی دێن و دەچن دەستنیشان بکەم...**

**کاتەکە لە دەوروبەری دە و نیوی ئێوارە بوو، ئەرك بوو لەسەرم برۆمە لای ڕوانگەی بەشی تۆپەکان، ئەمە فەرمانی وەلی پور بوو، ئەڵاخواست بە ماتوڕەکەی پێی ڕاگەیاندم.**

**من چەند ڕۆژێك پێشتر لەگەڵی ڕۆیشتم، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەبارەی شوێنی دەبابەکان، کە شوێنیان گرتووە لە پشت کەناڵی (سویب) بەرامبەر دوورگەکانی مەجنون ڕووەو باکور.**

**ئەڵاخواست کەس دیاریکەرێکی زیرەك بوو، لەسەر بورجەکەپێی وتم: سەید! ئێمە چاودێری بۆ ئەم دوورگەیە و چەند بەشێك لە باشوری خوزستان ناکەین، ئێمە ڕوانگە دەگرین بۆ سی و پێنج ملیۆن ئێرانی، لە میانەی تەماشاکردنی بۆ هێڵەکانی دوژمن پێی وتم: لێرەدا لە بەرەی بەرامبەردا، ڕووباری دیجلە و فوڕات بەیەکدەگەن، (شەتی عەرەب)**

پێکدێنن، کە دەڕژێتە نێو کەنداوی فارسی، پێی وتم: ئاوەکانی فوڕات فرمێسکن تێکەڵ دەبن لەگەڵ ئاوەکانی دیجلە... فرمێسکەکانی خەم و خەفەتی ڕووبارێك لە پێناوی حوسین (سڵاوی خوای لێبێ) دەگریەت.

لە پاڵ بورجەکە خواحافیزیم کرد لە ئەڵاخواست، بە گاڵتەوە پێم وت لە کاتی لێك جیابوونەوە: ئەوە لەبیر ناکەم ئێمە ڕوانگە دەگرین بۆ سی و پێنج ملیۆن کەسی ئێرانی، پێویستە لەسەرم ڕاپۆرتی خۆم بە دووربینی شەوانە، بدەمە وەلی پور، ماوەی نێوان بورجی چاودێری لەگەڵ هێڵی پێشەوەی عێراقی نزیکەی دەگەیشتە چوار کیلۆمەتر.

لەسەر ئەم بورجەدەتوانرێ چاودێری ناوچەکانی (بەیزە) و (سەخرە) و (ئەلهالە) و (هەمایون) و (ئەلکەرام) بکەین، بەسەر پیلکانەی کانزاییدا سەرکەوتم، خەسرو مرەتب سەرکردەی تۆپهاوێژی لیوا لەسەر بورجەکە بوو، تەنها چەند پلیکانەیەك لەسەر هیلالی بورجەکەمابوو، سەرکردەکە سەری خۆی دەرهێنا و پێی وتم: تۆ کێی؟

- من حوسەینی پورم، وەلی پور منی ڕەوانە کردووە بۆ ئێرە!

من چاك ئەوم دەناسی، چەندین جار ئەوم بینیبوو لە کوردستان، لە خەڵکی (بەهبەهان) و لە سەرکردە چاڵاکەکانی جەنگ بوو، ئەو منی نەدەناسی، برادەری برای شەهیدم بوو، تەنها نیو کاتژمێر تێپەڕی، بەمە سەهۆڵی نامۆیی لە نێوانماندا توایەوە، کەسێکی خاکی بوو، نانی شەوانەم لەگەڵ ئەو خوارد، کە نان و پەنیر و کەمێك تەماتە بوو.

شەوێکی یەکجار کپ و بێدەنگ بوو، تەنها واقە واقی بۆق و جیرە جیری سەر قەدی قامیشەکان بێدەنگیان دەشکاند.

من شوێنم گرتبوو لە پشت دووربین، دەمڕوانیە بەرەی عێراقی، پرسیارم کرد لەبارەی هێرشی چاوەڕوانکراوی عێراقی، وتی: دوای چەند کاتژمێرێك ئەم بێ دەنگییە تێکدەشکێ!

چەند شتێکی دەزانی من زانیاریم لەسەری نەبوو، لەگەڵ ئەوەی من قسەیەکم بیستبوو لەبارەی هێرشی پێچەوانە، کە دوژمن ئەنجامی دەدات، درکم بە ناهەمواری هەڵوێستەکەم دەکرد، لە میانەی ئەو ئاخە ساردەی هەڵیکێشا.

لەسەر بورجەکە نوێژمان کرد، هیوام دەخواست بورجەکەدوو ئەوەندەی ئێستا بەرز بووبا، ئەو کاتە بۆم دەکرا بڕوانمە ڕێگە ستراتیژیە مەزنەکان، کە لە عەمارەوە بۆ بەسرە و هور (شەیتان) درێژ دەبووە.

هەموو کەتیبە و یەکەکان ئاگادار کرانەوە، کە شوێنیان گرتبوو لە ڕێگەی خەندەقدا[١]، بە ئەوپەڕی باری لەناکاوی و هۆشیاری، داری قامیش کە ڕووناکی مانگ دایگرتبوو، گەواهیدەر بوو لەسەر تکا و نزای ئەوانەی دوای چەند کاتژمێرێکی کەمی تر بۆ ئاسمان بەرز دەبنەوە.

من دەمڕوانییە هێڵی دوژمن و تێپەڕینی بارهەڵگر و گوێزەرەوە و ئوتۆمبێلەکانی هەڵگری بەلەمی و کەشتی و ئەو ئوتۆمبێلانەی ئامادەکاریە جیاوازەکان هەڵدەگرن لە نێوان (ئەلهدامە) بۆ قەڵاکانی رولە و هالە! هەموو ئاماژەکان جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕوودانی جەنگێکی مەزنی نزیکی نا هاوتا.

---

(١) ڕێگەی خەندەقی (عجردە) دەکەوێتە نێوان دوورگەکانی مەجنون و شەتدا، لە ناوچەی ئەلهوردا، نزیکەی دوو مەتر بڵندە لەسەر ڕووی ئەلهور، ڕووبەرەکەی دەگاتە هەشت مەتر، درێژیەکەشی سێزدە کیلۆمەترە، شاری ئەلعەزیر دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ئەم ڕێگەیە، نزیکەی پازدە کیلۆمەتر لە شاری ئەلقرینەوە دوورە، چەند قەڵایەك هەن لە کۆتایی خەندەقەکە، لە کۆتاییەکەیدا چەند لقێك هەن، ڕێگەکە درێژ دەبێتەوە بەسەر میحوەری (دشت ئازدگان) و (هوبزە) دەگاتە ڕێگەی حەنزەڵە لەلای ناوچەی (ئەلتوڕابیە) و (شەتی عەلی) لە لای ڕێگەی خەندەق کۆتایی دێت، ڕێگەیەکی تر لەسەر میحوەری ئەهواز و خرمشهر، کە ڕێگەی شەهیدی هیمەتتە، کە بە جفیردا تێدەپەرێت، لکاوە بە ڕێگەی خاوەنی زەمان، دەگاتە ڕێگەی سەروەری شەهیدان و خەندەقەکە.

- **شەممە ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٨ دوورگەی مەجنون – ڕێگەی خەندەق**

**کاتەکە دوای نیوە شەو بوو، من هەستم بە ماندوێتی زۆر دەکرد، شەوبێداری منی بزرکاندبوو، گیانم هەڵپەی دەکرد بۆ خەوێکی قوڵ، من ئەوپەڕی توانام خەرج دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێڵوەکانم بگرم بەیەکەوە نەنووسێن، ڕاپۆرتەکانم لەبارەی ئەوەی لەوێ ڕوویدەدا لەودیوی ساترە گڵێنەکان سات بەساتدەگواستەوە.**

**لە کاتژمێر سێ و چارێکی بەیانی، ئاسمانی دوورگەکە بە ئاگر و ساچمە و بڵێسەی تەقێنەر گڕی گرت، تۆپبارانی دژەوانە دەستی پێکرد، تۆپی قوڕس و هاون و کاتیۆشا و تۆپی دوورهاوێژ ساچمە و بڵێسەکەیان وەك ڕێژنەی باران دادەباران بەسەر باکور و باشوری دوورگەکە و قەڵا و ڕێگەی خەندەقدا.**

**چڕی ئەو ئاگر و تۆپبارانەی بەعسییەکان دەیانهاوێژت، لەسەر بورجەکە زۆر ڕوون بوو، خەسرۆ خاڵەکانی بە ئامانجگرتنی دەدایە تۆپهاوێژەکان، بەمەش هێڵەکانی دوژمنی دەهەژاند، بەردەوام ڕاستکاری پێویستی بۆ ڕاجیمەکان دەکرد، کە ساچمە و بڵێسەکەی دادەبارانده سەر هێڵی یەکەم و دووەمدا، ڕاجیمەکان بە وردیەکی زیاتر ئامانجەکانی دەپێکا.**

**یەکەی تۆپهاوێژی چەند ئامانجێکی دوورتری دەپێکا، لە هاونەکان، بەوەی تۆپبارانی هێڵی یەکەم و دووەمی هێزەکانی بەعسی دەکرد، ئاگری پشتیوانی بۆ تۆپەکانی بارەگا، هێڵەکانی پشتەوەی دوژمنی بە ئامانج دەگرت، چەندین بارهەڵگری ترێلەی پێکا، کە بەلەمی و ئامادەکاریان هەڵگرتبوو، جێگەیان گرتوو لەلای سەددەی بەرامبەر.**

**ئەو زانیاریانەی سەرۆکی تۆپهاوێژەکان دەیدا، زۆر ورد بوون، ئۆتۆمبێلێکی هەڵگری بەنزینی پێکا لەسەر ڕێگەی سەخرەتولئەمر، کە بۆ ماوەیەك پاڵپشتیەکانی دوژمنی شلەقاند.**

کارمەندانی ڕاجیمەکان و هاونەکان، زۆر بوێر بوون لە کارەکەیاندا، لە چوارچێوەی ئەوەی ڕێپێدراو بوو بۆیان لە بەکارهێنانی زەخیرەی تایبەت لە بۆمب و کاتیۆشای ناوەندی، چونکە لەسەربان پێویست بوو ڕۆژانە ژمارەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنن، بەهۆی گەمارۆوە ئێمە دەمانناڵاند بەهۆی کەمی زەخیرە و ئامادەکارییە سەربازیەکانەوە، بەوەی ناکرێ بەراوردی تۆپەکانمان بکرێ بە تۆپەکانی دوژمن، پێم وابێ بەعسییەکان لە هەر خولەکێکدا هەزار قازیفەیان دەهاوێشت و پێگەکانمانیان لە دوورگەی مەجنون بە ئامانج دەگرت!

لە دەوروبەری کاتژمێر چوار و نیو، بەلەمەکانی دوژمن ڕۆیشتن بە ئاڕاستەی ڕێگەی خەندەقدا، کە فەسیلی (قاسمی کوڕی حەسەن) لەوێ جێگیر بوو، یەکێك بوو لەو سێ یەکانەی سەر بە کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا)ن، زۆربەی تاکەکانی ئەم فەسیلە پێکهاتبوون لە (پاسەوانی شۆڕش: حەرەسی سەوری) و لە هێزەکانی پاسدارانی حکومی.

بڕیار درا بە بەجێهێشتنی بورجەکە، لە دەوروبەری کاتژمێر پێنجی بەیانی، گەڕانەوە بۆ یەکەی سێڕیانی میحوەر، دوژمن زۆر هەوڵیدەدا بۆ ڕووخاندنی بورجەکە، و لەناوبردنی ڕوانگەی تۆپهاوێژەکە.

چڕی ئەو ئاگرەی ئاڕاستەی بورجەکە کرا، گەیشتە ئاستێك ستونەکانی ربورجەکەی شکان، تەقینەوە یەك لە دوای یەکەکان، یەك لە چوار ستوونەکانی بورجەکەی ڕوانگەی ڕوخاند، بەمەش تەنها لەسەر سێ ستوون مایەوە.

هەلی ڕاوەستانی تۆپبارانەکە بۆ ماوەی چەند ساتێك قۆستەوە بۆ هاتنە خوارەوە لەسەر بورجەکە، لەسەری هاتمە خوارەوە و دڵم هەر لەلای دووربینی ٢٠ × ١٢ مایەوە، ئاخ دەکەوێتە ناو ئاوەوە، ئەگەر بورجەکەبکەوتایە، من ئامادەبوم خۆم فڕێبدەمە ناو ئاوەکە لە جیاتی ئەم دووربینە گرانبەهایە، لەکاتی دانانی قاچەکەم لەسەر زەوی وتم:

- چی بەسەر دووربینەکە دێت؟ دەکەوێتە دەستی ئەوان!

- یەکێك دەنێرم بۆ ئەوەی بیهێنێتە خوارەوە.
- ئەگەر نەکەوێتە دەستیان؟
- بیر لە دووربین مەکەوە، شتی گرنگترمان لایە، برۆ بۆ لای وەلی پور، لەوانەیە پێویستی بەتۆ بێ، ئەرکی تۆ لەگەڵ من تەواو بوو! چڕی ئاگربارانەکە وای لە ئوتۆمبێلی ڕێك و پێکی لاندکرۆزەری خەسرۆ کرد وەك بێژینگی لێبێ، جامەکانی ورد و خاش بوون و یەکێك لە چوارچێوەکانی تەقیەوە، ئێمەش گۆڕیمان و پێی ڕۆیشتین و لە ڕێگەدا هەندێك کەسمان لەگەڵ سوار بوون.

لە ڕێگەی گەڕانەوە، لە نێوان بورجەکەی ڕوانگە و سێ ڕیانی میحوەردا، هەندێك شەهید و برینندارمان بینی، خەسرۆ وتی:

- واز لە شەهیدەکان بێنن، بریندارەکان بگوازنەوە، خوێن لە ئوتۆمبێلەکە دەچۆڕا، ساچمە و بڵێسەی ئاگری تۆپەکان وەك باران دەباری! بەدرێژایی ماوەی بوونم لە بەرەکانی جەنگدا تۆپبارانێکی ئاوا چڕ و پڕم نەبینیوو، بۆ چەند ساتێك نیعمەتوڵا پایدارم بینی، لاشەی شەهید و بریندارەکانی بۆ دواوە دەگواستەوە.

لە دەوروبەری کاتژمێر شەشی بەیانی، هێرشی دوژمن بۆ سێ میحوەر دەستی پێکرد: میحوەری باکور و ناوەن و باشور، تۆپبارانکردنەکەی دوژمن جەختی کردەوە لەسەر قەڵاکانی خەندەقە، هێرشی سەر ناوەند دوو باڵی گرتەوە، ڕێگە و قەڵای خەندەقەکەی بە ئامانج گرتبوو.

لە کاتێکدا هێزەکانی پاسەوانی کۆماری هێرشیان کردە سەر میحوەری باشور، لەسەر هەر دوو باڵی نشوەت و کەناڵی سویب، هەوڵی زۆری دەدا بگاتە ڕێگەی سەروەری شەهیدان، سوڕانەوە بە دەوری بارەگای (سوپا)ی شەش و بڕینی ڕێگەی خەندەقەکە.

سەبارەت بە میحوەری باکور، ئەوا ئامانجی داگیرکردنی ڕێگەی حەنزەڵە و مەیدانی ئیمام و ڕەزایە (سڵاوی خوای لێبێ)، دواتر بەرەوپێش چوون بەرەو ناوچەی کردە و پرۆسەکانی تورابیەت، ئەبو زەکەر و ئەبو لەیلە، کە لیوای (٥١ حوجەت)ی لێ نیشتەجێیە.

فیرقەی ٢٥ عێراقی لە لایەنی شەتی عەلی و فیرقەی شەشەمی زرێپۆش و فیرقەی پێنجەمی میکانیکی و لیوای پاسەوانی کۆماری لەلایەنی دوورگەکانی خەیبەری باشور، پێشیان کەوتووە بەرەو (تەڵائیەت) و (مەخفەری زەید) بە ئامانجی گەیشتنە (ئەلجفیر) و داگیرکردنی سێڕیانی میحوەر، ئەوا لەم قۆناغەدا ئاڕاستەی سەرەکی بۆ دوژمن لە تەڵائیەت ئاماژە دەکات بە هەر دوو تاقمی ٢١ حەمزە و ٩٢ زرێپۆش لە ئەهواز.

جیابوومەوە لە (خەسرو مورەتەب)، سێڕیانی میحوەری بەهۆی چڕی بەیەکدادانەکان دەهەژا.

جەواد عەزیمی فەر[١] و عیوەز شهابی فەر[٢] زۆر ماندوو ببوون، بەهۆی ڕێکخستنی هێزەکان و ئاڕاستەکردنی ئەفسەرانی گۆڕەپان، بارگرانیەکە لەسەر شانی عەزیمی فەر کۆببووەوە، خاوەن توانایەکی زۆر بوو.

---

(١) فەرماندە جەواد عەزیمی فەر، سەرکردەی کەتیبەی زرێپۆش بوو، لە کردە و پرۆشەکانی (بەیتولەقدیس)، ئەو دەبابەی ئەو لەسەری بوو، بەر موشەکی (مالیوتکا) کەوت، بۆیە دووچاری شلەقانێکی مێشك بووە، ئەمەش کاری کردە سەر توانای قسەکردنی، لە ساڵی ١٩٩٤ ڕێڕەوسمی حەج و زیارەتکردنی ماڵی خوای حەڕامی ئەنجامدا، لەوێ توانای قسەکردنی بۆ گەڕایەوە.
ئێستا پلەی یاریدەدەری ئەندازەیی و دژە ئاسمانیەکانە، لە هێزە وشکانیەکانی پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی.
(٢) فەرماندە عیوەز شەهابی فەر، یەکێك بوو لە بەشداربووانی پلانی شەڕەکانی خەندەق و سەرکردایەتی لیوای ٤٨ فەتح، سەرکردەی شەهید ئەحمەد کازمی هەڵسا بە دانانی عیوەز وەك فەرماندەی لیوای ناوبراو، ئێستا سەرکردەی سوپای فەتحە، لە پارێزگای (کهکیلویە و بویر ئەحمد).

عەزیمی فەر فەرمانەکانی خۆی لە گشت دۆخێکدا دەنووسیەوە، لە ڕێگەی بێ تەلەوە بە سەرۆکی کەتیبە و یەکەکانی دەگەیاند، چەکی سەرەکی ئەو پێنووس و پەڕ (تێنووس) بوو، هەر بۆیە ئەوەندەی بۆ ئەمە پێویست بێ دەیبرد.

عیزەتوڵا وەلی لە دووڕیانی میحوەر بوو، هیچ یەکێك لە کارمەندانی هەواڵگری لەگەڵدا نەبوو، لەم خاڵەدا یەکێك لە فەسیلە تایبەتەکانی کەتیبەی شەهیدان ڕووی دەکردە قەڵاکانی خەندەق.

وەلی پور دوو دڵ بوو لە ڕەوانەکردنی من وەك ڕێنیشاندەری ئەم فەسیلە، زانیم بۆچی لەمەدا بێ چارە و دوودڵە، هۆکارەکەی شەهیدبوونی براکەم بوو پێش هەشت مانگ، ترسی لەم چارەنووسە هەبوو لەسەرم. ئەمەم لە چاوەکانی ئەودا دەخوێندەوە، هەر بۆیە بۆ کەسێکی تر جگە لە من دەگەڕا.

((ئەڵاخواست پرگانی)) هەوڵیدا باوەڕی پێ بکات من ڕەوانە نەکات، ئەو هاوڕێی برای شەهیدی من بوو، من هەوڵی ڕۆیشتنە پێشەوەم دەدا لەگەڵ هاوڕێکانم، من نەم دەویست لە دواوە بمێنمەوە لەم جۆرە بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازانەدا، من چاوەڕێی ڕەوانەکردنی خۆم بووم بۆ بەرەکانی پێشەوە، کاتێك زانیم هیچ جۆرە ئەرکێکم پێ نادەن، دڵتەنگ بووم و وتم:

- حاجی بۆ پێشەوە ڕەوانە بکە! لەگەڵ ئەوان ڕەوانەم بکە!

- تۆ؟ نا نابێ!

- بۆچی نا؟ من دەزانم بۆچی ڕێگریت لێکردم!

- تۆ لای من بمێنەوە، من کارم پێتە.

- تۆ سەرکردەی منی، منیش گوێڕایەڵم، بەڵام ئەمە کاتی ئەوە نییە!

بەهۆی شەهیدبوونی هیدایەتوڵا، ڕێگریم لێدەکری لە ڕۆیشتن لەگەڵیان، هیدایەتوڵا بەمە ڕازی نابێ!

لە کۆتاییدا وەلی پور ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ڕەوانەکردنی من وەك ڕێنیشاندەرێك بۆ ئەندامانی کەتیبەی تایبەتی (سەروەری شەهیدان).

پێش چەند ڕۆژێك هاتە لای بورجی چاودێری و پێی وتم:

- لەم یەکەیەدا سەید هیدایەتوڵا شەهیدبوو، ئەگەر تۆش شەهید بووی، ئایا باوکت ناڵێت: وەلی پور سەرکردەیەکی بێ ویژدانە، لە چەند مانگێکدا چەند کوڕێکی لێ سەندم؟!

پێش خۆر هەڵاتن، تاکەکانی هەواڵگری نوێژی بەیانیان لە دووڕیانی میحوەردا ئەنجامدا، ئەمە نوێژی کۆتایی بوو بۆ زۆربەیان.

لە دەوروبەری کاتژمێر شەش، لەگەڵ برایان لە کەتیبەی تایبەتی سەروەری شەهیدان بەرەو مەیدانی (چراغچی[1]) ڕۆیشتم.

ئەوانەی لە نێویاندا من دەمناسین: عەلی محەممەد کورد لو، سەفەر کورد لو، محەممەد حوسەین حەق جو، سالار شەفیع نەجاد، سەید غولام قاسم زادە، سەید محەممەد عەلی غولامی، ڕەحمەتوڵا شکوە، عەبدولڕیزا دیر باز.

بۆردومان و ئاگربارانەکە ئەوەندە چڕوپڕ بوو، ئێمە ملی خۆیمان بە باسکەکانمان لول دەدا، سەری خۆشمان دادەنایە نێو ئەژنۆکانمان، تا نەزانین چی ڕوودەدات

---

(١)گۆڕەپانێکە وەك ناڵی ئەسپ وایە، ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی چوار بۆ پێنج سەد مەتر، لە نیوەی ڕێگەی خەندەقەکەدا، لەسەر شێوەی ساترێکی گڵینە بە ئاراستەی ڕووپۆشی ئاوی (شەتی عەلی) ڕێگەیەکی خەندەق دەیبڕێ، لەلای قەڵاکان کۆتایی دێت، سەید ئیبراهیم چراغچی سەرکردەی فیرقەی (ئیمامی ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ) لەم شوێنەدا شەهید بووە، لە کردە و پرۆسەکانی خەیبەردا، هەر بۆیە ناوی لێنرا (چراغچی).

کاتێك بۆمبەکان بەر دەبنەوە، ئێمە لە پشتی ئوتۆمبێلێکی بارهەلگردابووین. بەپێ ڕۆیشتین لە مەیدانی چراغچی، ڕۆیشتی بارهەلگرەکان بۆ پێشەوە ئەستەم بوو، تووتدوتیژی ئاگربارانەکە وای لێکردین بە ڕووی زەویدا بکەوین، ئەوەی دەیەوێ پێش بکەوێ بەرەو قەڵاکانی خەندەق، دەبێ بە گۆڕەپانی چراغچی و قەڵاکانی ((ئەردنی)) و ((سەروەری شەهیدان)) و لە کۆتاییدا قەڵاکانی (بیەتیلاهی) بڕوات، وەلی پور پێی وتم: ئێستا چی بکەین؟ پێویستە هەندێك کەس ڕەوانەی پشت خەندەقی بەیتی لاهی بکەین، بۆ پاڵپشتی کردنی فەسیلی (قاسمی کوڕی حەسەن سڵاوی خوای لێبێ).

هەندێك لە سەربازەکان شوێنی خۆیان گرت، بە درێژایی ڕێگەی ڕوومالکردن، سەربازەکانی قەڵای خەندەق گەمارۆدرابوون، دوژمن لە ڕێگەی ڕاستی خەندەقەوە هاتبووە پشتی تولە ڕێیەکانی قەڵای خەندەق، سەربازەکانی ناو قەڵاکەی گەمارۆدابوو، وا بڕیار بوو جێگەی خۆیان بگرن لە قەڵا و خەندەقەکان کە هەبوون بە درێژایی ڕێگاکە، قەڵای ئەردنی، بەیتی لەهی، بەدرێژایی ئەو کەلێنانەی هەبوون لە سێ سەد تا چوار سەد مەترەوە.

ئەندامانی فەسیلی ئیمام سەجاد (سڵاوی خوای لێبێ) لە کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا) لە مەیدانی چراغچی شوێنیان گرت، پێویست بوو ئێمە لەم گۆڕەپانەوە بەرەو پێشەوە بچین.

هەندێك لە برایان، لەم ساتانەدا هەڵسان بە کردنەوەی کارتۆنی خورما و وەسیەتی خۆیان لەسەر ئەم پەڕاوی کارتۆنە نووسی، بەوانەیاندا کە لە چراغچی سەنگەریان گرتبوو.

ماوە بۆ قەڵای خەندەق نزیکەی هەزار مەتر دەبێ، دەکەوێتە کۆتایی ڕێگەی خەندەقەکە، لەوێ لە بەرامبەردا قەڵای دوژمن هەیە، کە نیشانەشکێن (قەناسە) و

بیکەیسییە ئۆتوماتیکیەکانی لایەنی شەتی عەلی داناوە، جێگەیان گرتووە لە بەشەکانی ڕێگاکە، کە کەوتووەتە بەر لولەی گوللەکانیان، ئاسمان پڕ بوو لە تەپ و تۆز و دوکەڵ و باروت، بەڵام بوێریان نەکرد ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر کە هیچ بستێکیان نەهێشت گوللە بارانی نەکەن.

ئاسمان و زەمین و ئاوی دوورگەکە، بووە شانۆیەکی ترسناك، بۆ گوللە و ئاگر گۆڕینەوە.

ئەندامانی کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا) زۆر هەراسانن، وا دەردەکەوێ سەرکردەکەیان سەید شوکروڵا واهبی زادە پێکرا بوو لە قەڵاکانی بەیت لەهی، بەڵکو دەوترا شەهید بووە، هەندێك لە تاکەکانی (بەسیج[1]) لە پێناویدا دەگریان، واهب زادە سەرکردەیەکی بوێر بوو، من زۆر ئەوم خۆشدەویست، سەرباری ئەوەی لە یەکەی (هەوالگری) کارم دەکرد.

لە پێناو گەیشتن بە قەڵاکانی پێشەوە، پێویستە لە کەناڵەکەوە بڕۆین، لە لای چەپی ڕێگەی کەم قوڵەکە و لە میانەی تێپەڕینەکەدا هەندێك لە هاوڕێیانمان شەهید بوون، هەر کەسێك لە دوای سەد مەتر لە چراغچی شەهید دەبوو، ئەوا لاشەکەی لە هەمان شوێندا دەمایەوە.

لەگەڵ یەکەم هەنگاو بۆمبێك بەربووە نێو کەناڵەکە، ژمارەیەك لە براکانمان شەهید بونو، لە نێویاندا خودامراد شرافتی و نادر رجبی، ساچمە و بڵێسە تەنیشتی نادری لەت کرد و ورگ و هەناوی هاتە دەرەوە، نوزە نوزی خەفەت دڵ دەشکێنێ، جەستەکەی هەمووی بووە خوێن، هیدایەتوڵا روکنی[2] خۆی چەماندەوە و ئینجا ڕایکێشا بۆ ئەو لایەی قوڵترە لە کەناڵەکە.

---

(١) ئامادەکراوەکان، کە بەهەزاران خۆبەخشانە دەچوونە بەرەکانی جەنگ. وەرگێڕە عەرەبیەکە.

(٢) شەهید هیدایەتوڵا ڕوکنی سەرکردەی کەتیبەی (هانی) سەر بە لیوای ٤٦ هادی بوو.

نادر به دەنگێکی لاواز وتی، چەکەکەم لێ مەکەنەوە، هیدایەتوڵا جەنگاوەرانی بەدرێژایی ڕێگاکە بڵاوکردەوە، چڕی ئاگربارانەکەی دوژمن، هەر هەموو هەلێکی لە ئێمە سەندبووەوە بۆ جوڵەکردن، جگە لە هاتوچۆ کردن لە ڕێگادا، کەسێك بەژێر ڕێژنەیەکی ئاگار و گوللەدا بە ماتۆری ویل ڕۆیشت و تێپەڕی، کە لە هێڵەکەوە دەهاتەوە، کاتێك گەیشتە تەنیشتم، ئەو کاتە زانیم واهبی زادەیە، سەرکردەی کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا) بوو، پۆشاکەکەی بەخوێن داپۆشرابوو، خۆشحاڵبووم بۆ سەلامەتیەکەی، وێنای خۆشحالّی بەسیجیەکانم کرد، ئەوانەی کە بۆ ئەو دەگریان پێش چەند خولەکێك، ئەگەر بە سەلامەتی بیبینین ئەوا خۆشحالّ دەبن.

گەیشتینە قەڵاکانی (ئەردنی)، ئەمە یەکەم قەڵایە لە دوای گۆڕەپانی چراغچی، کاتژمێر لە دەوری هەشت و نیوی بەیانی بوو، جوڵەی عێڕاقییەکان لەلای ڕاستی ڕێگاکەدا کورت بۆوە، هۆکاری ئەمەش ئەو تۆپە چوارینەییە پارێزەرە بوو، کە لە قەڵای بەیتی لاهی جێگیر کرابوو، ئێمەی لەلای ڕاست داپۆشی بوو.

محەممەد ئەفشینن بە عەلی شوکری زادەی وت، کە لە دوای چوارینەکە بوو: نزمی بکەوە بە ئاڕاستەی شەتی عەلی و مەخفەری خاکسار، لەسەر لای ڕاستی ڕێگاکە، بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڤەچوونی بەلەمەکانی دوژمن.

ئەفشین دەیزانی جەمالی براکەی لە مەخفەرەکەدایە، بەڵام نازانێ لە ژیاندایە یان بە دیل کەوتۆتە دەستی عێڕاقیەکان، مەخفەرەکە کەوتبووە دەستی دوژمن.

---

دوای دە ساڵ لاشەکەی دۆزرایەوە و ڕوفاتەکەی لە (سر ئابتاوی) بویر ئەحمەد بەخاك سپێردرا، تاکە کوڕەکەی دوای پێنج مانگ لەدایك بوو، خێزانە گەنجەکەی دوای چەند ساڵێك لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا و لە بەهاری تەمەنیدا کۆچی کرد.

لە ناو مەخفەرەکەوە گوللە و ئاگر ئاڕاستەی قەڵای بەیتی لاهی دەکرا، ئەفشین گوێی نەدەدا بەوەی چی بەسەر براکەیدا دێت، ئەوەی بەلای ئەم سەرکردەیەوە گرنگ بوو، ڕێگەگرتن بوو لە پێشڤەچوونی دوژمن.

ئەو هاوڕێیانەی هاتنە پاڵمان، لە ساتەکانی دواییدا وتیان: ئێمە لە دواوە گەمارۆدراوین، ئۆتومبێلی لاندکرۆسەر تەقیەوە، کە زەخیرە و تێشوی هەڵگرتبوو، شوفێرەکەی گڕی تێبەربوو، دوژمن گۆڕەپانی چراغچی داگیر کرد بوو.

کەواتە پاڵپشتی و زەخیرەمان پێناگات، بەڵام بەشی پڕچەککردن، زەخیرەی و تێشوی دابەشکردبوو لە خەندەقی بچوکدا، لە هەندێك خاڵی ڕێگەدا، ئەمەش تەنها زەخیرەی کلاشینکۆف و بیکەیسی گرینۆف و گوللەی ئارپیچی بوون، دوژمن هەوڵی دزەکردنی دەدا بۆ نێو ڕێگاکە، لە نێو جەنگەڵی قامیشەوە، بەیەکدادانەکان گەرم بوون، لە هەندێك شوێندا شەڕ ڕووبەڕوو و بە چەکی سپی بوو.

نەماندەزانی لە نێو جەنگەڵی قامیشدا چۆن ئامانج بگرین، دوژمن گەیشتبووە کەناڵەکە لە خاڵە لاوازەکانەوە، ئامادەبوونی هێزەکانمان زۆر کەم بوو، عێراقییەکان لە میحوەری (شەت)ەوە دزەیان کردبووە نێو کەناڵەکەوە لە لای چەپی خەندەقەوە، گوللەیان دەگرتە هێزەکانمان لە ڕێگەدا و دواتر دەگەڕانەوە نێو بەلەمەکانیان لە پشت قامیشەکانەوە.

هەندێك لە هاوەڵانمان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ چراغچی، بەمەبەستی شکاندنی گەمارۆ لە پشتمانەوە، بەڵام هیدایەتوڵا ڕوکنی ڕێگری لەوان کرد.

ڕوكنی به (نیعمەتوڵا دەشتبان[1])ی وت، كه دەیویست سەركردایەتی ئەوان بكات بۆ ئەوێ: دەبێ ئێمە ڕێگری لە پێشڤەچوونی دوژمن بكەین، لەوەی دزە بكەنە نێو ڕێگاكە، سەبارەت بە چراغچی، ئەوا كەتیبەی پێغەمبەری خوا ڕزگاری دەكات!

بڕیار درا بیر لەوەی دوای خۆمان نەكەینەوە، من دڵنیابووم هاوەڵانمان لە كەتیبەی (ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ) بەسەركردایەتی عەلی مەردان ڕێگە نادات بە گەمارۆدراوی بمێنینەوە.

دوژمن دزەی كردبووە نێو درێژایی ڕێگاكە و ساتری یەكەمی داگیر كردبوو، كە دەكەوتە دوای هێڵی پێشەوە و تا پشت و پێش و ڕاست و چەپ و پاڵ ڕێگاكە، كە قامیش و زەلی لێبوو، هیچ شوێنێك نەمابوو دوژمن نەیگاتێ.

بەعسییەكان بەلەمەكانیان شاردبووەوە لە ڕێڕەوە ئاویەكان و كەناری ڕێگاكاندا، گەیشتبوونە ئەو ناوچانەی هێزەكانی ئێمەی لێ نەبوو.

ڕیزا خۆشنود و نیعمەتوڵا ڕێڕەوە ئاویە لا بە لاییەكانیان دەگرت، بۆ ڕاوكردنی بەلەمەكان بە قازیفەی ئارپێچی، توانیان دوو بەلەمی تێبكشكێنن، بەهۆی چڕی ئەو گوللە و ئاگرەی ئاڕاستەیان كرا شەهید كەوت، بەشێوەیەكی دڵهەژێن گوللە لاشەی شەهید ڕەزای هەنجن هەنجن كردبوو.

سەفەر عەلی ئەلگامە توانی بە گەمیەكەی لەلایەی ڕاستەوە، دزە بكات، هەندێك زەخیرە بگەیەنێت، عەبدولڕەحمان بەرهمن، جەعفەر خشتیان و هومن عباسیان هەڵسان بە

---

(١) سەبارەت بە ڕوونكردنەوەی ستەملێكراوی ئەم شەهیدە، ئەوەندە بەسە كچكەی ئالهە وتی: ڕۆیشتووەتە لای دامەزراوەی (ئیسار) بۆ هەندێك دەستكەوتی شایستە، یەكێك لە برایان لە (سوپا) پێی وتوە: شەهید بێ ژن بووە و منداڵی نەبووە!، ئالهە وەڵامی داوەتەوە: بەڵكو پێنج كچ و كوڕێكی هەیە، ئەگەر دەتەوێ ناوەكانیان تۆمار بكە: عیسمەت، زەینەب، ئالهە، زەهرا، فاتیمە و براكەم فرشید.

بەتاڵکردنەوەی بارەکە، لە ژێر شەپۆلێکی چڕی ئاگر و ساچمە و بڵێسەدا، (ئەلگامە) داوای لە هاوڕێیان کرد، لاشەی هەندێك لە شەهیدەکان دابنێنە نێو گەمیەکە، کە لە قەڵاکانی پشتەوە شەهید ببوون، ئەو کاتەی قازیفەی ئارپیچیان ئاڕاستەی بەلەمەکانی دوژمن دەکرد.

هاوەڵانمان لە کەتیبەی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ، توانیان چراغچی بگێڕنەوە، دوای جەنگێکی گەرم دوژمن ناچار بە پاشەکشێ بوو.

هەر یەك لە فەسیلەکانی سەلمان، ئەبو زەڕ، مالکی ئەشتەر بەشداریان لە شەڕە گەرمەکەدا کرد، ڕووبەڕووی دوو کەتیبەی مغاویری دوژمن بوونەوە، لە چراغچی پاشەکشەیان پێکردن، دوژمن زیانی زۆری پێکەوت لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانەوە چرغچی، لەم داستانەدا سەید بەهمەن خشاوە سەرۆکی فەسیلەی (سەلمان) شەهید کەوت، سەرکردەی فەسیلی (ئەبو زەڕ) زیاتر لە پازدە گوللەی بەرکەوت، ئەویش کەوتە ناو کەناڵەکەوە، هەروەك ژمارەیەك لە سەرکردەکانی کۆمەڵەکان شەهیدبوون، لە نێویاندا ((تەڵاتزادە))[1].

زۆربەی سەربازە عێراقییەکان لە چراغچی کوژران بەهۆی تۆپبارانی تۆپەکانیان، وا دەردەکەوێ ئەوان نەیانتوانیوە هیزەکانمان بە ئامانج بگرن، هێزەکانیان لە سەلامەتیدا دەبن لە تۆپباران کردن، ئاگاداری ئەوە بوونە کە ڕوویداوە، بەڵام لە دوای کات بەسەر چوون، واتە دوای ئەوەی تۆپەکانیان چەندین سەربازی خۆیان کوشت.

---

(١) شەهید سەید بەهمەن خشاوە، مرۆڤێکی چاك و بوێر و ڕەوانبێژ و بەهرەدار بوو، دەیوت جەنگ تەواو نابێ تەنها ئەو کاتە نەبێ کە شەهید دەبم.

شەهید خشاوە لە زستانی ساڵی ١٩٨٦ هاوسەرگیری کرد، دوای چوار مانگ لە شەهیدبوونی یوسفی کوڕی لەدایك بوو، ئەمڕۆ یوسف تەمەنی بیست ساڵە، لە بەهار تەمەنیدایە.

بەم بۆنەیە هەندێك وشەی تۆمارکراو بە دەنگی ئەو لێرەدا دەخەینەڕوو: براکانم کاتێك دڵسۆزی نامێنێ ڕاجیایی دەردەکەوێ، خۆشەویستانم! هەرگیز درۆ مەکەن ئەگەر بە گاڵتەش بێ.

کاتێك چراغچی ڕزگارکرا، ئێمە هەستمان بە خەیاڵ ئاسوودەیی کرد لە پشتمانەوە، ئەگەر چراغچی لە دەستی دوژمنەکەماندا مابایەوە، ئەوا لە چەند کاتژمێرێکدا بەرگری ئەوانە کۆتایی دەهات، کە بەدرێژایی ڕێگا دەجەنگان، بەرەو تێکشکان دەچوو، سەرکردەی سێ ڕیانی میحوەر پەیوەندی هەبوو بە هەواڵگرەکانمان، دوژمن پاڵنرابوو بەرەو دوورگەکانی مەجنون و ڕێگەی سەروەری شەهیدان، چلهەلیکۆپتەر لە لای چەپی ڕێگا لە دوورگەکانی مەجنونی باشور دەرکەوتن.

هەواڵگرەکەمان وتی: دوژمن دەفڕێ بەسەر بارەگای حاجی عەلی هاشمی، کاتێك هەواڵی دەدا دەرباری (باڵندەکان) لەسەر پێگەی بیلال، لەڕاستیدا دەدوا لە بارەی فڕینی هەلیکۆپتەر لەسەر بارەگای حاجی عەلی هاشمی و بیلالدا، ئەمە شوێنی بورجی چاودێری بێ تەل بوو، بارەگای (خاتم ٣) دەکەوتە سەر کەرتی ڕێگەی شەهید هیمەت لەگەڵ بەنداوی ئاوی لە خۆرهەڵاتی ئەلهور.

توفیقی بە بڵندگۆی دەستی بانگەوازی کرد:

- ئەی هێزەکانی ئیسلام بۆ پێشەوە!

بە دروشمی جۆش و خرۆشاوی هاواری دەکرد، ورەی جەنگاوەرەکانمانی بەرز دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك خاڵدا هیچ پێویست بە چوونەپێش نەبوو، بەڵام بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد: بۆ پێشەوەی ئەی جەنگاوەرانی ئیسلام! حەمید نەزری ڕەخنەی لێگرت و پێی وت: تەنها دروشم بڵێ و دەستەوەرمەدە کاری سەرکردایەتی.

ئای چەندە ئازاربەخش بوو کاتێك عەباس هەواشمی[١] بە ئامێری بێ تەڵ بەبێ بەکارهێنانی جفرە وتی: کەربەلا لێرەیە! عومەری کوڕی سەعد دەفەکانی سەرکەوتنی لێدا!

(١) یاریدەدەر لە بارەگای سوپای شەش.

بەیەکدادانەکان زۆر توووند بوون، پاراستن و بەدەستەوە هێشتنەوەی ڕێگاکە زۆر گرنگتر بوو لە گەیشتنە هاوڕێیانمان لە قەڵاکانی خەندەق، لێرە تاکتیکەکەمان گۆڕا، بڕیارماندا دەست لە هەاوڕێکانمان بشۆرین لە خەندەقەکەدا، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان چڕ بکەینەوە لە پاراستنی ڕێگەی خەندەقەکە، لای ڕاستی خەندەقەکە چۆڵ ببوو، وا بڕیار بوو دوو کەتیبە لە فیرقەی (٨ نەجەف) بۆ پاڵپشتیمان بگەنە ئەوێ، بەهۆی چڕی ئاگربارانی دوژمن نەیانتوانی بگەن، مەخفەری شەهید (خاکسار) لە میحوەری شەتی عەلی کەوتە دەستی بەعسییەکانەوە، فەرمان لە بارەگاوە دەرچوون بۆ فڕێدانی ئەو زەخیرەیەی لە مەخفەردایە بۆ نێو ئاوەکە، بەرگری لە ڕێگەدا کۆتایی دێت بە کەوتنی چەند بەشێکی و کەوتنی خەندەقەکانی تفەنگەکان، ئەو کاتە هیچ شتێك نایانگێڕێتەوە.

هاوڕێیان لە قەڵاکان کۆسپیان خستە بەردەم پێشڤەچوونی دوژمن، جەنگەکان لە ڕێگەی خەندەقدا چڕ دەبوونەوە، لایەنی چەپی دوورگەکە کەوت، دوژمن گەمارۆی قەڵاکانی خەندەقی دا بە تەواوی، بوونە هۆی دابڕانی ئێمە و هاوەڵانمان لە کەتیبەی ئیمام جەعفەری سادق، کە جێگەیان گرتبوو لەسەر شەتی مەزنی عەلی.

دوژمن دوو لیوای دەریایی ناردبووە بەیزە و سەخرە، هەروەك هێزەکانی ڕەوانەی ئەو ناوچانە کرد، کە هێزەکانی ئێمەی لێ نەبوو، لەگەل ئەو ناوچانەی بێ ڕووپۆشی ڕووەکی بوون، ئا بەم شێوەیە پێویست بوو ڕووبەڕووی دوژمنێك ببینەوە، کە ناتوانرێ ببینرێ، دوای ئەوەی ئەو ڕێگەیەی داگیر کرد، کە ئاو لە هەر دوو لاوە دایگرتووە و قامیش و زەل دایپۆشیوە، دوژمن زۆر بەچاکی شارەزای گشت ڕێگە و ڕێڕەوە ئاویەکان بوو.

هەندێك لە هاوەڵانمان لە لیوای ئیمامی ڕەزا خوراسان (سڵاوی خوای لێبێ)، لە مەفرەزەیەکی دوژمندا بەدیل گیراون، لە نزیك ڕێڕەوی ئاوی زەید، سەرکردەکەیان کە بە پلەی ئەفسەر بوو، دانی نا بەوەی ئەوان شارەزای گشت ڕێڕەوە ئاویەکان و حەشارگەکانن لە دوورگەی مەجنوندا، ژمارەیەك گەمیان شاردۆتەوە.

له ڕێگادا هەندێك لە هاوەڵانمان دووچاری ئاگر و گوللەبارانی دوژمن بوونەوە، لەودیوی جەنگەڵی قامیشەوە، ئەو دۆشكەیەی لەسەر بەلەمەكانی دوژمن دانرابوون، ڕێژنەیەك گوللەیان ئاڕاستەی ئەوان كرد.

دڵ دەسوتا بۆ ئەو هاوڕێیە دیلانەمان، لە شوێنێكدا كە ڕووبەرەكەی دەگەیشتە دوو هەزار مەتر چوار گۆشە، تۆپهاوێژەكان بە بێ وچان و بەتووندی قەڵای خەندەقی تۆپباران دەكرد، تەنانەت هێزەكانی خۆشی تۆپباران دەكرد. هەموو هاوڕێیانمان بەبێ سەركردە شەڕیان دەكرد.

كاتێك قەڵای ئەردنیمان بڕی، بەهرام درود گەڕایەوە بۆ چراغچی بۆ هێنانی گوللەی هاون، بە بینینی ئەو هەستم بە دڵخۆشی كرد، هەر یەك لە ئەحمەد ئیقلیمی كیش و سەید ئەسڵان عادلی نەسبی لەگەڵدا بوو.

كەناڵەكە بۆ چەند ساتێك ئێمەی لەخۆگرت، گفتوگۆم لەگەڵ كرد، ئەویش نیگەران بوو لە كەمی زەخیرە، گەڕایەوە چراغچی لە پێناو بۆمبی ٦٠ و ٨١ میلیمەتر و كاتیۆشای ناوەندی جێگیركراو لە قەڵای سەلمان، من بەبێ زەخیرە مامەوە، هاوڕێكانمان ڕاجیمەكانیان لە ڕێگای خەندەقدا دانابوو، واتە بە پانی دە مەتر.

لە كاتێكدا دوژمن تۆپ و ڕاجیمەكانی خۆی بڵاوە پێكردبوو بە درێژایی پەنجا كیلۆمەتر، ڕێژەی ئاگربارانی ئێمە بەرامبەر بە ئاگربارانی دوژمن، وەك گەمیەك وابوو بەراورد بە كەشتی فڕۆكە هەڵگر، ئەو زەخیرەی دیاری كرابوو بۆ هاون و ڕاجیمەكان، هەمان ئەوەندە بوو كە بۆ ڕۆژانی ئاسایی دانرابوو، كێشەیەكی ڕاستەقینە بەرەو ڕوومان بووەوە لە پاڵپشتی كردنی هێزەكانمان.

بەهرام زۆر تێنوو بوو، قسەی بۆ کردم سەبارەت بەیەکدادانەکانی قەڵای بەیتی لەهی، تەپ و تۆز ڕووخسار و سەری ئەوی داپۆشیبوو، خوێن هەر دوو باسکەکانی ڕوومالٚ کردبوو، نازانم بەر ئاگرباران کەوتبوو یان شەهیدێکی خوێن لەبەر چۆڕاوی هەڵگرتبوو، لێم پرسی:

- ئایا هیچ زەخیرەیەك لە هێڵی پێشەوەدا نییە؟
- ئوتۆمبێلی لاندکرۆزەریان پێکا، کە زەخیرەی هەڵدەگرت.
- زەخیرەکەش پێکرا؟
- بەداخەوە بەڵێ!
- بەهرام تخوا، ئەگەر برینداربووم، بۆ دواوە ڕامکێشە، مەهێڵە بەدیل بمگرن!
- ئەی کێ من بۆ دواوە ڕابکێشێت؟

کاتێك ڕووی دەکردە قەڵاکانی ئەردنی پێم وت:

- پیران مستەوفی زادەت بینیوە؟
- شەهید بووە!

پیران یەکێك بوو لەو کەسانەی لەسەریان پێویست بوو برۆن، یەکێك لە برایان کە لە دوای بەهرام بۆ هێڵی دواوە هات، وتی: ئەوە من دەیزانم ئەوەندەیە هاوەڵان لە کەتیبەی پێغەمبەری خوا لە بەیانی زوودا ناشتیان.

لە ناخی خۆمدا وتم: بۆچی لێرەیان ناشت، ئایا دوورگەی مەجنون دەبێتە گۆڕستانی شەهیدەکانمان؟! دواتر زانیم، لەبەر ئەوەی ناشتویانە، چونکە ئەستەم بوو شەهیدەکان بۆ هێڵی دواوە بگوازرێنەوە، کاتێك یادگاریەکانم بیر دێنەوە موچڕك دەمگرێ و چاوەکانم پڕ دەبن لە فرمێسك، دەگریەم لە پێناو خەدیجەی کچی، کە لە بەهاری یەکەمیدایە، یاسر لە بەهاری سێیەم، ئەعزەم لە بەهاری شەشەمیدایە.

پیران منداڵەکانی شەهیدی براکەی لەخۆگرتبوو، ئا ئەوەتا ئەویش منداڵەکانی خۆی جێدەهێڵێت وەك زۆرێك لە پاڵەوانەکانی تری جەنگ، کە لەسەر وڵاتەکەمان سەپێنراوە، منداڵەکانیان بە هەتیوی جێهێشت و ئەم دونیایەیان جێهێشت.

بەهرام لە ژێر ڕێژنەیەکی گوللەبارانداا گەڕایەوە، ڕۆیشتبوو بۆ هێنانی زەخیرە و عیتاد، لە ڕێگاکەدا هەر دوو هاوڕێکەی ئەحمەد و ئەسڵان شەهید ببوون، ئەو بە تەنیا گەڕایەوە، تۆپێك لە تەنیشتیان تەقیەوە، ژیان لە چاوەکانیاندا ونبوو، هەر لەگەڵ شەهیدبوونیان، دوو کەس لە تاکەکانی بەسیج ڕۆیشتن بۆ یارمەتیدانیان لە هەڵگرتنی زەخیرە و عیتاد، بەهرام بەرپرسی ڕاجیمەکان بوو لە قەڵای بەیت لەهی، گوللە هاونەکان نەمابوون.

لە بەیانی زوودا، سەید محەممەد عەلی بزرگواری پرسیاری کرد لەبارەی پچڕانی هاون و کاتیۆشا مامناوەندیەکان و وەستانیان لە بۆمبە بارانکردنی دوژمن.

یەکێکیان بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە: سەید زەخیرە تەواو بوو! خۆ داری قامیش پێ ناهاوێژین!

من و هاوڕێکانم بەرەو شوێنێکی مەزن ڕامان کرد، بە دووری سەد مەتر رکنی هاواری کرد: با ئاگامان لە پشتمان هەبێ، دەبێ وریابین لە لای قامیشەکان، نەوەك لەناکاو لە دواوە لێمان دەن!

وا گومانم دەبرد هەندێك یەکە دێن بۆ پاڵپشتی کردنی بەرگریەکەمان، هەرگیز وێنام نەدەکرد ئێمە بە تەنیا دەمێنینەوە، چارەنووسی دوورگەی مەجنون بەم شێوەیەیلێبێ.

ئەمڕۆ هیچ یەکێك بەهانامانەوە نەهات، تەنانەت هەر دوو کەتیبەی فیرقەی ٨ نەجەفیش نەهاتن، کە وا بڕیار بوو بۆ پشتیوانیمان بێ، ڕاجیمەکانی یەکەی بەرگری و

**هاونەکان بەبێ زەخیرە و عیتاد مانەوە، ئێمە بە تەنها بووین، هیچ پاڵپشتیەك نەگەیشت، نە زرێپۆش و نە ڕووپۆشی ئاگرین، نە هێڵەکانی پشتەوە و نە ئاو و نە خۆراك...**

**ئەمڕۆ تەنها بە بڕوا و وردەی خۆمان دەجەنگین، هاوڕێکانم زۆر دەستیان دەگرتەوە لە بەکارهێنانی زەخیرە و عیتاد، زۆر کەم بوو، هیچ بوارێك نەبوو بۆ تەقەکردنی شێلکە، جگە لە تفەنگە ناوەندیەکان نەبێ.**

**سەید موحسن فەرمانی دەرکردبوو، بۆ سەرکردایەتی لیوا بە پاشەکشێ، بەڵام هاوڕێکانمان پێیان باشتر بوو بمێننەوە و بەردەوام بن لە بەرگری، هەمووان سوربوون لەسەر خۆڕاگری، تەنانەت (محەممەد حوسەین حەق جو[1])، ناوبراو مامۆستا بوو، لە خەڵکی (سرفاریاب)ی سەر بە پارێزگای کهگیلویە بوو، خاوەنی پێنج کچ بوو، کچی شەشەمی لە دوای شەهیدبوونی ئەو لە دایك بوو بە شەش مانگ، لە کوردستان ئەوم ناسی. عەبدولڕەزا دیرباز لە چراغچی، خەڵکی گەڕەکی ئەو بوو، تکای لێکرد لە چراغچی بمێنێتەوە، بەرەو پێش نەچێت، عەبدولڕەزا تکای لێدەکرد لە پێناو کچەکانی، حەق جو پێی وت: ئایا کەرامەتوڵای ئامۆزات بیرچۆتەوە، کە لە پرۆسەکانی بەدردا شەهید بوو؟! لەم ناوچەیەدا شەهید بوو!**

**کاتێك خۆمانپاراست بە کەناڵەکە، حەق جو ئەو مامۆستایە بوێرە دڵ بەهێزە وتی: بەڵێ دەتانەوێ من نەچمە پێش! دوودڵ مەبن بۆ کچەکانم! من ئەوانم بە فاتیمەی زەهرا ڕاسپاردووە.**

---

**(١) شەهید محەممەد حوسەین حەق جو، ناوی تایبەتی لە کچەکانی نابوو: سەدیقەی عەزیزە، هەدیەی حەمیمە، زەهرای ڕەفیقە، فاتیمەی حەبیبە، سەکینەی سەغیرە، سەبارەت بە زەهرەی کچی کە لە دوای باوکی بە شەش مانگ چاوی بە دونیا هەڵهێنا، ناوێکی خوازراوی نەبوو، سەدیقەی کچی ڕۆژێکیان وتی: باوکە! خۆزگە دەخوازم کوڕ بووبام، بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا بڕۆمە بەرەکانی جەنگ، تاوانم چییە کە من کچم!.**

هەندێك لە شەهیدەكانمان خێزاندار بوو، بەتایبەت شەهید جەعفەر ئەلوەند نجاد، كوڕێكی تاقانەی هەبوو، شەهید محەممەد حوسەین حەق جو پێنج كچی هەبوو، یەكێك لە هاوەڵانمان بەخۆی تاقانە بوو، باوكیشی مردبوو؛ شەهید ئەكبەر ئاخش تەنها بیست ڕۆژ لەسەر هاوسەرگیرییەكەی تێپەڕی بوو، شەهید حەنیفە خەلیلی شادگان هەتیو بوو، لە تەمەنی هەشتساڵیدا باوكی لەدەستدابوو، دایكی لە دەستدابوو لە تەمەنی چوار ساڵیدا، بە هەژدە ڕۆژ پێش شەهیدبوونی تاكە كوڕەكەی لەدایك بوو، بۆ هاوژینەكەی نووسیبوو: ناگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، چونكە ئەگەر گەڕامەوە بە كوڕەكەمەوە پەیوەست دەبم! لێرەدا دەمێنمەوە بۆ ئەوەی سەردانی گەورەم حوسەین بكەم و بگەمە پلەی شەهیدبوون.

شەهید ئەمروڵا جەوادی، كە بە ساڵێك تەمەنی لە من بچوكتر بوو، دووەم شەهید بوو لە خانەوادەكەی، شەهید عەبدولڕەزا دیرباز، بڕیاری دابوو ئەگەر بگەڕێتەوە ئەم جارە هاوسەرگیری بكات، بەڵێنم پێدا بوو لە شەوی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەكەیدا ئامادە ببم! هەر دوو شەهید سەید بەهمەن خەشاوە و هیدایەتوڵا ڕوكنی پێش چەند مانگێك لە شەهید بوونیان منداڵی تازەیان پێبەخشرا، شەهید سەفەر عەلی ئەلگامە بە خانەوادەكەی وت، دوای پازدە ڕۆژ دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمدا شەهید بوو، زەوی جێهێشت و بەرەو ئاسمان ڕۆیشت، خێزانەكەی كە سێ كچ و سێ كوڕ بوون چاوەڕێیان دەكرد، ئەو بەڵێنەكەی بەجێگەیاند، بەڵام بەشەهیدی گەڕایەوە، تەرمەكەی وەك گەمی مەلەی دەكرد لەسەر شەپۆلەكانی مرۆڤایەتی، كە شەهیدانی بەخاك دەسپارد، لە نێو شەهیدانی قەڵای خەندەقدا محەممەد ئەفشین هەبوو، هەواڵی شەهیدبوونی گەیشتە پوری، بەهۆیە تووشی دڵ ڕاوەستان هات و لە ماوەی چەند ساتێكدا دونیای جێهێشت!

حەق جو پێش شەهیدبوونی، قسەی لەگەڵ هاوەڵانی كرد، لەبارەی گرنگی پاراستنی دوورگەكانی مەجنون، وتی: ئەمە سپاردەیەكە بەدەستمان هێناوە بە خوێنی شەهید (هیمەت) و (باكری)، هاوار لەو بەسیجیەی بەسوك سەیری بكات!

کاتێك ساچمە و بڵێسە جەستەی ئەوی لەت و پەت کرد، زانیم دونیا جێدەهێڵێت، بە دەنگێکی لاواز بەوانەی دەوروبەری خۆی وت: پیاوان ڕێگەی خۆیان دەگرن لە نێو خوێندا، بەرەوپێش دەچن ئەگەرچی جەستەکانیان پەڕاوێز بکەویٚ!

هاوەڵان جەستەی شەهید حەق جویان ڕاکێشا بۆ نێو خەندەقەکە، ئای لە ستەملێکراوی شەهید لەسەر ئەم زەویەی ڕووپۆشکراوە بە خوێنی شەهیدان! هەندێك لە هاوڕێیان هەوڵیاندا لاشەی شەهیدەکان بە گەمیەك لە ڕێڕەوی ئاوی تەنیش ناوچەکە بگوازنەوە، بە چەند سەد مەترێك کەوتۆتەوە دەستی دوژمن، بەلای ڕاستی ڕێگەش ڕێڕەوی ئاوی شەعبان و مەخفەری شەهید خاکساریش کەوتوون، هەروەها خاڵی تەبرسی بەرامبەر بەیتی لەهی بەرامبەر لقە لاوەکیەکان.

بەهۆی چڕی تۆپبارانی دوژمنەوە، عەبدولعەلی عەلیزادە و عەبدولڕەحمان بەرهەمن کە جەستەی شەهید فەتاح عەباسیان ڕادەکێشایە نێو کەناڵەکە، دووچاری تەقینەوەی گوللە هاوەنێك بوونەوە، لە پاڵ جەستەی شەهید فەتاح ئەوانیش شەهید بوون، دیمەنەکە زۆر ئازار بەخش بوو.

بە خۆچەماندنەوە بەرەو پێش هەڵاتین، لە نێو کەناڵەکە، کە بەرزیەکەی نزم بوو بە ئاراستەی چەپی ڕێگاکەدا، لە ناکاو گوللە قازیفەیەك بەر زەوی کەوت، نەمزانی چی ڕوودەدات؟ بەهۆی تەقینەوەکە چەند هاوڕێیەك شەهید بوون، لە نێویاندا شەهید هومان عەباسیان، ساتی یەکەم نەمزانی منیش پێکراوم، هەستم بە گەرماییەك کرد لە بەشی پێشەوەی ڕانی چەپم، لەگەڵ چەسپاوی، بەر بلێسەی ئاگرێك کەوتووم، هەندێك بەشە گۆشتی ڕانم فڕیبوون، بە سەختی تووشی خوێن بەربوون بووم. سەفەر عەل کورد لو ڕانەکەمی بە دەسماڵێك گرێدا، سەرباری زۆر ئێش و ئازار و برینە قوڵەکە، هیچ سەختیەکم نەبینی لە ڕۆشتن، ساچمە و بڵێسەکە چاڵێکی بە ئەندازەی دەستم لە ڕانمدا

دروست کردبوو، بەهۆی پچڕانی دەمارەکان و ڕیشاڵە هەستییەکان، هەستم بە قاچم نەدەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا توانای جوڵەم هەبوو، هێزێکی چاکی جەستەییم مابوو.

هەندێك لە هاوەڵانمان لە خاڵی جیاوازدا تەنگیان خوارد، گوللەیەك بەردەستی عەبدولڕەزا دیر باز کەوت، توانای هەڵگرتنی تفەنگی گرینۆفی نەما، بۆیە چەکەکانمان گۆڕیەوە، تفەنگی کلاشینکۆفی خۆمم بەودا.

هیدایەتوڵا بۆ ئەم لا و ئەولا ڕای دەکرد، چاوێکی لەسەر دوژمن بوو لە نێو جەنگەڵی قامیشدا، چاوێکیشی لەسەر هاوەڵانی بوو، هەر کە یەکێك لە براکانمان شەهید دەبوو، ئەوا گیانی نەبەردی بە بەر هاوەڵەکانی ترماندا دەکرد، ساچمە و بڵێسەیەك بەر شان و کراسەکەی کەوتبوو، خوێناوی ببوو. ژمارەمان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، کەوتینە نێو تەنگوچەڵەمەیەکی ڕوونەوە، ئەستەم بوو هیچ کەسێك بگاتە لامان بۆ پشتیوانی کردنمان.

بەعسییەکان توانیان (چراغچی) بۆ جاری دووەم داگیر بکەن، ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکارهێنابوو لە هێرشەکەدا، ژمارەمان زۆر کەم بوو، بەراورد بە دوژمن، ئێمە وەك کەتیبەیەك وابووین بەرامبەر بە فیرقەیەك.

هیدایەتوڵا قسەی لەگەڵ هاوڕێیە نەبەردەکانی کرد، سەبارەت بە وەستاندنی پێشکەوتنی دوژمن، چاوەڕێی فەرمان نەکەن لە هیچ کەسێك، هەر یەکێکتان سەرکردەی خۆیەتی، هەروەك ئەوەی گرنگە پاراستنی ڕێگاکەیە!

سەید محەممەد عەلی غولامی ڕاگەیەنەری ئاینی بوو، بە ئەرکی ئاینی خۆی هەڵدەستا، لە پاڵ هاویشتنی قازیفەی ئارپیچی، لە خەڵکی گوندی (بیدك)ی سەر بە (باشت) بوو، ناوبراو لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێیانی لە حەوزەی زانستی مەنسوریە لە شیرازەوە هاتن، بە شعری جۆش و خرۆشەوە هانیدەدایین.

هێشتا هاوەڵانمان لێرەدا بە ویست و بڕوای خۆیان دەجەنگن، نەك بە ئامێری ئاسنین، دەنگی ئەو دەچووە نێو دڵان، جۆش و خرۆشیەکەی زیاتر دەکرد، کاتێك بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- بەخوا ئەگەر لای ڕاستەشم ببڕن، ئەوا من هەر بەرگری لە ئاینەکەم دەکەم[1].

بە دیمەنەکانی کەربەلا لە ڕووداوی ڕۆژی عاشورا بەیەکدا دەچوو، گیانی جۆش و خرۆشی و فیداکاری لە دڵ و دەروونەکاندا داگیرساند.

هیدایەتوڵا کە ناوی ئەو لە ناخی مندا یادگاری شەهیدی برام دادگیرسێنێ وتی: هیچ یەکێکمان بە زیندوو ناگەڕێتەوە، دوورگەی مەجنون کەوتە دەستی دوژمن، هەروەها ڕێگەی سەروەری شەهیدانیش، ئێمە گەمارۆدراوین و چارەنووسی هەر یەکێمان یان شەهیدبوونە یان دیل بوونە؛ ئەگەر وابێ بەزەیی و ڕەحمتان بە دوژمندا نەیەتەوە، تۆڵەی براکانمان بکەنەوە! ئەوانە بکوژی براکانمانن، گولەکانتان بە فیڕۆ مەدەن، ڕاستە ئێمە تەنهاین، بەڵام خوامان لەگەڵدایە.

کات لە دەوروبەری کاتژمێر دە و نیو بوو، هیدایەتوڵا ئارپیچی دەهاوێشت بەرەو بەلەمەکانی دوژمن، کاتێك گوللەیەکی بەرکەوت، سەفەر عەلی هێشتا زیندوو بوو لەو ساتانەدا، پێش چەند کاتژمێرێك برینی منی پێچابوو، وای لێهاتبوو ئەستەم بوو شەهید و بریندارەکان بکشێنینەوە، هیچ کەسێك نەگەیشت لە کۆمەڵەی گواستنەوەی بریندار و شەهیدان، تەنانەت ئەگەر ڕێگای هاتنیشیان هەبووبا، ئەوا گوێزەرەوەکانیان دوور فڕێدەدا، تفەنگی شەهیدەکانیان هەڵدەگرت و دەستیان بەشەڕ دەکرد.

---

(١) ئەمدێڕە شیعرە بە جۆش و خرۆشە، دەدرێتە پاڵی ئەبول فەزڵ عەباس سڵاوی خوای لێبێ، دوای ئەوەی لە ڕۆژی عاشوڕادا بە تەنها جەنگا لەگەڵ هەزاران گورگی مرۆیی.

دڵم لای سەفەر عەلی کورد لوی هاوڕێم و کوڕی شارەکەم بوو، برینەکەی زۆر قوڵ بوو، نەمدەزانی چی بکەم، هێشتا هەناسەی دەدا، ڕامانکێشا بۆ نێو کەناڵەکە، گریمانەی دیل کەوتنی بەم جۆرە، زۆر منی ئازار دەدا، لەوانەیە لە کۆتاییدا دوژمن گوللەی کۆتایی لێبدەن.

لە ناخی خۆمدا وتم: بەدڵنیایەوە دەیکوژن، خوێن لە سینگ و زگی دەهات، من و سالار و شەفیع لەلای ئەو بۆ چەند خولەکێك دانیشتین، ئامۆزاکەی عەلی محەممەد کورد لو سەرۆکی فەسیلەکانی کەتیبەکانی سەروەری شەهیدانی تایبەت لە قەڵاکانی پێشەوە، کراسی خۆیدڕاند و برینەکەی ئەوی پێچا، وتی: با یەکێکیان گوللەی میهرەبانی لێم بدات، نامەوێ بە دیل بکەومە دەستی بەعسییەکان. داوای نەکرد ڕابکێشرێ بۆ پێشەوە، دەیزانی ئەمە کارێکی ئەستەمە.

ئەو یادگاریانەم هاتنەوە یاد، کە لە زستانی ڕابردوودا لەگەڵ ئەودا پێکەوە گەشتمان کرد، هاوڕێی من بوو لەو گەشتەدا، یادگاریەکانی خولی ئەفسەری سەربازگەی شەهید غولامی، کەراج (چهار شیر) گەس و گەشت بۆ (گچارستان[1])م بیر هاتنەوە، کاتێك (کورد لو)م بە برینداری بینی، لەسەر لێواری ڕێگاکە ئەوا زۆر ئازارم چەشت؛ هیچم لە دەست نەدەهات بیکەم، سەفەر نیکدارشد یەکێك لە هاوڕێکانم بوو لە کەتیبەی سەروەری

(١) لە ساڵی ١٩٨٦ کاتێك من دەڕۆیشتم لە دەروازەی سەرەکی سەربازگەی غولامیدا، لە گەشتدا هاودەمیم کرد، سواری ئوتۆمبێلی تۆیۆتای بێ سەربووم، کە هی یەکێك لە سەرکردەکانی (میحرابی بیگلدی) بوو لە گەڕاچی (چهار شید أهواز)، بەیەکەوە بیلتی ڕۆیشتنمان بڕی بۆ شاری (گچساران) ، من برسی بووم و کەشەکە سارد بوو، پارەکەی پشکی کڕینی دوو گەسی نەدەکرد، بەدوای کورد لودا لە گەراجەکە گەڕام، خۆی شاردبووە لە دواوەی کورسیەکانی بەشی کۆتایی، بەرامبەر دیوار دانیشتبو و دەستی بە خواردنی پارچەنانی کردبوو، جانتاکەی لە بەرامبەری بوو، لە پاڵیدا دانیشتم، گەسەکەم لەگەڵی بەش کرد، داوای لێبوردنم لێکرد سەبارەت بەوەی ئەوەندە پارەم پێنەبوو دوو گەسی پێبکڕم.
لە نێو پاسەکەدا بەیەکەوە دانیشتین، بەدرێژایی ڕێگای بەرەو "گچساران" قسەمان کرد، بەڵێنیدا بێتە ماڵمان لە (باشت).

شەهیدانی تایبەت، هەوڵیدا ڕایکێشێ بۆ دواوە، بەڵام نەیتوانی، نیکدارشد و هەندێك لە هاوەڵانی ڕێڕەوە ئاویە لا بە لاکانیان دەپاراست، ئێمە پارێزراو بووین، تا ئەو کاتەی ئەو پێکرا و هاوەڵەکانی شەهید بوون، هەندێك بەشی ڕێڕەوە ئاویەکان، خین و شەعبان بەبێ ڕوومالْ مانەوە.

برای نیکدارشد شەهید بوو لە جەنگەکانی پێشوودا، بەخۆیشی ئەوا یەکێك بوو لەو چەند کەسە کەمەی بە زیندووی لە ڕێگەی خەندەقەکەدا گەڕانەوە.

لە کورد لو جیابوومەوە، زۆربەی هاوەڵانم شەهید کەوتن، هەر یەکێکمان بەگوێرەی ڕێوشوێنی خۆی دەجەنگا، ئەو هەستەم لە ناخودا دروستبوو، کە گەڕانەوە نەنگی و ترسنۆکییە.

من درکم بەوە دەکرد بە تەواوی ئێمە بەم ژمارە کەمە، پێشەڤەچوونی دوژمن بەرەو ڕێگای خەندەق ناوەستێنین.

ئەو دۆشکەیەی لە ملی ڕاستدا دانرابوو لە (مەیدانی تەبرسی[1]) ڕوومالّی ئاوەکانی دەکرد لە لای (شەتی عەلی) و ڕێڕەوی ئاوی (شەعبان)، کاتێك گۆڕەپانی تەبرسی کەوت، دۆشکەکە گوێزرایەوە بۆ لای چەپی ڕێگاکە، ڕێڕەوە ئاویەکە و هەر کەسێك بە ڕێگاکەدا ڕۆیشتبا گوللەبارانیان دەکرد.

ناتوانم بڕوا بە کەوتنی ڕێگەی خەندەق بکەم، چارەنووسی دوورگەی مەجنون منی ئازار دەدا.

---

(١) ئەم مەیدانە دەکەوێتە پشتەوەی ڕێڕەوی ئاوی لاوەکی بۆ قەڵاکانی خەندەق، پێش قەڵاکانی بەیتی لەهی، لەم گۆڕەپانەدا سەرکردایەتی کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا)ی لێیە، سەربازەکانی فیرقەی ئیمام ڕەزا (سڵاوی خوای لێبێ) ناویان لەم گۆڕەپانە نابوو (فلکەی تەبرسی) لە مەشهەد.

تەبرسی یەکێکە لە گەورە زانایانی ئیمامییەکان، خاوەنی کتێبی (الاحتجاج)ە. وەرگێڕە عەرەبیەکە.

**بۆ چەند ساتێك لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە، ئەمە ساتی کۆتاییە دەبێ چی بکەین؟ زۆربەمان بەڵێنماندا بە بەردەوامی شەڕ بکەین، تا دواهەمین گوللە، ئەگەرچی بەرگری کردنەکەمان هیچ سودێکی نەبێ لە پاراستنی ڕێگەی خەندەق.**

**پرسیارەکان لە ناخەوە هەڵدەقوڵان، دەتەقینەوە وەك لێشاوی بارا، لە ئاوەکانی ئەلهور، بۆچی کەس بە هانامانەوە نەهات؟! بۆچی جەستەی شەهیدەکان کەوتنە نێو دەستی دوژمن و.... بۆچی؟! چەندین پرسیاری تر، کە لە مێشکماندا دەمێننەوە و بێ وەڵام دەمێننەوە.**

**لە دەوروبەری کاتژێر شەش و نیو، خەریك هەموو ئەو زەخیرەی پێمان بوو تەواو ببێ.**

**ناوچەی نێوان چراغچی و سی ڕیانی میحوەرەکە کەوتۆتە دەستی دوژمن، گوللەبارانی دوژمن لە پێشە و دواوە ئێمەی داگرتبوو، تەنانەت لەلایەن جەنگەڵی قامیشەکانیش، کە لە تەنیش ڕێگاکە بوون.**

**هەواڵدەری ئامێری بێ تەل تاکە کەس بوو، پەیوەندی هەر هەبوو لەگەڵ هێڵی پشتەوە، سەرکردەکان هەوڵیاندەدا مەعنەویاتەکەیان بەهێز بکەن، لە ڕێگەی ئامێری بێ تەلەوە هەندێك لە ڕووداوەکانی ڕۆژی عاشوڕایان بڵاو دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی لە کەربەلا ڕوویدا، ئەوان زۆر خەم بار بوون، چونکە نەیاندەتوانی هیچمان بۆ بکەن، هەواڵدەری ئامێرە بێ تەڵەکە هاواری سەرکردەکانی دووبارە دەکردەوە: بۆ دوو کاتژمێری تر بەرگە بگرن، هەڵدەستین بە تێکشکاندنی ئامێرە جەنگیەکەیان، بڕینی ڕێگاکە.**

**هەر یەکێکمان هەوڵی دەدا ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بە سپاردەی خۆی هەڵبستێ لەمرۆدا، هاوڕێیانمان پێیان باشتر بوو بمێننەوە لەم ڕێگایەدا و بەردەوام بن لە شەڕکردن؛ دەیانویست دەست بە دوورگەکەوە بگرن تا دوا هەناسە.**

دوورگەی مەجنون بە شەهید و داستانی پاڵەوانەکانی لە پرۆسە و کردەکانی خەیبەر و بەدردا، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بمێنێتەوە.

ئەگەر پاشەکشە بکەم و بۆ دواوە بگەڕێمەوە.. ئایا چ شتێك دەکەم لەگەڵ سزای ویژدان؟!

سەد مەتر بۆ دواوە گەڕامەوە، بۆ هێنانی زەخیرە، لە پاڵ شەهید سەفەر عەلی دانیشتم وەك ئەوەبوو خەوتبێ... لە همێنی و ئارامیدا وەنەوزەی گرتبێ، لە دوای چەند کاتژمێرێك لە خەوتنە قوڵەکەی بە ئاگا دێتەوە، مەخزەنی تفەنگم لەسەر هێنایە خوارەوە، کلاشینکۆفەکەشم فڕێدایە نێو ئاوەکانی دوورگەکە... و خواحافیزیم لێکرد.. .

بە درێژایی ڕێگە هاوڕێیانم بڵاوببوونەوە، شەڕیان دەکرد لەگەڵ بەعسییەکان، لە نێو قامیشەکاندا دەتوانین بەلەمەکانی دوژمن ببینین، کە ڕێڕەوی ئاوی ئەودیویان دەبڕی، لەلای باشوری دوورگەکەوە دەهات، دوژمن هەوڵی دەدا لێمان بسوڕێتەوە و دواتر کۆتایی بە بەرگریەکە بهێنن.

هاوڕێیانم توانیان سێ بەلەمی بە ئامانج بگرن و بە ئارپیچی بیپێکن، بەلەمەکانی تی توانیان هێزی پیادە لە دوامەندا دابەزێنن، لەگەڵ سەغڵەتی دۆخەکە هیچ یەکێکمان بیری لە پاشەکشە نەکردەوە، لە توانای هەر جەنگاوەرێکدا بوو خۆی فڕێبداتە نێو ئاوەکە و دواتر بگەڕێتەوە دواوە و ڕزگاری ببێ!

یەکێکمان لە سینگ و دەم و چاوی پێکرا، دواتر زانیم ناوی محەممەد ئیسلام پەنایە، ساچمە و بڵێسەی گوللە هاون ئەوی پێکا، ئیسکی باڵی ڕاستی شکا، دوا هەناسەکانی بە سەختی دەدا، وشەکانی بە لاوازی دەردەچوون لە دەمیدا:

- فیدای تۆبم سەروەرم! فیدای تۆبم ئەی حوسێن... تۆ قورئانت دەخوێندەوە، شمشێرەکانیش تۆیان لەت لەت دەکرد!

کات لە دەوروبەری کاتژمێر یازدە بوو، دوو سەد مەتر لە قەڵاکانی بەیتی لەهی دوور بووین، ئاستی بەیەکدادانەکان زیادی کرد، هەندێك لە هاوەڵانم لە دواوە لەگەڵ دوژمن بەیەکیان دادا بە چەکی سپی، دوژمن مکور بوو لەسەر داگیر کردنی ڕێگاکە. هەوڵەکانی شکستیان خوارد بۆ داگیرکردنی چەند بەشێکی ڕێگاکە، بۆ گەمارۆدانی قەڵاکانی بەیتی لەهی، ئەگەر بتوانن ئێمە بشکێنن، ئەوا مانای کۆتایی (فەسیلەی ئیمام حەسەنی موجتەبای)، ئێمە دەمانزانی جەنگ چی بەسەر دێت، کە ناهاوتایە و ناتوانین زیاتر بەرگە بگرین، هەموو هیوا و ئومێدەکان سیس بوون لەوەی بتوانین هاوەڵانمان ڕزگار بکەین لە قەڵاکانی خەندەقدا، ناچاربووین هەندێك بەشی ڕێگاکە بەدەستەوە بدەین، لە یەکترەوە نزیك بووینەوە، دوو کۆمەڵەمان بۆ بەرگری پێکهێنا، کۆمەڵەی من لە پێشەوە بوو، بەعسییەکان بەردەوام بەتفەنگ و بیکەیسەکانیان گوللەبارانیان دەکردین، تاکە پەناگەمان کەناڵی تەنیش ڕێگاکە بوو. لە کۆتاییدا دڵنیابووم لەوەی پێویستە لەسەرمان هەڵبژاردنبکەین، یان شەهید بوون یان دیل بوون، بێزم لەم کۆتاییە دەبووەوە... لە دیلایەتی ڕا دەکەم، هەردەم ئومێدم وابووە چارەنووسم لەم جەنگەدا دیل بوون نەبێ!

لە نێو هەشتا جەنگاوەردا، دوازدەیان بە زیندوویی مانەوە، سالار شەفیع نەجاد، محەممەد عەلی غولامی، غولام قاسم زادە، جمشید کەرەم زادە، ژمارەیەك لە کەسانی بەسیجی نەناسراو، چواریان سەد مەتر دوور بوون لە شوێنی (بیکەیسیەکە)، ڕێگریان دەکرد لە هاتنەپێشی دوژمن، شوێنەکە زیاتر بە قەڵا دەچوو، زۆر سەرسەخت بوو، لە جێگەیەك بوو ڕێگەی دەدا چاودێر بێ بەسەر ڕێڕەوی ئاوی (خین) لە لای چەپمان، کە بەلەمەکانی دوژمن بەشێوەیەکی سەرەکی بەوێدا تێدەپەڕین.

هاوەڵانمان لە پێناو زاڵ و چاودێربوون بەسەر هەر دوو لایەنی ڕێڕەوە ئاویەکە بە درێژایی ڕێگاکە، بە داچەقاندنی قامیش هەر یەکێکمان جێگەی گرت و چاودێری لایەکی ڕێڕەوی (خین)ی دەکرد، کە درێژ دەبووە لە بەشی باکوری دوورگەی مەجنونەوە، لەلای ڕێگەی خەندەقەکە کۆتایی دەهات.

قەناسبەدەست سێ لە هاوڕێیانمانی پێکا لە شوێنی (بیکەیسیە)کە، لاشەکانیان کەوتنە لایەك، یەکێکیان (خودا خواست جەباری) بوو، کە هاوڕێی (دوست سالار شەفیع نەجاد) بوو، نەم دەتوانی بڕوا بەکەوتنی ڕێگەی خەندەق بکەم. هەستم دەکرد گیانی شەهیدانی پڕۆسەکانی بەدر و خەیبەر بینەری ئەو داستانە دەگمەنەن لەمڕۆدا!

پێویست بوو یەکەی ئەندازە، ڕێگەی حەزنەڵە ببڕێ، کە لە گۆڕەپانی (ئیمام ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ) درێژ دەبووەوە بۆ پشت شەتی عەلی و ناوچەی هوری مەزن، ئەگەر ڕێگەی خەندە بکەوێتە دەست دوژمن ئەوا توانایان نابێ دزە بکەنە ناو ئەو ڕێگەیەی دەچێ بۆ ناوچەی هوری مەزن، تەواو وەك ئەوەی کۆمەڵەی (تێکدان و گێرەشێوێنی) پێی هەڵسان لە قەڵاکانی خەندەقدا، هەڵسان بە تەقاندنەوەی یەك تەن لە کەرستەی تەقێنەر لە پشت قەڵاکانی خەندەق، بەمەش کەناڵێکی مەزنیان دروستکرد، درێژیەکەی دوو سەد مەتر بوو، لە نێوان قەڵاکانی خەندەق و بەت لەهی، بەمەش ئاو لە شەتی عەلیەوە دزەی کرد بۆ نێو دوورگەکە، ئەگەر ئەمە ببێتە گەمارۆدانی هاوڕێکانمان لە قەڵاکانی خەندەقدا بە تەواوی، هیچ یارمەتیەکیان پێنەدەگەیشت لە پشتەوە، هەروەك لە توانای هاوڕێکانماندا نەبوو لەم گەمارۆیە ڕزگاریان ببێ، تەنانەت تۆپ و هاونیش گوللەکانیان تەواو ببوو، هاوڕێکانمان بەبێ پاڵپشتی مابوونەوە، هاون و ڕاجیمەکانی یەکەی (سوپا)ی شەش جێگیر کرابوو لە قەڵاکانی باڵی خۆرئاوای دوورگەی باکور، پێش کاتژمێرێك دوژمن ڕێژنەیەك لە تۆپ و

ئاگری باراند، هاوڕێکانمان له دوای نەمانی زەخیرە هەڵسان به تێکشکاندنی هاون و تۆپه دوورهاوێژەکان، بۆ ئەوەی نەکەونه دەستی دوژمنەوە[1].

ئەمه یاساکانی جەنگە، چونکه ئەستەم بوو چەکه قورس و سوکەکان بکشێنیتەوە، لەبەر ئەوه پێویست بوو تێکبشکێندرێن، بەر لەوەی دوژمن دەستی بەسەردا بگرێ، زۆربەی ئامادەکارییه سەربازیەکانمان که لەناومان بردن، له بنەڕەتدا دەستکەوتی دوژمن بوون.

هەواڵدەرەکەمان له ساتەکانی دواییدا شەهید بوو، ئەستەم بوو پەیوەندی به دواوه بکەین، ئەگەرچی ئەم پەیوەندی کردنه مەلحەمی ئەوه نەبێ که پێیەوە دەناڵێنین؛ هەر یەکێکمان به توانای خودی خۆی کار دەکات، جەستەی شەهیدەکانمان له نێوان دوکەڵ و تەپ و تۆزدا تەواو دیار بوون، وەك باڵندەی نووستوی تۆز داگرتوو.

بەعسییەکان توانیان بێنه نێوان ئێمه و فەسیلەی ئیمام حەسەنی موجتەباوە سڵاوی خوای لێبێ.

سەید محەممەد عەلی غولامی بریندار بوو، غولام قاسم زادە شەهید بوو و لاشەکەی کون کون بوو بەهۆی گوللەکانەوە و کەوتە لای ڕاستی ڕێگاکە، سەید محەممەد عەلی به سەختی خوێنی لەبەر دەچێ، هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە کەناڵی تەنیشت ڕێگاکە، چڤه چڤ و زیوە زیوی گوللەکان بەرز ببووەوە به درێژایی ڕێگاکە، محەممەد عەلی زۆر به سەختی خۆی گەیاندە کەناری ڕێگاکە، سەر و ڕوخساری خوێناوی و تۆزاوی ببوون، ئاگر بەر

---

(١) دواتر بیستم حەسەن وەکیلی و محەممەد چگام هەڵساون به سوتاندنی دەبابەکانمان، که ژێر ئاوکەوتبوون له زەلکاوەکەدا، له پاڵ ڕێگاکەدا، هەروەك نیعمەتوڵا نەزری سەرۆکی بەرگری ئاسمانی له لیوا هەڵسا به ئاڕاستەکردنی گولله ئارپێچیەك بەرەو تۆپی ٥٧ ملیمەتر له کەناری شەتی عەلی، که دەکەوتە لای ڕاستی قەڵاکانی بەیتی لەهی، هاوڕێکانمان هەڵسان به به فڕێدانی تۆپی ٢٣ کوری بۆ نێو ئاوی دوورگەکە، که جێگیر کرابوو لەلایی ڕاستی بورجی چاودێری تۆپەکان، ئەمەش بۆ ئەوه بوو نەکەوێتە دەستی دوژمن، له ساتەکانی دواییدا پێش کەوتنی ڕێگەی خەندەق.

ڕوومەتی چەپی کەوتبوو، چاو و ڕوخساری پڕ ببوو لە خوێن، ئایەتەکانی قورئانی لەبەر خۆیدا دەخوێندەوە، بەدرێژایی ساڵانی جەنگدا، کەم وابوو جەنگاوەرەکانمان بینی بێ، مەگەر بەو دۆخە نەبێ کە لەم جۆرە کاتە ناهەموارانەدا یادی خوایان دەکردەوە.

نەمدەزانی چی بکەم، سەید محەممەد عەلی زۆر تێنو بوو، نەیدەویست خۆی ڕابکێشێت، پێم وتی:

- سەید! ڕابکشێی خوێنت زۆر لێدەچۆڕێ!
- بەم شێوەیە باشترە.
- خوێن بەربونەکەت زیاتر دەبێ.
- دانیشتن بۆ من باشترە.
- ڕابکشێ تا برینەکەت بپێچم.

هیچ شتێکم ناوێ، جانتای پشت بخەرە ژێر سەرم.

خوێن لە سینگ و سەری بەردەبوو، دەیویست ڕابکشێ و دەنگی بەعسییەکانمان بۆ هات، ناتوانم ئەو بەو جۆرە جێبهێڵم، ویستم کراسەکەی بدڕێنم و برینەکەی پێ بپێچم، بەڵام ڕێگری لێردم، ئارامی دەم و چاوی داگرتبوو، بە دڵنیاییەوە دەیوت:

- سڵاو لە تۆ ئەی باوکی عەبدوڵا ی حوسێن، لەو گیانانەش کە هاتوونەتە پاڵت، لە منەوە هەردەم سڵاوی خوات لێبێ، بە ئەندازەی ئەوەی دەمێنم و بە قەبارەی مانەوەی شەو و ڕۆژ، خوای گەورە مەیکاتە دوا سەردانم بۆ لای ئێوە... سڵاو لەسەر حوسێن و عەلی کوڕی حوسێن و منداڵەکانی حوسێن و هاوەڵانی حوسێن...

خوێن تێکەڵی فرمێسك ببوو، لە چاوەکانی دەهاتە خوارێ، دەستی لە پشت سەری خۆی دانا و پەنجەکانی تێکئاڵاند، نازانم بۆچی دەیەویست ئاوا بکات، ئایا ئەمە شێوازی

زیارەتکردنی سەروەری شەهیدان بوو؟! سیماکانی ڕووخساری ئاماژەیان بە نزیکی کۆچی دوایی کردنی دەکرد! هەرگیز وشە کۆتاییەکانی لەبیر ناکەم، کاتێك خواحافیزی لە دونیا دەکرد دەیوت: خوایەگیان دواڕۆژ لە کاتی تێپەڕین بەسەر پرددا تکا و شەفاعەتی حوسێنم پێببەخشە.

لە ساتەکانی کۆتاییدا، لە ئاوهەڵگرەکەمدا کەمێك ئاوم هێنا تا بیخۆتەوە، بەڵام نەیخواردەوە، تەنانەت نەیهێشت لێوەکانیشی تەڕ بکەم، وا گومان دەبەم شەهیدبوونی تێنوانەی دەویست! دەیوست شوێن پێی سەروەری شەهیدان لە کەربەلا هەڵبگرێ.

دەنگی خۆشی بەعسییەکانمان پێدەگەیشت، لەلای چەپمانەوە لە دوورگەی مەجنونی باکور و باشوری خەیبەر و لە پشتمانەوە بە درێژایی ڕێگای خەندەق هاتبوونە ناوەوە.

خۆری تەمموزی سوتێنەر، جەستەی شەهیدەکانمانی داگرتبوو بە تیشکەکەی، کەشەکە زۆر گەرم بوو و بەرگەی نەدەگیرا، یەکێك لە شەهیدەکانمان لەسەر قەدەکانی قامیش بەرز ڕاوەستابوو، ئاو سینگی داگرتبوو، وەك ئەوە دەردەکەوت تا ساتەکانی کۆتایی خۆی بە قامیشەوە گرتبێ، تا نقوم نەبێ، ئێمە ڕامانکێشا و دامانناپە تەنیشت شەهید غولامی.

بەعسیەکان هەوڵیان دەدا زیاتر بەرەو پێش بێن و دەنگی گوللە پچڕا لە قەڵاکانی بەیتی لەهی، لەکاتێکدا دەنگی گوللەکان هێشتا لە قەڵاکانی خەندەقەوە دەهات، وا دەردەکەوت تا ئەم ساتە دوژمن نەیتوانیبێ بەرگریەکەیان تێکبشکێنێ.

بەعسییەکان سات دوای سات نزیك دەبوونەوە، وای لێهات ماوەی جیاکەرەوەی نێوانمان کەمتر بوو لە سی مەتر.

دوانیان ئاڵای بەعسیان هەڵگرتبوو، پێشیان کەوتبوون، هەڵسان بە جێگیرکردنی لە خاڵێکی بەرزی ڕێگاکە، ئێمە تەنها پێنج کەس بووین: من و سالار شەفیع نجاد، جمشید کرم

زاده و سێ کەسی بەسیجی، سەیری کاتژمێرەکەم کرد ئاماژەی بۆ دوازده کەم چارەگێك دەکرد، لای ڕاستی ڕێگاکە پێویستی بە جەنگاوەرەکانمان بوو، بڕیاردرا پێنج کەسمان بچنە ئەو لایە و سێیانیشمان بۆ لای چەپ، بیکەیسیەکانی بەبێ مەخزەن بوون و بیکەیسیەکانی گرینۆف بەبێ زەخیرە بوون، تەنها بەدووری یەك مەتر ئارپێچی لەوێ بوو بەبێ قازیفە، دوژمن بوێری نەبوو بەرەو ڕووی شوێنەکە بێتە پێشەوە، بژاردەکانمان ئەوەن یان دەبێ دەست لەسەر دەست دابنێین، ڕێگە بە دوژمن بدەین پێش بکەوێت، بۆ ئەوەی بەدیلمان بگرێت، یان شەڕ بکەین لە پاڵ هەر دوو لای ڕێگاکە، بەو زەخیرەیەی لە بەردەستماندایە، یان خۆمان فڕێ دەدەینە ناو ئاوەوە، بەختی خۆمان تاقی دەکەینەوە لە مانەوە لە ژیاند، کە هیچ شتێك هاوتای نییە، لە دوای کەوتنی دوورگەی مەجنون، بە چ ڕووێك بگەڕێینەوە؟ هەموو ئەوانەی شەهید بوون لە توانایاندا هەبوو بگەڕێنەوە، دەشیانتوانی بمێننەوە لە نێو زیندووەکاندا، ئەگەر بڕیاری کشانەوەیان لە دوورگەکە دابووبا.

دوژمن لە کەناڵەکە بەدوای هەلێکدا دەگەڕا، بۆ داگیر کردنی شوێنەکەمان، بەرەو ڕووبوونەوەی دوژمن ئاسانتر بوو لە لای ڕاستی ڕێگاکە.

سالار دواهەمین فیشەکی تەقاند!

سێ بەسیجییەکە بەیەکیان دادا، لە دووری بیست مەتر لەگەڵ دوژمندا، یەکێکیان (خودا ڕەحم رەزەوی) بوو، چیتر لە تواناد نەمابوو سوود ببینرێ لە شوێنی بیکەیسیەکە، قەناسبەدەستەکە تەنگی پێمان هەڵچنی بوو، توانای جوڵەمان لە دەستدا، بەڵام لەلای ڕاستی ڕێگاکە هەلی گوللە هاویشتن هەبوو، بە سالارم وت:

- من بپارێزە دەچمە لایەکی ڕێگاکە.
- لە ڕێگادا گوللەت تێدەگرن!

- هەڵمەستە! لە نێوان شوێنەکە و قامیشەکە گوللە بهاوێژە! قەناس بەستەکانیان لە بۆسەدان!

پێویستە لەسەرم چەند مەترێك بڕۆم، تا بگەمە لای ڕاستی ڕێگاکە، من دەمویست بگەمە بیکەیسی گرینۆف و شوێنی خۆم لەوێ بگرم، دوژمن هەر جوڵەیەکی بە ئامانج دەگرت لە نێوان قامیش و کەناڵەکە.

گەیشتمە نیوەی ڕێگاکە، خۆم بانگلۆز کرد بە ئاڕاستەی تفەنگەکە، کە زیاتر لە دە مەتر دووربوو، چەندین گوللەم ئاڕاستە کرا، سالاریش گوللەی ئاڕاستەی دوژمن دەکرد لە کەناڵەکە، لە ناکاو من وا هەستم کرد لەلایەنی ڕاستی خۆم کورت بوومەتەوە، کەوتمە سەر زەوی، سەیرم کرد چیم بەسەر هاتووە، دەستبەجێ واق وڕمام، ئێسکی قاچ و پێی ڕاستم پەکی کەوت و گۆشتەکە پەرش و بڵاو بوو، قاچەکەم بە پێست و دەمارەکانەوە هەڵواسراوە، پێم وابێ دوژمن دەیزانی من کۆتاییم هاتووە، هەر بۆیە چیتر گوللەیان ئاڕاستە نەکردم، خۆم خشاندە ناو چاڵێکی تەنیشت ڕێگاکە.

سالار دیمەنەکەی بینی، هەوڵی یارمەتیدانی منی دا، من ئەوەم بڕوا نەدەکرد کە ڕوویدا، من زۆر پێویستم بە قاچەکەم هەبوو لەم جۆرە دۆخە ناهەموارانەدا، خوێن وەك ئاوپڕژێن دەپڕژا، پۆستاڵەکەم پڕ بوو لە خوێن، توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانم لە دەستدا، مێشکم جمەی دەهات بە وێنە و بیرۆکە، باوکم، براکانم، خوشکەکانم، هاوڕێکانم، جانتاکەم، کامێراکەم و ماتۆڕەکەم!

نامەوێت بەدیل بکەومە دەستی دوژمن، بە قاچێکی بڕدراو، زەوی لێ بەر تەسك بووەوە، هەموو ڕێگەکانی ڕزگار بوون لەم ناهەمواریەدا نەمان، من چاودێری سەربازەکانی دوژمنم دەکرد، کە گوللەی مەرگم لێبدات، شەهید بوون بەم جۆرە لای من خۆشەویست نەبوو، من حەزم لە شەهید بوون بوو لە پاڵ هاوەڵانم، کە کەوتوون و مردوون لە

سەروبەندی بەیەکداداندا، من هەستم بە شڵەژان دەکرد، سالار هەستی بە دوو دڵی دەکرد لەبەر من، زەخیرەکەم تەواو بوو، هیچم بەدەست نەما، سالار وتی:

- دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ ناتوانم بۆ دواوە ڕاتبکێشم!
- دەزانم، بەعسییەکان زاڵبوونە بەسەر هەر بستە خاکێکی ئێرە!
- بەجێت ناهێڵم! ناتوانم بەجێت بهێڵم!
- دوژمن دێتە سەرمان، ئەگەر نەڕۆی ئەوا بە دیل دەتگرن.
- چۆن ئاوا جێت بهێڵم، تۆ زەخیر و چەکت پێ نییە، چیت بەسەردێ؟
- زەخیرەی من باپیرەمە.
- سڵاوت لێبێ ئەی پێغەمبەری خوا!

دەنگی بەعسییەکان دەگەیشتە ئێمە، بە جۆش و خرۆشەوە دەیانوت:

- بە گیان و خوێن خۆمان فیدات دەکەین ئەی سەدام!

من درکم بە دوودڵی سالار دەکرد، دەشم زانی ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی لە پێناومدا، لەم ساتە ناهەموارانەدا، من لە نێوان مردن و ژیاندام، سەری منی دانایە سەر سینگی خۆی و گریا، هوتاف و ئاوازی بەعسییەکان بەرز دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەی هەموو هاوەڵانمان شەهید بوون، ئەوا بەعسییەکان بوێری پێشقەچوونیان نەبوو، دەترسان لەوەی ڕاستی بۆسەیەك ببنەوە لە پشت شوێنەکە، سالار خێرا چاوێکی گێڕا بە نێو شوێن و قامیشەکە و گەڕایەوە وتی:

- بەعسییەکان زۆر نزیکن، ئەوا کەناڵەکەی پشت شوێنەکە پڕ دەکەنەوە.

من حەزم دەکرد سالار بڕوات، دەترسام لەوەی کات تێبپەڕێت، کاتێك لە تەنیشتم دانیشت پێم وت:

- بە باپیرەم سوێندت دەدەم ئێستا بڕۆ! بەخێرایی بڕۆ!

بەعسییەکان خێرا بە گەیشتنە شوێنەکە، بە ئاگربارانەوە، ڕومانە دەستیەکانیان لە پشت شوێنەکەدا دەتەقینەوە. لە ساتەکانی سەرەتادا من هەستم بە ئازارێکی کەم دەکرد، هەستم نەدەکرد گوللەیەکم بەرکەوتووە، دواتر کەم کەمە ئازارەکە زیاتر بوو، دواتر ئێشەکە گەیشتە مۆخی ئێسك، دوای دە خولەك لە پێکرانم، جارێکی تر داوام لە سالار کرد بڕوات، ئەو دەیزانی هیچی تری لەبەردەم نییە جگە لە ڕۆیشتن نەبێ، چارەنووسی من جگە لە دیلبوون چیتر نییە، دەنگی سەرکردەکان لە ئامێرە بێ تەلەکەوە دەهات و کەسێك نەبوو وەڵام بداتەوە! دەنگی ڕەبانی سەرکردەی کەتیبەی شەهیدان بوو، کە وەك ڕێنیشاندەر تیایدا دانرابووم، ئامێرە بێ تەلەکە پێنج مەتر دوور لە من فڕێ درابوو، هێشتا هەندێك وشەی ڕەبانی لە ئامێری بێ تەڵەوە لە یادمدا دەهات و دەچوو و دووبارە دەبووەوە:

- بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ قاسم قسە بکە! چی لە ڕێگەی قاسمدا ڕوودەدان! قاسم! قاسم! تاڵب! قاسم قسە بکە، چی ڕوویداوە؟! ئێستا ئێوە لە کوێن؟ قاسم! قاسم! قاسم! تاڵب! گوێت لێمە؟

دواتر دەنگەکەی بە کزی هات:

- ئایا هەمووتان شەهید بوونە! ئایا کەسێك نییە گوێی لە دەنگم بێ؟!

دواتر دەنگی هات و دەگریا: ئای لەو کارەستە! هەمووان کوژراون و ئێمە بە زیندوو ماوینەتەوە! دواتر پچڕا، دواهەمین پەیوەندی ئەوەبوو کە لە هێڵەکانی پشتەوەی خۆمان بیستم، ئای ئەو ساتە چەند حەزم دەکرد خۆم گەیاندبایە ئامێری بێ تەل و ئەوەیان پێڕابگەیەنم کە ئەمڕۆ چی ڕوودەدات لەم ڕێگایەدا، بەڵێ هیوام دەخواست پێیان بڵێم کە چۆن هاوڕێیانمان وەك پاڵەوان جەنگاون، ئەوان وەك حوسەینیەکان بوونە تا کۆتایی،

ئومێدم دەخواست پاڵەوانێتی و جوامێریەکەیان بۆ بگێڕمەوە، باسی ئەوە بکەم چ زیرەکی و نەبەردیەکیان لە داستانی ئەمڕۆدا نواندووە[1].

سالار چاك دەیزانی هیچ شتێکم لەبەردەم نییە، جگە لە چاوەڕێکردنی هاتنی بەعسییەکان نەبێ، ساتی چاوەڕوانکردنی هاتنی دوژمن زۆر سەخت بوو، وەك ئەو پەپولەیەی گیری خواردووە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە، کە چاودێری هاتنی دەکات بۆ خواردنی.

سالار بەرەو کەنارەکانی جەنگەڵی قامیشەکە ڕۆیشت، تا خۆی فڕێبداتە نێو ڕێڕەوە ئاویەکە، بە دەستەکانی قەدی قامیشەکانی لادەدا، دواتر ئاوڕی بەلای مندا دەدایەوە، دوودڵ بوو لەوەی ئایا بڕوات یان بمێنێتەوە؟!

هەستم بە خەفەت کرد، چونکە هیچ بوارێك نییە بۆ دوودڵ بوون، بەڵام لە قوڵایی ناخیدا دەیویست لەگەڵمدا بمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا خۆی فڕێدایە نێو ئاوی ڕێڕەوە ئاویەکە، بە خۆشحاڵی هەناسەیدا.

من تەنها بەخۆم نەبووم، بەڵکو چەندین شەهیدم لەگەڵدابوون، ئەوان زیندوون، جەستەکانیان ڕاکشاون، هەستکردن بە ئاسوودەیی دایگرتم، ئەمە شتێکە مایەی پرسیار کردنە، چۆن مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکات لە ساتە ناهەموار و سەختەکاندا؟! ساتانێك و دەکەومە نێو دیلایەتی سەربازانێك کات زیاد دەکەن، ئای لەم چارەنووسە نا هەموارە!

هەندێك هزری نامۆم بە خەیاڵدا هات، ئێشەکەم زیادی کرد، ویستم قاچەکەم لە پۆستاڵەکە دەربهێنم، ئەو پێیەی کە چیتر ئێسکێك نەما بە لاقمی ببەستێتەوە، پۆستاڵەکە قاچەکەمی تا ئەندازەیەك گران کرد بوو، کە وایکرد هەست بە خنکان بکەم، هەستم بە

(١) کاتێك لە دیلایەتی ڕزگار بووم، ئەو کاتە زانیم محەممەد کەریم ڕەبانی سەرکردەی کەتیبەتی تایبەتی شەهیدان بوو.

ئازار دەكرد، فشاری دەخستە سەر ملم و ڕێگەی لێدەگرتم لە هەناسە هەڵمژین، پۆستاڵەکەم پڕ بوو لە خوێن، ئێسکی لاقەکەم لەبەر یەك هاتبووە دەر لە سەروو قەیتانی پۆستاڵەکەوە[١].

لەسەرم پێویست بوو، لە ڕووی دەروونیەوە خۆم ئامادە بکەم بۆ دیلبوون، لەم ساتە ترسناکانەدا، پێویست بوو پەیوەندیەکانم لەگەڵ ژیاندا بپچڕێنم... خواحافیزی لە خانەوادە و خێزانەکەم و گشت ئەوەی لە دونیادایە بکەم، وا دەردەکەوێ من ئامادە نەبووبم بۆ شەهید بوون، هەموو شتە خۆشەکان لە ژیانمدا بە خەیاڵمدا دەهاتن، وەك ئەوەی لە نمایشێکی سەربازیدا بێ، لەم دونیایەدا تەنها ماتۆڕێکی ٢٨ هەیە و چیتر، ئای لەم یادگاریە شرینانە، کاتێك من و براکەم لە بەرەکانی جەنگ دەگەڕاینەوە[٢]، ماتۆڕێکی ٢٦ـم پێبوو، بەیەکەوە دەچووینە گەڕانی زۆر خۆش و بەتام، کامێراکەم کە زۆر وێنەم پێ کێشاوە، وێنەی هاوڕێیە خۆشەویستەکانم و دۆستەکانم، ئەوانم خۆشم دەوێن، بەتایبەت ئەو وێنانەی دوێنێ کێشامان، لە پاڵ بارەگای (هەواڵگری: هەواڵگری)، هێشتا لە شوێنی داگیرکراو دایە.

پێویستە وابەستەبوونە دونیاییەکانم بپچڕێنم، ئەمە کاری ڕۆیشتنم ئاسان دەکات، پێویستە بیر لە باوك و خانەوادە و ماتۆڕ و وێنەکان نەکەمەوە، کە یادگاریەکانی من و دۆست و هاوڕێیانم لەخۆدەگرێ لە قوتابخانەی ئەزقە و شەقامەکانی شاری خۆشەویستی من، گۆڕەپانی گڵی لە پاڵ ماڵەکەمان، کە یاری تۆپی پێمان تێدا دەکرد، باخچەی هەنار و خۆشەویسترینی هاوڕێیانم (حەسەن)، ئاخ لەمەودوا ناگەڕێمەوە بۆ لای خێزان و هاوڕێیانم لە قوتابخانە و بەرەکانی جەنگدا.

---

(١) وا هەستم دەکرد سالار شەفیع نەجاد لە جەنگەکە ڕزگاری بووە، کاتێك پرسیارم لە محمود داربام کرد، کە خەڵکی شارەکەی ئەوە، هەواڵی شەهیدبوونی ئەوی پێدام لە ڕێگای خەندەقدا.

(٢) سەید شوجاعەددین.

بەگوێرەی زانیاریەکانم، لەبارەی ئەو ڕق و کینەیەی بەعسیەکان هەیانبوو بەرامبەر تاکەکانی پاسەوانی شۆڕش ((سوپا)) و ((بەسیج))، وای لێکردم تەواو قەناعەتم بێت بەوەی ئەوان ژیانم کۆتایی دێنن، بە گوللەیەك، وەك ئەوەی دەنگێك لە قوڵایی ناخم دووبارە ببێتەوە، لە پێناوی ئەوەی خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەم چارەنووسە، ئا بەم شێوەیە قەناعەتم هات بەوەی ئەم کۆتاییە نزیکە، ئەمەش وای لێکردم هەست بە ئارامی بکەم و هەناسەکانم بە وردی ڕێك بخەم، زنجیرەی ئێش کۆتاییدێت؛ بۆ چەند ساتێك لەگەڵ ئەوەدا تەنگوچەڵەمەکانم کۆتایی دێن، هەروەك تەنگوچەڵەمەی زۆرێك لە بەسیجیە بریندارەکان کۆتایی هات.

من هەوڵم بۆ بەرزترین شوێن و ڕێگە دەدا، چاوەڕێی جەنگاوەرە داگیرکەرەکانم دەکرد، خۆم بە قاچە شۆڕبووەوەکە گرت و بە دەستی چەپم ڕام کێشا، ڕووم کردە شوێنێکی بچوك، کە زیاتر لە دە مەتر دوور بوو، دەستم پڕ بوو لە خوێنی بەستوو، پۆشاکەکەم ڕەق بوو بەهۆی زۆری خوێنی پڕژاو و خۆڵەوە، ڕەنگەکەی گۆڕا بوو و زۆر تاریك ببوو، ویستم شتێك بکەم لەم ساتانەی دواییدا، لەوێ دەستکێکی چەمکی کلاشینکۆڤ لێبوو، کە هی یەکێك لە شەهیدان بوو، ویستم فڕێی بدەمە نێو ڕێڕەوی ئاوی تەنیشت ئەوێ.

ئاخ ئێش و ئازارەکانم تەقینەوە! خۆزگە ئێستا دەگەن و گوللەی ڕزگاربوونم لێدەدەن، من هەستم دەکرد کە چەقۆیەك بەناخی ئێسکەکەمدا دەچێتە خوارەوە، هەر کاتێك قاچە شۆڕبووەوەکەم دەجوڵا، ئێش و ئازاری زۆر، کە هەستکردن بە تێنوێتی زۆری لەبیر نەبردبوومەوە، لێوەکانم وشك بوون و هەستم بە ڕووی زەوی کرد، کە دەسوتێ لە ژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا، تفەکەم بە سەختی قوت دەدا، لیکاوی دەمم بە تەواوی وشك ببوو، زمان ڕەق هەڵگەڕا بوو، بەهۆی زۆری ئێش و ئازارەوە نەمدەتوانی قاچەکەم بجوڵێنم، کە دەمجوڵاند، شتەکانم لە پێش چاو ڕەش دەبوو، بەهۆی زۆری ئازارەکەوە خەریك بوو هاوار بکەم: تۆ لە کوێی ئەی مردنی میهرەبان؟!

بەڵام تا ئەم ساتانە، جەنگاوەرەكان هیچ شوێنەوارێكیان نەبوو، هێشتا بەڵگەنامە و وێنە و ناسنامەكانی خولی بەسیجم پێیە بۆ تەقاندنەوە، كە لە بارەگای نەجەفی پیرۆز لە كرمانشان دەرچووبوو، وێنەكانی باوكم و سێ براكانم، سەید هیدایەتوڵا، سەید قودرەتوڵا، سەید نەسروڵا، وێنەی سەید هیدایەتوڵا و سەید نەسرەتوڵا لە پۆشاكی سەربازیمدا (سوپادا) بوون، لەگەڵ نزیكەی حەوت سەد و پەنجا تومەنم پێ بوو، لەگەڵ بەڵگەنامە و وێنەكان لە ژێر گڵدا شاردنەوە، ناسنامەی كانزاییەكەم فڕێدایە لایەك، بۆ ئەوی ببێتە بەڵگەیەك لەسەر شوێنی شەهیدبوونم، ئەگەر لە چارەمدا نووسرابوو كۆتاییەكەم لەو شوێنە بێ، هەوڵمدا ئاو بخۆمەوە لە ئاوی ڕێڕەوی ئاویەكە، چیتر بەرگەی تێنوێتیم نەدەگرت زیاتر لەوە، ئەو ئێشەی لە قاچەكەم سەرچاوەی دەگرت، هاوتا بوو لەگەڵ ئەو ئێشەی لە دڵمەوە هەڵدەقوڵا بەهۆی زۆر تێنوێتیەوە، ئەم ئاوانە هەرگیز گونجاو نەبوون بۆ خواردنەوە.

ڕووی ئاوەكە نزمتر بوو لە ڕووی ڕێگاكە، بە دەوروبەری مترێك، خۆم خشاند بە زۆرملێ و نزیك كەوتمەوە لە قامیشەكان؛ بەدوای خۆیمدا قاچە شۆڕبووەوەكەم ڕادەكێشا، خوزە (كڵاو)ی یەكێك لە شەهیدانم بەدەستگرت، نزمم كردەوە بۆ نێو ئاوەكە، نەمتوانی جەستەی خۆم لەمە زیاتر نزم بكەمەوە، ئەگەر سەركێشی زیاتر بكەم، ئەوا دەكەومە نێو ئاوەوە و نقوم دەبم، نەمتوانی خوزە (كڵاو)ەكە بەدەستەوە بگرم، بۆیە بەربووەوە لەدەستم و كەوتە نێو ئاوەكەوە، بەناو ئاوەكەدا ڕۆیشت وەك گەمی وێڵبوو، تەواو بێ هیوا بووم، ڕووم وەرگێڕا، چەند ڕومانیەكی دەستی لە نزیك منەوە تەقینەوە، بەعسییەكان بە چەند هەنگاوێك لە پشت شوێنەكەوە بوون، كاتژمێر لە دەوروبەری دوازدە و نیو بوو، چاوەكانم بەلاوازی سەیری پێشوەیان دەكرد، پشتم كردە فلكەی چراغچر بەرامبەر قەڵاكانی بەیتی لەهی و پشت بە هەر دوو دەستەكانم بەست.

چاوەكانم ستێركیان گرتبوو لە سەری شوێنەكە، لە ناكاو سێ سەربازی بەعسی دەركەوتن، سیماكانی ترسیان لەسەر دیار بوو، سەیری لای منیان دەكرد، چەند ڕومانیەكی

دەستیان فڕێدایە ئەودیوی شوێنەکە، بە دووری دە مەتر، دەستی ڕاستەم بەر ساچمە و بڵێسە و ساچمە کەوت، چاوی یەکێکیان کەوتە سەرم و تفەنگەکەی تێکردم و هاواری کرد:

- نە جولێی!

سەیری چاوەکانم کرد، بە کوشتن دەبریکانەوە، هاواری بەسەردا کردم:

- دەستەکانت بەرز بکەرەوە.

دەستم بۆ سەرەوە بەرز کردەوە، دووبارە هاواری کرد:

- چەکەکەت فڕێدە.

هیچ چەکێکم بەدەست نەبوو تا فڕێیدەم! یەکێکیان هاواری کرد و بە چەکی ئەلگرینۆفی خۆی ئاماژەی دەکرد:

- یەڵڵا وەرە! یەڵڵا پێشکەوە! بەخێرایی!

زۆر وشەکانی دووبارە دەکردەوە، هات و هاوارەکەی هێشتا لە مێشکمدایە، وا دەردەکەوێ زۆر هەراسان بووبن لە سەختی بەرگریەکەمان، چەندین جار دووبارەی دەکردەوە و دەیوت:

- بۆچی خۆتان ڕادەست ناکەن؟!

من تفەنگەکەم فڕێدابویە نێو ڕێڕەوە ئاویەکەی ئەو تەنیشتە!

یەکێکیان ئاڵای حیزبی بەعسی لەسەر لوتکە شوێنکە داچەقاند، لە مێشکمدا سیماکانی یەکەم سەرباز وێنەی کێشرا، کە هەڵسا بە بەدیلگرتنم، کەسێکی جەستە لاواز، بە دوو چاوی قوڵ و ڕەش ئەسمەر، پۆشاکێکی سەربازی خاکی و سەوزی لەبەردا بوو، لە نێوچەوانیدا خاڵێك هەبوو، پۆشاکەکەی بێ سەروبەر بوو، گوللەیەکی بە تەنیشت منەوە نا، نەیدەویست بمکوژێ، منیش بێ دەنگ وەستابووم، سەرنجی قاچ و لاقە شۆڕبووەوەکەمی نەدەکرد، بۆ جاری سێیەم هاواری کرد:

- یەڵڵا؛ هەستە!

دووبارەی دەکردەوە و دەیوت مەجوڵێ! مەبەستی ئەوە بوو دەستەکانم نەهێنمە خوارەوە، سەختترین ساتەکانی جەنگاوەر لە هەر شوێنێکی جیهاندا، ئەو کاتەیە کە بە ناچاری خۆی دەبینێ بۆ بەرزکردنەوەی دەستەکانی بۆ چارەنووسی خۆی!

کاتێك دەستەکانم بۆ سەرەوە بەرز کردەوە، هەستم کرد شکۆ و سەربەرزی من وەك جەنگاوەرێك دەڕوخێ، هەستم بە شکست دەکرد، شەرم کردن لە خۆم دایگرتم، شەرمم لەو شەهیدانە کردەوە، کە لە نزیکم و لە دەوروبەرم بڵاوببوونەوە! وا بەخەیاڵمدا هات یەکێك لە شەهیدەکان بە توانجەوە پێم دەڵێت: هۆ سەید بە دیلی ڕازی دەبی!

هەستم بە ئێشێکی بێ ئەندازە کرد، وەك قەمچیەك جەستەم ئاگر باران دەکات!

وام دادەنا دیلی و خۆ ڕادەستکردن بە دوژمن، لە گۆڕەپانی جەنگدا، هەڵەیەکی مەزنە!

لە ڕاستیدا من هەستم بە جۆرێك لە شانازی کرد، کاتێك یەکەم هاوەڵم شەهید کەوت لە کردە و پڕۆسەکانی نەسرِی چوارەم، لە کوردستان، هەستەکانم ئا بەم شێوەیە بوو، کاتێك هاوەڵانم شەهید دەبوون لەو پڕۆسانەدا، بەڵام کاتێك زانیم کاووس مەحمودی بە دیل کەوتۆتە دەستی دوژمن؛ هەستم بە نکۆڵی کردن کرد، لە ناخی خۆمدا دەموت، لەسەری پێویست بوو بجەنگێت تا دوا هەناسە، من شەهیدبوونم بە پیرۆز دەگرت، چونکە شانازییە، بەڵام دیلایەتی پەڵە و نەنگییە، ئێستا لە ناخی خۆمدا وتم: منیش بە دیل کەوتووم، ئەوانی تر بە هەمان شێوە سەیرم دەکەن!

هەستم بە لاوازیەکی زۆر دەکرد، بەهۆی خوێن بەربوون و تێنویێتی، لە کەشێکی گەرمی بەرگە نەگیراودا، کە شێداری (ئەلشرجی) هەناسەکان دەبڕێ، هەستم کرد هەوا تەواو بوو، مێشولە و مێرووله شەڕیان بوو لەسەر ئێسکە شۆڕبووەوەکەم، ئارامی زاڵبوو لەو

ناوچەیەدا، پێش چەند کاتژمێرێك شانۆیەکی ترسناك بوو بۆ پرۆسە سەربازییەکان و شەڕە گەرمەکان، چیتر گوێبیستی زیوە زیوی گوللەکان نەبووم بە درێژایی ڕێگەی خەندەقەکە.

هێشتا دەستەکانم بۆ سەرەوە بەرز کردبووەوە، سەربازە بەعسییەکە تفەنگەکەی ڕوو لە من کردبوو، وشە و ئاماژەکانی دووبارە دەکردەوە و داوای لێدەکردم هەڵبستمەوە و بچمە لای ئەو، ئاماژەم بۆ قاچە پەککەوتووەکەم کرد، هەوڵمدا تێی بگەیەنم ناتوانم هەڵبستمەوە.

یەکێکیان نزیك بووەوە لێم، ڕەنگی گەنمی بوو، بە تفەنگەکەی پاڵی بە سینگی منەوەنا، کەوتمە سەر پشتم، سێیەمیان هەڵسا بە ملەکەم ڕایکێشام و منی دانیشاند، دەستەکانم بۆ سەرەوە بەرز کردەوە و سەرم نزم کردەوە، نەمدەویست کەسەکانیان ببینم؛ یەکێکیان دەستەکانمی لە پشتمەوە بە تەلی تەلەفۆنی بەستەوە، کە لە بیاباندا بەکاردەهێنرێ، من هەستم بە ئازار دەکرد بەهۆی بینینی سەربازەکانی دوژمن، لە کاتێکدا ئەوان لە بەرامبەرمدا دەهاتن و دەڕۆیشتن بە ئاراستەی ((چراغچی)).

زیاتر لە سی سەرباز لە دەوروبەرم کۆبوونەوە، ئەنگوستیلە و کاتژمێر و پارە و جزدان و هەرچی لە گیرفانی شەهیدانەکاندا هەبوو بردیان، دوانیان کێشەیان کرد لەبارەی ڕێگەی دابەشکردنی تاڵانەکە، پارەی شەهیدەکانیان[1] دابەشکرد، ئەوان وەك تورگ وابوون، کاتێك گەلە کۆمەکی دەکەن لە دەوری قوربانیەکان.

هەندێکیان شتەکانی شەهیدەکانمانیان تاڵان دەکرد، ئینجا گوللەیان لە جەستەی پاکەکەیان دەدا، یەکێکیان هەڵسا بە بەتاڵکردنەوەی یەك مەخزەن فیشەك و لەسەر جەستەی یەکێك لە شەهیدە پاکەکانمانی دا،دواتر جزدانەکەی دەرهێنا، لە ناویدا وێنەی

(١) لە خێوەتگەی تکریتدا، یەکێك لە پاسەوانان ناوی سامی بوو، پێی وتم: ئەوان دراوی ئێرانیان بە عێراقی گۆڕیوەتەوە، لە یەکێك لە بانکە کوێتیەکان لە شەقامی حەیفا لە بەغداد.

خێزان و منداڵەکەی دەرهێنا، من ئەوم ناسیەوە ناوی حەیاتوڵڵا ئازادی بوو، خەڵکی مەدینی بوو، لە تورکەکانی (دره شوری) بوو، خاوەنی سێ منداڵ بوو.

سەربازەکان وێنەیان دەگۆڕیەوە لە نێو خۆیاندا، جەستەی شەهید جیهانگیریش لەوێ بوو، ئەویش بەهەمان شێوە هاوسەرگیری کردبوو، دوو منداڵی هەبوو، دەیتوانی لە چراغچی بمێنێتەوە، بیست ڕۆژ لەسەر خزمەتی ئەو مابووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە زیرەکی شەڕی کرد و بە ستەملێکراوی شەهید بوو، هەستم بە سەر گێژی و لاوازیەکی زۆر کرد، ئەو سەربازە جەستە باریك و کورتە هاتە پێشەوە و تفەنگەکەی سوار کرد و ئاڕاستەی کردم و وتی:

- بتکوژم؟

سەیری لای جەنگەڵی قامیشەکانم دەکرد، سەیری ئەوم نەکرد، لە چاوی هەندێکیاندا ڕق و کینە شەپۆڵی دەکرد، هەر کە مرۆڤ سەیریان دەکات، دەبێن بە ڤین لە دڵبوون جیاوازن، بە پرچەکەم ڕایکێشام بۆ ئەوەی سەیری بکەم، منیش سەری خۆم بەرز کردەوە تا تووندی و توڕەییەکەی کەم ببێتەوە.

ئەژنۆم زۆر بە سەختی ئازاری دەدام، بەهۆی ئەو لێدانەی سەربازەکە لێیدام بە پۆستاڵە گرانەکەی، سەربازەکە ڕووی تفەنگەکەی تێکردم و دڵنیابووم لەوەی دەمکوژێ، وشەی زۆر نابەجێی دەوت، تا ئاستێك سەرنجی هاوڕێکانی ڕاکێشا، زۆر توڕە بوو، وەك ئەوەی تووشی شەپۆڵێکی هستریا و شێتی بووبێ، لە کۆتاییدا دەڵنیابووم و پشتم بەخوا بەست، کە تەنها ئەو بەسە و چاکترین پاڵپشتیکەرە.

پێم وابێ درکی کردووە بەوەی من نەترسام، حەزم دەکرد تێیان بگەیەنم زیندوو هێشتنەوەم واتە بەردەوامی ئێش و ئازارەکانم، دەزانم ئەو چارەنووسەی چاوەڕێم دەکات زۆر بە ئازارتر دەبێ، هەر چۆنێك بێت، ژیان لە دیلایەتیدا تەنها شکست و کۆت و بەند و

سوکایەتی زیاترە، حەزم لە ژیان نەبوو، پشتم تێکردبوو، لە تەنیشتمدا دانیشت و منیش هێشتا سەرم دانەواند بوو، بە پرچەکەم ڕایکێشام و سەری بەرزکردمەوە، ڕوانینەکانی سوتێنەر بوو، پێم وابێ بۆ یەکەم جار بوو چاوی بە ئێرانیەك بکەوێ، سەربازەکان هەر لە دەورم کۆببوونەوە، کاتێك زۆر دەوەستان، هەندێك سەرکردە و ئەفسەر تێیان هەڵدەدەن، ئەوانیش بڵاودەبنەوە.

هەندێك سەربازی تر هاتن، بە پۆستاڵەکەیان خۆڵیان بە دەموچامدا کرد، چاوەکانم پڕ بوون لە خۆڵ، بە شێوەیەکی نەستی هەوڵمدا گڵی سەر چاوەکانم پاك بکەمەوە، بەڵام دەستەکانم لە پشتمەوە بەسترابوونەوە، ئەوان وشە و قسەی دزێویان ئاڵوگۆڕ دەکرد! لە دواتردا لە (عمارە) و (بەغداد) وشەی زۆر ناشرینترم لەوان دەبیست، یەکێکیان کە تەمەن مام ناوەند بوو دەیوت:

((نەفرەتی خواتان لێبی ئەی ئێرانیەکان! ئاگرپەرستەکان!)) یەکێکی تر دەیوت: ((ئێرانییەکان دوژمنی عەرەبن)).

ئەفسەرێك، کە ڕەوشتی زیاتری پێوە دیار بوو وتی:

- بۆچی هاتویت بۆجەنگ؟!

ئەوان زۆر قین لە دڵ بوون، دەیانویست بەم ڕێگەیە گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، کاتێك هیچ وەڵامێکی لە منەوە نەبیست، وتی:

- بتکوژم؟

سەربازی چاکیان تێدابوو، دەستوەردانیان دەکرد و ڕێگریان لەوان دەکرد لە ئازاردانم.

ئەفسەرێکی بە پلەی ڕائید، دەمانچەکەی سوارکرد، دەستەوانەی لەدەست بوو، لولەی دەمانچەکەمی خستەسەر کەللەی سەرم و وتی:

- تۆ پاسەوانی خومەینی؟

بە یەك وشەش وەڵامم نەدایەوە، وتی:

- تۆ لەشكری میللی (جەیشی شەعبی)؟

بەبێ دەنگی مامەوە، زۆر ڤین لە دڵ بوو بەرامبەر پاسەوانی شۆڕش (سوپا) و (بەسیج)، چاوەكانی بڵند كرد لەسەرم و ئینجا ئاوری دایەوە لای ئەوانی تر وتی:

- ئەمە سەربازێكی ئەركدار نییە!

ڕائیدەكە فەرمانی كرد بە پشكنینی گیرفانەكانم، من كراسێكی كۆری سەوز ڕەنگم لەبەر بوو، گیرفانەكانمیان پشكنی و هیچیان نەدۆزیەوە، كاتژمێرەكەم[1] سەرنجی یەكێكی ڕاكێشا، پێویستبوو لەسەر كەلەپچەكانم بكاتەوە تا كاتژمێرەكەم ببات، بۆیە تەلە توونەدەكەی تەلەفۆنی لە دەستەكانم كردەوە، كەمێك هەستم بە حەسانەوە كرد، تەلەكە بەشێوەی هێڵی شین شوێنەواری لەسەر مەچەكەكانم جێهێشت، سەربازێكی گەنج دەستی گرتم بۆ داماڵینی كاتژمێرەكەم، ئاماژەم بۆ كرد بەوەی من بۆی دەكەمەوە و پێی دەدەم!

دەستی درێژ كرد بۆ ئەوەی بیبات، بەڵام من فڕێمدایە نێو ئاوەكە، سەخت بوو لەسەرم ئەو یادەوەریە خۆشەویستە ببینم، كە هی برام بوو لە دەستی ئەوانەی ئەویان كوشتووە!

من چاك سەرەنجامی ئەوەم دەزانی كە پێی هەڵسام، لە ڕاستیدا لەو ساتەدا بیرم تەنها لەو یادەوەریە گرانبەهایە دەكردەوە، كە براكەم بوو، ناكرێ دەستە پیسەكان پۆخڵی بكەن.

---

(١) لە هاوینی ١٩٨٤ لەگەڵ براكەم سەید هیدایەتوڵا ڕۆیشتین بۆ مەلەكردن لە ((پل بریم))، بە دووری حەوت كیلۆمەتر لە (باشت)، خۆی هەڵدایە نێو ئاوەكە و بە ژێر ئاوی ڕۆیشتە هۆڵەكە، هاتەوە كاتژمێری (ئەلسیتی زن)ی پێی بوو، ئەمە لە بەهاریساڵی ١٩٨٦ بوو لە كوردستا كاتژمێركەمی برد و ئەمەی پێدام، دوای شەهیدبوونی هەوڵمدا بیپارێزم.

خەریك بوو لە تووڕەییان بتەقێتەوە، مافی خۆشی بوو تووڕە ببێ، بە پۆستاڵەکەی پێ لەقەیەکی لە جومگەکەی دام، بە قۆنداغی تفەنگەکەی لە شانیدام، کاتێك تفەی بەدەم و چاومدا کرد، هەستم کرد کەمێك هەناسەی دا و تووڕەییەکەی کەم بووەوە، هەستم بە حەسانەوەیی زۆر کرد، لە ئاست ئەوەی پێی هەڵسام، وا وێنام کرد براکەم بە توووندی سەرکۆنەم دەکات، ئەگەر کاتژمێرەکەم ببینێ لە دەستی بکوژەکانیدا!

هەرگیز بەرگەی ئەو دیمەنەم نەدەگرت، سەربازەکە هات و جارێکی تر دەستەکانمی بەستەوە لە پشتەوە، کەمێك قەربالغیەکە لە دەورم کەم بووەوە، هەندێك لە سەربازەکان لەبەردەمدا دەڕۆیشتن بەرەو چراغچی، دوانیان بە کێشەچوون، یەکێکیان تفەنگەکەی سوار کرد و دەیەویست گوللەم لێبدات، یەکێکی تر ڕێگەی لێگرت! تێنەگەیشتم لەوەی ڕوویدا لە نێویان لە مشتومڕەکە، یەکەمیان تفەگەکەم تێدەکات و ئەوەی تر لولەی تفەنگەکە بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە و پێی دەڵێت:

- خالد! خالد! گوللەی لێمەدە[١].

خالید جدی بوو لە کوشتنمدا، ئەم مکوڕبوونەم لە ریسکی چاوەکانیدا بینی، هاواری بەسەرمدا کرد و وتی:

- تۆ بکوژی براکەمی.

---

(١) پێی وابێ، هەندێکیان ڕووی تفەنگەکانیان لە دیلە ئێرانیەکان دەکرد، بۆ ڕیسواکردنیان و چێژ بینین بە تکا و پاڕانەوەکانیان، هەروەك چۆن دیلەکانیان تکا و نزایان لە سەربازی ئێمە دەکرد، سەرەتا دیلەکانیان دەیانوت: مەرگ بۆ سەدام، ئینجا دەیانوت: قوربان و خوڵامت بم خومەینی، دواتر دەم و دەست وێنەی منداڵ و هاوژینەکان و گڵکۆی ئیمامە پاکەکان لە نەجەف و کەربەلا و کازمیەیان دەردەهێنا، لەگەڵ ئەمەدا هەندێك دیل لە گیانفیداکانی سەدام هەبوون، ئەگەر چی کەمیش بوون، بەڵام هەر بە وەفادار مابوونەوە بۆ ئەو ستەمکارە توووندوتیژە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێرانیەکان زۆر بایەخیان پێیان نەدەدا.

تێگەیشتن لەوەی دەیەوێ چی بڵێت، ویستم تێی بگەیەنم کە براکەم بە گوللەی ئێوە شەهید بووە، بۆیە وتەکەی ئەوم دووبارە کردەوە:

- تۆ بکوژی براکەمی.

وا دەردەکەوت براکەی لە جەنگدا کوژراوە، هەر بۆیە بینینی دیمەنی دیلە ئێرانیەکان، دەیوروژێنێ و دەیەوێ تۆڵەی براکەی بکاتەوە بە کوشتنی دیل، هاوڕێیەکەی هەوڵی هێور کردنەوەی دەدا و پێی دەوت:

- مەیکوژە، ئەمە گەنجێکی بریندارە....!

مشتومڕی نێوانیان تەواو نەبوو، تا ئەو کاتەی ئەفسەرێك بە پلەی عەقید هات و داوای لێیان کرد دەستبەجێ بڕۆن.

شەهیدانی دەوروبەر و نزیکم، جەستەکەیان داپۆشرابوو بە گڵی جەنگەکە، لەسەر کەناری ئاوەکە، گیانیان لە لای فریشتەکانە لەلای پەروەردگاریان، خۆشحاڵن، بەڵێ، با خۆشحاڵ بن بەم چارەنووسە مۆرکراو بە ئاکامی چاك.

هەندێك جەنگاوەری سودانی لە دەوروبەرم کۆبوونەوە، ئەوان زۆر چاك ڕەفتار بوون، یەکێکیان وتی:

- من سودانیم.

پێم وابێ ئەو دەیەویست تێم بگەیەنێ ئەو کەسێکی عێراقی نییە، دوای ئەوەی توونودتیژی ئەوانی لەگەڵمدا بینی، ڕوون بوو لەلام ئەوان عێراقی نین، یەکێکیان هاتە لام و لە هەموویان دەم و ددانی بچوکتر بوو، لەگەڵ ئەوەی زانیم لە قسەکانم تێناگەن، پرسیارم کرد:

- ئێوە سودانین! لێرە چی دەکەن؟! پێم وابێ لە مەبەستەکەم گەیشتن، بۆیە منیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن.

لە خوا دەپاڕامەوە لە شوێنەکەی خۆم نەمجوڵێنن، پشتێنەکەم سەوز ڕەنگ بوو، لەو جۆرەی ئەفسەرە بەعسییەکان دەیانپۆشی، جۆرەکەی زۆر بەرز بوو، ئەوەی کە سەربازەکان دەیانپۆشی ئاسایی و سادە بوو، ڕەنگەکەیان خاکی بوو،خۆی چەماندەوە و پشتێنەکەی داماڵی لە شەرواڵە کوردیەکەم، تانەی لێدەدام و تانەی لە پشتێنەکە دەدا، زانیم ئەو دەیوت لە دیلێکی عێراقیت بردووە[1].

لە نێو سەربازەکاندا، یەکێك لە ئەفسەرەکان وەستا و لەسەر شانی دوو ئەستێرە (نەجمە)ی زەرد هەبوو، وتی:

- تانە و جنێو لە خومەینی بدە!

یەکێکی تر لولەی تفەنگەکەی تێکردم، خستیە سەر نێوچەوانم، دوای ئەفسەرەکەی دووبارە کردەوە، زانیم چی دەوێت، هەر کاتێك ناوی ئیمامیان دەهێنا، ئەوا بە خراپە باسیان دەکرد، ئەم هەڵسوکەوتە لە زۆربەیانەوە دەردەکەوت.

بەر لە هاتنم بۆ بەرەی جەنگ، دیمەنی جوان و نیگا بەخش سەرنجیان ڕاکێش هەبوون، دەخولانەوە بەدەوری دیلە ئێرانیەکان؛ هێشتا هاواری محەممەد شاهسواری کە لە

---

(١) ئەو پشتێنەی ئەو ڕۆژە لێی سەندم، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦ بەدەستم هێنابوو، لە بەرزاییەکانی تامیش لە کوردستان، ئەو کاتە نزیکەی یەك قۆدیە ماسی و نانم بە ئەفسەرێکی عێراقیدا، کە نزیکەی ساڵێك بوو دیل بوو، ئەویش ئەو پشتێنەی پێدام، کاتێك لێبردم هەستم بە خۆشحاڵی کرد، بە هەر حاڵ بۆیان دەگەڕێتەوە، دوای ماوەیەك کە چاوم بە نەسرۆڵا غەلامی کەوت لە نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی و بەسەرهاتی پشتێنەکەمم پێڕاگەیاند، کە خەڵکی بوشهەر بوو وتی:
ماڵی حەڵاڵ دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

پرۆسەکانی بەدر بەدیل گیرا، هەر دەزرنگێتەوە، کاتێك لە ساتی یەکەمی بەدیل کەوتنە دەستی سەدامییەکان وتی:

مەرگ بۆ سەدامی دژی ئیسلام (مردن بۆ سەدامی دوژمنی ئیسلام)، یان لاوی پاڵەوان عەلی ڕەزای ڕەحیمی، کە ڕەتی کردەو قسە بکات لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکی هیندی نا باڵاپۆش، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە باڵای بپۆشێ، نموونەی بە دێڕە شیعرێکی زۆر جوانی فارسی هێنایەوە:

- ئەی ئافرەت گوێ لە گوتەیەکی فاتیمە بگرە:

قەشەنگترین جوانی باڵاپۆشی ئافرەتە.

ئەفسەرەکە کە بە پلەی ئەفسەری پلەیەك بوو، هەراسان بوو بەهۆی ئەوەی جنێوم بە ئیمامی خومەینی نەدا، دەستی کرد بە وتنی قسەی نابەجێ دژی ئیمام، ئەوەی زۆرتر منی ئازاردا دەنگی ئاوازی ئاهەنگی سەرکەوتنی بەعسییەکان بوو.

کەسێکی سەربازی بەلامدا تێپەڕی و پێ لەقەیەکی لە تەنیشتی دام، بەمەش ئێش کەوتە نێو سینگم و هەناسەکەمی بڕی، یەکێکی تر هەڵسا بەوەی قۆدیەکی بەتاڵی تێگرتم، یەکێکی تر توێکڵی پرتەقاڵی تێگرتم، دەترسام یەکێك لە قاچە پەککەوتووەکەم بدات.

سەربازێك دەستی درێژکردە ژێر چەناگەکەم و سەری بەرز کردمەوە، تفی کردە ڕووخسارم، زللەیەکی لێدام، لەبەر ئەوەی ڕاوەستابوو و منیش دانیشتبووم، زللەکە لەسەرم کەوت، یەکێکی تر هاتوو و زل بوو، بە پۆستاڵەکەی لە قاچی دام، بەهۆی سەختی ئێشەکەوە هاوارم کرد.

ئەم سەربازانە جیاواز بوون لەوانی تر، پۆشاکەکەیان جیاواز بوو لە سەربازە سادەکان، پێم وابێ لە پاسەوانی کۆماری بوون.

ئەفسەرەکە فەرمانی کرد چاوەکانم ببەستن، کاتژمێرێك بوو دووچاری سوکایەتی پێکردن دەبوومەوە، لەلایەنی سەربازەکان و نەشم دەبینین.

پێم وابێ کات لە دەوروبەری کاتژمێر سێ و نیوی ئێوارە بوو، کاتێك یەکێك لە سەرکردەکانیان فەرمانی کردنەوەی پەڕۆیە گرێدراوەکەی سەر چاوەکانمی کرد، کاتێك دواتر ئاشنای پلەکانیان بووم، ئەوا زانیم ئەوەی فەرمانی کردنەوەی پەڕۆیەکەی کردووە، پلەی عەمیدی هەبووە، نازانم چی وت، کاتێك عەقیدێك و ژمارەیەك ئەفسەری لەگەڵدابوو، پێم وابێ سەرکردەی پڕۆسەکان بوو لە دوورگەی مەجنون، ئەفسەرەکان بە ترسەوە دەوریان دەدا و بە ئامادەبوونی ئەو حەسانەوە بوو بۆ من، چیتر دووچاری پێ لەقە یان سوکایەتی نەبوومەوە[(١)].

بە ئاسودەیی هەناسەمدا، کاتێك پەڕۆی سەرچاوەکانیان لادام، هێشتا هەستم بە تێنوێتی دەکرد و ئاگرەکەی بڵێسە دەدات لە دڵمدا، زمانم ڕەق بووە، هەستم کرد ناتوانم هەناسە بدەم بەهۆی گەرمی کەشە سوتێنەرەکە.

هەندێك لە سەربازەکان قسەیان لەگەڵ دەکردم، هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئەو کاتە وێنای ئەوەم کرد ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە خۆیان لەسەر ڕێی ڕاستن و ئێمەش لەسەر ڕێی پوچەڵین! بەجێیان دەهێشتم، کاتێك تێبینی ئەوەیان دەکرد من هیچ لە قسەکانیان تێنەگەیشتووم.

---

(١) هەردەم هەڵسوکەوتی گەورە ئەفسەرە عێراقییەکان لە هێڵەکانی پێشەوە و دواوە، زۆر چاکتر بوو لەو ئەفسەرە بچوکانە، بەتایبەت گەورە سەرکردەی بە تەمەنەکان، دۆخەکەم تایبەت بوو، ڕەفتاریان چاك بوو، بەڵام من بەدرێژایی ژیان یادەوەریە تاڵەکان لەبیر ناکەم لەگەڵ ئەفسەر بچوکەکان، ئەوانەی دەیانویست گرێیە دەرونیەکەیان بکەنەوە بە ئازاردانی دیلەکان، بەڵام گەورە ئەفسەرەکان، ئەو شتەی پێشەنگی بیرکردنەوەیان بوو لێی زانیاری بوو، هەر کە بۆچوونیان وا دەبوو دیلەکە ئەو زانیاریانەی گرنگ بوو لەلایان نادرکێنێ، ئەوا دوودڵ نەدەبوون لە وەرگرتنی ئەم زانیاریانە لە دیل بە زەبری هێز و توندوتیژی.

**بەسەر لای ڕاستم ڕاکشام، دوای ئەوەی هەستم بەلاوازیەکی زۆر کرد، هەوڵمدا خۆم بخەمە سەر لای چەپم، نەمتوانی بەهۆی ئەو ئازارەی لە ئێسکەکانمدا هەبوون؛ چەند کاتژمێرێکی زۆر سەخت بوون، تێنوێتی هەناسەبڕ و کەشی سوتێنەر و مێشولە و مێرولەی ئازاردەر و هەندێك سەربازی تووندوتیژم لێ کۆببوونەوە؛ ویستم قاچە پەککەوتووەکەم کەمێك سوك بکەم، بۆیە پۆستاڵەکەم داکەند، ئێشەکە بەرگەی نەدەگیرا، دەبوایە بەرگەم بگرتایە، هەستم کرد قاچم لە لاقم جیابووەوە، بینیم هەندێك بەشی لاقم لە نێو برینەکەدا دەرکەوتن.**

**قەڵاکانی خەندەق هێشتا بەرگریان دەکرد، بەلەمەکانی دوژمن لەلایەك کەناریان دەگرت و سەربازی لێ دادەبەزین، چەند گەمیەك لە هەر دوو لای ڕێگاکە هەبوون، زەخیرەیان هەلگرتبوو، بە ئاڕاستەی سێ ڕیانی میحوەر، واتە بۆ ئەو ناوچەیەی کە تا بەیانی ئەو ڕۆژە هێڵی دواوەمان بوو، ئێستا هێڵی پێشەوەی دوژمنە؛ زۆر ئازاردەر بوو کە دەمبینی، هێزەکانی دوژمن ڕێگەی خەندەقیان بۆ جوڵەکانیان بەکاردەهێنا.**

**وا دەردەکەوت ئەفسەرێکیان دانابێ بۆ چاودێری من، تەمەن و جەستەی مامناوەند بوو، ڕەنگی ڕووخساری ئەسمەر بوو، لە شوێنێك بە دووری دە مەتر دانیشتبوو، وا دەرنەدەکەوت مرۆڤێکی خراپ بێت، بەڵام ڕێگەی نەگرت لەوانەی ئازاریان دەدام.**

**دوو سەرباز هاتن، یەکێکیان ئەفسەر بوو بە پلەی رائید، بازێکی زەردی لەسەر شان بوو، سەیری برینەکەی کرد و لێی پرسیم: تێنوی؟**

- **بەڵێ!**

**ئاماژەی بۆ جەنگاوەرەکە کرد، ئەویش لە پشتێنەکەی مەتەڕەکەی دەرهێنا و دەمەکەی کردەوە و بە ڕائیدی دا، ئەویش هەندێك ئاوی بەسەردا کردم، بۆ ئەوەی هەست بە ساردی بکەم، دڵۆپەکانی ئاو بەرامبەر زمانی ڕەق هەڵاوتم دەکەوتنە خوارەوە، بۆ سەر**

خاك، سەرم بەرداوە و سەیرم نەكرد، ڕائیدەكە لولەی دەمانچەی تێگرتم و بە زمانێكی زبر وتی:

- تۆ پاسەوانی خومەینی؟ تۆ ئاگرپەرستی؟

بێ دەنگیم نەشكاند، پۆستاڵەكەی خستە سەر ملم، بۆ ئەوەی سەرم بەرز بكەمەوە، پرچی ئاڵۆز بوو، برۆیەكانی پڕ بوون و سمێڵەكانیشی زۆر بوو، درێژی باڵاكەی مام ناوەند بوو، ڕووخسار تووندوتیژ و چاو بچوكی قین هەڵگر بوو، سەیر كردە ڕوخسارم، وەك ئەوەی پێشتر ئێرانبەكی نەبینیبێ، لولەی دەمانچەكەی خستە سەر نێوچەوانم:

- كابرای عەجەمی! بڵێ: مردن بۆ خومەینی!

زۆر ڕوون بوو چەندە ڕق و كینەی بۆ ئێرانیەكان هەیە، پێم وابوو دەیەوێ بمترسێنێ، كەف لە دەمی دەهاتە دەرەوە و هاواری دەكرد بەجوێندانە ئیمام، دەمەویست پێی بڵێم تۆ بەم جنێودانە بە ئیمام كێشە چارەسەر ناكەیت، هیوام دەخواست ئەوەی تێبگەنم ئێرانیەكان بەم جۆرە هەڵسوكەوت لەگەڵ دیلە عێراقییەكان ناكەن، دیلەكان ناچار ناكەن لەسەر جنێودان بە سەدام و ئەو داوایەی لێناكەن، بەدڵنیایەوە وشەیەك لەوە تێناگات كە من دەیڵێم.

چاوەڕێی دەكردم جنێو بە ئیمام بدەم، تا سێ ژماردی: یەك، دوو، سێ! دەمانچەكەی سوار كرد و هەستم كرد هاوسەنگیەكەی لەدەستدا و ڕووی دەمانچەكەی كردە قاچم، كاتێك فشەكی تەقاند واق وڕمام، پێشبینی ئەوەم نەدەكرد هەڕەشەكەی جێبەجێ بكات، بۆ یەكەم جار هەستم كرد من لە نێو خەونێكی زۆر ناخۆشدام.

لەوانەیە وێنام كردبێ ئەو دەیەوێ بمكوژێ، بەڵام وێنام نەدەكرد گوللە لە قاچە پەككەوتووەكەم بدات.

بەخێرایی دوو گوللەی لە قاچەکەیدام، سەیرم کرد، ویستم وێنەی ئەو لە یادی خۆمدا ئەزبەر بکەم تا هەتایە، گوللەی یەکەم بەر لای سەرەوەی ماسولکەی ڕاستم کەوت، گوللەی دووەمیش لای چەپی ماسولکەی قاچی گرتم[1].

لە نێو ئەو سەربازانەی ڕاوەستابوون، هیچ کەسێك سەرزەنشتی ڕائیدەکە نەکرد، تەنها دوو یان سیانیان نەبێ.

لەگەڵ ئەوەی من لە عەرەبی تێناگەم، بەڵام هەستم بە هەندێکیان دەکرد، ماستاوچێتیان بۆ ڕائیدە بێ نرخەکە دەکرد، ستایشی ئەو کارەیان دەکرد کە پێی هەڵساوە، هەڵسوکەوتەکەی ئەویان بەباش دادەنا، پێیان دەوت: ئەوانە شایستەی مردنن! ئەمە شایستەی دادگەری ئەوە... یاخود هاوشێوەی ئەمە.

پێویستە مرۆڤ پێشبینی هەموو شتێك بکات لە بەعسییە بێ نرخەکان، ڕائیدەکە چاوەڕێی کاردانەوەی دەکرد، جارێکی تر داواکەی دووبارە کردەوە: جنێو بە خومەینی بدە! گوێم بەوە نەدەدا کە چی دەڵێت، کەسم نەبینیبوو لەو تووندتر بێ! چەند ساتێك تێپەڕین و ئێشی برینەکە تەقیەوە، من زۆر تورە بووم، دەمویست هاوار بکەم، بەڵام وا هەستم دەکرد دەنگم ڕۆچووە لە ناخمدا، پێم وت: بێ ئەوەی هیچم لێ تێبگات، بۆچی فیشەك بە لاقەکەمەوە دەنێی! بمکوژە و بمحەسێنەوە.

من ئازارم دەچەشت، بەهۆی ئێشەکەوە، هەستم دەکرد دەخنکێم، ئازارەکان بەرگەیان نەدەگیرا، لە ناخمدا هاوارم کرد: هاوار خوایە لەم ئێشە بمحەسێنەوە! کاتێك

---

(١) تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەو گوللانە ماون، کە ڕائیدە بەعسییەکە لێیدام، هەر چەندە بەردەوام هیوام دەخواست، لە جەنگدا ڕووبەڕووی دوژمن ببمەوە بێ ئەوەی تووشی پەکەوتن ببم.

خۆم بەدەستەوەسان بینی لە هەڵسان بە هەر شتێك، بە ناشرینترین شێوە تانە و جنێوم پێدا[(١)]!

بەدرێژایی ژیانم، هەستم بە تێنوێتی نەکردبوو بەوشێوەیەی ئەو چەند ساتە هەستم پێدەکرد، هەندێك جار لە ناخمدا دەموت: ئەگەر سزای دۆزەخ هاوشێوەی ئەوەبێ کە من چێشتم لە ڕێکەی خەندەقدا، لە هەستکردنێکی زۆر بە تێنوێنی بڕوا ناکەم هیچ کەسێك تاوان ئەنجام بدات.

ئەنیشکی خۆم دانایە سەر لێواری ڕێگاکە، هەندێك لە سەربازەکان بەلامدا تێدەپڕین وشەی ناشرینیان دەوت، بیرم دێتەوە هەندێکیان دەیانوت:

- گوێدرێژ، مانگا! مەیمون!

چیترم لە دەست نەدەهات جگە لە بێدەنگی نەبێ، زنجیرە سوکایەتیەکان و ئازاردان نەدەوەستا، تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە یەکێك لە سەرکردەکانیان هات و فەرمانی بە سەربازەکان کرد بڵاو ببنەوە.

هەندێکیان لەوانەی ڕێژەیەك ئەخلاق و مرۆڤایەتیان هەبوو، هەوڵیان بە ئەفسەرەکان دەدا سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردن بە تووند و تیژی لەگەڵم و پابەند نەبوون بە بنەما و ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان، یەکێکیان هەوڵی لێدانی فیشەکی لە لاقم لەلایەن ڕائیدەکەوە بە ئەفسەرێك ڕاگەیاند کە پلەی مقدەمی هەبوو، ناوبراو بایەخی پێنەدا، وا دەردەکەوت بەلایەوە ئاسایی بێ؛ بەڵێ کاردانەوەکەی ئەرێنی بوو، وا گومانم دەبرد خەمبار دەبوو، لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە بەهانامەوەبێ.

---

(١) دواتی چیرۆکی خۆم، لەگەڵ ڕائیدەکە گێڕایەوە بۆ هاوڕێکەم ڕەفیق نەسروڵای غولامی و محەممەد کازم بابائی، لە چاوپێکەوتنمدا لەگەڵیان لە نەخۆشخانەی ڕەشید لە شاری بەغداد، محەممەد کازم وتی: کە ئەو تۆی نەکوشتووە، بەو مانایە دێ کە کەسێکی چاك بووە!

هەستکردنم بە تێنویێتی ڕوخێنەر بوو، بە یەکێکیان وت: ئایا ئاوم پێنادەن؟ تێنەگەیشت و منیش دووبارە وتم: ئاو (مای)! هیچ لیکاوێکی وشکم لەدەمدا نەبوو، گوزارشت لە تێنوێتیم بکات!

ئەفسەرەکە داوای کرد ئاوم پێبدەن، ویستم بیخۆمەوە، بەڵام یەك دوو قومی پێدام، وتی: تۆ برینداری، ئاو زیانت پێدەگەیەنێ! وام هەست دەکرد ئەمەی لە پێناو مندا کرد، هەستم کرد ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد ئازارم نەدەن، دووبارەی دەکردەوە ((دیلە عێراقییەکان)) لە ئێرانن، لە ناخی خۆمدا وتم: ئەگەر زانیاریان لابێ لەبارەی هەڵسوکەوتی دیلەکانیان، ئەوا مرۆڤانەتر دەبوون لەگەڵمدا، من دەمزانی ئێران دیلەکانی ئەوانی لە هۆتێلێکی چەند ئەستێرەدا دانابوو! پێم وابێ بەوانی وت: ئێرانیەکان زۆر چاك ڕەفتارن لەگەڵ دیلە عێراقییەکان، کاتێك ئەفسەرەکە ڕۆیشت ئامۆژگاریەکانیشی وەك هەڵم بەهەوادا ڕۆیشتن.

من دیلی گەلێك بووم، بەزەییان نەهاتەوە بە ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ و هاوەڵانی، ڕەچەڵەکی ئەویان کوشت، خێزانەکەیان بە کۆیلە کرد، سزا بارانیان کرد، ئەوەی دەوروبەری خۆم بە مەرگەسات دەبینم، ڕێگاکە پڕ بوو لە یادەوەریەکانی پاڵەوانانی لیوای ٤٨ فەتح، ئێستا لە دەستی بەعسییەکاندایە، بە پۆستاڵی گرانی خۆیان بەسەری دەکەون، لەسەر ڕووی ڕێگاکە جەسەی دەیان شەهید[1] لە ژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا پەرش و بڵاو ببون.

---

(١) لەم ڕۆژەدا و لەوەتەی کاتژمێر سێ و دە خولەکی بەیانی و تا کاتژمێر چوار و نیو، سەد و نۆزدە شەهید کەوتن، هەشتیان خەڵکی پارێزگای (کهگیلویە و بویر ئەحمەد) بوون، حەوتیان شەهیدی قەڵاکانی خەندەق بوون، سەد و دوازدە شەهید لە ڕێگەی خەندەق شەهید بوون!
بەسەر چل و پێنجیاندا زیاتر لە دە ساڵ تێپەڕیون، کە لاشەکانیان نێژراون لە زەلکاوەکانی تەنیش ڕێگای خەندەق، کە دواتر وشك بوون، لە ساڵی ١٩٩٧ بەعسییەکان ڕێگەیاندا بە تاقمی بەداواداگەڕانی ونبوان بە ڕۆیشتنە نێو ڕێگەی خەندەق و گەڕان بەدوای شوێنەواریان و گواستنەوەی ڕوفاتەکانیان و ناشتنیان لە

تەنها سەیارەی لاندکرۆزەرەکە لە ڕێگای خەندەق بوو، بەعسیەکان بردیان کاتێك ڕێگاکەیان داگیر کرد، لەبەر ئەوەی لە دوای بڕینی ڕێگاکە لە بەردەم قەڵاکانی بەیتی لەهی، نەیانتوانی ئامێرەکانیان بێننە ڕێگاکە، زۆرترین دیمەنی ئازار بەخش ئەوە بوو، بەعسییەکان ببینم ئوتۆمبێلەکانمان بەکاردێنن و بەهۆیانەوە بەسەر لاشەی شەهیدەکانم بکەون، ئەوە لە ناخمدا هەڵقوڵایەوە، کە گوێبیستی ببوم لە وتاربێژانەوە، لەبارەی ئەوەی لە ڕۆژی عاشوڕادا ڕوویداوە، کاتێك ئەسپی دوژمنان بە نالەکانیان بەسەر لاشەی پێشەوا حوسێن سڵاوی خوای لێبێ کەوتن، کە لە کەربەلا شەهید کەوت.

شوێنێکی بچوك هەبوو لە پشت منەوە، لە پاڵ جەنگەڵی قامیش، لەوێ سندوقە تەختە و کانزاییەکانی زەخیرە بڵاوببوونەوە، نزیك ئەوێ جەستەی هەندێك لە شەهیدان هەبوو، لە نێویاندا لاشەی سەید محەمەد عەلی غولامی و عەبدولڕەزا دیر باز؛ ساچمەکان بەر سەری شەهید عەبدولڕیزا کەوتبوون، ڕووخساریان شێواندبوو.

شوێنی زنخیر و عیتاد دەکەوتە پشت منەوە، بە بەرز مەترێك و پانی زیاتر لە دوو مەتر، ناتوانرێ مرۆڤ بچێتە ناویەوە مەگەر بە خشۆکی نەبێ، چیتر توانای بەرگە گرتنی ئەم گەرمییە زۆر نەبوو، سێبەرەکان بە تەواوی نەمان، بەعسییەکان خەیاڵیان حەساوە بوو بەلای منەوە؛ دڵنیابوون لە بێ توانایی منبۆ هەڵاتن، تەنانەت هەڵسان بە ئەنجامدانی هەر کارێك لە دژیان، یەکێك لەوێ بوو چاودێری دەکرد، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن قاچم گرت بە دەستی ڕاستە، پشتم بە دەستی چەپی خۆم گرت، خۆم کێشایەوە بۆ دواوە بە ئاڕاستەی شوێنە بچوکەکە، هەستم بە ئێشێکی زۆر دەکرد، گەروم وشك ببوو لە تێنوێتیدا، سەرباری ئەوەی کەمێك ئاوم خواردەوە، دەمویست خۆم

---

گۆڕستانی شەهیدان لە شارەکانیان، کە لەوێ لەدایك بوونەوە و ژیاون، گەواهی گڵکۆکانیان هەردەم باسی ئەو داستانە پاڵەوانێتیە دەکات کە تۆماریان کردووە لە جەنگەکانی شەڕەف و شکۆ و باوەڕدا.

بخەمە بەر سێبەری شوێنی زەنخیرەکە، یەکێك بوو لەو شوێنە بچوکانەی زەخیرەی تێدا دەپارێزرا بەدرێژایی ڕێگاکە.

ناکرێ لە شوێنێکی لەم جۆرەدا مرۆڤ دابنیشێ، بەشی پڕچەککردن لە چەند خاڵێکدا دیاری کردبوو؛ بەم شوێنانە جەنگاوەرانمان توانیان بۆ چەند کاتژمێرێك خۆیان بگرن و جەنگی مەزنیان ئەنجامدا لە دژی دوژمن.

ویستم سوود ببینم لە بانەکەی، وەك چەترێك تەنها بۆ سەر و ڕووخسارم، کاتێك گەیشتمە شوێنەکە، ئەوان چاودێریان دەکردم، نەیاندەزانی چیم دەوێت.

ئێسکی پەککەوتووی لاقم، برینەکەی دڕانم، ئێش و ئازارەکەم زیادی دەکرد، خەریك بوو بینینی پێش خۆم ناڕوون دەبوو، خاڵی ڕەشم دەبینی لە پێش چاوەکانم، بە دووری یەك مەتر لەو شوێنەی لاقە پەککەوتووەکەم لەسەر زەوی دانابوو، خۆم ڕاکێشا و سەرم خستە بن بانی شوێنەکە، کە سەری منی داپۆشیبوو تا پەراسوەکانی سینگم، کەمێك هەستم بە حەسانەوە کرد، هەناسەکانم ڕێکخست، چیتر تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لە سەر و ڕووخساری نەدەدام.

هیوادار بووم وازم لێبێنن، بۆ ئەوەی بحەسێمەوە لەدەست تیشکی خۆر، کە دەمناڵاند بەدەستیەوە، تێنوێتی توندی بکوژ، کە بەرگەی ناگیرێ و من دیلیم لە خراپترین خاڵ کە وەك دۆزەخێکی بەرگە نەگیراو وایە، ئەم شوێنەی کردۆتە دۆزەخێکی بچوك، بەدرێژایی ئەم ڕێگەیە، کە درێژیەکەی دەگاتە پێنج کیلۆمەتر، من تاکە کەس بووم، کەوتبێتە دەستی ئەم بەعسیانە.

چیتر دەنگی گوللەم نەدەبیست، هیچ شتێکم لە دەوری خۆم نەدەبینی؛ دەنگی ئەوانم دەبیست، هەستم بە ئازار و ئەشکەنجە دەکرد، کاتێك لە دەوروم کۆدەبوونەوە بە ڕاوەستاییی، منیش ڕاکێشراو بووم، هەر چەندە هەراسانیان نەدەکردم، بەڵام هەستم

به شەرمەزاری دەکرد؛ من دەمەویست خۆم ڕابکێشم بۆ دەرەوەی شوێنەکە، تا ڕزگارم ببێ لەو هەستەی ئازارم دەدات، لە هەمان کاتدا دەترسام لە قاچم بدەن، کاتێك دەمەویست سەری خۆم دەربێنم، هەستم دەکرد ئاسمان بەر بووەتە سەر سەرم، بەهۆی زۆری ئازارەوە، کاتێك لە کۆتاییدا خۆم کێشایەوە، لاقم لار ببووەوە، ئێسکەکان دەرکەوتبوون لەو پارچە گۆشتەی مابوونەوە، من بەم شێوەیە بووم، خوێن تێکەڵ ببوو بە گڵەوە، وەك هەموو کوژراوانی دەوروبەری خۆم بووم، هەندێك لەوانەی بەلامدا دەڕۆیشتن، بە یەکێکیان دادەنام لەو شەهیدانەی لە نزیکم بڵاو ببوونەوە.

بەعسییەکان هەراسان ببوون لە ڕامالینی ڕێگاکە و فیشەکیان بە سەری ژمارەیەك لە شەهیدەکانمانەوە نا، کە بڵاو ببوونەوە بە دووری بیست مەتر لە بەردەمم و دواوەم، ژمارەیەکیان لە کەتیبەی ئیمامی عەلی بوون سڵاوی خوای لێبێ، ئەوانی تر لە کەتیبەی تایبەتی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ بوون.

لە نزیکی شوێنی شەهیدبوونی خودا رحیم ریزەوی و حوسێم پەرویزی و یەکێکی تر کە ناوی ئەوم نەدەزانی[١] هەبوو ساچمەکان لا تەنیشەکەی دڕاند بوو، خوێن لە برینەکەی دەهاتە دەرەوە، هەندێکیان بە دووری چەند مەترێك لێم، گوللەی میهرەبانیان لە حوسێن پەرویزیدا، لە خەڵکی ئەترابی بوو، ئەوانەی لاشەی شەهیدانیان گولله باران دەکرد، هەڵدەستان بە دامالینی کاتژمێری دەستی هەندێکیان، هەندێکیان دوادەکەوتن لە گەیشتن بە تالانەکە، بۆیە کێشمەکێشیان دەکرد لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیاندا لەسەر دەستکەوتەکاندا!

(١) دوای ئەوەی وێنەی شەهیدانی ڕێگای خەندەقم بینی، زانیم ئەوە شەهید عەرەب عەلی دهبان زادەیە.

بەعسییەکان، لاشەی شەهیدە بەڕیشەکانیان، فڕێ دەدایە نێو ئاوی ڕێڕەوە ئاویەکە، لەسەر قامیش و زەل ڕایان دەکێشا، پاڵیان دەنان بۆ نێو ئاو، ئەوانی تر ئاڵای خۆیان هەڵدەدا لەسەر چەند خاڵێکی ڕێگاکە و سەر چەند شوێنێکز

یەکێکیان لە من نزیك بووەوە، وا دەردەکەوت سروشت توندبێ، وتەکانی زۆر بە توندی دەردەچوون، بە داری ئاڵا لەسەری دام، وتی: هەمووتان ئاگرپەرست و خومەینیەکان دوژمنی عەرەبن، درکم بەوە کرد مرۆڤێکی نا هاوسەنگە لە ڕووی دەرونیەوە،

بە دووری نزیکەی دوازدە مەتر، یەکێك لە شەهیدانمان لە سەر پشت کەوتبوو لە نیوەی ڕێگاکە، سەربازێکی ڕوو ڕەش وەستا لەسەر سەری شەهیدەکە[1]، بنی داری ئەو ئاڵایەی لە دەستی دابوو لە خاڵی خوارەوەی نێوان پەراسوەکانی چەقاند و دڕاندی، بە توندی و لاچاوێکەوە سەیری کردم و وتی: ئێرە شوێنی ئاڵای عێراقە!

هەموو ئەوەی لە ڕێگای داگیرکراودا دەیبینم، دەبێتە گرێیەك لە ناخمدا، دیمەنی زگ دڕاندنی شەهیدەکە و چەقاندنی ئاڵاکە لە ورگیدا، یەکێك بوو لەو دیمەنە زۆر ئازار بەخشانەی ئەو کات بینین.

من نەفرەتم لەو بوونەوەرە دڕندانە دەکرد، لە قوڵایی ناخمدا نەفرەتم لێدەکردن و بەردەوام دەموت: خوایەگیان تۆڵە لەم بکوژانە بستێنەوە... خوایەگیان سوێندت دەدەم بە ستەملێکراوی ئەم شەهیدانە!

---

(١) ناوی ئەو شەهیدە ستەملێکراوە نادرکێنم، مادەم باوکی لە ژیاندایە، ناتوانم ئەمە بکەم، کاتێك قسەم لەگەڵ برای شەهید کرد، پێی ڕاگەیاندم باوکی نەخۆشی دڵی هەیە، هەر بۆیە داوای لێکردم ناوی براکەی نەهێنم. هیوای تەمەنی درێژ بۆ باوانی دەخوازم، لە ئایندەدا ناوی شەهیدەکە دەهێنم، بەپێویستی دەزانم ئەوەی بەعسییەکان پێی هەڵسان بە بەلگەنامە بکەم، کە نێوچەوان ئارەقەی لەبەر دەکات.

هەوڵمدا بە خۆڕاگری بمێنمەوە، خەفەتەکەم بشارمەوە، فرمێسکەکانم بگرمەوە لە بارین.

یادەوەری ڕۆژانی نزیك گریان گرت، لە یادەوەریمدا، کە ماتۆری تریلم لێدەخوڕی لە ڕێگاکەدا، بۆ قەڵاکانی خەندەق، ڕێگاکە لە ژێر دەسەڵاتی هاوڕێکانمدابوو، لە یادمدا هەڵواسرام بە دیمەنی زۆر خۆشەویست لای دەروون، چۆن ڕاوەستام و ماتۆرەکەم دایە لایەك، ماسیگری خۆم فڕێدایە نێو ئاو، لە چەند ساتێکدا ماسیەکی پێوەگیر بوو،((ئەڵاه خواست پرگانی)) و ((پیران مستەوفی)) هەندێك قەدە قامیشی وشکیان کۆ کردەوە، ماسیەکەم سۆر کردەوە و بەیەکەوە خواردمان.

من ئەو کات لەسەر دوو قاچ دەڕۆیشتم، ئێستا بەیەك قاچم، شەهیدەکان لە دەوروم کەوتوون، بیرم دەکردەوە کە چۆن بەم ڕێگایەدا دەڕۆیشتن، ئەو شوێنەیان پڕ دەکرد لە ژیان و جۆش و خرۆشی و ڕێز، تا ئەوەتا کات وەردەچەرخێ بەسەرماندا، ڕێگاکە پڕ بوو لە یادەوەری پاڵەوانێتی، ئەمڕۆ لە ژێر پێڵاوی بەعسییە هێرشبەرەکاندایە.

ئەوانەی بە ڕێگاکەدا دەڕۆیشتن، دیمەنی ئاڵای ئەو بەعسییەی باسکرا سەرنجی ئەوانی ڕادەکێشا، کە چەقاندبووی بە زگی شەهیدەکاندا، لەوانەیە هەندێکیان لێوەکانی ڕابکێشێ وەك گاڵتە پێکردن.

هیوام دەخواست توانیبام ئاڵاکەم دەرهێنابایە لە زگی شەهیدەکە!

خۆزگە هاوەڵانم بیانتوانیایە لاشەی شەهیدەکانمانیان گواستبایەوە.

نەیاندەتوانی جەستەی شەهیدەکانمان بگوازنەوە، کە لە نێوان ناوچەی چراغچی و قەڵاکانی بەیتی لەهی کەوتوون.

چڕی ئاگر و گوللەبارانی دوژمن، ئەوەندە زۆر بوو، قودرەتوڵا دیر باز نەیتوانی لاشەی مامی خۆی عەبدولڕیزا بگوازێتەوە.

یەکێك لە ئەفسەران فەرمانی کرد بۆ چەند ساتێك کەلەپچەکانم بکرێنەوە، حەزم دەکرد شتێك بکەم؛ حەزم نەدەکرد ڕێز و حورمەتی شەهید جەمشید کەرەم زادە و سەید محەممەد عەلی غولامی پێشێل بکرێ، سێ مەتر لێمەوە دوور بوون، لە خوا پاڕامەوە سەربازانی دوژمن ئاڵا لە جەستەی ئەواندا نەچەقێنن، یەکێك لە سەربازەکان لە گیرفانی شەهید کەرەم زادە وێنەیەکی ئیمام خومەینی هێنایە دەرەوە، وێنەکە لەو جۆرانە بوو کە بە بەرچێلی پۆشاکە سەربازیەکانەوە دەکران، دوای ئەوەی هێنایە دەرەوە دڕاندی و ئینجا بەرەو من هات، جنێوی بە ئیمام و ئێرانیەکان دەدا، دواتر پارچەکانی وێنەکەی بەسەر سەر و ڕووخسارمی دادا.

نازانم بۆ چی ئەوەندە سوربووم لەسەر خۆڵکردنە سەر سەر و ڕووخساری هەر دوو شەهیدەکە، کەرەم زادە و غولامی، لەگەڵ ئەوەی هەستم بە لاوازیەکی زۆر دەکرد، خۆم خشاند بە ئاڕاستەی کەرەم زادە، ساچمەی بەرکەوتبوو، ڕووخسارە بێ تاوانەکەی ڕووشابوو، لەگەڵ سەری هەمووی ڕۆچووبوو لە خوێنی پاکدا، لە تەمەنی مندا بوو، خەیاڵی باڵا و ڕووخسارە خەندە هەڵگر و خۆشەویستەکەیم کرد.

لە پەنجەکەمدا ئەنگوستیلەکەم هێنایە دەرەوە، کە بەردێکی گرانبەهای پێوە بوو، یەکێك بوو لەو چوار ئەنگوستیلەیەی هاوڕێکەم ئەحمەد فەروزان لە پرۆسەکانی کەربەلادا بەدیاری پێشکەشی کردبووم.

دەستم درێژکرد بە ئاڕاستەی سەربازە عێراقیەکە، پێم وت: ئەم ئەنگوستیلەیە بۆ تۆ، ویستم سۆزی ئەو بەدەستبهێنم، سەری سورما، بە دوودڵی مایەوە، نەیدەزانی وەری

بگرێ یان نا، هەستم کرد سۆزی بەرامبەرم جوڵا، سۆزداریم لە چاوەکانیدا بەدی کرد، هاتە پێشەوە بۆ لام و وتی: نا.

پێم وانیە لە وتەکەم تێگەیشتبێ، کاتێك پێم وت:

- ئەمە بۆ تۆیە! ئەگەر تۆ نەیبەی یەکێکی تر دەیبات.

وەك من بیزانم لە شێوەی دیاری ئەنگوستیلەکەی لێوەرگرتم، ئاماژەم بە لاشەی ئەو شەهیدە کرد، کە ئاڵای عێراقیان لە سینگیدا چەقاندبوو، تکام لێکرد ئاڵاکە لە جەستەکەی بێنێتە دەرەوە، ترسم لە چاوەکانیدا بینی، تکام لێی کرد ڕێگەم پێ بدات من ئەو کارە بکەم، بەڵام دووبارە دەیوت: نا! نا!

دۆخەکەم مۆڵەتی پێ نەدەدام، خۆم بخشێنم بۆ لای جەستەی شەهیدەکە، نزیکەی پازدە مەتر لێمەوە دوور بوو!

ئاماژەم بە هەر دوو شەهید کەرەم زادە و غولامی کرد، هەوڵمدا تێی بگەیەنم، مۆڵەتم پێبدات خۆڵ بەسەر سەریاندا بکەم، بەڵام ئەو تێنەگەیشت لەوەی من چیم دەوێ، پێی وتم: چی دەڵێی! نازانم چی دەڵێیی!!

لاشەی شەهید کەرەم زادە، لە چاڵێکدا بوو لە تەنیشت ڕێگاکە، لاشەی غولامی نیوەی سەرەوەی لەسەر زەوی بوو، هەندێك لەو سەربازانەی بەلایدا دەڕۆیشتن پێ لەقەیەکیان لێدەدا، ئەمەش زۆر ئازاری دەدام، بۆ چەند ساتێك خەیاڵی ئەوەم کرد کە لاشەی براکەمە فڕێدراوەتە تەنیشت ڕێگاکە.

هیچ شتێکم لە تواناادا نەبوو بیکەم، خوێن بەر بوون منی لاواز کردبوو، ویستم ڕێز و شکۆی هەر دوو شەهیدەکە بپارێزم لە دەستدرێژی ئەم بەعسییانە، بۆیە بیرم کردەوە خۆڵ بەسەر جەستەکەیاندا بکەم، بیاننێژم بەر لەوەی بیر لەوە بکەنەوە

فڕێیان بدەنە نێو ئاوەکە! خۆم ڕاکێشا بەرەو لای لاشەی شەهید غولامی، کراسەکەیم گرت لە سەرەوەی شان و بۆ ناو کەناڵەکە ڕامکێشا، زۆربەی لاشەکەی لە نێو کەناڵەکەدا بوو، هەر بۆیە ئەرکەکە ئاسان بوو، دەستم بە خۆڵ بەسەرداکردنی کرد بە دەستەکانم، کابرای سەربازەکە چاودێری دەکردم و بەرەو من هات و قاپێکی پێدام، درکم کرد بەوەی دەڵێت: بەمە ئاسانترە بۆت، منیش خۆڵم بەسەر لاشەکەدا دەکرد بەلاوازی و هیچ کەسێك خۆی تێهەڵنەقورتاند، هەندێك لەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین، سەیریان دەکردم بۆ ماوەیەك، ئینجاتێدەپەڕین، یەکێکیان هەڵسا بە گرتنی وێنەیەکی ئەم دیمەنە، هەستم بە سەرسوڕان کرد، لەپاڵ دوو شەهیدەکە ڕاکشام، شتە بینراوەکان لە چاومدا لێڵ بوون و هەر چی دەمبینی پێچەوانە بوو!

هەستم کرد هەندێکیان کاریگەر بوون بەمە، کە دەبینن ئەمە هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە شەهیدان، درکم بەمە کرد کاتێك سەربازەکە قاپەکەی[1] پێدام. وا بۆی دەچووم بە سەراوژێر دەڕۆنە ڕێ، بەهۆی زۆر تێنوێتیەوە وا وێنام کرد، ئۆکسجین لە هەوادا نەماوە،هەوڵمدا هەناسەکانم بە قوڵی بدەم و سینگم پڕ لە هەوا بکەم، خۆر گرمێتیەکەی بەسەرمدا دەباراند، خولیای بەر سێبەرم دەکرد، خەریك بوو جەستەم دابڕوخێ، بڕوام وانەبوو لە ژیاندا بمێنم، بۆ ماوەی چەند کاژمێرێك جارێکی تر دەستەکانیان کەلەپچە کردم.

---

(١) قاپێکە بەکاردێت بۆ هەڵگرتنی خۆراك لە گەشتدا، بەشێك بوو لە ئامادەکاریەکانی سەربازان لە کۆن و نوێدا، نەریت وایە فەرمانبەران بەکاریدێنن ئەمڕۆ بۆ هەڵگرتنی چەند ژەمە خۆراکێك لە فەرمانگەکانیان، چەمکی فارسیەکە (یەغلاوی)یە نەوەك (یقلوی)، وەك چۆن لە کتێبەکەدا هاتووە. وەرگێری عەرەبی.

یەکێکیان هەڵسا بە نووسینی دێڕێك لەسەر پشتی کراسەکەم، دواتر لە (مەیمونە)[1]، ناوەڕۆکی ئەو دێڕەم زانی کە نووسراو: پاسەوانی خومەینی.

هەندێکیان ئەوەی سەرپشتی منیان دەخوێندەوە و ئینجا تفیان بە دەموچاومدا دەکرد، هەوڵمدەدا بە ئەنیشکەکەم تفەکە پاك بکەمەوە، هەندێکیان سەریان دەلەقاند، وەك خەفەت خواردن بۆ ئەوەی دەیانبینی، درکم بەوە دەکرد ئەمە ڕێگەیەکە لە دەربڕینی هاوسۆزی بۆم، تەنانەت هەندێکیان بە توندی کاریگەر دەبوون، بەڵام نەیاندەتوانی ئەم سوکایەتی پێکردنانە بوەستێنن، تکام لە یەکێك کرد برینەکەم بپۆشێ بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێ لەوەی مێشولەکان بە بەردەوامی بیلێسنەوە!

هەندێك لە سەربازەکان هەڵسان بە گرتنی وێنەیەك بۆ هەندێك لە شەهیدان، بە بارودۆخی جیاواز و تاك تاك و دوو دوو و سێ بوون سێ، یەکێکیان بەرەو لام هات و بە پۆستاڵەکەی پاڵی پێوە نام و کەوتمە سەر پشت، پۆستاڵەکە خستە سەر سینگم، هاوڕێکەی هەڵسا بە گرتنی وێنەیەکی ئەو، نۆبەتیان گرتبوو بۆ وێنەگرتن لەگەڵمدا بە دۆخی شەرمەزارکەر، هەستم دەکرد توڕەیی هەڵدەقوڵێ لە ناخمدا، سەرباری ئەو لاوازیەی لە جەستەمدا دەهات و دەچوو؛ سەیری چاویلکەی کامێراکەم نەدەکرد، ئەمە ئەوانی توڕە دەکرد، هەوڵیان دەدا ناچارم بکەن بۆ بەرز کردنەوەی سەرم، یەکێکیان هەڕەشەی لێکردم، لولەی تفەنگەکەی خستە سەر ملم، داوای لێکردم سەیری کامێراکە بکەم.

یەکێکی تر کە پۆشاکێکی مغاویری لەبەردابوو، تفەنگەکەی ئاڕاستەی سینگی کردم، پێڵاوەکەی دانایە سەر شانی ڕاستم، یەکێك لە هاوڕێکانی بەم دۆخە وێنەیەی بۆ گرت؛ سەربەرزیەکەیان شکاندم. زیاتر لە بیست سەرباز، بە پۆشاکی سەربازی جیاواز

---

(١) قەزایەکی سەر عمارەیە لە پارێزگای میسان، لە باشوری عێراق. وەرگێری عەرەبی.

بەلامدا تێپەڕین، بۆ ماوەیەك لەبەردەممدا وەستان، یەكێكیان هەندێك فستەكی پێدام، منیش وتم لەم بارودۆخەدا فستەك، سەیری لاقەكەی كردم و ئاماژەی بۆ خۆی و هاوڕێیانی كرد و وتی: هەمووان سودانین، واتە ئێمە هەمووان خەڵكی سودانین، ئەمە دووەم پۆلە سەربازی سودانی بوون بیانبینم.

لەم كاتە هەندێك ڕۆژنامەنووسی و پەیامنێر دەركەوتن،پەیامنێرێك ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەوانی دەخوێندەوە و ئەویتر لاشەی شەهیدەكانی وێنە دەگرت، كە لە تەنیشت ڕێگاكە كەوتبوون، زاراوەكان لەم شێوەیە بوون: هێزە ئێرانیەكان! خومەینیە ئاگرپەرستەكان! پاسەوان خومەینی! دوژمنانی عەرەبی پاسەوانی شۆڕش و...ئەمانە دووبارە دەبوونەوە، گوێچكەم ئەمانەی وەردەگرت لە نێوان زاراوەكاندا، چاویلكەی وێنە فیدیۆیەكە كەوتە سەر منو وشەكانی ڕۆژنامەنووسەكە لە هۆشمدا چاپ دەبوون: پێم وابێ دەیوت: خومەینیەكی گەنجی بریندار لە جەنگدا، چارەنووسی هێزەكانی پاسەوانی شۆڕش (پاسداران) و (بەسیجیان) و هێزەكانی خومەینی بەم شێوەیە دەبێ... خومەینی منداڵان ڕەوانەی جەنگ دەكات بە زەبری هێز و بەم چارەنووسەیان دەگەیەنێ.

پەیامنێرەكە ئەسمەر و جەستە زل بوو، خاوەنی جەستەیەكی وەرزشی بوو، من تاكە كەس بووم ڕزگارم ببوو لەو جەنگە سەختانەی پەتەكەی لەم ڕێگایەدا دەخولایەوە، من سەیرم نەدەكرد بۆ ئەوەی لە شەڕی ئەو ڕزگارم ببێ، سەرم دانەواند بوو، هات و لەلام دانیشت، یەكێك یاوەری دەكرد؛ هەر كە دەمی كردەوە، زانیم كەسێكی ئێرانیە و هاریكاری دوژمن دەكات، بە زمانی فارسی پێی وتم:

- ئایا دلگران نیت لە خومەینی، كە تۆی بەرەو ئەم چارەنووسە هێنا؟

ئومێدم نەدەخواست کەسێکی ئێرانی بەم قسەیە پێم بگات، زۆر نامۆ دەردەکەوت، پرسیاری خۆی بۆ پەیامنێرەکە کردەوە عەرەبی، ئەویش خەندەی کرد، بەمە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، بە کابرای ئێرانیەکەم وت:

- ئیمام هیچ کەسێکی ناچار نەکردووە بۆ ڕۆیشتنە بەرەی جەنگ، بەخۆم هاتووم! تۆش کەسێکی ئێرانی، بۆچی لە پاڵ دوژمنی گەلەکەت دەوەستی؟

هەراسان بوو و وتی:

- ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نییە؟ ئەوان دوژمنی ئێمە نین!
- ئەوان تۆ بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان؟

کاتێك سوربوو لەسەر وەڵامی پرسیارەکە، وتم:

- وەڵامت نادەمەوە، دژایەتی عێڕاقییەکان زۆر شکۆمەندترە.

وا هەستم دەکرد ئەو لە ئێرانیبوونی خۆی شۆراوە، بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوو، من بە ڕق و کینەوە سەیرم دەکرد، دەمویست ڕق و کینە لە چاوەکانمدا ببینێ، پەیامنێری عێڕاقی لەو گفتوگۆیە نەگەیشت کە لە نێوانماندا ڕوویدا، سور بوو لەسەر زانینی پرسیارەکەی، من چاوم خستبووە سەر چاوەکانی یاوەرە ئێرانیەکە و پێم وت:

- من هەراسان نیم لە عێڕاقییەکان، هەشت ساڵ تێپەڕیون شەڕ دەکەین، ئێمە دەجەنگین و دوژمنی یەکترین، بەڵام تۆ کەسێکی ئێرانی.

وازیان لێهێنام و ڕۆیشتنە لایەکی تری دوورگەکە، کاتژمێر لە دەوروبەری شەش بوو، نزیکەی دوو کاتژمێر مابوون بۆ ئاوابوونی خۆر، ئاماژەم بۆ ئەو سەربازە کرد کە چاودێری دەکرد تا بمبات، بۆ لای قامیشەکانی لای ڕاستی ڕێگاکە، خۆر هێشتا گەرمایەتیەکەی دادەباراندە سەرم و خەریك بوو بەهۆی چڕی شێداریەوە بخنکێم،

حەزم دەکرد دابنیشم لەبەر سێبەری قامیش و زەلی تەنیشی ڕێگاکە، سەربازەکە هاتە پێشەوە و باسکی گرتم و منی ڕاکێشا بۆ تەنیش ڕێگاکە، بۆ بەر سێبەری قامیشەکە.

لەلایەن سەربازێکەوە پێ لەقەیەك لە ڕووخسارم درابوو، هەندێك خوێن و کێم و زوخاو لە دەممدا کۆببووەوە، داوای ئاوم کرد، بەڵام هیچ کەسێك گوێی پێنەدام، وا دەردەکەوت هەست و سۆز لە دڵی عەریفێکدا جوڵا، بە تەمەن بوو، لەوانەیە چەندین ساڵی تێپەڕاندبێ هەر ئەم پلەیەی هەبووبێ.

بەرەو لای من هات و مەتەرەکەی دەکردەوە، دەمم کردەوە و ئەویش ئاوی پێدەدام ڕوانینەکەی پڕ بوون لە سۆزی مرۆڤایەتی، هەندێك هەوڵیاندا ڕێگری لێ بکەن، بەڵام گوێی پێنەدا، هەستم بە تامی خوێن کرد.

پۆشاکەکەم بەهۆی خوێنی وشك بوو ڕەق بوو، کە خوێنەکە تێکەڵ بە گڵ ببوو، هێشتا چارەنووسم ناڕوون بوو تا ئەم ساتە نەدەمکوژن و نە دەمگوێزنەوە، نازانم تا کەی لێرە دەمێنمەوە؟! عێراقیەکان ماندوو ببون لە پاڵپشتی کردنی هێڵەکانی بەرگری، ئاساییە گوێ نەدەن بە دیلێك لە تەمەنی مندا.

چەندین جار دووبارەم کردەوە: نوێژ! نوێژ!، دەمویست ڕێگەم پێبدەن نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارە بکەم، ڕێگەیان پێدام، لە هەمان شوێن تەیەمومم کرد و بۆ یەکەم جار نوێژم لە دیلایەتیدا کرد، بۆ یەکەم جاریش بوو لە نێوژدا بگریم، مۆڵەت بەخش بوو بۆ گوزارشت کردن لە گشت ئێش و ئازارەکان، پێی وانیە نوێژێکی لەم جۆرەم کردبێ لەوەتەی درکم بەبۆنی خۆم کردووە، هەستم بە گەرمی نزیکی خوایی و ئارامی کرد، کە سینگی پڕ کردووم، ناخم گڵپەی گرتبوو لە ئێش و ئازار، هەستم کرد من حەز بە ڕزگاربوون دەکەم لە دەست ئەم ژیانە، دەمویست بفڕم و ڕزگارم ببێ لەم هەموو ئێشەی لەسەر سینگم کۆ ببووەوە.

کاتێك نوێژەکەم کرد، ژمارەیەك لە سەربازەکان لە پاڵمدا وەستان و سەیریان دەکردم، هەندێك لە دۆخی سەروسورمانی لە چاوەکانیاندا دەبینرا، یەکێکیان پرسیاری کرد:

- تۆ موسڵمانی؟

هەندێك وشەی عەرەبی سادەم دەزانی، وەك بەڵێ، نەخێر، من، موسڵمان، لە یەکەی سادق سیلاویدا بوومە بۆ ماوەیەك، ئەویش عەرەبێکی خەڵکی شاری ئەهواز بوو.

بۆیە وەڵامی پرسیارکەرەکەم دایەوە و وتم:

- بەڵێ من موسڵمانم!

دەستیان کرد بە قسە کردن لەگەڵ یەکتریدا؛ عێراقیەکانیش وشەی سادەیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی لە مەبەستیان تێبگەم، لە هەندێك لە وتەکانیان تێگەیشتم، لەگەڵ ئەوەی لە زۆرێك لەو شتانە تێنەدەگەیشتم کە دەیانوت، یەکێکیان کە بە پلەی ئەفسەری دووەم بوو وتی:

- ئایا ئێرانیەکان نوێژ دەکەن؟

لە پرسیارەکەی تێگەیشتم، ئەم ڕوانینە بۆ ئێرانیەکان لەلای عێراقییەکان، بەلای منەوە ئاسایی بوو، حیزبی بەعس درۆی بۆ گەلی عێراقی کرد بوو، لە بانگەشەی دژی ئێران، تەنانەت زۆرێك لە سەربازیەکان ئەوەیان بڕوا کردبوو کە ئێرانیەکان مەجوسین و ئاگر دەپەرستن.

ئەو کاتە هیوام دەخواست شارەزای عەرەبی بووبام، بۆ ئەوەی پێیان بڵێم ئێرانیەکانیش موسڵمانن، پابەندن بە شەریعەتی ئیسلام، ئیمامە پاکەکانمان زۆر

خۆشدەوێ لە ئالوبەیت! بەشێوەیەك خۆشەویستیمان بۆیان لە هەموو گەلان زیاترە، سەربازێك کە پۆشاکێکی سوری لەبەردابوو هاتە پێشەوە و وتی:

- ئێوەی ئێرانی هەمووتان مەجوسین!

وام پێباش بوو قسە نەکەم، بەرگەی قسەکانیان بگرم، کە بینیان من تێناگەم، لە دەوروبەرم دەڕۆیشتن، ئەو سەربازە لە تەنیشتم دانیشت کە ئاوی پێدام، قاچی بە ئەژنۆی منەوە نا، دواتر لاقی منی بە پەڕۆیە عەرەبیەکەی گرێدا، بەهۆی زۆری ئازارەوە هاوارم کرد، ئەو جەنگاوەرانەی بەڕێگاکەدا تێدەپەڕین لەدەورم کۆبوونەوە، تەنها ئەوە دەتوانم لێوەکانم بگەزم و هەوڵی بەرگەگرتنی ئەو ئێش و ئازارانە بگرم کە بەرگەیان ناگیرێ!

بیرم کردەوە پەڕۆیەکە بکەمەوە، بەڵکو ئازارەکە سوك ببێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕوویدا!

کاتژمێر و نیوێك بۆ خۆرئاوا بوون مابوو، عەقیدەکە ئامادە بوو، هەر بارودۆخی منی بینی، فەرمانی کرد بە گواستنەوە، هیچ گوێزەرەوەیەك نەبوو بۆ گواستنەوەی برینندارەکان، کاتێك ویستیان من هەڵبگرن، ئایەتەکانی قورئان لەبەر خۆمدا دەخوێندەوە، بۆ ئەوەی هەستکردنم بە ئێش و ئازار کەم بکەمەوە، دەستم بە قاچەکەمەوە گرت و دایننامە نێو گەیەکە.

بەلەمەکان جێگیر کرابوون لە تەنیشت قامیشەکان، لەلای ڕاست سێ بەلەمی عێراقی هەبوون، بە ئامانج گیرابوون بەڵام هێشتان سەرئاو دەکەوتن، یەکێك لە سەربازەکان شانی خستە ژێر هەنگڵم، ئەویتر قاچی سەلامەتەکەمی گرت، منیان خستە نێو گەمیەکە، بەزەحمەت هەوڵی دەدا، بەڵام لە ئێش و ئازاردا بەرگەم نەدەگرت، ئەوان یارمەتی منیان دەدات، ئەمەم لە شێوازی ئەواندا دەزانی.

بەلەمەکان چەند خولەکێك وەستان، بە دووری سەد مەتر لە قەڵاکانی بەیتی لەهی – ئاق لەو شوێنەدا براکانم لە کەتیبەی تایبەتی (شەهیدان) جەنگیان کرد بە نەبەردی، لە نێویاندا باسی عەلی محەممەد کورد لو، رەحمەتوڵا ئەشکوە، عەلی کەریمی، حوسێن پەرویزی، موراد عەلی سوڵتانی، حەسەن ئاران و حوسێن درەخشان دەکەم[1].

نازانم چی ڕوویداوە و هاتووە بەسەر هاوەڵانمان لە قەڵای بەیتی لەهی، حەزم لێبوو چارەنووسی بەهرام درود بزانم، وام دەزانی زیندووە، ئەوەم بیر دەهاتەوە کە بە هاوڕێکانمانی دەوت لە ((هەوالگریدا)):

- کۆمەڵەکە! هێرشی عێراقی گومان هەڵنەگرە! ئایا ناتانەوێ چارەنووسی خۆتان لەم هێرشەدا بزانن؟ بیرم دەێتەوە من هەستم دەکرد هەموو کارەساتەکانی دونیان لەسەر سینگم کۆبوونەتەوە، هاوڕێیانم لە قەڵاکانی بەیتی لەهی شەڕیان کردووە تا دوا فیشەك؛ هەمویان شەهید کەوتوون جگە لە دووان یان سیانیان نەبێ.

عێراقییەکان لاشەی دوو جەنگاوەریان لە نێو بەلەمەکاندا هەلگرت، دوو سەرباز منیان بۆ گەمیەکە گواستەوە، یەکێکی تر بە پلەی عەریف و لەگەڵ شوفێری گەمیەکەمان لەگەڵ بوو، ئەوانە لە دۆخێکی توڕەیی تایبەتدابوون، کاتێك منیان دەبینی لە تەنیش کوژراوەکانیان، ئاسایی بوو وەك بکوژی کوژراوەکانیان سەیرم بکەن؛ ڕوانینەکانیان مانای ڕق و کینە و بوغزیان لەخۆدا هەڵدەگرت، من هەستم بە گەرمی ئەو ڕوانیانەی ئەوانم دەکرد، لەم ڕوانینەدا ئەوان خاوەن مافن، عەریفەکە ئاماژەی بە دوو کوژراوەکە کرد و وتی:

- تۆ بکوژی!

---

(١) هەمووان شەهید بوونە، جگە لە عەلی محەممەد کورد لو نەبێ، لەسەر ڕێگاکە کەوتبوون.

وامزانی ئێستا دەمکوژن، بەلەمەکان وەستان لە ناوەڕاستی ئاودا، بە فەرمانی عەرەیفەکە، لە ناخی خۆمدا وتم کۆتاییەکەم هات فڕێم دەدەنە نێو ناوەندی ئاوەکە، نەمدەزانی بۆچی بەلەمەکان لەم شوێنەدا وەستان، دەیانەوێ چیم لێ بکەن، وا دەردەکەوت عەریفەکە دەیویست فڕێم بداتە نێو ئاوەکە، بەڵام شوفێری گەمیەکە و یەکێك لە سەربازەکان ڕگریان کرد، هەر چەندە ئەوانیش ڕقیان لێدەبوومەوە، بەڵام بەرەو ڕووی عەریفەکە بوونەوە و مشتومڕ گەرم بوو!

گریمانەکان لە ناخمدا گڵپەیان گرت، ئایا دەیانەوێ بمکوژن، بەهۆی بارودۆخی تەندروستیمەوە، ئایا ئەمە هۆی هەستکردنیان بوو بە شەرم؟ گومانم وانیە، بوونی من لە پاڵ قوربانیەکانیان، ڕق و کینەیان هەڵدەگیرسێنێ، هەستەکانی ڕق و بوغزاندن لە ناخیاندا دەوروژێنێ، ئەگەرچی بە بینینی لاقە پەکەوتووەکەم کەمێك ئاگری هەڵگیرساوی نێو سینگیان سوك دەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا پرسی تۆڵەسەندنەوە لە دوژمن وا دەردەکەوێ ئاسایی بێ لە گشت بارودخێکدا!

لەم ساتانەدا هەستکردن دایگرتم بەوەی دەیانەوێ بزانن چەند دەترسم لە مردن! پێشتر خۆم بۆ ئەم چارەنووسە ئامادە کردبوو! ئەمە جەنگە، دەبێ بۆ هەموو بارودۆخێ خۆت ئامادە بکەی، لەگەڵ ئەمەشدا بیرۆکەی مردن بە نغرۆبوون لە ئاودا ئارەقەی پێدەکردم، هیوام دەخواست تۆڵەیان لێ سەندبامەوە لە ڕێگەی خەندەقدا[1].

مشتومڕ و کێشمەکێشەکە تەواو بوو، بەلەمەکان دەستیان کردەوە بە ڕۆیشتن، پێم وابێ سۆزی مرۆڤایەتی هەستەکانی ڕق و بوغزاندنی لە ناخی دڵەکانیان هەژاند.

---

(١) لەگەڵ ئەوەی ڕاستیەکەم نەزانی، نهێنی وەستانیانم نەزانی لە ناوەندی ئاوەکەدا، بەڵام هەستکردنم کە چەندین ساڵە لەگەڵمدا هەر ماوەتەوە، ئەوەیە کە دەیانویست بمکوژن لە تۆڵەی دوو سەربازە کوژراوەکە، دەیانویست فڕێم بدەنە نێو ئاوی دوورگەکە.

چیتر هیچی ترم نەدەبینی جگە لە ئاسمان نەبێ، هەندێك (جەلیكانە) بەنزین لە پێشەوەی گەمیەكەدا بوون، لەگەڵ چەند قۆدیەكی خۆراك و نان، لاشەی دوو سەربازەكە لەلای ڕاستم درێژكرابوون، یەكێكیان زل بوو، ئەویتریش باڵای باریك بوو، ئەوەی باڵا زلەكە فیشەكێكی بەر سەری كەوتووە، بەهێز دیار بوو، جلێكی خاكی لەبەردابوو، بەڵام ئەوەی لاواز و قەد باریكەكە، ساچمەیەك بەر سینگ و زگی كەوتبوو، چاوەكانی نیوە داخراو بوو، پۆشاكێكی سەوز و كراسێكی نیو قۆڵی لەبەردابوو.

لە كاتی جوڵانی بەلەمەكان، بەتایبەت لە پێچەكاندا، جەستەم بەر جەستەی سەربازە بێ هەستەكە دەكەوت، ئەمە چەند هەستێكی لە ناخودا دەجوڵاندم، كە ئاوێتە ببوو، لە نا ئاسوودەیی و قێز لێبوونەوە، نەمدەزانی ئەم گەمیە بەرەو كوێ دەچێت؟

پێم وابوو دەیانەوێ بمبەن بۆ یەكێك لە نەخۆشخانەكان، بۆیە هەستی خۆشحاڵی دایگرتم، وای لێكردم بەرگەی ئازارەكە بگرم، ئەمە هێزی پێدەدام و ئارام گری زیاد دەكرد.

## بەشی دووەم

# دوورگەی مەجنون

## قەڵاکانی خەندەق

- **شەممە ٢٥ حوزەیران — دوورگەی مەجنون — قەڵاکانی خەندەق.**

بەلەمەکان جێگیر کران لە باڵی خۆرئاوای لای پردی خەیبەر، سەیرم کرد کۆمەڵێك بەلەمی تێکشکاوم بینی، سەر ئاوی دوورگەکە کەوتبوون، ئارامی دوورگەکەی داپۆشیبوو، قازەکان بە ئاڕاستەی شەتی عەلی دەفڕین، من دڵنیام لەوەی زۆرێك لە باڵندەکانی مراوی و باڵندە و ئاژەڵەکانی تریش، کە دەژین لەم دوورگەیەدا، هەموویان لەناوچوون و پەرتبوونە بەهۆی چڕی ئاگر و گوللەباران و جەنگە گەرمەکان، کە لە دوورگەی مەجنون ڕوویداوە و هەزاران ماسی بوونەتە قوربانی، بەهۆی ئەو بۆمبانەوە دەمردن کە دەکەوتنە نێو ئاوەکە، تا ئەوەتا دەکەونە سەر ڕووی ئاو.

گواستیانمەوە بۆ دەرەوەی گەمیەکە، دوو سەرباز هاتن، لەسەر ساتری گڵین ڕاوەستابوون، لە پاڵ شوێنی قەڵاکان، منیان گواستەوە بۆ سەرەوەی ساترەکە، منیان لەسەر زەوی ڕاکێشا، قاچم بەدوامدا دەکشا، وەك ئەوەی بەشێك نەبێ لێم، هەستم بە سەر گێژی کرد، بەهۆی زۆری ئەو ئێش و ئازارەی دەمچەشت، دەنگ و ژاوە ژاو لە پشت ساترەوە دەهات، هەستم بە سەر سوڕمان کرد، بۆچی منیان بۆ قەڵاکانی خەندەق هێناوە؟ دەیان سەرباز وەستابوون لەسەر ساترەکە، لەسەر شوێنی قەڵاکە، هەر کە چاوم کەوت بە گۆڕەپانی قەڵاکە، ئەوا براکانم بینی لە فەسیلی قاسمی کوڕی حەسەن، کە بە دیل گیرابوون.

لەسەر ڕووی ساترەکە دانیشتم لە پاڵ شوێنەکە، فرمێسك منی خنکاند بەهۆی بینینی ئەم پاڵەوانانە، کە بە دیل کەوتوونەتە دەستی دوژمن، بەبێ دەستی من فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە، زۆربەیانم دەناسی، بڕوام نەدەکرد بە زیندوویی مابنەوە، خۆڕاگریە جوامێرانەکەیانم دەنرخاند.

خۆشحاڵبووم بە بینی زۆربەیان بە زیندوویی، خەفەتم لە چاوەکانیاندا بینی، زانیم ئازار دەچێژن بەهۆی بینینی من بەم دیمەنەوە، وا دەردەکەوت پێشبینینی ئەوەیان نەدەکرد بمبینن بەم دۆخە، ئەمە تەواو لە سەرنجەکانیاندا ڕوون بوو، زۆریان هەبوو بیلێن.

دەوترێ مرۆڤ بە ڕوانینەکانی دەتوانێ ئەوە بڵێت کە بە زمانی ناتوانێ بیلێت، زمانی چاوان چاکتر گوزارشت دەکات و کاتی کەمتر دەبات، لەوانەیە یەك ڕوانین چەندین کاتژمێری گفتوگۆ کورت بکاتەوە، بە زمانی چاو و ڕوانین قسەم لەگەڵیاندا کرد، درکم بە هەموو ئەو شتانە کرد کە دەیانەوێت لە ڕوانینەکانیاندا بیلێن، ئەوانسەریان دەلەقاند وەك سڵاوکردن لێم، ئەمەیان بە خۆشەویستیەوە دەکرد، من هەستم پێیان دەکرد، درکم دەکرد بەوەی ئەوان ئازار دەچێژن بۆ ئەوەی بەسەرم هاتووە.

وێنای ئەوەم دەکرد سەید نادر پیران پێی وتم، ئەگەر چارەنووس وا دیاری نەکرابووبا دووچاری ئەمەی ئێستا ببیت، ئەوا خۆزگە شەهید بووبای.

بە دووری چەند مەترێك لەو دیلانەی سەلامەت بوو ئێمەیان دانیشاند، ڕێگەیان نەدەدا کەس قسەی لەگەڵ ئەوەی تردا بکات، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتووە، بەر لە چەند کاتژمێرێك قەڵاکانی خەندەق کەوتوون و ئەوەی لە قەڵاکەدا بوون بە دیل گیراون.

هەموویان قاچ ڕووت بوون، لە نزیك ئەوان پێڵاوەکان پەرش و بڵاو ببوونەوە، بێ قەیتان بوون، قەیتانەکان بوونەتە کۆت و بەند و دەستی دیلەکانمان پێبەسترابوونەوە، ئەگەر قەیتانەکە کورت بووبان، ئەوا پەنایان دەبردەبەر تەلە توونەدکانی تەلەفۆن.

ئەمە هەموو ئەوەیە کە ماوەتەوە لە هاوەڵان و برایانم، ئەوەش کە نەمبینی لێرەدا ئەوا شەهیدە،ئەوانەم نەبینی: محەممەد کەریمی، ئیبڕاهیم نویدی پور، ارجاسب عەلیزادە، حەمید فروزان پور، عەلی خەنجەر، شەفیع نسب و...

دەموچاویان تۆزاوی بوو، هەستیان ئاڵۆز بوو، بە قەمچی و کێبڵ لێیاندرابوو، بەهۆی نەبەردی و بەرگری پاڵەوانانەیان، ئەمەشیان بە زۆر لەسەر ڕاوەستا، ڕووخساری هەندێك لە هاوڕێیان شین بوو، دەم و لوتیان خوێنی لێهاتبوو.

تێبینی بوونی هەندێك لە دووڕووەکانم کرد، لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی بەکرێگیراو، ڕۆڵی وەرگێڕ و سیخوڕیان دەبینی، لە ڕێگەی خەندەقدا وەرگێڕەکە یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە ناپاکە، گشت سەرکردەی یەکەکان، کە هاتبوونە دوورگەکە، هاتنە قەڵاکانی خەندەق، ئەم قەڵایانە بایەخی زۆری هەبوو لای دوژمن.

عەقیدێك پێشکەوت، دواتر زانیم فەرماندەی لیوای یەکە لە فیرقەی شازدەم، یەکێك لە دووڕووە ئێرانیەکانی لەگەڵدا بوو و وتی: چی لە ئێوەی ئێرانی بکەین؟ ئێوە ئاگرپەرستن، پێویستبوو بە ئاگر بتان سوتێنین و لە شوێنی ئەم قەڵایانە بتانێژین!

هەموومان بێدەنگ بووین، مافی ئەوەی هەبوو تووڕە ببێ، هاوڕێکانمان بە نەبەردانە شەڕیان کرد، لەوانەیە هەموو لێکدانەوەکانی ئەوانی سەراوژێر کردبێ[1].

---

(١) بەگوێرەی زانیاریەکانم، یەکە بەعسیە چالاکەکان لەم ناوچەیە، ئامانجەکانی خۆیان پێکا لە دوورگەکانی مەجنونی باکور و باشور و لە تەلائیەت و کوشك و جفیر، بەڵام ڕووبەڕووی شکست دەبوونەوە لە ڕێگە و قەڵاکانی خەندەقدا، چونکە نەیاندەتوانی بەرەوپێش بچن لە میحوەری قەڵاکان و ڕێگەی خەندەق و گەیشتنە هەر دوو باڵی ڕاست و چەپی هێزە پێشکەوتووەکانیان، دوژمان لێکدانەوەکانی خۆی بنیات نابوو لەسەر کەوتنی ڕێگای خەندەق لە بەیانی زوودا، وا وێنایان دەکرد قەڵاکانی خەندەق و ڕێگاکە لە کاتژمێرەکانی سەرەتای بەیاندا کەوتوون، بۆی ئەوەی گەیشتنی زەخیرە و پاڵپشتییە لۆجستیەکان بەسەلامەتی مسۆگەر بکرێ، لە دوورگەی مەجنونی باکور و باشور و باکوری خۆرئاوای کوشك و بەشێك لە

عەقیدە عێراقیەکە برۆیەکانی گرژ کرد و وتی: ئەی ئاگر پەرستینە، بۆ هەر یەکێکتان دە کەسی بەهێزمان دیاری کردووە لە هێزەکەمان و گیانفیداکانی سەدام، ئەگەر بمانزانیایە ژمارەتان تەنها حەفتا یان هەشتا کەسە، ئەوا ئەم قەڵایانەمان دەکردە دۆزەخ، دەمانتوانی تەنها چەند موشکەکێکتان لێبدەین، ئێمە هەڵخەڵتاین! ئێمە وێنای بوونی یەك لیوامان دەکرد، لە هێزە تایبەتەکانی خومەینی، لە کاتێکدا ئێمە تەنها شەڕمان لەگەڵ فەسیلێك دەکرد!

بینیم ئەم وشانە کاریگەریان هەبوو، لەسەر ڕوخساری هاوڕێیان، هەستیان بە پاڵەوانی و شکۆمەندی دەکرد. لە ناخمدا وتم ئەم شوێنەتان بە ئاگر بارانەکەتان کردبووە دۆزەخ، عەقیدەکە مرۆڤێکی دەمارگیر بوو، بە قین لە دڵی قسەی لەگەڵ دەکردین: ئێوە ئاگرپەرست و دوژمنی ئوممەتی محەممەد و عەرەبن، ناکرێ بەزەییمان بە ئاگرپەرستاندا بێتەوە! ئاماژەی بە گەمیە تێکشکاوەکانی کرد لە ڕێڕەوە ئاویەکەدا و وتی: ئێوە دەجاڵ و بکوژن، سەرۆکی سەرکردە سەدام، فەرمانی کردووە ئێوە نەکوژرێن، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی باشە و بەداخەوە پێویستمان بە ئێوەیە!

درکم کرد بەوەی بۆچی عەقیدەکە توڕە بوو، هاوڕێیانم بیست و شەش بەلەمی تێکشکاندووە لە ئاوەکانی خۆرهەڵاتی دوورگەکە، لە ڕاستیدا هاونەکانیان زۆربەی بەلەمەکانی وێستگەکەی بۆمبە باران کردبوو، تۆپ و هاوەنەکانمان لەکار وەستان، بەهۆی نەمانی زەخیرە، بەلەمەکانی وێستگە لە ناوچەیەك هەبوون هەرگیز گوللەکانمان پێیان نەدەگەیەشت!

---

تەڵائیەت لە ڕێگەی خەندەق، تاکە ڕێگە بوو کە ڕێگەی ئاوی هوری مەزن و ئاوەکانی دوورگەکانی مەجنونی دەبڕی.

یەکێك لە سەربازەکان هاتە پێش بۆ لای محەممەد سادق فەرد و ئاماژەی کرد بە گەمیە تێکشکاوەکان و جەستەکانی سەر تەنیشتی ساتری گڵین و وتی: تۆ وەك باوکمی! تۆ بکوژی باوکمی! پێم وابێ سادقی فەرد بە باوکی دەچوو!

ئەفسەری فڕۆکەوانی هەلیکۆپتەرەکە هاتە پێشەوە و تفی کردە نێو ڕووخساری سادقی فەرد، پێم وابێ ئەو وا وێنای دەکرد سادقی فەرد خاڵی هاوسەنگیەکەی ئەوی بە ئامانج گرتبوو. هاوڕێکانمان گوللەیان ئاڕاستە هەلیکۆپتەرەکە کردبوو، گوللەی دۆشکە و گرینۆف کلکی هەلیکۆپتەرەکەی پێکابوو، ئەم هەلیکۆپتەرە یەکێك بوو لەو چل هەلیکۆپتەرەی دوورگەی مەجنونیان موشەك باران دەکرد، پاڵەوانانمان توانیان ژمارەیەکیان بخەنە خوارەوە.

ئەم فڕۆکەوانە بێ نرخە تفی بە دەموچاوی محەممەد زیاددا کرد، محەممەد زیاد لە سروشتی خۆیدا بەرگەی ئەم سۆکایەتی پێکردنانە ناگرێ، زۆر بوێر بوو پێم وابێ ئەوپەڕی تواناکەی خەرج کرد بۆ زاڵبوون بەسەر هەستەکانی، بۆ پاراستنی گیانی هاوڕێیە دیلەکانی.

ئەفسەرێك بە پلەی لیوا هات، نەمدەزانی ئەرکەکەی چی بوو، کۆمەڵێك سەربازی لەگەڵدا بوو، سەیری دیلەکانی کرد، کەسێکی ڕێك بوو بەپێچەوانەوەی هاوڕێکانی، وشەی خراپی نەوت کە لایەنی ئەخلاقی بڕوشێنێ، قسەکەی دووبارە دەکردەوە ئێمە نەوەکانی عێراق دەکوژن، دواتر بە مردن هەڕەشەی لێکردین، کاتێك وتی: ئێوە شایستە مردنن، سەربازەکان تفەنگەکانیان سوار کرد، وەك ئامادەکاری بۆ گوللەباران کردن، داوایان لە لیواکە کرد مۆڵەتیان پێبدات بە کوشتنی دیلەکان، بەڵام وتی: پێویست بە کوشتنیان ناکات، سەرۆکی سەرکردە وتویەتی: ئێمە پێویستمان پێیان دەبێت، بوێری نییە دیلێکی دەست پێچراو بکوژین، ژنیش دەتوانێ ئەمە بکات، ئەگەر بەڕاستی چاونەترسن، ئەوا دەتانتوانی ئەم ئاگر پەرستانە بکوژن کاتێك دەستیان کراوە بوو و

بەلەمەکانمانیان بە ئامانج دەگرت، نەوەك ئێستا، ئێوە نەنگی بۆ سەر گەلی عێراقی مەزندا دەهێنن!

وشەکانی زۆر بە چاکی لە دڵمدا جێگیر بوون، بەڵام سەربازەکانیان واق ورمان بەهۆی وتەی سەرکردەکەیان، لیواکە قسەی کرد لەبارەی قەبارە و چڕی ئەو ئاگر و بۆمبانەی بەسەر سەری ئێمەیاندا دەباراند، هەزاران هاون و کاتیۆشا و کاتیۆشای مام ناوەند و تۆپی قورس و تۆپی دوور مەودای نەمسایی و کۆری، ئەمانە بە توندی قەڵاکانی خەندەقیان تۆپباران دەکرد، پێم وابێ دەیویست هێزی ماسۆلکەی لەشکرەکەی نمایش بکات کاتێك وتی: تۆپەکانمان ئەمڕۆ زیاتر لە سی هەزار بۆمبایان ئاڕاستەی ڕێگە و قەڵاکانی خەندەق کردووە!

وا دەردەکەوت لیواکە پابەندبووبێ بە پەیماننامەی ژنێف، سەبارەت بەوەی پەیوەست بوو بە دیلەکانی جەنگ، کاتێك بینیم چۆن قسە لەگەڵ سەربازەکانیدا دەکات، هەستم کرد دەیەوێ جەنگ بە جوامێری بێ، ئەفسەرێك بە پلەی ڕائید هاتە پێشەوە و سڵاوی سەربازی کرد و وتی: گەورەم! ئەم ئاگرپەرستانەی شایستەی ژیان نین! پێویستە زەوی لە بوونی ئەوان پاك بکەینەوە، ئەوان تەنها شایستەی مەرگن!

لیواکە بایەخی بە وتەکانی ڕائیدەکە نەدا، هەر کە لیواکە ڕۆیشت ئەوا ڕەفتاری توند دەستی پێکرد، هەندێك لە هاوڕێیانمان ڕیشیان هەبوو، کیسەیان خستنە سەر سەریان!

بەعسییەکان هەڕەشەیان لێکردین و داوایان لێ دەکردین تانە لە ئیمام بدەین، ئەمە کارێکی زۆر ناشرین بوو، دیلێك هەڵسایەوە و نەمدەناسی[1]، بە ڕائیدەکەی وت: ئێمە دیلی ئێوەین ئێستا، لە ئێران بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکانتاندا دەکەین،

---

(١) دواتر ناوی ئەوم زانی، محەممەد سار لەهی لە خەڵکی شاری بەهئیە.

ناچاریان ناکەن جنێو بە سەدام بدەن، ئێمە پێمان وایە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە، دەتوانن ئازارمان بدەن، ڕێگە لەمە ناگرین، بەڵام داوام لێ مەکەن جنێو بە سەرچاوەی لاسایی کردنەوە و شوێنکەوتن (تقلید)مان بدەین!

ئەم وشە کاریگەرانە بە هەوادا ڕۆیشتن، وەك ئەوەی ئاسنی سارد بکوتێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕوویدا، هەندێك لە سەربازەکان بەرەو لای ڕۆیشتن و دایانە بەر پێ لەقە، لە زگ و نێوچەوانیاندا، ڕائیدەکە جارێکی تر دەستی بە هەڕەشەکانی کردەوە و وتی: ئەگەر خۆتان گرتەوە لە جنێودان بە خومەینی ئەوا دەتانگەیەنین بە ئاگر!

حوسێن رادیان لە نێو ئێمەدا دیاری کرد و داوایان لێکرد جنێو بە ئیمام بدات! حوسێن ڕاد گەنجێکی بوێر و چاونەترس بوو، براکەی لە ڕۆژانی سەرەتای جەنگدا شەهید بوو[1]، بە ڕائیدەکەی وت: دەمرم و جنێو بە ئیمام نادەم، سەربازە توونددوتیژەکان بە قۆنداغە تفەنگ و پێ لەقە لێیاندا، دواتر لە هەموو دیلەکانیاندا، تەنانەت بریندارەکانیش لەم سزایە بەکۆمەڵە ڕزگاریان نەبوو.

بەعسییەکان هەموو پۆشاك و جلوبەرگی تازەیان برد، کێشمەکێش لە نێوان هەندێکیاندا ڕوویدا لەسەر ئەم شتانە، شەرواڵی کوردی و کراسی ڕەنگ کەسك و خاکی دوو گیرفاندار، باو بوو لەلای هێزەکانی بەسیج و پاسەوانی شۆڕش (پاسداران).

کاتێك من لە کوردستان بووم، زۆربەی پاسداران و بەسیجیم دەبینی ئەم پۆشاکەیان لەبەر دەکرد، کە سەرنجی عێراقییەکانی ڕاکێشابوو. عینایەتوڵا موستەففا پور لە پاڵمدا دانیشتبوو، چەند شوێنێکی ڕووخساری شین ببوو، ئەمەش بەهۆی لێدان بوو بەهۆی پۆستاڵەوە، مرۆڤێکی چاك و بەڕێز و پڕاوپڕ بوو لە پاکی، پێم وت: تۆ بۆ خەمباری، ئێوەی مەزن دەبێ مەعنەویاتی ئێمەی بچوك بەهێز بکەن!

---

(١) شەهید محەممەد عەلی راد دوای چوار هەفتە لە دەستپێکردنی جەنگ لە شاری خرمشهر شەهید بوو.

فرمێسك له چاوانیدا قەتیس ببوون و وتی: پێش چەند خولەكێك، عەقیدێكی بەعسی هات و پرسیاری كرد لەبارەی سەرۆكی ئەو فەسیلەی جێگیر ببوو له قەڵاكانی خەندەقدا، پێیان ڕاگەیاند كه سەركردەی فەسیل و یاردەدەرەكەی شەهید بوونه، عەقیدەكه پرسیاری لەبارەی لاشەكەیان كرد؟!

یەكێكیان ئاماژەی كرد به جەستەی جان محەممەد كەریمی سەرۆك فەسیلەی قاسمی كوڕی حوسێن و یاریدەدەرەكەی ئیبڕاهیم نویدی پور، عەقیدەكه فەرمانی به شوفێرێكی بەلەمەكان كرد گالۆنێك له بەنزین بهێنێ، شوفێرەكه ڕۆیشت و خێرا گالۆن بەنزینەكەی هێنا و ڕاوەستا له نزیك عەقیدەكه، عەقیدەكه فەرمانی كرد بەنزینەكه بەسەر لاشەی هەر دوو شەهیدەكەدا بكات، ئێمه بڕوامان نەدەكرد ئەم كاره دزێوه بكات، پێش نیو كاتژمێر عەقیدەكه فەرمانی كرد به سوتاندنی هەر دوو شەهیدەكه لەبەرچاومان.

پێش چەند ڕۆژێك وا بڕیار بوو، حاجی سەیفوڵا حەیدەر پور سەرۆك لیوای (٤٨ فەتح)شەهید جان محەممەد كەریمی بكاته سەرۆكی كەتیبەی سەیده زەهرا سڵاوی خوای لێبێ، جان محەممەد وتی من به سەرۆكی فەسیلی قاسمی كوڕی حەسەن دەمێنمەوه، تا كاتی هێرشی چاوەڕوانكراوی بەعسییەكان، ئەگەر بەزیندوویی مامەوه دوای ئەمه، ئەوا كەتیبەی سەیده زەهرا سڵاوی خوای لێبێ وەردەگرم، ئەندامانی كەتیبەكه چاوەڕوانی جام محەممەدیان دەكرد بۆ ئەوەی سەركردایەتیان بكات، بەڵام ئێستا تەنها لاشەیەكی سووتاو، چەند مەترێك دوور بوو لێمان.

عینایەتوڵا نەیتوانی زاڵ ببێ بەسەر فرمێسكەكانیدا، بەڵكو گریانی داباراند به جۆش و خرۆش و ناخ سوتانەوه، ئەو دەگریا له پێناو هاوڕێیه خۆشەویستەكەی حەمید فروزان پور، هێشتا ڕاكشرا بوو به دووری چەند مەترێك لێمانەوه.

عینایەتوڵڵا وتی: ویستم نێوچەوانی شەهید فروزان ماچ بکەم، بەعسییەك منی بینی و بەرەو لای من هات و بە قۆنداغی تفەنگەکەی لێیدام، کەوتە سەر لاشەی شەهیدەکە، چاوەکانی ئاگری لێ هەڵدەستا، لەبەر ئەوەی من نێوچەوانی شەهیدەکەم ماچ کردووە، یەکێك لە سەرپەرشتیاران کاتژمێرەکەی عینایەتوڵای بینی و لێی سەند، کاتژمێرەکە لە کار وەستابوو، بەهۆی بە یەکدادانەکانەوە، کاتێك زانی کار ناکات، بە پۆستاڵەکەی پێ لەقەیەکی لە کاتژمێرەکەیدا و لە دەم و چاوی عینایەتوڵایدا:

- بۆچی ئەم کاتژمێرەت خراپ کردووە؟
- پەکی کەوتووە لە بەیەکدادانەکاندا.

وایدەزانی عینایەتوڵا کاتژمێرەکەی لەکارخستووە، عینایەتوڵا وتی: ئەگەر بە مەبەست وام کردبایە، ئەوا فڕێمدەدایە نێو ئاو! وا دەردەکەوت قەناعەتی بە وتەکەی هات.

جارێکی تر هەمان پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس هاتن و وێنەگرەکان وێنەی دیلەکانیان بە دەستبەستراوەیی لە پشتەوەدەگرت[(١)].

بەعسییەکان وایان لە دیلەکان دەویست جنێو بە ئیمام بدەن لە کاتی وێنە گرتنیاندا، هەموو شێوازەکان بۆ ناچارکردنی دیلەکان بێ کەڵك بوون، وێنەی دیلە بریندارەکانیان نەگرت، ئەو کات هۆکارەکەم نەزانی، بەڵکو دواتر زانیم.

وێنەگرەکە بەدوای بابەتێکی دیاریکراودا دەگەڕا، یەکێك لە سەرپەرشتیاران و بە ڕاسپاردەی وێنەگرەکە هاتە لای تاج محەمەد عەلی پور، بە ڕای ئەو ناوبراو بابەتێکی

---

(١) فیلمەکە لە کەناڵە ئاسمانیەکان بڵاوکرانەوە، دانرابووە ژێر تۆڕی تەلەفزیۆنی ئێرانی، جگە لە خانەوادەکەم و خانەوادەی هەندێك دیلی بریندراری تر، هەندێك خانەوادە درکیان بەوە کرد منداڵەکانیان زیندوون و هێشتا لە خێوەتگەکانی بەعسیەکاندان.

گونجاو بوو، کە ساچمەیەکی بەر سەری کەوتبوو، پرچی سەری هەمووی ببووەوە خوێن، ئەم کەسە سەربازییە قەد باریك و بەرز بوو، مەتەرەکەی کردەوە و ویستی ئاو بەسەر سەری محەمەد تاجدا بکات.

بەعسییەکان تا ئەم کاتە، ئاویان پێنەدەداین، ویستیان دیمەنێك بۆ محەمەد تاج تۆمار بکەن، لە کاتێکدا سەری بۆ دەشۆن و لە خوێن پاکی دەکەنەوە، محەممەد تاج مەبەستی ئەوانی زانی، هەر بۆیە ڕێگەی بەوان نەدا دیمەنەکە تۆمار بکەن، ئەمەش سەربازە بەعسییەکەی توڕە کرد، بەخۆی و هەندێك سەربازی تر کە لەگەڵیدا بوون بە مشتەکۆڵە و پێ لەقە لێیاندا، یەکێکیان بە قۆنداغی تفەنگەکەی لە سەریدا، محەمەد تاج بە توانجەوە وتی: ئێوە لەو سەرە دەدەن کە دەتانویست بیشۆن.

دیمەنی خۆرئاوابوون لە دوورگەکە دڵتەنگکەر بوو، خۆر دەستی کرد بە هۆنینەوەی هێڵە پرتەقالی و زەردەکانی لە سەر ئاسۆکان، هەندێك لە هاوڕێیانمان تکایان لە عێراقییەکان کرد مۆڵەتیان پێ بدەن بۆ ئەوەی نوێژ بکەن، هەندێك لە بەعسییەکان ڕێگریان کرد، وا دەردەکەوتئەفسەرێك دیندار بێ، هاتە دەنگ و ئەوانی ڕازی کرد، بۆیە بەناچاری ڕازی بوون، ئەفسەرەکە فەرمانی کرد بە کردنەوەی کەلەپچەی دیلەکان، بەڵام هەر جارە و هی دە کەسیان، بۆ ئەنجامدانی نوێژ، ئا بەم شێوەیە هاوەڵانی تێکۆشان (جیهاد) یەکەم نوێژیان لە دیلایەتیدا کرد، تەیەمومیان دەکرد، دیلەکانی تر بێ دەستنوێژ گرتن دەستیان بە تەیەموم هەڵگرتن کرد، لە کاتێکدا دەستیان کەلەپچە کراوبوون، بۆ ئەوەی نوێژ بکەن بەر لە ئاوابوونی خۆر.

هزرەکان لە هۆش و مێشکمدا بەخێرایی دەهاتن، ئەوانم بیر هاتەوە لە دیمەنەکانی شەوی ڕابردوو، لە پاکژی و سوربوونیان لەم قەڵایانەدا.

ئای ڕۆژگار، تەنها بە چەند کاتژمێرێك گشت ئەم دیمەنە جوانانە توانەوە، ئێستا پرچ ئاڵۆز و ڕووخسار تۆزاوی، دیلی دەستی بەعسییە توونـد و تیژەکانن، دڵم بەهۆی ئازاری ئەم دیمەنانەوە، خەریك بوو لەت دەبێ.

چاوەکانم بە دەوری ڕووخسارانی هاوەڵانم دەهاتن و دەچوون، سیماکانی ماندوێتی و شەکەت بوون و خەفەت بەسەریاندا دیار بوو، هەستم کرد ئەوان هێشتا ئەم لێدرانە لەناکاوەیان قبوڵ نەکردووە؛ بڕوایان نەکردووە کۆتاییەکەیان بەم شێوەیە خەفەتبارە.

لەپێناو ڕەوانەکردنی دیلەکان بۆ هێڵەکانی پشتەوە، شۆفەرە عێراقییەکان ماندوو بوون، بە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان قەڵاکانمان و هێڵەکانیان، کە نزیکەی پەنجا مەتر لێیان دوور بوو، قەلابەکان گڵیان دەگواستەوە و بەسەر ئەم کەلێنەیاندا دەکرد.

عەلی محەمەد کورد لو دواتر وتی: ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کاتێك ئێمەیان گواستەوە لە قەڵاکانی بەیتی لەهی بۆ ڕێگای گڵی کە دەچووە (ئەلکرام)، لەو کاتەدا شۆفەرە عێراقییەکان خۆڵیان بە سەر لاشەی سەربازە کوژراوەکانیاندەکرد، لە ڕێگاکەی پشت قەڵاکە، ئەمە زۆر سەروسوڕهێن بوو سەبارەت بە من، بۆچی جەستەی شەهیدەکانیان نابەنە هێڵەکانی پشتەوە و بۆچی بەم ڕێگایە ڕیسوایە دەیانێژن؟!(1).

---

(١) لە هاوینی ١٩٩٩ز گەشتم کرد بۆ ئابادان، لەگەڵ ئەندازیار ئەسەدوڵا ئەسەدیان، بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی وزەی کارەبایی لە پارێزگای خوزستان، بەهەمان شێوە ریزا دارابی سەرکردەی بەسیج لەم کۆمپانیایە لەگەڵماندا بوو.

سیاوەش قوربانی بەڕێوبەری کارەبای شارەدێی (ئابادن و خرمشهر) ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاینەوە: ئێمە هەڵدەستاین بە دابینکردنی کارەبای مەخفەری عێراقی لە شلمجە، پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سەربازە عێراقییەکان زۆر چاك بوو، ڕۆژێکیان کۆمەڵەی بەدواداگەڕانی ونبوان و شەهیدان ڕوفاتی ژمارەیەك شەهیدی پڕۆسەکانی کەربەلای پێنجی دۆزیەوە، کۆمەڵەکە لە کاتی کارەکەیدا لەم ناوچەیەدا نزیکەی ڕوفاتی چل سەربازی عێڕاقی دۆزیەوە، کە لەم کردە و پڕۆسانەدا کوژرابوون، کۆمەڵەکە هەڵسا بە دەرهێنانیان و دانەدەست مەخفەری عێڕاقی لە شەلمجە، لە سنووری ئێراندا هێزەکانی پاسەوانی شۆڕشی

پردی گوێزەرەوە دانران، دیلەکان لە کەرتێکدا ڕێکخران، بۆ ڕۆیشتن بەرەو لایەکی تری قەڵاکە، ئەو ئوتۆمبێلانەی گڵیان دەگواستەوە، ئامادەبوون بۆ گواستنەوەی ئەو دیلانەی دەستیان کەلەپچە کرابوو، دەترسان لە هەڵاتنی هەندێکیان بە خۆ هەڵدانە نێو ئاوەکە، بۆیە بەر لە کردنەوەی دەستەکانیان پێیەکانیان دیلەکانیان بە یەکترەوە گرێدا.

ئەفسەرەکە پرسیاری کرد: کامتان مەلەوانی دەزانێ؟ هەندێك لە دیلەکان بێ ئەوەی مەبەستی ئەفسەرەکە بزانن وتیان: ئێمە!

ئەفسەرەکە فەرمانی کرد بە بەستنەوەی پێی ئەوان پێش ئەوانی تر و چاودێری کردنیان.

شۆفەر هەڵسا بە گواستنەوەی دیلە بەستراوەکان و فڕێدانیان بۆ نێو توتۆمبێلەکان.

---

ئێرانی (سوپا) لە شەلجە هەڵسان بە دانانی ڕوفاتی شەهیدەکان لە نێو تابوتی پێچراو بە ئاڵای ئێرانی و ڕازاندنەوەی بە گوڵی لالە و شەقائق و گواستنەوەیان بۆ شارەکان بە ترێلە و ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی پێشوازی کردن و ناشتنیان، ڕێزلێنان و بەخکسپاردنیان لە گۆڕستانی شەهیداندا لە شارەکانیان، بەڵام لە لای عێراق، عەقیدە عێراقیەکە لە مەخفەرەکە فەرمانیدا ڕوفاتەکان فڕێ بدرێنە نێو چاڵێك لە پشت مەخفەرەکە و خوڵی بەسەردا بکرێ.
پرسیارم لە عەقیدە عێڕاقیەکە کرد کە لە شاری بەسرە ڕەوانە کرابوو: بۆچی ڕوفاتی جەنگاوەرە کوژراوەکان ڕادەستی خانەوادەکانیان ناکەنەوە بۆ ئەوەی لە شارەکانیاندا بیانێژن؟!
عەقیدە عێڕاقیەکە بە گاڵتەوە لێوەکانی گەست و وتی: مێژووی بەکاربردنیان بەسەرچووە، لەوانەیە گواستنەوەی ڕوفاتەکانیان ببێتە هۆی سەختی و ماندوێتی بۆمان، چونکە دیمەنەکەی جەنگمان بیر دەخاتەوە؛ پێویستە لێرەدا بنێژرێن.
عەقیدە عێڕاقییە سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی، بەهۆی بینینی سەدان ئێرانی کە بە بەردەوامی دێنە شەلجە، ئایا دەبێ بۆچی دێنە ئێرە؟!

ویژدانی یەکێك لە ئەفسەرەکان جوڵا، بۆیە فەرمانی کرد بە کردنەوەی پێی دیلەکان، ئا بەم شێوەیە هاوەڵانمان لە قەڵاکاندا جێگیر بوون لە توتۆمبێلەکاندا، بۆ گواستنەوەیان بۆ هێڵەکانی پشتەوە.

حوسێن ڕاد و محەممەد سار لەهی و ئەوانی تر ویستیان، ئێمە لەگەڵ ئەواندا بگوازرێینەوە، هەندێکمان دەستەوەسان بووین لە ڕۆیشتن، ویستیان بمانگوازنەوە، ئەفسەرێك بە تووڕەییەوە هاواری بەسەر حوسێن ڕاددا کرد و وتی: بگەڕێوە! حوسێن بە تووڕەییەکەی خۆی وتی: ئایا بریندارەکان نەگوازینەوە؟ ئەفسەرەکە بە توندی هاواری کرد: پەککەوتووەکان لێرەدا لێرە دەبن، ئەو درکی دەکرد کە پێکراوەکان لێرە دەمێننەوە!

حوسێن و محەممەد ڕۆیشتن، دوودڵی بە ڕوخساریانەوە دیار بوو، هەراسان ببوون، چونکە عێراقیەکان ڕێگەیان نەدا ئێمە لەگەڵ خۆیاندا ببەین؛ زیاتر هەستمان بە نامۆیی کرد، حەزمان دەکرد لەگەڵ هاوڕێیانمان بووباین، چارەنووسمان نادیار بوو، نەماندەزانی چیمان بەسەر دێت، شەش کەسمان ماینەوە، عێراقیەکان خەیاڵیان ئاسودە بوو سەبارەت بە ئێمە، چونکە ناتوانین بڕۆین چ بگاتە ئەوەی ڕا بکەین.

کات لە دەوری کاتژمێر دە و نیو بوو، ئێمەیان گواستەوە بۆ یەکێك لە شوێنە کۆنکرێتیەکانی سەرووی قەڵاکە، ئەم شوێنە شەوی ڕابردوو شوێنی حەسانەوەی شەهید جان محەممەد و کەریمی و ئیبراهیم نویدی پور و ژمارەیەك کەس بووین لە تاکەکانی فەسیلی قاسمی کوڕی حەسەن، ئا ئەوەتا ئێسقانەکانی هەر دوو شەهیدەکە کەریمی و نوەیدی پور بوونەتە خۆڵەمێش و دە مەتر لێمانەوە دوورن، لە ژێر گڵی قەڵای خەندەقە، ئێمەی دیل دەستمان بەستراوەتەوە لە ژێر بەزەیی بەعسییە توندەکاندا.

ئێمە شەش کەس بووین: سەید عەلی ساڵح رایگان[1]، سەید محەمەد شەفاعەت منش[2]،خوداخواست پزیشك[3]، هجیر ئابسواران[4]، ئەحمەد سەعیدی[5] و من.

سەید عەلی ساڵح خەڵکی دهدشت و یاردەدەر بوو لە سەرکردایەتی کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا "سڵاوی خوا لێبێ") دەستی ڕاستی لە دەستداوە لە پرۆسەکانی کەربەلای چوارەمدا، من برادەری براکەی بووم، وەلی محەمەد کە گەنجێکی پارێزکارە و پێداهەڵدان و میراتی ئاینی دەخوێنێتەوە، من لەگەڵ عەلی ساڵح لە هەمان پرۆسەدا کە دەستی لە دەستدابوو، ئەخلاق نەرم و نیان بوو، خێر خۆشەویستیەکەی دەهاتە ناو دڵی ئەوانەی پێی دەگەیشتن یان کاریان لەگەڵ دەکرد، هاوڕێیانی نازناوی پشتێنەی لیوایان پێبەخشیبوو.

سەید محەمەد شەفاعەت منش خەڵکی کهکیلویە و سەرۆکی کۆمەڵەیەك بوو لە کەتیبەی ئیمامی عەلی سڵاوخوای لێبی، قاچی چەپی پێکرا، زۆر بوێر بوو، ئەخلاق نەرم و نیان بوو، حەزی لە گاڵتە دەکرد، دەموچاو و هەندێك بەشی جەستەی سوتابوو، بەهۆی تەقینەوەی دەبابەیەکی ڕووسی، کە دروستکراوی ڕوسیا بوو، پێنج مەتر لە دووری ئەو. براکەی سەید خودایار لە کۆتاییەکانی شوباتی ساڵی ١٩٨٤ز لە ناوچەی تەڵائیەت کۆچی دوایی کرد، کە قوتابی زانستە ئاینیەکان بوو.

---

(١) سەید عەلی رایگان دوای گەڕانەوە بۆ نیشتمان بووە سەرۆکی دامەزراوەیی فیداکاران لە شاری کهکلیلویە.

(٢) سەید محەمەد شەفاعەت منش ئێستا کار دەکات لە سوپای هۆزەکان لە پارێزگای کهکیلویە و بویر ئەحمەد.

(٣)خوداخواست پزیشك کار دەکات لە بەسیجی قوتابیاندا لە هێزەکانی سوپای پاسداران اە شاری بویر ئەحمەد.

(٤) عادل هجیر ئابسواران دوای گەڕانەوە لە لەندەن بۆ کارەکەی لە سوپای پاسداراندا.

(٥) ئەحمەد سەعیدی، ئێستا لە سوپای پاسداراندا کار دەکات، لە دوای گەڕانەوەی لە شاری کهکیلویە.

خودا خواست پزیشك، خەڵكی بویر ئەحمەد بوو، لە زگ و قاچی پێكراوە، عێراقییەكان وا وێنایان كرد ئەو پزیشك بێ، ویستیان ناوی ئەو بخەنە نێو لیستی پزیشكە دیلەكان، بەڵام ئەو جەختی كردەوە تەنها نازناوی پزیشكە و كاری ئەو پزیشكی نییە.

هجیر ئابسواران، خەڵكی شاری سوق بوو، لە پارێزگای كهكیلویە، ساچمەیەك بەر لاقی ڕاستی كەوتبوو، نەیدەتوانی بڕوات، ئەمەش لە كاتی هێرشی پێچەوانە بوو، كە دوژمنی بەعسی ئەنجامیدا، لە شوێنی بۆسەكاندا، لە ناوچەی پێشەوەی بەرامبەر قەڵای خەندەقەكە، بەڵام بۆسە (كەمین)ە بەعسییەكە، یەكێك لە دەبابە سوتاوەكانی كردبووە شوێنی خۆی، هێزەكانمان لە پرۆسەكانی بەدردا ئەم دەبابەیان سوتاند بوو.

ئەو ماوەیەی ئێمەی جیا دەكردەوە لە بۆسەی بەعسییەكە، نزیكەی پەنجا مەتر بوو، كە پێكهاتوو لە زەلكاو.

لە دەوروبەری كاتژمێر چواری بەیانی هجیر پێكرا، هاوڕێیانی ئەویان ڕاكێشا هەر بەیانیەكەوە بۆ لای دەروازەی یەكێك لە شوێنەكان لە قەڵاكاندا، هجیر دوازدە كاتژمێر بەرگری هاوڕێیانی بینی لەوەتەی كاتژمێر چواری بەیانیەوە تا چواری ئێوە.

جابر كەریمی وتی: هجیری توانای ڕۆیشتنی لەدەستدا، مەخزەنی هاوڕێكانی پڕ فیشەك دەكرد.

ئەحمەد سەعیدی، بەهەمان شێوە خەڵكی شاری سوقی سەر بە پارێزگای كهكیلویە بوو، ساچمەیەك بەر زگی كەوتبوو، ڕیخۆڵەكانی هاتبوونە دەرەوە، بەڵام هاوڕێیانی پاڵیاننابووەوە بۆ ژوورەوە، بە پارچەیەكی قوماش پێچابوویان.

سەید ساڵح هەوڵی لەگەڵ عێراقییەکان دەدا، کە دەبێ ڕێگە بدرێ بە ئێمەی نوێژ بکەین، دەستەکانمانیان کردەوە، نوێژی شیوان و خەوتنان (مەغریب و عیشا)مان کرد، بەهۆی ناپەسەندی نوێژ کردن بەرامبەر ویچنە، خوداخواست ویستی وێنەی سەدام لەسەر دیوارەکە دابگرێ، سەربازەکە کە چاودێری ئێمەی دەکرد لەلای دەرگای شوێنەکە ئەوی بینی، مەخزەنی تفەنگەکەی هێنایە خوارەوە و لەسەر خوداخواستی دا، لەگەڵ ئەوەی سەربازەکە لە زمانی فارسی نەدەگەیشت، خوداخواست پێی وت: دەمانەوێ نوێژ بکەین، ئەم وێنەیە قەرزەکانمان بیر دەخاتەوە، سەربازەکە هاتە ژوورەوە و وێنەکەی بە شوێنی خۆیەوە هەڵواسی، ناچار بووین خۆمان بە دیواری شوێنەکەوە بنوسێنین و بەم شێوەیە نوێژمان کرد، بەعسییەکان دەیانویست ناسنامەی سەید عەلی ساڵ بزانن، دەبێ چی لێ بکەن، لەکاتێکدا ئەو بە یەك دەستە؟! بەهۆی زاناخوازیەکەی هەندێك وا گومانیان دەبرد ئەو سەرکردەیەکە.

سەید عەلی ساڵح بە هاوڕێکانی وت: ئێوە چاك من دەناسن، بەڵام ئەوان هیچ شتێك لەبارەی منەوە نازانن، ئەگەر لەبارەی منەوە پرسیارێکیان لێکردن، بڵێن ئەو پاسدارێکی ئاساییە، بەرپرسیارێتی سەربازیم مەدرکێنن!

لە کۆتایی شەودا، دوو کەس لە دووڕووانی (موجاهیدینی خەلق)ی بەعسی هاتن، شەش شەش دیلەکانیان دەبرد و پرسیاریان لێدەکردن، هاودەمی بەعسییەکان بوون لە هێرشی ئەمرۆدا، یەکێك لە بەعسییەکان وەك تانەدان لێمان وتیان: ئەمانە عێراقی نین، وەك ئێوە ئێرانین و لەگەڵتاندا دەجەنگن!

مەبەستەکەی تێگەیشتم، وتم: شتێکی ئاساییە، تێکۆشەرە عێراقییەکان لە فیرقەی ٩ بەدر شەڕتان لەگەڵ دەکەن، هەر مرۆڤێك لە پێناو ئامانجێك دەجەنگێت!

ئەم بەکرێگیراوە دوورِوانە لە ڕێگەی خەندەقدا (سەید فازڵ فازڵیان)یان لە ڕێگای خەندەقدا بەدیل گرت، سەید فازلیان تاکە پاسدار بوو، کە دوای بەدیلگرتنی توانی هەڵبێت و خۆی فرِێبداتە نێو ئاوی دوورگەکە و لە قەڵاکانی خەندەقدا بچێتە دەرەوە، نۆبەت گەیشتە سەید عەلی ساڵح، ئەفسەرە بەعسییەکە گومانی هەبوو سەبارەت بەم ئەسیرە دەستبڕاوە، لەگەڵ ئەوەی پێکرانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵ و نیوێك، ئەو خرانە نێو قەڵاکانی خەندەقەکەدا کەس نەیدەزانی بۆچی ئەویان لێ هێشتبووەوە، لەگەڵ دیلەکانیش ڕەوانەیان نەکرد، بەعسییەکان دڵنیابوون لەوەی بەرپرسن! شتێکی نا ژیرانەیە کەسێکی ئاسایی خاوەن یەك دەست هەبێ لە هێڵەکانی پێشەوە، ئەگەر پلەیەکی بەرزی نەبێ؟! لەوانەیە وتبێتیان لە ناخی خۆیاندا، ئەگەر بە یەك دەست بێت، کەواتە بە ژیری و عەقڵیشی کار دەکات!

کەواتە پێشبردنی ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوا ڕێککەوتبووین لەسەر پێدانی یەك جۆرە زانیاری، ئەو سەربازەی چاودێریمانی دەکرد لە کاتێکدا ئێمە چرپە چرپمان دەکرد، درکی بەوە دەکرد ئێمە لەبارەی شتێکی گرنگەوە قسە دەکەین، ڕوانینە وردەکانی گومانی لە ناخمدا وروژاند، ئایا دەبێ فارسی بزانێ، سەید عەلی ساڵح پێشنیازی کرد ڕاستی لەبارەی ئەوەوە بڵێین سەبارەت بەوەی ئەو لە پاسدارانە، بەڵام سەرکردە نییە، ئەگەر پرسیارمان لێکرا لەبارەی هۆی دەستبڕانەکەی، وەڵامەکە بەم شێوەیە بێ کە دەستی بڕاوە لە ئاشەکە، دوای ئەوەی پەتی لێ دەپێچا.

پێشبینی سەید عەلی ساڵح لە شوێنی خۆیدا بوو، پرسیار لە هەمووومان کرا لەبارەی ئەمەوە، وەڵامەکە یەك شت بوو، بەڵام سیماکانی ڕووخساری بەعسییەکان ئەوە ناگەیەنێ ئەم گێڕانەوەیان بڕوا کردبێ، زۆر بایەخیان دەدا بە زانینی ناسنامەکەی.

کاتەکە دوای نیوە شەو بوو، پێڵوەکانمان بە یەکەوە نەنابوو، شەرواڵەکەم لەو شوێنەوە دڕاند کە ساچمە کونی کرد بوو، دەمویست برینەکەم بپێچم، کراسێك لەو

شوێنە بوو، بەکارم هێنا وەك پێچەر، برینی ڕانەکەم زۆر قوڵ بوو، بوڵام چیتر ئازاری نەدەدام، سەید عەلی ساڵح لە بیرکردنەوەدا قوڵ ببوەوە، ڕوانینەکەی لەسەر یەك خاڵ چڕ ببووەوە، درکم بەوە کرد کە لە ناخیدا دەوروژێ، بێ دەنگیەکی ترسێنەر لە ئاسمانی شوێنەکە زاڵبوو.

شوێنەواری واق ورمانەکە لە ناخماندا هەر مابوو، سەخت بوو بڕوا بەوە بکەین کە ڕوویداوە، چارەنووسی دوورگەی مەجنون بەم شێوە خەفتاویە بێ، چەند هزرێکم بۆ هات سەبارەت بەوەی هەندێك کەس لەوێ بووبن و ئێمەیان سەرشۆڕ کردبێ و بەجێیان هێشتبین، بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی ئەم چارەنووسە ببینەوە، سەید عەلی ساڵح سەرزەنشتی خۆی دەکرد و زۆر قسەی لا بوو، بەرپرسیارێتی دەخستە ئەستۆی خۆی، لەوەی هێزەکانی کەوتوونەتە ناو دیلایەتیەوە، سەید عەلی ساڵح و هجیر و خوداخواست و ئەحمەد بە دیلگیرابوون لە قەڵاکاندا، زۆر خولیای زانینی ئەوەیان هەبوو کە ڕوویداوە لە ڕێگەی خەندەقەکە، قسەم بۆ سەید عەلی ساڵح کرد لەبارەی ڕێگای خەندەقەکە، لەگەڵ ئەو پاڵەوانێتی و نەبەردیانە نوێنران، ئەویش هەوڵی پێدام لەبارەی جوامێری و پاڵەوانێتیەکانی برا و هاوڕێیانی[1] .

---

(١) ئاگربارانی دوژمن لە کاتژمێر سێ و دە خولەکی بەیانی دەستی پێکرد، خێرا پەیوەندی و هەواڵدانمان لە نێواندا پچڕا لە قەڵاکانی خەندەق و سەرکردایەتی میحوەردا، بارەگای لیوا کە لە دوو ڕیانی میحوەر بوو، توانی بوو دوایین وتەکانی سەید عەلی ساڵح وەربگرێ، بەعسییەکان توانیبویان دزە بکەنە نێو لەرەکانی ئامێری بێ تەل و بە یارمەتی هێزەکانی دووڕوو، قسەیان دەکرد لەگەڵ سەید ساڵح بە فارسی و عەرەبی و لۆری بەختیاری، لە دەوروبەری کاتژمێر شەش کەم چارێگ سەید شوکرولا واهبی زادی سەرۆکی کەتیبەی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بانگی سەید عەلی ساڵحی کرد و داوای لێکرد بچێتە قەڵاکانی بەیتی لەهی و چراغچی و ڕێکخستنی فەسیلی (ئیمام سەجاد "سڵاوی خوای لێبێ") و (ئیمام حەسەنی موجتەبا "سڵاوی خوای لێبێ") و سەرکردایەتی کردنیان بە گوێرەی بارودۆخی هەنوکە، سەید عەلی ساڵ بە شێوە زارێکی خۆشەویست وتی: (بەفیداکاریەوە بۆت دەچم) تۆ بڕۆ و من لێرە دەمێنمەوە، لەگەڵ هاوڕێیانم و زیاتر لەگەڵیان دەگونجێم لەوانی تر، نامەوێ بە هەموو دونیا

بیانگۆڕمەوە، ئەگەر لەسەریان نووسرابێ بمرن لێرەدا، ئەوا مردنم لەگەڵیاندا پێخۆشە. لە کاتی دەر چوونی لە قەڵاکان بانگی واهبی زادە جان محەمەد کەریمی کرد و سەید نەیدەویست هەواڵی شەهیدبوونی جام محەمەد کەریمی بە واهیبی زادە بدات، چونکە زۆری خۆشدەوست.

زۆرێك ئەو خۆشەویستیە قوڵەیان دەزانی، کە هەبوو لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندیە بۆ چەندین ساڵی پێشتر دەگەڕێتەوە، جان محەمەد گیانبەخش بوو پڕ بە مانای وشە، ئەمە بۆ واهبی زادە مایەی فەخر و شانازی بوو، بۆ ماوەی دوو هەفتە وەك دیل کەوتە دەست حیزبی کۆمەڵە لە کوردستان، بە زیرەکیە زۆرەکەی توانی ڕا بکات.

واهبی زادە بە جۆرێك لە تووندی هاواری بەسەر تاج محەمەد عەلی پور کرد:

- ئایا داوای هاتنی جان محەمەدم نەکرد؟!

تاج محەممەد دەنگی نزم بە سەید عەلی ساڵحی وت: چی بکەم؟ چی بە واهبی زادە بڵێم؟!

سەید عەلی ساڵح دەستپێشخەری کرد و بە واهبی زادەی وت ئارامبە! خۆت مەشڵەژێنە جام محەمەد و ئیبڕاهیم شەهید بوونە، هەر کە واهبی زادە هەواڵی شەهید بوونەکەی بیست، دانیشت و وا هەستی کرد پشتی شکاوە، چیتر نەیتوانی بەپێوە ڕابوەستێت!

سەید عەلی ساڵ وتویەتی: کاتێك هەواڵی شەهید بوونی جان محەمەد و ئیبڕاهیم بە واهبی زادەدا!!!

کاریگەریەکەی وەك کاریگەری هەواڵی شەهیدبوونی حەسەن باقری بوو لەسەر موحسن ڕەوایی، هەستم کرد پشتی شکاوە، واهبی زادە یاریدەدەری خۆی لەدەستدا لە سەرکردایەتی کرندا، لە سەختترین بارودۆخودا.

لە دەوروبەری کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی، واهبی زادە سەرکردایەتی کردنی فەسیلی قاسمی کوڕی حەسەنی ڕاسپارد بە سەید عەلی ساڵح و ئەرکی دووبارە ڕێکخستنەوەی فەسیلەکەی بەو سپارد، لە قەڵاکاندا ڕۆیشتە دەرەوە لە ژێر ڕێژنەیەك لە گوللەدا.

واهبی زادە لە ڕێگاکەیدا بوو بۆ لای تاکەکانی فەسیلی ئیمام حەسەنی موجتەبا سڵاوی خوای لێبێ، کە جێگیر ببوون لە قەڵانی پشتەوە، لە کەناڵەکەدا سەرنجی بوونی بەعسیەکانیدا.

دوژمن لە ناوچەکدا پاڵنرابوو لە نێوان هەر دوو فەسیلی یەکەم و دووەمدا، بەعسیەکان ڕومانەی دەستیان تێیدەگرت، بەم هۆیەوە بریندار بوو، سەربازەکان هەڵیانگرت و نەیانهێشت دوژمن بەدیلی بگرێت، کە هەلێك بوو بۆ ئەوەی بەعسییەکان ئەم سەرکردە زیرەکە بەدیل بگرن، واهبی زادە پەیوەندی کرد بە سەرکردەی فەسیلەکانەوە و ڕێڕەوی ئاویەکەی گرت، کە دەچێتە چراغچی، بەڵام لە ڕێگادا گەمارۆ درا، درکی کرد ئەمە کۆتاییە، دەستەکانی بەرز کردەوە و خۆی ڕادەستی چارەنووس کرد، لەم ساتانەدا تۆپباران زۆر چڕ بووەوە بۆ سەر ئەم ناوچەیە، واهبی زادە تەپ و تۆز هەڵسانەکەی قۆستەوە و خۆی فرێدایە نێو ماتۆر ترێل نزیکی و بە دەستە برینداەکەی توانی ڕابکات و بەرەو چراغچی بڕوات، دواتر بگەڕێتەوە بۆ (سە راه محور).

سەرکردەیەکی بیر ڕوناك بوو، بە زیرەکی کەتیبەکەی بەڕێوەبرد لە سەختترین بارودۆخەکانی بریندارردا، سەرباری بریندارپوونی سەرکردایەتی پرۆسەکانی بەرگری و خۆڕاگری دەکرد، دوایین پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەید عەلی سالح لە دەوری کاتژمێر نۆی بەیانی بوو، سەید عەلی شیعرە جەماوەرییە جوانەکانی دەوت، کە بە جۆش و خرۆش بوون بۆ پاڵشتی کردنی هاوڕێیانی، واهبی زادە داوای لێبوردنی لە سەید عەلی کرد بەهۆی ئەوەی ناتوانێ هیچ شتێك بكات بۆ ڕێگە گرتن لە دیل بوونی سەربازەکانی لە هەر کاتێکدا بێ، عەلی خەریك بوو بگریەت، پێی وت: هەرگیز لە خۆم خۆشنابم، ئەگەر توانای ئەنجامدانی کارێکم هەبووبێ نەشیکەم. تا دوایین سات سەرکردایەتی سەربازەکانی دەکرد، پێش ئەوەی لەهۆشخۆی بچێ، ئەو بڕینەی هاوڕێیانمان ئەنجامیان دابوو لە پشت قەڵاکانی خەندەق وایکرد بوو هاتنە ناوە و چوونە دەرەوە لە قەڵاکان ئەستەم بێ، لە شەوی ڕابردوو بە مادەی تی ئێن تی پشتەوەی قەڵاکان تەقێنرایەوە، ئەم پچڕانە وای کرد ئاو لە شەتی عەلیەوە بچێتە دوورگەی مەجنونی باکور و باشور، ئەمە پلانی سەرکردایەتی بارەگا بوو بۆ بڕینی ڕێگەی پشت قەڵاکانی خەندەق، ئەمە بڕیارێکی سەخت و لە هەمان کاتدا ستراتیژی بوو، چونکە قەڵاکان ئەگەر بکەونە دەست دوژمن، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگاکە کراوەبێ بۆ دەبابە و زرێپۆش و ئامێرەکان بۆ ڕۆیشتن بەرەو هوبزە و بسنان و سەربازگەی حەمید و ساتۆی ناوچەکانی (دشت ئازدگان) لە توانای کەسدا نابێ بیانوەستێنێ.

ئەو کونەی هاوڕێیانمان لە ڕێگاکەدا دروستیان کرد چەند مانگێکی دەوێت بۆ پڕ کردنەوە، پێویستە سەد ئوتۆمبێلی کۆمپیرێسەر بهێنرێن بۆ ئەوەی بەشەو و ڕۆژ کار بکەن تا بتوانن ڕێگە بڕی ئەم ڕێگرانە بشکێنن و ڕێگاکە چاك بکەنەوە، ئەو کاتە بە درێژایی سەد کلیۆمەتر لە دوورگەی مەجنون تێکەڵەی بەردی بچوك و مەن بەدی ناکەی، کە شایستە بن بۆ ئەم کارە، تاك ڕێوشوێن کە دەکرێ دوژمن بیگرێتەبەر بۆ تێکدانی کەلێن و کردنەوەی ڕێگاکە، ئەوەبوو هەڵبستێت بە نقوم کردنی دوو سەد ئوتۆمبێل قورس و بەیەکەوە بەستنەوەیان بە درێژایی ڕێگای پچڕاوەکە، دواتر گڵ بەسەردا کردنی.

بڕیاری تەقاندنەوەی ڕێگاکە، بڕیارێکی زۆر ڕاست و نایاب بوو، هەلێکی زێڕینی لە دەست دوژمندا، ڕێگەی گرت لە دەبابە و ئامێر و زرێپۆشەکان و داگیرکردنی ناوچە فراوانەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە مەرگەساتی دروستکرد بۆ سەدان پاڵەوانی قوربانیدەر، خۆیان بە تەنها و گەمارۆدراو بینی لە نێو قەڵاکانی خەندەقدا، دوای تەقاندنەوە قەڵاکانی خەندەق بوونە دوورگەیەکی بچوك، لە نێو ئاوەکانی دوورگەی مەجنون، ڕاستە تەقاندنەوەکە ڕێگەی گرت لە دوژمن و پێشکەوتنەکەی ئەوی وەستاند لەم خاڵەدا، بەڵام لەلایەنی هەست و سۆزەوە مەرگەستانی نایەوە بۆ دەیان جەنگاوەر. لە ڕاستیدا بڕیارێکی سەخت بوو، وای لە واهبی زادە کرد داوای دەست لەکارکێشاوە بکات لە سەرکردایەتی کەتیبەتی حەزرەتی پێغەمبەری خوا، پێشتر ڕەخنەی لە فەرماندەی لیوا گرتبوو و وتبووی: بە

بەسەرهاتی هاوەڵانمان لە خەندەقەکەدا، چیرۆکێکی تاڵ و ئازار بەخشە، پرسیاری زۆر و مەندەهۆشکەر هەبوون، بۆچی تۆپهاوێژەکانمان شکستیان خورد، ئاگری پشتیوانی پێویست بوو کاری خۆی بکات، بۆچی پشتیوانە سەربازیەکان نەگەیشتن؟ بۆچی زەخیرە و عیتادیان ڕەوانەکرد؟ بۆچی گەمارۆیەکەیان نەشکاند؟ بۆچی لە میحوەری شەتی عەلی کارێکیان نەکرد بۆ پاراستنی هاوڕێیە گەمارۆدراوەکانیان؟ بۆچی ئەنجامی دوورگەی مەجنون بەم شێوە خەمبارە دەبێ؟ دەیان پرسیاری تر.

هاوڕێیانمان زۆر جوامێرانە جەنگان، بە هیوای شکاندنی گەمارۆیەکە بوون، یان گەیشتنی پاڵپشتییەکان، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد بەدیل بکەونە دەستی دوژمن، سەید عەلی ساڵح وتی: ئەگەر ئێمە بمانزانیایە هاوڕێیانمان گەمارۆیەکە ناشکێنن،

---

بڕینی ڕێگاکە بەخۆمان هاوەڵانمان گەمارۆ دەدەرێین، دەچمە قەڵاکانی خەندەق نەوەك بەو سیفەتەی سەرۆکی کەتیبەم، بەڵکو وەك نیشانەشکێن و قەناس بەدەستێك، دەستوەردانی سەرکردەی میحوەر عیوەز شیهابی فر بووە هۆی ئەوەی واهبی زادە دەستلەکارکێشانەوەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

دوژمن دەستی بەهێرش کردووە لە سێ میحوەردا، دوژمن دەستی بەهێرش کرد بوو لە سێ لایەوە، واتە لای چەپی قەڵاکان پێکهاتبوون لە قوڕو و لیتە، بەلەمەکانیان نەیاندەتوانی جوڵەی تێدا بکەن،، هەر بۆیە هەندێك لە بەلەمەکانیان وەستان لەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان ڕێگەی خەندەق و دوورگەی باشور و باکور، ماوەی نێوان ئێمە و دوورگەی مەجنونی باکور نزیکەی دوو کیلۆمەتر و نیو بوو، هەر بۆیە سەربازانی دوژمن هەڵسان بە بەجێهێشتنی بەلەمەکانیان و ڕووکردنە ڕێگای خەندەق، ئەمەش ماوەی یەك کاتژمێری خایاند، لەوێوە دەستیان بە هەڵمەتەکەیان کردەوە بە ئاڕاستەی ئێمە.

هاوەڵانمان لە قەڵاکانی خەندەقدا لە دۆخێکی دڵ تەزێندا بوون، بارودۆخەکەیان ناخۆش بوو، جام محمد کریمی سەرۆکی فەسیلەی قەڵاکان دەست و قاچی پەلدرابوو، بەهۆی بەربوونەوەی گوللە هاوەنێك، پێش شەهیدبوونی هاواری کرد: براکانم لە مێژوودا هاتووە، موسلیمی کوڕی عۆسجە بە ئیمامی حوسێنی وت لە ڕۆژی عاشوڕادا، تا دوایین دڵۆپە خوێنم لە پاڵ تۆدا دەجەنگم، ئەگەر شمشێرم لا نەبێ، ئەوا بە بەرد شەڕیان لەگەڵ دەکەم، هاوڕێیان! شەڕ لەگەڵ بەعسیەکاندا بکەن بە بەرد، هاوڕێیان پێیان وتم: واهبی زادە بە ئیبڕاهیم نویدی پوری یاریدەدەری شەهید کەریمی وت: ئیبڕاهیم! بوویتە کەسێکی نورانی! ئایا چویتە گەرماو؟ دەتەوێ باز بدەی؟ ئیبڕاهیم پێکەنی و بەسەرۆکی کەتیبەکەی وت: نەچومەتە گەرماو، تەنها چەند کاژمێرێکی تر ئەم دونیایە جێدەهێڵم.

پاڵپشتی ناگەیەنن، ئەوا کارەکە جیاواز دەبوو، دەتوانرێ لەم چارەنووسە ڕا بکەین، هەمووومان مەلەوانیمان دەزانی، دەمانتوانی خۆمان هەڵدەینە ناو ئاوەکە و ڕزگارمان ببێ، پرسیاری لێکردم لەبارەی پێشکەوتنی بەعسییەکان لەم کاتژمێرانەدا، پێم وت:

- بەعسییەکان ڕێگەی سەروەری شەهیدانیان داگیر کرد، لە دەوروبەری کاتژمێر دەی بەیانی.
- ئەی بارەگای فەیلەقی شەشەم؟
- بیستم کە هەلیکۆپتەرەکان لەسەر دەفڕین.

لە نیوەڕۆدا، کاتێك ئاسمان شانۆیەك بوو بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی گوللە و فیشەك و ئاگرباران، ((عەلی خجر شەفیع نسب)) ڕۆیشتە سەر سەری قەڵاکە و بانگیدا بۆ نوێژی نیوەڕۆ، هوتافی لێدەدا بە جۆش و خرۆشەوە و هاوەڵەکانی هاندەدا لەسەر بەرگری، لە دوای بانگدان بە هاوڕێیانی وت: ناوی فەسیلەکەمان قاسمی کوڕی حوسێنە، ئەمڕۆ سەبارەت بە ئێمە ڕۆژی عاشوڕایە! ئەی نەوەکانی خومەینی، تا دوایین فیشەك بەرگری بکەن، یەك فیشەك بەفیڕۆ مەدەن، خوێنەکەمان بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی سەروەر و گەورە و پێشەوامان حوسێن سڵاوی خوای لێبێ، ئەمڕۆ ئەو لە بەرزی و شکۆمەندی خۆیەوە بۆمان دەڕوانێت!

کاتێك زەخیرەی هاوەڵان تەواو بوو، دوایین فیشەکیان تەقاند، دەستەکانیان بەرز کردەوە، وەك خۆ ڕادەستکردن بە دوژمن، عەلی خجر ئامادە نەبوو بۆ ئەم چارەنووسە، ڕۆیشتە سەر سەری قەڵاکە و وتی: چەندین ساڵی دوور و درێژ لەم ژیانەدا ژیام، دەمەوێ ژیانم بە شەهید بوون تەواو بکەم، مردن لەلای من شرینترە لە دیلایەتی، لە بەرزایی قەڵاکەوە بەعسییەکان کەسێکیان بینی بەوپەڕی دەنگی خۆی هاوار دەکات:

- دووری لە سەر شۆڕی بۆمان! مردن بۆ سەدام!

فیشەکی بەعسییەکان هات بۆ ئەوەی سینگی ئەم پیرە مەردە ببڕێ، دیمەنی ئەو لە بوێریدا ئەبو زەڕی غەفاری بیر هێنامەوە، کە نەدەترسا لە مردن لە وتنی هاواری ڕاستی.

دیمەنی ئەو کە فیشەك سینگ و جەستەکەی دەبڕی، دیمەنی حەبیبی کوڕی مزاهری دەخستەوە یاد، لەگەڵ خولیای حەبیبی کوڕی مزاهر لە فەسیلەی قاسمی کوڕی حەسەن لە پاڵ هەر دوو شەهید جان محەمەد محەمەد و ئیبڕاهیم کە بە خوێنی شەهادەت داپۆشرابوون.

دوژمن پەنای بۆ فێڵێك برد، بۆ داگیرکردنی قەڵای خەندەق، شازدە بەلەمی بە ئاڵای کۆماری ئیسلامیینارد بەرەو قەڵاکانیخەندەق! خۆشحاڵی هاورێمانمی گرتەوە، هەندێکیان هاواریان کرد گوللە مەهاوێژن! گوللە مەهاوێژن! ئەمە هێزەکانی ئێمەن!

لە بەیانی زووەوە هاوەڵانمان توانیان دە بەلەمی تێکبشکێنن بە ئارپێچی، ئەمە لە باڵی خۆرهەڵاتی قەڵای خەندەق ڕوویدا، خێرا فێڵی بەعسییەکان ئاشکرا بوو، خوای گەورە لە هەمووان زیاتر ئاگاداری فێڵی فێڵکارانە.

سەید عەلی ساڵح، سەرکردەیەکی زیرەك بوو، خێرا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەمانە ئێرانی نین، داوای لە عەلی شیر ڤیتاسی کرد، گوللەبارانیان بکات، وتە: لە گەمیە بەعسییەکان بدە، بەڵام عەلی شیر ڤیتاسی گومانی نەدەکرد لەوەی ئێرانی نەبن، بۆیە بە سەید عەلی ساڵحی وت: ئاڵای ئێرانیان هەلگرتووە!! سەید عەلی ساڵح هاوار کرد بە توندی و وتی ئەمانە بەعسییە دووڕووەکانن، دوێنێ قورئانیان بە سەری ڕمەکانیانەوە هەلگرتبوو، ئەمە فێڵە بە توندی لێی بدە! بەڵام ڤیتاسی ئەمەی ڕەتکردەوە، سەید عەلی ساڵح ناچار بوو، بانگی مەهدی کەریمی بکات، بانگی کرد لەو گەمیانە بدە مەهدی، مەهدی وتی: ئەمە فەرمانە؟ سەید عەلی وتی: بەڵێ فەرمانە! ئەوان بە فێڵ و

تەڵەکە ئەم ئاڵایەیان هەڵکردووە، بە دووری شەست مەتر مەهدی توانی لە گەمیەك بدات، گوللە هاوێژەکان بە دوای یەکدا قازیفەکانیان ئاڕاستەی گەمیە بەعسییەکان کرد، تەنانەتشێر عەلی ڤیتاسی فێڵەکەی دوژمنی بۆ دەرکەوت، ئەویش دەستی بەهاوشتنی ئارپیچی کرد بە ئاڕاستەی گەمییەکاندا.

اسماعیل سولت دار کە دوای کاتژمێرێك بریندار بوو، ئارپیێچی ئاڕاستەی بەلەمەکانی دوژمن دەکرد، وتی: یا شاه قاسم! قوچ گلمو نذرت[(١)].

قازیفەی ئارپیێچە بەلەمەکانی بەعسییەکانی پێکا، هاوار بەدەم وتنی (الله أكبر) و درودان لەسەر پێغەمبەر و خانەوادەکەی بەرز بوونەوە، قازیفەکانی ئارپیێچی یەك لە دوای یەك دەهاوێژران تا خوێن لە هەر دوو گوێچکەی نادر و حەمید مەهدەوی هاتە دەرەوە، حەمید تەمەن بچوکترین بوو لە نێوان هاوێژەرانی ئارپیێچی، لە نێو قەڵاکانی خەندەقدا، بەعسییەکان دوای ئاشکرابوونی فێڵەکەیان ناچاربوون بکشێنەوە، سەید عەلی صاڵح هاوڕێکانی کۆ کردەوە و قسەی لەگەڵیاندا کردن و وتی: ئێمە لە کاتژمێرەکانی کۆتایی تەمەنماندا دەژین، گەیشتینە هێڵی کۆتایی، چیمان نییە لە دەستی بدەین! زۆربەمان بەشداربووینە لە پرۆسەکانی بەدر و خەیبەر لەم دوورگەیەدا. ئەمرۆ ڕۆژێکی جیاوازە لەم جەنگەدا، ئێمە بە بارودۆخی زۆر سەخت و نا هەمواردا تێدەپەڕین، پێویستە ئەو ناوچەیەی دەوری قەڵایداوە دابەش بکەین لە نێوانماندا، پێویستە تۆڵەی خوێنی شەهیدانمان بکەینەوە.

ماندوێتی و شەکەتی هاوڕێیانمان گەیشتۆتە لوتکە، خەریکە زەخیرە تەواو ببێ، ئەستەمە زەخیرە و عیتاد و پشتیوانی بگات، بەعسییەکان هێڵەکانی دواوەمان داگیر

---

(١) ئەی شا قاسم (ئەگەر ڕاستت پێکا) بەرانێکت بۆ تەرخان (نەزر) دەکەم، شا قاسم لە ڕەچەڵەکی ئیمامە پارێزراوەکانە سڵاوی خوایان لێبێ.

دەكەن، تێنوێتی تەنگی بە جەنگاوەرانمان هەڵچنی بوو، ئاوی دوورگەكە بۆ خواردنەوە شیاو نەبوو.

لە كاتژێر چوار و نیو دەنگی گوللە لە خەندەقەكە پچڕا، هەندێك لە هاوڕێیانمان بەردیان دەگرتە دوژمن.

كاتێك بەعسییەكان ساترە گڵیەكانیان تێپەڕان بۆ قەڵاكان، لەوانەیە بۆ یەكەم جار بووبێ بەرەنگاری جەنگاوەرانمان بووبنەوە، جەنگاوەرە لوریەكانمان زۆر زیرەك بوون لە هاوێشتنی بەرددا، لە سەرەتادا بەعسییەكان وێنای ئەوەیان كرد كە جەنگاوەرانمان ڕومانی دەستی دەهاوێژن، هەر بۆیە خۆیان فڕێ دەدایە نێو ئاوەكە.

قەڵاكانی خەندەق كەوتن بەڵام قەڵاكە نەكەوت، سەید عەلی ساڵح دەیزانی دوژمن ئامانجی چییە، سەركردەیەكی زۆر زیرەك بوو، زوو هەستی بە ئامانجەكانی كرد، دەیزانی بە موشەك لە قەڵاكان بدەن، بۆیە هاوڕێیانی كۆ كردەوە بۆ دانی بڕیارێكی چارەنووسساز!

سەرباری جەنگاوەرانمان لە فەسیلی قاسمی كوڕی حەسەن، ئەندامانی تاقمی پزیشكی و گواستنەوەی بریندارا و ئامێرسازەكان و شوفێری بەلەمەكان لە قەڵاكاندا بوون، سەید عەلی ساڵح بە هاوڕێیانی وت: دەزانم ئێستا هەست بەچی دەكەن منیش وەك ئێوەم، ئەوەی دەیەوێ بە دیل بكەوێتە دەست بەعسییەكان؟! ئێمە گەمارۆدراوین، فیشەكمان تەواو بووە، یەك دڵۆپە ئاویشمان پێ نەماوە، ئەركمان بوو بجەنگین و كردمان، ئایا ئێستا ئەركمان چییە لەم بارودۆخە؟ دیلبوون چارەنووسمانە!

لەم ساتە چارنووسسازەدا، هەلیكۆپتەر بەسەر گەمارۆدراواندا فڕی، لە ڕێگەی بڵند گۆیەوە و بە زمانی فارسی هاواری كرد، لە جیاتی سەرۆكی فیرقەی شازدە قسەی لەگەڵ

هێزەکانی ناو قەڵاکە کرد، وتی: ئێوە گەمارۆدراون، جگە لە خۆ ڕادەستکردن، چیترتان لە دەست نایەت، خۆتان ڕادەست بکەنەوە بەر لەوەی قەڵاکان موشەکباران بکرێن!

سەید عەلی ساڵی فەرمانی بە چوار لە هاوڕێیانی کرد فانیلە سپیەکانیان دابکەنن، لەسەر چوار ستونەکانی قەڵاکانی دابنێن، چەند ساتێکی ناهەموار و ئازاربەخش بوون، هیوایان هەبوو تا دوا سات، ئومێدی گەیشتنی پاڵپشتیەکان دەکرا، کە گەمارۆکە بشکێنێ و لەم چارەنووسە ڕزگار بکرێن.

جەستەی شەهیدان بڵاوببوونەوە لەسەر گڵ و خۆڵی قەڵاکان، کە هی ئەمانە بوون: جان محەممەد کەریمی و ئیبراهیك نویدی پور و جاست عەلیزادە و فروزان پور و عەلی خجر و شەفیع نسب و...

ئەحمەد سەعیدی وتی: چەند بەشێك لە لاشەی جاسب بە تەنیشت شوێنەکە چەسپابوو، جاسب قەناسبەدەستی کەتیبەکە بوو.

هەل بۆ جەنگاوەرە گەمارۆراوەکانمان نەڕەخسا بۆ ناشتنی شەهیدان.

تەنها شەهید پیران مستەوفی زادە نەبێ، محەمەد ساقی فەرد و دەرویش رومینا ئەویان ناشت، پیران لە شەوی ڕابردوو گەیشت، یەکەی هەواڵگری ئەوی بە قەڵاکان ناساند بوو، هاوڕێیانی ویستیان لە نێو گەڵا و لقی درەختە بڕاوەکانی تەنیشت ڕێگاکە بینێژن، بەڵام هەلی ئەمە نەڕخسا.

ئەوەی نووسیومە، ئەو ڕووداوانەن کە ڕوویانداوە لەم قەڵایانە و قەڵای خەندەق، ئێستاش ئێمە پێنج کەسی دەست کەلەپچە کراوی بریندار و دیلیبەر دەستی بەعسییەکانین، لە شوێنکی ئەم قەڵایانە. بێ دەنگیەکی بکوژ زاڵە بەسەر قەڵاکان بەڵکو بەسەر گشت دوورگەکەدا، چیتر هیچ کەسێك گوێبستی دەنگی گوللە نەدەبوو، ئێمە

گوێمان دەگرت لە چیرە چیری چیرچیرۆك و واقە واقیبۆق لە نێو قەدەکانی قامیش و زەلدا، مێشولەکانی دوورگەکە بەردەوام بوون لە هەڵمژینە بەئێشەکانیان؛ ئەوەتا ئێمە یەکەم شەو لە دیلایەتیدا بەسەر دەبەین، هەموو یادەوەریە خۆش و تاڵەکانمان لە دوای خۆمان بەجێدەهێڵین، چاوەڕێی بەیانی نادیار دەکەین!

- **یەکشەمە ٢٦ حوزەیرانی ١٩٨٨ دوورگەی مەجنون – قەڵاکانی خەندەق**

کات نزیك بوو لە نوێژی بەیانی، هەر یەکێکمان لەگەڵ ئازارەکانی ژوانی هەبوو، دیلایەتی، زۆر ئازار بەخشە، سەرباری ئێش و ئازارە زۆرەکانم، ئەوا هەستم بە حەسانەوە کرد، دوای بەسەربردنی چەند کاژمێرێك لە نێو ئەم شوێنە، برینەکەم وشك بوو و خۆڵە تێکەڵبووەکە لەگەڵ خوێنەم لەسەر برینەکەم ڕەق بوو، ئەو خوێنەی لەسەر جلەکانم بوون ڕەنگی جلەکانمی بۆ ڕەش گۆڕی، ئەمەش دوای ئەوەی وشك بوو و بە پۆشاکەکانەوە ڕەق بوو، جۆرەها خەیاڵم بۆ دەهات، پێڵوەکانم نەکەوتنە سەر یەك بە درێژایی شەوەکە، سەید عەلی ساڵح بانگیدا بۆ نوێژ، ئەمەش توڕەیی بەعسیەکانی وروژاند، جنێو بارانیان کرد و وشەی نابەجێیان پێوت و داوایان لێکرد دەمی دابخات.

تەیەمومان کرد و نوێژی بەیانیمان کرد، دواتر ڕاستەوخۆ خەوتم، خەوتنێکی پڕ بوو لە کابووسەکان.

دوێنێ خراپترین ڕۆژانی ژیانم بوون، ڕۆژی شەمە یەکەم ڕۆژی هەفتە و یەکەم ڕۆژی دیلایەتی بوو، دوو کاتژمێر خەوتم، چەندین کابوسم لە خەودا بینی، شتێکی سەیر بوو لە خەوندا ببینم هێزەکانمان هێرش دەکەن و لە دیلایەتی ڕزگارمان دەبێ، لەگەڵ ئەوەدا دەموت ئەمانە خەونن، من دیلم، هیوادارم کە لە خەو هەڵسامەوە خۆم بە ئازادیەوە ببینم!

خۆر هەڵات، و قەڵاكانی خەندەق كرابوونە شوێنی كۆبوونەوەی دوژمن و تێپەڕینی ئامێرەكانیان، تا نیوە شەو دەنگی تەقینەوەی زەخیرە هەر دەهات لە یەكێك لە كۆگاكانی فیرقەی٢٥، هێزەكانمان ئەم كۆگایەی بۆمبە باران كرد بوو، كە دەكەوتە خۆرهەڵاتی دوورگەی مەجنون، ئەم تەقینەوانە دوازدە كاتژمێر بەردەوام بوون تا بە تەواوی وەستا.

گوێزەرەوەی سەربازەكان و زرێپۆشەكان نەیاندەتوانی قەڵاكانی خەندەق ببڕن و بەرەو ڕێگاكە بڕۆن، هێزە بەعسییەكان بەلەمەكانیان لە پاڵ ڕێگاكە بەكاردەهێنا و ڕوویان دەكردە ئەو شوێنانەی دوێنێ لە دەشتی هێزەكانماندا بوو.

لە میانەی ئەوەی دەمانبیست و دەمانبینی لە هەڵسوكەوتیاندا، ئەوا زۆر هەراسان بوون لەو ڕشێگە بڕینەی هێزەكانمان ئەنجامیاندا بوو، بە ڕاشكاوانە یەكێك لە دووڕووە ناپاكەكان، كە ئەندامی ئەو ڕێكخراوەیە كە بە (ڕێكخراوی موجاهیدینی خەلق) ناسراوە، كە بە ڕۆڵی وەرگێڕ هەڵدەستا وتی: ئەگەر ئەم ئاگرپەرستانە ڕێگاكەیان نەبڕیبوایە، ئەوا هێزەكانی بەعس دەچوونە خفاجیە و محمرە[1]، لە هێرشەكەیاندا بۆ سەر دوورگەكانی مەجنون، ئەو فەرمانانەی لە بەغدادەوە دەهاتن، تەنها گێڕانەوەی دوورگەی مەجنون نەبوو، بەڵكو بڕینی سنووری ئێران و ڕۆیشتنە ناو قوڵایی خاكی ئێرانی و داگیركرنی (حویزە) و (سەربازگەی حەمید) و وێنەگرتنی ناوچە داگیركراوەكان و بەكارهێنانی وەك كەرستەی ڕاگەیاندن و بەوەی دووبارە ئێرانیان داگیر كردووە!

پاڵەوانانی لیوای ٤٨ فەتح، نەوەكانی ئەم پارێزگایە، پیلانەكانی دوژمنیان پوچەڵ كردەوە، ئەوان پێشیان گرت لە پێشفەچوونی دوژمن، ئەوان ئەگەر پاشەكشەیان

---

(١) تاقمی موحسین ڕەزایی، سەركردەی هێزەكانی پاسەوانی شۆڕش، دوای چەند ساڵێك بەو داستانەیان هەڵدەدا، كە جەنگاوەرانمان نووسیانەوە لەو كاتدا؛ وتی: دوژمن تەواو شێت ببوو.

کردبووبا یان ترسابووبان یاخود قەڵاکان و ڕێگاکانی یان چۆڵ بکردایە، ئەوا دوژمن دەهاتە نێو قوڵایی خاکەکەمان و دووبارە هویزە و سەربازگەی حەمیدیان داگیر دەگرتەوە، بەڵام ئەو داستانەی پاڵەوانانمان تۆماریان کرد لە بەرەنگاربوونەوەی سەرسەختیان و ئەو زیان و زەرەرانەی بە بەعسییە دەستدرێژیکارەکانیان گەیاند، ئەم ناوچەیەی کردە گۆڕستانێك بۆ جەنگاوەران...)) لایەنێك لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، ئەرشیفی کۆڕبەندی سەرکردەی شەهیدان لە پارێزگای کهکیلویە و ببویر ئەحمەد.

بەعسییەکان هەندێك ناو لە هەندێك شار دەنێن کە لە نەخشەدا نایان بینینەوە، دەڵێنە: خرمشهر (محمرە) و سوسنگرد (ئەلخەفاجیە) و ئەهواز[1] ناسریە و خوزستان عەرەبستان!

سەربازێکی بەعسی، کە وەرگێڕێکی دووڕووی لەگەڵدا بوو وتی:

- بۆچی ڕێگەی دوای قەڵاکانتان تەقاندەوە، ئەگەر ئەم ڕێگەیەتان نەبڕیبووبا، ئەوا هێزەکانتان نە دەکەوتنە ناو دیلایەتیەوە؟
- گرنگ ئەوەیە دەبابەکانی ئێوە نەیانتوانی بچنە سەر ڕێگەی خەندەق.
- ئەگەر ئەم ڕێگە بڕینە نەبووبا ئەوا ئێستا لە حەویزە دەبووین.
- سەرکردەکانمان درکیان بە ئامانجەکانی ئێوە کرد بۆیە ڕێگاکەیان تەقاندەوە.

(١) وەك بەخۆم گوێم لەو ناو لێنانانە نەبووە، ئەهواز شارێکی کۆنە، باسی کراوە لە نووسینە مەزنە مێژووییەکان، لە هاووێنەی مێژووی تەبەری، بەعسییەکان پێی دەڵێن (ئەحواز)، لە هەفتەکانی سەرەتای دەستپێکردنی جەنگدا، کۆمەڵێك نەخشەیان دەرکرد، گوزارشتیان دەکرد لە ئامانجەکانیان لە پاڵ هەڵگیرساندنی جەنگەکەدا، کە بریتی بوو لە دابەشکردنی ئێران بۆ چەند وڵاتێکی بچوك، نەخشەیەکم بینی ئاماژە بە دەوڵەتی ئیماڕاتی عەرەبی کرابوو بۆ کەناری خۆرهەڵات و پایتەختەکەی بەندەر عەباس بوو یان بوشهەر و دەوڵەتی عەرەبستان و پایتەختەکەی ئەحواز بوو. وەرگێڕی عەرەبی.

هەستم بە حەسانەوە کرد، وا هەستم کرد ئێش و ئازارەکانم سود بوون، کاتێك گوێبیست بووم ئەفسەری بەعسی دەڵێت: ئێمە هەڵەمان کردبوو لە هەڵسەنگاندنی تواناکانی بەسیج، من ملکەچی ئەم ڕاستییە دەبەم، هەڵەمان کرد لە هەڵسەنگاندنتاندا، ئێوە ئەی بەسیجەکان زانیاری وردمان لایە لەسەر توانا و ئامادەکاریەکانتان، بەڵام نازانین توانای ڕۆحی و مەعنەویاتەکانتان چەندە.

هیوام دەخواست بزانم چیمان بەسەردێ و چی چاوەڕێمانە و ئێمە دیلی دەستی بەعسییەکانین!

هیچ یەکێك نەهات بۆ پێچانی برینەکەمان، ئەوان لە سەرخۆشی سەرکەوتنیان دابوون لە باڵکێشانی دەسەڵاتەکەیان بەسەر دوورگەی مەجنوندا، هەندێکیان گۆرانیان دەوت و ئەویتریان بە ڕێگەی خۆیان سەمایان دەکرد.

لە بەیانیدا کەمێك نان و پەنیر و تەماتەیان بۆ هێنایین، سەربازی برسێتی ئەوا حەزی خواردنمان لە دەستدابوو؛ ناوی ئەو شەهیدانەی پێشتر شەهید ببوون لەسەر دیوارە چیمەنتۆییەکەی ئەو شوێنە هەڵواسرابوو، لەسەر ناوەکان بە هێڵی خوار و خێچ نووسرابوو ئەوانەی گەشتیان بۆ ئاسمان کردووە! باڵندەکانی پەڕ خوێناوی! خوێنیان لەسەر زەوی ڕژا لە پێناو تاکەکانی ئەم قەڵایانە، پێویستە نەبەردی بنوێنین و بەرگریان تێدا بەردەوام بکەین(١).

---

(١) لە نیوەی نیساندا لیواکانمان دوای ئەوەی ساڵێك لە کوردستان بوون، جوڵان بەرەو دوورگەکانی مەجنون، ئەم قەڵایانە لە دەستی جەنگاوەرانی لیوای ١٢ قائیم سمناندا بوون، بەڵام ئەو ناوانەی لەسەر دیواری چیمەنتۆییەکان نووسراون، پەیوەستن بە نەوەکانی خوراسان و ئەسفەهان، هۆشەنگ روئین نوێنەری بەشی ئیتلاعات و پرۆسەکان بوو لە لیواکەدا، لە کوردستانەوە هاتە ئەم شوێنە بۆ ڕادەستکردنی قەڵاکان، کاتێك سەرکردەی لیواکە سمنانی پێی وت: لە چیاکانی کوردستانەوە هاتوون چۆن دەتوانن بەرگری بکەن لەم شوێنە هەستیارەدا؟ هوشنگ وەڵامی دایەوە و وتی: ئێمە سەربازی ئیمامین، لە هەر

لە دەوروبەری کاتژمێر یازدە ئێمەیان برد بۆ دەرەوەی شوێنەکە، سەید عەلی ساڵح باسکی گرتم، بۆ دەرەوەی شوێنەکە ڕایکێشام، سەید عەلی لە هەمووومان چاڵاکتر بوو، هەر چەندە بە یەك دەستیش بوو، هەندێك لە بەعسیەکان یارمەتیان دەدایین هەر چەندە ڕقیان لێمان دەبووەوە، هەندێکیان دەیانوت: ئێوەی ئێرانیەکان پیسن، دەبێ خومان پاك بکەینەوە ئەگەر دەستمان بە جەستەی ئێوەی ئاگرپەرست کەوت!!

بەو پەرداخانە ئاویان نەدەخواردەوە، کە تێدا ئاویان بە ئێمە دەدا، ئێمە ئاومان دەخواردەوە بە قۆدی بەتاڵی ماسی یان قۆدی دۆشاوی تەماتە، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا دوو ئەفسەری بەعسی هاتن و سەید عەلی ساڵحیان برد لە نێوماندا، پێیان وابوو ناسنامەی ئەویان زانیوە، نازانم بۆ کوێ بردیان و چی بەسەردێ؟! سەید عەلی داوای لەوان کرد مۆڵەتی بدەن چەند خولەکێك قسە لەگەڵ هاوەڵانیدا بکات، ئەفسەرەکە مۆڵەتیدا، سەید عەلی ساڵح دانیشتە پاڵمان و یەکە بەیەکە ماچمان کرد و زۆر دڵتەنگ بوو بۆ جیابوونەوە لێمان، دوودڵ بوو لەبەر ئێمە: دەزانم ئێمە بە بارودۆخی سەختدا تێدەپەڕین بەهۆی برینەکەتان، تاقیکردنەوەکەتان قورس دەبێ، لەمەودوا ڕووبەڕووی بارودۆخی سەختتر دەبنەوە، لەوانەشە شەهید ببن، ئێوە بەخۆتان ئەم ڕێگایەتان هەڵبژاردووە؛ خوای پاك و بێگەر بەندەکانی تاقی دەکاتەوە و مژدە بە ئارامگران دەدات، هاریکاری و یەکگرتوویتان بپارێزن لە گشت بارودۆخێکدا، بێ ئاگا مەبن لە یادکردنەوە خانەوادەی پێغەمبەر درود و سڵاوی خوای لێبێ، ئەوان چاکترین ڕێگە و هۆکارن بۆ بەرەو خواچوون لە چارەکردنی کێشەکانتاندا، لەم تەنگوچەڵەمەیەدا درك بەو کارەساتە دەکەین کە بەسەر ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ و خانەوادەکەی هات، چی بەسەر خاوخێزانەکەی هات، لە دوای دیلایەتی و بە کۆیلەکردن، هەر کاتێك

---

شوێنێکدا دەجەنگین کە داوامان لێبکرێ، ئێمە لە پێشەنگی کەتیبەکانی سەوڵە بووین لە پرۆسەکانی فەجری هەشتم، ئا ئەوەتا ئامانجی ئێمە ئەوەیە خۆشی بخەینە نێو دڵی ئیمام و بەرگری لە قەڵاکان و دوورگەکە بکەین بە خوێن و گیانمان.

له کۆڕەکانی پرسەی حوسەینیدا گوێبیستی دەبین ئەوا بە چاوی ڕاستەقینەمان دەیبینین؛ درك بەو ئازارە دەکەین کە یەزیدی نەفرەتی بەسەر خانەوادەی پێغەمبەر درود سڵاوی خوای لێبێ هێناویەتی، تەنگوچەڵەمەی دیلایەتی وامان لێدەکات درك بە هەموو ئەو شتانە بکەین!

کاتێك ئەفسەرەکە گوێبیستی وشەی یەزید بوو، زۆر توڕە بوو، وا گومانی برد سەید عەلی ساڵح ئەوان دەچوێنێ بە یەزید، بۆیە بە قۆڵی باسکە بڕاوەکەی سید عەلی ساڵحی ڕاکێشا، وا دەردەکەوت نەیانبرد بۆ هێڵەکانی دواوە، بەڵکو بردیان بۆ قەڵاکانی بەیتی لەهی، زۆر خەفەتمان خوارد بە جیابوونەوە لێی.

سەید محەمەد شفاعەت منش بەردەوام ڕێنمایی توانجدەری لە بەعسییەکان دەدا، بە سروشتی خۆی بەلای گاڵتەدا دەچوو، ویستی ورەی هاوڕێیەکانی بەرز بکاتەوە، تەنانەت لەم بارودۆخە ئازار بەخشەشدا، بە شێوەزاری لوری قسەی دەکرد و بەشێوەی ڕاستەقینە تا گومان نەوروژێنێ لەلای جەنگاوەرەکان، بەبێ دەستی خۆمان پێدەکەنین، ئەویش بە تەواوی وشەکانی دەوت، بۆیە هەوڵیان دەدا لێی تێبگەن و دووبارەیان دەکردەوە چی دەڵێی؟!

ڕێگەیان پێدابن بچینە ناو شوێنەکە، خۆمان ڕاخشاند بۆ ناو شوێنەکە، دەمزانی لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکەن لەبارەی بارودۆخی یەکەکەمان و سەرکردەکانمان، هەوڵیان دەدا ئەوە دەستبخەن کە دەیانەوێ بیزانن، بە هەموو شێوازێك، بە سەید محەمەدم وت:

- پێم وابێ دەزانن ئێمە درۆمان لەگەڵ کردوون لەبارەی سەید عەلی ساڵح، کەواتە ئێستا چی بکەین و لە وەڵامدانەوەدا چیان پێ بڵێین.
- هەڵیان دەخەڵەتێنین و گاڵتەیان پێدەکەین!

- گاڵتە دابنێ لایەك و پێم بڵێ چی دەڵێی؟
- بە شێوەزاری لۆری وشك قسەیان لەگەڵ دەکەین، پێیان دەڵێین فارسی نازانین.
- ئەوان ئەمە دەزانن، ئێمە لێرەدا بە فارسی قسەمان لەگەڵ کردووە.
- لێرە نا، کاتێك دەمانبەن بۆ هێڵەکانی دواوە، ڕادەستی کەسانی ترمان دەکەن، لەوێ شێوەزارمان دەگۆڕین، هەروەك بە ئامێری بێ تەل دەمانکرد[1].

چەند هەوڵیاندا لە جفرەکانمان تێبگەن، بەڵام بێ کەڵك بوو، هەمان شت لێرەدا دووبارە دەکەینەوە، ئەوانیش بەرگە ناگرن و لەبارەمانەوە دەڵێن: ئەمانە بە زمانی مرۆڤایەتی قسە ناکەن!!

سەید محەمەد وتی: هەر کە پرسیاریان لێکردین پێیان دەڵێین: وتویانە قسە مەکەن! ئەمە ڕستەیەکی باوە لە سەردەمی جەنگدا، هەر کەسێك پرسیاری لێکردبین لەبارەی شوێنە سەربازیەکانمان، ئەوا بە گاڵتە یان بەڕاستی دەمانوت: وتویانە: قسە مەکەن، یان نەیانوتوە: قسە بکەن!!

کات بە دەمی ئێوارە بوو، دوو سەرباز هاتن، دەستیاندایە باسکەکانم و جارێکی تر منیان بردە لای ساتری گڵێنی قەڵاکان، هاتبوون دوورگەکەیان وێنە دەگرت، هیچ دیلێك لە قەڵاکاندا نەبوو جگە لەو پێنجانەمان نەبێ، وێنەگرەکە هاتە لام و ئەفسەرێکی پۆل لە پاڵم وەستابوو جلێکی بە پەڵەیڕەش و کەسی لەبەردابوو، بە هەناسەی هێمنی سەری مەتەرەکەی کردەوە و لە دەمی منی نزیك کردەوە، بۆ ئەوەی لێی بخۆمەوە، هەمان گاڵتەجاری دوێنێیان ئەنجامدا لەگەڵ تاج محەمەد عەلی پور، مەتەرەکەی ئەوم فڕێدایە لایەك و سەری خۆم دانەواند، من تێنوو بووم، ئەمە ئەوپەڕی ئەو کارە بوو

---

(١) هەواڵدەرەکانی ئامێری بێ تەل، قورسترین وشەکانیان بەکاردەهێنا لە شێوەزاری لوریدا، تەنانەت گەنجە لوریەکان زۆربەیان نەیاندەزانی، ئا بەم شێوەیە بروسکەکان دەگۆڕدرانەوە و زانیاری سەربازی دەگوازرانەوە، کە دوژمنی گوێ هەڵخستوو نەیدەتوانی لێی تێبگات.

**که دەمتوانی بیکەم! کە نەخواردنەوەی ئاو بوو، وێنەگرە عێراقیەکە پەنجەی منی بەرکردەوە و وتی فیکتۆری: واتە سەرکەوت.**

**دەمزانی ئەوان ئەم فیلمانە پەخش ناکەن، دەیانزانی لە بیروباوەڕماندا شکست واتە سەرکەوتن، ئەمە وەردەگرین لە کەلەپوری عاشورا و ڕاپەڕینی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبی، ئەمە میراتێکە لە کەربەلاوە پێمان گەیشتووە، ڕۆیشتنە لای سەید محەمەد، ئەویش ڕەتی کردەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، شکستیان خوارد لە ڕازی کردنی هجیر ئەحمەد و خوداخواست.**

**دووڕووەکان ئەوپەڕی توانایان بەکار دەهێنا بۆ پاڵنانمان بۆ جنێودان بە ئیمام، ئەوان دەیانویست وێنەمان بگرن لەم جۆرە دیمەنە سوکانەدا، خوداخواست بەوانی وت: ئەم هەموو ساڵە هێشتا ئێوە نامانناسن!**

**ئەحمەد بە تورەیی وتی: بەیانی ڕۆژی دواییە، تکا لە خومەینی دەکەن، کاتێك هەڵدەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخ، لەسەر ئەو کارانەی دەیکەن.**

**ئەفسەری پۆل وتی: هەر هەموتان دەکوژین و لێرە دەتانێژین!**

**ئاماژەم بۆ سەر سەری قەڵاکان کرد، لەوێ جەستەی هەر دوو شەهید جان محەمەد کەریمی و ئیبڕاهیم نویدی پوریان سوتاندووە و وتم:**

- **خوێنی ئێمە پاکتر نییە لە خوێنی هاوەڵانمان، ئەگەر دەتانەوێ سەرشۆڕمان بکەن، ئەوا مردن چاکترە لەمە!**

وازیان لێهێناین، پێم وابێ بێ ئومێد بوون لێمان، ئەندامانی دوژمن دوو دیلی ئێرانیان دەهێنا، بەدرێژایی ڕێگاکە لێیانیان دەدا، ڕاستەوخۆ بردیان بۆ نهۆمی خوارەوەی قەڵاکانی خەندەق[1].

لەوێ زۆر لێیانیاندا، دوای کاتژمێرێك هێنایانە نهۆمی سەرەوە بە دەستبەستراوی، لە ڕێگاشدا بە قۆنداغە تفەنگ لێیانیاندەدا، زۆر بە پەلە پاڵیان دەنان بۆ ئەوەی خێرا بڕۆن، کاتێك دەخلیسکان و دەگلان، ئەوا هەستم بە ئازار دەکرد، لە دۆخێکدا بوون مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، ئەم هەمووو توونـد و تیژیە لە لێداندا، نەبووە هۆی ئەوەی یەك دەنگ لەم دوو دیلانەوە بێ، بە ئارامی و خۆڕاگری ڕووبەڕووی لێدان

---

(١) قەڵاکانی خەندەق لە دوو نهۆم پێکدەهاتن، لەسەر شێوەی مەیدانی، نهۆمی سەرەوە و خوارەوە. قەڵای خەندەق دەکەوتە کۆتایی ڕێگای خەندەقەکە، کەوتە دەستی هێزەکانمان لە پرۆسەکانی بەدردا، لەلای ڕاستی شەتی عەرەب سنووریەتی و لەلای چەپیشی دوورگەکانی مەجنونی باکور و باشور، قەڵای خەندەق هێڵی پێشەوە و بەری ڕێگای خەندەق بوو، ڕووبەڕی قەڵاکانی خەندەق، دەکاتە نزیکەی سی مەتر. واتە سێ ئەوەندەی پانی ڕێگای خەندەقەکە. ڕێگەی بەعسییەکان لە هدامە بەرامبەر ئاوەکانی دوورگەی مەجنونە و لەلای قەڵای خەندەق کۆتایی دێت. ماوەی نێوان قەڵای خەندەق و قەڵای دوژمنان دەگاتە نزیکەی پەنجا مەتر، ئەو ڕووبەرە هەمووی زەلکاوەکانی هوری مەزن بوو، لە میانەی ئەو کونانەی جەنگاوەرانمان دروستیان کردبوو لە سەری قەڵاکە و دەوروبەری، هێزەکانمان چاودێری دەوروبەریان دەکرد بە وردی و جێگیر ببوو لەو بازنەیەی دەوری هاون و ڕاجیمەکانی دابوو لە ناوچەکە، مە دەکەوتە بەردەم قەڵا لە شێوەی دەفردل. بیست شوێن هەبوون لە نهۆمی خوارەوەی قەڵاکەدا، تاقمی تێکۆشانی دروستکردن لە ئەسفەهان هەڵسابوون بە بنیاتنانی ئەم شوێنانە، کە لە کۆنکرێتی چەکدار دروستکرابوون، نهۆمی خوارەوە نزیکەی سەد جەنگاوەر لەخۆ دەگرت لە بارودۆخی ئاساییدا، هاوڕێیانمان نۆبەتیان دەگرت لە پاسەوانی کردنی نهۆمی سەرەوەدا. لە پشت قەڵاکانەوە کەناڵێك لەلای چەپ هەبوو، درێژدەبووە تا بەرەی قەڵاکان، دوای پرۆسەکان بەدر جەنگاوەران لە فیرقەی ئیمامی حوسێنی ئەسفەهانی و فیرقەی ئیمام ڕەزای خوراسانی هەڵسان بە پرد دروستکردن بە تەختە و قەدی دارەکان، شوێنەکان وەك شێوە تونێلیان لێهات، بووە ڕێڕەوێك بۆ هێزەکانمان، تۆپەکانی دوژمن شەو و ڕۆژ قەڵاکانی خەندەقیان تۆپباران دەکرد، ڕووناکی نهۆمی خوارەوە و کەناڵەکە بە مۆلیدەی دیزل دابین دەکرا، سەری قەڵاکە نزیکەی دە مەتر و نیو بوو، جەنگاوەرانمان گونیەی خۆڵ و وردە بەردیان دانابووەسەر، فیرقەی ئیمام حوسێن زیاتر لە سەد شەهیدیان پێشکەش کرد لە بنیاتنانی ئەم قەڵایە.

دەبوونەوە، یەکێکیان بەهێز دیار بوو، وا دەردەکەوت زیاتری بەرکەوتووە لە هاوڕێکەی، زۆربەی بەشی دەموچاوی شین ببوو و خوێن لە لوتی دەهات، لە تەنیشتمانەوە دانیشتن.

وا بڕیار بوو هەر دووکیان بگوازرێنەوە بۆ هێڵەکانی دواوە، یەکێك لە بەعسییەکانی تفی کردە دەموچاوی ئەوەی ڕیشی هەبوو، خاوەن ڕیشەکە قەد باریك و پرچ ئاڵتونی بوو، قسەی لەگەڵمان نەکرد تەنها چەند وشەیەك نەبێ، ڕێگەیان نەدەدا لەگەڵ یەکتریدا بدوێین، یەکێك باسی یەکە سەربازیەکەی کرد لە لیوای میری باوەڕداراندا، ئەویتریش لە فەوجی موسلیمی کوڕی عەقیل بوو لە فیرقەی ٢٥ کەربەلا؛ کاتێك پرسیارم لێکردن لەبارەی ئەو شوێنەی تێیدا بەدیل گیراون، سەربازێکی سودانی جنێو بارانی کرد و قسەی ناشرینی پێ وت، هەر دوو دیلەکە لە دۆخێکی ناهەمواردا بوون، سەر و دەموچاویان قوڕ داپۆشیبوو، وا دەرکەوت لە نێو زەلکاو و قوڕ و لیتەکاندا ڕاکێشراوبن، جلەکانیان تەنانەت فانیلەکەشیان ڕەنگی دیار نەبوو، ڕەنگی قوڕیان گرتبوو، پێ پەتی و ڕووت بوون، لە خوار ئەژنۆوە پانتۆڵی یەکێکیان دڕا بوو.

گوێزرانەوە بۆ هێڵەکانی دواوە، هەستم بە دڵتەنگی دەکرد، یادەوەریەکانی زستان ١٩٨٨ هاتەوە یادم، کاتێك لە ناوچەی پرۆسەی گوچار[(١)] لە کوردستان، بووە هۆی ئێش و ئازار بۆم هەر کاتێك بە خەیاڵمدا دەهات.

---

(١) لە زستانی پار ساڵ، هێزەکانمان دوو سەربازی عێراقیان بە دیل گرت، لە بەرزاییەکانی گوجار، یەکێکیان پێکرا بوو لە قاچیدا، هاوەڵانمان قاچەکەیان بۆ پێچا، تۆپ و تانك و ئامێرەکانی عێراقی ئەو پردەیان تۆپباران کردبوو، کە دروستکرابوون لەسەر ڕووباری قەڵاچوڵان، لە کوردستاندا بە چڕی بەفر دەباری تا بەرزیەکەی گەیشتە نزیکەی دوو مەتر، سەرمایەکە زۆر سەخت بوو، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ برسێتیشدا کۆببێتەوە، دەستمان کرد بە گەڕان بەدوای لەتە نانی وشك بوو، کە دوور فڕێی دەدەین، جوڵەی پەڕینەوە لە ڕووبارەکە کرچ و کاڵی تێکەوت بەهۆی تۆپبارانی بەردەوام و بارودۆخەکە بەم جۆر بەردەوام بوو بۆ ماوەی یەك هەفتە، زۆر تاڵایەتیمان چەشت لەم ماوەیەدا، برسێتی هیلاکی کردین، هەمو

ئەحمەد سەعید پرسیاری کرد لەبارەی سەید فازڵ فازڵیان، هاوڕێیانمان لە قەڵاکانی خەندەقدا دوێنێ بڕیاریاندا بوو خۆیان بەدەستەوە بدەن، جگە لە سەید فازڵ فازڵیان و محەمەد دیناروند نەبن، توانیان لە قەڵاندا دەربچن، هێزەکانی سەدام توانیبویان پازدە کیلۆمەتر بچنە ناو دوورگەکەدا، بۆیە کەوتنە ناو دەستی دووڕووە بەکرێگیراوەکان لە ئەندامانی ((ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق)) ڕادەستی هێزەکانی سەدام کران، خۆیان حەشاردابوو لە نێو چەند قامیشێك بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر، برسێتی ئەوانی ناچار کردبوو ڕەگەکانی قامیش بخۆن.

کات لە دەوری کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە بوو، هەندێك لە دووڕووە بەکرێگیراوەکانی بەعس هێشتا لە قەڵاکاندا بوون، لە بەیانیدا بینیمان دوانیان بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئامادە دەکەن، دوانیشیان کار وەرگێڕانی بۆ دەکەن.

تا کەی لێرە دەمێنمەوە، جەستەم لەناودەچێ، لەگەڵ ئەوەی سەقامگیری دەروونیم هەیە، حەزم دەکرد چەند ڕۆژێك لە قەڵاکاندا بمێنەوە، هێشتا ئومێد بەهێز بوو بە هێرشی هێزەکانمان و ڕزگاربوونمان لە دیلایەتی، لە ناخی خۆمدا دەمووت: لەوانەیە فەوجی ئیمامی سادق سڵاوی خوای لێبێ کە جێگیر بووە لە شەتی عەلی دێت بە هانامانەوە، حوسێن کوان ئەسڵ سەرکردەی فەوج و پیاوی ئازایە، بەڵێ بەم شێوەیە خەونی بە ئاگایانەم دەبینی، ئەمە خەیاڵێکی ڕوت نییە، لەوانەیە ئەم خەونانە بێنەدی کێ دەزانێ؟

---

ئەوەی هەمانبوو قۆدیەکی ماسی بچوك بوو، ئەویشم دایە دیلەکان، بینیم چۆن هەڵیانکوتایە سەری و خواردیان، بەوپەڕی مرۆڤایەتی و ڕێزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیلەکانماندا دەکرد، کاتێك دیلەکان گوازرانەوە بۆ هێڵەکانی دواوە هاواریان دەکرد: مردن بۆ سەدام، هیچ کەسێکیش ئەوانی ناچار نەکردبوو، من بەراوردێك دەکەم لە نێوان هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ دیلەکانیان و هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ دیلەکانمان! لەوپەڕی دژبەری مرۆڤایەتی ئیسلام و لەسەر دڕندایەتی بەعس و سەدام بوون!.

یەك کاتژمێر بۆ ئاوابوونی خۆر مابوو، ئەفسەرێك هات چاویلکەی پزیشکی لە چاودابوو، جلێکی مغاویری لەبەر بوو، کەسێکی چاك دیاربوو، لە ڕووخسار و چاویلکەکانیدا هەست بە گەرمی دەکرد، هیچ تێ نەدەگەیەشتم لەوەی دەیوت، یەکێك لە دووڕووەوە بەکرێگیراوەکانی لەگەڵدا نەبوو بۆ وەرگێڕان، دواتر زانیم ئەو بۆچی پشتی بەوان نەبەستووە، ئەو ئەفسەرێکی باوەڕداری هاوسۆزی شۆڕشی ئیسلامییە بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی، گوزارشتەکەی دووبارە کردەوە: وێنەی ئیمام خومەینی لە ژێر گڵدا، واتە وێنەی ئیمامی خومەینی بخەنە ژێر گڵ و خۆڵەوە، ڕستەکەی وشە بە وشە دەوت، بۆ ئەوەی لە مەبەستی بگەین، لە سەرەتادا وا تێدەگەیشتم دەڵێت: خومەینی بخەنە ژێر گڵ!

ئەگەر تێبینی نزیك بوونەوەی سەربازە بەعسییەکانی بکردایە، بۆ ماوەیەك قسەکانی دەگۆڕی و متمانەی بە سەربازەکانی تر نەبوو، خەفەت لە چاوەکانیدا دەردەکەوت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ تێگەیشتبێ کە ئێمە لە قسەکەی تێناگەین، ئەوەش کە دەیڵێت زۆر ترسناکە، ئەگەر یەکێك لە بەعسییەکان گوێی لێبووبا، ئەوا باجی ئەمە زۆر گران دەبوو، لەوانەیە بەژیانی خۆی باجی بدات، چەندین بەسەرهاتی ناخۆشمان گوێ لێبوو لەبارەی ئەو سەربازانەی هاوسۆزیان هەبووە بۆ شۆڕشی خومەینی بەوەی چیان لێکراوە، هەواڵی سەرسوڕهێن، ئەفسەرە پێست ئەسمەرەکە یەکێك بوو لەوانەی بڕواکەیان دەشاردەوە؛ لە دەوروبەری پەنجاساڵ یان کەمێك زیاتر بوو، فەرمانی بە هێنانی ئاو کرد بۆمان، کاتێك ئاویان هێنا و ڕۆیشتن، ئەفسەرەکە بە وریایەوە وتی: من شیعەم و بەعسی نیم، دواتر سەیری دەوروبەری کرد بەهۆی مەترسیداری وتەکەی و وتی: بەخوا خومەینی چاکە، دواتر دەستی دانایە سەر دڵی و وتی: خومەینی لێرەدایە، واتە خومەینی لە دڵمدایە.

بەر لەوەی بچێت وتی: وێنەی خومەینی لە بەغداد باش نییە، هەواڵگری مردنە!! مەبەستی ئەوە بوو بەعسییەکان خەڵك دەکوژن لەسەر خۆشەویستیان بۆ ئیمامی خومەینی، ئەمانە ئەوپەڕی ئەو وشانەبوون کە ئەفسەرە عێراقیەکە بە چاکە دەیوت بە شێوەیەکی سادە بۆ تێگەیاندمان، هەڵوێستی ئەم ئەفسەرە بەرێزە کاریگەری مەزنی هەبوو لەوەی هەست بکەم بە شانازی و شکۆمەندی؛ ئامۆژگاری کردین و وتی: با خۆشەویستیتان بۆ ئیمامی خومەینی لە دڵتاندا بێ، بیست خولەك کاتمان لەگەڵیدا بەسەر برد، هەستمان بە ئارامی کرد و هیچ یەکێکمان بەهۆی بوونی ئەو لەو ماوەیەدا دووچاری هیچ شتێك نەبووینەوە، کاتێك ئەو ڕۆیشت، توونددوتیژەکان گەڕانەوە و دەستیان بە ڕەفتارە توونددەکانیان کردەوە.

هەندێك لە سەربازەکان هاتن و یەکێکیان وتی:

- جنێو بە خومەینی بدەن تا شەربەتتان بۆ بێنین!

نکۆڵی لەوە ناکەم، هەموو دیلەکان ڕەتیان کردەوە جنێو بە ئیمام بدەن[1]، یەکێك لە بەکرێگیراوان وتی دیلێکم بینی جنێو بە باوکیدا لە پێناو شەربەت، جا چی دەڵێی سەبارەت بە خومەینی!

---

(١) بەعسییەکان ڕووبەڕووی سێ جۆر دیل بوونەوە:

کۆمەڵەی یەکەم، ئەو دیلانەن بە تەواوی و لە گشت بارودۆخێکدا ڕەتیان کردەوە جنێو بە خومەینی بدەن، ئەمە زۆربەی دیلەکان دەگرێتەوە، پیاوانی باوەڕدار و بەهێز بوون، بڕوایان بە ئیمام ڕەزای خوای لێبێ بڕوایەکی چەسپاو بوو، بەعسییەکان ئەوانیان بە (پاسەوانی خومەینی) هەژمار کرد.

کۆمەڵەی دووەم، ئەو دیلانەن کە بەرگەی شەپۆڵەکانی ئەشکەنجەدان ناگرن، بە زۆرملێی ئەوەیان جێبەجێ دەکرد کە بەعسییەکان داوایان لێدەکردن و خۆشەویستیان بۆ ئیمامی خومەینی دەشاردەوە لە دڵیاندا.

کۆمەڵەی سێیەم، لەو دیلانە پێکدێن کە پێیان وایە جنێودان بە ئیمام لە پێگە و پلەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵگە بەوە دێننەوە کە ئیمام وتویەتی ئەگەر دیلەکان دووچاری ئەشکەنجە بوونەوە ژیانیان تووشی

نازانم چۆن وتم:

- لەوانەیە کەس هەبێ ئامادەبێ جنێو بە باوکی بدات، بەڵام ئامادە نییە جنێو بە ئیمام بدات.

دوای ئەنجامدانی نوێژی مەغریب و عیشا و بەر لەوەی بچینە نێو شوێنەکە، دوو بەکرێگیراو هاتنە لامان کە لە ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق) بوون، یەکێکیان سی و ئەویتریشیان لە تەمەنی چل ساڵیدا بوون، پۆشاکی ئەفسەری عێراقیان لەبەردابوو، یەکێکیان پەڕاوێکی نزای نێوند هەڵکەندراوی پێبوو، بۆ پێنج بەش دابەشی کرد، پێم وابێ ویستی خۆی لەلامان شرین بکات، قسەمان ئاڵوگۆڕ کرد، بەڵام ئەم خۆشەویستییە تەنها چەند سانێکی خایاند.

مرۆڤ ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبێ، ئەوان پشتگیری دوژمن دەکەن لە پاڵ بەعسییەکاندا دژی براکانیان دەوەستن لە نیشتماندا، من زۆرتر ڕقم لەوان دەبووە زیاتر لە بەعسییەکان، پێم وابێ تێبینی ئەم ڕقەیان دەکرد بە ڕوونی لە چاوانمدا؛ لە میانەی گفتوگۆیاندا دەیانویست بزانن ئێمە خەڵکی چ شارێکین، ئەم کەسە

---

مەترسی بووەوە، کێشە نییە با جنێو بدەن! تا ئەم ساتە نازانم بەڕاستی ئیمام خوا لێی ڕازی بێ ئەمەی وتوە یان نا؟

من ئەوە دەخەمەڕوو وەك گەواهیدەرێك لەسەر ئەم ماوە مێژووییە ناهەموارە، بەعسییە بێ نرخەکان لەژێر شەپۆڵی ئەشکەنجەی دڕندانە، داوایان لە گیراوە ئیسلامییەکان دەکرد جنێو بە خومەینی بدەن خوا لێی ڕازی بێ، گیراوەکان ئەمەیان بە توندی ڕەت دەکردەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هاواریان دەکرد تەمەندرێژی بۆ خومەینی، سەدام بڕوخێ.

بڕوانە: مذكرات سجينة فاطمة العراقي الفضيلة عذراء ابدا علي الأنصاري آخر أساطير الحب كمال السيد التي تصور جانبا من جهاد و كفاح العراقيين المخلصين و موجاهتهم الدامية لنظام حزب البعث المنحط. وەرگێڕی عەرەبی.

بەتەمەنەلێی پرسیم لەبارەی شوێنی لە دایك بوونم و چۆنیەتی بەدیلگیرانم؛ بە شێوەزاری تارانی دەدوا؛ لە پاڵمدا دانیشت و لێی پرسیم:

- بۆچی هاتی بۆ بەرەی جەنگ؟ ئەگەر نەهاتبای ئەوا چارەنووست دیلایەتی نەبوو.
- بۆچی ئەم پرسیارە دەکەن؟
- ئایا ئەمە هەراسانت دەکات؟
- کاتێك دوژمنەکانم ئەم پرسیارە دەکەن کێشە نییە، بەڵام تۆ کوڕی نیشتمانی، تۆ ئەو تاوانانە دەزانی کە ئەمانە ئەنجامیانداوە!

پێکەنی و وتی: ئایا کەسی ئێرانی نابێتە دوژمن، ئێمە حوکمی مەلایی ڕەت دەکەینەوە، عێڕاقییەکان پەناگەیەکیان پێداوین.

- ئەم مەلاییانەی ڕقتان لێدەبێتەوە، هەندێکیان دوێنێ لەم ڕێگایەدا شەهید بوون، یەکێك لە بەعسییەکانم بینی مێزەرەکەی برد و لە کەمەرەی خۆی گرێیدا، لەسەر جەستەی شەهیدەکە سەمای دەکرد!

هەوڵمدا تێی بگەیەنم، وەستانی لە پاڵ بەعسییەکاندا، ڕق و کینە لە ناخمدا دەوروژێنێ.

ڕق و کینەی خۆی دەربڕی بۆ ئیمام و مەلاییەکان، وتم: دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم، چونکە تۆ ئێرانی و تێدەگەی کە چی دەڵێم.

- دەزانی چ شتێك بە ئازارترە بۆم لە قاچە پەککەوتووەکەم و دیلبوونم؟
- ئەوەی ئێستا بەدەستیەوە دەناڵێنی بەهۆی بارودۆخی ئێستاتەوە.
- پێم وتی ئەم ئازارەم کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی بە ئازارترە بۆم، ئەوەیە تۆ لە پاڵ دوژمندا ببینم.

بێ دەنگ بوو، چونکە هیچی دەست نەکەوت بیڵێت، هەستم کرد چی بۆ وتن پێی نەما، جۆرێك لە هەراسان بوون لەسەر ڕووخساری بەدیکرا، چونکە شکستی هێنا لە قەناعەت هێنان پێمان بە بۆچوونەکانی، وا وێنای دەکرد ئێمە هەست بە پەشیمانی دەکەین، دوای ئەوەی بەسەرمان هات، کاتێك ویستی بڕوات پێم وت:

- ئەوانەی ئێوەی پشتیان دەگرن، هەزاران کەسیان کوشتووە لە نەوەکانی نیشتمانەکەت، دوێنێ حەفتا کەسیان لە هاونیشتمانی تۆیان لەم ڕێگایەدا کوشتووە!
گوێی بۆ ئەوە نەدەگرت کە چی دەڵێم، هەوڵی دەدا بەسەر وشەکانمدا باز بدات، وتم:
- ئایا بەشی پێشەوە لەم قەڵایانە دەبینی! دوێنێ بەنزینیان بەسەر دوو شەهیددا کرد لە شەهیدەکانمان و ئاگریان تێ بەردا!
- ئەمە جەنگە؛ تفەنگ و تۆپ و ئاگر دەبێ!
- بەڵام ئایا ڕەوشت ڕێگە بە سوتاندنی کوژراوان دەدات؟!

مرۆڤێك بوو پێویستی بە سۆز هەبوو، هەوڵیدەدا بوونی خۆی بسەلمێنێ لەسەر سڕینەوەی ئەوانی تر، هەوڵیدا وێنەیەکی جوان بکێشێ لەبارەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، وتی:

- ئێمە خەڵکێکی چاکین، لە گوێچکەکانتاندا وێنەیەکی ناشرین کێشراوە لەبارەی ئێمە، ئەگەر ئێمە کەسێکی خراپ بووباین، ئەوا ئێوە لە ڕیزی مردووان دەبوون، ئەوەندە بەسە ئەوان هان بدەین بۆ کوشتنی ئێوە، ئەو کاتە جەستەتان دەبێتە بێژینگ، بەڵام وا ناکەین.
- پێت وایە کە داوا لە بەعسییەکان ناکەن بمانکوژن، ئەوە بە بەڵگەی چاکبوونتان دادەنێن!
شەپۆلێك تووڕەیی دایگرت، جڵەوی تووڕەییەکەی لەدەستدا و وتی:

- زمانت زۆر درێژە!

دەستی کرد بە جنێودان بە ئیمام، کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو دەرکەوت، مرۆڤێکە بێ ڕەوشت و ئەدەبە، جارێکی تر تا تیری خۆی بۆ ڕاستبوونی خۆی بەکارهێنا!

- بە کەیفی خۆتبە هەر چ ناوێکی لێدەنێی، پێیان دەڵێین چاك ڕەفتار بن لەگەڵتاندا، لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بە پێچەوانەوە ئاڕاستەیان بکەین، دەتوانین پێیان بڵێین بتانکوژن و جەستەتان فڕێ بدەنە ناو ئاو و ببنە خۆراکی ماسیەکان.

حەزم لێبوو هەموو ئەوانەی پێ بڵێم کە لە دڵمدابوو، بەعسییەکان بەڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن، لەوانەیە ئەم شتەیان تەنها لەبەردەمی ئێمەدا کردبێ، بۆ ئەوەی ئێمە وەك ئەوانمان لێبێ وبچینە پاڵیان، وەك توانج لێدان پێم وت:

- ئەوانە بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ هەر کەسێکدا کە دژایەتی گەلی ئێران دەکات، باشە ئەگەر پێیان نەڵێی بمانکوژن، بەڵام چاك بزانە ژیان و مردن بەدەستی خوان!

بێ قسە چوونە دەرەوە، ڕۆیشتن دوای ئەوەی ئازارەکانی ئێمەیان دوو چەندانە کردەوە.

لە کۆتایی شەودا ڕۆیشتنە نێو شوێنەکە، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد چیمان بەسەر دێت، سەربازێك وا دیار بوو تیپەکەی ماهر عەبدولڕەشیدی خۆشدەویست، وتی:

- کێ فەریق ماهر عەبدولڕەشید دەناسێ؟

ئاماژەم بە پێی سەید محەممەد شەفاعەت منش کرد و وتم:

- هەموومان دەیناسین، قاچی ئەومان بڕی لە فاو.

سەید محەمەد پێی وت: ئێوە تۆڵەی ئەوتان کردۆتەوە، بڕوانە چیمان بەسەر هاتووە، هەمووومان پەککەوتووین.

دڵنیابووم لەوەی تێگەیشت کە چیم وت لەبارەی ماهر ڕەشید، بۆیە وازی لێ نەهێنام، بەعسییەکان سەمایان دەکرد لە قەڵاکاندا، ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێڕا، لەوانەیە خۆشترین شەوی ژیانیان بووبێ، بەڵام سەبارەت بە ئێمە ناخۆشترین شەوی تەمەنمان بوو.

هۆشم ڕۆیشتە لای خانەوادەی ئەو شەهیدانەی، جەستەیان کەوتۆتە سەر ڕێگای خەندەقەکە، ئای قەبارەی ئەو مەرگەساتە چەندە مەزنە، کۆڕی پرسەکان دەبەسترێن لە گچساران و کهکیلویەە و باسوج، شین و ڕۆڕۆ بۆ خۆشەویستانیان دەکەن، لەوانەیە پرسە و شین و ڕۆڕۆ بۆ ئەم پێنجەشمان ببەسترێ، بەڵام کێ هەواڵیان پێ دەدات ئێمە هێشتا لە ژیاندایین لە نزیك شەهیدان، من دەمزانی هەواڵەکانی بەرگری و خۆڕاگری و زیرەکی جەنگاوەرانی لیوای ٤٨ فتح گەیشتووەتە ئیمام گەورە سەرکردەکانی جەنگ[(١)].

- دوو شەمە ٢٧ حوزەیران ١٩٨٨ — دوورگەی مەجنون — قەڵاکانی خەندەق

لە بەیانی زوودا کەلەپچەکانمانیان کردەوە، کەمێك نان و پەنیریان بۆ هێناین، تامی پەنیرەکەم بە دڵ نەبوو، تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەسەری ڕاهاتووین، ڕەنگ زەرد بوو لە قۆدیەکی کانزاییدا! لەگەڵ ئارەزووی ئێمەدا نەگونجا.

بە سەربازە عێراقیەکەم وت:

---

(١) لە دواتردا بیستم سەید هاشمی ڕەفسنجانی جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان، بروسکەیەکی ئاڕاستەی فەرماندەی لیوای ٤٨ فەتح شەهید سەفوڵا حەیدەر پور کرد، تیایدا ستایشی قوربانیدانی جەنگاوەرانی کرد، تیایدا هاتووە: ڕێزدار سەید حەیدەر پور هیوام وایە ڕێز و پێزانینم بگەیەنی بۆ لیوای ٤٨ فەتح، لەسەر ئەو خۆڕاگری و پاڵەوانێتیەی جەنگاوەرانی نواندوویانە لە قەڵاکانی خەندەقدا.
هاشمی ڕەفسنجانی ٢٥ حوزەیرانی ١٩٨٨.

- تاکەی لێرە دەمانهێڵنەوە، ئەگەر وا بڕیار بێ بمانکوژن، ئەم دواخستنە بۆچیە؟ گوللەیەکمان لێ بدەن و ڕزگارمان بکەن!

پێم وابێ تێگەیشت لەوەی وتم، بە مرۆڤێك خراپ دەرنەدەکەوت، دووبارەی کردەوە:

- ئەمڕۆ عەمارەیە.

واتە دەمانگوێزنەوە بۆ شاری عەمارە.

بەدرێژایی بوونم لە بەرەکانی جەنگدا، نەمبیستووە هێزە ئێرانیەکان دیلەکانیان بە برینداری لە هێڵەکانی پێشەوە پاراستووە!

برینەکەمان دەستی بە کێم و زوخاو کرد، بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، سەید محەمەد ئەژنۆی پێکراوە، نەیدەتوانی برینەکەی بپێچێت، بەشێك لە ئێسکی ڕانی پەکی کەوتووە، هاوڕێیانی هەڵسان بە پێچانی ئەژنۆکەی بە قۆماشێکی ئاوریشم، مەعنەویاتەکەی زۆر بەرز بوو، هەمووومان دەناڵێنین بە دەست ئازارەوە، من لەم لایەنەوە لە هەمووان خراپتر بووم، نازانم بۆچی ئەفسەرەکان سور بوون لەسەر ئەوەی سەید محەمەد جنێو بە ئیمام بدات: بڵێ مردن بۆ خومەینی!

لە کۆتاییدا سەید محەمەد دەرچەیەکی بینیەوە بۆ ڕزگار بوون، بە شێوەزاری لوری وتی: ئەلورجو ستیل للخمینی[١].

ئەفسەرەکە وا وێنای کرد سەید محەمەد وەڵامی داواکەی داوەتەوە، بۆیە پێی وت: باشە! باشە! شەربەتێکی بۆ ئەو و ئاوی بۆ ئێمە هێنا بەم بۆنەیە!

---

(١) مەبەستی ڕستەکە ئەوەیە خومەینی وەك گیا و کێڵگەیە، بەردەوام سەوزە.

هجیر و خوداخواس یارمەتیاندام، بۆ ئەوەی قاچم ببەستمەوە لەسەر تەختەیەك، سەربازە عێراقەیەکە لە سندوقەکانی زەخیرەوە بۆی هێنابوین؛ هجیر وتی ئەگەر بەم دۆخە بمێنیتەوە ئەوا دووچاری ئازارێکی زۆر دەبیتەوە لە کاتی گواستنەوەتدا.

هاوەڵانم هەڵسان بە بەستنەوەی پاژنە بە ئەژنۆکە، ئازارەکان تەقینەوە، سەید محەمەد وتی: هەوڵبدە زاڵبیت بەسەر خۆتدا، ئازارەکانمان هەر زیاد دەبن هەر چەندێك لە سەدام و بەغداد نزیك ببینەوە.

پێش خۆرهەڵاتن فەرمان دەرچوون بە گواستنەوەمان بۆ هێڵەکانی دواوە، خۆر لە ئاسۆکانی دەدا، کاتێك لە شوێنەکە دەرچووین، بەهۆی سەربازەکەوە تێگەیشتین دەمانگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەیەك لە بەغداد، دووبارەی دەکردەوە و دەیوت بەغداد! نەخۆشخانە!، هەر پێنجمانیان دانیشاند لە پاڵ یەکتریدا لە ساترە گڵیەکەدا، لەلای کەنار کە بەلەمەکانی لێ ڕادەگیران، چوار سەرباز یەکێکیان بە پلەی عەریف لەسەر سەرمان دەوەستان، تفەنگی کلاشینکۆفەکانیان بە دەستەوە گرتبوو، وا دیاربوو حەزیان لە گاڵتە بوو، یان دەیانویست بوێریەکەمان تاقی بکەنەوە، زیاتر لە شانۆی گاڵتەجاریەوە نزیك بوون؛ لەبەرامبەرمان ڕاوەستان و شێوەزاری فەرمان وتیان: ئامادە بە! تفەنگەکانیان سوار کرد، عەریفەکە هەوڵیدا شێوەی وتنەکە جدی بێ، هاواریکرد: گوللە بتەقێنن! گوللە ڕژانە سەر سەرمان و هەر دوو تەنیشتی ڕاست و چەپمان، لە کۆتاییدا هەستم کرد لەلای ڕاست دانیشتووم و سەید محەمەد ئینجا هجیر و خوداخواست لە ناوەڕاست دانیشتوون، ئەحمەد لە لای چەپ دانیشتوە، فیشەك ساترە گڵینەکەی قەڵاکانی دەبڕی، خوداخواست بە عەریفەکەی وت، کە فەرمانی بە گوللە هاویشتن کرد: بە مردن دەمانترسێنی؟ ئێمە ڕەش پێستی جەنگین، سەید محەمەد ئەوەی وت کە شەهیدی میحراب شەهید ئەشرەف ئەسفەهانی وتی: ماسی بە ئاو دەترسێنن و ئێمەش بە شەهیدایەتی دەتۆقێنن!

ئێوارە هات، بەعسییەکان هێشتا ئاهەنگیان دەگێڕا بە داگیرکردنی دوورگەی مەجنون، ئاواز و هەلهەلەیان ئارامی شەوی دەپچڕاند و ئاسمانی پڕ دەکرد بە فیشەکی حەریق، هجیر ئابسواران وتی: ئەگەر ئەمڕۆ عەمارە بێ بەڕاستی، ئەوا لە کۆتایی شەودا دەمانگوێزنەوە بۆ عەمارە، پێم وابوو هەموو شوێنێك باشترە لە بوونی ئێمە لە خاڵەکانی دواوە.

کات لە دەوری کاتژمێر نۆ یان دەی شەو بوو؛ تا ئێوارەی ئەمڕۆژە ئێمە واگومانمان دەبرد لەوانەیە ڕزگارمان ببێ، تا ئەو ساتە ئومێدمان زۆر بوو، بەگوێرەی زانیاریەکانم لەبارەی دوورگەی مەجنون، ئەوا دەبێ هێزەکانمان دەتوانن لە میحوەری شەتی عەلیەوە هێرش بکەن، کە باڵی ڕاستی قەڵاکانی خەندەق پێکدێنن، من وا وێنام دەکرد هێزەکانمان لە کۆتاییدا هەناسەی هەڵکێشاوە و تواناکەی گەڕاوەتەوە، یارمەتی نوێی بۆ هاتووە بۆ ئەنجامدانی جەنگی ئایندە و گێڕانەوەی ڕێگە و قەڵاکانی خەندەق.

ئێمەیان سواری بەلەمەکان کرد، بەهۆی زۆری ئازارەوە برین پێچەکەم کردەوە، کە پاژنەکەمی بە ئەژنۆکەمی دەبەستەوە، نازانم بۆچی پێم وابوو ئەمە ئازارەکەم سوك دەکات، دووان منیان ڕاکێشا بۆ کەنارەکە، منیش ناڵەم دەهات بەهۆی ئازارەوە، گوێزەرەوەی بریندارانیان بۆ من بەکارنەهێنا!

خۆزگە گوێم لە ئامۆژگاری هجیر گرتبووبا و بەرگەی ئازارەکەم بگرتبوایە و برین پێچەکەم نەکردبایەوە، بەبێ حەزی خۆم، داوام لێکردن لە سەر زەوی وازم لێبێنن بۆ چەند ساتێك، گوێیان بە تکاکانم نەدا، بەوانم وت: بە ئەبو فەزڵ عەبباس سوێندتان دەدەم!

کاتێك عەریفەکە کە پیاوێکی پیر بوو، ناوی ئەبو فەزڵی گوێبیست بوو، هاواری بەسەریاندا کرد و وتی: بوەستن، قسەیان کرد لەگەڵ یەکتر و لێیان تێنەگەیشتم، بەڵام

زانیم ئەبو فەزڵی عەبباس ئەوانی وەستاند، وازیان لێهێنام تا کەمێك پشوو بدەم، پێیان وت بەلەمەکان چاوەڕمانمانن! فەرمانی کرد بجوڵێین و بمخەنە نێو گەمیەکی ترەوە.

بەلەمەکان ڕۆیشتن، ئەوانەی هاوڕێیانمانی هەلگرتبوو بە ئاڕاستەی ڕێگەی خۆڵ و گڵێن ڕۆیشتن، گەیشتنە ڕێگەی گشتی، کە عەمارە بە بەسرە دەبەستنەوە، ترسەکانم هەڵقوڵان لەوەی لەگەڵ هاوڕێانم نەنێرن هەستم بەترسی بە تەنها مانەوەم کرد، داوام لە خوای پاك و بێگەرد کرد لەگەڵ ئەوانم کۆ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی حەزم لێبوو لە شوێنی خۆمدا نەمجوڵێنن، عەریفەکە هات و ویستی تێم بگەیەنێ، کە ئەوەی کردووە کە ویستوومە، کەمێك سەرم دانەواد و خەندەیەکم بۆ کرد وەك دەربڕینی سوپاس و ستایش بۆی، لە ناخی دڵمدا نزام بۆ کرد، پێیەکەی بەستم بێ ئەوەی جووتیان بکات، بە سۆزەوە کارەکەی خۆی دەکرد، هەستم کرد لە قوڵایی دڵیەوە دەیەوێ یارمەتیم بدات، ئاوی بۆ هێنام و فەرمانی کرد بە بەلەمەکان بمبەن، ئەوانی ڕاسپارد بە هۆشیاریەوە هەڵمبگرن، بەخۆی چاودێری ئەمە دەکرد، تا داینناومە نێو بەلەمەکاندا، بەلەمەکان قەڵاکانی خەندەقیان جێهێشت، دوای دە خولەك بەلەمەکان لە کەناری ئەو ڕێگەیە وەستان کە ئاوەکەی دەبڕی.

بەر لەوەی بکەومە نێو دیلایەتیەوە و کاتێك لەسەر ستونی چاودێری بووم، هەڵدەستام بە چاودێری کردنی گشت ئەم ناوچە و ڕێگایانە، بەو ڕێگە گڵێنەشەوە، کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای قەڵاکانی خەندەق، ئەم ڕێگا گڵێنە لە ناوچەی ((بەیزە و سەخرە لە باکوری ڕووباری دیجلە)) دەستپێدەکات، بە بەرامبەر دوورگەی مەجنوندا دەڕوات، لەلای ئەسکەلە و جویبر کۆتایی دێت.

دوو سەرباز لە بەلەمەکان منیان گواستەوە و گەڕانەوە، هاوڕێکانم لە ڕێگای گڵێنەکە نەبینی، نازانم ئەوان لە کوێن، لە ناخمدا پرسیارم کرد: دەبێ ئەوانیان بۆ

کویٚ بردبیٚ؟ پانی ڕێگاکە ڕێگەی بە تێپەڕینی شاحینەکانی دەدا، شۆفەرەکە بەردەوام کاری دەکرد لە فراوان کردنی ڕێگاکە لە بەشی پێشەوەدا، بەر لەوەی دوورگەکە بکەویٚ، تۆپەکانمان ڕێگەیان بە شۆفەرەکان نەدەدا کار لەم ڕێگایەدا بکەن.

من وێك هاتبوومەوە بەهۆی سەختی ئازارەکە، ڕێگاکە مۆڵەتی نەدەدا بە تێپەڕینی زیاتر لە یەك ئوتۆمبێل بە چوون و هاتن، هەر بۆیە چەند شوێنێکی دابڕاو هەن بۆ ئەوەی ئوتومبێلەکان لێیەوە بوەستن تا ئوتۆمبێلەکان یەك لە دوای یەك تێدەپەڕن.

من بە تەنها بووم، دڵنیابوون لەوەی ناتوانم هەڵبێم، ئەگەر ساغ و سەلامەت بووبام، بەم جۆرە منیان بۆ یەك ساتیش بەجێنەدەهێشت، لەلای کەناری ڕێگاکە دانیشتم، هەندێك لە توتۆمبێلەکان بە بەردەممدا دەڕۆیشتن؛ سەیارەیەکی جێبی بیٚ سەر بە دووری چەند هەنگاوێك لێمەوە ڕاوەستا، شوفێرەکەی هاتە خوارەوە و ئەوەش کە لە دواوە دانیشتبوو، بەرەو لای من هاتن، پێدەچوو گومانیان وابیٚ من عێراقیم، قسەیان لەگەڵ کردم، هیچیان لێتێنەگەیشتم، زانیان من ئێرانیم، بۆیە گەڕانەوە بۆ توتۆمبێلەکە، شوفێرەکە قسەی لەگەڵ ئەفسەرەکە کرد، کە لە پێشەوی ئوتۆمبێلەکە بوو وتی: ئەمە دیلێکی پەککەوتووە!

ڕووناکی لایەتەکانی توتۆمبێلەکە لەسەر دەموچاوم بوو، هەر کە شوفێرەکە لە پشت سوکانەکەوە دانیشت، بینیم دوگمەی بەنزینەکەی داگرتووە بە خێراییەکی زۆر ئوتۆمبێلەکە بەرەو لای من دێت، بەوەی خۆم لە کەناری ڕێگاکە خشاندە شوێنێکی نزمتر، دڵنیابووم لەوەی دەیویست بەسەرم بکەویٚ! بڕوام بەوە نەکرد کە ڕوویدا! ڕێگاکە دوو مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزترە، قامیش و زەل ڕێگەیان پێنەدام بکەومە نێو ئاوەکە، لە ناخی خۆمدا وتم مردن بە نقوم بوون لە ئاودا زۆر سوکترە، لە مردن لە ژێر تایەی توتۆمبێلی ئەفسەرێکی بەعسیدا.

ئەوەتا من گیرم خواردووە لە نێوان ڕێگای گڵین و ئاوی دوورگەکە لەسەر قەدی قامیش و زەل، بە دوو دەستی بەستراو لە دواوە و بە قاچێکی پەککەوتوو، هاواری ئالوبەیت و ئەبو فەزڵی عەباسم دەکرد، هەستم دەکرد کۆتاییەکەم نزیکە، ئاو بەشێك لەلای چەپی منی دادەگرت، ئەگەر دەستەکانم کراوەبووبان ئەوا دەمتوانی سەر بکەوم بۆ لای ڕێگاکە، لەگەڵ گریمانەی ئەوەی دەکرێ ئەوەی لەگەڵ تۆتۆمبێلەکەی ئەفسەرە بەعسییەکە ڕوویدا دەکرێ دووبارە ببێتەوە.

توانیم خۆم فڕێبدەمە سەر لایەك کە قەدی قامیشی زۆر بوو، ئەو بەشەی جەستەی خۆمم لە ناو ئاو و لیتاودا دەرهێنا.

ئۆتۆمبێلەکە وەستا، سەیرێکی کەنار ڕێگاکەی کرد، دواتر تۆتۆمبێلەکە بەردەوام لە ڕۆیشتن بە ڕێگای خۆیدا، سەرباری ئەو ئازارەی هەم بوو، هەستکردن بە ئارامی دڵی پڕ کردم، خوای پاك و بەرز بەندەکانی لەبیر ناکات هەر چەندە خراپە بکەن، خوای پاك و بێگەر منی دەورەدا  بە میهرەبانی و سۆز و بەزەییەکەی هەر لەوەتەی من بچوك بوومە؛ بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی سەختدا تێپەڕیم، ئا ئەوەتا ئێستا من لە هەڕەتی تەمەندام، گەنجێکم بەرگەی نامۆیی دووریی و ئێشی دیلایەتی و برینداری دەگرێ، بە تەنهایە لە خوارەوەی ڕێگای گڵیندا، جەستە بریندارەکەم فڕێدراوەتە سەر قەدەکانی قامیش و هەر دوو دەستەکانم بەستراون و قاچم پەککەوتووە.

لەگەڵ هەموو ئەمەدا دڵ پڕە لە ئاسوودەیی، هەموو ئەوەی ڕوودەدات لە ژێر چاودێری خوادایە، لە کۆتاییدا دوو سەربازی فەرمان پێکراو هات بە گواستنەوەم بۆ هێڵەکانی دواوە، هاتن بە دوای مندا دەگەڕان، کاتێك لێم نزیك بوونەوە، هاواریانم کرد و منیان هێنایە سەر ڕێگاکە، بەدڵنیایەوە تێنەدەگەیشتن چی ڕوویداوە، پێم وابێ لە میانەی وشەی ((مردن)) کە گوێبیستی بووم، مەبەستیان ئەوە بوو یەکێکیان بە هاوەڵەکەی دەوت: دەیەوێت خۆی بکوژێ و لە دەستمان ڕزگاری ببێ.

منیان سواری ئوتۆمبێلی ئیڤا کرد، دەرگای پشتەوەیان نەکردەوە بۆ کەم کردنەوەی ماوەکە لە نێوان زەوی و ئوتۆمبێلەکە، بەڵکو بەسەر دەرگاکەدا منیان هەڵدایە ناوی، کاتێك لە ڕووی ئوتۆمبێلەکە کەوت هاواری ئازار هەڵسا لە هەر خانەیەکی جەستەم، بەهیچ شێوەیەك نەمتوانی ئێش و ئازارەکە بشارمەوە.

پێم وابێ ئیڤاکە دوو سەد مەتری بڕی و لەلای پرد یان ئەسکەلەکە وەستا، گەمییەکان هاوڕێکانمانی گواستبووەوە بۆ ئەو بەشەی ڕێگاکە، ئەوانیان سوارکردنە ئوتۆمبێلی ئیڤاکە، بەمەش ئاسودەیی چاوکەوتن بەوان لە ئازارەکانی کەم کردمەوە.

لە دووری دوو سەد مەتر، ئوتۆمبێلەکە لەلای حەوت دیلی هێزەکانمان وەستان، ڕێگەیان نەدا قسەیان لەگەڵدا بکەین، ڕووخساری سێ لە دیلەکان ڕەش و شین ببوونبەهۆی سەختی لێدانەکە، دەستەکانیان بە قوفلی ئوتۆمبێلەکەوە بەسترابوونەوە.

ڕووی ئوتۆمبێلەکە پڕ دەفر و مەنجەڵ و ئامرازەکانی تری چێشلێنان بوو، دەنگی زۆر مەزنیان لێدەهات و بە قاچە برینداەکەم دەکەوتن، بووە هۆی ئەوەی زیاتر هەست بە ئازار بکەم؛ هەستم دەکرد ڕیخۆڵەکان دێنە دەرەوە، لە ناخی خۆمدا وتم: خۆزگە شەهید بووبام و نەبوومایەتە دیلی دەستی بەعسییە توونددوتیژەکان، بارودۆخی دیلایەتی زۆر ناهەموار بوو، زۆر ناهەموارتر بوو بۆ بریندارەکان.

یادەوەریەکانم لە ڕێگای خەندەقدا دەدرەوشانەوە لە هۆش و مێشکمدا، بەرگری جوامێرانەی هاوڕێیانم عاشوراییانە بوو، ئەوەندەی بژیم ئەوە لەبیر ناکەم یەکێك لە شەهیدەکان ڕای دەکرد ئەو کاتە ساچمەی بەر کەللەی سەری کەوت و لایەکی لێپەڕاند، بەردەوام بوو لە هاتنەوە تا کەوتە نێو قوڵایی زەلکاوی تەنیشت ڕێگاکە.

دڵم لەگەڵ شەهید سەفەر عەلی کرد لو دایە، ساڵی پار هاودەمی ئەوم کرد لە ڕێگای ڕۆیشتنمان لە ئەهواز بۆ گچساران و بۆی گێڕامەوە چۆن هاتۆتە بەرەی جەنگ،

وتی: ڕێگەیان پێنەدام بۆ بەرەی جەنگ بڕۆم بەهۆی بچوکی تەمەنمەوە، ئەوەی بەرپرس بوو لە ڕەوانەکردنی هێزەکان بۆ بەرەکانی جەنگ ڕێگەی نەدا ناوم تۆمار بکرێ، پێم وت: چۆن بەرپرس لە ڕۆژی عاشوڕادا ڕێگە دەدات بە ناردنی عەلی ئەکبەر و قاسم و تەنانەت عەلی ئەسغەریش بۆ بەرەی جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی لەشکری یەزید و بەرپرس لە ناردنی هێزەکان لە لەشکری ئیمانی خومەینی ڕێگە نەدا ڕەوانە بکرێم بۆ بەرەی جەنگ و شەڕکردن لەگەڵ سەدام؟ سەفەر عەلی وتی: بەرپرسەکە کاریگەر بوو و ناوی تۆمار کردم و بەم جۆرە هاتمە بەرەی جەنگ.

توتۆمبێلی ئیڤاکە لە چەندین خاڵی پشکنیندا وەستا، کە سەربازێکی ڕێکخەر (ئینزیبات)ی هیچ و پوچ لەوێ جێگیر ببوون، لە شاری عوزیر و دەروازەی شاری عەمارە، تا ڕۆیشتنە نێو سەربازگەیەکی لەشکر.

## بەشی سێیەم

## مەیـــمونە

## بارەگای فەیلەقی چوارەم

**سێشەمە ٢٨ حوزەیرانی ١٩٨٨ — مەیمونە — فەیلەقی چوارەم**

کاتێك ڕۆیشتینە نێو بارەگای فەیلەقی مەیمونە،کات لە دەوروبەری کاتژمێر سێی بەیانی بوو[1].

ڕووناکی ڕۆشنکەرەوەکان زۆربەی بەشەکانی سەربازگەکەیان ڕووناك کردبووەوە، توتۆمبێلی ئیڤای سەربازی ڕۆیشتە ژوورەوە، ژمارەیەك سەربازی ڕێکخەر (ئینزیبات) دەرکەوتن بۆ پێشوازی کردن لێی، کێبڵ و دار قامچیان لەدەستدابوو، لە نزیك دواوەی توتۆمبێلەکە ڕیز بوون، دەنگەکەیان بە توندی هات: خێراکەن! مەیمونینە! دەی زوو!

دیلە نا پەککەوتووەکان بە پێ ڕۆیشتنە خوارەوە، سەربازانی ڕێکخەر بە لێدان و جنێو پێشوازیان لێکردن، ئینجا هاتنە لامان و زۆر توڕە بوون کاتێك ئێمەیان بینی کە هێشتا دانیشتووین، سەید محەمەد، هجیر، ئەحمەد و خوداخواست لەگەڵم دابوون، سەرکەوتنە لامان و بەلێدان کەوتنەسەر گیانمان، وا وێنایان کرد ئێمە لە فەرمانەکانیان دەرچووینە، کاتێك دۆخی ئێمەیان بینی وازیان لێهێناین و لە توتۆمبێلەکە دابەزین.

---

(١) شاری مەیمونە سەر بە پارێزگای میسانە، شاری عەمارە ناوەندی ئەم پارێزگایە، فەیلەقی چوارەم زیاتر لە پازدە لیوا و فیرقەی پیادە و زرێپۆش و ئامێری میکانیکی پێکدێت، فەیلەقی چوارەم زۆربەی ئەو پرۆسە سەربازیانەی باشوری بەڕێوە دەبرد، لە نێویاندا دوورگەکانی مەجنون، فەریقی چەسپاو سوڵتان تکریتی لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی فەیلەقەکەی دەکرد و پێش ئەویش فەریق سەباح فەخری بوو.
سەرکردەی فەیلەقی سێیەم لیوا ڕوکن زیائەدین ئیبڕاهیم بوو، بارەگاکەی لە شاری بەسرە بوو، فەیلەقی شەشەم پێکهێنرا بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە سەربازییەکان لە هوری مەزن و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئەمەش دوای پرۆسەکانی ((خەیبەر)) بوو، بارەگاکەی لە شاری ئەلقرنەی باکوری بەسرەیە، زۆر گوێبیستی ناوی فەریق ماهر عەبدوڕەشید دەبووم، کە سەرۆکی فەیلەقی حەوتەم بوو، کچەکەی شوی بە قوسەی کوڕی سەدام کرد، هەروەها فەریق تالع خلیل دوری سەرۆکی فەیلەقی پێنجەم.

ئێمە چاوەڕێی یارمەتی ئەوانمان دەکرد بۆ دابەزین، نەماندەتوانی بە تەنها داببەزین، لە ڕێگاکەدا قسەمان لەگەڵ هاوڕێیانی ترمان کرد، بۆ یارمەتیدانی ئێمە لە ڕۆیشتندا، بەڵام ئەفسەرەکە ڕێکخەرەکان مۆڵەتیان نەدان.

سەید محەمەد وازی لە گاڵتەکانی نەهێنا، تەنانەت لەم بارودۆخە ناهەموارانەشدا وتی: ئەمرۆ لە عەمارە بخۆن!

ڕێکخەرێك هەڵسا بە کردنەوەی دەرگای دواوەی ئیڤاکە، هەندێکیان ئاماژەیان کرد بۆی، واتە بە دابەزین لێی یەك لە دوای یەك بە خۆ خشاندن بۆ سەر لێواری توتۆمبێلەکە، یەکێکیان دەستی بۆ من درێژ کرد، لە ناخی خۆمدا وتم: ئای لەم یارمەتییە، چۆن دەتوانێ بەرگەی کێشی من بگرێ بە یەك دەست؟ دەستم بۆی درێژ کرد وامزانی لێم ناگەڕێ بکەوم، هەر کە خۆم دانەواند بۆ خوارەوە، خۆی کشاندەوە تا بەر ببمەوە و بەر زەوی کەوتم، بەهۆی زۆری ئازارەکە دەمناڵاند، بە ڕێکخەرەکەم وت کە پێم وابوو یارمەتیم دەدات: ئەی چەند بێ نرخ و سوك و هیچ و پوچی! جڵەوی خۆمم لەدەستدا، سەربازە ڕێکخەرەکان لە شێوەزارە تووندەگەم تێگەیشتن، کە جنێویان پێدەدەم، بۆیە بە پێ لەقە لە تەنیشتەکانیان دەدام، بە وشەی زۆر ناشرین جنێویان پێدەدام، هەستم بە ئاسودەیی کرد، چونکە من جنێوم پێدان، بە ڕاستی منداڵی زینا بوون و هیچ و پوچ بوون!

ڕێکخەرەکان هەمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بریندارەکاندا نواند، کە لەگەڵ دیلەکانی تردا نواندیان، ئێمەیان لەسەر زەوی ڕایکێشا و گوێزەرەوەی بریندارەکانیان بەکارنەهێنا، ئێمەیان بردە تونێلێی ئاوەڕۆ، تونێلەکە زۆر فراوان بوو، دیلەکانی قەڵاکانی خەندەقیان دوێنێ هێنابوویە ئەم شوێنە، هەندێك بریندارانیانم بینی و نەمدەناسین، یەکێکیان ڕووخساری شین و خوێناوی بوو؛ هەندێك لە هاوڕێانمان لە ژووری تەنیشتماندا بوون؛ تونێلەکە پڕ لە پیسی بوو.

ماندوێتی ئازار زۆر بە ڕوونی دیار بوو لەسەر ڕووخساری دیلەکان، برینداره‌کانیان لە بەرامبەر دەرگاکانی ئاودەستەکان دانا، کە ئەنیشکی ئاوی ئاودەستەکان ئاویان لێ بڕابوو، بۆنەکە لوتەکانی هەڵدەئاوساند، ئەحمەد سەعیدی زیاتر لەمە بەرگەی نەگرت و ڕشایەوە.

دوو کاتژمێر مابوون بۆ نوێژی بەیانی، پێڵوەکانم هێدی هێدی گران بوون، خەوتم و هەڵنەستامەوە بە دەنگی بانگی یەکێك لە دیلەکان نەبێ، یەکێك ڕەخنەی گرت و وتی: ئایا دەکرێ لەم جۆرە شوێنەدا بانگ بدرێ؟ بانگدەرەکە وەڵامی دایەوە و وتی: بەویستی ئێمە نییە ئێمە لێرەین، تەنانەت لە ناو ئاودەستەکانیشدا دەکرێ بانگ بدرێ!

بە ددانی یەکتری بەستەرەکانی دەستەکانمان کردنەوە و نوێژمان کرد بێ دەستنوێژ و تەیەموم، لە هەمان شوێندا بە دانیشتوویی؛ بانگدەرەکە بەختی نەبوو، هەندێك ڕەخنەیان لێگرت و کێشەیان بۆ بانگەکەی دروست کرد، بەعسییەکان هاتن و ئەویان لە نێوماندا ڕاکێشا و بە پێ لەقە لێیاندا، بانگدەرەکە خەڵکی ئەسفەهان بوو و کاتێك هاتەوە دەموچاوی ڕەش و شین ببوو.

کاتێك لە تونێلی ئاودەستەکاندا نوێژمان کرد، یەکێك لە بەعسیەکان وتی: ئێوەی ئێرانی نوێژتان فێڵ و ڕیابازییە!

لە بەیانی زوودا، ڕێکخەرەکان هاتن و دیلەکانیان دەرهێنا بۆ لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی ناوەکان، لە پێنج ڕێزدا ئێمەیان دانا و لێکۆڵینەوە لەگەڵماندا دەستی پێکرد لە ژووری جەنگ لە نێو سەربازگە و بارەگای فەیلەقی چوارەم.

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە سەرکردە مەزنەکانی فەیلەق ببینین، هەندێك لە هاوڕێیانمان بردووە بۆ بارەگای فەیلەقی سێیەم و چیتر هیچ هەواڵێکمان لەبارەوە نەبیستبوو.

**بەر لەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بکرێ لە ژووری جەنگدا، هەندێك سەربازی ڕێکخەر هاتن، هەندێکیان بێریەی سوریان لەسەر بوو، هەندێك بێری خاکی، کە بازێکیان لەسەر بوو، پشتێنەی سپیان بەستبوو، پۆشاکی پەڵە سەوز و خاکیان لەبەردابوو، ڕووخسار و جوڵە و پۆشاکە پێچراوەکانیان، ڕەنگدانەوەی ئەندازەی تواناکانیانە لەم سەربازگەیە، کە تا چەندە ڕێك پابەندن لە ڕووی سەربازیەوە.**

**ڕێکخەرەکان دیلەکانیان لە ڕیزەکاندا دانیشاند وەك ئامادەییەکان بۆ لێکۆڵینەوە، ڕێکخەرەکان زۆر لە ئەفسەرانیان دەترسان، ئەمە زۆر دیار بوو لە ڕێگەی جێبەجێکردنی سڵاویان و هەڵسوکەوتیاندا، سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد و ڕوانیمە تەلار و ژوور و کەمپە جەمەلۆنە مەزنەکان. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بریندارانداا دواخست تا دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ دیلەکان.**

**بە سەید محەمەدم وت:**

- **ئێستا چی دەکەین؟ ئایا بە شێوەزاری لوری قسە بکەین.**
- **ڕوومان دەسوتێنن!**

**هەندێك لە دیلەکان بە هۆشیاری یان بێ هۆشیاری زانیاری گرنگیان بە بەعسییەکان دابوو، هەندێکیان ناچار بوون زانیاری بدەن لە ژێر گوشاری لێدان، بەعسییەکان زۆر زیرەك بوون لەوەرگرتنی زانیاریەکان.**

**ئێستا دەگەڕێن بە دوای سەرکردە و ئەندامانی هەواڵگری و ئەوانەی بەلەمەکانیان تێکشاندووە لە دوورگەی مەجنون، ئەوانەی هەلیکۆپتەرەکەیان بەرداوەتەوە، دەیانویست زانیاری سەربازی دەستبخەن دەربارەی قەبارەی هێزە ئێرانیەکان و ئامادەییە و پاڵپشتییە مادیەکان، تەنانەت مەعنەویاتی هێزە ئێرانیەکان و....**

دیلێکیان لە ژووری لێکۆڵینەوە هێنایە دەرەوە، خەریك بوو بمرێ، هیچ زانیاریەکی نەدەدا کە داوای لێدەکرا، هەندێك دیل هۆشی خۆیان لە دەستدابوو لە ژێر کاریگەری لێدانی کارەبا و قەمچیەکاندا.

لە یەکێك لە دیلە خوزستانیەکانیاندا لە گۆڕەپانی سەربازگەکەدا، تا خەریك بوو بمرێ، خەریك بوو بمرێ، یەکێك لە عەرەبەکان ئاماژەی پێکردبوو، وا دەردەکەوت ئەو بە ئارپێچی ئامێر هاڤەری وشکانی ئاوی پێکابوو، خوێن لە دەم و لوتی دەادتە دەرەوە.

سەید محەمەد شەفاعەت منشیان بەر لەمن برد بۆ لێکۆڵینەوە، کاتێك هاتە دەرەوە بینینم دەم و چاوی شین هەڵگەڕاوە، سەید محەمەد بوێر زوو درك پێکەر بوو، کاتێك لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو، دەستمان کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی ڕوویدا لە ژووری لێکۆڵینەوەی جەنگدا.

لێکۆڵەرەکە بە سەید محەمەدی وت: زۆرێك لە ئێرانیەکانمان کوشتووە لە دوورگەی مەجنوندا، دەتوانین پارچە پارچەت بکەین؛ سەید محەمەد بەرگەی ئەم وشانەی نەدەگرت و لە میانەی وەڵامدانەوە تەحەدادا وتی: من لە دوورگەکە سەرۆك پۆل بووم، بە تەنها دەتوانم یەك فەسیل لە مەغاویرەکانتان پەکبخەم، ئێمە لە ئێوە بوێرترین لە جەنگ و شەڕدا، ئەوەی لێمان کەمە ئامادەکاری و چەکەکانە! سەید محەمەد مرۆڤێکی کەللە ڕەق بوو، ستەمی ڕەت دەکردەوە و پڕ بوو لە گیانی تەحەدا کردن لە وەڵامدانەوە و وشەکانیدا، ئەگەر پێکرانی نەبووبا ئەوا لەو کاتانەدا شەت و پەتیان دەکرد لەو ساتە چارەنووسسانەدا، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لێدانی بە کێبڵەکان خوارد.

یەکێکی تر لێی پرسی: چی دەبێ ئەگەر شارە ئێرانیەکان بە بۆمبە کیمیاییەکان بۆمبە باران بکەین؟!

سەید محەمەد وەڵامی دایەوە و وتی: لە ئێران و لە شارەکان و لادێکانیان دەزانن چۆن دەمامکی پارێزەر ببەستن، منداڵ و ئافرەتان خولیان وەرگرتووە لە بەرگری کردن دژی هێرشە کیمیایی و بەکتریایی و گەردیلەییەکان، لە جەنگەکەتاندا چەکی کیمیایتان بەکارهێنا، سەرکردەکەمان ئێمەی ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی بەکارهێنانی ئەم چەکە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە، لە کاتێکدا ئێوە گەلەکەتان بە چەکی کیمیایی بۆمبە باران کرد، بەزەییتان بە شاری هەڵەبجەدا نەهاتەوە، کەواتە چیتان داوە لە بۆمب بارانکردنی شارە ئێرانیەکانمان؟

پێم وابێ تاکە چەکی دیل زمانە، هاوڕێیانم لە لێکۆڵینەوەدا زۆر بوێر بوون، دوێنی شەڕیان کرد بەوپەڕی ئەو چەکەی هەیانبووە، ئێستا بەردەوامی دەدەن بە جەنگەکەیان بە وشەکانیان، لەوانەیە نیگا وەرگرتنێکی نەستی بووبێ لە کەربەلاوە، خانمی پاکیزەی زەینەبی کچی میری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب سڵاوی خوایان لێبێ، خانمە پاڵەوانی کەربەلا بوو بە شایستەیی، دەنگی شۆڕشی حوسەینی بوو، ئا بەم شێوەیە هاوڕێانم لە لێکۆڵینەوەکاندا؛ هەڵوێستی پاڵەوانانەیان تۆمار کرد لە بەرپەرچدانەوەی بەعسییەکاندا.

نۆبەتی من هات لە دوای سەید محەمەد، دوو سەرباز لە ڕێکخەران منیان هەڵگرت بە گوێزرەوەی بریندارەکان و منیان بردە ناو ژووری جەنگەوە، چاوم کەوتە سەر چوار ئەفسەر، دانیشتوون لە پشت مێزێکی درێژ، پەرداخێکی پڕ شەربەتی پرتەقاڵ لەوێیە، لە ڕەنگەکەیەدا دیارە لە جۆری سانکویکە، خەیاڵم ڕۆیشتبووە لای شەربەتەکە، دڵم وەك باڵندەی تێنوو بوو، حەزم لێبوو پەرداخێکم پێبدەن، بەڵکو ئاگری هەڵگیرساوی دڵمی پێ دابمرکێنمەوە، نە لێی دەخۆنەوە و نە دەیدەنە دیلەکان؛ پێم وابێ دانانی لە بارودۆخێکی لەم جۆرە و کەشێکی سوتێنەر و بەرامبەر دیلێکی تێنودا، جۆرێکە لە ئەشکەنجەدانی دەروونی، نازانم لەوانەشە بە هەڵەدا ڕۆیشتبم!

گەورەی لێکۆڵەران پیاوێکی قەد باریك بوو، پرچی لولپێچ بوو، بە پلەی عەقید، وا دەردەکەوت وشك و ڕەق و تووندوتیژ بێ، لێکۆڵەرەکەی تر پۆشاکێکی سەوزباوی[1] لەبەرکردبوو، پلەی سەربازی نەبەستبوو، لە ئەوانی تر بە تەمەنتر بوو، لێکۆڵینەوەکەی بەڕێوە دەبرد؛ وەرگێڕەکە ئێرانی بوو، نەمزانی ئێرانیە، کە قسەشم لەگەڵدا دەکرد وامدەزانی عێراقییە، پۆشاکێکی سەربازیی عێراقی لەبەر بوو و پلەی سەربازی بەستبوو، بە ڕەوانی و چاکی قسەی بە فارسی دەکرد، زۆربەی جاران وەرگێڕە ئێرانیەکان ئەندام بوون لەو ڕێکخراوەی ناسراوە بە ((ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق)). لێکۆڵەرەکەی تر پۆشاکێکی سەوزباوی لەبەردابوو، پلەی ئەفسەری هەڵگرتبوو، تۆمارکردنی دانپێدانانەکانی لە ئەستۆ بوو.

دوو سەربازەکە لە ژوورەکە ڕۆیشتنە دەرەوە، چاوم کەوتە سەر ئامێری لێدانی کارەبا، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرەم زانی.

پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە لە سەربازگەی مەیمونە بەشێوەیەکی زۆر ژیرانە بەڕێوە دەچوون، لێکۆڵەران بەپیشەکاریەکی بەرز کارەکەیان دەکرد، لە دوای تۆمارکردنی زانیاریە کەسییەکان، عەقیدەکە بە داردەستەکەی ئاماژەی کرد بۆ نەخشە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەی، بە دیاریکراوی دوورگەی مەجنون و پێگەکانی هێزە ئێرانیەکان و شوێنی لەشکرەکانیان و پرسیارەکان دەخولانەوە بە دەوری شوێنی شوێنگرتنی هێزەکانی سوپا یان پاسەوانی شۆڕش و پێگەکانیلەشکری ئێرانی و زانیاریەکان لەبارەی قەبارەی بوونی هێزەکان لە دوورگەی مەجنون و جفیر و تەلائیەت.

---

(١) ئەم پۆشاکە بەناوبانگە بە (زەیتونی) گوزارشت لە دڕندایەتی ڕژێمی بەعسی دەکات. وەرگێڕی عەرەبی. عەرەبی.

لەگەڵ ئەوەی من تەواو شارەزا بووم لە خوێندنەوەی نەخشە و پلان، بەڵام هەوڵمدا وا پێیان بگەیەنم نەزان و نەشارەزام لەمەدا، عەقیدەکە پرسیاری کرد:

- تەمەنت چەندە؟
- شازدە ساڵ.
- تۆ لە هێزەکانی بەسیجی، واتە خۆبەخشی بۆ شەڕ؟
- بەڵێ، من بەسیجیم.
- لێکۆڵەرە بە تەمەنەکە وتی:
- بۆچی هاتویتە بەرەی جەنگ؟

ئەوە هاتە نێو مێشك و خەیاڵم، کە ڕوویدا لە پرۆسەکانی پێنجی کەربەلادا، لە شوباتی ساڵی ١٩٨٤ز، ئەوەم بیر کەوتەوە کە مەحمود ئاقاسی و مزاح رفاقی لە یەکەی تەقاندنەوە وتویانە[1]، وەڵامم دانەوە بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئایەتی ١٩٠ سورەتی

---

(١) لە دوای پرۆسەکانی پێنجەمی کەربەلادا، بە دوو مانگ هاوڕێیانمان شلمچەیان بەدەستخست، ڕۆژێکیان هاوڕێیان لە یەکەی تەقاندنەوەکان و تێکدان لە دەوری محەمود ئاقاسی بازنەیان بەست لە کەنار کەناڵی سەمەك، سەرکردەیەکی ڕەوشت نەرم و نیان و کەم دوو بوو، هاوڕێیان پێی ئاسوودە دەبوون، ڕۆژێکیان قسەیان دەکرد لەبارەی دیلایەتی، ئاقاسی وتی: ئەگەر ڕۆژێك بوونە دیل و پێتان وترا بۆچی هاتونەتە بەرەی جەنگ، بەچی وەڵام دەدەنەوە؟ پرسیارەکەی ئەویان بە گاڵتە وەرگرت، هەر یەکێکیان وەڵامێکیان دایەوە، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات بکەومە نێو دیلایەتیدا، بۆیە بیرم لەمە نەدەکردەوە، بمانعەلی ئەنسارِی لە خەڵکی نورباد بوو وتی: سڵاوی ئامادەیی دەکەم، دەڵێم گەورەم بینیم هەمووان دەهاتنە بەرەی جەنگ، بۆیە منیش هاتم، ڕەزا عەلی بالانسب کە خەڵکی کهکیلویە بوو وتی: من سەرباز بووم و هاتوومەتە ئەم کەناڵە بۆ ڕاوە ماسی، ئێوە منتان ڕاو کرد، عەلی عالی خەڵکی شاری ئیستهبانات بوو لە پارێزگای فارس وتی: پێیان دەڵێم: هاتووم بەرگری لە نیشتمانەکەم بکەم، دواتر ئەم شیعرەی بۆیان خوێندەوە: ئەگەر دوژمن سەر و جەستەم لەیەکتر جیا بکەنەوە، ئەوا گەردیلەیەکی نیشتمانەکەم ڕادەست ناکەم.

کاتێك نۆبەتی من هات وتم: من بەدیل ناکەومە دەستی دوژمن! ئاقاسی بە گاڵتەوە وتی: ئەگەر بەدیل کەوتیە دەستیان بڵێ: من لە سەیدانم، بنچینەی هەر سەیدێکیش عەرەبیە، کۆچمان بۆ ئێران کردووە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە، ئێستاش ئێمەیان دەرکردووە و وتیان بڕۆنەوە وڵاتەکەتان، ئەوەتا منیش هاتومەتە

بەقەڕە[1]، کە فەرمان بە شەڕ کردن دەکات لەگەڵ دەستدرێژیکەران و فەرمان بە سنوور نەبەزاندن دەکات.

لێکۆڵەرێکی تر وتی:

- قورئان دەزانی، مەلایەکان ئێوەیان وا تێگەیاندووە ئێمە دەستدرێژیکەرن و خوای مەزن دەستدرێژکارانی خۆش ناوێ و تەنها ئێرانیەکانی خۆشدەوێ.

شێوەزارەکەی گۆڕا و هاواری بەسەردا کردم:

- کابرای ئاگرپەرست بڕوانە! ئێمەی عەرەب ئێوەمان فێری قورئان کردووە، هۆ فارسینە ئێوە ئاگر دەپەرستن، ئەگەر ئێوەمان فێری قورئان نەکردبووبا ئەوا ئێستا بێ باوەڕ و کافر دەبوون.
- سوپاسی خوا دەکەم، تۆ ئێستا دەزانی ئێمە نە کافر و نە ئاگرپەرستین.

بەدرێژایی ڕۆژەکان وامان لێدەهات ڕا دەهاتین لەسەر ئەم هەڵسوکەوتانە، هەر یەکێك چاوی پێمان بکەوتایە پێمانی دەوت: ئاگرپەرست!

---

عێڕاق! لە کۆتاییدا ئاقاسی ئەو کەسە بوو هیچ هەلێکی بەفیڕۆ نەدەدا بەڵکو هەمیشە ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێدەداین، لە کۆتاییدا وتی: هاوڕێیان! دەبێ لە خەیاڵتاندا دابنێن جەنگاوەر لە هەر ساتێکدا شەهید یان بریندار یاخود دیل دەبێ، ئەوەی شەهیدایەتی بەشی بێ، ئای چەندە خۆشبەختە، تکامان بۆ دەکات، ئەوەش کە بە دیل گیرا و پرسیاری لێکرا بۆچی هاتویتە بەرەی جەنگ، دەستبەجێ ئایەتی ١٩٠ سوڕەتی بەقەڕەیان با بۆ بخوێنێتەوە، پێیان بڵێت وەڵامەکەتان لەم ئایەتەدا دەبیننەوە.

(١)(وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) البقرة: ١٩٠. واتە: (بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دە جەنگن، نەکەن دەستدرێژی بکەن "دژی ژن و منداڵ و ماڵات و...هتد" چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت).

لێکۆڵەرەکە تورە و هەڵچوو بوو، بەڵام بە تەمەنەکە هێمن و لەسەرخۆ بوو، بە وردی گوێی بۆ ئەو شتانە دەگرت کە دەموت، بێزاربوو چونکە من بە ئایەتێکی قورئان وەڵامم دایەوە، گوێی بۆ وەرگێڕە ئێرانیەکە دەگرت، پرسیاری لێکردم:

- سەر بە کام یەکەی؟
- لیوای ٤٨ فەتح.
- واتە لیواکەتان ٤٨ جار لە جەنگدا سەرکەوتووە؟
- پێم وابێ لەم ژمارەیە زیاتر سەرکەوتووە، بەڵام مەبەست لەمە ئەوە نییە.
- کەواتە مەبەست لێی چییە؟
- سورەتی فەتح ژمارەی ٤٨ لە زنجیرەی سورەتەکانی قورئانیدا، بۆیە ناوی ٤٨ فەتحیان لە لیواکە نا.

هەستم کرد خەریکە زۆر تورە دەبێ، شتەکە بەدەست خۆم نەبوو، نازانم بۆچی وا خۆم دەبینمەوە پشت بە قورئانی پیرۆز دەبەستم لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.

ئەو عەقیدیەی لە هۆکاری تورەبوونەکەی نەگەیشتم وتی:

- قورئان پشتان بشکێنێ! دەتەوێ بڵێی خومەینی لە ئێران لەسەر بنچینەی قورئان کار دەکات؟ بۆیە ناوی لیوا و فیرقە سەربازیەکان لە قورئانەوە وەردەگرێ؟
- هەر مرۆڤێك دەزانێ چەند لەسەر بنچینەی قورئان کاردەکات، بەڵام قورئان دەفەرمووێ هێرش مەکەنە سەر هیچ وڵاتێك، بەڵام ئەگەر وڵاتەکەتان دووچاری هێرش بووەوە، ئەوا بەرگری بکەن.

پیاوە بەتەمەنەکە بە گوێی عەقیدەکە چرپاندی کە لەسەر خۆ بێ، سەرباری ئەوەی ئاسودە نەبوو بە وەڵامەکانم، بەڵام بەردەوام پرسیاری لێکردم، منیش بە

ئەندازەی زانیاریە کەمەکانم وەڵامم دەدایەوە، بەڵام وازی نەدەهێنا لە پرسیارکردن، سەیری نێو چاوەکانی کردم و پرسی:

- لە کوێ بەدیلگیرای؟
- لە دوورگەی مەجنون، ڕێگای خەندەقەکە.
- بینیت چۆن ڕێگای خەندەقەکەمان بەدەستهێنایەوە و ئێوەمان پارچە پارەچە کرد؟

ساتێك ڕاوەستام و بیرم کردەوە و دواتر وتم:

- ئێمە شکستمان نەخوارد، ژمارەمان تەنها دوو سەد کەس دەبوو، ئێوە چەندین لیوا بوون، کاتێك بە دیل گیراین یەك فیشەکیشمان پێ نەمابوو.
- ژمارەیەکی زیاترمان لە دوورگەی مەجنون بەدیلگرت.
- ڕاستە ئێوە سەد کەستان لە هێزەکانی ئێمە بەدیل گرت، بەڵام هێزەکانی ئێرانی لە پرۆسەکانی بەیتولموقەدەس زیاتر لە حەڤدە هەزاری بەدیل گرت، هاتنی ئێمە بۆ بەرەی جەنگ ئەرکێکی شەرعییە.

عەقیدەکە هێشتا هەر توڕە بوو، پێم وت:

- نیشانەیەك لە ڕێگای خەندەقدا هەیە، ئەوەی کەوتووەتە دەستتان پێم وانییە هێشتا هەر مابێ، تیایدا نووسراوە: لە حوسێنەوە فێر بووین بە ئەرکمان هەڵبستین و بیر لە ئاکامەکانی نەکەینەوە.

عەقیدەکە زۆر بەهێز و سروشت ئاڵۆز و دوور لە لۆژیك بوو، بەپێچەوانەی پیاوە بە تەمەنەکە، کە زیاتر بەهێمنی دەردەکەوت، کاتێك عەقیدەکە دەوروژا و وشەی خراپی بەکاردەهێنا، پیاوە بە تەمەنەکە ئەوی هێور دەکردەوە.

عەقیدەکە سور بوو لەسەر تۆمەتبارکردنم، بۆیە وتی:

- ئێوە بەدیلگیراون لە دوورگەی مەجنون، کە بەشێکە لە عێراق، هەی بەندەی ئاگرپەرستە دەستدرێژکەرەکان!

- سوێند بەخوا ئێمە تەنها خوا دەپەرستین و ئاگر ناپەرستین.
- ئێوە لە بەشێکی خاکی عێراقیدا بەدیل گیراون؟ وا باشتر بوو بتانکوژین و جەستەکانتان فڕێبدەینە بەر دەمی سەگەکانی عەمارە.
- من لە کوشتن ناترسم، ئەگەر بترسامایە ئەوا بە ویستی خۆم نەدەهاتمە بەرەی جەنگ، من ئێستا دیلم لە نێو دەستی ئێوەدا، بەکەیفی خۆتان چیتان بوێ وام لێدەکەن، هیچ کەسێکی کاری بە ئێوە نییە، بەڵام ئەگەر پرسیارتان لێبکرێ بۆچی هەڵسان بەداگیرکردنی خرمشهر، هویزە، سوسنگرد و شارە ئێرانیەکانی تر، ئەوا چی دەڵێن؟ تا ئەم ساتە ئێوە چەند بەشێکی خاکی ئێمەتان داگیر کردووە، کاتێك خاکی ئێرانی داگیر دەکەن، ئەوا ئێرانیش خاکی ئێوە دەگیر دەکات!

وا دەردەکەوت عەقیدەکە وەڵامەکانی منی بەدڵ نەبووبێ، بۆیە ڕۆیشتە سەر باسی شەتی عەرەب.

- شەتی عەرەبی هی ئێمەیە، ئێوە داگیرتان کردووە.
- لە کۆنەوە موڵکی ئێمە بووە!

وەڵامەکە هەستیارییە بەعسیایەتیەکەی ئەوی زۆر وروژاند، لەبارەی شەتی عەڕەب، ئەوا بەشێوەیەك لەبارەی شەتی عەرەبەوە دەدوێن وەك ئەوەی موڵکی ئەوان بێ، عەقید بە توڕەییەکەی وتی:

- ئەگەر شەتی عەڕەب هی ئێوە بووبا، بۆچی ناوی (شەتی عەرەبە)، ئەمە بۆ عەرەب دەگەڕێتەوە، ئێوەش ناوی بنێن شەتی عەرەب.
- ناو گرنگ نییە، عەرەب لە پارێزگای خوزستان دەژین، بۆیە ناوی لێنراوە شەتی عەرەب، ئایا ئەهواز شارێکی عێراقییە؟
- هەژارینە مەلایەکان مێشکی ئێوەیان پڕ کردووە؟
- کێشەی ئێوە ئەوەیە، پێتان وایە ئێمە هەڵخەڵەتاوین و منداڵین و لە هیچ شتێك ناگەین، بۆیە هاتوینەتە بەرەی جەنگ! لە کاتێکدا بە بیروباوەڕەوە هاتووین!

بەتەمەنەکە بە شێوەیەکی بەرێزەوە وتی:

- ئاواتی تۆ چییە، ئومێد دەخوازی ئازاد بیت!

پێم خۆش بوو بڵێم، تاکە ئاواتی من ئەوەیە رێگەم پێبدەن ئەو پەرداخە شەربەتە بخۆمەوە! ئای خوایە خەریك بوو ئەم ئاواتە بدرکێنم، بەڵام خۆم ڕاگرت و دانایی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ بەمێشکمدا هات، کە لە ڕۆژمێری گیرفانی خۆمدا هەڵمگرتبوو و پاراستبووم، بۆ ساڵی ١٣٦٦[1]، وتم:

- میری باوەڕداران عەلی سڵاوی خوای لێبێ دەڵێت: ((بە شکۆمەندترین دەوڵەمەندی ئومێد و ئاوات نەخواستنە))، بەڕاستی لوتکە دەوڵەمەندی ئەوەیە مرۆڤ ئومێد نەخوازێ، چونکە ئاوات و ئومێد، گوزارشت دەکات لە پێویستی، پێویستیش گوزارشت لە هەژاری دەکات.

بێدەنگی باڵی کێشا و وازیان لە پرسیار کردن هێنا، دوو سەربازی ڕێکخەر هاتن و منیان بە گوێزەرەوەی بریندارەکان گواستەوە! لە ژووری جەنگ دەرچووم و من هەستم بە ڕەزامەندی دەکرد، قسەکانم هەراسانکەر بوون بۆ عەقید و بۆ ئەوەی بە تەمەنەکە جۆرێك لە نوێکاری بوو، ئەمە ڕوون بوو لە هەڵسوکەوتەکانی هەر دووکیاندا، منیان نەگەڕاندەوە بۆ تونێلی تەندروستیەکە، هەناسەی ئاسودەییم هەڵکێشا، هەستم کرد من لە خراپەکەیان ڕزگارم بووە. لە دوروبەری نیوەڕۆدا، ئەفسەرێك هات و کەسێکی ئێرانی لەگەڵدا بوو، لە ڕێکخراوی ((دووڕووەکان)) هاتنە ناو گرتووخانەکە و ئەفسەرەکە ناوی چوار دیلی هێنا: عەلی هاشمی، عەلی ئەسغەر، گرجی زادە، هوشنگ جووند، تقی ئیمانی.

بێ دەنگی باڵی کێشا، هەر یەکێکمان چاوەڕوانی دانیشتنی ئەوەی تەنیشت خۆی دەیکرد لە نێو ئەم چوارانەدا.

---

(١) ڕۆژمێری کۆچی خۆرییە، کە بەرامبەر ساڵی ١٩٨٧ز.

ئەفسەرەکە وتی: با ئەم چوارانەتان بێنە دەرەوە!

بەو لێکۆڵینەوەیەی بەیانی ڕوویدا، ناوی ئەم چوارانە نەهات.

کات بە دەمی ئێوارە بوو، کە ئەفسەرێك بە پلەی موقدەم هات، توووندی و ناڕوونی بە ڕووخساریەوە دیار بوو، بە ئێمەی وت:

- ئەوەی لە دەرەوەی قەڵاکان بەدیل گیراوە با دەستی بەرز بکاتەوە!

من دەستم بەرز کردەوە، لەگەڵ هەندێك دیلی تر، کە لە دەرەوەی قەڵاکان بەدیل گیرابوون، نازانم بەعسییەکان بۆچی دەگەڕان بەدوای ئەوانەی لە دەرەوەی خەندەقەکە بەدیل گیراون، من و جگە لە منیش پێمان وابوو ئەوان دەیانویست زانیاریەکان بە وردی ڕێك بخەن، ئێمە کە حەوت دیلبووین، بەرەو لای دیواری قەڵایەکی ئەو لاوە ئێمەیان برد و لەوێیان دانیشاندین، لە بەرامبەرماندا تابلۆیەکی مەزنی سەدام هەبوو، شاڵێکی لەسەر شان بوو و گوللەی دەتەقاند.

ئەو دیلانەی لە دوورگەی مەجنون و تەلائیەت بە دیل گیرابوون، لە گۆڕەپانی سەربازگەکەدا و لە پێنج ڕیزدا دایانیشاند بوون، چەند دیلێکی نوێ بۆ ئێمە زیاد کران، ئەوانم نەدەناسی، چاوم کەوتە سەر محەمەد کورد لو و سەرم سوڕما! بیری ئەوەم نەدەکرد لە ژیاندایە، کاتێك ئێوارەی شەمە ئێمەیان برد بۆ قەڵاکانی خەندەق، عەلی محەمەدم نەبینی، لە ناخی خۆمدا دەبێ ئەویان کوشتبێت لە قەڵاکانی بەیتی لەهی.

بەعسییەکان ئەو دیلانەیان لە یەکتر جیاکردەوە، کە بە دیل گیرابوون لە دوورگەی مەجنونی باکور و باشوری لە دیلەکانی تر، یەکێك لە سەربازەکان هات و وەرگێڕێکی ئێرانی لەگەڵدا بوو و وتی:

- ئەوانەی بەدیل گیراون لە دوورگەکانی مەجنونی باکور و باشور با هەڵبستنە سەر پێ، زیاتر لە دە دیل هەستانە سەر پێ، دوانیان دووچاری برین بوون، نازانم بۆچی پێداگیریان کرد لەسەر دیلەکانی دوورگەکانی مەجنونی باکور و باشور.

لەو لێکۆڵینەوەیەی بەیانی ئەنجامدرا، ئەو زانیاریانەی پێشکەشم کرد بوون تەنها یەك درۆیان تێدا بوو، ئەویش پەیوەست بوو بە ئەرکەکەم لە بەرەی جەنگدا، پێم وتن من جەنگاوەرم و نەموت کار لە (هەواڵگری)دا دەکەم، چونکە ئەگەر ئەم زانیاریەم بوتایە، ئەوا ڕاست و چەپێکم بەسەر ژیانمدا دەهێنا، پێم ڕاگەیاندن لە فەوجی سەروەری تایبەتی شەهیدانم، ئەمەیان تۆمار کرد.

پاڵم بە دیوار دابووەوە، هەندێك ئەفسەر هاتن، دوو کەسی ئێرانی هێنا، یەکێکیان دیلێکی عەرەبی خەڵکی خوزستان بوو، دەموچاوی پڕ بوو لە خۆشەویستی گەنجی و پۆشاکەکەی خاکی بێ سەروبەر بوو، پێم وابێ لە دوورگەی مەجنون بە دیل گیرا بوو، چاوی بە نێو دیلەکاندا گەڕاند! نازانم بە دوای چیدا دەگەڕا؟ کاتێك گەیشتە لام، بە دەستی ئاماژەی بۆ لای من کرد و بە ئەفسەرەکەی وت: گەورەم ئەمە! ئەمە بەسترایەوە بە هێنانی ناوی عەلی هاشمیەوە[(١)].

(١) فەریق حاجی عەلی هاشمی لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری ئەهواز لەدایك بووە، لە دوای هەڵگیرسانی جەنگەکە، وەك سەرۆکی فەیلەقی حەمیدیە و فەرماندەی لیوای ٣٧ نور دیاری کرا، بە لەبەرچاوگرتنی شایستەییە فرە جۆرەکانی و لێهاتوویەکەی، وەك فەرماندە دیاریکرا لە بارەگای نەسرەت، هێزە ئێرانیەکان پرۆسەکانی خەیبەر و بەدریان لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا ئەنجامدا، لە دوای پرۆسەکانی بەدر موحسن ریزایی ئەوی دیاری کرد وەك سەرکردەی فەیلەقی شەشەم (فەیلەقی ئیمامی سادق سڵاوی خوای لێبێ)، لە میانەی ماوەیەکی پێوانەییدا توانی سێزدە یەکەی شەڕکەر و پشتیوانی دروست بکات، لە ٢٥ حوزەیرانی ١٩٨٨ز. عەلی هاشمی لە دوورگەی مەجنوندا ون بوو، لە دوای تێپەڕینی نزیکەی ٢٢ ساڵ جێماوەکانی شەهید دۆزرانەوە لەسەر قەدەکانی دوورگە؛ بە یەکێك لە پێنج سەرکردە شەهیدە مەزنەکانی خوزستان دادەنرێ: محەمەد جهان ئارا و حوسێن عەلەمولهودا و ئیسماعیل دقایقی دکتور مەجیدی بەقایی پنج.

نەمدەزانی مەبەستی چییە؟ لە پشت وتنی: گەورەم! ئەمە!

لەم کاتەدا دوو ڕێکخەر منیان خستە سەر گوێزەرەوەی برینداران، بەرەو ژوورێکی تر بردیانم، ژووری جەنگ نەبوو، لێکۆڵەرێکی ترم بینی، لە نێو ئەوانەدا نەبوو کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم. لە لێکۆڵینەوەی بەیانیدا لەبارەی شتی تاکەکەسیپرسیاریان لێکردم، لە ناو و ناسنامەی کەسی و شوێنی لەدایك بوون، ئەو یەکەیەی کارم تێدا کردووە، ئەو ناوچەیەی تیایدا بە دیل گیرام، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی ئێوارەدا تەنها پرسیاریان لە ناو و نازناوەکەم و شوێنی بەدیلگیرانیان کردم بە شێوەیەکی ورد؛ دواتر ڕاستەوخۆ پرسیاریان لەبارەی حاجی علی هاشمی کرد، عەقیدی لێکۆڵەرەکە وتی:

- سەرکردەی فەیلەقی شەشەم دەناسی؟

من عەلی هاشمی سەرۆکی فەیلەقی ئیمام جەعفەری سادق سڵاوی خوای لێبێ پێش دوو ڕۆژم بینیوە پێش ئەوەی هێزەکانی سەدام هێرش بکەنە سەر قەڵاکانی خەندەق، هات بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی خەندەق، پیران مستەوفی زادە پێی وتم: ئەمە عەلی هاشمییە، جەستەیەکی باریك و ڕووخسارێکی ئەسمەر و دوو چاوی گەورە و ڕیشێکی جوان و سیمای دلگریهەبوو، پۆشاکێکی کۆریەی لەبەر بوو: لە ڕاستیدا من بەمە سەرم سوڕما! کاتێك مستەوفی زادە پێی وتم ئەم کەسە کە نەعلەی[1] لە پێدایە لە هێڵەکانی پێشەوەدایە، سەرۆکی فەیلەقی شەشەمە، هیچ کەسێك نەیبینی بوو پێڵاو لە پێ بکات! تەنانەت لەو کۆبوونەوانەشدا کە لە بارەگای دەستەی ئەرکاندا دەبەستران! کەواتە ئەم بوونەوەرە قەد باریکە ئەم هەموو لیوا و فیرقە سەربازیانە بەڕێوە دەبات لە باشوردا،

(١) دواتر لە نزیکترین دۆستەکانی سەرکردە عەلی ناسرم بیست، عەلی هاشمی هەستیاری پێستی هەبوو لە پێیەکانیدا، هەر بۆیە پۆستاڵی لەبەر نەدەکرد لە ڕۆژە گەرمەکاندا.

تەنانەت سەیفوڵا حەیدەر پور سەرۆك لیواکەمان بەهەموو ئامادەیی خۆیەوە ملکەچ دەبێ بۆ ئەم کەسە!

نازانم بۆچی ئەفسەرانی سەربازگەی مەیمونە زۆر سوربوون لە گەڕان بە دوای عەلی هاشمیدا، من دیل بووم و هیچ زانیاریەکم لەبارەی هێڵەکانی پشتەوە نەبوو، هەموو ئەوەی دەمزانی بەعسییەکان هەلیکۆپتەریان دەفڕاند لەسەر بارەگای فەیلەقی شەشەم، عەباس هاشمی یەکێك لە بەرپرسەکان لە بارەگاکەدا ئەمەی گەیاندووە بە یەکێك لە هاوەڵانمان لە لیواکە، نەمدەزانی چی هاتووە بەسەر عەلی هاشمیدا و ئێستا لە کوێیە.

لێکۆڵەرەکە وێنەی عەلی هاشمی پیشاندام، کە لە نیوەی باڵاکەی گیرا بوو، پۆشاکی پاسەوانی شۆڕشی لەبەردا بوو، پێم وابێ لە شوێنێك لە شوێنەکانی باشور لێی گیرا بوو، لە ناخی خۆمدا پرسیم، سەیری وێنەکەم دەکرد لە دەستی لێکۆڵەرە بەعسییەکاندا، ئایا دەبێ چی بەسەر هاتبێ؟

به ئاگا هاتمەوە لەگەڵ دەنگی لێکۆڵەرەکە دەیوت:

- ئەمە عەلی هاشمیە دەیناسی؟
- یەك جار بینیم بە دوو ڕۆژ پێش هێرشەکەتان بۆ سەر دوورگەی مەجنون، لە ڕێگای خەندەقدا چاوم پێکەوت.
- ئایا لە هێرشی ڕۆژی ٢٥ حوزەیران لە دوورگەی مەجنوندا بینیت؟
- لە ڕۆژی هێرشەکەدا نەمبینی.
- ئاگرپەرستی درۆزن، تۆ پەیامنێری عەلی هاشمی!
- نەخێر من پەیامنێری ئەو نیم.

داردەستەی بە توڕەیی تێگرتم و هاواری کرد:

- تۆ پەیامبەری عەلی هاشمی پێمان بڵێ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

بەر لەوەی دەمم بکاتەوە، وتی:

- زانیاری تەواومان لەبارەی پەیامبەرەکەی هەیە، گەنجێکە لە دەوروبەری تەمەنی پازدەساڵیدایە، لە بەرە بەیانی هێرشدا لەگەڵیدابوو و ئێمەش ناوچەکەمان گەمارۆ دابوو، پەیامبەرەکەی بریندار بوو لە ڕانیدا، بە دیل گیراوە، بەڵام عەلی هاشمی بەرەو قەدەکانی قامیش ڕۆیشتووە و هەندێك سەرکردەی لەگەڵدایە، ئێستا پێم بڵێ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

- ڕاستە من تەمەنم شازدە ساڵە، لە دوورگەکەدا بەدیل گیراوم، بەڵام من ئەو کەسە نییم کە بە دوایدا دەگەڕێی!

- بۆچی درۆ دەکەیت؟ تۆ لە چ فەوجێکی؟

لەسەرەتادا ویستم پێی بڵێم من لە فەوجی شەهیدانم، ڕێنیشاندەری ئەم فەوجەم، ئەمەم باسکرد لە لێکۆڵینەوەی بەیانیدا، ئەوانیش ئەمەیان بڕوا کرد، بیرم کردەوە چیان پێ بڵێم، تا بڕوام پێ بکەن من پەیامبەری عەلی هاشمی نیم، وا بڕوایان کردووە من پەیامبەری عەلی هاشمیم، نازانم بۆچی دیلە خوزستانیەکە ئەو کەسە پەریامبەرەکەیە، ڕاستە من لەگەڵ گشت دیلەکان جیاوازم لە جۆری کارەکەمدا کە بەجێی دەگەیەنم، ئەگەر ئەمە بزانن ئەوا لەوانەیە کۆتاییەکەم بێت، بیرم کردەوە ڕاستیان پێ بڵێم ئەمە تاکە ڕێکە بۆ قەناعەت هێنانیان بەوەی من پەیامبەری عەلی هاشمی نیم، نەمدەویست سروشتی کاری خۆم لە بەرەی جەنگدا ئاشکرا بکەم و ئەوەی من بەشێك بم لە هەواڵگری، چونکە ئەمە نەهامەتیم بۆ دێنێ، ئەوەندە هەیە من دڵنیابووم تاوانەکە کەمتر دەبێ لەوەی پەیامبەری ئەو سەرکردەیە بم کە بەدوایدا دەگەڕێن، هەر بۆیە بڕیارمدا دان بە ڕاستیدا بنێم و پێم وتن:

- من کارمەندی هەواڵگری و هەواڵگریم.

هەستم بەوە کرد لێکۆڵەرەکەی تووشی شۆك بوو، سیماکانی شۆك بوون دەمودەست لەسەر ڕووخساری دەرکەوتن، تووشی تێکەڵەیەك لە واق وڕمان و شۆك بوون هاتبوو، وێنای نەدەکرد منداڵێك لە تەمەنی شازدە ساڵیدا کار لە بوارێکی وا هەستیاردا بکات!! بۆیە بەشێوەزارێکی پرسیار و سەرسوڕمانی زۆرەوە وتی:

- بەڕاستی تۆ ئەم بێچوە بەسیجیە لە هەواڵگریدا کار دەکەیت؟!
- بەڵێ.

ئەگەر بریندار و پێکراو نەبووبام لە قاچمدا، ئەوا بارودۆخەکە دەگۆڕا، ئەگەر سەلامەت بووبام ئەوا جۆرەها ئەشکەنجەیان دەدام، لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵەرەکە وتی:

- کەواتە زۆر کارمان هەیە! کارمەندانی هەواڵگری چاك دەزانن عەلی هاشمی و عەلی ئەسغەر گرجی زادە و هوشنگ جووند و تەقی ئیمانی لە کوێن.
- ئەو ناوانەی باست کردن سیانیان ناناسم؛ ئەوەی دەتوانم بیڵێم عەلی هاشمی لە ئێرانە!
- ئێرانیەکان زۆر درۆ دەکەن، ئێوە لە لێکۆڵینەوەدا ڕاستی ناڵێن.
- من ڕاستی دەڵێم، مرۆڤ زۆر گەوجە ئەگەر بە دوژمنەکەی وت ئەو کار دەکات لە هەواڵگریدا، ویستم بۆتانی بسەلمێنم من پەیامبەری عەلی هاشمی نیم!
- ئەگەرنا ڕاستیت نەدەوت وا نییە؟
- بەڵێ بۆم باس نەدەکردی!

بەعسییەکان پێیان وایە، لەبەر ئەوەی من لە ڕێگەی خەندەقدا بە دیل گیراوم، ئەوا بە دڵنیایەوە عەلی هاشمیم بینیوە، چارەنووسەکەی دەزانم و ئێستاش لە کوێیە! لێکۆڵەرەکە کەسێکی ترسێنەر و توووند بوو، لێی پرسیم:

- چۆن دەتەوێ بڕوا بکەم، تۆ عەلی هاشمیت نەبینیوە لە ڕێگەی خەندەقدا، لەگەڵ بایەخی زۆری هەیە لای ئێرانیەکان؟
- عەلی هاشمی سەرکردەی فەیلەقی شەشەمە و هەموو لیوا و فیرقە سەربازیەکان فەرمان لەوەوە وەردەگرن، نەریت وایە لە بارەگای سەرکردایەتیەوە پڕۆسەکان بەڕێوە دەبات؛ بەعسییەکان چاك مەعنەویاتی سەرکردەکانمان دەزانن لە بەرەی جەنگدا، ڕۆحیەتیان دەناسن، هەردەم ئەوان ئامادەن لە پاڵ هێزەکانیاندا لە هێڵەکانی پێشەوەدا، ئەمەم ئاشکرا کرد لە میانەی قسەکانیاندا، بۆیە لێکۆڵەرەکە ویستی ئامادەبوونی سەرکردە ئێرانیەکان بچەسپێنێ لە هێڵەکانی پێشەوەدا، وتی:
- چەندین سەرکردەی فیرقە مەرگی خۆیان بینیوە لە هێڵەکانی پێشەوەدا.

بەڕاستی ئەوەی وتی وابوو، بێ دەنگ بووم، ئەوان زۆر شت دەزانن لەبارەی زیرەکی هێزەکانمان و لێهاتوویی سەرکردەکانمان، ئەمە مایەی شانازی بوو بۆمن؛ ئەو لێکۆڵەرەی زیرەکی پێوە دیار بوو وتی:

- دیلگیرانی عەلی هاشمی بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەگەر تۆ شتێك دەزانی، ئەوا لێمان مەشارەوە، من یارمەتیت دەدەم و دەتگوازمەوە بۆ نەخۆشخانە و چارەسەرت دەکەم!

پێم وابێ زانیاری ورد و ڕاستیان لا بوو، بۆیە وتی:

- زانیاریمان لایە، کاتێك هەلیکۆپتەر فڕیوە لەسەر بارەگای فەیلەقی شەشەم، ئەوا عەلی هاشمی و عەباس هاشمی و ژمارەیەك لە سەرکردەکان لە نێو بارەگاکەدا بوون، هەوالگەیەنەرەکەش لەگەڵیاندا بوو، بارەگاکە موشەك باران کرا، لە بارەگاکە ڕۆیشتوونەتە دەرەوە بۆ نێو قەدەکانی قامیش و لەوێ خۆیان شاردۆتەوە، یان

ڕێگای خەندەقیان گرتووە و لەوانەیە ڕێگای هیمەتیان گرتبێ یان لە دوورگەی مەجنونی باکوردا مابێتەوە!

- عەلی هاشمی لە ئێران نییە، لە نێو کوژراوانیشدا نەدۆزراوەتەوە، کەواتە لە نێو دیلەکاندایە، ئێوە ڕێککەوتوون لەسەر شاردانەوەی ناسنامەکەی، ئێوە لە دەستی ئێمەدان، ئێمەش یەك بە یەکی وێنەکان لەگەڵ ڕوخسارتاندا بەراورد دەکەین! درکمان بەوە کرد عەلی هاشمی یان دەبێ شەهید بووبێ، یاخود لە نێو دیلەکاندا بێ، من هەموو دیلەکانم نەبینیوە، تەنانەت تەنها یەك جار ئەم سەرکردەیەم بینیوە؛ وا هەستم کرد دڵم تەنگ دەبێ، ئاسان نەبوو بۆم گوێبیستی چارەنووسی ئەم سەرکردەیە ببم بەم شێوەیە، ناچاربووم ناسنامەکەم لە پێناو ئەودا ئاشکرا بکەم، پەشیمانیش نیم لەمە! مافی ئەوانە بگەڕێن بە دوای نێچیرێکی بەنرخودا، ئەمە باشترین سەرکەوتنە بەدەستی بهێنن؛ بۆ یەکەم جار بوو سەرکردەیەکی پلە باڵایان بکەوێتە دەست، لە سەرکردەکانی پاسەوانی شۆڕش، کە ئەوانی لە جەنگەکاندا شڕ کردبێ، پرسی مانەوەکەی بە ناڕۆشنی مایەوە و هیچ کەسێك چارنووسی نازانێ[1].

---

(١) لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ و دوای دوو مانگ لە ڕزگاربوونم لە دیلایەتی، پرسیارم لە یەکێك لە هاوڕێنم کرد کە خەڵکی ئەهواز بوو، لەبارەی چارەنووسی عەلی هاشمی، ئایا لە دیلایەتی ڕزگاری بووە یان نا، وتی: هیچ هەواڵێك لەبارەی عەلی هاشمیەوە نییە، بە مانگێك دوای ئەمە نامەیەکم نووسی بۆ سەرکردایەتی بارەگای کەربەلا لە (باشور) و خۆم ناساند و ئاگادارم کردنەوە لە ڕووداوەکانی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵمدا لە مەیمونە، کە لە بارەگای فەیلەقی چوارەمی عێراقی و بەندیخانەی ڕەشید لە بەغداد ئەنجامدران، ئەوەی پەیوەستە بە پرسی عەلی هاشمیەوە و ئەوەی (ك. جلالی) شوفێری (ئەلکمپرسی) دەری بڕی، کە لە ٢٥ حوزەیرانی ١٩٨٨ بەدیل گیرا بوو، لە کەمپی پاشکۆدا پێی ڕاگەیاندم، کەسێکی لە شاری بەسرە بینیوە زۆر بە عەلی هاشمی دەچێت، پێم وت: پێت وایە ئەو ناوبراو بێ؟ وتی: زۆر بەو دەچوو، وتم: چیان لێکرد؟ وتی: بەعسییەکان زۆر دڵخۆش بوون لەبەر ئەوەی عەلی هاشمیان دۆزیوەتەوە، تەنانەت (ك. جلالی) ئەمەی باوەڕ کردبوو، کاتێك سەرکردە عەلی ناسر لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوەڵانی لە بارەگای کەربەلا هەڵسان بە سەردان کردنی (ك. جلالی) و پرسیاران لێکرد لەبارەی عەلی هاشمی، وتی: لە بەسرە

لەو ڕۆژەی بەعسییەکان هێرشەکەیان ئەنجامدا بۆ سەر دوورگەی مەجنون، عەباس هواشمی یەکێك لە یاریدەدەرانی عەلی هاشمی هاتە ڕێگەی خەندەق، زۆر ڕوون بوو کە دەگەڕا بە شتە ونبووەکەیدا، بە دوای عەلی هاشمیدا دەگەڕا، حاجی عەبباس کە زیاتر لە هاوڕێیەك بوو بۆ عەلی هاشمی، زۆر دوودڵ بوو، ئەویش بە دوایدا دەگەڕا لە ڕێڕەوە ئاویەکەدا لە دوورگەی مەجنون، ونی کرد بوو لە دوای هەڵفڕینی هەلیکۆپتەر لەسەر بارەگای فیرقەی شەش و هەواشمی هەڵسا بە ڕاسپاردنی عەلی مەردان لە دەستەی سەرکردایەتی فەوجی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ و حەسەن وەکیلی پەیامبەری هەواڵگری بە ئاگادارکردنەوەی ئەو جەنگاوەرانەی شەڕیان دەکرد لە ڕێگەی خەندەقدا، بە تەقە نەکردن بەڕووی ئەوەی دێت لەلای چەپی ڕێڕەوە ئاویەکە بەرەو ڕێگەی خەندەق، لەوانەیە عەلی هاشمی بێ.

هەموو ئەوانەی لە ڕێگەی خەندەقدا بوون، ئاگادار کرانەوە؛ ئێمە عەلی هاشمیمان دەناسی و چاوەڕێی هاتنیمان کرد تا نیوەڕۆ لەلای چەپی ڕێگای خەندەقەوە، کە

---

بینیومە! ئایا نەهاتۆتە ئێران! ئەوەی جەلالی بینیبووی زۆر بە عەلی هاشمی دەچوو، بەعسییەکان ئەویان گواستەوە بۆ بەغدا.

ناسری بەدوای سەرە داوێکدا دەگەڕا، چارەنووسی عەلی هاشمی پێ بدات! سەید موحسن ڕەزایی بابەتی عەلی هاشمی خستەبەردەم سەید ویلایەتی وەزیری دەرەوە، بۆ بەدواداچوونی پرسەکەی، دکتۆر عەلی ویلایەتی وتی: ئەگەر زانیاری ورد هەبێ، ئەوا لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە دەبێ و لە میانەی ڕێگەی تایبەتی ئاشکراکردنی چارەنووسەکەی، بە داخەوە هیچ زانیاریەکی دڵنیاکەرەوە نییە لە گیرفانی بەرپرسانی سوقادا تەنها دانپێدانانی (ك. جلالی) و بینینەکەی نەبێ یان بینینی ئەو کەسەی زۆر بەو دەچێ لە شاری بەسرە، بەعسییەکان ئەویان بۆ بەغداد گواستەوە بەوەی عەلی هاشمی سەرۆك فەیلەقی شەشەمە، ئەو ڕۆژە بە (ك. جلالی)م وت: من دڵنیام بەعسییەکان تەواو دڵیابوون لەوەی کەسی گومان لێکراو عەلی هاشمی نەبووە، لە بەر ئەوەی دوای سێ مانگ، واتە لە کۆتایی ئەیلولی ئەو ساڵە ئەفسەرە مەزنەکان هاتنە بەندیخانەی ڕەشید، بۆ گەڕانی تایبەت بە دوای عەلی هاشمیدا لە نێو ئەوانەی لە دوورگەی مەجنونی باکور و باشوردا بەدیل گراون (تێبینی: ئەم کتێبە ڕادەستی نووسینگەی ئاداب و هونەرەکان کراوە لە (حەزەی هنری) پێش دۆزینەوەی پاشماوەکانی جەستەی شەهید عەلی هاشمی لە نێو قەدەکانی قامیشدا بە نزیکەی یەك مانگ: دوای بیست ساڵ ڕوفاتی عەلی هاشمی لە دوورگەی مەجنوندا دۆزرایەوە).

جەنگەڵی قامیش بوو، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هێزە گیانفیداکان بکات کە بێ سەرکردە مابوونەوە، بەڵام عەلی هاشمی هەرگیز دەرنەکەوت، دوو گریمانە هەن لەبارەی چارەنووسی عەلی هاشمی، یان دەبێ شەهید بووبێ و جەستەکەی ون ببێ لە دوورگەی مەجنوندا، یان دیلی دەستی بەعسییەکانە، ئەگەر دیل بێ ئەوا گریمانەیەکی لاوازترە لەوەی یەکەم، بەعسییەکان بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەم وەك چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ وەزیری نەوتی[1] ئەوکاتدا محەمەد جەواد تندگویاندا کرد، کە لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو، لەبارەیەوە زانیاری نە بە ڕاگەیاندن و نە بە خاچی سور و نە بە بەرپرسانی ئێرانی نەدا. بەعسییەکان دەیانزانی عەلی هاشمی سەرۆکی فەیلەقی شەشەمە (فەیلەقی ئیمامی سادقە سڵاوی خوای لێبێ)[2].

لە ئاستی فەریق ڕوکن ماهر عەبدولڕەشی سەرۆکی فەیلەقی شەشەم و هیشام سەباح فەخری سەرۆك فەیلەقی چوارەم یان فەریق خەلیل تالٌع دوری سەرۆك فەیلەقی پێنجەم.

بە لێکۆڵەرەکەم وت:

- دەزانم چەندە دڵخۆش دەبن ئەگەر عەلی هاشمیتان دەستگیر کردبێ، بەڵام پێم وانییە لەو جۆرە بێ کە دەکرێ بە ئاسانی دیل بکرێ، ئێمە سەربازی ئاساییین و کێشە نییە، بەڵام درك دەکات بەوەی دیلگیرانی ئەو باجێکی قوڕس بە هێزەکانی و

(١) حکومەتەکەی شەهید ریجائی.

(٢) سەید موحسن ریزائی لە کتێبەکەیدا: ((ونبوەکەم)) لە یادەوەریەکانی لەبارەی عەلی هاشمی و پێگەی ئەو وەك سەرۆك فەیلەقی شەش یەکسانە لەگەڵ پلەی سەرۆك لە لەشکرەکانی حوکمیدا لە وڵاتانی جیهاندا.

سەرکردەکەی موحسن ڕەزایی دەدات، ئەگەر هەستی بە مەترسی کرد، ئەوا گوللەیەك بەخۆیەوە دەنێ بەر لەوەی بە دیل بکەوێتە دەست ئێوە[1].

عەلی هاشمی لە کاتی هێرشی دوژمن لە دەستەی ئەرکانی سەرکردایەتی بوو، بارەگای خاتەمولئەنبیا، کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی دوورگەکانی مەجنون لە کۆتایی ڕێگای (شەهید هیمەت) کە بە سەرسامی مامەوە، دەبێ چی بەسەر عەلی هاشمی هاتبێ؟ لە ناخی دڵمدا عەلی هاشمی کە چەندین ساڵی تەمەنی خۆی بەسەر بردووە لە هوری مەزن و دوورگەکانی مەجنون، کە بە کلیلی ڕاستەقینەی پرۆسەکانی خەیبەر دادەنرێ، ناکرێ بەرگەی کەوتنی دوورگەی مەجنون بگرێ لە ڕۆژانی کۆتایی جەنگدا، نایەوێ بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەم پرسە ببینێ؛ عەقڵی بیرکەرەوە بوو لە پرۆسەکانی خەیبەردا؛ بەر لە دەستپێکی پرۆسەکان لەسەر داوای سەید موحسن ڕەزایی ئەرکی پێکهێنانی بارەگایەکی نهێنی بۆ هەوالگری گرتە ئەستۆ، لە پێناو ڕوومالکردنی هور و کۆککردنەوەی زانیاری، عەلی هاشمی ئەو کات زۆر کەم دەخەوت، جگە لە موحسن ڕەزایی هیچ بەرپرسێکی حکومی و سەربازی ئاگاداری ئەم ئەرکە نەبوون؛ ڕەزایی سەرکردایەتی ئەم بارەگایە نهێنیەی پێ سپارد، دوای تێپەڕینی یازدە مانگ لە کۆکردنەوەی زانیاری لە هور پلان دانرا بۆ پرۆسەکانی خەیبەر، عەلی ناسر یەکێك لە یاریدەدەرانی عەلی هاشمی بوو، دەیوت: تەنانەت ڕووبەری ڕووباری دیجلەشمان پیواوە، ئەگەر وا ڕێککەوت هێزەکانمان ڕووبەرەکە ببرن، ئەوا زانیاری تەواوی هەیە بە ئەندازەی پانی و ڕووبەرەکەی، چیرۆکی عەلی هاشمی و دوورگەی مەجنون دوو باسن ناتوانرێ لەیەکتر جیا بکرێنەوە.

---

(١) ئەو کاتە بیرم لە ڕاستی وتەکەم نەکردبووەوە، چونکە گوللەی ڕزگاربوون لە خۆدان جۆرێکە لە خۆکوژی و ئیسلام ئەمەی قەدەغە کردووە، لەوانەیە ئەم قسەیەی من لە لێکۆڵینەوەدا هەڵە بووبێ، بەڵام ئەمەم بە خەیاڵدا هات.

لە گرتووخانەدا کاتێك بیرم دەکردەوە لە عەلی هاشمی، لە ناخمدا دەموت عەلی هاشمی نەیتوانیوە بگەڕێتەوە شارەکەی، لە دوای کەوتنی مەجنون و زاڵبوونی بەعسییەکان، من دڵنیام عەلی هاشمی تا دوا ساتەکان بەردەوام بووە لە شەڕ کردن لەگەڵ بەعسییەکاندا؛ پێم وابێ ئەو بڕیاری داوە پاشەکشە نەکات، لە هەمان کاتدا بڕیاری داوە خۆی بەدەستەوە نەدات.

عەقیدە عێراقیەکە پرسی:

- عەلی ئەسغەر گرجی زادە دەناسی[1].
- تا ئێستا گوێبیستی ناوەکەی نەبوومە!

هۆشەنگ جووند[2].

- ئەوەش ناناسم.
- هیچ یەکێك لەو ناوانە ناناسم کە باست کردن!

ئەفسەرە بەعسییەکە گومانی هەبوو، توونـد و تیژی و سوربوون لە ڕووخساریدا دیاربوو، هەوڵیدەدا پەنا نەباتەبەر توونـد و تیژی لۆ دەستخستنی زانیاری، وتی:

- ناچێتە عەقڵەوە هیچ یەکێك لەم دوو کەسانە نەناسی؟

لێکۆڵینەوەی سەرەکی کۆتایی هات بەم وتەیەی عەقیدەکە، زۆر هەراسان بوون لەو زانیاریانەی ڕاستی ناگوازنەوە، لەبارەی عەلی هاشمی و کەسانی تر؛ هیچ نەبوو! دەزانم چۆن بۆیان بسەلمێنم هیچ زانیاریەکم نییە لەبارەیانەوە.

---

(١) عەلی ئەسغەر گرجی زادە، سەرۆك ئەرکانی فەیلەقی شەشەم، دوای ئازادبوونی لە دیلایەتی کرایە سەرۆکی ناوچەی سوپا لە خوزستان، دواتر سەرۆکی ناوچەی سەیجی تارانی مەزن، ئێستا سەرکردەی سوپای فڕۆکەخانەکان لە گشت وڵاتدا.

(٢) سەرۆك میحوەری بارەگای نەسرەت، پێگەیەکی سەرکردایەتی هەیە لە فیرقەی ٧ وەلی عەسر.

له کۆتاییەکانی لێکۆڵینەوەکەدا، یەکێك لە سەرکردە بە تەمەنەکان هاتە ژوورەوە، عەقیدەکە و سەربازەکانی تر هەستان و سڵاوی سەربازیان کرد، یەکێك لە لێکۆڵەران شوێنی خۆی جێهێشت بۆ ئەفسەرە هاتووەکە، لە پاڵ عەقیدەکە دانیشت، دەموچاوی ڕەش بوو بە سعودیەکان دەچوو، قەڵەو بوو، ڕیشی تاشراو بوو، وا پێ دەچوو تەمەنی شەست ساڵان بێ، پلەی عەمید ڕوکنی هەڵگرتبوو؛ قسەی کرد لەگەڵ عەقیدەکە و بیستم زیاد لە جارێك ناوی عەلی هاشمی هات، وا دەردەکەوێ عەقیدەکە قسەی بۆ دەکرد لەبارەی ئەوەی ڕوویداوە لە لێکۆڵینەوەکەدا، عەمیدەکە هەندێك جار سەیری دەکردم و سەری دەلەقاند وەك پشتگیریەك بۆ ئەوەی دەیبیست، پێی وت من لە هەواڵگیریدا بۆ بەرژەوەندی پاسەوانی شۆڕش کار دەکەم، نازانم بۆچی عەمید ڕوکنەکە پرسیارێکی لە دەرەوەی بابەتی ڕەسەنەکە لێکردم لەبارەی عەلی هاشمی، لە ناکاو لێی پرسیم:

- پێم بڵێ ئێمە یان تۆ لەسەر حەقین؟

پێویستە وەڵامێکی ورد ئامادە بکەم و تووڕەی نەکەم، بۆیە وتم:

- خوا زانایە!
- مەترسە! تەنها پێم بڵێ کامە ڕاستە؟
- مەبەستت لە جەنگی نێوان ئێران و عێراق؟
- ڕێك ئەمە!
- بەهای وتەی دیلێك چییە، ئێوە دەڵێن ئێمە ڕاستین، ئێمەش هەمان شت دەڵێین، هیچ کەسێك نییە بڵێ من نا حەقم، بەڵام من لەگەڵ تەمەن بچوکیمدا هەندێك شت چاك دەزانم.

بێ دەنگ بوو، من دوودڵ بووم لەوەی ئەگەر ئەوەی لە ناو دڵمایە بیڵێم لەوانەیە ئازارم بدەن، دەنگێك لە ناخمدا دەیوت ڕاستیەکە مەڵێ، چیتر بەرگەی ئازاری زیاتر

ناگرم، دەمناڵاند بەدەستی هەستکردن بە لاوازی و بێ وزەیی، هەندێکجار بەدوای ئەو شانەدا دەگەڕام کە پێویست بوو بیڵێم، یەك بە یەك سەیری ڕووخسارەکانی ئەوانم کرد، لە ناخمدا دەموت: لەوانەیە یەکێك لەوانە هیدایەتوڵای براکەمیان کوشتبێ!

عەقید ڕوکنەکە چاوەڕێی وەڵامی منی دەکرد، وتی: وەڵامت نەدامەوە؟

- دەزانم ئازارم دەدەن، بەڵام ناحەقەکە دەستی بە جەنگ کرد.

وا هەست دەکەم واق ورما بەهۆی پرسیارەکەوە، وەڵامەکەم زۆر سادە بوو، بەڵام لە بیرکردنەوەدا ڕۆچوو، سور بووم لەسەر ئەوەی ئەم وتەیە نەڵێم، بەڵام لەسەرمان پێویست بوو جەنگ بەردەوام بکەین، هێشتا جەنگەکە تەواو نەبووە، تەنانەت لە گرتووخانەکانیشدا مرۆڤی بڕوادار دەبێ جەنگ بکاتە ئامانجی، بە زمانی بجەنگێ، چونکە هیچی نییە لە دەستی بدات، بۆیە نەدەترسام، ئەگەر بترسامایە ئەوا نەدەهاتمە جەنگ و بەرەکانی شەڕ.

پێم وابێ لە میانەی ڕوانین و هەڵسوکەوتەکانیاندا، هەندێکیان سەرسام بوون بە ڕاشکاوی و بوێری و ڕاستگۆییەکەمان؛ بەدڵنیایەوە ئەوە جیا دەکەمەوە کە بەعسییەکان لە تووڕەییان شەقیان دەبرد، کاتێك ئێمەیان دەبینی بەم شێوازە هەڵسوکەوت دەکەین، هانی ئەوانی تریان دەدا بۆ ئەوەی بە توندی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکەن.

عەمیدەکە بە دۆخێکی تێکەڵ لە شۆك و لەوانەیە سەرسامی سەیری کردم و پرسیاری کرد:

- بەڕاستی تۆ لە مردن ناترسی؟

- هەموو خەڵك لە مردن دەترسن، ئێمە هاتووین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مردن بە ویستی خۆمان، لە بیروباوەڕی ئێمەدا پردی پەڕینەوەیە بۆ بەهەشت، کاتێك هاتمە بەرەی شەڕ، وا دامنابووو یان شەهید دەبم یان بەدیل دەگیرێم، لە ڕاستیدا حەزم نەدەکرد بمرم هەر چەندە بەویستی من نییە، بەڵام شەهید بوون بەرزترین ئاواتمانە.

بەعسییەکان هەراسان دەبوون، کاتێك گوێبیستمان دەبوون لەبارەی شەهیدبوون و بەهەشتەوە، خێرا کاردانەوەی توونديان لێ دەردەچوو، هەندێکیان هاواریان دەکرد بەهەشت بۆ شەهیدە پاکەکانمانە، جێگە ئێوە دۆزەخ و ناخۆشترین شوێنە!

لە هێڵەکانی پێشەوە تێبینی ئەوەم کرد بوو، بەعسییەکان ناسنامەیان لە ملی جەنگاوەرانماندا دەکردەوە و بەگاڵتەوە دەیانوت:

ئەمە کلیلی بەهەشتە، خومەینی بەئێوەی داوە!

کاتێك لە قسەکانمدا باسی بەهەشتم کرد، پێکەنین نازانم چ شتێکی پێکەنیناوی لە قسەکەمدا هەیە، هەوڵمدەدا لە قسەکانمدا ورد بم.

عەمید ڕوکنەکە وتی: ئایا ئێوە کێبڕکێ دەکەن بۆ شەهید بوون؟ ئایا هەستتان چییە، درك بەچی دەکەن لە ناخودا تا بەو شێوەیەتان لێهاتووە، ڕووبەڕووی فیشەك دەبنەوە بە سینگتان، بەقاچتان بەسەر مین دەکەون لە پێناو کردنەوەی ڕێگە بۆ ئەوانی تر؟! خومەینی چی دەرخواردی ئێوە داوە، تا بەم شێوەیەتان لێبێ گەوجیە؟!

بەگاڵتەوە پێکەنی وتی: ئەگەر حەب یان شەربەتتان لا بێ و ترسان لە مردنتان لێ دەماڵێ، بە ئێمەش بدەن تا لە مردن نەترسین!

ئەمانە هەندێك وشە بوون، ئەگەر بە جۆرێك لە گاڵتەش وترابێ، ئەوا هەستی شانازی کردن لە ناخمدا دەجولێنێ، چونکە چاك دەزانن هێزەکانمان تایبەتمەندن بە پێشڤەچوون و شەڕکردن بە نەبەردانە و سەربازەکانمان لە مردن ناترسن، هەر بۆیە شێوازەکەی بۆ من سروشتی بوو، بە عەمیدە بەعسیەکەم وت:

- خومەینی هیچمان دەرخوارد نادات، بیروباوەڕ و ڕێنمایی ئاینەکەمان بەم شێوەیەمان لێدەکات!

لەوانەیە عەمیدەکە هەوڵ بدات بچێتە ناو ناخی من و ئامانجەکانم بدۆزێتەوە، بۆیە وتی:

- حەزم لێیە بزانم چەند خومەینیت خۆشدەوێ؟

هەستم بە حەسانەوە کرد لەبەر ئەم پرسیارە، لەبەر ئەوەی لە میانەی وەڵامەکە دەتوانم ئەوە دەربدەم کە قەتیس بووە لە ناخمدا، ئەو تورەییە کەم بکەمەوە کە لە ناخمدا شەپۆڵ دەدات، من هەستم بە چێژ دەکرد لە کاتێکدا من بیروباوەڕی خۆمم ڕوون دەکردەوە، وەك ئەوەی بەشی خۆم ببەم و تۆڵەی لێبسەنمەوە وتم:

- خومەینی سەرۆکمانە، لەوانەیە کەسی واتان لە نێو دیلەکاندا بینیبێ کە وتبێتی کەیفی بە خومەینی نایەت، ئەمە بەهۆی ئەوە بووە ناچار بووە بۆ ئەمە تا سەلامەت لە ئەشکەنجەی ئێوە، بەڵام متمانەتان هەبێ ئەو کەسە ڕاستی نەوتوە، لە ناخیدا ئیمامی خۆشدەوێ، بەڵام سۆزی خۆی لە ترساندا دەشارێتەوە.

پرسیاری کرد:

- کەواتە لە ناخی دڵتدا خومەینیت خۆشدەوێ؟

ئای چەندە هیوام دەخواست من ئەو ڕاستییە دەربڕم، زۆر بەرز هاوار بکەم ئەگەرچی لەم بارودۆخە سەختانەشدا دیل بم و قاچم پەککەوتبێ، بەڵام دڵم شەپۆڵ دەدات لە خۆشەویستی بۆ ئیمام، من هەستم بە شکۆمەندی دەکرد لە پێناو خۆشەویستی من بۆ ئەم سەرکردە مەزنە.

لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو، لێکۆڵەرەوەکە داوای لە ڕێکخەری ناوخۆیی کرد هەڵم بگرن و بمبەنە دەرەوەی ژوورەکە، وەرگێڕە ئێرانیەکە پێی وتم:

- عەقیدەکە دەڵێ: ناتەوێ شتێك لەبارەی عەلی هاشمیەوە بڵێی، تۆ ئەشکەنجە بۆ خۆت دێنی، ئێستا بڕۆ لەبەر خۆر دابنیشە، تۆ شایستەی لێدانی بەڵام پێکراوی بۆیە لێت نادرێ، دوو لە ڕێکخەران منیان بردە گۆڕەپانی نمایش، لافیتەیەك لە لای سەرەوەی بینای دوو نهۆمیەکە هەڵواسرا بوو، تیایدا نووسرابوو ((سەرکردایەتی ڕێکخەرانی فەیلەقی چوارەم)) لە سەر دیواری بەرامبەر ئەم گوزارشتە بە پیتی مەزن نووسرابوو دەیوت: ((ئەوەی بە جوامێرانە شەڕ بکات، شایستەی ڕێز و شکۆمەندیە)).

ئاخ؛ خۆزگە بمتوانیایە بەم بەعسیانە بڵێم، ئێمە سەلمێنەری ئەم گوزارشتەین، ئای لە هیچ و پوچیان: هێرش دەکەن وهەڵمەت و تاڵانکاری دەکەن، کوشتار بە دڕاندانە ئەنجام دەدەن، کەچی لەبارەی ڕێز و ڕەوشت و شکۆمەندی دەدوێن!

پێکرانی منیان ڕەچاوکرد و بەزەییان پێدا هاتمەوە، بۆیە سزاکەم ئەوە بوو بۆ ماوەی چوار کاتژمێر سەیری خۆر بکەم!

لە گۆڕەپانی نمایشدا ئاڵای عێراقی بەعسی لەسەر ستوونێکی درێژ بەرز ڕاگیرابوو؛ ئێمە ئێستا لە سەرکردایەتی فەیلەقی چوارەمداین، تابلۆیەکی مەزنی سەدام لە ناوەڕاستی گۆڕەپانە مەزنەکە دانرابوو، منیان برد و پاڵیان پێدامەوە بە دیوارەکە

بەرامبەر بە خۆر، دەبێ سەیرم بکردبا. لە لای ڕاستم تەلارێکی بچوکی جیا هەبوو لە بیناکانی تر لە سەربازگەکەدا، توتۆمبێلێکی بارهەڵگر بارەکەی لەلای ئەو بینایەیە دادەگرت، گونیەی برنج و قۆدی زەیتون و سێو و سەوزەوات و میوەجات و کەرستەکانی تری خۆراك بوون، زانیم لەوانەیە چێشتخانەی سەربازگە بێت یان بەلایەنی کەمەوە چێشتخانەی تایبەتە بە ئەفسەران، چوار سەرباز پۆشاکی جیاوازیان لەبەردا بوو لەگەڵ پۆشاکی سەربازەکانی تر، بارەکەیان لە بارهەڵگرەکە دادەگرت؛ کاتێك من سەیرم دەکرد، ڕێکخەری ڕاسپێدراوەکە بە چاودێری کردنی من بە کێبڵ لێی دەدام، بۆ ئەوەی سەیری ڕۆژ بکەم، پێویستە بەرگەی ئەم سزایە بگرم، وەك ئەشکەنجەیەك بەرامبەر نەدانی زانیاری لەسەر عەلی هاشمی و هەواڵگری و پڕۆسە سەربازییەکان.

لە بەرامبەرم و لە تەنیشت ئاودەستەکان زیاتر لە دە دیلیان ڕاگرتبوو، بە دار دەست و کێبڵ لێیان دەدا. لە شەودا کاتێك ئێمەیان تێکردە نێو شوێنی مانەوە، هەندێك لە هاوڕێیان پێیان وتم، ڕێکخەران دوو دیلیان برد بۆ نێو ئاودەستەکە و سەری ئەوانیان تێکردە نێو ئاودەستەکە، فەرمانیان پێکردن پیساییە کۆبووەوەکە بخۆن، کەسێکی باڵا بەرز و قەد باریك تا ئاستی لەر و لاوازی سەرپەرشتی سزایەکەم دەکات، بە دووری نزیکەی سی مەتر یەکێك لە سەربازەکان کە کەرستە خۆراکیەکانیان دادەگرت، پرسیاریان لە سەرپەرشتیاری سزاکەم کرد لەبارەی من، ئەویش وتی: ئەمە دیلێکی ئێرانییە.

پرسی: ئایا سەربازێکی ئەرکدارە؟

سەرپەرشتیارەکە وەڵامی دایەوە: نەخێر سەربازێکی ئەرکدار نییە! ئەمە پاسەوانی خومەینیە.

دوای ئەوەی سەربازەکانی کەرستە خۆراکییەکان، لە کارەکەیان تەواو بوون، بەرەو لای من هاتن، هەر یەکێکیان ژمارەیەك هێلکەیان بەدەست بوو، یەکێك لە بەرامبەرم وەستا و جنێو و هێلکەکانی تێدەگرتم و دەیوت: ئاگرپەرست! لەشکری خومەینی! دەستەکانم پێچرابوون لە دواوەمەوە، سەری خۆم دانەواندبووو، تا لە دەموچاوم نەدەن.

یەکێك لێی نەدام بە هێلکە، کاتێك سەرنجی برینداریەکەی کردم، سیماکانی پەشیمانیم لەسەر ڕووخسارەکەی بینی، ئەو سەیری قاچە پەککەوتووەکەی دەکردم، ڕووی قسەی کردە هاوەڵانی و وتی: گەنجینە! ئەمە پەککەوتە و بریندارە!

لە زۆربەی ئەو شتانە تێنەگەیشتم کە دەیوت، بەڵام هەوڵیدەدا هاوەڵەکەی بگێڕێتەوە لە هێلکە باران کردنم، بەڵام هاوەڵەکەی زۆر دڵڕەق بوو، پیاوەتی لە جەستەدا نەبوو، بە توڕەیی بەجێی هێشت لەسەر کارە خراپەکەی، یەك هێلکەی لەسەرم و سێ تریش بەر سینگم کەوتن، لە ناخی خۆمدا وتم: ئایا ئەم هێلکانە سزایەك بوون بۆ ئەوەی لە منداڵیدا ئەنجامم دابوو!

سەربازەکانی چێشتخانە تەنها دە خولەك لەگەڵم بەردەوام بوون، یەکێك کە تەمەنی پەنجا ساڵان بوو ڕۆیشت و ئینجا گالۆنێکی نایلۆنی هێنا، کە دە لیتر ئاوی لەخۆدەگرت، لەگەڵ دەفرێکی شوشە، پێم وابێ سەربازە دڵ باشەکە قسەی لەگەڵ کردووە لەبارەی هەڵسوکەوتی هاوەڵانی لەگەڵ مندا و هێلکە باران کردنم، ڕوانینەکانی سۆز و مرۆڤایەتیان لێدەباری، باڵای مام ناوەند بوو، نێوچەوانی ئەسمەر بوو، پڕ لە چرچی بوو، بۆنی خۆراك لە پۆشاکەکەی دەهات، هەر کە گەیشتە لام و قسەی لەگەڵدا کردم، نەمدەزانی چی دەڵێت، بەڵام درکم بە بابەتی قسەکردنەکە کرد؛ هەڵسوکەوتی هاوەڵانی بوو لەگەڵمدا، وا دەردەکەوت دەیویست کاریگەری ئەم هەڵسوکەوتە نابەجێیەم لەسەر کەم بکاتەوە.

داوای لە ڕێکخەرەکە کرد دەستەکانم بکاتەوە، ڕێکخەرەکەش وەڵامی دایەوە، وەك ڕێزێك بۆی دەستەکانمی کردمەوە.زەویەکە زۆر گەرم بوو و واهەستم دەکرد قاچم دەسوتێنێ، گەرمیەکە بەرگەی ناگیرێ، پیاوە بە تەمەنەکە دەستی گرتم و منی بردە لای کۆتایی گۆڕەپانەکە، کە نزمترە لە ڕووی گۆڕەپانەکە بە نیو مەتر، بۆ ئەوەی ئاو بەسەرم و دەموچاومدا بکات، بەسەر ئەنیشکی ڕاستەمدا خۆم چەماندەوە؛ دەفرەکەی پڕ لە ئاو کرد، ئینجا بەسەر سەری و ڕووخساریدا دەکردم، بە یەك دەست دەموچاوەکەم دەشۆرد، یارمەتی دەدام بۆ ئەوەی چاك ڕووخسارم بشۆم.

کراسەکەم پیس ببو بە زەردێنەی هێلکە، ئاوی بەسەری مندا دەکرد و داوای کرد کراسەکەم دابکەنم، زۆر پیس ببوو بەهۆی خوێن و قوڕ، کراسەکەم داکەند و من دەمشۆرد و ئەویش ئاوی پێدا دەکرد، شۆردنیم پێ سەخت بوو، پیاوەکە کراسەکەی گوشیم و لەبەرم کرد، ساردی هاتە نێو جەستەم و هەستم کەمێك بە بوژانەوە کرد.

ژمارەیەك لە سەرباز و پلەداری فەیلەقی چوارەم لە عەمارە کورد بوون، هەروەها تورکمانیش بوون لە پارێزگاکانی باکوری عێراق، من تێبینی جیاوازیەکی زۆرم دەکرد لە نێوان هەڵسوکەوتەکانی سەربازە کوردەکان لەگەڵ هی عەرەبەکان، کوردەکان زۆر مرۆڤدۆست بوون، هەندێك سەربازی تورکمان قسەیان لەگەڵ دیلە تورکەکان دەکرد بە زمانی تورکی، ڕێکخەرەکان زۆربەیان بەعسی بوون.

لە شەوی ڕابردوودا یەکێك لە پلەدارەکانی کورد، بێ ئاگایی هاوڕێکانی هاتە تونێلی ئاودەستەکان و ساچمەیەکی دەرهێنا، کە لە قاچی تاج محەمەد عەلی پوردا بوو، لە ژێر پێستدا و بەڵێنی پێدا کەرستەی پاککەرەوەی بۆ بێنێ لە دوای نیوە شەو، دوای ئەوەی هەمووان دەخەون، لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری منی کرد و وتی: بارودۆخت زۆر خراپە، ناتوانم هیچت بۆ بکەم.

کاتژمێرێکی سزاکەم مابوو، کاتێك دەیاننوقێنم، هاواری بەسەردا دەکردم و هەڕەشەی لێدەکردم، ئەو بە ئەرکی خۆی هەڵدەستا بەشێوەیەکی چاك، فەرمانی سەرکردەکانی بە وردی جێبەجێ دەکرد، هەر بۆیە جەختی دەکردەوە کە سەیری خۆر بکەم، ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر خراپ بوو، هەر کاتێك چاوەکانم دەنوقاند، ئەوا بە کێبڵ لەسەری دەدام، پێویست بوو سەیری خۆر بکەم تا لەم ئەشکەنجە بە ئازارە ڕزگارم ببێ، جەستەم ئارەقەی لێدەچۆڕا. بە فەرمانی بەرپرسی ڕێکخەران گوێزرامەوە بۆ نێو ژوورەکە، دوو ڕێکخەر منیان هەڵگرت، هەستم بە هەراسانی و بێزاریان دەکرد بەهۆی هەڵگرتنی من، وەك ئەوەی شتێکی پیسیان هەڵگرتبێ، هەر کە ڕۆیشتمەوە ژوورەوە ئەوا خەوم لێکەوت.

- **چوارشەمە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٨٨ – مەیمونە – فەیلەقی چوارەم**

دەرگای گرتووخانەکە یان کونەکەیان کردەوە لە کاتێکی درەنگدا، هیچ هەواڵێك نەبوو لەبارەی ژەمە خواردن، ئێمە هەر لە شەوەکەوە هەستمان بە تێنوێتی دەکرد، کەش و هەواکە زۆر گەرم بوو، جەستەکانمان ئارەقەی کردبوون هەندێك لە دیلەکان شەویان لەگەڵ برینداراەکاندا بەسەر برد بۆ دابینکردنی شوێنی فراوانتر، بۆ ئەوەی تیایدا ڕابکشێن و بحەسێنەوە لە نووستنەکەیاندا؛ زۆربەی دیلەکان لە فیرقەی زرێپۆشی ٩٢ – ئەهواز بوون، لە تەڵائەتیش لە فیرقەی پێنجەمی نەسرِ و لیوای ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ – خوراسانیش بەدیل گیران.

عەقیدە عێراقیەکە هاتە ژوورەوە و هەندێك لە ڕێکخەرەکانی لەگەڵدا بوو، عەقیدەکە بەراوردی دەکرد لە نێوان ڕووخساری دیلەکان و ئەو وێنەی لەدەستیدا بوو؛ هەندێك لە دیلەکان هیچیان لەبارەی وێنەکە نەدەزانی، لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژی

ڕابردوودا وتیان پشکنین لە نێو ڕووخساری دیلەکاندا دەکەن، یەکە بەیەکە دەیان پشکنن، بۆ گەڕان بەدوای عەلی هاشمیدا، عەقیدەکە بەخودی خۆی ئەمەی دەکرد.

عەقیدەکە دوو کەسی دەرهێنا، وا بۆی دەچوو بە خاوەنی وێنەکە بچێ، هەر بۆیە حەسەن بەهمەنی و مەحمود نویدیان برد، لە گۆڕەپانەکەدا زۆر لێیاندرا بە کێبڵ و داردەست، هاواریان بەسەریاندا دەکرد: دەی بجوڵێن! ئەوانیان برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، عەقیدەکەوتی: عەلی هاشمی لە نێوتاندایە و ئێوە ڕێکەوتوون لەسەر شاردنەوە، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرابوو بردیانە نێو گرتووخانە.

پێش بەیانی دیلەکانیان دەرهێنا و پەیامنێر و ڕۆژنامەوانان هاتن، دەستیان بە وێنەگرتنی دیلەکان گرت، یەکێك لە بریندارەکان لە دۆخێکدا بوو مایەی بەزەیی بوو، بۆ جاری یەکەم دوێنێ بینیم، لە قەڵاکانی خەندەقدا بەدیلگیرا بوو، لە قەڵاکاندا ئەوم نەبینیبوو، زۆر بە بەخت بوو کاتێك هەر ڕۆژی یەکەم گوازرایەوە بۆ بارەگای فەیلەقی چوارەم، ناوی یەدوڵا زارعی بوو، خەڵکی (بەهمەئی) بوو، یارمەتی مەهدی کەریمی دەدا لە ئارپیێچی لە فەوجی حەزرەتی پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، لەوپەڕی باشی و ئارامیدا بوو، ساچمەیەك بەر سەری کەوتبوو و بەشێك لە کەللەی سەری لێ پەڕاندبوو؛ هەر بۆیە دووچاری پەککەوتنی نیو جەستەیی هات، جۆرێك لە لەرزین تووشی دەستی ببوو، نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵبێ، دیمەنەکەی زۆر منی ئازاردا.

بەر لەوەی دیلەکان لە گرتووخانەکە ببەنە دەرەوە، زۆر بە سەختی لە دیلەکانیاندا، پێیان وترا ئەگەر عەلی هاشمی لە نێوتاندا نەیەتە دەرەوە، ئەوا بەردەوام دەبین لە لێدانتان، تاوانی دووەمی دیلەکان ئەوەیە تا ئێستا سەرکردەی فەسیلەکان خۆیان نەناساندووە! دیلەکانیان لە گرتووخانەکەدا دانیشاند، لە پێنج ڕیزدا، کاتێك لەوانیاندا ئەوا هەستم بە دوودڵی دەکرد بۆ یەدوڵای زارعی، برینەکەی ئەوم لە کەللە

سەریدا بینیبوو، دەترسام لێدانێكی كێبڵی بەر بكەوێ و بمرێ! زۆربەی دیلەكان كێشەكەی ئەویان دەزانی.

لە كاتی لێداندا یەكێك لە دیلەكان كە خەڵكی مەشهەد و ناوی سادق بوو وەستا و یەدوڵای پاراست! سادق تاكە دیل بوو كە دانەنیشت و ئەمەش ئەفسەرەكەی توڕەكرد و هاواری بەسەردا كرد تا دابنیشێ، یەكێك لە ڕێكخەرەكان بە كێبڵ لە سەری سادقیدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دانەنیشت، ئەفسەرەكە هاواری كرد:

- عەرەبستانیەكە لە كوێیە!

یەكێك لە دیلە عەرەبەكانی خوزستان هەڵسا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی وەرگێر هەڵبستێت، ڕێكخەرەكە پرسی:

- بۆچی دانانیشی؟
- ئەم بریندارە پێویستی بە چاودێریە.
- ئایا ئەو بریندارانە هەموویان پێویستیان پێ نییە.
- برینەكەی زۆر مەترسیدارە، ئایا سەری ئەوت بینیوە؟ وەستاوم بۆ ئەوەی بیپارێزم لەوەی كێبێڵ بەر سەری بكەوێ.

سادق كارێكی فیداكارانەی كرد، بەری هەر دوو دەستەكانی بە یەكەوە لەسەر كەللەسەری یەدوڵا زارعی داناوە، لەو شوێنەی بەهۆی ساچمەكەوە پەڕیوە، یەك لێدانی سادە ژیانی لەناودەبات.

ڕێكخەرەكە فەرمانی كرد ئەم دیلە لێی نەدرێ!

سادق لەوپەڕی داناییدابوو، قسەی لەگەڵ یەكێك لە ئەفسەران كرد و بە هێمنی وتی:

- ئەم دیلەتان هێناوەتە ئێرە، ئەگەر نیازتان بوایە بیكوژن، ئەواله هێڵەكانی شەڕدا دەتانكوشت!

له گۆڕەپانی سەربازگەکە، یەکێك لەوانەی دوێنێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، لە سەرکردەی فەوج و فەسیلەکان بوو.

بەعسییەکان لە شەوی ڕابردوودا (سەید عەلی ساڵح رایگان)یان هێنا بۆ سەربازگەکە، کاتێك لەگەڵ هاوەڵاندا ئەوم بەر چاو کەوت، سەرم سوڕما. لە قەڵاکانی خەندەق کاتێك بردیان وای بۆچوون جارێکی تر نایبینمەوە، وا وێنام دەکرد بەعسییەکان لە قەڵاکانی بەیتی لەهی لە ناویان بردووە، کاتێك ڕۆیشتوونەتە ئەوێ، هێشتا لە مەیمونەیە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکردووە.

بە ئەحمەد سەعیدیم وت: پێت وایە بەعسییەکان زانیویانە سەید عەلی ساڵح سەرکردە بووە لە قەڵاکانی خەندەقدا؟

- ئەگەر بیانزانیایە ئەوا نەیاندەهێنا بۆ ئێرە، پێم وانیە ناسنامەکەیان ئاشکرا کردبێ.

یەکێك لە ڕێکخەران سەید عەلی ساڵحیان بردە ژووری جەنگ بۆ لێکۆڵینەوە، کاتێك لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوام بوو، دواتر هێنایانە گۆڕەپانەکە، لە نێو بریندارەکاندا دانیشت، کاتێك ئەوم بینی هەستم بە ئاسودەیی کرد، لێکۆڵینەوەکە لەگەڵیدا دوو کاتژمێری خایاند، نەخشەیەکی هەڵواسراوی تێروتەسەلی لەسەر دیوارەکەیە لە ژووری لێکۆڵینەوەدا یان ژووری جەنگدا، لێکۆڵەرەکە وردەکاری هێرشی بەعسییەکانی دەزانی بۆ سەر دوورگەی مەجنون و شەتی عەلی و ئومی نعاج و تەڵائیەت و جفیر و ناوچەکانی تر، دەیویست توانای سەید عەلی ساڵح ئاشکرا بکات لە خوێندنەوەی نەخشەکە، کاتێك دیلێك ئاشکرا دەکەن، کە ئەم وردەکاریانە دەزانێ، ئەوا جیای دەکەنەوە و وەك سەرکردەی فەوج یان فەسیل هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، دواتر بۆ هەوالگری دەیگوزانەوە، سەید عەلی ساڵح درکی بەم فێڵە کرد، بۆیە وا خۆی

دەرخست، تەنها کەسێکی بەسیجی سادە بێ، بەوانی وت هەرگیز لەوە تێناگات کە لەسەر دیوارە، بەوانی وت: قسەم لەگەڵ بکەن لەبارەی شوفێری کردنی گەمی و کەرستەکان، تایبەتە بە فەوجی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ) و شەهیدەکانی فەوج، لێکۆڵەرەکە پرسیار لەبارەی عەلی هاشمی لێکرد، ئەویش بەوانی وت: نەمبینیوە و هەرگیز نەیناسیوە؛ ئێمە سەربازی ئاسایین، هیچ شتێك نازانین، شتێکی دەرئاسا (موعجیزە) بوو لێکۆڵەرەکە دانپێدانی سەید عەلی ساڵحی بڕوا کردووە، وا دەردەکەوێ سەرکەوتوو بووە لە خۆ دەرخستن بە سادەیی، هەر بۆیە ناوی ئەویان لە لیستی تایبەت بە هێزە سادەکاندا نووسی، بەڵام سەلامەت نەبوو لە پێ لەقەکاندا، کە سزای هەموو جەنگاوەران بوو لە قەڵاکانی خەندەق و بەرگرییە کۆڵنەدەرەکەیان، دەموچاوی شین هەڵگەڕان، چاوەکانی هەڵئاوسان.

عەلی محەمەد کورد لو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا تەواو بوو، سەرۆك پۆل بوو لە فەوجی تایبەتی شەهیدان، لە هەمان فەوجدا من ڕێنیشاندەر بووم، کاتێك ئەویان هێنا ئەوا دەموچاوی شین ببوو، هەر چەندە پۆلەکەی پێکهاتبوو لە دوازدە جەنگاوەر، بەڵام تا دوایین فیشەك زۆر بە زیرەکانە شەڕیان کرد؛ بەعسییەکان فیشەکی میهرەبانیان لە یەکێك لە جەنگاوەرانیدا، ناوی حوسێن پەرویزی بوو، بە برینداری کەوتە سەر ڕێگەی خەندەق، عەلی محەمەد لە لێکۆڵینەوەکەدا، نکۆڵی کرد لەوەی هیچ یەکێك بناسێ لە لیوای فەتحی ٤٨، چونکە لەم دواییانەدا هاتۆتە ئەم لیوایە.

ئەفسەرە بەعسییەکان زۆر هەراسان ببون، چونکە زانیاریان بەدەست نەهێناوە لەسەر عەلی هاشمی و عەلی ئەسغەر گرجی زادە و هۆشنگ جووند و تەقی ئیمانی، بەختی خۆیان تاقی کردەوە لە بەدەستخستنی زانیاری لەبارەی حەسەن بەهمەنی و مەحمود نوەیدی، کە هەر دووکیان لە بارەگای فەیلەقن.

ئەفسەرە بەعسییەکان، زۆربەی جاران پێیان وابوو، هەر دیلێکی زلی ڕیشدار ئەوا سەرکردەیە، ئەمەم بۆ دەرکەوت کاتێك هەر کە سەید نادر پیران و محەمەد سادقی فەردیان بینی، ئەوا لە نێو دیلەکان ئەوانیان هێنایە دەرەوە، یەکێك لە ئەفسەرەکان ڕووخساری دیلەکانی دەپشکنی، هەر کە یەکێکی ڕیشداری دەبینێ، ئەوا لە نێو هاوڕێیانی هەڵی دەستاند و بە سەگەکان ڕیشەکەی ڕیشەکێش دەکرد، زانیم چەند ڕقیان لە دیلی ڕیشدارە.

ڕێکخەرەکان لەگەڵ دوو لە دیلەکاندا تێکگیران، پێم وابێ سیخوڕەکانیان پێیان ڕاگەیاند بوو ئەم دوو دیلە زانیاریان لایە یان عەلی هاشمی دەناسن، لە نزیك بارەگای عەلی هاشمی دەستگیر کران، لوتی یەکێکیان شکاند و دەم و ددانی پڕ خوێن بوو، لێدانەکان بە پۆستاڵ لێوەکانی دڕاند. زۆربەی کاتی ئاسایی سەربازەکانی پۆشاکی کۆری لەبەر ناکەن، بەڵام پۆشاکی ئەو کۆری بوو، وا دەردەکەوت لە هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش بێ، هاوڕێکەی پۆشاکی بەسیجی لەبەردابوو، لاشەکەی وەرزشی بوو، ماسولکە بەهێز و باڵا مام ناوەند بوو، وا دەردەکەوت بەرگەی لێدانەکانی داردەست و کێبڵی دەگرت، بە ئارامی و بێ دەنگی لێدانەکانی وەردەگرت.

ئێمە لە دەرەوەی گرتوخانەکە دانیشتبووین، هێشتا قاچم ئازاری دەدام، ئەفسەرە بەرپرسیارەکە لە لیستێکی تایبەتدا دانپێدانانەکانی بریندارانی دەنووسیەوە، لەگەڵ جۆری پێکرانەکە، زۆربەی ئەوانەی لە ژووری لێکۆڵینەوەدا دەهاتنە دەرەوە، شوێنی لێدانیان پێوە دیار بوو؛ ڕیشی دیلێك لە فیرقەی ئیمامی ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ بە ئاگر پرژێن سوتاند، شەوی ڕابردوو چاودێری منی دەکرد لە گرتووخانەکەدا، من پاڵم بە دیوار دایەوە و لە لای ڕاستم ئەحمەد سەعیدی دانیشت، ڕیخۆڵەکانی و زگی دوای چەند ڕۆژێك دووچاری سوتانەوە و هەڵاوسان هات، هاوڕێیە دیلەکانی هەڵسان بە بەستنەوەی زگی بی کراسەکانیان، بەڵام هەڵاوسان و ئیلتهابەکە لە زیاد بووندا بوو.

نانی نیوەڕۆیان بۆ هێنایین، دەستەکانمان پیس بوو، ناچار بووین بەم دەستانە بیخۆین، ڕێکخەرەکان مەنجەڵی پڕ برنجیان هەلگرتبوو، پێویست بوو هەر دیلێك بە ئەندازەی مشتێکی بیبات، هەندێك لە دیلەکان بەهۆی زۆری برسێتیەوە دەستیان دەلێسایەوە، یەك دەنکە برنجیش بەخۆڕایی نەڕۆیشت، ئەحمەد بە گاڵتەو وتی: بۆ ئەوەی نەبێتە زیادەڕەوی.

هەندێك لە ئەفسەران لەو گۆڕەپانەدا دەڕۆیشتن، بەرەو لامان هاتن، یەکێکیان بە پلەی موقەدەم بوو، زۆر لوتبەرز بوو، هەر چەندە قەدێکی باریکی هەبوو، پرسیاری لە ئەحمەد سەعیدی کرد و وتی: ساچمە یان فیشەکت بەرکەوتووە؟

- هەر دووکیان بەیەکەوە.
- ئەگەر شەڕمان نەکردبایە، ئەوا نە ساچمە و نە فیشەکت بەر نەدەکەوت.

ئەحمەد بێ دەنگ بوو، موقەدەمەکە لە بەردەممدا وەستا، سەیری کردم و سەرنجی دایە برینەکەم و قسەی لەگەڵ هاوڕێکانی کرد، پێم وابێ لەبارەی بچوکی تەمەنەکەم قسەی لەگەڵیاندا دەکرد، موقدەمەکە وتی، ناجی دیلی خوزستانی وتەکانی وەردەگێڕا:

- هاتوون بۆ ئەوەی تۆڵەی باو و باپیرانتان بکەنەوە؟!

نازانم ئەم وتەیە چ مانایەکی هەیە.

- باو و باپیرانمان دەبێ کێ بن؟
- یەزدەجری سێیەم!

مەبەستی جەنگی قادسیە و شتی یەزدەجری سێیەم بوو، بەرامبەر لەشکرەکانی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس؛ هیچ زانیاریەکەم لا نییە لەبارەی جەنگی قادسیی و شکستی یەزدەجری سێیەم، بۆیە پێم وت:

- نازانم یەزدەجری سێیەم کێیە، من بچوك بووم کاتێك جەنگەکە دەستی پێکرد، بەڵام من چاك دەزانم کەس نەهاتووە بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە بۆ یەزدەجری سێیەم، ئێرانیەکان هاتوون لە پێناو ڕزگارکردنی خرمشهر! دواتر ئەو ڕستەیەی لەسەر دیوارەکە بوو خوێندمەوە: ((ئەوەی جوامێرانە بجەنگێ، شایستەی شکۆمەندیە)) ئێمە هاتووین بجەنگین لە پێناو ڕێز و شکۆمەندیمان، موقەدەمەکە بێزار بوو لە وتەکەم، هەوڵی دەدا لەبارەی جەنگی قادسیە قسە بکات، بەوپێی بەشێکە لە مێژووی پڕ شکۆی عێراق و وتی:

- ئێوە ڕقتان لە ئێمەیە، بەهۆی شکستەکەتان لە جەنگی قادسیەی یەکەم، ئەمە ڕق و کینەی کۆنە!

ئەحمەد سەعید وتی:

- ئەگەر ڕق و کینەیەك هەبێ، بەهۆی ئەوە بووە کە لە سەرەتای ئەم جەنگەدا ڕوویداوە.

ئەفسەرێکی تر وتی:

- خومەینی دەیەوێ شۆڕشەکەی بۆمان هەناردە بکات، ئێمە هەڵساین بە ڕێگەگرتنی بۆ هاتنە نێو سنوورەکانی عێراق.

هێدی هێدی درکم دەکرد بەوەی لە ناخی بەعسییەکاندایە؛ پێش دیلبوونم نەمدەزانی بە چ شتێك هەستیارن، ئا ئەوەتا گوێبیستیان دەبم قسە دەکەن لەبارەی ڕەوانەکردنی شۆڕش و جەنگی قادسیە و یەزدەجری سێیەم و سەرکەوتنەکانی سەعددی کوڕی ئەبی وەقاس و....

ئێمە لە توانجی قسەکانیان ڕادەهاتین، جا چ شتێك جگە لەمە لە بەعسییەکان چاوەڕێ بکەین؟ زۆربەی کاتەکان ناتوانین ئەوەی لەناخماندایە دەری بدەین، بارودۆخە

تەندروستیەکەمان پاڵمان دەنێ بۆ ئەوەی زۆرتر وریا بین لە قسە کردن لەگەڵیاندا یان وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.

ئەفسەرەکە لە بابەتی جەنگی قادسیە و یەزدەجری سێیەم لایدا و وتی:

- ئێوە دەتانەوێ بڕۆنە قودس لە ڕێگەی کەربەلاوە! بۆچی لە ڕێگەی تورکیاوە ناچن؟

لە پێناو توڕەکردنیدا وتم:

- پێویستە بڕۆین، ئەگەر ڕێگەی عێراق ئەستەم بوو، ئەوا لە تورکیاوە دەچین!

ئەحمەد سەعیدی وتی: پێم وابێ ئەوان ئەم دروشمەیان بیستووە: ڕێگەی قودس لە کەربەلاوە بۆی دەچێ، ئەمە هاتەوە خەیاڵم کە جەنگاوەران سرودیان پێ دەوت: لە پێناو ڕزگارکردنی قودس پێویستە بڕۆینە کەربەلا، لەوێ لەلای سەربڕاو مزگەوتی قودس دیار دەکەوێ[1].

موقەدەمەکە بە ئەحمەدی وت: ئێمە بەخۆمان بڕیارماندا تاران داگیر بکەین، لەوێوە بچین بۆ ڕزگارکردنی مەشهەد!

ئەفسەرێکی پایەبەرز هات، گفتوگۆیەکە تەواو بوو.

کات بە دەمی ئێوارە بوو، ئێمە چاوەڕێی گواستنەوەی خۆمان دەکرد بۆ بەغداد، نازانین بارودۆخ چاك یان خراپ دەبێ، پێیان وتین گواستنەوەمان نزیك بووە، دوای یەك یان دوو کاتژمێری تر. هەندێك ئەفسەری زاناخواز هاتن بەرەو لامان، بۆ مشتومڕی کردن لەگەڵماندا، ئەفسەرێك بە پلەی مولازم لە بەردەممدا ڕاوەستا و سەیری قاچی کردم، وتی:

---

(١) ئەمە شیعرێکە حاجی سادق ئاهنگران لە کۆمەڵەی جەنگاوەراندا دەیوت.

- خومەینی ئەم کارەستەی بۆ ئێوە هێنا (خومەینی هۆکاری ئەوە بوو دووچاری ئەم کارەساتە ببن).

پۆستاڵەکەی دانایە سەر قاچم و وتی:

- بە پێڵاوەکە پانی بکەمەوە.

خۆم لە مشتومڕ کردن لەگەڵیدا دزیەوە، بەرگەی ئازاری زۆرم گرت، بەهۆی فشارەکەی بە پۆستاڵەکەی بۆ سەر قاچم، هێشتانیش چەند دەمارێکی قاچم سەلامەتن، کۆششی زۆرمدا بۆ بەرگەگرتنی ئازارەکە. ڕۆیشتە لای سەید محەمەد شەفاعەت منش و هەمان شتی پوچی خۆی لەگەڵیدا دووبارە کردەوە.

لە شەوی ڕابردوودا، سەربازێکی کوردی یەکێك لە پارێزگاکانی باکور، هەڵسا بە بەستنەوەی لاقم لەسەر تەختەیەك. ئەفسەرەکە هەمان پرسیاری موقەدەمەکەی دووبارە کردەوە: ئێوە دەتانەوێ شۆڕشەکەتان بۆ وڵاتەکەمان بنێرن؟

نازانم بۆچی ئەفسەرە بەعسییەکان هەستیارن بە بابەتی ڕەوانەکردنی شۆڕش، ئەوان هەڵدەستان بە پرۆپاگەندە کردنی مەزن لەبارەی ئەم بابەتە، ئەمەیان داکوتابوو لە مێشکی سەربازەکانیاندا.

بەهۆی ئازارە زۆرەکەوە و لە پێناو ئەوەی پاڵی بنێم بۆ ئەوەی فشاری پۆستاڵەکەی سوك بکات، لەسەر قاچم پێم وت: کەی ویستومانە شۆڕشی خۆمانتان بۆ ڕەوانە بکەین؟

حزبی بەعس نەنگی لە چی دەگرێ؟ بوونەوەران شایستەی ئەوەن کە شیاوە بۆیان؟

قسەکەم بۆی وەرگێڕدرا، ئەمە لە دڵمەوە نەبوو، بەڵام زۆر سوودی پێگەیاندم، پۆستاڵەکەی بەرز کردەوە و بەرەو لای هجیر ئابسواران و ئەحمەد سەعیدی ڕۆیشت!

پێش خۆر ئاوابوون، دیلەکان سواری پاسێك بوون، نەمدەتوانی لەسەر کورسی دابنیشم.

یەکێك لە سەربازانی ڕێکخەر لەلای دەرگای پاسەکە وەستا، عەرەبی تێکەڵ بە فارسی دەکرد و بە گاڵتەوە هاواری دەکرد:

- دەی بۆ بەغداد! بەغداد! گەشتیار نییە! بەغداد! سەرکەوە!

سەید نادر پیران و تراپ عەلی پور یارمەتیان دام بۆ سەرکەوتن و لە ڕێڕەوەکەدا دایننام، سەید نادر چاودێری دەکردم، هێشتا دیمەنی هاوڕێکانم بیر دێتەوە؛ ڕوانینە خەمبارییەکانیان، لەکاتی جێگەگرتنیان لە نێو پاسەکەدا، هەندێکیان فرمێسکیان بەچاودا باری، وەك سەفەر بەخشی[(١)] کە لە پێناو مندا گریا، من بەڕوونی هەست بە ڕوانینە بەجۆش و خرۆشەکانی دەکەم، کە گەرمی بەزەیی و سۆزی لێ هەڵدەستێ.

سەید محەمەد شەفاعەت منش، یەکێکی ترە لە ڕێڕەوەکەدا دانیشت، هەڵسان بە دابەشکردنی ڕێڕەوەکە بەسەر بریندارەکان، کە ناتوانن دابنیشن لەسەر کورسیەکان.

بەر لەوەی پاسەکان لە سەربازگەی مەیمونە بچنە دەرەوە بە ئاڕاستەی بەغداد، ئەفسەرانی ڕێکخەر هەڵسان بە بەستنەوەی دەستی دیلەکان بە گوریسەکان و هێنانە خوارەوەی پەردەی پاسەکان، کە دەستیان بە چوونە دەرەوە کرد لە بارەگای فەیلەقی چوارەم.

---

(١) سەفەر بەخشی عەقید بوو لە پاسەوانی شۆڕش (پاسداران)دا، خەڵکی باشت بوو، بە چەند هۆکارێك دەبووە خزمم.

چوار سەربازی چەکدار هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان زگ ئەستور بوو.

خەریك بوو هاوسەنگی لە بیرکردنەوەمدا لەدەست بدەم، من هێشتا لە ژێر شۆکی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوودا بووم، دڵم بە خەفەتەکان گران ببوو، حەزێکی زۆر دایگرتم بۆ گریان، لە ناخمدا وتم: لەوانەیە لە خەوندا بم، هەموو ئەوەی دەیبینم کابۆسێك بێ.

هەموو ئەم ڕووداوانە، واقیعێکی زۆر تاڵ و بە ئازار بوون، پێویستە بژیم لەگەڵ ئەم واقیعە، ئێستا لە میسان دوور دەکەومەوە و لە کەربەلاوە نزیك دەکەومەوە، کاتێك زۆر نزیك کەوتینەوە لە بەغداد، یەکێك لە ئەفسەران وتی: حەفتا کیلۆمەتر کەربەلا لێرەوە دوورە!

کاتێك هاوەڵانم وشەی کەربەلایان بیست، فرمێسکەکانیان هەڵڕژان، وەك ئەوەی دیجلە لە چاوەکانیان هەڵبقوڵێ، هۆرە و دەنگی گریان بەرز بۆوە، هەستەکانم تەقینەوە بەهۆی ئازار و تێنوێتی، زۆر بە سەختی بەرەنگاری بوومەوە، دڵم گران بوو بە ئازار و چیتر بەرگە و ئارامیم نەما، هێشتا گەنجێکی تازە پێگەیشتووم، توانای جڵەوگیری خۆم نییە، بەدوای پاساوێکدا دەگەڕام تا سینگی پڕ خەفەتم بەتاڵ بکەمەوە، من تەواو دڵنیا بووم ئەگەر بگریەم ئەوا چەند کێوێك لە خەم و خەفەت و ئێش بەسەرمدا دەبارێ.

دەستم خستە سەر چاوانم و گریام، بۆ خۆم گریام و بۆ ئەو کارەساتانەی بەسەر هاوەڵە تێکشاوەکانم هاتوون، هەروەها بۆ شەهیدەکانی خەندەقی ستەملێکراو، ئەو جەستانەی ماونەتەوە لە دەشتەکە، جەستەی ئەو شەهیدەی ئاڵایان لە سینگیدا چەقاند.

گریام بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەم کە دووچاری سەرشۆڕی هاتن، بۆ کچەکانی شەهید محەمەد حوسێن حەق جو، ئەو پێنج کچەی سەیری ڕێگاکە دەکەن و چاوەڕێی

گەڕانەوەی باوکە بەسۆکەیان دەکەن، بۆ کوڕی تاقانەی شەهید ئەلوەند و بۆ هەر دوو شەهیدەکە جان محەمەد کەریمی و ئیبڕاهیم نویدی پور، کە بەعسییەکان جەستەکانی ئەوانیان سوتاند، دیمەنی ئەو بەعسیەم هاتەوە یاد کە ناوقەدەکەی بەستبووە بە مێزەرەکە و سەمای دەکرد لە ناوەڕاستی شەهیدەکاندا، دیمەنی توتۆمبێلەکان کاتێك بەسەر جەستەی شەهیدەکان دەکەوتن؛ هەموو ئەو دیمەنانەی تۆمارم کردوون لەسەر پەڕ لە دواتردا و ئەوانەش کە تۆمارم نەکردوون، کە وەك کێوی خەم بەسەر دڵمدا کەڵەکە دەبوون.

لە تەمەنی یازدەساڵیدا بووم، کاتێك لە نێو مزگەوتدا وەستام، کە مامی کۆچ کردووم سەید غولام حوسێن بلادی پێشنوێژخوێن بوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ تیایدا، بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزان چامەکانی پرسەی حوسەینیم دەخوێندەوە، ئا ئەوەتا من لەم شەوە خەمبارەدا و بە دووری حەفتا کیلۆمەتر لە کەربەلاوە دوورم، دۆخی دیلێك لە کاروانی دیلەکانی عاشقانی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ، بە تووندی دەگریام هەوڵی نەهێشتنی ئەم خەمانە دەدەم لەگەڵ فرمێسکەکاندا، ئای چەندە هەستم بە حەسانەوە کرد، من دڵنیام سەروەرم ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ خەمبارە بۆ ئەوەی بەسەر نەوەکانیدا هاتووە لە دوورگەی مەجنوندا، ئەگەر لە جگە لەو کاتەدا بگریابام ئەوا هەستم بە شەرم دەکرد، هاوەڕێیانم دەیانوت بە هەر حاڵ ئەمە گەنجێکە و بەرگەی ئەم بارودۆخانە ناگرێ، بەعسییەکان دەیانوت: سەیری ئەم کەسە بەسیجیە بکەن چۆن دادەڕۆخێ؟

# بەشی چوارەم

## بەغداد

## گرتوخانەی ڕەشید

- پێنج شەمە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٨٨ — بەغداد گرتووخانەی ڕەشید

لە بەیانی زوودا گەیشتینە بەغداد، پاسەکان ڕۆیشتنە نێو گرتووخانەی ڕەشید، ڕێکخەرەکە هەڵسا بە کردنەوەی کەلەپچەکانی دەستی دیلەکان، یەك بەدوای یەك دادەبەزین. ئەفسەرانی ڕێکخەر لەلای دەرگای سەرەکی وەستابوون، دەستیان بەداردەست و کێبڵەوە گرتبوو، لە سەر دوو هێڵی بەرامبەر یەك وەستا بوون، تونێلێکی مرۆییان پێکهێنا بوو، کە بیست مەتر درێژ دەبوو، بە ئەندازەی یەك مەتریش پان دەبوو، ئەم شێوازی پێشوازی کردنە لە گشت گرتوخانەی دیلە ئێرانیەکاندا؛ ڕێوشوێنێکە ئامانج لێی ترساندنی دیلەکان و تێکشکاندنی مەعنەویاتەکانیانە، یان هەروەك پەندی ئێرانی دەڵێت: ((کوشتنی پشیلە لە بەرامبەر بوك لە شەوی بوکێنیدا))!

لەسەر دیلەکان پێویستە بە نێو ئەم تونێلە ترسێنەرەدا بڕۆن، کە دەچێتە گۆڕەپانی گرتوخانەکە، دیلەکان ئەم ڕێڕەوەیان دەبڕی بەدەم لێدان و کوتان بە دار دەست و کێبڵەکان!! هیچ دیلێك نەبوو بەشێك لەم لێدانەی بەرنەکەوتبێ، ئاهو و واوەیلا بۆ ئەوەی پێ هەڵدەخلیسکێ لە ڕێگاکەدا، یان لار دەبێتەوە، ئەمە بە مانای کۆتاییەکەی دێت و ئەم ڕێڕەوە مرۆییە دەبێتە تونێلی مەرگ یان کۆتایی.

سەید نادر پیران و محەمەد کازم کریمیان لە پاسەکە هێنایە خوارەوە بەبێ گوێزەرەوە؛ تونێلەکەیان بڕی بەدەم وەرگرتنی کێبڵ و لێدان و کوتان، لەسەر و ڕووخساریان لێدان دەباری وەك چۆن بە هاوەڵانیان کرا.

**ئێمە ئێستا لە گۆڕەپانی گرتووخانەی ڕەشیدین[1]، وا دەردەکەوێ عێراقییەکان و بەتایبەت سەدام سەرسام بن بە هاڕوون ڕەشید، لەوێ شەقامێك و نەخۆشخانەیەکیش بەناوی ڕەشیدەوەیە، هەروەها هۆتێلی نوێ و فڕۆکەخانە و سەربازگە و تیپی وەرزشی و... بەناوی ڕەشیدەوەن.**

**ڕێکخەرەکانی گرتووخانەکە بێر (کڵاو)ی سوریان بەستووە، بەڵام سەربازەکان بێریەی ڕەشیان بەستووە، دەستەی پزیشکی بێریەکەیان شینە، بێریەکانی عێراقی هاوشێوەی بێریەمغاویرەکانی لەشکری ئێرانییە، لە لایی چەپی پێشەوەی بێریەکە بازێکی کانزایی هەیە، کەمەرەی ڕێکخەرەکان سپییە، گوریسی بچوکی سپی پچڕاو لە شانەوە هاتوتەنە ژێر هەنگڵ، تا دەگاتە قۆپچەیەکی لای چەپی کراسەکە. گۆڕەپانی گرتووخانەکە دەگاتە نزیکەی سێ سەد مەتری چوار گۆشە، ئەوەی دێتە نێو بەندیخانەوە پێویستە خاڵی ڕێکخەرەکان ببڕێ.**

**لە سەرووی دیوارە بڵندەکەدا، تەلی دڕکاوی لولپێچ هەیە، لە بەردەم هەر گرتووخانەیەك درەختێکی سنۆبەری بەرز هەیە، بە ڕوونی ئاماژە دەکات بە کۆنی ئەم شوێنە.**

**گرتووخانەکە دوازدە شوێنی بەندکردن لەخۆ دەگرێ، نزیکەی هەر ژوورێك پەنجا بەدیلگیراوی ئێرانی لەخۆ دەگرێ، ڕووبەرەکەی دەگاتە بیست و شتێك مەتر، بەهۆی زۆر ماندوێتیەوە هەندێك لە دیلەکان خەوتن، ئەوانی تر ڕۆشتنە گۆشەکانی**

---

**(١) نەریت وایە دیلە ئێرانیەکان مانگێك لە بەندیخانەی ڕەشیددا بەسەر دەبەن، ئەم گرتوخانەیە حیساباتەکان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە لەگەڵ دیلە ئێرانیەکان، ناسینی سەرکردە ئێرانیەکان، لێکۆڵینەوە لەگەڵ دیلەکان و بەتایبەت سەرکردەکانی پاسەوانی شۆڕش و بەسیج، لە کۆتاییدا دیلەکان دابەش دەکرێن بەگوێرەی پێوەر و مەرجی تایبەت بەسەر خێوەتگەکانی دیلەکاندا. ئەم گرتووخانەیە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی بەغدای پایتەخت.**

گرتووخانەکە، ئەوانی تر بەپێوە ڕاوەستان بەهۆی بەرتەسکی شوێنەکە، ڕێڕەوەکان پڕ بوون لە دیلەکان، هەندێك لە تونێلی ئاودەستدا خەوتن.

بەعسیەکان لە گرتوخانەی مەیمونە، بەشێوەیەکی زۆر سەختلە دیلەکانیاندا، چونکە دوای گوێزرانەوەیان بۆ بەغداددەستەکانیان بە دیلەکان ناگاتەوە، ئێمە هەستمان بە تێنوێتی دەکرد، هیچ شوێنەوارێکی ئاو نەبوو، من بە شێوەیەکی تر وێنای بەغدادم دەکرد.

ئازار و بەرتەسکی شوێن، خەریکە هەناسەکانم ببڕێ، فەرەجوڵا حەیدەری چاودێری دەکردم تا کەس لە ماوەی هاتن و ڕۆیشتندا پێ لە قاچم نەدات، هەندێك لە دیلەکان هەر بە وەستاوی مانەوە بۆ فراوانکردنی بوارێکی مەزنتر بۆ دیلە برینداڕەکان و بتوانن بخەون، شەوێکی سەخت بوو، زۆر بە سەختی تێپەڕی، گەرمی زۆر وا دەکات هەناسەدان سەخت بێ، لە گرتووخانەکەداپانکەی هەوایی نەبوو، توراب عەلی تەوەکول پور بە پارچەیەکی پەڕ هەوای لێدەکردم، بەهۆی تێنوێتی زۆرەوە نەمدەتوانی تفەکەم قوتبدەم، کراسەکەم شڕبووە بەهۆی ئارەقەوە.

ژمارەیەك لەوانەی بەدیل گیراون لە شەلچە، مانگی ڕابردوو لەوێ بوون، وا دەردەکەوت ئەوان بە ڕۆژانی زۆر سەختدا تێپەڕ بووبن لەم گرتووخانەدا، ڕووخساریان وا گوزارشتی دەکرد، ڕێڕەوەکانیان بە چیمەنتۆ ڕووپۆش دەکرد، ڕووخسارەکانیان زەرد هەڵگەڕاون بەهۆی شوێنەواری لێدان، ئەو برینداڕانەی پێش ئێمە هاتبوون، وا دەردەکەوت بە بارودۆخی زۆر سەختددا تێپەڕ بووبن، لەگەڵ ئەوەشدا دڵیان دەدامەوە و هەوڵیان دەدا ئازارەکانم سوك بکەن و پرسیاریان دەکرد لەبارەی ئەو پارێزگایەی تیایدا دەژیام، ئەو ناوچەیەی تیایدا بەدیل دەگیرام، جەنگەکە بەرەو کوێ دەچێ؟

لە بەیانیدا تەیەمومم کرد بۆ نوێژی بەیانی، گڵمان نەبوو بۆ کرنووش بردن لەسەری، لە دەوروبەری کاژمێر هەشتی بەیانیدا، دەرگاکانی گرتووخانەکان کرانەوە، ڕێکخەرەکان هاتنە ژوورەوە و بە داردەست و کێبڵ کەوتنە گیانی هەمووان، تاکە کەس کە لێدانیان بەرنەکەوتئەوانە بوون کە خۆیان شاردەوە لە نێو ئەوانی تردا، بە زووترین کات بەرەو دەرەوە ڕۆیشتن.

ئەفسەرێك هاتە ژوورەوە، پۆشاکێکی زەیتونی لەبەردا بوو، پلەی ڕائید بوو، کاتێك دۆخی بریندارەکانی بینی، داوای لە هەندێك دیل کرد یارمەتیمان بدەن بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە.

بۆ نانی بەیانی شلەی نیسکیان بۆ هێناین یان ئەوەی ناسراوە بە (شۆربا)، لە نێو قاپێکدا پێی دەوترێ (قسعە) شێوەی درێژ و ڕێگەی خواردنی شۆربە ئەوەیە یەکێکیان قسعە هەڵبکرێ و لە دەمی دیلەکە نزیك بکاتەوە، دیلەکەش هەڵبستێت بە خواردنی شۆرباکە بە چوار فرە، من هێشتا بەهۆی ئازارەوە دەمناڵاند و گەرمی منی داڕوخاند، لە دوێنێوە من تێنومە، هەندێکیان بەهۆی زۆر تێنوێتیەوە شۆرباکەیان نەخوارد.

ڕائیدەکە فەرمانی کرد، دیلەکان پێڵاوەکانیان لە پێ بکەن، وایلێهات دانیشتن لەم گەرمایەدا ئازارێکی بەئێشە، بۆ هیچ یەکێك نەبوو نزیك ببێتەوە لەو سنۆبەرەی لای دەروازەی هاتنە ناوەوە بوو؛ کاتێك یەکێك لە هاوەڵانمان ویستی بیخواتەوە، ئەوا لێیاندا، زۆربەمان بە فانیلە بووین، کراسی ئەوانی تر لە هێڵەکانی پێشەوە دڕابوو، دوای دیل گیران بەهۆی لێدانەوە، هەندێك پۆشاك و تەنانەت پێڵاوی پاکیش ڕاستەوخۆ دوای دیلبوون دەستیان بەسەردا گیراوە.

خەریك بوو لە تێنوێتیاندا بمرم، بەڵام دەروونم ڕێگەی پێ نەدام داوا لە ڕێکخەرەکە بکەم و داوای کەمێك ئاوی لێ بکەم.

عەلی ئەسغەر باقر زادە هاتە لای ڕێکخەرەکە و پێی وت: ئێمە ئاومان ناوێ، بەڵام بریندارەکان خەریکە ڕەق ببنەوە لە تێنوێتیان، وەڵامی ڕێکخەرەکە ئەوە بوو بە کێبڵ لێیدا و لەگەڵ ئەمەشدا عەلی ڕەزا کەریمی دەستپێشخەری کرد بۆ لای ڕێکخەرەکە و هاواری کرد ئێمە خۆمان گرتووە لەبەردەم تووند و تیژیەکەتان بەزەییتان بێتەوە بەم بریندارانە!

ڕێکخەرەکە زۆر لە عەلی ڕەزای دا، تا بەبێ هۆشی کەوتە سەر زەوی.

پێش نیوەڕۆ دوو کەس بە پلەی عەقید هاتن، هاتنە ژوورەوە و پێشوازی سەربازیان بۆ ئەنجامدرا، ڕێکخەران دیلەکانیان بەگوێرەی یەکەکانیان دابەشکرد؛ دیلەکانی لیوای ٤٨ فەتح کە بەدیل گیراون لە دوورگەی مەجنون، لەلای چەپی گۆڕەپانی گرتووخانەکە، تاکەکانی فیرقەی ٤١ سەئرولڵا، کە لە شەلمجە بەدیلگیرا بوون، لە مانگی ئایار، ئەوا لەلایەکی تر کۆ کرابوونەوە، کۆمەڵەکانی تری دیلەکان دابەشکران بەسەر یەکە شەڕکەرەکانی پاسەوانی شۆڕش لە گۆشەکانی تری گۆڕەپانەکەدا، لە نێویاندا دیلەکانی لیوای ١٨ مغاویر — یەزد و فیرقەی پێنجەمی نەسر خوراسان و لیوای میری باوەڕداران.

یەکەم لێکۆڵینەوەیان لە بەغداد دەستپێکرد، دیلەکان یەك لە دوای یەك دەچوونە بەردەم ئەو مێزەی عەقیدەکەی لە پاڵ دانیشتبوو، پێش ئاراستەکردنی پرسیار، ناسنامەی کەسی و سەربازی هەر دیلێکیان تۆمار دەکرد، عەقیدەکەی وەك هەر لێکۆڵەرێکی تری فەیلەقی چوارەم، بەدوای سەرکردەکاندا دەگرا.

زۆربەی دیلەکان خۆیان ناساندووە بەوەی ئەوان کار دەکەن لە هێڵەکانی خۆراك دابین کردن و شوفێری بەلەمەکان یان شوفێری توتۆمبێل یان ئەندامی بەهاناوەچوون و پزیشك یان یەکەی ئەندازە.

لە لێکۆڵینەوەی ئەمڕۆدا، محەمەد سادقی فەرد وای خستەڕوو کە ئەو کار دەکات لە دەستەی بەهاناوەچووندا، سەید نادر پیران لە هێزەکانی هەماهەنگی و سەید نادر سادات لە هێڵەکانی دابینکردنی خۆراك و محەمەد کازم بەهسار شوفێر و هەروەها توراب عەلی تەوەکول پور و خودا ریزا سەعیدی یاریدەدەری شوفێر و تاج محەمەد عەلی ور یاریدەدەری پزیشکی و فەرەجوڵا حەیدەری بەرپرسی کۆگا.

وەڵامی دیلەکان زۆربەی کات کەم و کورت و هەندێك جار نادیار بوو، ئەمەش عەقید و لێکۆڵەرەکانی توڕە کرد، بەتایبەت کاتێك محەمەد سادقی فەرد زو فەرەجوڵا حەیدەری باڵا بەرز و ماسولکە ئەستوڕەکانیان ناسراو بوون، کە وتیان لە یەکەی بەهاناوەچوون و کۆگا کار دەکەن، ئەوا توڕەەی عەقیدەکەی پشت مێزەکە تەقیەوە، بە دەم هاوارەوە هاتە پێش و وتی: هەمووتان درۆ دەکەن!

شتێکی ڕوون بوو، کە زۆربەی زانیاریەکان درۆ بوون، بۆیە دیلەکان سەریان دانەواند و بێ دەنگیان نواند، لە کۆی دوو سەد دیل، نیوەیان خۆیان ناساند بەوەی جەنگاوەر نین! بەعسییەکان زۆر لێکۆڵینەوەیان نەدەکرد لەگەڵ ئەم چینەی دیلانە.

زانیاری چاکیان پێ بوو لەبارەی هێزە ئێرانیەکان و یەکە شەڕکەرەکان لە دوورگەی مەجنون و تەلائیەت و شەلمچە و دووڕیانی جفیر و ناوچە جەنگیەکانی تر. بە دەستی خۆی ئاماژەی بە دیلەکانی خەندەق کرد و وتی: ئێوە هەمووتان لە فەوجی محەمەدی پێغەمبەری خوان درود و سڵاوی خوای لێبێ، دواتر هاواری کرد: ئەگەر هەمووتان خۆراك هێنەر و چێشتلێنەر و دەستەی بەهاناوەچوون بن، ئەوا سەرکردە و قەناس بەدەست و ڕاوکەری دەبابەکانتان لە کوێن؟ ئەوانە لە کوێن کە شەڕمان لەگەڵ دەکەن؟!

دواتر بە شێتانە هاواری دەکرد: چێشتلێنەر! بەهاناوەچوو! شوفێر!

عەقیدەکە پێنج دیلی ڕیشدار و خاوەن ماسولکەی بەهێزی هێنایە دەرەوە، وەك هەمیشە تیروپشکەکە لەسەر محەمەد سادقی فەرد و سەید نارد پیران و فەرەجولڵا حەیدەری بوو.

سەرکردەکە ناوی هەندێك سەرکردەی ئێرانی خوێندەوە، لە نێویاندا عەلی هاشمی و عەلی گرجی زادە و حوسێن ئەسکەندەری و هۆشەنگ جووند و تەقی ئیمانی، هەمان ئەو ناوانەی بیستم لە میمونە، جگە لە حوسێن ئەسکەندەری نەبێ، ئەو ساتە گوێبیستی بووم، کاتێك هیچ وەڵامێکی نەبیست، بەردەوامی بە قسەکانیدا و وتی: واتان لێدەکەم وەك بولبول بیلێن، لەم گرتووخانەیەدا کەسانی وەك ئێوە هەبوون لاڵ بوون و قسەیان نەدەکرد، دواتر وامان لێکردن ئومێد بە مەرگ بخوازن!

سوێندی خۆی لە کۆتایی هەر ڕستەیەکدا دووبارە دەکردەوە: بەخوای مەزن، وتی: هەندێك دیل ناوی ڕاستەقینەی خۆیان دەشارنەوە، ناوی خوازراو بەکاردیێنن بۆ شاردنەوەی ناسنامەکەیان، دوای ماوەیەك ڕاستیەکە ئاشرا دەبێ، ڕێکخەرانمان چاك کاری خۆیان دەکەن، ((بەخوای مەزن شکۆمەندیتان دەسوتێنین!!)).

عەقیدەکەی تر تەمەنی مەزنتر بوو لەم عەقیدە، وتی: ئەگەر عەلی هاشمی لە نێوتاندا بێ ئەوا با بێتە دەرەوە؟! کاتێك بێ دەنگی باڵی کێشا و کەس نەهاتە دەرەوە، وتی: ئێوارە دێینەوە، هەلێکی تەواوتان لەبەردەمە بۆ ئەوەی چاك بیر بکەنەوە، بەتایبەت سەرۆکفەسیلەکان پێویستە لەسەریان یارمەتیدەر بن لەگەڵماندا، دەستپێشخەری بکەن بۆ ناساندنی خۆیان.

ئێوارەکە هەر دوو عەقیدەکە بۆ لێکۆڵینەوە گەڕانەوە، ڕێکخەرەکان لەوەتەی کاتێکی زۆرە ئێمەیان ڕاگرتووە لە گۆڕەپانەکەدا، عەقیدەکە پاکەتێکی جگەرەی (سۆمەر)ی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیرساند و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا،

ئەمەی سێ جار دووبارە کردەوە، دواتر بە دوور و درێژی سەیری ئێمەی کرد و وتی: ئومێدم وایە چاك بیرتان کردبێتەوە و هیچ کەس لەسەر وتنی ڕاستی پەشیمان نابێتەوە، ئەی ئاگرپەرستینە کاتێکی درێژم لەلا نییە، با سەرکردەکانتان بە خۆیان خۆیان بناسێنن و هەر ئێستا بێنە دەرەوە!

هیچ یەکێك نەجوڵا وەك ئەوەی باڵندە لەسەر سەری هەمووان بێ! کاتێك ئەم دیمەنەیان بینی، بەرەو لای ئێمە هاتن و دە کەسیان لە نێوماندا دەرهێنا بەبێ دیاریکراوی، عەقیدەکە داوای لێکردن دانبنێین بەوەی ئەوان لە سەرکردەکانن،هۆشەنگ جووند لە نێویاندا بوو، لە ئەرکێکی هەواڵگریدا قاچی لەدەستدابوو، لە باکوری ڕووباری کەرخە ڕۆیشتبووە ناو کێڵگەی مین، لە نزیك ڕووبارەکە و بە قاچیکی دەستکردەوە بەدیلگیرا بوو، لە بارەگای نەسرەت سەرۆك میحوەری پرۆسەکان بوو؛ عەقیدەکە فەرمانی بە یەکێك لە ڕێکخەران کرد لێی بدات، بە کێبڵ و پێ لەقە لێیاندا، قاچە دەستکردەی لێبووەوە و هۆشەنگ کەوتە سەر زەوی، بەعسییەکان دەیانزانی هۆشەنگ جووند سەرکردەی میحوەری پرۆسەکانی بارەگای نەسرەتە و یەکێك لە قاچەکانی دەستکردە، کاتێك ڕێکخەرەکان لێیان دەدا، بەوانی وت: مردن هەر دێت و لە گۆڕ دەنرێم، مار و دووپشکەکان دەمخۆن، کەواتە بە کەیفی خۆتان لێم بدەن.

لە گشت بارودۆخێکدا گاڵتەی هەر دەکرد، ئارامگر و خۆڕاگر بوو، وەك کێو وابوو نموونەی پێدەهێنرایەوە لە خۆڕاگریدا، بردیان بۆ شوێنێکی تر و دواتر هەرگیز نەمبینیەوە!

عەقیدەکە دوکەڵی جگەرەکەی دەرددەدا، لەسەر ڕووخساری سیماکانی باشتر دەردەکەوت، هاتە پێشەوە و وتی: توانیمان ناسنامەی باقری[١] سەرکردەی یەکێك لە

---

(١) حاجی مورتەزاباقری خەڵکی شاری زاهدانە، دەستی لە پرۆسەیەکی سەربازیدالە دەستدابوو، یەکە ئەندازەییەکەی گەشەپێداوە لە فیرقەی ٤١ سەئرڵا بۆ لیوا، لەلایەن قاسم سولەیمانیەوە بە سەرکردە لە

لیواکانتان ئاشکرا بکەین، ئەویش بە یەك دەست بوو، وا دەردەکەوێ زۆربەی سەرکردەکانتان یان بە یەك دەست یاخود بە دەست و قاچێکە!

لە ناخی خۆمدا وتم: سەرکردەکانمان بەو جۆرەن کە باست کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەناسەکانی ئێوەیان بڕیوە، خوا دەزانێ ئەگەر سەلامەت بووبان چیان بە ئێوە دەکرد؟

ماڤ ئەوانە وەسفی سەرکردەکانمان بکەن بەوەی یان بێ دەستن یان بێ قاچن، لە نێو دیلەکانی ئەم ساڵدا حاجی مورتەزای باقری سەرکردەی لیوای ئیستمکان لە فیرقەی سەئرڕوڵا ئەویش بە یەك دەست بوو، هۆشەنگ جووند سەرکردەری میحوەری پڕۆسەکان لە بارەگای نەسرەت بە یەك قاچ بوو، سەید عەلی ساڵح ڕایگان سەرۆك فەوجی پێغەمبەری خوا و سەرکردەی ئەو هێزانەی لە قەڵاکانی خەندەقدا جێگیر ببوون ئەویش بە یەك دەست بوو، محەمەد ئەفشین سەرکردەی فەسیلی ئیمام سەجاد سڵاوی خوای لێبێ لە فەوجی پێغەمبەر خوادا ئەویش چەند پەنجەیەکی دەستە ڕاستی لە دەستدابوو.

لێکۆڵەرە بەعسییەکە، قسەی دەکرد لەبارەی کوژرانی عەقید قاسمی سەرکردەی لیوای سێی زرێپۆش لە فیرقەی ٩٢ زرێپۆشەکان — ئەهواز، بە شانازی و دڵخۆشیەوە قسەی دەکرد، وا دیارە عەقید قاسمی لە تەڵائیەت شەهید بووە.

لە کۆتایی شەودا پرسیارم لە خودا ریزا سەعید کرد لەبارەی سلێمان دانشی سەرکردەی فەسیلی ئەبوزەڕ، زیاتر لە پازدەفیشەك جەستەی ئەویان بڕی بوو لە ڕێگای خەندەق و بە مردوویی کەوتە سەر زەوی، نزیکەی دوو سەد مەتر نێوانمان بوو، دوایی

---

لیوای ئەندازەدا دانران، کە سەری بە فیرقەی ٤١ سەئرڕوڵا بوو. بە دیل کەوتە دەستی بەعسییەکان و یەکێك لە دیلەکان ناوی ئەوی دا لە گرتووخانەی ڕەشید، دووچاری ئەشکەنجەیەکی سەخت بووەوە و گوێزرایەوە بۆ خێوەتگەی ٢١ لە تکریت.

بەدیلگیرانی بەعسییەکان ئەویان گواستەوە بۆبەسڕەبەهۆی ڕیشەکەیەوە. خودا ڕەزا بە خەفەتەوە وتی: ئەو شەهید بوو لە سەربازگەی فەیلەقی سێیەم و جەستە پاکەکەی ئەویان جێهێشت لە ژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا.

- هەینی ١ تەمووزی ١٩٨٨ز — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینیە، بەعسییەکان زیاد لە جارێك هاتوون بۆ لێکۆڵینەوە، یەکێك لە ئەفسەرەکان بە پلەی عەمید بوو، ڕێکخەرەکان قاپێکی میوەی جۆراو جۆریان بۆ دانایە سەر مێزەکە، لە پاڵ قاپەکە شوشەیەك لە شەربەت پرتەقاڵ دانرابوو، ئەوان چێژیان دەکرد بە خواردنەوەی شەربەتی سارد لە بەردەم گشت دیلە تێنووەکان! لەوانەیە ویستبێتیان دیلەکان لە ڕووی دەروونیەوەئەشکەنجە بدەن، دیمەنی شەربەتە ساردەکە دووبارە بووەوە!لە سەربازگەی مەیمونە زۆر حەزم چووبووە شەربەتەکە، عەمیدەکە ناوی عەلی هاشمی دووبارە دەکردەوە، لە قسەکانیدا تێگەیشتم ئەوان هێشتان هەر بەدوایدا دەگەڕێن.

وا دەردەکەوێ ئەوان نایانەوێ لیستی عەلی هاشمی دابخەن، چارەنووسی عەلی هاشمی سەبارەت بە من هەر بە مەتەڵێکی سەرسامکەر مایەوە!

هەر کە عەمیدەکە ڕۆیشتە دەرەوە، ڕێکخەرەکان فەرمانیان بە دیلەکان کرد فانیلەکانیان دابکەنن، لەسەر زەوی گەرم ڕابکشێن، تیشکی کۆتاییەکانی مانگی حوزەیران بەس بوو بۆ هێلکە برژاندن.

ئا ئەوەتا ئێستا ئەوان داوا لە دیلەکان دەکەن لەسەر ئەم پۆلە سوربووەوە ڕابکشێن، زگە برسییەکان سوتان و ئاهوناڵە بەرز بوونەوە بەهۆی ئەو ئەشکەنجەیەی نزیکەی

چارێگە کاتژمێرێکی خایاند، ڕێکخەرەکان تەنها سەیریان دەکرد و هەر کەسێك هەوڵی بەرکردنەوەی زگی بدابایە لەسەر زەوی، ئەوا دەهاتن و دەیاننوساند بە زەویەوە، بە ڕاوەستان لەسەر پشتی، ئازارەکە دووچەندانە دەبووەوە، لەوانەشە بە کێبڵ لێیان بدەن بۆ ناچارکردنیان لەسەر نوساندنی زگیان بە زەوی سوربووەوە، بۆ ئەوەی ئەشکەنجە تۆقێنەکەرەکە بچێژێت!

من لەگەڵ یەکێك لە بریندارەکان لەلای ڕاستی دیوارێك دانیشتبووین، لەسەر زەوی سوربووە و چیمەنتۆی گڕگرتوو، قاچەکانم دەسوتان، هەر پێنج خولەکێك ناچار دەبووم ئەو لایەم بگۆڕم کە کەوتۆتە سەر زەوی، کاتێك دێمە سەر لای ڕاستم، وا هەست دەکەم من دەسوتێم لە دۆزەخێکی گڕگرتوودا، بۆیە ناچار دەبووم خۆم بخەمە سەر لای چەپم ئا بەم شێوەیە، هەر پێنج خولەکێك وام دەکرد.

درکم بە تەنگوچەڵەمەی عەماری کوڕی یاسر دەکرد، ئەو ڕۆژەی هاوبەشدانەران ئەشکەنجەی ئەو و باوانیان دەدا لە کەش و هەوای سوتێنەری مەککەدا، دەبێ بەرگەی ئەم هەموو ئەشکەنجەیە بگرین لە پاڵ تێنوێتی زۆردا، بەعسییە توونددتژیەکان ڕێگەیان پێ نەدەداین ئاو بخۆینەوە، تا ئەندازەیەك هەندێك بێ هۆش کەوتن و یەکێك لە دیلەکان لە تێنوێتیاندا شەهید بوو، تەنها ڕێگەیان دەدا ئاو بپرژێنرێ لەسەر دەموچاوی ئەوانەی هۆشی خۆیان لە دەستداوە.

کاتێك بەشی ئەشکەنجەدان تەواو بوو، فەرەجوڵا حەیدەری هاتە لام، کەسێکی ئارامگر بوو، جەستە بەهێزەکەی توانای بەرگەگرتنی پێدا بوو، بەشێکی لە خوارەوەی کراسەکەی دڕاندبوو و لەسەر برینە سوربووەوەکەمی بەست، کە پڕ کێم و زوخا ببوو، منی ڕاکێشا بۆ پاڵ دیوارەکە، کە سێبەر تا سی سەنتیمەتر درێژ ببووەوە، فەرەجوڵا حەیدەری یارمەتیدام تا لای ڕاستم وەربگێڕم لەم سێبەرە کەمەدا و قاچی بریندارم کەوتە بەر ئەم سێبەرە؛ کاتێك ڕێکخەرەکە داوای لێکرد بچێتە نێو ژووری

گرتووخانەکە، پێی وتم: سەید من زۆر شەرم لە خۆم دەکەمەوە کە ناتوانم یارمەتیت بدەم، کە ڕۆیشت بە تورکی وتی: (ئەی لایەنگیرانی یەزید خوا پشتتان پشکێنێ).

بەهۆی تێنوێتیەوە هاوڕێیانمان خواردنیان نەخوارد، من زۆر بە زەحمەت تفەکەم قوت دەدا، بریندارەکان لە گۆڕەپانەکە بوون، بەڵام دیلەکان لە ژووری گرتووخانەداندا بوون، لە ئێوارەدا ئەوانیان هێنایە دەرەوە بۆ گۆڕەپانی گرتووخانەکە، هەندێك دەوروبان دەدام و فەرەجوڵا حەیدەری درکی بە ئەندازەی تەنگوچەڵەمەی بریندارانی دەکرد، بەهۆی تێنوێتیەوە، ڕۆیشتە لای لولەی ئاوەکە، بەڵام ڕێکخەرێك ڕێگەی پێگرت و بە کێبڵ لێیاندا، من ئامادەبووم بەرگەی تێنوێتی بگرم بەس فەرەجوڵا دووچاری لێدان نەبێتەوە، سێ ڕێکخەر بە یەکەوە لێیاندا بە کێبڵ و دار دەستە، تا کەوتە سەر زەوی و بۆ چەند ڕۆژێك هەر لەسەر زەوی کەوتبوو.

لە خۆرئاوبووندا فەرمانیان پێکردین بچینە نێو ژوورەکانی گرتووخانە، سەرەتا بریندارەکان و ئینجا دیلەکانی تر ڕۆیشتنە ژوورەوە، من لە ڕێڕەوەکەدا دانیشتبووم و پاڵم بە دیوار دابووەوە.

هاتنە ژوورەوەی دیلەکان لە ژێر ڕێژنەی لێدانی کێبڵ و داردەستەکان بوو، ئەم ڕێوڕەسمە دڕندانەیە هەموو ڕۆژێك بەکاتی خۆرئاوابوو ئەنجام دەدرا، دیلەکان پێش برکێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد لە ڕۆیشتنە ژوورەوەدا، تا کەمترین لێدانیان بەرکەوێ.

لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا پێ لەقەیەکی یەکێکیانم بەرکەوت و لە هۆش خۆم چووم، بەهۆی زۆری ئێشەکەوە، کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە بینیم ڕاکشاوم لە ڕێڕەوەکەدا و زەهراب محەمەدی لەلای سەرم دانیشتووە و دەیەوێ داوای لێبوردنم لێ بکات بەهۆی ئەوەی پێ لەقەی ئەوم بەرکەوتووە، سەری ماچ کردم و وتی: سەید تخوا لێم ببوورە.

- تاوانی تۆ نەبوو.
- لەخۆم خۆشنابم، سەید لەبەر خاتری باپیرەت پێغەمبەری خوا لێم ببورە.
- ئەگەر ڕق و کینە لە ناخمدا بێ ئەوا بۆ ئەم بەعسیانەیە.

قەرەباڵغی نێو گرتووخانەکە گەیشتە ئاستێك، ژوورەکەی کردە دۆزەخی بەرگە نەگیراو بۆ دیلەکان، کەمترین خۆ لێدان لە قاچم ئێش و ئازاری زۆرم پێ دەگەیشت، نازانم چۆن خۆم لابدەم لە لێدانەکانی ئەم ڕێڕەوە، هاواری توراب عەلی تەوەك پورم کرد بۆ ئەوەی بمبات بۆ تونێلی ئاودەستەکە، دەمەوێ لەوێ بخەوم، ئەوا حەساوەترە، بارودۆخەکان لە تونێلی ئاودەستەکان زۆر ناهەموارن، بۆن لوتەکان دەردەدار دەکات.

ڕێکخەرەکان لولەی ئاوی سەرەکیان گرتبووەوە، تا دیلەکان لە شێرەی ئاوی ئاودەستەکان نەخۆنەوە، هەردەم ئەوێ بێ ئاو بوو، دیلەکان سوودیان دەبینی لە ئاودەستی دەرەکی تەنها لە ئێوراندا، لەسەریان بوو چاوەڕێ بکەن تا ئێوارەی ڕۆژی دواتر، ئەگەر بیانەوێ دەست بەئاو بگەیەنن، لە دۆخی زۆر ناچاریدا دیل دەچووە ئاودەستە ناوخۆییە پەکخراوەکان، بۆ دەست بەئاوگەیاندن!

داوام لە توڕاب عەلی کرد پارچە کارتۆنێکم بۆ بێنێ، پرسیاری لێکردم:

- چ پێویستیەکت بە کارتۆن هەیە؟
- پێویستم پێیەتی.

توڕاب عەلی ڕۆیشت و هاتەوە و پارچە کارتۆنێکی پێ بوو، هەردەم دیل سوودی لێدەبینێ وەك ڕایەخ یان ڕووپۆش، ڕێکخەرەکان دوودڵ نەدەبوون لە پێدانی کارتۆن، بۆ پاراستنی زەمینی گرتووخانەکە لە پیسبوون.

ئاودەستەكان پڕ لە پیسایی بوون، بیرم كردەوە كارتۆن بەكاربێنم وەك ڕایەخ، ئەمە پیسبوونی پۆشاكەكان كەمتر دەكاتەوە، تاكە خولیام دانانی پێیە بەركەوتووەكەم بوو لەسەر كارتۆنەكە، توڕاب عەلی یارمەتیدام، بۆ بردنە ژوورەوەی پێیەكانم بۆ نێو ئاودەست، نیوەی سەرەوەشم لە دەرەوەی ئاودەست بوو، توڕاب عەلی زۆر بۆ من گریا، لەوانەیە دیمەنەكانی خەوتنمان لەسەر پردی دوورگەی مەجنون و شنەبای دڵڕفێن و خۆش و ئاسمانی ڕازاوە بە ملیۆنان ئەستێرەی هاتبێتە خەیاڵ، بەڵام ئێستا ئێمە لە دۆزەخوداین، توڕاب عەلی وتی:

- سەید چۆن بەرگەی ئەم بۆنە دەگری؟
- دەتوانم بەرگەی ئەم دۆخە بگرم، ئازاری كەمترە لەو ئازارانەی دروست دەبن بەهۆی پێ لەقەكانەوە.
- من ئاوەها زیاتر ئازار دەچێژم.
- گرنگ ئەوەیە ئاسودە بم، ئایا ناتەوێ ئاسودە بم؟

بێ دەنگ بوو و هیچی نەوت، لە ناخیدا ئاخی هەڵدەكێشا و توڕەبوونی خۆی لە بەعسییەكان كەم دەكردەوە، بۆ ماوەی دوو كاتژمێر لە لام مایەوە، دواتر ڕۆیشتە لای هجیر ئابسواران و ئەحمەد سەعیدی، هەر كاتژمێرێك بارودۆخی دەپرسیم و پرسیاری لێدەكردم لەبارەی ئەوەی پێویستم بە چی هەیە؟ لە ناخی خۆمدا پێدەكەنیم، خۆ ئەگەر پێویستم بە شتێك هەبێ، ئایا لەم گرتووخانەیەدا شتێك دەبێ.

زۆربەی دیلەكان خەوتن، تەنها كەسێك بە تەمەن لە نێو دیلەكاندا مایەوە، زۆر چاك بوو لەگەڵ دیلەكاندا، خەڵكی شاری شیراز بوو، هاتە لام و لە تەنیشتمەوە دانیشت، لە هەموو دیلەكان بە تەمەنتر بوو، وەك برینپێچی تایبەت بوو لەو شەوە و لە شەوەكانی تردا.

به مانگێك پێش بەدیلگیرانمان بەدیلگیرا بوو، ناوی حەسەن بوو، لە تەمنی شەست ساڵیدا بوو، قەد باریك بوو، پرچ و ڕیشەكەی سپی ببوو، ڕووخسارە درەوشاوەكەی ڕووی خزمەتكارێكی مزگەوتی دەخستەوە یادم، بەعسییەكان هێشتبوویانەوە بۆ ماوەی سێ هەفتە لە بەسرە، هەستم دەكرد من ماوەی دیلایەتم لەگەڵ باوكمدا بەسەر دەبرد، زۆر خەمبار بوو لەبەر من، كاتێ منی دەبینی بە ڕاكشاوی لە ئاودەستدا، كاتێك هۆكارەكانم بۆ ڕوون كردەوە، سەری لەقاند وەك دەربڕینی قەناعەت هاتنی. ئازاری خەوی دەزڕاندم، مامە حوسێن هەوڵی بەرزكردنەوەی مەعنەویاتەكانی دەدام و وتی:

- كوڕەكەم بەرگە بگرە، دەتبەنە لای پزیشك و چاك دەبیتەوە.
- فەرمان تەنها بۆ خوایە، ئەمە ویستی ئەوە!
- من باپیرێكی دڵخۆشم بەهۆی بینینی تۆ بە بەهێزی لە هاووێننەی ئەم بارودۆخانەدا.

مامە حەسەن، بۆ ماوەی دوو هەفتە چاودێری منی دەكرد وەك پەروەردەكار و ڕێنوێنیكار، ئامۆژگاری من و هاوڕێیە بریندارەكانمی دەكرد و دەیوت: كوڕەكانم! تكا بكەن بە ئیمامی سەجاد سڵاوی خوای لێبێ، ئەویش ناڵاندی بە دەست دیلبوون و نەخۆشی بەیەكەوە، لە خوا بپاڕێنەوە و تكا بە ئیمامەكان و خانەوادەی پێغەمبەر و متمانەتان هەبێ خوا وەڵامی نزاكانتان دەداتەوە!

پارێزكاری و ئارامگری مامە حەسەن نموونەی پێدەهێنرایەوە، هەردەم ئەم دێڕە شیعرەی دووبارە دەكردەوە:

لا تشكوا ما تلاقوه من الغصص أبدا لن يبلغ الراحة من لا يبذل الجهدا

واتە: سكاڵا مەكەن لەو ناخۆشیەی بەسەرتاندا دێت، ئەو كەسە ناگاتە حەسانەوە كە هەوڵ و كۆشش نەدات.

کاتێك چاوەکانم داخستن، ترسی ئەوەم بۆ نەهات کە یەکێك پێ لەقەیەك لە قاچم بدات، لە نیوە شەودا لە خەو هەڵسام، ئازار لە قاچمەوە هاتبووە دەستەکانم، بەهۆی سەختی تێنویێتیەو داوام لە پیاوە بە تەمەنەکە کرد کەمێك ئاوم بۆ بێنێ!

بیرم نەکردەوە مامە حەسەن دەستەوەسانە لە هێنانی ئاو، ئاو لە کوێ بێنێ؟

دیلێکی عەرەبی خوزستانی لە پەنجەرەوە نزیك بوو، بانگی پاسەوانەکانی کرد و داوای لەوان کرد هەندێك ئاو بێنن، هەندێك لە پاسەوانەکان ڕێزیان لە مامە حەسەن دەگرت، کەسێك بوو سەری سپی ببوو، کاتێك بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە، لە تەنیشتمەوە دانیشت بە خەمباری و وتی: کوڕەکەم هەوڵمدا بەڵام ئەمانە کەسی بێ نرخ و تووندوتیژ و بێ بەزیین.

بەهۆی زۆری تێنویێتیەوە، وا بە خەیاڵمدا هات ئەگەر شێرەی ئاوی ئاودەستەکە بمژم ئەوا تێنویێتیەکەم دەشکێنم، بەڵام تەنها یەك فێنککەرەوە و هەوایەکم بەدەستکەوت، هەستم بە ئازار دەکرد بەهۆی زۆری مژینەوە.

خەو لە چاوانم زڕا، کە نووستم لە جیهانی خەوندا خۆم بینی دانیشتووم لەلای کانیاوی گوندەکە و دەمخواردەوە و دەمخواردەوە و تێرئاو نەدەبووم، مامە حەسەن لە تەنیشتمەوە بوو و بەبێداری تا نیوەی شەو مابووەوە، نزیکی بەرەبەیان سەربازێکی ئەرمەنی هات و داوای لە مامە حەسەن کرد بنوێت و لە جیاتی ئەو چاودێریم بکات.

- شەمە ٢ تەموزی ١٩٨٨ز – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

سێیەم ڕۆژ تێپەڕی بەسەر بوونمدا لە گرتووخانەی ڕەشید، شەوی ڕابردوو زۆرم ناڵاند بەدەست تێنویێتیەوە، بەڵام دڵنیابووم لەلایەنی قاچمەوە، ترسی پێ لەقەم نەبوو، چیتر لەبەر ئەمە بەخەبەر نەدەهاتمەوە، ساچمەیەك بە ڕانم کەوتبوو لە پشتەوە، تا

ئەو ڕۆژە هەستم پێنەکردبوو، کاتێك فشارم کردە سەر ئەم بەشەی، بینیم کێم و زوخاو دێتە دەرەوە.

لە دەوروبەری کاتژمێر هەشت، فەرمانیان پێکردین بچینە دەرەوە، ژمارەیەك برینداریان هێنا بۆ لای من لە گرتووخانەکە، هەندێك لەوانم ناسی، کە بە دیلگیرابوون لە ناوچەی تەلائیەت، جەفیر، دوورگەکانی مەجنونی باکور و باشور، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دیلەکانی لەشکر لەو گرتووخانەیەدان کە دەکەوێتە لای چەپ، ژمارەیەکیشیان لە فیرقەی ٩٢ زرێپۆش بوون، بە دیلگیراون لە ناوچەی کوشك و تەلائیەت و لەگەڵ ئێمەدان، ڕێکخەرەکان هەڵسان بە سوتاندنی برۆی یەکێك لە دیلەکان بەهۆی ئەوەی ڕیشی هەبوو.

ئەمڕۆ بەیانی هەڵسان بە دابەشکردنی کاری دیلەکان، جگە لە بەرکەوتووان نەبێ، هەر کەسێك ڕاسپێردرا بە چاودێری کردنی برینداڕێك لە بریندارەکانی وەك من و یەدوڵای زارعی، کە زۆرترین و بەخراپترین شێوە بریندار ببووین، مامە حەسەن و سەربازە ئەرمەنیەکە ڕاسپێردران بە چاودێری کردنم، سەربازە ئەرمەنیەکە کەسێکی زۆر بەسۆز و جوامێر بوو، شەوی ڕابردوو بە بێداری بەڕێکرد لەبەر حەسانەوەی من، سەرباری ئەوەی ناتوانێ هیچ بکات، بەڵام تەنها دانیشتنی ئەو لە تەنیشتم، دڵم هەستی بە بەهێزی دەکرد. کاتێك ئەمڕۆ بەیانی دیلەکانیان بردە دەرەوە، منیان لە ئاودەستەکە ڕاکێشایە دەرەوە، سەربازە ئەرمەنیەکەی قاچی دەپاراستم، تا کەس پێ لەقەی لێ نەدات، من هەستم بە ئاسودەیی دەکرد لە کاتێکدا ئەم بایەخ پێدانەی ئەم گەنجە ئەرمەنیەم دەبینی لەم بارودۆخە ناهەموارانەدا[1].

---

(١) مەسیحییە ئەرمەنیەکان هەڵوێستی جوامێرانەیان نواند لە داستانی بەرگری کردن و لە پشت ئیمامی خومەینیەوە ڕیزیان بەست وەك سەرکردە و ڕابەریان.

**کاتێك سوپاسی ئەوم کرد وتی: ئەوەی من پێی هەڵدەستم ئەرکە، من تەنها ئەرکی خۆم بەجێدەگەیەنم، سوپاس لەسەر ئەرك نابێ! لە ناوچەی کوشك یان تەلائیەت بەدیل کەوتۆتە دەست بەعسییەکان، سەربازی پیادە بوو لە فیرقەی ۱۹۲ زرێپۆش، یەکەم جار کە چاوم پێی کەوت زۆرم خۆشویست، کاتێك پرسیارم لەبارەی ناوەکەی کرد، وتی: سرکیس داویتانس!**

**وتنی ناوی لەسەرەتادا زۆر سەخت بوو، بەڵام دواتر ئاسان بوو.**

**کاتەکە نزیك نیوەڕۆ بوو، ڕێکخەرەکان دیلەکانیان دانیشاند جگە لە برینداەرەکان نەبێ لە گۆڕەپانەکە لە ژێر تیشکی خۆردا، سرکیس لەلای من بوو، بەهۆی زۆر تێنوێتیەوە، دیلەکان نانی بەیانیان نەخوارد، بەعسییەکان وا خەیاڵیان دەکرد وەك دوێنێ بە تێنوو بمانهێڵنەوە، ئەمە ڕوون بوو ئێمە سزا دەدەن بەهۆی ئەوەی سەرکردەکانی خۆمان ئاشکرا نەکردووە و نەماناساندوون. سرکیس چووە لای پاسەوانێك شوشە ئاوێکی پێ بوو، پاسەوانەکە شوشە ئاوەکەی پێدا، ئەمە سەرسامی منی ڕاکێشا پێم وت:**

---

**حاجی شێخ ئەحمەد ڕەزا حاجەتی وتاربێژی هەینی ئەهواز لە (هەفتەی بەسیج ١٩٩٦ز) دەگێڕێتەوە و دەڵێت:**

**دیلێکی عێراقی دەڵێت لە یەکێك لەو پرۆسانەی فەریق ماهر عەبدولڕەشید سەرۆکی فەیلەقی حەوت بەڕێوەی دەبرد، پلەدارێکی بینی بە پێ لەقە لە دیلێکی ئێرانی دەدات، ماهر عەبدولڕەشید پێی وت: بۆچی لەم دیلە هەژارە دەدەی؟ وەڵامدایەوە و وتی: گەورەم جنێو بە خومەینی نادات!**

**ماهر عەبدولڕەشید وتی: لێی دەدەی لەبەر ئەوی جنێو نادات؟**

**وتی: گەورەم ئەم دیلە مەسیحییە لەگەڵ ئەوەشدا جنێو بە خومەینی نادات.**

**دواتر زانیم سەرچاوەی ئەم چیرۆکە کتێبی (گزارش یك بازجویی) دانراوی سەید مورتەزا بەشیریە، لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەکرێ لەگەڵ دیلە عێراقیەکان، ئەم کتێبە لەبارەی لێکۆڵینەوەکەیە ڕوویداوە لەگەڵ عەقیدی عێراقی محەمەد ڕەزا جەعفەر جەشعەمی، ئەم عەقیدە گەواهیدەری ئەم دیمەنە بووە و بۆ سەید بەشیری گێڕاوەتەوە.**

- چۆن ئەم ئاوەی پێدای؟

سرکس زۆر تێنوو بوو لەیەر خۆری سوتێنەری تەموز، وتی: ئەوەتا دەبینی ئاوم هێناوە، هەوڵدە ئەوەندە بیخۆیتەوە کە بەشی گشت برینداران بکات!

سەرباری ئەوەی ئاوەکە گەرم بوو، بەڵام بەخششێکی هەرە مەزن بوو، ئێمە خەریك بوو لە تێنویێتیاندا دەمردین، سرکس ئاوەکەی نەخواردبووەوە، کاتێك من خواردمەوە پێم وت: ئەم ڕێکخەرانە ئاسانکاری ناکەن لە پرسی ئاودا!!

- پاسەوانێکی مەسیحی لە نێویاندا بوو ئەم کارەی ڕێکخستووە.

سرکس زۆر چاك بوو، دڵی پڕ بوو لە سۆز و بەزەیی، بەخۆی بەسەر بریندارەکاندا دەگەڕا و ئاوی پێیان دەدا. پاسەوانە مەسیحیەکە ڕێزی لە سرکیس دەگرت، لەوانەیە ئامۆژگاری هاوڕێیانی کردبێ بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکەن لەگەڵ سرکس، هەر بۆیە ئازاری ئەویان نەدەدا، سرکس ئەو تاکە کەسەیە توانیویەتی ئاو بە برینداران دەدات، ئەگەر یەکێکی تر جگە لەو ئەمەیان بکردبایە ئەوا زۆر ئەشکەنجەیان دەدا.

لە ڕۆژانی دواتردا ڕێگەیان نەدەدا بە سرکس، نەیدەتوانی هیچ شتێکمان بۆ بکات.

لە ئێوارەدا پاسەوانەکان هاتن و پاسەوانە مەسیحیەکەشیان لەگەڵدا بوو، قسەیان لەگەڵ سرکیس کرد، عەریفە بەعسییە پێی وت: تۆ مەسیحی بۆچی لە پێناو خومەیندا شەڕ دەکەی؟

- وتی ڕاستە من مەسیحیم بەڵام کەسێکی ئێرانیم، من سەربازم، لەسەر سەرباز پێویستە خزمەتی ئاڵای وڵاتەکەی بکات.

ڕووخساریان تێکچوو بەهۆی وتەی سرکیس، ئەوان پێشبینی ئەوەیان دەکرد وتەی پەشیمانی لێ ببیستن، عەریفەکە وتی:

- دەتوانی ڕا بکەی و پەنا بهێنیتە بەر عێڕاق، ئایا دەزانی ژمارەی مەسیحییەکان لای ئێمە چەندە؟ ئێمە کێشەمان نییە لەگەڵ مەسیحییەکان، دواتر ئاماژەی بە ئێمە و دیلەکانی تر کرد و وتی: کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەمانەیە! لەگەڵ پاسەوانانی خومەینیدا! ئەوانە دەیانەوێ عێڕاق لەناو ببەن، دەیانەوێ عێڕاق داگیر بکەن، خومەینی دەیەوێ ببێتە سەرۆك کۆماری عێڕاق، ئەوانە دوژمنی ئێوەن نەك ئێوە!

وا هەستم کرد سرکیس حەزی لە مشتومڕ نییە لەگەڵیاندا، لەوانەیە هەڵوێستی ئەو ڕەچاوکردنی پاسەوانە مەسیحیەکە بێ کە چاکەی لەگەڵ کردووە، وا دەردەکەوێت شتێك هەبێ ئازاری بدات، بۆیە ئاخێکی هەڵکێشا و بە عەریفە بەعسیەکەی وت:

-مەسیحییەکان یادەوەری خۆشیان لەگەڵ ئێوەدا نییە، فڕۆکەکانی ئێوە شاری تەبریزیان بۆمب باران کرد، چەندین خێزانیان کوشت لەسەر پێخەڤ، هیچ کەسێکیان ڕزگیان نەبوو[1].

- یەك شەمە ٣ تەموز ١٩٨٨ز – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

ڕۆژی چوارەم، بریندارەکانیان هێنا لە گرتووخانەی ژمارە یەك و سێ، هەندێکیانم لە عەمارەبینی بوو. قاچم هەڵئاوسا و پڕ کێم و زوخاو ببوو، ئەو بۆنەی لێی دەهات

---

(١) لە ساڵی ١٩٩٥ کاتێك یادگاریەکانم دەنووسیەوە، ئەوەم بیرکەوتەوە کە دیلە مەسیحیەکە سرکیس داوتیانس وتی، دەمەویست زانیاری دەست بخەم لەسەر خانەوادەی هاروتونیا و پانوسیان، هەر بۆیە پەیوەندیم کرد بە بەشی تۆمار و زانیاری لە دامەزراوەی شەهید لە شاری تەبریز، زانیم لە بەرواری ٢٠ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ فڕۆکەکانی میغ هەڵساون بە بۆمب باران کردنی شاری تەبریز و بووە هۆی کوژرانی روبیك مانوك هاروتونیان لەگەڵ هاوژینەکەی جانیت بوداغیان و تاکە کوڕەکەی پروانديك مانوك هارتونیان، لە هەمان کاتدا ماتوس پانوسیان لەگەڵ هاوژینەکەی زویا پاندسیان و هەر دوو کچەکانی ئانی پانوسیانی نۆ ساڵان و ئادرینەی سێ ساڵان کوژران.

ئەم یادگاریە بە ئێشە لە یادی دیلکە مابووەوە، لەوەی ڕژێمی بەعسی پێی هەڵسا لە کوشتنی بێ تاوانان، لە کاتێکدا لەسەر قەڵوێرەی نووسیتن ڕاکشاو بوونە.

وەك بۆنی مردوان بوو، قاچەکانم هەڵئاوسا بوون و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر خراپتر دەبوو، نازانم تا چەندە بەم دۆخە دەمهێڵنەوە، بۆچی پرسی ئێمە یەکلا ناکەنەوە؟ هەندێك برینداری تر هەن، بەهەمان دۆخی خراپدا تێدەپەڕن وەك: حوسێن ئەسکەندەری، ئەمە ئەو کەسەیە کە بەعسییەکان بەدوایدا دەگەڕان، جەستەی ئەو دووچار ىسوتانی مەترسیدار ببووەوە، پێستی ئەو پڕ ببوو لە زوخاو، بە ڕەچەڵەك لوری بەختیاریە، لە شاری ئەهواز پێگەیشتووە، سەرکردەی یەکەی ئەندازەیە لە بارەگای کەربەلا، بە ڕەچاوکردنی سوتانە زۆرەکانی جەستەکەی، گومانی ئەوانی نەدەوروژاند، زۆر بێ دەنگ و ئارامگر بوو، لە نێو قەدەکانی قامیشدا شەڕی دەکرد، کاتێك بۆمبێکی سوتێنەر بەسەر قامیشەکاندا بەربووەوە، ئاگر بەربووە قەدە قامیشە وشکەکان، جەستەکەی دووچاری سوتان بووەوە، لە ناوەڕاستی ئاگرەکەدا مابوویەوە، ئەوەندە لاشەکەی سوتابوو، خەریك بوو شتێکی وەك زەیت لە لاشەی دەهات و دەپرژایە سەر ڕووی گۆڕەپانی چیمەنتۆی سەربازگەکە، پاسەوانە ڕێکخەرەکان ڕێگەیان پێ نەدەدا خۆی ڕابکێشێت لەبەر سێبەردا، برینە سوتاوەکانی بەبێ برین پێچ مانەوە و مێشوولە زۆربەی بەشی جەستەکەیان دەگەست.

لەلای من خۆی ڕاکێشا، ویستی مێشولەکانی لێ دوور خەمەوە، ڕێگەی پێنەدام و وپێی وتم:

- من لە ژیانمدا قەرزداری ئەم مێشولەم، ئەگەر ئەو مێشولانە نەبووبان ئەوا لە ڕیزی مردووان دەبووم.

دەیوت: لەم زەمینە نەفرەتییە، هیچ شتێکم دەست نەکەوتوە، جگە لە جنێو و لێدان نەبێ، بەڵام ئەم مێشوولە بەزانین یان بێ زانین بێ سودی پێگەیاندووم!

مێشولەکان جەستەکەیان ڕوومالْ دەکرد، بەشێوەیەك برینەکانیان دادەپۆشی و کێم و زوخاوەکەیان هەڵدەمژی!

ڕۆحە مەعنەویەکەی ئەم هەموو سزایە شەکەتی نەکردبوو، کاتێك ویستم داوا لە ڕێکخەرەکە بکەم، ڕێگەی پێبدات بۆ ڕۆیشتنە نێو ژووری بەندیخانە، بۆ ئەوەی لەر سێبەر بێ، وتی: ڕازی نیم هیچ یەکێك داوا لەم بەعسیانە بکات، چونکە دڵیان زۆر لە بەرد ڕەقترە!

زۆر ئازاری دەچەشت لە ژێر تیشکی خۆردا، کە بۆ چەندین کاتژمێر لاشەکەی ئەوی دەسوتاند، بەڵام هەر بە خۆڕاگرانە دەمایەوە، هەرگیز سکاڵای نەدەکرد، بەردەوام ئایەتەکانی قورئانی دەخوێندەوە.

من درك بەو ئازارە دەکەم کە حوسێن دەیچێژێ بەهۆی جەستە سوتاوەکەی، لە ژێر دۆزەخی تەموز، کاتێك هەندێك هاوەڵانی خەیاڵی ئەویان خۆش دەکرد، دەیوت: لەوانەیە ئەمە ویستی خوای پاك و بەرز بووبێ، بەوەی من بە جەستەی سوتاو لە ژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا بم، لەوانەیە ئەمە ئاگری دۆزەخم لەسەر سوك بکات!

پێم وت: ئایا ڕێگای تۆ بۆ دۆزەخە؟!

- من ڕازیم بە قەزا و قەدەری خوا، ئەگەر سزای دۆزەخم لەسەر سوك بکات ئەوا بە ڕەحمەتی خۆیەتی!،

لە ئێوارەی ئەم ڕۆژە مام حەسەن ڕۆیشتە لای پاسەوانەکە و لێی پاڕایەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بە حوسێن ئەسکەندەری بدات بۆ ئەوەی ڕابکێشێم لەبەر سێبەردا، سرکیس بەهەمان شێوە لەبەر پاسەوانە مەسیحیەکە پاڕایەوە، بۆ ئەوەی کار بکات بۆ

گواستنەوەی حوسێن ئەسکەندەری بۆ نەخۆشخانە، هەوڵەکانی مام حەسەن بەرهەمی هەبوو و سرکیس لە ئەرکەکەی شکستی هێنا!

یەکێك لە برینداره‌کان ساچمەیەکی بەر گەرووی کەوتبوو، هێنابوویانە گرتووخانەی ژمارە یەك، ناوی ئەوم لەبیر کرد بوو، خەڵکی پارێزگای لورستان بوو، ساچمەکە بۆری هەناسەکەی بڕی بوو، دەیتوانی لە کونی بۆری هەناسەکەی هەناسە هەڵبمژێ، ئەگەر دەم و لوتی گرتبووبایە، بۆیە کاتێك ئاوی دەخواردەوە، ئەوا لە گەردووی دەهاتە دەرەوە، دەستی دادەنایە سەر گەرووی بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە؛ قەد باریك و تەمەن بچوك بوو، لە دوورگەی مەجنونی باکور بەدیل گیرابوو، گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕەشید، لەوێ کۆچی دوایی کرد بەهۆی هەڵاوسان و سوتانەوەی ناوەکی.

لە دەوروبەری کاتژمێر چواری ئێوارە، ئەفسەرانی هەواڵگری سەربازی گەیشتنە گرتووخانەکە، عەقیدێك سەرکردەیان بوو، ڕێك و ڕووخسار ئەسمەر بوو، باڵا بەرز و پرچ ڕەش و ناڕێکخراو بوو، لیستی هەواڵگری سەربازی تایبەت بوو بە دیلەکان، لە قەڵاکانی خەندەقدا.

عەقیدەکە بانگی وەرگێڕەکەی کرد، کە عەرەبی خوزستان بوو، عەقیدەکە قسەی لەگەڵدا کردین:

- ئەم هەواڵانەمان لە عەمارەوە پێ گەیشتووە، لیستەکانی ئێوەش لەخۆدەگرێ.

دواتر وتی: نازانین ڕاست دەکات یان درۆ، کاتێك پێیان وتین براکەی کوژراوە لە هێرشەکە بۆ سەر دوورگەی مەجنون، داردەستێکی فێرکاری بەدەست بوو، پێی لە نێو دەستی چەپی خۆی دەدا، بە دوای هاوێژەرانی ئارپیچی و قەناسە و ئەوانەی بیکەیسیان بەکار دەهێنا دەگەڕان، ئەوان بەرپرس بوون لە تێکشکانی نزیکەی چل بەلەمی بەعسییەکان.

هاوێژەرانی ئارپیچی لە قەڵاکانی خەندەقدا، ئەمانە بوون: مەهدی کەریمی، فەرەجوڵا حەیدەری، محەمەد سادقی، سەید نادر سادات، ئیسماعیل سەوڵەت دار، عەلی شیر قیتاسی، کاتێك بە کێبڵەکان لە دیلەکانیاندا، سەید نادر و محەمەد سادقی فەرد هەڵسانە سەر پێ و دانیانانا بەوەی ئەوان ئارپیچی هاوێژەرن.

عەقیدەکە کە دیمەنی لێدانەکەی دەبینی وتی: ئەوانەی بەلەمەکانی ئێمەیان تێکشکان تەنها دوو کەس نەبوونە؟

دواتر وتی: ئێوەی ئێرانی هاریکاری یەکتر دەکەن، لە پێناو یەکتریدا قوربانی دەدەن، لە بەشی پێشوودا ئێمە دەگەڕاین بە دوای یەکێك لە سەرکردەکاندا، یەکێك لە دیلەکان هەڵسا و خۆی ناساند وەك ئەو کەسە، لە پێناو پاراستنی سەرکردەکەی کە بەدوایدا دەگەڕێین، دواتر ڕاستیەکەمان زانی.

هەوڵی ترساندنی  ئێمەی دەدا، بەوەی درۆ ئەوان بە هەڵەدا نابات، ئەوان ڕاستی دەزانن زۆر بە خێرایی.

عەقیدەکە فەرمانی کرد بە ڕاکێشانی چەند دیلێك بۆ دەرەوە، دواتر فەرمانی کرد بەسەر دوو ڕیزدا ڕیز بکرێین، بەوەی یەکێك ڕوو لەوەی تر بکات، داوای لە هەر دیلێك کرد شەقە زللە لەوەی بەرامبەری بدات.

سەرگەردانی زاڵبوو چۆن مرۆڤ شەقە زللە لە هاوڕێکەی دەدات، کە هاوسەنگەری بووە لە خەندەکانی شەڕ و بەرگریدا، چۆن مرۆڤ لە برا و دۆستەکەی دەدات؟

بۆیە ئەمەیان نەکرد.

ڕێکخەرەکان ئەزموونی ئەم هەموو ساڵەیان وەرگرتووە لە چۆنیەتی ئازاردانی دیلەکان و بڵاو کردنەوەی گیانی پەرتەوازەیی لە نێوانیاندا، ئامانجیان بڵاوکردنەوەی دۆخێکی بوغزاندنی یەکتربوو لە نێوان دیلە دەستەبەرکارەکان.

ئیسلام زادە لە خەڵکی مازندەران بوو، یەکێك بوو لەوانەی یارمەتیاندام بۆ ئەوەی لە شوێنێکەوە بگوزارێمەوە بۆ شوێنێکی تر، بە عەقیدەکەی وت:

- دەتوانن چیتان بویَ پێمان بکەن، ئێمە دیلی ئێوەین لێمان بدەن ئەگەر بتانەوێ، بەڵام ئەوەی یەکێکمان لەوەی ترمان بدات، ئەوا ئەم کارە ئەستەمە.

خودا ڕەزا سەعیدی شەقە زللەی لە محەمەد سار لەهی نەدا، بەهەمان شێوە زەهراب محەمەد خۆی گرتەوە لە شەقە زللەدان لە دیلێك کە نایناسم.

ڕێکخەرەکان هەڵسان بە ڕاکشانی زنگی زهراب لەسەر زەوی، بە کێبلێ لە سەید محەمەد شەفاعەت منشیاندا، وەك نەریتی خۆی بە شێوەزاری لوری گاڵتەی دەکرد: ئاتون نبی نون تون نبی، مرگ تون چە بی ئومیت جبهە بخریت[1].

لە شەوەکەدا هەندێك دیلیان لە بەسرەوە هێنان، بەعسییەکان ڕێگریان لێکردن لەوەی بڕۆنە ئاودەست، کاتێك ئەوانیان هێنا بۆنێکی زۆر ناخۆشیان لێدەهات، کاتێك هاتنە نێو گرتووخانەکاندا، هەندێکیان بەرگەی زیاتریان نەگرت لەمە و دەستیان بە ئاو گەیاند کرد لە ڕێڕەوەکە، بۆنەکەی لە ئاسمانی گرتووخانەکەدا لوتەکانی دەتەزاند، شەوێکی زۆر ناخۆش بوو!

لە دۆخێکی مایەی بەزەیدا بوون، وا دەردەکەوت ئەوان دووچاری لێدانێکی زۆر دەبوونەوە، هەندێکیان وەك ڕووت بوون، تەنها خوا دەزانێ چیان بەسەر هاتووە لە

(١) چی ئێوەی هێناوەتە بەرەی شەڕ؟ دە ئێستا بخۆن و بخۆنەوە!.

بەسرە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئەوان بە ڕۆژانێکی سەختدا تێدەپەڕین، دواتر پێیان ڕاگەیاندین، زۆربەی دیلەکان هەناسەیان لە بەسرە داوە، یەکێك کە ناوی مەنسوڕ بوو لە لوری بەختیار بوو، ئەوەی گێڕایەوە کە بەسەریاندا هاتووە و وتی: پێم وابێ نزای دایك و باوکتان تکای بۆ ئێوە کردووە، کە ئێوەیان نەبردۆتەوە بەسرە!

- واتە بەسرە خراپترە لەم شوێنە؟

سەریان لەقاند وەك پشتگیری و وتی: زۆربەی هاوڕێیانمان شەهید بوون لە بەسرە، بەعسییەکان بەسەر لاشەکانیان دەکەوتن لە گۆڕەپانی جەنگدا، لاشەکانیان لە گۆشەیەکی گۆڕەپانەکەدا کۆ کردەوە و لە نیوەڕۆوە تا شەو ئاوا ماناوە، بەعسیەکان دەهاتن بۆ وێنەگرتنیان.

- دوو شەمە ٤ تەموزی ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

پێنج ڕۆژ تێپەڕین بەسەر بوونمان لە بەندیخانەی ڕەشید، برینەکەم زیاتر خراپ دەبوو ڕۆژ دوای ڕۆژ، کێم و زوخاو لە ژێر پێستدا کۆببووەوە و ئەژنۆم ئاوسا بوو، پەڵی وەك پەڵی کیمیایی دەرکەوتن، شلەیەکی زەرد کۆبووەتەوە لەژێر پێست، کاتێك ئەم پەڵانە دەتەقینەوە، شلە زەردەکە دەهاتە دەرەوە، ئەو پێ لەقانەی بەرم دەکەوتن، پەڵەکانیان دەتەقاندنەوە و زوخاوەکان دەردەهاتن.

لێکۆڵەرەکان ئەمرۆ زیاد لە جارێك هاتن، شێوەزاریان گۆڕا بوو، قسەکانیان توونددی تێدا نەبوو، پێیان وابوو ئەم شێوازە سوودی دەبێ، دوای ئەم هەموو توونديەی ئەنجامیاندا.

دوێنێ عەقیدێك هات و وتی: ئێوە میوانی عێراقن و سەرکردە ئێرانیەکان میوانی ئێمەن، وڵاتەکەمان ڕێز لە میوانە تایبەتەکان دەگرێ، ئەوان خواردنی تایبەتیان بۆ دەبێ، خێوەتگەیەکی تایبەتیان دەبێ، ئەوان میوانی خۆشەویستن و...

بە ئارامی قسەی دەکرد، کاتێك وتەکانی تەواو کرد، وتی: ئێستا داوا لە سەرکردەکان دەکەم خۆیان بناسێنن ئەگەر حەزیان لەمە بێ!

ئەمە تاکە ڕۆژ بوو توونددوتیژی تێدا نەبوو، بۆ ئەوەی دیلەکان ئاسودە و دڵنیا بن و قسەکە بکرێتە کردار، بە توونددی سەیری ڕێکخەرەکەی کرد، کە کێبڵی بەدەست بوو، فەرمانی پێکرد کێبڵەکە دوور فڕێ بدات، وا دەردەکەوت بلیمەت بێ لە پزیشکایەتی دەروونی!

بە ڕێکخەرەکەی وت: کاتێك شێوازی وتەی باش بێ و هەڵسوکەوتی بەڕێز سود بەخشبێ، هیچ مانایەك بۆ توونددوتیژی نامێنێتەوە، ئێرانیەکان کەسانێکی شارستانین، گونجاو نییە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ بە توونددوتیژی، دەکرێ سەرکردەکانیان بێنە پێشەوە و لە نێو دیلەکانیان بێنە دەرەوە!

شێوازی عەقیدەکە کاریگەری کرد، پێنج دیل لە هێزەکانی (پاسداران) هاتنە دەرەوە، دوانیان لە سەرکردەی فەسیل بوون و یەکێکیان یاریدەدەری سەرۆك فەوج بوو، نازانم چۆن هەڵخەڵەتان لە وشە ڕازاوەکانی عەقید؟ ڕێکخەرەکان هەڵسان بە دەرهێنانیان لە گرتوخانەکە و وا بڵاویان کردەوە ئەوان لە گرتووخانە دەردەکرێن و دەبرێن بۆ خێوەتگەی ئەفسەران، بۆ ئەوەی لە ژێر سەرپەرشتی خاچی سوری نێودەوڵەتیدا بن، هەندێکیان ئەمەیان بڕوا کرد و هەستیان بە پەشیمانی کرد، چونکە خۆیان نەناساند بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیانیان بڕۆن!

دوای ماوەیەك یەکێکیانم لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا بینی، ڕووخسارە شین هەڵگەڕاوەکەی بەهۆی لێدان و کوتانەوە، ئاماژەی دەکرد بە ڕێزی تایبەت، کە بەعسییەکان بە سەرکردە ئێرانیەکانی دەبەخشن!

عەقیدەکە ڕاستی وت: بەعسییەکان حیسابێکی تایبەت دەکەن بۆ سەرکردە دیلەکان!

سەید ساڵح ڕایگان ئازاری دەچەشت، بەهۆی ئەوەی هاوەڵانی کەوتوونەتە نێو تەڵەوە بەویستی خۆیان. وتی: سەرکردە پێویستە هۆشیار و زیرەك بێ، بەم ئاسانیە هەڵنەخەڵەتێ، دەبێ متمانە بەم بەعسییە پیسانە نەکات!

سەید فەزڵیان دووچاری لێدانی زۆر توونده بووەوە، توانای بینینی لەدەستدا، سەید فازڵ یاریدەدەری دووەمی فەرماندەی فەسیلی قاسمی کوڕی حەسەن بوو لە فەوجی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ) کاتێك بینیم، وام زانی مێشیهەنگوین بە چاوەکانی وەداوە، زۆر ئەستوور ببوون، ڕەنگی بنەوشەییان گرتبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ ببینێ، ئەوا دوو پێڵوەکانی بە دەستەکانی خۆی دەکردەوە.

(ك. م) هەواڵی بە بەعسییەکاندا سەید فازڵ[١] سەرۆك فەسیلەیە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەید فازڵ سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە، بۆ ئەوەی لەم دێوەزمەیە ڕزگاری ببێ، ئەوا دانی نا بەوەی ئەو ڕۆژە سەرکردایەتی پۆلە سەربازەکەی بۆ یەك ڕۆژ لە ئەستۆ گرت، چونکە سەرۆك پۆلەکە مۆڵەت پێدراو بوو.

ڕێکخەرەکان ئەم دانپێدانەیان قۆستەوە، هەڵسان بەوەی ڕادەستی هەواڵگری سەربازیان کرد، ئەم هەڵە بچوکە بووە هۆی ئەوەی پێنج مانگ لە گرتووخانەی

(١) بۆیە بەم دوو پیتە هێمام بۆ کردووە، چونکە هەستی بە پەشیمانی کرد، هەرچەندە دانی پێدانەنا تەنها لە دوای لێدانێکی زۆر توونده نەبێ.

هەواڵگریدا بمێنێتەوە، کاتێك دیلەکانی قەڵاکانی خەندەق ڕاگوێزرانەوە بۆ خێوەتگەی ١٣ لە ڕومادی، سەید فازڵیان گواستەوە بۆ خێوەتگەی ١٦ لە تکریت، هەر چەندە ئەگەر ئەم زانیاریانەی باس نەکردبووبا، ئەوا لەگەڵ هاوڕێیانی دەبوو لە ڕومادی، هەر بۆیە لەلایەن خاچی سورەوە لە لیستی ونبواندا تۆمار کرا.

لە ئێوارەدا شێوەی قسەکردنی بەعسییەکان گۆڕا و گەڕانەوە سەر ڕێچکە کۆنەکەیان، لە توونددوتیژیی و ڕەق و زبری، وا دەردەکەوێ ئەوان زانیویانە ئەم پێنجانە لە سەرکردەکانن و توانیویانە زانیاریان لێوەربگرن.

ڕێکخەرەکە دیلەکانی دانیشاند لەسەر چەند هێڵێك، هەر هێڵێك پازدە دیل یان زیاتر بوو، دواتر بە دار دەست و کێبڵ و سۆندە و شوارکەدار کەوتنە گیانیان و لێیانیاندان، ئەو شواڕکەدارانە زۆر بەکاریگەر و پڕ ئێش بوون، کاری فشارکەری دەکرد و بە دەوری جەستە دەسوڕایەوە و پێستی بە گۆشتەوە دەنوساند، کیبلێش بەهەمان شێوە ئەوەندە ئازاری دروست دەکرد، کە بەرگەی نەدەگیرا، ڕێکخەرەکان جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان دیلە بریندارەکان و ئەوانی تردا، لەم لایەنەدا بە دادگەرانە ڕەفتاریان دەکرد!

کاتێك ئەفسەرێك لە ئەحمەد سەعیدیدا، ناوبراو لەلای دەروازەی هاتنە ژوورەوە دانیشتبوو، دەستی نەخستە سەر سەری، بۆ ئەوەی خۆی لە لێدانی ڕاستەوخۆی کێبڵ بپارێزێ، بەڵکو بەردەوام بوو لە گرتنی زگی خۆی، ئەمەش ڕێکخەرەکانی توڕە کرد و وا وێنای کرد ئەحمەد سەعیدی دەیەوێ بە هەڵوێستێکی پاڵەوانانە دەربکەوێ، لە کاتێکدا ناوبراو دەیەوێ خۆی لە لێدانەکە بپارێزێ، ئەفسەرەکە لێدانی دووەم و سێیەمیشی لێدا.

ئاخ ئەم گەوجە نابینێ ئەحمەد سەعیدی ڕۆڵی پاڵەوانێتی ناگێڕێ، بەڵکو ڕیخۆڵەکانی دەگرێ تا نەیەنە دەرەوە، ئەحمەد پێکرا بوو بە ساچمەیەك لە زگیدا، ڕێخۆڵەکانی هاتبوونە دەرەوە و هاوڕێیانی بردبوویانەوە نێو زگی، بە پارچە قوماشێك بۆیان گرێدابوو، بەڵام سودی نەبوو، تاج محەمەد عەلی پور کراسەکەی داکەند و زگی پێ بەست، دوای ئەوەی ئەحمەد ڕەزا سەعیدی کراسەکەی لە فانیلەکەی گرێدا، لە کاتی گواستنەوەی ڕیخۆڵەکانی لە خوار کراسەکەیەوە دەهاتنە دەرەوە و لەگەڵ خۆڵ و ڕمل تێکەڵ دەبوون.

ئێستا هەوڵ دەدات دەست بە ڕێخۆڵەکانی بگرێ و لە نێو زگیدا بیهێڵێتەوە، ڕێکخەرەکە بەردەوام بوو لە لێدانی، دەیەوێ شکۆی ئەم دیلە خۆڕاگرە تێکبشکێنێ! ئەحمەد ڕەزا سەعیدی هاواری بەسەر ڕێکخەرەکەدا کرد.

- هەی بێ دین! نابینی دەستی بە ڕیخۆڵەکانیەوە گرتووە.

دیلە خوزستانیەکە وتەی فازڵی وەرگێڕا بۆ ڕێکخەرەکە و وتی:

- گەورەم ئەمە زگی برینداره و ڕیخۆڵەکانی گرتووە تا لە زیگی نەیەنە دەرەوە، هەر بۆیە بەرگری لەسەری خۆی ناکات بە دەستەکانی!

یەدوڵای زارعی یەکێکی تر بوو، کە بەشی خۆی لێدانی خوارد، مام حەسەن هەوڵی دەدا کەللەی سەری بپارێزێ لە لێدانی کێبڵ، هەر بۆیە دەستی خستبووەسەر کەللەسەری یەدوڵا.

کاتێك ئاهەنگی ڕێکخەران تەواو بوو، مام حەسەن بیری کردەوە دەتوانێ چی بکات بۆ یەدوڵا؟!

سێ ڕێکخەر مانەوە و ئەوانی تر ڕۆیشتن، کاتی نانی نیوەڕۆ هات، کەشەکە زۆر گەرم بوو، زۆربەی هاوەڵان بەهۆی زۆر تێنویێتیەوە نانی نیوەرۆیان نەخوارد. مام حەسەن وتی: ئەم ڕێکخەرانە دڕەندەن وەك وەحشیەکانن، لە کۆتاییدا ئەم هەژارە هەر دەکوژن!

وتی: ئاسودە نابم تا نەیگوازمەوە بۆ نەخۆشخانە، پێویستە شتێك بکەم.

ئەوەی مامحەسەن دەڵێت ڕاستە، ئەو لە هەموو ساتێکدا هەڕەشە لێکراوە! یەك لێدان لە کەللەسەری دەیکوژێت، مام حەسەن پیاوێکی چاکە و ئەزموونداره، هەوڵیدا هەندێك پشتیان گرت، بەڵام بێ کەلك بوو، ڕەتیان دەکردەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی بکەن.

یەدوڵا دووچاری کەشەنگبوون (تەشەنوج) بوون بووەوە، جەستەی دەلەرزی، هەندێك لە هاوەڵان گرتیان، تا هێور بووەوە.

مام حەسەن بیری کردەوە، خەندە هاتە سەر لێوانی بۆ یەکەم جار وتی: کێشەی یەدوڵا چارە دەبێ بە تۆپێکی پێی پلاستیك!

پێکەنیم و وتم: مام حەسەن چی دەڵێی؟ تۆپێکی پلاستیك کێشەکەی چارەسەر دەکات؟!

وتی:

- دەیکەینە دوو بەش، وەك کڵاو دەیخەینەسەر سەری وەك خوزە کەللەسەرەکەی لە لێدان و گەرما دەپارێزێ بەهەمان شێوە.

بیرۆکەیەکی زۆرچاك بوو لە هاووێنەی ئەم بارودۆخانەدا، بەڵام تۆپی پلاستیك لە کوێ بێنین؟!

مام حەسەن دیلە خوزستانیەکەی لەگەڵ خۆدا برد و ڕۆیشتە لای ڕێکخەرەکە و قسەی لەگەڵیان کرد لەبارەی کێشەی یەدوڵا و داوای لە (سەباح) کرد تۆپێکی پلاستیك بێنێ.

سەباح و ڕێکخەرەکانی تر کێشەی یەدوڵایان دەزانی.

سەباح پێکەنی و ویستی هاوڕێکانیشی بێنێتە پێکەنین دەربارەی داوای مام حەسەن، ئەوانیش پێکەنین!

مام حەسەن چاوەڕێی وەڵام بوو، سەباح بە گاڵتەوە وتی: باشە تۆپێکت بۆ دێنم، بەڵام نایکەیتە کڵاو، بەڵکو یاری تۆپی پێی پێ دەکەین لە نێوان عێراق و ئێران.

- سێ شەمە ٥ تەمموزی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

پێش نیوەڕۆ یەکێك لە ڕێکخەران هات، بۆ ماوەیەك سەیری قاچی کردم و وتی: دەزانی پێویستە چیت لێ بکەن؟

حوسێن ئەکەندەری لە تەنیشت منەوە ڕاکشا بوو و پێی وت: پێویستە بگوزارێتەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ڕێکخەرەکە وتی:

- لە یەکێك لە شوێنە شاخاویەکان، برای بچوکم گوێدرێژەکەی دەهاژۆشت، گوێدرێژەکە کەوتە نێو دۆڵەکە و قاچی شکا، بۆیە گوێدرێژەکە سوودی نەما، ئەوەی پێویست بوو بکرێ حەساندنەوەی بوو بە سەلیەکی کلاشینکۆن؛ ئێوەی کەسانی بریندار بە گوێدرێژەکان دەچن، زۆر ئازاری دەچەشت و ئێمەش حەساندمانەوە، بۆیە پێویستە یەك سەلیە فیشەکتان لێ بدەین و ئێوە بحەسێنینەوە! هەوڵمدا جڵەوی خۆم لەدەست نەدەم و زاڵبم بەسەر خۆمدا، پێم وت:

- چ شتێك ڕێگریت لێدەكات؟ هەمان ئەو شتەمان لێ بكە كە بە گوێدرێژەكەت كردووە!

ئێوارە ئێمە لە نێو گرتووخانەدا بووین، پاسەوانەكان سەمایان دەكرد نازانم بۆچی؟ هاوڕێیانم سەیری ئەوانیان دەكرد لە پشت پەنجەرەكەوە، ئەوان خۆشحاڵ و ئاسودە بوون، بۆ ئەوەی خۆشحاڵی خۆیان پێمان ڕابگەیەنن هاتنە ناو ڕێڕەوەكان.

سەباح كە ئاماژەی بۆ ئاسمان دەكرد و وتی: فڕۆكەی ئێرانی لە كەنداوی عەرەبیە!

دواتر دەستەكانی لەیەكتر جیا كردەوە و وتی: گرم!

تێنەگەیشتین ئەمە چی دەگەیەنێ؟! زۆر دڵخۆش بوو، بانگی وەرگێڕە ئێرانیەكەی كرد و وتی: فڕۆكەیەكی ئێرانیان لە كەنداوی عەرەبیدا خستووەتە خوارەوە، كێ خستوویەتی؟ ئەمریكیەكان!

كەوتنی فڕۆكەیەكی جەنگی شتێكی ئاساییە، ئەمە جەنگە چ ئەمریكیەكان خستبێتیان یان عێراقییەكان!

بەڵام سەباح ڕوونكردنەوەی زیاتریدا، زانیمان ئەمریكیەكان موشەكێكیان گرتووەتە فڕۆكەیەكی مەدەنی[1] لە ئاسمانی كەنداوی فارسی و هەستم بە سەرسوڕان

(١) فڕۆكەیەكی ئێر پاسی ئێرانی كە دوو سەد و نەوەد گەشتیاری هەڵگرتبوو، موشەكێكی بەركەوت، كە كەشتیەكی جەنگی ئەمریكی (فینسنس) هاوێشتبووی، ئێر پاسەكە ژماری گەشتی ٦٥٥ بەندر عەباس – دوبەی لە ئاسمانی كەنداودا تەقیەوە.

فڕۆكەكە سەد و پەنجا و شەش پیاو و پەنجا و سێ ئافرەت و پەنجا منداڵ لە نێوان دو تا دوازدە ساڵی و هەشت منداڵیش لە خوار دوو ساڵی بوون، لەم فڕۆكەیدا بوون.

سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكان، هێمای بوێری بە سەركردەی كەشتییە جەنگیەكەدا ویل روجرز، بەهۆی ئەوەی دوو مۆشەكی گرتۆتە فڕۆكەیەكی گواستنەوەی مەدەنی و بووە هۆی كوژرانی دوو سەد و نەوەد گەشتیار!!

کرد، هەواڵەکە وەك هەورە تریشقە بوو، سەباح بە بێ نرخانە وتی: سێ سەد ئێرانی هەموویان کوژراون.

خەم ئێمەی داگرت و فرمێسکمان ڕشت بۆ قوربانیە بێ تاوانەکان.

خودا ڕەزا سەعیدی بە سەباحی وت: چۆن دڵخۆش دەبن بۆ کوژرانی سێ سەد مرۆڤی بێ تاوان، ئەوان گەشتیاری مەدەنین!

سەباح وتی: بەڵێ دڵخۆش دەبین بۆ کوژرانی ئێرانیەکان، ئایا ئێوە دڵخۆش نابن بۆ کوژرانی عێراقییەکان؟

زەهراب مەحموی وتی: ئێمە هەرگیز بۆ کوژرانی مەدەنیەکان دڵخۆش نابین.

سەباح بۆ ئەوەی لە تەنگوچەڵەمەکە ڕزگاری ببێ وتی:

- زۆربەی گەشتیاران پاسەوانی خومەینی بوون!

ئیسلام ئەکبەر زادە وتی: سەربازانی خومەینی لە دوبەی چی دەکەن؟

دوای چەند ڕۆژێك تەواوی زانیاریەکانمان پێ گەیشت لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی عێراقی، بەهۆی دیلە خوزستانیەکان.

مام حەسەن بە سەباحی وت: کە لە ڕێڕەوەکە دەچووە دەرەوە: ئەگەر تۆ بە ڕاستی موسڵمان بی، موسڵمان هەرگیز دڵخۆش نابێ بۆ کوژرانی موسڵمانان لەسەر دەستی ناموسڵمانان!!

- چوار شەمە ٦ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

له بەیانیدا هەندێك لە دیلەكانیان برد، كە زیاتر لە دە كەس بوون، سیانیان عەرەب بوون، سەریان بە یەكەی ئێمە بوو، لە قەڵاكانی خەندەق بەدیل گیرابوون.

لە ئێوارەدا هێنرانەوە، وا دەردەكەوت بەعسییەكان هەڵسوكەوتی زۆر چاكیان لەگەڵدا كردبن، وەك چۆن بۆ ئێمەیان گێڕایەوە، خواردنی خۆشیان بە ڕێژەی زۆر پێدا بوون، پاكەتە جگەرەیان بە جگەرە كێشەكان دابوو، دیشداشە و نەعلەیان پێدابوو، یەكێكیان ناوی ناجی[1] بوو، هەر كە گەیشتە گرتووخانەكە هاتە لای سەید عەلی ڕایگان، بە دەستی ئاماژەی بۆ كرد و بە ڕێكخەرەكەی وت: ئەمە سەرۆك فەوجە.

ڕێكخەرەكە زۆر لە سەید عەلی ساڵحی دا تا لاشەی شین هەڵگەڕا.

یەكێك لە عەرەبەكان ناوی هادی[2] بوو، سەربازێك بوو خزمەتی زانستی بەسەر دەبرد لە فەوجی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ) بە ڕێكخەرە بەعسیەكەی وت: كەورەم تۆ نازانی چاك لێی بدەی، لێم بگەڕێ با من بەو كارە هەڵسم.

نازانم چۆن دەروونی هادی ڕێگەی پێدا بەم كار هەڵبستێت، بە تەواوی مانای وشەی بێ نرخ بوو، زۆر بە كێبڵ لە دەستی براوی سەید عەلی ساڵحیدا، لە ئێوارە سەید عەلی ساڵح ویستی خەیاڵی ئێمە ئاسودە بكات و وتی: بە ڕاستی ڕێكخەرەكە زیرەك نەبوو لە كارەكەی، بەڵام هادی زۆر چاك ئەم كارەی دەكرد!! شوێنەواری كێبڵی هادی زیاتر شین بووە!

---

(١) ناجی سەرباز بوو لە فەوجی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ) شوفێری بەلەمی بوو، زۆر یارمەتی بەعسییەكانیدا و بووە یەكێك لە بەكرێگیراوانیان، لە ئابی ساڵی ١٩٩١ كاتێك دیلە ئێرانیەكان ئازاد كران، ناجی ڕۆیشتە نێو ڕێكخراوی بەكرێگیرا (موجاهیدینی خەلق) و لە عێراق مایەوە.

(٢) هادی سەرباز بوو لە فەوجی (حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ) خەڵكی گوندی خەلەف ئاباد بوو لە دەوروبەری ئەهوازە، دوای ئازادكردنی دیلەكان، هاتە ماڵی سەید عەلی ساڵح و داوای لێكرد گەردنی ئازاد بكات، هەڵوێستێكی بەڕێز بوو، كە سەید عەلی ساڵح لێی خۆشبوو!

خوایەگیان ناتوانم ئەندێشەی ئەمە بکەم!! عەقڵم درك بەم هەڵوێستە ناکات! چۆن هادی هەڵدەستێت بە لێدان لە سەرکردەکەی بەم توونديە، بۆ بەدەستخستنی کەمێك ئاو و خۆراك و جگەرە؟! چۆن هادی لە کوڕی نیشتمانەکەی و سەرکردەی دەستبڕاوەکەی دەدات؟!

سەید ساڵحیان بردە گرتووخانەی هەواڵگری و خرایە بەندیخانەی تاکەکەسیەوە، سەید عەلی ساڵح زیرەك و بلیمەت بوو، لە لێکۆڵینەوە لە مەیمونە[1] ڕزگاری بوو، باپیرەی ئەوی ڕزگارکرد لە گرتووخانەی هەواڵگری لە پیسی بەعسییەکان هیچ یەکێك بە خەیاڵیدا نەدەهات سەید عەلی ساڵح سەلامەت لە زیندانی ترسناکی تاکەکەسی بەعس دەردەچێ.

- پێنج شەمە ٧ تەمموزی ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

پێستم وەك باینجانی لێهاتبوو، خەریك بوو ڕەش دبوو و دەمارەکانم بەشێوەیەکی دزێو هەڵدەئاوسان، بۆنەکەیان زۆر ناخۆش بوو، کرمی لێ پەیدابوو بەهۆی بێ باکی بەعسییەکان و بارودۆخی ناهەمواری گرتووخانە و نەگواستنەوەم بۆ نەخۆشخانە؛

---

(١) لێکۆڵەران نەیانتوانی دانپێدانان لە سەید عەلی ساڵح وەربگرن، بەوەی سەرکردەیە، هەر بۆیە ناجیان هێنایە ڕووبەڕووی ئەو و لەگەڵ ئەمەشدا سور بوو لەسەر ئەوەی جەنگاوەرێکی ئاساییە، بە سەید عەلی ساڵحیان وت: ئێمە تاوانمان نییە ئەو کە ئەندامێکی نیشتمانەکەتە دانی بەتۆدا ناوە، بەڵام سەید عەلی سور بوو لەسەر نکۆڵی کردن و جەخت کردنەوە لەوەی جەنگاوەرێکی ئاساییە لە لیوای ٤٨ فەتح، هەروەك لە مەیمونەدا ڕوویدا، سەید بە جۆرێك هەڵسوکەوتی کرد وای لە لێکۆڵەرانی هەواڵگری سەربازی کرد، بڕوا بە بۆچونەکانی بکەن، هەر بۆیە ناجیان لەسەر زەوی ڕاکشاند و زۆر لێیاندا، وا هەستیان کرد درۆیان لەگەڵ دەکات، سەید عەلی وتی: ئەوەندە بە توندی لە ناجیاندا بەزەییم پێدا هاتەوە، بەڵام لە ناخمدا وتم: ئەمە شایستەی ئەو کەسەیە ناپاکی بکات لە ئەندامانی نیشتمانەکەی، ئەمە سزای بێ نرخە ناپاکەکانە! لێکۆڵەران پرسیاریان کردووە لەبارەی هۆکاری بڕینی دەستی، وەڵامی دایەوە و وتی لەسەر ئەسپ بەربووەتەوە، ئێمە ئێستا دوور لە شار دەژین و گەیشتن بە نەخۆشخانەکان سەختە، بۆیە پزیشکی گوندەکە هەڵسا بە بڕینی دەستەکەم!!

هەموو ئەمە سەریکێشا لە کۆتاییدا بۆ ڕەشبوونی قاچم و هەڵئاوسانی دەمارەکانی و کرمەکان لە زیادبووندا بوون، کە هێرشیان دەکردە سەر لاشەم و گیانیان پارچە دەکردم! شەو و ڕۆژ کرمەکان بە ئازادانە دەهاتن و دەڕۆیشتن لە ناو سەر و دەموچاوم، شرینی خەوتنیان لێسەندبوومەوە، بۆ ئەوەی نەچنە نێو گوێچکەم، ئەوا بە پارچە قوماشێك گوێچکەکەم گرتبوو، لە نێو کونی گوێچکەکەمدا پەستابوو.

هێدی هێدی خەریك بوو هەستی هەستپێکردن لە قاچمدا لە دەستدەدا، درکم بەوە کرد قاچم لە دەستداوە، نە ئەوان دەمکوژن و نە دەشمگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە! پێم وابێ بەعسییەکان بڕیاریان دابوو دیلەکان لە گرتووخانەدا بهێڵنەوە تا دەمرن، تا ئەو ڕۆژە بیست بریندار هەناسەیان لەم گرتووخانەیدا بڕاوە، خەریك بوو بێزار دەبووم لە ژیان و ئومێدم دەخواست لە گۆڕەپانی گرتووخانەدا بمرم، سوربووم لەسەر خۆدامالین و کەنارگرتن لە هەمووان، درکم بە قێزەونی ئەو بۆنە ناخۆشە دەکرد کە لە برینەکەم دەهات! وای لێهاتبوو بەرگەی نەدەگیرا، لە توانای کەسدا نەبوو بەرگەی ئەم بۆنە بکوژە بگرێ، بۆیە ویستم خۆم لە گۆشەیەکی دووردا کەنارگیر بکەم، تا ئەوانی تر ئازار بە بۆنەکەم نەچێژن، ئەندازەی ئەم بۆنە ناخۆشە گەیشتە ئاستێك، زۆرێك وازیان هێنا لەوەی یارمەتیم بدەن.

وا دەردەکەوت بارودۆخی من مایەی حەسانەوە بوو بۆ پاسەوانەکە، ئەمەم بە ڕوونی دەبینی لە چاوی ئەواندا، لوتیان دەگرت لەگەڵ ڕوانینی توانجدەر.

کات بە دەمی ئێوارە بوو، کاتێك یەکێك لە ئەفسەران هات و وێنەگرێکی لەگەڵدا بوو و هاتنە ژوورەوە، وێنەگرەکە پۆشاکی ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرانی لەبەردا بوو، لەسەر مایکرۆفۆنەکە هێمای تایبەت بە تەلەفزیۆنی عێراقی هەبوو، پەیامنێرەکە گەنج و ئەسمەر بوو، چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ دیلەکان دەستپێکرد لەلای ڕاستی دەرگاکەوە، بریندارەکان دانیشتبوون و پشتیان بە دیوار دابووەوە، بریندارەکان وەڵامی

ئەو پرسیارانەیان دەدایەوە کە ئاڕاستەیان دەکرا، لە ڕێگەی وەرگێڕی ئێرانی و پرسیارەکە دەخولایەوە لەبارەی ناسنامەی کەسی دیلەکان و ئەو یەکەیەی کاری تێدا کردووە، شوێنی لە دایك بوون و پرسیار کۆتایی بۆ هەر دیلێك ئەوە بوو:

- چی بە خێزانەکەت دەڵێی؟

هەستم بە ئاسودەیی کرد، لە ناخمدا وتم ئەو هەلە ڕەخسا بۆ ئاگادارکردنەوەی خانەوادەکەم لەوەی هێشتا زیندووم، کاتێك نۆرە گەیشتە سەید محەمەد شەفاعەت منش، دوای ئەوەی خۆی ناساند وتی: داوای لە باوکی خۆم عەلی مەردان دەکەم[1] چاك بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و مەروماڵات بەخێو بکات و شوانێکی باش بێت، ڕانەمەڕەکە لە مێگەڵە گورگەکان بپارێزێ، کەمتەرخەمی نەکات لەمەدا، هیچ پاساوێکی نییە ئەگەر کەمتەرخەمی کرد!

دوای سەید محەمەد، نۆرەی نەسروڵا غولامی هات، کە خەڵکی بوشهەر بوو، بە زمانی ڕەوان قسەی دەکرد، دوای ئەوەی خۆی ناساند وتی: سڵاو لە باوکم دەکەم ڕۆحوڵا، زۆر حەز لە بینینی دەکەم، داوا لە خوای مەزن دەکەم سێبەرە بەرەکتدارەکەی بەردەوام بکات بەسەر خانەوادەکەدا، لە کۆتایدا بە خانەوادە و خەڵکی بوشهەر دەڵێم: ئێمە هەوڵماندا وەك ڕەئیس عەلی دلواری بین، مەعنەویاتمان چاکە، دوودڵ نەبن بۆمان.

---

(١) سەید محەمەد مەبەستی لە عەلی مەردان سەرۆك فەوجی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێت بوو، سەید محەمەد پۆلە سەربازێکی بەڕێوە دەبرد، کە سەر بەم فەوجە بوو، بەرگری دەکرد لە نێو قەڵاکانی بەیتی لەهی.

مەبەستی سەید محەمەد ئەوە بوو، عەلی مەردان بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت لە سەرکردایەتی کردنی فەوجەکە بە چاکترین شێوە، بایەخ بەو هێزە بدات کە لە ژێر سەرکردایەتی ئەو دایە.

ڕستەی یەکەم زۆر ڕوون بوو، سەبارەت بە ڕۆحوڵا، بەعسییەکان ماوەیەك بوو درکیان کردبوو بەوەی ڕۆحوڵا ئیمامی خومەینیە، بەهۆی زۆری دووبارە بوونەوەی ئەم چەمکە لە گفتوگۆکانیاندا، هەوالگری سەربازی ڕێگەی بە پەخش کردنی ئەم چاوپێکەوتنەی نەدا، وەرگێڕە ئێرانیەکە پێکەنی و مەبەست لە ڕوحوڵا لە چەمکی ڕۆحوڵا بە پەیامنێرەکە گەیاند، ڕێکخەرەکان بە کێبڵ لە نەسرواڵیاندا.

نۆرەی من هات و ڕۆژنامەنووسەکە بەرامبەرم دانیشت، من تەواو ئامادە بووم، بەڵام ئەفسەری بەرپرس ڕەتی کردەوە چاوپێکەوتنەکە بکرێ، ئەم قەدەغەیە من و هەندێك دیلی تریشی گرتەوە کە لە خۆی من یان خراپتر بوون، ڕۆژنامەنووسەکە حەزی دەکرد چاوپێکەوتنەکە بکەین، بەڵام ئەفسەرەکە ڕەتکردنەوەی دووپات کردەوە و گفتوگۆیان لە نێواندا کران دواتر ئەو هۆکارەم زانی کە پاڵی بە ئەفسەرەکەوە نا بۆ دانی ئەم جۆرە بڕیارە، فازڵ دوای ڕۆیشتنی ئەوان پێی وتم، کاتێك لێم پرسی:

- ئایا دەزانی بۆچیرێگری کرد؟
- ئەفسەرەکە بە ڕۆژنامەنووسەکەی وت: بارودۆخی زۆر خراپە، هەندێکیان لە ڕۆژانی ڕابردوودا مردوون، دیار نییە ئایا ئەوانە دەژین یان نا؟ وا چاکترە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا نەکرێ، لەوانەیە بمرن و دووچاری لێپرسینەوەی خاچی سور ببینەوە.

▪ هەینی ٨ تەموز ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

لە ناوەڕاستی نیوەڕ، گەرمایەتیەکە دەبووە دۆزەخێکی بەرگە نەگیراو، تەنانەت وا بە خەیاڵی مرۆڤدادێ ئەو شەقامانەی قیر کراون هەڵمیان لێ هەڵدەستێت، ئەو زەویە چیمەنتۆ کراوانە قاچیان دەسوتاندین، هیچ بوونەوەرێك هەر چەندە بە ئارام بێ ناتوانێ دابنیشێ، لەبەر ئەوەی گەرمیەکە لە ئاسمان و زەویەوە دەهات، شوێنەکەی

کردۆتە تەندورێکی پێست کولێنەر، پێویستە لەسەرمان چەند کاتژمێرێك لە گۆڕەپانی گرتووخانەکەدا بڕۆین، کە بووەتە فڕنێکی مەزن!!

عەریفە بەعسییەکە بە دیلێکی وت، کە داوای کەمێك ئاوی لێکردبوو:

- جنێو بە خومەینی بدە و ئەوەی دەتەوێ پێتی دەدەم!

عەریف خەمیس لە دیلە تێنوەکە هاتە پێشەوە و بە گاڵتەوە پێی وت:

- خەفەت مەخۆ! خومەینی دێت و ئاوت پێ دەدات.

ناوی ئەو دیلە نازانم کە بێ دەنگ بوو و وەڵامی گاڵتەکەی خەمیسی نەدایەوە بە هیچ شتێك، وا ڕوون بوو کە دەروون ئاڵۆز بوو، خەمیس دەستەکانی ئەوی بەرز کردەوە و بە گاڵتەوە پێی وت: بپاڕێوە!

وا دەردەکەوێ ئاگادارە لەوەی ئێرانیەکان چی دەکەن لە بۆنەکانی نزا و باوەڕیان بە خانەوادەی پێغەمبەر سڵاوی خوایان لێبێ و تکا کردنیان بە ئیمامە پاکەکان، بۆ هەمووان ڕوون ببووەوە گەلی ئێرانی زۆر بە قوڵی بڕوای هەیە بە جیهانی نەبینراو، وابەستبوونیان بە ئاسمانەوە، وابەستبوونێکی تۆکمەیە و مایەی سەرنجڕاکێشانە، کەسە ئاڵۆزەکان دەوروژێنێ و پاڵیان دەنێ بۆ گاڵتە کردن.

هەندێك لە دیلەکان لە هۆش خۆیان چوون، هەموو هەوڵەکانی محەمەد کازم کەریمیان و محەمەد سادقی فەرد شکستیان هێنا بۆ بەدەستخستنی ئاو، بەعسییەکان زۆر دڵ ڕەق بوون، کاتێك محەمەد کازم دووبارە داواکەی کردەوە، سەباح لە توڕەییان سور هەڵگەڕا و بە کێبڵ لێیدا.

دوای نیو کاتژمێر سەباح هات بەرەو شێرەی ئاو، دۆڵکەیەکی پێبوو، دۆڵکەکەی پڕ ئاو کرد، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بارەگای پاسەوانان محەمەد کازم ڕێی لێگرت، بۆ ئەوەی

دۆڵکەکەی لێوەر بگرێ، هێرشەکەی لە ناکاو بوو و توانی دۆڵکەکەی لێوەربگرێ، سەباح هاواری هاوەڵانی کرد، هاتن بۆ ئەوەی بیگرن، سادقی فەرد هاواری پاسەوانەکەی کرد:

- ئەی بکوژانی ئەبو فەزڵ! هەی بێ نرخەکان، ئەو ئاوەی بەهرەی خوایە بۆ گشت بەندەکانی، بۆچ بریندارەکان بێ بەش دەکەن لە ئاو خواردنەوە؟!
- پاسەوانەکە کەلەپچەکەی سادقی فەردی بە سۆندە توونـد کرد و ڕایانکێشا، لە ژیانی ترسام، لەوانەیە هەڵیبواسن، ئەگەر سادقی فەرد وەرزشی نەبووبایە، جەستەیەکی بەهێزی نەبووبا، ئەوا بە خنکاوی دەمرد، پاسەوانەکان زۆر توڕە بوون و بە ئاشکرا پێیانەوە دیار بوو.
- گەورەی پاسەوانان فەرمانی کرد محەمەد کازم و محەمەد سادقی فەرد بگرن، کراسەکانیان و ژێر کراسەکانیان دابکەنرێن، لەسەر زەوی سوربووەوە ڕابکێشرێن، پاسەوانان بە لێدان و کوتانی بێ بەزەیی لێیاندان، دیمەنێکی زۆر ئازار بەخش بوو، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش خۆڕاگر بوون!!

مام حەسەن لە یادکردنی خوادا ڕۆچوو بوو، شکۆی خۆی پاراستبوو، گوێی بەهیچ شتێك نەدەدا، بەڵام ئەم جارەیان ئەو وشانەی ڕێکخەرەکان بەکاریدەهێنا ئەویان وروژاند، ئەوان جنێوی خۆیان دابەش دەکرد لە جۆری: ئاگرپەرست! مەجوسی و بێ باوەڕ! لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: ئێمە بێ باوەڕ و ئاگرپەرست و مەجوسی نیین.

سەباح هەوڵیدا دایبنیشێنێ، بەڵام بەردەوام بوو لە قسەکانی: ئێمە بڕوامان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، و ئێمە حوسەینین، ئایا دەزانن بۆچی ئەم هەموو ئازارە بەرگە دەگرین؟ چونکە لاسایی خانەوادەی پێغەمبەر دورود و سڵاوی خوای لێبێ دەکەینەوە، چۆن مرۆڤ بێ باوەڕ دەبێ لەکاتێکدا خانەوادەی پێغەمبەری خوای دورود و سڵاوی خوای لێبێ خۆشبوێ، ئێمە پڕۆسە جەنگیەکان دەستپێناکەین، تەنها بەدروشم و هێمایەکی ئیمامە پاکەکانمان نەبێ!

له یەکێك له پڕۆسەکاندا پێش چەند ساڵێك، که پڕۆسەکانی موسلمی کوڕی عەقیا بوون دروشمی پڕۆسەکان: هۆ ئەبو فەزڵی عەباس بوو، ئایا دەزانی جەنگاوەرانمان ئاویان له مەتەرەکانیان نەخواردەوە، چونکه ئەبو فەزڵی عەباس ئاوی نەخواردەوە که لەسەر کەناری فوڕات بوو، به تێنوێتی شەهید بوو، ئێمەش دەمانەوێ به تێنوێتی شەهید ببین، باپیرانی ئێمە ئەبو فەزڵیان کوشت و ئێوەش لەسەر ڕێبازی باوباپیرانتان دەڕۆنن دەتانەوێ بریندارەکانمان بکوژن و به تێنوێتیەوە بمرن، لەوانەیە بەهۆی ئەم قسەیە بمکوژن، بەڵام پێم بڵێ بێ باوەڕان ئەوە دەکەن که ئێمە یان ئێوە دەیکەن؟

دڵم له گەروومدا لێی دەدا، ئەم بێ نرخانە لێی دەدەن، به سەختی تفی خۆمم قوت دەدا، وتەکانی وتارێکی ئاگرین، ڕاگەیاندنێکی ڕاشکاو، سەرشۆڕکردن ستەم و توونودتیژی بوو، فازڵ ڕۆڵی وەرگێڕی بۆ ڕێکخەرەکە دەگێڕا، هەستم به سەرسامی کرد، چونکه زیانیان به مام حەسەن نەگەیاند، پێم وابێ چاوپۆشیان کرد له وتەکانی بەهۆی گەورەیی تەمەنەکەی.

فازڵ هات و به مام حەسەنی وت، کاتێك سەباح و هاوڕێیانی ڕۆیشتن: مام حەسەن تۆ له جێگای باوکمدای، ئایا ناترسی لەوەی سەرت ببڕن، بەوەی ئێستا کردت ناخۆشی بۆ خۆت و ئەوەی لەگەڵ خۆتدا دەهێنی.

مام حەسەن وتی: پێویستە لەسەر مرۆڤ ڕاستی بڵێ.

فازڵ وتی: ئەمە ڕاستە، بەڵام ئایا پێت وایە که گوێ بۆ ئەوە بگرێ که دەیڵێی، قسەکانی تۆم به پێچەوانە وەرگێڕا، ئەگەر وام نەکردبایە ئەوا دەیانکوشتی، ئەوەی وتت زۆر مەترسیدارە، بەڵێ زۆر مەترسیدارە!

مام حەسەن دڵی شکا لەم هەڵسوکەوتەی فازڵ، بەڵام من لە ناخی خۆمدا ستایشی ئەو کارەی ئەوم کرد، نیازی فازل ڕاست بوو و خزمەتێکی مەزنی پێشکەش بە مام حەسەن کرد.

بەڵام مام حەسەن هێشتا لە فازڵ خۆش نەببوو و وتی:

- ئەوەی تۆ کردت، جۆرێکە لە ناپاکی و پێشێلکردنی سپاردە!

فازڵ وتی:

- کەمێك قسەکانتم گۆڕی، بەتایبەت ئەو وتەیە کامەمان ئەو کارە دەکات کە بێ باوەڕان دەیکەن ئێمە یان ئێوە، هەروەها ئەم وتەیەت: باوو باپیرانتان ئەبو فەزڵی عەباسیان کوشت، زیاتر لەمە چیترم نەکردووە.

- شەمە ٩ تەمموزی ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

لە نێوان پێنج بریندارەکەی هاتن بۆ گرتووخانەی ڕەشید ژمارە یەك، بارودۆخی یەکێکیان زۆر خراپ بوو، ساچمەیەك زگی یەکێکی کون کرد بوو و بەشێك لە ڕیخۆڵەکانی دڕاندبوو وەك ئەحمەد سەعیدی، هەروەك لە سینگ و سەریشی پێکرابوو، بە شێوەزاری مازەندەرانی قسەی دەکرد، لە ناوەڕاستی چلساڵی تەمەندا دەردەکەوت، لە فیرقەی ٢٥ کەربەلا کاری دەکرد، پرچی ڕەنگ ئاڵتونی بوو، کاتێك چاوم کەوتە سەری برای شەهیدم سەید قودرەتوڵام بیر دەکەوتەوە؛ شەرواڵێکی کوردی لەبەر بوو، بەعسییەکان هێمای پاسەوانی شۆڕشیان دڕاندبوو، هەروەك یەکێك لە پاسەوانان هەڵسا بە ڕیشەکێش کردنی ڕیشەکەی بە سەگەکان، ڕیشی جوان و درێژ بوو وەك زانایانی ئاینی دیار بوو؛هەندێك لە بەعسیەکان هەراسانیان دەکرد و لێیان دەپرسی: مێزەرەکەت لە کوێیە؟ سەباح بە دەستی خۆی ئاماژەی بۆ سەر سەری دەکرد و بەدەوریدا دەخولاندەوە و دەیوت: مێزەرەکەت لە کوێ ونکردووە؛ هەموو پاسەوانان وا

دایاندەنا یەکێکە لە مێزەر بەسەرەکان، منیش گومانم لەمە نەدەکرد!! لەوپەڕی ڕێزداریدا بوو، زۆر کەم قسەی دەکرد، بەڵام کە قسەی لەگەڵ بەعسییەکاندا دەکرد ئەوانی توڕە دەکرد، هەرگیز نکۆڵی نەدەکرد لەوەی لە هێزەکانی پاسەوانی شۆڕشە:

- بەڵێ من لە پاسەوانەکانی خومەینیم!

فازل پرسیاری ئەفسەری یەکەمی وەرگێڕا:

- تۆ کە لەم بارودۆخەدای، هێشتا بڕوات بە خومەینی هەیە؟

دیلە ئازادەکە وتی: هەر مرۆڤێك پێویستە سەرکردەکەی خۆی خۆشبوێ، ئایا تۆ سەدامت خۆشناوێ؟ دیلبوون و گرتووخانە بیروباوەڕ ناگۆڕن، بەڵکو زیاتر چەسپاوی دەکەن.

ئەفسەری یەکەم دەیەویست کات بەسەر ببات بە گفتوگۆ لەگەڵ دیلەکاندا و هەوڵی دەدا ئەوە بزانێ کە دەتوانێ لێیانەوە بەدەست بخات، وتی: من دڵنیان پەشیمانە!

دیلەکە وەڵامی دایەوە بە نیگا وەرگرتن لە ڕووداوی عاشۆرای حوسێن سڵاوی خوای لێبێ:

- ئەوەی بەسەر زەینەبەی داوێنپاکەدا هات لە دیلبوون و کەنیزەکایەتی، لە ڕووی شکۆوە کەمتر نییە لە شەهیدایەتی، منیش پەشیمان نیم! ئەمە جەنگە هەر وا دەبێ.

کەش و هەواکە زۆر گەرم و سوتێنەر بوو، سەربازە ڕێکخەرەکان ڕیز بوون بۆ پێشوازی کردن لە گەورە ئەفسەر، هەردەم یەك یان دوو ئەفسەر لە پێنج ڕۆژی سەرەتادا دەهاتن بۆ گرتووخانە، بۆ تۆمارکردنی زانیاریەکان و پڕ کردنەوەی لیستی تایبەت لەبارەی دیلەکان، دواتر دەهاتن لە پێناو ناسینی سەرکردەکان، سەرۆك فەسیلە

و فەوجەکان، بە تایبەت کە لەلایان ڕوونبووەوە هەندێك دیل هەن بەرپرسیارێتی و ناسنامە ڕاستەقینەکانیان ئاشکرا ناکەن.

ئەفسەرەکە دیلەکانی ئاگادار کردەوە لە هەواڵی گەیشتنی ئەفسەرێکی باڵا لە وەزارەتی بەرگری، دیلێك قسەی دەکرد لەبارەی نامەی خاتوو زەینەب و بەرەنگار بوونەوە بۆ یەزیدی ستەمکار، ئەفسەرەکە لەبارەی میوانەکە دەدوا و وتی: ئەفسەرێکی مەزنە، ئەگەر دەتەوێ بتگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانە، ئەوا بە شێوازرێکی پەشیمانی قسەی لەگەڵ بکە، کە سۆزی ئەو بەدەست بخەیت، نەکەی پاڵەوانێتی خۆت لەبەردەم ئەودا نمایش بکەی.

دواتر ئەفسەرەکە گوتاری خۆی ئاڕاستەی گشت برینذارەکان کرد: ئێوەش بەهەمان شێوە، هەر یەکێك دەیەوێ بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە، پێویستە پەشیمانی خۆی دەرببڕێ ئەگەر پەشیمانیش نەبێ، ئەوا دەبێ پەشیمانی بنوێنێ.

ئامانجی ئەفسەرەکە تێکشکاندنی گیانی مەعنەوی دیلەکان بوو، لەوانەیە چێژ ببینن لە بینینی دیمەنەکانی ملکەچی و داڕمان.

ئەفسەرەکە وتی: مانگی ڕابردوو هەمان عەقید هات، دوو بریندار لە بەردەمیدا پەشیمانیان دەربڕی، یەکێك وێنەی سەدامی ماچ کرد لەبەردەم گشت دیلەکاندا، بۆیە عەقیدەکە دەستبەجێ فەرمانی کرد بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە.

پێشبینیم کرد کە درۆ دەکات، بڕوا بەوە ناکەم دیلێك بەم بێ نرخییە هەڵبستێ، دیلە مازەندەرانیەکە کە سیمای پەیی پێبردنی لە ڕووخساریدا دەردەکەوت وتی: ئێوە دەتانەوێ سەرشۆڕمان بکەن و پەشیمانیمان بۆتان دەرببڕین و وێنەی سەدام ماچ بکەین، ئەمە ئەستەمە، ئێمە پابەندین بەو بنەما و بنچینانەی ڕێگریمان لێدەکەن ئەم کارە بکەین، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی مردنیشمان، ئەگەر هەندێك وا بیر بکەنەوە کە

ئەمە دڵی ئێوە بەلای ئێمەدا نەرم دەکات ئەوا هەڵەی کردووە، دیلەکە دەیویست بەمە نامەیەك بە هاوڕێیانی بگەیەنێ لەوەی وشیاری ئەم بۆسە دانراوە بن.

دوای نیو کاتژمێر ئەفسەرە مەزنەکە گەیشت و هاتە نێو گۆڕەپانی گرتووخانەکە بە باڵا بەرزەکەی و چاوە قوڵەکانی و سەرە ڕووتەکەی و پۆشاکە خاکی و سەوزەکەی و ماسولکە بەهێزەکەی، کە خەریکە سەری وێکهاتووی باڵی کراسەکەی بدڕێنێ، لە دەوری پەنجا ساڵانی تەمەنیدا بوو، سەیری دیلەکانی کرد و لەلای دیلە بریندارەکان وەستا؛ هەندێك پرسیاری ئاڕاستەی دیلەکان کرد، دیلە مازەندەرانیەکە سەرنجی ئەوی ڕاکێشا و چەند پرسیارێکی لێکرد:

- تۆ پاسەوانی خومەینی؟

دیلەکە بێ دوودڵی وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ من پاسداری خومەینیم!

عەقیدەکە وتی:

- ئایا تۆ مێزەر بەسەری؟

دیلەکە وتی:

- نا من پاسدارم!

ئەفسەرەکە بە عەقیدەکەی وت:

- گەورەم ئەو دەڵێت: هێشتا خومەینی خۆشدەوێت و شکۆی دیلایەتی کەمتر نییە لە شکۆی شەهیدایەتی، زەینەب بە نموونەی باڵای خۆی دادەنێ، کە پەیامی خۆی گەیاندووە.

عەقیدەکە بە گاڵتەوە وتی: ئایا دەبێ پەیامی تۆ چ بێ کە بە عێڕاقی بگەیەنی؟

ئێستا خومەینی لە کوێیە تا یارمەتیت بدات؟ سەیری بارودۆخی خۆت بکە، بەم دۆخە دەتوانی چی بکەیت؟

دیلە تێکشکاوە، دەیزانی تێنوێتی و شەکەتی چی بەسەر هێناوە، وتی:

- من چەند وانەیەکم فێری هاوەڵانم دەکرد لە (نەهجولبەلاغە) لە بەرەکانی جەنگدا، من تەنها ئەو دوو دێڕە شیعرە دێنمەوە کە ئیمامی عەلی نموونەی پێهێناوەتەوە:

فان سألني كيف أنت فانني    صبور على ريب الزمان صليب

يعز عليّ أن ترى بي كآبة    فيشمت عاد أو يساء حبيب[1]

واتە: ئەگەر لێم بپرسی چۆنم، ئەوا من ئارامگرم لەسەر گومانی ڕۆژگاری خاچ، پێم شەرمە ناخۆشیەکم پێوە ببینی، جا جنێو بە دوژمن بدات یان زیان بە خۆشەویستێك بگەیەنێ.

بەدڵنیایەوە هیچ پێویست بە وەرگێڕانی شیعرەکە نەبوو، دیلەکە بە زمانی ڕەوانی عەرەبی دەریبڕی، عەقیدەکە پێی سەرسام بوو و بە بێ دەنگی دەیڕوانی و پێشبینی بیستنی وەڵامێکی لەم جۆرەی نەدەکرد!

---

(١) نەهجولبەلاغە، کلام ٤١. ئەو کات ئەمە وەڵامێکی زۆر جوان بوو، تەنها وشەکانی سەرەتای دێڕە شیعری یەکەمم لەبەر بوو، ئەگەر لێم بپرسی تۆ چۆنت زانیی و دوای ئەوەی گەڕایتەوە بۆ خاکی نیشتمان، ئەوا دەستم کرد بە گەڕان بەدوای ئەم دوو دێڕە لە شیعری عەرەبیدا، بۆ یەکەم جار کتێبی نەهجولبەلاغەم هەڵایەوە و دۆزیمەوە، کاتێك خوێندمەوە، یادگاریەکانی ئەو ڕۆژە هاتنەوە یاد و زانیم ئەو کەسە چەندە عاشقی نەهجولبەلاغە بووە.

هەستم کرد عەقیدەکە وەك دەبدەبەیەکی پڕ هەوایە، لە ناکاو گازەکەی لێدەرچووە و فش بووەوە، هیچ ڕێوشوێنێکی بەرامبەری نەگرتەبەر، پرسیاری لە هیچ دیلێکی تر نەکرد.

دیلە بریندارەکە قورئانی دەخوێندەوە لەم کەشە گەرمەدا، لە ڕۆژی دواتردا کەم کەمە دەنگی کپ دەبوو، لەوانەیە ئایەتەکانی قورئانی لە ناخیدا خوێندبێتەوە، هەنگاوی دەنا بەرەو کۆچی دوایی و دوا هەناسەی دەدا و گیانی بەرزی بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە و سکاڵای لای خوا دەکات لە ستەمی مرۆڤ دژی مرۆڤی براکەی — قوتابییەکی وەفادار بوو لە قوتابخانەی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ و تێگەیشتووە لە وشە نەمرەکانی و دەیوت: ((خەڵك دوو بەشن، یان برای تۆیە لە ئایین یان هاوشێوەی تۆیە لە دروستکرندا))، هەروەك لە وشەکان بەشێوەیەك تێگەیشتبوو کە لە دەمار و شادەمارەکانیدا دەهاتن و دەچوون.

- یەك شەمە ١٠ تەموزی ١٩٨٨- بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

بەخراپترین بارودۆخودا تێدەپەڕیم، پێیەکەم هەڵئاوسا بوو بەشێوەیەکی ترسناك، خۆزگەی مردنم دەخواست، لە مردندا ڕزگارم دەبوو لەوەی بەدەستیەوە دەمناڵاند، پێم وابێ ئەگەر دەمبوسێکیان لە قاچمدا ژەنیبا ئەوا هەرگیز هەستم پێی نەدەکرد، ڕەشبوون و هەڵاوسانەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو.

پاسەوانێکی نوێ بۆ تاقمی پاسەوانەکان زیاد بوو لە گرتووخانەکەدا، سەباح بانگی دەکرد: عوبەید! عەریف عوبەید هەردەم بریندارەکانی هەراسان دەکرد.

بە سەید محەمەد شەفاعەت منیش، کە سەرەوەی ئەژنۆکەی فیشەکی پێکەوتبوو، وت:

- برینداربوونەکەت هیچ نییە هەستە سەر پێ و برۆ!

پێم وت: بەهۆی قازیفەی کالیبەر ئێسکەکە پەکی کەوتووە.

بەردەوام بوو لە هەوڵێستەکەی، عوبەید مۆڵەتی بە دیلە سەلامەتەکان نەدەدا یارمەتی هاوڕێیە بریندارەکانیان بدەن، عوبەید وتی: ئەوانەی لە جەنگدا بریندار بوونە ئەوان لەوانی تر زیاتر جەنگاوەری ئێمەیان کوشتووە.

ئەمڕۆ عوبەید مام حەسەنی لە شوێنی دیاریکراو بۆ دیلەکانی گواستەوە بۆ شوێنی دیلە سەلامەتەکان.

لە شەوی ڕابردووەوە ژمارەی کرمەکان لە جەستەمدا زیاد دەکەن و لە نێو پۆشاکەکەمدا بڵاو بوونەوە، پاژنەم مردووە و کرمەکان بڵاوبوونەتەوە لە ڕانی لاقی چەپمدا، شەوی ڕابردوو نەخەوتووم، بەهۆی ئەو ئازارەی بەدەستیەوە دەمناڵاند، کاتێك کەمێك دەخەوتم، ئەوا بەهۆی دەنگی کرمەکان لەسەر ڕووخسار و جەستەم وشیار دەبوومەوە، بە ئازادانە دەهاتن و لەسەر و ڕوخسارمدا، دەچونە ناو گوێچکەم، منیش دەمکوشتن بە فشار خستنەسەریان، ئاخ ئەم کرمانە لە کوێ بوون بەر لەوەی برینەکەم تەشەنە بکات؟! کرمی بچوکی ڕەنگ زرد، بە کەمترین فشار پان دەبوونەوە، زۆر بە کرمی خاك دەچوون، پارچە قوماشێکم دانابووە سەر گوێچکەم.

لە ئێوارەدا داوام لە عەلی شیر ڤیتاسی کرد، کە پاسدارێکی خەڵکی شارەکەم بوو، تا یارمەتیم بدات؛ بەدیل گیرابوو لە قەڵاکانی خەندەق، پشتی تێنەکردووم لە بارودۆخە هەرە سەختەکاندا، بەهانای منەوە دەهات کاتێك ڕێکخەرەکان ئێمەیان تێدەکردە گرتووخانەکاندا بە دار دەستە، عەلی شیر داوای لە یەکێك لە هاوەڵان دەکرد یارمەتی بدات لە پاراستنی مندا، زۆر خۆڕاگربوو لەگەڵ من وەك برایەك! بەرگەی بۆنی کێم و زوخاوە ناخۆشەکەی دەگرتم، بە خۆشەویستی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم و پێم وت:

سوێند بەخوا ئارامیم نەماوە، لە کۆتاییدا دەڕوخێم، حەز دەکەم بۆ چەندین کاتژمێر بگریەم تا بە تەواوی دەحەسێمەوە، عەلی شێر کرمەکانی دەگرت و پانی دەکردنەوە لەسەر زەوی، نازانم بۆچی ئەم دیمەنە عەریف عوبەید دەوروژێنێ، پێی وتم: تۆ بۆگەن بووی و بوویتە لەوەڕگەی کرمەکان.

پێشبینی شتێکی تر ناکەم جگە لەمە لە عوبەید، ئەو دوژمنێکی ڤین لە دڵە، وتم: کێشە نییە، دەوترێت گەورەمان پێغەمبەر ئەیوب خوای مەزنی تاقیکردبووەوە بە نەخۆشی و کرمەکان هێرشیان بۆ لاشەکەی هێنا بوو، من کێم بەراورد بە پێغەمبەری خوا ئەیوب؟!

حوسێن ئەسکەندەری گفتوگۆکەی دەبینی و پێی وتم: سەید! وریابە ئەمانە وەك ئەو شتانەن کە وەسوەسەیان بۆ گەورەمان ئەیوب دەکرد بۆ ئەوەی باوەڕەکەی بلەقێنێ، ئەوانە دەیانەوێ ژەهرەکەیان بڵاوبکەنەوە بۆ لاوازکردنی ویستەکەمان، وریابە پاداشتەکەن لێ نەبەن، هەوڵدە خۆ ڕاگربی، متمانەت هەبێ خوا تۆی خۆشدەوێ، خۆشەویستی تاقی دەکاتەوە، نەکەی گوێ لە شتە پوچەکانیان بگری و هەڵبخەڵەتێی و هەستی پەشیمانی داتبگرێ!

وتەکانی حوسێن درەوشانەوە بوون بۆ ڕۆحم، هەستم کرد بە کانیاوێکی حەسانەوە لە دڵمدا هەڵدەقوڵێ، بە خراپترین بارودۆخودا تێدەپەڕێ، ئەو زیاتر لەم ئازار دەچێژێ، جەستەی ئەو داپۆشراوە بە پۆڵکە.

عوبەید وتی هیچ شتێك لە وتەکانی حوسێن تێ نەگەیشتم: بۆچی هاتوونەتە بەرەکانی شەڕ، بڕوانە چیتان بەسەر هاتووە!

- لە پێناو خوا و نیشتمان!
- لە پێناو خوا دەمانکوژن؟! خوا ئەمەی لێ داواکردوون؟!

چیتر بەرگەی عەریف عوبەیدم نەگرت، نامەوێ مشتومڕ لەگەڵ ئەم بوونەوەرە قین لە دڵە بکەم، کە لەکار کەوتووە، دەمەوێ ئەگەر بتوانم لایبدەم، نامەوێ پێی بڵێم ڕاستی لەگەڵ تۆدایە، بەڵکو تکایە واز لە خۆم و بارودۆخەکەم بێنە!

کاتێك هەمان پرسیار پێشووی دووبارە کردەوە پێم وت: خوا فەرمانی پێنەکردووین بتانکوژین، فەرمانی بە ئێوەش نەکردووە بمانکوژن، لەوانەیە ئەم وەڵامە باشترین وەڵام بێ، دەکرێ تازە پێگەیشتوێکی وەك من پێی وەڵامی عوبەید و هاوڕێنەکانی بداتەوە، بەڵام بە ناشرینی وتی: بەڵێ خوا فەرمانی پێکردووین ئێرانیەکان بکوژین!

من زۆر تێنوو بووم، لەسەر خۆم نەبووم، گەرمی وام لێدەکات بڕوخێم، ناخم زۆر تەنگ بوو، تەنانەت لەگەڵ خۆشم، جا چی سەبارەت بە عوبەید، لەگەڵ ئەمەدا بەرگەی بێ دەنگیم نەدەگرت، پێم وت:

- خوای مەزن داوای لێکردووین ئەوانە بکوژین، کە دەیانەوێ بە زەبری هێز خوزستانمان لێبستێنن!

سەرباری ئەو پێ لەقەیەی بەرم کەوت لەلایەن عوبەیدەوە ئەوا هەر هەستم بە حەسانەوە و ئاسودەیی کرد، نازانم بۆچی وازمان لێ ناهێنێ و بڕوات، تەنانەت کاتێك سەباح بانگی کرد بۆ نانی نیوەڕۆ ئەوا هەر لە شوێنی خۆی مایەوە، وا دەردەکەوێ دەیەوێ شتێك بڵێت کە نەیوتوە، عەلی شیر پێی وت: چۆن لە مرۆڤێکی بریندار دەدەی؟ لە جیاتی لێدان و جنێو پێدانی پێویست بوو کار بکەی لەسەر چارەسەرکردنی و خوای مەزن و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان کردووە بریندار دەرمان بکرێ و خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێ!

عەریف عوبەید بە عەلی شیری وت: دەتەوێ بانگیان بکەم بۆ چارەکردنی قاچی؟!

عەلی شیر: زۆر مەمنونت دەبین، ئێمە چارەی دیلەکانتان دەکەین وەك چۆن چارەی بریندارەکانمان دەکەین جیاوازیان لە نێواندا نییە.

دڵنیا بووم لەوەی عەریف عوبەید دەیویست یاری بە هاوڕێکەم بکات، کە بڕوای بە وتەی عەریفەکە کردووە.

عوبەید بە فەرمان وتی:

- هەستە بەسەر قاچی بکەوە!

هێمای سەرسامی لەسەر ڕووخساری عەلی شیر دەرکەوت و پێی وا بوو گاڵتەی لەگەڵدا دەکات، عەریفەکە فەرمانی خۆی دووبارە کردەوە و عەلی شیر وتی: تۆ گاڵتە دەکەی؟

فازڵ وتەکەی وەرگێڕا و عەریفەکە وتی: ئێمە گاڵتە لەگەڵ دوژمنانمان ناکەین!

عەلی شیر جێبەجێکردنی فەرمانەکەی ڕەت کردەوە و وتی: ئەمە ناکەم!

عوبەید بە توڕەیی وتی، پێویستە فەرمان جێبەجێ بکەی.

عەلی شیر وتی: چیت بەسەر هاتووە؟

عەریف بە پێ لەقە لێیدا و لە توڕەییان هاوسەنگی خۆی لەدەستدا، حوکمی لەسەر عەلی شیر دا بە پەنجا قامچی و حوکمەکە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە جێبەجێ کرد، عەلی شیریان ڕاکشاند لەسەر زەوی سوربووەوە، تەنانەت فانیلەکەیان داکەند، لە شەوەکەدا پێم وت: پێویست بوو پێت لە قاچی من نابووبا، من چیتر هەستی پێ ناکەم!

فرمێسك لە چاوانیدا کۆبوونەوە و سەری خستەسەر سینگم و پەنجەکانی لە نێو پرچمدا گیر کردم، نێوچەوانی ماچ کردم و وتی: کێشە نییە سەید!

- **دوو شەمە ١١ تەموزی ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید**

ئێوارەی ئەم ڕۆژە منیان دەرهێنا بۆ گۆڕەپانی گرتووخانەکە، بەهۆی ئەو بۆنە ناخۆشەی لێم دەهات، پشتم دایە دیوارێکی خشتە، کە درەختی سنۆبەری بەرزی لەلا ڕەگی داکوتاوە، هیچ کەسێك بەرگەی نەدەگرتم و پاسەوانان ڕێگەیان بەکەس نەدەدا چاودێریم بکەن و بایەخم پێبدەن، نە عەلی شێر و نە مام حەسەن، هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا لە گواستنەوەم بۆ نەخۆشخانە، ڕێکخەرەکان یەك وەڵامیان پێ بوو: پرسەکە لە دەرەوەی ویستی ئێمەیە، فەرمان لەلایەنی بەرپرسەوە نییە!! ژمارەیەك بریندار هەناسەیان پچڕا!

سەربازەکان بە شەقامی تەسکی بەندیخانەکەدا دەڕۆیشتن، بۆ ساتێك دەوەستان و سەیریان دەکرد و ئینجا بەردەوام دەبوون لە ڕۆیشتنەکەیان، هەندێکیان دەستیان دەخستەسەر لوتیان، لە ڕۆژانی دوایی هەندێك جار بێزار دەبووم لە بۆنەکە و دەروونی خۆمم لەسەر ڕانەهێنا بوو.

تۆتۆمبێلێکی ئیڤای ڕەنگ خۆڵەمێشی لەبەردەم دەروازەی سەرەکی گرتووخانەوەستا، چوار دیل هەڵسان بە دابەزاندنی مەنجەڵەکانی خواردن.

دیلەکان ڕیز بوون لە ڕیزی وەرگرتنی پشکەکانیان، ئەفسەری بەرپرس لەگەڵ پاسەوانان وەستان، بۆ سەرپەرشتی کردنی دابەشکردنی خواردن، زۆربەی دیلەکان بەهۆی تێنوێتی و تیشکی خۆرەوە خواردنیان نەخوارد.

یەکێك لە دیلەکان[1] ڕۆیشتە پێشەوە، لە تەمەنی سیساڵیدا بوو، قاپەکەی خۆی بەدەست بوو، نۆرەی ئەو هات، هەر کە قاپەکەی درێژ کرد و بەرپرسەکەی پشکی ئەوی

---

(١) دواتر ئەوم بینیی لە پشت تەلی دڕکاوی لە خێوەتگەی ١٦ تکریت و زانیم جەنگاوەری فیرقەی ٢٥ کەربەلایە و ناوی مەنسوری قاسمیە و بەدیل گیراوە لە دوورگەی مەجنونی باکور، ئەو منی لە مەیمونە بینیی بوو لە بارەگای فیرقەی چوار، هەڵوێستەکەی پاڵەوانانە بوو ئەو کات لە بەندیخانەی ڕەشید، لە

تێکرد له دانەوێڵه و قەرنابیتەکەی بەسەردا کرد، ئەفسەرەکە هەڵیکوتایەسەر و قاپەکەی لێوەرگرت و دوور فڕێیدا و ئینجا ڕایکێشا بۆ لای دیوارەکە و بە بۆکسێك له دەموچاویدا، نازانم بۆچی ئەمەڕوویدا و ئەفسەرەکە بەم وەحشیگەرانەیە هەڵسوکەوتی کرد، کەم وابوو بەعسییەکان له دیلێك بدەن له کاتی دابەشکردنی خواردندا، کاتیان بۆ ئەمەش هەیە، وەرگێڕ فازڵ هات، کاتێك ورد بوومەوە و لێم ڕووانی بینیم لەسەر قۆڵی شتێك نووسراوە، ئەمەش توڕەیی ئەفسەرەکەی هەڵساندووە، پێم وابێ دیلەکە لەسەر کراسەکەی نووسیبوو: ((ناتوانی عاشقی مەهدی ببی، تا عاشقی خومەینی نەبی))، پێم وابێ دیلەکە ئەمەی لەسەر باسکی هەڵکەندبوو، هەر کە ئەفسەرە بەعسییەکە چاوی بە ناوی خومەینی کەوت، توڕەییەکەی هەڵسا و قاپەکەی لێ وەرگرت و داوای لێکرد ئەم نووسینە بسوتێنێ، دیلەکە ڕەتی کردەوە و وتی: چ زیانێك لەم نووسینە هەیە؟

ئەفسەرەکە وتی: دەبێ بسوتێنرێ!

دیلەکە وتی: کراسەکەم دادەکەنم و ئێوە بیسوتێنن!

ئەفسەرەکە مکوڕ بوو لەسەر هەڵوێستەکەی، دیلەکەش سور بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی! ئەفسەرەکە هەڵوێستی دیلەکەی وەك تەحەدایەك بینی بۆ دەسەڵاتەکەی و جێ پێ لەق کردنی شکۆمەندیەکەی.

دیلەکە بە زمانی دوور لە نکۆڵکاری وتی: دەتوانن ئێوە ئەمە بکەن، هەر چەندە ئەمە لە بایەخی خومەینی کەم ناکاتەوە!

---

ناخودا منی هەژاند، پرسیارم لێکرد لە کوێ تۆیان ئەو ڕۆژە بەندکرد و چیان پێکردووی، سوپاس بۆ خوا نەیانکوشتووی؟ وتی منیان خستە نێو گرتووخانەی تاکەکەسی بۆ ماوەی دە ڕۆژ و بەعسییەکان بە مەکوی منیان ئازاردا، دواتر منیان گێڕایەوە بۆ گرتووخانەی ڕەشید، ئەوەتا دەبینی من لێرەم.

ئەفسەرەکە بە تووڕەیی پێ لەقەیەکی لە دیلەکە دا، پاڵی نا بۆ بندیوارەکە و فەرمانی بە پاسەوانەکان کرد بە داردەست و کێبڵ لێی بدەن، سەرم دانەواند، چیتر بەرگەی ئەم دیمەنەم نەدەگرت، خوێن لە لوتی دەچۆڕا، تەنانەت کاتێك ویستی بە دەستی چەپی ئەمە بوەستێنێ، ئەوا خوێن لە نێو پەنجەکانیدا دەچۆڕا و دەکەوتە سەر زەوی. زۆرتر تەحەدای کرد و زۆر زیرەك و بوێر بوو، بە خوێنی خۆی لەسەر دیوارەکە بە دەستی ڕاستی نووسی: خومەینی!

بەعسییەکان شۆك بوون و بەبێ دەنگی سەیریان کرد، ڕێکخەران هەڵیان کوتایە سەری و لەسەر زەوی ڕایانکێشا و زۆر لێیاندا بە پێ لەقە لەسەر و دەموچاویاندا، پۆشاکەکەی هەمووی بووە خوێن، هێدی هێدی کەوتە تەنیشت دیوارەکە، وشەی خومەینی خوێناوی سەرنجەکانی ڕاکێشا!ڕێکخەران ئەویان برد بۆ گرتووخانەی تاکەکەسی و یەکێك لە خاوێنکەرەوان هات و سەتڵێکی پێبوو، وشەی تەحەداکەی دەسڕیەوە لەسەر دیوارەکە.

دیمەنێکی زۆر جوان بوو، لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی دیلایەتی بوو، ئەوەی کردی وا هەستم کرد هێورکەرەوەی ئێش و ئازارەکانمە.

ئای ئەو وشانە چەندە زۆرن کە خوێندومەتەوە لە ڕۆژانی دیلایەتیدا، وشەی پڕن لە بڕوا و تەحەدا و ئارامگری، گەشتکار بۆ کەربەلا، میوان بۆ کەربەلا، ڕۆیشتوو بەرەو کەربەلا، هەر کەسێك خولیای کەربەلا بێ، دەی بەناوی خواوە با هەنگاو بنێین! لەگەڵ خومەینی تا شەهیدبوون یان ((هاتنە ژوورەوەی هەموو جۆرە فیشەك و ساچمەیەك بە تەواوی قەدەغەن))، جگە لەمانەشم دەخوێندەوە لەسەر کراسەکان و سەرپێچەکانی جەنگاوەران لەبەرەی شەڕدا، ئا ئەوەتا دەگوازرێنەوە بۆ گرتووخانە نهێنیەکانی بەعس، جەنگ سەبارەت بە ئێمە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، ئەم نووسینانە بەعسییەکانی تووڕە دەکرد و وای لەوان دەکرد تۆڵە لە دیلەکان بکاتەوە.

له کۆتا شەودا، دوو ئەفسەر هاتنە تونێلی گرتووخانەکەدا، سەرۆکی گرتووخانەی ڕەشید لیستی ناوی ئەو دیلانەی دەخوێندەوە، وا دەردەکەوێ بڕیاریان داوە بریندارەکان بگوازرێنەوە بۆ گرتووخانە.

خۆشحاڵی و دڵخۆشی دایگرتین، زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم برایانمان لەوانی بریندار نەبوون، لە ئێمە دڵخۆشتر بوون، ئا ئەوەتا دوای شازدە ڕۆژ لە ململانێ کردن لەگەڵ مەرگ، خۆم ئامادە دەکەم بۆ ڕۆیشتن بۆ نەخۆشخانە، خەریك بوو بڕوا بەمە نەکەم، مام حەسەن بە دڵخۆشی هات و چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون لە دڵخۆشیان و نێوچەوانی ماچکردم و فرمێسك پڕی چاوەکانم بوون.

مام حەسەن وتی: ئەمانە فرمێسکی خۆشحاڵی و خەفەتن، تێکەڵ بەیەکتر بوونە، بەڵام دڵخۆشیەکە بۆ ئەوەیە کە دەچن بۆ چارەسەر وەرگرتن لە نەخۆشخانە، بەویستی خوا چاك دەبیەوە، خەفەتبارین بەهۆی جیابوونەوەتان، لەوانەیە دوای ئەمە یەکتر نەبینینەوە، ڕاهاتووم لەگەڵ ئێوەدا.

وتم: مام حەسەن تۆ وەك باوکی خۆم دادەنێنم، هەرگیز لەبیرت ناکەم، گەرمی باوکایەتیت و سۆزی باوانت پێداوم، هەندێکیان هاتنە لام و داوای گەردن ئازادیان دەکرد بەهۆی پێ لەقەکانیان کە لە ڕێی هاتنە ژوورەوە و چوونەدەرەوە لە گرتوخانەدا پێم دەکەوت.

ئا بەم شێوەیە خواحافیزیم کرد لە هاوڕێیانی دیلایەتیم، وێنای ئەوەم نەدەکرد جارێکی تر نایانبینم.

سواری توتۆمبێلی ئەمبۆڵناس بووم لەگەڵ هاوڕێیە بریندارەکانم، توتۆمبێلەکە لە گرتووخانەی ڕەشید هاتۆتە دەرەوە، توتۆمبێلەکە ڕووی دەکردە شوێنێك کە نەماندەزانی؛ ئەمرۆ ١٠ تەموزی ١٩٨٨، جوانترین ڕۆژی تەمەنە!

هەستم بە دڵخۆشی دەکرد، ئەوەتا دەردەچم لە گرتووخانەی ڕەشیدیتووندوتیژ، چەندین ڕۆژی ترسناکی لەخۆگرتووە لەوەتە کەوتوومەتە نێو دیلایەتیەوە، لەوانەیە چەند ڕۆژێکی بە پەنجەی دەست ژمێردراو بن، بەگوێرەی ژمێرکاری کات، بەڵام زۆر دوور و درێژن، چونکە پڕ لە ئێش و تاڵایەتی بوون.

سەختترین ئێش و ئازارم، ئازارەکانی گیانی ئەشکەنجەدراون، بەهۆی ئەو سوکایەتی پێکردنانەوە، ئاخ خۆزگە هەر دوو قاچەکانی منیان بەیەکەوە بڕیبووبا، بەس بەم شێوە نا هەموارە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکردبووبام!

نازانم بۆچی ڕۆژی هاتنە نێو مەیمونەم هاتەوە یاد، کە ئێمەیان خستە نێو تونێلی ئاودەستەکانەوە، پاڵم دابووەوە بە دیواری تەنیش دەرگای ئاودەست، یەکێك لە ڕێکخەران هات ومیزی بەسەر مندا کرد، چاوەکان و دەمم نوقاند، ئەم دیمەنە تا هەتایە لەبیر ناکەم! بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا توانیم گڕکانی توڕەیی ناخم کپ بکەم وکە تەقیوەتەوە لە دەروونمدا.

# بەشی پێنجەم

## بەغداد

## نەخۆشخانەی ڕەشید

- **دوو شەمە ١١ تەموز – ١٩٨٨ – نەخۆشخانەی ڕەشید**

ئوتۆمبێل ئەمبولانسی ڕەنگ خۆڵەمێشی گەیشتە نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی[(١)]، ڕێکخەرەکان وەستا بوون لەلای دەروازەی نەخۆشخانە؛ وا بڕیار بوو ئەوانەی توانای ڕۆیشتنیان هەیە ببرێن بۆ پشکنین و نەشتەرگەری، واتە من و سەید محەمەد شەفاعەت منش، هادی گنجی و نەسڕوڵا غولامی کە لە برینداره‌کان بوون، سەید محەمەد شەفاعەت منشیان لە توتۆمبێلی ئەمبولانس داگرت.

من چاوەڕوانی هادی و نەسڕوڵا بووم، کاتێك ڕێکخەر هاتن و منیان لە توتۆمبێلی ئەمبولانس هێنایە خوارەوە، توتۆمبێلەکە نەخۆشخانەکەی جێهێشت، ئێمەیان بردە شوێنی پشکنین و نەشتەرگەری، ڕووبەرەکەی نزیکەی سی مەتر چوار گۆشە دەبوو.

دوو ڕکائەت نوێژم بۆ خوا کرد، وەك سوپاسگوزاری بۆ خوا، کە ئێمەی ڕزگارکرد لە گرتووخانەی ڕەشید؛ لەم نەخۆشخانەدا بینایەك کە وەك کۆگا بەکار دەهات، بەتاڵکراو کرایە شوێنی تایبەت بە بریندارە ئێرانیەکان، دیواری دەوروبەر زیاتر لە دوو مەتر بەرزە، لەسەری تەلی دڕکاوی دانراون کە بەشەوی لولپێچ درێژ بووەتەوە.

ڕووبەری ئەم بەشە دەگاتە نزیکەی دوو هەزار مەتر چوار گۆشە، دوو شوێنی پشکنینی جیاواز هەن، سەرباری ژوورێك لەلای دەروازەی دەرچوون، ژوورێکی تری پشکنین هەیە بریندارى عێڕاقی تێدان.

---

(١) نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی، لە ژێر سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی تەندروستی گشتییە سەر بە هێزە وشکانیەکانە، هەموو پزیشك و برینپێچەکانی سەربازین، گرتوخانەیەکی نهێنی هەیە لە گۆشەیەکی ئەم نەخۆشخانەیەدا، دیلە ئێرانیە بریندارەکان لە خراپترین بارودۆخودا ملکەچی چارەسەر دەکرێنەوە دوور لە چاوەکانی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی.

کاتێك ڕۆیشتمە ژووری پشکنینەکە، سێ بریندار ئێرانیم بینی، ژمارەمان بووە نۆ کەس، ئێوارەی دوێنێ هیناویانن، یەکێك پێکراوبوو بەهۆی گازی کیمیایی و کێشەی زۆر هەبوو لە هەناسەداندا، هەر کە دەمی دەکردەوە بۆ قسەکردن ئەوا دووچاری شەپۆلێکی کۆکە دەبووەوە، بۆیە خۆمان دووردەگرت لە قسەکردن لەگەڵیدا، وامان پێ باشتر بوو تەنها گوێگر بێ، ساچمەیەك زگی ئەوی دڕاندبوو، ئاوسانی ناوەکی هەبوو، زۆر لاواز بوو، خەڵکی باکوری کوردستان بوو، پێم وابێ هی شاری سەردەشت بوو.

برینداری‌ەکە خەڵکی مەشهەد بوو، لە نیوەی سیەکانی تەمەن بوو، ساچمەیەك بەر شان و لای چەپی ملی کەوتبوو، هەندێك بڕ بڕەی ملی زیانیان پێگەیشتووە، ناتوانێ سەری بسوڕێنێ، لە نیوەی شەودا وڕێنەی دەکرد، هەندێك لە وڕێنەکانی لەم شەوەدا لەبیر ناکرێن: ((بۆ پێشەوە من لە دواوەتان دێم! جانتاکەم لە کوێیە؟ بۆ پێشەوەی ئەی سەربازانی حوسێن! بەرەو کەربەلا))، تای گەرمی لێبوو، هادی پارچە قوماشێکی تەڕی دەخستە سەر سەری تا گەرمی تایەکەی نەمێنێ، بەڵام بێ کەڵك بوو، هادی سەرەتا داوای یارمەتی لە پاسەوانەکان کرد بەڵام گوێیان پێ نەدەدا.

بریندارەکەی تر ناوی ئەحمەد شەریفی[1] بوو، خەڵکی شاری نەجەف ئاباد بوو، نزیکەی سێ ساڵ لەم مەزنتر بوو، تا بەرەبەیان دەیناڵاند، فیشەکێك میزڵدانەکەی دڕاند بوو، لەو ماوەیەدا نەیدەتوانی بڕوات لە شوێنی پشکنینەکەدا، هەندێك لە هاوەڵانی یارمەتیان دەدا بۆ ڕۆیشتن بۆ دەستشۆر.

سەتڵێکی پلاستیکیان پێدا بۆ ئەوەی دەست بەئاو بگەیەنێ، بەڵام هاوڕێیانی سەتڵەکەیان هەڵگرت بۆ ئاو خواردنەوە، ئەحمەد دەیناڵاند بە دەست میزاڵدانەکەی، بە خەوتوویی نوێژی دەکرد.

---

(١) هیچ شتێی لەبارەوە نازانم.

نەسرولا[١] غولامی خەڵکی شاری بوشهەر، ئەندامێکی فەوجی (فەجر) بووە، لە لیوای مەهدی، بەدیلگیراو لە دوورگەی مەجنونی باشور، گوللەیەکی تفەنگی گرینۆف پێکەوتبوو لە زگ و پشت و دەستی چەپی، هەواڵدەر بوو لە سەرکردایەتی فەوجدا.

سەید محەمەد شەفاعەت منش[٢] خەڵکی پارێزگای کهکیلویە بوو، بە دیلگرا لە دوورگەی مەجنون، گوللەیەکی کالیبەر لە لاقی کەوتبوو، جەستە سوتابوو، بەهۆی تەقینەوەی تانك و دەبابەیەك بە چەند هەنگاوێك لە دووری ئەو.

ئیسماعیل سۆڵەتدار[٣] خەڵکی بویر ئەحمەد بوو، یەکێك بوو لە زیرەکترین هاوێرژەرانی ئارپیچی، لە قەڵاکانی خەندەق، لەو جەنگانەی دواییدا جوامێریەکی زۆر نواند، کە ئاشەکەی لە قەڵاکاندا دەگەڕا، ساچمەیەك بەر سەری کەوت، زیانی گەیاندە کەللەی سەری و دەمارەکانی، بۆیە دەستێکی دووچاری لەرزین بووەوە.

خودا خواست پزیشك[٤] خەڵکی شاری بویر ئەحمەدە، لە سینگ و دەستیدا بریندارە.

قاسم فەقیە[٥] خەڵکی (خورموج)ە لە شاری بوشهەرە، جەستەی باریکە و ئێسقانی دەرکەوتوون، ساچمەیەك لە ئەژنۆ و چاوی کەوتووە، جەنگاوەر بوو لە کەتیبەی ئەبو فەزڵی عەبباس لە کەشتیگەلی میری بڕواداران، قەناس بەدەست بوو، بەعسیەکان دەستەکانی ئەویان بەستەوە سێ شەو و ڕۆژ فرێیاندایە نێو قەدەکانی قامیش، دواتر سەربازێکی باشی عێراقی هەڵسا ڕزگاری کرد.

---

(١) ئێستا کارمەندە لە بانکی (بەنکی نیشتمانی) لقی تنگستان.

(٢) لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە ئاماژەی پێدراوە.

(٣) پاسدارێکی خانەنشینە، لە شاری بویر ئەحمەد دەژیت.

(٤) لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە ئاماژەی پێدراوە.

(٥) ئێستا ئەمینداری کۆگایە لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە (خورموج) لە بوشهەر.

هادی گنجی[1] له دایکبووی خرمشهره، خەڵکی ئیلامە و لە ماهشهر پێگەیشتووە، لە قاچی ڕاستی پێکراوە، ئەندانی فەوجی ئیمامی حوسێنە سڵاوی خوای لێبێ، لە لیوای ئیمامی موسایکازم سڵاوی خوای لێبێ، لە ماهشهر ئەو تاکە کەسە بەدیل گیراوە، لە کۆی فەوجەکان، سەرباری ئەوەی بریندار بوو، بەڵام چاودێری منی دەکرد و هەندێك لە کارەکانمی بۆ دەکردم، تەنها ئەو دەیتوانی بڕوات، دوودڵ نەبوو لە یارمەتیدانمان هەر کاتێك پێویست بوبایە.

لە هۆڵەکەدا بە شەکەتی خۆمان ڕاکشاند، چیتر نەدەترسام لە پێ لەقەکانی ئێرانی و عێراقییەکان.

سێ قەڵوێرە لەم هۆڵەن، بڕیار درا ئەم هۆڵە تەنها بۆ ئەو دیلانە بێ کە برینکانیان مەترسیدارە؛ ئەو چەرچەفانەی سەر ئەم قەڵوێرانە پیسبووینە بە خوێن و کێم و زوخاو، ئەمە میراتە لەوانەی پێش خۆمانەوە.

هادی هەر چەندە بریندار بوو ئەوان بە ڕۆڵی برینپچێی هەڵسا، کە شەو بەبێداری لە پاڵ نەخۆشەکاندا بەڕێ دەکرد، پێم وانییە ئەو شەوە و تەنانەت شەوەکانی تریش خەوتبێ، تەنها کەمێك نەبێ، ئێش منی بێ بەش دەکرد لە خەوتن، هادی نەدەنوست بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات.

ئەو پزیشکەی بەرپرسە لە چارەسەرکردنی بریندارە ئێرانیەکان ناوی عەزیز ناسر بوو، جەستەی باریك، باڵای مام ناوەند، دەنگ بەرز بوو، ڕەنگی پرچی بە ڕەنگی خەنە دەچوو، بەرپرسێکی ئەمنی هەبوو سەرەدانی هۆڵەکەی دەکرد، لە هەر سێ چوار ڕۆژ جارێکدا، ناوی سەعدون فەیاز بوو، بەعسییەکی ئالودە بوو بە جنێودان بە خومەینی،

---

(١) ئێستا لە ئیلام دەژیەت و کاری ئازاد دەکات.

کەمترین سزا کە بەسەر دیلەکانی دەسەپاند گێڕانەوەیان بوو بۆ گرتووخانە پێش ئەوەی چارەسەر تەواو ببێ.

ڕۆژێك بە مشتومڕ هات لەگەڵ بریندااران لە هۆڵەکەدا، کە لە پاڵ ئێمە، وەك نەریتی خۆی جنێوی بە ئیمامی خومەینی دا، سەربازێکی دیلی لەشکری ئێرانی هەڵساوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئەفسەرە و بەرگری کردن لە ئیمام، زۆر بەجۆش و خرۆشی بەرگری لێکرد، گەنجێکی بە غیرەت بوو، ئەوەی مایەی داخ بوو نوێژی نەدەکرد، بەڵام بەڕاستی عاشقی ئیمام بوو زیاتر لە هەندێك نوێژکەران، جەستە بەهێز و ماسولکە ئەستور بوو، لە قسەکانیدا کاریگەری خەڵکی تارانی لەسەر بوو، لە تاکەکانی فیرقەی ٢١ حەمزە بوو، بووە دیلی دەستی بەعسییەکان لە ناوچەی دهلران یان موسیان، گوللەیەك بەر پشتی کەوتبوو، شانی پڕ هێما بوو، گوڵپێك و مار و وشەی عاشقانە و ڕستەی ((دایکە لە دڵمدای))، زۆر لە وتەکانی ئەوەی دووبارە دەکردەوە: شکۆمەندیت زیاد بێ، دەستەکانت هەر بمێنن! گەنجێکی باڵا بەرز، بە خەیاڵی هیچ کەسێك نەدەهات، کەسێك لە بارودۆخی ئەودا هەڵبستێتەوە بەڕووی ئەفسەری بەعسیدا و بەرگری لە ئیمام بکات بەم جۆش و خرۆشیە، زۆر بەهێز بوو، زۆربەی کات نیو ژەمی دەخوارد، نیوەی تری دابەش دەکرد بەسەر هاوەڵانی تریدا، بەشێکی نیمچە ڕۆژانەم هەبوو لە لەخۆربودەییەکەی، زۆر هەوڵمدا هانی بدەم لەسەر نوێژ کردن، بەڵام بێ بایەخ بوو، سەبارەت بەمن نمونەیەك بوو تەنها پێویستی بە نوێژ بوو، هەر بۆیە نامەوێ باسی نازناوەکەی بکەم.

بەرپرسە ئەمنیەکە ئەوی گێڕایەوە بۆ گرتووخانە، پێش ئەوەی چارەسەرەکەی تەواو بکرێ، کاتێك بردیان بە هاوەڵانی وت: لەوانەیە هاوشێوەتان نەبم، جیاواز بم لەگەڵتاندا، بەڵام ئیمامی خۆم خۆشدەوێ و پێم وایە ئەرکە بەرگری لێ بکەم، لەبەردەم ئەم بەعسیانەدا، چی دەبێ با ببێ!

ڕەنگێکی بەرزتر لە ڕەش نییە[1]، گوێ نادەم بەوەی هەر چیەك بکەن.

- چوار شەمە ١٢ تەموزی ١٩٨٨ — بەغداد نەخۆشخانەی ڕەشید

لە بەیانی زوو دەرگای هۆڵەکەی کرایەوە، ئەفسەری ئاسایش و ئەمنی بەرپرس لەم هۆڵە سەعدون فەیاز لەگەڵ پزیشك عەزیز ناسڕ هات.

بریندارە مەشهەدیەکە، دووچاری شلەقاننی مێشك بووەوە، بەهۆی کاریگەری تەقینەوە، لەلای دەرگای هاتنە ژوورەوە فڕێدرا بوو، شەوی ڕابردوو دەیناڵاند و وڕێنەی دەکرد.

سەعدون فەیاز لەلای دەرگا وەستا بوو و سەیری ڕووخساری هەمووانی دەکرد، پرسیاری لە عەزیز ناسڕ دەکرد لەبارەی بارودۆخی ئێمە.

ڕووی بریندارە مەشهەدیەکە لە نزیك پۆستاڵی سەعدون فەیاز بوو، دەستی درێژ کرد و پۆستاڵەکەی گرت و لەسەر پۆستاڵەکەی دەدا بە هێمنی و زۆر ڕوون بوو نەیدەزانی چی دەکات.

ئەفسەرە بەعسییەکە توڕە بوو و پێ لەقەیەکی لێدا بە تووندی، لە ڕووخسار و سەری، دیمەنێکی ئازار بەخش بوو، گرگانی توڕەیی لە ناخی هاوەڵانیدا تەقاندەوە، هادی گنجی هاواری کرد: ئەوە لەرزی گرتووە، نازانێ چی دەکات!

بەڵام سەعدون ئەم بوونەوەرە دڕندەیە گوێ ناداتە ئەم وشانە، بەڵکو لە ماناکەی تێناگات، پاسەوانان دەریانهێنا لە هۆڵەکە، دوای نزیکەی نیو کاتژمێر پاسەوانێ بە ناوی تۆفیق ئەحمەد هات، لە چاوەکانیدا دۆخێکی هاوسۆزیم بینی، لە پشت پەنجەرەوە ئاماژەی پێکردین بۆ ئەوەی هەواڵی شەهیدبوونیمان پێ بدات.

---

(١) چی ئێوەی هێناوەتە بەرەی شەڕ؟ دە ئێستا بخۆن و بخۆنەوە!.

سەید محەمەد شەفاعەت منش قسەی لەگەڵ پاسەوانەکە کرد بە دوو دێڕە شیعر:

في مذبح الحب سوى المحسن لا يقتل

وذوى الصفات القبيحة لا يتقل

فاذا كنت عاشق صادق فلا تخف الموت

إنما الميت حقا لا من يقتل

واتە: لە کوشتارگەی خۆشەویستیدا تەنها چاکەکار دەکوژرێ، خاوەن سیفەتە ناشرینەکان ناکوژرێ، ئەگەر عاشق ڕاستگۆی بیت ئەوا لە مردن ناترسێ، مردوو بەڕاستی ئەوەیە کە ناکوژرێ.

ئەمرۆ بەبێ چارەسەر تێپەڕی، نانی بەیانیمان شلەی نیسك بوو! هەر کە خواردمان ئەوا ئێمەیان بردە دەرەوەی هۆڵەکە، کە هەواکەی پڕ ببوو لە بۆنی ناخۆش و ئەو بەشە مردووانەی جەستەی کەوتوو لەوێ، کاتێك عەزیز ناسرِ پزیشك هاتە ژوورەوە و ژمارەیەك لە برینپێچی لەگەڵ دابوو کە لوتیان پێچابوو، سیمای قێز لێبوونەوە و بێز لێبوونەوەی پێوە دیار بوو.

پزیشکەکە فەرمانی کرد بەوەی جەستەمان بە ئاو بشورێ، ئێمەیان بردە لای شێرەیەکی ئاوی نزیك توتۆمبێلەکان، توتۆمبێل عەزیز ناسری پزیشك کە تیۆتای ڕەنگ سوور بوو، لە نزیك شێرەکە بوو، جلەکانیان لەبەر کردم و لێیان پاڕامەوە پارچە نایلۆنێك بهێنن بۆ ئەوەی لەسەر برینەکان دابنێم، بەڵام گوێی پێ نەدا و ئاو بەسەردا دەکردم وەك چۆن حەدیقەی دەڕشاند، هادی گنجی و ئیسماعیل سۆڵەتدار ڕەخنەیان لەم جۆرە ڕەفتارە گرت، پاسەوانەکە وتی من برینەکان پاك دەکەمەوە، بە سەرسامیەوە وتم: بە ئاو؟!

بینیم خوێن و زوخاو لە برینی قاچم دێتە دەرەوە.

هەموو برینپێچەکان سەربازی بوون، هیچ شوێنەوارێکی برینپێچایەتیان پێوە دیار نییە، پابەند نەبوون بە هیچ بنچینەیەکی چارەسەر.

قاچی ڕاستم بۆ چارەسەر نەدەگونجا، پێویست بوو ببڕدرێ؛ ڕانی ڕاستم ساچمەیەکی بەرکەوتووە و دەوروبەری برینەکە بە قوڵی یەك سانتیمەتر هەڵاوسانی کردووە، هەروەك پێویستە بەشە مردووەکانی گۆشتەکە ببڕدرێن؛ بۆنێکی ناخۆش لە برینەکانم دەهاتن، برینپێچەکان بێ ماددەی بێ هۆشکەر و سڕکەری دەبڕی، ئەمە یەکەم جار بوو ماددەی سفلینی پاککەرەوە ببینم!

- پێنج شەمە ١٤ تەممووزی ١٩٨٨ — بەغداد — نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمە سێیەم ڕۆژی گەیشتنمانە بۆ نەخۆشخانە، هادی ئێمەی وشیار کردۆتەوە و هەستاندۆتەوە لە خەو بۆ نوێژی بەیانی، بەرەو لای دیلێکی بریندار چوو، شەوی ڕابردوو گەیشتبوو، ویستی بانگی بکات بۆ نوێژ، دەبینێ بە یەکجاری خەوتووە و مردووە، دوو پاسەوان هاتنە ژوورەوە و جەستەکەیان برد بۆ کوێ؟ تەنها خوا دەزانێ! دواتر تۆفیق ئەحمەد پێی وتم، مردووان دەگوازنەوە بۆ گۆڕستانێکی کۆن لە دەوروبەری بەغداد، لەوێ پارچە زەویەك تایبەت کراوە بۆ دیلە ئێرانیەکان.

کاتێك بردیانپۆستاڵەکانی مانەوە، قەیتانەکەم لە پۆستاڵێك دەرهێنا و ڕۆژمێرێکی داوەبەنم بۆ خۆ دروست کرد[1]، ڕۆژمێرێکی سادە بۆ ژماردنی ڕۆژەکانی هەفتە و مانگەکانیساڵ، بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەم ڕۆژمێر لەگەڵمدا بوو.

---

(١) ڕۆژمێرەکەم لە ماوەی دیلایەتیدا لە قەیتانی دیلێکی بریندار دروستم کرد بوو، کە ئەمڕۆ لە نەخۆشخانەدا شەهید بوو، ئەمە داهێنان و پێویست بوو، لە میانەی گرێدانی ئەم قەیتانە توانیم ڕۆژەکان بژمێرم، نیوەی یەکێکیانم بڕی بۆ ئەوەی تەرخانی بکەم بۆ ڕۆژانی هەفتە، لە کاتێکدا قەیتانەکەی ترم

له ڕۆژی پێشوودا کاتێك ئاویان به برینەکانمادا کرد لەگەڵ بەشە پێکراوەکە، بارودۆخمان خراپ بوو، بەتایبەت قاچم، پێویست بوو به خێراترین کات ببڕدرێ، یەکێك له برینپێچەکان پێی وتم، ئەمڕۆ نەشتەرگەری بڕینی قاچەکەت ئەنجامی دەدەن!

من ساتەکانم دەژمارد بۆ ئەم هەواڵە خۆشە، ئاخ ئێش چی له ناخی مرۆڤدا دەکات، وایلێهات نەشتەرگەری قاچ بڕین بووە خەونێکی خۆش به دەروونمدا دەهات، لەوەتەی کەوتوومەتە نێو دیلبوونەوە بە ئەندازەی ئەم ڕۆژە دڵخۆش نەبوومە!!

ئەمڕۆ دڵخۆشم، سات به سات کات و خولەکی کاتی بڕینەکە دەژمێرم؛ خۆشحاڵم چونکە ڕزگارم دەبێ لەو قاچەی هاودەمم بووە لەوەتەی چاوەکانم بە ڕووی ژیاندا کردۆتەوە، ئەو قاچەی ڕۆیشتە نێو قەڵایی پڕۆسە جەنگیەکان و ئاوی قوڵی بڕی و قەدەکانی قامیش و زەلی بڕی له کەناری ئاو و شەتەکان و دوورگەکانی مەجنون و کێڵگەکانی مین و زەلکاوەکانی شەلمچە لە ڕێگەی خەندەکان له باشورەوە بۆ چیاکانی کوردستان، کە داپۆشراون بە بەفری باکور.

---

تایبەت کرد بۆ ژماردنی مانگەکان، هەر گرێیەك ئاماژە بە ڕۆژێك دەکات، ئەم گرێیە بە ئاسانی دەکرێتەوە، گرێیەك بۆ ڕۆژی شەمە، دوان بۆ یەك شەمە و سیان بۆ دوو شەمە و چوار بۆ سێ شەمە و پێنجیان بۆ چوارشەمە و شەشیان بۆ پێنج شەمە، حەوتیان بۆ هەینی، بە هاتنی ڕۆژی هەینی هەموو گرێیەکان دەکردنەوە، هەمان شت سەبارەت بە هەفتەکانی تر بە هەمان شێوە، دەرباری ژماردنی مانگەکان، ئەوا هەر مانگێك گرێیەکی بۆ هەر، گرێیەکە لە مانی فروردین (مانگی یەکەم لە ڕۆژمێری ئێرانی) تا شهریور (مانگی شەشەم) هەر مانگێك لەم شەش مانگەی سەرەتا (سی و یەك ڕۆژن) سی و یەك گرێ دانراون، له مانگی مهر (حەوت) تا بهمن (مانگی یازدە) بۆ هەر یەکێك سی گرێ دانراون، مانگی ئسفند (دوازدە) بیست و نۆ گرێ دانراون، (ئیسفند وەك مانگی شوباتە لە ڕۆژمێری زاینیدا)هەر بۆیە بەهۆی ئەم ڕۆژمێر داهێنراوە دەمزانی لە چ ڕۆژ و مانگێکین، بەمەش بوومە پاشخان بۆ ئەم کارە و عەلی محەمەد کازم بابائی و عەلی ئەسغەر ئینتزاری نازناوی (سەید ناسر ڕۆژمێری دیلەکان) لێیاننام.

ئەو قاچەی هاودەمم بووە لە پرۆسە سەربازیە جیاوازەکاندا، ڕۆژانی شرین و تاڵم لەگەڵی بەسەر بردووە، هەردەم لەگەڵمدا بووە لە ڕۆژە سەختەکاندا، ئەو قاچەی هەردەم هەڕەشەی بڕینی لەسەر بووە، بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ هاودەمم بووە و دە ساچمەی پێکەوتووە لە بەرزاییەکانی (شاشوی) لە کوردستان و زستانی ساڵی ١٩٨٧ لە بەرزاییەکان (ئەلاغو) و (شاشو) و (گردرش) و (گامو) و (گوجار) و (قامیش) و (باغ سمر)، ئەم قاچە سەرمایەکی تا ١٥ پلەی سەدی ژێر سفری تاقی کردۆتەوە، ئەم قاچە لەگەڵمدا گەرمی و ساردی چەشتووە، بێ هیچ سکاڵایەك بەرگەی دەگرت، وەك هاوڕێیەکی وەفادار منی هەڵدەگرت لە پێچەکانی ڕێگەدا، ئەوەتا من ئەمڕۆ هیوای بڕین و ڕزگار بوون لێی دەخوازم! دان دەنێم بەوەی هاوڕێیەکی وەفادار نەبووم بۆی، من سات دوای سات دەژمێرم بۆ ڕزگار بوون لێی، لەو ئێشەی دوای بیست ڕۆژ بەرگەی دەگرم.

ئەم قاچەم کە ڕێگەی خۆی گرتووە بەرەو پاشماوەکانی نەخۆشخانەی ڕەشید، لە بەغدا هەندێك جار بیری دەکەم لە کاتژمێرەکانی تەنهاییدا لە پێناو یادکردنەوەی ئەو قاچەی مابوو تا چەند هەنگاوێك کە مابووەوە.

بەر لەوەی کاتی نیوەڕۆ بێ، منیان دانایە سەر گوێزەرەوە، منیان بردە دەرەوەی نەخۆشخانە و بە هاوڕێیانم وت: ئەمڕۆ جوانترین ڕۆژی ژیانمە، توانای ڕۆیشتن لێرە و لەوێ بەدەستدێنمەوە، ماڵئاوایی لە ئازارەکانم دەکەم، ئەگەرچی ئێش و ئازار پیاوان دروست دەکەن!

مامەوە لەلای دەرگای ژووری نەشتەرگەری چاوەڕێم دەکرد، بەعسییەکان چاویان بەستبووم تا هیچ شتێك لە ڕێگە و تونێلی نەخۆشخانەکەدا نەبینم، لەسەر گوێزرەوەکە ڕاکشا بووم، سەریان داپۆشیم، ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین بۆ چەند ساتێك لەلام دەوەستان و قسەیان لەگەڵ یاوەرەکەمدا دەکرد، هیوام دەخواست نەشتەرگەری قاچ بڕینەکەم لە نەخۆشخانەیەکی نیشتماندا ئەنجام دابایە، ئومێدم

**دەخواستە قاچە بڕاوەکەم لە خاکی نیشتماندا بنێژرابایە! یادەوەری ١٧١م شرین لە نەخۆشخانەی لوقمانی تاران هاتەوە خەیاڵم[1].**

---

(١) لە مانگی نیسان ئەپریلی ساڵی ١٩٨٧ لە بەرزاییەکانی شاشوی کوردستان، لە کاری چاندنی مین و ڕاوکەرە تەقێنەرەکان ڕۆچوو بووم، ساچمەیەك بە قاچم کەوت و گوێزرامەوە بۆ نەخۆشخانەی تەوحید لە شاری سنندج و لەوێ بۆ کرمانشان، لەوێشەوە بۆ تاران لەسەر پشتی فڕۆکەیەك لە فڕۆکەکان، لە فڕۆکەخانەی ئاباد گوێزرامەوە بۆ نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیم، ڕۆژێك لە هۆڵەکە ڕۆیشتمە دەرەوە بۆ نێو باخچەی نەخۆشخانە بۆ هەڵمژینی هەوا، پێم وابێ ڕۆژی حەوت یان هەشتەم بوو، کاتێك ڕۆیشتم نەمتوانی، من لەسەر کورسیەکی جوڵاو بووم، عەقیدێکی پۆلیس یارمەتی دام، لە ڕێگایدا بوو بۆ دەرەوەی نەخۆشخانە، منی بردە ژوورەوە وکاتێك ماڵئاوایی لێکردم وتی: من عەقید دبیریم لە پۆلیسی تارات، ئەگەر پێویستت بە شتێك بوو ئەوا من لە خزمەتتدام، سودم لە هەلی وەرگرت و وتم: چاکەیەکی مەزنە ئەگەر پەیوەندی بە خزمانمەوە بکەی، عەقیدەکە وتی: ئەم مافێکە لە ئەستۆی هەمووماندا، ئەگەر قوربانیدانی ئێوە نەبێ سەدامی ستەمکار وڵاتەکەمانی داگیر دەکرد، ئێستا پێم بڵێ دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

وتم: یەك هەفتە تێپەڕی من لە نەخۆشخانەم و خزمە نزیکەکانم نازانن من بریندارم و لە نەخۆشخانەم، ئەگەر هەواڵ بە خاڵم بگەیەنی ئەوا زۆر سوپاسگوزارت دەبم.

عەقیدەکە پێنوس و تێنوس (پەڕ)ێکی دەرهێنا و ناونیشانەکەی نووسی: شەقامی ئوکتوبان، گەڕەکی ژمارە شەش، محەمەد عەلی جهاندیدە.

عەقیدەکە وتی: ئەمڕۆ دەڕۆم و ئاگاداری دەکەمەوە، عەقیدەکە بەڵێنی خۆی بەجێگەیاند، ڕۆیشتە ماڵە خاڵم و پێی وت: کوڕی خوشکت لە کوردستان بریندار بووە، ئێستا لە نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیمە، هەر کە ئێوارە هات سێ خاڵەکانم هاتنە نەخۆشخانە و خانمە ڕەفعەت رخشا بەرپرسی هۆڵەکە لە نەخۆشخانەکەیان لەگەڵدا بوو، ئەمە تا ئاستێك سەرسامکەر بوو، خانمە ڕەفعەت لە نەخۆشخانە دەچێتە دەرەوە و سبەی بەیانی دێت، کاتێك لە تەنیشت خاڵ بەهزادەوە بینیم، کە خەریکە پێیەوە بلکێت هەستم بە شۆك کرد، لە ناخمدا وتم: چۆن خاڵم لە تەنیشت ئەم ئافرەتەوە دەوەستێت، کە نا مەحرەمە، خاڵم کە سیمای شۆکبوونی بە ڕووخسارمەوە بینی وتی: ئەی ئەمیر خانمە ڕەفعەت هاوژینی خاڵتە، چۆن بەم هەموو ماوەیە نەتناسیوە؟ وتم: تا ئەو ساتەش بڕوام نەدەکرد و بەلامەوە سەخت بوو بڕوای بکەم! نەمزانیوە، هەستم بە دڵخۆشی کرد. بەدرێژایی ئەم ڕۆژانە هەستم بە تەنهایی کرد، کاتێك ئێوارە دێت سەردانکەرانی هەر نەخۆشێك دێنە لای نەخۆشەکانیان، هەر بریندارێك لە هۆڵەکەدا کەسانیان سەردانیان دەکەن، جگە لە من نەبێ کە هەستیان بە خەمباری دەکرد بۆ من، قەڵوێرەی من دەبینن کەسی لا نییە، هەر بۆیە قسەم لەگەڵدا دەکەن و دڵم دەدەنەوە و کاتێك دەڕۆن ئەوا مێزی تەنیشتم قەرەباڵغ دەبێ لە شەربەت و شرینەمەنی، لەوانەیە لە هی هاوڕێکانم زیاتر بووبێ، خاتوو ڕەفعەت رەخشا هاوسۆزی خۆی بۆ

یادەوەریە جوانەکان هاتنەوە یادم و لە مێشکمدا وێنەیان گرت، بەرامبەر ئەو تاوانانەی بەعسییەکان ئەنجامیاندا لە جەنگی ستەمکاران، بەخۆم وت لێیان بگەڕێ جەستەکانمان با پارچە پارچە بکەن، لاشەکانمان بنێژن لە خاکی خۆیاندا، بەس با پارچەیەك لە خاك و وڵاتمان دانەبڕن!

ڕۆیشتمە ژووری نەشتەرگەری، بەر لەوەی دەرزی بێ هۆشکردنم لێبدرێ، ئێسکی قاچی پەککەوتویان دەرهێنام بە مقەس، لێوەکانی خۆم دەگەست بەهۆی ئازاری زۆرەوە، نامەوێ وەك زارۆك لەبەردەمیاندا هاوار بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا داڕوخام، نازانم بۆچی ئەمەیان لە دوای بێ هۆشکردن نەکرد؟ پێشبینیم نەدەکرد ئەم پزیشکە نەشتەرگەرە هەمان هەڵسوکەوتی ئەمیری پزیشك لە نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیمم لەگەڵدا بکات.

---

دەردەبڕیم و پرسیاری دەکرد: ئایا خێزانەکەت ئاگادار نین بە بریندار بوونت، بە خەیاڵمدا نەهات هەرگیز ئەمە خێزانی خاڵم بێ، وەڵامم دەدایەوە: خانەوادەم نازانن، خاتوو ڕەفعەت ئەو ناوەمی نەدەزانی کە لە گەڕەکەکەی من پێیان بانگ دەکردم کە (ئەمیر)ە، خاڵەکانم لە لیست و ڕەگەزنامەدا بەناوی من بانگیان نەدەکرد.

ڕۆژی دووەم دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری، خێزان و هاوژینی خاڵم وەك دایکێك چاودێری دەکردم. دکتۆر ئەمیری حەوت ساچمەیەی لە قاچم هێنایە دەرەوە، کاتێك خەریك بوو چاك دەبوومەوە، هاوژینی خاڵم منی برد بۆ ماڵەوە و سوربوو لەسەر ئەوەی لە تاران بمهێڵێتەوە و بگەڕێمەوە بۆ خوێندن و لەگەڵیاندا بژیم و نەگەڕێمەوە بۆ بەرەی جەنگ جارێکی تر، کاتێك دارگۆچانەکەم فڕێدا، بە مکوڕ بوونی من بلیتێکی بۆ بڕیم بۆ شیراز، مەرجی بۆ دانام بگەڕێمەوە بۆ شارەکەم (باشت) و دەست بەخوێندن بکەمەوە، ویستی لەگەڵم بێت بۆ گەراجی خۆرئاوا، بەڵام ئەمەم ڕەت دەکردەوە؛ بەڵام من سور بووم لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەی گەشتەکەم بۆ ئەهواز، هەر بۆیە لە وێستگەکە هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتمە گەراجی باشور بۆ ئەوەی سواری پەکەم پاس ببم بەرەو ئەهولز، لە ئەهوازیش گەڕامەوە بەرەی شەڕ لە کوردستان.

ئەمڕۆ من لە نەخۆشخانەی ڕەشیدم لە شاری بەغداد، یادەوەریەکانی نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیم لە تاران و سۆزی خێزانی خاڵمم دەهاتەوە یادد، هەستم بە حەز و خولیا کرد بۆ هەموو خۆشەویستانم، کاتێك ویستیان قاچم ببڕن حەزم دەکرد لە نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیم بوبام لە ژێر دەستی نەشتەرگەرانی نیشتمانە خۆشەویستەکەم.

پزیشکە عێراقیەکە ڕووخساری ئەسمەر بوو، جەستەی لاواز بوو، پێم وابێ شەست ساڵی تێپەڕاند بوو، ئەو پزیشکەی لەگەڵیدا بوو گەنجێك بوو لە تەمەنی سەرەتای چل ساڵیدا بوو، خاوەن تەندروستی و چالاك و جەستەیەکی وەرزشی بوو، پزیشکە گەنجەکە بڕینەکەی ئەنجامدا، سەردانی کردم و غەزیز ناسری پزیشکی لەگەڵدا بوو، کاتێك کە گێڕایانمەوە بۆ هۆڵەکە، پزیشکە گەنجەکە پێی وتم: قاچەکەم سێیەم قاچە کە دەیبڕێ.

ڕۆیشتە لای محەمەد کازم بابائی کە خەڵکی یەزد بوو، لاقی ئەویشی بڕی بوو، محەمەد کازم پێی وتم: لاقی ئەو پێویستی بە بڕین نییە، بەڵکو دەکرێ بە پلاتین ببەسترێتەوە.

زۆر بە ڕوونی بۆمان دەرکەوت پزیشکە گەنجەکە، بە خولی جێبەجێکردندا تێدەپەڕێت، ئەوەی لە کۆلیژی پزیشکی بە تیۆری خوێندوویەتی جێبەجێ دەکات، مەشق دەکات بە بڕینی دەست وقاچی دیلە ئێرانیەکان، ئا ئەوەتا بە خۆی پێمان دەڵێت.

بەر لەوەی دەرزی بێ هۆشیم لێبدرێ، پزیشکە بە تەمەنەکە ڕێنمایی پزیشکە گەنجەکەی دەکرد، سەبارەت بەوەی پێویستە چی بکات، کاتێك لە دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەی بەهۆش خۆم هاتمەوە، خۆم لەسەر قەڵوێرەیەك بینیەوە، ساتی خۆش دایدەگرتم، قاچی بڕاوی خۆم دەجولێنم، بێ هیچ ئازارێك، لە دەست ئازار حەساومەتەوە و دەخەوم لە خەوێکی ئارامی وەك مردوان، ئەمڕۆ جوانترین ڕۆژی تەمەنمە!

- هەینی ١٥ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

شەوی ڕابردوو بەهۆی زۆری ئێش و ئازاراوە نەخەوتووم، پاسەوانی هۆڵەکە بەردەوام سەری لە پشت پەنجەرەکەوە هەڵدەهێنا و پێی دەوتم: بێ دەنگبە قەشمەر،

ڕۆژی یەکەمی دیلبوونم دەمنااڵند بەدەست سەختی هەرس کردن و تەنانەت میزکردن، دەستم بە بەکارهێنانی سۆندەی پلاستیك کرد بۆ دەرهێنانی میز و پاشەڕۆ.

لەو شەوەدا هادی گنجی مشتومڕی کرد لەگەڵ پاسەوانە بێدارەکانی هۆڵەکە، داوای لێکرد دەرزیەکی هێور کەرەوەم لێبدات، بەڵام بە ڕێژنەیەك وشەی ناشیاو و جنێو وەڵامی درایەوە، بەڵام هادی گنجی خراپیەکانی ئەوانی بە ئارامگری وەڵام دەدایەوە.

هاوڕێیانم بایەخیان پێدەدام، یەك شوشە شیر بەشی ئێمە بوو، بۆ شەش کەس لە دە ڕۆژەکانی سەرەتادا، کاتێك کە شیریان پێدەداین، هادی گنجی و ئیسماعیل سولەتدار وازیان لە بەشی خۆیان دەهێنا، ئەمە نەریتیان بوو لەگەڵ هەر بریندارێکی تر، کە بریار دەدرا نەشتەرگەری بۆ بکرێ.

کاتێك سوپاسیانم دەکرد لەسەر ئەمە هادی دەیوت: پێویستە ئەمە بکەین و لە تواناشماندایە بیکەین.

من هۆگری ئەوان ببوم و ئاسودە بووم بە بوونیان، هادی پێی وتم: مژدەت لێبێ سەید قاچت ڕۆیشتووەتە نێو بەهەشت، پێویستە کاری وا بکەیت کە تۆش شایستە بکات بۆ ئەوەی پێی بگەی! تەنانەت گاڵتەکەی پەند و ئامۆژگاری بوو، دەستی بە گاڵتەکەی کردەوە و وتی: سەید! تۆ دوو گۆڕت هەیە، گۆڕێك بۆ پێیەکەت و گۆڕێك بۆ خۆت، کاتێك سەرەمەرگت دێت و دەخرێیتە ناو گۆڕ، لە ڕۆژی دوایی کەس نازانێ لەگەڵ قاچت دەچیتە بەهەشت یان قاچەکەت دێتە لای تۆ لە دۆزەخ!

وشەکانی ئەو و هاوڕێیانم شتی وایان تێدابوو پاڵیان پێوەدەنام بۆ بیرکردنەوە و ڕامان لە هەڵسوکەوتم و چاودێری کردنی ناخم.

بیرم له وتەکانی هادی دەکردەوە و له ناخی خۆمدا دەموت، ئەگەر ڕێگەی خوا بگرم، ئەوا بەرەو لای قاچم دەڕۆم و پێی دەگەم، ئەگەر وا نەکەم پێی ناگەم!

له بەیانی زوودا عەزیز ناسری پزیشك لەگەڵ برینپێچەکانی دەرکەوتن و پێیان وتم: ئایا خەمباریت له پێناو قاچت؟!

پێم وت: مرۆڤ خەمبار دەبێ بۆ تاشینی نینۆکەکانی؟!

هاوڕێیانم پێکەنین، زۆربەی برینپێچەکان به شێوازی ڕق و کینەدار هەڵسوکەوتیان دەکرد، من تێبینی ئەمەم دەکرد له شێوازی کردنەوەی پێچەرەکان و داماڵینی ئەوەی لکاوە به برینەکانەوە، به توندی و زبری ئەمەیان دەکرد، که ئێش و ئازاری دەتەقاندەوە له ناخی برینداراندا؛ پێویست بوو کەمێك مادەی بێتارینی پێدا بکەن بۆ ئاسانی کردنەوەی پێچەرەکان، بەڵام ئەمەیان نەدەکرد، نەیاندەهێشت بەخۆشمان ئەمە بکەین.

یەکێك له خەڵکی تکریتی شوێنی له دایکبوونی سەدام بوو، ناوی خالید بوو، برین پێچەکانی نەدەکردەوە، هەڵدەستا به ئازاردانی برینەکان و به توندی پێچەرە لکاوەکانی لێدەکردەوە، که ئێش و ئازاری زۆری لێ دروست دەبوو، کاری ئەوان جۆرێك بوو له پیادەکردنی ئەشکەنجە، نەوەك چارەسەر.

قاسم فەیقە خالد وتی: مقەسەکانی ئێوە له فیشەکەکانتان به ئازارترن.

له ڕۆژانی سەرەتادا یەك سرنجیان بەکاردەهێنا له دەرزی لێدان، ئەمەش نارەزایی هەمووانی وروژاند، نەیانهێشت دەرزیەکە دابنرێ، کاتێك ئەم سوربونەی ئێمەیان بینی له هەڵوێستەکەماندا، داواکەمانیان جێبەجێ کرد و ئەمەیان دووبارە نەکردەوە.

ئێوارە ڕۆیشتینە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوای پاك، لە گۆڕەپانەکەدا دیلێکم ناسی ناوی لەتیف دەهقان بوو، لەتیف عەرەبی و خەڵکی حوزستان و شاری ماهشهر بوو، لە شاری فاو بەدیل گیرابوو، ڕوو سپی بوو، باڵا بەرز و ڕووخسار پڕ بوو، چاوە مەزنەکانی پڕ لە خۆشەویستی بوون، بووە وەرگێڕی عەزیز ناسری پزیشك و برینپێچەکانی نێو هۆڵەکە.

من دانیشتبووم لە ژێر بانی گەراجەکە، کاتێك لەتیف هات و لە تەنیشتم دانیشت، ئەوەندە ئاسودەمە لەگەڵی، وەك ئەوەی چەند ساڵێك بێ ئەوم ناسیبێ، دەستێکی لەسەر پشتی دام و وتی: من خزمەتکاری گشت سەیدانی نەوەی پێغەمبەرم!

لە میانەی ئەزمونەکانی لە دیلایەتیدا، لەتیف هەندێك لێهاتوویی پەیدا کرد بوو، پێگەیشتوو بوو و چارەسەرکەری کێشەکانمان بوو لە نەخۆشخانە و لە هەمان کاتدا توانی پەیوەندی چاك دروست بکات لەگەڵ عەزیز ناسڕی پزیشك و ژمارەیەك لە برینپێچەکان و ئامۆژگاری‌ئێمە دەکرد.

ئەمڕۆ پێی وتم:

- پێویست نییە مرۆڤ بڵێت کە چی کردووە؟ ئێستا ئەمە بەشێکە لە ڕابردوو، ئێمە ئێستا هەمووومان دیلین، متمانە بەم بەعسیانە مەکەن، تەنانەت ئەوانەش کە چاك ڕەفتارتان لەگەڵدا دەکەن و خەندەتان بۆ دەکەن، ئای چەند نواندن دەکەن لە ڕاکێشانی زانیاریەکاندا، چەندین شێواز و ڕێگەیان هەن و هەوڵی کردنەوەی دەرگا دەدەن، تەنانەت هەندێك جار جنێویش بە سەدام دەدەن بۆ ئەوەی متمانەی ئێوە بەدەست بخەن و بەڕووی ئەواندا بکرێنەوە، ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ ناسینی سەرکردەکان، پێویستە هیچ یەکێکمان زانیاری لەبارەی ئەوەیتر نەدات، کەچی

کردووە لەبەرەی شەڕدا و کار و چالاکیەکانی چی بوونە، ئەمە دوورمان دەخاتەوە لە زۆرێك لە کێشەکان.

من گوێم بۆ دەگرت و پەند و وانەم لێوەردەگرت، ئەوەی دەیوت خودی ڕاستی بوو، بۆیە بڕوام بە هەموو ئەو شتانە بوو کە پێی دەوتم.

لە نیوەی شەودا لەبەر زۆری تێنوێتی هەڵسامەوە، ڕێنمایەکان ئاو نەخواردنەوە بوو دوای نەشتەرگەری!

هەر بۆیە هاوەڵانم ئاویان پێ نەدام، هەمووان خەوتبوون، تەنانەت هادیش کە هەردەم لەم جۆرە کاتانەدا بێدار بوو، هەوڵمدا خۆم بگەیەنمە ئەو پەنجەرەیەی گۆزەی ئاوی لەسەرە، لەو ساتانەدا لەبیرم کردبوو قاچم بڕدراوە، قاچم دانایە سەر زەوی، دواتر هەوڵمدا پێی ڕاستم بجوڵێنم، بەمەش هاوارم لێ هەڵسا،بەبێ دەستی من، هەمووان ترسان و غانم حەسانی پاسەوان سەری هەڵدا لە پشت پەنجەرەکەوە.

هەر کە قاچە بڕاوەکانم گەیشتە زەوی، ئێش تەقیەوە و هەندێك داوە بەن پچڕان و خوێنم لەبەر ڕۆیشت!

هادی زوو هات و سەری خستمەسەر سینگی و منی گێڕایەوە سەر قەڵوێرەکە و پێی وتم: سەید! ئەگەر پێویستت بە شتێك بوو ئەوا من ئامادەم، بۆ ماوەیەك بەم جۆرە دەناڵێنێ بەم دۆخەوە، هەر کە لە خەو هەستایت لەبیرت چووە کە قاچت بڕدراوە.

- شەمە ١٦ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو، لە بەیانیدا قاچەکەمیان پێچایەوە و بەعسییەکان پێیان ڕاگەیاندین هێزەکانیان بەرەوپێش ڕۆیشتوون بەرەو باکوری خۆرهەڵاتی شاری میهرانی

سنووری، ناونیشانێکی پان لە ڕۆژنامەی قادسیەدا لە یادمدا مایەوە ((بۆ پێشەوە خوا لەگەڵتاندایە ئەی سەربازانی سەدام)).

دوو ڕێکخەر هاتنە لام و پارچە قوماشێکی سپیان دانایە سەر سەرم و منیان بردە دەرەوە و نازانم بۆ کوێم دەبەن؟

ئەوانەی بەلای مندا تێدەپەڕین دەیانزانی من دیلێکی ئێرانیم، جنێویان پێدەدام و یەکێکیان وتی: چۆنی گوێدرێژ!

بۆ ماوەی نیو کاتژمێر من لە ڕێڕەوێکی قەرەباڵغدا وەستا بووم، منیان بردە ژوورێکەوە، پارچە قوماشەکەیان لەسەر سەریان لادام، دواتر سڵاوی سەربازیان ئەنجامدا، و ڕۆیشتنە دەرەوە، دوو سەربازم لە بەرامبەر خۆمدا بینی لە پشت مێزێکەوە، یەکێکیان پیاوێکی تەمەن مام ناوەند بوو، پۆشاکێکی سەربازی سەوزی[1] نیو نیو قۆڵی لەبەر بوو، پرچی زۆر بوو، سمێڵی پڕ بوو و پلەی موقەدەم بوو، ئەوەیتر بە تەمەن مەزنتر دیار بوو، وا دەردەکەوت هیچ پلەیەکی سەربازی هەڵنەکرتبێ، وا دەردەکەوێ لە تەمەنی پەنجاکاندا بێ، جەستەی مەزن بوو، سیمای چاك دیار بوو، لە پشتیانەوە وێنەیەکی سەدام لەسەر دیوار بوو، کە لە گەنجێتیدا بوو لەگەڵ میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری حیزبی بەعس، لە خوار وێنەکە ئەو دروشمە ناسراوە هەبوو: حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی، یەك ئوممەتی عەرەبی خاوەن پەیامێکی نەمر، لە پاڵ لێکۆڵەراندا وەرگێڕێکی ئێرانی دانیشتبوو، پۆشاکێکی جوانی ڕەنگ ڕەساسی لەبەردا بوو، لە شێوەزارەکەی دەردەکەوت شیرازییە، پێم وابێ ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی بەکرێگیراو یان دووڕوو بوو.

---

(١) لە عێڕاقی بە زەیتونی ناسراوە و زۆربەی جاران ئەوانەی ئەمە لەبەر دەکەن بەعسی سەرکوتکەرن.

موقەدەمەکە لە شوێنەکەی هەڵسا و پەرداخەکەی پڕ ئاو کرد و پێشکەشی کردم و وتی: فەرموو ئاو بخۆوە!

- سوپاس من تێنوو نیم.

موقەدەمەکە جگەرەیەکی سۆمەری بە چەقماغەکەی پێکرد و وتی: ئەم جگەرەیە بگرە!

- سوپاس نایکێشم!
- مەیی دەخۆیەوە؟
- ئێمەی بەسیج مەیی ناخۆینەوە!

بۆ یەکەم جار بوو هەڵسوکەوتێکی چاکم لەگەڵدا بکرێ، موقەدەمەکە لە ڕێگەی وەرگێڕە ئێرانیەکە وتی:

- تۆ پەککەوتووی، قاچت لە دەستداوە، خەم دەخۆم بۆ ئەم چارەنووسەت، تۆ هێشتا تەمەن بچوکی، نازانم چۆن خومەینی مۆڵەت بە خۆی دەدات ئێوە بێنێت وپاڵبنێت بۆ ئەم جەنگە؟ چۆن منداڵان لە نێو باوان و دایکان دەردەهێنێ و دەیهاوێژێتە نێو ئاگری جەنگ؟
ئایا مایەی داخ نییە بەو تەمەنە بچوکەتەوە، ڕووبەڕووی ئەم چارەنووسەت ببیەوە؟

نازانم ئامانجی پاڵ ئەم وتەیە چییە؟ زانیم ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەیشتن بە شتێك، ئا لێرەدا لە خاڵێکی هەستیاریدا، ئەویش خەونی خۆشە کە بە خەیاڵی هەر دیل و کەسێکی نامۆ و گرتوودا دێت، موقەدەمەکە وتی:

- پێویستە ئەوەی لە هاوشێوەی بارودۆخی تۆدا بێ ئازاد بکرێ و بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی، ئەگەر تۆ ژیر بی ئەوا ئازادی خۆت بەدەستدێنی، لە دیلایەتی ڕزگارت دەبێ و دەگەڕێیتەوە نێو خێزانەکەت.

کاتێك بیستم باسی ئازادی و گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، لە ناخمەوە هەستم بە لەرزین دەکرد ئاخ ئازادی! ڕزگاربوون! نیشتمان!

- بەمەرجێك!
- ئەو مەرجە چییە؟

خەندیەکی قوڵی کرد و وتی:

- لە بەرامبەر چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، پەشیمانی خۆتی تێدا دەربخەی و بڵێی: بە زەبری هێز ئێمەیان هێنایە بەرەی جەنگ و هەڵسوکەوتی چاکمان لەگەڵدا کرا لەلایەن بەعسیەکانەوە، پاسەوانانی خومەینی دیلەکان لە هێڵەکانی پێشەوەدا دەکوژن.

شۆك گرتمی، لەگەڵ ئەوەی پێشبینیم دەکرد وشەی هاوشێوەی ئەمە ببیستم، لە ناخمدا وتم: بۆچی من.

نازانم بۆچی منیان لە نێو هەموو دیلەکاندا هەڵبژارد، هزری دژیەك لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون، سەرم دانەواند و بیرم دەکردەوە، پیاوە بە تەمەنەکە وتی:

- ئەمە هەلێکی زێڕینە، لێی مەگەڕێ لە دەستت بڕوات.

ئای لەم بەعسیانە، هەوڵ دەدەن بچنە نێو ناخەکان و لە ناوەوە تێکی بشکێنن، وەسوەسە و خوت خوتە دەکەن تەواو وەك شەیتانەکان، من دەمەوێ ئازادانە

بگەڕێمەوە و ئازادیەکەم بگێڕمەوە و بەڵام دەمەوێ بگەڕێمەوە نیشتمانەکەم بەسەر بەرزیەوە، ڕێز و شکۆی خۆم بپارێزم؟

موقەدەمەکە وتی:

- ژمارەیەك دیلی پەککەوتوو و نەخۆش لە یەك لایەنەوە ئازاد دەکرێن، فەرمان لەم بارەوە دەرچووە، فەرمانەکە دوای وەڵامدانەوەت بۆ مەرجەکە تۆش دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی خەریکە دابڕوخێم لەبەردەم خەونی ئازادی و گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بەڵام نەوەك بەهەر نرخێك، دووبارە کردنەوەی ئەم جۆرە درۆیانە، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بەعسییەکان لەگەڵ ئێمەدا، هەڵسوکەوتی هێزەکانمان لەگەڵ دیلەکانیان، دەربڕینی پەشیمانی و هێنانمان بۆ بەرەکانی جەنگ بە زەبری هێز! کارێکی ئەستەمە، ناکرێ ئەم گەوجایەتیە بکەم، ئەمە ناپاکییە!! بە موقدەمەکەم وت: ئایا پێویستە هەموو دیلەکان ئەمە بڵێن تا لە دیلایەتی ڕزگار بکرێن؟

موقەدەمەکە وتی:

- نا، تەنها ئەو دیلانەی لە تەمەنی تۆدان.

بۆ چەند ساتێك بێ دەنگ بوو، وتی:

- کارەکە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، تەنها بە دووبارە کردنەوەی ئەم وشانە دەگەڕێیتەوە نیشتمانەکەت.

لە میانەی قسەکردنیدا ڕوون بوو ئەوان دەیانویست دیلە پەککەوتووەکان بکەنە قۆچی قوربانی و پێیان وابوو دەتوانن تەمەن بچوکەکان بکەنە خۆراك خۆیان!! بەمەش دەتوانن بە یەك بەرد دوو چۆلەکە بپێکن؛ هەر بۆیە قسەیان لەگەڵ دیلە پەککەوتووەکانی تر بەم شێوەیە نەبوو.

وشەکانی ئەو بە دڵمەوە دەنوسان، ئایا دیلێك هەیە نەبێ لە جیهاندا ئازادی خۆشنەوێت؟ ئایا کەسێکی نامۆ لە دونیادا هەیە خەون نەبینێ بە گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەی، لەگەڵ ئەوەی متمانەم بەم بەعسیانە نەدەکرد، بەڵام وشەکانیان و بەڵێن و شێوازە شەیتانیەکانیان دەچووە نێو دڵمەوە وەك تیر، ئاخ من دەمەوێ بگەڕێمەوە بەڵام بە ڕێزەوە، ئازادیم دەوێ بەڵام نەوەك لەسەر بەرژەوەندی تێکدانی شکۆی وڵاتەکەم، تەنانەت شێواندنی ناوبانگی خۆم، ڕەزامەند بوونم لەسەر ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و درۆکردن، واتە خزمەتکردن بەم ڕژێمە بەعسییە.

بۆ ئەوەی قسەکانی بەڵگەدار بکات و متمانەی من بەدەست بخات وتی: تۆ لە چ پارێزگایەکی؟

- پارێزگای کهکیلویە و بویر ئەحمەد.

سەیری هەندێك پەڕی سەر مێزەکەی دەکرد، بە هەڵە ناوی پارێزگاکەی دەهێنا: کوکیلوبی ئەحمەد! لیستی ناوەکانی دەرهێنا و ناوی سێ کەسی خەڵکی پارێزگاکەمی خوێندەوە، وتی وابڕیارە ڕزگار بکرێن: ئەحمەد سەعیدی، سەلمان غولامی موقەدەم و عەبدولمەجید محەمەدی فەر، دوانیان دەناسم: ئەحمەد سەعیدی و سەلمان غولامی، لە دوورگەی مەجنون بەدیلگیران، ئەحمەد هاودەمی من بووە لە هێڵەکانی پێشەوە بۆ گرتووخانەی ڕەشید، بەڵام من عەبدولمەجیدی محەمەدی فەرم نەناسی.

موقەدەمەکە قسەکانی دەستپێکردەوە و وتی: فەرمانی ئەم سێیانە لەگەڵ تۆ دەرچووە[1]، ئێستا بڕیارەکە بۆ تۆ دەگەڕێتەوە.

---

(١) ئەحمەد سەعیدی و سەلمان غولامی موقەدەم، خەڵکی (سوق)ی سەر بە شاری کهکیلویەن، لە کۆتاییەکانی نیسانی ١٩٨٨ بەدیل کەوتنە دەستی هێزەکانی بەعسیدا، دوای حەوت مانگ ئازاد کران،

دەنگی شەیتان دەبیستم خوت خوتەم بۆ دەکات: سەید! چ زیانێك هەیە لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێك و کێ دەیخوێنێتەوە و دەیبینێ؟ وەڵامیان بدەوە و بە ئازادانە بگەڕێوە وڵاتەکەت، ئەم دوودڵیە بۆچی، بیر لە شێوە و ڕێگەی دروشمەکان مەکەرەوە، بەڵکو بەهای ناوبانگ چییە؟ ئەمە هەلێکە هەرگیز هاوشێوەکەی نارەخسێت.

بیرۆکەکان لە سەرمدا دەهاتن و دەڕۆیشتن، موقەدەمەکە دەقی چاوپێکەوتنەکەی دانایە بەردەمم بە قەبارەی (A4) و دەقەکە بە زمانی فارسی بوو، دەستم بە خوێندنەوە دەقەکە کرد بە وردی، سروشتی پرسیار و وەڵامەکان ڕوون بوو، لە کاتێکدا من ڕۆچووبووم لە خوێندنەوەی، موقەدەمەکە وتی، ئەگەر لە ئەنجامی ئەمە دەترسی، دەتوانی لێرە وەك پەنابەر بمێنیتەوە.

هەندێك پرسیار و وەڵام هێشتا لە یادمدا ماون:

پر: بۆچی هاتوویتە بەرەی جەنگ؟

و: ئایەتوڵا خومەینی فەتوای دەرکردووە بە پێویستی ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگ، بە مەرجی ڕەزامەندی باوان، هەر بۆیە ئێمەیان لە نێو کورسیەکانی خوێندن دەرهێناوە و ئێمەیان هێناوەتە بەرەی جەنگ.

پر: هەڵسوکەوتی هێزە عێراقییەکان لەگەڵتاندا چۆن بوو؟

---

عەبدولمەجیدی فەر لە ئازاری ساڵی ١٩٨٨ بەدیلگیرا و دوای هەشت مانگ ئازاد کرا لەگەڵ ئەحمەد سەعیدی و سەلمان غولامی موقەدەم، لە ناوچەی باشور بە دیلگیرا بوو.

وا بڕیار بوو من لەگەڵ ئەواندا ئازاد بکرێم، بەڵام ئەنجام نەدانی چاوپێکەوتنەکە و هەڵوێستە نەرێنیەکەم بووە هۆی سڕینەوەی ناوەکەم لەو لیستە، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەحمەد سەعیدی و عەبدولمەجید ئەنجام نەدا، چونکە ئەوان بچوك نەبوون و بە شیاویان نەبینی بوو لە بەرجەستەکردنی ئامانجە بانگەشەکارەکانیان.

و: چاكترین هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا كردین، ئاو و خواردنیان لە هێڵەكانی پێشەوەدا پێداین، بە ڕێزەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ هێڵەكانی دواوە، ئێستا لە نەخۆشخانەی ڕەشیدین و تەواوی چارەسەری وەردەگرین.

لەبارەی هەڵسوكەوتی پاسەوانانی خومەینی لەگەڵ دیلەكاندا، ئەوا لەوپەڕی توندیدابووە، پاسەوانانی خومەینی گوللەبارانیان دەكەن و دەیانكوژن لە هێڵەكانی پێشەوەدا.

پر: ئایا تۆ پەشیمانی لە هاتنت بۆ بەرەكانی شەڕ؟

و: من و هاوڕێنەكانی تەمەنم، هەرگیز بە ویستی خۆمانەوە نەهاتین، پاسەوانانی شۆڕش ئێمەیان هەڵخەڵەتاندووە و ئێمەیان بۆ بەرەكانی شەڕ هێناوە بە زەبری هێز، من پەشیمان و خەمبارم لەوەی هاتوومەتە بەرەی شەڕ و لەوەی بەسەرم هاتووە!

هەستم كرد شتێكی گران لەسەر دڵمە و بە توندی فشارم لەسەر دەكات، هەستی تورەیی لە ناخمدا دەتەقێتەوە، خوت خوتەكانی شەیتان ڕاو دەنێن، وزەیەكی ئەرێنی لە ڕۆحمدا دێت و دەچێت، لەوانەیە سەرچاوەكەی بڕوابوون بێ بە خوا و بەو بەڵێنەی بە ئارامگرانی داوە، هەر بۆیە بە ئارامی وتم: ئەوەی لەم دوو پەڕەدا هاتوون خوێندومەتەوە، ڕاستە تەمەنم شازدە ساڵە و پێم وایە وەك منداڵێكی بچوك سەیرم دەكەن، من بەسیجم نكۆڵی لەمە ناكەم، لە لێكۆڵینەوەدا باسی ئەوەم كردووە بە تەواوی ویستی خۆمانەوە هاتووین، هەرگیز زۆرلێكردن نییە، ئەوانەی لە تەمەنی مندان تەنها دوای ڕەزامەندی باوانیان هاتوون، و ناوەندەكانی خۆبەخشی لە مزگەوتەكاندا هیچ كەسێك تۆمار ناكەن تەنها لە دوای ڕەزامەندی باوان و سەرپەرشتیارەكانیان نەبێ.

- واتە تۆ ناتەوێ بگەڕێیتەوە ئێران؟

- بەپێچەوانەوە لە خوای پاك و بەرز دەپاڕێمەوە بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەکەم، بەڵام نەك بەم ڕێگایە، لەم جەنگەدا براکەم لەدەستداوە، منیش قاچم لە دەستداوە، ئێستا دیلم لای ئێوە، بەڵام من بیر لە ناوبانگی خۆم دەکەمەوە.
- ئێوە هیچ شتێك تێناگەن لەبارەی پاسەوانی خومەینی، بەم وتەیە ئێوەی جۆشداوە، خومەینی عەقڵی ئێوەی لێسەندۆتەوە ((خوا بەشتان لە ناوببات)).

هەوڵمدا بەرگەی ئەوە بگرم کە دەیڵێت، بۆیە دەستم بە قسەکردن کردەوە و وتم: زۆرم ناڵاندووە لە میانەی ئەم ماوەیەدا، خوا گەواهیدەرە دەستکاری بەرواری لە دایکبوونی خۆم کردووە، دوو ساڵم بۆ تەمەنی خۆم زیاد کردووە تا مۆڵەتم پێ بدەن بێم بۆ بەرەی جەنگ، ئەگەر کەمتەرخەمێك هەبێ لەمەدا ئەوا خۆمم.

بەعسییەکان ڕێگەیان پێنەدام بگەڕێمەوە بۆ هۆڵەکە، لە ساتەکانی کۆتاییدا کاتێك لە ژووری موقەدەمەکە هاتمە دەرەوە، پێی وتم: دەتوانی لەگەڵ هاوڕێکانت بگەڕێیتەوە بۆ ئێران، هەلەکەت لە دەست چوو!

دڵخۆشی سەرکەوتن منی داگرت، مشتومڕم لەگەڵ کەسانێك کرد لە ڕوکەشدا لۆژیکین، ئازاری منیان نەدا، هەموو ئەوەی ئەنجامیاندا بۆ تۆڵە سەندنەوە لێم، ئەوەبوو ڕەوانەیان کرد بۆ خێوەتگەی ونبوان، بۆ ئەوەی لەگەڵ دیلە نا بریندارەکان بژیم.

گەڕامەوە هۆڵەکە، دەمزانی قاسم فەقیە خەڵکی حورموجی سەر بە بوشهەر بوو، ئەو کەسە داواکراوە دەبێ لە پڕۆژە پیسەکەیاندا، لە تەمەنی مندا بوو، بۆیە هەر کە هاتمە نێو هۆڵەکە ئەوەی ڕوویدا بۆ قاسمم شرۆڤە کرد، ئاگادارم کردەوە لە هەڵخەڵەتان بە فروفێڵەکانیان، قاسم مرۆڤێکی سادە و کەم قسە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕدارێکی بە غیرەت بوو.

دوای کاتژمێرێك سەعدون فەیاز ئەفسەری هەواڵگری خێوەتگەکە هات، دوو ڕێکخەری لەگەڵدا بوو، قاسمیان برد بۆ ژووری عەزیز ناسرِی پزیشك و قاسم بەوانی وت: خوا گەواهیدەرە من بەرواری لە دایکبوونی خۆمم ساختە کردووە، تا ڕێگەی ڕۆیشتنم بدەن بۆ بەرەی جەنگ!

بەعسییەکان نازانن هاوشانەکانم چ شەونخونیەکیان کردووە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەیان و شەڕکردن لە بەرەکانی پێشەوەدا، یادەوەریەکانی هاوینی ساڵی ١٩٨٤ هاتنەوە یادم، کاتێك لەگەڵ هاوڕێکەم کەرامەت ڕام کرد لە پێناو ڕۆیشتنە بەرەکانی شەڕ[١].

---

(١) من و هاوڕێکەم لە قوتابخانە کەرامەت محەحەدی بڕیارماندا لەماڵەوە ڕابکەین، براکەی کەرامەت شەهید ببوو، هەموو هەوڵەکانمان شکستیان خوارد لە ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگی، چەندین جار سەرەدانی ناوەندەکانی خۆبەخشیمان کرد لە گجساران، ڕەتیان کردەوە ناومان تۆمار بکەن، هەر بۆیە ڕوومان کردە شیراز بۆ تاقیکردنەوەی بەختمان لەوێ، کاتێك بڕیارماندا لە ماڵەوە ڕابکەین، دەستمان کرد بە دابینکردنی خەرجیەکانی گەشتەکە، پارەی پاشەکەوتمان دەبێ، ماوەیەك کارمان کرد لە فرۆشتنی کیسەی پلاستیك لە شەقامی شەهید بلادیان لە گجساران. ڕۆژێك ئافرەتێك پێی وتم: ئایا ئەمە کاری تۆیە؟ ئەم کیسانە چ سودێکیان هەیە؟ جارێکیان لە کاتی هاوارکردن: گونیە و کیسە! من هەراسان بووم لە بینینی براکەم سەید نەسرولاّ، چونکە لە توانایدا هەبوو ناوم تۆمار بکات لە لیستی خۆبەخشاندا، خۆم لە پشت ستونەکاندا شاردەوە تا هیچ کەسێك نەمبینێ.

بۆ ئەوەی ڕێژەی تەواوم دەستبکەوێت، سندوقێك هەنجیرم کڕی و قەپانێکم لە هاوڕێیەکی باوکم وەرگرت و دەستم کرد بە فرۆشتنی هەنجیر، هاوڕێکەم کەرامەت لە من زیرکتر بوو.

لەو ڕۆژانەدا هەموو ئەوەی بەدەستم دەکەوت پاشەکەوتم دەکرد، لە پارەی ڕۆژانە و خەرجی ڕۆژانەم، ئەگەر یەکێك بیزانیایە چ نیازێکم هەیە، ئەوا یەك فلسیان پێ نەدەدام.

دوای ڕووداوی (دە بزرگ)ی پڕ ئێش، خاڵۆوانم ڕێگربوون لە ڕۆیشتنم بۆ بەرەی جەنگ، خاڵم ئومێد عەلی هەردەم سەرزەنشتی دەکردم: تا بەرەی شەڕ دووبارە دەکەیتەوە! بەرەی شەڕی تۆ ئەمڕۆ پاراستنی خوشکەکانتە!

من گوێڕایەڵی خاڵۆوانم بووم تەنها لەم پرسەدا نەبێ، گوێم بۆ هیچ کەس یان ئامۆژگاری هیچ کەسێکم قبوڵ نەدەکرد.

له هاوینی ساڵی ١٩٨٤ و دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی چارێکی سێیەم، کاتژمێر سفر بۆ هەڵاتن بڕیاری لێدرا، هەزار و پێنج سەد تومەنم دابین کرد بوو، بەڵام هاوڕێکەم هەشت سەد تومەنی دابین کردووە، ئەو کات ئەم ڕێژەیە کەم نەبوو.

له بەیانی زوودا بێ ئاگاداری خزم و خێزان گەڕەکەمان بەجێهێشت، دواتر زانیمان بە دوای ئێمەدا گەڕاون و ڕۆیشتوونەتە بارەگای خۆبەخشی لە ناوەندی خۆبەخشی لە شاری گجساران و ناوی ئێمەیان نەدۆزیەوە لە لیستەکانی خۆبەخشاندا!

ڕۆیشتینە شیراز، هەمووومان وا بیرمان دەکردەوە ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگ ئاسانە، پۆشاکێکی سەربازیمان لەبەر کرد، من پۆشاکی سەید هیدایەتوڵام لەبەرکرد و دوو ساڵم بۆ تەمەنی خۆم زیاد کرد، ڕێگەی ساختە کردنەکە ئاشکرا بوو، تەنانەت کاتێك ویستم وێنەی لەبەر بگرمەوە خاوەنی لەبەرگرەوەکە لە گجساران ڕەتی کردەوە.

زۆرێك وەك من بەرواری لەدایکبوونیان ساختە کردبوو، بەڵام بە ڕێگەیەکی ژیرانە و توانیمان بچنە بەرەکانی جەنگ، بەڵام من نەزان بووم، چونکە یەکەم ئەزموونی من بوو!

لە ناوەندی ڕەوانەکردنی هێزە سەربازیەکان لە شیراز وەستاین و گرنگیان نەدەدا بە پاڕانەوەکانمان. بەرپرسەکەمان هەوڵیدا بە نەرمی بمانگێڕێتەوە، من شەرمم دەکردەوە و نەمدەتوانی داواکەم دووبارە بکەمەوە، بەڵام هاوڕێکەم جارێك مشتومڕی لەگەڵیاندا دەکرد و جارێکیش لێیان دەپاڕایەوە، بەڵام بێ کەڵك بوو.

دوو شەومان بەسەر برد لە ڕێگا چۆڵەکان، چونکە ئەگەر بیرمان لە هۆتێل کردبایەوە، ئەوا ئەو پارەیەی دەمانبوو بە خێرایی لەناودەچوو، نانمان نەدەخوارد لە خواردنگەکاندا، بەڵکو بە ڕۆژ شتێکی کەمان دەخوارد و دوو کولێرا لە نانی ناوخۆییمان دەکڕی، دوو هەفتە تێپەڕین و ئێمە دەرگای تۆمارکردن دەکوتین، بێ ئەوەی بۆمان بکرێتەوە و بە درێژایی هەفتەیەکی تەواو بە ڕووماندا داخرا.

یەکێك لە بەرپرسان زانی ئێمە لە شیراز وەك ئاوارە دەژین، بۆیە ڕێگەیان پێداین لە حوسەینیەی سوپادا بمێنینەوە، چوار شەو تێپەڕین، لە شەوی پێنجەمدا داوایان لێکردین حوسەینیەکە جێبهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ ناو خێزانەکەمان.

ئومێدی ڕۆیشتنە بەرەی جەنگمان لەدەستدا، خەریك بوو پارەمان نەدەدا، شەرمم دەکردەوە بگەڕێمەوە ناو خێزانەکەم، هۆکارەکەی ئەوە بوو لە ڕۆژی گەیشتنمان بۆ شاری شیراز، نامەمان بۆ خێزانەکانمان نووسی و پێمان ڕاگەیاندن کە ئێمە لەبەرەی جەنگین، من نامەیەکی جوانم نووسیبوو بۆ باوکم.

باوکی خۆشەویستم ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، لەسەر چیاکانی کوردستان، کە بەسیجیەکان وەك پاڵەوان دەوەستن.

- **یەك شەمە ١٧ تەمموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید**

**من بەزەییم بە قاسمدا دەهاتەوە؛ لە بەیانی زوودا هاوڕێیانی هەڵسان بە شێلانی قاچی قاسم و ئاوی گەرمیان بەکارهێنا، نەیانتوانی ئەژنۆکەی ڕابکێشن، چونکە دەبوو سەرەتا فیشەکەکە دەربهێنن؛ ماسولکەی لاقم چرچ ببوو، قاسم لە هەموو بریندارەکان لاوازتر بوو.**

**کاتێك پێش نیوەڕۆ بوو، کاتێك عەزیز ناسری پزیشك لەلای دەرگای هۆڵەکە دەرکەوت و بانگی کرد:**

---

باوکی خۆشەویستم ئێمە دووچاری بۆمبەبارانێکی زۆر دەبینەوە، بە هۆی ڕاجیمە و گوللەکانی هاون، جەنگی سەختمان ئەنجامدا دژی دوژمنی عەفلەقی، تا دوایین دڵۆپی خوێن بەرگری لە شار و خەڵکەکەمان دەکەین.
باوکی ئازیزم ئەگەر خوای مەزن شەهیدبوونی بۆ نووسیم، لەسەرم مەگریەن، چونکە شەهیدەکان زیندوون.
دوای هەفتەیەك نامەکە گەیشتە خێزانەکەم، سەید هیدایەتوڵا تازە لە کوردستان گەڕابووەوە، بە مۆڵەت ڕۆیشتبووەوە، بارودۆخی من ئاشکرا بوو، چونکە نامەکە مۆری پۆستەی پێوە نەبوو، بابەتی نامەکە وەك چیرۆکێك مایەوە هەر کاتێك براکەم وەك میوان دەهاتە لامان وەك گاڵتە دەیگێڕایەوە، تا لە ساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو، ڕەحمەتی هەر کاتێك میوانێکمان بۆ هاتبووبا یان برادەرێك سەردانی بکردبایە ئەوا چیرۆکی نامەکەی بۆ دەگێڕایەوە، کە بووەتە بابەتێکی گاڵتە ئامێز و خۆش.
ڕۆژێکیان گودرز نوری و کوڕی مام سەید کەڕەموڵا هاتنە ماڵمان، سەید هیدایەتولا بانگی کردم و منیش دەمزانی چی لە پشت ئەم بانگ کردنەوەیە دایە، ئەمە نامە ناسراوەکەیە، هەستم بە شەرم کرد، هیدایەت وتی: ئەمیر! بە سەروەرمان عەباس سوێندت دەدەم، ئەو نامەیەی تیایدا وتت من لە کوردستاندام و شەڕ لەگەڵ بەعسییە عەفلەقییەکان دەکەم، ئەگەر شەهید بووم ئەوا بۆم نەگریەن، چونکە شەهیدان زیندوون. هەندێك جار دوژمن بە چڕی ڕاجیمە بارانمان دەکات، ئەو کاتەی ئەم نامەیەت دەنووسی لە کوێ بووی؟
پێم وت: مادەم سوێندتدام پێت دەڵێم لە گەراجی شیراز نووسیم!
لە قاقای پکەنینیان دا، ئامانجی سەید هیدایەتوڵا هێنانە پێکەنینی دوو میوانەکەی بوو.
کەڕامەتوڵا ملکەچی واقیع بوو و کێشەی نەبوو لە گەڕانەوە بۆ گوندەکەی، بەڵام من بە چ ڕوویێك بگەڕێمەوە دوای ئەم نامە ناسراوە، ناکرێ بگەڕێمەوە چونکە دەبێتە ئابڕووبەرم!!

- قاسم كوك عەلی حوسێن لە کوێیە؟
- بەڵێ گەورەم.

نە ناسرِی پزیشك و نە برینپێچەکان لە نەخۆشخانەکەدا (گرگ عەلی)یان بە ڕێکی دەرنەدەبرِی، ئا بەم شێوەیە بە كوك عەلی بانگیان دەکرد! وێنەیەکی تیشکی سینیان هێنا بوو، کە لە قاچی قاسم گیرا بوو، لە بەشی تیشکی ڕادیویە، فیشەکی کلاشینکۆف هێشتا لەلای کڵاوەی ئەژنۆی وەستاوە، هەر بۆیە قاچی وەستا لەلای گۆشەی نەوەد پلە، پزیشکەکە بە قاسمی وت:

- بڕوانە قاسم عێراقییەکان چەند وردبینن لە هاوێشتندا.

قاسم وەڵامی دایەوە:

- بەپێچەوانەوە! ئەگەر ورد بووبان ئەوا لە ژیاندا نەدەمامەوە، ستێرك لە سنگ دەگرن و لە قاچەکان دەدەن، هەموو مرۆڤێك دەتوانێ ئەمە بکات!
- زمانت زۆر درێژە!
- مەبەستم هیچ نییە، بەڕاستی قەناسبەدەستەکانتان زۆر زیرەکن لە هاوێشتندا!

لە نیوەڕۆدا دیلێکیان هێنا، ناوی باقر درخشان[1] بوو، لە نەخۆشخانەی ١٧ تەموز، ئەم نەخۆشخانەیە دەکەوێتە شاری فەللوجەی سەر بە پارێزگای ئەنباری خۆرئاوای عێراق، ژمارەیەك بریندارى ئێرانی لەم نەخۆشخانەیە بوون، باقر سەری بە کۆمەڵەیەکی سەوڵێدەرە لە لیوای دەریایی میری باوەڕداران، لە دوورگەی مەجنونی باشور لە خەندەقی بۆسەدا، بە دیل کەوتۆتە دەست بەعسییەکان، لە هێڵی فەوجی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێت، هیچ بەشێکی لاشەکەی سەلامەت نەبوو لە ساچمەکانی قازیفەی هاون، سەر و ڕووخساری پێکرا بوو، ددانەکانی پێشەوەی تێکشکا

(١) دوای ڕزگارکرانی لە دیلایەتی، کاری کرد لە پاڵاوتگەیەکی گاز، لە کۆمەڵەی عسلویەی پیشەسازی.

بوون، ڕووخساری پڕ بوو له هێڵی قوڵ و بریندار بوون، پشتیشی پڕ ببوو له پۆڵکەی پڕ له کێم، هێڵ و شوێنەواری شین بووی پێوه دیاره که جێماوی لێدان و کوتانه، ئێش و ئازارمان له چاوەکانیدا خوێندەوه، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توونند و خۆڕاگر بوو، دوای پێکرانی تا خۆرئاوا بوون به بێ هۆشی مابووەوه، کاتێك بەعسییەکان جەستەی شەهیدەکانیان فڕێدایه نێو چاڵێکەوه، که به بندۆزەر لێدرا بوو، باقر له نێو شەهیدەکاندا بوو،که دەستیان کرد به خۆڵ بەسەردا کردن، بەهۆش خۆی هاتەوه، هەندێك له بەعسییەکان ویستیان به زیندوویی بینێژن، بەڵام دوو سەربازی چاك ڕێگریان لەمه کرد و دەرهێنرا و گوێزرایەوه بۆ هێڵەکانی دواوه، باقر له هەمان ئەو ڕۆژەدا که یەکترمان ناسی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوه.

هەر له ساتەکانی سەرەتاوه خۆشم ویست، بەپەله هاوڕێیەتیەکەمان بووه گیانی به گیانی، تەنها خواردنه شلەکانیدەخوارد، بەهۆی شکانی ددانەکانی، دڵی ڕازه تێکشاوەکەیم دایەوه و پێم وت: بەویستی خوا دەگەڕێیەوه ئێران و به ئازادانه و دەچیته لای دکتۆرێکی ددان و ئەو ددانانه له جەنگدا شکاون بۆتی چاك دەکاتەوه!

به پێکەنینەوه وتی: کێ دەزانێ لەوانەیه لێره شەهید ببم، پێویست به چارەسەری هەڵوەشاندنەوەی جوانکاری نییه بۆ ڕووخسار، بۆچی چاره له ڕووخسارێك خەرج بکەین که لەناودەچێ؟!

باقر دڵ پاك و ڕۆح بەرزه، وەك ئەوەی بەسترابێتەوه به فریشتەکانەوه، ڕووی له دونیا وەرگێڕاوه؛ کاتێك هاوڕێیانی دڵی ئەویان دەدایەوه، لەبارەی شێواندنەکانی ڕووخساری، بەوانی وت: دوودڵ مەبن بۆ من، بۆ خۆتان بشڵەژێن، دواتر به منی وت: سەید! جوانی ڕووخسار دونیایی و کاتییه، ئای ئەوانه چەنده زۆر بوون که ژیاون و دواتر دونیایان جێهێشتووه و تا هەتایه لەناوچوونه، گرنگ نییه ڕووخسارەکانمان چاك بێ، گرنگ کاری چاکەیه، مرۆڤی بڕوادار بیر لەم جۆره شتانه ناکاتەوه، سەرەتا لەگەڵ

باقرِ بەم جۆرە بوو، ڕۆژێکی خۆش بوو، سەید محەمەد شەفاعەت منشیان لە ژووری نەشتەرگەری هێنا، نازانم بۆچی پزیشکەکان بۆچی ڕەتیان کردەوە پارچە پلاتینێکی درێژ بە ئەندازەی دە سانتیمەتر بەکاربهێنن.

سەید محەمەد فیشەکێکی قەناسەی بەر ئێسکی سەرەوەی ئەژنۆ کەوتبوو، لە خوار حەوز، پزیشکی نەشتەرگەر سێ کونی کردەوە لەسەرەوەی ئێسکی کڵاوەی ئەژنۆ و سێ کونیشی لە خوارەوەی ئێسکی حەوز کردەوە، بەسێ بەستەری فلزی بەیەکەوەی بەستنەوە، بە درێژی لە نێوان پازدە بۆ بیست سانتیمەتر، ئەم سێ بەستەرەی دەرەوەی ڕان بەسترانەوە بە سێ بەستەری تر بەشێوەی ستوونی و بە بورغی و فیشە بەسترانەوە، سەید محەمەد دەینالاّن بە هۆی ئەم بەستەرانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە شوێنە قەرەباڵغەکان، بە دوو مانگ پێش ڕزگارکرانی پزیشك ئەم بەستەرانەی کردەوە[1].

- دوو شەمە ١٨ تەموز — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

لە ئێوارەی ئەمرۆ، ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٥٩٨، ئێمە نەماندەزانی! بڕوامان نەدەکرد! من لە جەنگ ڕاهاتووم و هۆگری بووم، زۆر بە ئازار بوو بۆ من ماڵئاوایی لە جەنگ بکەم، نازانم بۆچی وابەستەی جەنگ بووم، پێم وابێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خەندەق و شوێنە بچوکەکان، کە بەرزیەکەیان لە خانووەکانی ئێستا زیاترە.

---

(١) لە تەموزی ساڵی ١٩٩٠ پزیشکەکە هەڵسا بە کردنەوەی بەستەر و شیشە فلزیەکان، بەنجیان بەکار نەهێنا، کاتێك بەیەك هاتبووەوە بەهۆی ئازارەوە، جەماڵی پزیشك پێی دەوت: پێویستە سەربازانی خومەینی بەرگەی گشت ئازارەکان بگرن، سەید محەمەد مرۆڤێکی ئارامگر و بەهێز بوو، بە پزیشکەکەی وت: دەتوانم بەرگەی ئێش و ئازار بگرم هەر چەند زۆر بێ، بەو مەرجەی ئەنجامەکانم ببەستنەوە بە قەلوێرەکەوە و وازم لێبێنن قورئان بخوێنم.

سەدام ڕایگەیاند، گەلی عێراقی بۆ ماوەی ساڵێك بە بۆنەی کۆتایی هاتنی جەنگ ئاهەنگ دەگێڕێت!!

- سێ شەمە ١٩ تەموزی ١٩٨٨ — بەغداد — نەخۆشخانەی ڕەشید

لە بەیانیدا عەزیز ناسری پزیشك هات، برینپێچەکانیشی لەگەڵدا بوو، بانگەوازەکان بە ڕوونی پێمان دەگەیشتن، پزیشکەکە هاتە ژوورەوە و لەتیف دەهقانیشی لەگەڵدا بوو، بەشێوەك دڵخۆش بوو، کە وەسفی ناکرێ، وتی: جەنگ کۆتایی هات... ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ٥٩٨.

هەستم بە شۆکێکی بەهێز کرد، خەمێکی قوڵ هەموو گیانی داگرتم، هەموو هاوڕێیانیشم بە هەمان شێوە هەستیان بە خەمباری کرد و دۆخێك لە بێ دەنگی دایگرتین، پزیشك و برینپێچەکان بە بینینی ئەم دیمەنە بێ دەنگ بوون، وا هەستیان دەکرد ئێمە دڵخۆش دەبین بە سەرسوڕمانەوە وتیان: چیتان بەسەر هاتووە؟

کۆتایی هاتنی جەنگ، واتە گۆڕینەوەی دیلەکان و ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەتان، دیلەکانیشمان دەگەڕێنەوە عێراق!

فرمێسکی زۆرێکیان هاتە خوارەوە؛ ئێمە بڕوامان بە دانایی ئیمام هەیە، هەندێك لە عێراقیەکان بە وریایەوە سەیری ئەو ڕاگەیاندنەیان دەکرد و دەیانوت ئێران دەیەوێ هەناسە وەربگرێتەوە و خۆی بۆ هێرشکردنە سەر عێراق ئامادە دەکات.

زۆربەی هاوەڵانم نەیانتوانی خۆیان جڵەوگیر بکەن، کەوتنە گریانەوە، ڕاستە جەنگ لە خودی خۆیدا شتێکی ئەرێنی نییە، بەڵام خەمباریمان بۆ شتێکی ترە، ئەم جەنگە کە سەدام سەپاندنی و هێزەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا پشتیان گرت و بۆ ماوەی هەشت ساڵ خایاندی، شوێنەواری کاوڵکەری جێهێشتوون، لەگەڵ ئەمەشدا

لەلایەکی ترەوە دەستکەوتی زۆری لەگەڵدا بوو، خەفەتەکەمان بۆ کۆتایی هاتنی جەنگ نەبوو، بەڵکو بۆ کۆتایی هاتنی ئەو پلەو پایە مەعنەوی و ڕۆحی تێکۆشان و شۆڕشگێڕی بوو.

نازانم بە چ زمانێك عێراقییەکان تێبگەیەنم بەرەکانی جەنگ بۆ ئێمە کارگەیەکی مەزنە بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی خوایی.

بە چ زمانێك قسە بکەم تا تێیان بگەیەنم، لە سایەی ڕەشماڵ و لە نێو پێگە و خەندەقەکانماندا بەهای جوان درەوشاونەتەوە لە پارێزگاری و ئارامگری و بەرگری و وەفاداری و خاکی بوون و برایەتی و زیرەکی و بوێری و بەخشندەیی و پشت بە خوا بەستن لە خۆشی و ناخۆشی و بەردەوام بوون لەسەر ڕێگەی ڕاست.

پزیشکەکە وتی: هەرگیز ناتوانم تێبگەم چۆن خەمبار دەبن بۆ ئەم هەواڵە خۆشە؟!

ئەم هەواڵە عێراقی هەژاند لەم پەڕەوە و بۆ ئەم پەڕ، جەماوەری گەلی عێراق ڕژانە نێو کۆڵان و شەقامەکان و ئاهەنگ گێڕدران لە گشت شوێنێك و بازنەی سەما دروستکران لە گۆڕەپانە گشتییەکان، دیمەنەکانی دڵخۆشی زۆرم بینی لە شاشەی تەلەفزیۆندا.

پاسەوان و برینپێچان خەریکە خۆیان بۆ ڕانەگیرێ بەهۆی دڵخۆشیەوە، بە ئێمەیان دەوت: ئاهەنگ بگێڕن و سەما بکەن و گۆرانی بڵێن، جەنگ کۆتایی هاتووە.

مافیان بوو دڵخۆش بن، لە نێو پاسەواناندا تۆفیق ئەحمەد کەمێك هۆشیار بوو و متمانەی بە ئێمە هەبوو وتی: عێراق لەم جەنگەدا چی نەدوریەوە تەنها دۆڕاندنی حەوت ملیار دۆلار و سەدان هەزاران کوژراو نەبێ...و هتد....

- **چوارشەمە ٢٨ تەموزی ١٩٨٨ – بەغدا – نەخۆشخانەی ڕەشید**

پێش نیوەڕۆ مشتومڕم کرد لەگەڵ گەورەی برینپێچەکان، نازانم بۆچی دژە چالاکیەکانیان پێنەدەداین. لە ڕۆژانی سەرەتادا کەپسولی دژە چالاکیان پێدەداین، ئا ئەوەتا شوێنە برینەکە زۆر بە سەختی گڕ دەگرێ، داوای هەندێك دژە چالاکیم لێ کرد، بەبێ شەرم وەڵامی دایەوە: ئێوە شایەنی فیشەکن لە جیاتی کەبسول!

- بەڵام شوێنەواری فیشەکەکانتان هێشتا لە جەستەماندا ماوەتەوە!

پزیشك تەنها سێ ڕۆژ جارێك سەرەدانی دەکردین، ڕۆژێك هات بۆ ئەوەی پشکنینەکان بکات و بە نەسرواڵای وت: پێویستە دەستت ببڕدرێ.

وا دەردەکەوێ نەسرواڵا بە تەواوی بڕوای کردووە ئەوان دەیانەوێ نەشتەرگەری بڕینی دەستە چەپی بۆ ئەنجام بدەن، پزیشکە گەنجەکان ئامادە بوون بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری قاچ و دەست بڕین.

ژمارەیەك فیشەك باسکی نەسرواڵایان کون کردووە و ئێسکی ژێر ئەژنۆیان شکاندووە، پارچە پلاتینێك بەسە بۆ چارەسەرکردنی.

حەزم نەدەکرد نەسرواڵا ڕووبەڕووی ئەم بڕینە ببێتەوە، بۆیە پێم وت: ئەم پزیشکانە لە ڕاستیدا هێشتا قوتابین! تۆفیق ئەحمەد پێی ڕاگەیاندبووین ئەوان وانەی جێبەجێکاری وەردەگرن، لە پاڵ وەرگرتنی وانە تیۆریەکان، هەر بۆیە ئەوان دێنە نەخۆشخانەکان و هەندێك نەشتەرگەری دەکەن لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکە پسپۆرەکان، ئەوان پێویستیان بە ئەنجامدانی هەندێك ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەوەیە کە لەسەر کورسیەکانی خوێندن فێری بوونە.

نەسرولا نەڕۆیشت و هاودەمی برینپێچەکانی نەکرد، کە هاتبوون بۆ ئەوەی بیبەن بەرەو ژووری نەشتەرگەری، قاسم فەیقە بەر لە چەند ڕۆژێك قبوڵی نەکرد قاچی ببڕدرێ، برینپێچەکان بە نەسرولایان وت:

- دەستەکەت ڕەش دەبێ و دەمری!!
- کێشە نییە کاتێك ڕەش دەبێ ئەوا بیبڕن.

دوای مانگێك چاك بووەوە، سەرباری ئەوەی ئێسکەکە یەکی نەگرتبوو بەشێوەیەکی ڕاست، نەسرولا پێی وتم: من قەرزداری تۆم، ئەگەر ڕاوێژی تۆ نەبووبایە ئەوا دەستەکەم لە دەستدەدا.

لە بەرەبەیان دوو برینداریان هێنا لە گرتووخانەی ڕەشید، یەکێکیان ساچمەیەکی بەر ڕووخساری کەوتووە و ماسولکەی چەپی بڕیبوو، دیمەنی لوت و ڕووخسار و شەویلگە و ددانەکانی پێشەوە شێوا بوو،سەرباز بوو لە لەشکری ئێرانیدا، لە دهلیران بەدیل گیرابوو، پێمانی وت: تانك (دەبابە)یەك ڕاوەدووی ئەوی ناوە لە دەشتێکدا، وا دەردەکەوێ تاقمی تانکەکە ئامانجیان ڕابواردن بووە، هەناسەکانی پچڕاوە بەهۆی هەڵاتن و کەوتۆتە سەر زەوی، خەریك بووە تانکەکە بیکوژێت، بەڵام زنجیرەکە بەسەر قاچی کەوتووە، ناوم لەبیر چۆتەوە، بەڵام هێشتا لە بیرمە کە سەرباز بوو لە فیرقەی ٢١ حەمزە.

- پێنج شەمە ٢١ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

ئێوارەی ئەمڕۆ تۆفیق ئەحمەد قسەی کرد لەبارەی ئیمامی خومەینی، وتنی ئەوەی پەرداخی ژەهر دەخواتەوە دوای ڕەزامەندی ئێران لەسەر بڕیاری ٥٩٨، چاك لە مەبەستی تێنەگەیشتم، وا دەردەکەوێ ئیمامی خومەینی بانگەوازێکی ئاڕاستەی گەل

کردووە بەم بۆنەیە، ئەو کاتە تەنها مانای ژەهر خواردنمان هەڵدەهێنجا لە بانگەوازەکە، فرمێسکمان ڕشت، ئێمە زۆر تێنوو بووین بۆ هەواڵەکانی ئیمام و ئێران.

- هەینی ٢٢ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ ژمارەیەك بریندار گوێزرانەوە لە هۆڵی تەنیشتەوە گوێزرانەوەی ڕێکخەرایەتی ناوەندی، زۆربەیان پێویستیان بە بەردەوامی چارەسەر هەیە.

پزیشکەکە فەرمانی کرد گۆڕەپانی نەخۆشخانەکە بشۆردرێ، بەهەمان شێوە هەڵسان بە ڕاماڵینی هۆڵەکان و ژوورەکان ڕێکخران، پزیشکەکە پێی وتین بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی تەندروستی سەردانی گرتووخانەکەی دەکات و تاقمێکی پزیشکانیشی لەگەڵدایە.

پاسەوانەکە وتی کە دواتر ئاشکرام کرد ناوی عەبدولجەبارە، پێی وتین و ئاگاداری کردینەوە: مافی ناڕەزاییتان نییە لە کاتی ئامادەبوونی پزیشکە مەدەنیەکان و عەقیدی بەشی تەندروستی، عزیز ناسڕی پزیشك جەختی کردەوە لەسەرمان، ئەگەر پرسیارمان لێکرا لەبارەی خزمەت و چاودێریەوە، ئەوا تاکە وەڵام ئەوەیە: هەموو شتێك چاکە و هیچمان کەم نییە.

عەبدولجەباری وتی: ئەگەر جگە لەم وتە بڵێین ئەوا تەنها سەرزەنشتی خۆتان بکەن.

پزیشکەکە زیاتر وتی: مافتان نییە باسی مردنی هەندێك لە بریندارەکان لێرە بکەن!

دوای ئەم ئاگادار کردنەوە و هەڕەشانە، ئێمەیان گواستەوە بۆ هۆڵی تەنیشت، پێش گەیشتنی عەقید و تاقمی پزیشکی، مافوری نەخشەدار و بالیفیان دابەش دەکرد، بەهەموو شتێك تکایان دەکرد لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەو عەقیدەی دێت.

لە نێو بریندارانادا پیاوێکی بە تەمن هەبوو لە کوردەکانی شاری ئیلام بوو، تەمەنی حەفتا ساڵی تێپەڕاند بوو، بەعسیەکان ئەویان لەگەڵ کوڕەکەی بە دیل گرتبوو، کوڕەکەیان هێشتا لە گرتووخانەی ڕەشید بوو، باوکی جەستە لاواز چاوەکانی بە بێ وزەیی دەگردەوە، هەوڵیدا بۆ ئەوەی جیاکاری لە نێوان ئەو و کوڕەکەی نەکرێ، بەڵام پاڕانەوەکانی بە فیڕۆ چووە، هەر بۆیە ئەو کاتە دڵخۆش بوو کە بیستی عەقیدە چاوەڕوانکراوەکە سەرەدان دەکات، پاسەوانەکە هۆکاری دڵخۆشیەکەی ئەوی زانی، چونکە نیازی خۆی بە یەکێکیانی ڕاگەیاندبوو، لە داواکردنی ئەم شتە لە عەقیدەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەیدا بێ.

ویستیان وای لێبکەن واز لەم داواکاریەی بهێنێ، دیشداشەیەکیان بۆ هێنا.

غانم حەسان پاسەوانی هۆڵەکە داوای لێکرد باسی گواستنەوەکەی نەکات بۆ ئەوەی بچێتە لای کوڕەکەی، نایەوێئەم شتانە بخرێنەڕوو لە بەردەم پزیشکە مەدەنیەکان.

ئەحمەد شەریفی وتی کاتێك پیاوە بە تەمەنەکە لەگەڵ کوڕی خۆیدا بوو لە گرتووخانەی ڕەشید، یەکێك لە ڕێکخەران لە کوڕەکەیدا بە کێبڵ و باوکەکە ڕایکرد و هەوڵیدا کێبڵەکە بگرێ!

ئەحمەد وتی: خۆزگە لەوێ بووبای و ئەم دیمەنە پڕ ئێش و تاڵەت بینیبایە، چۆن بە کێبڵی لێیان دەدا بەبێ ڕەحم و بەزەیی، کاتێك زانیان باوکیەتی وازیان لێ هێنان، بەڵام دوای ئەوەی بەشێکی چاك لە لێدانیان بەرکەوت.

پزیشکەکە تەنها سەیری بە تەمەنەکەی دەکرد، بەڵام عەبدولجەبار هەڕەشە و گوڕەشەی لێکرد، ئەگەر دەمی بکاتەوە لە بەردەم عەقید: بەخوای مەزن ئەگەر دەمت بکەیتەوە سەبارەت بە کوڕەکەت، ئەوا زمانت دەبڕم، نامانەوێ پزیشکە مەدەنیەکان نهێنیەکانی سەربازی بزانن!

هادی کە لە هەمووومان زیاتر بێزار بوو، بە عەبدولجەباری وت: ڕاستە ئەم بەتەمەنە دیلە بەڵام وەك باوکت وایە، هەڵوێستت چی دەبێ ئەگەر یەکێك ئەم ڕەفتارە بەرامبەر باوکت بنوێنێ!

- کەی دوژمن بووەتە باوکم؟!

پیرەمێردە بە تەمەنەکە خەمبار بوو بەم هەڵسوکەوتە و وتی: پێویستە مرۆڤ تەنها لە خوا بپاڕێتەوە، هیچ شتێك لە عەقیدەکە ناکەم و لێی ناپاڕێمەوە، تەنها دەمویێت ڕەوانەم بکات تا لەگەڵ منداڵەکەمدا بم، تەنانەت ئەمەشم لێی ناوێت، کوڕەکەم لە خوا دەوێ نەوەك لە ئێوە!

بە فەرمانی پزیشکەکە چەند دەبە ئاوێکیان هێنا و لەسەر ڕەفەکە دایاننا، پێشنیوەڕۆ عەقیدەکە هات و کەمێك کورتە باڵا بوو، ڕووخساری ئەسمەری پڕ بوو، برۆیەکانی پڕ بوون، ژمارەیەك پزیشکی لەگەڵدا بوون بە پۆشاکی مەدەنی؛ بە ئارامی دانیشتین لە ڕێڕەوەکەدا، وەك ئەوەی باڵندەمان لەسەر سەربێ، عەزیز ناسرِی پزیشك بۆ عەقیدەکە و شاندی یاوەری شرۆڤە دەکرد، باسی بارودۆخی دیلەکان و پێکرانەکانیان دەکرد، عەقید شاندی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی هێزە چەکدارەکانە، سەری دەلەقاند وەك گوزارشت کردن لە ڕەزامەندیەکەی، پێم وابێ ڕاپۆرتی پزیشکەکە بەم شێوەیە بووە:

• ڕۆژانە چارەسەر پێشکەش دەکرێ، ژەمەکانی خواردن باشن، بۆ زۆربەیان نەشتەرگەری پێویست ئەنجامدراوە، ڕێگەیان پێدەدرێ بچنە گۆڕەپان بۆ هەڵمژینی هەوای پاك و بەوپەڕی مرۆڤایەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین.

دوای عەقیدەکە گوێبیستی ڕاپۆرتی پزیشکەکە، بانگی لەتیف دەهقانی وەرگێڕیی ئێرانی کرد و وتی:

- سەرکردەکەتان پەرداخی ژەهری خواردۆتەوە! جەنگ تەواو، ئایا دەزانن؟
- ئیمام حەسەنی موجتەبا ڕێکەوتنی لەگەڵ معاویە کرد، ئێمەش ڕێز لە بڕیاری ئیمامەکەمان دەگرین!

عەقیدەکە وا دەردەکەوت کە گوێگرێکی چاك بێت و وتی: من گومانم لەم ڕاگەیاندنە هەیە و پێم وایە هێزەکانتان ئامادەکاری بۆ هێرش کردنەوە بۆ سەر عێڕاق دەکات، پێم وابێ لەم کارە پیلانگێڕی و فیلێك هەیە.

- هەموو دەزانن درۆ لە ڕەوشتی ئیمام نییە.

هادی گنجی وتی: حەزم نەدەکرد ئەم نموونەیە بێنمەوە: ئەوەی گومان لەخۆی بکات، ئەوا گومان لە جگە لە خۆیشی دەکات ((بێ باوەڕ پێی وایە هەموو خەڵك بێ باوەڕە)) ئێمە هاوشێوەی ئێوە نین.

- بە هەر حاڵ، لەبەر ئەوەی ئێمە متمانەمان بەئێوە نییە، بڕیارمانداوە هێرش بکەین[1] و چەند ناوچەیەك داگیر بکەین بۆ ئەوەی پێگەکەمان بەهێز بێ لە ڕێکەوتندا، ئێمە مەرجەکانی خۆمان بسەپێنین و شەتی عەرەبتان لێبستێنین.

---

(١) هێزەکانی سەدام دوای چوار ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئێران ڕەزامەندی خۆی لەسەر بڕیاری ٦٩٨ هێرشیان کردە سەر ئێران، لەتیف دەهقان هەڵسا بە وەرگێڕانی ناونیشانەکانی ڕۆژنامە عێراقییەکان بۆمان، قادسیە و جمهوریە و سەورە، ناونیشانە دوور و درێژەکان دەدوان لەبارە هێرشی سێزدە فیرقەی زرێپۆش و

- ئەفسەرێك لە لەشكری ئێرانی لە فیرقەی ٢١ حەمزە وتی: لەلایەك ڕایدەگەیەنن ئێوە ئاگربەست قبوڵ دەكەن، دواتر هێرش دەكەنە سەر ئێران، ئەی چی بە جیهان دەڵێن؟

عەقیدەكە لە تووڕەییان سور هەڵگەڕا و بە زمانی لەخۆبایی بوون و لوتبەرزیەوە وتی: بە ڕێز جەنابی سەرۆكی سەركردە بەرپرس نییە لەبەردەم هیچ لایەك، گوێ بە جیهان نادەین و بایەخ بە هیچ كەسێك نادەین.

پێم وت: تەنانەت لەبەردەم خوا؟!

- شەمە ٢٣ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ هەندێك لە برینپێچەكان و پاسەوانان تووڕەن، بەشە شیری ئێمەیان لە ژەمی بەیانی لێ بڕین، هیچ هەواڵێك لەبارەی چارەسەر نییە، پاسەوان تۆفیق ئەحمەد كە پەیوەندیەكی باشمان لەگەڵیدا هەیە، هۆكارەكەی بۆ ڕوون كردینەوە و ڕۆژنامەی قادسیەی دەستەوەیە، ئاماژەی بە هەواڵەكە كرد لە لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامەكە، باس لە كوژرانی گەورە بەرپرسە سەربازیەكان دەكات لە هێرشی دوێنێدا.

وێنەی لیوا سالم حەمودی سەرۆكی لیوای پێنجی پیادە لە ناوەڕاستی لاپەڕەكە دواترە، لەگەڵ هەواڵی كوژرانی لە دوێنێدا بە گوللەی هێزەكانمان لە شەلمچە.

ناونیشانی لاپەڕەیەی یەكەم بەم جۆرە بوو: ((بەرەو پێشەوە ئەی نەوەكانی خالید و سەعد و سەڵاحەددین، ئەی پیاوانی قادسیەی سەدام!)).

- سێ شەمە ٢٦ تەموزی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانە ڕەشید

---

میكانیكی و پیادە بە ئاڕاستەی شەلمچە و ڕێگەی گشتی لە نێوان خرمشهر و ئابادان و سەربازگەی حەمید و جفیر.

کات نزیك نیوەڕۆ بوو، کاتێك تێبینی دڵخۆشی بەعسییەکانمان کرد، وەك نەریتی خۆم پێم خۆشبوو نهێنی ئەمە بزانم، ئەمە سێیەم جارە ببینم بەعسییەکان دڵخۆش بن، یەکەم جار لە گرتووخانەی ڕەشید دابوو، کاتێك کەشتیەکی جەنگی هەڵسا بە تێکشکاندنی فرۆکەی هەڵگری کەسانی مەدەنی و دووەمیان کاتێك ئێران ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ٥٩٨، ئەمە جاری سێیەمیانە لە مانگێکدا، لە پیشت پەنجەرەکەوە بانگی لەتیف دەهقانم کرد.

- لەتیف چی ڕوویداوە، بۆچی دڵخۆشن؟!
- دووڕووەکان هێرشێکی مەزنتریان کردۆتەوە سەر ئێران.
- هەر بۆیە وەك کەڵەباب دەقوقێنن!!

دوای ئەوەی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ٥٩٨ سەدام یاری بە کۆتا وەرەقەی خۆی کرد، بەوەی بە دووڕووەکان هێرش بکاتە سەر ئێران، عەزیز ناسڕی پزیشك ئەم جۆرە بابەتانەی دەقۆستەوە، هاتە هۆڵەکە و دڵخۆشی لەسەر ڕووخسار دەدرەوشایەوە و وتی:

- ئێران کۆتایی هات!
- چونکە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیارەکە؟

کاتێك پزیشکەکە قسەی کرد، زانیم مەبەستێکی تری هەیە.

هێزەکانی دووڕووان سنووری خۆرئاوایان بڕی بوو بە ڕووماڵ و پاڵپشتی لەشکری سەدام، ڕۆیشتبووە نێو ناوچەکانی (سر پول زهاب) و (کرند) و (ئیسلام ئاباد).

جەنگ کۆتایی هات و ئێران ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر بڕیاری ٥٩٨، سەدام فیرقە سەربازیەکانی نارد بۆ ئەوەی جارێکی تر سنووری ئێران ببڕن، غانم حەسان و

سەعدونی ئەفسەرانی هەواڵگری سەرکەوتنیان ئاشکرا دەکرد، بەڵام کەسانی هاووێنەی تۆفیق ئەحمەد دانیان بە شکستی مەزندا دادەنا، تەلەفزیۆنی بەعسی دەڵێن تەنانەت پێشنوێژ و وتارخوێنانی هەینی لە ئێران پۆشاکی بەسیجیان لەبەر کردووە و هاتوونەتە بەرەکانی شەڕ و بەعسیەکان بێ دەنگ مابوونەوە لە هەمبەر هێرشی دووڕووان، بەڵام زیاتر لە ڕۆژێك بەرگەی ئەمەیان نەگرت، ڕۆژنامەگەری دەستی بە دەهۆڵ کوتان و زوڕنا ژەنین کرد، جگە لە تۆفیق ئەحمەد نەبێ هەمووان دڵخۆش بوون، مافی خۆیان بوو دڵخۆش بن، هێرشی دووڕوان دوایین هەل و کۆتا وەرەقەیان بوو.

ئەوەی ڕوویدا زۆرمان لا سەیر بوو، تۆفیق ئەحمەد زانیاری تەواوی پێداین، سەبارەت بە هەڵسانی بەکرێگیراوان لەوەی ناسراوە بە ((ڕێکخراوی موجاهیدی گەل)) بە ئەنجام دانی پڕۆسەی سەربازی، لە ژێر ناونیشانی ((زیائی خالدین))[١]هێرشێکی

---

(١) ئەوەی پێی دەوترێت ڕێکخراوی موجاهیدی گەل هەموو ئەندامانی خۆی بانگ کرد، لە گشت وڵاتانی ئەوروپی بۆ ئەوەی ئامادە بن بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی مەزن لە ژێر دروشمی (ئەمرۆ میهران و بەیانی تەهران) دوای نۆ ڕۆژ لەوەی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ٥٩٨ دەستی بە پڕۆسەکانی کرد (زیائی خالدین) لە ڕێگەی گەلی (پاتاق)، هێزە ئاسمانیەکانی سەدام پاڵپشتی ئەوانی دەکرد،ناوچەی خۆرئاوای داگیر کرد و هاتە نێو قوڵایی ئێرانەوە بەرەو تاران کشا، هەندێك شاری بچوك کەوتنە ژێر دەستیان، لە پێشەنگیاندا (ئیسلام ئاباد) دووڕووە ناپاکەکان قەسابخانەیان ئەنجامدا دەرهەق بە گەلی ئێران و ئاگریان لە هەندێك کێڵگە بەردا، ڕۆیشتنیان بەردەوام بوو بەرەو کرمانشان و کاتێك دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی هێرشەکەیان گواستەوە، سەدان لە نەوەکانی گەلی ئێرانی ڕژانە بەرەکانی جەنگ، مەسعود ڕەجەوی بەکرێگیراو سەرۆکی ڕێکخراوەکە، بەڵێنی بە ئەندامانی ڕێکخراوەکە دابوو گەلی ئێرانی پێشوازیان لێدەکەن و لیوا و فیرقەی سەربازی پێکدێنێ لە گەلەکە و سەرکردایەتیەکە دەداتە دەستی ئەوان.

هێزەکانی لەشکر و پاسەوانی شۆڕش و بەسیج بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەرەکان بەرەنگاری هێزەکانی دووڕووان بوونەوە و لێیان سوڕانەوە و گەمارۆاندا، هێرشی پێچەوانە دەستی پێکرد لە پڕۆسەکانی (لەبۆسەبوون) و بە هاواری ئەی عەلی سڵاوی خوای لێبێ جەنگی زۆر خوێناوی ئەنجامدران، بووە هۆی کوژرانی ٤٨٠٠ ئەندامی دووڕووان و سەدان بریندار.

فراوانی کردبوو، هەندێك شاری بچوکی سنووری گرتبوو، مەسعود رجوی لە تەلەفزیۆنی بەغدادا دەرکەوت و ڕاشکاوانە وتی: هەر یەکەیەك لە یەکە سەربازیەکانی ڕووبەڕووی سێ یان چوار یەکەی لەشکری ئێرانی بوونەتەوە، زیاتر وتی: هێزەکانی ئەو کە بە هێزەوە بەرەو پێش دەچێ لە ژێر دروشمی ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوە، ئەوا ڕژێمی مەلایی ڕادەماڵێ!!

بەعسیەکان وایان دەگواستەوە: ڕەجەوی لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەدام پێی وتوە:

پێویستە ئێمە پڕ چەك بکەن، بە چەکی پێشکەوتوو، ئەرکی بەدیلگرتنی خومەینی و هێنانی بۆ بەغداد لەسەر شانی ئێمە!

---

(پێویستە ڕۆڵی تێکۆشەرە عێراقییەکان فەرامۆش نەکرێ لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دووڕووان و بەرەنگارییە پاڵەوانیەکەیان، لە نزیکەوە چاودێری هەواڵە سەرنجڕاکێشەکانم دەکرد، یەکەم ڕاپۆرتی مەیدانی وێنەگیراو چاوپێکەوتنێك بوو لەگەڵ یەکێك لە تێکۆشەرانی عێراقی (باوکی مەیسەمی بەسری) کە لە میانەی ئەم ڕاپۆرتەدا مژدەی ڕزگارکردنی ئیسلام ئاباد بوو پێش بیست خولەك!! وەرگێڕی عەرەبی).

ڕێکخراوی موجاهیدی گەل لە میانەی ئەو جەنگەی سەپێنرا بوو، خزمەتی زۆری پێشکەشی حکومەتی بەعسی سەدامی کرد، هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی سیخوڕەکانی لە ئێران و بەتایبەت لە ناوچە جەنگییەکاندا و شوێنەکانی لێدانی موشەکە بەعسیەکان و کاریگەری هێرشە موشەکییەکان لەسەر مەعنەویاتی گەلی ئێرانی، سەرباری پڕۆسەکانی تەقاندنەوە و پڕۆسەکانی پەنهانکوژی و تیرۆرستی و چالاکی سیخوڕی لە ئاشکراکردنی پێگە سەربازیەکان و ناوەندە چالاکی و تەناهیەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی ئەندازەی ئامادەیی هێزە ئێرانیەکان و ئامێرە جەنگیەکەی و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و جەنگی دەروونی.

(ئەوەش دەخرێتە سەر خزمەتەکانی لە نێو عێڕقدا لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی شیعی لە باشور و جەنگ کردن لەگەڵ کوردەکان لە باکور، ڕژێمی بەعسی لە ڕێگەی یەکێك لە کەسە سەرەکییەکان دانی ناوە بەم خزمەتانە و ستایشی دڵسۆزی ڕێکخراوی بەکرێگیراوی دەکرد و ڕۆچوونی لە خزمەتکردنی ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنراو. وەرگێڕی عەرەبی).

بەعسییەکان ئاڵودەی مشتومڕن، لە هەمان کاتدا نازانن چاك گوێ بگرن، ڕای بەرامبەر ڕەت دەکەنەوە بە ورد و درشتەوە، بەدڵنیایەوە کەسی وا لە نێویاندا هەیە گوێ بگرێ وملکەچی ڕاستی ببێ.

کاتێك وتیان: ئەم جارەیان بڕیار لە چارەنووسی ئێران دەدرێ و کارەکەی یەکلا بووەتەوە و کۆتایی هاتووە!

لە وەڵامدا وتم: ئایا هێزی دووڕوان دەگاتە چەند، ئایا دەگاتە ئاستی فیرقەیەکی سەربازی، بە درێژایی هەشت ساڵ هەموو لیوا و فەیلەق و فیرقەکانتان ئێرانیان نەشکاند، چۆن مشتە دووڕوویێك دەتوانن تێکمان بشکێنن؟

زۆرینە گوێناگرێ و خەمی لەناوبردنی ئێرانە، ئەوەی مایەی پرسیارە، هەڵسوکەوتیان چاك بووە لە میانەی هێرشی دووڕووان بۆ سەر ئێران، بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردین، ڕێگەیان پێداین زۆرترین کاتژمێر بەسەر ببەن لە نێو گۆڕەپانەکاندا!

- شەمە ٣٠ تەموزی ١٩٨٨ — بەغدا — نەخۆشخانەی ڕەشید

ئێمە بەدواداچوونمان بۆ هەواڵەکانی ئێران دەکرد، ئەمڕۆ هەواڵێکی خۆشم بیست، کە شکست بە دووڕوان هێنراوە و ئەحمەد تۆفیقی پاسەوانی عێڕاقی چاك هەواڵی بۆ دەهێنایین، ئێمە وا خۆمان دەردەخست کە ئێمە هیچ شتێك نازانین سەبارەت بەوەی ڕوویداوە لە بەرەکانی شەڕ، لە کاتی قسەکردنمان لەگەڵ بەعسییەکاندا ئەوانیش چیتر نەدەچوونە سەر ئەم بابەتە، وایان دەزانی ئێمە ئاگادار نین لەوەی ڕوودەدات لە سەر سنوور و شکستی دووڕووان بە شێوەیەکی ناشرین! لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان دانیان بەوەدا ناوە ناتوانرێ بەم ئاسانییە حوکمی مەلایی لەناوببرێت!

باقر درەخشان بەوانی وت: ئێمە دیلین و ناتوانین پەیوەندی بە دووروروانەوە بکەین، بەڵام ئەگەر من لە جیاتی مەسعود ڕەجەوی بووبام، ئەوا ناوم لەم پڕۆسانە دەنا ((فەنابوونی خالدین)) ئەمە زیاتر لە ڕاستی و واقیع نزیکە!

تۆفیق ئەحمەد وتی: مەلایی ڕژێمی شای ڕووخاند بەو هەموو توانا و هێزەی هەیبوو، چۆن دووڕووان دەتوان حوکمی مەلایی بڕوخێنن؟!

هەندێك لە بەعسییەکان لە شیکردنەوەیان بۆ واقیع لە ڕق و کینەوە هەنگاو دەنێن، بۆ ئێران و ئێرانیەکان، شیکردنەوەکانیان لەوپەڕی گەوجایەتی و بێ نرخیدا دەبێ، لە ناخمدا سەرم سوڕدەمێنێ و دەڵێم: پێم وابێ بەم بینینەی بۆ شتەکان، سەدام بڕیاری داوە هێرش بکاتە سەر ئێران، وا بیریدەکردووە، لە یەك هەفتەدا داگیری دەکات.

هادی گنجی وتی: کاتێك سەدام بەم ڕێگایە بیر دەکاتەوە، تۆ دەتەوێ ئەم بەعسیانە بەڕێگەیەکی ژیرانە بیر بکەنەوە؟ ئەمانە وەك پەڕە سێلکەن لە تاریکیدا دەژین و ڕووناکی نابینن!!

یەکێك لە ئەفسەرە دیلەکانی فیرقەی ٢١ حەمزە بەوانی وت: لە سەردەم ڕژێمی پێشودا سەرکردەکانتان لە (شا) دەترسان، هەزار حیسابیان بۆ دەکرد، خومەینی ئەوی تێکشکاند کە ئێوە لە خاکی خۆتان دەرتان کرد، چی دەڵێن سەبارەت بە ڕەجەوی کە بەراورد بە شا هەر هیچ نییە!

- دوو شەممە ١ ئابی ١٩٨٨ — بەغداد — نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ هەواڵێکی دڵخۆشکەرم بینی، هێزەکانمان شارەکانی (قەسری شیرین) و (سومار)یان ڕزگارکردۆتەوە لە چنگی دوژمن، هەروەك هێزەکانی سەدام لەو ناوچانەی داگیری کردبوون پاشەکشەیان کرد، بەعسییەکان شکستیان هێنا لە داگیرکردنی هەندێك

خاکی ئێرانی دوای ئەوەی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ٥٩٨، ئەگەر سەرکەوتوو بووبان لەمەدا ئەوا داوای ئەنجامدانی جەنگێکی تر دەکرا بۆ ڕزگارکردنی خاکە داگیر کراوەکان، هەروەك یەکێك لە هاوەڵانم وتی و هەروەك هادی گنجی وتی: گۆشتی ناوچە باشورییە داگیرکراوەکان لەلای سەدام لە گشت ناوچەکانی تر بە تام و چێژترە!

- شەمە ٦ ئابی ١٩٨٨ — بەغداد — نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ ڕۆژی بێ ئومێدی بەعسە، پێم وابێ دەرگاکانی داگیرکردنی خاکی ئێرانی بە تەواوی بە ڕووی بەعسییەکاندا داخران، ئاگربەستیان ڕاگەیاند.

- پێنج شەمە ١١ ئابی ١٩٨٨ — بەغداد — نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ یەکێك لە پزیشکەکان هات و کوڕی خۆی لەگەڵدا بوو، تەمەن نۆ یان دە ساڵان بوو، کوڕەکەی بەو دەچوو لە ڕەنگدا و زۆر ئەسمەر بوو، یان بڵێ ڕەش پێست بوو، پزیشکەکە بە کوڕەکەی وت ئەوانە دیلی ئێرانین، منداڵەکە بە شمشێری پلاستیك هێرشی کردە سەرمان و لە سەر و دەموچاومانی دەدا!

باوکەکە چاودێری بوێر و چاونەترسی کوڕەکەی دەکرد، زۆر پێکەنی و بریسکانەوەی ددانەکانی چاکتر دەرکەوت لە نێو ڕووخساری ڕەشی!!

مەنسوری دیلی خوزستانی، هەڵسا بە وەرگێڕانی وتەی پزیشکەکە کە دڵخۆش دیاربوو بەهۆی کوڕەکەی و دەیویست خەیاڵمان ئاسودە بکات، پاساوەکەی لە کردارەکەی ناشرینتر بوو: ئەم منداڵە ڕقی لە ئاگرپەرستانە، پێم نەوت لێت بدات، بەخۆی وا پێگەیشتووە، ڕقی لە ئێرانیەکانە!!

منداڵەکە بەردەوام لە شەڕ تا ماندوو بوو و کشایەوە! ئای چەند حەزم دەکرد شەقە زللەیەکی لێ بدەم هەرگیز لە بیری نەکات!!

لە شەوی ڕابردووەوە ئەحمەد فروزان و سەید شەریف پنجەبندم[1] لە جیهانی خەوندا بینی، ئەحمەد خۆشەویسترین هاوڕێم بوو، لە هەموو کاتێك زیاتر من پێویستیم پێ بوو.

ئاخ چەند عاشقی دیداری ئەوم؟! ڕۆژانێکی سەختمان بەیەکەوە بەسەر برد لە بەرەکانی باشور و خۆرئاوا، هەژدە مانگ لە خۆشترین یادەوەریەکانی هەرزەکاریم بوو لەگەڵ ئەحمەد بەسەرم برد.

لە زستانی ١٩٨٧ هاتینە نێو خاکی عێراق بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەیەك، هەرگیز گریان و فرمێسکەکانی ئەحمەدم بیر ناچێتەوە دوای شەهیدبوونی سەید شەریف.

لەم ساڵەدا ئێمە لەگەڵ کوردەعێراقییە بەرهەڵستکارەکان بووین لە نێو کوردستانی عێراق، سەید شەریف نوێژەکەی زۆر بە چاکی بەرپا دەکرد، لەو کاتەدا ساچمەی گوللە هاوەنی بەرکەوت و شەهید کەوت و لە نێو خوێنە پاکەکەی سور هەڵگەڕا.

---

(١) شەهید سەید شەریف پنجە بند یەکێکە لە ئەندامانی ئیتلاعات، لە لیوای ٤٨ فەتح و لە ئازاری ١٩٨٧ شەهید بوو لە ناوچەی (ماورت) لە کوردستان، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە وەسیەتنامەی شەهید:
داوا لە دایك و باوك و برا و خوشکانم دەکەم لێم خۆشبن، گەردنم ئازاد بکەن، بەتایبەت دایکە بەسۆزەکەم، هەروەك داوا لە هاوژینە خۆشەویستەکەم دەکەم کە نەبوومە هاوسەرێکی باش بۆی، لەم ماوە کورتەدا گەردنم ئازاد بکات، لە دوای من ئازادە.
دوا گوتارم بۆ بێ بەشکراوان و لاوازکراوان ئەوەیە لە پێناوی خوا ببەخشن.
هیوام وایە (٥٠٠٠ تومەن) لە سامانی من بخەنە سەر حیسابی بەرەکە.
هیوادارم ڕۆژووی ٣٤ — ٣٨ قەرەبوو بکرێنەوە.
داوا لە خوای پاك و بێگەرد دەکەم بە شەهیدی ڕێگەی خۆی دابمنێت.
کتێبی: آثار ووثائق الشهداء، محافظة کهکیلویع و بویر أحمد، الدفتر الأول، ص ٥٩٨.

زۆربەی هاوڕێیانم بوونە سەهۆڵ بەهۆی زۆری و بەرزی پلەی سەرما، ئەحمەد خاوەن لێهاتووییەکی جەستەیی بەرز بوو، بە یارمەتی یەکێك لە هاوەڵانی لە هەوالگری توانی لاشەی شەهیدەکە هەڵبگرێ، بەرزاییەکان و ناوچە چیاییەکانی بڕی، کە بەفر دایپۆشیون و گەیشتنە ڕێگەی گشتی.

جەواد عەزیمی سەرۆکی پرۆسەکانی لیوای کوردی کە تراکتۆرەکەی لێدەخوڕی وتی: هەر چەند پارەت دەوێ پێت دەدەم بەرامبەر گواستنەوەی لاشەی ئەم شەهیدە، نازانم پارەکەی چەند بوو لە دیناری عێراقی.

ئەحمەد وتی: ئەگەر عەزیمی فەر نەبووبایە ئەوا لاشەی سەید شەریف لەم شوێنە دەمایەوە!

ئەمە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە بوو لە جەنگی بەرگری پیرۆزدا، جێگەی ئەو بەتاڵ بوو، کاتێك بەعسییەکان هێرشی پێچەوانەیان کرد لە دوورگەی مەجنون، بۆ یەکەم جار چاوم بە ئەحمەد کەوت لە پرۆسەکانی کەربەلای چوارەمدا بوو، لە دوورگەی ((مینو)) و لەم پرۆسانەدا ڕووبەڕووی هێرشی کیمیایی بووینەوە و دەمامکمان پێ نەبوو. ئەحمەد دەرزیەکی ئاتروبین و ئەمیل نتریتی لێدەدام، دوای پرۆسەکانی کەرەبەلای چوارەم بەیەکە لە نەخۆشخانەی شەهید کلانتری هەڵاتین و گەڕاینەوە بارەگای لیوای نەکنیکی!

ئەمرۆ باسی یادەوەریەکانی خۆم کرد لەگەڵیدا بۆ باقر دڕەخشان، ئەحمەد تەنها بە سێ هەفتە پێش شەهیدبوونی ڕۆیشتە ماڵمان و فاتیحەی لەسەر گیانی خوێندم! باوانم بەم شێوەیە پێیانم وتم، زۆر خەمبار بوو و فرمێسکی زۆری بۆ ڕشتم، تەنانەت لەبەردەم خانەوادەکەم لە خوا پاڕاوەتەوە لە دوای مردنی من بە زیندووی نەیهێڵێتەوە،

نامەیەکی بۆ براکەم شوجاعەدین نارد بە شەش ڕۆژ پێش شەهید بوونی و شاراوەکانی دڵی خۆی پێی ڕاگەیاند(١).

- دوو شەمە ١٥ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ دووی مانگی موحەڕەمی قەدەغەیە، عەزیز ناسری پزیشك هاتە ژوورەوە، کەسێکی لەگەڵدا بوو، پۆشاکێکی مەدەنی جوانی لەبەردابوو، پێش ئەم جارە هیچ کاتێك نەمبینی بوو، پزیشکەکە داوای لە من و قاسم فەقیە و ئەحمەد کرد، کە ئێمە تەمەن بچوکترین بووین لە هۆڵەکە، وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیە عێراقیەکە بدەینەوە، کە هاتووە بۆ ئامادەکردنی تێزی دکتۆرا، پێم وابێ بابەتی تێزەکەی لەسەر جەنگ و دیلە بچوکەکانە.

(١) شوجاعی خۆشەویستم؛ ئەو ماوەیەی لێتان جیا بوومەتەوە، هیچ جیاوازیم نەکردووە لە نێوان شەو و ڕۆژدا، سوێند بە خوا ئەمە تاکە ڕاستیە بەردەوام لە نێو خەیاڵەکانی ڕابردوودام و ڕۆحی برای مەعنەویم (ناسر) هەردەم هاودەمی منە، لە ڕاستیدا دڵم دەڕوخێ و لێم جیا دەبێتەوە بەهۆی ئەو شەپۆڵە سۆزەی هەمە بەرامبەر ناسر، لەو نزیکانەی لە نێو دڵمدا دەڕوخێم، ئەگەر هەموو ئێران شەهید بێ خەم ناخۆم، بەڵام شەهید بوونی ناسر لە ناخەوە منی شڵەژاند، ەر چەندە یەکەم تیر لە شەهید بوونی سەید هیدایەت و شەهید سەید شەریفەوە بوو، بەڵام ئەم تیر بەر چاوم کەوت و گیانی لێسەندمەوە، دوێنی کە لە نێو توتۆمبێلدا بووم ئەوم یاد کردەوە لەگەڵ هاوڕێیانم، کۆڵێك فرمێسکم بۆ یادی ئەو لاڕشت، پرسیار دەکەم بۆچی شوجاع نامەی بۆ نەناردم کاتێك گەیشتمە ژووری نامەکان، نامەی تۆیان پێدام، سەردانم کرد و سوودم بینی.
براکەم دڵی باوانت شکاوە، زۆر لەگەڵیاندا دابنیشە، چونکە ئەمە مەلحەمی دڵە شکاوەکانە.
سکاڵا و خەمی خۆ بڵاودەکەمەوە بۆ گۆڵەکانی شۆڕشی پێگەیشتوو، ئەو گوڵانەی بە فیشەکانی نامۆکان بڵاو بوونەتەوە.
ئەمە گفتوگۆیەکە لەگەڵ شەهیدان شەریف (پنجە بند) و هیدایەت (حوسێن) و ناسر (حوسەینی).
ناسری خۆشەویست و ئازیزم! ڕۆیشتیت و ڕووخسارت لە ڕوومدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕۆیشتی و خەم و خەفەتت لە دڵمدا جێهێشت.

پاساوی به بەشداری ئێمە لە جەنگدا بەوەدا، کە لەشکری ئێرانی دەستەوەسانە لەوەی بە تەنها بتوانێ بەرگری بکات لە سنوورەکانی ئێران، هەر بۆیە قوتابیەکان لە کورسیەکانی خوێندن هێنراونەتە دەرەوە و فڕێدراونەتە نێو تەنورەکانی جەنگ بە زەبری هێز!

پرسیاری فرە جۆری ئاراستەی ئێمە کرد، ژیریەکی تایبەتی هەبوو، دەیویست بزانێ، چۆن هێزە خۆبەخشەکان هەروەك لە عێراق بە لەشکری جەماوەری (شەعبی) ناسراوە، چۆن دەتوانن ببێتە هێزێکی گورز وەشێنتر و بەهێزتر لە لەشکر؟

وەزارەتی بەرگری و هەوالگری ڕێگەیان پێدا بوو بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دیلە کەم تەمەنەکان و تەواو کردنی تێزە زانکۆییەکەی، ئەوەی دەمانوت ئەو دەینوسیەوە، بەدڵنیایەوە نازانین چەندە متمانە پێکراو و بەویژدانە، هۆکارەکانی بەشداربوونمان لە جەنگ و گوێڕایەڵی ڕەهای هێزەکانی بەسیج بۆ ئیمامی خومەینی و... تۆمار دەکرد.

قاسم لە وەڵامی پرسیاری ئەودا لەبارەی پاڵنەرەکانی هاتنی بۆ جەنگ، بە زمانی شیرینی خۆی وتی: من هۆکار و مۆکار ناناسم! هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ئێمە هاتووین بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان!!

نیشانەکانی سەرسوڕمانیمان لە دەموچاوی ئەودا بینی، لە کاتێکدا گوێی دەگرت بە جۆش و خرۆش و بڕواوە بۆ ئەوەی دەمانوت!

پێم بڵێ: پرسیارێکم هەیە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە بابەتی تێزەکەوە، تۆ هێشتا گەنجی، قاچت لەدەستداوە، کەس نازانێ چەند لە دیلایەتیدا دەمێنیەوە، ئایا خەمبار نیت؟ هەست بە پەشیمانی ناکەی؟

- هەرگیز! بۆچی هەست بە پەشیمانی بکەم.
- ناتوانم درك بەمە بکەم!
- بەویستی خۆمان هاتووینەتە بەرەکانی جەنگ و ئەوەمان لە حیسابدا داناوە کە شتی وا ڕوودەدات!

قوتابیەکە هۆڵەکەی جێهێشت و پێم وابێ شتێکمان لە ناخیدا جێهێشت، بەبڕوای من ئێستا ئەو تاوتوێی شتێك دەکات لە ناخیدا، سەبارەت بەوەی بینی و گوێبیستی بوو لە تازەپێگەیشتووان، کە چۆن هاتوونە جەنگ بە ورەیەکی تۆکمەی خاونەبووەوە؟!

لە شەوی ڕابردوو سرودێکی حوسەینیم بۆ هاوڕێیانم وت.

- هێشتا دەنگ هەر دێت ئەی حوسێن! گیانم فیدات بێ ئەی حوسێن!
هێشتا دەنگ هەر دێت ئەی حوسێن! گیانم فیدات بێ ئەی حوسێن!

لەم سرودەدا لاسایی دەنگی حاجی سادق ئاهنگرانم دەکردەوە، کە لە نێوان جەماوەری جەنگاوەراندا دەموتوە.

عەبدولجەبار منی ڕاکێشا بۆ دەرەوە و بە توندی شەقە زلەیەکی لێدام و هەڕەشەی لێکردم ئەگەر ئەمە جارێکی تر دووبارە بکەمەوە، ئەوا خراپم بەسەر دێنێت، لە ناخی خۆمدا گاڵتەم پێکرد، ئەمە مانگی موحەڕەمە، کاتی ڕەتکردنەوە و گریان و فیداکارییە!سوربووم لەسەر دووبارە کردنەوەی سرودەکە، نرخی عەبدولجەبار چییە ئەگەر زەبردەستیش بێ!

لە تۆفیق ئەحمەدم بیست کە شیعە لە مانگی موحەڕەم دەناڵێنن بەدەست تەنگ پێهەڵچنین، شەوی ڕابردوو عەبدولجەبار هاتبوو و لە پشت پەنجەرەوە منی بینی کە سرود بۆ حوسێن سڵاوی خوای لێبێ دەڵێم، سەری منی لە دەسکی پەنجەرەکەدا، ئینجا

دەستی کرد بە مشتومڕ کردن لەگەڵماندا لەبارەی ڕۆژی عاشورا و ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ و ئێرانیەکان.

عەبدولجەبار وتی: ئیمامی حوسێن عەرەبە و لە ئێمەیە و چ پەیوەندیەکی بە ئێرانیەکانەوەیە؟

بە ترسەوە پێم وت: ئیمامی حوسێن بۆ هەمووانە.

باقر درەخشان وتی: ئەی چی لە خۆشەویستی خۆمان بکەین بۆ ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ.

هادی گنجی پێی وت: من کوڕی ئیلامم، لەسەر لافیتەیەکی سەر ڕێگایەکە نووسراوە سنووری بەرەو کەبەرلا ٥٠٥کم.

- سێ شەمە ١٦ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – نەخۆشخانەی ڕەشید

ئەمرۆ سێیەم ڕۆژە لە مانگی موحەڕەم، سروحی (لاواندنەوە)ی (قەسیدەی حوسەینی)م بۆ هاوڕێیانم وت: دڵنیابووم عەبدولجەبار توڕە دەبێ:

کاتێك منداڵ بووم، لە دە ڕۆژی سەرەتای موحەڕەم شیعرە حوسەینیەکانم دەوت لە مزگەوتی ئیمامی سەجاد سڵاوی خوای لێبێ لە گەڕەکەکەمان، دواتر کاتێك ڕۆیشتمە بەرەکانی جەنگ من (شیعر بێژەر)ی دەیەی یەکەم بووم لە موحەڕەمی ساڵی ١٩٨٦ لە ناوچەکانی جەنگیەکانی باشور و لە ساڵی ١٩٨٧ لە کوردستان.

کاتێك شیعرە حوسەینیەکانم دەخوێنەوە، لاسایی ئاهەنگرانم دەکردەوە، هاوڕێیانم فرمێسکیان هەڵدەڕشت لە هۆڵەکە وەك لاواندنەوە و کروزانەوە بۆ ڕۆژانی خەندەق و ئێمە کە بەرەنگاری بەعسییە هێرشکەرەکان دەبووینەوە.

هێشتا دەنگ هەر دێت ئەی حوسێن! گیانم فیدات بێ ئەی حوسێن!

لەو ڕۆژانەدا شیعرەکانی حاجی سادق ئاهنگرانم دەخوێندەوە بە بۆنە و بەبێ بۆنەش هەر دەمخوێندەوە.

من لەبەرم کردبوون پێش ئەوەی بچمە بەرەکانی جەنگ، کاتێك ڕۆیشتمە بەرەکانی جەنگ، ئەم قەسیدانەم دەوت بەر لەوەی پڕۆسەکان دەست پێ بکەن، هاوڕێیان پڕاو پڕ دەبوون لە جۆش و خرۆشی، براکەم سەید هیدایەتوڵا هەموو تۆمارکراوەکانی[1] حاجی سادق ئاهنگرانی کۆکردبووە، هەر بۆیە هیچ قەسیدەیەکی حوسەینی نییە ئەزبەرم نەکردبێ.

---

(١) براکەم سەید هیدایەتوڵا زۆر عاشقی قەسیدەکانی حاجی سادق ئاهنگران بوو، لەوانەیە تاکە کەسی گەڕەکەکەمان بێ هەموو شریتەکانی حاجی سادقی هەبووبێ، ئەوەی نوێبوو ئەو تۆماری دەکرد و بۆ کتێبخانە دەنگیەکەی زیادی دەکرد، تا ڕۆژی مردنی لەم کارەی نەوەستا، چەندین جار وا ڕێکەوتووە دەنگی ئاهنگرانی بیستووە لە ڕادیۆ و ڕایکردەوە بۆ تۆمارکردنی دەنگەکە، کاتێك دەمانبینی لە ماڵەوە ڕادەکات، واتە دەیەوێ قەسیدەیەکی نوێ بۆ ئانگران تۆمار بکات!

لە موحەڕەمی ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ گودرزی نوری کە هەمان خولیای هەیە بۆ حاجی سادق، ڕۆیشتن بۆ شاری ئەهواز، گودرزی دەڵێت: ڕۆیشتینە نێو حوسەینیەی سەئرۆڵا سێ کاتژمێر پێش ئەوەی ڕێوڕەسمەکە دەستپێ بکات، بۆ ئەوەی لە نیوەی یەکەم بین، دوای چەندین ساڵ کاتێك گەیشتم بە حاجی سادق قسەم لەگەڵدا کرد لەبارەی یادەوەریەکانی برای شەهیدم و خۆشەویستیەکەی بۆ حاجی سادقی ئاهنگران، ئەویش گریا.

لە ساڵی ٢٠١٠ حاجی سادق بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و پێی وتم: ماوەیەك شریتەکانم کۆ دەکەمەوە، ئیبڕاهیم سنائی پێی وتوم، برای شەهیدت هەموو شریتەکانی منی پاراستووە، من وەك سپاردە دەمەوێ.

پێم وت: تۆ نەتپاراستوون، وتی: نەخێر، وتم: ناوەندی پاڕانەوە بۆ بەرە و جەنگەکان؟ وتی: نەخێر لای ئەوانیش نین، وتم: دوودڵ مەبە شەهید هیدایەت ئەرشیفێکی تەواوی لایە لە شریتەکانی تۆ، بەسەر چاوانم ئەی حاجی لە هەفتەی داهاتوو دێمە ئەهواز و لەگەڵ خۆمدا بۆت دێنم، وتی: تکایە ڕادەستی ئیبڕاهیم سنائی بکە و ئەو دەیگەیەنێ بە دەستم، بە خەیاڵی شەهیدا نەدەهات ڕۆژێك حاجی سادق ئاهنگران داوای قەسیدەکانی لێدەکات، کاتێك ئەمەیان بە دایکی شەهید ڕاگەیاند گریا و وتی:

کاتێك دەستم دەكرد بە وتنی شیعرەكانی حوسەینیە، هەندێك پاسەوان کۆدەبوونەوە لە پشت پەنجەرەکە، جگە لە عەبدولجەبار و تۆفیق ئەحمەد نەبن، لەوانەیە وا هەستیان كردبێ من گۆرانی دەڵێم و لاسایی تورداریوش دەكەمەوە یان... هەندێكیان وتیان: خۆشە خۆشە، جاری پێشوو لەتیف دەهقان هەڵسا بە وەرگێڕانی شیعرەكان بەشێوەیەك كە ماناكەی هیچ پەیوەندیان نەبوو بە شیعری حوسەینیەوە، چونكە ئەگەر شیعرەكانی ئاهەنگرانی وەك خۆی وەرگێڕابایە ئەوا كێشە بۆ ئێمە دروست دەبوو، ئەم جارە هەندێك شیعری ((پروین ئیعتسامی)) وەرگێڕا.

ئەم ڕۆژە ئەركی لەتیف سەخت بوو، وەرگێڕانی شیعرەكانی ئاهنگرانی سەراوژێر كردبوو، خەریكەكاریگەریان لەسەر هەبێ، تەنها عەبدولجەبار نەبێ كە بە توونەدی سەیری ئێمەی دەكرد، وتی: لەتیف! ئایا ئەمە شیعری جەنگە؟! لەتیف نكۆڵی لێكرد، عەبدولجەبار وتەكەی بەردەوام كرد: ئەمە شیعری جۆش و خرۆشییە!!

ڕێكخراوی دووڕووان لە میانەی تەلەفزیۆنەكەیان ((ئەلمقاوەمە))، كە لە بەغدادەوە پەخش دەكرد، هەڵسا بە ئامادەكردنی بەرنامەیەكی تایبەت، تیایدا قسەی دەكرد لەبارەی ڕۆڵی سادق ئاهنگران لە زیندووكردنەوەی جۆش و خرۆش لە ناخی هێزەكانی بەسیج و بەهێز كردنی گیانی بەرەنگاربوونەوە و شەڕكردن لەلایان، پرسی بولبولەكەی خومەینی ناوی دەركرد، ئەم بەرنامەیە زیاد لە جارێك پەخشكرا.

لە ناخی خۆمدا وتم ئەو فیلمەی ڕەزا مەنتقی تۆماری كردووە، كە تا وێنەگر بوو لە لیوای فەتحی ٤٨ فەتح، پێش دەستپێكردنی پرۆسەكانی كەربەلای چوارەم، كێشەم بۆ دروست بكات ئەگەر كەوتبێتە دەستی بەعسییەكان، لەو ڕۆژدا بە پێداگیری ڕەزا هەڵسام بە وتنی شیعرە حوسەینیەكان بۆ هاوەڵانم لە یەكەی تێكدانی سەر بە لیوای ٤٨

---

- هەزار جار سوپاسی خوا دەكەم، شریتەكانی ئاهنگرانی بۆ گێڕایەوە.

فەتح: ((ئەی ئەوانەی گیانتان پەخش دەکەن، حوسێن سەرتان دەخات و خوا دەتانپارێزێ))، ڕەزا کە ئامادەی وتنی شیعرە حوسەینیەکانم بوو، دێرێکی زۆر دووبارە دەکردەوە ((ئامادەم بڕۆم بۆ مەیدان))، ((ئامادەم بە پاشەڕۆ ڕووی دوژمنان سواغ بکەم))؛ داوای لێکردم شیعرەکان دووبارە بکەمەوە لە دوای وێنەگرتنەکە، لە ناخی خۆمدا وتن: ئەی ڕەزا خۆ ئەگەر فیلمەکە بکەوێتە دەستی بەعسییەکان ئەوا ڕووخسارم بە گڵ سواغ دەکەن بە یەك فیشەك.

لە ڕووی وێنەگرتنەکەوە من زۆر دڵخۆش بووم، چونکە خانەوادەکەم یادەوەری کوڕەکەیان بەدەستدەگات و لە خەیاڵیاندا دەمێنێتەوە کە تەمەنی بیست و چوار ساڵانە.

لە ئێوارەدا لەتیف هات و وتی: سەید زۆر هەوڵمدا لە وەرگێڕانی قەسیدەکانی ئاهنگران بەشێوازێك کە گومان نەنێتەوە، بەڵام پێم وابێ ڕاستیەکەیان زانیوە، دەزانن من درۆ دەکەم، ئەگەر متمانەی خۆم لە دەست بدەم، ئەوا ئەمە بە زیان بۆ هەمووومان دەشکێتەوە.

- پێت وایە ئەوان زانیویانە من شیعرەکانی ئاهنگران دەخوێنمەوە!
- بەڵێ.
- کاتێك تۆ ئاهنگران دەخوێنیەوە، ئەوا من ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم بۆ وەرگێڕانی بەشێوەیەك کە گومانیان بۆ دروست نەبێ لە وەرگێڕانەکەم بۆ شیعرەکان، بەڵام ئایا چ لە وشەکانی وەك کەربەلا و ئیمامی حوسێن بکەم، ناتوانم بیانگۆڕمەوە بە ناوی تر بە پاساوی وەرگێڕان.

بێ دەنگ بووم، نامەوێت عێراقییەکان متمانەیان بە لەتیف دەهقان نەمێنێ، بوونی ئەو بۆ بریندارەکان گرنگە، دەکرێ قوربانی بە ئاهنگران بدرێ بەڵام بە لەتیف

**نا؛ وشەکانی وەك ئیمامی حوسێن، کەرەبەلا، قودسی دەسرپیەوە، بەڵام بە پرسیارەوە قسەیان لەگەڵ لەتیف دەکرد: بەڵام ئێمە گوێبیستی حوسێن و کەربەلا و قودس دەبین لە شیعرەکانید!**

**لە کاتی خۆرئاوابووندا، عەبدولجەبار بانگی کردم و وتی: لەتیف هەوڵ دەدات یارمەتیت بدات، بەڵام تۆ سوری لەسەر وتنی شیعری پڕ جۆش و خرۆشی ئاهنگرانی خومەینی؟**

- **بەڵام من شیعرەکانی ئاهنگرانم نەخوێندۆتەوە.**
- **سوێند بە حوسێن دەخۆیت!**
- **سوێند ناخۆم!**
- **کەواتە تۆ شیعرەکانی ئاهنگران و قەسیدەکانی موحەڕەم دەخوێنیەوە!**

**عەبدولجەبار دوو جار بە توڕەیی شەقە زلەیەکی لێدام، وا هەستم کرد پەردەی گوێچکەم تەقیوە، دەستە جنێوێکی پێدام، کاتێك گەڕامەوە هۆڵەکە، شوێنەواری دوو شەقە زلەکەم پێوە دیار بوو، ئەوەی ڕوویدا بە هاوڕێکانم وت و بە درێژایی مانەوەم لە نەخۆشخانە چیتر سەرکێشیم نەکرد بە وتنی شیعرەکانی ئاهنگران.**

**تۆفیق ئەحمەد پارچە کێکێکی بۆ هێنام، ڕۆژ دوای ڕۆژ پەیوەندی من لەگەڵیدا بەهێز دەبوو، تۆفیق زۆر کاریگەر بوو بە خۆشەویستیمان بۆ باوکی عەبدوڵای حوسێن، پێی وتم: لە سەرەتاوە درکم بەوە کرد خوا ئێوە لەم جەنگەدا سەرشۆڕ ناکات، چونکە خومەینی لە پیاوەکانی خوا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دوور دەخرێیەوە، دواتر خوای مەزن وایخواست ببێتە سەرکردەی ئێران، دوای هەڵاتنی شا زانیم خوای پاك و بێگەرد لەشکرەکەمان سەر شۆڕ دەکات، ئەمەش کاتێك بینیم سەمیرە تۆفیق و مى ئەکرەم لەگەڵ هاوسەرە بێ ڕەوشتەکەی چۆن ئاهەنگی سەمای ڕێکدەخست لەبەرەی**

مهران، كاتێك ئێران مهرانی گرتەوە، سەدام زیاء تۆفیق ئیبڕاهیم بەرپرسی فەیلەقی دووەم و ژمارەیەكی زۆری تری لە سێدارە دا، دوای پاشەكشەی هێزەكانمان لەسەر تابۆتەكانیان نووسرا بوو (ترسنۆكەكان) ئەو كاتە زانیم خوا ئێوەی خۆشدەوێ، سەربازەكانمان پێش ئەوەی ئێوە بیانكوژن یان سەدام بیانكوژێ، ئەوا لە ڕاستیدا قوربانی لەخۆبایی بوونی سەدام ئارەزووی فراوانخوازیەكەی بوون.

- چوار شەمە ١٧ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

ئەمڕۆ هاتن بۆ ڕشاندنی میكرۆب كوژەكان، بۆنی ژەهراوی بڵاو بووەوە، لوتەكانیان دەڕوشاند، ئەمەش پاڵی بە پاسەوانەكانەوە بچنە نێو ژوورەكانیان.

یەكێك لە برینداڕەكان كە نەوەی شاری ساوە بوو، بارودۆخی زۆر خراپ بوو، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بوو هیچی نەخوارد بوو، هەوڵی هاوەڵانی شكستیان هێنا بۆ خواردنی خۆراك، وای لێهاتبوو تەنها وەك پێست و ئێسك مابوویەوە، توانی ڕۆیشتنی یەك هەنگاویشی نەبوو، هادی گنجی و باقر درخشان ئەوی هەڵدەگرت بۆ ڕۆیشتن!.

## بەشی شەشەم

## بەغداد

# گرتووخانەی ڕەشید

ژمارەی ژووری بەندیخانەکەم چوار بوو، سەرۆکی پاسەوانەکان هاتە ژوورەوە و دەنکە فستەقەکانی دەشکاند، بە دەمە پان و پۆڕەکەی، هەستم بە تامی فستەقەکە کرد لە دەممدا، هێشتا هادی گنجی کارە کەسییەکانی ئێمە دەکات، خۆراکمان بۆ دێنێ بەشی ئێمە وەردەگرێ لە نان و یارمەتیمان دەدات بۆ دەست بەئاو گەیاندن و لەلامان دەخەوێ، تا پێ لەقەی ئەوانیترمان بەر نەکەوێ.

ئەمڕۆ کەسێکی پارێزگای گیلانم ناسی، خەڵکی شاری (سومعە سرا) بوو، ناوی عەباس گلزار پور سادقی بوو[1] لە هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش (سوپا) بوو، دواتر زانیم لە سەرکردەکانی بارەگای ڕەمەزانە، چاوەکانی سەوز و پرچی زەرد بوو.

کاتێك دیل بوو، پۆشاکی پاسەوانی شۆڕشی لەبەردا بوو، نکۆڵی نەکرد لەوەی سەری بە پاسەوانی شۆڕشەوەیە؛ بڕوای بە خۆپارێزی و توقیە و ئەم جۆرە شتانە نەبوو، ڕیشە ئاڵتونیەکەی ئەوی دووچاری کێشە کرد، ئەفسەرەکانی هەواڵگری ڕیشەکەیان سوتاند دوای ئەوەی جنێوی بە ئیمام نەدا.

عەباس بابائی وتی: سەرچاوەی لاسایی کردنەوەمە و سەرچاوەکەم جنێوباران ناکەم!

کاتێك زانی من ئەندامی هەواڵگریم، زیاتر متمانەی پێکردم و چۆنیەتی بە دیلگیرانی خۆی بۆ گێڕامەوە، زۆر بە بەخت بووە کە بەعسییەکان هەر نەیانکوشتووە.

(١) دوای ئەوەی لە دیلایەتی ڕزگار کرا، جێگری سەرۆك لیوای ٢ فیرقەی ١٦ قود گیلانی پێدرا و دواتر خانەنشین کرا.

عەباس نەخشەیەکی سەربازی و چل هەزار دیناری عێراقیشی پێبووە، لە ڕێگادا بووە بۆ ئەوەی چاوی بە بەرهەڵستکارێکی کورد بکەوێ، وا بڕیار بوو نەخشە سەربازی ناوچەکەی پێبدات لە پێناو ئەنجامدانی کردە و پرۆسە لە شاری کەرکوك.

لە ناکاو عەباس شۆکی گرت بەهۆی ئەوەی بینی هەلیکۆپتەر بەسەر سەریەوە دەخولێتەوە، دەستگیر کراوە لە کاتێکدا نەخشەی سەربازی و پارەی عێراقی پێبووە، کاتێك سەرکردە بەعسییەکە ئەم بڕە پارە زۆرەی بینی، وا هەستی کرد گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە!! عەباس وتی: ئەفسەرەکە بە تەواوی هاوسەنگی خۆی لە دەستدا، نەیدەزانی چی بکات؟ چلێسی لە چاوەکانی دەدرەوشایەوە و ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا کرد! بە دیلەکەی وت هەموو بەڵگەنامە و پەڕاوە مەترسیدارەکان لەناو دەبات لە بەرامبەر نەوتنی بڕە پارەکە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا: لە ڕاپۆرتەکەمدا دەنووسم تۆ ئەندامێکی ئاسایی! دەستبەجێ عەباس ڕازی بوو و هەر دوو لا ڕێکەوتن، بۆیە دووچاری لێکۆڵینەوەی ترسێنەر و ئەشکەنجە نەبووەوە!

لە شەودا هاوەڵان لەسەر مافور خەوتن، بەتانیان پێنەداین، چونکە ئێمە تازە هاتبووین، عەباس بەتانیەکی پێدام، کردمە بالیف و دوای ئەوەی پێچام، لە کۆتایی شەودا لەسەر مافور خەوتین، بەتانی عەباس لالیف بوو بۆ حەوت کەس، شەوەکانی رەشید زۆر گەرم بوون، بەڵام وای لێهاتبوو بەرگەی دەگیرا بەهۆی گەرمی پەیوەندی نێوان هاوەڵان، لە گرتووخانەدا پانکەی هەوایی نەبوو، بەعسییەکان قولابەی پانکەی هەواییان لە گرتووخانەکەدا بەکاردەهێنا وەك ئامرازێك بۆ ئەشکەنجەدان، ئەو دیلانەی دانیان پێدا نەدەهێنا هەڵیان دەواسین.

کاتێك هاوەڵانی ئێمەیان ئەشکەنجە دەدا لە نێو ئەم گرتووخانەیەدا، بە عەباسم وت: سوپاسی خوا بکە تۆ بە دیل کەوتوویتە دەست سەرکردەیەکی چلێسدا!

- تۆ بە بەخت بووی.
- پێم وابێ لوتفی خوای پاك و بێگەردە.
- بەڵێ ئەمە لوتفی خواییە و من هەردەم سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەمە!

ئەو شەوە تەنها یەك پەرداخ ئاو بەشی من بوو، لەگەڵ قاسم فەقیە بەشمان کرد، داوام لێکرد بەشی خۆی لە ژێر قاچەکانماندا بڕشێنێ، تا خەوێکی سارد بشکێنین، ئەگەرچی کاتیش بێ، بەڵام لەم گەرمایە تووندەدا هەر خۆشە!

- یەك شەمە ٢٨ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

کات بە دەمی نیوەڕۆ بوو، دیلەکان هەموویان لە نێو ژووری بەندیخانەکاندا بوون، سەرۆکی پاسەوانەکان هاتنە ژوورەوە و ناوی منی هێنا، کاتێك ڕۆیشتمە دەرەوە، بینیم فەرماندەی گرتووخانەکە وەستاوە و داردەستەکەی لە ژێر هەنگڵیدایە، چاوە خڕەکانی سەیری بنی پێی دەکردم تا تەوقی سەرم، پەنجەی ئەسپێکوژ (ابهام)ی خۆی لەبەر پشتێنەکەی ڕاکردبوو، دوکەڵی جگەرەکەی لە لوتیدا فڕێدەدا و وتی:

- تۆ ناسر سلێمان مەنسوری؟
- بەڵێ گەورەم.
- لە هەواڵگری کارت دەکرد؟
- واهەستم دەکرد دڵم دادەکەوێ و تەنۆکە ئارەقی سارد لەسەر ڕووخسارم دەرکەوتن، ترس دایگرتم! لەگەڵ کەمێك تۆقین؟!

ئەفسەرەکە چەند وشەیەکی بە سەرۆك پاسەوانەکان وت، منیان ڕادەستی ڕێکخەران کرد، دوو ڕێکخەری بێریە سور منیان برد، ڕێگاکە دە خولەکی خایاند، ڕۆیشتمە نێو بینایەیەك لە دەوروبەری هەندێك درەختی دار خورمای بەرزی لێبوو، دیوارەکەی بۆیاغێکی کۆنی پێوە بوو، زۆربەی هەڵساوە و لێی بووەتەوە، دەستم بە

ڕۆیشتن کرد له نێو تونێلی دوور و درێژ بۆ زیاتر له پەنجا مەتر، زانیم گرتووخانەیەکی کۆنە، له هەر دوو لای تونێلەکه بەندیخانەی تاکەکەسی هەبوون؛ له کاتی ڕۆیشتنه ژوورەوه بۆ نێو بیناکه وێنەیەکی مەزنی سەدام هەبوو به پۆشاکی سەربازی و پله زۆرەکانی، له ژێر وێنەکه نووسرا بوو: موهیب ڕوکن...!! تابلۆیەك له دەروازەی بینایەکه هەبوو، لەسەر نووسرا بوو: ((بەڕێوبەرایەتی هەوالگری گشتی)).

دەرگای بچوك ڕیزبوو هەبوون، نیو مەتر یەك لەوەیتر جیا دەکاتەوە، لەسەر دەرگاکان پەنجەرەیەکی بچوك هەیە، دەکرێ له میانەیدا چاودێری بەندکراو بکرێ، بەندکەر بەندیخانەی پێش کۆتایی کردەوه و پێش ئەوەی منی بخەنه ناوەوە، منیان پشکنی و (گڵی کەربەلای) لێسەندمەوە، تۆفیق ئەحمەد بۆی هێنام له نەخۆشخانەی ڕەشید.

بەندیخانەکه تەنها جێگەی یەك کەسی تێدا دەبێتەوە، پاسەوانه بەندکەرەکه دەرگای له دوای خۆی داخست، ڕۆیشت و به تەنها مامەوە، نزیکەی حەوت کاتژمێر تێپەڕین!! بێ دەنگی تەواو باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا بوو، تەنها دەنگی کردنەوه و داخستنی دەرگای بەندیخانەکان دەهات.

برسی بووم، بەڵام تێنوێتیم زاڵتر بوو، پێم وابێ کاتژمێرێك یان زیاتر تێپەڕی بەسەر کاتی نوێژی نیوەڕۆ، ڕووگەم پێ نەدەزانی، له دەرگای بەندیخانەکەمدا، پاسەوانانی بەندیخانەکه هات و پەنجەره بچوکەکەی کردەوه و یەك شەپۆڵ جنێوی بەسەردا ڕشتم، ئەگەر بیانتوانیایه ڕێگریم لێبکەن له نوێژ کردن ئەوا ئەمەیان دەکرد، بەڵام ئەوەندەیان به بەس زانی (گڵی کەربەلا)م لێ بستێنن، تەیەمومم کرد و نوێژم له چوار ئاڕاستەدا کرد، دوای نوێژ خەوتم، نازانم چۆن خەوتم، بەڵام هەڵسامەوه له ئەنجامی کردنەوەی دەرگاکه، پاسەوانی گرتووخانەکه هەندێك وشەی وت لەگەڵ چەند ئاماژەیەك بۆ ئەوەی هەستم و وتی وەره لەگەڵم، لەگەڵێدا دەڕۆیشتم به هەنگاوی

یەکسان، منی بردە ژوورێکی مەزن لەلای دەروازەی بینایەکە؛ لە کاتی هاتنە ژوورەوەم چاوم کەوتەسەر سێ کەسی مەزن، یەکێکیان ئەفسەرێك بوو پۆشاکێکی سەربازی و کراسێکی نیو قۆڵی لەبەر بوو، لەتەنیشتیدا پیاوێك دانیشتووە دیشداشە و عەگالێکی، پیاوە بازنە لەسەرەکە قەڵەو بوو و ڕووخسار قەڵەو بوو؛ وەرگێڕەکە ئێرانی بوون، پۆشاکێکی جوانی مەدەنی ڕەنگ ڕەساسی لەبەردا بوو، لە تەمەنی چل ساڵیدا دەرکەوت، دانیشتوون لەپشت مێزەکە، لە کاتی ڕۆیشتنە ژوورەوەدا دیلێکم لە دۆخی هاتنە دەرەوەدا بینی، ڕووکەشی وا دیار بوو لێدانی لێدرا بوو، دەموچاوی شین هەڵگەڕاوە و چاوەکانی ماندوون و هەنگاوەکانی لەسەر خۆن و قاچەکانی ڕادەکێشێ، زۆر بەڕوونی ڕەنگدانەوەی ئەو ئازارانەیە کە بەدەستیەوە دەیناڵێنێ.

لە چاوەکانیدا هاوسۆزی ئەوم لەگەڵ خۆمدا بینی، کەسێکی ئێرانیە و یەك قاچی هەیە، ڕێگەیان پێدام دابنیشم لەسەر کورسیەکی نزیك مێزەکە، ئەو ئەفسەرە پرسیاری لێکردم، کە هیچ پلەیەکی سەربازی لەسەر شان نەبوو:

- تۆ ناسر سلێمان مەنسوری؟
- بەڵێ گەورەم!

بتڵێکی مەزن لە مەیی لەسەر مێزەکە بوو، لە شوێنی شەربەت پرتەقاڵ دانرابوو، کە ئەم جارە شوێنەوارەکەی ون ببوو، پێکێکی بۆ خۆی تێکرد و پرسیاری لێکردم: دەیخۆیتەوە؟

- من نایخۆمەوە.

زۆر بەساردی ئەفسەرەکە وتی:

- پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ تۆ ئەنجامدراون لەبەردەممدان، پەیامنێری عەلی هاشمی یان ئەندامێکی هەواڵگری و پڕۆسەکان؟
- لە مەیمونە پرسیاریان لەم بارەوە لێکردم، تۆ تۆمەتبارم دەکەی بەوەی من پەیامبەری عەلی هاشمیم، دواتر پێچەوانەی ئەمە چەسپا، بە لێکۆڵەرەکەم ڕاگەیاند من لە هەواڵگریدا کارم دەکرد.
- واتە تۆ بەڕاستی هەرگیز پەیامبەر نەبوویت؟
- ئەگەر من پەیامبەر بووبام ئەوا بەئێوەم ڕادەگەیاند!
- کەواتە بۆچی کارت دەکرد لە یەکەیەکی شەڕکەردا؟
- هیچم لەلا نییە بیلێم؟
- بۆچی وتوتە تۆ لە فەوجی تایبەتی فەوجی شەهیدان بوویت، ئایا ئەمەت لە لێکۆڵینەوەدا نەوتوە؟
- درۆم کرد تا ئازارم نەدەن!
- کەواتە بۆچی دوای چەند کاژمێرێك و لە ئێوارەی ڕۆژی لێکۆڵینەوەدا وتوتە من ئەندامی هەواڵگریم.
- دیلە خوزستانیەکە منی تۆمەتبار کردووە بەوەی من پەیامبەری عەلی هاشمیم، بەڵام من جگە لەمەم چەسپاند و دانم بە ڕاستیدانا، لەسەر تاوانی کەمتر سزای سوکتری!

ئەفسەرەکە جگەرە دوای جگەرەی پێدەکرد و دوکەڵەکەی ئاڕاستەی من دەکرد، وتی:

- ئێمە لە دانپێدانانەکەتدا بڕوات پێ دەکەین، تۆ پەیامبەری عەلی هاشمی نەبوویت، بەڵکو تۆ ئەندامێکی هەواڵگری یەکەکەتی، وانییە؟
- بەڵێ ڕاستە.

مکوڕ بووم لەسەر وتنی ڕاستی، چونکە شاردنەوەی هەندێك ڕاستی واتە لێدانی پڕ ئێش، هەر بۆیە بڕیارمدا ڕاستگۆ بم لە هەموو شتێکدا، جەنگ کۆتایی هات و چیتر بەهایەك بۆ نهێنیە سەربازیەکان نەمایەوە.

ئەو پیاوەی دیشداشەکەی لەبەردا بوو، چاوەکانی زیرەکیان لێ دەبریسکایەوە، ئەفسەرەکە وتی:

- ئێمە جەختمان لەوە کردەوە و دڵنیابووین لەوەی تۆ پەیامنێری عەلی هاشمی نیت، بەڵام چەند پرسیارێکمان هەیە، دەمانەوێ بە وردی وەڵامی بدەیتەوە!

ئەفسەرەکە پێشەکیەکی باس کرد، لەبارەی بابەتەکە و وتی: جەنگ کۆتایی هات و هەرچی زانیاری پەیوەستە بە بەرەکانی شەڕ و ناوچە جەنگییەکان وەك شتی سوتاوی لێهاتووە، هیچ بەهایەکی سەربازی نەماوە، ئەوەی ئێستا لەلامان گرنگە سیخوڕەکانتانە لە عێراق، هێشتا ئەمە بایەخی هەبوو؛ ژمارەیەك هەواڵگری ئێوە هەن لە ڕۆژانی جەنگدا دەهاتنە نێو عێراق، ماوەیەکی زۆر بەسەر دەبەن، زۆربەی جاران ئەندام و خزمی نزیکی تێکۆشەرانن لە فیرقەی ٩ بەدر و کارمەندانی هەواڵگری دەهاتنە گوندەکانی (حەسان) و (زجیە) و (ئەبو سەعید)، هەندێکیان چەند مانگێکی دوور و درێژ دەمانەوە لەلای ئاوەکانی عەمارە و ناسریە و قرنە؛ ئێستادەمانەوێ زانیاریمان پێدەی سەبارەت بەوەی ئەوان دەچوونە کوێ و لای کێ؟! ناوی ئەوانم دەوێ ئەوانەی شوێنتان بۆ دابین دەکەن.

بێ دەنگ بووم و بە سەرسامیەوە سەیری ئەوانم دەکرد، ئەمانە چیان دەوێت؟ قسەکەی دووبارە کردەوە و وتی: ئێستا زانیاریمان دەوێ لەسەر ئەمانە، نەکەی درۆ بکەیت! نەڵێی من نازانم! ئەگەر هاریکاریمان بکەی ئەوا دەتگێڕمەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیانت بی و وازت لێدێنین.

وا دەردەکەوێ بەعسییەکان هەلی خۆیان دۆزیوەتەوە، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی حیسابەکانیان لەگەڵ تێکۆشەرە عێراقییەکان و خزمانیان، ئەوانەی کە هاریکاربوون بۆ هەوالگری ئێران لە کاتی جەنگدا، زانیاریان پێشکەش دەکرد و تاکەکانی هەوالگریيان ڕێنوێنی دەکرد و ئەوانیان لە ماڵی خۆیاند پەنا دەدا، حیسابی ئەوان زۆر سەخت دەبێ و بە توندی ئەشکەنجە دەدرێن، مردن دەبێتە بەرزترین ئاواتیان.

ئەفسەری لێکۆلینەوە وتی: ئێمە دەزانین فیرقەی ٩ بەدر هاریکار بوو لەگەڵ هەوالگری سوپا لە زانینی شوێنە سەربازیەکان، یارمەتی ئەندامانی کارمەندانی هەوالگریيان دەدا لە چالاکییەکانیاندا و شوێنیان بۆ دابین دەکرد و بە ئوتۆمبێل ئەوانیان دەگواستەوە، لەوانەیە چەند مانگێك لە عێڕاقدا بەسەر ببەن.

بە ئەفسەرەکەم وت: هیچ شتێك نازانم سەبارەت بەوەی دەیلێی، شوێنی ئەو کەسە نازانم کە دێتە ناو عێڕاق و نازانم بۆ کوێش دەڕوات؟! ئەم زانیاریانە زۆر نهێنین.

چاوەکانی شەڕ و خراپەیان لێ بریسکایەوە، شێوازی قسەکردنەکەی گۆڕا، لە شوێنی خۆی هەڵسا و هاتە لام و منی گرت و هەڵیستاندم و بە توندی شەقە زلەیەکی لێدام و وتی:

- چۆن ئەندامێك کار بۆ هەوالگری و هەوالگری بکات، دواتر نەزانێ هاوەڵانی لە نێو عێڕاقدا بۆ کوێ دەچن، شەو لە کوێ و لەلای کێ دەمێننەوە؟
- من تەنها چاودێرێك بووم لەسەر بورجی چاودێری، تۆ سروشتی کارەکەی دەزانی!
- کێ فەرماندەی ئێوە بوو لە هەوالگریی یەکەکەتان.

وەلی عیزەت لەهی[1].

هەر کە ئەم ناوەم وت، ئەوا ئەفسەرەکە بە دار دەستەکەی لەسەری دام، هیچ شتێکی نەوت! زانیم بۆچی تورە بوو، چونکە درۆم لەگەڵ کرد، سەیرم نەکرد، هەر چەندە دوژمنم بوو، کەچی هەر هەستم بە شەرم کرد، بەهۆیی درۆکەمەوە سەرم نزم کردەوە، هاواری بەسەردا کردم:

- ڕوو ئاگری مەجوسی! ئایا بە ڕاستی ئەمە ناوەکەیەتی؟!

بێ دەنگ بوو، سەیری دەکردم و چاوەڕێی دووبارە کردنەوەی هەمان پرسیاری دەکرد، کۆمەڵێك جنێو و قسەی ناشرینی پێوتم، مەجوسی و مەیمون، پەرداخێکی لەسەریدام و وتی: ناوی فەرماندەی یەکەکەت چییە؟

- وەلی عیزەت لەهی.
- درۆ ناکەی؟
- لەوانەیە ئەمە ناوی خوازراوی بێ، من نازانم!

لە شوێنی خۆی هەڵسا و ئاماژەی پێکردم لە شوێنی خۆم هەڵسم، هەر کە هەڵسام شەقە زلەیەکی پڕ ئێشی لێدام، خەریك بوو پەردەی گوێچکەم بتەقێ، هاوسەنگیخۆم لەدەستدا و بە گێژی کەوتمە سەر زەوی، پێ لەقەیەکی لە شانیدام و لە پشت مێزەکە دانیشت و وتی: - درۆزنینە، مەجوسینە، ئێوەی ئێرانی دەزانن درۆ هەڵبچنن، ئایا دەتەوێ باسی ناوی هەندێك لە بەرپرسەکانت بۆ بکەم.

وا گومانم برد لە خۆیەوە هەڵیدەبەستێ، هەر چەندە دەمزانی هەواڵگری بەعسی چەندە بەهێزە، بەڵام بیرم نەدەکردەوە زۆر وردەکاری بزانێ لەبارەی سەرۆکی

---

(١) چی ئێوەی هێناوەتە بەرەی شەڕ؟ دە ئێستا بخۆن و بخۆنەوە!.

یەکەکەمان، فایلێکی کردەوە و لیستێکی دەرهێنا ژمارەیەك ناوی تێدا بوو: سەیفوڵا حەیدەرر پور[1]، جەواد عەزیمی فەر[2]، عەلی ڕوستاد[3]، شوکرڕوڵا واهبی زادە[4]، عیوەز شەهابی فەر[5]، عیزەتوڵا وەلی پور[6]، مەحمود ئاقاسی[7].

ئەی هاوار مایەی سەرسامییە، ئەمانە ناوی سەرکردەکانمانن لە یەکەکەدا!!

بێ دەنگ بووم، هیچم نەبوو بیڵێم، دوای ئەم هەموو وردەکارییە سەرنجڕاکێشە، ئەوان زۆر شت دەزانن، ئەفسەرەکە وەڵامی دامەوە بەم وتەیە:

- تەنانەت دەزانین یەکێك لە سەرکردەکانتان لاڵە.

زیاتر هەستم بە پەشیمانی کرد، هەر بۆیە کە پرسیاری لێکردم و وتی: دەتەوێ ناوی ئەوت بۆ باس بکەم؟ من دەستپێشخەریم کرد و وتم: جەواد عەزیمی فەر.

ئەفسەرەکە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئێستا دەتەوێ ساردەمەنیەکی زەردت بۆ داوا بکەم؟

من زۆر تێنوو بوو، وێنای بتڵەکەم کرد وەك ئەوەی خواردنەوەی گازی زۆر سارد بێ لەبەردەمم، نازانم ئەفسەرەکە بۆچی دەیەوێ بتڵێك خواردنەوەی ساردەم پێبدات، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ من ناوی سەرکردە لاڵەکەم وتوە؟ ئایا دەیەوێ پاداشتم بداتەوە

---

(١) سەرۆك لیوای ٤٨ فەتح.

(٢) سەرۆکی دەستەی لیوای ٤٨ فەتح.

(٣) فەرماندەی فەوجی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ.

(٤) فەرماندەی فەوجی حەزرەتی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ.

(٥) بەرپرسی نەخشە و پرۆسەکان.

(٦) فەرماندەی یەکەی تێکدان و هەواڵگری.

(٧) فەرماندەی یەکەی تێکدان.

لەسەر وتنی ڕاستی، ئەم جارەیان دووبارە پێشنیازی کرد بۆ من داوای خواردنەوەی سارد بکات.

- ئەگەر هەر وابێ بۆچی نا؟

ئەفسەرەکەی لەگەڵ عەگال بەسەرەکە سەیری یەکتریان کرد و زەردەخەنەیەکی گوماناویان کرد، سەیریان کردم.

ئەفسەرەکە وتی:

- ساردەمەنیەکی زەرد یان ڕەشت دەوێ؟
- زەرد.
- زەرد نییە تەنها ڕەش هەیە؟
- کێشە نییە!

ئەفسەرەکە فەرمانی بەو پاسەوانەی بەندیخانە کرد، کە منی هێنایە ئێرە، ساردەمەنیەکی ڕەشم پێبدات، هەر کە لە ژوورەکە ڕۆیشتمە دەرەوە، ئەوا پاسەوانی بەندیخانەکە بە کێبڵی ڕەشی کارەبایی لێیدام، زۆر توونـد و تیژ بوو، پێم وابێ زیاتر لە سی لێدان بەر پشتم کەوت!! درکم بەوە کرد ئەو ڕەشەی ئەفسەرەکە بڕیاریدا پێم بدات تەنها ئەو کێبڵەیە کە بە مارێکی ترسێنەر دەچێت، لە ناخی خۆمدا وتم: ئەگەر بمزانیایەساردەمەنی ڕەش ئەمەیە، ئەوا هەرگیز حەزم لێی نەدەکرد.

- دوو شەمە ٢٣ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

لە دەوروبەری کاژمێر دە، پاسەوانەکە جارێکی تر هات و منی برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە! شەوی ڕابردوو بەبێ بەتانی و بە تەنها بەسەرم برد، کاتێك ڕۆیشمە

ژوورەوە هەمان ئەفسەر و وەرگێڕە ئێرانیەکە لەوێ بوون، بەڵام عەگال بەسەرەکە ئەم جارەیان لەوێ نەبوون.

ئەفسەرەکە بە گاڵتەوە پێکەنی.

- خواردنەوە ڕەشەکە زۆر بەتام بوو؟

هیچم نەوت، من دەمزانی شایستەی ئەم خواردنەوەیە بووم، بەهۆی ئەوەی قاچم بڕدرابووەوە ڕەچاویان دەکردم!

ئەفسەرەکە ئەوەی دوێنێی وت دووبارەی کردەوە، هەمان وەڵامم دووبارە کردەوە، ئەگەر بمزانیایە ئەوان ناوی عیزەتوڵا وەلی پور دەزانن، ئەوا ڕاستیەکەم دەوت، لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ ئەو و گرێدانی پەیمانی برایەتی لەگەڵێدا لە بارەگەی کوردستان، هەندێك جنێوم پێدەدا و بە ئەفسەرەکەم دەوت:

- ئەم فەقیرِ حاڵە بەئێمەی وت ناوم وەلی عیزەت لەهیە، واتە ئەم هەموو ماوەیەی درۆی لەگەڵ دەکردین؟
- ئێوە لە عێراق نان و خوێی ئێمە دەخۆن و درۆمان لەگەڵدا دەکەن؟

هەوڵەکانم بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی خۆمیان بۆ بسەلمێنم، وەك پوشی بەربای لێهات، پرسیاری لێکردم لەبارەی عەلی ئەسغەر گرجی زادە، هەمان پرسیاریان لێکردم لە مەیمونە، عەلی سەرۆك ئەڕکانی فەیلەقی ئیمام جەعفەری سڵاوی خوای لێبێ سادق شەشەم بوو.

وتم: نایناسم.

لە سەیرکردنیدا زانیم بڕوای پێنەکردم، خۆی کۆنترۆڵ کرد و وتی:

- له دوورگەی مەجنون بوو لە هێرشەکەی ٢٥ حوزەیران، واتە لەو ڕۆژەی تۆ بەدیلگیرای، سیخوڕەکانمان لە ئێران دەڵێن: عەلی هاشمی و عەلی ئەسغەر گرجی زادە لە ئێران نین، تۆ گرجی زادە دەناسی؟

بەعسییەکان هەر لە مەیمونەوە تا بەغدا، زۆر جدی بوون لە گەڕان بەدوایدا، زۆر تێنوی دۆزینەوەی عەلی هاشمی سەرۆك فەیلەقی شەشەم بوون، پیاوانی هەواڵگری سەربازی ڕۆژانە دەهاتنە گرتووخانەی ڕەشید و گرتووخانەی مەیمونە لە شاری عەمارە و لە ڕێکخەر (ئینزیبات)ی ناوەندیشەوە هەر کەسێکیان دەستگیر دەکرد، کە هاوشێوەی عەلی هاشمی بووبا و دەیانبرد بۆ ژووری لێکۆڵینەوەی تۆقێنەر.

دوێنێ کاتێك دیلێکیان دەهێنایە دەرەوە لە ژووری لێکۆڵینەوە، لە قوڵایی ڕووخساریدا کەمێك بە عەلی هاشمی دەچوو، لێکۆڵەرەکە پرسیاری کرد:

- تۆ ئەندامی هەواڵگری، ئایا فرەیدون کەرەم زادە دەناسی؟
- هەرگیز ئەم ناوەم نەبیستووە.
- لاشەیەکی وەرزشی هەیە.
- نایناسم.
- مەهدی نەریمی[1] دەناسی یان نا؟

سەید فازڵیان لە ژووری تەنیشت بەندکرابوو، پاسەوانەکە هات و ئەوی برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، پرسیارم لێکرد مەهدی نەریمی و فرەیدون کەرەم زادە کێن تا ئەمانە لێیان بکۆڵنەوە؟

---

(١) بەرپرسی پەیوەندیەکان بوو، لە فەیلەقی ئیمام جەعفەری شەشەم سادقی سڵاوی خوای لێبێ، ئەویش لەگەڵ عەلی هاشمی ونبوو!

سەید فازڵیان وتی: من مەهدی نەریمی ناناسم، بەڵام فرەیدون کەڕەم زادە دەناسم، ئەو بەخۆی عەلی ئەسغەر گرجی زادەیە! وا دەردەکەوێ سەید فازڵیان لە هەمان بەندیخانەدا بینیبێتی، عەلی ئەسغەر گرجی زادە، دوای ئەوەی دیل بووە خۆی بە فرەیدون کەرەم زادە ناساندووە، دووچاری ئەشکەنجەیەکی ترسناك بووەتەوە، بەڵام خۆی ڕاگرتووە، وازی لە ناوی خوازراوی خۆی نەهێنا، هیچ دانپێدانانێکیان لێوەرنەگرتبوو لەبارەی خۆی و عەلی هاشمیەوە، لە ماوەی بوونی لەگەڵ سەید فازڵیان ڕاستیەکەی پێ وت، ئەمەش دوای ئەوەی متمانەی پێکردبوو، پێی وت: ئەگەر لە دیلایەتی ڕزگار کرای بڕۆ بۆ بارەگای فەیلەقی شەشەم و پێیان بڵێ من دیلم، سەید فازڵیان پێشتر ئەوی دەناسی و پێی وت: من دەتناسم بەڵام نەمدەویست هیچ شتێك بڵێم.

لە دواییدا بەعسییەکان توانیان ڕاستی فرەیدون کەڕەم زادە بناسن، ئەویش عەلی ئەسغەر گرجی زادەی سەرۆك ئەرکانی فەیلەق شەشەم (ئیمام جەعفەری ساددق سڵاوی خوای لێبێ بوو) لە هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش، سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانیان فیلمێکیان دەستکەوت، تیایدا گرجی وتارێك دەدات لە نێو هێزەکانی ((حەزرەتی محەمەدی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ))[1] لە شاری ئابادان.

ئەفسەرەکە دەیویست زانیاری دەستبخات لەبارەی عەلی هاشمی و عەلی ئەسغەر گرجی زادە و وتی:

---

(١) هێزەکانی حەزرەتی محەممەد پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ گەورەترین جەماوەری سەربازییە، کۆکرابێتەوە لە گشت شوێنەکانی ئێران بۆ بەرەکانی شەڕ لە ساڵی ١٩٨٦ بە درێژایی هەشت ساڵی جەنگ.

- دەزانن ئێمە وەزیری نەوتی ئێوەمان دەزگیر کردووە[1].
- بەڵێ دەزانم.
- ئێرانیەکان لەبارەی بەدیلگیرانی وەزیری نەوتەکەیان چی دەڵێن؟
- سەرباز نەبووە و بەخت یاوەری نەبووە.
- ئەگەر سەرکردە ئێرانیەکان خۆیان بناسێنن، ئەوا دەیانگوازینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیری نەوتەکەتاندا بن.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە ئەفسەرەکە هاتەوە سەر بابەتی ئەو شوێنەی ئەندامانی هەواڵگری خۆیان تێدا دەشارنەوە لە نێو خاکی عێراقی و ئەوانەی یارمەتیان دەدەن.

لە وەڵامیدا وتم:

- من تەنها چاودێرێکی سەر بورج بووم، سەیری جوڵەی توتۆمبێلەکانم دەکرد لە ناوچەی سەخرە و بەیزە و کەناڵی سوەیب، جگە لەمە هیچ شتێکی ترم نەدەزانی.

ئەفسەرەکە فەرمانی پێکردم بمگێڕنەوە بۆ گرتووخانەکەم، قاپێکیان بۆ هێنام، کەمێك برنجی لەسەر بوو، نیازی بەڕۆژوو بوونم هێنا، لە پێناو ئەوەی لەم گرتووخانە و خراپەی ئەم ستەمکارانە ڕزگارم ببێ، هەر بۆیە بۆ پارشێوم هەڵگرت، کاتێك نازانم کەی کاتی پارشێو دێت، کاتێك نانی شێوانیان هێنا، کەمێك لە برنج شۆربەی بەهێ بوو، بۆ پارشێو هەڵمگرت و نانەکەم خوارد و هەستم بە ئازار کرد لە قاچی بڕدراومدا؛ لە ڕۆژدا بە سەختی دەڕۆیشتم لە ڕووبەری ٢ × ٣، دوای ئەوەی شەو پاسەوانەکە هەڕەشەی لێکردم، بەهۆی ئەوەی دار گۆچانەکەم دەنگی دروست دەکرد، لەو شوێنەی لە

(١) لە بەرواری ٢٥ ئابی ١٩٨١ کاتێك ئەندازیار محەمەد جەواد تەندگویان لە ئابادانەوە دەگەڕایەوە بۆ ماهشەر، دوای سەردانێکی بەسەرکردنەوە بۆ دەزگاکانی نەوتی باشور کە کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ڕژێمی بەعس، دووچاری ئەشکەنجەیەکی ترسناك بووەتەوە لە ماوەی ساڵانی دیلایەتی و لە گرتووخانەکانی بەعسدا شەهید کرا، لە پایزی ساڵی ١٩٩٠ ڕوفاتی شەهید گوێزرایەوە بۆ خاکی نیشتمان.

بێدەنگی دڵهەژێندا ڕۆچووبوو؛ پارچە پلاستیکی ژێر دار گۆچانەکەم تەواو لەناوچووبوو، هەر بۆیە لێواری دیشداشەکەم بڕی بوو و لە ژێر دار گۆچانەکەم بەستبوو، دەنگەکە ون بوو، کە بەهۆی لێدانی دار گۆچانەکە لە زەمینەی چیمەنتۆی بەندیخانەکە دروست دەبوو.

- سێ شەمە ٣٠ ئابی ١٩٨٨ — بەغداد گرتووخانەی ڕەشید

بەیانی ئەمڕۆ، بەهۆی ئازار لە  زگمدا دەمناڵاند، تووشی زگچوون بووم، دەمویست بە پۆشاکی خاوێن نوێژ بکەم و بەڕۆژوو بم، چەند جارێك لە دەرگای گرتووخانەکەمدا، پەنجەرە بچوکەکەی کردەوە، ئاماژەم بۆ کرد سەبارەت بەوەی دووچاری زگم هاتووە، بە تیلە چاوی توڕەییەوە سەیری کردم، پۆشاکەکانم پیس بوون و هەستم بە بێز لە خۆکردنەوە کرد، گەورەترین ئاواتی ئەوەی دووچاری زگچوون دەبێتەوە، ئەوەیە لە ئاودەست بێ بە زووترین کات، من تەواو بێ بەشکرا بووم.

لەگەڵ ئەوەشدا من نوێژم دەکرد لە بارودۆخی زۆر بێزراودا، هەموو شتێك لەم گرتووخانە توونە و تیژەدا پیسە!

ناچار بووم بە توندی لە دەرگای گرتووخانەکە بدەم، ئەم جارەیان پاسەوانەکە دەرگای بەندیخانەکەی کردەوە و بە کێبڵ لەسەریدام، کۆمەڵێك قسەی ناشرینی شایستەی خۆی پێ وتم، لە ناخی خۆمدا نەفرەتم لێکرد و داوام لە خواکرد تاقی بکاتەوە بە زگچوونێکی توونج و بێ بەشی بکات لە هەلی ڕۆیشتنە ئاودەست!

ئێوارە پێش ئەوەی بمبەن بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، ڕێگەیان پێدام خۆم بشۆم و جلەکانیشم بشۆم؛ ئەمە بەزەیی هاتنەوە نەبوو بە بارودۆخمدا بەڵکو بۆ ئەوە بوو پاك بم لە خزمەت ئەفسەری لێکۆڵینەوە و بێزار نەبێ لە بۆنی ناخۆش.

لێرەدا هیچ شوێنەوارێك نەبوو بۆ گەرماو لەم بەندیخانە ترسناكە، پاسەوانەكە ئاماژەی بۆ كردم كە خۆم لە ئاودەستەكە بشۆم و جلەكانیشم لەوێ بشۆم.

پێش خۆرئاوابوون و پێش ئەوەی جلەكانم وشك ببنەوە، پاسەوانەكە هات و منی بردە ژووری لێكۆڵینەوە، ئەفسەرەكە پرسی:

- لە ساڵی ١٩٨٦ لە شەلچمە بووی؟

لە ناخی خۆمدا وتم گرنگی ئەمە چییە، نەمدەزانی مەبەستی پاڵ پرسیارەكە چییە:

- بەڵێ من بەشدار بووم لە پڕۆسەكانی كەربەلای چوارەمدا.
- چەند ناوێكت بۆ دەخوێنمەوە ئایا ئەم ناوانەت بیستوون؟

ئەفسەرەكە باسی دوو ناوی كرد لە گەورە سەركردەكان: عەمید ئەمیر ئەحمەد فەرماندەی لیوای ٥٠٦ و عەقید محەمەد عەبود فەرماندەی تۆپهاوێژی فیرقەی ١٩[1].

وا دەردەكەوێ ئەم دوو ئەفسەرە بەدیل گیرا بن لە پڕۆسەكانی كەربەلای پێنجەم لە ساڵی ١٩٨٦، ڕاپۆرتی دووڕووان باسیان لەوە كردووە هێزە ئێرانیەكان ئەوانیان كوشتووە دوای بەدیلگیرانیان؛ كاتێك پرسیاری كردەوە لەبارەی چارەنووسی ئەوان ئایا بە ڕاستی كوژراون، هەروەك ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی موجاهیدی گەل باسی كردووە، وتم:

(١) دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان، ویستم ئەم یادەوەریانە تەواو بكەم، پرسیارم لە لیژنەی دیلەكانی جەنگ كرد، لەبارەی ئەم دوو سەركردەیە، دەركەوت ئەوان لە خێوەتگەكانی ئەفسەرە دیلەكاندا بوون و ناویان نووسراوە لە لیستەكانی خاچی سوری نێودەوڵەتیدا، لە ئابی ١٩٩١ لە دیلایەتی ئازاد كراون، ڕێكخراوی موجاهیدی گەل زانیاری ساختەی لەبارەیانەوە بە ڕژێمی بەعسی داوە.

- هیچ شتێك لەبارەیانەوە نازانم، بەڵام من دڵنیام ئێرانیەکان دیلەکان ناکوژن، چونکە ئاینەکەیان ڕێگری لەمە دەکات!
- پرسیارێکت لێدەکەم، ئەگەر بەڕاستی وەڵامت دامەوە، ئەوا دەتگێڕمەوە بۆ کەمپەکە.

وا وێنام کرد ئەو پرسیام لێدەکات لەبارەی قەڵاکانی خەندەق و عەلی هاشمی و عەلی ئەسغەر گرجی زادە یان سەردەکانی ئێرانی، ئەفسەری لێکۆڵینەوە وتی:

- ئەو بوونەوەرانە چین کە نەدەبوو خوا دروستی بکردنایە؟

هیچ شتێك لەم پرسیارە سەرسوڕهێنە تێنەگەیشتم: بۆیە بێ دەنگ بووم؛ چاوەڕێی ڕوونکردنەوەی زیاترم دەکرد! بە فشە پێکردنەوە پێکەنی و وتی:

- ئەگەر پرسیارت لێکرا لەبارەی سێ بوونەوەری هەراسانکەر، ئەوا چی دەڵێی؟
- پێم وایە خوای مەزن هەر شتێك دروست بکات ئەوا داناییەکی تێدایە!
- دەتەوێ وەڵامت پێ بڵێم!
- من لە هیچ تێ ناگەم!
- ئەو سێ بوونەوەری پێویست بوو خوا ئەوانی دروست نەکردبایە، ئەوانەن: فارسەکان، جولەکەکان، مێشولە[(١)].

(١) لە خێوەتگەی تکریەت گوێبیستی ئەم ڕستەیە بووم لە زمانی یەکێك لە پاسەوانەکان و ناوی حامد بوو، دواتر پاسەوانێکی چاك، کە ناوی خەلیفە بوو بابەتەکەی بۆ ڕوون کردمەوە و وتی: بۆ یەکەم جار ئەم بابەتە لە سەدامەوە بیسترا، لە دوای هەڵگیرسانی جەنگ: کاتێك وتی سێ بوونەوەر وا باشتر بوو خوای مەزن ئەوانی دروست نەکردبایە: ١- فارسەکان ٢- جولەکەکان ٣- مێشولە، بەعسییەکان ئەمەیان دووبارە دەکردەوە بۆ سەرشۆڕکردنی ئێرانیەکان، دواتر ئەمەم پرسی لە مورتەزا سەرهەنگی بەڕێوبەری نووسینگەی ئاداب و هونەری بەرگر لەبارەی ئەم بابەتە، وتی: ئەم ڕستەیە بۆ یەکەم جار لەو وتارەدا هات کە خەیرڕوڵا تەلفاحی خاڵی سەدام و باوکی هاوژینەکەی نووسیویەتی، سەدام پێی سەرسام بووە و فەرمانی

هەستم بە تووڕەیی کرد لە ناخمدا کە گڕ دەگرێ، ئەوان پێدەکەنین و منیش بێ دەنگ بووم و سەیری ئەوانم دەکرد، خۆزگە بمتوانیایە پێیان بڵێم: بەعسییەکان لە جولەکە خراپتر و دڕندەتر، بێ دەنگیم هەڵبژارد، بەڵکو بۆ لای هاوڕێیانم بمگێڕنەوە، سوپاسی خوای بێگەرد دەککەم ئێرانیەکان ئێستا هەراسان دەکەن و خەوتان لێ دەزڕێنن، لێکۆڵینەوەکە کۆتایی هات و ئەفسەرەکە فەرمانی گێڕانەوەی منی کرد بۆ نێو بەندیخانەکە.

- چوار شەمە ٣١ ئابی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

شەوی ڕابردوو لە بەندیخانەدا خەوتم؛ لە دەوری کاتژمێر دە دوو ڕێکخەر هاتن و منیان برد بۆ گرتووخانەی ڕەشید، ڕۆیشتمە ژووری ژمارە یەك و دڵخۆشی کەوتە سەر ڕووخساری هاوەڵانم: هادی گنجی، نەسروڵا غولامی، ئیرج شەبانی و ئەوانی تر، سەبارەت بە سەید شەفاعەت منش و ئەحمەد شەریفی، لە ژووری ٢ بوون، لە گۆڕەپانی بەندیخانەکەرێکخەرەکان هەندێك لە هاوەڵانمانیان درێژ کردبووە سەر زەوی، بە پۆستاڵ و پۆستاڵ بەسەریان دەکەوتن، ئەوان سزا دەدرێن لەسەر تێکشکاندنی تانکەکانی ڕژێمی بەعس، یەکێك لە ناپاکەکان ناوی ئەوانی دابوو، ئەوانی بینبوو کاتێك ئاڕپێچی ئاڕاستەی تاکەکان دەکەن لە هێرشی پێچەوانەدا، کە هێزەکانی سەدام ئەنجامیان دا لە دهلیران و موسیان!! خوا دەزانێ ئەم ناپاکە ڕاستگۆیە لەو شتانەی بەوانی وتوە یان درۆ دەکات!

پێش ئەوەی نیوەڕۆ بێ یەکێکیان شەهید بوو، وتیان یەکێکە لە چاکترین جوتیارەکان لە گیلان، ناوی نازانم، پێش شەهید بوونی هاوەڵانی هەوڵیاندا بەعسییەکان ڕازی بکەن بۆ گواستنەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بێ سوود بوو، بەعسییە

---

کردووە بە چاپکردنی وتارەکە لە پەڕاوێکدا و بڵاوکردنەوەی بەسەر ئەندامانی حیزبدا و بەتایبەت کەسە سەربازیەکان.

دڵڕەقەکان وتیان؛ لە جیاتی نەخۆشخانە ڕەوانەی گۆڕستانی دەکەین، ئەم پاڵەوانە ماسولکە بەهێزە بووە پەیکەرێکی ئێسك کە پێستێکی تەنك دایپۆشیوە.

لە (سومار) شەهید بوو، ساچمەیەك بەر زگ و قەفەزی سینگی کەوت، هەروەك لەبارەیەوە دەوترا بە سەختی هەناسەی دەدا؛ جەستەی شەهیدی ستەملێکراویان گواستەوە بۆ لایەکی نەزانراو، بۆ ئەوەی بنێژرێ لە شوێنێکی دوور لە خۆشەویستانی، بە درێژایی مانگێك لە نەخۆشخانەی ڕەشید من ئەوم نەبینی بوو.

کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات، یەکێك لە هاوەڵان بانگی نیوەڕۆیدا، هەستاین بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارە، من نوێژم بە دانیشتنەوە دەکرد، لەم کاتەدا یەکێك لە ئەفسەرانی یارمەتیدەری سەرکردایەتی گرتووخانە هاتە ژوورەوە و وتەیەکی ئاڕاستەکردم و وتی:

- ئایا ئێوە نوێژ دەکەن؟

دواتر پێکەنی بەشێوەی گاڵتەپێکەر وتی:

- ئایا مەجوسی نوێژ دەکەن؟

محەمەد کازم بابائی وتی: سەرەتا ئێمە مەجوسی نین، دووەمیان ئەوەی نوێژ دەکات پەرستش بۆ خوا ئەنجام دەدات، لە بنەرەتدا بڵێن ئێرانیەکان نوێژ ناکەن و بڕۆن و خۆتان چاك بکەن، ئەوەی پرسیار دەکات عێراقیەکان یان ئێرانیەکان یاخود کوێتیەکان نوێژ دەکەن یان نا، ئەوا ئەمە خوای پاك و بەرزە، نەوەك ئێوە!

ئەفسەرەکان ویستیان قەرەبوی شکستی خۆیان بکەنەوە بەرامبەر محەمەد کازم حاسم و وتی:

- ئێمە ئێوەمان ناچار کرد بە زەبری شمشێرەکانمان بۆ ئەوەی موسڵمان ببن!

محەمەد کازم وتی:

- تۆ ڕۆیشتیتە دواوە، ئەگەر بەردەوامی لە ڕۆیشتنە دواوە ئەوا دەگەینە ئاشکرا کردنەوەی ئەوەی ئەمڕۆ ئێرانیەکان باشترین بەندەی خوان لە دوای سەردەمی پێغەمبەر درود و سڵاوی خوای لێبێ.

وتەکانی محەمەد کازم توڕەیی ئەفسرەکەی وروژاند، هاوڕێیانمان لە بەندیخانە خۆیان بە دوور دەگرت لە مشتومڕ کردن لەگەڵ ئەفسەران و پاسەوانەکان، چونکە ئەگەر دەستەوەسان بووبان لە وەڵامدانەوە، ئەوا بە کاری دڕندانە قەرەبووی شکستەکانیان دەکردەوە!! بە برۆکەم ئاماژەم بە محەمەد کازم کرد واز بێنێ لە مشتومڕ کردن لەگەڵ ئەفسەرە توڕەکە، بەڵام بێ کەڵك بوو، ئەفسەرە بەعسیەکە وتی:

- ئێمە نەوەکانی قەعقائی کوڕی عەمرین[1] کە لوتی ئێوەی لە خۆڵدا چەقاند، دەبوایە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس[2] ئێوەی لەناوبردبایە.

بە ئەفسەرەکەم وت: سەلمانی فارسی ڕاوێژکاری پێغەمبەر درود و سڵاوی خوای لێبێ بوو.

محەمەد کازم وتت:

- ئێرانیەکان ژەرهیان بە پێشەواکانی عەرەب نەدەدا! کێ ئەوانی ژەهر خوارد دەکرد؟!

■ هەینی ٢ ئەیلولی ١٩٨٨ — بەغداد — گرتووخانەی ڕەشید

---

(١) چی ئێوەی هێناوەتە بەرەی شەڕ؟ دە ئێستا بخۆن و بخۆنەوە!.

(٢) چی ئێوەی هێناوەتە بەرەی شەڕ؟ دە ئێستا بخۆن و بخۆنەوە!.

کاتێك چاوەکانم کەوتنە سەر، بۆ چەند ساتێك وەستام، پێشبینیم نەدەکرد بیبینم، ئەو کەسە بوو کە منی ئاشکرا کرد لە شاری مەیمونە لە بارەگای فەیلەقی چوارەم، منی بە هەوالگری ناساند و وتی: ئەمە پەیامبەری عەلی هاشمییە، بە ئیرەج شەبانیم وت کە خەلکی هرمزکان بوو و لە پالمدا دانیشتبوو.

- بە عەباس بهنام بلێ بێتە لام کارم پێی هەیە.

عەباس بە بالا ڕێکەکەی و بازووە بەهێزەکانی هات! ئەگەر پێشبڕکێیەکی زۆرانبازی و لەشجوانی و بۆکسێن لە سەربازگەکەماندا ئەنجام درابایە، ئەوا بێ ڕکابەر یەکەم دەبوو، عەباس وتی: سەید چی ڕوویداوە؟

- ئەم دیلە خوزستانیە دەبینی؟
- کامەیان؟
- لەلای ڕاستەوە کەسی چوارەم.
- چی هەیە؟
- ئەو کەسە منی ئاشکرا کرد و ناساندمی بە هەوالگری لە مەیمونە، بەوەی من پەیامبەری هاشمیم، دەمەوێ وانەیەکی سادەی فێر بکەی.

عەباس بەلێنی پێدام پاساوێك دروست دەکات و بەم هۆیە لێی دەدات! من زۆر قین لە دڵ بووم لە دژی و نەمدەتوانی لێی خۆش ببم، لەو ڕۆژەوە دڵم دەسوتێ بۆ تۆڵە لێسەندنەوەی.

کاتێك ڕێکخەرەکان ڕۆیشتن، ڕۆیشتمە لای ئەو، هەر کە منی بینی و دەموچاوی تێکچوو و ڕەنگی لەبەردا نەما! ئەو زیاتر شۆکی کرد بە بینینی من لەوەی من شۆك بمگرێ بە بینینی ئەو، وتم:

- ئەی هەژاری فەقیر حاڵ! چی وای لێکردی بمناسێنی و بە درۆ تۆمەتبارم بکەی، بەوەی پەیامبەری عەلی هاشمیم؟ من لە بنەڕەتدا تۆ هەر ناناسم و پێم وانیە تۆش من بناسی، بۆچی منت ناساند؟

بە ناشرینی وتی:

- ئەوەی کردم ڕۆیشت، ئێستا دەتەوێت چی بکەیت، تۆ ناتوانی هیچ بکەیت، هەموو شتێك لێرەدا دژی تۆیە.

بە عەباس و ئیرەجم وت: ئەگەر ئەو بە بەعسیەکانی نەوتبایە من پەیامبەری عەلی هاشمیم، ئەوا ناچار نەدەبووم بڵێم من کار لە هەواڵگریدا دەکەم، زۆرم ناڵاند بەهۆی ئەم ناپاکە بێ نرخەوە، دەمەوێ تۆڵەم بۆ بکەیتەوە لەم بێ نرخە.

- شەمە ٣ ئەیلولی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

بەر لە نیوەڕۆ؛ دیلەکان کۆکرانەوە لە گۆڕەپانی بەندیخانەکە، دەیانەوێ ژمارەیەك دیل بگوازنەوە بۆ خێوەتگەکان، سەرۆك پاسەوانەکە هەڵسا بە هەڵبژاردنی هەندێکمان و دەرهێنانمان لە نێو دیلەکانی تر، هادی گنجی یەکێك بوو لەوان، دەیزانی هادی یارمەتی برینداران دەدات و چاودێریان دەکات و هەندێك کاریان بۆ ئەنجام دەدات، لەوانەیە کار بگاتە ئاستی قوربانیدان، تەنانەت پاسەوانان ئاگاداری بوون! هەندێك جار کاتی نەبوو بۆ خواردنی خواردنەکەی، بە ڕووی ئەواندا دەوەستا، ئەوان ئێستا دەیانەوێ تۆڵەی لێ بستێننەوە، یەدوڵای زارعی بە تەنها پێویستی بەوە هەیە کەسێك کارەکانی بۆ بکات.

ڕۆیشتمە لای سەرۆکی پاسەوانەکان و لێی پاڕامەوە واز لە هادی بهێنێ لێرە بێ لەگەڵماندا و پێم وت:

- ژیانمان بەبێ ئەو سەخت دەبێ.

سەرۆکی پاسەوانەکان گوێی بەوە نەدا کە وتم، دیلە خوزستانیەکە کە دوێنێ لەگەڵی بەکێشە چووم، ئەوەی دووبارە کردەوە کە پێشتر ئەنجامیدا بوو و بە ڕێکخەرەکانی وت کە من لە هەواڵگریەم.

محەمەد کازم بابائی بەوانی وت: ئەگەر هادی گنجی هەر دەگوێزنەوە، ئەوا بریندارەکانیشی لەگەڵ بگوێزنەوە.

سەرۆکی پاسەوانەکان هاواری بەسەر محەمەد کازمدا کرد، زانیم بە ئەقسەت ئەمە دەکەن بۆ ئازاردان، دەیانەوێ هادی لە بریندارەکان دووربخەنەوە، هادی کێشمەکێشی لەگەڵ ئەواندا دەکرد و بەرگری لە دیلەکان دەکرد بە زەبری هێز، هەندێك جار ئەوانی پابەندی سنوورەکانیان دەکرد.

کاتێك بینیمان دەڕوات و لێمان دوور دەکەوێتەوە، هەستمان بە خەمباری کرد، پشتیوانێکی بەهێزمان لە دەستدا، خەمباری ئێمەی بریندارانی داگرت، بەلایەنی کەمەوە وەك ئەوەی ئێمە لە شینگێریدا بین.

ئێوارەکە سەرۆکی پاسەوانەکان، کرداری ژماردنی ئەنجامدا لە نێو ژوورەکانی گرتووخانەکەدا بە شێوەیەکی دڕندانە، بە کێبڵ لەسەری ئێمەی دەدا و بەمەش ژمێرکاری دەکرد، دڵی لە گۆشت و خوێن نەبوو بەڵکو لە فیشەك بوو! لەسەری ئیسماعیل سولەت داری دا لە هەمان ئەو شوێنەی ساچمە بەشێك لە کەللەسەرەکەی پەڕاندبووی و لەسەر پشتی نەسرۆڵا غولامیدا لە هەمان ئەو شوێنەی کە پێکرانێکی قوڵی هەبوو، هاوڕێیان کاتێك برینەکەیان بۆ دەپێچا ناچار دەبوون چاڵەکە پڕ بکەنەوە بە لۆکە پڕی بکەنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پشتی ڕاست ببێتەوە.

- یەك شەمە ٤ ئەیلولی ١٩٨٨ – بەغداد – گرتووخانەی ڕەشید

ناوی محەمەد بوو، خەڵکی شاری لاهیجان (باکوری ئێران) بوو، بەعسییەکان بەناوی سیانی بانگیان دەکرد: محەمەد مەحمود عەبدوڵا، خۆی بە ناوێکی خوازراو ناساند بوو، نازانم بۆچی ڕێکخەران لێیان دەدا، کاتێك دووچاری لێدان دەبووەوە، دێڕە شیعرێکی دووبارە دەکردەوە:

لو امتلأت الدنيا بأمثال اليزيد، فإننا سوى الحسين لا نريد.

واتە: ئەگەر دونیا پڕ ببێ لە هاوشێوەی یەزید، ئەوا جگە لە حوسێن کەسمان ناوێ.

وتی خزمی نزیکی حاجی موستەفا ئەکبەری شێخە، لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا بوو خەڵکی گەیلان بوو، ئێوارە کاتێك چیرۆکی شێخ حاجی موستەفای بۆ گێڕامەوە پێی وتم: مافی ئەوەت هەیە شانازی پێوە بکەی.

شێخ گەیلانی کە لە گوندی (باکوسرا) دەژیت، نەوەد کوڕ و نەوەی هەیە، هەشت شەهیدی داوە لە جەنگی بەرگری پیرۆزدا، نۆیەمیان بریندار بووە، دەیەمیان بەدیل گیراوە.

شەوی ڕابردوو عەباس بهنام لە دیلە خوزستانیەکەی هەڵدا و چەند لێدانێکی پڕ ئێشی لێدا، بەڵام پاسەوانان زۆر بەتووندی تۆڵەیان لە عەباس کردەوە وەك تۆڵەی سیخوڕەکەیان، دەموچاوی عەباس شین ببوو، بە سەختی لێی درابوو، ئەمەش وای لێکردم هەست بە پەشیمانی بکەم، سەرباری هەموو شتێك عەباس ویستی خەندە بکات و وتی:

- بە چاکترین شێوە کارەکەم بەجێگەیاند.

محەمەد کازم پێی ڕاگەیاندم عەباس کێشەی لەگەڵ سیخوڕە خوزستانیەکە کردووە لە ڕێڕەوی ئاودەستەکەدا و ئەوی کردۆتە گونیەکی مەشق! لە ڕاستیدا وا هەستم کرد ئاسودەیی هەڵدەقوڵێ لەو دڵەی گڕی گرتووە لە ڕق بوونەوە لەم بێ نرخە.

عەباس دیمەنێکی زیندووی مێژووی دەگێڕایەوە و وتی: سەید! کاتێك ئەم بێ نرخانە پەراسوی زەهرای داپیرەتیان سڵاوی خوای لێبێ شکاند، بە تەنها بوو، خوای مەزن ڕێگە بەمانە نادات ئازارت پێ بگەنن!

کاتێك ئەمەی وت فرمێسك پڕی چاوانم بوون.

کات لە دەورو دەی بەیانی بوو، دیلەکان هێنرانە گۆڕەپانی گرتووخانەکە، وترا دەیانەوێ ئێمە بۆ خێوەتگەکان بگوازنەوە! ئای لەم خۆشیە ئایا ڕزگارمان دەبێ لەم گرتووخانە نەفرەتییە؟! خەیاڵم بۆ دەهاتن ئایا دەبێ تۆڵەمان لێبکەنەوە بە ویستی خۆیان هاوەڵان لە یەکتر بکەن و دووچاری نامۆیی و دەردی دووریان بکەنەوە؟

ژیانی دووری و نامۆیی زۆر سەختە، تەنها ئەم پەیوەندییە تۆکمانە ئازارەکەی سوك دەکەن، کە لە نێوان هاوڕێیانی ڕێباز و یەك کارواندا هەیە، کاروانی قوربانیدان و فیداکاری، سیماکانی دڵخۆشی لە دەموچاوەکاندا دەبینران، دەحەسێینەوە لە دەستی خارپەی ئەم پاسەوانە توندوتیژانە.

## بەشی حەوتەم

# تکریت

## خێوەتگەی پاشکۆ

- **يەك شەمە ٢٩ ئابی ١٩٨٨ – تكريت – خێوەتگەی پاشكۆ**

سواری پاسە خاكیەكان بووین، كە هی وەزارەتی بەرگری بوون، گرتووخانەی ڕەشیدمان لە بەغداد بەجێهێشت، سەرۆكی ڕێكخەرەكان فەرمانی كرد بەردەكان دابدرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لە بینین: مافتان نییە سەیری دەرەوە بكەن، هەندێك ڕێكخەری چەكدار سەركەوتن، بێریەی سوریان لەسەر و كلاشینكۆفیان پێ بوو.

لە ناخمدا هەستم بە ئاسودەیی كرد، بۆ هەر كوێیەك بچم، ئەوا باشترە لە گرتووخانەی ڕەشید، شوفێری پاسەكە زل و قەڵەو بوو ڕووخۆشی پێوەدیار بوو.

دەنگی گۆرانیبێژێكی عەرەبی بەرز بووەوە، ڕێكخەرەكان و شوفێرەكەش بە یەكەوە چەپڵەیان لێدەدا.

یەكێك لە ڕێكخەران گۆرانبێژەكانی بە ئێمە دەناساند، هەر كاتێك كە شوفێرەكە شریتێكی تازەی دەخستەسەری: فازڵ عەواد، حوسێن نعمە، سەعدون جابر، می ئەكرەم، ئوم كەلسوم.

من خۆم بەیەك هێنابووەوە، ئەوەی لە نێو پاسەكەدا ڕوویدەدا بەلامەوە گرنگ نەبوو؛ چاو دەگێڕم لە میانە كەلێنێكی بچوك كە پەردەكە داینەپۆشیوە؛ سەیرم دەكرد درەختی خورمام بۆ دەردەكەوتن، نازانم بۆچی دیمەنی دارخورماكان خەفەتیان لە ناخمدا هەڵدەستاند؟ لەوانەیە ئەو تەنگوچەڵەمانەم بیر بخەنەوە كە بەسەر خانەوادەی پێغەمبەری خوا و ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ هاتن، لە چەوساندنەوە و سەركوت كردن؛ پێویستە مرۆڤ بە گیانی خۆی گوێ بگرێ، بۆ ئەوەی لاواندنەوەیەكی خەمبار

ببیستێ، ئەمانە ئەو دەنگانەن کە لە نیوەی شەودا لە نێو داروخورماکاندا بۆمان دەهاتن.

پێویستی مرۆڤ بە دڵی خۆی گوێ بگرێ، بۆ ئەوەی هەست بە نامۆیی و دەردی دووری عەلی و ئازارەکانی و خەفەتەکانی عەلی بکات، لەکاتێکدا ئەو تیرەکانی ستەمی لێدەدرێ لەلایەن ئەوانەی ناپاکیان لێکرد و پشتیان بەردا و بە تەنها بەجێیان هێشت؛ چاوەکانم فرمێسکیان لێهاتە خوارەوە، لەکاتێکدا من لە دۆخێك لە ئاوێتە بوونی ڕۆحیدام لەگەڵ دیمەنی دار خورماکان، کە دەیانبینم لە میانەی ئەو گۆشە بچوکە و تێکەڵ بوونە لەگەڵ تابلۆکانی سەدام، کە جۆرێك لە پیسی و بێز لێبوونەوە دەوروژێنێ! تابلۆی قەبارە ٤ × ٢ مەتر یان ٣ × ٤، تیایدا سەدام دەردەکەوێ بە پۆشاکی جیاواز و شێوازی وێنەکێشراوی ورد؛ پۆشاکی سەربازی و مەدەنی و دیشداشە و عەگالی ناوخۆی لەبەردایە، جلی کوردی لە وێنەی جوتیاردا، کڵاوی شوانەکانی مانگا و چاویلکەی ڕەش، هەموویان ڕەنگدانەوەی شێتی خۆبەزلزانیە لە دەروونی ئەم دیکتاتۆرەدا – کە دەردەکەوێ لەسەر تابلۆی چیمەنتۆیی بەرزکەرەوەی شمشێرەکەی لە پاڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، لە پاڵ قەعقاعی کوڕی عەمر و ئاشوری بانیبال و نەبوخەسنەسر، یان ڕێشمەی ئەسپەی ڕاکێشاوە و تفەنگەکەی ئاراستە کردووە!! یان لە پاڵ تۆپێکی قورس لە کاتی تۆپباران کرندا!! یان لە پشت مایکرۆفۆن کە وتار بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەدات!! هەر کە تۆتۆمبێل پێنج کیلۆمەتری دەبڕی تابلۆیەکی ئەم بتەتبۆ دەردەکەوت لە تەنیشت ڕێگاکە، لە ڕۆیشتن و هاتنەوەدا ئەم ڕووخسار ناشرینە هاودەمی گەشتیار دەبوو!

دوای چوار کاتژمێر و بڕینی سێ سەد کیلۆمەتر، توتۆمبێلەکە ڕۆیشتە نێو گۆڕەپانێکی گڵێنی سەربازگەیەك، کە تایبەت کراوە بۆ ئەو دیلانەی ونبوینە[1].

لە شاری تکریت لە پاسەکە دابەزین، سەیری دەوروبەری خۆم کرد لە سەربازگەکە، بە ئەندازەی بینینی چاو بیابان بوو، چەند تەلێکی دڕکاوی هەن لە سێ هێڵدا دەوری سەربازگە دەدات. لە تەنیشت سەربازگەکە ڕێگەی گشتی درێژ بووەتەوە کە تکریت بە هەولێر و موسڵەوە دەبەستێتەوە، ستوونی باڵداری پێچراو بە تەلی دڕکاوی بە بەرزی دوو مەتر چەقێنراون، لە ڕاستیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی خاوەن ئامادەییەکی ئەندازەیی جەنگی زۆر بەرزە، ئەم سەربازگەیە بە گشت ئەو تەلە دڕکاویانە و دیوارە بەرزانە وا دەکات هەڵاتنی دیلەکان ئەستەم بێ.

بە ڕیز لە بەردەم خێوەتگەکە (کەمپەکە) دانیشتین، لە دەوروبەری کەمپەکە زرێپۆش و گوێزەرەوەی سەربازەکان ڕاوەستاون، لەسەر چوار بورجەکانی پاسەوانی، لەسەر هەر بورجێك پاسەوانێکی چەکدار بە تفەنگی گرینۆف وەستاوە، پاسەوانەی بە درێژایی کات بەردەوامە، لە هەر دوازدە کاتژمێرێکدا پاسەوانێك دێت و نۆرە لە هاوڕێ پاسەوانەکەی وەردەگرێ.

---

(١) تکریت شوێنی لەدایك بوونی سەدامە، یەکێك لە شارەکانی پارێزگای سەڵاحەدین، لە باکور هاوسنوورە لەگەڵ هەولێر و موسڵ، لە خۆرهەڵات لەگەڵ شاری دیالە و مەندەلی و ڕووباری دیجلە و لە خۆرئاوا لەگەڵ پارێزگای ئەنبار و دەریاچەی سەرسار و لە باشورەوە لەگەڵ بەغدادی پایتەخت و سامەڕا هاوسنوورە.
سەربازگەی سەڵاحەددین خێوەتگەکانی ١٣، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠ لە خۆدەگرێ، ئەم سەربازگەیە لە گەورەترین سەربازگەکانی ڕژێم دادەنرێ و چەندین لیوا و فیرقەی زرێپۆش و میکانیکی لەخۆی دەگرێ.
دیلە ئێرانیەکان دابەشکراون بەسی پێنج گەورە سەربازگە، کە ئەمانەن: سەڵاحەددین، تاجی، راشدیە، ڕشید، ئەبو غرێب، خێوەتگەکەی ئێمە لە سەڵاحەدین بوو لە پەناگەی دیاریکراو بۆ تانك و زرێپۆش و گوێزەرەوەی سەربازەکان، ئەم پەناگانە لە ١٩٨٧ بوونە خێوەتگەی نهێنی بۆ دیلەکانی جەنگ، کە ژمارەیان تا ئابی ١٩٩١ گەیشتە سێزدە هەزار دیل، کە ناویان تۆمار نەکرابوو لە لیستەکانی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی.

کاتێك چاوەکانم کەوتنە سەر بورجەکانی پاسەوانی، هەستم بە سۆز و جۆش و خرۆش کرد بۆ بورج و ئەو ڕۆژانەی من چاودێری دەکرد لە دوورگەی مەجنون! هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێك بکەومە نێو دیلایەتی و بورجەکانی پاسەوانی چاودێریم بکەن لە خاکی نامۆییدا، تەلی دڕکاوی و دیواری بەرز دەورم بدەن؛ لە ناخی خۆمدا وتم لەوانەیە هاوڕێیانم بیر بکەنەوە لە نەخشەیەك بۆ هەڵاتن، لەوانەیە دیوارەکان ببڕن و هەڵبێن بە ئاراستەی ئازادی، بەڵام من و محەمەد کازم بابائی لێرەدا دەمێنینەوە، چونکە ئێمە بە یەك قاچین، ئایا باڵندەیەکی باڵشکاو دەتوانێ بە ئازادانە لە هەوادا بفڕێ؟!

خێوەتگەکە شێوە چوار گۆشەیە، ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی هەزار مەتر دوو جا، لەسەر شێوەی سێ ڕیزی ڕۆیشتینە ژوورەوە، وەك نەریت پێشوازی لەلای دەروازەکە بەکێبلێ باران بوو، بە دەستی ڕێکخەرانی توندوتیژ لە لای ڕاست و چەپەوە.

هەمان ئەم پێشوازیەمان لێکرا لەلایەن سەربازگەی مەیمونە و گرتووخانەی ڕەشید لە بەغداد، هەندێك هاوەڵان لەم تونێلە ترسێنەرە دووچاری فتق و نەخۆشی میزڵدان بوونەوە.

بە چەند ڕیزێك لە نێو خێوەتگەکە دانیشتین، کە بیستو پێنج بەندیخانەی شێوە جیاواز لە خۆی دەگرێ، لە خێوەتگەکەدا لەلای چەپی دەروازەکە ژووری ئەفسەری ئێشکگر هەیە، لەلای باشوری خێوەتگەکە چەند گرتووخانەیەك هەیە لە ژمارە یەکەوە تا حەوت، لە ژمارە هەشتەوە تا پازدە دابەشکرا بوو، لەلای بەشی خۆرئاوا بوون، لە شازدەوە تا بیست و دوو لە بەشی باکورە، لە بیست و سێیەوە تا بیست و پێنج لە بەشی باکوری خێوەتگەکە، واتە لەلای ڕاستی دەروازەکە؛ خێوەتگەکە پازدە ئاودەست و پێنج گەرماوی تێدان، دەکەوێتە لای ژووری ئەفسەری ئێشکگر.

پاسەوانان چاوەڕێی فەرماندەی خێوەتگەکە بوون، کەشەکە لە تکریت زۆر گەرم بوو، هەناسە دەبڕێت و تیشکی خۆر ڕایەڵەکانی زەوی دەبڕێ، وەرزی هاوین لە تکریت زۆر گەرمە و وەرزی زستانیش بای زۆر ساردی لێ هەڵدەکرێ کە دەگاتە ئێسقان؛ دوای یەك کاتژمێر لە دانیشتمان لەسەر زەوی و لە ژێر تیشکی سوتێنەر، پاسەوانەکە سڵاوی ڕێزی بۆ فەرماندەی خێوەتگەکە ئەنجامدا، فەرماندەکە ناوی خەلیل ئیبڕاهیم کازم بوو، خەڵکی شاری موسڵ بوو، کەسێکی چوار شانە بوو، ڕەنگی ڕووخسار گەنمەو چاوەکانی نیچمە شین بوون، سمێڵێکی ڕەش و برۆی پڕ بوون، زۆر ڕێك بوو، پۆشاکێکی زەیتوونی لەبەردا بوو، پلەی نەقیبی بەستبوو، دارێکی تایبەتی ئەفسەرانی بە دەستەوە گرتبوو، ئەستێرەی ئاڵتونی پلەکانی لەسەر شان سەرنجڕاکێش بوون، نەقیبەکە فەرمانی کرد بە ڕادەستکردنی شتەکان لە پارە و کاتژمێرە دەستیەکان، ئەنگوستیلە و تەسبیح و هەر شتێك کە پێمان بوو، پۆشاك و پێڵاوەکانمانیان لێ وەرگرتین و هەر یەکێکمان فانیلە و شۆڕت و نەعلەیەکی پیلاستیکیمان پێدرا.

نەقیبەکە دەستی بە قسەکانی خۆی کرد، دیلێکی خوزستانی وەرگێڕانەکەی دەکرد، کە ناوی کەریم جەلالی بوو، وەرگێڕانەکەی پیتاوپیتی بوو، نەقیب خەلیل قسەی کرد لەبارەی پابەندبوون بە یاسا و ڕێککارەکانەوە لە خێوەتگاکە، جەختی کردەوە لەسەر ڕێزگرتن لە ئەفسەران و پاسەوانان لە میانەی قسەکانیدا زانیمان ئەم خێوەتگەیە ناوی پاشکۆیە[١].

خەلیل بە دەنگی بەرز وتی:

---

(١) کەمپی پاشکۆ دەکەوێتە تەنیشت ١٧ تکریت، بە دووری سێ سەد مەتر شوێنی گرتنی سیاسەتمەدارە شیعەکانی لێبوو لە خەڵکی سامەڕا، ڕژێمی بەعس بەرهەڵستکارانی سیاسەتەکانی و دژەکانی حیزبی بەعسی گرتبوو لە خێوەتگەی پاشکۆ، بەگوێرەی ئەوەی سامی پاسەوان دەڵێ ئەم پاشکۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٤.

- تەلە دڕکاویەکان کارەبایان لێدراوە بە ڤۆڵتیەکی بەرز، ئەوەی دەستی لێبدات دەیگرێت، ئاگادارتان دەکەمەوە لەوەی تەنانەت بیرش لە هەڵاتن بکەنەوە، چونکە ئەمە ئاوتێکە ئەستەمە بێتەجێ.

دواتر سەرۆکی پاسەوانان سەعدی بەئێمە ناساند، وتی ئەو ئاشناتان دەکات بە یاساکان و ڕێککارەکان لە خێوەتگەکە، ئەوەی پابەند نەبێ بە مەرجەکانەوە ئەوا بە توندی سزا دەدرێ.

نۆرەی سەعد هات بۆ قسەکردن، پیاوێکی زل و بەرز و ورگن و سپی پێست و چاوی زەق بوو.

سەعد قسەی کرد لەبارەی یاسا و مەرجەکانی خێوەتگەکە، کە پێویستە پابەندی پێوە بنوێنرێ، دواتر لیستی قەدەغەکراوەکانی باسکرد:

جێبەجێکردنی بەرنامەی ئاینی و مەزهەبی، کۆبوونەوەی زیاتر لە سێ کەس، نوێژی بەکۆمەڵ[١]، بانگدان، شەونوێژ[٢]، سوکایەتی کردن بە ناوی سەدام، پاراستن و هەڵگرتنی شتی تیژی وەك موس و بزمار و دەرزی و مقەس و...

خەوتن لە کاتژمێر نۆی ئێوارە، لە دۆخێکی نا هەموار لە خەولێنەکەوتن، وا لەسەر دیل پێویست دەکات، لەسەر پێخەڤەکەی ڕابکشێت و چاوەکانی بنوقێنێ و وا خۆی دەربخات خەوتووە، ئەوەش کە کاری هەیە لەگەڵ پاسەوان پێویستە سڵاوی بۆ بکات و قاچی چەپی لەسەر زەوی بدات وەك ڕێزێك بۆی، ئەگەر ئەفسەرەکە یان

(١) دوو جار بەسەر پاسەوانانمان سەپاند، نوێژی بە کۆمەڵ بکەین.

(٢) هیچ کێشەیەکمان نەبوو لە ئەنجامدانی نوێژی واجب، جگە لەوەی ڕێگریان دەکرد لە گڵی کەربەلا (گڵی حوسەینی) مشتومڕمان بەردەوام بوو لەبارەی ئەم بابەتە تا ڕێگەیان پێداین.

پاسەوانەکە ڕێگەی پێدا قسە بکات ئەوا باشە ئەگەر نا نابێ؛ من و محەمەد کازم لە سڵاوکردنی ڕێز بوردراین.

ئەنجامدانی سەرژمێری ڕۆژانە سێ جار، لە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، ئەمەش زۆربەی کاتەکانی ئێمەی دەگرتەوە؛ ئێمە ڕیز دەبووین بۆ ژماردن لە پێنج ڕیزدا، ئێمە دادەنیشتین و دەستمان بەیەکەوە دەگرت و لەگەڵ سەرمان دادەنایە سەر ئەژنۆمان، وەك ئەوەی ئاشوبێکی بەسەردا هاتبێ، چاوەڕێی هاتنی فەرماندە دەکەین، یان ئەو ئەفسەرەی لە جیاتی ئەو دێت، ئەوەی هەڵدەستێت بە هەژمارکردن ڕێگەی پێ نەدەداین بە ڕۆیشتنمان لە ڕیزەکانمان، تا ڕێوڕەسمی سەرژمێریەکە لە گشت هۆڵەکان تەواو نەبێ، بە لێدانی فیکەی سەرۆکی پاسەوانەکان ئێمە دەڕۆیشتینە نێو گرتووخانەکانمان.

بەدرێژایی ساڵانی دیلایەتی، هەرگیز مانگ و ئەستێرەکانم نەبینیوە، بە درێژایی ماوەی دیلایەتی لەسەرمان سەپێنرا هەفتانە دوو جار چەناگەمان بتاشین لە ڕۆژانی یەك شەمە و سێ شەمە، من لەم یاسایە بوردرام، چونکە هێشتا موو لە چەناگەم نەهاتبوو، پێنج کەس بە یەك موس کاریان دەکرد!! ڕێکخستنی ڕیش تاشین ڕێکخرا بەشێوەیەك کە ئەوەی ئەم جارە لە تاشیندا نۆرەی یەکەمە، لە جاری داهاتودا دەبێتە کەسی کۆتایی، ئا بەم شێوەیە هەفتانە هەر یەکێك ڕیش تاشینێکی ئاسان و یەکێکی تری سەخت تاقی دەکاتەوە؛ دوای تەواو بوون لە تاشینی سەر و چەناگە، ئەوا موسەکان بە هەمان ژمارە ڕادەست دەکرێنەوە، هاوار و وا وەیلا ئەگەر ژمارەیان کەم بوو، تەنانەت ئەگەر نیوەشی کەم بووەوە، سەر تاشین مانگانە بوو، بۆ هەر چوار کەس یەك موس هەبوو.

ئەو پۆشاکەی ئێمە لەبەری دەکەین زەرد و ڕەنگ نیلیە، لە ساڵی ١٩٨٩پۆشاکە ڕەنگ زەردەکان کورتیان هێنا و ڕێژەیان کەم بوو، بۆیە لە هۆڵەکاندا پۆشاکی ڕەنگ

نیلیان دابەش کرد بەسەر دیلەکاندا، لە یەك پارچە پێکهاتووە، پێی دەوترێت (بیلرسوت) هاوشێوەی ئەو پۆشاکانەیە کە فەرمانبەرانی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی مەلاریا لە سەردەمی تاغوت[1] لەبەریان دەکرد، لەسەر پۆشاکەکان بە پیتی ئینگلیزی نووسراوە (W.P) واتە دیلی جەنگ[2] بە ڕەنگی خۆڵەمێشی، لەسەر گریفانی لای چەپ و پشتمان نووسراوە، ئەگەر بیەوێ لێی بکاتەوە، ئەوا بۆشاییەك بەجێ دەهێڵێت لە هەمان شوێن و بە هەمان ئەندازە.

لە شوشتنگەکانی کەمپەکە ڕێککاری تایبەت هەیە، ڕۆیشتنە ئاودەست بەگوێرەی سیستەمی ژماردنی یەك تا دە دەبێت، دیلەکە هەر کە ڕۆیشتە نێو ئاودەستەکەوە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، ئەوا بەرپرسێك لە دوای دەرگاکەوە لە یەکەوە تا دە دەژمێرێت، دوای ڕاگەیاندنی ژمارە دە پێویستە دیلەکە دەستبەجێ بێتەدەرەوە! ئەگەر مایەوە ئەوا بەرپرسەکە پێ لەقە لە دەرگاکە دەدات، ئەگەر دواکەوت لە هاتنە دەرەوە ئەوا بە توندی لەسەری دەدات، زۆربەی جاران دیلەکان دوای گەیشتنی ژمارەکە بە ژمارە دەدێتە دەرەوە، لەوانەیە هەندێك هاتنە کاتەکانی دەرەوە بقۆزنەوە بۆ هەڵمژینی هەوا، دواتر بچێتە ئاودەست و ئەم کارە بە دەستکەوتێکی مەزن دادەنرێ و پێی دڵخۆش دەبێ!

لە هەر گرتوخانەیەکدا؛ هەر دە کەسێك بەشدار دەبن لە یەك خەرجیدا، یان ئەوەتا ئەمانە خەڵکی یەك شارن یان هاوڕێ بوونە لە یەك بەرەی شەڕ و خەندەقی سەربازیدا، بەرپرسەکانی خێوەتگەکە دیلەکانیان دابەش دەکرد بەگوێرەی حەزیان لە خواردندا، ئەوانەی زۆرخۆر بوون لە کۆمەڵەی جیاوازدا دادەنران.

---

(١) شا. وەرگێڕی عەرەبی.

Prisoers of War(٢)

بەهۆی ڕێژەی کەمی خۆراکەوە، هاوڕێیانی سەری قاپی فرە بەشیان[1] دابەش دەکرد بەگوێرەی مڵاك بۆ دە بەش، دواتر بۆ هیچ کەسێك نەبوو لەو چوارگۆشەیە دەربچێ کە بۆی دیاری کراوە ئەگەر بە یەك مڵاکیش بێ.

بەشی هەر یەکێکمان ڕۆژانە دوو سەمون بوو، کە هاوشێوەی نانی ((باگت))ە، کێشی هەر یەکێکیان نیو کیلۆگرام و نیوە، ئەو سەمونەی تەواو سور نەکراوەتەوە، ئەوا دەریدەهێنین و دەیخەینە بەر خۆر، ئینجا دەیهاڕینە سەر برنج، واتە ئەو نانەی دەیخۆین بە چەندین قۆناغی هاڕیندا تێدەپەڕێت، پێش ئەوەی بگاتە فرنەکان و ئینجا جارێکی تر دەهاڕدرێ!!

هەر دە کەسێك یەك کیسەی تایبەتیان هەیە، بۆ هەڵگرتنی ناوکی سەمونەکە، بۆ خستنە بەر خۆر و ئینجا هاڕینی و دووبارە خواردنەوەی، بەشی ئێمە لە نانی ئێوارە و بەیانیان پێمان دەدرێ.

نانی بەیانیمان شلەی نیسکە، وەك نیسکەڕۆن، کە هەندێك برنج و دۆشاوی تەماتەی تێدەکرێ، ئەو بەشەی بە چل کەسمان دەدرا بەشی دە کەسمانی نەدەکرد!

ژەمی نانی نیوەڕۆ بەشی ئێمە لە خواردن حەوت بۆ هەشت مڵاك دەبوو، هەندێك جار دەگەیشتە دە مڵاك، سەبارەت بە شلە و شۆربا، فرە جۆر بوون: قەرنابیت، بامیە، کرفس، باینجان، شێلغەمێککە هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە، گەڵاکانی چەوەندەر، گێزەر، کەرەوز، پەتاتەی سورکراوە لەگەڵ پیواز.

لە ئێوارە باینجان بە ئاو، پیاز بە ئاو، نیسەکە ڕۆن[1]، فاسیۆلیا، یان گۆشتی مانگای هاوردەکراو هەیە.

---

(١) قاپێکە وەك چینینی وایە، بۆ چەند حەوزێکی بچوك دابەشکراوە، لە ئەلەمنیۆم دروستکراوە و قەبارەکەی ٣٠ × ٥٠ سانتیمەترە و بە قوڵی ١٠ سانتیمەتر.

ئاوگۆشت، کە پێمان دەدرێ، پێکهاتووە لە ٨٠٪ ئاو و ٢٠٪ گۆشت، لە نێوان شەش بۆ حەوت مڵاکمان بەر دەکەوێ، دوو سەد گرام بە سەر دە کەسدا دابەش دەکرێ، واتە هەر کەسێك بیست گرامی بۆ هەیە.

محەمەد ڕەمەزانی کە کار لە چێشتخانەدا دەکات، دەڵێت: گۆشتەکە لە بولگاریا و بەڕازیل و ئوستڕاڵیا هاتووە، زیاد لە جارێك بینیویەتی گۆشتی وەرگرتووە پڕ لە کرم بووە، کاتێك من ناڕەزاییم دەردەبڕی هەڕەشەیان لێدەکردم و ناچاریان دەکردم بۆ چێشتلێنان، پێیان دەوتم هیچ شتێك بۆ دیلەکان باس نەکەم، چارەنووسی ئەوەی ناڕەزایەتی دەربڕیبووبا دەرکردن و بەکارهێنانی کەسێکی تر بوو، کە هەرگیز کاری چێشتلێنانی نەکردووە.

- دوو شەمە ٤ ئەیلولی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

شەوەکەمان بە سەختی تێپەڕاند، گرتووخانەکە پڕیەتی لە خۆڵ و چیڕچیڕۆك و تەونی جاڵجاڵۆکە، وەك ئەوەی ئەم بەندیخانەیە بۆ چەندین ساڵی دوور و درێژ ئاوەدان نەبووبێ، شەوی ڕابردوو نەمتوانیوە بنوم بەهۆی خڕە خڕی یەکێك لە دیلەکان، ئێمە سی دیل بووین لە نێو گرتوخانەیەکدا، کە ڕوبەرەکەی دەگەیشتە (٣/ ٤ × ٤) بوو، کێشەی خەوتنمان هەیە، چەندین ڕێگەمان تاقی کردەوە، خەوتین بەشێوەی سێ ڕیزی پان، هەر ڕیزێك دە کەسی تێدا بوو، هەر کەسێك ڕووبەری ٤ × ١٤٣ سەنتیمەتری هەبوو، کێشەکە لە پانیدا نەبوو بەڵکو لە درێژیدا بوو، ناوەندە درێژی باڵای ئێمە ١٧٠ سەنتیمەتر بوو، پێویستە ڕووبەری ئەو زیادەیە ببێتەوە لە قەبارەی دیاریکراو کە دەگاتە ٢٧ سانتیمەتر، هەر بۆیە لەسەر هەر کەسێك پێویستە قاچەکانی زیاتر لە ١٤٣ مەتر درێژ نەکات، دوای چەندین ئەزموون و تاقیکردنەوە، گەیشتینە ئەو ڕێگەیەی

---

(١) لە عێراق پێی دەوترێت (لەبلەبی).

قاچەكانمان ببەینە نێو قاچی یەكتر، لەگەڵ ئەمەشدا كێشەكە چارەسەر نەبوو، بەردەوام بووین لە تاقیكردنەوەی جۆری خەوتنەكان بەشێوەی جیاواز.

- سێ شەمە ٦ ئەیلول ١٩٨٨ – تكریت – خیوەتگەی پاشكۆ

نانی ئێوارەمان فاسۆلیا بوو، سەرباری ئەوەی ڕێژەكەی كەمە، بەڵام پەیوەندی چاك زاڵ بوو، خۆشەویستی و گیانی قوربانیدان وای لە زۆر كەس دەكرد، بەر لە هاوڕێیانی كۆتایی پێبهێنێ و بكشێتەوە و برا و هاوڕێیە بریندارەكانی پێش بخات، ئەگەر بە چەند ملاكێكیش بێ، سیفەتەكانی لەخۆبوردن و خۆشەویستی و فیداكاری بووە كەلتوری دیلەكان لەم بارودۆخە سەختەدا.

ڕاستە هەندێك جار لە برسان خەومان لێ ناكەوێ، بەڵكو هەندێكمان زگ ئێشە دەیانگرێ لە برسان، هەندێك هەڵدەستانەوە بەهۆی برسێتی و دەیانوت: ناتوانین بنوین بەهۆی برسێتیەوە، خۆم بینیوە لە خەودا خۆراكم خواردووە و تێر نابم!

- چوار شەمە ٧ ئەیلولی ١٩٨٨ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

پەیوەندیەكەم گەشەی كرد لەگەڵ: عەلی ئیمانی، محەمەد باقر وجدانی، بووینە هاوڕێ، هەر یەكێكیان بەشێك لەو بۆشاییەیان پڕ كردۆتەوە كە هادی گنجی بەجێیان هێشتووە، دوو سەربازی خەڵكی شاری مەشهەد بوون.

ئەمڕۆ ڕێگەیان پێداین بچینە گەرماو، زۆربەی هاوڕێیان تا ئەم ساتەش خۆریان نەشۆردبوو، گەرماو لە گرتووخانەی ڕەشیددا نەبوو.

پاسەوانەكە فەرمانی پێكردین ڕیز بین بۆ گەرماو.

بەر لەوەی لە گرتووخانەکە بچینە دەرەوە، محەمەد باقر وجدانی هەڵسا بە ئاڵاندنی کراسەکەی لە بنی گۆچانەکەم و دەستی کرد بە لادانی تەونی جاڵجاڵۆکە لە گۆشەکانی بانەکە، محەمەد باقر وتی: تەونی جاڵجاڵۆکە خەفەت دەهێنێ.

گیان گەشاوە بوو، ڕووخساری بە خەندەیەکی خۆشەویست درەوشاوەبوو، دڵخۆشی بڵاودەکردەوە لە دەوروبەری خۆی بە گاڵتەکانی، لە ژووری یەکی گرتووخانەدا لە هەموان درێژتر و گالتەچی تر بوو؛ کاتێك تەونی جاڵجاڵۆکەکانی بە گۆچانەکەم لێدەکردەوە، هەندێك نزا و پاڕانەوەی دەخوێندەوە، کە لە گیرفانیدا دەریهێنا و تێکەڵەیەك بوو لە عەرەبی و فارسی:

خوایەگیان؛ هەر پێنج ڕۆژێك گەرماوێکم پێ ببەخشە!

خوایەگیان؛ خواردنێکم پێ ببەخشە ئەگەر باشیش نەبێ، بەڵام بەشم بکات.

گرتووخانەیەکی بێ کێبلم پێ بدە.

شوێن بۆ خەوتن بە ئاسودەییمان پێبدە!

خوایەگیان؛ عێڕاق لە خراپەی سەدام ڕزگار بکە!

خێوەتگەکە لە خراپەیەکی تر بپارێزە!

لە دیلایەتی ڕزگارمان بکە.

لە پەرێزی باپیری ناسر سلێمان مەنسوڕ ئاکاممان بەخێر بگێڕە!

بە بەزەیی خۆت ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان!

خوایەگیان گیرای بکەی ئەی پەروەردگاری جیهان!

دیلە خوزستانیەکە ئەم نزایەی گەیاندە گوێچکەی بەعسییەکان.

محەمەد باقر وەك برینپێچی تایبەتیم هەڵسوکەوتی دەکرد، کاتێك زانی من تووڕە نابم لە گاڵتەکەی، زیاتر گاڵتەی لەگەڵدا دەکردم، جارێکیان هەر کە ڕۆیشتمە نێو گرتووخانە ئەوا هاواری کرد بۆ پێشوازی کردن لێم و وتی: لە پێناو سەلامەتی سەید ناسرِ و تەمەن درێژیەکەی لە یەکەوە تا دە بژمێرن!

دواتر دەستبەجێ هاواری کرد: لە پێناو سەلامەتی تاکە سەیدی گرتووخانەکە درود بدەن لەسەر محەمەد و خانەوادەی محەمەد بەوپەڕی دەنگ بەرزیتان!

ئەمڕۆ لە کەمپ محەمەد باقر هەڵسا بە شۆردنی من، ئەو کاتەی دیاریکرا بوو بۆ هەر کەسێك تەنها پێنج خولەك بوو، تۆڕی ئاوی خواردنەوە لە خێوەتگەی سەربازگەی سەڵاحەدینی مەزن نەبەسترابووەوە بە تۆڕی تکریت، هەموو ڕۆژێك ئاویان بە تەنکەر دەهێنا و تێیان دەکردە ئاوهەلگری مەزن لە خێوەتگەکە، مۆڵەتمان پێ نەدەدرا بە کەیفی خۆمان ئاو بخۆینەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بێ بەشکردنی هەموو دیلەکانی تر لە خۆشۆردن و سوود بینین لە شوشتنگەکان.

دوای ماوەیەك دەمانناڵاند بەدەست کەمی ئاو، واتە هەموو خێوەتگەکە دەیناڵاند بەدەست ئەمە، بۆیە ڕێگەی خۆشۆردن گۆڕا، تەنکەری ئاو دەهاتە نێو خێوەتگەکە، دیلەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەڕۆیشتنە دەرەوە، هەر کۆمەڵەیەك لە پەنجا کەس پێکدەهات، شوفێری توتۆمبێلەکە ئاوی پێیاندا دەکرد لە ڕێگەی شێرەی ئاوەکەوە، لە سەرەتادا چەند جارێك تەڕ دەکران لە پێناو ئەوەی دیلەکان تەڕ ببن و خۆیان بە سابوون و لیفکە بشۆن، لە قۆناغی دووەم ئاویان پێدا دەکرا بۆ ئەوەی خۆیان خاوێن بکەنەوە، ئەمە بۆ ماوەی سێ یان چوار خولەك دەبوو، ئەمە ڕێگەیەکی نەگونجاو بوو بۆ بریندارەکانی وەك من. چونکە دیلە سەلامەتەکان خۆیان هەڵدەدەن بۆ سەرەوە، لە

پێناو ئەوەی ئاوی زیاتریان بەر بکەوێ، بەڵام من توانای ئەوەم نەبوو، محەمەد باقر بە یارمەتی ئەوانیتر منیان بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی بەشێك لە ئاوم بەربکەوێ وەك بارینی باران، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك دەچوونە نێو گرتووخانەکە، هێشتا کەفی سابوونەکە لەسەر سەر و لاشەکەیەتی.

- دوو شەمە ١٢ ئەیلولی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

هەشت ڕۆژ تێپەڕین بەسەر هاتنمان بۆ خێوەتگەی پاشکۆ، کات بە دەمی ئێوارە بوو، من دانیشتبووم لە تونێلی کەمپەکەدا، تا ئێستا ڕانەهاتبووم لەسەر ژیان لە خێوەتگەدا؛ هەستی نامۆیی و دەردی دووری دایگرتم، خێوەتگەکە لە ناوەڕاستی بیابانی وشکدایە، خەم و خەفەت لە ناخودا دروست دەکات؛ من دڵخۆش بووم بە هاتنم بۆ ئەم خێوەتگەیە، غەریبی هادی گنجیم کردووە، بیرم دەکردەوە دەبێ چی بەسەر هاوڕێیانمان هاتبێ؟ حوسێن ڕەحیم و عیرفان عەبدولڕەزاق و.... بیرم لە هەموو شتێك و لە هەمووان دەکردەوە! بیری هاوڕێیانم کردووە لە بەرەی جەنگ، بیری حەسەن وەکیلی، مەحمود درابام و هۆشنگ ڕۆئینم کردووە، دیمەنەکانی یادەوەریەکانم بە بەردەم چاومدا تێدەپەڕن، چەند دیمەنێکی باوکم و خوشکەکانم و براکەم سەید هیدایەتوڵا، ئاخ براکەم! من چەندە بیری تۆم کردووە؟ زیاتر هەستم بە تەنهایی کرد و من و تەنهایی و یادەوەریەکەم سەرقاڵ بووین، یەکێك لە دیلە بریندارەکان لە تەنیشتم دانیشت، پێشتر نەمبینی بوو، دیلە سەلامەتەکان هاتوچۆیان لەبەردەممدا دەکرد و من لەم کاتانەدا کەنارگیر دەبووم، لە یەکەم ساتدا خۆشم ویست ناوی مەیسەم سیرفی[1] بوو، لە ڕووخساریدا سیمای باشوری پێوە دیار بوو، لە هاوڕێیانم بیست کە ئەو کاری دووە

(١) مەیسەم سەیرفی لە خەڵکی شاری جیرفتە، یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای کرمان، بەسیجیە لە فیرقەی ٤١ سەئروڵا، براکەی فەرماندەی فەوجی مدغمە لە لەشکر و سوپادا، شەهید بووە لە پرۆسەکانی فەجری یەکەمدا لە ڕێکەوتی ١٠/ ٤/ ١٩٨٣ لە باکوری خۆرهەڵاتی ئەلفکە، تا ئێستاش لە ماڵەوە دانیشتووە لەوەتەی لە دیلایەتی ئازاد کراوە.

له بەشی پلاندانان و بەرنامە، بەڵام پەیامنێری حاجی قاسم سولەیمانی سەرکردەی فیرقەی ٤١ سەئرڕوڵا بوو.

حاجی قاسم ئەوی ناردبوو بۆ حاجی مورتەزای باقری فەرماندەی لیوای ئەندازەیی، لە دوو ڕیانی حوسەینیە ساچمەیەکی بەرچاوی کەوت، هەروەك لە قاچیدا پێکرا.

پاڵی دابووەوە لەسەر یەك دار گۆچان، بەعسییەکان ئەوەیان ڕەت کردەوە دار گۆچانێکی تری پێبدەن، پاڵی دابووەوە بە دیوارەکە، ڕوانینی بە سۆز و بەزەییەوە ئازاری دەدا، لەگەڵ گشت ئەو تەنگوچەڵەمە جەستەییانەی هەیبوو، کارەکانی خۆیشی ئەنجام دەدا و یارمەتی ئەوانی تری ڕەت دەکردەوە.

کاتێك پەیوەندی نێوانمان بەهێز دەبوو، زانیم ئەو زۆر چاکە و ڕەوشت بەرزە، هەندێك جار هاوەڵانی گاڵتەیان لەگەڵیدا دەکرد بەهۆی پەیوەندییە تۆکمەکەمان و پێیان دەوت:

- مەیسەم! تۆ سەید ناسرت زیاتر لە ئێمە خۆش دەوێ، بۆچی هاوڕێیانت لە بیر دەکەی؟

مەیسەمی ئەمەی بەڕاستی وەردەگرت و لەوەڵامدا دەیوت:

- نا وانیە من هەمووتانم خۆش دەوێت، سوێند بە پارەی ئەم سەیدە دەخۆم هەمووتانم خۆشدەوێ، بە یەك چاو سەیری هەمووتان دەکەم!

هاوڕێکانی پێدەکەنین، مەیسەم ڕاستگۆ بوو لەوەی دەیوت، هەمووانی خۆشدەویست بەبێ جیاوازی، بە یەك چاوی سەیری ئەوانی دەکرد، تەنها یەك چاوی هەموو، چاوەکەی تر بە ساچمەی نەفرەتی لەکار کەوتبوو!

حامدی پاسەوان زۆر زیرەك بوو لە شیکاری دەروونی، بە سامی دەوت: لەبارەی کەسایەتی مەیسەم: لە پشت ئەم ڕووخسارە ئارام و کەسایەتییە ئەمیندارە جەنگاوەرێکی زەبر بەدەست و بەهێز هەیە.

سامی ئەوەی پێوتم کە حامد وتبووی، ئەوەی دوایی ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بە مەیسەم نەدەشاردەوە.

مەیسەم لە پاڵمدا دانیشتبوو کاتێك سەعد هات و وتی:

- تۆ لە بەرەی جەنگ چیت دەکرد؟
- تونێل دروستکەر.
- گێلە! تونێلەکان لە هێڵەکانی پێشەوە لێدەدرێن بۆ ئەوەی بەم جۆرە پارچە پارچە ببیت؟

ئەمەی وت و ڕۆیشت.

ئەکبەر دامغانی و محەمەد کەمالی هاوڕیانی کە خەڵکی کرمان بوون ویستیان یارمەتی بدەن بەڵام مەیسەم یارمەتیەکەی ڕەت کردەوە و وتی:

- پێویستە مەشق بکەم لەم بارودۆخەدا و پێش بەخۆم ببەستم، ئەگەر نەمتوانی داوای یارمەتیان لێ دەکەم.

مەیسەم سەیدەکانی زۆر خۆشدەویست، هەر کاتێك بیویستایە خۆشەویستیەکەی دەربڕێن بە منی دەوت: سەیدەکەمان ئێمە فیشەکی مەخزەنەکانتانین!

چەندین پەند و وانە لە مەیسەم فێر بووم، لەگەڵ ئەوەی کەم قسەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ مندا گفتوگۆی زۆر بوو، ئەو ڕۆژە پێی وتم:

- ئەی سەید! پێویستە لەم خێوەتگەیە وشیار بین، ئەگەرنا لە سەنگەری بیروباوەڕمان پاشەکشە دەکەین.

مەیسەم حەزی لێبوو وشە و زاراوەی جەنگی و سەربازی بەکاربهێنێ، کاتێك قسەی دەکرد لەبارەی بابەتەکانی بیروباوەڕ و ڕێبیر، بۆیە پێی وتم:

- پاشەکشە لە بیروباوەڕ، هاوشێوەی پاشەکشەی تەکتیکی نییە لە ساتری گلێن یان یەکێك لە ڕێڕەو و کەناڵەکان لە بەرەی جەنگ! سەیدی خۆشەویست ئەم ساترە پاشەکشەی تێدا نییە.

- سێ شەمە ١٣ ئەیلولی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ژمارەیەکك ئەفسەر گەیشتە خێوەتگەکە، ڕێکخستنی مەلەفەکانی دیلەکان، دوایین زانیاری لەخۆ دەگرێ لەبارەی دیلە ونبووەکان، سەرۆکی پاسەوانەکان فەرمانی کرد بەوەی دابنیشین لەبەردەم گرتووخانەکە لە پێنج ڕیزدا، بەر لەوەی بچمە ژووری سەرۆکی پاسەوانان، سەید شەفاعەت منش پێی وتم:

- ئەگەر پرسیارت لێکرا لەبارەی کاری تۆ لە بەرەی جەنگ؟ پێیان مەڵێ تۆ لە هەواڵگریی!
- من ناچارم ڕاستی بڵێم، ئەمە گرنگ نییە، ل مەیمونە و لە بەندیخانەی تاکەکەسی لە بەغداد بەوانم وتوە، لێرەش پێیان دەڵێم!

نۆرەی من هات و ڕۆیشتمە ژووری سەرۆك پاسەوان، نەقیب خەلیلم بینی و ئەفسەرێکی لەگەڵدا بوو بە پلەی موقەدەم، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دیلەکەدا کرد، موقەدەمەکە پرسیاری دەکرد؛ سکرتێرەکە کە بە پلەی ئەفسەری دووەم بوو تۆماری

دەکرد، خالد محەمەدی دیلە خوزستانیەکە وەرگێڕانی دەکرد؛ پرسیاری لێکردم لەبارەی ناسنامەی کەسی، دوای ئەوەی تۆمارکرا، ئەوا پرسیاری لێکردم:

- لە بەرەی جەنگدا چ کارێکت دەکرد؟
- لە بەشی هەواڵگری و پڕۆسەکاندا کارم دەکرد!

کاتێك وەرگێڕەکە زاراوەی هەواڵگری وەرگێڕا، نیشانەی سەرسامیم لەسەر دەموچاوی نەقیبەکە بینی.

دواتر خالد محەمەدی بە منی وت: هەر کە لە ژوورەکە هاتیتە دەرەوە، موقەدەمەکە بە نەقیب خەلیلی وت: بە درێژایی حەوت ساڵ شەڕمان لەگەڵ ئەم منداڵانە دەکرد! کادیرە هەواڵگریەکانمان تەمەنێکی زۆریان لە سەربازیدا بەرێکرد تا پێگەیشتن، ئەوەتا دەبینین منداڵێك لە هەواڵگری هێزەکانی خومەینیدا کار دەکات!!

موقەدەمەکە بە داخێکی ڕوونەوە پرسیاری دەکرد: چۆن دەکرێ گەنجێکی تەمەن شازدە ساڵان کار لە هەواڵگریدا بکات؟!

وتم:

- سەرسوڕمانی پێ ناوێ من ئەندامێکی ئاسایی بووم، من چاودێری سەر بورج بووم، سەرکردە نەبووم، زۆربەی سەرکردەی لیوا و فیرقەکان تەمەنیان لە خوار سی ساڵیەوەیە!
- چۆن ڕێگەیان پێدای بێیتە بەرەی جەنگ، لەم تەمەنەدا؟
- چەندین جار ئەم پرسیارەم لێکراوە، چ سەرسامیەك لەم پرسەدا هەیە؟ لە خرمشهر کەسی بە چوار ساڵ لەمن بچوکتر بە ڕومانیەکی دەستی پێشی لە تاکی

ئێوە گرتووەوە، خۆی هاوێشتۆتە ژێر تانکەکە، سەرکردەکەمان وتی: حوسێن فەهمیدە سەرکردەمانە[1].

- کامەیان بەهێزترە، لەشکری عێراقی یان لەشکری ئێرانی؟

بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بووم، ئەزموون فێری کردم لێکۆڵەر نەوروژێنم، موقەدەمەکە وتی:

- بێ دەنگی تۆ مانای بەهێزتر بوونی لەشکری عێراقی دەگەیەنێ!

بەرگەی بێ دەنگیم نەگرت و بڕیاری خۆم گۆڕی، من لەو تەمەنەدا خۆم بینی و چیتر بەرگەی هەندێك شت ناگرم، بۆیە وتم:

- قسەی من ڕاستی ناگۆڕێ، لەشکرێك بەهێز و ئەویتر لاواز ناکات، بەڵام بەڕای من ئەو لەشکرەی بە بیروباوەڕەوە دەجەنگێت، بەرگری لە وڵاتەکەی دەکات ئەو بەهێزترە، چ بیباتەوە یان نا، ئەمە لە سەروەرمان حوسێنەوە سڵاوی خوای لێبێ فێربووینەوە.

- مەلاکان مێشکی ئێوەیان شۆردۆتەوە!

بەدرێژایی چەندین جار کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم، من ئەم ڕستەیەم دەبیست، کاتێك من وتەی ڕاستم دەوت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەیانوت مەلاکان مێشکی ئێوەیان شۆردۆتەوە، وا پێم باش بوو دوای ئەوەی وتەی خۆم وت تووڕەییەکەیان هێور بکەمەوە، وتم:

- لەشکرەکەتان زۆر بەهێز و باشە!

---

(١) لە لێکۆڵینەوەدا وتەی ئیمامم بە موقەدەم وت: ((سەرکردەمان ئەو منداڵەیە کە تەمەنی دوازدە ساڵانە، ساڵانە، بە نازناوە مەزنەکەی لە سەدان زمان و خامە مەزنترە، خۆی بە ڕومانە دەستیەکەی هاوێشتۆتە ژێر تانکی دوژمن، دەیتەقێنێتەوە و خۆشی شەهید دەبێت)).

ئەو پیاوە زیرەك بوو، کاتێك وتم لەشکرەکەتان بەهێز و باشە، پرسیاری لێکردم:

- لەلای ئێمە یان لای ئێوە.
- لای ئێوە.

وتەی خۆی دووبارە کردەوە: باشە! باشە. وتم:

- لەلایەنی ئامادەکاری سەربازی و چەکداریەوە ئێوە بەهێزتر بوون، پشتیوانیتان دەکرێ لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی سۆفیەتی و وڵاتانی تر، ئەوەی دەتانەویست پێتانیان دەدان، بەڵام ئێمە بەهۆی گەمارۆیەوە دەمانناڵاند.

کاتێك بینیم چاك گوێدەگرێ زیاتر وتم:

- من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووم، ترس دایدەگرتم کاتێك گوێبیستی ناوی (سوپەر ئەتاندارد) دەبووم، ئەم ناوە منی دەترساند، کاتێك بەشداری ڕێپێوانەکانم دەکرد ئەم دروشمەمان دەوتەوە: ((گەرووی هورمز دەکەینە کەرەبەلا، سوپەر ئەتاندارد دەکەینە دوکەڵێك لە ئاسماندا))، من دەمەویست بزانم ئەم سوپەر ئەتانداردە چییە، کە ئێوە هەتانە و ئێمە نیمانە، دواتر زانیم فەڕەنسا بەئێوەی داوە.

کاتێك من لە ئێران بووم، لەسەر تەلەفزیۆن سەربازی ئۆردنی و سودانی و میسڕیم بەدیل دەبینی لە دەستی هێزەکانماندا، بەڵێ ئێوە بەم شێوەیە بەهێز بوون!

ئێستا نۆرەی سەید محەمەد شەفاعەت منش هات، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە ناوی سیانی بناسێنێ، واتە محەمەد یوسف عیسا، ئەوا ناوێکی لە گیرفانی خۆیدا بۆ خۆی داهێنا: محەمەد کاکا یوتر.

موقەدەمەکە پرسیاری لە سەید محەمەد کرد:

- سەربازی؟

سەید محەمەد وتی:

- بەڵێ سەربازی خاوەنی سەردەم (ساحب زەمان).

موقەدەمەکە وتی:

- هۆکار چییە تۆ هاتوویتە بەرەی جەنگ؟

دەستبەجێ وتی: خۆشەویستی حوسێن منی بۆ ئەم دۆڵە ڕاکێشا[1].

دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە وای لێهات بە (ناسرِی هەوالگری) ناسرام، لە نێو پاسەوانان، لەو کاتەوە وەلید هەراسانی دەکردم بەشێوەیەکی ناشرین، تا هەمووان ئەمەیان زانی!! وەلید خەڵکی شاری بەسرەیە و لە شاری ناسرِیە پێگەیشتووە، مرۆڤێکی ئاڵۆزە لە ڕووی دەروونیەوە و ڕەشبینە، کەمێك ڕەنگ زەردە، باڵا مام ناوەندە و چاو بچوکە و بژوانکەکانی کەمن، دەموچاو خوریکە و لای ڕاستی ڕوومەتی سوتاوە، برۆیەکەشی بەهەمان شێوە؛ بێریەکەی دێنێتە سەر برۆیەکانی!

هەر جارێك کە ئەفسەر یان پاسەوانێك دێتە خێوەتگەی پاشکۆ، وەلید ئاماژە بۆ من دەکات و بەوە دەڵێت کە هاتووە: ئەمە ناسرِ هەوالگرییە!

بەدرێژایی ماوەی دیلایەتیم، تاکە کەس بەناوی سیانی بانگی نەکردبم: ناسرِ سلێمان مەنسورِ، وەلید بووە، کە هەردەم بانگی دەکردم بە ناسرِ هەوالگری؟ ناسرِ هەوالگریی؟

---

(١) ((خۆشەویستی حوسێن منی بۆ ئەم دۆڵە هێناوە – ئەی جەنگاوەران چەند هەنگاوێك ماوە بگەینە کەربەلا)) ئەمە یەکێکە لە شیعرەکانی حاجی سادق ئاهنگران لە ساڵانی بەرگری پیرۆزدا، ئەم شیعرانەی دەهۆنیەوە لە نێو جەماوەری جەنگاوەران، لە بەشی دووەمی ئەم دێرە دەستکاری تێدا کراوە، وتویەتی: خۆشەویستی حوسێن منی هێناوەتە ئەم دۆڵە – لاوازیەکەم منی خستۆتە نێو ئەم گرتوخانەیە.

ڕق و کینەکانی وەلید یادەوەری تاڵی لە ژیانی مندا جێهێشت.

پێش من لە دیلێکی خەڵکی ئازربایجانی خۆرئاوایان دابوو، کاتێك لە ژووری سەرۆك پاسەوان هاتە دەرەوە، دەموچاوی هەمووی شوێنی لێدران بوو، دوای چەند ڕۆژێك ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە ڕوویداوە و بەسەریدا هاتووە، چەند پرسیارێکیان لێکردووە لەبارەی ناسنامەی کەسی و ناوی ئەو شارەی لێی نیشتەجێیە، شوێنی لە دایك بوون و ئەو یەکەی کاری تێدا دەکات، هەردەم وایە لێکۆڵینەوە دەست پێدەکات بە ناسنامەی کەسی، ئینجا لە دوای ئەمە پرسیارکردن لەبارەی زانیاری سەربازی.

کاتێك پرسیاری لەبارەی ئەو شارە لێکرا کە لێی نیشتەجێ دەبێ، ئەم هەژارە وتی ناوی شارەکەم:

- گەورەم (ماکو)یە.

لێکۆڵەرەکە بە توڕەیی تەماشای کرد و جارێکی تر پرسیاری لێکرد: لە چ شارێك دادەنیشیت؟ دووبارە وەڵامی دایەوە و وتی: ((منیم شهریم ماکودی)).

نەقیبەکە وای دەزانی ئەم دیلە ئێرانیە ناوی شارەکەی ناڵێت، ئاماژەی بۆ پاسەوانەکان کرد تا لێی بدەن، بە کێبڵ و قەمچی لێیان دا، ئەم هەژارا هاواری لێ هەڵدەستا و دەپاڕایەوە ((بابە بەخوا ناوی شارەکەم (ماکو)ە بۆچی لەسەر هیچ لێم دەدەن؟

بەڵام لێکۆڵەرەکە سوربوو لەسەر زانینی ناوی شارەکەی:

- بە دڵنیای ناوی شارەکەت (خمین)ە و نەوێری ناوەکەی بڵێی، دیلێکی خوزستانی عەرەب ئەوی ڕزگار کرد کە ناوی (حەکیم خەلیفان) بوو، بە لێکۆڵەرەکەی وت:

گەورەم ئەو خەڵکی (ماکو)ە، ئەم دیلە ڕاستگۆیە لەوەی دەڵێت، (ماکو) شارێکی ناسراوە لە ئێران.

ئەو کاتە لێدان و جنێو پێدانی وەستا، بۆ ماوەیەك دوورخرایەوە بۆ خێوەتگەیەکی تر، وایلێهات چیرۆکەکەی بڵاو ببووەوە، هەر کە یەکێك لە پاسەوانان ئەویان دەبینی بە گاڵتەوە پێیان دەوت: ماکو چۆنی؟

(ماکو) بە زمانی عێراقی واتە (هیچ) زۆر بەکار دێت، یەکەم پرسیار لە دوای سڵاو کردن و بۆ زانینی وردەکاری هەواڵەکان، یەکێك بە هاوەڵەکەی دەڵێت: ((شکو ماکو؟)) واتە چ هەواڵێك هەیە؟! لە ئێوارە لەگەڵ سەید محەمەد ڕۆیشتم بۆ گرتووخانەی ژمارە حەوت، حامدی پاسەوان کە گوێبیستی چیرۆك و خزمەتەکەم ببو لە هەواڵگریدا، پێی وتم: چۆن ئەم هەموو لەمپەڕانەت بڕیون و هاتویتە ئێرە؟

- لە بەردەمی ئێوەدا ڕۆیشتم بەڵام ئەمەم خوێندەوە ((وجعلنا من بين أيديهم سدا ومن خلفهم سدا)) واتە: (هەروەهابەربەستمانلەبەردەمیانەوەولەپشتیانەوەداناوە). کاتێك گەیشتینە دواتان ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ یارمەتی ئێمەیدا، بۆیە ئێمەتان نەبینی.

- پێنج شەمە ١٥ ئەیلولی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەو دیلانەی ڕەتیان کردەوە ڕیشیان بتاشن، بردیانە دەرەوە، چونکە ئەمە پێشێل کردنی یاسا بوو، ئێمە شەش کەس بووین: من، مەحمود یوست لە خەڵکی شاری (ملاير) بوو، حوسێن مقیمی لە (کرمان)، یەدوڵا زارعی لە (بهبهان)، قاسم فەقیە لە (بوشهەر) و ئیرەج شەیبانی لە (هرمزگان)، پاسەوانەکە بانگی (کەریم جەلالی) کرد کە ڕاسپێردرا بوو بۆ بەرپرسیارێتی کەمپەکە، ئەویش دیلێکی ئێرانی بوو، کەریم هات و سڵاوێکی بە توندی کرد و وتی: بەڵێ گەورەم!

حامد چەناگەی منی گرت و وتی: بۆچی ڕیشت ناتاشی وەك ئەوانی تر؟

- من ڕیشم نییە وەك دەبینی تەنها چەند تاڵە مویێکن، من هەڵیاندەکێشم بەڵام موس بەکارناهێنم.

هەندێك لە دیلەکان پێیان وایە کێشەی شەرعی هەیە لە ڕیشتاشیندا، واتە ناپەسەندە، من نەمدەویست لەبەر چەند تاڵە مویێك ڕوومەتم بتاشم، ملکەچی نەبووم و گوێم لێنەبوو لێم بدرێ لەم پێناوەدا، نامەوێ موس ڕێگەی خۆ بگرێ لەسەر ڕوومەتم، لەم تەمەنە بچوکەوە؛ حامد هەڕەشەکانی بە زەبری هێز جێبەجێ کرد.

قاسم کە کاری دەکرد لە یەکەی چاکردنەوە هاتە نێو گفتوگۆکە و داوای لە حامد کرد لێم نەدات، پەیوەندیەکی چاکی لەگەڵمدا هەبوو، بەڵام حامد بەقسەی نەکرد.

قاسم مرۆڤێکی زۆر باش بوو، پەیوەندی چاکی هەبوو لەگەڵ دەوروبەری، هیچ ڕق و کینەی لە دڵدا نەبوو، خەڵکی شاری کوت بوو، کە دەکاتە ناوەندی پارێزگای واسیت، ویژدانی ڕێگەی پێنەدەدا بێ دەنگ بێ لەسەر ستەم، سروشتی نەخۆشی حامدی دەزانی، بە وشەیەکی چاك و دڵسۆزانە پێی وتم: ناسر! بۆچی ناخۆشی بۆ خۆت دروست دەکەی، چەناگەکەت هەفتانە دوو جار بتاشە و خۆت ئاسودە بکە.

قاسم ڕۆژانە چەناگەکەی دەتاشی و ئاماژەی بە چەناگەکەی کرد و وتی:

- بزانە چەند نەرم و جوان و خاوێنە!
- بەڵام ڕیشی من کوا تا بیتاشم؟

قاسم هەوڵیدا ڕازیم بکات بۆ ئەوەی ملکەچی فەرمانەکان بم و هاوشێوەی ئەوانیتر بم.

ئیمەیان بردە گۆڕەپانی سوربووەوەی کەمپەکە، پاسەوانەکان سزای تایبەتیان دیاری کرد بۆ ئەو دیلانەی ڕیش ناتاشن، لەبەر ئەوەی من بە یەك قاچم و ناتوانم ئەم سزایە جێبەجێ بکەم، بۆیە حامد سزایەکی تایبەتی بۆ من دیاری کرد، کە لێدانی پەنجا کێبلْ بوو، لێدانەکانی سەرەتا زۆر پڕ ئێش بوون، بەڵام لە دوای کبێڵی بیستەم هەست کردنم بە ئازار کەم بووەوە.

نۆرەی مەحمود، حوسێن، قاسم، ئیرەج هات، لە یەدوڵایان نەدا، حامد فەرمانی کرد کرد هەر یەکێکیان پەنجەی شایەتمان دابنێتە سەر زەوی و دەستی چەپی بخاتە سەر سەری و بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە.

خولانەوەکان دەبێ پەنجا یان شەست بێ، ئەم هەژارانە دووچاری سەر سوڕان بوون و هاوسەنگیان لە دەستدا، حامد فەرمانی پێکردن خێرا بەرەو دەرگای گرتووخانەکە ژمارە ١٢ بڕۆن، بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشتن و پاسەوانەکە بە کێبلْ لێیاندا، ئەوان هەستیان بە سەر سوڕان دەکرد بۆیە بە دیوار و دەرگا داخراوەکەی گرتووخانەدا دەرکەوتن، دەکەوتنە سەر زەوی، لێرەدا حامد و وەلید لە قاقایان دەدا، بەڵام قاسم خەمبار دیاربوو!!

وا دەردەکەوێ ئەم وانەیە توونده کاریکردبێتە سەر دەروونی هەندێکیان، ئیرەج شەبانی و حوسێن موقیمی ملکەچی فەرمانی واقیع بوون و ڕۆیشتنە نێو ڕیزی ئەوانەی ڕیشەکانیان تاشیوە، بەڵام من بەردەوام ڕەتم دەکردەوە، بەمەش بەشی خۆم لە لێدانی بە زەبر دەخوارد، هێدی هێدی بێزار بوون لە سزادانم و وازیان لێهێنام.

- شەمە ١٧ ئەیلولی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئێمە کێشەی ڕووناکیمان هەبوو لە نێو ژووری زینداندا، لە کاتی ڕیزبوونی بەیانیان دیلەکان دەستنوێژیان هەڵدەگرت بۆ هەر دوو نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارە لە گۆڕەپانەکە، لە ڕیز بوونەکانی ئێوارە دەستنوێژیان هەڵدەگرت بۆ نوێژەکانی شێوان و خەوتنان، سەبارەت بە دەستنوێژی بەیانی ئەوا ئەمەیان کێشەیەکی ڕاستەقینە بوو!! چونکە ئێمە نازانین لە کوێ و چۆن دەستنوێژ هەڵبگرینەوە؟ سەرباری ئەوەی کێشە هەیە بۆ هەر یەکێك کە بیەوێ دەستنوێژی خۆی نوێ بکاتەوە بۆ نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارە و خەوتنان؛ چونکە دەرگای زیندانی لە پێنجی ئێوارەوە تا هەشتی بەیانی دادەخرێ، لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا هەڵناستن بە کردنەوەی.

((ئاوی دەستنوێژ لە کوێ بڕێژین؟))، ئەمە پرسیاری شەوانەیە، پێشنیازەکان فرە جۆر بوون، یەکێکیان دەڵێت: لەسەر پلاستیکەکە دەستنوێژ دەشۆینەوە و ئینجا ئاوەکە دەخەینە نێو دۆڵکەیەکەوە و تا بەیانی هەڵیدەگرین، ئەوەی تر دەڵێت لەلای دەرگای زیندان، دواتر پێش سەرژمێری بەیانی وشکی دەکەینەوە، پێشنیازەکان نەدەگونجان لەگەڵ بارودۆخەکانمان.

هاوڕێیان دەستنوێژیان دەشوشتەوە بە ڕێگەیەکی پیشەگەرانە، یەك دڵۆپە ئاو بەفیڕۆ نادەن!! چوار کەس بە ئاسانی بە یەك پەرداخە ئاو دەستنوێژ دەشۆنەوە، دەکرێ پێنج کەس دەستنوێژی پێ بگرنەوە بەڵام بە سەختی.

دواتر پێشنیازی عەلی ئیمانی کوڕی شاری مەشهەد ڕەزامەندی هەمووانی بەدەستهێنا؛ سێ پارچە بەتانی بە ڕووبەری ٤٠ × ٤٠ سانتیمەتر دابین کرد، لە گۆشەیاندا گرێمان لێدا تا بتوانین لە هەر شوێنێك هەڵیبواسین؛ هاوڕێیان دەستنوێژەکانیان لەسەری دەگرتەوە، دواتر بە گورسێك بەتانیەکان شۆڕ دەکرانەوە دەرەوەی زیندان لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە، بەمەش وشك دەبوونەوە، دوای ماوەیەك وەلید ئەمەی بە نا تەواو دادەنا و بەڵگەکانی نەوەی ئیسرائیلی بۆ دەهێنایەوە.

- ئێوه ئاو دەڕژێننه ڕێڕەوی گرتووخانەکە!

- **پێنج شەممە ٢٢ ئەیلولی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ**

چەند ڕۆژێك تێپەڕین بەسەر دۆستایەتیم لەگەڵ جەعفەر دەوڵەتی موقەدەم[1]، ئەمرۆ یەکەم ڕۆژی یادی بەرگری پیرۆزە، ئەمەش دوای ئەوەی لەشکری بەعس هێرشی هەمەلایەنی کرد بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران.

لەوەتەی چەند ڕۆژێك، کاتێك من دەچومە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوای پاك، ئەوا زۆربەی کاتەکەم بەسەر دەبرد لەگەڵ جەعفەر و مەیسەم، حامد پەیوەندیەکی خراپی هەبوو لەگەڵ جەعفەر.

حامد خەڵکی ئەنبار بوو، یەکێك بوو لە خزمە نزیکەکانی فەریق سەڵاح قازی، حامد باڵا کورت و ڕەنگ گەنمی و لوتبەرز و لەخۆبایی بوو.

سامی پاسەوانە دڵ چاکەکە دەڵێت: فەریق سەڵاح قازی مامی حامدە،سەڵاح قازی پێش ئەوەی ببێتە سەرکردەی فەیلەقی سێیەم، سەرۆکی فیرقەی ١٦ پیادەی ئەم فەیلەقە بوو، لە پڕۆسە مەزنەکانی ڕزگارکردنی خرمشهر (پڕۆسەکانی بەیتولمەقدیس)

(١) خەڵکی زابلی خۆرهەڵاتی ئێرانە، لە ڕووی کارگێڕیەوە سەری بە پارێزگای سیستان و بلوجستانە، یاردەدەری فەرماندەی فەوجێك بوو لە فەوجەکانی فیرقەی ٤١ سەئرڵا، دواتر فەرماندەی فەوج و سەرکردەی پڕۆسەکان لە زستانی ١٩٩٣، تیرۆریستانی نەگریس لەسەر ڕێگەی زاهدان زابل بۆسەیەکیان بۆ دانابووەوە، توتۆمبێلێك کە باوکی و دوو لە براکانی دەگواستەوە قازیفەیەکی ئارپیچیان لێدا و جەستەکانیان بووە خۆڵەمێش، براکەی تری عەلی ئەسغەر بە دیل گەوتە نێو دەستی ئەم تیرۆریستانە، تەمەنی یازدە ساڵ بوو، دوای سێ ڕۆژ عەلی ئەسغەر دەبینێ هەلیکۆپتەرێك لەسەر حەشارگەکە دەفڕێ و دەچێتە دەرەوە و بە کراسەکەی ئاماژەیان بۆ دەکات، ئەو کاتە پۆلیس هەست بە بوونی ئەم تیرۆریستانە دەکات کە خۆیان لەم شوێنە حەشارداوە، ئەمەش توڕەیی یەکێکیانی هەساندووە و شێلکە گوللەیەکی لێداوە و عەلی ئەسغەر شەهید بووە.

جەعفەر دەستنیشان کرا وەك بەڕێوبەری گشتی دامەزراوەی پاراستنی شوێنەوار و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی بەرگری پیرۆز، لە پارێزگای سیستان و بلوجستان.

سەڵام قازی فەرمانی دەرکرد بۆ هێزەکانی سەبارەت بە کشانەوە لە خرمشهر، بەم هۆیەوە سەدام فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد!! پێش چەند ڕۆژێك لە سێدارەدانی، سەدام فەرمانی لەسێدارەدانی دەرکرد بوو بۆ عەقید ڕوکن جەواد ئەسعەدی فەرماندەی فیرقەی سێیەمی زرێپۆش، دوای ئەوەی تۆمەتبارکراوە بە ترسنۆکی و هەنگاونەنانی پێویست بۆ ترساندنی ئەو هێزانەی لە ژێر فەرماندەیی ئەودان.

حامد مامی زۆر خۆشدەویست و دەیوت: کاتێك جەنگ دەستی پێکرد، هەر یەك لە ماهر عەبدولڕشید و هیشام سەباح فەخری و حوسێن کامل پلەیان لە مامم کەمتر بوو، مامم لیوا بوو و ئەوان عەقید بوون؛ لە زۆربەی کاتدا حامد دەدوا لەبارەی مامی و دەیوت سەرۆك هۆزمانە، پێش لەسێدارەدانی پێگەیەکی مەزنی هەر بوو و زۆر نزیك بوو لە وەزیری بەرگری عەدنان خەیرڕوڵا، هەوڵی زۆریدا لە نێوەندگیری لەلای سەدام و بۆ ڕازی کردنی بەوەی سەڵاح قازی لە سێدارە نەدات، بەڵام لە کۆتاییدا هەر لە سێدارە درا.

پێش چەند ڕۆژێك جەعفەر دەوڵەتی موقەدەم قسەی دەکرد لەبارەی یادەوەریەکانی لە پرۆسەکانی ڕزگار کردنی خرمشهر، حامد ئەمەی بیست و ڕق و کینەی لە دڵدا هەڵگرت لە دژی؛ ڕقی لە گشت ئەوانەیە کە بەشداریان کردووە لە پرۆسەکانی (بەیتولمەقدیس)، بۆ یادەوەری خرمشهر یادەوەری تاڵی هەبوو، چونکە مامەکەی بەهۆی ئەم پرۆسانەوە کوژرا، هەر بۆیە حامد بە دوای پاساودا دەگەڕا بۆ ئازاردانی جەعفەر، ئەو سەدام بە هۆکاری کوژرانی مامی نازانێ!! لەوانەیە ئەمە بۆ ترسانی ئەو بگەڕێتەوە لە سەدام؛ حامد بانگی کردم و بردمی بۆ ژووری ئەفسەری ئێشکگر، ئەفسەر قەحتان لەوێ بوو، ئەو یاریدەدەری دووەمی فەرماندەی خێوەتگەکە بوو، خەڵکی شاری دیالە بوو، زۆر قسەی دەکرد، پێستی زۆر ڕەش و زگ گەورە بوو، کەسێکی لاشە زل بوو.

پێش ماوەیەك ڕۆژنامەكان قسەیان كرد لەبارەی نزیكبوونەوەی ئاڵوگۆڕی دیلەكان لە نێوان دوو لایەنەكان، ڕۆژێك پێم وت: گەورەم پێت وایە كەی لە دیلی ڕزگارمان دەبێ؟

قەحتانی ئەفسەر وتی: كەی بینیت پیاو زكپڕ بوو، ئەو كاتە لە دیلایەتی ڕزگارتان دەبێ!

كاتێك لە دیلایەتی ڕزگارمان بوو، بە موئەیەدی پزیشكم وت، كە پەیوەندی چاكی هەبوو لەگەڵ قەحتان، پێم وت: بینیت بێ ئەوەی مرۆڤ زگی پڕ بێ ئێمە لە دیلایەتی ڕزگارمان بوو!

قەحتان چای دەخواردەوە و حامد و قەحتان نەیانتوانی پلەی سەربازی جەعفەر بزانن، قەحتان لێی پرسیم:

- تۆ هاوڕێی جەعفەری، بیستومە زۆر لەگەڵت دادەنیشێ، قسەی بۆ تۆ كردووە لەبارەی كاری خۆی لەبەرەی جەنگدا؟
- هەرگیز لەم بارەوە پرسیارم لێ نەكردووە و قسەشی لەم بارەوە بۆ نەكردووم، بەڵام خەڵكی شارەكەی دەیانوت ئەو لە بەشی خۆراكی فیرقە كار دەكات!
- ئەمە وەڵامی بەردەوامتانە! هەر كاتێك پرسیارمان لەبارەی كەسێك كرد، ئەوا دەڵێن ئەو لە بەشی خۆراك كار دەكات.

دەزانم حامد قەحتانی ئەفسەر دەجوڵێنێدژی دیلەكان، یان بەلایەنی كەمەوە دژی هەندێكیان، هێشتا گرێ كوێرەی كوژرانی مامەكەی بە فەرمانی سەدام كاری لە هەڵسوكەوتەكانی كردووە، لەبارە هەموو ئەوانەی بەشداریان كردووە لە پرۆسەكانی بەیتولمەقدیس، كە بووە هۆی ڕزگاركردنی خرمشهر، ڕقی خۆی ئاڕاستەی سەدام ناكات، بەڵكو ئاڕاستەی ئەم دیلانە دەكات، كە هیچ توانا و هەوڵێكیان نییە.

حامد به قەحتانی وتبوو: جەعفەر یەکێکە لە سەرکردە و فەرماندەکان، پێشبینیەکەی ڕاست بوو، جەعفەر سەرۆکی میحوەری پرۆسەکان بوو لە شەلچە و تەنانەت تا ئەو ساتەش کەس پەیی پێنەبردووە، ئەگەرچی دواتر یەکێك ئەوی ئاشکرا کردبێ.

به قەحتانی ئەفسەرم وت، هاوڕێیەك[1] ئامۆژگاریەکی کردم، ئەم ئامۆژگاریەم کردۆتە گوارە لە گوێچکەی خۆمم کردووە، پێی وتم: پێویستە هیچ یەکێکمان پلەی سەربازی ئەوەی تر نەزانێ و نەناسێنێ.

له ناکاو قەحتان بەسەریدا قیژاندمی و بە توڕەییەوە وتی: وەك نهێنی هەڵیدەگرن؟

- بەڵێ پێویست بە باسکردنی ناکات.

قەحتان بە وەلیدی وت: بیبە دەرەوە و سی کێبڵ لە ناسری هەواڵگری بدە.

وەلید چاوەڕێی هەلێکی وای دەکرد، سی کێبڵی لە دەستەکانیدام، حەکیم خەلەفیان لێی دەپاڕایەوە تا لێم نەدات، بەڵام وەلید گوێ بۆ هیچ کەسێك نەدەگرت، خەریك بوو ئاگر لە دەستەکانم بەردەبوو، بە وەلیدم وت:

- لە دەستەکانم مەدە، چونکە وەك قاچم سڕ بووە و هەست بە ئێش ناکەم، لە پشتم بدە.

دەستم پۆڵکەیان لێدروست بوو، نەمتوانی چیتر دارگۆچانەکەم بەکاربهێنم.

---

(١) مەبەستم لەتیف دەهقان بوو، لەم بارەوە قسەی لەگەڵ کردم لە نەخۆشخانەی ڕەشید.

حەکیم بە وەلیدی وت: گەورەم لە من بدە لە جیاتی ئەو، چونکە ئەو سەیدە پەکەوتەیە!

وشەکانی حەکیم منیان ئازاردا، ئەگەرچی ئامانجەکەی یارمەتیدانی من بێ، وا هەست دەکەم بەکارهێنانی وشەی گەورەم ئەوسەیدە پەکەوتە و تەمەن بچوکە، لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکەم لە ڕێز و شکۆی من بێنێتە خوارەوە، نامەوێ هیچ یەکێك بە چاوی بەزەییەوە سەیرم بکات، نە لەلایەن بەعسیەکان و نە لەلایەن هاوڕێیانم لە تەنگوچەڵەمە و دیلایەتیدا.

کاتێك گەڕامەوە بۆ زیندان، دەستەکانم زۆر بەسەختی ئازاریان دەدام، تەنانەت من نەمدەتوانی بڕۆم تەنیا بە سەختی نەبێ، چونکە دەستگرتن بە دار گۆچانەوە، ئەویش ئازاری دەدام، بۆیە لەسەر یەك قاچ بازم دەدا.

بەعسییەکان کاتێك دار گۆچانەکەیان لێ دەسەندمەوە، نەعلەکانم لە دەست دەکرد، لەسەر دەستەکانم دەڕۆیشتم.

دوای خواردنی ئەم لێدانە و گەڕانەوەم بۆ زیندان، ڕۆیشتمە لای جەعفەر و قسەم لەگەڵ کرد لەبارەی بەسەرهاتی حامد و ئەوەی ڕوویداوە لە (سین و جیم) قەحتانی ئەفسەر، پێم وت حامد نەخۆش و قین لە دڵە، بە گاڵتەوە پێم وت: بزانە وەلید چی بەسەر هێنام، چی لێکردووم، چونکە ئەوەم ڕەتکردەوە پێیان بڵێم کە سروشتی کارەکەت لە بەرەی جەنگدا چییە.

جەعفەر بە شێوەیەکی خۆشەویست و شیرین وەڵامی دامەوە:

- ئەی سەید! ئەوەی لەم ئاهەنگە لە کەسە نزیکەکان بێ، ئەوا بەشی ئەو لە پەرداخەکانی ئاشوب گەلێك زۆرن!!

- به پێکەنینەوە وتم: جەعفەر ئێمە پشتمان کردۆتە پەرداخەکانی ئاشوب، پێویستە یان قەحتان یاخود حامد یان تۆ ببینین؟

بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە خێوەتگەی پاشکۆدا بەسەرم برد، زیاد لە جارێك جەعفەریان بردە ژووری ئەفسەری ئێشکگر بۆ لێکۆڵینەوە؛ هەر جارێك جەعفەر جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی ئەو تەنها بەسیجیەکی سادەیە[1].

- یەك شەمە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ڕۆژی چلەی ئیمامی حوسێنە سڵاوی خوای لێبێ، ناتوانین ڕێوڕەسمەکانی ئەنجام بدەین بەهۆی لیستی سەپێنراوی قەدەغەکراوەکان بەسەرماندا، بەوپەڕی تۆکمەییەوە حەیدەر ڕاشی کە پێشتر ئەوم ناسیبوو هەڵسا بە ئەنجامدانی هەندێك ڕێوڕەسمی پرسە دوور لە چاوی بەعسییەکان؛ بەڕەگەز تورکی و لە خەڵکی گرگانی یەکێك لە دێیەکانی دەوروبەری شاری تەبرێز بوو، زۆر چاك بوو لە وتنی قەسیدە حوسەینیەکان.

حەیدەر دەیزانی من شیعری حوسەینی دەڵێم، زانراو بوو لە نێوماندا کە من قەسیدەبێژ بووم، بەرەبەیان هاتە لام، دەیویست بەم بۆنەیە بەرنامەیەکی گونجاو پێشکەش بکات بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی (چلە) لە زیندانی ژمارە حەوت و شازدەدا، من دەمزانی ئەگەر بەعسییەکان ئێمە ببینن کاتێك ئەم بۆنەیە بەرز ڕادەگرین، ئەوا ئاشوبی مەزنمان لەسەر بەرپا دەکەن!! حەیدەر ئەرکی یادکردنەوەی پرسەکەی گرتەئەستۆ لە زیندانی ژمارە حەوت و منیش لە زیندانی ژمارە شازدە ئەمەم کرد.

---

(١) لە کۆتاییەکانی ماوەی دیلایەتی بەعسییەکان سەریان سوڕما لە لێهاتوویی جەعفەر لە درومانی جواندا، جەعفەر وەك فێڵ بەوانی وت:

- گەورەم! بڕوانە چەند لێهاتووم لە درومانکردندا! من فەرماندەی بەشی دروین بووم لە فیرقەی ٤١ سەئرولڵا!

دەنگی حەیدەر بە زمانی تورکی پڕ بوو لە خەم و کانیاوەکانی فرمێسکی دەتەقاندەوە لە ناخی مرۆڤدا؛ چاوەکان فرمێسکیان دەڕژاند و دڵەکان نەرم دەبوون،من داوام لێدەکرد شیعرەکانی حوسەینیم بۆ بخوێنێتەوە، لە بۆنەکاندا بۆ هەموانی دەخوێندنەوە، ئەگەر هیچ بۆنەیەکیش لە گۆڕێدا نەبوبا، ئەوا تەنها بۆ منی دەخوێندەوە.

کاتێك دەنگی بە خەمەوە باڵی دەگرت بۆ گوێچکەکانمان، ئەوا فرمێسك بە ڕوومەتەکاندا دەهاتنە خوارەوە، شیعرە حوسەینیە تورکییەکان تایبەتمەندن بە خەفەتی قوڵ، کە هاوئاوازە لەگەڵ دەروونەکان، بەتایبەت لە بارودۆخی وەك ئێمەدا، هەندێك جار لە ناخی خۆمدا پرسیارم دەکرد، بۆچی ئەم خەمە لە شیعرە تورکییە حوسەینیەکاندایە؟

برایانمان لە فارسەکان لە زینداندا، حەزیان لە شیعرەکانی حوسەینی هەبوو بە زمانی تورکی، لەگەڵ ئەوەی تورکیان نەدەزانی، هەر بۆیە گوێیان بۆ دەنگی حەیدەر دەگرت، فرمێسکەکانیان دەباراند وەك نەرمە باران، هەست دەکەم ئەمە خۆی دەبینێتەوە لە خۆشەویستی تورکەکان کە دەگاتە عاشقی و توانەوە بۆ ئەبو فەزڵی عەباس سڵاوی خوای لێبێ.

لە هەر دوو زیندانەکەدا، دوو لە هاوڕێیان خۆیان تەرخان کرد بۆ چاودێری کردنی ڕێڕەوەکە بە ئاوێنەیەکی بچوك، هەر کە یەکێکیان پاسەوانێکیان دەبینی ئەوا ئێمەیان ئاگادار دەکردەوە، ئەمە جۆرێك لە چاودێری بوو لە نێو لە نێو خێوەتگەکە یان ئاگاداری پێشوەختە!! وا بڕیار بوو ڕێوڕەسمەکە بوەستێنین ئەگەر یەکێك لە پاسەوانان هات، بەڵام دوای ئەوەی جۆش و خرۆش دەچێتە نێو ناخەکان و بەهاکانی عاشورا و داستانی کەربەلا لەوێ بەرجەستە دەبن، لێپرسینەوەکان دادەڕوخێن و ترس دوادەکەوێ، بۆیە لە دوای ئاگادارکردنەوەش ڕێوڕەسمەکەمان نەوەستاند!!

ڕووی پاسەوانان لە پشت پەنجەرەکە دەرکەوت، سیماکانی پاسەوانانی یەزیدی پێوە دیار بوو.

کەریم هەڕەشەکانی حامدی وەردەگێڕا:

- زۆر جوان! ئێوە فشە بە ڕێککارەکان دەکەن و هەست بە هیچ ترسێك ناکەن، دەگریەن و لە سینگتان دەدەن؟!!
- ئەی مەجوسینە ئاگرتان تێبەردەدەم، وا دەکەم حوسێن لەسەرتان بگریەت!

من و حەیدەریان بردە ژووری ئەفسەری ئێشکگر، سەعد بە توڕەیی وتی:

- دیلەکانم لە بەرەی باشور بینی لەسەر کراسەکەیان نووسرا بوو (گەشت بەرەو کەربەلا دەکات) ئێوە دەتانەوێ کەربەلا داگیر بکەن؟

پێویست بوو بە ترێلە هاتبان و گڵکۆی کەربەلاتان پێ گواستبایەوە بۆ ئێران و ڕزگارمان ببا لێتان.

ئێمە پێشبینی ئەوەمان لە سەعد و وەلید و حامد دەکرد، لە سایەی ڕژێمی بەعس و سەدام، کە کەسایەتی یەزیدی پۆشیوە و بەرجەستە کردووە!

خەلیل هاتە زیندانەکە بۆ سەرژمێری شەوانە، زۆر توڕە بوو، پابەند بوو بەو یاسا و فەرمانانەی لەلایەن سەرکردەکانیەوە دەردەچوون، بەڕاستی خەلیلسزای هەر پاسەوانێکی دەدا، کە زیادەڕەوی بکات لە زیان پێگەیاندنمان، بەڵام سەبارەت بە پیادەکردنی یاساکان و تەنانەت لە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیش، ئەوا هەرگیز کەمتەرخەمی و نەرمی نانوێنێ، لەبارەی ئەم جۆرە شتانە دڵی بەتاڵە لە سۆزە مرۆییەکان.

هەر بۆیە دەستبەجێ فەرمانی دەرکرد بە سزادانمان، سزایەکەش لێدانی هەر یەکێك بوو بە حەفتا کێبڵ، حامد حەیدەری برد و وەلیدیش منی برد، هەر یەکێکمان حەفتا کێبڵمان لێدرا.

ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو حەیدەر بە تورکی دەپاڕایەوە و دەیوت: (بۆ خاتری دایکت دوو کێبڵی زیاترم لێبدە).

- ئەمە پێویست بە پاڕانەوە ناکات!

حامد دوو کێبڵی زیاتر لەو و لەمندا!!

- ئەمە دوو کێبڵەکە دەی بڕۆن.

کاتێك گەڕاینەوە زیندان بە حەیدەرم وت: ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ بۆچی داوای دوو کێبڵی زیاترت کرد؟

- بە عەباس تۆ تێنەگەیشتی؟
- نا.
- ویستم ژمارەکە دروست بێ.
- مەبەستت چییە؟
- ویستم ژمارەکە حەفتا و دوو کەس بێ، بە ئەندازەی ژمارەی هاوەڵانی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ لە کەربەلا، ئا ئەمە شایستە نییە؟

وشە و ئیمان و خۆشەویستی حەیدەر بۆ حوسێن و هاوەڵانی لە ڕۆژی عاشوڕادا، وانەیەکی زۆر پڕ مانا بوو، وتم:

- تۆ ڕاستی ئەمە ئەوەندە دەهێنی!!

ئای لەم باوەڕ و ئیمانە، حەیدەر بە گشت جەستە و ویژدانی خۆی لە کەربەلا بوو، لە زیندان لەگەڵماندا بوو، بەڵام بە ڕۆحی خۆی لە کەربەلا بوو، دەخولایەوە بە دەوری گیانی مەزنی حوسێن.

نهێنی کاریگەری هزرە تورکیەکانی ئەوم زانی لە ناخەکاندا، دەنگی لە دڵ و گیان و ویژدانیهەڵقوڵاوە؛ لەبەر ئەمە خەریك بوو سامی پاسەوان بگریەت لە کاتێکدا گوێی دەگرت لە شعیری حەیدەری خەمبار.

- دوو شەمە ٣ تشرینی یەکەم ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

دوێنێ ئێمەیان لە ئاو بێ بەش کرد، وەك سزایەك لە بەرامبەر ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پرسەی حوسەینی.

حوسێن بەهەشتی پوری[1] دیل، ل  زیندانی ژمارە دوودا داوای لێکرد ئەو ئایەتە پیرۆزە بخوێنینەوە: ((أَمْ مَنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ))[2] واتە: (ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەرگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە، کاتێك نزا دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵا و ناخۆشیەکان لادەبات).

---

(١) حوسێن بەهەشتی پور، لە ڕۆشنبیرە هۆشیارەکانەی خەڵکی شاری تارانە، لە ساڵی کۆتایی کۆلیژی کارێگر و ئابووری بوو لە زانکۆی ((بابلسر)) (باکوری ئێران) لەگەڵ بیست و پێنج قوتابی لە زانکۆ فەوجێکی بچوکیان دروستکرد لە نێو فیرقەی ٢٥ کەربەلا و لە جەنگەکانی شەلمچە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ نۆ لە هاوەڵانی بەدیلگیران و حەسەنیش بەهەمان شێوە، کاری دەکرد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دوای ئەوەی لە دیلایەتی ڕزگارکرا، عەلی لاریجانی (کاتێك بەرێوبەری گشتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوو) ئەوی کردە بەرپرسی کەناڵی جیهان. بەهەشتی بە شارەزایە ناسراوەکان دادەنرێ لە بواری ڕاگەیاندن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەرگی پێنجەمی کتێبی (فرهنگ جبهە) (ڕۆشنبیری و کەلتوری بەرەی شەڕ) لە دانراوی مەهدی فەهیمیدا هاتووە هاوەڵانی لە فیرقەی ١٠ سەروەری شەهیدان بە نازناوی پرۆفسیۆر بانگیان کردووە.

(٢) سورەتی نەمل: ئایەتی ٦٢.

من وێنای ئەوەم دەکرد؛ پێم وابێ ئەوان دەیانەوێ گیانی پەرتەوازەیی بڵاو بکەنەوە لە نێوان سەربازانی ڕاهێنراو لەگەڵ براکانیان لە بەسیج و پاسەوانی شۆڕش، لە نێو ئەوەی فازڵی ئەفسەر وتی ئەوە هەڵدەهێنجم کە ئەوان دەیانەوێ ئاشوب هەڵبگیرسێنن و ڕیزی نوێ لە نێو دیلەکاندا ببینن!!

فازڵی ئەفسەر وتی:

- شتێکی سروشتییە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیلەکانی لەشکر باشتر بێ، چونکە سەربازان ناچارن لەسەر ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی، بەڵام پاسەوانی شۆڕش و بەسەیج بەویستی خۆیان هاتوون و خۆبەخشانە بۆ جەنگ هاتوون، لە پێناو داگیرکردنی عێراق؛ ئاماجیان تێکدانی عێڕاقە، بۆیە زیندانی ژمارە یازدە و دوازدەیان بۆ ئێمە تەرخان کرد، ژمارەمان زۆر کەم بوو، پەیوەندیمان لەگەڵ برا سەربازەکانمان برایانە بوو، لە ڕاستیدا ئەوان کەمتەرخەمیاننەدەکرد لە چاودێری کردنمان.

وەلید پرسیاری کرد:

- بۆچی ڕێژەی برینداران لە سوپا و بەسیجدا زیاترە؟

ئەوان وەڵامەکەیان دەزانی و بە ڕاشکاوانە دەیانوت: لەبەر ئەوەی ئێوە تا دوا هەناسە شەڕتان دەکرد!

- دوو شەمە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری نازدارە درود و سڵاوی خوای لێبێ، شەهیدبوونی نەوەکەیەتی: ئیمام حوسێنی موجتەبایە سڵاوی خوای لێبێ.

چەند ڕۆژێك تێپەڕین لەسەر دانانی بڵند گۆ لەسەر بانی خێوەتگەکە، دەنگی بەرز گوێچکەکانی دەتەقاند.

شەوی ڕابردوو دەنگ بەرز بووەوە بەدەم وتنی ئەم نزایەوە: ((أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ))[1]. ئەمانە وشەی پیرۆز بوون دەهاتنە دەرەوە لە گەرووی دە کەسی ستەملێکراوەوە، ئەم وشانە دەخولانەوە لە کەشی پڕ لە ئارامی شەودا، تێنوێتی ئاگرێکە ناخ و دڵە تێنوەکان دەسوتێنێ و ئاوازی یەك دڵۆپە ئاو دەژەنێ، لەگەڵ ئەمەشدا بەعسییەکان نەیانتوانی نزاکانمان کپ بکەن.

لە بەیانی زوودا بینیم بەهەشتی پورم بینی، وتم: سوپاس بۆ خوا کەمێك ئاومان دەستکەوت، ئەگەرنا تێنوێتی ئێمەی دەکوشت.

- ئایا ئاویان بە ئێوەدا؟
- بەڵێ کەمێك ئاویان لە سەتڵێکدا پێداین، کە لە نێو بنکی سەتڵەکەدا قوڕی تێدا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا تێنوێتیەکەمانی شکاند.

بەهەشتی پور کاتێك زانی لە نێو هەموو زیندانیەکاندا تەنها ئەویان بەم زیندانە داوە، سەری سوڕما و وتی: ئەمە بەرهەمی ئەم نزایەیە: ((أَمْ مَنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ))[2].

پێش ئەنجامدانی سەرژمێری نیوەڕۆ، هەڵسان بە جیاکردنەوەی دیلەکانی سوپا (پاسەوانی شۆڕش) و بەسیج لە دیلەکانی لەشکری ڕاهێنراو؛ ئەوان پێیان وابوو پاسەوان و بەسیج هۆکاری ڕەسەنی پێشێلکردنی یاساکان و پیادەکردنی ڕێوڕەسمی چلەن، ئەم بڕیارە لەلایەن ئەفسەری هەواڵگری خێوەتگەکەوە دەرچوو.

---

(١) پێشتر ماناکەی خرایەڕوو. وەرگێڕی کوردی.

(٢) پێشتر ماناکەی خرایەڕوو. وەرگێڕی کوردی.

ئێمەیان ڕیزکرد لە گۆڕەپانەکە، فازڵی ئەفسەر هات، لە کۆی دیلەکان کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی هەشت سەد دیل، تەنها هەشتا کەسیان لە پاسەوانی شۆڕش و بەسیج بوون، واتە ٩٠٪ لە دیلەکانی لەشکری ڕاهێنراو بوون.

نازانم ئامانجی بەعسییەکان لە پاڵ ئەمەدا چییە، هەندێك پێیان وابوو بەعسییەکان مەبەستیان لە پاڵ ئەمە خستنەوەی ئاشوبە لە نێو دیلەکاندا.

دەنگی گۆرانی عەرەبی و فارسی فشارێکی خستە سەر سەرمان، ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە ڕۆژە خەمبارەکان، ئێمە پێویستمان بەوەیە چەند کاتژمێرێك بەسەر ببەین لە ژیان لەگەڵ ئەم یادە نەك بیستنی گۆرانیە بێ نرخ و نزمەکان؛ جەعفەر بەهەشتی پور زۆر خەمبار و هەراسان بوو، جەعفەر دەوڵەتی موقدەم وتی: سەید لەسەرمان پێویست نەبوو بە دیل بگیرێین.

- بۆچی؟ دیلبوون بەشێکە لە جەنگ و تێکۆشان.

ئاخێك لە ناخی هاتە دەرەوە و وتی: نا سەید! ئەو بیروباوەڕەی شەهیدبوون بە شکۆ دەگرێ دیلبوون ڕەت دەکاتەوە!

کاتێك بیرم لەوە کردەوە کە دەیڵێت: بینیم ڕاست دەکات لەوەی دەیڵێت.

جەعفەر وتی: ئای چەندە بە ئازارە، ئێمە ناچار دەکرێین لەسەر بیستنی گۆرانی بێ کەڵك لە یادی کۆچی دوایی پێغەمبەری نازداردا درود و سڵاوی خوای لێبێ.

پێش چەند ڕۆژێك گفتوگۆ کراوە لە نێوان جەعفەر و حەمیدی ئەفسەر، ئەمەی دوایی بریندار بوو لە پرۆسەکانی (فەجری هەشتەم)، حەمید خەڵکی شاری کوت بوو، کە ناوەندی پارێزگای واسیتە، کەسێکی زۆر جەستە لاواز بوو، پۆشاکەکەی زۆر جوان و قسەی کەم دەکرد و پرچی ئاڵتونی بوو، ڕووی پان و گەشبین بوو، دەرچووی کۆلیژی

سەربازی بوو، جەعفەر لە وەڵامدانەوەی پرسیاری حەمیدی ئەفسەر، کە وتبوی: چۆن توانیتان بەم زستانە سارده (شەتی عەرەب) ببڕن و بگەنە فاو؟

بە ئەفسەرەکەیوت: هانامان بۆ خوا برد و تکامان لە خانەوادەی پێغەمبەری خوا کرد!

جەعفەر یەکێك بوو لەوانەی لە ژێر ئاودا کاریان کرد بوو لە پڕۆسەکانی (فەجری هەشتەم)، دەستی کرد بە قسە کردن بۆ ئەو ئەفسەرەی یادەوەری تاڵی هەبوو لەبارەی کرداره جەنگیەکان، کە لە زستانی ١٩٨٥ ڕوویدا.

جەعفەر بە ئەفسەرەکەی وت، کە دەیەوێ بزانێ چی لەم شەوەدا ڕوویداوە، لەو لایەی شەت و پشت ساتره گڵینەکان:

- گەورەم کاتێك قاسم سولێمانی سەرکردەی فیرقەی ٤١ سەئرۆلڵا مەلەوانە ژێر ئاوەکانی کۆکردەوە لەسەر کەناری شەت، بەوانی وت: بڕواننە ئەم ئاوە، ئەمە مارەیی خاتوو فاتیمەی زەهرایە سڵاوی خوای لێبێ، سوێندیان بە خوا خوارد بە مارەیی فاتیمەی زەهرا سڵاوی خوای لێبێ، بەوەی ئەم شەو ئەم ئاوە ببڕن و دڵخۆشی بخەنە نێو دڵی ئیمام، جا چۆن فاتیمەی زەهرا سڵاوی خوای لێبێ بە هانامانەوە نایەت؟

ئەفسەرەکە وەك ڕەزامەندی سەری لەقاند، لەسەر ڕووخساری تێکەڵەیەك لە نیشانەی سەرسامی و شۆك دیار بوو!!

جەعفەر بەردەوام بوو و وتی: گەورەم هاتووینەتە بەرەی شەڕ وەك خۆشویستمان بۆ خوا و بۆ ئالوبەیتی پێغەمبەری خوا، پشتمان بە خوا بەست و تکامان بە ئالوبەیتی پێغەمبەری خوا کرد، ئای ئەوان چەندە ستەملێکراون لە وڵاتەکەتان؟

ئەفسەرەکە زیاتر شۆکی گرت کاتێك جەعفەر وتی:

- ئایا دەزانی ئێمە لەم پرۆسانەدا حەفتا و دوو فرۆکەی شەڕکەری ئێوەمان خستەخوارەوە بە ئەندازەی ژمارەی شەهیدانی کەربەلا؟
- بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێری نیوەڕۆ، داوام لە جەعفەر کرد لەگەڵم بێت بۆ ژووری ئەفسەری ئێشکگر و داوا لە بەرپرسان بکەم لێدانی گۆرانیەکان لە ڕێگەی بڵند گۆکانەوە بوەستێنن، بە بۆنەی کۆچی دوایی پێغەمبەری نازدار درود و سڵاوی خوای لێبێ و شەهیدبوونی ئیمام حەسەنی موجتەبا سڵاوی خوای لێبێ.

لەگەڵ جەعفەر هاتینە ژووری ئەفسەری ئێشکگر، سەعد سەرقاڵ بوو بە نووسینەوە و پرسیاری کرد:

- ها چی لە گۆڕێیە؟

کەریم هات بۆ وەرگێڕان و بە سەعدم وت:

- گەورەم! ڕاستە ئێمە دوژمنین بە ڕای ئێوە، بەڵام ئێمە موسڵمانین و بڕوامان بە خوا و پێغەمبەرەکەی هەیە.

سەعد حەزی لە هیچ پێشەکییەك نییە لە قسە کردندا، وتی:

- بەڵێ دەزان دەزانم ئێمە موسڵمانین و ئێستا چیتان دەوێت؟
- گەورە پێغەمبەر درود و سڵاوی خوای لێبێ ڕێز و حورمەتی هەیە، هەموو موسڵمانان ڕێزی لێدەگرن، ئەمڕۆ یادی کۆچی دوایی کردنیەتی، وا باشترە فەرمان بکەی بە وەستاندنی ئەم گۆرانیانە وەك ڕێزێك بۆ ئەم یادە.

جەعفەر هیچی نەوەت لەبارەی ئیمام حەسەنی موجتەباوە سڵاوی خوای لێبێ، وا باشترە مرۆڤ پێداگیری بکات لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعە و سوننە.

سەعد وەڵامی داواکەی داینەوە و بڵندگۆیەکانی لە وتنی گۆرانی وەستاند.

- چوار شەمە ١٢ تشرینی یەکەم – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ حەزی شیعر لای محەمەد شەفاعەت منش کرایەوە، شیعرێکی لەسەر خۆی هۆنیەوە:

بە تەنها کەوتوومەتە زیندانەوە و کەسم نییە، خوایەگیان؛ شیفام بدە و سەرم بخە، ئەی زاتی تاك و بێ نیاز و جێگای نیاز.

ئەوەی بەرپرسی چا تێکردن بوو، گەنجێکی قەد لاواز بوو، زۆر باڵا درێژ بوو، ناوی بەهزاد ڕۆشن بوو(١).

هاتە نێو زیندانەکەمان و پەرداخی چای بەدەستەوە بوو، بانگی بەرپرسی زیندانیەکەی کرد و داوای لێکرد چا بەسەر بریندارانی زیندانیەکەدا دابەش بکات.

لەم خێوەتگەیەدا هەر پێنج کەس هاوبەشن لە یەك پەرداخ چادا.

بەهزاد بەوپێیەی بەرپرسی چایە لەم خێوەتگەیەدا، ئەوا پەرداخێکی چای زیادەی پێ دەدرێ بە تایبەت، بەڵام ئەو بەشی خۆی وەك ئەوانی تر دەخوات و پەرداخە زیادەکەش دابەش دەکات بەسەر بیست و پێنج کەس.

موئەیدی یاریدەدەری پزیشکی کاتیك زانی بەهزاد قوتابیساڵی دووەمی کۆلیژی پزیشکی بووە، ئەوا لەگەڵ خۆی بردی بۆ نۆرینگەی پزیشکی.

---

(١) بەهزاد ڕوشنی پزیشك، خەڵکی گیلانە، قوتابی ساڵی دووەمی کۆلیژی پزیشکی بوو، لە زانکۆی شیراز، ڕۆیشتە بەرەی جەنگ و کۆمەڵێك گەنجی لەگەڵدا بوو لەم زانکۆیە، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ز بەدیلگیرا، دوای ئەوەی لە دیلایەتی ڕزگارکرا دەستی بە خوێندن کردەوە لە زانکۆی گیلان، ئێستا ئەندامی لیژنەی زانستیە لە زانکۆکە و پسپۆری رایدۆلۆژیی و سی تی ئەسکنە.

بەر لە نیوەڕۆ ئەو دیلانەی چووبوونە کاری زۆرەملێی، ڕۆژانە دیلەکانیان ناچار کرد بوو بۆ ئەنجامدانی کاری زۆرملێ، زۆربەی جاران دیلە بەهێزەکانیان دەبرد، کە خاوەنی بازووی پتەو بوون، لەوانەیە لاوازەکانیشیان بردبا ئەگەر پاسەوانانیان توڕە بکردایە.

لە نزیك خێوەتگەکە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی بلوك هەیە، هاوڕێیانمان بەڕێوەی دەبەن، هەندێك بینایە لە سەربازگەکە تەواو کران بە کاری زۆرەملێ.

پەیوەندیەکی هاوڕێیەتی منی بەستۆتەوە بە حوسێن جەعفەری، کە خەڵکی شاری کرمانن، لە زیندانی ژمارە حەوتدا، یەکێك بوو لە کرێکارە زۆرلێکراوەکان، ئەویان زیاتر لە هاوڕێیانی کاری پێدەکرا، ئەمەش بەهۆی کەمتەرخەمی ئەو بوو، کە ئەو زۆر کاری دەکرد، ئەوانیش ئاسودە بوون بۆ ئەوەی ئەمەی دەکرد لە دیلەکان.

سەرباری ناتەواوی تەندروستیەکەی هەر ئەویان برد بۆ کاری زۆرەملێ، کاتێك هاتەوە پێیەکانی بەدوای خۆیدا دەخشاند، هەندێك جەلەمۆن کە پەیکەرە ئاسنینەکەیان تەواو بوو، ئەوا لەلایەن هەندێك لە دیلەکان بەرز کرانەوە، لە نێویاندا حوسێن جەعفەری و ڕەزا زینلی، ژمارەیەك لە دیلەکان خەڵکی تاران و ئەراك و هەمەدان بوون، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری کارەکانی بینایەکە پەلەی لەوان دەکرد بۆ تەواو کردنی بینایەتە تایبەتەکان بە بەشەکانی کارگێڕی و خۆراك و کۆگاکان.

بەهۆی خراپی خواردنەوە، زۆربەی هاوەڵان دووچاری لاوازی و بێهێزی بوونەوە، نەیانتوانی کاری سەخت بکەن، ئەو ڕۆژانە پێویست بوو دە تا دوازدە باری توتۆمبێلی ئیڤا بەرهەم بهێنرێ لە بلوك، ئەوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دیلەکان دەکرد، وەك چۆن فیرعەونەکان لەگەڵ کۆیلەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد، لەگەڵ گشت ئەم کارە سەختانە، ئەوا خواردنیان جیاواز نەبوو لەگەڵ دیلەکانی تر.

ئەم کۆیلە هەزارانە تورەیی خۆیان بەتاڵ دەکردەوە بە بلوکەکان، ڕێژەی ڕمیان زیاد و چیمەنتۆیان کەم دەکردەوە، بۆ ئەوەی بلۆکەکە پوخ ببێ یان بە پێچەوانەوە زیادەڕەویان دەکرد لە چیمەنتۆ تێکردندا، بۆ دروستبوونی قەیران لەم کەرستەیەدا، ئەمە ئەوپەڕی تۆڵەیە کە بتوانن بیکەن بۆ دەردانی تورەییەکەیان.

حوسێن جەعفەری وتی: زۆر جار بە ئەنقەست بلوکمان لەناودەبرد و دەمانوت: چیتر توانای بلوك هەڵگرتنمان نییە.

قاسمی عەریفی بەرپرسی یەکەی چاك کردنەوە و خزمەتگوزاری هونەری پێی وتین: پێش ئەوەی دیلە ئێرانیەکانبێنە ئەم سەربازگەیە، ئەوان کرێکاریان بەکاردەهێنا لە خەڵکی تکریت و گوندەکانی نزیك و دەوروبەری، دواتر ئەوانیان لەکار دوورخستەوە دوای ئەوەی کرێکاری بێ کرێیان دەسکەوت!!

- شەمە ١٥ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

تووشی زکچونێکی خوێناوی و ڕشانەوە بووم، بەهۆی خراپ هەڵسوکەوتکردنی جەمای پزیشك لەگەڵ دیلە ئێرانیەکان، نەڕۆیشتمە نۆرینگە، عەلی ئیمانی و محەمەد باقر وجدانی چاودێری منیان دەکرد، من بە سەختی خۆم لە ڕیزەکانی سەرژمێریدا خۆم دەگرت بە نزیکەی یەك کاتژمێر، بەهزاد هەوڵێدا جەمالی پزیشك ڕازی بکات بە گواستنەوەم بۆ نۆرینگە، بە پێچەوانەوە موئەیەدی پزیشك بە ڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ دیلەکان دەکرد و بایەخی بە بارودۆخی نەخۆشیەکانی دەدا.

ژمارەیەك لە هاوەڵان خۆبەخشانە خزمەتیان دەکردم، مورتەزا واحید پور[1] هات، بەرپرسی دابەشکردنی نان بوو لە خێوەتگەکە، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك چاودێری کردم، سور بوو لەسەر ئەوەی شتێك بخۆم، بەشی خۆی لە نانی پێدام.

مورتەزا ڕاهاتبوو لەسەر دابەشکردنی بەشی خۆی لە نان بەسەر هاوەڵە دیلەکانی بە بریندار و نا بریندارانەوە، مورتەزا مرۆڤێکی دیندارە، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، دواتر زانیم ئەو کولێرەیەکی زیادی پێدەدرێ.

بەگوێرەی ئەوەی بەهەشتی پور دەیوت؛ لەم ماوەیەدا کە تێربوونمان نەبینیبوو، بەدەستخستنی لەتە نانێکی زیادە وەك دەستخستنی ئوتۆمبێلێکی پیکابە بە خۆڕایی!! بێ ڕاوەستانە لە ڕیزی دوور و درێژی تۆمارکردندا، هەرگیز مورتەزا پارچە نانی زیادەی خۆی نەخواردووە.

مورتەزا وەك بەهزاد ڕۆشن بوو، پارچە نانە زیادەکەی وەرنەدەگرت، زۆر دەروون بەرز بوو، دەیویست وەك ئەوانی تر بێ؛ پێش چەند ڕۆژێك فازڵی ئەفسەر وتی: بەشی خواردنی هەر دیلێك لە خواردن ئەوەندەیە کە لە ژیانیدا بیهێڵێتەوە، مورتەزا پێی وت: گەورەم! سۆقرات دەڵێت: بخۆ بۆ ئەوەی بژی، نەك بژی بۆ ئەوەی بخۆی.

ئەسغەر ئەسکەندەری[2] پێی وت: نان ببە و بە برا نەخۆش و بریندارەکانت بدە، ئەگەر نەیبەی ئەوا ڕێگەی خۆی دەگرێ بۆ زگی سلوان و هاووێنەکانی.

- دوو شەمە ٢٤ تشرینی یەکەم ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

---

(١) مەڕتەزا واحید پوری پزیشك، قوتابی بوو لە لقی کیمیا لە زانکۆی بابلسر (باکوری ئێران)بەدیلگیرا لە بەهاری ١٩٨٨ لە شەلمچە، دوای ڕزگارکرانی لە دیلایەتی دەستی بە خوێندن کردەوە و دکتۆرای لە کیمیادا بەدەستهێناوە، ئێستا پرۆفیسۆر و ئەندامی لیژنەی زانستییە لە زانکۆی زنجان.

(٢) خەڵکی تارانە، دوای ئەوەی لە دیلایەتی ئازاد کرا لە بەشی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لە وەزارەتی نەوت دانرا.

کات بە دەمی نیوەڕۆ بوو، فازڵی ئەفسەر هاتە نێو خێوەتگەکە، سەعد و وەلیدی لەگەڵدا بوو، ئەوان هەندێك چوکلاتیان پێ بوو، فازڵی ئەفسەر وتی: جەنابی سەرۆکی سەرکردە سەدام حوسێن ئەم چوکلاتانەی بۆ ئێوە ناردووە، بە بۆنەی دوازدەی ڕەبیعی ئەوەل، یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری نازدار درود و سڵاوی خوای لێبێ، جەنای سەرۆکی سەرکردە دیلەکانی بەم بۆنەیەوە لەبیر نەکردووە، بە خودی خۆی فەرمانی داوە بە دابەشکردنی چوکلات بەسەر دیلەکاندا.

چوکلاتەکان دابەشکران بەسەر دیلەکاندا.

ڕامین حەزرەت زادە کەسێکی زیرەك بوو پێشنیاری کرد و وتی: هاوڕێیان ئەم چوکلاتانە مەخۆن و هەڵیبگرن بۆ یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری نازدار لە حەڤدەی ڕەبیعی یەکەم، بەسەر عێراقییەکاندا دابەشیان دەکەین.

ئەوانەی ئەم پێشنیازەیان قبولکرد، ژمارەیان دەگەیشتە سی بۆ چل کەس، من زۆر حەزم دەکرد چوکلاتەکە بخۆم، کاتێك زۆر تێپەڕیوە چوکلاتم نەبینیوە، پێشتر چێژم بینی بوو بە خواردنی، ڕامین چوکلاتەکەی خۆی هەڵگرت.

- چوار شەمە ٢٦ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەم شەو هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی یەکەمی شەهید بوونی براکەم، سەید هیدایەتوڵا، دڵم پڕ لە ئازار بوو، کاتێك گریام و چاوەکانم فرمێسکیان لێباری، هەستم بە جۆرێك لە ئاسودەیی کرد، وەك ئەوەی خەم هەور بن ئاسمان دوای باران چۆڵ بکەن و ڕووی ساف و بێگەردی ئاسمان دەربکەوێت.

**سالێك تێپەڕی بەسەر كۆچ كردنی هاوڕێكەم، لە هاووێنەی ئەم شەوەدا براكەم دەجەنگا لەگەڵ هاوڕێ و برایانی لە پێناو گێڕانەوەی شوێنە چیاییە ستراتیژییەكان لە كوردستان، دواتری شەهید و سوور هەڵگرا لە خوێنەكەیدا.**

**بە دڵنیایەوە خانەوادەكەم، ڕێوڕەسم دەگێڕن لە پێناو برای شەهیدم، هەروەها لە پێناو من وەك ونبوێك، ئەم شەوم بەسەربرد لەگەڵ شریتی یادەوەریەكانی براكەم سەید هیدایەتوڵا[1].**

(١) لە ساڵی ڕابردوودا و پێش شەهیدبوونی بە دوو مانگ، ئێمە سەرقاڵ بووین لە كارەكەماندا لە چاندنی مین لە بەشەكانی (شاشو) و (تپە جنگلی) و (تەلال ئەلغابە) سەید هیدایەتوڵا دەربڕینێكی تایبەتی بۆ بەكارهێنا (سیفی كار) واتە كاری هاوینە، چاندنی هاوینە، ئێمە و دوژمنانمان كاری هاوینەمان هەیە، كاری ئەوان مین چاندن بوو وەك جۆری تەماتە و ... هتد، ئێمە خوانێكمان هەیە پڕیەتی لە چێندراوی تەقینەوەی ئامادەكراو بۆ میوانانی بانگهێشت نەكراو، كاری ئێمە تێكدانی چێندراو و كردنەوەی ڕێڕەوە لە شەوەكانی هێرشەكان، خاوێنكردنەوەی هێڵە ڕزگاركراوە بەمین چێنراوەكانە بەرامبەر هێڵەكانمان و دانانی كۆسپ و ڕێگر، درێژكردنەوەی تەل و دڕك و ڕاوكەری تەقێنەرەوە بەرامبەر بە دوژمن، كاری هاوینەكان لە یەكەی تێكدان لەوپەڕی وردبینیدایە، سەری مینەكان ڕووماڵ دەكەین و تا سەریان نەیەنە دەرەوە و نەتەقنەوە.

سەید هیدایەتوڵا لە یەكەی ئیتڵاعات بوو، جەنگاوەرانی ئەم یەكە دەڕۆیشتنە ماڵی دوژمن و بێ هیچ بانگهێشتێك، ئەندامانی ئیتڵاعات پەیوەندی تۆكمەیان هەبوو لەگەڵ ئەندامانی یەكەی تێكدان، بوێری و قوربانیدانی ئەم هاوڕێیانە چاوەكانی مانگ و ئەستێرەكان لە ئاسمانی بێگەردا ئاماژەیان پێدەكات.

كاتێك وا هەست دەكەم دڵم تەنگە، دەچمە لای براكەم و هەست دەكەم فشارەكانی نامۆیی لەسەرم نامێنێ، ئەمەش دوای ئەوەی زاڵبووین بەسەر لوتكەكەدا بە دوای براكەم هیدایەتدا دەگەڕام، هاوڕێیان هێڵی بەرگریان دانابوو، چەند ڕۆژێك تێپەڕی بوون هاوڕێیانم هەواڵی شەهید بوونی براكەمیان پێ نەوتم، هومان جەعفەری مۆڵەتێكی ناچاری پێدام، كە فەرماندەی یەكەی تێكدان بوو، جانتای سەفەرم تێكنا بۆ خوزستان.

لە ڕۆژی ٨ تشرینی یەكەم گەیشتمە سەربازگەی شەهید بەهرۆز غولامی، كە دەكەوێتە سەر ڕێگەی ئەهواز – حەمیدیە، پرسیارم لە سەید شەریف پنجە بند كرد، كە دەیویست سەفەر بۆ كوردستان بكات، لەبارەی براكەم لێم پرسی، وتی: لە سەربازگەیە! لەم ساتانەدا دركم بە نهێنیەكە نەكرد، لێی تێپەڕیم.

ڕۆیشتمە بارەگای ئیتلاعات، لەلای دەرگای ڕۆیشتنە ژوورەوە حەسەن وەکیلیم بینینی، کە دۆستی خۆشەویستی سەید هیدایەتوڵا بوو، ڕێگەی لێگرتم بچمە ئەم هۆڵە ڕەشبینە، پرسیارم لێکرد براکەم لەکوێیە؟

- بە مۆڵەت ڕۆیشتووە.
- بەڵام سەید شەریف وتی ئەو لە سەربازگەیە.
- ئەو لێرە بوو ئینجا ڕۆیشت.

چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، گریانی لە گەروودا ماوەتەوە و ڕاستیەکەی وت: لێرە بوو و ئینجا ڕۆیشت.
لەگەڵ ئەوەی وەك لەمپەرێك لەبەردەمم وەستا بۆ ئەوەی نەڕۆمە نێو هۆڵەکە، بەڵام لە دوورەوە لەوپەڕی هۆڵەکە لافیتەیەکم بینی، وشەکانی منیان دووچاری شۆك کرد:
((پرسە و سەرەخۆشیمان ڕادەگەیەنین بۆ شەهیدبوونی پڕ شکۆی سەرکردەی لێهاتوو سەید هیدایەتوڵای حوسێنی پور، یاریدەدەری یەکێتی ئیتلاعات و پرۆسەکان لە لیوای ٤٨ فەتح)).
لە شوێنی خۆم چەقیم و نەمتوانی ئەم شۆك گرتنە قبوڵ بکەم، هیوام دەخواست نەخوێندەوار بووبام، لەلای دەرگاکە دانیشتم و دەستم بە فرمێسك باراندن کرد لە پاڵ حەسەن و هاوڕێیانی هیدایەت، ئێمە لە پرسەیەکی ڕاستەقینەدا بووین... ئاخ سەید هیدایەت گەیشتووەتە گەورەترین هیواکانی.
لە ئێوارەدا من لە نێو ئەو پاسەدا بووم کە لە ئەهوازەوە دەچووە شیراز، مەبەستم بوو بچمە گچساران، بە درێژایی ڕێگاکە دەگریام، عەلی عالی منش کە خەڵکی ئیستهبانات بوو لەگەڵ مندا بوو، ئەو یادەوەریانە هاتنەوە یادم کە هەم بوون لەگەڵ شەهید سەفەر عەلی کورد لو بۆ گچساران، جەستەی ئەو لە ڕێگەی خەندەقەکەدا مابووەوە.
کات لە دەوروبەری دە و نیوی ئێوارە بوو، گەیشتینە گچساران، شەقامەکان بەتاڵ بوون، بڕوام نەدەکرد براکەم شەهید بووە، پێم وابوو من خەون دەبینم، برسی بووم و دەمویست گەسێك بخۆمن بەڵام دڵم بۆ خواردن نەدەچوو، حەزم دەکرد فڕیبووبام بۆ باشت، نازانم کە ئایا ڕوفاتی شەهیدیان ناشتووە یان نا؟
پاسەکە لە نزیك وێستگەی باشت ڕاوەستا، گەشتیاران سەرقاڵ بوون بە خواردنی ئێوارە لە نزیك وێستگەی باشت، براکەی خۆم سەید شوجاعەدینم بینی، کاتێك ئەو منی بینی بەرەو لای من ڕای کرد، زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی من، بەڵام من بە ساردیەوە پێشوازیم لێکرد، نەمتوانی بە بەختەوەریەوە خۆم دەربخەم، دەیویست بچێتە باشت، چاوپێکەوتنمان پێشبینی نەکراو بوو، لە هوری مەزنەوە هاتبوو.
بەر لە دوو هەفتە لە شەهیدبوونی براکەم، سەید شوجاعی براکەمم بینی لە ناوچەی هور، خێزانەکەمان زۆر دوودڵ بوو لەبارەیەوە، بەر لەوەی بچمە هوری مەزن خەونێکم بینی، بینیم یەکێك لە ددانەکانی پێشەوەم دەکەوت، لە بەیانیدا قسەم لەگەڵ نەرجسی خوشکم، بە خەمەوە وتی: ددانی پێشەوە مانای ئەندامێکی خێزان دەگەیەنێ بە پلەی یەکەم، ڕووداوێك بەسەر یەکێك لە براکانم دێ، بەویستی خوا بە خێر تێدەپەڕێت!

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەگەڵ هاوەڵانم مامەوە لە یەکەی تێکدان لە ناوچەی هوری مەزن، چاندنی مینمان تەواو کرد لە مەخفەری دیم ١ و ٢، لە کۆتاییدا هورمان بەجێهێشت بەرەو کوردستان و بە دیاری کراوی یەکێك لە ناوچە ستراتیژیەکان.

داوام لە سەفەر بلند ئەختەر فەرماندەی فەوجی ئیمام جەعفەری سادق سڵاوی خوای لێبێت کرد، مۆڵەتی یەك هەفتە بدات بە سەید شوجاع، ئا ئەوەتا بە چارەنووس ئێمە لەم شەوەدا لە نزیك وێستگەی باش بەیەکدەگەین!!

سەید شوجاع زۆر خولیای گەیشتنی هەبوو بە باشت، سواری پاسی شیراز بووین بە ئاڕاستەی باشت، نازانم گوێبیستی شەهید بوونی براکەمان بووە یان نا، لە پاڵیدا دانیشتم، بەر لەوەی بگەمە باشت: پرسیاری لێکردم لەبارەی ئەوەی چ هەواڵی هیدایەت هەیە؟

پێم وت: سوپاس بۆ خوا ئەوم لە کوردستان بینی.

ئەو کاتە زانیم ئەو هیچ نازانێ لەبارەی شەهیدبوونی.

ڕۆیشتمە لای عەلی عالی منش و بەگوێچکەی ئەومدا چرپاند: ئەوەی دانیشتووە سەید شوجاعی براکەمە، هیچ شتێکی نەبیستووە لەبارەی شەهیدبوونی براکەم، هیوادارم بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن، گەڕامەوە شوێنەکەم لە تەنیشت سەید شوجاع، بەزەییم پێدا هاتووە، زۆر بەختەوەر بوو بۆ گەڕانەوەی بۆ نێو خێزان و شارەکەی، هەوڵمدا زاڵبم بەسەر هەست و سۆزەکانم، گریان دەمخکێنێ، حەزم دەکرد لە شوێنێکی گۆشەگیر بووبام ئەوەندە گریابام تا فرمێسکەکانم وشك دەبوون.

لە دووریان لە توتۆمبێلەکە دابەزین، ڕوومان کردە ماڵ، ماڵەکە بەتاڵ بوو، لە دەروازەی گەڕەکەکەمان نزیك بووینەوە: عەبدولخانی، کوڕەکەی کە ناوی ئارشە لەوێ بوو، دوای شەهید بوونی براکەم، ناوی دەروازەکە گۆڕا: هیدایەتوڵا، واتە بە ناوی یەکەم شەهیدی خەڵکی ئەم گەڕەکە.

دەمویست ئارش هیچ شتێك بە سەید شوجاعی براکەم نەڵێت، بێ ئەوەی براکەم بزانێ ئەوم بردە لایەك و پێم وت: شوجاع هیچ شتێك لەبارەی شەهیدبوونی هیدایەتەوە نازانێ.

سەید شوجاع پرسیاری کرد: دایکم و ئەوانیتر لە کوێن؟

- هەموویان ڕۆیشتوونەتە (دە بزرگ) (گوندی مەزن).
- بۆ چی؟
- یەکێك لە خزمان مردووە، هەمووان ڕۆیشتوون بۆ پرسە.
- کێ مردووە؟
- لە خزمە نزیکەکانە.

خەریك گومان لەلای سەید شوجاع دروست دەبوو، ڕۆیشتە شەقامی سەرەکی شارەکە و منیش بە دوای کەوتم، پرسیاری لە دراوسێیەك کرد: چ هەواڵێك هەیە؟ ئایا باوکم مردووە یان یەکێك لە براکانم شەهید بووە؟ ئایا شتێك بەسەر دایکمدا هاتووە؟

- **هەینی ٢٨ تشرینی یەکەم ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ**

**حەسەن بەهەشتی پور، لە هەر زیندانیەك کەسێکی پەسەندی هەڵبژارد، لە گشت هاوەڵانی و ئەرکی سەرکردایەتی پێسپاردن، ئەو بیری لە ئاینده دەکردەوە، کاتێك بۆ یەکەم جارم بینی کە بەو جەستە لاوازەیەوە، بە خەیاڵمدا نەدەهات بیر لەم شتانە بکاتەوە.**

**هاوڕێیان پێیان وت: دوێنێ ساڵیادی یەکەمی شەهیدبوونی براکەم بوو، هاتە لام و لە تەنیشتم دانیشت و قسەی لەگەڵ کردم لەبارەی شەهیدایەتی و پلەی شەهیدی، وشەکانی چارەسەر بوو بۆ برینەکانم، هەستکردن بە ئارامی و ئاسودەیی لە ناخمدا دەجوڵاند، ئەمڕۆ جوانترین شتی پێ وتم: کە بیستبێتم لەبارەی شەهیدبوونەوە: ئەی سەید درکم کردووە بە پلەی شەهیدانی ئەم جەنگە سەپێنراوە، ئەو کاتەی بەراوردم کرد بە ئیسماعیلی کوڕی ئیبڕاهیم، لە ناخی خۆمدا وتم: بەخۆی خۆی پێشکەش نەکردووە بۆ قوربانی، ئیسماعیل خوای گەورە بە بەرانێك قەرەبووی کردەوە، شەهیدانی ئێمە خۆیان وەك قوربانی لە پێناوی خوادا پێشکەش کرد.**

---

**لە شەقامی سەرەکی خانووی قودڕەتوڵا ڕەزا پوری هاوڕێیەکی براکەم هەیە، کە لە نیوەی ڕێگاکەیە، لە دەرگایدا و منداڵێك هاتە دەرەوە، پێم وابێ خوشکەزای قودڕەتوڵا بوو، برام پرسیاری لێکرد: ئایا کەسێك شەهید بووە لە خەڵکی باشت؟**

**منداڵەکە کە سەید شوجاعی نەدەناسی وتی: کوڕی سەید لێمان تەهاوی شەهید بووە، سەید شوجاع لەسەر ڕەسیفی ڕێگاگە دانیشت و دەستی بە گریان کرد، بەدەنگێکی بەرز دەگریا، دراوسێیەکان لە دەوری کۆبوونەوە، دوای کاتژمێرێك لەلای گۆڕی سەید هیدایەت بووین، خوشکەکانم هێشتا لە دەوری گۆڕی شەهید بوون و هەر کە چاویان کەوتە سەرمان، لە ڕۆ ڕۆ و گریانیاندا و (شروە)یان دەوت (شروە: ئاوازێکی گۆرانیە خەم و خەفەت دەخاتە دڵەوە و دڵ پارچە پارچە دەکات، لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەخلاقی بەرز – وەرگێری عەرەبی) فەیروزەی خوشکم بە گوێچکەی ئێمەیدا دەچرپاند: هەستە براکەم بۆ پێشوازی کرد لەو دوو برایانەت کە لە بەرەکانی جەنگەوە هاتوونەتەوە.**

**دواتر بەم گوتارە پڕ ئێشە ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: براکەم شوجاع! ناسر! درەنگ کەوتن، هیدایەت لە ژێر گڵدایە.**

بەهەشتی پور ژمارەیەك قوتابی هەیە، زۆربەیان قوتابی زانکۆن، بەرنامەیان بۆ دین و دونیا دیلەکان دادەنا، بە هەوڵەکانی خۆی و هاوڕێیانی توانی جوڵەیەکی ڕۆشنبیری و زانستی دروست بکەن لە خێوەتگەکەدا.

لە سەرەتای گەیشتنمان بە خێوەتگەکە حەسەن بەهەشتی پوریان برد بۆ هەوالگری و زۆر ئازاریاندا، وا وێنایان دەکرد کە ئەو لە کەسە نزیکەکلنی شەهید بەهەشتییە، بەوانی وت: ئەمە مایەی شانازیە بۆ من، پەیوەندیم هەبێ بە شەهید بەهەشتیەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ پەیوەندیەکی هۆکاری یان ڕەچەڵەك بە ئەوم نابەستێتەوە؛ بەڵام بڕوایان پێ نەکرد.

هەردەم ئەوەی دووبارە دەکردەوە و جەختی لە گرنگی کات دەکردەوە، دەیوت: هیچ شتێك لە کات بە نرختر نییە؛ هەر بۆیە بە هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی یەکلاکردەوە بۆ بەدواداچوون بۆ کاری ڕۆشنبیری و زانستی، هەندێك لە دیلەکان بێ ئومێدی ناخیانی پۆشیبوو، پێیان دەوت: کەڵکی خوێندن و لێکۆڵینەوە چییە لەم زیندانیە هەتا هەتاییە، کاتێك ئومێدی ئازاد بوون نەبێ ئەم هەموو خوێندنەوەیە بۆچی؟!

بەڵام بە هەشتی پور قسەیان لەگەڵدا دەکات، بە بەڵگە و لۆژیك، توانی بگاتە عەقڵیان، بەوانی وت: ئایا گوێبیستی ئەو فەرموودە نەبوونە کە دەڵێت: داوای زانست بکەن لە بێشکەوە تا ناو گۆڕ؟! هەندێك جار وشەکانی خۆی بە خۆشەویستی تێکەڵ دەکرد: داوای زانست بکەن ئەگەر لە تکریتیش بێ لە سەربازگەی دیلەکان ژمارە شازدە.

ئەگەر ئەمڕۆ پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێ لە نێوماندا بووبا، ئەوا دەیوت: زانست داوا بکەن لە بەرەی جەنگەوە تا سەربازگەی دیلەکان.

من بڕوام بەو و بەو کارانە دەکرد کە ئەنجامی دەدا؛ ڕیزی خوێندنی پێکهێنا، حەیدەر ڕاستی وەرگێڕانی جوان خوێندنەوەی قورئان (التجوید) و سەرف و نەحوی دەخوێند، ئەسغەر ئەسکەندەری بنەماکانی زمانی فارسی دەخوێند، بەهزاد روشی پزیشك زمانی ئینگلیزی دەخوێند، حەکیم خەلەفیان وەرگێڕانی ڕۆژنامە عەرەبیەکان بخوێنێ لەگەڵ محەمەد ئاغاجری، مورتەزا واحید پور و بەهەشتی پور وەرگێڕانی ڕۆژنامە ئینگلیزیەکانیان گرتە ئەستۆ.

دوای ماوەیەك پاسەوانەکان دەستوەردانیان کرد و چالاکی ڕۆشنبیری و کەلتوری و زانستیان وەستاند، لەسەر مامۆستاکان پێویست بوو شێواز و ڕێگەی وانە وتنەوەکە بگۆڕن، بۆ نموونە ئەوەی زمانی ئینگلیزی دەخوێنن بازنە دەبەستن لە دەوری ڕۆژنامەی بەغداد ئەزرفر و فێری زمان دەبن بە پشت بەستن بە ڕۆژنامەکە، هەندێك لە پاسەوانان کە کەمینەن ڕازی بوون لەسەر چالاکی بەهەشتی پور، کاتێك نۆرەی وەلید و حامید هات، وانە وتنەوە و خوێندن کۆتایی هات و تەنها ڕۆژنامەکانی بە زمانی فارسی وەردەگێڕا.

ڕیزگرتن بۆ دەست شۆر، ڕۆژانە دوو کاتژمێری لە کاتی ئێمە دەگرت، لەم ڕیزبوونەدا ئەوەی وانە دەڵێتەوە، پێویستە بەر لەوە دابنیشێ و بچێتە دەست شۆر کە وانە وەردەگرێ؛ دیلە ونبووەکان (ئەوانەی تۆمار نەکراون لە لیستی خاچی سوری نێودەوڵەتیدا) دووچار تەنگپێ هەڵچنین دەبوونەوە، ئەو توانایەی هەیانە زۆر کەمن، ئەگەر پەڕ یان خامەیەك لەلای یەکێك ببینرایە ئەوا پاسەوانان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرد؛ هەر بۆیە خامە و پەڕەکانمان دەشاردەوە لەبەر چاوی پاسەوانان، ئێمە کیسەی چیمەنتۆ و قۆدی سابوون و پاکەتی جگەرەمان بەکاردەهێنا وەك پەڕاوی بووسین، خامەکانمان دادەنایە نێو سەرینەکان یان لە نێو هەویری ددانمان دادەنا، سەبارەت بەو

دیلانەی تۆمار کراون لە لیستەکانی خاچی سوردا، خاچی سور هەڵدەستا بە دابینکردنی خامەی مەرکەب وشك و پەڕاوەکان و کتێب.

بە مشورخواردن و زیرەکی بەهەشتی پور، توانیمان ڕیزی خوێندنمان ڕێك بخەین لەسەر شێوەی کۆمەڵەی پێکهاتوو لە سێ – چوارده کەس لە گۆرەپانی گڵینی خێوەتگەکە، لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوەی لە زیندان، لە بەیانیان و ئێواران.

ڕێگەی وانە وتنەوە شێوە و کێشەی خۆی هەیە، گۆڕەپانی گڵین وەك تەختەڕەش وا بوو بۆمان، ئیسفەنجی سڕینەوە، لەپی دەست بوو، تەباشیرەکانیش پەنجەی مامۆستاکان بوو، هەندێکیان دار دەستیان بەکاردەهێنا بۆ نووسین لەسەر گۆڕەپانی گڵین، هەندێکیتر بنی نەعلیان بەکاردەهێنا بۆ سڕینەوە.

لە زیندانی ژمارە دوازدە، هاوڕێیان هەڵسان بە شێلانی خوێ لەگەڵ هاڕاوی سابوون، دوای ئەوەی بووەتە هاڕاوێکی نەرم، ئەوا لەسەر تابلۆی ئیشاعەی سینی بڵاو دەکردەوە، بەمەش دەگۆڕا بۆ وایت بۆرد (تەختە سپی)، دواتر بە دارێکی بەرز هێڵ بەسەر ئەم تابلۆیەدا دەکێشرێ بۆ ڕاهێنان.

سەبارەت بە خوێندن لە نێو زیندان، بەشێوەیەکی تر ئەنجام دەدرا، تابلۆیەکی تەختی نەرمی بەرهەست ئامادەکرا، بە پانی بیست سانتیمەتر و درێژی سی سانتیمەتر، پارچەیەك قوماش بەم ڕووبەرە ئامادەکرا، لە پشتی تابلۆیەکەیان بەست، لە دوای ئەمە کەمێك زەیتیان پڕژاند بەسەر قوماشەکەدا، دواتر سابونیان لەسەر شێلا و بەسەریان بڵاوکردەوە، لە قۆناغی کۆتاییدا پارچە نایلۆنێکی تەنکیان دانایە سەر قوماشەکە و بووە تەختە ڕەشێکی زەیتی، کە یارمەتی دا دەتوانرێ لەسەر ئەم تەختە ڕەشە بنوسرێ.

کارەکانبەم شێوەیە ڕۆیشتن تا ماوەیەك، دواتر ئەم ڕێوشوێنەیان ئاشکرا کرد، لە ڕێگەی سیخوڕەکانیان، پاسەوانەکان هاتن و دەستیان بەسەردا گرت، لەم تەختە ڕەشە بێ بەشکراین، کە بەرهەم هاتوون لە نێوخۆدا و هاوڕێیان ناچار بوون بە سابوون لەسەر فەرش دەیاننووسی.

دوای ماوەیەك هاوەڵان، ڕێگەیەکی تریان داهێنا، لە کیسەی شەکر و پارچە پلاستیکێکی سپی بوو بە ڕووبەری ٣٠ × ٣٠ ئەوانەی کاریان دەکرد لە چێشتخانە، ئەم پارچانەیان دزە پێدەکرد بۆ نێو زیندانەکان بە دزیەوە، هاوڕێیان ئەم پارچە پلاستیکە سپیانە دادەنێنە سەر کارتۆنی پێچراو، ئینجا بە پێنوسی مەرەکەب وشکیان لەسەر دەنووسی، لە ڕۆژی دووەمدا دەمان شۆرد بە ئاوی گەرم و سابوون، ئینجا هەڵماندەواسی بۆ ئەوەی وشك ببێتەوە و ئامادە بێ بۆ سوود لێبینینەوەی، هەندێك لە هاوەڵان هەڵدەستان بە سوتاندنی هەویر و گۆڕینی بۆ خەڵوز، ئینجا سود لێبینین وەك تەباشیر بۆ نووسین لەسەر زەوی زیندانەکە.

لە خێوەتگەکەدا دوو ڕەوتی بیرکردنەوە هەیە، ڕەوتێك دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئێمە دیلین لە عێراق، پێویستە کار بە یاساکان بکەین و پابەندی ڕێوشوێنە باوەکان بین لەم خاکەدا، هەر بۆیە دەبێ فەرمانەکان جێبەجێ بکەین و بەویستی ئەوان بجوڵێینەوە.

ڕەوتی دووەم، کە بەهەشتی پور بەڕێوەی دەبات، ئەم هێمایەی هەڵگرتووە: دووری بۆ ئێمە لە سەرشۆڕی، بەسیج و سوپا زۆرینەی ئەم ئاڕاستەیە پێکدێنێ، سەرباری ملکەچبوونی بۆ دیلایەتی وەك ڕاستییەك، ئەوا لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێت ڕۆح ئازادە، واتە نابێ واز لە بیروباوەڕمان بهێنین، پێویستە بەردەوام بین لە بەرگری و ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمانە جێبەجێ بکەین بە تەواوی وەك ساڵانی جەنگ، دوێنێ ئەرکی ئێمە بەرگری بوو، ئەمڕۆش هەمان شتە، شتێکی ئاسایی بوو بەعسییەکان لەگەڵ ڕەوتی دووەم بەشێوەیەکی دوژمنکارانە بجوڵێنەوە.

- شەمە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

وا بڕیارە ئەمڕۆ ڕامین حەزرەت زاد بڕواتە لای پاسەوانەکە و چوکلاتیان بەسەردا دابەش بکات، ڕامین ڕۆیشت و پاسەوانەکە سەری سوڕما بەهۆی بینینی چوکلات، هەمان ئەو چوکلاتەن کە هەفتەی ڕابردو بەسەر پاسەوانان دابەشکران بە بۆنەی دوازدەی ڕەبیعی ئەوەل.

هەندێك چوکلاتەکانیان خوارد، هەندێکیش پرسیاریان لە ڕامین کرد لەبارەی بۆنەکە؟

ڕامین وتی: ئەمڕۆ حەڤدەی ڕەبیعی ئەوەلە، یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری نازدار درود و سڵاوی خوای لێبێ، لە ناکاو حامید بە ڕوویدا تەقیەوە و وتی: ئەی مەجوسی! دەتەوێت بڵێ لەدایکبوونی پێغەمبەر لەم ڕۆژەیە؟

ڕامین ویستی لە توڕەییەکەی حامید کەم بکاتەوە، موئەزینی عەریف لە هەوالگری وتی: دوازدەی ڕەبیعی ئەوەل یادی لە دایکبوونی پێغەمبەرە درود و سڵاوی خوای لێبێ، بەپێی گێڕانەوەی برایانمان لە ئەهلی سوننە و بە گوێرەی گێڕانەوەی شیعەکان حەڤدەی ڕەبیعییەکەمە، لە ڕۆژمێری ساڵانەمان ناو لەم حەوت ڕۆژانە نراوە لە نێوان هەر دوو بەروارەکە: هەفتەی یەکبوون، کە لە دوازدەی ڕەبیعی یەکەم دەست پێدەکات و لە حەڤدەی مانگ کۆتایی دێت، لەم هەفتەیەدا ئاهەنگ دەگێڕدرێ بە بۆنەی یەکێتی ئیسلامی لە نێوان شیعە و سوننە، بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ گیانی پەرتەوازەیی بڵاو بکاتەوە لە نێوان برایان.

موئەزین بە ڕامینی وت: بەم شارەزاییە سەرکردەکەتان توانی دەوری شا بدەن!!

- سێ شەمە ١١ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ڕۆیشتمە زیندانی ژمارە نۆ، بۆ ئەوەی بەلای یەدوڵای زارعی تێبپەڕم، کە چەند ڕۆژێك تێپەڕیوە نەڕۆیشتوومەتە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوا، بەرپرسانی ئەم خێوەتگەیە بریندارەکانیان دابەشکردووە بەسەر زیندانەکان و ئەمەش دیلەکانی تر دڵخۆش دەکات، بەهۆی چاودێری و بایەخودان بە برایە بریندارەکانیان و ئەنجامدانی کارەکانیان؛ لە ڕاستیدا بوونی دیلە بریندارەکان لە نێو دیلە سەلامەتەکان، وا دەکات بریندارەکان هەست بە بەهێزی بکەن.

محەمەد باقر وجدانی چاودێری منی دەکرد، ئەحمەد ئەمانداری[1] چاودێری یەدوڵای زارعی دەکرد، بە ئارامی و چالاکییە بەردەوامەکەی ناسراوە.

یەکێك لە ئەندامانی بەسیج لە فەوجی ٤١٥ـی سەر بە فیرقەی ٤١ سەئرڵا، یەدوڵا پێویستی بە کاتی زۆر بوو تا چاودێری ئەم کەسە بکات، وا بڕیار بوو ئەم ئەرکە بەشێوەی خولی بێ، واتە ژمارەیەك دیلی سەلامەت بە نۆبەت کارەکانی ئەو بکەن، وەك شۆردنی پۆشاك و ڕێکخستنی بەتانیەکان و گەرماو کردن، یاوەری کردنی بۆ دەستشۆر و چاودێری کردنی لە قەرەباڵغیدا، هێدی هێدی پەیوەندیەکانی نێوانی یەکێك لە بریندارەکان و هاوڕێکانی بەهێز دەبێ، ئەویش بە تەنها بە درێژایی ئەم ماوەیە بەم کارە هەڵدەستێت.

ڕۆیشتمە نێو زیندانی ژمارە نۆ، یەدوڵا لە گۆشەیەکدا دانیشتبوو، سیمای خەفەت لەسەر ڕووی دیار بوو، پێشتر بەم دۆخە ئەوم نەبینی بوو، زۆر دڵی پڕ خەم کردم

(١) خەڵکی شاری (بم)ە، یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای کرمان، فریشتەی کچی لە دەستدایە کە تەمەنی یازدە ساڵ بوو، ڕەزای کوڕی تەمەنی نۆ ساڵان بوو، لەو بومەلەرزەیەی شاری (بم)ی تێکدا، ئەحمەد و هاوژینەکەی بە برینداری بینران لە ژێر کاوڵەکان، وەك مامۆستای وەزرش کاری دەکرد لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی شاری (بم).

بەوەی بەم جۆرە خەمباریە بیبینم، خۆی لە گۆشەیەکدا گیر کردبوو، وەك ئەوەی خەمێکی شاراوە چارە دەکات، لە پاڵیدا دانیشتم و پێم وت:

- ئەم خەمە چییە؟ کاپتن کەشتیەکەت نقوم بوو؟!
- عیسا زۆر هەراسانمان دەکات! تۆ سەیدی و نزای لێ بکە، بەڵکو خوا نزاکەت گیرا بکات و تورەیی خۆی بەسەردا بکات.
- متمانەت بە خوای بێگەرد هەبێ، ئەگەر خوای مەزن نزای کەسێك گیرا بکات لەم خێوەتگەیە، ئەوا ئەو کەسە تۆی، چونکە تۆ پایە و ڕێزت لای خوا هەیە.

سکاڵای ئازاردانی عیسای پاسەوانی بە ڕەچەڵەك سودانی کرد لەلای من باوکی عیسا لە سودانەوە هاتبووە عێراق بە چەند ساڵێك و ئافرەتێکی عێراقی هێنا، ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەستهێنا، خێزانەکەی لە شاری ناسرییەی باشوری عێراق دەژیا، کوڕە مامی یەکێك بوو لە سەربازە سودانیەکان، کە حکومەتی خەرتوم بۆ شەڕکردنی نارد بوو بۆ نێو ڕیزەکانی لەشکری عێراقی، لە بەرەی شوش کوژراوە.

عیسا باڵا کورت و ڕووخسار ڕەش بوو، زۆر قین لە دڵ بوو لە بەرامبەر یەدوڵا، پەیوەندی ئەو لەگەڵ یەدوڵا وەك پەیوەندی وەلید وا بوو لەگەڵ مندا، هەندێك لە پاسەوانان بە ڕێزەوە لەگەڵ یەدوڵا هەڵسوکەوت دەکەن، بەهۆی بارودۆخە تەندروستیەکەی، یەدوڵا هۆکاری ئەم ڕق و کینەیەی نەدەزانی، بە یەدوڵام وت:

- عیسا بە دیاریکراوی چی لە تۆ دەوێت؟
- بە بەردەوامی هەراسان و ئازارم دەدات.
- ئایا سکاڵا لەلای سەعد ناکەی؟
- ئایا سودی سەگی زەرد چییە کە برای بزن مژەیە!!

دوێنێ یەدوڵا سکاڵای لەدەستی عیسا کرد لای سەعدی بەرپرسی پاسەوانان، عیسا تورمزی پڕ دەکرد لە ئاوی گەرم، عیسا ئاوی گەرمی بە پشتە دەستی یەدوڵا داکرد، ئەویش پێی وت: هەرگیز کەسێکم نەبینیوە لە تۆ ستەمکارتر بێ!

سەعد هیچ ڕێوشوێنێکی دژی عیسا نەگرتەبەر.

یەدوڵا بە عیسای وت: تۆ نەخۆشی و لە ڕووی دەروونیەوە ئاڵۆزی، ئەگەر وانەبێ ئەمە لەگەڵ من ناکەی.

عیسا ئەو دۆڵکە ئاوەی لەسەر مێزەکە بوو بەسەر دەستی یەدوڵای داکرد و وتی: بە ئاوی گەرم تۆم سوتاند و بە ئاوی ساردیش ساردم کردیەوە!!

قاسمی عەریف کە کاری دەکرد لە یەکەی چاکردنەوە قسەی لەبارەی عیسا دەکرد و دەیوت ئەو هاوسەنگی دەروونی نیە، تەنانەت موئەیەدی پزیشك بە سەرۆکی پاسەوانانی وت: هەڵسوکەوتەکانی عیسا وەك هەڵسوکەوتی ئەوانەیە کە نەخۆشی دەرونیان هەیە.

پەیوەندی سەعد بە عیساوە زۆر توونت بوو، هەر بۆیە لێپێچینەوەی لەگەڵ نەدەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرگری لێدەکرد و پاساوی بۆ دەهێنایەوە، بە یەدوڵام وت: پێویستە چارەیەك بدۆزینەوە!

وتی: هەر کە بیر دەکەمەوە بۆچی تێکگیراوم لەگەڵ ئەم بوونەوەرە ئەوا هیچ هۆکارێکی ڕۆشن بەدی ناکەم!

- ئەمە بە نزا و داوای نەفرەت باران بەسەریدا چارە نابێ، دەچمە لای و قسەی لەگەڵ دەکەم، پێی دەڵێم یەدوڵا بڕیاریداوە پرسەکە بەرز بکاتەوە بۆ لای خەلیلی نەقیب، بزانم کاردانەوەی چی دەبێ؟

عیسا زۆر لە نەقیب دەترسا، وەك ترسانی لە مردنی سور! ئەمەمان لە دواییدا زانی، عیسا تفی کردە نێو چاوانی یەدوڵا و تورەیی لە ناخمدا هەڵقوڵا و یەدوڵا دوودڵ بوو لە بەرز کردنەوەی سکاڵا بۆ لای خەلیلی نەقیب، خەلیل لەم جۆرە دۆخانەدا تەنها ئاگاداریەکی سادە دەداتە پاسەوانان و شتێکی تر نا؛ ئەمە کارێکی سروشتییە خەلیل پاسەوانان بەسەر دیلە ئێرانیەکاندا پەسەند بکات، پاسەوانان لەم دۆخانەدا چاوەڕوانی دەرچوونی فەرماندەی خێوەتگەکەیان دەکرد یان ئەفسەری مەخفەر، ئینجا لەو کەسەیان دەدا زۆر بە سەختی کە سکاڵای کردووە، هەر بۆیە دیلەکان وا پێیان باشتر بوو بێ دەنگ بن، چونکە پاسەوانان هەرگیز ئەو دیلە لەبیر ناکەن کە سکاڵایان لە دژی بەرز کردۆتەوە، زۆر ئازاری دەدەن و ژیانی دەکەنە دۆزەخێکی بەرگە نەگیراو، یەدوڵا ئەمەی چاك دەزانی، لە پێناو ئەمەدا ئەم چارەنووسەی بۆ خۆی نەدەویست.

یەدوڵام جێهێشت و ڕۆیشتمە لای عیسا، سێوی دەخوارد، کاتێك منی بینی، لە ژووری سەرۆك پاسەوان هاتە دەرەوە و وتی: ها چییە؟!

قسەکانم دەست پێنەکرد بە بەکارهێنانی زاراوەی گەورەم، پێم وت:

- ڕاستە ئێمە دیلین و چیتان بوێ ئاوامان لەگەڵ دەکەن، بەڵام بۆچی ئەوەندە ئازاری یەدوڵا دەدەی؟

عیسا بە تورەیی وتی:

- زمانت درێژ مەکە تێدەگەی!

پێم وت:

- دەمەوێ تەنها یەك وشە بڵێم، نازانم بڕوات بە ئیمامی حوسێن هەیە یان نا، ئێمە بڕوامان پێی هەیە؟ ئەو دەڵێت: ئەگەر ئاینتان نەبوو، ئەوا لە دونیاتاندا ئازاد بن؟ دڵنیابە یەدوڵا ڕۆژێك پشتت دەشکێنێ!
- لەبەرچاوم ون بە هەی مەجوسی!

ئەمەی پێ وتم و بە کێبڵ لە پشتی دام و جنێو و وشەی ناشرینی پێدەوتم، ئەمە بەردەوام لە سەر زمانی ئامادە بوو، گەڕامەوە لای یەدوڵا و ڕازیم کرد سکاڵا لای نەقیب خەلیل بکات.

■ پێنج شەمە ٣ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ڕۆیشتمە لای حەسەن بەهەشتی پور، وشەکانی ئومێد لە ناخودا زیندوو دەکەنەوە؛ کاتێك بازنەمان لە دەوری بەست، پێی وتین: سواری شەمەندەفەرێك بووینە و دەبێ لە جوڵەکەماندا هەوڵ بۆ وێستگەی کۆتایی بدەین، ئەم خێوەتگەیە پاشکۆیە وێستگەی کۆتایی نییە؛ وێستگەی کۆتایی ئاکامی چاکە.

ئەمڕۆ عیسا پارچە قوماشێکی فڕێدایە سەر یەدوڵا و پێی وت: پۆستاڵەکەم بسڕەوە!

ئەو چاك دەزانێ یەدوڵا تەنها یەك دەست و قاچی هەیە، یەکێك لە دەست و قاچی پەکیان گەوتووە، یەدوڵا بە هەڕەشەوە وتی: ئەم هەڵسوکەوتە خراپە بە خەلیلی نەقیب ڕادەگەیەنم.

عیسا وتی: پێستی کەللەی سەرت دادەماڵم، کە ساچمەی هیچ نەهێشتووە، ئەگەر شتێك بە نەقیب بڵێی.

یەدوڵا وتی: پێی دەڵێم و ئاکامم لە دەستی خوادایە.

نەقیب خەلیل مرۆڤێکی لۆژیکی و پابەند بوو بە ڕێوشوێنەکان، من دڵنیا بوون لەوەی خەلیل عیسا سزا دەدات، ئەو تەواو جیاواز بوو لەگەڵ فازڵی ئەفسەر و قەحتانی ئەفسەر، هەردووکیان نەرمیان دەنواند لەگەڵ پاسەوانان، عیسا لەلایەنی ئەوان دڵنیا بوو، هەر بۆیە ئەو دوودڵ نەبوو لە ئازاردانی دیلەکان، بەتایبەت یەدوڵا، هەر بۆیە بڕیاریدا داوا لە نەقیب بکات بیگوازێتەوە بۆ خێوەتگەیەکی تر تا لە خراپەی عیسا بحەسێتەوە.

لە دەوروبەری نیوەڕۆ خەلیلی نەقیب هات، لە مۆڵەتدا بوو و من بە یەدوڵام ڕاگەیاند و پێم وت: خەلیل گەیشت، پێم وابێ کاتەکە گونجاوە، خەلیلی نەقیب لە ڕێڕەوی خێوەتگەکەدا دەڕۆیشت، کاتێك یەدوڵا دەستی بەرز کردەوە بۆ مۆڵەتی قسەکردن، پاسەوانی دەوری نەقیب بانگی دیلە خوزستانیەکەی کرد و ئاماژەی کرد بۆ وەرگێڕان، ئاماژەی بە یەدوڵا کرد قسە بکات.

یەدوڵا وتی: گەورەم! دەمەوێ حوسێن ئاغا جری قسەکانم وەربگێڕێ.

حوسێن ئاغا جری کەسێکە دەکرێ متمانەی پێ بکرێ، پاسەوانان پێ ئاسودە نەبوون، ئەو ئەمیندار بوو لە وەرگێڕان و ڕەچاوی هیچ یەکێکی نەدەکرد، لە کەسیش نەدەترسان جیاواز بوو لەگەڵ حەکیم خەلەفیان و خالد محەمەدی، ئەوان شت دەسڕنەوە و زیاد دەکەن و بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن؛ پاسەوانان ڕێکەوتبوون لەگەڵ هەندێك دیلی عەرەبی خوزستان، لەوەی سکاڵای دیلەکان وەربگێڕن، بەشێوەیەك کە دووچاری لێپێچینەوە و سزا نەبووبان؛ ئەو دیلانە کەمێك سوود بەدەست دەخەن، لەبەر ئەمە یەدوڵا داوای کرد حوسێن ئاغا جری ببێتە وەرگێڕ.

یەدوڵای قسەی کرد لەبارەی هەڵسوکەوتی خراپی عیسا بەرامبەر بەو، حوسێن بە ئەمینداریەوە قسەکانی ئەوی وەردەگێڕا، خەلیلی نەقیب بانگی عیسای پاسەوانی کرد، سڵاوی سەربازی کرد بە دەم هاوار کردن و بەڕێك و ڕێزەوە وتنی: گەورەم!

خەلیلی نەقیب داوای چەند ڕوونکردنەوەیەکی کرد، لەبارەی هەڵسوکەوتەکانی و ڕەفتارەکانی، نکۆڵی لە هەموو شتێك و زۆر بە ناشرینی وتی: گەورەم ئەوە درۆ دەکات!

نەقیبەکە وتی: ئەو درۆ ناکات، ئەوەی درۆ دەکات پێم وابێ تۆی.

پڕ بە سینگم هەناسەمدا و هەستم بە فێنکیەك کرد لە دەرگای دڵم دەدات و هەندێك گڕی توڕەییەکەم کپ دەکات کە عیسا هەڵیگیرساندووە.

دەمودەست خەلیلی نەقیب فەرمانی بە دەرکردنی عیسا کرد لە خێوەتگەی پاشکۆ و گواستنەوەی بۆ پاسەوانی گرتن لە دەرەوەی خێوەتگەکە و لە پشت تەلە دڕکاویەکان، نەقیبەکە تەنها بەمە وازی هێنا، بەڵکو سێ مانگی تری خستەسەر خزمەتە سەربازیەکانی!

لەگەڵ ئەوەشدا عیسا هەوڵەکانی بەردەوام بوو، بۆ ئازاردانی یەدوڵا، ئەو پاسەوانانەی دەیبینی ئەوانی ڕادەسپارد کە لە نێو خێوەتگەکە بوون، بەوەی ئازاری یەدوڵا بدەن، چونکە ناوبراو هۆکاری دەرکرانی بووە لە پاسەوانی نێو خێوەتگەکە!

بەڵام سامی پاسەوان بە ڕاشکاوانە پێی وت: خراپ هەڵسوکەوتکردنی ئەو، وای لەو کردووە دەربکرێ.

- چوار شەمە ٩ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ڕۆژنامەیەکی عێراقی، هەواڵی بڵاوکردەوە، لەبارەی ئەوەی عێراق و ئێران گەیشتوونەتە ڕێکەوتنی ئاڵوگۆڕی دیلە پەکەوتوو و نەخۆشەکان، دیلە سەلامەتەکان لە

دەورمان کۆبوونەوە و پیرۆزباییان لێدەکردین؛ بە یارمەتی هەر یەکێك لە حوسێن مەڕوانی و عەلی ئیسماعیل هەڵسام بە ئامادەکردنی ناوی دیلەکان لە خێوەتگەی پاشکۆدا، هاوڕێیان ئەرکی ئاگادارکردنەوەی مانگی سوریان بەمن و محەمەد کازم بابائی سپارد، سەبارەت بەوەی ئەوان لەم خێوەتگەیەدا زیندوون.

بڕیارماندا ناوەڕۆکەکە بە دوو دانە بێ، دانەیەکیان لەگەڵ من و ئەویتر لەگەڵ محەمەد کازم بابائی بێ، ئەگەر یەکێکیان دۆزرایەوە لە کاتی پشکنیندا، ئەوا یەکێکی ترمان لەلا دەبێ.

کاری نووسینی ناوەکان سێ هەفتەی خایاند، لەسەر ئەو پەڕانە دەماننوسی کە هەبوون لە پاکەتی جگەرە و لەسەر پەڕەکانی کیسەی چیمەنتۆ، بەڵام شوێنێکی زۆر دەگرێ لەو کاتە دەخرێنە نێو دارگۆچانەکە، بە پێچەوانەی ئەو پەڕانەی لە پاکەتەکانی جگەرە دادەماڵرێن، هەر بۆیە ویستمان ناوە نووسراوەکان بگوازینەوە لەسەر کاغەزی کیسەی چیمەنتۆ بۆ سەر پەڕەکانی پاکەتی جگەرە.

لەلای هەموو دیلەکان و بە بەرپرسانی نێو خێوەتگەکەشەوە قەناعەتی ئەوە دروست بوو، کە گۆڕینەوەی دیلەکان نزیکە، تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی ڕژێمی بەعس لە جنێف ڕایگەیاند: بەم نزیکانە دیلە پەکەوتوو و نەخۆشەکان لە نێوان هەر دوو وڵاتدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ.

وا دەردەکەوێ سەدام دژی ئاڵوگۆڕی ئەو دیلانە بوو کە هەبوون لە گرتووخانە نهێنیەکاندا.

ئەگەر لە دیلایەتی ڕزگارکراین، بە تەنها ئێمە ئەوا دڵخۆشیەکەمان کرچ و کاڵ دەبێ، لە دوای خۆمان هاوڕێی زۆر ئازیز بەجێدەهێڵین، هاوڕێیانی خەبات و خەندەق و ڕێگای و شەڕ.

- **شەمە ١٢ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ**

ئەمڕۆ جەمالی پزیشکی خێوەتگەکە داوای لە فازڵ ڕەحیم[1] کرد، کە کاری لە نۆرینگە دەکرد، پشکنین بۆ ژمارەیەکی کەمتر بکات لە نەخۆشەکان، جەمالی پزیشك بێ ئارام و وشك و ڕەقە لە ڕاستیدا؛ هەفتەی دوو جار دێتە خێوەتگەکە، ڕۆژەکانی تر لە خێوەتگەکانی سەربازگەی سەلاحەدیندا بەسەر دەبات؛ هەر جارێك پشکنین بۆ سی بۆ چل دیل دەکات! بە دەست هەندێك بارودۆخی نەخۆشیدەنالێنن، لە کاتێکدا ڕۆژانە زیاتر لە دوو سەد دیلی ئێرانی دەناڵێنێ بەدەستی نەخۆشیەکانەوە، زۆربەی تووشبوونە بە زگچونی خوێناوی، لە کاتی ئامادە نەبوونی جەماڵی پزیشك، فازڵ ڕەحیم و بەهزاد ڕۆشن ئەرکی پشکنین دەگرنە ئەستۆ، فازڵ هەوڵی ڕازیکردنی پزیشکی دەدا بۆ پشکنین کردن بۆ ژمارەیەکی زیاتر، هەفتەی ڕابردوو مشتومڕێکی گەرم دروست بوو لە نێوان فازڵ ڕەحیم و جەمالی پزیشك لەبارەی ئەم بابەتە، کار گەیشتە ئەوەی پزیشکی ناوبراو هەڕەشە لە فازڵ ڕەحیم بکات بە دەرکردن لە نۆرینگە.

فازڵ ڕەحیم یاریدەدەری پزیشکی بوو، بەهۆی ئاماد نەبوونی جەمال، ئەرکی چارەسەرکردنی هەندێك بارودۆخی زگچونی خوێناوی گرتە ئەستۆ، هەندێك حەب و دەرمانی دزە پێکرد، کە زۆربەی جاران ژمێرکراو و سنوردارن، هەر بۆیە فازڵ هەست دەکات دەستەکانی بەستراونەتەوە.

دوای سەرژمێری بەیانی، هەندێك لە دیلەکان دانیشتن لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، چاوەڕوانی گەیشتنی جەمالی پزیشکیان دەکرد، هەر بۆیە کە گەیشت و چاوی بە کۆمەڵی نەخۆشەکان کەوت، داوای لە کەریم جەلالی دیلی ئێرانی کرد، کە نوێنەر بوو،

---

(١) یەکێکە لە دیلەکانی خەڵکی خوزستان، لە دوای ڕزگاربوونی لە دیلایەتی، کاری کرد لە فەرمانگەی تەندروستی و چارەسەرکردن لە ئەهواز.

تەنها بیست نەخۆشی بباتە لای، ئەوانی تر ڕەوانە بکاتەوە، جەلالی داوای لە نەخۆشەکان کرد تەنها بیست کەس بمێننەوە، چونکە پزیشك زیاتر لەم ژمارەیە نابینێ، ئەوانی تر با ببگەڕێنەوە زیندان.

نۆرینگە دەکەوێتە تەنیشت دەروازەی سەرەکی هاتنە ژوورەوە، هەندێك لە دیلەکان گۆڕەپانەکەیان جێهێشت و گەڕانەوە زیندان؛ تا ئەو ڕۆژە زیاتر لە سی دیل شەهید بوونە لەم نۆرینگەیە، باری نەخۆشی وای دەخواست تووشبوان ڕەوانە بکرێن بۆ نەخۆشخانەی تکریت، دیلەکان دەیاننالاَند ئەو کات بەهۆی سوتانەوە زۆر تووند لە ڕۆیخۆلە و کرم و ژەهر و نەخۆشییەکانی پێست، تەنانەت سەر ڕوتانەوە.

ژمارەی ئەو دیلانەی ڕیز ببوون لە نۆرەکەدا، نزیکەی شەست کەس بوون، پزیشکەکە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و سەرنجێکی نا ئاسودەی هەمووانیدا و بە ئاخ و داخەوە وتی: زیاتر لە بیست نەخۆش نابینم!

سەری هەژاند و بڕیارەکەی گۆڕی و وتی: قەینا هەمووتان دەبینم، ئەوەندە دەرمانمان لایە کە بەشی هەمووتان بکات.

دڵخۆش بووین، چونکە جەمالی پزیشك هەمووان دەبینێ، دیلە نەخۆشەکان یەك لە دوای یەك دەچوونە ژووری پزیشك.

ئێمە تێبینیمان دەکرد نەخۆشەکە لە نۆرینگەکە دەردەچێ بە ڕوویێکی ناخۆشەوە، نازانین بۆچی وتیان پێویستە نەخۆشەکان سی مەتر لە ژووری پزیشکەکەوە بن[1].

---

(١) مەبەستیان لەمە ئەوە بوو، ئەگەر نەخۆش بە کێبڵ لێیدار، ئەوا دەنگەکە ناگاتە گوێچکەکەمان، بەوەی بەوەی ئەم چارەسەرە بۆ هەندێك لە نەخۆشەکان دادەنێن.

لەو ماوەیەی دیاریکرابوو ڕیز بووین، دەنگی (می ئەکرەم) ئەو گۆرانیبێژەی جەمالی پزیشك لای پەسەند بوو بەرز بووەوە، پاسەوانان ڕێگەیان بەو نەخۆشانە نەدەدا کە ژووری پزیشکیان بە جێدەهێشت و بەلاماندا تێدەپەڕین قسەمان لەگەڵدا بکەن، هەر بۆیە هەندێکیان تەنها ئاماژەیان دەکرد: بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون، درکم بەمە کرد لە میانەی ئاماژەکردنی حوسێن موقیمی و ئیلیان نەزری، بەوەی شتێکی گوماناوی لە ژووری پزیشکدا ڕوودەدات.

کاتێك هەندێکمان هەڵسان بۆ گەڕانەوە بۆ زیندان، پاسەوانان ڕێگەیان پێنەداین!

ڕۆیشتمە نێو ژووری جەمالی پزیشك، دەستپێشخەری کرد لە پرسیارکردن و وتی: چیتە؟

- قاچم لەو ڕۆژەی بڕدراوە سوتانەوە و کێم و زوخاوی هەیە بە بەردەوامی.
- بەدەست هیچیترەوە دەناڵێنی؟
- نەخێر! تەنها پێچەرێکم دەوێ!

بۆیی نووسیم و دایە دەستی ماجد، هەر یەکە لە کامبیز فەرح دوست و فازڵ ڕەحیم ڕەخنەیان لە ڕەچەتەکە گرت کە نووسیبووی، تەنانەت موئەیەدی پزیشکیش ڕەخنەی لێگرت، جەمالی پزیشك لە ڕەچەتەی چارەسەریەکەی مندا نووسیبووی: شۆردنی گۆرەویەکانی وەلید! پێم وابێ وەلید دانیشتووە لە تەنیشت پزیشك، ئەو بە پزیشکی وتوە ئەمە بنوسێ.

ئا بەم شێوە پزیشکەکە ڕەچەتەی بۆ نەخۆش و بریندارەکان دەنوسی!! ڕەچەتەکەی محەمەد کازم بابائی بریتی بوو: خاوێن کردنەوە و سڕینەوەی پەنجەرەکانی ژووری ئەفسەری ئێشکگر بوو، ڕەچەتەی یەدوڵای زارعی هیچ نەبوو بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ئەوەوە، ڕەچەتەی قاسم فەقە ئەمە بوو: سڕینەوە و بۆیاخ

کردنی پۆستاڵەکانی حامد، ڕەچەتەی ئیرەج شەیبانی دەستبەجێ بوو و چارەسەری لە ژوورەکەدا وەرگرت، ئەو نەخۆشانەی بریندار نەبوون یەك چارەسەریان وەرگرت، ئەویش لێدانی بیست کێبڵ بوو لە هەر یەکێکیان، جەمالی پزیشك ئەمڕۆ لەوپەڕی پزیشکایەتی و مرۆڤایەتیدا بوو، ئەو ڕەچەتانەی بۆ بریندارەکانی نووسیبوو زۆر سادە بوو!!

لە ڕاستیدا جەمالی پزیشك ئەم ڕۆژەی ئێمەی کردە دڵسوتانەوە، ڕەچەتەکانی فرە جۆر بوون، چەند شەقە زللەیەکی بۆ هەندێکمان دانا بوو، عەلی حوسێنی و ڕەزا زەینەلی و محەمەد ڕەمەزانی بازدانی قەڵەڕەشیان بۆ دانرا بوو، حەمید زارع زادە ئەو چارەسەرێکی ناوەندی وەرگرت! حەمید خەڵکی شاری (ئەبرقوی) سەر بە پارێزگای یەزد بوو، بە بوێری بە پزیشکی وت: ئایا بەم شێوەیە هاوڵاتیانتان چارەسەر دەکەن؟

ڕاوێژم لەگەڵ محەمەد کازم بابائی کرد پێش ئەوەی بڕۆمە لای پزیشك و بڵێم:

- پزیشك لە مەبەستەکەت تێگەیشتین، دەتەوێ بڵێی: بمرن و نەیەنەوە نۆرینگە، ئایا وانییە!
- بەڕاستی تۆ زۆر زیرەکی!
- پزیشك! وەك ئەوانی تر لێمان بدەن، چونکە ئێمە گۆرەوی ئێوە ناشۆرین و پەنجەرەکان ناسڕینەوە و پێڵاوەکان بۆیاخ ناکەین.
- ئایا ئەمە ڕای تۆیە یان ڕای هەمووانە؟
- ئەمە ڕای هەموو بریندارەکانە.

گۆرەویەکانی وەلیدم نەشۆرد، محەمەد کازم پەنجەرەی ژووری ئەفسەری ئێشکگری نەسڕیەوە، قاسم پۆستاڵی حامیدی بۆیاخ نەکرد، کێبڵمان بە باشتر دانا، دۆخی ئێمە

وەك دۆخی هاوڕێیە سەلامەتەكانمان بوو، ڕێز و شكۆی ئێمە بەنرخترە، جەمالی پزیشك فەرمانی بە هەر یەك لە وەلید و حامد كرد بیست كێبڵمان لێ بدەن.

- یەك شەمە ١٣ تشرینی دووەم – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

ئەمڕۆ ڕۆیشتمە لای یەكێك لەوانەی دەزانم سیخوڕی بۆ بەعسییەكان دەكەن، پێنج جگەرەم لەگەڵ خۆمدا برد؛ كاتێك جگەرەكانم پێدا، ڕووخساری گەشایەوە وەك گوڵێك بووەوە، شەوی ڕابردوو هاوڕێیان بە توندی لێیاندا، بەڵام ئەوەی ڕوویدا بە بەعسییەكانی ڕادەگەیاند.

كەمێك قسەم لەگەڵ كرد، هەستی بە پەشیمانی كرد و وتی:

- سەید! پێت وایە خوا لێم خۆشدەبێ؟
- بۆچی نا، خوا تۆبەكارانی خۆش دەوێ، بەبەزەیی و تاوان داپۆشەرە.
- ئومێدم بە لوتف و میهرەبانی خوایە!

چیرۆكێكم گێڕایەوە، كە باقر جاكیان بۆی گێڕابوومەوە[1]، لەبارەی بەدبەختە ئاڵودەبووەكان، ڕۆژێكیان بەشداربووە لە بەخاكسپارنی گەنجێكی گەڕەكەكەی و هاوڕێی منداڵی ئەو، كەس نازانێ بۆچی ژیانی گۆڕا و سەراو ژێر بوو، تەنانەت ڕۆیشتە بەرەی جەنگ! جەستەی ئەو پڕ بوو لە تاتۆ، ئەمە نەریتی لاسارەكانە، كە جەستیان دەپۆشن بە تاتۆ و شیعر و قەسیدە و...

لە بەرەی جەنگ خەفەتەكانی خۆی بۆ هاوڕێیانی لەوێ باس دەكرد؛ خەمی یەكەم و كۆتایی ئەوە بووە ئەگەر ئەو ڕۆژانە شەهید بوو و بردیان بۆ ئەوەی بیشۆن، ئەوا

---

(١) قوتابی بوو لە حەوزەی زەانستی، لە ناوچەی ماوەت لە كوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو.

شەرم لەو جەستەیەی دەکاتەوە کە پڕیەتی لە تاتۆ، هەندێك جار گاڵتەی دەکرد و دەیوت کە جەستەم دەبینن، خەڵك دەڵێت: ئای لەم شەهیدە تاوانبارە!!

لە شەلمچە شەهید بوو، دوای ئەوەی قازیفەیەك لەو شوێنە کەوت کە ئەوی لێ بوو، لاشەکەی پارچە پارچە بوو، پێویستی بە شوشتن نەبوو، خوای مەزن ئەوا هەڵبژارد و ئومێدەکەی بۆ بەرجەستەکرد.

کاتێك ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە بە سەختی پێ کاریگەر بوو، فرمێسك لە چاوانیدا کۆبوونەوە، بەم هۆیە تەواو گۆڕا و بووە نموونەیەك لە پابەندبووندا.

- دوو شەمە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

لە بەیانی ئەمڕۆ لە دوو دیلیاندا، بە شێوازەی فەلاقە کردن، تاوانی ئەوان ئەوە بوو زیندانیەکانیان گۆڕی بوو بەبێ مۆڵەتی بەرپرسانی خێوەتگەکە، دیلێکی تریش دووچاری سزا بووەوە، چونکە زۆر وەرزشی دەکرد، تۆمەتبارکرا بەوەی هەوڵی هەڵاتن دەدا، حامد بە هۆشە گرگرتووەکەی گەیشتە ئەم هەڵهێنجانە!

لە دەوروبەری نیوەڕۆ دوو ئەفسەر هاتن، یەکێکیان بە پلەی موقدەم  بوو، فازڵی ئەفسەری یاردەدەری فەرماندەی خێوەتگەکەش لەگەڵیاندا بوو؛ سەعد فەرمانێکی کرد بە کۆبوونەوە لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، موقدەمەکە جەستە لاواز و ڕەنگ ئەسمەر بوو، قسەی لەگەڵ ئێمە کرد، وا دەردەکەوت دەگەڕان بە دوای عەقید ڕوکن محەمەد فاتحی فەرماندەی فیرقەی ٤٢٩ لە لەشکری عێراقی! تێڕوانینی گشتی وا بوو، دیلە ئێرانیەکان لە شەلمچە، لە بەهاری ئەم ساڵ کە لەوێ بوون، دەزانن چارەنووسی ئەم عەقیدە چی بەسەر هاتووە، یان زانیاریەکیان پێ بێ چارەنووسی ئەو ئاشکرا بکات، من ناوی عەقید ڕوکن محەمەد فاتحم بیستبوو، نەمدەویست کێشە بۆ خۆم دروست بکەم!

دەمزانی ئەم عەقیدە بە دیل کەوتۆتە دەستی هێزەکانمان لە کۆتایی بەهاری ١٩٨٨ لە شەلچەر، تەنانەت من دەزانم هەوالگری لە بارەگای کەربەلا لە هەمان ڕۆژدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردووە.

وەلی پور بەرپرسی هەوالگری بوو لە لیواکەدا، بەئێمەی وت: عەقید محەمەد فاتح باسی لە هێرشێکی پێچەوانەی نزیك کردووە، هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە شەلچە ئەنجامی دەدەن.

موقەدەمەکە بەڵێنیدا، ئەوانەی زانیاری لەبارەی چارەنووسی محەمەد فاتح دەدرکێنن، ئەوا دەیانگوازێتەوە بۆ ئەو خێوەتگانەی خاچی سوری نێودەوڵەتی سەرپەرشتیان دەکات، کاتێك هیچ شتێکی نەبیست زیاتر وتی: فەریق عەدنان خەیرڕوڵا بە خودی خۆی بە دواداچوون بۆ ئەم پرسە دەکات.

محەمەد کازم کە لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، دەیزانی محەمەد فاتح بەدیل گیرابوو، بە گوێچکەیدا چرپاندم: تەنانەت ئەگەر سەدامیش بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکات، ئەوا هیچ شتێك ناڵێم، ئەو سەرەی نەئێشێت ئەوا گرێنادرێ!

ژمارەیەك لە دیلەکان لە شەلچە دەزانن محەمەد فاتح بەدیل گیراوە، بەڵام متمانە بەم موقەدەمە ناکەن، نایانەوێ سەری خۆیان لەدەست بدەن بەهۆی هەندێك زانیاریەوە!

موقەدەمەکە دانی پێدانا و وتی: ئێوە متمانە بە ئێمە ناکەن، بۆیە ئەگەر زانیاریشتان لابێ ئەوا هیچ شتێك ناڵێن!

ئەگەر کەمترین متمانەم بەم موقەدمە هەبووبایە ئەوا پێم دەوت: عەقیدکەتان دیلە لای هێزەکانمان، ئێستا لە خێوەتگەی ئەفسەرە دیلەکانە، مریشك و برنج دەخوات.

ئەمڕۆ یەکێك لە هاوەڵانیان برد، کە لە هەواڵگریی بارەگای نەجەفی پیرۆز بوو لە شاری کرمانشان، یەکێك لە سیخوڕەکان ئەوی ئاشکرا کرد و لەو ڕۆژەوە من ئەوم نەبینیەوە.

- چوار شەمە ١٦ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

توتۆمبێل ئیڤا هاتە ژوورەوە، نانی هەڵگرتبوو و هێنای بۆ گۆڕەپانی خێوەتگەکە، شوفێرەکەی ئیبراهیم یونسی عەریفی پلەیەك بوو. لە تەمەنی پەنجاکاندا بوو، خەڵکی شاری سەماوە بوو، جەستە لاواز و زۆر ئەسمەر بوو، کەمێك چەمانەوە لە پشتیدا هەبوو، چارێگە سەدەیەکی بەسەربرد بوو لە شوفێرایەتی کردن لە نێو لەشکری عێراقیدا.

ناوی کوڕەکەی ناسر بوو، بە ڕاستەوخۆ لەوم بیست، کە لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی عێراق ئەحمەد حەسەن بەکرەوە کاری کردووە لە لەشکری عێراقیدا، بەردەوام بووە لە خزمەتی سەربازیەکەیدا لە جەنگدا بە شوفێری! ڕۆژانە هەموو ئێوارەیەك بە ئوتۆمبێلە ئیڤاکەی دەهات و نانی دەهێنا و ئەرکی دابەشکردنی نان بوو بەسەر زۆربەی خێوەتگەکانی سەربازگەی سەڵاحەددین، پەیوەندی لەگەڵ کەسدا نەدەبەست، کاتێك توتۆمبێلەکەی لە نان بەتاڵ دەکرا، لەو کاتەدا وەك چاودێر لەلای توتۆمبێلەکەی ڕادەوەستا نەوەك کەسێك لە ژێر توتۆمبێلەکەی خۆی بشارێتەوە بەمەبەستی هەڵاتن.

جارێکیان لە خێوەتگەی ژمارە ١٥ وا ڕوویدا یەکێك لە دیلەکان هەوڵی هەڵاتنیدا؛ خۆی شاردەوە لە نێو تایەکانی توتۆمبێلی زبڵ، پاسەوانەکە ئاشکرای کرد لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوەی توتۆمبێلەکە لە دەروازەی خێوەتەگەکە و پشکنینی.

کاتێك ئیبڕاهیم بە توتۆمبێلەکەی هاتە نێو گۆڕەپانی خێوەتگەکە، کارەکەی خۆی تەواو کرد، هاتە زیندانەکە و لەمنی دەپرسی، یەکێك لە هاوەڵانم بانگی کرد و وتی: ئیبڕاهیم عەریفی برادەرت هاتووە، لە ڕاستیدا بینینی ئەو دڵخۆشکەر بوو؛ بەرامبەر بەو هەستی خۆشم بۆ دێت، هەروەك دەڵێن دڵەکان یەکتر ڕادەکێشن، نازانم بۆچی خۆشەویستی ئەوم دەچێتە دڵەوە، پێم وابێ بە هەمان چاو سەیرم دەکات، هەمان هەستی هەیە.

هەر کە ئیبڕاهیم منی بینی پێی وت: خواردن لەسەر دیواری کۆتایی دەستشۆڕەکە، ئەگەرچی چاك لە عەرەبی نازانم! بەڵام مەبەستی تێگەیشتم، خۆم خشاندە لای ڕێڕەوی ئاودەستەکان و بەرەو لای دیوارەکە ڕۆیشتم، بەقاچم خۆم بەرز دەکردەوە و دەستم بۆ سەر دیوارەکە درێژ کرد و کیسەیەکی تەنکم نایلۆنم بینی، نانێکی تێدا بوو، کە لە نێو نانەکە خورمای تێدا بوو، هاوژینەکەی ئامادەی کردبوو. ئیبڕاهیمی عەریف لەو کەسانەیە کە ڕەچاوی حەڵاڵ و حەڕام دەکات، نایەوێ سۆزی خۆی دەربخات لەبەردەم پاسەوانان، ئەو لە سیخوڕی بەعسییەکان دەترسێ، بەدڵنیایەوە دەتوانێ نانێکی زیادەم پێبدات، دوور لەو چاوانەی لەبۆسەدان؛ بەڵام نایەوێ مافیئەوانیتر پێشێل بکات، منیش بەهەمان شێوە نامەوێ نانی زیاد بەدەست بخەم، چونکە بەشی برایەکانمە.

ئیبڕاهیمی عەریف لەبارەی منەوە قسەی بۆ هاوژینەکەی کردبوو، وتی: بە هاوژینەکەم وتوە کە تۆ لە نێو دیلە ئێرانیەکاندا تەمەن بچوکترینی، ناوی تۆ وەك ناوی کوڕەکەمانە و تۆ سەیدیشی!

دەڵێت هاوژینەکەم خەمبار بوو بۆ ئەمە، ئامۆژگاری کردووە چاك بم لەگەڵت، لەو ڕۆژەوە لە هەر دوو هەفتەیەکدا ئەو خواردنەی بۆ دەهێنام کە هاوژینەکەی بۆ ئامادە دەکردم، بەرەو لای ئاودەستەکان دەڕۆیشت و کەیسەکەی دادەنایە سەر دیوارەکە؛ دوای

ماوەیەك ڕۆژێك هات و دەرمانی گەردەی بۆ هێنا بووم، من ئازاری زگم هەبوو، هەستم بە سوتانەوەیەکی زۆر دەکرد لە نێو گەدەکەم، وای نەدەکرد بخەوم، هەر بۆیە داوام لێکرد لە جیاتی نان دەرمانم بۆ بهێنێ، دەرمان ئاسایی ڕێپێدراو بوو بۆ هەر یەکێك ویستبای، بەڵام نانی بە خورما تایبەت بوو بۆ من، کەس نەیدەزانی چی ڕوودەدات لە نێوان من ئیبڕاهیمی عەریف، تەنها محەمەد کازم بابائی و حەکیم خەلەفیان نەبن، من متمانەم پێیان دەکرد.

کاتێك هاوەڵان سەرقاڵ دەبوون لە بەتاڵکردنی توتۆمبێلی ئیڤاکە لە نان، من قسەم دەکرد لەگەڵ ئیبڕاهیمی عەریف و حەکیم خەلەفیان وەرگێڕانی بۆ دەکردین، حەکیم تاکە کەسە لە نێو دیلە خوزستانیەکان کە بەعسییەکان نەیانتوانیبێ بەکاریان هێنابێ دژی برایانی، زۆر فشاریان دەخستەسەر بۆ ئەوەی سکاڵاکان بە پێچەوانە بۆ بەرپرسان وەربگێڕێ یان بەلایەنی کەمەوە سزایان بەسەردا نەهێنێت، حەکیم ئەمەی رەت دەکردەوە و دەیوت بەچی وەڵامی خوا بدەمەوە و چ شتێك بە ویژدانی خۆم بڵێم؟ حەکیم بەم هۆیە دووچاری لێدان بووەوە!!

بە ئیبڕاهیمی عەریفم وت: حەکیم تاکە کەسە لە نێو دیلە عەرەبەکانی ئێرانی کە دەکرێ متمانەی پێبکرێ، هەر بۆیە ئیبڕاهیم متمانەی پێدەکرد و زۆر بەسەرهاتی جەنگی بۆ دەگێڕاینەوە.

وتی لە سەرەتای هەلگیرسانی جەنگدا، خزمەتی دەکرد لە فیرقە سەربازیەکاندا وەك شوفێر، کاتێك شاری خرمشهر کەوت بە چاوی خۆی بینی بوو کە کەل و پەلی خەڵك تاڵان دەکرێ؛ هێشتا دەناڵێنێ بەدەست سزای ویژدان، بەهۆی هەندێك دیمەنی تاڵانکردن.

ئەمڕۆ ئێوارە ئیبڕاهیمی عەریف قسەی کرد لەبارەی خرمشهر، ئەم شارە خوێناویە، وتی: عەقید غەفور فەرەج واژووی کرد لەسەر زیاتر لە پەنجا فەرمان، بۆ گواستنەوەی ئەوەی پێی دەوترێ دەستکەوتی جەنگی، لە ڕاستیدا کەل و پەلی خەڵکی خرمشهر بوو، سەربازەکان توتۆمبێلی ئیڤایان پڕ دەکرد لە کەل و پەلەکان، منیش دەمبردن بۆ ناونیشان و کەسانی دیاریکراو، زۆربەی جاران لە سەرۆك فیرقە و لیوا و ئەفسەرە گەورەکان بوون لە لەشکری ڕژێم یان خزمە نزیکەکانیان، یاخود خزمانی نزیکی هاوژینەکانیان، من بە ناچاری و نەویستنەوە ئەمەم دەکرد.

پڕ بە دڵی خۆی ئاخی هەڵکێشا و چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوون و وتی:

جارێکیان بیرم دێتەوە، لە خرمشهر دەرچووم بە ئاڕاستەی شاری کوت و توتۆمبێلم لە ڕێگای گشتی نێوان عەمارە و بەسرە لێدەخوڕی، خۆم کێشا بە بارهەڵگرێکدا کە تانك و دەبابەکانی هەڵگرتبوو، پێم وابێ ئەم ڕووداوە ڕوویدا بەهۆی ناپاکی کردنمان لە ئێرانیەکان، ئێمە هەڵدەستاین بە تاڵانکردنی سامانەکەیان لە ڕۆژی ڕووناك و دەمانگواستەوە بۆ شارەکانمان، کەل و پەلەکانیماڵەوەی خەڵکی بێ تاوان لە خرمشهر ئامادە بوون بۆ بوکی عێراقی و ئەم کەلوپەلە تاڵانکراوانە وایان لێهات ماڵەکانیان دەسوتاند و ژیانی زۆر کەسیان تێکدەدا، لەوانەی ئالودەبوونە لە کارەکانی تاڵانکردن یان شتە تاڵانکراوەکانیان دەکڕی لەکاتی نمایش کردنیان.

ئیبڕاهیمی عەریف وتی: ئەو سەرکردانەی ماڵی تاڵانکراویان وەردەگرت متمانەیان بە شوفێرەکان نەبوو، هەر بۆیە لیستیان هەبوو، ئەم لیستانە هەموو شتێکیان لەخۆگرتبوو کە بارکرابوون لە شاری خرمشهری تێکشکاو؛ هەر بۆیە ئەم لیستەیان جێبەجێ دەکرد لە کاتی بەتاڵکردنەوەی توتۆمبێلە، پرسیارم لێکردن: چ شتێکتان تاڵان دەکرد و دەدزی؟

به پرسیارەکەی من تێکچوو و وتی:

- بڵێ ئەوان چیان تاڵان دەکرد!

پرسیارەکەم چاك کردەوە و ئەویش وەڵامی دایەوە:

هیچ شتێك لە خرمشهر نەماوە شایەن بێ یان نا.

دواتر سوێندی خوارد و وتی:

- دەمتوانی تاڵان بکەم و بەشدار بم لە کردارەکانی تاڵانکردندا، بەڵام هەرگیز ئەمەم نەکردووە، بەڵام کەسە سەربازیەکان خۆیان هەڵخەتاند بەوپێیەی دەستکەوتی جەنگین، ئەوەی بەتاڵان دەیانبرد دەیانگواستەوە بۆ بەسرە و عەمارە و شارەکانی تر، لەوێی دەیانفرۆشتن، بەڵام هاوڵاتیان ئەم شتانەیان نەدەکڕی، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەمە سامانی خەڵکی ترە، ئەو خەڵکەی شاری داگیرکراوی خۆیان جێهێشتووە؛ سەید! هەموو شتێکی ناوماڵ: سەلاجە، تەلەفزیۆن، پانکەی هەوایی، دەنگ تۆمارکەر، بگۆڕی هەوا، جل شۆر، چێشتلێنەرەکان، ئامێرەکانی بەرگدروین، بەتانیەکان و بەرماڵی نوێژ.

ئیبڕاهیم ڕووداوێکی گێڕایەوە، کە هێشتا لە یادی ئەودا مابووەوە، هەر کاتێك بیری دەکەوتەوە ئەوا هەستی بە داخ و پەژارە دەکرد.

- ڕۆژێکیان عەریفێکی خەڵکی بەسرە بە کێشەچوو لەگەڵ ڕائیدێکی تکریتی، هەندێك لە خزمەکانی عەریفی بەسرایی کۆچیان کردووە بۆ خرمشهر لەوەتەی چەندین ساڵی دوور و درێژە، لەم شارە ژیاون، خەڵکی بەسرە لەوانەیە ژن و ژنخوازی بکەن لە ئابادان و خرمشهر و پەیوەندی نزیکیان هەبوو لەگەڵ یەکتریدا، هەر بۆیە عەریفە بەسرایەکە ناڕەزایەتی دەربڕی لەسەر پرۆسەکانی تاڵان و بە ڕائیدەکەی وت: ئایا شەرم لە عەرەبایەتی خۆت ناکەی؟ هەموو ئەم کەلوپەلانە هی

خەڵکی عەرەبن لەم شارە، ئێمە عەرەبین و غیرەتی عەرەب ڕەت دەکاتەوە ئەم کارە بە برا عەرەبەکانمان بکەین لە خرمشهر، ئەمڕۆ ئەوان بە چاوێکی سوکەوە سەیریمان دەکەن!

ئەفسەرە تکریتیەکە عەریفەکەی گوللەباران کرد و کوشتی!!

- شەمە ١٩ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ڕۆژێکی ناخۆش بوو لە نێو زیندان، سەید محەمەد شەفاعەت منش هاتە ژوورەوە و وتی: ((ئەی هاوڕێیان ئەوەتا چیرۆکی خولیاکەم، ئەوەتا چیرۆکی عاشق بوونم)).

وتم: سەید محەمەدە! چی ڕوویداوە؟

وتم: مانگاکەمان لەدایکبوو، نیوەی موسەکەم لەدەستدا!!

ئەوانەی زیندانی بوون لە زیندانەکانی بەعسدا، دەیانزانی لە دەستدانی نیو موس چییە، چ شتێك بەسەر مرۆڤدا دێت ئەگەر شتێکی لەم جۆرەت لە دەستچوو، بەڵکو چی بەسەر دیلەکانی تردا دێت؟! مەرجە سەپێنراوەکان لێرەدا وا دەخوازێ هەفتانە دوو جار چەناگە بتاشرێ لە ڕۆژانی سەرەتادا، تاشینەکە ئەنجام دەدرێ بەبێ فلچە و سابوونی تاشین، دیلەکان ئەو کات سابوونی ئاساییان بەکار دەهێنا، بەهۆی کەمی ئاوەوە دەیانناڵاند.

ئەو ڕۆژە بەرپرسەکە ڕایگەیاند: ئەگەر نیو موسەکە نەدۆزرێتەوە، ئەوا هەواڵی نانی نیوەڕۆ لە گۆڕێدا نابێ.

دیلەکان ١٧٥ موسیان پێدرا بوو، ژمارەیان ٨٧٥ کەس بوو، واتە هەر پێنج کەس بەشدار دەبوون لە یەك موسدا، موس شایستەییەکەی لەدەست دەدات، دوای ئەوەی دوو جار بەکاردەهێنرێت، کە دەگاتە کەسی پێنجەم دەبێتە ئامرازێکی ئەشکەنجە، دوای تەواوبوون لە ڕیش تاشین، بەرپرسان ئەم ژمارە موسە وەردەگرنەوە بە تەواوی و بێ کەم بوون.

هەوڵەکان بەخۆڕایی ڕۆیشتن لەهەمبەر دۆزینەوەی نیو موسە ونبووەکە، پاسەوانان بە کێبڵ لە هەموو دیلەکانیاندا، جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان دیلە سەلامەت و بریندارەکان، لەم لایەنەدا دادگەریەکی تەواو بێ جیاکاریان پیادە دەکرد.

سامی ئەو پاسەوانە چاکە کارێکی زۆر مەزنی کرد، وێنام نەدەکرد ئەم قوربانیە بدات، ئەو دەزانێ ئەگەر تا خۆرئاوابوون موسەکە نەبینرێتەوە، ئەوا هاوڕێیانی دەبنە وەحشی دڕندە، کۆمەڵانی دیلەکان لە نێو یەکدا دەهێننە دەرەوە، بە برۆیەکەی ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی دەیکات، لەلای ستونەکە نیو موسی بەردایەوە و ڕۆیشت، منیش ئاماژەم بۆ محەمەد کازم بابائی و حوسێن موقیمی کرد، و پێم ڕاگەیاندن کە موسەکە لای ستونەکەیە، بە هیچ کەسێکم نەوت کە سامی وای کردووە!!

سامی مرۆڤێکی خاوەن ویژدانێکی زیندووە، زۆر کەم قسە دەکات، دڵێکی چاکی هەیە، خەڵکی دیوانیەی ناوەندی پارێزگای قادسیەیە، لە شاری بەغداد پێگەیشتووە، باڵا بەرزە، جەستە باریك و ڕووخسار جوان و سمێڵ بەرزە.

هەڵسام و بانگی هاوڕێیانم کرد، ئەوان لە نێو خێوەتگەکەدا دەخولێنەوە و دەگەڕێن بە دوای نیو موسە ونبوەکەدا، هەوڵمدا دەنگی من سروشتی بێ، هەندێکیان ڕایان کرد بە ئاڕاستەی ستونەکە و سامی هێدی دەهات و دوایین پاسەوان بوو کە گەیشت، ئەوەی سامی ئەنجامیدا بە نهێنی مایەوە کەس پێی نەدەزانی، دوای ماوەیەك

ئەمەم بە حوسێن مەروانی و مەیسەم سیرفر و محەمەد باقر وجدانی وت، کە سینگیان سندوقی نهێنی تۆکمەیە!

ئا بەم شێوەیە مەلەڤ نیو موسە ونبووەکە داخرا، سامی دەیان کەسی ڕزگارکرد لە سزای بەکۆمەڵ، کەواتە با قوربانیدانەکەی بە نهێنی بمێنێتەوە.

- یەك شەمە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ئێوارە، سامی و ماجد قسەیان دەکرد لە زیندان لەبارەی یادەوەریەکانیان لە بەرەی فاو و خرمشهر، سامی وتی: سەدام بە دوو هەواڵی جەنگ زۆر دڵخۆش بوو، سەرباری نەبوونی هاوسەنگی، هەواڵی ڕزگارکردنی خرمشهر ئەوی زۆر تورە کرد، بە گوێرەی ئەوەی ماجد بەوی وت: عەدنان خەیرڕوڵا وەزیری بەرگری لە نێو جەماوەری سەربازەکاندا وتویەتی: خرمهشر بالیفێکە بەسرە لەسەری دەخەوێت!!

ماجد قسەی کرد لەبارەی فەریق ماهر عەبدولڕەشید، کە لەبارەی خرمشهرەوە وتویەتی: ((وەك چاوە بۆ مرۆڤ))، سامی وتی: ئەو دوو هەواڵەی سەدامی دڵخۆش کرد، یەکێکیان کوژرانی موستەفا چمران بوو، ئەوەی تر کەوتنی فڕۆکەی (C ١٣٠) سەربازی بوو لە باشور[1].

---

(١) لە بەرواری ٢٨ ئەیلولی ١٩٨١ فڕۆکەیەکی گوێزەرەوەی سەربازی (C ١٣٠) کەوتە سەر زەوی، لە ڕێگاکەی بۆ تاران لە بەرەی باشورەوە، کە وەزیری بەرگری لیوا موسا نامجو و فەریق وەلیوڵا فلاحی سەرۆکی هێزە وشکانیەکان و لیوا جەواد فکوری سەرۆکی هێزە ئاسمانیەکان و یوسف کلاهدوز جێگری گشتی هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش و محەمەد جهان ئارا سەرۆك پاسەوانی هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش لەم فڕۆکەیەدا بوون، لە شاری خرمشهر بەر بووە و هەموویان شەهید کەوتن.

سامی دەڵێت: سەدام بە یاوەری عەدنان خەیرواڵا هەڵدەستان بە ئەنجامدانی سەردانی پشکنین و لێکۆڵینەوە بۆ سەربازگەی ڕاشدیە، هەواڵی کەوتنی فرۆکەکە گەیشتە گوێچکەی عەدنان پێش هەمووان، بەڵام عەدنان بە سەدامی وت: گەورەم هەواڵێکی دڵخۆشکەرم پێیە بۆت، خەڵاتێکم دەوێت! دەمەوێ پلەم بەرز بکەیتەوە!

سەدام وتی: ئەگەر هەواڵەکە دڵخۆشکەر بێت، ئەوا پلەت بەرز دەکرێتەوە! کاتێك سەدام هەواڵی کوژرانی ئەم هێزە سەربازیانەی بیست، خەریك بوو لە خۆشیاندا بفڕێت، پلەیەکی نوێی سەربازی بە عەدناندا، سامی دەڵێت، من وردەکاری ئەمەم بیسووە لە وەزیری بەرگری عەدنان خەیرواڵا لە کاتی پێشکەشکردنی وتەیەکدا لە سەربازگەی تاجی.

- سێ شەمە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

کات نزیکەی نیوەیە، کاتێك ژمارەیەك لە ئەندامانی دووڕووان (ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق) گەیشتنە خێوەتگەکە، ئەفسەرێکی ڕێنمایی سیاسیان لەگەڵدا بوو (هەردەم لە گەورە بەرپرسە بەعسییەکان بوو) بۆ ئەکەم جار بوو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە سەردانمان بکەن.

بەرپرسانی خێوەتگەکە، لەوەتەی چەند ڕۆژژێکە ئاماژە دەکەن بە سەردانێکی چاوەڕوانکراوی هەندێك لە هاونیشتمانیتان، ڕێکخراوە ناپاکەکە چالاکی خۆی فراوان کرد بۆ ئەوەی بگاتە خێوەتگەی نهێنی دلەکان! خێوەتگەیەك کە خاچی سوری نێودەوڵەتی نەیتوانیوە سەردانی بکات، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ کەسێك نازانێ هەیە، کەواتە ڕێکخراوی دووڕووان بە دوای پشتیوانی نوێدا دەگەڕێت لەم شوێنەدا، سەدام ڕێگەی بە مەسعود ڕەجەوی و پیاوەکانیدا بێنە نێو ئەم شوێنە نهێنیە، ئەمەش

ڕەنگدانەوەی ئەندازەی متمانەکردنی سەدام و ڕژێمەکەیەتی بە مەسعود و ڕێکخراوەکەی.

لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستیش، سەدام سور بوو لەسەر ئاشکرا نەکردنی ئەم خێوەتگەیە، ئەم دۆخە بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە ساڵی ۱۹۸۸ تا ۱۹۹۰.

سەدام بودجەیەکی مانگانەی داوەتە ڕێکخراوی مەسعود ڕەجەوی کە دەگاتە شەست ملیۆن دۆلار، ئەمەم لە سامی بیستووە.

لەوەتەی ماوەیەکە، وا دەردەکەوێ بەعسییەکانرێککەوتوون لەگەڵ دووڕووان لەگەڵ ئەنجامدانی چەند ڕێوشوێن و سیاسەتێك، کە ئاماج لێی نیگادانە بە سەربەخۆیی ڕێکخراوەکە و پاشکۆ نەبوونیەتی بە تەواوی بۆ ڕژێمی سەدام، بۆیە دەستی کرد بە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕووکەشی لە بەرامبەر ڕژێم، ئامانجی کەمکردنەوەی قەبارەی توڕەیی جەماوەری ئێرانی بوو، بەرامبەر ئەو کارە ناپاکیانەی ئەنجامی دەدات، ڕژێمی بەعس پەناگەی داوەتە ڕێکخراوی موجاهیدین و ئەندامانی لە پەنابەری ڕزگار کردووە، بەڵام عیزەت ئیبڕاهیم جێگری سەدام بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: ڕێکخراوی موجاهیدنی خەلقی ئێرانی دژی موجاهیدنی عێراقی لە فیرقەی ۹ بەدەر دەوەستێت.

ئێوارەی ئەمڕۆ، کتێب و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکەیان بۆ هێناین، دابەشیانکرد بەسەر زیندانەکان، بۆ یەکەمجارە لە خێوەتگەی پاشکۆدا کتێبمان لەبەر دەستتدا دابنێین.

بەرواری دەرچووی ئەم کتێبانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش چەند ساڵێك، وا دەردەکەوێ لە کۆگاکانیاندا هەبووبێ، کاتێك بەرپرسی گرتووخانەکە ئەم هەموو کتێبە زۆرەی

هێنایە ژوورەوە، پێم وت: خۆزگە لە جیاتی هەر یەکێك لەم کتێبانە دانەیەکی قورئانتان بە ئێمە دابایە!

ئەم هەلەم قۆستەوە بۆ لێکردنەوەی پەڕە سپیەکانی کۆتایی هەر کتێبێك و دروستکردنی پەڕاوێك لێیان.

لە نیوەڕۆدا بەهۆی بوونی کات و حەزی شارەزابوون، لەوەی ئەم ڕێکخراوە دەبێ چی بڵێت، دەستم کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی بڵاوکراوەکان.

هەفتەنامەی (حەقیقەت) هەموو شتێکی لەخۆ دەگرت جگە لە حەقیقەت نەبێت، هەفتەنامەی (تێکۆشەر: موجاهد) بڵاوکراوەی فەرمی ڕێکخراوەکە بوو، گفتوگۆیەك هەبوو لەگەڵ مەسعود ڕجەوی و مریەم قجر عەزدانلو، کە ناسراوە بە (مریەم ڕەجەوی). لە نێوان سی بۆ چل ژمارە بە بەرواری کۆن، لە ژمارەیەکی بڵاوکراوەی (موجاهد)دا وتەیەکی مەسعود ڕەجەوی هەیە بە تۆڵەسەندنەوە لە پاسەوانی شۆڕش، دوای شکست هێنانی پرۆسەکانی ڕێکخراوەکە (زیانی خالدین) کە لە ئێران بە پرۆسەکان بۆسە ناسرا.

لە ژمارەیەکی تری بڵاوکراوەکەدا وتەیەکی تر ڕەجەوی هاتووە، لاپەڕەی پێشەوی بڵاوکراوەکەی گرتووە:

((کاتی ئەوە هاتووە شۆڕش بکرێ دژی تاکڕەوی ویلایەت فەقیە))، گفتوگۆیەك کراوە لەگەڵ مەهدی ئەبریشمچی بەرپرسی هەواڵگری ڕێکخراوەکە، تیایدا ئاماژەی داوە بە هۆکارەکانی شکستی ڕێکخراوەکە، لەوە جوانتر لە بوونی ویلایەت فەقیە و پاسەوانی شۆڕش و هێزەکانی بەسیجە، وتویەتی: مادەم ویلایەت فەقیە لە ئێران کاربەدەست بێ، ئەوا هیچ ئومێدێك بۆ ((خەلقی موجاهد)) بە ئازادی نییە.

پاسەوانانی خێوەتگە بە بایەخەوە دەڕواننە پرسی هاوسەرگیری (هزری) کە پێچەوانە بەرنامەی مەسعود ڕجەوی لەگەڵ مریەم عەزدانلو بوو، لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکەدا مەهدی ئەبریشمجی وتەیەکی هەیە، هەوڵمداوە بە دەق لەبەری بکەم، وتویەتی: دژایەتی کردنی ویستی مەسعود بێ باوەڕیەکی خراپترە لە بەرهەڵستی کردنی ویستی خوا.

کاتێك حەیدەر ڕاستی ئەم ڕستەیەی خوێندەوە وتی: ئای خوایە بڕوانەئەم پەتاتانە چی دەڵێن! مریەم هاوژینی ئەبریشمجیە، مەسعود داوای لێدەکات لێی جیا بێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات! دواتر ئەم گەوادە ئەبریشمجیە دێت و بەوپەڕی ناشرینیەوە دەڵێت: دژایەتی کردنی ویستی مەسعود بێ باوەڕیەکی خراپترە لە بەرهەڵستی کردنی ویستی خوا!! ئای ئەم داڕمانی ئەخلاقییە.

هاوژینی یەکەمی ڕەجەوی ئەشرەف ڕوبیعی بوو، لە تاران مرد، ئەمەش دوای بە یەکدادان لەگەڵ ئەو هێزانەی هێرشیان کردبوو لە پاسەوانی شۆڕش، هەر بۆیە ناو لە سەربازگەی ڕێکخراوەکە نرا لە پارێزگای دیالە (ئەشرەف)، مەسعود ڕجەوی فەیروزەی کچی (باوکی حەسەن بەنی سەدر) مارەکرد، لە ساڵی ١٩٨٥ هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، دواتر دوای چەند مانگێك جیابووەوە لەگەڵی.

ڕستەیەك لە یادم مایەوە، کە مەریەم وتبووی بە بۆنەی ڕۆژی ئافرەتەوە:

((پێش شۆڕش ئافرەت بایەخێکی تایبەتی هەبوو، لە دوای شۆڕش گشت بایەخێکی لەدەستدا)).

لە نێو ئەم هەموو بڵاوکراوە زۆرەدا بڵاوکراوەیەکم بینی، لەلایەك کۆمەڵێك لە مولکداران دەرچووە، لە ژێر ناونیشانی (ئیراننامە)، وا دەردەکەوێ هاریکاری و پەیوەندی تۆکمە هەیە لە نێوان ڕێکخراوەکە و ئەم کۆمەڵەیە، کە ئەوروپا پێگەی

چالاكیەكانیەتی و ئێراننامە دەردەچێ لە ژێر سەرپەرشتی (ئەشرەف پەهلەوی) برای كۆچكردووی شا.

ئەو دیلانەی هەمووبەسەریاندا سەپێنراوە لە زیندانە نهێنیەكاندا بژین، ڕێگەیان پچڕاوە، هەموو ڕێگاكانیان لێگیراوە، هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی بڵاوكراوەی وەك ((ئێراننامە)) و (ڕێگەی ژیان) و (ڕەهاورد) كە لە فرۆكەخانەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانەوە بۆ فرۆكەخانەی بەغداد دەگوازرێنەوە، هەوڵ دەدەن بگەن بە جیهانی دەرەوە و ئەودیوی دێرەكان بخوێننەوە.

مێشكی گەنجێكی تازە پێگەیشتووی وەك من، زۆر شتی لەبەركرد، كە لە نێو ئەم بڵاوكراوە زەردانەدا هاتووە، بیرم دێتەوە بڵاوكراوەی (ئێراننامە) كەسانێكی وەك داریوش همایۆن و حەمید خواجە نەسیری تێیدا كار دەكەن، وتارەكانی ئەوان ئامانجیان هەردەم شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ویلایەت فەقیه و بەهاكانی بەرگری پیرۆز بوون، لە نێو ئەو كتێبانەی خوێندمەوە كتێبی ((هدیە پرند)) بوو كە دانراوی حەمید خواجە نسیری بوو.

لە یەكێك لە لاپەڕەكانی بڵاوكراوەی (مجاهد) وێنەی مەجید نیكوم بینی، كە شەهید ئایەتوڵا مەدەنی یەكێك لە شەهیدەكانی محیرابی شەهید كرد، ڕێكخراوەكە لایەنێكی لە ژیانی نیكو بڵاوكردۆتەوە و بە پاڵەوانی شەهید ناوی برووە، كە ژیانی خۆی كردۆتە قوربانی لە پێناو ڕزگاری ئێران.

لەوەتەی من بچوك بوومە شەهیدی محیرابم خۆشویستووە، هەر بۆیە وێنەی هەر چوار شەهیدی میحرابم هەڵگرتووە و لەسەر بەرگی كتێبی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی داوە.

- چوار شەممە ٢٣ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

ئەمڕۆ بەیانی منیان بردە دەرەوە، ئێمە سێ کەس بووین و ابڕیار بوو سزا بدرێن؛ من و عەلی کوچك زادە و حوسێن شوکری! هەڵسابووین بە دڕاندنی وێنەی مەسعود ڕجەوی، پاسەوانان ویستیان ئێمە بکەنە پەند بۆ ئەوانیتر، ئێمەیان دانایە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە؛ ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی فەرمانی کرد یەك و سەد کێبڵ لە هاوڕێیانم بدرێ، سزای من تایبەت بوو، شێرەی ئاویان خستە نێو دەمی منەوە، داوای لە سلوان کرد ئاوەکە بەربداتەوە، هەوڵمدا خۆم بدزمەوە و زگم پڕ ئاو بوو، ئاو لە لوتم دەهاتە دەرەوە، وەك کەسی نقوم بوو لە ئاودا بوو، تاوانی من ئەوە بوو من چاوی تاوانبار مەجید نیکوم کونکرد لە وێنەکەدا، ئەوەی شەهیدی میحراب ئایەتوڵای مەدەنی کوشت، تەنها ئەم تاوانەش نەبوو، بەڵکو وێنەی مەسعود ڕەجەوی و مریەم عەزانلوشم دڕاند؛ ئەمڕۆ ئاستی پەیوەندی نێوان ئەم تۆمەتبارانە لەگەڵ سەرکردەکانی ڕژێمی بەعس دەرکەوت!

- دوو شەمە ٢٨ تشرینی دووەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

وازم لە خواردنی نیوەڕۆ هێنا، هاوڕێیانم بەشی منیان خستبووە نێو پەرداخێك کە لە بنەڕەتدا قۆدی بوو، کەمێك لە برنج و شۆربای قەرنابیت بوو.

لە بەیانیدا کاتێك پارچە نانێکم بینی وەك نانی (سنگك[(١)]) بوو، لیکاوم هاتە خوارەوە، لە یادەوەری خۆمدا ڕۆیشتمە لای نانەوای (سنگك) لە شەقامی سەرەکی لە شاری (یاسوج)، ئەو کات لە ماڵی خوشکی مەزنی خۆم (بی بی مەهتاب) دەژیام.

ئەو کاتە من زۆربەی کاتەکانی خۆم بەسەر دەبردن لە شەقامی سەرەکی ئەم شارە، کولێرەیەکەم دەکڕی لە (سنگك) و بە تەنها لە کۆڵانێکی گوندەکەدا دادەنیشتم و چێژم

---

(١) ناودارترین و بەتامترین نانی ئێرانیە، لە فرنی تایبەتدا دروست دەکرێ، کە ڕووپۆشکراون بە بەردی بچوك یان (سنگ) هەر بۆیە ناوی (سنگك)ی لێنراوە. وەرگێڕی عەرەبی.

له خواردنی دەبینی، چێژی خواردنی کولێرەی گەرمی تازە، زۆرتربوو لە برنج لەگەڵ کەباب، بینینی ئەم پارچە نانە لە دەستی حامددا حەزی خواردنی منی کردەوە و خواردنەکەی خۆم خوارد.

سفرەی من ڕۆژنامەی قادسیە بوو، زۆربەی جاران وێنەی سەدام لەسەر لاپەڕەی یەکەمی بوو، سفرەی من ڕۆژنامەی قادسیە و جمهوریە بوو، بە درێژایی ماوەی دیلایەتیم، ڕۆژنامەیەکی عێراقیم نەبینی وێنەیەکی سەدام لەسەر لاپەڕەکانی سەرەتای نەبێ.

من نانی خۆم دەخوارد لە زیندانیدا، جەمیل هات و بە کێبڵ لەسەریدام، نزیکەی دوو هەفتەیە هاتۆتە نێو دەستەی پاسەوانان، باڵای بەرز و درێژ بوو، چاوەکانی بازنەیی بوون، ڕوومەتی چەپی شوێنەواری برینی پێوەیە و وتی: شوێنەواری ساچمەیەکە لە بەرەی جەنگی تەلائیەتدا، جەمیل وەك وەلید عاشقی سەدامن، دەیوت ڕۆژێك دێت عەرەبی لە نیلەوە بۆ فوڕات سەدام دەکەنە سەرکردەی خۆیان، ئیمپڕاتۆریەتی مەزنی عێراق دروست دەکات، پێم وت: گەورەم وشتر لە خەونیدا شتی خۆش خۆش دەبینێ.

جەمیل لە حەکیم خەلەفیانی پرسی: ئەمە چی دەڵێت؟

حەکیم وتی: گەورەم هیچ نییە، دەڵێت ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بەرپا دەبێ!!

جەمیل ڕۆژنامەکەی برد و ئاماژەی بۆ وێنەی سەدام کرد، کە چەند دڵۆپە شۆربایەکی کەوتۆتەسەر و وتی: ئەمە چییە؟ دواتر بە توڕەییەوە هاواری کرد:

- مەجوسی ئەمە سوکایەتیە!!

وشەی سوکایەتی بە فارسی وت: (توهین).

به عەرەبی و فارسیم وت:

- گەورەم ئەمە سوکایەتی نییە.

پێ لەقەیەکی لە قاپەکەدا، وەك چۆن یاریزانی پیشەگەر پێن لە تۆپ دەدات، بە کێبڵ کەوتە سەر گیانم، چەند گورزێکی لێدام، تێکەڵی کرد لەگەڵ وشەی ناشرین و لەم کاتانەدا سەلوان هاتە ژوورەوە، سەلوان خەڵکی ناسرییەی ناوەندی پارێزگای زیقار بوو، بە زلترین پاسەوان دادەنرێ لە گرتووخانەکەدا لە دوای سەعد، لە هەموو شتێك زیاتر حەزی لە خواردنە، هەردەم خەندەی لەسەر لێوانە، سەلوان پرسیاری لە جەمیل کرد لەبارەی هۆکاری تورەبوونەکەی، ئەوەی دوایی ئاماژەی بە ڕۆژنامەی قادسیە کرد، سەلوان گوێ بەم شتانە نادات، بە هاوڕێیەکەی وت: کێشە نییە ئەو هیچ مەبەستێکی نییە!

زۆر دڵخۆش بووم بۆ دەستوەردانی سەلوان، بە عەرەبی و فارسیم وت: گەورەم! بەخوا هیچ مەبەستێکم نەبوو.

ئا بەم شێوەیە وەك ڕێزێك بۆ سەلوان جەمیل وازی لێهێنام، دواتر هیچ ڕۆژنامەیەکم بەکارنەهێنا بۆ خواردن.

جەمیل وتی: دووبارەی نەکەیتەوە! ئینجا ڕویشتە دەرەوە لە زیندانەکە، جەمیل هەردەم هەرسانمان دەکات، زۆربەی کات کێشەکان دەگەنە سەرۆکی پاسەوانان؛ تەنانەت سەعد داوای لێکرد کەمتر بە کێشە بچێت لەگەڵ دیلەکان، دیلەکان ناویان لێنابوو ((ئەبو شر)) ئەوانەی سروشتی ئەویان دەزانی چیتر بە کێشمەکێش نەدەچوون لەگەڵیدا، نهێنی بێهۆشکردنی ئەوم زانی، جەمیل لە دەوروبەری تەمن سی و پێنج ساڵاندا بوو، تەنها ئەوەندە بەس بوو پێی بڵێی: گەورەم! وا دەردەکەویت تۆ لە تەمەنی بیست ساڵی یان ئەوپەڕی بیست و پێنج ساڵیدا بیت! ئەو کاتە بە پێکەنینەوە دەڕوات!

جەمیل ئەگەر بەلای هەندێك لە هاوەڵاندا ڕۆیشتبا لە ڕێڕەوەکانی خێوەتگاکەدا، لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیان کردبایە، ئەوا هاواری بەسەریاندا دەکرد و دەیوت: بۆچی وا لێرە دانیشتوون؟ ئەگەر یەکێك وتی: ئەی لە کوێ دابنیشین؟ بە توورەیی تێی هەڵدەدت و دەڵێت:

- قەشمەر (بێ نرخ) بێ دەنگ بە!

دواتر هەمووانی پەرتەوازە دەکرد و چێژی لەم کارەی خۆی وەردەگرت!

ئەگەر ئێمە سەرقاڵ بین بە خواردنی نانی نیوەڕۆ و بێتە نێو زیندان و بۆی نەهەستینەوە، ئەوا تێمان هەڵدەدات و دەڵێت:

- بۆچی لەبەرم هەڵنەستانەوە!

ئەگەر هەستاینەوە دەڵێت: بۆچی هەستانەوە لەسەر سفرە و خوان، نازانن ئەمە حەڕامە؟ ئەگەر نوێژمان کردبایە، ئەوا بە پۆستاڵەکەی لەو خۆڵەی دەدا کە کرنوشمان لەسەری دەبرد و دەیوت:

- ئێوەی ئێرانی بت و بەرد و خۆڵ دەپەرستن!

پێش چەند ڕۆژێك جەمیل تاکە نەعلەیەکی سەراوژێری بینی لەلای دەرگای زیندانەکە، هاواری خاوەنەکەی کرد، قودڕەتوڵا قەهرەمان پور هات و سڵاوی بۆ جەمیل کرد، جەمیل تاکە نەعلەکەی گرت و لەسەر ئەویدا و ئینجا فڕێی دایە سەر بانی گرتووخانەکە، وا دەردەکەوێ عێڕاقییەکان هەراسان ببن بە بینینی پێڵاو یان نەعلەیەکی سەراوژێر لە ژێر ئاسمان، هاواری قەهرەمان پوری کرد (هەی قوندرە).

قۆندرە زۆرترینی ئەو وشانە بوو کە جەمیل بەکاری دەهێنا بۆ جنێو و سوکایەتی پێکردن، چونکە قوندرە و پێڵاو بەڕای ئەوان، هێمایە بۆ سەرشۆڕی و کەمی و بێ نرخی، چونکە بەردەوام لە ژێر پێیاندایە، شوێنی پێشێلکردنە لە هەموو شوێنێکدا.

کاتێك زۆربەی دیلەکان جەمیل دەبینن، ئەوا زۆرینەیان ئەم ئایەتە پیرۆزە دەخوێنن: ((وجعلنا من بين أيديهم سدا ومن خلفهم سدا...)) واتە: (هەروەهابەربەستمانلەبەردەمیانەوەولەپشتیانەوەداناوە...).ئەو ماوەیەی جەمیل بەسەری برد کار گەیشتە ئەوەی قاسم حارس لە یەکەی چاکردنەوە و پاراستن دەستوەردان بکات و بە توندی پێی بڵێت:

- جەمیل! ژنەکەت شەڕ دەکات، نەکەی بێی و شەڕ بەم هەژارانە بفرۆشی!

- سێ شەمە ٦ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

کەریمی هاتە لام (ئەو دیلە ئێرانیەیە کە بەسەرپەرشتیار لەسەرمان دانراوە، لەلایەن بەرپرسانی خێوەتگەکەوە)، زۆر جگەرەی دەکێشا، هەر کە بەشی ئەو تەواو دەبوو، دەهاتە لای ئەو دیلانەی جگەرکێش نین، هەوڵی ئەوە دەدات بەشی ئەوانیان لێبسەنێت، کەریم لەلای بەعسییەکان تایبەت کراوە بە زیندانی ژمارە بیست و حەوت؛ کەریم وەك ئەوانی لێهاتووە بە تەواوی، لە دیلەکانی دەدا، ئەمە ئەرکێکی ناشرینی ڕەنگدانەوەی ئەندازەی داڕوخانی ئەو بوو.

کاتێك لە دیلەکانی دەدا، هەندێکیان پێیان دەوت: ئایا بیر ناکەیتەوە ڕۆژێك تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ ئێران، بۆچی پردەکان لە دوای خۆت دەڕووخێنی؟

بەڵام کەریم کە ڕۆچووە لە زەلکاوی دارمان و پەستیدا، چیتر ئەم ڕاستیەی نەدەبینی و بۆیە دەیوت: هەرگیز ناگەڕێمەوە ئێران،ماڵی من لێرە دەبێ لە عێراق[1].

کەریم لە هەر کەسێکی دەدا، کە دەکەوتە سەر ڕێگاکەی، لەسەر هەر دیلێکی جگەرە نەکێشی دەسەپاند کە دەبێ دوو پاکەت جگەرەی لە دوکان بۆ بکڕێ.

بەشی حەسەن بەهەشتی پور لە هەمووان زیاتر بوو، چونکە ئاڕاستەکەری ڕۆشنبیری بوو لە خێوەتگەکەدا.

ئەو جگەرانەی لە دوکانەکەدا بوون، فرە جۆر بوون، مانگانە یەك دینار و نیو، واتە ١٥٠٠ فلسمان پێدەدرا، نرخ جگەرەی سۆمەر ٣٥٠ فلس بوو، سۆمەری ساختە (عادی) ٢٥٠ فلس بوو، بەغدادی بە ٢٣٠ فلس بوو؛ ئێمە ئامادەبووین واز لەم موچەیە بێنین، بەرامبەر نینۆك بڕ، موسمان بەکاردەهێنا بۆ نینۆك کردن.

دوکان (حانوت)ەکە جگە لە جگەرە هیچ شتێکی تر نافرۆشێت، پێم وابێ دەیانویست دیاردەی جگەرەکێشان بڵاو بکەنەوە و بیگشتێنن بەسەر گشت دیلەکاندا، جگەرە کێشە دیلەکان هەموو پارەکەیان بە جگەرە دەدا؛ لەگەڵ ئەمەشدا جگەرەکانیان لە دوو هەفتەدا تەواو دەبوون، بەمەش توێکڵی پرتەقاڵیان بەکاردەهێنا لە جیاتی توتن، لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان دەکردە پەڕە جگەرە، هەندێك جار حەزم لە جگەرە

---

(١) کەریم دەیوت: ئەگەر دیلەکان گەڕانەوە بۆ ئێران، ئەوا من ناگەڕێمەوە، لە مانگی ئابی ١٩٩١ کاتێك دیلەکانی هەر دوو لا ئازاد کران، کەریم بڕیاری خۆی گۆڕی، بەعسییەکان دەیانزانی ئەو تۆڵەی لێدەکرێتەوە لەلایەن دیلەکانەوە، ئەوانەی کە ئەو ئازاریانی دابوو، بۆیە گواستیانەوە بۆ خێوەتگەیەکی تر لە تکریت، بۆ ئەوەی ئەوەی ئەنجامیداوە بەشاراوەیی بمێنێتەوە و بەم جۆرە گەڕایەوە بۆ ئێران.
کاتێك گەڕایە بۆ ئێران، لە (قرنتینەت)دا لە سەربازگەی (لشکرك) لە تاران دانرا، دیلەکان سکاڵایان لە دژی بەرزکردەوە، دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە لەگەڵی و چەسپانی تۆمەتەکان، ناوەندی بەدواداچوونی کاروباری دیلە (ڕزگاربووەکان و ئازادەکان) بڕیاریدا کەریم بخاتە لیستی سورەوە و بێ بەش بکرێ لە گشت ماف و جیاوکە مادی و ئەدەبیەکان.

کێشان دەکرد؛ بەڵام محەمەد کازم بابائی لە بۆسەدا بوو بۆم، لەگەڵ ئەوەی خۆی دەیکێشا بەڵام چاودێری منی دەکرد، پێش چەند ڕۆژێك هەندێك لە دیلەکان سور بوون لەسەر ئەوەی قومێك لە جگەرەکەی بدەم، هەر کە محەمەد کازم بابائی منی بینی دوکەڵ فرێدەدەم، هات و کێشەی لەگەڵ کردم و بەڵام زیاتر سەرزەنشتی ئەو دیلەی کرد و هۆشداری پێدا و پێی وت: سەید ناسرِ هێشتان منداڵە، وەك کوڕی خۆم سەیری دەکەم، هەر کەسێك هۆشیار دەکەمەوە کە بیەوێ فێری جگەرە کێشانی بکات!

دواتر ڕووی کردە من و بە هەڕەشەوە وتی: ئەگەر بوێریت هەیە ئەوا تەنها جارێکی تر جگەرە بکێشە، سوێند بە خوا دەخۆم پێ بەدڵی خۆمەوە دەنێم و بە توندی لێت دەدەم، وا بڕیار بوو هەر کە بەشی خۆم وەرگرت لە جگەرە، ئەوا محەمەد کازم بیبات بۆ دوکان و بیگۆڕێتەوە بە هەندێك خواردن، هەندێك لە دیلەکان هەڵدەستان بە گۆڕینەوەی دیشداشەعەرەبیەکانیان بە چەند پاکەتە جگەرەیەك، هەندێك کەسی تر هەڵدەستان بە گۆڕینەوەی کارە دەستییە جوانەکانیان لە نەخشاندن یان تەسبیحەکان یان هەندێك هەڵکەندی بەردین بەرامبەر بە چەند پاکەتە جگەرەیەك، کاتێك هاووێنەی ئەم دیمەنانەم دەبینی کە چۆن دیلەکان دەپاڕێنەوە و داوای ئەمە دەکەن؛ هەست بە منەتباری دەکەم بەرامبەر محەمەد کازم[1]، کاتێك خاتوو جگەرە دێت! ئەوا بازاری سیخوڕی ناپاکی و دووڕوویی و هەڵبەستنی پوچەڵ دەگەشێتەوە، هەندێك کەس کار دەکەن لە پێناو دەستخستنی جگەرەکان بە هەر نرخێك بێت! بۆ تۆمەتبارکردنی دیلێکی بێ تاوان بەوەی یەکێکە لە سەرکردەی فەوج

(١) کاتێك ئێمە لە دیلایەتی ئازاد کراین، لە قرنتینە تاران و لە سەربازگەی لشکرك نێوچەوانی محەمەد کازم بابائیم ماچ کرد، پێم وت: محەمەد کازم! منەتباری تۆم تا کۆتایی تەمەنم، چونکە ڕێگەت پێنەدام جگەرە بکێشك لەو بارودۆخانەدا! محەمەد کازم منی ماچ کرد و وتی: کوڕەکەم لێم ببورە ئەگەر هەندێك جار توند هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردبی، خوا گەواهیدەرە من وەك کوڕی خۆم سەیرت دەکەم، من چاودێریم دەکرد، کەسی وا هەبوو چاکەی بۆ تۆ نەدەویست، دەیانویست بەرەو جگەرە کێشان ڕاتبکێشن.

یان کەتیبە یاخود فەسیلەکان، یان یەکێکیان دەیەوێ ڕابگەیەنێ فڵان دیلی بینیوە لە هێڵەکانی پێشەوە چەن سەربازێکی کوشتووە!!.

هەندێك جار وا ڕێك دەکەوێ ئەم سیخوڕانە ئاشکرا دەبن، هەندێك لە سیخوڕەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە جەعفەر دەولەتی موقدەم ژمارەیەك سەربازی کوشتووە، خێرا دەرکەوت سیخوڕەکە پێش جەعفەر دەولەتی موقەدەم بەدیل گیراوە؛ ئەمەی کرد تەنها لە پێناو یەك یان دوو جگەرە دەکرد.

هەندێك لە سیخوڕەکان ئەو شتانەیان دەگواستەوە کە لە زیندانەکاندا دەگوزەرا، بە پاسەوانانیان ڕادەگەیاند، ژمارەی ئەو جگەرانەی سیخوڕەکە وەریدەگرێ، گونجاو دەبوو لەگەڵ بایەخی ئەو هەواڵەی دەیگواستەوە.

کەریم زۆر ئاڵودەی جگەرە کێشان بوو، لەگەڵ ئەوەی بەعسییەکان دوو ئەوەندەیان پێدەدا بەهۆی کارکردنەکەی؛ بەڵام دەهاتە لای دیلە لاواز و بریندارەکان و هەوڵی دەدا هەراسانیان بکات و بەشی ئەوان لە جگەرە داگیر بکات، کەریم لە هەڵسوکەوتیدا زۆر توونە و تیژ بوو، هاوشێوەی هەڵسوکەوتی دەرەبەگەکان بوو لەگەڵ هەژاران.

کات بە دەمی پێش نیوەڕۆ بوو، کاتێك خۆم ڕاکێشا، بینیم کەریم لەسەرم وەستاوە، ڕووی گرژ کردووە لە پشت پەنجەرەکە، داوای جگەرەی منی کرد! منیش پێم نەدا، ئەو ویستی بە زەبری هێز لێم وەربگرێت، دیلەکان ڕاهاتوون لەسەر خۆبەدەستەوەدان بۆ کەریم بە ئاسانی، لە ترسی لێدان و هەڵبەستنی تۆمەت لە دژیان.

کەریم وتی: دەتەوێت چ لە جگەرەکەت بکەی؟

- پێویستم پێی دەبێت بۆ شتێك.
- دەتەوێت بە محەمەد کازم بابائی بدەی؟

- ئەو داوای ئەوەم لێ ناکات.

هەندێك کەس جگەرەکانیان ڕادەستی ڕامین حەزرەت زادە دەکەن، ئەو جگەرەکێش نەبوو، ئەو دەزانێ چی لێ بکات؛ حەسەن بەهەشتی پور دەڵێت: پێویستە ڕێگری لەوانە بکەین کە هاوڕێیانی خۆیان دەفرۆشن لە پێناو جگەرە!

رامین وتی: بەعسییەکان پەردەی گوێچکەی یەکێك لە دیلەکانیان تەقاندووە، بەهۆی کاری ئەم سیخوڕانە.

کەریم دەیزانی ڕامین چی لەم جگەرانە دەکات، ئەو دەچێتە لای هەندێك سیخوڕ و جگەرەیان پێدەدات تا هاوەڵانیان نەفرۆشن، هەندێك لەم سیخوڕانە لە هەر دوو لایەن وەریان دەگرت، ئەوان لێمان وەردەگرن تا ئێمە ڕازی بکەن و لە بەعسییەکانیش وەردەگرن تا لێیان تێك بدەن! ئەوان وەك مشار لە هاتن و چوون دەخۆن!!

ئەمڕۆ کەریم هات و لە پشت پەنجەرەوە پێی وتم: ئایا دەزانی من بازرگانی بەخەڵکدەکەم، ئایا جگەرەکانتم پێنادەی بەر لەوەی یەکێکتان بفرۆشم؟

لە نێو ئەم سیخوڕانەدا کەسێك وەك کەریم نییە ستەممان لێبکات، هەندێك لە دیلەکان ئەوەندە گەرویان تەنگ ببوو خەریك بوو بیریان لە کوشتنی ئەو دەکردەوە، هەندێك چاوەڕێی هاتنی هەلیان دەکرد و باشترین شوێن ئاودەستەکان بوون، کەریم بەرەو لای پلە نزمەکان شۆڕ بووەوە! وای لێهات لە بەعسییەکان خراپتر بوو، هەر بۆیە وا وێنام کرد نیو موسەکەم کە پێش چەند ڕۆژێکە ونبووە، چەکێکە بەدەستی یەکێك لە دیلەکان، بۆ کوشتنی کەریم، پێم وابێ بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو دەرچووە و چاوەڕێی جێبەجێکردنە!!

به کەریمم وت: کەریم! تۆ بازرگانی بەخەڵك دەکەی لە گشت بارودۆخێکدا، جگەرە بەدەست بخەی یان نا!

- تۆ لە هاوەڵانت زیاتر بوێری دەنوێنێ، ئەگەر قاچە بڕاوەکەت نەبوبایە ئەوا وام لێدەکردی پەشیمان ببیەوە!

دەزانم لەم بارودۆخەدا، ناتوانم ململانێی لەگەڵ بکەم، ئەگەر نەخۆشیەکەم نەبووبایە ئەوا وانەیەکی توندم پیشان دەدا کە لەبیری نەکردبایەوە، ئەوسا چی ڕوویدەدا با ڕوویدابایە، چیتر بەرگەی ئەم بوونەوەرم نەدەگرت، ئەو وازمان لێ ناهێنێت، وەك ئەوەی ئەو ناخۆشی و بەڵایەی بەعسییەکان بەسەر سەرماندا دەیڕێژن کەم بن تا کەریم بێت و قوڕەکە خەستتر بکاتەوە!!

وا وێنای دەکەم، پاڵپشتی بەعسییەکان بۆی وای لێکردووە پێی وابێ حوکمڕانی ڕەهایە لە خێوەتگاکە و بەکەیفی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، ئەو چێژ لەم دەسەڵاتە دەبینێ و تام لە ئازاردانی ئێمە دەکات، کاتێك بینیم هەوڵی بردنی کیسە جگەرەی دەکرد، من لە دەستی ئەوم دەرهێنا و پێم وت: باوکم ستەمی ڕەت دەکردەوە و کوڕ لەسەر ڕێچکەی باوکیەتی، کەریم گوێ بگرە! یەك جگەرەش نابەیت... ئەگەر وا وێنای بکەیت من نیو پیاو بم، ئەوا تۆ هەڵە دەکەی، پیاو بە قاچەوە دیار نییە، تۆ هەڵەی، بەڵکو بە ویست و جوامێریە.

کەریم دەستی بە هەڕەشە و گوڕەشە کرد، هاواری لێ بەرز بووەوە، منیش بە ڕووی ئەودا هاوارم کرد و پێم وت:

- لەبەرچاوم لاچۆ!

لێرەدا هەر یەکە لە حەمید زارع زادە کە خەڵکی یەزد بوو، حوسێن موقیمی و موراد کەمالی کە هەر دووکیان خەڵکی کرمان بوون، هەڵسان و بەرەنگاری کەریم بوونەوە، ئەگەر محەمەد کازم بابائی نەبووبایە ئەوا بابەتەکە جیاواز دەبوو.

حەمید بە کەریمی وت: پێت وایە بوێری و بازووەکانت نمایش دەکەی لەبەرامبەر کەسێکی وەك سەید ناسرِ؟ حەمید شەڕی لەگەڵ کەریم کرد، وەهەبی کوڕی مەنسورِ ڕێگەی لێیان گرت و بە زمانی تورکی وتی: بیژی ئەوە چیت دەویَ؟

لێرەدا سامی دەرکەوت و بەرگری لێکردم، چاودێری ئەوەی دەکرد کە ڕوویدا بەبیَ گوێپیێدان، سامی هەڕەشەی لە کەریم کرد، بەوەی ئەمە بۆ لای نەقیب بەرز دەکاتەوە، ئەگەر شێوازی خۆی نەگۆڕێت لەگەڵ دیلەکاندا.

کەریم کە دەڕۆیشت وتی:

- من دەزانم چیت لێدەکەم ئەی ناسرِی هەوالگری!

دوا ئەوەی کەریم ڕۆیشت، بە هاوڕێیانم وت:

- ئەگەر بەعسییەکان بیانەوێت جگەرەکانم لێبستێنن، ئەوا ڕێگریم نەدەکرد، ئەوان لێرە گەورەن، بەڵام کەریم بیەویَ هەراسانم بکات و لە کاتێکدا دیلێکی وەك منە، ئەمە بەرگەی ناگیریَ!

کەریم هەڕەشەکەی جێبەجیَ کرد، لە نزیکەوە چاودێری دەکردم، ڕاپۆرتەکانی لەسەر من بەرز دەکردەوە بەشێوەیەکی ڕۆژانە، منی برد بۆ ژووری سەرۆك پاسەوان بە تۆمەتی وتنی قەسیدەی حوسەینی، لەوەش دوورتر ڕۆیشت، کاتێك هەندێك لەو دیلانەی لە دژم هاندەدا کە لە ملکەچی ڕاهاتبوون.

ڕۆژێکیان، کەسێك لە فیرقەی ٢١ حەمزە هاتە لام و پێی وتم: ئێرە ئێران و بەرەی شەڕ نییە، ئێمە ملکەچی یاسای ئەم وڵاتەین، بەم قەسیدانەی تۆ ئازار بۆ ئێمە دێنی و ژیانی ئێمە سەخت دەکات لێرە! لێمان بگەڕێ با ماوەی دیلایەتی بە ئاشتی و سەلامەتی بەرێ بکەین!

بە تەحەداوە وەڵامم دایەوە:

- من ئەوە دەکەم کە پێم وایە ڕاستە، لە پێناو بیروباوەڕی خۆم بە دیل گیراوم، بە چەسپاوی و بێ شڵەژان دەمێنمەوە.

ئەمڕۆ و پێش سەرژمێری شەو، بە کەریمم وت: ئەمڕۆ نزام لێکردی و دڵنیام لەوەی باپیرەم تۆڵەت لێدەکاتەوە.

- هەینی ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لەوەتەی ماوەیەکە و پانتۆڵەکەم لە زیاد لەلایەکەوە دڕاوە، بەدوای دەرزی و داوە بەنێکدا دەگەڕام، ڕێککارەکانی نێو خێوەتگەکە ڕێگە دەگرێ لەوەی دیلەکان شتی تیژ و کونکەر هەڵبگرن، دوای ماوەیەك بڕیاردرا دەرزی لە نێو شتە قەدەغەکاندا بهێنرێتە دەرەوە؛ هەر بۆیە ژمارەیەکی کەم چەند دەرزیەکی تایبەتیان بەدەستخست، بەتایبەت دیلە خوزستانیەکان، ئەوانەی پەیوەندی باشیان لەگەڵ پاسەوانانیدا هەیە.

هیچ کێشەیەکمان نەبوو لەگەڵ درومان، هەندێکیان هونەریان دەنواند لە دەرهێنانی داوە بەنی گۆرەوی و بەتانی و جامانە و خاولی، ئینجا کێشەکە کۆتایی هات، دوای ئەوەی دەرزی بەدەرکەوت لە لیستی ئەو کەرستانەی لە دوکاندا هەبوون، بەڵام دەرزی هەر بە شتێکی بەنرخ مایەوە! لە کۆتاییدا کەسێکی شاری ئورمیە، دەرزیەکی بەدەستخست، لە بەرامبەر بەخشینی پێڵاوێکی (گیوە)، کە دوو مانگ بوو بە

دروستكردنیەوە بوو، داوە بەنەكانی هەڵدەكشا لە خاولیەكەی و دواتر بە ئارامیەوە دەیچنی، تا جوتێك لەم پێڵاوە جوانانەی دروست كرد؛ لە ڕاستیدا گیوە دەگمەنە بەڵام ئەم هەژارە خۆی بە ناچار بینی بە دەرزی بگۆڕێتەوە.

هەر بۆیە بڕیارمدا دەرزیەك دروست بكەم، هەندێك لە دیلەكان هونەریان دەنواند لە دروست كردنیدا، ئەمە پێویستی بە پارچەیەكی بچوك هەیە لە تەلی دڕكاوی، یەكێك لە لایەكانی بە دیواری چیمەنتۆییدا دەهێنرێ تا زۆر گەرم دەبێ، لە قۆناغی دووەمدا هەمان شت بەلای تر دەكرێ تا درێژ دەبێ، ئینجا كۆتاییەكەی پان دەكەمەوە بۆ ئەوەی كونێكی لێ بكەوە، ئەو كاتە دەتوانی ئەم لە كاری درویندا بەكار بهێنرێ!

هەندێك جار دووچاری كەمی داوە بەن دەبین، هەندێك لەو دیلانەی بەرپرسن لە پاك كردنەوەی ژووری پاسەوانان، هەندێك داوە بەنیان هەڵدەكێشا لە بەتانیەكان، ئەم كردارە پێی دەوترا داوە بەنی ناچاری؛ پاسەوانان توانا داهێنەرانەكەی دیلەكانیان بینی لە زۆر كاردا، ئەمەش ئەوانی شۆك كرد، تەنانەت جەمیلی پاسەوان ڕۆژێكیان وتی: خوا دەزانێ ئەگەر گەمارۆتان نەخرابایەسەر، ئەوا خوا دەزانێ چیتان پێمان دەكرد!

دواتر وتی: كەس ناتوانێ ڕێگەی ئێوە بگرێ بەرەو فەڵەستین.

پێم وابێ ساڵانی جەنگ، پیشەنگایەك بوو بۆ داهێنانی جەنگاوەرانە، ەتوانم وێنای ئەندازەی شۆك گرتنی ئەوان بكەم لەوەی جەنگاوەرانمان پێی هەڵدەستن لە شتی سەرسامكەر و بۆسەكان، لە جۆری پردەكانی خەیبەر لە پڕۆسەكانی خەیبەر، كاتێك پردێك دروستكرا بە درێژی سێزدە كیلۆمەتر یان بەستنەوەی فانۆس لەسەر بەلەمی بەتاڵ و بەردانیان لە ڕووباری (كرخە نور) و (كارون)، تۆپخانەی دوژمن دەست دەكات بە تۆپباران كردنی بۆ وەستاندنی پێشوەچوونی ئێرانی یان ڕاوكردنی تانكەكان لە دروستكردنی چاڵی قوڵ و ڕوومالكردنی بە تەختە و ئینجا بە خۆڵ، ئینجا پێشوازی

کردن لە تانکە هێرشبەرەکان! وا بڵاوبووەوە ئەم بیرۆکەیە داهێنانی شەهید موستەفا چمران بووە؛ ئاوەکانی لە ناوچەکانی پرۆسەکاندا پرژاند لە دەشتی ئازادیگان و کردیە زەلکاو و قوڕ و لیتە، بۆ ڕاوکردنی تانکەکان، کە توانی جوڵەیان نامێنێ.

- دوو شەمە ١٢ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

وەلید هاتە نێو زیدانەکە و بەڕێوەچوونی پێشبڕکێی نیشانەشکێنی ڕاگەیاند، پاسەوانان وێنەی ئیمامیان کردبووە نیشانە، لایەنەکانی وێنەکە پلەی جیاوازیان هەبوو، بۆ نموونە نێوچەوان و دوو چاوەکان دە پلەیان هەبوو، ڕوومەت و چەناگە هەشت پلە، ڕیش شەش پلە، وێنەکە بە گشتی چوار پلە.

شەفیق عاسمی ئەفسەری بەعسی، کە ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی بوو، ئەم پێشنیازەی کرد، کەسێکی نادیار و لێڵە و هەفەتانە دوو جار سەردانی زیندانی دەکات، هەر جارێك دێت و بیرۆکەیەکی پیس دەخاتەڕوو!

شتێکی سروشتییە، ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی، دۆخێك لە ڕق و کینە بۆ ئیمام خوای لێی ڕازیبێ دەربخات، کاتێك ئەم پێشنیارە بێ نرخەی پێشکەش کرد، دیلەکان ناڕەزایەتیان دەربڕی، هات و هاوار بەرز بووەوە، ئەمەش بەعسییەکان تووڕەکرد و وەلید و ماجد بە زەبری هێز دیلەکانیان بۆ ئەم کارە ناچار کرد! دیلەکان وەك خۆیان ڕەتیان کردەوە بەشدار بن لەم پێشبڕکێیەدا، وێنەکە لە دەستی حامددا بوو، لە بەردەم پێداگیری دیلەکان لەسەر هەڵوێستەکانیان، پاسەوانان هەنگاوێك کشانەوە دواوە و داوای لە دیلەکان کرد تەنها ڕۆڵی بینەر بگێڕن، پێشبڕکێیەکە تەنها لە نێوان پاسەوانانداا دەکرێ.

دیلەکان جگە لە ژمارەیەك کەم لە دیلەکان نەبێ کۆك بوون لەسەر نەهاتنە سەیرکردنی پێشبڕکێیە بێنرخەکە!!

کاتێك پێشبڕكێیەكە تەواو بوو، فازڵی ئەفسەر ڕایگەیاند خەڵاتەكە بیست پاكەتی جگەرە دەبێ، بۆ ئەوەی دیلەكانی تووڕە بكات، سیخوڕ و ناپاكەكان لیكاویان لە دەم دەهات، ڕاستە هەموو شتێك دەكەن لە پێناو یەك جگەرە، بەڵام ئەوەندە سەرەڕۆ و گەوج نین، ژیانی خۆیان بكەنە قوربانی لە پێناو یەك پاكەت جگەرە، ئەوان چاك درك دەكەن كە ڕووداوێك چاوەڕوانیان دەكات لە گەرماوەكانی خێوەتگەكە!

- شەمە ١٦ كانونی یەكەمی ١٩٨٨ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

پێش نیوەڕۆ، حەسەن بەهەشتی پور وتارێكی بۆ ڕاڤەكردین لەبارەی میشێل عەفلەق، هەردەم ڕۆژنامە بەعسییەكان وتار و نووسین بڵاو دەكەنەوە لەبارەی هزرەكانی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی و بۆچوونەكانی میشێل عەفلەق و سەڵاحەددین بیتار، میشێل عەفلەق بە ڕەگەزنامە سورییە، مەسیحیەكی ئەرسۆدۆكسیە، ئامانجی بنەڕەتی جیاكردنەوەی ئوممەتی عەرەبیە لە ئیسلام.

هەروەك پێشبینی كراو بوو، بە شێوەیەك لە عەلی ئەسغەر ئینتزاریاندا، كە شوێنەواری لێدانەكان لەسەر ڕووخساری بەدەركەوت، عەلی ئەسغەر وا ڕاهاتبوو هەر كە فیكەی سەرژمێری و ئامادەیی لێدەدراڕابكات بەرەو گەرماو و بە كەمتر لە پێنج خولەك خۆی دەشۆرد!!

عەلی ئەسغەر چاڵاك و زیرەك بوو، هەلی ڕۆیشتنی دیلەكانی بەرەو زیندان و دانیشتن بۆ سەرژمێری دەقۆستەوە، دەچووە گەرماو بە ئەندازەی پێنج خولەك، هەردەم ماوەی نێوان فیكە و دانیشتنی دیلەكان لە ڕیزەكانیان پێنج خولەكی دەخایاند، ئەم كاتە بۆ عەلی ئەسغەر كاتێكی ئاڵتونی بوو.

حامد دەیزانی چ شتێك بە مێشكی عەلی ئەسغەردا دێت، هەر بۆیە دەرگای دەرەوەی گەرماو و دەستشۆرەكانی داخست، كاتێك عەلی ئەسغەر ویستی بێتە دەرەوە،

خۆی بە دەرگای داخراودا کێشا، دەرگا سەرەکیەکە داخراو بوو، پاسەوانان هاتن بۆ پشکنینی دەستشۆرەکان، بینیان عەلی ئەسغەر خۆی شۆردووە و لە پشت دەرگاکە وەستاوە، وا وێنایان کرد دەیەوێ لە خێوەتگەکە ڕابکات، لەگەڵ ئەوەی دەرگای دەستشۆرەکان بچوك بوون، ڕێگایەك نەبوو بۆ هەڵاتن؛ عەلی ئەسغەر دانینا بە گشت چیرۆکەکە و بەوانی وت: من بە بەردەوامی ئەمە دەکەم، بەڵام ئەم جارەیان دەرگاکە داخراو بوو!

عەلی ئەسغەر بایەخ بە خۆشۆردن دەدات، بە کارێکی پیرۆز دایدەنێ، کە پێویستە ئەجامی بدات هەر کاتێك پێویست بێت.

هەندێك لە دیلەکانی نێو خێوەتگەکە خۆیان دەشۆرن بە دوو دەفرە ئاو، لە جیاتی ئاو بەخۆداکردن، هەڵدەستن بە تەرکردنی دەسماڵێك و هێنانی بەسەر بەشەکانی جەستەدا، بەشێوەیەکی ڕیزبەندی بەگوێرەی بنچینەکانی خۆشۆردن، لە تۆقی سەرەوە تا بنەپێ، تا ئەم ساتەش نازانم حوکمی شەرعی چییە بۆ ئەم جۆرە خۆشۆردنە؟

ئێوارە کاتێك عەلی ئەسغەرم لە گۆڕەپانی خێوەتگەکەدا بینی، پێی وتم: سەید! من ئەم ئایەتەم دەخوێندەوە: ((وَجَعَلْنَامِنْبَيْنِأَيْدِيهِمْسَدًّاوَمِنْخَلْفِهِمْسَدًّافَأَغْشَيْنَاهُمْفَهُمْلَايُبْصِرُونَ)) واتە:

(هەروەهابەربەستمانلەبەردەمیانەوەولەپشتیانەوەداناوە،پەردەشمانهێناوەبەسەرچاویاندا "مەبەستئەوبەربەستانەشەکەلەدەروونیاندាهەیەونایەڵێترێگەیراستبدۆزنەوە"ئیترئەوا نەحەقوراستینابینن). بەڵام ئەم جارە کەمتەرخەمیم کرد و ئەوە ڕوویدا کە ڕوویدا!!

- دوو شەمە ١٩ کانون یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لەگەڵ بیستنی فیکە، دیلەکان ڕادەکەن بەرەو نێو زیندان، ئەمە ئەو سیستەمەیە کە دیلەکان ڕۆژانە لێیڕاهاتوون، بە دڵنیایەوە دیلەکان لە ڕیزی ڕێك و پێکدا دادەنیشن،

پێش دەسپێکرانی پرۆسەی سەرژمێری، دوێنێ ئێوارە ئاو پچڕا بوو، زۆربەی دیلەکان نەیانتوانی بچنە دەستشۆر، پاسەوانان بە کێبڵ لێیاندان، هەندێکیان زیاد لە کاتژمێرێك لە نۆرەدا ڕادەوەستان، لە ساتی کۆتاییدا نەیاندەتوانی بچنە نێو دەستشۆرەوە، بۆیە سوربوون لەسەر ڕۆیشتنە نێو دەستشۆرەوە، نایەوێ شازدە کاتژمێر بە قەبزی بمێنێتەوە و بەدەست ئازاری میزڵدانەوە بناڵێنێ، من دەمەویست بچمە نێو زیندان، ئەو کاتە کەوتمە سەر زەوی و بەسەر کۆتایی باسکمدا بەربومەوە، وا هەستم کرد هەموو شتێك لە تاریکیدا نغرۆ بووە، بەهۆی سەختی ئازارەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە حامد دارگۆچانەکەی منی بردووە، ئەمەش وای کرد بەر ببمەوە، حامد دارگۆچانەکەی منی بەکارهێنا لە جیاتی کێبڵ بۆ ناچارکردنی دیلەکان بۆ جێهێشتنی ڕیز و نۆرەی دەستشۆرەکان، هاوارەکانی دووبارە دەبوونەوە: یەڵا بڕۆ ژوورەو زوو! یەڵا دەی قەشمەر! بۆ سەرژمێری! سەرژمێری!

حامید باڵا بەرزە، کێبڵی بەدەستەوە نەبوو، بۆیە پێویستی بە دارگۆچانەکەم بوو بۆ ئەوەی پێی لە دیلەکانی هاوڕێیانم بدات، ئەمە زۆر سەخت بوو لەسەرم، ببینم دارگۆچانەکەم لەو کەسانە بدات، کە لەم بارودۆخە سەختانەدا دارگۆچانی منن... لە ڕاستیدا هەستم بە دەروون ئێشان کرد بەوەی ببینم حوسێن موقیمی، جەلال لەحمی، عەلی یەمانی، عەلی کوچك زادە، حەسەن کشتگر[1] ئازار دەچێژن.

- سێ شەمە ٢٠ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

هەموو ئەوەی نووسیم و هەموو زانیاریە گرنگ و بەروارەکان، لە نێو دارگۆچانەکەمدان، هەموو پەڕە بچوکەکانم لول پێچ کردووە لە نێو لولەی دارگۆچانەکەم، هەڵسام دەرمهێناوە و دامناوەتە نێو پێخەفە ئیسفەنجیەکەم، ڕۆیشتمە

(١) دکتور حەسەن کشتگر خەڵکی شاری زابل (خۆرهەڵاتی ئێران)ە، ئێستا کار دەکات لە بەشی ڕایدیولۆژی لە نەخۆشخانەی شاری زاهدان.

لای ژووری سەرۆکی پاسەوانان، سەعد لەوێ بوو، کاتێك منی بینی، بانگی وەرگێڕی کرد، ئەوەم بۆ ڕاڤەکرد کە دوێنێ ڕوویداوە، ئەویش لێدان و جنێودانە دیلەکانی بەخۆی بینیوە لە گۆڕەپانەکەدا، کە چۆن حامد بە دارگۆچانەکەم لەوانیدا.

وەك نەریتی خۆم بەبێ پێشەکی وتم: گەورەم! سوپاسی بەخشندەیت دەکەم، بەوەی ئەم دارگۆچانەت پێدام، بەبێ ئەمە ناتوانم بڕۆم، بەڵام ئەم دارگۆچانە کە وەك داردەستێکی مەزنی لێهاتووە بە دەستی حامد، ناتوانم بەکاریبهێنم، چیتر نامەوێت، دەتوانم لە خێوەتگەدا بەبێ ئەمە بژیم!

سەعد بیری کردەوە و بێ دەنگی هەڵبژارد، هەستم بە ئاسودەیی کرد کاتێك قسەم لەگەڵ کرد، بە ئەرکی خۆم هەڵساوم، وا هەستم کرد سەعد لایەنەکەی ترە لەم پرسەدا.

سەعد بە گاڵتەوە وتی: بەعس ئەم دارگۆچانەی بە تۆ داوە، مافی ئەویشە لە جیاتی کێبلێ بەکاریبهێنێ.

درکم کرد کە وشەکانم کاریان لەو نەکردووە، ئەوەی حامد ئەنجامیداوە زۆر ئاساییە بەڕای ئەو، ئەگەر ڕایەکی تری بووبایە، ئەوا بەلایەنی کەمەوە باسی دەکرد، بڕیارمدا بەرگری لە هاوەڵانم بکەم وەك چۆن سەعد بەرامبەر بە حامد کردی، پێم وت: من شەرم دەکەم بەرامبەر هاوڕێیانم بەم دارگۆچانە بڕۆم!

- ئەگەر هەست بە شەرم دەکەی، ئەوا بەکاری مەهێنە!
- پێی ناڕۆم، دەستی خۆم بەکاردەهێنم!

دارگۆچانەکەم بەردا و کەوتە سەر زەوی، دانیشتم و بە خۆخشاندن لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، بە یارمەتی دەستەکانم، وا هەستم کرد ئەوەی ڕاستە کردوومە،

نەمدەتوانی بە یەك پێی باز بدەم، گەڕامەوە زیندانەکە و تاکە نەعلەیەکەی ترم بەکارهێنا بۆ دەستی چەپم.

فازڵ دواتر پێی وتم: کاتێك ڕۆیشتیتە دەرەوە لە ژووری پاسەوانان و دارگۆچانەکەت جێهێشت، حامد بە سەعدی وت: ئەم ناسڕی هەوالگرییە پێویستی بە سزایەکە! مانگێك یان دوو مانگ لە دارگۆچان بێ بەشی دەکەم!

بە فازڵم وت: دارگۆچانەکەم لە ڕاستیدا ئەم هاوڕێیانەن! ژیان لە خێوەتگەدا بەبێ دارگۆچان ئاسان نییە، بەڵام لە ناخی دڵمدا هەست بە ڕەزامەندی دەکەم، هەفتەی یەکەم تێپەڕی و من تاکە نەعلەیەکم بەکار دەهێنا لە ڕۆیشتندا، لە دەستێکیشمدا پارچە بەردێکم پێ بوو، حامد لێی نەگەڕام و پێی وتم: ئەم پارچە بەردە قەدەغەیە لە خێوەتگەکە، حامد لە هەفتەی ئایندەدا منی لە پارچە بەردەکە بێ بەش کرد.

کاتێك هاوڕێکانمیان برد بۆ کاری زۆرەملێ، کێشەکە چارە بوو، حوسێن جەعفەری بنکی پێڵاوێکی فەرامۆشکراوی هێنا، لە جیاتی نیو بەردەکە!

سێ هەفتە تێپەڕین و من بەبێ دارگۆچان بووم، ئەوەم ڕەت دەکردەوە هاوەڵان خۆیان بخەنە ژێر شانم بۆ ڕۆیشتنە دەستشۆرەکان، من تاکە نەعلەم بەکاردەهێنا لەگەڵ بنکی پێڵاو، من بە دانیشتنەوە دەڕۆیشتم بۆ دەستشۆرەکان؛ دەستەکانم پیس دەبوون، هاوەڵان بەشێك لە ئاوی خۆیان پێیان دەدایین بۆ ئەوەی خۆمی پێ پاك بکەمەوە، هەندێك لە هاوەڵان سور بوون لەسەر یارمەتیدان لە ڕۆیشتندا، بەوەی بم خەنەسەر پشتم، من ئەوەم ڕەت دەکردەوە، ئەحمەد ئەمانداری وتی: بۆچی کەلەڕەقی دەکەی، لێی بگەڕێ با یارمەتیت بدەین.

- پێنج شەمە ٢٢ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

کات بەدەمی بەیانی بوو، قەحتانی ئەفسەری یاریدەدەری فەرماندەی خێوەتگە هاتە ژوورەوە، قەحتان تاکە ئەفسەرە نازانم هی چ پارێزگایەکە، باڵا کورت بوو، قەڵەو بوو و زۆری دەخوارد، بە تەنها خۆی یەك مریشکی دەخوارد، لە کاتێکدا ئەمە بەشی بیست دیل بوو، عەلی ئینتزاری بە ماجدی وت: ڕاستە وتویانە چلێس هەردەم برسی و چاوتێر هەمیشە بە لەتە نانێك تێر دەبێ!

کاتێك هاتە نێو خێوەتگەکە، هەوڵیدا خۆی دەر بخات بە جدی و تۆکمەیی لە میانەی هات و هاوارەکانی بە تووڕەیی، بەدڵنیایەوە پاسەوان و دیلەکان دەزانن ئەمە تەنها دەهۆڵێکی بۆشە، هەر بۆیە حوسێن شوکری سەرنجی لەسەر هاوارەکانی ئەو دەدا و دەیوت: هەورەکان پڕن لە گرمە و هۆرە کە بارانیان تێدا نییە! بە دڵنیایەوە هیچ بایەخێکی بۆ دانانێین، ئەوان زیاتر لە ئەفسەری دووەم حەمید دەترسان، کە پلەی لە قەحتان بچوکترە!! قەحتانی ئەفسەری پلەیەك سەرباری زۆر حەزکردنی لە خواردن، ئەوا هیوایەتێکی تریشی هەیە، ئەویش شارەزاییە لەکاری دەستی، کە دیلەکان بە لێهاتوویەکی زۆر ئەنجامی دەدەن، هەر بۆیە بە پێشەکیەکی کورت دەستی بەسەر ئەو شتانەدا دەگرت کە حەزی لێ دەکرد، بەوەی دەیوت هاوژینەکەی زۆر حەزی لە کاری دەستییە، زۆر سەرسامە بەم کارانە، دواتر پێشەکیەکەی تەواو دەکات ودەڵێت: چ شتێکتان لایە لەم جۆرە شتە جوانانە؟!

کاتێك دەگەیشتە ئەم پرسیارە، حوسێن عەبدوڵاهی کە لەلای من دادەنیشت و دەیوت: ئای لەم بلیمەتیە، تەنانەت ساجیدەی هاوژینی سەدامیش سەرسام دەبێ بەم شتە هونەرییە جوانانە ئەگەر بیانبینێ.

هەر بۆیە قەحتان ئەگەر بیویستایە ئەم کارە هونەریە جوانانە بەدەستبهێنێت، ئەوا بەسەر زیندانەکاندا دەگەڕا، جوانترینی ئەم شتانەی هەڵدەبژارد و دەیبرد، ئەوانەی کاری دەگمەنیان هەبوو، هەوڵیان دەدا بیانشارنەوە لەبەرچاوی دزیکەرەکان.

پاسەوانان دیلە زۆر زیرەکانیان دەناسی، دەیانزانی دەستەکانیان چ شتی جوانی هونەریان بەرهەم هێناوە؛ هەر بۆیە ماستاوچێتیان بۆ قەحتان دەکرد و کاری پشکنینیان ئەنجام دەدا، لە پێناو دۆزینەوەی ئەو کارە دەستیە جوانانەی هەندێك شاردویانەتەوە، ئینجا دەستبەسەرداگرتنیان، ئەوانیش وەك خۆیان هەندێك شتیان لە قەحتان دەشاردەوە، بەم هۆیە ناوبراو تورە دەبوو هەڕەشە لە پاسەوانان دەکرد و داوای دەکرد ڕادەستیان بکرێ!!

خەلیلی نەقیب ئاسودە نەبوو بەو کارەی قەحتان ئەنجامی دەدا، لە ڕاستیدا نەقیبی ناوبراو ڕێزی خۆی دەگرت و دانەدەبەزی بۆ ئەم پیادە کردنە نزمانە! ئامادە نییە هەڵسوکەوت بکات بەهەمان ڕێگەی قەحتان، تەنانەت حەمیدی ئەفسەر ئەویش چەند خەسڵەتێکی هاوشێوەی خەسڵەتەکانی خەلیلی نەقیبی هەیە.

قەحتان پارچە قوماشێکی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، داوای لە دیلەکان کرد بینەخشێنن بۆ هاوژینەکەی، ئەوان زۆرجوان کاربوون لە کارەکەیاندا، لەو شتانەی کە بە شتی نێو زبڵدان و فڕێدراو هەژمار دەکران!! لە نایلۆن شتی جوانیان دروست دەکرد لە خوانی خواردن و قودی زەیت، مڵاك و تابلۆی کانزایی، لە داوە بەنەکانی گۆرەوی و خاولی و بەتانیەکان چەندین جۆری کڵاو و شاڵ و پۆشاکی گەرم کەرەوە و پشتێنی زگ و پێڵاوی خویان دروست دەکەن، لە گەج پەیکەری زۆر بچوك و جوانیان دروست کرد! یەکێك لە دیلەکان خاچێکی بۆ یەکێك لە پاسەوانان دروستکرد؛ سلوان چەکوژێك و خامەیەکی ئاسنین و ئامێری تری هێنا، ئەم دیلە بەکاریدەهێنا، کارکردن بۆ هەڵکەندنی ئەو پەیکەرەی سلوان ویستویەتی دوو مانگی خایاند، بەدرێژایی ئەم ماوەیە گۆرانی لەبەرخۆی دەوتەوە.

قەحتان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دار جگەرەیەی بەکارهێنا کە یەکێك لە دیلەکان دروستی کرد بۆ جگەرە کێشان، دار جگەرەکە سەرەکەی سەری ئەژدیهابوو، کاتێك

جگەرە دەخرێتە نێو دەمی ئەژدیهاکە، ئەوا جوانتر دەردەکەوێ! هەندێك هەڵدەستان بە ڕاخشاندنی داردەست لەسەر دیواری چیمەنتۆیی و لە بەردی بچوك و مەزن شتانێکیان دروست دەکرد، کە شێوەی جوانیان هەیە، دیلەکان لەوانەیە چەندین هەفتە سەرقاڵ بن بە چاك کردنیەوە، دواتر کارە هونەریە جوانەکانی دەگۆڕیەوە بەدەرمان یان بە خامەیەکی وشك یاخود هەندێك پەڕ!!

جەمالی پزیشك ئەمەی بەبێ شەرم ڕادەگەیاند، کاری جوانی هونەری بەرامبەر بە دەرمان.

دیلەکان چڕنوکیان نەدەنواند، لەو شتە هونەریە جوانانەی بەرهەمیان دەهێنا، بەرامبەر ڕزگار کردنی هاوڕێیانیان لە باری زگچونی خوێناوی و هەندێك دۆخی ئیلتهاب و سوتانەوە... بەڵێ هەندێك جار ئەم شتانەیان دەبەخشی لەبەرامبەر قودی زۆر بچوکی دەرمان.

لە خێوەتگەکەدا؛ زیاتر لە هەشتا و پێنج دیلی ئێرانی دەیانناڵاند بەدەست زگچونی خوێناوی و نەخۆشیەکانی ترەوە، زۆرێکیان بێ ئەوەی نەخۆشیەکەیان دیاری بکرێ مردن، هەر بۆیە هەندێك لە پاسەوانان کە دەستیان کرد بە زانینی بایەخی دیلەکان لەم لایەنەوە، بە هێنانی دەرمان کاتێك لە مۆڵەتەکەیان دەگەڕانەوە، ئا بەم شێوەیە دەستیان کرد بە بازرگانی کردن لەگەڵ دیلەکان، پێویستی ئەوان بە دەرمانیان دەقۆستەوە بە هەر نرخێك بووبایە!

- چوار شەمە ٢٨ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ڕۆژی نۆیەمە، من بەبێ دارگۆچانم، سەعد هاتە گرتووخانەکە و بە توندی شەقە زلەیەکی لێدام، فەرمانی کرد ڕەوانە بکرێم بۆ زیندانی ژمارە دە، حەزم دەکرد لەلای محەمەد باقر وجدانی و عەلی ئیمانیدا بمێنەوە، هەر بۆیە خەمبار بووم

بۆ جێهێشتنیان، نازانم چی ڕوویداوە؟ کاتێك بانگی فازڵی کرد هۆکاری توڕە بوونەکەی ڕوونکردەوە، نەمدەزانی خوێندنەوەی شیعرەکانی سادق ئاهنگران توڕەیی ئەو دەوروژێنێ، بەر لەوەی کەلوپەلەکانم کۆ بکەمەوە و بچمە زیندانی ژمارە دە، منیان بردە ژووری سەرۆك پاسەوانان، لە گۆشەی ژوورەکەدا دانیشتم، تا کاتی هاتنی فازڵی ئەفسەر، کاتێك ناوبراو هات سەعد پرسەکەی بۆ شرۆڤە کرد.

بەعسییەکان چاك دەزانن ئاهنگران کێیە، فازڵی ئەفسەر بە حامدی وت: ئێستا دەستمان ناگاتە بولبولەکەی خومەینی، لەجیاتی ئەو لەمە بدەن!!

هەندێك لە دیلەکانی خوزستان بەوانیان ڕاگەیاند بوو، کە ئاهنگران جۆش و خرۆشی گەنجان و لاوان دەجوڵێنێ و بەمەش دەڕژێنە بەرەکانی جەنگ.

فازڵی ئەفسەر وتی: ئایە ڕاستە کاتێك بولبولی خومەینی قەسیدە دەخوێنێ، هەمووتان دێنە بەرەی جەنگ بۆ شەڕکرن لەگەڵماندا؟

- شتەکە بەم جۆرە نییە، کەسی بەسیجی وەك جێبەجێکردنی فەرمانی ئیمام و لە پێناو بەرگری لە نیشتمان دێت، بەدڵنیایەوە ئاهنگران هەندێك کاریگەری هەیە!

ئەو ڕۆژە فازڵی ئەفسەر پێداگیری کرد، ئەو قەسیدانە بخوێنمەوە کە بۆ هاوەڵانی نێو زیندان دەمخوێندنەوە.

بەهۆی سادەیی منەوە، من دەستم کرد بە خوێندنەوەی شیعرە مەترسیدارەکان، هەندێك لە سیخوڕەکان مانا گشتیەکانیان دەگواستەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکان، ئەو ڕۆژە لەم جۆرە شیعرانەم خوێندەوە بۆ فازڵی ئەفسەر: وا دەکەن سەدام سەر لە بەردی پەشیمانی بدات، ئامادەین بجەنگین لەگەڵ هەر یەکێك شەرمان لەگەڵ بکات، ڕزگار کردنی قودس ڕێگاکەی لە کەربەلاوە دەچێت، ماڵەکە لە دەستی دوژمن دەربهێنە.

وا وێنام دەکرد سەرمەرگم نزیك بۆتەوە، هاوڕێیانم دوودڵ بوون، مافی بەعسییەکان بوو ڤین لە دڵ بن. لە ڕابردوودا کاتێك لە نەخۆشخانەی ڕەشید بووم لە بەغداد، شیعرەکانی ئاهەنگرانم بۆ هاوەڵانم دەخوێندەوە، لەتیف دەهقان بە دەستکاریەوە وەریدەگێڕا، بەشێوەیەك کە تووڕەیی بەعسییەکان نەوروژێنێ، بۆیە بە منی دەوت: دەنگی تۆ زۆر هاوشێوەی ئاهەنگرانە، دەترسێم بەم هۆیە ڕۆژێك خۆت بخەیتە نێو کێشەوە!

پێم وت: ئەوەی لە تواناما بێ خەرجی دەکەم و شیعرەکانی ئەو ناخوێنمەوە!

بەڵام هەر جارێك دەروونی خۆم دەبینم بە دوای ئەم قەسیدانەدا دەڕوات، کە پڕن لە یادەوەری تێکۆشان و بەرگری و داستانەکانی فیداکاری.

هەروەك بە خەیاڵمدا نەدەهات، لە نێو ئەوانەی من شیعریان بۆ دەخوێنمەوە بە نرخێکی کەم دەمفرۆشن.

سەعد هەندێك لە ماناکانی ئەم شیعرانەی تۆمار کرد بوو و بەسەر مندا دەیخوێندەوە، فازڵ زۆر تووڕە بوو، فەرمانی بە حامد کرد، دەستەجێ لێم بدات، حامد بنی نەعلیەکی دانایە سەر سەرم و وتی: سی کێبڵ لە دەستەکانت دەدەم و نابێ ئەم تاکە نەعلەیە بکەوێت، هەر جارێك بکەوێت سزاکەت دوو ئەوەندەی لێدێت، بەهۆی ئەمەوە بیست کێبڵی زیاترم خوارد، سەرباری ئەوەی حامد سزایدام، بەڵام سەعد ڕێگەی نەدا بگەڕێمەوە زیندان، پێم وابێ چاوەڕێی هاتنی شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی دەکەن، لە دوای زیاتر لە دە خولەك ناوبراو گەیشت. شەفیق پێش چەند ڕۆژێك وەسفی ئێرانیەکانی دەکرد بە ئاگرپەرست و بێ باوەڕ و عێڕاقیەکانیشی بە باوەڕداری ڕاستەقینە وەسف دەکرد.

پێم وت: گەورەم! ئەگەر ئێوە موسڵمان و ئێمەش بێ باوەڕ بین، ئەی بۆچی لێمان دەدەن لەبەر ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ و بەستنی مەجلیسی پرسە لەسەر خانەوادەی پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێت؟

شەفیق فەرمانی بە وەلید کرد، لە ژوورەکە بمباتە دەرەوە و سزام بدات، حەزم دەکرد کەسێکی تر جگە لە وەلید ئەم کارەی کردبایە، هەفتەی ڕابردوو بەشێوازێکی زۆر خراپ لێی دام.

وەلید ئەو ڕۆژە وەك دڕندەیەك هەڵسوکەوتی دەکرد، بە وەحیشگەرانە لە یەکێك لە دیلەکانیدا! دیلەکە لە خەڵکی شاری تەبرێز بوو، گەنجێکی جەستە لاواز و باڵا بەرز بوو، وەلید بۆکسەکانی لە ڕووخساری دیلەکە دەدا و خوێن لە لوتی دەچۆڕا، بەشێوەیەك کراسەکەی هەمووی بووە خوێن، پرسیارم لە هۆکارەکە کرد، حوسێن ڕەحیمیان پرسەکەی بۆ ڕاڤە کردم:

دیلە تەبرێزیەکە لە ناوکی خورما تەسبیحێکی جوانی چاك کرد، کاتێك وەلید تەسبیحەکەی بینی، ویستی بە زەبری هێز لێ بستێنێتەوە، دیلەکە ڕەتی کردەوە و وتی:

- لە پێناو دایکم ئەمەم دروستکردووە.

وەلید وتی: کێ پێی وتی تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ نیشتمانت، تا تەسبیح بۆ دایکت دروست بکەیت؟!

دیلەکە وتی: بێگومان ئەمڕۆژە دێت... دەگەڕێمەوە لای خانەوادەکەم، بەڵام ئەگەر چەند ساڵێکی تر لێرە بمێنمەوە ئەوا بەتۆی دەدەم، کاتێك وەلید ویستی بە زەبری هێز

لێی وەربگرێت، داوەبەنی تەسبیحەکە پچڕا، ئەمەش توڕەیی وەلیدی وروژاند، زۆری لە دیلەکەدا.

کاتێك ئەم دیمەنە خوێناویەم بینی، هەستم بە خەم و خەفەت کرد، پرسیارم کرد لە حوسێن ڕەحیمیان لەبارەی ئەو دڕەندەیەی لێداوە؟ وتی: ئەو کەسە وەلیدە، پێم وت: وەلید ئادەمیزاد نییە، ئەو وەحشێکی دڕندەیە، شوێنی ئەو باخچەی ئاژەڵانە نەوەك خێوەتگەکان!! ئەم وشانەم گەیشتنە گوێچکەکانی وەلید، بۆیە بەرەو ڕووی من هات و بە توندی لێیدام و وتی: ئەوەتام ناسری هەوالگری، تۆ قۆندرەی[1] شوێنی کێ باخچەی ئاژەڵانە؟

کاتێك شەفیق داوای لە وەلید کرد سزام بدات، زانیم ئەو ڕقی خۆی لێم دەردەکات، سەبارەت بەوەی پێم وت، بۆیە منی ڕاکێشایە دەرەوەی خێوەتگەکە، بە سەرنجی سوتێنەرەکانی سەیری دەکردم و وتی:

- باخچەیەکت پیشان دەدەم، وات لێدەکەم هیوا بە باخچەی ئاژەڵان بخوازی!

سەری خۆم دانەواند، تا توڕەییەکەی کەم بکەمەوە، کێبلێکی پێ بوو نزیکەی مەتر و نیوێك درێژ بوو، کێبڵەکەی دوور فڕێدا، دواتر فەرمانی کرد دەست و قاچەکانم لە پشتەوە گرێ بدرێن، ماجد دەستەکانمی لە پشتەوە بەستەوە وتی: ئێستا بڕۆ کێبڵم بۆ بێنە بە ددانەکانت.

فازڵ وەرگێڕانی دەکرد؛ لەوەتەی ماوەیەکە نینۆکەکانم لە گۆشتەکەمدا ڕۆچوون، بوونەتە هۆی ئیلتهاب، ناتوانم بە یەك قاچ باز بدەم، بە فازڵم وت: حامد منی ئەشکەنجەداوە، بە وەلید بڵێ با بە ڕێگەیەکی تر ئەشکەنجەم بدات.

---

(١) واتە پێڵاوی، دواتر زانیم ئەمە وشەیەکی پیسە و مانایەکی پەیوەستە بە شەرەف و ناموسەوە.

فازڵ سەعیدی هەوڵی خۆیدا بۆ قەناعەت کردن بە وەلید، بەڵام ئەم بوونەوەرە دڵڕەقە مکوڕ بوو لەسەر هەڵوێستەکەی، من ناچار بووم بەرگەی ئازارەکانی بازدان بگرم بە یەك قاچ، لە هەر بازدانێکدا هاوسەنگیم لە دەستدەدا، کێبڵ لە نێو ددانەکانمدا دەکەوتە خوارەوە، جارێکی تر ناچار بوم لەسەر زەوی ڕابکشێم و بە دانەکان هەڵیبگرم، لە کۆتاییدا توانیم فڕێی بدەمە بەر قاچی وەلید، کە جارێکی تر فڕێیدا، ئا بەم شێوەیە دە جار ئەمەی پێکردم، پۆشاکەکەم ڕەنگی خۆڵی گرت، ئەمە ئەوپەڕی سزای مرۆڤ بوو بە یەك قاچ و دەستەکانی بەسترابنەوە لە پشتەوە، هەر جارێك کە کێبڵەکەم لە دەم بەردەبووەوە و لەسەر زەوی ڕادەکشام بۆ ئەوەی هەڵیبگرمەوە، لەسەر لای چەپم دادەنیشت، ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام هەڵسانەوە بەلام سەخت بوو؛ پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆم بدەم بۆ هەڵسانەوەن بە فازڵم وت:

پێی بڵێ: با بەکێبڵ لێم بدات ئەمە ئاسانترە.

وەلید وتی: ئایا لاسایی بولبولی خومەینی دەکەیەوە؟

- ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم.
- شوێنێك لە باخچەی ئاژەڵان؟
- مەیمون و ئاژەڵە دڕندەکان!

فازڵ وتی: داوای لێبوردنی لێبکە، پێی بڵێ: هەڵەم بەرامبەرت کردووە.

بە فازڵم وت: ئەگەر داوای لێبوردنیشی لێ بکەم ئەوا وازم لێ ناهێنێ.

فازڵ سوربوو لەسەر قسەکەی، داوای لێبوردنم لە وەلید کرد، وا هەستم کرد هەموو تواناکەم لە دەست ڕۆیشتووە، بۆیە کەوتمە سەر زەوی! سزاکەی من هێشتا تەواو نەبووە، وەلید ویستی سزاکەم سێ جار دووبارە بکاتەوە، هەستم کرد من ناتوانم

جارێکی تر ئەمە بکەم تەنانەت ئەگەر بشمکوژێت، دەم و شەویلگەکەم زۆر ئازاریان دەدام و هەناسەکانم دەپچڕان، کاتێك تەواو بوونی سزاکەی ڕاگەیان زۆر دڵخۆش بووم، هەستم بە بەختەوەریەکی بێ ئەندازە و وەسفنەکراو کرد، ئەمە ئەزموونێکی چاك بوو، لە ناخی خۆمدا وتم دەبێ وریا بم، چیتر لاسایی ئاهنگران ناکەمەوە، ناشڵێم شوێنی وەلید باخچەی ئاژەڵانە، کاتێك وەلید ئارام بووەوە سەیری کردم و وتی: بزانە شوێنی تۆ باخچەی ئاژەڵانە، بە دەستی خۆی ئاماژەی کرد بۆ خێوەتگەکە، وتی: ئەمە باخچەی ئاژەڵانە، ئەوانەی تێیدان ئاژەڵن، ئێمە پاسەوانی لەم ئاژەڵانە دەکەین.

من ناچار بووم بەرگەی ئەم سوکایەتی پێکردنانە بگرم، هەر جارێك توانج و جنێوی پێدەدام، لە ناخی خۆمدا دەموت: تۆ و باوو باپیرت ئاژەڵن، من بێ دەنگ بووم. فازڵ کەلەپچەکانی کردمەوە و کاتێك ڕۆیشتمە نێو خێوەتگەکە، وەلید هاواری بەسەردا کردم و وتی: بوەستە.

وەستام و فەرمانی ئەوم جێبەجێ کرد، بەڵکو دەیەوێ سزام بدات، کاتێك ئاوڕم بۆ لای ئەو دایەوە بەمنی وت:

- ناسری هەواڵگری پرسیارێکم لایە، ئایا ڕاشکاوانە وەڵامم دەدەیەوە؟
- بەڵێ.
- ئەگەر تفەنگت پێ بوایە چیت لێ دەکردم؟

تێگەیشتم مەبەستی چییە، ئەویش دەیزانی چەندە ڕقم لێی دەبێتەوە، دەیویست بەرجەستەی ئەو ڕقەی خۆم بکەم بۆ ئەو، بەڵام بێ دەنگ بووم و بیرم کردەوە لەوەی دەبێ چی بڵێم؟، دەمتوانی وەڵامی نەدەمەوە، بەڵام زانیم چەندە گرنگە مرۆڤ سۆزەکانی کپ بکات لەم جۆرە بارودۆخانەدا، بۆیە پێم وت:

- تفەنگ شوێنەکەی لە بەرەکانی شەڕە، من تفەنگم لا نییە تا بەکاری بهێنم.

سوربوو لەسەر ئەوەی وەڵامی بدەمەوە؛ ڕێگەی پێ نەدەدام بچمە نێو خێوەتگەکە، من لە وەڵامێك دەگەڕام کە توڕەی نەکات، بەمنی وت: چەندە ڕقت لێم دەبێتەوە؟

هەوڵمدا باز بەسەر پرسیارەکەدا بدەم و پێم وت: ڕق لێبوونەوەی من هیچ زیانت پێ ناگەیەنێ، بەڵکو نرخی چەندە، من تەنها دیلێکم؟

- ئەگەر ئەو ڕۆژە هات کە تۆ تێیدا ئازاد دەکرێی، ئینجا من لە ئێران ببینی ئەوا چیم لێ دەکەی؟

ئەم پرسیارەی پەنجەرەی ڕزگاربوونی بۆ کردمەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕق و کینەم دژ بەو هەڵگرتبوو، بەڵام پێیم وت: کاتێك ئازاد دەبم و لە ئێران دەتبینم، ئەوا بانگهێشتت دەکەم بۆ ماڵەکەم[1]، ڕاستە تۆ ئازارم دەدەی، من ئاسودە نیم بەم کارە، بەڵام ئەگەر لە ئێران بتبینم ئەوا دەبیتە میوانی من، دەبینی کە ئێمە چەندە باشین تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشمان؟!

■ هەینی ٣٠ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ – تکریت – خێوەتگەی پاشکر

ئەمڕۆ تەسبیحەکەی خۆم گۆڕیەوە بە نیو خامەی ڕەساس لەگەڵ سەلوان، ئەو تەسبیحەی دروستم کردووە لە ناوکەکانی خورما زیاتر لە دە دیندار دێنێت، بەڵام خامەی ڕەساس نرخکەی کەمترە لە سەد فلس، یەك دینار یەکسانە بە هەزار فلس، چەند ڕۆژێك تێپەڕیون من خامەیەکی ڕەساس و مەرەکەب وشکم پێ نییە، بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە نووسینی یادەوەریە نهێنیەکان.

---

(١) لە ساڵی ١٩٩١ کاتێك دەستم کرد بە تۆمارکردنی یادەوەریەکانم، بڕیارمدا کتێبەکەم پێشکەش بە وەلید بکەم، کاتێك یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژە دێنەوە یادەم، لە ناخی خۆمدا دەڵێم: خۆزگە ئەو کاتە بە وەلیدم بوتایە: ئەو کاتەی پرسیاری لێکردم گەر لە ئێران بمبنی چیم لێدەکەی؟ پێم بوتایە: کاتێك ئازاد دەبم، یادەوەریەکانم دەنوسم و پێشکەشت دەکەم!

دەمویست تەسبیحەکە هەڵبگرم بۆ ڕۆژی ئازادی و گەڕانەوە بۆ ئازادی و گەڕانەوە بۆ نیشتمان و وڵات، من دەمەویست بیدەمە باوکم.

هیوام دەخواست باوکم بەم تەسبیحە سوپاسی خوا بکات و یادی خوای پێ بکاتەوە، کە دروستکراوە لە دارخورماکانی عێراق، ئاخ، کاتێك ئەم دارخورمایانە دێنەوە یادم، هەستەکانی لاوانەوە و سۆز دایدەگرتم بۆ پێشەواکانی ئالوبەیت سڵاوی خوایان لێبێت، کار کردن لەم تەسبیحەدا دوو مانگی خایاند، سەلوان بەختەوەر بوو بەم گرێبەستە، کاتێك تەسبیحەکەی برد لە بەرامبەر نیو خامەی ڕەساس، هەڕەشەی لێکردم زمانم ببڕێت ئەگەر باسی ئەوە بکەی کە ئەو خامەی پێداوم، زۆر بە سەرسامیەوە سەیری تەسبیحەکە دەکرد، پرسیاری لێکردم لەوەی چۆن دروستم کردووە؟ بە خالد محەمەدی وەرگێڕەکەم وت: سەرەتا ناوکی خورمام خستە نێو ئاو بۆ ماوەی چل تا پەنجا کاتژمێر بۆ ئەوەی نەرم بێ و ئامادەبێ بۆ لکان، دوای ئەمە کەمێك ئاو لەسەر زەمینی چیمەنتۆیی زیندانەکە، دواتر دەمخاشند و دەمڕنی و بەشێوەی داواکراو دەرم دەهێنا، پێویستە دەنکەکان یەکسان و هاوشێوە بن، دواتر بە شتی کونکەر نەخش و ناوی پیرۆزی لەسەر دەنوسین، بەدڵنیایەوە زۆربەی دیلەکان ناوی ئیمامە پاکەکان لەسەری دەنەخشێنن، لە قۆناغی کۆتاییدا لە هەر دوو لاوە کون دەکرێن و بە داوە بەنێکەوە دەکرێن.

- یەك شەمە ٨ کانونی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

سینگم تەنگ بوو، ڕۆیشتمە لای حەسەن بەهەشتی پور، قسەکانی ئەو کاریگەریان دەکردە سەر دڵم، وشەکانی دەچوونە نێو ناخم و ئەوەی گرانی دەکرد لایدەدا و هەستم بە حەسانەوە دەکرد، هەندێك شیعری بۆ دەخوێندمەوە کە بە یارمەتی ڕوشن هۆنیبویەوە، ئەم قسەیدەیە بە (قەسیدەی دوو شاعیرەکان) ناسراوە، هەندێك دێڕەکانی ئامۆژگاریان تێدایە، کە ئاڕاستەی ئێمە کراوە، لە هەندێك دێڕەکانی ئاخ و داخ

پیشاندانە لە هەڵسوکەوتەکانی دیلەکان، کاتێك یەکێك لە دێڕەکانیم خوێندەوە: بڕوانە زیرەکی و بوێری لە ڕووناکیەکەت، بە وەستانێکی سەربەرز کە لە ڕۆحەوە دەردەچێ، وتی: هاوڕێیان! لە دونیای دیلایەتیدا پێویستە مرۆڤ بسوتێت بۆ ئەوەی ڕێگاکە ڕۆشن ببێتەوە؛ پێویستە خۆڕاگر و بمرێت بە خۆڕاگریەوە، پێویستە مرۆڤ لەم تیشکانەوە فێر ببێ، ئەو تیشکانەی دەسوتێن و دەتوێنەوە، بەڵام بە وەستاوی دەمێننەوە.

هەموو ئەم شکۆمەندی و ناوبانگە بەرزە لەناوچووە.

کاتێك تفەنگ کەوت، ئەمانە بە بادا چوون.

تەب و تۆز لەسەر تفەنگەکەم کۆبووەتەوە.

بڕواننە بوێری پیاوان و فێربوون لە تیشکەکان.

چۆن دەکوژێنەوە بەڵام بەسەر بەرزی دەمێننەوە.

- دوو شەمە ٩ کانونی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ بەیانی دارگۆچانەکەی بۆ هێنام، بۆیان گێڕاندمەوە، ئەو کەسەم نەزانی کە هەواڵی بە حەمیدی ئەفسەر داوە من بەبێ دارگۆچانم، دواتر زانیم موئەیەدی پزیشك، حەمیدی ئەفسەر نەیدەزانی چی ڕوودەدات، کە پاسەوانان دارگۆچانەکەیان لێ سەندووم، من ئەمەم ویستووە، چونکە پاسەوانان لە دیلەکانیان دەدا بەم دارگۆچانە، لەوانەیە ئەفسەرەکە تێبگات لە هەڵسوکەوت و تەنگوچەڵەمەکەم، چونکە یەکێك یەکێك لە قاچەکانی تەختەیە.

- چوار شەمە ١١ کانونی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

دوێنێ ئێوارە، زۆربەی هاوەڵان نەیانتوانی بچنە دەستشۆرەکان بۆ ئەوەی دەست بە ئاو بگەیەنن، شەوی ڕابردوو ناچاربوون میز بکەنە نێو قاپەکان، ئەو قاپانەی کە بەکاریان دەهێنا بۆ خواردنەوەی ئاو و چا، لە کانونی دووەم کاتێك سەرما سەخت دەبێت، هەموویان کێشەی گورچیلە یان میزڵدان یاخود زگچونی خوێناویان هەیە، یان توانایان نییە میز بکەن تەنها لە قاپ و پەرداخەکاندا نەبێ، سەرژمێری شەوانە دەستپێدەکات لە کاتژمێر شەشی ئێوارە، دەرگای زیندانیەکان ناکرێتەوە تا شەشی بەیانی، واتە بۆ ماوەی چواردە کاتژمێری یەك لە دوای یەك.

هەندێك لە دیلەکان، ناچار دەبن لەم شەوە دوور و درێژە پڕ لە تەنگوچەڵەمەدا سود ببینن لە دۆڵکەی زەیت یان بتڵی موغەزی بۆ دەست بەئاو گەیاندن، تەنانەت قودی ئاوەتەماتە، هەموو ئەم شتانە بەشێکن لە شتە قەدەغەکان، کە دزەیان پێدەکرێ بۆ نێو زیندانەکان، دوور لە چاوی پاسەوانان، من بە خودی خۆم سودم دەبینی لە قودی گێڵاس، کاتێك دەستیان بەسەر ئەم قۆدیەدا گرت، وەك ئەوانی تر ناچاربووم سود لە قاپێکی کانزایی ببینم.

هەفتەی ڕابردوو، کاتێك سەلوانم بینی سەرقاڵی خواردنی دەنکەکانی گێڵاس بوو، من سەیری ئەوم دەکرد، چاوم کەوتە نێو چاوەکانی، زانیم ئەو وا هەست دەکات من حەزم لە گێڵاسە، لە ڕاستیدا زۆر حەزم لێکرد، تا لیکاوم هاتە خوارەوە بۆ گێڵاس و قۆدیەکەی، سەلوان قۆدیەکی گێڵاسی پێداك کە چوار یان پێنج دەنکی تێدا بوو، زوو هەموانم خوارد، بەڵکو قۆدیەکی بەتاڵم هەبێ!

من سودم لەم قۆدیە دەبینی، شەوی ڕابردوو زۆربەی هاوڕێیان ناچاربوون لە زیندانیەکەدا میز بکەنە نێو قۆدیە بەتاڵەکان، هەروەك ئەمە باوە لە شەوە سارد و درێژەکانی مانگی کانوندا.

دوای نوێژی بەیانی و پێش سەرژمێری بەیانی، هاوەڵان هەڵسان بە دانانی قاپ و قۆدیە بەتاڵەکان لە گۆشەیەکدا، بەشێوەیەکی ڕێکخراو، دواتر پارچە کارتۆنێکیان دانایە سەری و سەریان داپۆشی بە بەتانیەیەك، لەگەڵ گشت ئەم ڕێوشوێنانە بۆنی ناخۆش لە نێو بەتانیەکان دەهاتە دەرەوە و هەوای زیندانی پڕ کردبوو، ئێمە چاوەڕێی کۆتایی هاتن بووین ە سەرژمێری، بۆ ئەوەی پەلە بکەین لە بەتاڵکردنەوەی قۆدیەکان لە نێو ئاودەستەکاندا.

سەعد بەیانی زوو هاتە ژوورەوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، سەرنجەکانی ناڕوون بوو و دەیڕوانیە گۆشەکانی زیندان، گومانی خۆی دەردەخست لەبارەی کاری دیلەکان، بەڵام سەعد هیچی نەوت، بەر لەوەی لە زیندانەکە بچێتە دەرەوە بە بەرپرسی زیندانەکەی وت: بۆ هیچ کەسێك نییە لە زیندان بچێتە دەرەوە، تا مۆڵەت نەدەم! کاتێك دەنگی فیکە لێدرا، دیلەکان ڕایانکرد بەرەو لای ئاودەستەکان و قۆدی و پەرداخی پڕ میزیان بەدەستەوە بوو، وەلید و حامد و سەلوان لەبەردەم دەرگای ئاودەست وەستا بوون، کاتێك هاوڕێیان ویستیان بچنە ژوورەوە، حامد هاواری بەسەریاندا کرد و وتی: بوەستن.

هەمووان ڕاوەستان، وەلید وتی: ئێمە دەزانین لە قاپ و دەفرەکانتاندا میزتان کردووە، پێویست بوو لەسەر هاوەڵان پێش نان خواردن و بردنی بەشە چای خۆیان، میزەکەیان لە نێو ئاودەستەکاندا بەتاڵ بکەنەوە و قاپ و پەرداخەکان بەتاڵ بکەنەوە، زۆربەی هاوەڵان بەڕۆژوو بوون، بۆیە ناچاربوون نانی نیوەڕۆی خۆیان بخەنە نێو ئەم قاپ و پەرداخانە تا کاتی نانی ئێوارە، هەروەها هەڵگرتنی بەشێکی بۆ پارشێو، هەر بۆیە هەندێکیان دووچاری زگچونی خوێناوی بوون.

حامد وتی: هەر یەکێکتان میزەکەتان بەسەر سەری خۆیاندا بکەن!

هەندێك لە دیلەكان ناڕەزایەتیان دەربڕی، بەڵام وەڵامی دایەوە و وتی: خۆتان بە میز بشۆن!

حامد هەستا میزی ڕشت بەسەر سەری هەندێك لە دیلەكاندا، دیمەنەكە زۆر پڕ ئێش بوو، ڕێڕەوەكان پڕ بوو لە پیسی، پاسەوانان ئامانجیان لەمە تەمبێ كردنی دیلەكان و دووبارە نەكردنەوەی ئەوەی شەوی ڕابردوو بوو.

سەعد كە هەندێك جار بە ڕێزەوە هەڵسوكەوتی دەكرد، پێم وت:

- ئەگەر لە جێگای ئێمە بوویای، ئایا ئامادە دەبووی میز بكەیتە نێو ئەو پەرداخەی ئاو و چای تێدا دەخۆیتەوە؟

كاتێك هیچ وەڵامێكی نەدایەوە، وتم: ئایا پێت وایە بێزمان لەم كارە نابێتەوە؟ ئێمە ناچارین بۆ ئەم كارە!

كاتێك من لە خێوەتگەكە بووم، ئەم كردارە دووبارە بووەوە بەتایبەت لە شەوە ساردەكاندا.

- هەینی ١٣ كانونی دووەمی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

كەشەكە زۆر سارد بوو، تەزرە ئەمڕۆ باریوە، باران بەخوڕ باریوە، بای سارد گەردەلولی دروست دەكرد، هەر بۆیە هەموویان خۆیان بە بەتانیەكان پێچا بوو لە نێو زینداندا، هەندێكیان ناچار بوون میز بكەنە نێو پەرداخەكان، ئەوانەی لە سزای بەعسییەكان دەترسان، خەوتن بە میزڵدانە پڕ لە میزەكانیان، چاوەڕێی هەڵاتنی بەرەبەیانیان دەكرد، هەندێك ڕێگەیەكی تایبەتیان داهێنا بۆ میز كردن، میزیان دەكردە نێو كیسەی مەغەزی یان قۆدی دۆشاوی تەماتە، من دوێنێ سرنجێكم برد لە فازاڵ ڕەحیم، لە كۆتایی شەودا ویستمان سوود لە باران ببینین، كە لە گۆڕەپانەكە

دەبارێ، حامید شەوەکە لە ڕێڕەوەکەدا پاسەوانی دەکرد و دەهاتودەچو، میزەکەمان فڕێ دەدا و لە پشت ڕێڕەوەکە بەردەبووەوە، وا دەردەکەوێ میز هاوێشتنەکە ڕاستپێك نەبوو، حامید لە پشت دەرگاکە چاودێری ئەوەی دەکرد کە ڕوویدەدا، خۆی چەماندەوە تا بەدزیەوە لە کونی دەرگاکەوە بڕوانێ، نۆرەی من هات بۆ فڕێدانی میز بە سرنجەکە، هەر کە ئەمەم کرد، حامد هاواری کرد و میزەکەم بە دەم و چاوی داکرد!

ڕۆژی دواتر حامد منی برد بۆ جێبەجێکردنی سزا، کە لەسەر من دەرچووە! لە سەرەتادا چەند شەقە زلەیەکی لێدام، بڕیاری پەنجا کێبڵی بەسەر دادام، من لەلای دیواری زیندانەکە وەستا بووم، پێش ئەوەی لێم بدات، پەرداخێك ئاوی دانایە سەر پشتە دەستم، پێش ئەوەی لە لەپە دەستی چەپم بدات، وتی: ئەگەر پەرداخەکە کەوت دە لێدان زیاد دەبێ، چوار جار پەرداخەکە کەوت، لە هەر دە لێدانێکدا لە دەستە ڕاستەوە پەرداخەکەی بۆ چەپ دەگواستەوە؛ هاوڕێیان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ وەرگرتنی ئەم سزایە تووندانە لە جیاتی کارەکە، دیمەنێکی کاریگەریان تۆمارکرد لە دیمەنەکانی لەخۆبوردن و قوربانی و فیداکاری، زۆرێك وتیان ئەمەیان کردووە! بەڵام حامد زانیاری دڵنیای پێ بوو لە سیخوڕەکانیەوە.

## بەشی هەشتەم

# تکریت

## خێوەتگەی ١٦

- **یەك شەمە ٢٢ كانونی دووەمی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی ١٦**

**پێش نیوەڕۆ، سەعد فەرمانی پێكردن بۆ ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی گواستنەوە و كەل و پەلەكانمان تێكنا، ئاوا چاوەڕێمان كرد، هەموو ئەوەی هەمان بوو تەنها پەرداخێك و دیشداشەیەكی عەرەبی بوو، حەزم دەكرد بچمە شوێنێك كە وەلیدی لێ نەبینم، ژیانم چاكتر دەبێ بەبێ وەلید، هەست بە حەسانەوە دەكەم، وەلیدیش درك دەكات بەوەی ژیانم لە دیلایەتیدا بە دوور لەو بەتاڵ دەبێ لە ترس، نازانم چۆن ئەوەی دەخوێندەوە كە بە خەیاڵمدا دەهات، هەر بۆیە هاواری بەسەر یەكێك لە وەرگێڕەكاندا كرد و وتی: ناسرِی هەوالگری، بۆ هەر كوێیەك بچی ئەوا بەدوات دەكەوم و لە من ڕزگار نابێ!**

**هەستم بە دڵتەنگی كرد و سینگ بەیەكداچوون كرد، من هەستم بەدڵخۆشی دەكرد بەهۆی ئەوەی لەم شوێنە دەگوێزرێمەوە، بەڵام وا دیارە لە چارەنووسمدا نووسراوە لەگەڵ وەلیددا بژیم!**

**ئێمەیان بردە لای كۆمەڵە جەلەمۆنێك، ژمارەیان پێنج كەمپی جەمەلۆنن، خێوەتگەی ١٦ پێكدێنن، كە دەكەوێتە خۆرهەڵاتی سەربازگەی سەڵاحەدین.**

**خێوەتگەكە دەورە دراوە بە تەلی دڕكاوی لولپێچ، هەروەك كۆمەڵە بورجێكی پاسەوانی و چاودێری هەن، سەرباری ژمارەیەك لە زرێپۆش هەن، وەك پشتێنەی تەناهی زۆر تۆكمە.**

**لە سەرەوەی دەرگاكە هەموو كەمپی جەمەلۆنەكان ڕووناكی مەزنیان هەبوو، لە هەر دوو لایەكەی تر بە هەمان شێوە، جەمەلۆنی یەكەم لە تەنیشت كەمپی جەمەلۆنی**

دووەمە و هاوبەشن لە یەك ڕووبەردا، بۆ لای باشور و بە دووری ١٠٠ مەتر کەمپی جەمەلۆنی سێیەم و چوارەم و پێنجەم لەوێن، دەورە دراون بە تەلی دڕکاوی، هەر یەکە لەوەی تر جیایە، کەمپی جەمەلۆنی یەکەم پێنج ئاودەست و گەرماوی تێدایە، دەکەوێتە لای باڵی خۆرهەڵاتی هەر دوو کەمپە جەمەلۆنەکە، ئەم کەمپە جەمەلۆنانە لە سەردەمی جەنگدا کۆگای تانك و زرێپۆشی سەر بە لیوا و فیرقەکانی فەیلەقی سێ بوونە؛ شوێنێك لە سەربازگەکە هەیە تایبەتکراوە بۆ ئەنجامدانی خولی فێرکاری و یەك چێشتخانەی هاوبەش بۆ گشت کەمپە جەمەلۆنەکان هەیە، دەکەوێتە لای دەرگای سەرەکی هاتنە ژوورەوە، سەبارەت بە ژووری ئێشکگر ئەوا دەکەوێتە بەرامبەر دەرگای کەمپی جەمەلۆن، پانی دەرگای کەمپی جەمەلۆنەکە یەك مەترە، کاتێك فیکەی هاتنە نێو کەمپی جەمەلۆنەکە لێدەدات، ئەوا دیلەکان بە پێ لەقە و کێبڵ دەکەونە سەر گیانی دیلەکان، زۆربەی جاران ئەمە بەشی دیلە بریندار و بەتەمەنەکان بوو.

لە بەشی سەرەوەی کەمپی جەمەلۆنیەکە پەنجەرەیەکی بچوك هەیە بە قەبارەی ٣٠ × ٤٠ سەنتیمەتر، پاسەوانان بەدرێژایی ڕۆژ چاودێری گشت جوڵەکانیان دەکەن.

ژیانی نێو کەمپی جەمەلۆنی جیاوازە لە ژیان لە نێو خێوەتگەی پاشکۆ، هەر کەمپێکی جەمەلۆن زیاتر لە هەزار دیل تیایدا دەژین، دە ڕیزمان دەبەست بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، لە هەر ڕیزێکدا سەد کەس ڕادەوەستاین، بۆ ئەوەی فەرماندە یان ئەو ئەفسەرەی جێگەی دەگرتەوە هەڵبستێ بە ئەنجامدانی سەرژمێریەکە، بریندار و بەتەمەنەکان لە کۆتایی ڕیزەکاندا دادەنیشتن، ڕێگەمان پێنەدەدرا پەرتەوازە بین پێش تەواوبوون لە سەرژمێری؛ سەرژمێریەکە نزیکەی دوو کاتژمێری دەخایاند، ئەم کاتەمان بە دانیشتویی لە ڕیزەکانا بەسەر دەبرد، ئەمە زۆر سەخت بوو لەسەر بریندار و بەتەمەنەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەیانناڵاند بەدەست ئێش لە پشتدا.

- دوو شەمە ٢٣ کانونی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

دوو شەو تێپەڕبوون بەسەر هاتنمان بۆ کەمپی جەمەلۆنەکان،ئەم کەمپە جەمەلۆنە سیستەمی تایبەتی خۆی داهێناوە، زۆربەی دیلەکانم نەدەناسی؛ هەر کەمپێکی جەمەلۆن دابەش کرا بوو بۆ دوازدە بەش، هەر بەشێك نزیکەی نەوەد کەسی لەخۆ دەگرت، شەش کۆمەڵە لەلای ڕاست و شەشیان لەلای چەپ و شەشیان لە ناوەڕاستدا، لە شەودا دەبێتە شوێنی هاتن و ڕۆیشتن، لە ڕۆژدا شوێنی سەرژمێری تێدا ئەنجامدان؛ دوایین بەشی کەمپی جەمەلۆنەکە لەلای چەپ بۆ شوێنی خەوتنی بریندار و نەخۆشییەکان دانرا، هەستم بە دڵتەنگی کرد، کاتێك وەلیدم بینی لە نێو پێنج پاسەوانی بەرپرسی پاسەوانێتی کەمپی جەمەلۆنەکەیدا، وەك سێبەر دوامدەکەوت.

هەستم بە سەرسامی کرد، کاتێك دیلێکم بینی تەمەن نۆ ساڵان بوو، وا هەستم کرد یەکێکە لە کوڕی پاسەوانان، کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتە خێوەتگەی دیلەکان، کاتێك بیستم ئەمە دیلە، دەستم بە دواداچوون کرد بۆ وردەکاریەکان! بچوکترین دیل بوو لەم جەنگە بە تێڕوانینی من؛ ناوی ئەمیر بوو، خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای ئیسلامی سنووریە، لەگەڵ ئیبراهیمی براکەی بەدیل گیراوە.

لە کۆتاییەکانی شەودا ڕۆیشتمە لای و قسەم لەگەڵ کرد، چیرۆکی بەدیل گیرانی خۆی بۆ باسکردم، بەعسییەکان ئەویان بینیوە لەگەڵ ئیبراهیمی براکەی کە شوانێتی ڕانە مەڕیان کردووە، ئیبراهیم لێیان پاڕایەوە کە ڕانە مەڕەکە ببەن و براکەی فەرامۆش بکەن، بەڵام بەعسییەکان هەر دوو براکە و ڕانە مەڕەکەشیان گرتووە، کاتێك ئەوانیان خستۆتە نێو ئوتۆمبێلی ئیڤایەوە، ئیبراهیم لێیان پاڕاوەتەوە بۆ ئەمیر ئازاد بکەن، پاڕانەوەکانی بەبادا ڕۆیشتوون.

ئەمیر گۆشەگیر بوو، بۆیە هەوڵمدا هیوای ئازادی لە ناخیدا زیندو بکەمەوە، خولیای گەڕانەوە بۆ لای خانەوادەکەی ئەویان داگرتبوو، ئیبراهمی مامیشیان لەگەڵدا

بوو، مامە ئیبڕاهیم سەرپەرشتی ئەمیری دەکرد، لە کاتێکدا تەمەنی حەوتا ساڵ بوو، ئەمیر بچوکترین دیل بوو، ئیبڕاهیمی مامیشی بە تەمەنترین دیل بوو.

بەساڵاچوویێکی جەستە لاواز، سیمای چاکی بەسەر ڕووخسارە چرچەکەی دیارە، یەك تاڵە موی ڕەش لە سەر و ڕیشیدا نییە، مامە ئیبڕاهیم هاتۆتە هێڵەکانی پێشەوە، بە دوای دوو کوڕە براکەیدا ئەمیر و ئیبڕاهیمدا دەگەڕا، کە بە دیل کەوتوونەتە دەستی بەعسییەکان لە ناوچە سنوورییەکان.

لەم شەودا حاجی سەعدوڵا گوڵ محەمەدی[1] لە شوێنی خۆی هەڵسا بێ مۆڵەتی پاسەوانانی کەمپی جەمەلۆنەکە و دەستی بە قسەکردن کرد، بەعسییەکان زۆر هەراسان دەبن لە هەر دیلێك، قسە لەگەڵ فەرماندەی خێوەتگە بکات بێ مۆڵەتی پێشوەختە، خەلیلی نەقیب مۆڵەتی بە حاجی سەعدوڵادا ئەوەی دەیەوێ بیڵێت، نەقیبەکە ڕێزی لە دیلە بە تەمەنەکان دەگرت، حاجی سەعدوڵای لە ڕووی تەمەنەوە لە پلەی دووەمدا دەهات لە دوای مامە ئیبڕاهیم، بەپێچەوانەی مامە ئیبڕاهیم حاجی ناوبراو قەڵەو و بەهێز بوو، لە شەلچە قاچی بریندار ببوو، ئەفسەرە بەعسیەکە شەش گوللەی لە زگیدا، هەر چەندە بەخۆیشی بریندار بوو، وا دەردەکەوت ئەفسەرە بەعسییەکە دەیەوێ لە ناوی ببات، بەڵام خوای مەزن ویستی لە ژیاندا بیهێڵێتەوە.

بەهۆی قەڵەوییەکە بە سەختی دەچووە ڕێ و پشتی بە دارگۆچانەکەی دەگرت، حاجی هەردەم ڕاستی دەوت، لەمەدا جگە لە خوا لە هیچ کەسێك نەدەترسا، ئەمە ڕوون بوو لە هەڵوێستەکانیدا، باوکێکی بە بەزەیی بوو، زۆر نوێژی درێژ دەکردەوە بەتایبەت لە کاتی قنوت خوێندندا، هەر بۆیە زۆر چاوەڕێمان دەکرد بۆ خواردنی نانی ئێوارە، هەر بۆیە جارێکیان پێم وت: حاجی زۆر بە نوێژەوە سەرقاڵ دەبیت!

---

(١) لە دوای ئازادکرانی کاری کرد لە کارگەی دۆشاوی تەماتەی (یك و یك)، لە پارێزگای گولستان.

پێی وتم:

- دەمەوێ دوایین کارم چاك بێ، ئەگەر خوا بۆی نووسیبم لەم خێوەتگەیەدا بمرنم.

دەیوت: ئایا مایەی داخ نییە بۆمان، ئێمە لە پێگەی جێنشینی خوادایین، کەچی بە پاشملە باسکردنەوە سەرقاڵ بین و درۆ بکەین و سیخوڕی بکەین لە پێناو چەند جگەرەیەك.

ئەم شەو حاجی سەعدوڵا بە خەلیلی نەقیبی وت: ئێمە سکاڵا لە هیچ شتێك ناکەین، ئەوەی بەسەرماندا دێت ئەوا ئێمە شایستەی ئەوەین، ئێمە دیلی جەنگین، هاتووینەتە بەرەکانی شەڕ بە ویستی خۆمان، بەڵام بۆچی منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان بەدیل دەگرن، ئایا ئیسلام ئەمە پەسەند دەکات؟

نەقیبی خەلیل بێ دەنگ بوو، هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، چاك تێدەگات دەستگیرکردنی منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان هیچ پاساوێکی بۆ نییە لە گشت یاسا و نەریتەکاندا، خەلیلی نەقیب نەیدەویست پاساو بەو کارانە بدات کە بیانویان نییە، هەر بۆیە کاتێك حاجی سەعدوڵا قسەی کرد لەبارەی لایەنی مرۆیی لەم بابەتەدا و پێی وت:

- گەورەم! ئەگەر ئێرانیەکان کوڕی تۆیان بەدیل گرتبووبا لەسەر سنوور، تەمەنی نۆ ساڵان بووبایە، بارودۆخی تۆ چۆن دەبوو؟ چەندە ئازار بەم هۆیەوە دەچێژی؟

نەقیبەکە وتی: من ئەوەم نەکردووە، ئەم بابەتە بەدەست من نەبوە، داوایەك لەم بارەوە پێشکەشی بەرپرسان دەکەم، نازانم چەندە کاریگەر دەبێ؟! بڕیارێکی لەم جۆرە لە بەغدادەوە دەردەچێ!

- سێ شەمە ٣١ کانونی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ ڕۆژنامەوانی قسەی کرد لەبارەی ئەو شتەی پێش بیست و شەش ساڵ ڕوویداوە، بەعسییەکان لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکی سەربازیان کرد بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف و حکومەتی سەرۆك عەبدولکەریم قاسمیان ڕامالّی.

- هەینی ٣ شوباتی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

حاجی سەعدوڵا گول محەمەدی سور بوو لەسەر ئەوەی نوێژی بەکۆمەڵ بکەین، ئەمەش یەکێکە لە قەدەغەکراوەکان، کاتێك هاتینە نێو خێوەتگەی پاشکۆ، لە ڕۆژی یەکەمەوە سەعد وتی: نوێژی بەکۆمەڵ قەدەغەیە! نزا و پاڕانەوە نییە! ئەوە نییە من ئاشتیانە دەجولێمەوە بۆ ئەوەی ئاشتیانە بجولێیتەوە و....

ئەو کات زیاد لە جارێك حەسەن بەهەشتی پور هەڵسایەوە، بەم هۆیەش سزادرا، هەوڵیدا بەرپرسان ڕازی بکات بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ، بەڵام حامد بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد و تێی هەڵدا، هەندێك لە پاسەوانان هاوسۆزن لەگەڵ حاجی سەعدوڵا گول و ئامۆژگاریان کرد واز لەم پێداگیریەی بهێنێ لە ئەنجامدانی نوێژ بەکۆمەڵ، بەڵام حاجی سەعدوڵا وازی لەم هەڵوێستەی خۆی نەهێنا.

لە شەوی ڕابردوودا حاجی وتی: نوێژی بەکۆمەڵ بەرپا دەکەم، ئەگەر بەژیانی خۆشم باجی ئەمە بدەم!

زۆرێك لە دیلەکان دەیانویست ماوەی دیلایەتی بەسەر ببەن بەبێ کێشە، هەر بۆیە هاوکار دەبوون لەگەڵماندا، هەندێك لە دیلەکان لە کۆمەڵەی ((حیزبوڵا)) نەبوون، لەوانەش نین کە سەرشۆڕن، هەڵوێستەکەیان لەسەرەتادا پەسەند بوو و لەگەڵ ئێمە بوون لە بەرپاکردنی نوێژی بە کۆمەڵدا؛ بەڵام هەر کە ئەشکەنجەیان بینی، ئەوا ڕۆیشتنە پاڵ کۆمەڵەی سەرشۆڕان، حوسێن شوکری پیشبینی ئەمەی کرد، ئەوان لەگەڵ

ئێمەدان تا بارودۆخ ئاسایی بێ، بەڵام کاتێك کێبڵ و پێ لەقە و دارشەقە و چاوی پڕ لە ئاگریان بینی، ئەوا سەلامەتی و پاشەکشەیان هەڵبژارد!

حاجی پێی وایە، ئەگەر بتوانین بە دەنگی بەرز بانگ بدەین، ئەمە مانای ڕۆیشتنە پێشە بە ئەندازەی یەك هەنگاو، بەڵکو بە ئەندازەی چەند هەنگاوێك، رامین حەزرەت زادە وتی: ئەگەر توانای ئەمەمان هەبوو، ئەوا هەندێك لەو کۆت و بەندە سەپێنراوانە دەشکێنین و بەعسییەکان ناچار دەکەین پاشەکشە بکەن، بەرپرسەکان وشیار بوون لەوەی دیلەکان مانگرتن ئەنجام بدەن بەهۆی پرسە ئاینیەکان، عەلی جاروڵا متمانەی بە ڕامین هەبوو و پێی وت: ئەگەر خۆڕاگر و شان بەشان بوون، ئەوا بەعسییەکان پاشەکشە دەکەن.

حاجی سەعدوڵا بە یەکە یەکی هاوڕێیانی وت: نوێژی نیوەڕۆ بە کۆمەڵ ئەنجام دەدەین، دوای بەڕێوەچوونی سەرژمێری، سەعدی بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە، دەیزانی دیلەکان بە نیازی چین، بۆیە پێش ئەوەی لە نێو کەمپی جەمەلۆنەکە بچینە دەرەوە هۆشداری پێداین و چەند ڕێنماییەکی دووبارە کردەوە.

دوای ئەنجامدانی سەرژمێری، هاوڕێیان ڕاوەستان لە ڕیزی ڕێکوپێکدا بۆ نوێژکردن لە دوای سەعدوڵا، لە ڕکوعی یەکەمدا پاسەوانان بەداردەستە و کێبڵ هەڵیان کوتایە سەرمان، سەعدوڵا بەشی خۆی پێکەوت لە لێدان، لێدانێك بەر سەر و دەموچاوی کەوت، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە نوێژەکەی، (عەتیە) ئەوی پاڵدا و حاجی کەوتە سەر زەوی، بەهۆی لێدانەکە ڕیزەکانی گرێدانی نوێژ پچڕان، دوای کاتژمێرێك فازڵی ئەفسەر بە توڕەییەوە هات و وتی: ئێوە زۆر سەرسەختن، یاساکانی خێوەتگەکە پێشێل دەکەن، ئێرە ئێران نییە، پێویستە پابەند بن بە یاسا و ڕێککارە باوەکان، نەوەك پابەند بن بە یاساکانی خومەینیەوە! هەر کە ئەفسەرەکە ناوی خومەینی هێنا، وەك ڕێزێك بۆ ناوی ئیمامی خومەینی، سێ جاران درود و سڵاو دران لەسەر پێغەمبەر و ئالوبەیتەکەی.

فازڵ زیاتر توڕە بوو، جنێوەکانی بەسەر هەمووواندا دەبەشیەوە، حاجی سەعدوڵایان بردە ژووری ئەفسەری ئێشکگر، سەعد هەڕەشەی لێکرد و هۆشیاری پێدا لە دووبارە کردنەوەی ئەم کارە، کاتێك حاجی سەعد گەڕایەوە، دەموچاوی شین هەڵگەڕا بوو، لە کەمپی جەمەلۆنی ژمارە یەکلە هەفتەی ڕابردوودا لە ئەکبەر جەعفەریاندا، ناوبراو چالاکیەکی کەلتوری ئەنجام دەدا، وەك چۆن حاجی سەعدوڵا بەهەمان کار هەڵسا.

هاوڕێیان بازنەیان بەست لە دەوری حاجی سەعدوڵا، ئەویش بەوانی وت: خوای مەزن فەرموویەتی: ((وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ))[1] واتە: ("ئەی‌ئیمانداران"کۆڵمەدەن وساردمەبنەوەوخەفەتمەخۆن،چونکەهەرئێوەسەربەرزوسەرفرازوسەرکەوتووترنئەگەرئ یمانداری‌چاك‌وراست ودروستبن).

حاجی سەعدوڵا وتویەتی: من ئامادەم خوێنی خۆم بڕێژم لەم خێوەتگەیەدا، لە پێناو بەرپاکردنی نوێژی بەکۆمەڵ، بێ بەشبوین لە شەهید بوون لە بەرەکانی شەڕ، بەڵکو خوای مەزن سەرمان بخات بۆ شەهید بوون لەم خاکەدا، کە ئیمام حوسێنی تێدا شەهید کراوە، لە پێناو بەرپاکردنی حوکمەکانی ئاینی خوا[2].

- دوو شەمە ٦ شوباتی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

(١) ئالی عیمران: ئایەتی ١٣٩.

(٢) حاجی سەعدوڵا پاشەکشەی نەکرد، هاوڕێیانی پشتی ئەویان گرت تا نوێژی بەکۆمەڵیان ئەنجامدا، کاتێك درودمان لەسەر پێغەمبەر و خانەوادەکەی دەدا دەمانوت: زوو دەریان بخە، دوژمنەکانیان لەناو ببە، ئیمامی خومەینی بەرز بکەیتەوە، بەعسییەکان هەراسان دەبوون و دەیانوت: درود و سڵاو لێبدەن بەڵام ئەوە: ((زوو دەریان بخە و...)) دووبارە مەکەنەوە، ئەگەرنا زۆر بەهێز لێتان دەدەین، زۆر هەستیار بوون لە بەرامبەر ئەمە، دوای ماوەیەك نزای (تەنها ئەومان) دەخوێند، بە ئێمەیان وت: هەر کەسێك بڵێت تەنها ئەو، تەنها ئەو، تەنها ئەو بەڵێنی خۆی بەجێهێنا و بەندەی خۆی سەرخست، ئەوا سەد کێبڵی لێدەدرێ!

زگچوونی خوێناوی بڵاو بووەوە لە نێو دیلەکاندا، زۆرێکیان دەیاننالاّند بەهۆی کێشە لە میزەڕۆ و میزڵدان و هەندێك لە کەسانی بە تەمەن و نەخۆشەکان، توانای زاڵبوونیان لەسەر میزکردن لەدەستدا بوو، هەر یەکە لە بەهزاد ڕۆشن و ئەبو فەزڵی سادقیان و کامبیز فرح دوست کە لە نۆرینگە کاریان دەکرد، هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشیانە بوەستێنن.

بەهزاد بە سەختی توانی قۆدی دەرمانی ئیمی ئەپرین بهێنێ بۆ بە تەمەنەکان، ئەوانەی جڵەوی میزکردنیان لەدەستچووبوو، هەروەك ڕامین حەزرەت زادە لە میانەی عەلی جاڕوڵاوە توانی ژمارەیەك سرنج بهێنێ، بۆ ئەوانەی بەدەست زگچونی خوێناویەوە دەناڵێنن، بەرگە گرتن بۆ ماوەی شازدە کاتژمێر بەبێ میزکردن کارێکی سەختە، دوای تێپەڕینی ئەم کاتژمێرە دوور و درێژانە فیکە لێدەدرێ بۆ چوونە گۆڕەپان، هەر بۆیە دیلەکان ڕادەکەن بەرەو ئاودەستەکان، وەك ئەوەی لە دۆخی هێرشبردندابن بۆ سەر ساتری گڵێن.

لەم شەوەدا هەندێك بابەتی ئاودەستی گەڕۆکیان پێشنیاز کرد، خەلیلی نەقیبی فەرماندەی خێوەتگەی جەمەلۆن هاتە ژوورەوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، غولامڕەزا کەریمی ئەندازیار وەك نوێنەری دیلەکان بابەتەکەی پێشنیاز کرد، نەقیبەکە دەستبەجێ ڕەزامەندی دەربڕی.

- چوار شەمە ٨ شوباتی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ ئاودەستی گەڕۆك لە کۆتای کەمپی جەمەلۆنەکە دانراوە، لە میانەی بەیەکەوە لکاندنی چوار پارچە ئاسن دروستکراوە، بە پانی یەك مەتر و بەرزی دوو مەتر، ئینجا لە هەموو لایەکانەوە دیلەکان دایانپۆشی بە بەتانی و گونیە، لە نێو ئاودەستەکە سەتڵێکی مەزن دانراوە، لە ڕۆژانی دواتردا سەتڵێکی تریشی بۆ زیادکرا،

کاتێك ئەفسەرەکە هەڵسا بە پشکنینی ئاودەستەکە و بە توانجەوە بە غولام ڕەزا کەریمی ئەندازیار وت:

- باشە ئەمە دروستکراوی ئێرانیە!

ئەندازیارەکە وتی:

- دەزانم تۆ گاڵتە دەکەی، جەنابی ئەفسەر ئەوە لەبیر نەکەی شاری بەغداد لەلایەن ئەندازیارێکی ئێرانی بە ناوی سەهل سەرخسیەوە نەخشەی بۆ دانراوە.
فازڵ بە تەواوی دەمکوت بوو.

ئەمرۆ سەعد وتی: بۆ هیچ کەسێك نییە سوود ببینێ لەم ئاودەستە، تەنها ئەوانە نەبن کە زگچونی خوێناویان گرتووە، ئەوانەش کە دەناڵێنن بە دەست کێشەی گورچیلە و میزڵدان و تەنها لەگەڵ مام ئیبراهیم نەبێ!

زۆرێك لە دیلە سەلامەتەکان پابەند نەبوون بەم ڕێنماییانەوە، هەر بۆیە زۆرێك لە بریندارەکان دووچاری پێ لەقەی ئەوانە بوون کە دەهات و دەچوونە ئەم ئاودەستە، هەر بۆیە ناچار بووم لە کۆتایی کەمپی جەمەلۆنەکەدا خەوتم، ژیانی ئێمە بەهۆی ئەم ئاودەستە زیاتر سەخت بوو، سەرباری پڕبوونی سەتڵەکە ئەوا لەوانەیە هەندێك کەس دەستیان بە ئاو بگەیاندایە، بەمەش میز بەسەر لێوارەکانی دەڕژا و دەهاتە ژێر پێخەڤەکانمان؛ بەهۆی ئەمەوە پێخەڤی من و عەلی ئەکبەر فەیز و حاجی حوسێن شوکری پیس دەبوو، هەندێك لە دیلەکان بەدرۆ دەیانوتدووچاری زگچوونی خوێنی بووینە، هەر بۆیە بۆنەکە لوتەکانی دەسوتاندەوە، هەوای نێو کەمپەکە زۆر ناخۆش بوو، تەنانەت پۆشاکەکەشم پیس دەبوو، بۆنی میزەکە زۆر خنکێنەرە.

ڕۆژانە بەرپرسانی پاککەرەوە هەر دوو سەتڵەکە دەبەن بۆ ڕشتنیان و پاککردنەوەیان لە پیسایی، پێش دانانی ئەم ئاودەستە شوێنی من لەلای ڕاستی دواوەی کەمپی جەمەلۆنەکە بوو؛ هەر بۆیە من لە هەمووان نزیکتر بووم لەم ئاودەستە، واتە تەنها دوو مەتر لێم دوور بوو؛ دراوسێیەکی زۆر خراپ بوو، ڕێگەم بە هیچ کەسێك نەدا شوێنم بگرێ و ئەم کارە فیداکاریە بکات، هەستم بە تووڕەیی دەکرد لە بەرامبەر ئەم دیلە سەلامەتانە، سەرباری پڕ بوونی دوو سەتڵەکە، ئەوا خۆیان نەدەپاراست لە دەست بەئاوگەیاندن.

بەکێشە چووم لەگەڵ هەندێکیان، شێ و تەڕی گەیشتووەتە قاچم، لێیان پاڕامەوە بەڵام بێ کەڵك بوو، بەیەکێکیانم وت وامەکە، ئەوەتا سەیرکە چیم بەسەر هاتووە، ئاوڕی نەدایەوە بۆ لای من و پیساییەکەی کرد و ڕۆیشت بۆ ئەوەی بخەوێت، بانگم کرد و وەستا، ئەو پیساییەم پیشاندا کە دەورەی منی داوە، پێم وت: وا باشتر بوو لەسەر بەتانیەکەم پیسایی بکەی!

زۆر گەوج بوو گوێی بە قسەکەم نەدا، هەندێك بەهۆی دەنگی منەوە هەڵسانەوە، عەلی ئەکبەر فەیز پێی وت: بێ نرخ شەرم لەخۆت ناکەی؟ وتی: من نەخۆشم گورچیلەکانم ئازارم دەدەن، عەلی ئەکبەر وتی: تۆ نەخۆشی؟! بەپێچەوانەوە تۆ لە هەموو دیلەکان تەندروستتری، بەڵام ناتەوێ خێرێك بکەی وەك ئەوانیتر.

لە دەوری کاتژمێر پێنجی بەیانی محەمەد کازم بابائی سەرباری برینداریەکەی بە بوێریەوە هاواری کرد: ئەوەی بچێتە سەر ئاودەست، لە دوای پڕ بوونی دوو سەتڵەکە، ئەوا خۆی بە بەرپرسیار لە بەرامبەر من دەبینێتەوە!

ئیسلامی تەقی زادە[١] کە خەڵکی ئەردەبیل بوو، لە تاران پێگەیشت بوو، زۆربەی کات ئەو جلەکانی دەشۆردم، هەندێك جاریش ڕەزا محەمەدی[٢] ئەم کارەی دەکرد.

ڕیزا محەمەدی پارچە پلاستیکێکی بۆ هێنام، دایناپە ژێر پێخەڤەکەم، بەڵام سودی نەبوو، بەهۆی دزەکردنی ئاوەوە نەمتوانی سود لەم پارچە پلاستیکە ببینم و بیشۆم، بۆیە هیچیتر پشتم پێی نەبەست.

لە بەیانیدا لە کەمپە جەمەلۆنەکەدا دەچوینە دەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ لە پیسی پاك بکرێتەوە، ئینجا زەمینی جەمەلۆنەکە بسڕنەوە، ئەو ئاوەی تایبەت کراوە بۆ پاککردنەوە پێنج سەتڵن، بەس نەبوو بۆ پاککردنەوەی زەمینەی کەمپەکە کە ڕووبەڕی دەگاتە ٣٠ × ٦٠ مەتر.

جەمەلۆنەکە هەردەم پڕە لە بۆنی ناخۆش، ئاودەستە گەڕۆکەکە بووە هۆی تووشبوون بە چەندین نەخۆشی فرە جۆر، وەك زگچوونی خوێناوی و دەردی پێست وەك خورەخور و سەر ڕوتانەوە و برین.

- پێنج شەمە ٩ شوباتی ١٩٨٨ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ (مازی) عەریف بەکێشەچوو لەگەڵ (عەتییە)، بەهۆی هەڵسوکەوتی تووندی عەتییە لەگەڵ لوتف عەلی، کە خەڵکی قەزوین بوو، (مازی) عەریف لە خەڵکی پارێزگای زیقار (ناسریە) بوو، جەستە لاوازە و ڕووخۆشە و ڕەنگ ئەسمەرە، سمێڵ پڕ و لوت چەماوە بوو؛ (مازی) ڕاهاتووە سمێڵەکانی بگەزێت، بەشێوەیەکی کارتۆنی دەچێتەڕێ، بەڵام ویژدانی ئەو زیندوو بوو، عەتیە خراپ هەڵسوکەوتی کردووە لەگەڵ لوتف عەلی، کە توانای لەدەستداوە بۆ ڕۆیشتن، بەهۆی پچڕان لە ئێسکیدا، ڕەزا

(١) ئێستا کاردەکات لە بەنکی ناوەندی لە تاران.

(٢) لە خەڵکی شاهرودە، ئێستا وەك پزیشکی گشتی کار دەکات، لە شاهرود نۆرینگەیەکی پزیشکی هەیە.

محەمەدی و ئیسلام تەقی زادە یارمەتیان دەدا بۆ هاتوچۆکردنی، کاتێك پاسەوانان هەراسانی دەکەن، ئەوا پێیان دەڵێت: بەویستی خوا بە ئارامگری دەمبیننەوە.

ئەمڕۆ سەعدی بەرپرسی پاسەوانان، ڕێگەی بەدیلەکاندا لە دەرەوەی نۆبەت گەرماو بکەن، عەتیە بە ڕەزا محەمەدی و ئیسلام تەقی زادە، وت، کە لوتف عەلیان برد گەرماو: بگەڕێنەوە بۆ نێو کەمپی جەمەلۆنەکە!

ڕیزا محەمەدی بە ناڕەزایەتیەوە وتی: سەرۆکی پاسەوانان ڕێگەی بە برینداران داوە لە دەرەوەی نۆرەی گەرماو کردن، گەرماو بکەن.

عەتییە بەبێ شەرم وتی: تۆ درۆ دەکەی، چونکە سەرۆکی پاسەوانان ڕۆیشتۆتە بارەگای خێوەتگەکە، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆراك، دەتەوێت هەڵمخەڵەتێنی.

ڕیزا وتی: ئەوە چی دەڵێی، ئەم مرۆڤە باری تایبەتی هەیە.

عەتیە بەزمانێکی فەرمانکەرەوە وتی: دەی بڕۆن لەبەرچاوم ون بن، بگەڕێنەوە بۆ کەمپی جەمەلۆن.

ڕیزا محەمەدی (مازی) عەریفی ئاگادار کردەوە لەوەی ڕوویداوە، (مازی) عەریفیش ئەمەی گواستەوە بۆ سەعدی بەرپرسی کەمپی جەمەلۆنەکە[1].

سەعد کە چووبووە بارەگای خێوەتگە دوای ماوەیەك ئینجا هاتەوە، (مازی) عەریف هاتە نێو کەمپە جەلەمۆنەکە، داوای لە لوتف عەلی کرد بچێتە گەرماو.

---

(١) سەعدی بەرپرسی کەمپی جەمەلۆنەکە هیچ پەیوەندی نییە بە بەسەعدی بەرپرسی خێوەتگەکە، ئێمە بە سەعدی بەرپرسی جەمەلۆنەکەمان دەوت سەعدی بچوك، و بە سەعدی بەرپرسی خێوەتگەکەشمان دەوت سەعدی مەزن، سەعدی مەزن لە هەمووان جەستە مەزنترە لە سەعدی بچوك، سەعدی بچوك لە هەمووان جەستە بچوکتر بوو لە خێوەتگەی ١٦ لە تکریت.

لوتف عەلی وتی: لەوەتەی ماوەیەکی زۆرە نەڕۆیشتووم، ئەگەر ئەمە نەبووبایە ئەوا داوام لە کەس نەدەکرد.

مازی عەریف پلەی بەرزترە، تەنها دوو مانگی ماوە لێرە.

ڕۆژێکیان دیلێك ئەوەی ڕەت کردەوە پۆستاڵی عەتییە بۆیاغ بکات، عەتییە لێیدا، (مازی) دەمەقاڵێی لەگەڵ کرد و پێی وت: تۆ بەم هەڵسوکەوتەت ناوبانگی عێراق لەکەدار دەکەی، ئەم کردارەی گەیاندە خەلیلی نەقیب، (مازی) زۆر چاك هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەویان گواستەوە بۆ یەکەی خۆراك و کۆگاکان لە سەربازگەی سەلاحەدین، کاتێك پرسیارم لێکرد لەبارەی چاك هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵماندا، وتی: کوڕە مامم لە ئێران دیلە، بە ئاسودەیی دەژیەت و چاك ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، نامەی بۆ باوکی نووسیوە و تیایدا وتویەتی: لە خێوەتگەی دیلەکاندا لە شاری گرگاندا دەژیەت، زۆر چاك خۆراك دەخوات کە باشترە لەوەی لە سەربازگەکانی لەشکری عێراقیدا دەخوات!

هەر لەبەر ئەمە (مازی) عەریف بەرگری لە دیلە ئێرانیەکان دەکرد لە زیندانەکانی بەعسدا.

مازی لە سەردەمی جەنگدا کاری دەکرد لە نووسینگەی بروسکەی نهێنی، ئەم نووسینگەیە بە فەرمانی سەدام دامەزراوە، لەوەتەی جەنگ دەستی پێکردووە، ئەرکی ئەم بارەگایە ڕێکخستن و بەگەڕخستنی هێزە سەربازیەکان بوو، کە وڵاتانی عەرەبی ڕەوانەیان دەکرد، ئەم بارەگایە تایبەت بوو بە کاروبارەکانی ئەم هێزانە، کە ملکەچی چاودێریەکی ورد بوون، مازی وتی: زۆربەی سەربازانی عەرەب کە بەشدار بوون لە جەنگی دژی ئێران، لە خەڵکی میسر و سودان و یەمەن و ئەردەن بوون، زیاتر وتی: ئەم یەکەیە بەرپرسە لە کوژراوان و ونبوان و دیلەکان لەلایەن ئەفسەرێکی بەعسی بە

پلەی عەمید بەڕێوەدەبرا، ڕاستەوخۆ فەرمانی لە وەزیری بەرگری عەدنان خێرڵا وەردەگرت.

مازی وتی: سودان و یەمەن سور بوون لەسەر ڕەوانەکردنی لاشەی کوژراوان بۆ وڵاتەکانیان، بەڵام میسڕ و ئوردن داوایان لە حکومەتی بەعس کرد لاشەیان جەستەی لەگەڵ قوربانیانی عێڕاقی بێ ناسنامە بنێژن، نەگێڕنەوە بۆ وڵاتەکانیان، هۆکارەکەم نەزانی، تەنانەت (مازی)یش هۆکارەکەی نەدەزانی؟!

(مازی) جارێکیان وتی: سەدام فەرمانی کردووە بە لە سێدارەدانی دەستبەجێی هەشتا سەربازی میسڕی، کە لە بەرەی شەڕ ڕایان کردووە، حوسنی موبارەك داوای لە سەدام کردووە، بە هەمان شێوەی سەربازە عێڕاقییەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ سەربازە میسریەکاندا بکات.

سەدام ئەم نووسینگە نهێنیەی هەڵوەشاندەوە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ.

- شەمە ١١ شوباتی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ یادی دەیەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی تێدەپەڕێت، خەڵکی تەبرێز و ئورمیە کێبڕکێیان ئەنجامداوە. ئەم ڕۆژانە زۆر هەستیارن و پاسەوانان ڕێوشوێن و چاودێریەکان توند دەکەن، سەرباری کۆت و بەندەکان و کەمی تواناکان، ژمارەیەك دیل بڕیاریاندا ئاهەنگ بگێڕن لە بە بۆنەی تێپەڕینی دەیەیەك بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشەکە.

ئاهەنگێڕانەکەمان زۆر سادە و دوور بوو لە چاوی سیخوڕان، لەسەر پێشنیاری حاجی حوسێن شوکری[1] ژمارەیەك لە هاوەڵان خۆبەخشانە هەڵسان بە ئامادەکاری بۆ ئەم بۆنەیە لەوەتەی چەند هەفتەیە، هەوڵەکانم بەفیڕۆچوون بۆ کڕینی دە مۆم لە دوکانەکە، دەمویست دە مۆم هەڵ بکەم بەبۆنەی یادی تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕش، ئای چەندە حەز دەکەم مۆمەکان هەڵە بکەم لە شەوانی زستاندا.

پێشبڕکێی کەلتوری یەزدان بەخش ئامادەکاری بۆ کردبوو، ژمارەیەك پرسیار لەبارەی ئیمام و شۆڕش، براوەکان خەڵاتیان بەدەستهێنا، لە کەمپە جەمەلۆنەکانی تر پێشبڕکێ و ڕاوەدوونانی شیعری ئەنجامدرا؛ لە یاری زۆرانبازیدا هاوەڵان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجامیان دەدا، لە ڕۆژانی دواتردا زۆرانبازە پیشەگەرەکان ناسران.

خەڵاتەکات کاری دەستی بوون، لەلایەن خودی دیلەکانەوە بەرهەم هێنرا بوو، پێکهاتبوون لە پشتێنە، کڵاو، شاڵ، تەسبیح...و...، هاوڕێیان هەرچیان هەبوو خستیانە بەردەستی بەرپرسی کەلتوری.

یەکێك لە هاوەڵان، کە لە تورکەکانی ئازربایجان بوو، هەڵسا بە نەخشاندنی وێنەی ئیمامی خومەینی لەسەر پارچە قوماشێکی سپی، لە بنەڕەتدا ئەم پارچە قوماشە دیشداشە بوو، هێڵەکانی نەخشاندنەکە لە مێزەر و بەتانی دەرهێنا بوو، عەلی یەمانی وێنەی ئیمامی نەخشاند بوو لەسەر دیشداشە و وێنەکە زۆر جوان دەردەکەوت[2].

---

(١) لە خەڵکی شاری مهریزی سەر بە پارێزگای یەزدە، کارمەندێکە لە پاسەوانانی شۆڕش لە لیوای غەدیر، خانەنشین کراوە.

(٢) کاتێك ئازاد کراین، هاوەڵان هەڵسان بە بەخشینی ئەم وێنەیەی ئیمام بە عەلی جاروڵای پاسەوانی عێراقی باشەکە.

عەلی وتی: ئێمەی وێنەی ئیمامیمان لا نییە، تەلەفزیۆنیشمان لا نییە، بۆیە لە ڕاستیدا بوونی ئەم وێنەیە بەخششێکە، هەر یەکێك حەزی لە بینینی وێنەی ئیمام بێ، ئەوا دەتوانێ سەیری بکات.

هەندێکیان هاتن بە ئامادەکردنی بۆیاخێکی پێکهاتوو لەو دووکەڵ و پاشماوە و زەیتی خواردن، ئینجا بۆیاخ کردنی وێنەکە. هەندێکیان موچە کەمەکەیان کۆکردەوە کە لە دینارێك و نیو تێپەڕ ناکات، بۆ کڕینی شەکر و شیر، ئینجا تێکەڵیان کرد لەگەڵ پارچە نانی وشکی هاڕدراو، بۆ دروستکردنی شرینەمەنی، تواناکان لەوپەڕی کەمی و سادەییدا بوون.

ئەمڕۆ ئێوارە سێ لە پاسەوانان: عەتیە، حەمید و سەلوان، شرینی سەرکەوتنی شۆڕشیان خوارد، غولام ڕەزا کەریمی ئەندازیار شرینیەکەی پێشکەش کرد، سەلوان پرسی: بە چ بۆنەیەکە؟

ئەندازیارەکە وەڵامی دایەوە: گەورەم ئەم بۆنەیە، ڕاستی هات و ناڕاستی پوچەڵ بوویەوە.

- یەك شەمە ١٢ شوباتی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ پاسەوانان و ئەو ئەفسەرەی لەگەڵیاندا بوو بە پلەی ئەفسەری پلە یەك، بە کێبڵ لە دیلەکانیاندا، پێشتر ئەوم بینیبوو کە لە فەرهەنگ خاکیانی دەدا، ناوبراو خەڵکی تەبریز بوو، زۆر خراپ لێیاندا، نازانم بۆچی بەم جۆرە توندوتیژیە لێیاندا، پەیوەندی من لەگەڵ فەرهەنگ چاك بوو، شوفێری ئیبراهیم

رستگاری موقەدەمی[1] بەڕێوبەری گشتی ڕێوبان و گەیاندن بوو لە ((قدس))، سەر ئەسڵەع بوو و باڵا کورت و تەمەنی چلساڵانی تێپەڕاند بوو، خوێندنە زانکۆییەکەی تەواو کرد لە زانکۆی خواجە نەسرەدینی توسی لە ئەندازیاری بیناکاری لە ساڵی ١٩٨١، سەرپەرشتی ڕێگە و بان و گەیاندنی دەکرد لە فەیلەقی قودس، بەڕێوبەری ڕێگە دروستکردن و چاك کردنەوە لە ناوچە جەنگییەکان، کە سێ پارێزگاری لەخۆ دەگرت: ئیلام، کرمانشاه، کوردستان، سەرباری سێ بەشی تر لە ئازربایجانی خۆرئاوا، لە دۆڵی (شیلر) لەگەڵ شوفێرەکەی بەدیل گیرابوو، ئەو کاتە ئوتۆمبێلی (پاترۆل نیسان)ی ڕەنگ سپیان دەهاژۆشت، کاتێك ڕووبەڕووی گوللەی قەناسبەدەستێك بوونەوە، گوللەیەك بەر قاچی فەرهەنگی شوفێر کەوت، لەگەڵ رستگار موقدەمی ئەندازیار.

بەرپرسیان دانیاننا بەوەی لەسەریان پێویست بوو بەڕێوبەرێکی گشتی نەهێنن بۆ خێوەتگەیەکی نهێنی ونبوان، کاتێك زانیان لەوێیە، ئەویان گواستەوە بۆ خێوەتگەی دیلە ئەفسەرەکان، ئەو کاتەش درەنگ بوو، چونکە پێویست بوو نهێنی بوونی ئەم خێوەتگەیە بپارێزن؛ خاچی سور نەیدەزانی ئەم خێوەتگەیە هەیە، ئەوەی دێتە نێو ئەم خێوەتگەیە، ئەوا هەرگیز نابێ چاوی بەو دیلانە بکەوێ کە لە خاچی سوردا تۆمارکراون، هەر بۆیە نزیکەی بیست هەزار دیلی ئێرانی لەم شوێنەدا دەڕزن، سەربازگەی سەڵاحەدین لە شوێنێکی نیمچە بیاباندایە.

وا دەردەکەوێ پێش چەند مانگێ و لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا لێکۆڵەران شوفێرەکەیان تۆمار کردووە بە بەڕێوبەری گشتی، ئەندازیاریان تۆمار کردووە بەوەی شوفێری بەڕێوبەری گشتییە، بەختی فرهنگ خاکیان خراپ بوو!!

---

(١) ئیبراهیك رستگاری ئەندازیار، لە خەڵکی تەبرێزە، لە دوای ئازاد کرانی لە دیلایەتی، پێگەی قائمقامی بەڕێوبەری گشتی هەیە لە تاقیگەی هونەری و میکانیکی بۆ خاك و گڵ، ڕاوێژکاری وەزیری ڕێگەوبان و گەیاندن بوو لە کاروباری قوربانیەکاندا.

فەرهەنگ هات و شوێنەواری لێدان و بۆکسی بە دەموچاویەوە دیار بوو، بەوانی وت بوو: من بەڕێوبەری گشتی نیم، من شوفێری ئەومو ئامادەم لە جیاتی ئەو لێدان بخۆم، بە (مازی) عەریفم وت: تخوا بە ئەفسەر بڵێ ئایا وا دەردەکەوێ ئەو کەسە بەڕێوبەری گشتی بێ؟

مازی وتی: لە ئێران کەسی لەو تەمەن بچوکتر سەرۆك فیرقەیە!! فەرهەنگ پەیوەندیەکی چاکی بە ئەندازیارەوە هەبوو، فەرهەنگ گەنجێکی دڵ باش بوو، پرچی لول بوو، جەستە ڕێك بوو، هەر کەسێك کە یەکەم جار بیبینێ ئەوا خۆشی دەوێت.

کاتێك بەرپرسان ویستیان رستگار موقەدەم بگوازنەوە بۆ خێوەتگەی ١٨ لە بەعقوبە، فەرهەنگ وتی: من شوفێری ئەوم و پێویستە هەردەم لەگەڵیدا بم! هەندێك جار گاڵتەم لەگەڵ دەکرد و جارێك پێم وت: فەرهەنگ! هەمووان لێرەدا بەڕێوبەری گشتین، هەر یەکێکمان بەڕێوبەرێکی گشتی خۆیەتی! پێی وتم: ڕاستە من بەبێ ئوتۆمبێلم، بەڵام دەکرێ لێرەدا ببمە شوفێر.

لە دواییدا بەرپرسان قەناعەتیان بۆ دروست بوو کە فەرهەنگ شوفێری ئیبڕاهیم رستگار موقدەمە.

- پێنج شەمە ١٦ شوباتی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

سەعد ئەمرۆ خۆشەویستی خۆی بۆ ئیمامی خومەینی ڕاگەیاند، پێشتر دوودڵ نەدەبوو لە سوکایەتی کردن بە ئیمام؛ عەلی جارەڵا هەستی بەدڵخۆشی کرد بەم گۆڕانە لە هەست و سۆزەکانی سەعدا بەرامبەر ئیمام، لە کۆتاییدا سەعد بە تەنها نا بەڵکو چەند پاسەوانێکیش حەقبوونی ئیمامی خومەینیان بۆ دەرکەوت، فەتوا مێژوویەکەی ئیمام سەبارەت سەلمان ڕوشدی هەڵگەڕاوە ئەوانی ڕاچڵەکاند.

سەعد وتی: ڕاستە ئێمە شەڕمان لەگەڵ یەكتردا كردووە، بەڵام چوار خاڵی هاوبەشمان لە نێواندا هەیە[1].

دەیانوت فەتوا لە زانایەكی سوننیەوە نەهاتووە وەك ئەم فەتوایە شكۆمەندی بۆ موسڵمانان تێدا بێ.

لەم ڕۆژەوە تەنها بەشێوەیەك سەعد و سەید حوسێنم دەبینی كە بە چاكە باسی ئیمامیان (خوا لێی ڕازیبێ) دەكرد.

دوای ماوەیەك، سەعد بە من و حاجی سەعدوڵای وت: سێ شت بەدڵمن لە ئێران: هەفتەی یەكبوون، ڕۆژی قودسی جیهانی، ئەو فەتوایە كە سەركردەتان دەری كردووە لەبارەی سەلمان ڕوشدی.

- چوارشەمە ١ ئازاری ١٩٨٩ — تكریت — خێوەتگەی ١٦

هەندێك ڕۆژنامەیان بۆ هێناین، دوێنێ ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران، بڕیاریدا پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسییەكانی ئێران لەگەڵ بەریتانیا بپچڕێنێ.

سامی و عەلی جاڕوڵا ڕقیان لە ئینگلیزە، سامی كە ئاماژەی بە ڕۆژنامەی قادسیە داوە وتی: ئەمە بڕیارێكی چاكە، دواتر وەسفی بەریتانیای كرد بە ڕێوی فێڵباز و وتی:

- ئینگلیزەكان لە ئەمریكیەكان خراپترن، لەسەر ئێران پێویست بوو پێش ئەمریكا پەیوەندیەكانی لەگەڵ بەریتانیا بپچڕێنێ.

بەیانی ئەمڕۆ ڕۆیشتمە لای ئیبراهیم شەفیق ئەمیر ئەكبەر، ویستم لەبارەی ئەمیرەوە قسەم بۆ بكات.

---

(١) خوا، قورئانی پیرۆز، پێغەمبەری نازدار درود و سڵاوی خوای لێبێ، ڕووگە.

سەلوانی بەڕێوبەری کەمپە جەمەلۆنەکە خۆی لەلای ئەمیر خۆشەویست دەکرد، هەر بۆیە عەلی جارولا پێی وتم: وریای ئەمیر بە، ئەو نەخشە بۆ قۆستنەوە و بەکارهێنانی ئەو دەکێشا.

پێش چەند ڕۆژێك بە ئەمیرم وت: ئەمیر! ئەم بەعسیانە ژیانی تۆیان تێکشاندووە، تۆ ئازاد بووی و مەڕەکانت دەلەوەڕاند لە لەوەڕگاکاندا، ئەوانە هاتن و تۆیان بەدیلگرت لەگەڵ براکەت، ئینجا تۆ و براکەتیان بەدیل گرت، پاشان باپیرەتیان زیندانی کرد.

ئەمیر دەڕۆیشتەڕێ لەگەڵ سەلوان و سەعد لە گۆڕەپانی خێوەتگەکەدا، پاسەوانان بایەخیان پێدەدا، هەندێك خواردنیان بۆ دەهێنان لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا.

سامی پێی ڕاگەیاندم، بەوەی پاسەوانان دەیانەوێ بەکاریبهێنن بۆ لێدانی دیلەکان، کاتێك دەیانەوێ یەکێکیان سزا بدەن.

پێم وت: بۆچی ئەمە بەخۆیان ناکەن؟

- پیلانیئەوان دواتر دەزانی، فازڵی ئەفسەری ئیبلیس، داوای لە پاسەوانان کردووە ئەمیر بەکاربهێنن.
- ئایا پێم ناڵێ؟
- پەلە مەکە دەمەوێ بەخودی خۆم لە شتەکە دڵنیا ببمەوە.

بە ئیبڕاهیمم وت: کەسێك هەیە پیلان دادەڕێژێ بۆ بەکارهێنانی ئەمیر.

ئیبڕاهیم گەنجێکی سادەیە، هیچ لێکدانەوە و نرخێك بۆ ئەوەی دەیڵێت ناکات، لەسەر یەك خو نییە، ئێوار حامد دیلێکی لە چێشخانە بەدەرنا، چونکە ئەم دیلە

بەرگری لە مافی دیلەکان[1] کرد، کاتێك ویستیان لێی بدەن و سزای بدەن، بانگی ئەمیریان کرد بۆ ئەوەی لێی بدات.

مام ئیبراهیم ڕۆیشت و کێبڵەکەی لە دەستی برازایەکەی دەرهێنا، ئەمیر گەنجێکە لەوپەڕی سادەییدا، درکی نەدەکرد بەوەی چی دەکات، زۆر بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێ، لەسەر ڕووخساری خەندەیەکی ماناداری هەبوو:

- سولەیمانم بینی؟
- بەڵێ ئێستا مەبەستەکەتم زانی.
- ویستم ئەمەت پێ ڕابگەیەنم.

پێبینیم نەدەکرد ئەمیر ئەم کارە بکات، ئەو لە تەمەنی نۆ ساڵاندایە، بەم ئاسانیە هەڵدەخەڵەتێ، ئەو بە بەخت بوو، چونکە مام و براکەی سەرپەرشتی ئەویان دەکرد.

ئەگەر ئەمیر لە جیاتی پاسەوانەکان لە دیلەکەی دابایە، ئەوا دەهۆڵیان لێدەدا و هاواریان دەکرد: ئای لە ئێوەی سەرشۆڕ، تەنانەت ئەم منداڵە دیلەش، بەزەیی پێتاندا نایەتەوە و لە جیاتی ئێمە لێتان دەدات!

دوای سەرژمێری شەوانە، جارێکی تر ڕۆیشتمە لای ئەمیر، زۆر قسەم لەگەڵ کرد، پێم وت: تۆ و براکەت لە هاوڵاتی مەدەنین، چەکدار نەبووینە، ئەندامی لەشکر نەبوونە، بڕوانە بەعسییەکان چیان بە ئێوە کردووە! ژیانی ئێوەیان تێکداوە، حەڵاڵی ئێوەیان بردووە، ئایا ئیبراهیم لێیان نەپاڕایەوە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکەت،

---

(١) کەریمی یەکێك بوو لەوانەی لە چێشتخانەدا کاری دەکرد، کاتێك پاسەوانی یەکێك لە بەرپرسانی کەمپەکە ویستی نیو مەڕ (بەشی دیلەکان) بباتە دەرەوەی چێشتخانەکە، کەریمی ڕێگەی لێگرت و وتی: ئەمە بەشی سەد دیلە، پاسەوانەکە شەقە زلەیەکی لە ڕووخساریدا و کاتێك ویستی دووبارە شەقە زلەی لێبدات، دەستی گرت و لە ئاست سنووریدا وەستاندی.

بەڵام وایان نەکرد! بە فێڵەکانی ئەوان هەڵمەخەڵەتێ، ئەگەر ئەوان تۆیان خۆشویستبایە بەڕاست، ئەوا با ڕێگە بە خاچی سور بدەن سەردانت بکەن، ئەگەر بەڕاستی ئەوان چاك بن، ئەوا تۆیان بۆ ئەم خێوەتگە نهێنیە نەدەهێنا و...

کاریگەر دەبوو بە قسەکانم، سەری بەبێ دەنگی بەردەدایەوە، هەر کە بەیانی هات، ئەوەی پێم وت بە سەلوانی وت، منداڵێکی بێ ئەزموون و بەبێ تاوانی هەڵسوکەوت دەکات.

- شەمە ١١ ئازاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

دوێنێ ئێوار عەلی جاروڵا بە ڕامین حەزرەت زادەی وت: بەیانی جەمەلۆنەکە دەپشکنن، کەل و پەلە کەسییەکانتان دەپشکنن، لەوەتەی گەیشتووینەتە ئەم کەمپە جەمەلۆنە، پەیوەندی عەلی جاروڵا لەگەڵ ڕامین باش بوو، عەلی جاڕوڵا شیعەیەکی شنگالە، کە یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای نەینەوا (موسڵ) لە دەوری تەمەنی چل و پێنجساڵیدایە، چاك و بەڕێز و باڵا مام ناوەند بوو، زیاتر بەلای کورتیدا دەڕۆیشت، سمێڵەکانی تەنك بوون، چاکتر لە پاسەوانەکانی تر قسەی بە فارسی دەکرد، ڕامین زۆر چەمك و گوزارشتی فێری ئەو کردبوو، پاسەوانان هەوڵیاندا هۆکاری ئەم پەیوەندیە بزانن، زیاد لە جارێك ڕامینیان بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت کرد، بەڵام ڕامین سندوقێکی چاك داخراو بوو.

شەوی ڕابردوو ڕامین هەواڵی پشکنینەکەی بەمن و بەوانەش ڕاگەیاند کە متمانەی پێیان دەکرد.

لەوەتەی ڕۆژنامەکان هەواڵی دەستپێکردنی دانوستانەکانی گواستۆتەوە، لە نێوان وەزیری دەرەوەی عێڕاق و وەزیری دەرەوەی ئێران لە بارەگای گشتی نەتەوە

یەكگرتووەكان، پڕوپاگەندەیەك بڵاوبووەوە لەبارەی نزیكی ئازادكردنی بریندار و پەككەوتە و نەخۆشەكان لە نێوان هەر دوو لایەنەكە.

ناوی زیاتر لە چوارسەد دیلی ئێرانیم نووسیبوو لەم خێوەتگەیەدا، لەسەر پەڕی پاكەتی جگەرە و پەڕی ڕۆژنامەكان و خستبوومە نێو دارگۆچانەكەم، وەك دووربینی (ئیحتیات) محەممەد كازم بابائی وێنەیەكی تری لیستی ئەم ناوانەی لا بوو، وا وێنام دەكرد ئازادكردنم لە جەنگ نزیك بێ.

لەو ڕۆژانەدا ئێمە چالاكیمان دەكرد، لە ئامادەكردنی لیستی ئەو دیلانەی كە لە خێوەتگەی پاشكۆدا نەبوونە، محەممەد كازم بابائی و عەلی ئەكبەر فەیز، یارمەتی منیان دەدا، هەفتەیەك تێپەڕی و ئێمە بەشێوەیەكی نهێنی كارمان دەكرد، لەسەر تۆماركردنی ناوی دیلەكانی نێو كەمپە جەمەلۆنەكە.

لەوەتەی پڕوپاگەندەی نزیك بوونەوەی ئازادكردنی دیلە بریندار و نەخۆشەكان بڵاوبووەتەوە، گەرم و گوڕی كەوتە نێو ڕیزی دیلەكان لە پەیوەندی كردن بە برینداران و پێدانی ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی خانەوادە و خزمانیان، غولام ڕەزا كەریمی ئەندازیار پێی وتم:

- سەید! سوێندت ئەدەم بە خوا ئەگەر گەڕایتەوە بۆ ئێران، بەهۆی زۆری دڵخۆشیتەوە براكانت لەبیر نەكەی! لێرەدا ئەم ناوانە دەگوازمەوە بۆ مانگی سور!

كاتێك هەوڵی پشكنینەكەمان زانی، هەندێك لە هاوەڵانی ڕامین هەڵسان بە شاردنەوەی شتە قەدەغەكان لە نێو بالیفە ئیسفەنجیەكان، وەك: پێنوس و پەڕ، نزا و پاڕانەوە، موس، بزمار، دەرزی درومان و... شتێكی ڕاست نییە ئەمانە ئاشكرا بكرێن، عەلی جاڕوڵا متمانەی بە ڕامین هەبوو، بڵاوبوونەوەی هەواڵی پشكنینەكە بە زیان بۆ سەر جاڕوڵا دەشكێتەوە؛ هەندێك لە دیلەكان شتی قەدەغەكراویان ڕادەستی

برینداره‌كان كرد، بۆ شاردنه‌وه‌یان له‌ نێو برینپێچه‌كانیاندا، كه‌ هه‌رگیز به‌ خه‌یاڵی پشكنه‌ردا نایه‌ت شت له‌م شوێنانه‌ شاردرابێته‌وه‌!

له‌ ڕاستیدا هێشتا خه‌یاڵم هه‌ر له‌سه‌ر جارولایه‌، وشه‌كانی له‌تیف ده‌هقام هه‌ر له‌بیره‌، متمانه‌كردن به‌م پاسه‌وانانه‌ به‌م ئاسانیه‌ نییه‌، هه‌ر چه‌نده‌ من سۆزی تۆفیق ئه‌حمه‌د و هه‌ڵسوكه‌وت كردنه‌ چاكه‌كه‌ی له‌بیر ناكه‌م، كاتێك من له‌ نه‌خۆشخانه‌ی ڕه‌شید بووم له‌ به‌غداد، من متمانه‌م به‌ سامی ده‌كرد، به‌ ڕامینم وت: ڕامین! ئایا چاك شاره‌زای جارڕولای؟

ڕامین زۆر متمانه‌ی به‌ جارڕولا ده‌كرد، په‌یوه‌ندیه‌كی زۆر تۆكمه‌ی له‌گه‌ڵدا هه‌بوو، هه‌ر چی پێی ده‌وت به‌وپه‌ڕی متمانه‌وه‌ بڕوای پێده‌كرد، به‌ پێداگیریه‌وه‌ پێی وتم:

- سه‌ید! من متمانه‌م به‌و هه‌یه‌ وه‌ك چۆن ته‌واو متمانه‌م به‌ تۆ هه‌یه‌!

دواتر وتی:

- ئایا دوێنی هه‌واڵی پێنه‌دای له‌باره‌ی پشكنینی ئه‌مڕۆ؟
- به‌ڵێ! جا مه‌به‌ستت چییه‌؟
- باشه‌، ئه‌مڕۆ ڕاستگۆییه‌كه‌ی ئه‌و تاقی ده‌كه‌ینه‌وه‌، ئه‌گه‌ر پشكنینه‌كه‌ ئه‌نجامدرا، ئه‌مه‌ مانای وایه‌ متمانه‌ پێكراوه‌، ئه‌گه‌ر پشكنین ئه‌نجام نه‌درا، ئه‌مه‌ مانای وایه‌ متمانه‌ پێنه‌كراوه‌، وایه‌؟

سه‌ری خۆم له‌قاند، وه‌ك ڕه‌زامه‌ندی ده‌ربڕین.

یه‌ك كاتژمێر پێش نیوه‌ڕۆ، پاسه‌وانان هاتن، فه‌رمانیان پێكردین ڕیز ببین به‌ دانیشتوویه‌وه‌ بۆ سه‌رژمێری، پێشتر جه‌سته‌ی ئێمه‌یان پشكنی، دواتر ڕۆیشتن به‌ره‌و ئه‌و گونیانه‌ی پێداویستیه‌ كه‌سیه‌كانیان تێدایه‌، به‌تانی و بالیفه‌ ئیسفه‌نجیه‌كانیان

پشکنی، زانیاریان هەبوو لەبارەی ئەوەی هەندێك لە دیلەکان شتی قەدەغەیان شاردۆتەوە.

ئەمڕۆ پشکنینەکە سێ کاتژمێری خایاند، هەموو بالیفەکانیان دڕاند، تاکە شوێن کە نزیکی نەکەوتنەوە برینپێچەکان بوون، من سەیری جاڕوڵام دەکرد، هەستم بە منەتباری دەکرد بەرامبەر ئەو، متمانەیەکی زۆرم بۆ پەیدابوو بەرامبەر بەو مرۆڤە چاکە، کە خۆی خستە مەترسیەوە لە پێناو ئێمەدا، دارگۆچانەکەشم لە پشکنین پارێزراو بوو.

هیچ شتێکیان لە پشکنینەکەدا نەدۆزیەوە، دوای ئەوەی چەند بزمارێکیان دۆزیەوە زۆریان لە دیلەکاندا، هەندێك جار کە هیچ شتێك نادۆزنەوە، ئەوا پێشتر هەندێك شتی تیژی وەك چەقۆ یان بزمار یاخود هەر شتێکی تر لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن، بانگەشەی ئەوە دەکەن لە پشکنیندا دۆزیویانەتەوە، بەشێوازێکی ژیریانە دەیانخستە نێو شتەکانمانەوە، دواتر نالێن لە چ گونیەیەکدا دۆزیویانەتەوە.

دوای پشکنین ڕامیان لێی پرسیم: سەید! ڕات چییە سەبارەت بە جاڕوڵا؟

لە ڕاستیدا پێکەنیم، خۆی لە پێناوی ئێمەدا خستە مەترسیەوە و بەڕامینم وت: مرۆڤێکی چاکە خۆزگە ئێرانی بووبایە!!.

- دوو شەمە ٢٠ ئازاری ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ ١٦

ئەم شەو کۆتا شەوی ڕۆژمێری کۆچی هەتاویە لە ئێران، عەلی گلابی ئازار لە چاویدا هەبوو، زۆر سور و گەرم هەڵگەڕا بوو، ڕەتی دەکردەوە بچێتە لای جەمالی پزیشك بەهۆی هەڵسوکەوتە خراپەکەی.

عەلی گلابی تاکە کەسی ڕزگار بوو بوو لە نێو ئەو سێ جەنگاوەرانەی شەهید بوون لە دوورگەی مەجنون، سەرگوزەشتەی هاوەڵانی خۆی بۆ گێڕامەوە، ئەوانەی شەهید بوون، وتی ئەفسەری بەعسی فەرمانی کرد لەسەر زەوی ڕابکشێین، ئینجا گوللەبارانی کردین، گوللەیەك بەرچاوێکی کەوتووە و کوێر بووە و ئەوەی تریشیان برینداربووە، بەمەش هۆشی خۆی لەدەستداوە، کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم، هەموو هاوەڵانم بە خەوتوویی بینی، هەموویان شەهید کەوتبوون، عەلی قسەی بۆ کردم لە بارەی ڕۆژانی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٨، کە پڕن لە یادەوەری تاڵ!

- سێ شەممە ٢١ ئازاری ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

جەژنەکەمان پڕ بوو لە بێگەردی، هیوادار بووم لەم ساتانەدا، ساتەکانی دەستپێکردنی ساڵی نوێ لە نێو خێزان و خانەوادەکەمدا بووبام، هیوای گشت دیلەکان ئەوە بوو ئازاد بن لە نیشتمان و نێو خانەوادەکانیاندا بن، زۆربەی هاوەڵان خەمبار بوون، زۆر بیری خێزان و خزمانیان کردبوو، بە عەلی ئەکبەر فەیزم وت: عەلی! بەوهیوایەی لە جەژنی داهاتوودا لە نێو نیشتمان و خەڵکی خۆماندا بین.

- بەڵێ لە خەونداا!!
- بۆچی لە خەوندا؟ تا هەتایە لێرە نامێنینەوە!

دوێنێ بەڵێنم بە حاجی سەعدوڵا و حاجی حوسێن شوکریدا، پێداویستیەکانی خوانی (هفت سین[1]) ئامادە بکەم، لە بارودۆخی دیلایەتیدا زۆر سەختە: سێو و سیر و سرکە و دۆشاوی گەنم و سماق و سەوزە بەدەستبخرێ، دەمویست حەوت شت بخەمە

(١) نەریتێکی نەتەوەییە لە ئێران، خێزان لەدەوری خوانێك کۆ دەبێتەوە، کە حەوت شتی لەسەرە بە پیتی پیتی سین دەستپێدەکەن، لەگەڵ دەفرێکی پڕ لە ئاو، کە ماسی سور مەلەوانی تێدا دەکات، قورئان بەکراوەیی دادەنرێ، ئەم نەریتە ناسراو بوو لەلایەن هەندێك لە خانەوادەی بەغدادیەی کۆن، بە حەوت سینەکان ناسراوە. وەرگێری عەرەبی.

سەر خوانەکە کە بە پیتی سین دەستپێ بکەن، ئەمڕۆ و بە یارمەتی خوا ئەم شتانە فەراهەم بوون، پارچەیەکی بچوك لە بەرد، تەلێکی دڕکاوی، دەزوێکی درومان، پەتاتە، پاکەتە جگەرەیەکی سۆمەر، سرنجێك، کیسەیەکی پلاستیکی مغەزی.

محەمەد کازم بابائی سرنجەکەی لە نۆرینگە هێنا، لەلایەن باوکی فەزل سادقیان، کە لەوێ کاری دەکرد، منیش تەل و پارچە بەردە بچوکەکەم هێنا، دەرزی درومان بۆ ماوەیەکی کاتی یەزدان بەخش مورادی پێیداین، کەریم دلفی زادە پەتاتەکانی لە چێشخانە هێنا، میعزولدین ئەسغەری پاکەتە جگەرەی هێنا.

مەحمود یوسفی لە هەویر ماسیەکی بۆ دروست کردین، مەحمود خەڵکی شاری ملایرە، سەعدوڵای نزای دەستپێکی ساڵی تازە (١٣٦٨) خوێندەوە.

- ئەی ئەو زاتەی دڵ و چاوەکان سەراوژێر دەکات، شەو و ڕۆژ فەراهەم دەکات، توانا و بارودۆخەکان دەگۆڕێ، بارودۆخمان بگۆڕە بۆ چاکترین بارودۆخ!

ئێوارەی ئەم ڕۆژەی ڕێوڕەسمی سەرەدانی یەکتر کردنمان ئەنجامدا، لە کەمپە جەمەلۆنەکان و زۆرێك ئاشتبوونەوە، کە پێشتر پەیوەندی نێوانیان تێکچووبوو، ئەمە نەریتێکی کۆنە لە ئێران، حاجی سەعدوڵا و حاجی حوسێن شوکری هەوڵی گرنگیاندا لە نێوان ئەوانەی لە یەکتر توڕە ببوون بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان سەر لەنوێ چاك ببێتەوە لە یەکەم ڕۆژ لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆز، هەورەکانی توڕەیی نەمان، ئاسمان بێگەرد بوو، خەندەکان لە سەر لێوان جێگەیان کرد و لە چاوەکاندا دەدرەوشانەوە.

- یەم شەمە ٢٦ ئازاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

بەعسیەکان پێش چەند ڕۆژێك، دەستیان کرد بە ناچارکردنمان بۆ ئەوەی، لە کاتی ئەنجامدانی هەڵسان و دانیشتن لە سەرژمێریدا جنێو بە ئیمام بدەین.

دوای دەرچوونی فەتوای مێژوویی ئیمام، لە دژی سەلمان ڕوشدی، لە نێو ئەهلی سوننەتدا خۆشەویستیەکی تایبەت بۆ ئیمام بڵاوبووەوە، هەندێك لە پاسەوانان کە بەردەوام جنێویان بە ئیمام (نهێنیەکی هەر پیرۆز بێ) دەدا، پەشیمان بوونەوە، بە ڕێزەوە باسی ئیمامیان دەکرد.

هەموو دیلەکان بە یەکدەنگی، ڕەتیان کردەوە ملکەچی فەرمانەکانی بەعسییەکان بن، بەعسییەکان سوربوون لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەدام، وا دەردەکەوێ ئەم فەرمانانە گشتێنرابن لەسەر گشت خێوەتگەی دیلەکاندا، پێویستی کردووە ڕۆژانە سێ جار جنێو بە ئیمام بدرێ، واتە لە کاتی ئەنجامدانی سەرژمێری بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران.

کاتێك فەرماندە یان جێگرێکی لە ئەفسەران دێتە نێو کەمپی جەمەلۆن، بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە کە لە نێو دیلەکاندا دیاری کراوە، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێشوازی یان ئامادەیی.

وا بڕیار بوو، کاتێك بەرپرس هاواری دەکرد: ئامادە بە!

دیلەکان بە یەکدەنگ هاوار بکەن و جنێو بە ئیمام بدەن.

لەبەر ئەمە کاتێك بەرپرسەکە وتی: وریابن، دیلەکان قاچیان لە زەویدا، بێ دەنگ بوون، هیچ کەسێك وشەیەکی نەوت، ئەفسەرەکە سەیری پاسەوانانی کرد، بەشێوەیەك کە فەرمان یان ئاماژەیەکی تێدایە بە هێرشکردن، کێبڵ و داردەست و پێ لەقە داباریـنە سەر جەستەی ئەو دیلانەی بوێریەکی جوانیان پیشاندا لە خۆڕاگری و بەرگری و چەسپان.

له نێو ئەم دیلانەدا، عەلی جارِوڵا بە بەزەییتر بوو، شتێکی ڕوونە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، سەرباری هاوسۆزیەکەی لەگەڵماندا، ڕامین بەگوێی چرپاند و پێی وت: گەورەم! بە توندی لێدە تا گومانت لێ نەکەن!

ڕامین جەختی لەسەر جاروڵا دەکردەوە کە نێوچەوانی گرژ بکات و بە زبری هەڵسوکەوت بکات وەك گشت پاسەوانانی تر، نایەوێ بەهۆی ئێمەوە زیانی پێ بگات، بەڵام عەلی جارِوڵا گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانی ڕامین نەگرت، هەوڵیدا نێوچەوانی گرژ بکات و توونودتیژ دەربکەوێت، بەڵام تەواو شکستی خوارد و بە ڕووی چاك و بە بەزەیی دەرکەوت.

سەرۆکی پاسەوانان هاواری کرد و وتی: کەمپە جەمەلۆنەکە دەکەینە گەرماوی خوێن، لەگەڵ ئەمەشدا دیلەکان لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز نەبوونەوە، تەنها کۆمەڵێك لە دووڕوو و سیخوڕ و بەکرێگیراوان نەبن.

لە ڕۆژانی داهاتوودا دیلەکان دەستیان کرد بە یاریکردن بە وشەکان، بەرپرسە بەعسییەکان هەڵخەڵەتان، ئەوان چاك جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان گوزارشتە هاوشێوەکان!

هەندێکیان هاواریان دەکرد و لە جیاتی مرگ بر (مردن بۆ) مرد (پیاو)یان بۆ خومەینی بەکار دەهێنا، لە کەمپی جەمەلۆنی ژمارە ٣ دیلەکان هاواریان دەکرد: برق رفت (کارەبا بووەتە) خومەینی.

هەر لەبەر ئەمە دیلەکان ڕۆژانێکی بێ سزایان بەڕێکرد، تا بەعسییەکان درکیان بەم یاری کردنە کرد بە گوزارشتەکان، بۆیە دەستیان کردەوە بە ئازاردانمان و سزای ئابووریان خستە سەرمان، بەشی ئێمەیان کەمکردەوە لە خۆراك و ئاو و کاتژمێرەکانی سودبینیان کەم کردەوە لە ئاودەست، لەسەر گشت ئاستەکان ئێمەیان هەراسان کرد،

بەعسییەکان کاری یاریکردن بە دروشمەکانیان ئاشکرا نەدەکرد، ئەگەر سیخوڕەکانیان نەبوونایە لە نێو دیلەکان، کە خۆیان بە بەعسییە بێ نرخەکان فرۆشتبوو[1].

- شەمە ٩ نیسانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

لە ناکاو پاسەوانی کەمپە جەمەلۆنەکە هاتە ژوورەوە، لە چەند ڕیزێکدا ڕێك ڕاوەستاین، دەستیان بە پشکنین کرد بۆ کەلوپەلەکانمان، سەعد بە توندی و بێ پێشەکی وتی: ڕادیۆ لە کوێیە؟ هەمووان بێدەنگ بوون، چونکە بوونی ڕادیۆ بە تاوانێك دادەنرێ، بە توندی دیلی لەسەری سزا دەدرێ.

هەر یەکێك گومانیان لێی هەبووبا بردیان بە فەرمانی فازڵی ئەفسەر بە چاو بەستوویی، کەس نازانێ چیان لێدێت، لە دوو ڕیزدا ئەوانیان ڕاوەستاند، ماوەی نێوان هەر دوو ڕیزەکە سی مەتر دەبوو.

پاسەوانان ڕێبەرایەتی ئەوانیان کرد لە دوو ڕیزی بەرامبەر یەکدا، ئەفسەرەکە فەرمانی کرد بە ئاڕاستەی یەکتردا و زۆر بە خێرا غار بدەن بە چاو بەستوویی.

دیلەکان ناچار بوون ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن، هەر دوو ڕیزەکە بە توندی بەیەکیان دادا و کەوتنە سەر زەوی.

---

(١) زانیاریمان بۆ هاتووە لە نەخۆشخانە قادسیە لە تکریت، بەعسییەکان گەرماوی خوێنیان جێبەجێکردووە لە خێوەتگەی ١٢ لە تکریت لە دوای ئەوەی دیلەکان مانیان لە خواردن گرتووە، جەمالی نەقیبی فەرماندەی خێوەتگەی ١٢ لە هەموو ئەفسەرەکان زیاتر ئازاری دیلەکانی دەدا، هەندێکیان وتیان بەزەیی بە مەهدی تەجردا نەهاتەوە، کە هەردوو قاچەکانی لە جەنگدا بڕدرابوون، هەندێك لە هاوەڵان ئەوانیان بینی بوو لە نەخۆشخانەی قادسیە، کە لە دۆخێکدا بوون مایەی دڵ پێ سوتانەوە بوون، هەندێکیان لوت و ددانەکانیان شکا بوو بەهۆی لێدانی توند بە داردەست، هەندێکیشیان ڕیخۆڵەکانیان پچڕا بوو و تووشی خوێن بەربوونی ناوەکی ببوونەوە، جەمالی نەقیب بەوانی وت: ئێوە ملکەچی هیچ یاسایەکی نێو دەوڵەتی نین، تەنانەت ئەگەر لێرە بشمرن ئەوا دووچاری لێپرسینەوە نابینەوە!

دواتر ڕوون بووەوە یەکێك لە سیخوڕەکانیان ئەم درۆیەی داهێناوە، پاسەوانانیش ئاگادار بوونە، وەك پاداشتێك لەلایەن شەیتانەوە، پاکەتە جگەرەیەکی بەدەستهێناوە!

- چوار شەمە ٢٦ نیسانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

لەگەڵ سەید محەمەد شەفاعەت منش ڕۆیشمە لای تەلە دڕکاویەکان، ئەو بەدوای مەسحەفی شەوی قەدر و نزاکانی کلیلی دڵان دەگەڕا، لەلای هەندێك لە هاوڕێیان نزای دەستنوسمان بینیەوە.

سەید محەمەد ناردی بەدوای سەید فازڵ فازڵیان، سەید فازڵ لە کەمپی جەمەلۆنی ژمارە چوار بوو، ئەویش هاتە لای تەلە دڕکاویەکان، پاسەوانان ڕێگە نادەن دیلەکان چاویان بە دیلەکانی کەمپە جەمەلۆنەکانی تر بکەوێ، سەید محەمەد بە سەید فازاڵی بە شێوەزاری لوری:

- سەید! واوچل ملا غریب نداری؟
- بەدڵنیایەوە لەلامە!

هیچ کەسێك تێنەگەیشت لەوەی سەید محەمەد وتی: جگە لە سەید فازڵ نەبێ، منیش تێنەگەیشتم لەوەی ئەو وتی و داوای کردووە، کاتێك گەڕاینەوە بۆ کەمپە جەمەلۆنەکە، پرسیارم لێکرد: ئەم چیرۆکەی مەلا غەریب چییە؟ پێکەنی و چیرۆکەکەی پێوتم[١].

دیلەکان پەڕاو و نزاکانی کلیلەکانی دڵانیان ئامادە کردووە بە دەستنوس، ئەو پەڕانەی بەکاردەهاتن پێك هاتبوون لە کیسەی چیمەنتۆ و پاکەتی جگەرە و توانیان

---

(١) ملا غریب عەلەوی تبار، خەڵکی گوندی چغلی سەر بە شاری کهگیلویەیە، خەڵکی گوندەکە پێیان وایە، ئەو نزا و نوشتانەی دەیانوسێتەوە کاریگەرن، کەسێکی پارێزکار بوو، هۆگری خوێندنەوەی قورئان بوو، مەبەستی سەید محەمەد نزاکانی کلیلی دڵان و مەسحەفە دەستنوسەکان بوو.

پەڕاوێکی جوان ئامادە بکەن، کە لە بەرنامەیەکی ورد لە نێو دیلەکاندا دەستاودەستی پێدەکرا، بەشی هەر یەکێك لە هەفتەیەکدا دوو کاتژمێر بوو، هەندێك توانیان چەند سورەتێك لە قورئانی پیرۆز و دەقی نزاکان لەبەر بکەن، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان لەبەر کرد خەڵاتیان پێدرا، کە لە کاری دەستی پێکهاتبوون.

هەندێکیان ڕێگەیەکیان داهێنا بۆ بەدەستهێنانی پەڕ، ئەمەش بەوەی پاکەتی سابوونی بەتاڵ فڕێدەدرایە نێو ئاو و ئینجا بەجێدەهێڵرا بۆ ئەوەی وشك ببێتەوە، دواتر دەتوانرا پەڕە کارتۆنیەکان هەڵبوەشێنرینەوە و ژمارەیەك پەڕی تەنکیان لێ دروست بکرێ و بۆ نووسین بەکاربهێنرێ.

کاتێك پێویستمان بە خامە بوو، ناچاربووین هێڵە سورەکان ببەزێنین، هەندێك دیلی بەرپرس لە خاوێنی ژووری بەرپرسی پاسەوانان، سرنجیان بەکاردەهێنا بۆ هەڵکشانی مەرەکەبی وشك لە قەڵەمەکان لە ژووری سەرۆکی پاسەوانان، ئینجا تێکردنە نێو پێنوسە بەتاڵەکان، ئێمە ئەم شتانەمان لە نێو هەویری ددان یان لە نێو بالیفە ئیسفەنجیەکان و هەندێك جاریش لە نێو کونەکانی دارگۆچانەکە دەشاردەوە.

- هەینی ٢٨ نیسان ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

شەوی قەدر بوو، شەوی هۆگر بوون بە قورئان، مەسحەفەکانمان خستە سەر سەرمان و گەروەکانمان دەستیان بە نزا و پاڕانەوە کرد، توڕەیی بەعسییەکانمان هەستاند، ئەوان ڕێگەمان پێ نادەن بە زیندووکردنەوە شەو، خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و دەنگی پاڕانەوەکان لە تەنیشتەکانی کەمپە جەمەلۆنەکەدا دەچووە دەرەوە.

لە هاوشێوەی ئەم بارودۆخە دوودڵەدا، قورئانی پیرۆز ئاسودەیی و ئارامی دەخستە دڵمانەوە، یاسا بڕیار سەپێنراوەکان وایان دەخواست لە کاتژمێر نۆی ئێوارەوە بخەوین، حاجی حوسێن شوکری داوای لە پاسەوانان کرد، ئەم شەو واز لە دیلەکان بهێنن، بەڵام

ئەوان ئەمەیان ڕەتکردەوە، وتیان هەر کە کاتی خەوتن ڕاگەیەنرا، پێویستە هەمووان بخەون، یەزدان بەخش وتی: ڕێگەمان پێبدەن ئەم شەو پەرستش بکەین، زیانتان پێ ناگات بەم کارە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشداریش دەبن لە پاداشتدا، سەلوان بە توندی وەڵامی دایەوە: دەتانەوێ چەکێکتان پێ بدەین؟!

یەزدان بەخش لەوەڵامدا وتی: چەکی چی؟ مەبەستت چییە؟!

سەلوان وتی: ئێوە بە نزاکانتان لەگەڵمان دەجەنگن، ئایا هیچ چەکێکتان پێیە جگە لەمە؟!

وەك دەردەکەوێ یەکێکیان ئەو وتە جێماوەی بەر گوێ کەوتبوو، کە: ((نزا چەکی بڕوادارە))، هەر بۆیە هەستیان بە هەراسان بوون کرد کاتێك بەوانی وت: بترسێن لە نزای دیلە ڕۆژووگرەکان!

حاجی سەعدوڵا بە سەلوانی وت: قوڕ بەسەر ئەوەی پێی وایە بێ نیازە لە ئالوبەیت.

ئەم شەو شەفیق علسمی ئەفسەر لە ڕێنمایی سیاسی، ئێمەی بێ بەش کرد لە پیرۆزیەکانی ئەم شەوە، جا چ شتێك پێشبینی دەکەین لە ئەفسەرێکی بەعسی؟!

- سێ شەمە ٢ ئایاری ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

دوێنێ یەکێك لە دیلەکان هەوڵی هەڵاتنیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، دیلێکی خێوەتگەی ١٥ بوو؛ ئەم خێوەتگەیە بە دووری دوو سەد مەتر دەکەوێتە باشوری خێوەتگەکەمان، هەروەك بیستمان ئەم دیلە هەوڵیدا جەستەی خۆی بلکێنێ بە بنی ئوتۆبێلی ئیڤاوە، کە نانی دەهێنا، یان ئەو ئوتۆمبێلەی پاشماوە دەباتە دەرەوە خێوەتگەکە.

له دەرگای دووەمی سەربازگەکە ئەفسەرێك ئەوی دۆزیەوە!! ئەو ئوتۆمبێلەی دەچێتە دەرەوەی سەربازگەکە، بەسێ خاڵی پشکنیندا تێپەڕ دەبێت، لە هەر خاڵێکدا ژمارەیەك ڕێکخەری توونند و دڕندەتر هەن، ئەمەش بۆ پاراستنی نهێنی بوونی ئەم کۆمەڵگانەیە، کە هەزاران دیلی ونبوو لەخۆی دەگرێت، وەك ئەوەی لە گۆڕستانێکی لەبیرکراودا بن، بوونیان نەبێ تەنها لە لیستی بەعسییەکاندا نەبێ.

بۆ ئەوەی دیل بوێری نەبێ، خۆی بشارێتەوە لە نێو زبڵ و خاشاکدا، ئەوا ئوتۆمبێلی زبڵ فڕێدان پانکەرەوەیەکی لێبەستراوە، کە هەر کەسێك پاشگەز دەکاتەوە کە بیری کردبێتەوە لە هەڵاتن.

بەعسییەکان ڕێوشوێنی پاسەوانیان توونندتر کرد، لە دوای هەڵاتنی دوو لە دیلەکان لە خێوەتگەی موسڵ[1]، ئەمە لە کاتی جەنگدا بوو، بەعسییەکان ئەمەیان بە سوکایەتی کردن دانا بەرامبەر ڕێوشوێنە تەنهاییەکانیان.

یەك تروسکەی هیوا نییە، سەبارەت بە گونجانی هەڵاتن لە خێوەتگەکانی تکریت، بەگوێرەی ئەوەی سەعدی بەرپرسی پاسەوانی لە خێوەتگەکە وتی: لە دوای هەڵاتنی دوو دیلی ئێرانی، سەدام فەرماندەی گشتی دیلەکانی ئێرانی لەسەر کار لادا لە عێڕاق، حەمیدی لە جێگەیدانا کە پلەی عەمیدی هەبوو، ناوبراو بە سەعدی وتوە: ئەگەر هەر دیلێکی ئێرانی هەڵات واباشترە خۆشت هەڵبێی، ئەگەرنا سەری خۆت لە دەست دەدەی، پێش ئەوەی دیلە ئێرانەیەکە قاچی بخاتە نێو ئێران.

هەر بۆیە عەمید ڕوکن حەمید ئەم هەڕەشەیەی بۆ گشت دیلە ئێرانیەکان گواستەوە و ڕاگەیاند، لە نێو خێوەتگە نهێنیەکاندا، هەڕەشەی سزای توونندی پێدان، ئا

---

(١) هەر یەك لە زاگرۆس میرانی و محەمەد ڕەزا عەبدی توانیان لە خێوەتگەی موسڵ ڕا بکەن، محەمەد ڕەزا عەبدی یاداشتەکانی خۆی بڵاو کردەوە، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (هەڵاتن لە موسڵ)، کە لەلایەن بڵاوکراوەکانی سورە مهرەوە بەچاپ گەیەنرا، نووسینگەی ئەدەبیات و هونەری بەرگری.

بەم شێوەیە هەڕەشە و گوڕەشەکە گوازرایەوە بۆ سەرۆك پاسەوانەکان و دواتر بۆ پاسەوانان.

کرداری هەڵاتنی شکست خواردوو ڕێوشوێنی پاسەوانی و هەراسانکردنی زیاد کرد، دوو کاتی تر بۆ سێ کاتەکەی تری سەرژمێری دیاری کران، پێش نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆ.

دیلێکی تر هەوڵی ڕاکردنیدا، بەوەی ڕۆیشتبووە نێو ئوتۆمبێلی ئاو گوێزەرەوە، لە نێویدا مرد بوو، لاشەکەی چوار ڕۆژ بوو لە نێو ئاوەکەدا مابووەوە، بۆنی ئاوەکە زۆر ناخۆش بوو، ئێمە وامان دەزانی ئەم بۆنە ناخۆشە بۆ بۆنی بیرەکە دەگەڕێتەوە!

کاتێك جەستەکەیان هێنایە دەرەوە شین بووەوە!!

دانیشتن لە ڕیزەکانی سەرژمێریدا بۆ ماوەیەکی زۆر و ڕۆژانە پێنج جار، کاریکە گیان دەکێشێ، بەتەمەن و بریندارەکان زیاتر لەوانی تر ئازاریان دەچێشت.

ئێمە بەرۆژوو بووین، بەداخەوە ئەم دیلە کاتێکی وای هەڵبژاردبوو، وایکرد ئەم هەراسانکردن و ڕێوشوێنانە ئازاربەخشتر بن، نازانم بۆچی مرۆڤ هەندێك جار بە خۆویستانە بیر دەکاتەوە، هەڵاتنی یەك دوو کەس، قوڕ بەسەر نزیکەی چل هەزار هاوڕێیانیدا دەکات، کەمترینی ئەم ناخۆشیانە زیاد بوونی ژمارەی سەرژمێری و ڕیزبونەکانە.

دیلەکانیان کۆ کردنەوە لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، فازڵی ئەفسەر فەرمانی کرد، دیلەکان خۆیان بانگلۆز بکەن لە لای نۆرینگەکەوە تا دەرگای خێوەتگە جەمەلۆنەکە، دواتر فەرمانی بە پاسەوانان کرد، دیلەکان فڕێ بدەنە نێو کەناڵی ئاوی قوڕس یان جۆگەکان، کاتێك هەندێك لە دیلەکان بەرگەیان گرت، بە گێبڵ و قەمچی لێیاندان،

دواتر له کەناڵی ئاوەکەوە ناچارکران ڕابکەن بەرەو دەرگای کەمپە جەمەلۆنەکە، بۆنی ناخۆش پڕی شوێنەکە بوون هەر بۆیە جارێکی تر ڕووداوی هەڵاتن دووبارە نەبووەوە، پێم وابێ ئەم تەنگوچەڵەمانە، سەرشۆڕکەر بوون بۆ هەر یەکێك بیەوێ لە گرتووخانە نهێنیەکاندا ڕابکەن.

- **چوار شەمە ٣ ئایاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦**

یەك کاتژمێر تێپەڕی بەسەر نانی ئێوارە، ئێمە شەکەت ببووین بەهۆی برسێتیەوە، مام ئیبڕاهیم لە هەمووان بە تەمەنتر بوو لە خێوەتگەکە، لە ڕیزەکەدا هەڵسا و ڕۆیشتە شوێنی خۆی و لەتە نانێکی دەرهێنا و بەهێواشی دەیخوارد، بە ڕووژوو بوو و دەینالاند بەدەست نەخۆشی گەدە و بە تەمەنیەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕۆژوو بوو!

مام ئیبڕاهیم ناسراوە بە سروشتە توڕەکەی، لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ پیری و جەستە لاوازەکەی، بە کەمترین سوکایەتی توڕە دەبێ، هاوڕێیەکی لەگەڵدا بوو و پێی وت: مام ئیبڕاهیم! پێویستە لەگەڵ ئەم بەعسیانە بێینەوە، فەرمانەکانیان پەیڕەو بکەین، ئەوان تۆڵەمان لێدەکەنەوە، چونکە ئەوانمان تێکشکاندووە لە بەرەکانی جەنگدا، ڕاستە تۆ کەسێکی سەربازی نیت، بەڵام بەرگەی ئەوانە بگرە لە پێناو خێزانەکەت، پێویستە بەرگە بگرین، چونکە تاکە بژاردەمانە.

پێم وابێ قسەکردن لەگەڵ مام ئیبڕاهیم سودی نابێ، چیتر گوێ بۆ ئامۆژگاریەکان ناگرێ؛ برسێتی زۆری بۆ دیلەکان هێناوە، لە برسان و تێنوێتی و ئەشکەنجەی وەستان بۆ سەرژمێری کەوتوون، بۆیە هەندێکیان کەوتنە سەر زەوی.

کاتێك مام ئیبڕاهیم لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە، وەلید شێت و هار بوو، چونکە هەستان پێویستی بە مۆڵەتە، ئەویش مۆڵەت لە کەس وەرناگرێ، وەلید چاودێری مام

ئیبڕاهیمی دەکرد لەو بۆشاییەی لەلای سەرەوەی دەرگای کەمپی جەمەلۆنەکە هەبوو، بانگی کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرژمێری، مام ئیبڕاهیم گوێی پێنەدا، بەردەوام بوو لە کڕاندنی لەتە نانەکەی، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێ!

تەنها وەلید و عەتیە نەبن، ئەوا هەموو پاسەوانان ڕێزیان دەگرت لە مام ئیبڕاهیم، بەهۆی ئەوەی بەتەمەن بوو، وەلید لە چاوی دیلەکاندا دەیخوێندەوە کە چەندە ڕقیان لێیەتی، هەر بۆیە وتی: ئیبڕاهیم سزا دەدرێ لەسەر یاخیبوون و فەرمانبەردار نەبوونی بۆ مەرجەکان، یەك کاتژمێر و نیو لەم شوێنەدا، بە دەستی ئاماژەی بۆ گۆڕەپانی سەرژمێری کرد کە لەوێ دەمێنێتەوە!! پێویستە یاسا جێبەجێ بکرێ، بەتەمەن و گەنج ناناسێ، خۆ ئەمە ڕوونە؟!

بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتە نانی ئێوارەی ئەم شەومان زیاتر تاڵ بوو، ئێمە خەمبار بووین بۆ ستەملێکراوی مام ئیبڕاهیم، لە ناخمانەوە نەفرەتمان دەکرد لە وەلید، منیش نزام لێدەکرد.

تەنانەت تکاکانی عەلی جاڕوڵا کاریگەریان نەبوو، مەسعود شەفاعەت منشی ئەندازیار[1] دەستوەردانی کرد، هەوڵیدا کاری تێ بکات، لە ڕێگەی باسکردنی فەرموودە و گێڕانەوە تایبەتەکان لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو دیلانەی لە تەمەنی مام ئیبڕاهیمدان، ئاگاداری کردەوە لە سزای خوایی!

وەلید زیاتر کەلە ڕەق بوو، داوای لە ئەندازیار کرد لە پاڵ مام ئیبڕاهیم دابنیشێ، لێرەدا غولام ڕەزا کەریمی ڕۆیشتە لای وەلید و تکای لێکرد واز لە مام ئیبڕاهیم بهێنێ،

---

(١) لەوانە بوو کە کاری دەکرد لە تێکۆشانی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، دوای گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بووە بەرپرسی کاروباری قوربانیانی تێکۆشان لە بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوە لە پارێزگای فارس.

بەڵام بێ کەڵك بوو، داوای لە حەکیم خەلەفیان دوو دێڕە شیعری فارسی لەبارەی جوامێری بۆی وەربگێڕێت:

((کاتێك جڵەوی خۆت دەگری ئەوا پیاوی! کاتێك کەم و کورتیەکان خەڵك باس ناکەی ئەوا تۆ پیاوی.

پیاوەتی لەوەدا نییە، پێ لەقە لەو کەسە بدەی کە کەوتۆتە سەر زەوی، پیاوەتی ئەوەیە بەر بووەتەوە سەر زەوی دەستی بگری)).

- شەمە ٦ ئایاری ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ پاسەوانانی کەمپە جەمەلۆنەکە بە کێبڵ و داردەستەکان لێیانداین، بەزەییان بەکەسدا نەهاتەوە لە کەسانی سەلامەت و بریندار، هۆکاری ئەوەم نەدەزانی؟ ویستم هۆکارەکە بزانم، پرسیارم لە عەتییە کرد و زۆر گەوج بوو وتی: یەکێك لە دیلەکان گوزارشتی ناشرینی لەسەر سەدام لەسەر دیواری ئاودەست نووسیوە.

یەکێکیان ئەم ڕستەیەی خوارەوەی نووسیبوو:

- ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونی سەدامە، گەر زەحمەت نەبێ، دوای دەست بە ئاو گەیاندن زیاتر ئاوی پێدا بکەن، بۆ پاك کردنەوەی کۆشکی سەدام!

هەر بۆیە لە ئێوارەی ئەم ڕۆژەوە ئاویان لەسەر بڕیوین، پێم وابێ ئێمە شایستەی ئەم سزایەن.

- یەك شەمە ٧ ئایاری ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ ڕێگەیان پێنەداین نوێژی جەژنی ڕەمەزان بە کۆمەڵ ئەنجام بدەین، هەوڵەکانی حاجی سەعدوڵا بەفیڕۆ چوون، لەگەڵ ئەوەی جەژنی ڕەمەزان، جەژنی

سەرەکی عەرەبەکانە، بەڵام نوێژی بەکۆمەڵ قەدەغە بوو، بۆیە دیلەکان بە تاك تاك نوێژیان کرد.

- دوو شەممە ٨ ئایاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

دوێنێ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو، لەگەڵ ئەمەشدا خەفەت بەسەر پاسەوانەکاندا دیار بوو، عەلی جاڕوڵا پرسیاری لەبارەی ڕامین کرد، زانیم هەواڵێکی گرنگی لایە، ڕۆیشتمە لای ڕامین و بۆ ئەوە هەواڵی عەلی جاڕوڵای پێ ڕابگەیەنم، هەواڵەکە لەبارەی عەدنان خەیرڕوڵای وەزیری بەرگری بوو.

دوێنێ عەدنان خەیرڕوڵا[1] کوژرا، ناوبراو سەرباری ئەوەی وەزیری بەرگری بوو، ئەوا جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو.

بۆچی لە دوای جەنگەکە عەدنان خێرڕوڵا کوژرا؟! پرسیارێکی مەزن لێرەدا هەیە! ئەمڕۆ ئەم هەواڵە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی گرت، ناونیشانی سەرەکی لە ڕۆژنامەی قادسیەدا ئەمە بوو: عەدنانی مەزنی دروستکەری سەرکەوتنەکانی لەشکری عێراقی لە جەنگدا!

بەعسییەکان هەوڵ دەدەن وا دەربخەن، کە ناوبراو کوژراوە بەهۆی کەوتنی هەلیکۆپتەرەوە، بەڵام سامی و عەلی جاڕوڵا پێیان وابوو، ئەوەی بەسەر پیاوی دووەمدا هات لە عێراقدا، پیلانگێریەکی پێشتر نەخشە بۆ دانراو بوو!

عەدنان خەیرڕوڵا خاوەن جەماوەر بوو لە نێو لەشکر و دامەزراوەکانی ڕژێمدا، قوتابی و دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوو، ڕۆژنامەکان قسەیان کرد لەبارەی مردنە ناڕوونەکەی، بەڵام کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەمەی ڕوویدا، بەهۆی کەم و کورتی

---

(١) عەدنان خەیرڕوڵا تلفاح، کوڕە خاڵی سەدام و برای هاوژینی سەدام، ساجیدە خەیرڕوڵا تلفاح.

هونەری بووە لە هەلیکۆپتەرەکە، ئەمەش بووەتە هۆی کەوتنی و تەقینەوەی، دوای چەند ڕۆژێك وردەکاری ئەوەمان بیست کە هەلیکۆپتەرەکە لە ئاسماندا تەقێنراوەتەوە بە فەرمانی سەدام و جێبەجیکردنەکەی لەلایەی عودەی کوڕیەوە بووە؛ هەلیکۆپتەرەکە لە شوێنێکی بیابانی نێوان تکریت و هەولێر کەوت بووە خوارەوە.

عەلی جاڕوڵا وتی: دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، سەدام دەستی کرد بە پەنهان کوشتنی هەر یەکێك کە گومانی لێ بکات، یان پێی وابێ مەترسیە بۆ سەر ئەو، دواتر جاڕوڵا هۆشداریدا لە بڵاوبوونەوە ئەم وتەیە! وتی: ئەم وتەیە زۆر مەترسیدارە هیوادارم لەبیری بکەن!

- دوو شەمە ١٥ ئایاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

چوار بەکرێگیراو هاتن، لە (ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق)، فازڵی ئەفسەر و شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی لەگەڵیاندا بوو، هاتنە نێو کەمپە جەمەلۆنەکە، ئەمە جاری دووەمە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە دێن لە پێناو هاندان بۆ ڕۆیشتنی دیلەکان بۆ نێو ڕیزەکانیان، جاری یەکەم لە ناوەڕاستی پایزی ساڵی ڕابردوو بوو، کاتێك ئێمە لە خێوەتگەی پاشکۆ بووین.

یەکێکیان لە دەوری چل ساڵان بوو، سەر ڕووت و ڕیشی بە حەوت موس تاشی بوو!! وا دەردەکەوت لە تەمەنی پەنجاکان بێ، پێم وابێ سەرۆکی ئەوانە، وتەبێژی بنەڕەتی بوو و دەستی بە قسەکردن کرد، فازڵی ئەفسەر بە گەرمی پێشوازی لێکرد و دەستی کرد بە پێشکەش کردنی بە دیلەکان و ناساندنی، ئای لەم بەختە خلیسکاوە، فازڵی ئەفسەر ڕێگەی بۆ خۆش بکات و بیناسێنێ، ئەفسەری ناوبراو یەکێکە لەوانەی دیلەکان ڕقیان لێدەبێتەوە، بەهۆی هەڵسوکەوتە تووند و تیژەکەی، کابرا وا دەردەکەوت باش

بێ، زۆر زیادەڕەوی دەکرد لە ستایشکردنی ڕێکخراوە بەکرێگیراوەکە!! هێشتا هەندێك لە وشەکانی لە یادمدا هەر ماون، دەیوت:

- ئەوانە ئێرانی هاونیشتمانی ئێوەن، ئەوان بایەختان پێدەدەن زیاتر لە بەرپرسانی نێو حکومەتەکەی خومەینی، پەنابەریمان پێداوە، سەرباری جەنگەکەمان کە هەشت ساڵی خایاندووە، لە ئێران شوێنیان نییە، بۆیە پەنایان بۆ عێراق هێناوە، دەبێ مەمنون بن، چونکە ئێمە پەناگەمان بە هاونیشتمانیانتان داوە، ئەگەر لە ئێران مابانەوە، ئەوا ڕژێمی خومەینی ئەوانی دەکوشت، ئەوان دەیانەوێ ئێوە ڕزگار بکەن لە خراپەی مەلاییەکان!

شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی زیرەکتر بوو، هەموو ئەوەی پوچەڵ کردەوە کە فازڵی ئەفسەر و ئەندامانی ڕێکخراوی ناپاك وتیان، بەپێچەوانەی نەریتی خۆی ڕاستی دەربڕی و وتی:

هەر یەکێك حەز دەکات لایەنگری ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق) بکات، ئەوا دەتوانێت، بەڵام ناتوانێ ببێتە ئەندامی و پێی بگات!

هەندێك کەس پێیان وا بوو، هەر کە ناوی تۆمار بکرێ ئەوا دەستبەجێ ئازاد دەکرێ و سەربەستیەکەی بەدەستدەخات!

بڕوام وابوو ئەم دووڕووانە، هاتوون بۆ ئەوەی هەر یەکێك لەگەڵ خۆیان ببەن کە حەزیان لێیە بچینە نێویان، یەکێکیان وتی:

- ئێستا ئێران لە دۆخێکی چاکدا نییە، ئێران بە کرداری بڕیاری ئاگربەستی ٥٩٨ جێبەجێ نەکردەوە، دەکرێ جارێکی تر جەنگ ڕووبدات، لەوانەیە ئەمریکا بەرەنگاری ئێران دەبێتەوە، سەرباری ئەمە ئێران خەریکە لەناوبچێ و بڕوخێ،

بەرپرسان تا ئێستا یەك هەنگاویان نەناوە بە ئاڕاستەی ئازاد کردنتان، وەك کەسانی لەبیرکراو وان، چیتر نرختان نەماوە لەلای بەرپرسان لە ئێران، مردوو یان زیندوون گرنگ نییە! ئەگەر بایەختان هەبووبایە، ئەوا بۆچی ئەم هەموو کاتە لە بەندیخانەدا دەڕزن؟!

هەر بۆیە داواتان لێدەکەم بێنە نێو ڕیزەکانمان، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشاوەتان لە عێراق هەبێ.

ئەم دووڕووە زۆر زیرەك بوو، لەلایەك بێ ئومێدی بڵاو کردەوە لە ئەگەری گۆڕینەوەی دیلەکان، لەلایەکی تر پەنجەرەی ڕزگاربوونی کردەوە بە ئاڕاستەی ڕزگاری و ئازادی، ئەمەش بە ڕۆیشتنە نێو ڕیزەکانیان.

وا دەردەکەوێ خوتخوتەی ئەم دووڕوانە کاری خۆیان کردبێ، لەسەر ناخی هەندێك لە دیلەکان، بۆیە کەمتر لە دە کەس ناوی خۆیان نووسی، دووڕووان و برایە بەعسییەکانیان مانەوە و چاوەڕێی زیاتریان دەکرد.

غولام ڕەزا کەریمی ئەندازیار، هەوڵیدا ئەو دیلانەی بەوان هەڵخەڵەتاون هۆشیار بکاتەوە، بەڵام فازڵی ئەفسەر بە توندی تێی هەڵدا، لەگەڵ ئەوەی شەفیق عاسم بە ڕاشکاوانە و ڕوونی ڕایگەیاند، ئەوانەی ناویان تۆمار دەکرێ ئازاد ناکرێن و ناچنە نێو ڕێکخراوەکە، تا ئەو کاتەی دیلەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، سەرباری ئەوە هەندێك پێیان وابوو ئازادی بەدەستدێنن، لەو کاتەی ناوی خۆیان تۆمار دەکەن لە ڕێکخراوی بەکرێگیراوەکە، بۆیە لیکاویان هاتە خوارەوە.

لە کۆتاییدا فازڵی ئەفسەر ڕاشکەوانە وتی: هەرکەسێك خۆی تۆمار بکات لە ڕێکخراوەکە، ئەوا هەڵسوکەوتێکی برایانەمان لێدەبینن، بەڵێ ئەوەی ناوی خۆی

دەنووسێ، واتای ئەوەیە ڕێگەیەکی جیاواز و دژ دەگرێتەبەر لەگەڵ حوکمی خومەینی[1] خومەینی[1] و ئەو دەبێتە هاوڕێمان.

- سێ شەمە ١٦ ئایاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

لەگەڵ حاجی حوسێن شوکری ڕۆیشتینە لای دیلێك، کە دوێنێ ناوی خۆی لە ڕێکخراوی دووڕوواندا تۆمار کرد بوو، لەلای دانیشتین، وێنام نەدەکرد بەم ئاسانیە هەڵبخەڵەتێ، کاتێك لە خێوەتگەی پاشکۆ بووین، دەهاتە لام و خەمەکانی لەسەر دەڕەواندمەوە، خۆشەویست و چاك بوو، بۆیە دەمویست ئامانجی ناونوسینەکەی بزانم، نوێژی دەکرد، حاجی حوسێن پرسیاری لێکرد: بۆچی وات کرد؟

هەستی بە نەنگی و شەرم کرد لەم کارەی، زۆرێك پەیوەندیان لەگەڵ پچڕاند، وتی: بەخوا بەرگەی سەیرکردنی ئەم ناپاکانە ناگرم کە نیشتمانەکەیان فرۆشتووە،وا گومانم برد بەم ڕێگەیە لە دیلایەتی ڕزگار دەبم!

حاجی حوسێن وتی: دەتەوێت لەم چاڵە ڕزگارت ببێ و بکەویتە نێو بیرێکی تاریکەوە؟!

بێ دەنگ بوو و یەك وشەی نەوت، هەستی بە پەشیمانی قوڵ دەکرد، دوای چەند ڕۆژێك دووڕووان دێن و لەگەڵ ئەوانەی ناویان تۆمار کردووە دەیبەن!! حاجی زۆر ئامۆژگاری کرد، کاریگەری وشەکانی لەسەر ڕووخسارە بێ تاوانەکەی دەرکەوت، حاجی حوسێن پێی وت:

---

(١) کاتێك ناوی ئیمامی خومەینیان دەهێنا لە وشەکانیان، دیلەکان سێ جار درود و سڵاویان لەسەر پێغەمبەر و ئالوبەیتەکەی دەدا، ئەمەش وای لە دووڕووان و برا بەعسییەکانیان دەکرد سور هەڵگەڕێن لە توڕەییاندا.

- کوڕم! ئێستا تۆ دیلی لەلای بەعسییەکان، سەربەرزیت بۆ خێزان و خانەوادە و خزمانت دروست کردووە، سەریان بەرزە پێت، ئێستا بیر بکەوە ئەگەر ئەوان بزانن تۆ پەیوەندیت بەم کۆمەڵە ناپاکەوە کردووە، چیان بەسەردێ، لە شەرمان سەر دادەنوێنن!

شوێنەواری پەشیمانیم لەسەر ڕووخساری بینی، خێرا ڕایگەیاند ئەگەر پێنوس و پەڕێکی پێ بدەن ئەوا پەشیمانی خۆی لە گوتارێکدا بە ڕێکخراوەکە ڕادەگەیەنێ[(١)].

- سێ شەمە ٢٢ ئایاری ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

دوێنێ وەلید وشەیەکی ناشرینی پێ وتم، لە نیوەڕۆدا کاتێك خەلیلی نەقیب هات، سکاڵای وەلیدم لەلا کرد، من زۆر هەراسان بووم و داوام لە خەلیلی نەقیب کرد بمگوازێتەوە بۆ کەمپە جەمەلۆنێکی تر، پێم وت: شوێنێکم دەوێ وەلیدی لێ نەبینم.

حەزم دەکرد بمگوازنەوە بۆ کەمپی جەمەلۆنی سێیەم، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەید فازڵ فازڵیان بم، یان کەمپی جەمەلۆنی چوارەم، تا لەگەڵ مەنسوڕ مزاهری بم، کە لە خەڵکی شارەکەمە.

هەندێك جار مەنسوڕ لەگەڵ هاوڕێیانی دەهات، کە لە خەڵگ گچساران بوو، لە پشت تەلە دڕکاویەکانەوە قسەمان دەکرد، هەموو خەڵکی شارەکەم لە کەمپی جەمەلۆنی ژمارەی چوار بوو، ئەوان سەربازی مەشقپێدراو بوون، بەڵام وام هەست دەکرد بەسیج بن.

---

(١) لە دیلایەتی ئازاد بوو لەگەڵم من، لە ڕێگەی گەڕانەوەدا پرسیاری لێکردم، سەید! بە تێڕوانینی تۆ ئایا لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکرێ لەسەر ئەوی کردوومە؟ پێم وت: ئاسودەبە، چونکە تۆ نەڕۆیشتیتە نێویان.

خەلیلی نەقیب سەرکۆنەی وەلیدی کرد، ئەمەم لە عەلی جاڕوڵاوە زانی، نەقیب بە وەلیدی وتبوو: کارت بەسەر ناسرٍ سلێمانەوە نەبێ!

ئەمە یەکەم جار بوو سکاڵا لە دەستی وەلید بکەم، کاتێك من لە خێوەتگەی پاشکۆ بووم، چەندین جار بڕیارمدا سکاڵای لێ بکەم لەلای بەرپرسان، بەڵام بیرم لە سزاکە دەکردەوە، بەمە پەشیمان دەبوومەوە، هیوام دەخواست نەقیبەکە هەڵبستێت بە گواستنەوەم بۆ شوێنێکی تر، وەك چۆن عیسا سودانی گواستەوە.

وەلید بەعسی بوو، وەك دەوترێ پشتی بەهێز بوو، خزمایەتی هەبوو لەگەڵ شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی، ئەمەم لە سامی بیستبوو.

من ئێوارە دەستنوێژم دەگرتەوە کاتێك وەلید بانگی کرد و بە توندی سەیری کردم، ئاگری ڕق و کینەم بینی لە چاوەکانیدا گڕی گرتووە، ڕاوەستام چاوەڕێی ئەوم کرد ئایا دەبێ چی بکات؟ مافی ئەوەم نییە بەبێ مۆڵەتی ئەو بچمە نێو کەمپە جەمەلۆنەکە.

هاوەڵانم دەچنە نێو کەمپە جەمەلۆنەکە بۆ سەرژمێری و ئامادەیی، لەناکاو بە توندی شەقە زلەیەکی لێدام، بە هۆیە پێ لەقەیەکیەوە کەوتمە سەر زەوی، حەمید زارع[1] دەست پێشخەری کرد و یارمەتیدام هەڵبستمەوە و بە وەلیدی وت: چیت لەم پەککەوتووە دەوێت؟ بۆچی بەم ڕێگەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەی؟

هەستم بە دڵشکان کرد، بە هۆی ئەم سوکایەتی پێکردنە، کاتێك ویستم بچمە نێو کەمپە جەمەلۆنەکە، وەلید بانگی کردم و پێی وتم:

---

(١) سەربازێکی فەرمی مەشق پێکراو بوو، ئێستا لە بانکی ناوەندی میللی ئەبرکوەی سەر بە پارێزگای یەزد یەزد کار دەکات.

- سکاڵام لەسەر دەکەی لەلای فەرماندە، ئەگەر ئەمە دووبارە بکەیتەوە (باوکت دەسوتێنم).

به حەکیم خەلەفیانم وت، کە هەرەشەکانی وەردەگێڕا:

- پێی بڵێ ئەم جارە سکاڵام لەلای خەلیلی نەقیب کرد و ئەنجامەکەی ئەوە بوو وەك دەبینی، تەنانەت ئەگەر ئەم جارە قاچی دووەمیشم ببڕیەوە لەلای نەقیب سکاڵات لێ ناکەم، بەڵکو لەلای باپیرەم سکاڵا دەکەم!

حەکیم کە دلگران بوو لەوەی وەلید کردی، قسەکەی بۆ وەرگێڕا، من دڵشکاو بووم، بۆیە لە ناخی دڵمەوە نزام لێکرد، زۆر منی ئازاردا، ناکرێ سزاکەی لەبیر بکەم لە دەرەوەی خێوەتگەکە، ئەمڕۆش هەستم بە تاڵایەتی خەم و خەفەت دەکرد.

دوای ماوەیەك، وەلید بە مۆڵەت ڕۆیشت، کاتێك گەڕایەوە لە مۆڵەتەکەی دەستی ڕاستی بەستڕابووەوە بە ملیەوە، باسکی بە برینپێچ بەستڕابووەوە، هیچ شتێکی نەوت، بەڵام موئەیەدی پزیشك وتی: وەلید دووچاری ڕووداوێکی هاتووچۆ بووە لەسەر ڕێگەی نێوان بەسرە و عەمارە، ئوتۆمبێلە (تۆیۆتا)کەی لێدەخوڕی، دەستی لەلای ئەنیشکی شکاوە، دوای مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی یەك هەفتە، وەلید هاتە خێوەتگەکە و ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە لای فازڵی بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە و پرسیار لێکرد لە بارەی منەوە، من لە ژێر بانی خۆرئاوای کەمپە جەمەلۆنەکە دانیشت بووم، وەلید هاتە لام و وتی: ئەوەتا منم ناسڕی هەواڵگری، نزات لێکردم و دووچاری ڕووداوی هاتوچۆ بووم!

وا هەستم کرد بە کیبڵ لەسەرم دەدات، هەر بۆیە هەستم بە بەختەوەری کرد، چونکە ڕۆیشت بەبێ ئەوەی لێم بدات، لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژانەدا لەوانەیە بگۆڕێ و بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵام ڕۆژگار ئەوەیان سەلماند، وەلید ئەو مرۆڤە نییە بگۆڕێ و پەند وەربگرێ.

- پێنج شەمە ٢٥ ئایاری ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی ١٦

لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ئوتۆمبێلی ئیڤا هاتە نێو خێوەتگەكە و خۆراكی هەڵگرتبوو.

دیلەكان لە گۆڕەپانی خێوەتگەكە كۆبوونەوە بۆ وەرگرتنی بەشی خۆیان لە نەعلە بۆ ساڵی دووەم، ڕیزیان بەست، وا بڕیار بوو لە دوای مانگێك بەشی خۆمان لە پۆشاك وەربگرین.

لەگەڵ محەمەد كازم بابائی[1] وەستابووم لە دواوەی ڕیزەكە، هەر دووكمان قاچێكمان بڕدرا بوو، من قاچی ڕاستەم و ئەویش قاچی چەپی، هەر بۆیە بڕیارماندا ئەگەر نەعلەمان وەرگرت تاكەكان لەگەڵ یەكتر بگۆڕینەوە، من تاكی ڕاستە و ئەویشت تاكی چەپەم پێبدات، ئا بەم شێوەیە هەر یەكێكمان نەعلەیەكی تر دەستدەخات، نۆرە گەیشتە ئێمە، سەربازەكە ویستی جوتە نەعلێكمان پێ بدات، خەلیلی نەقیب لەلای ئوتۆمبێلی ئیڤاكە وەستا بوو، بە سەربازەكەی وت:

- یەك جوت بە هەر دووكیان بدە.

خەلیلی نەقیب ئێمەی تووشی شۆك كرد، دركی بەوە كرد جووتە نەعلێك بەشی هەر دووكمان دەكات، ئومێدەكانمان لە بەدەستخستنی تاكە نەعلێكی زیادە وەك هەڵمی بەر بای لێهات.

- شەمە ٣ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی ١٦

لەوەتەی ماوەیەكە ئامێری تەلەفزیۆنیان داناوە، شەوی ڕابردوو تەلەفزیۆنەكە ڕاپۆرتێكی وێنەگیراوی پێشكەش كرد لەبارەی ئیمام، كە لە نەخۆشخانە ڕاكشاوە، لەسەر

---

(١) لە خەڵكی یەزد و ئەندامێكی لیوای غەدیرە.

ڕووخساری ڕۆشنی سیمای ماندوێتی و لاوازی هەیە، دڵمان داماڵراو و بەتاڵ بوو، کاتێك تەلەفزیۆنی بەغداد وێنەی ئیمامی لە نەخۆشخانەی دڵ پیشاندا لە تاران، دیلەکان هێرشیان کرد بە ئاڕاستەی تەلەفزیۆنەکە و لەوپەڕی ئامادەیی دابوون، پاسەوانان تووشی شۆك بوون، دوێنێ نەیانتوانی بە زەبری هێز دیلەکان ناچار بەدانیشتن بکەن بۆ سەیرکردنە تەلەفزیۆن، کە بەرنامەیەکی زۆر پەست و نزم نمایش دەکات لە سەما و گۆرانی و ئاهەنگ، ئا ئەوەتا ئەوان کۆ دەبنەوە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن!!

زۆربەی دیلەکان بیریان لە خێزانەکانی خۆیان دەکردەوە، لە هەمان ئاستدا بیریان لە ئیمامیش دەکردەوە، ئێمە ئومێدمان وابوو دوای ڕزگار بوونمان لە دیلایەتی سەردانی ئیمام بکەین و چاوەکانمان بە بینینی ئەو کل بکەین، ئەم ئومێدە هەندێك لەو ناخۆشیانەی لەسەر سوك دەکردین کە لە زیندانە نهێنیەکانی بەعسدا بەسەرماندا دەهاتن.

هەموو دڵەکان لێرەدا پڕن لە خۆشەویستی ئیمام، هەموو دڵەکان بیر لە ئیمام دەکەنەوە، هەموویان شڵەژاون لە پێناویدا، لە دەوری تەلەفزیۆنەکە کۆبووینەوە، چاوەکان پڕ بوون لە فرمێسك، سەرنجەکان لەسەر هەواڵەکانی ئێوار بوون، چەند ساتێك لە بێدەنگی ترسێنەر زاڵ بوو، سەرباری ئەو دوودڵی و شڵەژانەی لە ناخەکاندا هەبوو؛ من خولیای ئەوەم هەبوو ڕووخساری ئیمام ببینم، ئێمە زۆر شەیدای بیستنی هەواڵی چاکبوونەوەی ئیمام بووین لە دوای بینینی ئەو لە نەخۆشخانە، ڕاپۆرتە وێنەگیراوەکە لەبارەی ئیمام و باری تەندروستیەکەی تەواو بوو، دیلەکان پەرت و بڵاوبوونەوە، هەر یەکێکمان پاشەکشەی کرد بۆ نێو ناخی و خەمی خۆی بە تەنها چارە دەکرد، دەستەکان بەدەم نزاوە بەرز کرانەوە بۆ لای بەدیهێنەری زەوی و ئاسمان، کە توانای دابەزاندنی هەموو جۆرە چارەسەر و شفایەکی هەیە.

حاجی سەعدوڵا لەبەر خۆیەوە لە خوای بێگەرد پاڕایەوە و وتی:

خوایەگیان؛ تۆ بارودۆخی ئێمە دەزانی، خوایەگیان ئیمامەکەمان لێمەستێنە!

شەوێکی درێژ و تاڵ بوو، زۆرێك پێڵوی چاوەکانیان بەیەکەوە نەنا، دوودڵی وەك ڕەشەبا بەسەر دڵەکاندا هەڵیکردبوو، تەنانەت ئەوانەی بایەخیان پێنەدەدا؛ دەمانبینی هەوڵی گوێ گرتن دەدەن بۆ هەواڵی چاکبوونەوەی ئیمام، بەڵکو لە بەیانیدا ببیستن.

- یەك شەمە ٤ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

لەم ڕۆژەدا هەندێك لە دیلەکان لە گۆڕەپانی گڵێنی خێوەتگەکەدا دادەنیشتن، ڕوویان کردبووە ڕووگە و دەستیان بەرز کردبووەوە بۆ ئاسمان و نزای شیفایان بۆ ئیمام دەکرد، حاجی حوسێن شوکری وتی: من دڵنیان لەوەی خوای بێگەر ئەگەر بیەوێ وەڵانی نزا بداتەوە، ئەوا وەڵامی نزای دیلە دڵشکاوەکان دەداتەوە، بەڵام ئەگەر ئیمام لە خوا پاڕابێتەوە بیگەینێ بە باپیرە پاکەکانی و شەهیدان و ڕاستگۆیان، ئەوا نزای ئێمە هیچ کاریگەریەکی نابێ!

ئێوارە فیکەی ڕۆیشتنە نێو کەمپە جەمەلۆنەکان لێدرا، دیلەکان ڕوویان کردە چوونە ژوورەوە، دوودڵی بە هەموانەوە دیار بوو، لە ڕیزەکانی سەرژمێری و ئامادەیدا دانیشتن، سەرنجەکان لەسەر بەرپرسان و عەلائی وەرگێڕی ئێرانی بە ڕەسەن عەرەبی بوو.

پێش ئەوەی فەرماندەی سەرژمێری بێت، عەلاء هەڵدەستا بە وەرگێڕانی هەواڵەکانی ڕۆژنامە عێڕاقییەکان بە سەر زمانی فارسی، ئەم کارە بووەتە نەریتێك، وەرگێڕەکە پێش سەرژمێری ئەنجامی دەدات، ئێمە چاوەڕێی بیستنی هەواڵی چاکبوونەوەی ئیمام بووین، تێبینی زیادبوونی ڕێوشوێنەکانی پاسەوانی و زیادبوونی ژمارەی پاسەوانەکانمان کرد لە خێوەتگەکەدا، وا دەردەکەوێ دۆخێك لە ئامادەیی هەیە،

کاتێك هاتینە نێو کەمپە جەمەلۆنەکە، پاسەوانەکە دەرگاکەی داخست و لە دەرەوەی کەمپە جەمەلۆنەکە وەستان.

عەلاء لەسەر خۆی نەبوو، وەك هەموو ڕۆژانێکی تر نەبوو، پێشتر بە ئارامی کارەکەی دەکرد و هەواڵی ڕۆژنامەکانی بەسەر ئێمە دەخوێندەوە و دەیکردە فارسی، هەوڵی دەدا زاڵبێت بەسەر خۆیدا زاڵبێ و گریانەکەی ڕابگرێت، بە دەم قەتیسبوونی گریان لە گەروویدا هەواڵە بروسکە ئاساکەی ڕاگەیاند:

- ئیمامی خومەینی گیانی سپارد و گەیشتە جیهانی باڵا!

بەهۆی مەزنی ئەم هەواڵە ڕێك وەستام وەك ئەوەی کابوسێك ببینم، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات جماران[1] ئیمامی لێ نەمێنێ.

چەند ساتێك لە بێ دەنگی بۆ ماوەی چەند چرکەیەك بەردەوام زاڵ بوو، دواتر دیلەکان لە هاوار و ناڵەی گریانیاندا، دوای هاواری دیلێککە وەك بروسکە بو، کە گریان و ناڵەی بەردا، هەندێك بەبێ هۆشی کەوتنە سەر زەوی، گریان باڵی کێشا هەر لە حاجی حوسێن شوکری بەساڵاچووی نێو دیلەکان تا ئەمیری تەمەن بچوك و منداڵ، کە چارەنووس ئەوی هێناوە بۆ ئەوەی ببێتە بچوکترین دیلی جەنگ، بەڵکو لەوانەیە بچوکترین دیل بێ لە گشت جەنگەکانی جیهاندا!

پاسەوانان تووشی سەرسوڕمان بوون، وێنای ئەوەیان نەدەکرد، دیلەکان تا ئەم ئاستە لە عاشق بوون ئیمامیان خۆشبوێ!!

---

(١) لەوپەڕی باکوری تارانە، ناوچەیەکی نیمچە لادێیە، ئیمام لەوێ لە خانووێکی سادەدا دادەنیشێ، لە پاڵ حوسەینیەی جماران، ئیمامی کۆچ کردوو گوتار و وتەکانی لەوێ پێشکەش دەکرد، کە پێخەڤی ستەمکارانی دەهەژاند و مێژووی دروست دەکرد. وەرگێڕی عەرەبی.

فازڵی ئەفسەر هات و فەرمانی دەرکرد: بۆ دیلەکان نییە ڕێوڕەسمی پرسە و شین بگێڕن لەسەر ئیمامی کۆچ کردووە زیاتر لە دوو کاتژمێر، کاتێك ساتی وەرگرتنی نانی شێوانی ڕاگەیاند، هیچ یەکێك نەچووە نێو ڕیزی وەرگرتنی خواردن، ئەم شەو تاکە شەوە دیلەکان بەسەریان برد بەبێ نان خواردن، هەستمان بە هەتیوی دەکرد، زۆرترهەستمان بە نامۆیی و دەردی دووری کرد!

ئاخ و ناڵەی گریان لە گۆشەکانی کەمپە جەمەلۆنەکەدا بەرز دەبوونەوە، بەڵام هەندێك لە دیلەکان سەری خۆیان خستبووە ژێر بەتانیەکان و دەیاننالاند، ئەمە تا نیوە شەو بەردەوام بوو!

- دوو شەمە ٥ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

مەجلیسەکانی گفتوگۆی شەو، لەم شەوەدا بوونە شینگێڕان و گۆڕینەوەی پرسە، بازنەکانی وانە پەکیان کەوت، کە خەریك بوو ئەنجام دەدران، لە ڕۆژەکەدا هاوڕێیان بڵاو دەبوونەوە لە گۆشە و کەنارەکاندا، هەندێکیان واق وڕ دەمان لە خاڵێکدا و لەگەڵ ناخی خۆیان سەرقاڵ بوون، لە ڕیزەکانی سەرژمێریدا هەر یەکیك دانیشتبوو چارەی کێشە و خەمەکانی خۆی دەکرد، بێ دەنگی بەسەر هەمووواندا زاڵ بوو!

ڕامین حەزرەت زادە بێ پێشەکی وتی: سەید! کاتێك حوسێن سڵاوی خوای لێبێ هەواڵی شەهیدبوونی عەلی ئەکبەری بۆ هات، وتی: دونیا لە دوای تۆ بێ نرخە، ئێمەش پێویستە بڵێین: دونیا لە دوایئیمام بێ کەڵك و خۆڵە!

پاسەوانان زۆر سەرسام بوون بە دیمەنی دیلەکان، کە دەگرییێن و دەناڵێنن بۆ ئیمام.

من؛ سامی و عەلی جارولآی دوو پاسەوانە چاکەکەم بینی، دەگریان بۆ ئێمام و فرمێسکیان لە چاو دەهات، تەنانەت موئەیەدی پزیشك خەمبار بوو، هەوڵی دەدا خەمباربوونی بۆ ئیمام بشارێتەوە.

هەندێك لە پاسەوانە بەعسییەکان دڵخۆشبوون و ئەمەشیان دەردەخست.

یەزدان بەخش مورادی[1] بە عەتیەی وت: ڕۆژێك مێژوو قسەی خۆی بۆ گەلی عێراقی دەکات، کە خومەینی کێیە و ئەوانی تر کێن؟

دیلەکان بیریان دەکردەوە چی لە دوای ئیمام دەبێ؟ ئێمە حەزمان دەکرد بزانین کێ جڵەوی سەرکردایەتی دەگرێتە ئەستۆ لە دوای کرچ کردنی ئیمام.

لەو ڕۆژانەدا لە پاسەوانە بەعسییەکانەوە وشەی ناخۆشمان دەبیست، وشەکانیان وەك دڕك بوون، کە لە دڵە خەمبارەکان بۆ کۆچکردنی ئیمامی خۆشەویست ڕادەچوون، پێیان وایە ئێران کۆتایی هاتووە.

حامد بە ناشرینی وتی: بە داخەوە ئەگەر مردنی ئیمام لە کاتی جەنگدا بووبا ئەمە ئێرانمان داگیر دەکرد!

فازڵی ئەفسەریش وتەی ئەوان دووبارە دەکاتەوە و وتی: بەم زوانە ڕژێمی ئێران دەڕوخێ.

ئەسغەر ئەسکەندەر وەك پوچەڵکردنەوەی وتەکانیان وتی:

---

(١) لە خەڵکی قەزوین و لە کادیرە هزری و کەلتوریەکانی نێو خێوەتگەکە بوو، دەرچووی زانکۆی (پەروەردەی مامۆستای تاران) بوو، ماستەری لە یاسادا بەدەستهێنا بوو، ئێستا مامۆستای زانکۆیە و ئەنجامی ئەنجومەنی شاری قەزوینە.

ئایا له دوای كۆچی دوایی كردنی پێغەمبەری نازدار (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئیسلام كۆتایی هات؟ شۆڕشی ئیسلامی هەر ماوه و بەردەوامه، چونكه پەیوەست نییه به كەسێكەوه، هەروەك ئاینی ئیسلام پەیوەست نەبوو به كەسێكەوه.

وەلید وتی: مەسعود ڕەجەوی دەبێته سەركردەی ئێران، عەلی جارولا و سامی وتیان: ئێران دووچاری كێشه نابێتەوه به كۆچ كردنی سەركردەكەی، هەوڵیدەدا هەستەكانی لەبەردەم دیلەكاندا بشارێتەوه و دڵی ئێمەی دەدایەوه و دەیوت: ئێمەش خەمبارین بۆ كۆچی دوایی كردنی خومەینی، ئەو پیاوێكی مەزن بوو.

دیلەكان پۆشاكێكی شینیان لەبەر كرد، پۆشاكی زەردیان لەبەر نەكرد وەك گوزارشت كردن له خەمباریان، سەرۆكی پاسەوانان دەستوەردانی كرد، سوربوو لەسەر ئەوەی پۆشاكی زەرد بپۆشین، كه دیاریكراوه بۆ دیلەكان.

هەواڵمان پێنەگەیشتووه لەبارەی بڕیاری ئەنجومەنی شارەزایان، ڕایەكیان دژ یەك بوون له بارەی ئەوەی كێ شوێنی ئیمام دەگرێتەوه له سەركردایەتیدا، هەندێك پێیان وابوو ڕێزدار خامنەئی توانای تەواوی هەیه له شوێنگرتنەوەی ئیمامی كۆچكردوودا، ئەمه ڕای حاجی سەعدولا گول محەمەدی، حەسەن بەهەشتی پور، یەزدان بەخش مورادی، غولام ڕەزا كەریمی ئەندازیار و ئەوانیتره، بەڵام من خەیاڵم تەنها وێنای سەركردەیەكی دەكرد له تەمەنی حەفتاكاندا یان زیاتر لەم تەمەنه، وێنای گەنجێكم نەدەكرد به ڕیشێكی ڕەشەوه جڵەوی ڕێبەرایەتی بگرێتەدەست، له كاتێكدا مەرجەعی تەمەن گەوره بوونیان هەیه، لەگەڵ ئەمەشدا ناوی ڕێزدا خامنەئی چارەسەر بوو بۆ برینەكه.

- سێ شەممه ٦ حوزەیرانی ١٩٨٩ — تكریت — خێوەتگەی ١٦

ڕۆژنامەوانی بەعسی زۆر هەراسان بوو، قسەی دەکرد لەبارەی وردەکاری کۆبوونەوەی مێژوویی ئەنجومەنی شارەزایان، لە ڕۆژنامەی سەورەوە زانیمان ڕێزدار خامنەئی لە دوای ئیمام هەڵبژێردراوە بۆ ڕێبەرایەتی!

شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی، دوێنی گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ دیلەکان، لەبارەی شوێنگرتنەوەی ئیمامی کۆچ کردوو، دەیەوێ لە میانەی دیلەکانەوە بزانێ کێ شوێنی ئیمامی دەگرێتەوە لە ڕێبەرایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی، کاتێك ناوی سەید خامنەئیان دەبیست، دەموچاویان تێکدەچوو، نەیاندەتوانی ڕق لێبوونەوەی خۆیان بۆ ئەو بشارنەوە.

هەندێکیان وتیان: سەرۆکی سەرکردە و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بە عیزەت دوری و تارق عەزیزەوە دەیانەوێ مەسعود ڕەجەوی ببێتە سەرکردەی ئێران، ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەوا با ئایەتوڵا مونتەزیری ببێتە ڕابەر، بە عەریم موئەزنم وت: چۆن لەبیر دەکەن کەسێك پۆشاکی ئاینی لەبەر نەبێ ناتوانێ ئەم پۆستە وەربگرێ؟ کەریمی ئەندازیار وتی: عیزەت ئیبڕاهیم و تارق عەزیز دەیانەوێ ئێران لە بووندا بسڕنەوە!

هەی هەڵبژاردنی ئایەتوڵا خامنەئی هات، وەك ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی، ئەمەش بووە مەلحەمی برینی ئێمەی دیل لە زیندانە نهێنیەکانی بەعسدا.

ئەم شەو دوایین بەرنامەی کەناڵی بەرگری[1] هی ڕێکخراوی دووڕووان بوو، کە لە تەلەفزیۆنی بەغداد پەخش دەکرێ، نازانم بۆچی پێشکەشکاری بەرنامەکە زۆر

---

(١) بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەرگری، کە ڕێکخراوی موجاهیدنی خەلق (موجاهیدنی گەل) پێشکەشی دەکەن، ڕۆژانە بە ئەندازەی نەوەد خولەك پەخش دەکرێ، لە کاتژمێر چواری ئێوارە تا پێنج و نیو، لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنی بەغداد، زۆربەی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن لەو کارمەند و پێشکەشکارانەن کە کاریان دەکرد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەسەردەمی شادا، بەسروشتی پێکهاتەی دەروونیان ڕقیان لە ئیمام و

درێژکردنەوەی کرد لە کێشان و پیوانی جنێو بۆ ئیمامی کۆچ کردووە، کاردانەوەی تووڕەیی بەدوایی خۆیدا هێنا لەلایەن دیلەکان، دەیانوت: مەرگ بۆ دووڕووان، مردن بۆ ڕەجەوی، هاواری تووڕەیی گوێچکەکانی کەڕ دەکرد، دیلەکان هەڕەشەی شکاندنی ئامێری تەلەفزیۆنیان کرد، ئەگەر پاسەوانەکە ئەوە ڕەت بکاتەوە هەڵیبگرێ.

کاتێك یەکێك لە دیلەکان هەڵسا بۆ ئەوەی ئامێرەکە بشکێنێت، حاجی سەعدوڵا ڕێگری لێکرد و هەستم بە شۆك کرد، کاتێك حاجی پێی وت: سامانی خانەی موسڵمانان (بەتولمال)ە! دیلەکە وتی: ئایا ئێمە لە ئێرانین تا ئەمە سامانی گشتی بێ؟

حاجی وتی: کێ پێی وتی سامانی موسڵمانان تەنها لە ئێرانە؟ ئەم ئامێرە موڵکی گەلی عێراقییە، ڕاستە لەبەر دەستی لەشکری سەدامە، بەڵام سەدام تا هەتایە نامێنێ، ڕۆژێك دێت گەلی عێراقی ڕزگاری دەبێ لە خراپەکاریەکانی سەدام.

بڕیاری مانگرتن درا لە سەیرکردنە تەلەفزیۆن، دوای کۆچی دوایی ئیمام، لە ناخی دیلەکاندا ئاگرێك هەبوو، وەك ئاگری ژێر خۆڵەمێش،پێش ماوەیەك دیلەکان بەردبارانی ئەو بڵندگۆیانەیان کرد، کە ڕادیۆی موجاهدینیان پەخش دەکرد، ڕادیۆی ناوبراو لەلایەن خۆرئاواوە پارەدار دەکرێ، پڕوپاگەندەکانی دژی شۆڕشی ئیسلامی و سەرکردەکەی ئیمامی خومەینیە، بەڵام بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەرگری کە سەر بە ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق)ە، ئەویشلەلایەن وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا پاڵپشتی داراییان دەکرێ، لە وێستگەیەکی دەوروبەری بەغداد پەخش دەکرێ، لەوەتەی جەنگ هەڵگیرساوە وێستگەیەکی ڕادیۆ دروستکراوە لە ژێر ناونیشانی (دەنگی ئێرانی ئازاد)، لە ژێر سەرپەرشتی ئوەیسی سەرکردە، پڕوپاگەندەی سیاسی ئەنجام دەدا لە دژی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران.

---

ئیسلام و زانایانی ئاینیە، دژی بەهاکانی ئیسلامی و شۆڕشن، بەرنامەیەکی ڕادیۆییش هەیە لە ژێر ناوی دەنگی ئێرانی ئازاد، کە ڕۆژانە پەخش دەکرێ لە کاتژمێر پێنجی ئێوار تا کاتژمێر شەش.

پاسەوانان پێیان وابوو، ئەگەر ناچارمان بکەن بۆ دانیشتن بە دەم سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەرنامەی دووڕووان، ئەوا ئەمە کار دەکاتە سەر هەڵوێست و سۆزەکانمان بەرامبەر ڕژێمی ئیسلامی و شۆڕش و ئیمام، عەلی جاڕوڵا وتی: بەعسییەکان ئامێری تەلەفزیۆنیان داناوە لە پێناو گۆڕینی هزرەکانتان!

- چوار شەمە ١٤ حوزەیرانی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

شتەکە زۆر سەرسامکەر بوو بۆ من، بەوەی سەید حەسەنی پاسەوان هەڵسوکەوتی گۆڕاوە لەگەڵمدا، ئەم ڕووداوە لەناکاو ڕوویداوە بەبێ هیچ پێشەکیەك، چیتر جنێوی پێنەدەداین، چ جای ئەوەی لێمان بدات، مەبەستم ئەوەیە تەنانەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ سەید محەمەد شەفاعەت منیش بەهەمان شێوە گۆڕاوە.

سەید حەسەن لە خەڵکی کوتە، تاکە سەیدە لە نێو پاسەوانانی خێوەتگەکە، جەستە لاواز و ڕەنگ ئەسمەر، زۆر ڕەش و هەڵسوکەوت وشك و ڕەوشت خراپ بوو، بەڵام بە بەراورد بەوانی تر وەك وەلید کەمتر ئازاردەر بوو، سەرباری ئەوەی بەرق بوو لە دژی دیلەکان بەهۆی کوژرانی ئامۆزا و برادەرە خۆشەویستەکەی لە جەنگدا! وا دەردەکەوێ پەیوەندیە تۆکمەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی منداڵی.

بە سەید محەمەدم وت:

- سەید محەمەد! تێبینی گۆڕانکاریت کردووە لە هەڵسوکەوتی سەید حەسەندا لەگەڵ من؟
- هەڵسوکەوتی لەگەڵ منیش گۆڕاوە، وا دەردەکەوێ ئەمە تایبەت بێ لەگەڵ دیلە سەیدەکان!
- ئایا پێت وایە هەراسان دەبێ ئەگەر پرسیارمان لەبارەی هۆکارەکە لێی کرد!
- جا بۆچی هەراسان دەبێ؟ بووەتە کەسێکی چاك.

لە نێو کۆمەڵانی دیلەکاندا، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی هەزار دیل، ئەوا ژمارەی دیلە سەیدەکان لە نێوان سی بۆ چل کەس دەبن، بۆیە ئەگەر سەید حەسەن بۆی دەربکەوێ یەکێك لە دیلەکان لە سەیدەکانە، ئەوا هەڵسوکەوتەکەی لەگەڵی باش دەبێ.

بەیەکەوە ڕۆیشتینە لای دەرگای کەمپە جەمەلۆنەکە و بانگمان کرد و پرسیارمان لە هۆکاری چاك هەڵسوکەوت کردنی ئەومان کرد، لەگەڵ ئێمە؟ وتی: ئەمە تەنها تایبەتە بە سەیدەکانەوە!

- بۆچی سەیدەکان؟
- پێویستە خۆشحاڵ بن بەم ماف و جیاوك (امتیاز)ە!
- بەڵێ بە دڵنیایەوە، بەڵام پێمان خۆش بوو هۆکارەکەی بزانین؟!
- کاتێك ئەم جارەیان مۆڵەتەکەم تەواو بوو، من ئامادەکاریم دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ خێوەتگەکە، دایکم بانگی کرد و وتی: من دەزانم تۆ خزمەت لە خێوەتگەی دیلە ئێرانیەکاندا دەکەی، ئەگەر ئازاری نەوەکانی خاتوو زەهرا سڵاوی خوای لێبێ بدەی، ئەوا شیرەکەم لێت حەڕام بێ، بۆیە من ئاوا چاك هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا دەکەم!

دان بەوەدا دەنێم، ئەگەر ڕاسپادەکانی دایکی نەبووبایە، ئەوا بەردەوام دەبوو لە هەڵسوکەوتەکانی پێشوو لەگەڵماندا، سەرباری خراپیەکەی وا دەردەکەوێ چاکەکار بووبێ لەگەڵ دایکی.

بە ئێمەی وت: زۆری خۆشدەوێت، هەر بۆیە بەڵێنی پێداوە ئازاری سەیدە دیلەکان نەدات.

لە ناخی خۆمدا وتم: خۆزگە دایکی پاسەوانانی تریش وەك ئەم دایکە چاکە بووبان، ئامۆژگاری کوڕەکانیان بکردایە، بەوەی چاك هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ دیلەکان،

بەوانەی سەیدن و ئەوانەش کە سەید نین، ئەگەر ئەمە ڕوویدابایە، ئەم خێوەتگەیە دەبوویە باغێکی دەوڵەمەند.

نزام بۆ ئەم دایکە چاکە کرد لە ناخی دڵمەوە، دوای هەفتەیەك و لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە سەید حەسەن شرینی و خورمای بۆ بریندارە دیلەکان هێنا وەك خێر، پێش ساڵێك باوکی بە وەستانی دڵ مردووە، دایکی داوای لێکردووە شرینی و خورما لەسەر بریندارە دیلەکاندا دابەش بکات، بۆ ئەوەی سورەتی فاتیحە بخوێنن لەسەر گیانی خوالێخۆشبوو، ئەمە یەکەم و دواهەمین جارە پاسەوانێك هەڵبستێت بە کاری خێرخوازی، بەمەبەستی خێر و بە خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لەسەر مردوانی خزمانیان، وا دەردەکەوێ دایکی سەید حەسەن ئیماندار و دیندارێ.

■ شەممە ١٧ حوزەیرانی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

ئیمامی کۆچ کردوو خوا لێی ڕازی بێ، سێبەرە خەمبارەکەی بەسەر خێوەتگەکەدا دادابوو، زۆرێك لە دیلەکان چیتر حەزیان لە تێکەڵاوی نەدەکرد و گۆشەگیر بوون، خەم بەسەریانەوە دیار بوو لە چاوەکانیان خۆی پیشان دەدا، کە تیشکی ئومێدی تێدا کپ بوو، گیانی نوکتە و گاڵتە ون ببوو.

لە ئێوارەی ئەمڕۆ ژمارەیەك دیل هاتن لە خێوەتگەی ١٢، بۆ کەمپی جەمەلۆن، عەلی کارکن، عەلی ئاقائی و حەسەن جەعفەریان لە نێودا بوو، ئەوان لە هاوڕێیانی ڕامین حەزرەت زادە و برادەرانی ئەو بوون لە بەرەی جەنگدا، لە یەك فەسیلدا بوون؛ ڕامین لە خۆشیاندا دەفڕی بەهۆی بینینی عەلی ئاقائی کە خۆشەویسترین هاوڕێ بوو، عەلی ئاقائی لە خەڵکی زاهیدان بوو، هەموو مووەکانی و تەنانەت بژوانکەکانی سپی بوون وەك بەفر و ڕەنگی پێستەکەی سور بوو، بۆیە دەتوانرا بناسرێتەوە زۆر بە ئاسانی لە نێوهەزار کەسدا، عەلی لە کەتیبەی ٤٠٩ فیرقەی ٤١ سەئرڕوڵا و فەرماندەی

فەسیلی زەید بوون، لە پاڵ ڕامین دانیشت و سەری دانایە سەر شانی ڕامین و دەگریا، ڕامین پرسیاری لێکرد لەبارەی براکەی عەلی ڕەزا، بەدەم کوڵە گریانەوە وتی: عەلی ڕەزا شەهید بوو.

سەرباری خۆڕاگری ڕامین و جلەوگریەکەی، بەڵام بەهۆی شۆك گرتنی بە بیستنی هەواڵەکە دەستی بەگریان کرد، دەنگ و هۆرەی گریان لە تەنیشتەکانی کەمپە جەمەلۆنەکە دەچووە دەرەوە، بەیەکەوە لە هەمان کەتیبە بوون، دایکی ڕایسپاردبوو سەبارەت بە عەلی ڕەزای برا بچوکی، ڕامین لەسەر بیکەیسی بوو، عەلی ڕەزا قەناس بەدەست بوو، لە هێرشی پێچەوانەی سێیەم لە حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو (١٩٨٧) ڕامین لە قاچیدا بریندار بوو لە سەر ڕێگای حوسەینیە و عەلی ڕەزا[١] شەهید بوو، لە تەنیشت عەلی ئاقائی، تا ئەم ساتە ڕامین پێی وابوو براکەی لە ژیاندا ماوە، هەندێك لە پاسەوانان هاتن بۆ زانینی هۆکاری گریانی ڕامین، عەلی ئەکبەر بەوانی وت: ئەو لەبەر ئیمام دەگریەت، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەیان زانی، هەندێك تانە و جنێویان وت، بەڵام فرمێسکەکانی عەلی جاڕوڵا لەبیر ناکەم، ئەو پاسەوانە عێراقییە چاکە.

لە ئێوارەدا کاتێك ساتی خەوتن هات، ڕامین لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و دەیوت: ئێستا هیوا دەخوازم لەلای دایکم بم و پێی بڵێم: هەموو مرۆڤێك پێویستە پێنجیەك (خومس) و زەکات بدات، شەهیدی رامك پێنج یەکەکەت و برینداری و دیلایەتیم زەکاتی تۆیە.

- دوو شەمە ١٩ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

---

(١) ئەو ناوەی لە گەڕەکەکەیدا پێی ناسراوە (رامك) بوو (بچوککراوەی ناوی براکەی ڕامینە – وەرگێڕی عەرەبی) ڕوفات و ناسنامەکەی لە ساڵی ١٩٩٨ دۆزرانەوە، لە شوێنی لە دایکبوونیدا نێژرا، لەسەر داوای ئەیانی براکەی وتەیەکم پێشکەش کرد بە بۆنەی تێپەڕینی چلەی ناشتنی لە ٢٢ ئایاری ١٩٩٨ لە مزگەوتی قودس لە شهرك غرب لە دەوروبەری خۆرئاوای تاران.

بەیانی ئەمڕۆ، دیلەکان کۆکرانەوە لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، وا بڵاوکرایەوە تاك لایەنە دیلە بریندارەکان ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەمە جاری یەکەم نییە کە ئەم هەواڵەی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، زۆرێك لە بریندارەکان ئەمەیان بڕوا کرد،بەڵام من چیتر بڕوام بەم پڕوپاگەندانە نەکرد، ناژیرانەیە دیلەکان ئازاد بکرێن، چونکە ئەگەر ئەمە بکەن واتە ئاشکراکردنی ئەم زیندانە نهێنیانەی دیلەکان، کە تا ئێستا تۆمار نەکراون لە رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتیدا، هەر بۆیە زۆر دوور حکومەت بەعسی ئەم جۆرە بڕیارە گەوجانە بدات، ئەو سەردانانە، کە ئەفسەرە مەزنەکان دەیکەن تەنها ئامارکاریە بۆ بریندار و نەخۆش و پەکەوتووەکان.

ئەمڕۆ ژمارەیەك گەورە بەرپرس هاتن بۆ خێوەتگەکە، سەرۆکی پاسەوانان ڕایگەیاند ئەوان هاتوون بۆ ئازادکردنی دیلە بریندارەکان، سەرۆکی پاسەوانان بەلای ئێمە وەك (شوانی درۆزن)ی لێهاتووە، کە هیچ کەسێك بڕوای پێ ناکات، بەهۆی زۆری درۆیەکانی.

حەزم لێ بوو بە دیل بمێنەوە لەگەڵ هەمووان، دەمەوێ تا دواین ڕۆژی دیلایەتی دڵیان بدەمەوە، من نەمدەناڵاند وەك لوتف عەلی دەیناڵاند، کە مۆخی ئێسکەکەی پچڕا بوو!! ژیانی دیلایەتی بۆ ئەوانەی لە بارودۆخی لوتف عەلی دابوون، زۆر سەختتر بوو، لوتف عەلی لە خەڵکی قەزوین بوو.

ژمارەیەك لەو ئەفسەرانەی سەردانی خێوەتگەکەیان کردووە پێشتر، بەڵێنیان داوە ئازادی بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێکیان بەڵێنەکەی نەهێناوەتە جێ؛ تەنانەت هەوڵەکانی موئەیەدی پزیشك بۆ گواستنەوەی بۆ نۆرینگە و ژیان لەوێ، شکستیان هێنا، موئەیەدی پزیشك لە خەڵکی سامەڕا بوو، باڵا مام ناوەند و ڕووخسار ئەسمەر بوو، دڵ چاك بوو، لە سیفەتەکانیدا لە عەلی جارولڵای پاسەوان نزیك بوو.

چەند ساڵێك كاری كردووە لە بەشی تەندروستی، جێگەی جەمالی پزیشك دەگرێتەوە لە سەرۆكایەتی كردنی نۆرینگە، لەكاتی ئامادەنەبوونی ناوبراو، بەڵام دەسەڵاتەكانی سنووردار بوون، بەهۆی هاوسۆزیەكەی لەگەڵ دیلە ئێرانیەكاندا، بەهۆی دژیەكی سیفەتەكانی لەگەڵ جەمالی پزیشك، ئەوا جەمال متمانەی پێ نەبوو، جەمالی پزیشك وشك و چرنوك بوو بەپێچەوانەی موئەیەد، كە بەسۆز و بەخشندە بوو.

پەیوەندیە مرۆییەكەی لەگەڵ دیلە ئێرانیەكان، بەهۆی كاریگەری پەیامەكانی مامە دیلەكەی بوو لە ئێران، كە وەسفی هەڵسوكەوتی مرۆڤانە دەكرد، كە دیلەكان لە ئێران لەگەڵیاندا دەكرێ، لەگەڵ ئەوبایەخەی پێیان دەدرێ لەوێ، بۆیە پێمانی ڕاگەیاند ئەو دەیەوێت خزمەتێك پێشكەشی دیلە ئێرانیەكان بكات، وەك ڕێزگرتن لەوەی لەگەڵ مامی دەكرێ و بەچاكی هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەنوێنرێ.

ساڵی ١٩٨٥ خێزانی مامی ئەو توانیبویان سەردانی مامی بكەن لە تاران، وا دەردەكەوێ ئەو ڕقی لە سەدام ببێتەوە، بەڵام ئەمە بەدەرناخات.

زۆر خەمبار بوو، بەهۆی ئەوەی سەدام، داواكەی ئێرانی ڕەت كردبووەوە بۆ مۆڵەتدان بەوەی خانەوادەكان چاویان بە دیلەكان بكەوێت، لە هاوینی ١٩٨٧ كۆماری ئیسلامی پێشنیازی كرد چاوكەوتنی دیلەكان بە خانەوادەكانیان لە هەر دەوڵەتێكی تری سێیەم بێ، كە ڕژێمی بەعس لە بەغدادەوە دیار دەكات، ئەوا ئێران ڕازییە، بەڵام ئەم پێشنیازە بەهەمان شێوە ڕەتكرایەوە!!

دەوترێ سەدام بێزار بوو، لە دەستپێشخەریەكی مرۆیی وەها لەلایەن ئێرانەوە، چونكە ئەمە خۆشەویستتر و زیاتر جەماوەری بۆ پەیدا دەكات.

موئەیەدی پزیشك وتی: لە ڕاستیدا ئێران هەڵساوە، بە گشت شتێك كە پێویست بوو پێی هەڵبستێت؛ تەنها لۆمە دەكەوێتە سەر حكومەتی عێراق.

دوو ئەفسەری بە پلەی عەقید، بینیان چۆن دوو کەس هەڵدەستن بە گواستنەوەی لوتف عەلی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵێنیان پێدا بە ئازاد کردنی، دەمزانی و دڵنیابووم ئەمانە بەڵێنی بەتاڵن، دەستم بۆ قسەکردن بەرز کردەوە، وا بڕیاربوو پرسی لوتف عەلی پێشنیاز بکەین، بە عەقیدەکەم وت: کە کەسێکی بە تەمەن و چاك بوو هەروە وەك وا دەردەکەوت: ئێمە دەزانین بۆ ماوەیەکی درێژ لە دیلایەتیدا دەمێنینەوە، من بە ناوی برینداران داوا لە بەڕێزتان دەکەم، ڕێگە بدەن بە دوو کەسمان، بەهۆی بارودۆخی تایبەتەوە بگوازرێنەوە بۆ نۆرینگە و نەخۆشخانە لە جیاتی کەمپی جەمەلۆن.

- ئەوانیش؟
- لوتف عەلی و یەدوڵای زارعین.

کاتێك عەقیدەکە ڕاوێژی کرد لەگەڵ جەمالی پزیشك، وا دەردەکەوت بە نەرێ وەڵامی داوەتەوە، کاتێك وەڵامی عەقیدەکەمان بیست، تووشی بێ ئومێدی بووین، حاجی سەعدوڵا سەیری لوتف عەلی کرد و وتی: خۆزگە گەنجۆ تۆش شەهید بووبای!

دوور لە گاڵتەی حاجی سەعدوڵا، زۆربەی هاوڕێیان دەیانوت: خۆزگە لوتف عەلی و یەدوڵای زارعی لە بەرەکانی جەنگ شەهید بووبان، ئەمە بۆ ئەوان باشتر بوو، ڕامین حەزرەت زادە وتی: ئەگەر هەموو دیلەکانی نێو خێوەتگەی تکریت شەهید بووبان، ئەوا ئەمە بۆ ئەوان باشتر بوو!

لوتف عەلی گەنجێکی ئارامگر و دڵ پڕشنگدار بوو.

کاتێك گوێبیستی وەڵامی عەقید و قسەکەی من بوو، کە پێم وت، زۆر بێ ئومێد بوو و بەبێ هیواییەوە وتی: شەهیدان هاوڕێی نیوە ڕێ بوون، ئەوان ئێستا چێژ دەکەن

لە نێو باخ و باخاتەکان و چێژ دەبینن و ئێمەش لە دۆزەخی تکریتدا دەژین، لە ژێر سایەی کێبڵەکاندا بە دەست برسێتیەوە دەناڵێنین!

حاجی حوسێن شوکری پێی وت: لوتف عەلی ڕۆیشتووەتە پاڵ خەواریجەکان؟!

لوتف عەلی وتی: شەهیدان لە ئێمە زیرەکتر بوون.

کاتێك حاجی سەعدوڵا پێ وت: خۆزگە لە جەنگدا شەهید بووبای، لوتف عەلی بە گاڵتەوە پێی وت: حاجی ئەگەر شەهید بم، ئەوا باوکم دەمکوژێ!

ئێمە چاوەڕێی تەواو بوون بووین لە تۆمارکردن بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ کەمپە جەمەلۆنەکە، یاوەری عەقیدەکە سەرنجی سەید محەمەد شەفاعەت منشی دابوو، باڵا کورت و جەستە لاواز بوو، هاتە لای سەید محەمەد و مەسحەفێکی بچوکی لە گیرفاندا بوو و دەریهێنا، بە سەیدمحەمەدی وت لە تەنیشت من دابنیشێ و وتی: ئایا قورئانتان لایە؟

سەید محەمەد وتی بەدڵنیایەوە لامانە، هیچماڵێکی ئێرانی بێ مەسحەف نییە.

یاوەرەکە وتی: جا مەجوسیەکان چ کاریان بە قورئان هەیە؟

سەید محەمەد وتی: ئایەتوڵا سیستانی ئێرانیە و فێری قورئانتان دەکات!

یاوەرەکە وتی: فازڵ قسەکانی وەردەگێڕا: ئێوە درۆ دەکەن، ئەگەر ڕاست دەکەن فەرموو هەندێك لە قورئانم بۆ بخوێننەوە.

سەید محەمەد زوو درکی دەکرد، ئاماژەی بۆ مێرولەیەك کرد و وتی: ئەم مێرولەیە دەبینی؟ سوڕەتێك هەیە بە ناوی ئەوەوە، کە سوڕەتی (ئەلنەمل)ە، ئەم سوڕەتە پیرۆزە بەوە جیا دەکرێتەوە دوو بیسمیلای تێدایە، بیسملای یەکەم لە ئایەتی

سیەمدایە، پێش کۆچ کردن دابەزیوەتەوە سەر دڵی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، لە سورەتە درێژەکانی قورئانە.

یاوەری عەقیدەکە وا خۆی دەرخست ئێرانیەکان هیچ لە قورئان نازانن، لەوانەیە زۆرێك بڕوایان بە پڕوپاگەندەکانی حیزبی بەعس دەکرد دژی ئێران و ئێرانیەکان.

سەید محەمەد دەستی کرد بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، بە دیاریکراوی هەندێك ئایەت لە سورەتی پیرۆز و ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ((حَتَّىٰ إِذَا أَتَوْا عَلَىٰ وَادِ النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ))(1) واتە: (هەتاگەیشتنەدۆڵیمێرووولە،مێرووولەمێچکەیەك"هاواریکردو"وتی: ئەهایمێرووولەینە،بچنەماڵوکونوکەلەبەرەکانتانەوەنەوەکوسولەیمانوسەربازانیپێشێلتا نبکەن،لەکاتێکداهەستتانپێناکەن).

- سێ شەمە ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

عەلی جاڕوڵا باسی ناوی ژمارەیەك سیخوڕی بە ڕامین حەزڕەت زادەدا، من هەندێکیانم دەناسی، هەندێکیشیان ئەوەندە خراپ بوون، کە هیچ کەسێك گومانی لێ نەدەکردن، ئەوەندە زیرەك بوون کلکەکانی خۆیان شۆڕ نەکردبووەوە بۆ ئەوەی بکەونە نێو تەڵەکەوە، تەنها بەعسیەکان بەدڵنیایەوە ئەوان دەناسن، بە خەیاڵی ئەواندا نەدەهات عەلی جاڕوڵا ئەوان ئاشکرا دەکات.

ڕامین زۆر هەراسان بوو، دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە دروستکردنی پەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی وازیان پێ لەو کارە ناشرینە بهێنێ.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ ڕامین هاتە لام و وتی: بیرۆکەیەکم لایە.

---

(١) ئەلنەمل: ئایەتی ١٨.

- ئەوە چییە؟ خێرە بەویستی خوا.
- سەبارەت بەو سیخوڕانەیە کە بۆ بەعسییەکان سیخوڕی دەکەن.

ڕامین پێی وایە، دروست نییە بە دەست بەتاڵی بوەستین و واز لە بەعسییەکان بهێنین سیخوڕەکانیان بڵاوبکەنەوە و هانیان بدەن لەسەر سیخوڕ، ئەو ڕێگەیەکی دۆزی بووەوە، ئەوانە سیخوڕی دەکەن لە پێناو جگەرە، زۆربەیان جگەرەکێشن!! بەعسییەکان خاڵی لاوازی ئەوانە دەقۆزنەوە؛ دەکرێ بە جگەرە دژایەتی بەعسییەکان بکرێ، واتە دابینکردنی جگەرە بۆ ئەم سیخوڕان و ئینجا وا لێکردنیان بۆ ئەوەی واز لە هاریکاری بهێنن لەگەڵ بەعسییەکان، هەمان ئەو کارەی لە خێوەتگەی پاشکۆدا ئەنجامماندا، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو، چونکە ئەوەی لە خێوەتگەی پاشکۆدا ئەنجامدرا زیاتر لە کاردانەوە دەچوو.

کەواتە ڕامین بیر دەکاتەوە لە ڕێکخستنێکی ورد، کە کار بکات لەسەر دژایەتی کردنی سیخوڕیکردن لەم خێوەتگەیەدا.

ئا بەم شێوەیە، بڕیاردا بە موچە مانگانەکەمان کە لە دینار و نیوێك تێپەڕ ناکات، جگەرە بکڕین هەروەك هاوەڵە جگەرە نەکێشەکانی خۆمان هاندا بۆ ئەوەی ئەمە بکەن، قەناعەت لەلای زۆرێك سەبارەت بە بیرۆکەی ڕامین دروست بوو؛ هەر بۆیە ئێمە جگەرەمان دەکڕێ و داماندەنایە لای ڕامین، بۆ ئەوەی لە ژێر دەستی ئەودا بێت؛ ڕامین بەشێوەیەکی ورد و حیساب بۆ کراو هەڵسوکەوتی دەکرد، بەشێوەیەك من پێنج جگەرەم بۆ یەك کەس پێدەدا لەو کەسانە، بۆ ئەوەیسیخوڕی نەکات، بەڵام ڕامین توانای قەناعەت پێکردنی هەبوو بە یەك یان دوو جگەرە، پاشان بەمە وازی پێ لە سیخوڕیکردن دەهێنا.

ڕامین چاودێری تایبەتی دانایە سەر سیخوڕەکان، چاودێری جوڵەکانی ئەوانی دەکرد، ئەگەر یەکێك لە سیخوڕەکان، دوای ئەوەی جگەرەی لە ڕامین وەرگرت و پەیوەندی بە پاسەوانەکانەوە کرد، ئەوا ڕامین دەستبەجێ ئەمە دەزانێ لە میانەی ئەو کەسانەی دایانبوون بۆ چاودێری، هەر بۆیە ڕامین ئەو سیخوڕانەی دەناسی کە لە هەر دوو لایەن وەك مشار دەیانخوارد!

هەندێك جار ڕامین بە زمانی زبر و توونڕ و تیژ هەڵسوکەوتی دەکرد، کۆمەڵێکی دەستێوەردانی خێرای لا بوو، بە سەرکردایەتی (عەلی کارکن)، لە ئامادەباشیدا بوو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و لە هەندێك بارودۆخودا کاتێك ڕامین زەخیرەی جگەرەکانی نەدەما، لە هاوڕێیانی قەرز دەکرد؛ هەندێك لە هاوڕێیان جگەرەکانیان تەواو دەبوو لە دە یان پازدە ڕۆژی سەرەتای مانگدا؛ بۆیە پەنایان بۆ بانکی جگەرە دەبرد، هەندێك کەس بەپێچەوانەوە پاکەتە جگەرەیەك یان دوو پاکەتی بەم بانکە دەبەخشی!

جگەرەکان چەکی هەرە باش بوو، کە بەعسیەکان بەکاریان دەهێنا لە قۆستنەوەی دیلەکانی دەروون لاواز و پاڵنانیان بۆ ڕێڕەوی خیانەت و سیخوڕی کردن بەسەر هاوەڵانیان، دوای ماوەیەك بێ بازاری کەوتە نێو بازاری سیخوڕ، کە پێشتر گەشاوە بوو، پێش جێبەجێکردنی پلانی ڕامین بەعسییەکان ژمارەیەك لە سەرکردە و فەرماندەکانیان ئاشکرا کرد، لە ڕێگەی سیخوڕ و هەواڵدەرەکانیان، بۆیە کاتێك ئەمە ڕوویدا، هاوەڵان دەیانوت نرخی ئاشکراکردنی فڵانە چەند بوو؟ ئەگەر هەڵسوکەوتتان لەگەڵ ئێمە بکردایە ئەوا دوو ئەوەندە جگەرەمان پێدەدان، کە بەعسییەکان بەئێوەیان دەدا!

دیاردەی سیخوڕی لە خێوەتگەکەدا کۆتایی پێنەهات، بەڵام کورت هەڵهات و بەرتەسك بووەوە تا نزمترین ئاست، ڕامین بەعسییەکانی تووشی شۆك کرد بە بەکارهێنانی هەمان چەك، کە ئەوان بەکاریان هێنابوو.

ڕامین توانی قەناعەت بە زۆرێك لەوانە بکات کە سیخوڕیان دەکرد بۆ بەعسییەکان، هەندێك بەوانیان دەوت: ئێوە جگەرە لە بەعسییەکان وەردەگرن لە بەرامبەر ئاشکراکردنی برای هاونیشتمانتان، ئێمە جگەرەتان پێدەدەین لەبەرامبەر خیانەت نەکردن لەگەڵ هاوڕێیانتان، ئێوە بەم کارەتان ئەو ستەمە زیاتر دەکەن کە هاوڕێیانتان بەدەستیەوە دەناڵێنن لە دیلایەتیدا، لە هەمان کاتدا خۆتان بە تاوان و گوناه پیس دەکەن!

جارێکیان ڕامین وتەیەکی پێشکەش کرد لە میانەی ((مەبەستم تۆیە، دراوسێ گوێ بگرە)) ئەوانەی ویستیان لە ڕێگەی حەڵاڵەوە جگەرە وەربگرن هەستانە سەر پێ و وتیان: ئێمە ئامادەین جەستە شێلان ئەنجام بدەین بۆ ماوەی چوار جار و بە نۆرە و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەبەرامبەر یەك جگەرە.

- یەك شەممە ٢٥ حوزەیرانی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ یادی یەکەم ساڵەی بەدیلگیرانمە، لە ساڵی ڕابردو لەمڕۆژەدا بەدیل گیرام، تا لە ژیاندا بم ئەمڕۆ لەبیر ناکەم، وەك ڕۆژی لەدایکبوونم لەبەردەمم هەر بەدیار دەمێنێتەوە، لە هاووێنەی ئەم ڕۆژەدا هەموو ساڵێك هەستی تێنوێتی دامدەگرێ.

- شەممە ٨ تەموزی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

یاریەکانی جامی جیهانی بۆ ساڵی ١٩٩٠ لە ئیتاڵیا دەستیان پێکرد؛ ئەمڕۆ پاڵاوتنی کۆتایی بوو، بە فەڕ و بەرەکەتی ئەم یاریانە سەختی و چڕی ئازاردانی پاسەوانان بۆ

دیلەکان کەم بووەتەوە، ئەوانەی کە لەسەر ژێیەکانی پاسەوانان دەژەنن، هانی هەر یاریزانێك بدەن و لەم ڕێیەوە هەندێك لە ئامانجەکانیان دەستەبەر دەکەن.

پاسەوانان بە خولیاوە چاودێری وردەکاری یاریەکانی جامی جیهانیان دەکرد، هەندێك لایەنگری تیپێك و هەندێکیش لایەنگی تریپێکی تر بوون.

سەعدی بەرپرسی پاسەوانان زۆر خولیای مارادۆنا بوو، وەلید پشتگیری ئەندریاس برمەی گۆڵچی ئەڵمانیای خۆرئاوایی دەکرد، حامید هاندەری ئیسکتلاشی ئیتاڵی و گۆڵکەری جیهان بوو، سەلوان لە دەمارگیرانی (ئیسکوهراوی) چیکۆسلۆفاکی بوو، لە کاتێکدا سامی هاندەری میشێلی ئیسپانی بوو، موئەیەدی پزیشك گوێی بە یاری تۆپی پێ نەدەدا!

لەوەتەی یاریەکانی جامی جیهانی بۆ تۆپی پێ دەستیان پێکردووە، پاسەوانان چەندین کاتژمێر خەرج دەکەن بۆ قسەکردن لەبارەی یاریەکانی سەرەتای نێوان هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی پاڵەوانی یاریەکان لە ساڵی ڕابردوو و کامیرۆن، کە هەڵبژاردەیەکی تۆز لەسەر کەوتووە، هەموویان شۆکیان گرتووە بەهۆی سەرکەوتنی کامیرۆن بەسەر ئەرژەنتیندا، بە ئەنقەست بەمەبەستی تورەکردن بە حامدم وت:

- ئەم شۆك بوونە بۆچی، لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران، گەنجێکی بەسیجی لە شەلمچە هەڵسان بە بەدیلگرتنی ژمارەیەك عەقید، ئێستا کامیرۆن سەرکەوت بەسەر ئەرژەنتیندا، کە ساڵی ڕابردوو پاڵەوانێتیەکەی بەدەستهێناوە لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی! سەعد و سەلوان هاندەری ئەرژەنتین بوون، وەلید و حامد هاندەری ئەڵمانیا بوو.

وەلید هەڕەشەی لە دیلەکان کرد، ئەگەر ئەڵمانیا بدۆڕێ ئەوا تۆڵە لە دیلەکان دەکاتەوە، بۆیە بەوانی وت: لە خوا بپاڕێنەوە ئەڵمانیا بباتەوە، ئەگەرنا قوڕ بەسەرتان،

سەعد کە هەندێك جار چاك ڕەفتار دەکات، کاتێك ئەو هەڕەشەکانی وەلیدی دەبیست، ئەوا ئەو بەڵێنی بە دیلەکان دەدا، گەرماوێکی ڕاستەقینە بکەن، لە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ!

بە دڵنیایەوە من و ژمارەیەك لە هاوەڵان، گەرماو کردنمان هەڵدەبژارد، بەڵام بەخت یاوەری وەلید بوو.

ئەڵمانیا پاڵەوانێتی جیهانی بۆ تۆپی پێ بۆ جاری سێیەم لەسەر یەك بەدەستهێنا، وەلید و حامد ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام سەعد و سەلوان بێ ئومێدیان پێوە دیار بوو.

- پێنج شەمە ١٣ تەموزی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ بەعسییەکان هەراسانن، نازانم بۆچی؟ سامی وتی: عەبدوڕەحمان قاسملۆی ئەمینداری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڤیەننا گیانی سپاردووە، لەسەر دەستی کەسانی نەناسراو کوژراوە!

حامد وتی: بەداخەوە یەکێك لە هاوپەیمانانمان لە دژی ئێوە لەدەستدا، کاتێك پرسیاری کرد لەبارەی ئەو لایەنەی ئەوی پەنهانکوشتووە؟ پێم وت: خوا دەزانێ، لێرەدا چەندین گوللە و موشەکی وێڵی زۆر هەن لە جیهاندا و کەس نازانێ لە کوێوەن.

- هەینی ١٤ تەموزی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ ڕۆژنامەکان باسی ڕماڵینی ڕژێمی پاشایەتی و مردنی شا فەیسەڵی دووەمی شای عێراق و بەرپابوونی کۆمار دەکەن، سەرکردە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف کودەتایان ئەنجامدا و جڵەوی کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە گرت.

جوانترین سەرنج لەسەر ئەم هەواڵەم بیستبێ کە ڕۆژنامەکانی عێراقی قسەیان لەسەر کردووە ئەوەیە، کە عەلی ئاقایی وتویەتی: ((سەگی زەرد برای بزن مژەیە)).

له ئێوارەدا عەلی جارۆڵا، بینەری ئەو مشتومڕە بوو کە لە نێوان من و شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی ئەنجامدرا، ئەو ئەفسەرەی لەگەڵ شەفیقدا بوو پرسیاری کرد:

- بۆ نموونە کاتێك خومەینی دەڵێت: پێویستەمهران و ئابادان[1] ڕزگار بکرێ، ئایا ئەمە دەکرێ ڕووبدات!
- ئەمە بۆمەرجەعیەتی ڕێبەرمان دەگەڕێتەوە، چونکە پێویستە فەتواکەی جێبەجێ بکرێ! لەم جیهانەدا ئیمام تاکە ڕێبەرە کە لە هەمان کاتدا سەرچاوەی شوێنکەوتنمانە.

شەفیق بە مەبەستێکی تر وتی:

- واباشتر بوو سەرۆك کۆمارەکەمان، مەرجەعیەتی لەسەید خوئی یان سیستانی وەرگرتبایە!!

وەك نەریتی خۆی شەفیق عاسم قسەی کرد لەسەر جەنگی قادسیە و سەرکەوتنی عەرەب بەسەر ئێران، مەبەستی لەمە سەرشۆڕکردنی من بوو، کاتێك بەردەوام بوو لە کێشان و پیوانی سوکایەتیەکان، لە شوێنەکە ڕۆیشتم بێ ئەوەی مۆڵەتی لێ بخوازم، زۆر بە قسەکانی هەراسان بووم، عەلی جارۆڵا درکی کرد بە ئەندازەی بێزاریەکەم، هاتە لام و وتی:

- باش بوو ئەمەت کرد، واتە تۆ هیچ نرخێکت نییە!
- بۆچی قسە لەبارەی ڕابردووەوە دەکات؟ بۆچی قسە لەسەر ئەم جەنگە ناکات؟

عەلی جارۆڵا پەیوەندیەکی چاکی لەگەڵ شەفیق عاسم هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا پێی وتم: ئەگەر جاری داهاتوو لەبارەی جەنگی قادسیەدا قسەی کرد، پێی بڵێ: جەنگی

---

(١) مەبەستی ئەو ئەم وتەیەی ئیمام بوو: پێویستە گەمارۆی سەر ئابادان بشکێنرێ.

قادسیه له نێوان ئیسلام و کوفر بوو، نەوەك له نێوان عەرەب و فارسەکاندا، ئەو کات عەرەب لەگەڵ ئیسلامدا بوون، فارسەکان موسڵمان نەبوون، بەڵام ئێستا کەسانی سەربازی عێراقی له ئیسلام دوورکەوتونەتەوە، ئێرانیەکان شۆڕشیان له پێناوی ئیسلامدا کردووە، ڕژێمێکی ئیسلامیان دامەزراندووە، هەر بۆیە ئەمڕۆ سەرکەوتوون لەم جەنگەدا و چیرۆکەکە پێچەوانە بووەتەوە.

هەروەها پێی بڵێ: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کە قسەی لەبارەوە دەکەی عێراقی نەبووە، بەهەمان شێوە خالیدی کوڕی وەلید و ئەبو عوبەیدەی سەقەفی عێراقی نەبووینە، بەڵام هیچ شتێك لەبارەی منەوە پێی مەڵێ!!

- شەمە ١٥ تەموزی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

لەلای دەرگای کەمپە جەمەلۆنەکە دانیشت بووم، سەید عەلی ئاشنا بە پێشمدا تێپەڕی، فرمێسکەکان بە چاوەکانیدا شەپۆلیان دەدا، سەید عەلی کەسێکی بێ دەنگ و بەسۆز بوو، بانگم کرد:

- سەید عەلی! چی ڕوویداوە؟

زۆر منی خۆشدەویست، لەوەتەی ماوەیەکە وەك بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە هەڵبژێردراوە، بەرەو لای من هات و له تەنیشتم دانیشت و وتی:

- سەید! له پشت کەمپە جەمەلۆنەکە دیمەنێکم بینی زۆر منی ئازاردا، نەمتوانی هەست و سۆزم جڵەوگیر بکەم!
- ئەو شتە چی بوو؟
- ئەسەدوڵای پەناهی جێگری ئەفسەرت دەناسی، کە له خەڵکی ئەسفەهان بوو؟
- بەدڵنیایەوە دەیناسم؟!

- بینیم دانیشت بوو لە پشت کەمپە جەمەلۆنەکە و فلچەیەکی ددانی بەدەستەوە بوو، سەیری دەکرد و دەگریا، ڕۆیشتمە لای و پرسیارم لێکرد: سەبارەت بەوەی چ شتێك ئەو دەگرییێنێ؟ تۆ لە ئێمە گەورەتری و زۆربەی جاران هاووێنەکات ئارامگر و بەهێز دەبن بەرامبەر سەختییەکان؛ وزە و ئارامگری لەسەر ناخۆشیەکان بەئێمە دەدەن، بەڵام وا دەردەکەوێ پێویستت بەیەکێکە کە ئارامت بکاتەوە.

پەناهی فلچەی ددانی گرتبوو و پیشانی منیدا، ناوی کچەکەی خۆی لەسەری هەڵکەند بوو، کە ناوی (عاتیفە) بوو، پێی وتم: سەید عەلی! من کەسێکی ئارامگر و بەهێزم، خزمەتم لە نێو لەشکردا کردووە، زۆر سەختیم بینیوە، بەڵام کاتێك خواحافیزیم لە خێزان کرد و عاتیفەی کچە بچوکم پێی وتم فلچەیەکی ددانی بۆ بکرم، منیش ئەم فلچەیەك بۆ کڕیوە، پێم وابێ گەڕانەوە بۆ وڵات بوونی نییە، ئەویش دەمێنێتەوە و چاوەڕێ دەکات! کاتێك باسی چیرۆکی فلچەکەی بۆ باس کردم، یادەوەری شەهید پیران مستەوفی زادە هاتەوە یادم، پیران بە دوو ڕۆژ پێش شەهیدبوونی پێی وتم: کاتێك لەماڵەوە هاتمە دەرەوە یاسری کوڕم هاتە لام و بەکوڵ دەگریا، هەوڵمدا بیگێڕمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام نەڕۆیشتەوە و پێم وت: دەچمە (دهدشت) خۆشەویستم، کراسێکت بۆ دەکڕم و بە خێرایی دەگەڕێمەوە[1].

بۆیە سەید عەلی بەکوڵ گیرا و وتی: پەناهی زۆر گیرا.

پێی وتم: سەید عەلی! من زۆر تامەزرۆی عاتیفەکەمم، پێم وابێ چیتر نایبینم!

- یەك شەمە ١٦ تەموزی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

---

(١) دوای بیست ساڵ ئەم چیرۆکەم گێڕایەوە بۆ (یاسر) ئەویش پێی وتم:

- ئەی سەید لەوەتەی بیست ساڵە چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکمم کە ئەو کراسەی پێیە کە بەڵێنی پێداوم بۆم بکرێت.

پاسەوانان ئاهەنگیان گێڕا بەبۆنەی هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی بەعس[1] ئەمڕۆ هاوکات بوو لەگەڵ چلەی ماتەمینی ئیمامی خومەینی کۆچکردوو خوا لێی ڕازی بێ.

شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی، فەرمانێکی دەرکرد وا دەخوازێ نابێ پرسە بۆ ئیمام بەم بۆنەیە ئەنجام بدرێ، سەرۆکی پاسەوانان بە بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە سەید عەلی ئاشنا وت: ئەمڕۆ دیلەکان فیلمێکی هیندی دەبینن، کاتێکی خۆش بەسەردەبەن!زۆربەی جاران وایە دووڕووان پێشوازی فیلمە هیندی و میسرییەکان دەکەن و گوێ بەوە نادەن چی ڕوودەدات.

ئاکامی ئەوانفیلمێکی بەڵگەنامەیی بوو، لەبارەی سەدام و چۆنیەتی گەیشتنی بە دەسەڵات، ئەو کودەتایەی هەر یەکە لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف پێی هەڵسان و ڕژێمی پاشایی ڕاماڵرا، کوژرانی شا فەیسەڵی دووەم، پاڵەوانێتیەکانی سەدام و هەڵسانی بە پەنهانکوشتنی عەبدولکەریم قاسم و شکستهێنانی پەنهان کوژیەکە و هەڵاتنی سەدام بۆ سوریا و...

لە نیوەڕۆدا فازڵی ئەفسەر هات بە دڵخۆشیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد لە نێو ئەو دیلانەی دانیشتبوون بۆ سەرژمێری و ئامادەیی، دەستی کرد بە پیوان و کێشانی جنێو وەك نەریتی خۆی بۆ ئێران و ئیمام، وتی لە دوای ئێستا هیچ مەترسییەك لەسەر ئێران نییە لە دوای مردنی خومەینی و ئەوەی لە داهاتوودا ڕوودەدات، ئەوەیە سەدام حوسێن ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی مەزن دروست دەکات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،

---

(١) لە حەڤدەی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨، حیزبی بەعس کودەتایەکی سەربازی کرد، بۆ ئەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر ببێتە سەرۆك کۆمار و سەدام ببێتە جێگری، لە ١٧ تەموزی ١٩٧٩ سەدام ئەحمەد حەسەن بەکری تەمەن شەست و یەك ساڵی لادا، ئەو کاتە لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا بوو، حوکمە دیکتاتۆریەکەی ئەو دەستی پێکرد بە پاکتاوکردنی هاوەڵانی لە حیزبی بەعس و لە سێدارەدانی سەید محەمەد باقر سەدر و خوشکە عەلەویەکەی کچی هودا، دواتر هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر ئێران ئەنجامدا.

هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، ڕژێمی بەعس چیتر دوودڵ نییە لە ڕەوانەکردنی شۆڕشی ئیسلامی!

توڕەیی لە ناخی دیلەکاندا شەپۆلی دەدا، خەریك بوو بتەقێتەوە، ئەگەر فازڵی ئەفسەر بەردەوام بووبا لە قسەکانیدا، دەنگی حاجی حوسێن شوکری کە لە تەنیشتم دانیشت بوو لەو پەڕی جەمەلۆنەکەوەدەهات: لە پێناو گیانی ئیمامی خومەینی و سەلامەتی سەید خامنەئی درود لەسەر محەمەد و خانەوادەی محەمەد!

ئەم هەموو توڕەییە قەتیس بووە هەمووی ڕەنگی دایەوە لە درود لێدان، کە خەریك بوو ئەو جەمەلۆنە بهەژێنێ بە دەنگەکەی، بەوەی فازڵی ئەفسەر ناچار بوو دەستی بخاتەسەر گوێچکەکانی و لە لای دەرگای کەمپە جەمەلۆنەکە بڕواتە دەرەوە، ئەو مێزەی شرینیان لەسەریان داناوە، لە پاڵ شرینیەکە وێنەیەکی سەدام هەبوو.

شەفیق قاسم ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی ئاماژەی بە وینەی سەدام کرد، کە شمشێرێکی لە دەستدا بوو، وتی: ئەمە ئەو زولفیقارەیە کە بە دیاری دراوەتە سەدام.

سەید عەلی ئاشنا لە بەرپەرچدانەوەی ئەودا وتی: شمشێری زولفیقار، خەڵکی پوچەڵگەڕای بە ئامانج دەگرت، نەوەك ئەوانەی خۆشیاندەوێ و بڕوایان پێی هەیە.

ئەوەی ڕوویداوە لە میانەی دەرچوونی دیلەکان لە کەمپە جەمەلۆنەکە، ئەوە بوو ئەو مێزەی شرینی لەسەر دانرا بوو، وەرگەڕایە لای وێنەی سەدام، ئەو بەعسیانەی پێشێلی شکۆی چلەی ئیمامی خومەینیان کردوە، ئاکامیان کەوتنی وێنەی سەدام و تێکشکانی شوشەکەی بوو، شرینیەکەیان بووە تاڵاو؛ بەمەش توڕە بوون و عەتییە بە داردەست لە دیلەکانی دا و لوتی دیلێك شکا، عەتیە لە خەڵکی دهۆك بوو و دەموچاوی زۆر گرژ بوو، ڕەنگ ئەسمەر و باڵا مام ناوەند بوو، زۆربەی جاران وەك گەوج دەردەکەوت.

پاسەوانان داوایان لە بەرپرسی جەمەلۆنەکە سەید عەلی ئاشنا[1] کرد، دیلەکان دابنیشێنێ لە چەند ڕیزێکدا.

ڕووداوەکانی ئەمڕۆ، بە وتارێکی بێ نرخانەی ئەفسەرەکە دەستی پێکرد، لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو، چەندین جار بە دەنگی بەرز درود دران لەسەر ئیمامی کۆچ کردوو و سەلامەتی جێنشینەکەی، دواتر کەوتنی وێنەی سەدام و تێکشکانی جامەکەی بەدواداهات؛ ئەمە لە چلەی ماتەمینی ئیمامی خومەینیدا خوا لێی ڕازی بێ بوو، کە هاوکاتە لەگەڵ کودەتای ڕەشی حیزبی بەعس، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دیلەکان بەشی خۆیان خوارد لە کێبڵ و داردەستە.

کاتێك دەمی نانی نیوەڕۆ هات، پاسەوانان بەژوورکەوتن بۆ نێو کەمپە جەمەلۆنەکە و زۆر بە سەختی لە دیلەکانیاندا، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە دیلەکانیان دەدا، بەزەییان بەکەسدا نەهاتەوە بە بریندار وسەلامەتەوە، حاجی حوسێن شوکریان برد و تێر لێیاندا.

سامی پێی ڕاگەیاندم کە خەلیلی نەقیب، ئەفسەرەکەی هۆشدار کردۆتەوە لەوەی هەڵەی کردووە لە تورەکردنی ئەو ئێرانیانەی دەمارگیرن بۆ خومەینی: نەدەبوو بە خراپە باسی بکەیت، ئەوان لە پرسەی ئەودان! تۆ پاڵیان دەنێی بۆ نارەزایەتی و یاخیبوون.

لە ئێوارەی ئەمڕۆ ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی ئەنجامدرا لەسەر گیانی ئیمان، منیش قەسیدەی حوسەینیم دەوتەوە لەم بۆنە پڕ ئێشەدا.

- سێ شەمە ١٨ تەموزی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

(١) لە خەڵکی شاری هەولێرە، تاکێکی فیرقەی٢١ حەمزەیە، لە ئابی ١٩٨٧ لە ناوچەی دهلیران بە دیل کەوتۆتە دەست لەشکری سەدامدا.

ئەمڕۆ بڕیاردا من سزا بدرێم، لەسەر دەستی حەبوشی پاسەوانی تازە لە خێوەتگەکە، بەهۆی قەسیدەکانی دوێنێ، سەید عەلی ئاقایی بەرپرسی کەمپە جەمەلۆنەکە هەوڵیدا نێوەندگیری بکات و کێشەکە کۆتایی پێبهێنێ، کاتێك یەکەم کێبڵی لەسەر پشتی دام، پێم وت:

- گەورەم! بچە زدن دارە؟

حەبوش بە فازڵی وەرگێڕ وت:

- ئەوە چی دەڵێت؟

فازڵ وتی:

- گەورەم دەڵێت: ئایا ئەوە منداڵ لێ دەدات؟

حەبوش بۆ چەند ساتێك وەستا و سەیری دەکردم و ئینجا بە فازڵی وت:

پێی بڵێ: لێت نادەم، بەڵام تۆ ڕزگارت نابێت لە سزای شەفیق عاسم.

دوای سەرژمێری شەوانە، مەیسەم سیرفر بەهۆی ئێشی چاوەکانی دەیناڵاند، حاجی سەعدوڵا دەستپێشخەری کرد بۆ لای پاسەوانان و داوای حەبێکی هێورکەرەوە لێکردن، حاجی سەعدوڵا مەیسەمی خۆشدەویست و بە (مەیسەمی تەمار) بانگی دەکرد، لەلای سەری دانیشت تا نیوە شەو، هەرەم دەیوت ئەگەر ڕۆیشتینەوە ئێران تۆ دەبیتە زاوام!

حاجی سەعدوڵا بۆ ئێمەی گێڕایەوە، مەیسەم لە نەخۆشنانەی ١٧ تەموز بوو، سەرباری زۆری ئاو کەچی ئەو تێرئاو نەدەبوو، لە خواردنیدا تەنها کەمێك ئاوی دەخوارد، پێم وت: ئەی عەبدوڵا بۆچی ئەمە بەخۆت دەکەی؟ تۆ تەنها کەمێك دەخۆی و دەخۆیتەوە؟

پێی وتم: حاجی ئەگەر بە کەیفی خۆم بخۆم و بخۆمەوە، ئەوا ئەمە وام لێدەکات سێ جار بڕۆمە ئاودەست، ئەمەش هاوڕێیانم شەکەت دەکات بەهۆی هەڵگرتنی منەوە، هەر بۆیە کەمێك دەخۆم، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە یەك جار هاوڕێیانم هەراسان بکەم!

- سێ شەمە ٢٥ تەموزی ١٩٨٩ — تکریت — حێوەتگەی ١٦

عەلی ئاقایی[1] تاکە دیلە کە سڵاوی سەربازی ئەنجام نەدەدا بۆ بەرپرس و پاسەوانانی خێوەتگەکە، یاسایەکی تایبەت لای ئەو هەیە، هەردەم ئەمەی دەوت!

لە یاسا سەرەکیە باوەکان لە خێوەتگەکەدا، سڵاوکردنی سەربازیە بۆ ئەفسەر و پاسەوانان، کاتێك یەکێك لە بەرپرسان دەڕوات لە نزیکمانەوە، پێویستە سڵاوی سەربازی بۆ ئەنجام بدەین، من و محەمەد کازم بەهۆی بڕینی قاچمانەوە هەڵاوێردراو بووین لەمەدا.

عەلی سڵاوی سەربازی نەدەکرد بۆ فازڵی ئەفسەر، ئەفسەرەکە دووجار هەڵسا بە سوکایەتی کردن پێی، هەوڵی سەرشۆڕکردنیدا، عەلی لە بەرپەرچدانەوەیدا وتی: لە لوتکەی گەمارۆی ئابووریدا ئێمە موشەکەکانی ئێوەمان لەسەر ئاوەکانی کەنداوی فارسیدا دەتەقاندەوە، فازڵی ئەفسەر ڕقی لە عەلی ئاقایی دەبووەوە، عەلی خۆی ئامادە کردبوو بۆ وەرگرتنی سزای تەحەداکردنی بۆ بەعسییەکان، زۆر لێیاندا لەبەرامبەر هەموو ئەوەی دەیوت بۆ توڕەکردنی و ئەنجام نەدانی سڵاوی سەربازی بۆیان.

---

(١) لە خەڵکی شاری زاهدانە، فەرماندەی فەسیلی زەید بوو لە فەوجی ٤٠٩ فیرقەی ٤١ سەئرڕوڵا، لە ناوچەی شەلمچە لە قاچیدا بریندار بوو، لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٩٨٧ بەدیل گیرا، لە شاری مەشهەد کۆچی دوایی کرد، بەهۆی زۆری هەڵمژینی گازە کیمیاییەکان لە جەنگدا، ڕامین حەزرەت زادە هەواڵی شەهیدبوونی ئەوی پێدام.

جارێكیان ئەفسەرەكە پرسیاری لێكرد: بۆچی ئەوە ناكەی كە هاوەڵە دیلەكانت دەیكەن، سڵاوی سەربازی ئەنجام بدەیت؟ تەحەداكردنت بۆ یاسا بە زۆر لەسەرت دەكەوێت؟

عەلی لەو جۆرە كەسانە بوو كە نەدەترسان و زۆر ڕاشكاو بوو، هەر بۆیە پێی وت: موحسن ڕەزائی سەركردەم منی فێر كردووە سڵاو بۆ بەعسییەكان نەكەم!

ئەفسەرەكە بە توڕەیی وتی: گەوجە ئایا فێری كەم ڕەوشتی كردی؟

عەلی وتی: نەخێر! فێری كردووم چۆن بجەنگم و نەكەومە نێو دیلایەتیەوە، بەڵام بەداخەوە كەوتمە نێو دیلایەتیەوە!

فازڵی ئەفسەر ئاماژەی كرد و پاسەوانان بە لێدان كەوتنە سەر گیانی، لەو كاتەی لە سەر و دەموچاوی دەدرا دەیوت: هۆ ئەفسەر هۆكارێكی تر هەیە كە سڵاو ناكەم!

ئەفسەرەكە فەرمانی كرد وازی لێبهێنن تا ئەم هۆكارە لە عەلیەوە ببیستێت.

عەلی وتی: ئەمە بۆ دوژمنایەتی و دۆستایەتی دەگەڕێتەوە.

ئەفسەرەكە پرسیاری لە مانای ئەمە كرد، وتی: دۆستایەتی بۆ خۆشەویستانی خوایە، دوژمنایەتی بۆ دوژمنانی خوایە، ئێوە دوژمنانی خوان، دوژمنی خانەوادەی پێغەمبەری خوان.

ئەفسەرەكە پرساری كرد بیخەنە نێو قەفەسێكی هاوشێوەی قەفەسی مریشك، ئەم قەفەسە دەكەوێتە نێوان هەر دوو كەمپی جەمەلۆنی ژمارە یەك و دوو لە كۆتایی لای باكوری كەمپی جەمەلۆنی ژمارە یەك، تەلەكانی ئەم قەفەسە لە جۆری بازنەیی بوون، دوو جار ئەم قەفەسە تاقیكرایەوە، نەماندەتوانی لە نێو قەفەسەكە ڕابكشێین، كۆتا جار لە ڕۆژی چلەی ئیمامی كۆچ كردوو بوو، كە هاوكات بوو لەگەڵ ئاهەنگێڕانی

بەعسییەکان بە بۆنەی کودەتای ١٧ تەموز، ئەو کاتە بە هۆی قەسیدەکان و لاواندنەوە حوسەینیەکاندا منیان لەوێ منیان بەندکرد، کاتێك عەلی ئاقائیان ئازاد کرد، پێم وت: قەفەسەکەت پێ چۆن بوو؟

عەلی وتی: هەر چەندە تەسکتر بوو، کەچی شرینایەتی ئازادی زیاتر دەبوو!

لە ئێوارە یەکێك لە خەڵکی شیراز هات، لە دوورگەی مەجنونی باشور بەدیل گیرابوو، لە زیندانی ژمارە یەکی گرتووخانەی ڕەشید پێی گەیشتم، لەوەتەی چەند ساڵێك بوو لە بەرەکانی جەنگ بوو، بە منی وت: ئەو خەڵکی کهکیلویە و بویر ئەحمەدی خۆشدەوێ لە پێناو شەهید هورمز پور؛ ئەو شەهیدەی زۆر خۆشدەویست.

لە پرۆسەکانی فەتحولموبیندا، شەهید هورمز پور فەرماندەی کەتیبەکەی ئەو بوو، دواتر بووە فەرماندەی لیوای فاتیمەی زەهرا سڵاوی خوای لێبێ، لەگەڵ ئەو دابوو لە خۆرئاوای زبیدات.

سەرکردەیەکی ژیر و بەشکۆ بوو، شەوێك داوای لە فەرماندەی فەوج و فەسیل و پۆلەکان کرد، بە بۆیاخ کردنی پۆستاڵی سەربازەکانیان، وتی: کەمتر لە پێنج کاتژمێر دەخەوت لە شەو و ڕۆژێکدا.

لە زستانی ١٩٨٢ و پێش ڕۆشتنمان بۆ ئابادان و دوورگەی مینو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکانی کەربەلای چوارەم، شەهید سەید عینایەتوڵا مورادی وتەیەکی پێشکەش کرد، لە کۆتایی وتەکەیدا چەند گوڵبژێرێکی لە وەسیەتەکەی شەهید جەواد هورمز پور خوێندنەوە بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەکانەوە[١].

---

(١) تا ئێستا و سەرباری تێپەڕبنی چەندین ساڵ، وەسیەتەکەی شەهید هورمز پور گەرم و گوڕی خۆی هەر ماوە، هێشتا توانای زیندووکردنەوەی یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژەی هەیە، کە هاوەڵانی دەیگێڕنەوە، هیوادارم جەعفەر محەمەدی هاوڕێم لە دیلایەتیدا ببینم، بۆ ئەوەی پێی بڵێم: لە ستەملێکراوی شەهید هورمز پور

جەعفەر محەمەدی دڵگراوە و بەرچاورۆشن بوو.

بۆی گێڕامەوە: لە بەهاری ١٩٨٣ شەهید جەواد هورمز پور لەلای پێخەفی یەکێك لە شەهیدان بوو، شەهیدەکە یەکێك بوو لە زانستخوازانی زانستی ئاینی و لە خەڵکی پارێزگای فارس بوو، ئەو نامەیەی ئاڕاستەی ئیمامی مەهدی کردبوو — خوا هاتنە دەرەوەی خێراتر بکات — دایە دەستی شەهید هورمز پور و داوای لێکرد دایبنێتە نێو سندوقی ئەو نامانەی هەن لە مزگەوتی جمکران لە دەوروبەری شاری قوم، دوای پرۆسەکان شەهید هورمز پور پرسی ئەم نامەیەی لە نمایشەکانی بەیانی باسکرد، لەگەڵ پرسی ئەم مرۆڤە کە گوتارێکی ئاڕاستەی ئیمامی مەهدی کردووە لە نامەکەیدا و وتویەتی: کێ لە ئێوەی دەچێتە قوم و ئەم نامەیە دەخاتە نێو سندوقی نامەکان لە مزگەوتی جمکران؟ یەکێك لە هاوەڵانی خەڵکی تاران وتی: من بەو کارە هەڵدەستم لە کاتی ڕۆیشتنم بۆ تاران، بە شاری قومدا دەڕۆم، هیوادار بووم دەقی ئەم نامەیە بەسەر ئێمەدا بخوێنێتەوە لەسەرمان، کە لە دڵی شەهیدێکەوە ئاڕاستە کراوە بۆ ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراو، وا دەردەکەوێ ئەم شەهیدە ڕازی نەبووە هیچ یەکێك نامەکەی بخوێنێتەوە جگە لە شەهید هورمز پور.

---

ئەوەیە، زۆربەی خەڵکی پارێزگاکەی دوای تێپەڕینی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر جەنگدا تا ئێستا نازانن، شەهید جەواد هورمز پور سەرۆك لیوای فاتیمەی زەهرا سڵاوی خوای لێبێ بووە، ئەوەندە هەیە شەهید سەید عینایەتوڵای موڕادی چاك دەیناسی، چەند لایەنێکی دەخوێندەوە لە وەسیەتەکەی و فرمێسکی دەڕشت، گیانی جۆش و خرۆشی و تێکۆشان و قوربانی زیندوو دەکردەوە لە دڵی جەنگاوەراندا لە یەکەی ئەندازە لە لیوای ٤٨ فەتح، هێشتا دەنگی شەهید موڕادی دەزرنگێتەوە لە گوێچکەمدا، لە کاتێکدا کە چەند لایەنێکی دەخوێندەوە لە وەسیەتی شەهید هورمز پور:

((... کاتێك تەرمی من هەڵدەگرن بۆ گۆڕستان، دەستم بخەنە دەرەوەی تابوت، با دەستەکانم بە بەتاڵی دەربکەون، تا هەمووان بزانن من هیچم لەگەڵ خۆم نەبردووە، چاوەکانم بەکراوەیی بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی دووڕووان و ئەوەی نەخۆشی لە دڵیاندا هەیە بزانن، من بە بەرچاورۆشنی شەڕم کردووە، پێڵاوەکەم بخەنە سەر گۆڕەکەم، تا ئەوانەی بەلای مندا تێدەپەڕن لە خەڵکی گوندەکەم گەواهی بدەن، ئەو چەوساوە پێ پەتیانە، پشتیوانی وەفاداری ئیمام بوونە...)).

## بەشی نۆیەم

# تکریت

## خێوەتگەی پاشکۆ

- پێنج شەممە ٢٧ تەموزی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

دووچاری نەخۆشیەكی پێست بووم، پێم وترا ئەمە گەڕیبوونە، ئەمە پێش هەفتەیەك ڕوویدا، گەڕی (گوڕی) بوون لە نەخۆشیە گەڕۆكەكانە و دەگەڕێتەوە بۆ گەرماو نەكردن و كەمی ئاو و توانا تەندروستیەكان، بوونی ئەم ئاودەستانە كە ببوونە كانگای میكرۆب و ڤایرۆس و نەخۆشییە ناڕوونەكان؛ زۆرێك تووشی ئەمە بوون، ژمارەی تووشبووان پێش هەفتەیەك زۆر كەمبوو، بەڵام ئەم هەفتەیە زۆر زیادی كرد!

دوێنێ جەمالی پزیشك پێی وتم، نابێ تۆقە لەگەڵ دیلەكان بكەین، تەنها ئەوانە نەبن كە تووشی هەمان دەرد بوونە، نابێ خواردنیان لەگەڵ بخۆین و...، زیپكە پڕ لە كێم و زوخاو بە جەستەمدا بڵاوبوونەوە، ئەم زیپكانە وایان دەكرد مرۆڤ خۆی زۆر بخورێنێ، بەمەش زیاتر زیپكەكان دووچاری بڵاوبوونەوە بوون، بەڵام خۆ خوراندنكەمێك هەستی سوتان كەم دەكاتەوە، كاتێك ئەم زیپكانە دەتەقنەوە ئەوا دەسوتێنەوە.

خۆم قەدەغە كرد لە تۆقە كردن و باوەشكردن بەوانی تردا، جەمالی پزیشك فەرمانی كرد ئەوانەی تووشی نەخۆشی گەڕی بوونە، بگوازرێنەوە بۆ پێشەوەی جەمەلۆكە، بۆ لای دەرگاكە، وا دەردەكەوێ ئەوان دەیانەوێ ئێمە بگوازنەوە بۆ شوێنێك، تەنها خوا دەزانێ؛ لە ڕیزدا جوڵاین و لە گۆڕەپانی كەمپە جەمەلۆنەكە ڕۆیشتینە دەرەوە؛ دوای چەند خولەكێك لەبەر دەرگای خێوەتگەی پاشكۆ وەستاین، لە ڕیزێكدا ڕێك وەستاین، ئەم خێوەتگەیە تایبەت كراوە بۆ ئەوانەی دووچاری نەخۆشی گەڕی بوونە، ئەم خێوەتگەیە كەش و هەوای پێشوتری لەدەستداوە، دوێنێ هەڵساون بە بەتاڵكردنی ئەم خێوەتگەیە و دیلەكانیان بەسەر شوێنی جیاوازدا دابەش كردووە،

هەندێکیان گواستۆتەوە بۆ کەمپە جەمەلۆنەکانی ئێرە و ئەویش هەندێکی تریان گواستۆتەوە بۆ بەعقوبە و نەهرەوان لە دەوروبەری بەغداد.

هەستم بە دڵتەنگی کرد، بەهۆی دابڕانم لە هاوڕێیانم، هەردەم مرۆڤ هەست بەم پەیوەندییە سۆزدارییە دەکات، لە ساتەکانی خواحافیزی و جیابوونەوە، ئەمانە ساتی زۆر نەخۆش و کارەساتبارن لە هاووێنەی ئەم بارودۆخانەماندا.

هاتینە نێو گۆڕەپانی خێوەتگەکە، ئەمجەد ئێمەی دابەشکرد، منیان بردە زیندانی ژماری نۆ، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەستیان کرد بە چارەسەرکردنمان، جەمالی پزیشك هات و داوای لێمان کرد خۆمان ڕووت بکەینەوە، بۆ ئەوەی جەستەمان بە تەواوی بکەوێتە بەر ڕووناکی خۆر!! شۆك ئێمەی گرت بەم داوایە! هاوڕێیان ئەم داوایەیان ڕەت کردەوە.

وا دەردەکەوێ تاکە چارەسەر لە خاکی نێوان دوو ڕووبارەکە دانیشتن بێ لەژێر تیشکی خۆر و دانانی جەستەیە لەبەر تیشکی ڕاستەوخۆ خۆر و گەرمایەتیەکەی، سەرباری خۆ چەورکردن لە مادەیەکی ڕۆنێکی زۆر بۆن ناخۆش، ڕۆنەکە هاوشێوەی ماددەی گریز بوو، پێویست بوو زیپکە پڕ لە کێمەکانی پێ چەور بکەین، پێنج خولەك لەبەر تیشکی خۆر دادەنیشین، دواتر گەرماو دەکەین، لەم ڕۆژە ئێمە دەمانناڵاند بەدەست کەم ئاویەوە، ئەو کانیاوانە وشك بوون، کە پێشتر ئاویان لێدەهێنرا، جوتیارەکانی تکریت دەیانناڵاند بەدەستی ئەم کەم ئاویە، هەر بۆیە تانکەری ئاو لە جیاتی ئەوەی ڕۆژانە سێ جار ئاو بهێنێ، ئەوا تەنها دوو جار دەیهێنا، ئەو ئاوەی تایبەت دەکرا بۆ گەرماو کردن بەشی دەستشۆڕدنی نەدەکرد، جا چی دەڵێی سەبارەت بە گەرماوکردن، لەو ڕۆژانە ئاویاندەگواستەوە بەو تانکەرانەی بە بەلوعە ئاویان دەڕشاند!

ناچارکردنی ئێمه بۆ خۆ ڕووتکردنەوە وەك چۆن لە دایك بووینە، مایەی داخ و پەژارەیە، شەرم و چێژی گشتی ئەمە ڕەت دەکەنەوە، من ئەو کاتە هیوای مردنم دەخواست، نەوەك شتێك بکەم شەرم بشکێنێ، ئەوەی خۆی ڕووت نەدەکردەوە کێبلێ و داردەست و قەمچی بەشی ئەو بوون، پاسەوانەکان ملکەچی فەرمانەکانی جەمالی پزیشکن بێ کۆت و مەرج، وەك ئەوەی فریشتە توونـد و تیژ بن، تایبەتکراو بن بۆ سزا ڕژاندن بەسەر سەرماندا، جەمالی پزیشك ئێمەی ڕازی کرد بەوەی ئەمە تاکە ڕێگەی چارەسەرە! لەمەدا ڕاستگۆ بوو، لە هەمان کاتدا سور بوو لەسەر ئەوەی چارەسەر وەربگرین و لەم نەخۆشییە پیسە چاك ببینەوە، جەمالی پزیشك وتی: ئایا پێتان وایە من پێم خۆشە بەم شێوەیە بتانبینم؟ ڕێز و حورمەتی مرۆڤ ئەمە ڕەت دەکاتەوە، بەلایەنی کەمەوە تەنها لەمەدا بڕوام پێ بکەن!

هاوڕێیان داوایان لێکردم، قسە لەگەڵ جەمالی پزیشك بکەم بەلایەنی کەمەوە لەو ماوەیەی تیایدا خۆمان ڕووت دەکەینەوە، لە ژێر تیشکی خۆردا دادەنیشین، بەوەی ئێمە بە تەنها بین، و ڕێگە بە پاسەوانان نەدات لە ژوورەوە بێنە دەرەوە، ڕۆیشتم و جەمالی پزیشك منی هاندا بۆ ڕۆیشتنە نێو ژووری سەرۆك پاسەوان، جەمالی پزیشك و ئەو پاسەوانانەی لەگەڵیدا بوون سەرقاڵی خواردنی میوەجات بوون، بە ڕێزەوە بە پزیشکم وت:

- پزیشك من تکایەکم پێیە لەلایەن هاوڕێیانمەوە!
- گوێم لێیە.
- پزیشك! هچ ڕێگەیەکی ترمان نییە جگە لە خۆ ڕووتکردنەوە نەبێ؟
- چ نەنگیەك لەمەدایە؟

له میانەی شێوە قسەکردنەکەی، درکم کرد بەوەی ئەو گوێ نادات بەوەی من دەیڵێم، بە جۆرێك لوتبەرزانە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکاندا دەکات، بەردەوام بووم له قسەکردنمدا:

- پزیشك! بەڵێ نەنگی تێدایە، ڕێز و شکۆی مرۆڤ ئەمە ڕەت دەکاتەوە، ڕووتی کەسایەتی مرۆڤ دەشکێنێ.
- ناسری هەواڵگری! پرسیارێکت لێدەکەم، ڕاشکاوانە وەڵام بدەرەوە!
- باشە گەورەم.
- ئەگەر بتزانیبایە بە هاتنی تۆ بۆ جەنگ و بەرەی شەڕ، دەکەویتە نێو دیلایەتی و دواتر ناچار بە خۆ ڕووت کردنەوە دەکرای لە خێوەتگەکانی دیلەکاندا، ئایا دەهاتی بۆ بەرەی شەڕ.
- پزیشك، من لێرە دیلم لەبەر دەستی ئێوە، ئێوەش دیلتان لە ئێران هەیە، ئێستا جەنگ بە کۆتا هاتووە، بە ڕای تۆ بەهای تکایەکی دیلی عێراقی کە لە ئێران پێشکەشی دەکات چییە؟
- لە بابەتەکە مەڕۆ دەرەوە، دەمەوێت وەڵامی پرسیاری خۆم بزانم؟

لە ناخی خۆمدا وتم: ئەم جەمالی پزیشکە بەڵێنەکانی ناباتەسەر، هەر جارە و لەسەر گوریسێك یاری دەکات و ناژیرانەیە نرخ بۆ قسەکانی دابنێین، لە پێناو ئەوەی ڕووت نەکرێینەوە، ئامادەبووم لە وەڵامدا پێی بڵێم: پزیشك! ئەگەر بمزانیبایە ناچار بە خۆ ڕووتکردنەوە دەکرام، ئەوا یەك ڕۆژیش نەدەهاتمە بەرەی جەنگ، تەنانەت ئەگەر پێی بڵێم: بەهاتنم بۆ بەرەی جەنگ کام خواردووە، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی هەر ئەمە دەبوو: گەڕ نەخۆشیەکە چاك بوونەوەی لێ نییە، تەنها بە خۆڕووتکردنەوە نەبێ لەبەر تیشکی خۆری مانگی تەموزدا!!

ویستم باز بەسەر پرسیارەکەدا بدەم، بۆیە وەڵامی ئەوم نەدایەوە، داوا لە پزیشك کرا من بگەڕێمەوە بۆ زیندان، پێم وت:

- پزیشك! ڕێگەم پێ بدە ئەم داوایەی کۆتایی لێت بکەم:
- بەخێرایی بڵێ!
- پزیشك! ئێمە لە ژێر فەرمانی تۆداین و خۆمان ڕووت دەکەینەوە، بەڵام بە پاسەوانان بڵێ لە ژووری خۆیاندابمێننەوە لەو کاتەدا؛ مەبەستم ئەوەیە کاتێك ئێمە لە گۆڕەپاندا بە ڕووتی دەبین!! بە قسەی من پێکەنی و وتی: پاسەوانان لە گشت بارودۆخێکدا بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، پێویستە چاودێری دیلەکان بکرێ تا ڕانەکەن.

زۆر هەستم بە خەفەت کرد، بیرم نەدەکردەوە من دەکەومە نێو دیلایەتی و لەوەش خراپتر، بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات ڕۆژێك داوایان لێ بکرێ خۆیان ڕووت بکەنەوە لە گۆڕەپانی خێوەتگەکەدا، زانیم من تەنها ئاسنی سارد ئەکوتم، پێم وت:

- پزیشك! دڵنیابە ئەگەر یەك دیلیش لەوێ نەبێ و دەرگای گرتووخانە کراوە بێ، هیچ کەسێك بە ڕووتی ڕاناکات!

سیمای ئاسودەییم لە سەر ڕووخساری ئەو بینی، دەنکە ترێی لە هوشیە ترێیەك دەکردەوە کە لە دەستی دا بوو و وتی:

- من دەچمە بەغداد؛ بەڵام بڕوانە چۆن خوا تۆڵە دەکاتەوە لە دوژمنانی عێراق، ئەوان چۆن ڕووت و بێ نرخن!
- پزیشك! گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەبەردەم خوا ئابڕوی نەچێ!

بێ وتەی خواحافیزی گەڕامەوە زیندان، خەمبار بووم، هاوڕێیانم وا گومانیان برد جەمالی پزیشك ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ئەوەی خۆمان ڕووت نەکەینەوە، یان داوای لە پاسەوانان کردووە لەو کاتەدا لە گۆڕەپانەکە نەبین، کە ئێمە ڕووت دەکرێینەوە، ئەوەی لە نێوان من و پزیشك جەمالدا ڕوویدا بۆ ئەوان گێڕایەوە،پێم وتن هیچ ڕێگەیەك نییە جگە لە خۆڕووتکردنەوە نەبێ، دەبێ فەرمانی پزیشکەکە جێبەجێ بکرێ!

کاتێك بە ڕووتی دانیشتین لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، لە ژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا، هەستم کرد من دانیشتووم لە گۆڕەپانی دواڕۆژدا، دیمەنەکەمان زۆر لە ڕۆژی دواییەوە نزیکە، سەرمان دادەنواند لە شەرمان، بەڵام ئەوەی سەختی شەرمکردنەکەی کەم دەکردەوە ئەوە بوو، ئێمە هەمووومان ڕووت بووین!

حەسەن بەهەشتی پور وتی: هاوڕێیان! ئەم جۆرێکی تاقیکردنەوەیە و پێویستە سوپاسی خوای پاك و بێگەرد بکەین لەسەر هەر بارودۆخێك، لەوانەیە ویستی خوای پاك و بێگەرد لەسەر ئەمە بێت، ویستویەتی لایەنێکتان پیشان بدات لە ڕۆژی دوایی.

حەسەن بەهەشتی پور، گوتاری خۆی پێشکەش بەوانە کرد کە شەرمیان دەکرد، کە تا ئاستێك دەستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر بەرپرسانی ئێرانی، بەوانی وت: ئەگەر ئەم دیمەنە یەك گەردیلە ئیمانمان بە ڕۆژی دوایی زیاد بکات، ئەوا پێویستە لەسەرمان سوپاسی خوا بکەین، پێشبینی چاکە لەم کارەدا بکەین.

- دوو شەمە ٧ ئابی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

لە ناخی دڵمەوە حەزم دەکرد تۆڵە لەم بەعسیانە بکەمەوە، هەستم بەسەر شۆڕی کرد بەهۆی تووشبوون بە گەڕی بوون، ئەم دەردە پێستیەی کە وای لە ئێمە کرد خۆمان ڕووت بکەینەوە لەبەردەم هاوڕێیان، لەوەش خراپتر لەبەردەم دوژمنان، لە پاڵ

گەڕی بوون ڕشکە و ئەسپێ هێرشیان بۆ هێنایان و ژیانی ئێمەیان کردە دۆزەخێکی سەخت، ئێمە زۆرانبازیمان دەکرد لەگەڵ ئەو ئەسپێیانەی کە بەربووونە گیان و پۆشاکەکانمان و خوێنی ئێمەیان دەمژی، ئەسپێکان ئەوەندە قەڵەو ببوون کە بە هێدی جوڵەیان دەکرد، بە زۆری هێلانەی دادەنا لە هەر شوێنێك بیانویستایە، سەرباری ئەوەی ئێمە شایستەی دەیان بووین، بەڵام ئەوان زۆر بەخێرایی زیادیان دەکرد، ڕشەکە و ئەسپێکان گەورە دەبوون و بە کەیفی خۆیان لە گشت بەشێکی جەستەماندا دەهاتن و دەچوون، هەندێك هاوەڵان کە ماندوو ببوون لە جەنگ کردن لەگەڵ ئەسپێکان، دەبینی پێستیان کون دەکرد و لە ژێر پێستدا نیشتەجێ دەبوون.

لە نیوە شەودا کاتێك لە خەو هەلدەستام، دەمبینی هاوڕێیانم سەرقاڵ بوون بە کوشتنی ئەسپێ، هەندێکیان بە دەم خەوتنەوە ئەمەیان دەکرد، وای لێهاتبوو جوڵەی دەستەکانی نەستی بوون، لە خوراندن و ڕاوەدونانی ئەسپێکان.

داندەنێم بەوەی ئێمە خۆمان ڕاگرت بە ڕووی بەعسییەکاندا، بەڵام لە بەرامبەر ئەسپێکاندا ئەوا هەستمان بە تێکشکان و کرد.

لە بەیانیدا نینۆکەکانمان، کە تاکە هۆکار بوون بۆ کوشتنی ئەسپێکان، پیس ببون بە خوێنی پیسەکانەوە، ئێمە نانمان دەخوارد بەم دەستە پیسانە، چونکە ئێمە وامان پێ باشتر بوو ئەو ئاوەی لامان بوو بخۆینەوە نەوەك بەفیڕۆی بدەین لە شۆردنی دەستەکانمان!! هەر بۆیە بیرۆکەم بۆ دەهات بۆ تۆڵە کردنەوە لەم بەعسیانە، کە وایان کردووە ژیانمان ببێتە دۆزەخێك لەم زیندانە نهێنیانەدا، کاتێك ئەم بیرۆکەیە خرایەڕوو بۆ جەلال ڕەحیمیانی بەرپرسی زیندانیەکە، دەستبەجێ پێشوازی کرد، بەڵام لە ئاکامەکەی دەترسا!

جەلال وتی:

- ئەگەر ئەمەیان زانی ئەوا دووچار سزای سەخت دەبینەوە.
- جەلال! لەوانەیە لەم کارە ڕازی نەبێ، بەڵام تۆڵە سەندنەوە لە بەعسییەکان تاوانێکی مەزن نابێ.
- کەواتە با شتەکە نهێنی بێ لە نێوانماندا.
- هۆشیار دەبم، بەکەس ناڵێم، تەنها ئەوانە نەبێ کە پلانەکە جێبەجێدەکات!

ژمارەیەك چاك لە ئەسپێم دانایە نێو پارچە پلاستیکێك و قسەم لەگەڵ مەجید قوربانی بەرپرسی پاککردنەوە کرد، لەبارەی پاك کردنەوە ژووری سەرۆکی پاسەوانان، داوام لێکرد ئەسپێ لە نێو بەتانیەکاندا بڵاو بکاتەوە بێ ئەوەی هیچ کەسێك هەستی پێ بکات.

ترس دایگرت و وتی: ئەگەر ئەم کارەم ئاشکرا بکەن ئەوا سزام دەدەن!

بەجۆش نەبوو بۆ ئەمە، بۆیە تەنگوچەڵەمەکانی خۆمانم بۆ شرۆڤە کرد، لە خۆڕووتکردنەوە بەهۆی گەڕی بوون و ئەوەی دەناڵێنین بەهۆی ئەسپێوە، هەموو ئەمە بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتەی ئەوانە، پێم وت: بە خراپترین شێوە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کۆیلەکان هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن!

دیلەکانیان لە ئێران مریشك و برنج دەخۆن، ئێمەش لێرەدا فەوجەکانی ئەسپێ و ڕشکە خوێنمان دەمژن.

تاکە بژاردەم ڕازی کردنیەتی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، چونکە عەقڵ بڕیار دەدات ئەگەر کەسێکی ترمان ڕاسپارد، ئەو کەسە ئاشکرا بوو، ئەوا مەجید دانپێدا دەنێ بەسەر مندا، بۆ ئەوەی خۆی لە کێشەکە ڕزگار بکات، بەڵام ئەگەر ئەوم ڕازی کرد بە ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوا بە تەواوی نکۆڵی لەم کارە دەکات، بۆیە دەبێ هاوبەش بێ لەم پیلانگێڕیە، لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بووم لە ڕازیکردنیدا!

- ■ سێ شەمە ٨ ئابی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

سامی پاسەوانی عێراقیە چاکەکە هات، ئێمە زیاتر لەم زیندانیەدا شەڕانگێز بووین، هەروەك پێشبینەم کرد، ئەسپێکان ڕێگەی خۆیان بەرەو بەعسییەکان دۆزیەوە، سامی هاتە نێو زیندانیەکە و بە خەندەوە وتی:

- ئەسپێ گەیشتووەتە ئێمە!

گومانی لە من دەکرد، هەروەها لە دوو کەسی تریش، لە میانەی ڕوانینەکان دەمزانی ئەو دەزانێ کێ لە پشت چیرۆکەکەوەیە، دەیویست بزانێ ئەمە پیلانی کێیە! زیاتر گومانی لە من دەکرد، سەرباری ئەوەی متمانەم بە سامی دەکرد، مەترسیمان لەلایەن ئەوەوە لەسەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچم پێی نەوت، دوای ماوەیەك دانم بە ڕاستیەکە دانا بۆ ئەو سەبارەت بە ڕووداوەکە.

- ■ چوار شەمە ٩ ئابی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

کەش و هەوا هەردەم لە مانگی ئابدا سوتێنەر و گەرمە، هەوا و تەنانەت ئەو ئاوەی دەیخۆینەوەش زۆر گەرمە، بەهۆی ئەوەی زۆر لەم ئاوە دەخۆینەوە، ئەوا زۆرێکمان دووچاری زگچوون بوونەتەوە، بەڵام هاوڕێیان ڕێگەیەکیان داهێنا بۆ ساردکردنەوەی ئاوەکە پێش خواردنەوەی، پەرداخە کانزاییەکانیان پڕ لە ئاو دەکرد، ئینجا لولپێچیان دەکرد بە گونیە (کیسەی دانەوێڵە) و ئینجا ئاو پرژاندن بەسەر گونیەکەدا تا ئاستی تەڕکردن، ئینجا ڕیزیان دەکرد لەلای دەسکی پەنجەرە، بەهۆی ئەو هەوایەی لە ڕێی پەنجەرەوەکە دێتە ژوورەوە، پەرداخەکان و دەفرەکان سارد دەبنەوە، زۆربەی جاران پەنجەرەیەك سی بۆ چل پەرداخی لەسەر دانراوە بە ڕێگەی ورد، بەوەی ئەگەر یەکێك بیەوێ پەرداخێك لە ژێرەوە ببات ئەوا پێویستە لەسەری زیاتر لە بیست پەرداخێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە.

کاتژمێر دە یان یازدە تێپەڕی، کاتێك وەلیدی پاسەوان هاتە لای پەنجەرەکە، بە پەنجەیەکی لە یەکێك لە پەرداخەکانی سەرەوەدا، کاتێك پەرداخێکی سەرەوە یان خوارەوە بەر دەبێتەوە، ئەوا هەموو پەرداخەکان بەردەبنەوە یەك لە دوای یەك، دواتر پێخەڤەکانمان تەڕ دەبن و لەم شەوە بەدواوە کاتێك نۆرەی پاسەوانی وەلید یان حامد بۆ پاسەوانی دێت، پێویستە پەرداخەکان ڕیز نەکرێن لەسەر پەنجەرەکە، وەلید پاساوی بە کارەکەی دەدا بەوەی لەبەر چاوەی پاسەوانی شەو دیار نەبوو.

- پێنج شەمە ١٠ ئابی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

حامدی پاسەوانی بەعسی عەلی شا ئاوریدەی خستە نێو گونیەیەك و زۆر لێیدا، بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەو کارەی پێی هەڵدەستێت، دواتر لەبەردەم هەمووواندا تاوانەکەی ڕاگەیاند، عەلی شا بە سەدامی گوتبوو (بیژی).

پێش دوو ڕۆژ، حامد هەمان کاری کرد لەگەڵ دیلێکی خەڵکی ئورمیە، دوای ئەوەی ئەم دیلە تەلێکی کارەبایی بەکارهێنا بۆ گەرم کردنی ئاو و ئامادەکردنی چا، ئەمەش بە گەیاندنی تەلێکی کارەبایی بە پارچە ئاسنێك و نقومکردنی بۆ نێو دەفرێکی پڕ لە ئاو، بە دڵنیایەوە ئەمە دوو تەلە کارەبا لەگەڵ بوونی ماوە لە نێوانیاندا دەخوازێ.

لە مانگی تەموز و ئاب پلەی گەرما ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، کە دەکرێ سوود لە تیشکی خۆر ببینرێ، بەوەی دەفری ئاو لەبەردەم ڕۆژدا دابنرێ و پلەی گەرما تا ئەندازەیەك بەرز دەبێتەوە، کە دەکرێ چای پێ ئامادە بکرێ[1].

ئەو تاوانەی عەلی شا ئەنجامیدا، گەورەترە لە تاوانی دیلە ڕۆمیەکە، هەر بۆیە هەمووانیان سزادا بە بڕینی ئاو لە دوای نانی نیوەڕۆ، ئێمە دەمانناڵاند بەدەست تێنوێتی زۆر لە هاووێنەی ئەم کەش و هەوایە گڕگرتووەدا، نەمانتوانی بچینە

---

(١) پلەی گەرمای ئاو بۆ زیاتر لە حەفتا پلە بەرز دەبێتەوە. وەرگێری عەرەبی.

ئاودەست، قاپەکانی شیو پڕ لە ڕۆن بوون و بەم جۆرە مانەوە، ئەمەش پاڵی بە هەندێك کەسەوە نا پاشماوەی چا بەکار بهێنێ لە خاوێنکردنەوەی دەفرەکاندا.

ئێوارەی ئەمڕۆ خەریك بوو بمرم، بەهۆی زۆری تێنوێتیەوە، هەستم کرد بەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژانیتر گەرمترە.

ئێمە هێشتا بەردەوام بووین لە دانیشتن لە ژێر تیشکی خۆری سوتێنەردا، تێنوێتی دڵەکان دەهەژێنێ و جگەر ڕیشەکێش دەکات، ئارەقە بە جەستەکاندا دێتە خوارەوە و بۆنی ڕۆنەکان بکوژە، هەندێکیان کەوتن لە ژێر بانی ڕێڕەوەکان بە شەکەتی؛ من دەستەسڕێکی سپیم پێ بوو و لەسەر سەری خۆم دانابوو، بەهۆی زۆری گەرماوە، داوام لە سامیکرد دەستەسڕەکە بە ئاو تەڕ بکەم، سامی و قاسم هاوسۆز بوون لەگەڵماندا، سامی یان قاسم دەیانویست ئاو بۆ دیلەکان بهێنن، بەڵام وەلید ڕێگری لێیان دەکرد؛ حاجی حوسێن شوکری و محەمەد کازم بابائی لە تەنیشت منەوە دادەنیشتن، بە حاجی حوسێنم وت:

- کارێك دەکەم، بەڵکو خوا هەندێك بەزەیی بخاتە دڵە ڕەقەکانەوە، بەمەش ئاو بخۆینەوە.

حاجی حوسێن وتی:

- بیکە و ئێمەش دەیبینین!

من لە شوێنی خۆم دانیشتبووم، دەستم کرد بە لێدانی بنی دارگۆچانەکەم لەسەر زەوی، وەك ئەوەی زەوی هەڵبکەنم، پارچە پلاستیکەکەی ژێر دارگۆچانەکەم پارچە پارچە بوو، من دڵنیا نیم لەوەی من پێی هەڵدەستم سوودی هەبێ، سەعدی سەرنجی ڕاکێشرا بۆ لای لێدانەکانی من لە ڕووی زەوی، بەرەو لای من هات و لیکاوی خۆی

هەڵدەكێشایەوە بە دەمێكی نیمچە كراوەوە و بانگی مەنسوڕی دیلی خوزستانیەكە كرد بۆ وەرگێڕان، سەعید پرسیاری كرد:

- ناسڕی هەوالگری ئەوە چی دەكەی؟
- گەورەم تێنوم!
- بۆچی زەوی هەڵدەكەنی؟
- ئێوە بێ بەشمان دەكەن لە ئاو، دەمەوێ بیرێك هەڵبكەنم!

سەعد پێكەنی، گاڵتەیەكی هیچ بوو، سەعد كەمێك نەرم و نیان بوو، هەستم كرد هاوسۆزە لەگەڵمدا و محەمەد كازم تێبینی كرد كە پێی كاریگەرە، سەعد فەرمانی بە حەبوشی پاسەوانی تازە كرد ئاو بۆ بریندااران بهێنێت، هەر یەك لە وەلید و ڕافع هەراسان بوون، كاتێك من و حاجی حوسێن شوكری و محەمەد كازم ئاومان دەخواردەوە، وەلید خەریك بوو سور هەڵدەگرا لە توڕەییان.

▪ دوو شەمە ١٤ ئابی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

دوێنێ هاوكات بوو لەگەڵ یادی چلەی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ، بەعسییەكان ئاویان لەسەر پچڕاندین بەهۆی لە سینگدانمان، خەریك بوو لە تێنوێتیاندا بمرین، دوای ئاو بەدەست گەیاندن، دیلەكان تارەتیان دەگرت بە گیرفانی زەرد كە لە خوارەوە كراسەكە لە ڕووی دەرەوەدا هەبوون، كار گەیشتە ئەوەی دیلەكان سوود ببینن لەم گیرفانە پارچە پارچانە وەك دەستەسڕی پەڕاو!

بیرۆكەیەك هاتە مێشكم، لە نێو دارگۆچانەكەم و دوو كونی گیرفانی هەن، لە هەر یەكێكیاندا سەمونەیەك هەیە بە ئاسانی دەكرێتەوە، لە نێو ئەم دوو گیرفانانەدا ناوی ژمارەیەكی زۆر لە دیلەكانم هەڵگرتووە، كە تۆمار نەكراون لە لیستەكانی خاچی سوری

نێودەوڵەتیدا، بۆ یەك جاریش بەعسییەکان بیریان لە کردنەوە و پشکنینی نەکردۆتەوە[(١)].

لە هەر بڕغوێکدا دوو کونی چوار گۆشە هەن، وەك ئەوەی کارگە ئەم بڕغوەی بەرهەم هێنا بێ بۆ کردنەوەی شێرەکانی ئاو، سەمونەکانم دەرهێنا، بۆ ئەوەی شێرەی ئاوی سەرەکی پێ بکەمەوە، کە ئاوی بۆ ئاودەستەکان دابین دەکرد، خەریك بوو لە دڵخۆشیاندا بفڕم، دارگۆچانەکەم زۆر کەسی ڕزگار کرد لە تەنگوچەڵەمەی تێنوێتی، ئەمە هەمان ئەو دارگۆچانەیە کە دوێنێ پاسەوانان بەکاریان هێنا بۆ لێدان لە هاوەڵانم؛ ئەمڕۆ برادەرانمی ڕزگار کرد لە ئاهوناڵەکانی تێنوێتی!

- سێ شەمە ٥٥ ئابی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

کەشەکە زۆر گەرم بوو، سەلوان دەنکە ترێی لە هێشوە ترێی نێو دەستی دەقرتاند، نەمتوانی سەیری نەکەم، لیکاوم ڕژا بەبێ ویستی خۆم، هیوادارم لە شوێنی ئەو بووبام، هێشوە ترێیەکەم لە نێو دەستدا بووبا، هەستم کرد میوەجاتی بەهەشت بە تام و چێژترن!

- چوار شەمە ٦٦ ئبی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

زۆر ماندوو بووین لە دووبارە کردنەوەی شریتی گۆرانیە فارسیەکان، لێیان تێر بووین، لەوەتەی هاتووینەتە ئەم خێوەتگەیە و بڵنگۆیەکان گۆرانی پەخش دەکەن ڕۆژانە لە کاتژمێر نۆی بەیانیەوە تا دوازدەی نیوەڕۆ، لە کاتژمێر چواری ئێوارەوە تا کاتژمێر شەش، ئا بەم شێوەیە بەسەر ئێمەیان سەپاندووە گوێ لەم گۆرانیانە بگرین

---

(١) لە ڕۆژانی کۆتایی ماوەی دیلایەتیدا ژمارەی ناوی دیلەکانی نێو دارگۆچانەکەم گەیشتە زیاتر لە چوار سەد دیل تا هاوینی ١٩٩١، وا بڕیار بوو دیلەکان بەر لەوانیتر ئازاد بکرێن، دواتر خاچی سوری ئێرانی ئاگادار دەکرێتەوە.

بە دەنگەزۆرەکەی کە لە بڵندگۆیەکانەوە دەردەچیٚ، هاوشێوەی کەرەنا (بوق) دانراو بوون لەسەر تەلە دڕکاویەکان، گۆڕانیەکانی خاتوو ئەفسەر شەهیدی و داریوش ئیقبال و... زۆرێکی ترم لەبەر کردووە.

گۆڕانیەکانی ئەفسەر شەهیدی و داریوش بە لێکدانەوەی زۆر ورد هەڵبژێردراون، وا دەردەکەویٚ بەهۆی ناوەڕۆکەکانیانەوە بیٚ، کە لە بارەی نامۆیی و دەردی دووری لە وڵات و نیشتمانەوەیە؛ پاسەوانان هۆکاری دووبارە کردنەوەی ئەم گۆرانیە خەمبارانە نازانن، لە نێو چەندین گۆرانی تری دڵخۆشکەردا.

خاتوو ئەفسەر شەهیدی لە گۆرانیەکەیدا دەڵێت:

تۆ و دڵخۆشی و ئومێد.

من و تەنهایی و خەفەتەکان.

تۆ لە باخچەیەکی پڕ لە گوڵ.

من تەنهام لە باخچەی غوربەتدا.

گیانم لەگەڵ خەمەکان گەشت دەکات.

لە شاری خەفەت.

دوای تۆ، گریان هاودەمم بووە.

خەم و خەیاڵەکانت هەڵم دەخەڵەتێنن.

ئێستا من شەکەت و تەنهام.

نامۆم لەم شارە...نامۆم لەم شارە... نامۆم لەم شارە.

داریوش ئیقبال لە گۆرانیەکەیدا دەڵێت:

ئەی نیشتمانم! هەمووان لێرەدا نامۆن.

ئەگەرچی لە ڕووکەشدا هاوڕێ بن.

بەڵام لە دەروونندا ناخیان دوژمنە.

ئەی نیشتمانم! لێرەدا کەس بیر لەوەیتر ناکاتەوە.

تەنانەت ئەگەر لە برسان بمری.

کەسێك نابینی تەرمت هەڵبگرێ.

ئەی نیشتمان! لێرەدا قسە هەر هەمووی درۆ و دەلەسەیە.

دۆستایەتی لە پێناو کەرەنا (بوق)ەکانە.

هێشتا بازاری ترسنۆکەکان گەرم و قەرباڵغە.

ئەی نیشتمان! قوربانی خاکەکەت بم.

تروسکەی پڕ بۆن خۆشکەت.

قوربانی بۆن و توونديەکەت بم.

ئەی نیشتمانم! ئەگەر ئەم جارە گەڕامەوە، دەبمە گڵی ژێر پێت.

ئەی نیشتمانم! ئازادی لێرەدا گاڵتەجاریە.

کۆت و بەند و زنجیری دەرگاکەیانی بەستووە.

لەوەتەی ماوەیەکە، گەورە کەسایەتیەکانی دیلەکان لە نێویاندا حەسەن بەهەشتی پور، ئەسغەر ئەسکەندەری، حاجی حوسێن شوکری، جەعفەر دەولەتی موقدەم، سکاڵایان لای بەرپرسان کرد بەهۆی ئەو گۆرانیانەی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە بەدرێژایی ماوەی پێنج کاتژمێر، سەرباری ئەوەی هەندێك دەروون نزم و گۆشەگیریەکان پێی ئاسودە بوون، چونکە هاوئاواز بوون لەگەڵ ناخیاندا لەم جۆرە بارودۆخانەدا!

هاوڕێیان قسەیان لەگەڵ حەمیدی ئەفسەر کرد، وەك دەردەکەوێ لۆژیکانە بوو؛ پێش ئەمە من قسەم لەگەڵ سەعدکرد، بەڵام بێ سود بوو، ئەمە لە هەفتەی پێشوو بوو، ئەو پێی وتم: من بە خودی خۆم حەز بە ئارامی و بێ دەنگی دەکەم، بەڵام کارەکە بەدەست من نییە!

زیاد لە جارێك وتی: هیوادارم ئارامی باڵ بەسەر ئەم خێوەتگەیەدا بکێشێت، من لەم گۆرانیانە تێناگەم؛ شەفیقی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی فەرمانی کردووە، ئەم شریتانە لێ بدەم، من تەنها فەرمان جێبەجێ دەکەم!

سەعد ڕاستگۆ بوو لە قسەکانیدا، هانیدام بۆ ئەوەی بابەتەکە لەلای بەرپرسەکان بخەمەڕوو.

هاوڕێیان ئەو دەرگایەیان پیشان دام کە تیایدا دەچمە نێو بابەتەکە.

بە حەمیدی ئەفسەرم وت:

- گەورەم! خێوەتگەکە وەك ماڵی ئێمە وایە، گیانمان دەرچوو بەهۆی ئەم گۆرانیانەوە، دوو ساڵ تێپەڕین و ئەم گۆرانیانە فشار دەخەنە سەر مێشکمان، ئەگەر مانای شیعرەکانمی ئەم گۆرانیانەت پێ بڵێم، دەزانی مەبەستمان چییە!
- چ شریتێك داوا دەکەن؟

ناوی مامۆستا بەنان و مامۆستا شەجەریانم بۆ هێنا، فازڵی وەرگێڕ چەند ناوێکی تری زیاد کرد کە لە دەرەوە دەژین.

حەمیدی ئەفسەر دەیزانی ئەوپەڕی ئومێدمان ئەوەیە دەنگی ڕادیۆی خۆمان لە بڵنگۆکاندا ببیستین، بە گاڵتەوە وتی:

- ڕات چییە سەبارەت بە ڕادیۆی ئێران؟
- دەزانم ئەمە ئەستەمە، بەڵام بەشی فارسی لە ڕادیۆی بەغداد چاکترە لەم گۆرانیانە.
- ئەی چی دەڵێی سەبارەت بە دەنگی جەماوەر؟
- هەر شتێك بێ جگە لەم گۆرانیانە!

- شەمە ٢ ئەیلولی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

دوای ماوەیەکی زۆر هەستم کرد، دڵم هەڵپە بۆ میوەجات دەکات، پێش دوو مانگ خەیاریان بۆ هێناین، بەشی هەر یەكێكمان نیو خەیار بوو، واتە یەك خەیار بە دوو کەس.

ئەوانەی بەرپرس بوون لە وەرگرتنی خۆراك، ڕیز بوو لەلای دەرگای خێوەتگەکە، تا ئەمڕۆ هیچ یەكێكمان ترێی نەخواردووە، تەنها لە دەستی پاسەوان و بەرپرسانی خێوەتگەکەدا دەمانبینی.

هاوڕێیان بازنەیان بەست لە دەوری قاپێك، جەلال ڕەحیمیان بەرپرسی زیندانیەکە بوو، هەوڵی دابەشکردنی ترێی دەدا بەشێوەیەکی دادگەرانە، عارف یەزدان پەنا کە بە عارف ناسراوە و بەرپرسی دابەشکردن بوو، ترێیەکەی پێ بوو، ڕێگەی دابەشکردنەکە پشتی دەبەست بە دابەشکردنی یەك یەك دەنکە ترێ، دواتر بچوك و مەزنەکان لەیەکتر جیا کرانەوە، پرۆسەی دابەشکردن لە نێوان بیست و چوار زیندا یەك

کاتژمێری خایاند، بەشی هەر دیلێك چوار دەنکە ترێ مەزن و دوو دەنکە ترێی بچوك یان مام ناوەند بوو.

لە زیندانێکدا هەشتا و پێنج کەس هەبوون، کاتێك دابەشکردنی بە یەکسانی تەواو بوو، بیست و پێنج دەنکە ترێ زیاد بوون، پرسی دابەشکردنی بەسەر ژمارەی دیاریکراو کارێکی لەوپەڕی سەختیدا بوو، جەلال داوای کرد ڕای خۆمان بڵێین و بڕیاردرا لەسەر کەسانی بەساڵاچوو و نەخۆشەکاندا دابەشی بکەین، دوازدە دەنکە ترێ درانە کەسانی بریندار، سێزدە دەنکەش درانە ئەوانەی دووچاری زگچوونی خوێناوی هاتوون، گوێزرانەوە بۆ نۆرینگە.

بەهزاد ڕوشنی پزیشك، کە لە نۆرینگەکە کاری دەکرد، ئەرکی دابەشکردنی دەنکە ترێیەکان بەسەر نەخۆشەکاندا لە ئەستۆ گرت، کە لە هەشتا کەس پێکدەهاتن، سی و پێنج دەنکیان دابەشکرد لە نێوانیاندا، هەیانبوو دەستیان لە بەشەکەی خۆیان هەڵگرت، پرسیارم لە محەمەد ڕیڤایی کرد کە چۆن دەنکە ترێکانیان دابەش کردووە، وتی: موسیان بەکار هێناوە لە لەتکردنی دەنکە ترێیەکان و هەر یەکەیان نیو دەنکیان وەرگرتووە.

دوای ماوەیەك هەندێك پرتەقاڵیان بۆ هێناین، بەسەر زیندانەکاندا دابەشکرا، بەشی هەر سێ دیل یەك پرتەقاڵ بوو، پرۆسەی دابەشکردنی پرتەقاڵێ بە یەکسانی لەسەر سێ کەسدا زۆر ئاڵۆز بوو، هەر بۆیە بەرپرسی خێوەتگەکە کە لە دیلەکان بوو بە بەرپرسانی وت: ئەگەر وا بڕیارە پرتەقاڵ بێنن، ئەوا ڕێژەیەك بێنن بە دوو یان چوار کەس با پرتەقاڵێك بێ.

کاتێك پرتەقاڵەکان دابەشکران، دیلەکان بەشی خۆیان لە پرتەقاڵ وەرگرت، بەرپرسی پاك کردنەوە بە سەتڵەکەی بەسەر بیست و چوار زینداندا دەسوڕایەوە، سەتڵەکە بە بەتاڵی هاتەوە!

حەبوش پرسیاری لە بەرپرسی پاککردنەوە کرد: ئایا توێکڵەکانی پرتەقاڵت کۆ نەکردۆتەوە؟

- گەورەم بەسەر هەمووانیدا سوڕاومەتەوە! پرتەقاڵیان خواردووە و توێکڵەکەشیان هەڵلوشیوە.

■ شەمە ١٦ ئەیلولی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ڕۆژنامە عێراقییەکان ئەمرۆ هەواڵیان گواستەوە لەبارەی مەهدی ئەبریشمچی لەبارەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هی ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق)، ئەم بەرنامەیە بە یەك ڕۆژ پەخشکرا لە دوای کۆچی دوایی ئیمامی خومەینی خوا لێی ڕازی بێ، لە کۆتایی بەرنامەکەدا، کە لەسەر کەناڵی بەغداد پەخش دەکرا، پێشکەشکاری بەرنامەکە وتی: لە بەرنامەی داهاتوودا لە شەقامی (وەلی عەسر) لە تاران بەیەکتر شاد دەبینەوە!

وا دەردەکەوێ ئەوان قەناعەتیان بۆ دروست بووە ئەوان دەچنە تاران و کلیلەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تاران دەگرنەدەست.

ئەبریشمەچی زۆر دلگران بوو، لە ڕێگە نەدانی ڕژێمی بەعس بە پەخشکردنی بەرنامەی (سیمای مقاومت) لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنی بەغداد.

سامی وتی: سەدام چیتر متمانەی بە مەسعود ڕجەوی نەماوە.

وتم: بۆچی؟

سامی وتی: دوو جار سەدامی هەڵخەڵەتاندووە: جاری یەکەم لە پرۆسەکان (بۆسە) لە هێرشکردنە سەر ئێران و داگیرکردنی تاران، دوای ئەوەی سەدام دڵنیابوو لەوەی تاران داگیر دەکات و جڵەوی حوکمڕانی دەگرێتە دەست، دووەم جار: کاتێك جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی ڕژێمی تاران لە دوای کۆچ کردنی ئیمامی خومەینی دەڕوخێ ئەمەش بەهەمان شێوە نەهاتەجێ!!

موئەیەدی پزیشك وتی: کۆمەڵەی مەسعود ڕەجەوی پەلەیان کرد لە داواکردنیان لە سەدام لەبارەی وەستاندنی بەرنامەی (مقاومت)، سەدام ڕەزامەندی دەربڕی، ئێستا خەونەکانیان لە ڕۆیشتنە ئێران لە ناوچوون، دەستیان کردووە بە دەستگرتن بەو شتانەی پێشوو، بەمەش ڕەتکرانەوەیان پێدرا!

- یەك شەمە ٢٤ ئەیلولی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

تەلەفزیۆن لە زیندانەکاندا دەخولێتەوە، لە هەر پێنج شەوێکدا دێتە لامان، تەلەفزیۆنی خێوەتگەی پاشکۆ، تەلەفزیۆنیدراوسێ و سەید شوجاعی[(١)] براکەم بیر دەخاتەوە، ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ یادی ئەو هێرشەی ڕژێمی بەعس کردوویەتیە سەر وڵاتمان، بە گوێرەی ئەوەی لەسەری ڕاهاتبوون، تەلەفزیۆنەکە وتەی سەدامی پەخش دەکرد لە ئەنجومەنی نیشتمانی، چەند دیمەنێك لە هێرشی سەرباوی بۆ سەر ئێران پیشان دەدا، لە میانەی ئەم دیمەنانە سەدام دەردەکەوێ کە نوێژ لە حەرەمی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ نوێژ دەکات، وا دەردەکەوێ پێڵاوی لەبەردا بێ لە پاڵ گۆڕی

---

(١) من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، تەلەفزیۆنمان نەبوو، لە شەوانی هاویندا من لەگەڵ براکەم سەید شوجاع دەچووینە سەر بانی دراوسێکەمان، ئێمە لە کوڵانگەکەوە سەیرمان دەکردە گۆڕەپانی ماڵەکە، ئا بەم شێوەیە فیلمە سینەماییەکانمان دەبینی چەند خولەکێك بۆ من و چەند خولەکێك بۆ ئەو دەبوو، شەوێك کە ئێمە سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد، براکەم پژمی، ئاشکرا بووین و ئەوانیش کەوتنە دوامان، لەو شەوەوە بێ بەش بووین لە بینینی تەلەفزیۆنی دراوسێیەکە!

ئیمامەوە وەستاوە، تەنانەت لە نوێژەکەشیدا پێڵاوەکانی هەر لە پێدا بوو، ئەمە بابەتێك بوو ئەو شەوە هاوەڵان تاوتوێیان دەکرد!

جەلال ڕەحمیان وتی: تخوا تەماشا بکەن چی دەکات؟ ئەگەر دەتەوێت خەڵکی هەڵبخەتێنی ئەوا بەلایەنی کەم پێڵاوەکانت لەپێ بکە لەلای گۆڕی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ بێت!

محەمەد ڕەمەزانی وتی: ئای لە نەهامەتی ئەو کەسەی سەدام بەم پەرستشەی ئەو هەڵدەخەڵەتێنێ! سەدام دوژمنی ئیمامە، لە لای گۆڕەکەی ئەو نوێژ دەکات و لایەنگرەکانیشی دەکوژێت، نوێژی ئەو وەك نوێژەکەی محەمەد ڕەزا پەهلەویە لە حەرەمی ئیمامی عەلی کوڕی موسای ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ.

- دوو شەمە ٢٥ ئەیلولی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگە پاشکۆ

لە بەیانی ئەمڕۆ، حامد ئێمەی توڕە کرد بە مشەوشیەکەی لەبارەی سەدامی سەرکردەی قادسیە و ئێرانیە مەجوسییە ترسنۆکەکان و... حاجی سەعدوڵا گول محەمەدی کە لە شەلچە بەدیل گیراوە لەگەڵی بەکێشە چوو، حامد ئاماژەی دەکرد بە جەنگی نێوان ئێرانی ئیسلامی و ڕژێمی بەعس بەوەی قادسیەیەکی ترە، حامد لە یەکێك لە گەوجایەتیەکانیدا وتی: لەبەرەی شەڕدا بە تانك و دەبابەکەی ڕاوەدووی دەیان بەسیجی ناوە، تانکەکان زیاتر لە دوو سەد بەسیجیان شێلاوە.

حاجی سەعدوڵا وتی: تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام نەفرەتی خوا لە درۆزن بدات!

حاجی سەعدوڵا ئێوارە هاتە لام و وتی:

- نەخشاندنی تۆ زۆر جوانە، ئایا دەتوانی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەم ڕستەیەی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ: ((تێکۆشان دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت)) بۆم بنەخشێنی؟
- ئەگەر تەنها ئەم ڕستەیە بێ، ئای چەندە ئاسانە!
- هەوڵدە لە چەند ڕۆژێکدا تەواوی بکەی، دەمەوێ ئەم ڕستەیە بەدیاری ببەخشمە حامد!
- ئەمە بە چ بۆنەیەکە حاجی؟ بۆچی بە حامد دەدەی؟
- دواترئەمە دەزانی!

لەوەتەی ئێوارە دەستم کردووە بە چنینی پارچە قوماشێکی ٥٠ × ٤٠ سەنتیمەتر، عەلی یەمانی ڕێنوسی ڕستەکەی ئەنجامدا، عەلی یەمانی خەڵکی مەشهەدە، خۆشنووسێکی زیرەك بوو، شتەکە سەبارەت بەمن وەك مەتەڵێکی وێڵکەر مایەوە، حاجی سەعدوڵا چی لە پاڵ ئەمە مەبەستە؟!

حاجی سەعدوڵا دونیای بینیوە و شارەزایە، وا دەردەکەوێ داناییەك لەم کارەدایە! من بڕوام بە گشت ئەو شتانەیە کە دەیڵێت.

- پێنج شەمە ٥ تشرینی یەکەم ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لە بەیانیدا و لەگەڵ دەنگی ڕیزبوون، نەخشێنراوەکەم دایە دەستی حاجی سەعدوڵا، ویستم ڕوونکردنەوەم بۆ بدات لەبارەی ئەم ڕستەیە و مەبەست لە بەدیاری بەخشینی بە حامد؟

حاجی پوختەیەکی لە وتارێکی ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ لە (نەهجولبەلاغە، ژمارە ٢٧) بۆی گێڕامەوە، کە پەیوەندی بە جەنگی سەفەین و ئاگربەستی کاتی نێوان ئیمام سڵاوی خوای لێبێ و معاویەوە هەبوو، حاجی سەعدوڵا سەرپەرشتی دیلەکانی

دەکرد لە کەمپە جەمەلۆنەکەی ژمارە دوو و نزیکەی هەزار دیل دەبن، شارەزای قورئان و ڕاڤەکەی و نەهجولبەلاغە بوو، قسەی بۆ کردین لەبارەی نەهجولبەلاغە و ئەو پەند و داناییانەی تێیدان و قسەی کرد لەبارەی وتاری ٢٧ ئیمام سڵاوی خوای لێبێ، ئاماژەی بە پاڵنەرەکانی ئەم وتارە کرد وتی:

لە دوای جەنگی سەفەین، ئاگربەستێك ئەنجام درا، بەڵام معاویە پێیەوە پابەند نەبوو و دەستی کرد بە ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئیمامی عەلیدا سڵاوی خوای لێبێ بوون، یەکێك لەوانە ئەو هێرشە بوو کە فەرمانی پێکرد بکرێتە سەر ئەنبار، بگۆڕەکان هێرشیان کردە سەر ئەنبار،ماڵی خەڵکیان تاڵان کرد و کێڵگەکانیان سوتاندن، ئاگریان لە خانووەکانیاندا بەردا، بگۆڕەکان بەرگریەکی ئەوتۆیان بەدی نەکرد جگە لە بارەگا سەربازیەکان نەبن، کە خێرا تێکشکان بەهۆی کەمی ژمارەی سەربازەکان لە بەرامبەر هێزە دەستدرێژیکارەکان، بۆیە ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ وتارێکی ئاگرینی پێشکەش کرد، کە تیایدا ئیمام ڕەخنەی لەم سەرشۆڕکردنە گرت[1].

(١) لە خوارەوەدا دەقی گوتاری ٢٧ خراوەتەڕوو، کە لە دوای هێرشەکەی سەر ئەنبار لەلایەن معاویەوە پێشکەشکرا:

پاشان؛ تێکۆشان دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت، خوای مەزن کردوویەتیەوە بۆ خۆشەویستە تایبەتەکانی، ئەمە پۆشاکی پارێزکاری و زرێپۆش خوای تۆکمە و قەڵغانە بە هێزەکەیەتی، ئەوەی بە حەزەوە وازی لێبهێنێ خوای مەزن پۆشاکی سەرشۆڕی و ئاشوب و نەریتی بچوکەکانی بە بەردا دەکات، ڕاستی لە دڵی دادەماڵرێ، بەهۆی فەرامۆشکردنی تێکۆشان و لە دادگەری بێ بەش دەکرێ و لە جوامێری بەدوور دەخرێتەوە.

بەڕاستی من ئێوەم بانگ کردووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەم خەڵکە بە شەو و ڕۆژ و نهێنی و ئاشکرا، بەئێوەم وت: هێرشیان بکەنە سەر پێش ئەوەی هێرشتان بکەنەسەر، سوێند بەخوا هێرشی هەر کۆمەڵێك بکرێ لە ناو ماڵی خۆیدا، ئەوا سەر شۆڕ دەبێ، ئێوە تەمبەڵیتان نواند و سەرشۆڕیتان هەڵبژارد تا هێرشتان کرایەسەرتان و نیشتمانتان لێ داگیرکرا، ئا ئەوەتا برای غامد ئەسپەکانی هاتوونەتە ئەنبار و حەسەنانی کوڕی حەسانی بکری کوژرا، ئەسپەکانتان لە سەربازگەکانتان ڕفێنراون، پێم گەیشتووە

**ئا بەم شێوەیە نهێنی پاڵ ئەم نەخشاندنە و پێدانی ئەم دیاریە بە حامدم زانی، کە لە خەڵکی ئەنبار بوو، حاجی ویستی پابەندی بکات بە سنووری ڕەوشتەوە، حاجی پێشتر وتی:**

- **ئەم حامدە خەڵکی ئەنبارە! زۆر لەخۆباییە، قسە لەسەر دەستدرێژی سەدام دەکات بۆ سەر ئێران، شانازیش بەمە دەکات، دەڵێت: ئەم جەنگە قادسیەی دووەمە، زۆر جاران وەسفی ئێرانیەکان دەکات بەوەی ترسنۆکن و ئەو بەسیجەکانی شێلاوە بە تانکەکانی، هەردەم شانازی بە سەڵاح قازی مامیەوە دەکات، لەبیری چووەتەوە**

---

**کەسێکیان دەچووە سەر ئافرەتی موسڵمان و هاوپەیمان، زێر و خەناوکە و زیو و خشڵەکانی ئەوانیان لێ دەسەند، ئافرەتەکە ڕێگری لێنەدەکرد تەنها لە پێناو ئەوەی بەزەییان پێیاندا بێتەوە، دواتر هێرشبەران ڕۆیشتوون بێ ئەوەی خوێنیان بڕژێنرێ، ئەگەر موسڵمانێك لە دوای ئەمە بمرێ لە داخان ئەوا لۆمەی لێناکرێ، بەڵکو لەلای من شایستە دەبوو، ئای لەم سەرسامییە، بە خوا دڵ دەمرێ و خەم دێت لە کۆبوونەوەی ئەمانە لەسەر پوچەڵیان و پەرتەوازەیی ئێوە لەسەر ڕاستیەکەتان، ئای چەندە ناشرینن، کاتێك بوونە جێگای ئامانجی هێرش کردنەسەرتان، ئێوە هێرش و هەڵمەت نابەن و سەرپێچی خوا دەکرێ و ئێوە ڕازین بەمە، ئەگەر فەرمانم بە ئێوە کرد بڕۆن بۆ لایان لە ڕۆژانی گەرمدا، دەڵێن ئەمە ڕۆژێکی زۆر گەرمە، ماوەمان پێبدە تا گەرما تێدەپەڕێت، ئەگەر فەرمانتان پێ بکەم لە زستاندا هێرشیان بکەنەسەر دەڵێن ئەمە سەرما و سۆڵێکی وشکە، مۆڵەتمان پێبدە تا سەرما تێدەپەڕێت، ئەمە تەنها هەڵاتنە لە سەرما و گەرما، بەخوا ئەگەر لەبەر گەرما و سەرما ڕابکەن، ئەوا لە شمشێر زیاتر ڕادەکەن.**

**ئەی ئەوانەی هاوشێوەی پیاوانن و بە پیاوان ناچن، خەونی منداڵانە و عەقڵی کەسانی مەزنتان هەیە، زۆر حەزم دەکرد ئێوەم هەر نەبینیبووبا، بەخوا زۆر پەشیمان و بێزارم، خوا بتانکوژێ دڵتان پڕ لە کێم و زوخاو کردم، سینگی منتان پڕ لە توڕەیی کرد، هەناسەی زۆر سەختتان پێ هەڵکێشام، ڕای منتان پوچەڵ کردەوە بە سەرپێچی و سەرشۆڕی، تەنانەت تا ئەوەی قوڕەیش وتیان: عەلی کوڕی ئەبو تالیب کەسێکی بوێرە، بەڵام شارەزا نییە لە جەنگدا، خوا باوکیان بگرێ، ئایا کەسیان زیرەکتر و ئەزموونداتر هەیە لە من، لەوەتەی بیست ساڵیدا من لەو کارەدام، ئا ئەوەتا تەمەنم گەیشتووەتە شەست ساڵان، نازانم بۆچی گوێڕایەڵ نابن.**

سەدام بەخۆی ئەوی لەسێدارەداوە، دوای ئەوەی سەڵاح قازی فەرمانی کشانەوەی لە خرمشهر دەرکردووە[1].

دەمەوێ بەم دیاریە زمانی بوەستێ لە سوکایەتی کردن بە ئێران و ئێرانیەکان، دەبێ بزانێ بەرگری و خۆڕاگری ئێرانیەکان و زیرەکیەکەیان لە جەنگدا، سەریکێشاوە بۆ ئەوەی سەدام مامی ئەو لەسێدارە بدات!

بە حاجیم وت:

- ئایا بیر لە ئاکامی کارەکە ناکەیتەوە؟ تۆ حامد چاك دەناسی.
- دەمەوێ بزانێ ئەو کێیە و ئێمە کێین، بەلایەنی کەمەوە دڵم ئاسودە دەبێ.

لە پاش نیوەڕۆدا حاجی ئەم نەخشێنراوەی بە دیاری دایە حامد، بیستم حامد دەیپرسی:

- ئەمە چۆنە؟
- ئەمە ڕستەیەکە ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ وتویەتی، پەیوەستە بە شوێنی لەدایکبوونتەوە، پارێزگای ئەنبار، بیرم کردۆتەوە لە جۆری ئەو دیاریەی پێشکەشت دەکەم، باشتر لەم دیاریەم دەست نەکەوت.

---

(١) فەریق سەڵاح قازی لە خەڵکی ئەنبارە، دوای کودەتای سەربازی بەرز بووە لە پلە سەربازیەکانیدا، ئەو کودەتایەی بەعسییەکان لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨ ئەنجامیاندا، ئەحمەد حەسەن بەکر بە فەرماندەی لیوای چواری زرێپۆشی سەر بە فیرقەی پیادەی چوار.
لە ساڵی ١٩٨٠ بە فەرماندەی لیوای ١٦ زرێپۆش دیاری کراوە، تەنها چەند مانگێك تێپەڕین بووە فەرماندەی فیرقەی پێنج لە فەیلەقی سێ، کە زۆر بە ناشرینی تێکشکا لە پرۆسەکانی بەیتولمەقدیسدا، ئەم فەریقە دەیان لە سێدارەدانی جێبەجێ کردووە لەسەر سەربازەکاندا، لە دوای دروستکردنی لیژنەی لە سێدارەدانی مەیدانی، فەریق سەڵاح نیشانەی بوێری پێدرا، سەدام ڕێگەی نەگرت لە جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی بە فیشەك و ڕێگەشی پێنەدا بەرگری لەخۆی بکات، کەوتە سەر زەوی و خوێن پلە و نیشانەکانی سەر سینگی ئەوی دادەپۆشی.

حامد زۆر گوێی پێنەدا، وا دەرنەکەوت پێی دڵخۆش بێت، بردی و ڕۆیشت، وا دەردەکەوت هیچ شتێك تێنەگەیشتبێ لەبارەی ئەوەی حاجی وتویەتی لەبارەی وتاری ٢٧ لە نەهجولبەلاغەدا، هەر بۆیە کاتێك حاجی پێی وت: چوارچێوەی بۆ دروست بکە و لە ژووری پێشوازی هەڵیبواسە، بە گاڵتەوە پێکەنی!

دوای هەفتەیەك کاتێك حامد گەڕایەوە لە مۆڵەتەکە، پرسیاری لەبارەی حاجی سەعدوڵا کرد، ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە لای، زۆر جنێو و وشەی ناشرینی پێوت، زۆر تووڕە بوو، تەنها بە جێنودان نەوەستا، بەڵکو بەکێبڵ لەسەریدا، لە ناخی خۆمدا وتم لەوانەیە حامد لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا وتاری ٢٧ لە نەهجولبەلاغەدا خوێندبێتەوە! دیلەکان شۆکیان گرت بە تووڕەیی حامد، کە تازە گەیشتووەتە خێوەتگەکە.

زۆرێك هۆکارەی ئەوەی ڕوویدا نەیانزانی، حامد بەدوای ئەوەی ئەم ڕستەیەی نەخشاندووە دەگەڕا، وتم: من نەخشاندوومە، بەشی خۆم لە لێدانم خوارد، حامد لەمەدا دادگەر بوو، هاوڕێیان لە دەورمان کۆبوونەوە و لەبارەی هۆکارەکەی پرسیاریان کرد؟

وتم: هیچ نییە! حامد تووڕە بوو بەهۆی وتاری ٢٧ لە نەهجولبەلاغەدا!

- هەینی ١٣ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

بە فەرمانی خەلیلی نەقیب، خێوەتگەی پاشکۆ پاك کرایەوە، زەمینەی گشت زیندانیەکان پاك کرانەوە، تەنانەت دەرەوەی خێوەتگەکەشیان ئاوڕشێنیان کرد، ئەمە یەکەم جارە هەڵدەستن بە کرداری خاوێن کردنەوە بەم جۆرە، وا دەردەکەوێ کەسایەتیەکی گرنگ سەردانی ئەم خێوەتگەیە دەکات!

بەرپرسان جەختیان کردەوە لەوەی لە باشترین بارودۆخودا بین، بەتایبەت دەبێ یەکپۆش بین، لە بەیانی زوودا ڕێگەیان پێداین لە دوای سەرژمێری بڕۆینە گەرما،

هەموو شتێك لە ڕووكەشدا جوان بوون، تەنانەت پاسەوانان جوانترین پۆشاكە سەربازیەكانیان پۆشیوە، فازڵ و قەحتان و حەمیدی ئەفسەرانی خێوەتگەكە هاتن، خەلیلی نەقیب ڕووی گوتاری كردە دیلەكان و وتی:

- دوای یەك دوو كاتژمێر عەمید ڕوكن حەمید نەزر دێت، كە سەركردەی گشتی دیلە ئێرانیەكانە لە عێڕاقدا.

نەقیبی خەلیل داوای لە دیلەكان كرد سڵاوی وریایی بۆ عەمید ڕوكن ئەنجام بدەن، تا عەمید فەرمان بە پشودان دەكات، بۆ هیچ كەسێك نییە قسە لەگەڵ ئەوەی تەنیشت خۆی بكات یان بڕوانێتە عەمیدەكە!

لە دەوروبەری نیوەڕۆدا حەمید نەزری عەمید ڕوكن گەیشت، زیاتر لە دە ئەفسەری پلەبەرزی لەگەڵدا بوو، ئەفسەر و پاسەوانان سڵاوی سەربازیان كرد، دواتر خەلیلی عەمید و پاسەوانان زۆر بە ڕێزەوە یاوەریان كرد، حەمیدی عەمید ڕوكن باڵا بەرز بوو، شان پان بوو و ماسولكە بەهێز و ڕووخسار و چاوەكانی ئەسمەر بوون، وا دەردەكەوێ لە تەمەنی پەنجاو سێ ساڵیدا بێ.

عەمیدەكە فەرمانی كرد بە حەسانەوە، من دانیشت بووم لەلایەن دەرگای زیندانی ژمارە حەوت، عەمیدەكە هەموو زیندانەكان و تەنانەت ئاودەستەكانیشی پشكنی، كاتێك بەلامدا تێپەڕی، سەرنجی بارودۆخی منیدا و لەبەردەمم وەستا و بانگی وەرگێڕی كرد، دەستم بە دارگۆچانەكەم كرد بۆ ئەوەی وەك ڕێز لەبەردەمی هەڵبستمەوە، ئاماژەی پێكردم بەوەی بە دانیشتووی بمێنەوە.

حەكیم خەلەفیان هات و سڵاوی سەربازی كرد، عەمیدەكە پرسیار كرد لەبارەی ناوی من و وتی:

- بارودۆخە لێرە چۆنە، ئایا تۆ ئاسودەی لەگەڵ دیلە سەلامەتەکان؟
- ڕاهاتووم و دیلە سەلامەتەکان یارمەتیم دەدەن.

بۆ ماوەیەك سەرنجیدا، وا دەردەکەوێ لە ڕووکەشدا مرۆڤێکی چاك بێت، دەڵێن خزمایەتی لەگەڵ سەدامدا هەیە، ئەو ئەفسەرانەی بە پلەی عەقید بوون و لەگەڵ ئەودا بوون سەیریان دەکرد، عەمیدەکە هێدی هێدی ناخی دەردەکەوت.

- تەمەنت چەندە؟
- حەڤدە ساڵانم.
- تۆ بەسیجی؟
- بەڵێ!

بۆ ساتێك بێ دەنگ بوو و ئاماژەی بۆ قاچە بڕاوەکەم کرد و وتی:

- بڕوانە چیت بەسەرهاتووە، تۆ بەم تەمەنە قاچت بڕاوە و دیلی، پێت وایە ڕێگەی ڕاستت هەڵبژاردووە؟

هیوادارم ئەوەی ناوناخم بدرکێنم، دەزانم ئەگەر قسە بکەم بە جۆرێك بەدڵی نەبێت و بەجێم بهێڵێت بەم دۆخە، ئەوا هەر کە پێی دەخاتە دەرەوەی خێوەتگەکە، ئەوا ئەفسەران و پاسەوانان تۆڵەم لێدەکەنەوە، جامی توڕەیی خۆیان بەسەرمدا دەڕێژن، نەریت وایە ئەفسەر پلە مەزنەکان بە جۆرێك لە باشی خۆیان دەردەخەن، پەنا نابەنە بەر توندوتیژی، کاتێك ویستم وەڵام بدەمە وەلید لە پشت ئەفسەرانەوە ئاماژەی بە تیلەچاوێکی بۆ دەکردم، بۆ ئەوەی قسە بە جۆرێك بکەم کە عەمید دڵخۆش و ڕازی بگات، عەمیدەکە وتی:

- پەشیمان نیت؟

- گەورەم كارێكم نەكردووە لێی پەشیمان بم!

عەمید بە ئارامی و شێوەزارێكی باش وتی:

- خومەینی فێڵ و ناپاكی لەگەڵ ئێوە كرد!

وا دەردەكەوێ عەمیدەكە سەرباری ڕووكەشە باشەكەی، زۆر ڤین لەدڵ بێ بەرامبەر ئیمام، هەوڵی سەرشۆڕكردنم دەدات بۆ ئەوەی ڕاستی نێو دڵم بزانێت، وتم:

- ئەگەر قسەم كرد و تۆش وازت لێهێنام و لە خێوەتگەكە ڕۆیشتیتە دەرەوە، ئەوا زۆر لێم دەدەن!

عەمیدەكە سەیر نەقیبەكەی كرد و وتی:

- وازی لێبهێنن.

خەلیلی نەقیب بەوپەڕی ڕێزەوە وتی:

- بەڵێ گەورەم.

عەمیدەكە پێی وتم:

- كەس لەسەر قسەكەت سزات نادات.

لەم ساتەدا وەك ئەوەی من لەبەرامبەر كەسایەتیەكی گرنگ بم، ئەوپەڕی تواناكەم خەرج كرد بۆ ئەوەی وتەكەم بەهێز و ورد بێت، لە میانەی قسەكاندا دەمویست بڵێم ئێمە لەسەر ڕاستین و ئێوە لەسەر پوچەڵن، حەزم دەكرد درك بەوە بكەن بەسیجیەكانی وەك من لە تەمەندا بڕوادارن و ئامانجێكیان هەیە، بەهۆی قسەكەیەوە كە وتی:

خومەینی فێڵ و تەڵەکەی لێکردوون خەمبار بووم.

عەمیدەکە چاوەڕی ئەوە بوو کە چی دەڵێم، وتم:

گەورەم! من خەمبار نیم بەهۆی بڕانی قاچم و کەوتنە نێو دیلایەتیەوە، خومەینی ئێمەی هەڵنەخەڵەتاندووە، ئێمە پڕ بەویستی خۆمان هاتووینەتە بەرەی جەنگ، من چاوەڕێ ناکەم تۆ پێم بڵێی چاکت کردووە، ئێوە حەزتان لێیە کەسمان نەیەتە بەرەی جەنگ؛ لە سەرەتای جەنگدا ئێوە گەیشتوونە کەناری ئەهواز، لەوێ هیچ هێزێك نەبوو ڕووبەڕووتان ببێتەوە، من ئێستا دیلێکی قاچ بڕاو و پەککەوتووم، لە خێوەتگەی دیلەکانی جەنگدا دەژیم، لە ڕیزی ئەوانەی ونبوونە، ئەمە چاك دەزانم، لە ئێران دیلێکی عێراقی پەککەوتوو نییە لە خێوەتگەی دیلەکاندا بژیت، ئێران تاك لایەنە دیلە بریندارەکانی ئازاد کردووە، لە کاتێکدا من لە نێو خێوەتگەی دیلە ونبوەکاندا دەژیم، ڕێگەیان پێنەدام لە خێوەتگەی ئەو دیلانەبم کە تۆمارکراون لە خاچی سوردا، ئێمەی دیلە پەککەوتەکان دووچاری ستەم دەبینەوە، لە ئێراندا بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلە پەککەوتووەکان ناکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا من پەشیمان نیم!

وا هەستم کرد بارێکی گران لەسەر دڵم هەڵدەستێت، عەمید و یاوەرەکەی چاك گوێیان بۆ ئەوە دەگرت کە دەموت، عەمیدەکە وتی:

- ئێوە منداڵن و خومەینی ئێوەی هەڵخەڵەتاندووە، پێویست نەبوو بە خومەینی هەڵبخەڵەتێی!
- گەورەم! ئێوە هەردەم ڕیسوامان دەکەن، با وا دابنێین ئێران هێرشی کردۆتە سەر عێراق و بەسرەی داگیر کردووە و خەڵکی لە عێراق لە ماڵەکانیاندا نەماون و هاتوون بۆ بەرەکانیشەڕ! ئایا پێشوازی لەمە ناکەن!

عەمیدەکە سەری لەقاند وەك دەربڕینی ڕەزامەندی، وتی: وایە.

درێژەم بە قسەکانمدا و وتم: با وا دابنێین جارێکی تر لە نێو خەڵکی بەسرەدا گەنجێك هەیە ناوی ناسر سولێمان مەنسورە، دەڕواتە بەرەی شەڕ و دەجەنگێ لە پێناو ڕزگارکردنی خاکەکەی، ئینجا بەدیل دەکەوێتە دەست ئێرانیەکان و قاچی دەبڕدرێ و براکەی دەکوژرێ، سەرکردە ئێرانیەکان پێی بڵێن: سەدام هەڵیخەڵەتاندوی، بەڵام ناسر سولێمانی عێراقی هەر بە وەفادار دەمێنێتەوە بۆ سەدام، دڵنیاشە لە ڕاستێتی خۆی و بەرگری لە ڕاستیەکەی دەکات و بە وەفاداری دەمێنێتەوە بۆ وڵات و سەرۆك کۆمارەکەی، ئایا شانازی بەم ناسر سولێمانە ناکەن؟ ئایا گەلی عێراقی شانازی پێیەوە ناکات؟ بەڵام ئەگەر پەشیمانی لە عێراق دەربڕیی، ئەوا چەند هەراسان دەبن بە هەڵوێستە ڕیسواکەی؟

عەمیدەکە بێ دەنگ بوو، بۆ چەند ساتێك لە بیرکردنەوەدا قوڵ بووەوە، ئەفسەرە یاوەرەکانی سەیری منیان دەکرد و گوێیان بۆ حەکیم خەلەفیان دەگرت، کە بە وردی ئەوەی وەردەگێڕا کە من دەموت، لە میانەی ڕوانینەکانیان زانیم درك بە هەڵوێستەکەم دەکەن، بۆیە بێ دەنگیان هەڵبژارد، عەمیدەکە پرسیاری زیاتری نەکرد و ڕوانینێکی قوڵی ئەنجامدا، ئینجا وتی:

- وا باشتر بوو زمانی تۆیان لە جیاتی قاچەکەتیان بڕیبووبا!

خولی پشکنینەکە تەواو بوو، کە حەمید نەزری عەمید، سەرکردەی گشتی دیلە ئێرانیەکان لە عێراق پێی هەڵسا، لە خێوەتگەکە بە یاوەرەکانیەوە ڕۆیشتە دەرەوە.

لە ئێوارە پاسەوانە عێراقییە چاکەکە هاتە لام، پێی ڕاگەیاندم حەمید نەزری عەمید لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوە لە دەروازەی خێوەتگەکە بە خەلیلی نەقیب وت:

- خۆزگە دیلەکانمان لە ئێران وەك ناسرِ سلێمانبووبان، هەڵوێستی هاوشێوەی ئەوی هەبووبا لە وەفاداری بۆ وڵاتەکەی!

کاتێك ئەم وتەیەم بیست، دەروونم پڕ بوو لە هەستی شانازی بەخۆکردن.

■ شەمە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

هەندێك لە پاسەوانان هەراسان بوون بەهۆی قسەکانی دوێنێم لەگەڵ عەمیدەکە، لە سەروویانەوە فازڵی ئەفسەر، وەلید، رافیع، لەگەڵ ئەوەی عەمیدەکە ڕایسپاردبوون کە ئازارم نەدەن، بەڵام وەك دەردەکەوێ پابەند نەبوون بەمە، بۆیە منیان بۆ ژووری ئەفسەری ئێشکگر بانگهێشت کرد، پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە، قاسمی بەرپرسی خزمەتگوزاری و دامەزراندنە هونەریەکان لە خێوەتگەکە بە گوێچکەیدا چرپاندم: ئەوان دەیانەوێ ئازارت بدەن، بەهۆی ئەوەی دوێنێ وتوتە!

وتم: من تەنها وەڵامی پرسیاری عەمیدەکەم داوەتەوە، تەنها ڕاستیم وتوە!

- منیش ئاسودەم بەوەی وتومە، ئەوانەش هەراسان بوونە!
- دەستەکانیان لە قاچەکانیان درێژترە.

قاسم هاوسۆز بوو لەگەڵ من و نایەوێ سزا بدرێم، پێی وتم:

- لەم خێوەتگەیەدا وشەی ڕاستی باجی قورس بە مرۆڤ دەدات.

قاسم حەز ناکات بە کێبڵ لێم بدرێ.

فازڵی ئەفسەر شەوەکە کە هات بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری و ئامادەیی، زۆر توڕە ببوو، بەهۆی ئەو وتانەی لەگەڵ عەمیدەکەم کردبوو، نەقیبەکە لەسەر بەڵێنی خۆی بوو و سزای نەدام.

قاسم وتی: فازڵی ئەفسەر زۆر تووندوتیژە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئەبو فەزڵی عەباس دەترسێ، ئەگەر دەتەوێت لە سزا ڕزگارت ببێ، ئەوا تەنها ناوی ئەبو فەزڵی

عەبباس سڵاوی خوای لێبێ لەلای ئەو بهێنە و ئەو کاتە بوێری ئەوەی نابێ زیانت پێ بگەیەنێ.

وا دەردەکەوێ قاسم زیاد لە جارێك تێبینی ئەمەی کردووە، کاتێك فازڵی ئەفسەر لە دیلێك خۆشبوو کە پێشتر سزای سەد قەمچی لەسەر درابوو، بەڵام دیلەکە هەر کە ناوی ئەبو فەزڵی عەباسی هێنا، ئەوا لەم سزایە ڕزگاری بوو، قاسم ئامۆژگاری دیلەکەی کردبوو، دوای چەند ڕۆژێك لەم ڕووداوە، قاسم باسی نهێنی ترسانی فازڵی ئەفسەری بۆ باس کردم لە ئەبو فەزڵی عەباس، وتی:

ڕاستە بەعسییەکان کەسانێکی دڵڕەقن، بەڵام لە نێو ئالوبەیتدا زۆر لە ئەبو فەزڵی عەباس دەترسن، چونکە زۆر جار ئاماژەکانی ئەویان بینیوە.

کاتێك ویستم بچمە ژوورەوە، قاسم وتی: تۆ یەك قاچت هەیە، زمانیشت درێژە، بیرێك لە خۆت بکەرەوە، من ترسم لەتۆ هەیە، زمانەکەت ئاشوبت بۆ دێنێت!

لە ئامۆژگاریەکانی قاسم تێدەگەم، مرۆڤێکی دڵ چاکە، لە چەندین باری ناهەمواردا لە پاڵمدا وەستاوە، منیش هەندێك جار چڵێسم، خوا و خورمام دەوێ!

پێم وت:

- من سەیدم، حەز ناکەم لە هەموو شتێك پەنا بۆ ئەبو فەزڵ ببەم، من هەست بە شەرمەزاری دەکەم لەبەرامبەر عەبباس سڵاوی خوای لێبێ!

هەستم کرد قاسم هەراسان بوو و وتی:

- ئەگەر تکا بە ئەبو فەزڵی عەباسەوە ناکەی، فەرموو بڕۆ ژوورەوە و کێبڵەکانی وەلید بەخۆشی بخۆ!

ئەو ڕۆژە و بە فەرمانی فازڵی ئەفسەر، بەهۆی وتەی ڕاست لەگەڵ عەمیدەکە، بەشی خۆم لە سزا وەرگرت لەسەر دەستی وەلید.

- شەمە ٢١ تشرینی یەکەم ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

لە ئێوارە دوو کەسیان هێنایە خێوەتگەکە، بە کێبڵ لەوانیان دەدا، یەکێکیان لاواز و قەد بەرز بوو، چاوەکانی زەق بوون، ئەوەیتر تەمەن مام ناوەند و ڕەنگ گەنمی بوو، فڕێیاندانە نێو گۆڕەپانی خێوەتگەکە.

یەکێکیان قسەیان دەکرد بە شێوەزاری تارانی، بە هاوەڵانی وت: ئەو بەسیجیەکە لە فیرقەی ٢٥ کەربەلادا، وتی بەرپرسان ئەویان لە خێوەتگەی بەعقوبە ١٨ ئەوانیان بۆ ئێرە دوورخستۆتەوە، بەهۆی چالاکی ئاینیەوە، ئەوەیتر وتی: یاریدەدەری فەرماندەی فەوجە لە فیرقەی ١٠ سەروەری شەهیدان.

لە خۆرئاوا بووندا، عەلی سامی هاواری کردم و فارسی و عەرەبی تێکەڵ دەکرد و وتی:

- ئەمە دیل نییە، یەکێکە لەوانەی لە بەرەی ڕزگاریخوازە، یەکێکیش لە ڕێکخراوی مەسعود ڕەجەویە، مەبەستی ئەوە بوو یەکێکیان ئەندامی بەرەی ڕزگاریخوازە[1] و

---

(١) بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبستان (خوزستان)، لەوەتەی کاتێکی زۆرە دامەزراوە، کار دەکات بۆ دابڕینی خوزستان لە ئێران، ڕژێمی بەعس پشتیوانی ئەم بزوتنەوە جیاخوازە کرد، کە حەزە فراوانخوازیەکەی بۆ جێبەجێ دەکات، بۆیە هەموو جۆرە پاڵپشتیەکی بۆ دابینکرا، لە پێناو جوڵاندنی دانیشتوانە عەرەبەکە و هاندانیان بۆ شۆڕشکردن دژی ڕژێمی ئیسلامی و ڕێگە خۆشکردن بۆ هێرشی فراوان، کە دواتر ئەنجامیدا و دەستگرتن بەسەر خوزستاندا و لکاندنی بە عێراقەوە، (دەنگی عەرەبستان) کە پەخشەکەی لە ساڵی ١٩٧٥ وەستا بەهۆی (ڕێکەوتنی جەزائیر) لە نێوان ڕژێمی بەعس و ڕژێمی شادا، ڕژێم دووبارە پەخشەکەی دەستپێکردەوە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩، ئەم ڕادیۆیە دەست بەکاری خۆی کردەوە لە هاندانی عەرەبەکان بۆ ئەنجامدانی شۆڕش لە دژی ڕژێمی ئیسلامی تازە، دۆخی ئێرانی قۆستەوە لە دوای شۆڕش و دەستی کرد بە هێنانی بارهەڵگری چەك و پڕچەك کردنی ئەم ڕێکخراوە، کە

ئەوەیتریشئەندامی ڕێکخراوی دووڕووانە، سامی دەیویست ئاگادارمان بکاتەوە لەوان، لە گۆڕەپانی خێوەتگەکەدا هاتوچۆیان دەکرد.

سامی متمانەی پێدەکردم و پێی دەوتم: ئەگەر ئەندامی هەوالگری و پڕۆسەکان نەبووبای، ئەوا وەلید تا ئەم پلەیە خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵ تۆدا نەدەکرد، هەوڵیدا وەلید ڕازی بکات بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا، بەڵام بێ سوود بوو.

بۆ سامی باسی ناچاربوونی خۆمم کرد لە لێکۆڵینەوەکەی سەربازگەی مەیمونە (عەمارە)دا، بۆ ئەوەی بە لێکۆڵەران بڵێم من لە یەکەی هەوالگریم.

ئەو خەندەی دەکرد، پێم وت: تۆمەتباریان کردم بەوەی من پەیامبەری عەلی هاشمیم (سەرۆك فەیلەقی شەشەم) بۆیە ناچار بووم ناسنامەی خۆم ئاشکرا بکەم.

نازانم بۆچی تا ئەم ئاستە متمانەم پێی کرد و هەندێك لە نهێنیەکانم بۆی باسکردن، هەندێك لە هاوەڵان لۆمەیان کردم لەسەر متمانە کردم بە هەر کەسێك، کە کار دەکات لەگەڵ بەعسییەکاندا، بەڵام من ئەوم خۆشدەوێت، چونکە ئەو ئیمام و شۆڕشی خۆشدەوێت، هەردەم خۆشەویستی خۆی بۆ ئیمامی خومەینی خوا لێی ڕازی بێ دەردەبڕی، هیوایەتی ئەو ئەوەیە، ڕۆژێك گەلی عێراقی ڕاپەڕێت، کاتێك پاسەوانی شۆڕش دروست دەبێ ئەو دەبێتە یەکێك لە ئەندامەکانی!

---

لە ڕووی سەربازیەوە چاڵاکی دەکرد، کاری تێکدەرانەی لە خوزستان ئەنجام دەدا، هەندێك لە ئەندامەکانی مەشقیان وەردەگرت لە سەربازگەکانی بەعسدا بۆ جێبەجێ کردنی کردەوەکانیان، هەروەك ڕێکخراوەکە خزمەتی پێشکەش بە ڕژێمی بەعس دەکرد، ئەندامەکانی وەك ڕێنیشاندەر کاریان دەکرد لە پەڕینەوەی دووڕووان و گوێ هەڵخستن و سیخوری کردن، لە دوای جەنگ بە ئەرکی ناساندنی ناسنامەی دیلەکان هەڵدەستان، بەتایبەت دیلەکان لە پاسەوانی شۆڕش (سوپا) و (بەسیجەکان) و گەڕان بە دوای سەرکردە و فەرماندەکان و بەکارهێنانی دیلە ئێرانیە عەرەبەکان، بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە ڕیزی پێنجەم و سیخوڕی کردن بەسەر دیلەکان و ئەشکەنجەدانیان و تەنانەت لە سێدارەدانیان.

کاتێك حامد جنێوی بە ئێرانیەکان دەدا و دەیوت: نەفرەتی خواتان لێبێ ئەی ئێرانیە مەجوسیەکان، سامی دلگرانی خۆی دەردەبڕی و دەیوت: ئێرانیەکان مەجوسی نین، ئەوان موسڵمانن، موسڵمانیش بە مەجوسیەت تۆمەتبار ناکرێ، ناوناتۆرە نابێ لەیەکتر بنرێ!

سامی من ئاگادار کردەوە لەم دوو کەسە، لەوەی بەهیچ کەسێك نەڵێم جگە لەوانەی متمانەیان پێدەکەم.

- دوو شەمە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

بوونی ئەم دوو کەسە لەسەر ملم زۆر گران بوون، کە ڕۆڵی دیل دەگێڕن و لەگەڵماندا دەژین، هەوڵی گرێدانی پەیوەندیان دەدا لەگەڵ دیلە جیاوازەکاندا و وەرگرتنی زانیاری لێیان، لەمەوە فەرماندە و کەسایەتییە کەلتورییە کاریگەرەکان بناسن؛ بەکورتی سیخوڕیکردن بۆ بەعسییەکان.

لە بەرەبەیاندا ڕۆیشتمە لای یەکێکیان، وا خۆم دەرخست کە من هیچ شتێك نازانم لەبارەی ئەو و هاوڕێیەکەی، ئەو دڵنیابوو لەوەی هیچ کەسێك گومان ناکات لەوەی ئەو دیل نەبێ، لە تەنیشتیدا دانیشتم و کاری ئەو دەستی پێکرد لە وەرگرتنی زانیاری، پرسیاری کرد لە پلەی سەربازی و شوێنی دانیشتنم، کاتێك لەبارەی بارودۆخی خێوەتگەی پاشکۆ قسەم لەگەڵ کرد، وتی: هیچ هیوایەك نییە بۆ ڕزگاربوونی دیلەکان، تاکە هیوای ڕزگاربوون، خۆی دەبینێتەوە لە لایەنگیری کردن بۆ ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق).

بابەتەکەم بۆ محەمەد کازم بابائی، جەعفەر دەولەتی موقدەم، عەلی ئەسغەر ئینتزاری، حاجی سەعدوڵا گول محەمەدی و ع – م[1] باسکرد.

ئەوانم ئاگادارکردەوە لەم دوو کەسە، پێداگیریان کرد لەسەر سەرچاوەی زانیاریەکان، بەڵام من هیچ شتێکم باس نەدەکرد لەبارەی سامیەوە.

ئێوارە حامد بە دوای منیدا نارد، ڕۆیشمە ژووری سەرۆکی پاسەوانان و دڵم لێ دەدات وەك دەهۆڵ، درکم بەوە کرد ئەو نهێنیە لە دوو کەس زیاتر دەیزانن بە نهێنی نامێنێتەوە. ((ع – م)) خاڵی لاواز بوو لە ڕاستیدا، یەکێك لە هاوەڵانی ئاگادار کردۆتەوە لەبارەی ئەم دوو دیلە.

بەعسییەکان دڵنیابوون لەوەی ئەم زانیاریانە دزەیان کردووە لە ڕێگەی یەکێك لە پاسەوانانەوە، چونکە جگە لەوان هیچ کەسێك ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەوان نازانێ، ئەوان زۆر هۆشیار بوو، لەبەر چاوی هەمووان نەدەچوونە ژووری سەرۆکی پاسەوانان، لە سەرەتای کاتی نوێژەوە نوێژیان دەکرد و لەوەتەی گەیشتوونەتە خێوەتگەی پاشکۆ ئەوان بەڕۆژوون، واتە دوێنێ و ئەمڕۆ بەڕۆژوون، تەسبیحیان بەدەستەوە بوو و یادی خوایان دەکرد و هێرشیان دەکردە سەر بەرپرسە بەعسییەکان جگە لە سەدام، سەیری تەلەفزیۆنی بەغدادیان نەدەکرد، چونکە سەرچاوەی گەندەڵی ڕەوشتە، پاسەوانان گوێیان بەوان نەدەدا و ڕێزیان لێنەدەگرتن.

---

(١) حەز ناکەم ناوی بهێنم، منی هەڵخەتاند و ناپاکی لێکردم، بەهۆی ناپاکی ئەوەوە سزام وەرگرت، دواتر هات بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵمدا، بەڵام من ڕەتم کردەوە، دواتر هەندێك لە هاوڕێیان نێوەندگیریان کرد، منیش لەبەر ئەوان لێی خۆشبووم، ڕووکەشی ئەو منی هەڵخەتاند، کە وا دەردەکەوت ئەو لە پاسەوانی شۆڕش بێت، بەڵکو لە سەرکردەکانی پاسەوانانی شۆڕش بێ، لە ڕووکەشدا هاوڕێم بوو، بەڵام لە ناخودا وا نەبوو.

پێش ئەوەی بچمە ژووری سەرۆك پاسەوانانەوە، سامی زۆر شڵەژاو بوو لەلای دەرگاکە، دوودڵی ئەوی داگرتبوو، سەرنجەکانی ڕوون بوون، ئاگاداری و تکاکردنیان تێدا بوو لەوەی هیچ شتێکی لەبارەوە نەڵێم، پرسەکە زۆر هەستیارە، چارەنووسەکەی دەبێتە لەسێدارەدان، لەوانەیە بەهۆی ناپاکی چەندین ساڵی دوور و درێژ بخرێتە بەندیخانەوە.

سامی هەردەم دەیوت: ئێوە سەدام و حیزبی بەعس ناناسن، سەدام وەزیری تەندروستی کوشت، لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حکومەتەکەی گوللەیەکی بە دەمانچەکەی[1] لێیدا، خوێنی هەزارن کەسی لە شیعەکان ڕشتووە، دەوترێ یەکێکی ناچارکردووە لەسەر خواردنەوەی بەنزین، کاتێك زگی پڕ بووە، گوللەیەکی سوتێنەری لێداوە بۆ ئەوەی بتەقێتەوە!

سەدام دوای گەیشتنی بە دەسەڵات، هاوڕێکانی خۆی لەسێدارەدا، بە تۆمەتی ناپاکی، ئەم کارانەی کردووە بۆ ترساندنی ئەوانیتر و تێکڕای گەلی عێراقی[2].

---

(١) هەندێك دەڵێن: زمانی لە گەروویدا لە ڕەگەوە دەرهێناوە.

(٢) سەدام خوێنی زۆر کەسی ڕشت، لە بەرپرسان و سەرکردە سەربازیە مەزنەکان، بڕیاری لەسێدارەکانی دەرکرد بۆ محەمەد عایشی وەزیری پیشەسازی و لیوا ڕوکن وەلید مەحمود سرت، عەقید ڕوکن سەلیم شاکر ئیمامی فەرماندەی لیوای زرێپۆش، عەقید ڕوکن عەبدولواحید سەرۆك لیوای پیادە، عەقید ڕوکن ئیبڕاهیم عەبدولعەلی فەرماندەی ئەندازەی فەیلەقی یەکەم، عەقید ڕوکن حامد دلێمی فەرماندەی لیوای ٣ پیادە و...

بەهۆی کەوتنی فاو بۆ نێو دەستی هێزە ئێرانیەکان، سەدام فەرمانی کرد بە لەسێدارەدانی لیوا ڕوکن شەوکەت ئەحمەد عەتا فەرماندەی فەیلەقی حەوتەم، هەروەك فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ لیوا ڕوکن زیا تۆفیق ئیبڕاهیم فەرماندەی فەیلەقی دووەم دەرکرد، لە دوای ڕزگارکردنی مهران، لە سێدارەدانی دەرکرد بۆ موقەدەم ڕوکن بورهان خەلیل ئەسعەد فەرماندەی لیوای ٣٧ پیادە، دوای ڕزگارکردنی خرمشهر (مەحمرە) سەدام فەرمانی کرد بە لەسێدارەدانی هەر یەك لە فەریق سەڵاح قازی و فەرماندەی فەیلەقی سێیەم و عەقید ڕوکن جەواد ئەسعەد شیتنە فەرماندەی فیرقەی سێی زرێپۆش، دواتر ئەوەم بیست بەهۆی کەوتنی

پێش ئەوەی بچمە نێو ژووری سەرۆکی پاسەوانان، سەرنجێکی مانادارم دایە سامی؛ ویستم پێی بڵێم من نهێنیەکە دەپارێزم، بە هیچ کەسێکی ڕاناگەیەنم، ڕۆیشتمە ژوورەوە، فازڵی ئەفسەر و قەحتانی ئەفسەر و شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی لە خێوەتگە و ڕێپێدراو کە یەکێکە لە پلە هەواڵگریە سەربازیەکان، ئەوانە هەموویان لەوێ بوون، شەفیقی ئەفسەر دەستی بە پرسیارکردن کرد لێم، فازڵیش وەرگێڕانی دەکرد:

- چۆن دیلێکی ئێرانی تۆمەتبار دەکەی، بەوەی سیخوڕە و کار بۆ ڕێکخراوی موجاهیدی گەل دەکات؟

لە پرسیارەکانیدا دیارە ئەو دەیەوێ زانیاریم لێوەر بگرێ، لە هەمان کاتدا هەوڵی شاردنەوەی ڕاستی دەدات، هەر بۆیە چەمکی دیلایەتی بەکارهێناوە.

---

خرمشهر دادگاییەکەی سەربازی ئەنجامدراوە، فەرمانی لە سێدارەدان بۆ زۆرێك لە فەرماندە و ئەفسەرەکان دەرچووە، لە فەرماندەی فیرقە و لیواکان لە نێویاندا سەڵاح عومەر ئەلعەلی فەرماندەی فیرقەی سێ و شکری فەرماندەی لیوای یەك و عەقید عەدنان خزری فەرماندەی فیرقەی یەکەم و عەقید سامی ساقی فەرماندەی لیوای ٢٢ و عەقید زرغام ساق فەرماندەی لیوای ٢٤، هەروەك دادگا سەربازیەکان زۆرێك لە ئەفسەرانیان تاوانبار کرد، لە نێویاندا عەمید ڕوکن خەلەف علیانی فەرماندەی لیوای شەش.
کاتێك لە ماوەی دیلایەتیدا، من ئەم ناو و پلە مەزنانەم دەبیست، شانازی دایدەگرتم و درکم دەکرد بە ئەندازەی بوێری هێزەکانمان.
سامی پێی ڕاگەیاندم، سەدام لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان، هێرشی کردۆتەسەر عەمید جەبار تارشی سەرۆکی هێزەکانی لەشکری میللی و بە توڕەیی پێی وتوە: گیان ترسنۆك، لە لەشکری میللی خومەینەوە فێربە چۆن بە بوێری شەڕ دەکەن، بێ ئەوەی بترسن گیانیان دەکەنە قوربانی.
جەبار تارش پێی وتوە: سەرکردەکانی خومەینی لەپاڵ هێزەکانیان دەجەنگن، بەڵام بە پاسەوانی فەوجێك لە هێزی تایبەت دێی بۆ بەرەی جەنگ.
سەدام لە توڕەییان سور هەڵگەڕا، فەرمانی بە یاوەرە تایبەتەکەی خۆی ئەرشەد یاسین کرد، گوللە لە جەبار تارش بدات، تەنها چەند چرکەیەکی پێچوو تا بە کوژراوی فرێدرایە نێو خوێنەکەی.

وتم:

- ئەمە تەنها پێشبینیەکە، پێمن وایە یەکێکە لە سیخوڕەکانی ڕێکخراوەکە، چونکە پڕوپاگەندەیان دەکرد، یەکێکیان پێی وتم: هیوای ئازاد بوون نییە، تاکە هیوا ڕۆیشتنە پاڵ ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق)ە.

شەفیق عاسم وتی: وا دەرناکەوێ تۆ زیرەك بی، زۆر دیل لەم خێوەتگەیەدا پشتگیری بەڕێز ڕەجەوی و (خەلقی عەرەبی) و (بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبستان) دەکەن، نازانم چی بڵێم!ئەفسەرەکە هەڕەشەم لێدەکات بەوەی ناوی ئەو کەسەم پێ بڵێت کە ئەم پرسەی پێ ڕاگەیاندووم، من ناچار بووم هەمان وەڵام دووبارە بکەمەوە!

ئەفسەرەکە جڵەوی توڕەیی خۆی لەدەستدا، فەرمانی بە وەلید کرد لێم بدات.

کاتێك وەلید شەقە زلەیەکی لێدام، مامۆستای زمانی ئینگلیزیم بیر هاتەوە لە قۆناغی ناوەندیدا، شەقە زلەکەی زۆر توونند بوو، دوای چەند لێدانێك بە کێبڵ لەسەر پشتم بەرەو لای پەنجەرەکە پاڵینام، دارگۆچانەکەم لەدەست دەرچو، تەنیشتی ڕاستم بەر سەری پەنجەرەکە کەوت و خوێن بەشێوەیەك زۆر لێی دەهات؛ لە بەردەم ئەم دیمەنە خوێناویە، پرسیارکردن وەستا و (ع – م) هێنا، کاتێك ئەوم لەبەردەمی خۆمدا بینی و دڵم هاتە گەرووم، بەعسییەکان داوایان لێکرد ڕێك ئەوە بڵێت کە بەوم وتوە! تاکە شت کە وام لێدەکات بەهێز بم، ئەوەیە من باسی ناوی سامیم بۆ ئەو نەکردووە، خوای پاك و بێگەرد بەزەیی پێمدا هاتۆتەوە و وای کردووە کەمێك پێگەیشتوانە هەڵسوکەوت بکەم، (ع – م) سەیری چاوەکانی کردم، شکان و شەرم کردنم لە چاوەکانی ئەودا بینی، لەوانەیە بەهۆی ئەو دیمەنە خوێناویە بێ کە منی تێدا بینی، سەیری نەدەکردم و سەیری خاڵێکی تری دەکرد، لەوانەیە بەخەیاڵیدا نەهاتبێ ڕووبەڕووی منی بکەنەوە!

من زۆر هەراسان ببووم، بەهۆی ئەو ناپاکیەی کردبووی، سەرزەنشتی خۆم دەکرد لەوەی ئەم ماوەیە هاوڕێی ئەو بوومە؟بۆچی نەمتوانیوە ناسنامە ڕاستەقینەکەی ئەو بزانم؟ بۆچی ئەوەی سامی پێی وتم بۆ ئەوم ئاشکرا کرد؟ لە ناخی دڵمەوە لە خوا دەپاڕامەوە ڕزگارم بکات لەم تێکەوتنە، هەستم بە پەشیمانی کرد، بەڵام ئایا پەشیمانی سوودی دەبێ، خوایەگیان لەمە ڕزگارم بکە، بەڵێن بێ متمانە بەهیچ کەسێکی لەو جۆرە کەسانە نەکەم، بێ بەرچاوڕۆشنی و قسە بەبێ لێکدانەوە ناکەم، کار دەکەم لەسەر ئەوەی ورد ببمەوە لەسەر ئەوەی دەیکەم و دەیڵێمله ناخی دڵە ترساو و تۆقیوەکەم لە خوا دەپاڕامەوە!

شەفیق عاسمی ئەفسەر وتی:

- ئەوەتا ناسرِ سلێمان! ئێستا چی دەڵێی؟ کەواتە ناوی ئەو پاسەوانەمان پێ بڵێ کە ئەم پرسەی بەتۆ وتوە!
- گەورەم! ئەمە تەنها گومانێکە! ئەوەی وتومە گومانێکە.

لە خوا پاڕامەوە ڕزگارم بکات! بارودۆخم زۆر هەستیارە لە دوای گەواهیدانی (ع – م)، ئەگەر دانی پێدا بنێم ئەوا ئاکامەکە زۆر مەترسیدارتر دەبێ، ئەفسەرەکە فەرمانی کرد فڕێ بدرێمە نێو زیندانێکی تاکەکەسی، بەو خوێنەی پێمەوە بوو، منیان بردە ئەو زیندانە تاکەکەسییەی دەکەوتە باڵی باشوری بارەگای سەرکردایەتی خێوەتگەی ١٦.

- سێ شەممە ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

بیرۆکەی سەیر و نامۆ بە مێشکمدا دەهاتن، بیرم لە سامی دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی من دڵنیام ناوی ئەو نادەم، بەڵام لەبەر ئەو دەترسام، لەوانەی گومان لەسەر ئەو هەبن.

**خەیاڵی ترسێنەرم بۆ دێت، لەوانەیە چەند شێوازێك بەکاربهێنن بۆ ئەشکەنجەدانم، بەمەش بڕوخێم و ڕاستی بدرکێنم، هەستم بەترس کرد لەبەرامبەر ئەم خەیاڵانە؛ دەستم کرد بە پەنابردن بۆ خویندنەوەی قورئان، هەر کە هەندێك لەو ئایەتانەم خوێندەوە کە لەبەرم کردبوون، ئەوا هەستی ئاسودەیی و متمانەم بۆ گەڕایەوە.**

**زیندانەکە هاوشێوەی ژووری ئامادەکردنی فیلمەکان بوو لە ستۆدیۆکانی وێنەگرتندا؛ لە بەشی سەرەوەی زیندانەکەدا تونێلێکی بچوك هەبوو، پاسەوانان بۆ چاودێری بەکاریان دەهێنا. ئەمە هاوشێوەی زیندانی تاکەکەسییە لە ((ڕێکخەرانی بەغداد)).**

**نازانم بۆچی وێنەی هاوەڵانم لە بەرەی جەنگ لە ڕێگەی خەندەقدا دەهاتنەوە یادم، وێنەکانی حەسەن وەکیلی و ئەحمەد فروزان و هۆشنگ روئین و ئەو شوێنەی ئێمە لێی بووین دەهاتەوە یادم؛ لەبەرامبەرمدا بە پڕشنگداری بەرجەستە دەبوون! حەز و خولیام بۆ ئەم ساتانە گڵپەیان گرت، هیوام دەخواست حەسەن یان هوشنگ لە پاڵ مندا بووبان، بەمەش دیلایەتی تامێکی تری دەبوو.**

**دوای شەهیدبوونی براکەم و ڕۆیشتنی ئەحمەد فروزان بۆ بارەگای (ڕەمەزان) تاکە دڵخۆشکەرم حەسەن و هاوڕێیانم بوون لە (هەوالگری)، بە پێداگیری حەسەن یەکەی تێکدانم جێهێشت و هاتمە یەکەی هەوالگری، ئەگەر پێداگیری ئەو نەبووبایە ئەوا لە یەکەی تێکدان[1] دەمامەوە و بەدیل نەدەگیرام ئێستا.**

---

**(١) لە مانگی ئەیلولی ١٩٩١ لە دیلایەتی ڕزگارم بوو، (فریبرز درست) یەکێك لە هاوەڵانم لە ئیتڵاعات، وردەکاری ڕۆژی ٢٤ حوزەیرانی ١٩٨٨ و داستانی قەڵاکانی خەندەق و دوودڵی حەسەن وەکیلی لە ناوچەی توڕابە و بایەخودانی بە چارەنووسی من، پێی ڕاگەیاندم؛ ئەو ڕۆژە حەسەن وەکیلی بە ماتۆڕەکەی هاتە گۆڕەپانی چراغچی لە پێناو ڕزگارکردنی من؛ بەعسییەکان بۆسەیان بۆ ئەو دانابووەوە لە نێو قەدەکانی**

دوای نوێژی بەیانی کەمێك لە خەو ڕاچووم، بە ترس و تۆقینەوە هەڵسامەوە، بەهۆی کردنەوەی دەرگای زیندانیەکە بەکەسێك کە پێشتر نەمبینی بوو، قاپێکی دانایە پێشم و کەمێك شۆربای تێدا بوو لەگەڵ سەمونێك.

دوای دوو کاتژمێر، ئەو کەسە هات کە دەمبات بۆ لێکۆڵینەوە، لە ژوورەکەدا شەفیق عاسم و فازڵی ئەفسەر و پلەدارێك لە هەواڵگری سەربازی لەگەڵ وەرگێڕێکی تر لەوێ بوون.

ئەفسەری هەواڵگری هەمان پرسیارەکانی دوێنێ دووبارە کردنەوە و وتی:

- زۆر گرنگە لەلامان بزانین کێ پێی وتوی ئەم دوو دیلانە کار بۆ ڕێکخراوی ڕەجەوی و (بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی) دەکەن.
- ئەگەر هەر دووکیان دیل بووبان ئەوا من لێرە نەدەبووم بۆ لێکۆڵینەوە.

وا دەردەکەوێ من کەوتوومەتە نێو داوەکە! پیاوی هەواڵگریەکە هەستا سەر پێ و بەرەو لای من هات و چەناگەی گرتم و سەیری نێو چاوەکانی کردم، بە سەرنجی ئاگرباراناوی و بە هەڕەشەوە وتی:

- تا ئەم ساتە ڕەچاوی بارودۆخی جەستەت دەکەین، بەڵام ئێوە ئەی ئێرانیەکان شایستەی ڕێز لێگرتن نین.

---

قامیشدا و دووچاری شێلکەی گوللە بووەتەوە، هەموو هەوڵەکانی شکستیان خوارد، زۆر بە سەختی ڕزگاریبوو، زۆر دوودڵ بوو بۆ چارەنووسی من، لە ئێوارەی ئەم ڕۆژە ڕێگەی خەندەق کەوت و هێزەکانمان کۆبوونەوە لە ناوچەی ئەلتورابە لە باشوری ئەلهویزە، لە بارودۆخی زۆر ناهەموار دابوون لە برسێتی و بێ نانی، تەنانەت یەك لەتە نانیان دەست نەدەکەوت لەم بارودۆخە سەختانەدا حەسەن خەیارێکی دەستکەوت، نیوەی خوارد و نیوەکەی تری بۆ من پاشەکەوت کرد، بە ئومێدی گەڕانەوەم بوو، دواتر پێی ڕاگەیاندم لە کۆتایی شەودا سەیفوڵای حەیدەر پوری فەرماندەی لیوای بینیوە، خەریك بووە لە برساندا لەناوبچێ، بۆیە نیو خەیارەکەی بەو داوە.

سەرباری ئەوەی حەزی ئەوە لە ناخمدا بوو تەحەدا بکەم، بەڵام بە ستەملێکراوی خۆم دەرخست و وتم:

- گەورەم! پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پاسەوانان، پەیوەندی بەندکراو بە بەندکەرەوە؛ پاسەوانان متمانەمان پێ ناکەن!گومانەکان بەدەوری پاسەوانە شیعەکان دەخولانەوە، هەر بۆیە ناوی ئەوان دەهێنرا بۆ زانینی ئەوەی کێ پرسی ئەم دوو دیلەی ئاشکرا کردووە!

لە ڕاستیدا پاسەوانە شیعە و سوننەکان متمانەیان نەبوو بە هیچ دیلێك، هەر یەکێکیان متمانەیان بە هەندێك لە دیلەکان هەیە بەشێوەیەکی تایبەت، عەلی جاڕوڵا متمانەی بە ڕامین حەزرەت زادە هەبوو، سامی متمانەی بە من و حەکیم خەلەفیان هەبوو، موئەیەدی پزیشك متمانەی بە بەهزاد ڕۆشن و کامبیز فرحدوست هەبوو.

لێکۆڵینەوەکە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك، منیان بردەوە زیندانە تاکەکەسییەکە، هیچ هەواڵێك لەبارەی نانی نیوەڕۆ و شێوان نەبوو، دواتر ئاویشیان لەسەر پچڕاندم.

- چوار شەمە ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ – زیندانی تاکەکەسی

شەوی ڕابردوو زۆر نەخەوتم بە باشی، لە ئێوارە پاسەوانەکە دەرگای زیندانەکەی کردەوە و قاپێکی لە پێشدانام، پاشماوەیەکی برنج و هەندێك لە پاشماوەی گۆشت و ئێسك و پێستی لەپێشدانام، دیار بوو ئەمە پاشماوەی پاسەوانێکە، سەرنجمدا بینیم لە گۆشەی قاپەکە قونکە جگەرەیەکی لێبوو! من زۆر تێنوو بووم، هەستم دەکرد گەدەکەم دەسوتێت، بەهۆی ئەو ئەسیدانەی دەریان دەکات، من ناچار بووم ئەم پاشماوە خواردنە بخۆم.

ژمارەیەك دیل لە زیندانەكەی بەرامبەر و تەنیشتمدا هەبوون، وتەی هەندێك دیلیم بیست كە پێشتر نەمبینی بوون.

یەكێكیان ناوی ئیرەج سادقی بوو، كە خەڵكی شاری كرمان بوو، من لە خێوەتگەی پاشكۆدا ئەوم بینی، نەمدەزانی ئەو فەرماندەی فەوج بووە و لەلایەن سیخوڕەكانەوە ئاشكرا كراوە، ئەوانەی خۆیان بە بەعسییەكان فرۆشتووە، بەعسییەكان سزای ئەویانداوە بەهۆی شاردنەوەی ناسنامەی خۆی وەك فەرماندەی فەوج.

ئیرەج سادقی بێ ئەوەی بمناسێ وتی:

- گوێم لە دەنگی دارگۆچانێكە! ئایا تۆ بریندارى؟

خۆم ناساند و زانی من قاچ براوم، پرسیارم لێكرد:

- بۆچی تۆیان هێناوەتە ئێرە؟

یەكێك لە دیلەكان كە لە خێوەتگەی نەهرەوان هێنرابوو ئیرەجی ئاشكرا كردبوو! سیخوڕەكان دیلەكەیان وەك فەرماندەی فەسیل ئاشكرا كردبوو، لە كاتێكدا ئەو سەربازێك بوو لە فیرقەی ٧٧ خوڕاسان و منیش نەمبینی بوو، زیندانی تەنیشت ئیرەج لە دیلەكانی كەمپی جەمەلۆنی ژمارە پێنج پێكهات بوون، كێشەی لەگەڵ هەندێك لە ناپاكە سیخوڕەكان كردووە و لە گەرماو لە یەكێكی داوە، ئەویش ئەوی ناساندووە بەوەی سەرۆكی فەسیلەی تۆپهاوێژەكانە، ژمارەیەك لە تانكەكانی لەشكری بەعسی تێكشكاندووە.

زۆر بەهێز و زیرەك بوو، بە لێكۆڵەرانی وتبوو ئەو تەنها سەربازێكی ئاساییە؛ لێدانی كارەباییان لەگەڵ ئەو بەكارهێنابوو.

له کاتی خۆرئاوابوونی ئەمڕۆدا پێی وتم: بەعسییەکان بڕوایان بۆ دروست بووە، من سەرۆکی فەسیلەی تۆپهاوێژەکانم.

دواتر زیاتر وتی: من لەبەرەی شەڕ سەربازێك بووم، سوپاس بۆ خوا پلەکەم لە دیلایەتیدا بەرز بۆتەوە نەك تەنها بۆ سەرۆك فەسیل، بەڵکو بۆ سەرۆك فەسیلی تۆپهاوێژ!

- پێنج شەممە ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ دووەمساڵیادی شەهیدبوونی براکەم سەید هیدایەتوڵا و من لە زیندانی تاکەکەسیدام، دڵم بۆ ئەو هەڵدەفڕێ، هیدایەت بە ڕاشکاوانە وتی زۆر ڕقی لە دیلایەتی دەبێتەوە.

لە زستانی ١٩٨٦ من ڕۆژمێر و کامێرا و کراسە سەربازیەکەی (تایبەت بە ئەندامانی پاسەوانی شۆڕش) بۆ دایکم دەهێنایەوە لە باشتەوە بۆ شلمچە، لە ڕێگادا لە ڕۆژمێرەکەی ئەومدا خوێندەوە، ئەمەش بەبێ مۆڵەتی ئەو، لەبارەی یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ باوکم لەبەرەی دهلیران نووسیویەتی و ڕستەیەکی زۆر جوان سەرنجی ڕاکێشا بوو، لە ناخمدا هەستم بە شازانی کرد، سەید هیدایەت نووسیویەتی:

((براکانم و باوکم لە جەنگیاندا لەگەڵ بەعسییە عەفلەقییەکاندا، دەیانتوانی کۆمەڵەیەکی سەربازی گورزوەشێن پێکبهێنن، کە تایبەتمەندی پێویستی هەبێ و دەتوانن شەڕ لەگەڵ دوژمنی بەعسی بکەن و یەکێك لە هێڵەکانی جەنگ وەربگرن و

**خۆڕاگربن لەبەردەم هێرشە پێچەوانەکاندا، هەروەك دەتوانن هێرش بکەنە سەر هێڵەکانی دوژمن))**[1].

---

(١) یەکەم کەس چەمکی کۆمەڵەی ١ + ٥ بەکارهێنا، سەید یوسف مورادی نەوەی شەهید سید عینایەتوڵای مورادی بوو، سەید یوسف وتی: لەم جەنگەدا، لە ڕاستیدا بەعسییەکان دەستیان بە دەستدرێژی کردن کرد و پرسی خێزانەکەتان کۆمەڵەیەکی پێشنیارکراوە ١ + ٥ لە میانەی ئامادەبوونی باوك لەگەڵ پێنج لە کوڕەکانی لە جەنگدا و لە پێنج هێڵی جیاوازدا ئەمە بابەتێکی دەگمەن و دیاریەکی چاکە بۆ بەعسییە دەستدرێژیکەرەکان.

باوکم سەید سولێمان حوسەینی پێنج جار ڕۆیشتووەتە بەرەی شەڕ، لە نێو پێنج کارواندا بەوپێیەی جەنگاوەرێکی بەسیج بوو لە فیرقەی ٢٥ کەربەلا لە لیوای ١٥ ئیمامی حوسێن و لیوای ئەبو فەزڵ لە ماوەیەك کە ٢٨ مانگی خایاندووە لە هێڵەکانی شەڕدا.

سەید قودڕەتوڵای حوسەینی برام، گیانفیدا و زیندانی سیاسی بوو لە سەردەمی شادا، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ و لە ساڵی ١٩٧٣ ڕۆیشتە پەیمانگەی مامۆستایان، لە شیراز لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هاوڕێیەکانی هێرشیان کردە سەر سینەمای (پارامونت) بەهۆی ئەوەی فیلمی بەدڕەوشتی نمایش دەکرد، لە دەستی ساواك هەڵات، بەڵام دەستگیر کرا و ڕەوانەی تاران کرا، سێ مانگی لە زیندانێکی تاکەکەسیدا بەسەر برد، دوای زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، فڕێدرایە زیندان لەگەڵ شەهید محەمەد عەلی رجائی (سەرۆك وەزیران و ئینجا سەرۆك کۆمار) و حاجی مەهدی عێراقی، سەید قودڕەتوڵا وانەی وەرگرتووە لەم دوو شەهیدانە و کەسایەتی ئەو بەمە گەڵاڵە بووە، گوازرایەوە بۆ زیندانی ئیفین ژمارە ٤ و ئینجا بۆ ژمارە یەك، لەوێ چاوی کەوتووە بە ئایەتوڵا تاڵقانی، ئایەتوڵا مونتەزیری، شێخ هاشمی ڕەفسەنجانی، لاهوتی، جگە لەوانیش لەوانەی بەرهەڵستکاری شۆڕشگێر بوون، دووڕووان گاڵتەیان بە ڕیشە درێژەکەی ئەویان دەکرد، دوو ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، ماوەی چواردە مانگی لە سزاکەی بەسەر برد، لە پایزی ساڵی ١٩٧٨ لە زیندان ئازاد کرا، بەهۆی لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانیان، بە ئامانجی کپ کردنی شۆڕش و کپ کردنی تووڕەیی جەماوەر، یاداشتەکان بەم نزیکانە دەردەچن لە کتێبی (خۆری میهرەبان).

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بەشداربوو لە گەڵاڵەکردنی پاسەوانی شۆڕش و تێکۆشانی بنیاتنان لە شاری گچساران و یەکێك بوو لە ئەندامە سەرەکییەکانی نێو حزبی کۆماری لە گچساران، بەرپرسی تێکۆشانی بنیاتنان بوو، دواتر بووە سەرۆکی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە دوورەدەستەکان، ئەمەش بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لە (باشت و دنا) ئامادەییەکی کارای هەبوو لە جەنگ و ساڵانی بەرگری پیرۆزدا، بە فەرماندەی فەسیلی مالکی کوڕی ئەشتەر دیاریکرا لە مهران، دوای تەواوبوونی جەنگ ڕۆیشتە شیراز بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی و بووە ئەمینداری ڕێکخستنی قوتابیانی زانکۆی ئیسلامی لە زانکۆی شیراز.

له ساڵی ١٩٩٥ به دادوەری شاری نورئاباد ممسنی دانرا، له دوای ساڵی ١٩٩٧ به جۆرێك له پەراوێزخستن کاری لەگەڵ کرا، بۆیه ڕۆیشته شیراز بۆ وانه وتنەوه له قوتابخانەی دواناوەندی و له ساڵی ٢٠٠٥ بووه سەرۆکی کۆڕبەندی فێرکاری له زانکۆی زانسته پزیشکییەکان له شیراز، له ساڵی ٢٠٠٧ بەشداری کرد له هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شورا و له خولی هەشتەمی گچساران و باشت، له هەمان ساڵدا بووه نوێنەری گچساران و باشت و ئەندامی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی.

سەید نەسرەتوڵای حوسەینی برام، له قەیرانی کوردستاندا شەڕی دەکرد له سندج، و له پاکردنەوەی مەریوان له ئەندامانی دژی شۆڕش، له پاڵ هەر یەکێك له شەهیدان حاجی ئەحمەد متوسلیان، حاجی عەباس کەریمی، حاجی ڕەزا دەستوارە، حاجی ڕەزا چراغچی، لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگه سەپێنراوەکه، لەگەڵ شەهید حاجی ئەحمەد کازمی و حاجی عەلی فەزڵی ڕوویان کرده ناوچەی باشور و ئابادان، بووه فەرماندەی پۆلێك و سوپا ئەو کات ڕێکخستنی خۆی نەبوو له لیوا و فیرقه، بەهۆی تواناکەی له شوفێریدا، توانی ببێته شوفێری لۆریەکی گواستنەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ و ساتری گڵینی دروستکرد له ژێر ئاگربارانەدا له ناوچەی فەیازیه، پردی ئابادان و له ژێر پردی خرمشهری بەرامبەر کارگەی شیری پاك، کارگەی کەشتی دروستکردن، وێستگەی حەوتەم، هەروەها چەندین شوێن و خەندەقی بۆ هێزەکان هەڵکەند.

له ساڵی ١٩٨١ بووه فەرماندەی فەسیل و له ساڵی ١٩٨٢ وەك بەرپرسێك دیاریکرا له میحوەری هەواڵگری ناوچەی کوشك، ئەلجفیر و مەخفەری زەید له فیرقەی ١٩ فەجر بۆ فیرقه ٩٢ زرێپۆش و له ساڵی ١٩٨٣ وەك بەرپرس دیاریکرا له میحوەری هەواڵگری فیرقەی ١٩ فەجر له ناوچەی کردەوەکانی دهلیران و موسیان و ڕووباری میمه و توانای دابڕانی نەبوو له تێکۆشان و شەڕکردن، بۆیه لەوەتەی ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩٥ به سەرکرده دیاریکرا له هەواڵگری فیرقەی تایبەتی، سەقز (که پەیوەست بوو به فەیلەقی یازده، ناوچەی خۆرئاوا) بەرپرس بوو له هەواڵگری فیرقەی ١٦ قودس، گەیلان، کۆمەڵە هەوڵیدا بیکوژێ، بەڵام شکستیان هێنا، بەناوێکی خوازراو دەناسرا که سەید موجتەبا شەفیعی بوو، جارێکیان وا ڕوویدا له ئەرکێکدا دەڕۆیشت بۆ نێو خاکی عێراق، کۆمەڵە پیلانیان بۆ پەنهان کوشتنی ئەو دانا، یەکێك دەچێته ماڵەکەی و به خێزانەکەی دەڵێت: که هاوڕێی هاوسەرەکەیەتی، ڕانه گۆشتێکی مەڕی پێدەدات، له ڕۆژی دواتردا سەید نەسرەتوڵا گەڕاوەتەوه ماڵەوه و هاوژینەکەی پرسی هاوڕێیەکەی پێ ڕادەگەیەنێت، لەگەڵ ڕانه گۆشتی مەڕەکه، ئەویش پێی دەڵێت هیچتان لێی خواردووه؟ هاوژینەکەی دەڵێت: نا لەناو بەفرگرەکەدایه، ئەویش دەریهێناوه و فڕێداوەته دەرەوەی ماڵەکه، پشیلەیەك لێی خواردووه و مردووه.

له ساڵی ١٩٩٧ ڕۆیشته پاڵ هێزه وشکانیەکانی پاسەوانی شۆڕش و ژمارەیەك بەرپرسیارێتی بەدەستەوه گرت.

سەید نەسرەتوڵا پێشینەی هەیه له شەڕ و تێکۆشاندا، که دەگاته زیاتر له ده ساڵ، له کاتی جەنگدا چوار جار بریندار بووه، یەکەمیان نزیکەی چل ڕۆژ بووه پێش هەڵگیرسانی جەنگی سەپێنراو له ناوچەی

له نێو تاریکی زیندان و تاریکی شەوی بێ دەنگدا، وتەکانی شەهیدی براکەم هاتنەوە یادم، لە ناخی خۆمدا وتم، مافی ئەو بەعسییانەیە قاچەکەی تریشم ببڕن.

---

مەریوان لە کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی گروپەکانی دژی شۆڕش و بەهۆی ئەوەی قازیفەیەکی ئارپێچی بەری کەوتووە، دووەمیان لە ئابادان بوو، دوای چوار مانگ لە هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەی کردەوەکانی فەیازیە بەهۆی تەقینەوەی گوللە تۆپێك، سێیەمیان لە پرۆسەکانی خەیبەردا بووە لە ناوچەی هویزە و دوورگەکانی مەجنون، جاری چوارەمیان سێ مانگ پێش ئازاد بوونی من بووە لە دیلایەتی، لە بەرزاییەکانی وزنە لە بانە، کاتێك کۆمەڵە گوللەبارانیان کردووە و سێ گوللە بەر قاچ و زگی کەوتوون، ئێستا لە تاران بەرپرسی ڕاوێکاری پشکنین و مافە لە کۆلێژی سەربازی سەر بە سوپای پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی (ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێت).

شەهید سەید هیدایەتوڵای حوسەینی برام، خۆبەخشانە ڕۆیشتە بەرەکانی جەنگ لەوەتەی ساڵی ١٩٨٢ و بووەتە ئەندامی پاسەوانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٥ و وەك یاریدەدەر کاری کردووە لە بەشی هەواڵگری و کردەوە و پرۆسەکان لە لیوای ٤٨ فەتح، سەید هیدایەتوڵای بەشداری کردووە لە کردەوە و پرۆسەکانی خەیبەر و بەدر و فەجری هەشتەم و کەربەلای دووەم و کەربەلای پێنجەم و پرۆسەکانی نەسری چوارەك و لە کۆتاییدا هێما و شانازی شەهیدبوونی لە پایزی ساڵی ١٩٨٧ بەدەستهێنا، لە پرۆسەکانی گێڕانەوەی بەرزاییەکانی (دوقلو) لە کوردستان.

من: لە تشرینی ١٩٨٦ ڕۆیشتوومەتە بەرەی شەڕ لە لیوای ٤٨ فەتح، دوای شەهیدبوونی براکەم، گوێزرامەوە بۆ بەشی ئیتڵاعات و پرۆسەکان.

چوار جار برینداری ماوە درێژ تووشم بووە لە جەنگی یەکەم لە زستانی ساڵی ١٩٨٦ لە پرۆسەکانی کەربەلای چوارەم لە دوورگەی مینو، دووەمیان لە بەهاری ١٩٨٧ کاتێك فرۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی هێرشیان کرد، ساچمەیەکی بۆمبە هێشویەکانم بەرکەوت لە هێڵی بەرگری لە (حاجیلە) و لە قاچمدا برینداربووم، سێیەمیان دوای ١٧ ڕۆژ لە برینداربوونی دووەم لە نێو کێڵگەی بۆمبدا لە شاشوی و چوارەمیان لە بەرواری ٢٤ حوزەیران ١٩٨٨ لە ڕێگەی خەندەق لە دوورگەی مەجنون کەوتمە نێو دیلایەتی قاچم بڕدرا.

برای کۆتاییم: سەید شوجاعەدینی حوسەینی، کە بە ساڵێك لە خۆم بچوکترە، لە پاڵ براکانم ڕۆیشتووەتە بەرەی جەنگ، وەك فەناسبەدەست لە فەوجی ئیمامی سادق سڵاوی خوای لێبێ لە ناوچەی هەویزە و بۆ ماوەیەك لە سەر ئامێری بێ تەل کاری کردووە لەلای سەرکردایەتی فەوج، دەرچووی زانکۆی زانستە دادوەرییەکانە لە تاران.

- **هەینی ٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ — زیندانی تاکەکەسی**

**شەوی ڕابردوو، دەنگی خوێندنەوەیەکی خەمبار و نزایەکی تایبەتی ئیمام موسای کازم سڵاوی خوای لێبێ، لە زیندانیەکەی تەنیشت منەوە هات؛ شوێنەکە پڕ بوو لە دۆخێکی پاك، یکێك لە هاوەڵان بە دەنگێکی خەمبارەوە نزای ئیمام موسای دەخوێندەوە، دواتر سڵاو بۆ ئەم ئیمامە تێکشکێنراوە:**

- **((سڵاو لەو سزادراوەی لە ناخی زیندانەکاندا، ستەمی ئەم کەسە پەستە قاچدارانە کە نزیکە بە کۆت و بەند هەڵواسینەوە)).**

**فرمێسك لە چاوەکانم هاتنە خوارەوە، هەستم بە شانازی و شکۆ کرد، بەهۆی ئەوەی لایەنگیری حەوتەم ئیمامم لە ئیمامەکانی خانەوادەی پێغەمبەری خوا سڵاوی خوای لێبێ، وا دەردەکەوێ چارەنووسی باپیر و ڕەچەڵەکەکەم لەگەڵ زیندان گرێدراوە، وتارەکانی (شێخ ئەحمەد کافی) خوالێخۆشبوو دەهاتنەوە یادم، کە چۆن نزای تایبەت بە سوتانی دڵەکانی دەخوێندەوە (نزای ئیمامی کازم سڵاوی خوای لێبێ، لە گرتووخانەی هاڕوون ڕەشیددا)، بەم هۆیە گریام.**

**پێش نیوەڕۆ دوای ئەوەی دووچاری زگچوون و ڕشانەوەی خوێناوی ببوم، ئەوەی خواردبووم فڕێمدایە دەرەوە، ئەفسەری لێکۆڵەرەوە کەسێکی پێداگیرە، گومانی لە موئەیەدی پزیشك دەکرد، دەیانەوێ سوێند بخۆم، نازانم چی ئەوانی ئاڕاستە کردووە بۆ پرسی سوێند خواردن، لە نەریتی لێکۆڵینەوەدا نییە، ئەو کەسە سوێند بدەن کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن، ئەفسەرەکە وتی:**

- **بیستوومە ئێرانیەکان لە سوێند خواردندا هەستیارن، هەندێك شت تەنها لە کاتی سوێند خواردندا دەڵێن؟**

سەرم سوڕما بەمە، وا دەردەکەوێ سیخوڕ و بەکرێگیراوان لە پشت ئەمەوە بووبن، ئەفسەرەکە ئاماژەی بۆ قورئان کرد و وتی:

- ئەگەر سوێند بخۆی، کە ئەم پرسەت لە عێراقیەکانەوە نەبیستووە، ئەوا بڕوات پێ دەکەین!
- سوێند خواردن ئەگەر ڕاستیش بێ تاوانە!
- تۆ لەبەر سوێند خواردن هەڵدێی!

ئەفسەرەکە فەرمانی کرد لەسەر زەوی ڕابکشێم، منیش وام کرد، یەکێك هات و بەسەر دەستی ڕاستم کەوت، لەبەر ئێش هاوارم کرد، ئەفسەری لێکۆڵەر وتی:

- ڕات چییە سەبارەت بەئەشکەنجەی هەوایی؟

لە مەبەستی تێنەگەیشتم، فەرمانی کرد بە گرێدانی دەست و قاچەکانم و بە قولابەی پانکەی هەوایی هەڵواسرام، قاچ و مەچەکەکەم برینداربوون، بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەم شێوەیە مامەوە، وام هەست کرد سەرم لە جەستەم جیا دەبێتەوە، سەرم سوڕما، بە کێبلێ لە قاچیان دەدام بەبێ ڕەحم و بەزەیی پێدا هاتنەوە، یەکێکیان چای گەرمی بەسەر ڕووخساری مندا کرد، ئێشی سوتانەکە گەلێك زۆر بوو، هەر دوو سەری کێبڵەکەیان بە دەسکی پەنجەرە بەستنەوە[1].

---

(١) بەعسییەکان سێ جۆر ئەشکەنجەیان هەیە، ئاسمانی و وشکانی و دەریایی، ئاسمانی: وەك لەسەرەوەدا هاتووە بەستنەوەیە بە قوفلی پانکەی هەواییەوە، ئەشکەنجەی وشکانی: خشاندن و خۆ هەڵدانی وەك بۆق و مەلە کردن و خۆ بانگلۆز کردنە لەسەر زەوی، ئەشکەنجەی دەریایی فڕێدانی قوربانیانە بۆ نێو جۆگەلەکان، جۆرێکی تری ئەشکەنجەدانیان هەیە کە پێی دەوترێ (بێچوی گوشراو)، لەم جۆرە ئەشکەنجەدانە قوربانیان ناچار دەکرێن بۆ ئەوەی لەسەر زەوی گەرم ڕابکشێن بە ڕووتی و بێ کراس، پاسەوان یان جەلادەکان بەسەر جەستەکانیان دەکەوتن، ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە باوە لە ناوەندی سەرکردایەتی ڕێکخەری سەربازی لە بەغداد.

- **یەك شەمە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٨٩ — تكریت — خێوەتگەی پاشكۆ — زیندانی تاكەكەسی**

بە ڕشانەوەی خوێناوی لە زیندانی تاكەكەسی ڕزگارم بوو، ئەوەندە لاواز ببووم، توانای جوڵە و ڕۆیشتنم نەمابوو. ئێوارەی ئەمڕۆ منیان بردە گرتووخانە و خواحافیزیم لە هاوڕێیانم كرد لە زیندانی بەرامبەر بوون، یەكێكیان كە هەرگیز نەمبینی بوو، وتی:

- ئەگەر هەردەم لەگەڵ خوا بی، هەرگیز شتەكان لەسەرت سەخت نابن.

پێش ئەوەی بچمە زیندانەكەوە، فازڵ ڕەحیم كە لە نۆرینگەكە كاری دەكرد:

- قسەم لەگەڵ موئەیەدی پزیشك كردووە بۆ ئەوەی بۆ نەخۆشخانە بتگوازنەوە.

ئەمڕۆ كارگێڕی نۆرینگەكە بە دەستی موئەیەدی پزیشك بوو، جەمالی پزیشك بە ((قەسابی خێوەتگەكە)) دەناسرا.

كاتێك ڕۆیشتمە نێو زیندانەكە هاوڕێیان لە دەورم كۆبوونەوە، سامی هاتە لام، زۆر دڵخۆش بوو، زانی من دانم بەشتێكدا دانەناوە كە زیان بەو بگەیەنێت، بڕوام نەكرد ئەوان بەم ئاسانیە وازیان لە من هێناوە، لەم ڕۆژەوە پەیوەندی من لەگەڵ سامی بەهێزتر بوو، زیاتر نێوانمان گەرم بوو، چیتر دوودڵ نەبوو لە باسكردنی چەند وشەیەكی مەترسیدار، زیاتر كراوە بەڕوومدا، وا دەردەكەوێ لە تاقیكردنەوەكە دەرچووم، ئەمەش مایەی دڵخۆشی و شكۆمەندیمە.

لە زیندانەكە دەرچووم، لە نێو دیلەكاندا بەدوای دوو سیخوڕەكەدا دەگەڕام، هاتنیان بۆ من بەخت ڕەشی بوو، دەمویست بیانبینم و پێیان بڵێم: مانگ هەر لە پشت

هەورەکان نامێنێتەوە، دەمویست بڵێم: هیچ شتێك لە دووڕووی خراپتر نییە، بەوەی مرۆڤ دوو ڕووی هەبێ.

من بەدوای ئەواندا دەگەڕام لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە، سامی پێڕاگەیاندم ئەوان گوێزراونەتەوە بۆ خێوەتگەی ١٥.

# بەشی دەیەم

# تکریت

## نەخۆشخانەی قادسیە

- دوو شەمە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ — تکریت — نەخۆشخانەی قادسیە

کاتێك سواری ئەمبۆڵانس بووم، دوو ڕێکخەر پەڕۆیەکیان لە چاوم گرێدا، دەستەکانی منیشیان بەست، دوای کاتژمێرێك ئوتۆمبێڵەکە وەستا لەبەردەم نەخۆشخانەی قادسیە و منیان گواستەوە بۆ بەشی تایبەت بە دیلە ئێرانیەکان، ڕۆیشتمە نێو هۆڵێکی تا ئەندازەیەك فراوان، کە شەست دیلی ئێرانی لەوێ بوون بۆ چارەسەر، زۆربەی دووچاری ڕشانەوە و زگچونی خوێناوی ببون، لە چەند خێوەتگەی تکریتەوە ئەوانیان هێنا بوو.

جەمال ڕێگە نادات بە گواستنەوەی بەرکەوتووان بۆ نەخۆشخانە، تەنها ئەو کاتە نەبێ نەخۆشیەکە تەشەنە دەکات و هەلی چارەسەرکردن لەدەست دەردەچێ، دەردەکە بەسەر نەخۆشەکەدا زاڵ دەبێ و بە دەستەوەسانی بەرەوڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە، زۆربەی تووشبووان لە خێوەتگەکەدا مردن[1]، بۆیان ڕێکنەکەوت بگەنە نەخۆشخانەی قادسیە.

نەخۆشخانەی تکریت، بووەتە شوێنی دەرچوون و بەرزبوونەوەی گیانەکان، کە سکاڵای تووندوتیژی ستەمکاران لای خوا دەکەن، دیلەکان وەك مۆم دەکوژانەوە لە دووری خۆشەویستیان لە نامۆییەکی بکوژدا، جەستەکانیان دەگوازرایەوە بۆ ئەوەی لە دەشتەکانی دەوروبەری تکریتدا بنێژرێن.

---

(١) بەگوێرەی ئاماری نۆرینگە لە خێوەتگەکە هەشتا و چوار دیلی ئێرانی، لە خێوەتگەی ١٦ لە تکریت شەهید بوون، بەهۆی تووشبوونیان بە ڕشانەوە و زگچونی خوێناوی نەخۆشی نەزانراو، لە نێویاندا خۆشەویستترین هاوڕێکان: عەلی شاە ئاوریدە، محەمەد بخرد، دهقان منشادی، حوسێن مەردانی.

زۆربەی هاوەڵان دووچاری لێدان هاتن، شوێنەواری ئەشکەنجە بە ڕوونی بە جەستەکانیانەوە دیارە، برینەکانیان پڕ بوو لە کێم و زوخاو، لە جەستەی هەندێکیاندا زیپکە و پۆڵکەی پڕ ئاو و پێست شەق بوون دەرکەوت.

زۆربەی جاران ئەم نەخۆشیانە بڵاو دەبنەوە لە نێو وەرزی هاوین بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، سەرباری تووشبوون بە ڕشانەوە و لەخۆچوون و ژەهراوی بوونی خواردن و نەخۆشییە بەکتریاییەکان، کرمی گەدەیی و تەنانەت شێرپەنجەی پێست و... ئەو ئاوەی شیاوی خواردنەوە نییە و خۆراکە تێکچووەکان و مێش و مێشولە یارمەتیدەر بوون بۆ بڵاوبوونەوە نەخۆشیەکان.

زۆر دیل لێرە هەن و من نایانناسم، لە نەخۆشخانەی قادسییە، یەکێکە لە نەخۆشخانە کۆنەکانی تکریت، ئەمە ڕوونە لە دیوارە بێ نەخشەکان.

لە نەخۆشخانەکە ڕێوشوێنی تەناهی زۆر توند بوون، بەشێوەیەك ئەستەمە مرۆڤ ڕا بکات، تەنانەت ئەگەر هەلێکیش بۆ هەڵاتن هەبێ، ئەوا دیل ئەو وزەیە لە کوێ بهێنێ کە یارمەتی بدات بۆ ڕاکردن، ئەو یاریدەدەرە پزیشکیانەی لە نەخۆشخانەکە کاریان دەکرد، ئەگەر بیانزانیبایە دیلەکە لە سوپا یان پاسەوانی شۆڕشدا کاری کردووە، ئەوا دەرمانێکی تر جگە لە دەرمانی پێویستمان پێدەدەن، یەك سرنجیان بۆ چەندین دیل بەکاردەهێنا، پەنسیلینیان بەکاردەهێنا بەبێ ئەوەی بزانن دیلەکان هەستیاریان هەیە، ژمارەیەك دیل دووچاری مایسیری بوونەوە، بەهۆی زۆر دانیشتن، هەروەك زۆرێ دووچاری چاوە ئێش بوون بەهۆی ڕەشەبای خۆڵاوی، هەندێکی تر دووچاری نەخۆشی پێست بوونەوە، لە دەموچاویاندا زیپکەی سور و ڕەش و پڕ ئاو دروست بوون.

ئەو دیلە ئێرانیەی کە پاڵ پێخەڤی مندا دەخەوێت، دووچاری ئیلتیهاب و سوتانەوەی گورچیلە و میزڵدان بووە، لە دیلەکانی خێوەتگەی ١٣یە، لە هەمان ڕۆژ بردیان.

هەوای نێو هۆڵەکە خنکێنەر و بۆنەکەی ناخۆشە، پێنج فەروێڵە لەوێ هەن، بەهۆی بۆنەوە ناتوانرێ سوودیان لێ ببینرێ.

نانی بەیانی کەمێك لە نیسکاوبوو، نانی نیوەڕۆ سامونێکی نیمچە سورکراوە بوو، لەگەڵ کەمێك لە برنج و ئاو و پارچە پیازێك، ئەم سەمونە زیاتر لە دەرمانەکان سودیان بۆ ئێمە هەبوو، ئەوانەی دووچاری ڕشانەوە و زگچونی خوێناوی ببوونەوە تێبینی ئەوەیان کرد، خواردنی سەمونی تەواو سورنەکراوە، زگچون و ڕەشانەوە دەوەستێنێ، من هەستم بە قەبزی دەکرد، بەمەش خوێن دەرچوون دەوەستا.

- سێ شەمە ٣١ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ — تکریت — نەخۆشخانەی قادسیە

دیلکیان لە کوردستانی ئێران هێنا، لە ناوچەی سەر سنوور گیرا بوو، لە خێوەتگەی ١٢ لە تکریت هێنابویان، تەواو سەر ڕووت و جەستە لاواز و بچوك بوو، قسەم لەگەڵ کرد و زانیم لە بنەڕەتدا لە خەڵکی دهۆکی باکوری عێراقە، هی شاری زاخۆیە، بەڵام خێزانەکەی لە لادێیەکی کوردستانی ئێران دەژین، لەوێ پێگەیشتووە؛ بەعسییەکان لە پرۆسەکانی کەربەلای پێنجدا ئەم گوندەیان بۆمبە باران کرد بە بۆمبی کیمیایی، بەم هۆیە هاوژین و کوڕێکی لەدەستداوە، وەك دیلێکی ئێرانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد، بە زمانی کوردی دەدوا، بەهۆی گازی خەردەل پێستی ئاوسا بوو، دەڵێت: براکەم لە بەرهەڵستکارە کوردەکانە، لە بەندیخانەی حزبی دیموکرات لە ساڵی ١٩٨١ شەهید

بووه. وتی: له بەهاری ١٩٨١ حزبی بەعس له بەغداد بەندیخانەی دەوڵەتیان[1] بۆمبەباران کرد، براکەم له نێو قوربانیانی بۆمبەباران کردنەکەدا دابوو. وتی: ئەگەر سەدام شێت نەبووبایە، ئەوا خەڵکی زاخۆ و هەڵبجەی بۆمبە باران نەدەکرد.

له کۆتاییەکانی شەودا بە خوێنەوە ڕشایەوە، ئیلتهابی ڕیخۆڵەیی گەیشتووەتە ئاستێك: پزیشکان وتی: تووشی سیل بووە، برینپێچەکە داوای لێکرد دوور له تووشبووان بنوێ، بەڵام هاوڕێیان پێیان وت: کاکە ساڵح لەگەڵ ئێمە بخەوە، بایەخ بە ئامۆژگاری ئەم برینپێچانە مەدە.

■ چوار شەمە ١ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – نەخۆشخانەی قادسیە

عەلی ئەسغەر ئینتزاری قسەی لەگەڵ کردم لەبارەی کەوتنە نێو دیلایەتیەوە، کاتێك گرتبوویان، مشتێك خۆڵی هەڵگرتبوو، بەعسیەکان لە مەبەستی گەیشتوون، کە دەڵێت: چی دەکەن لەسەر خاکەکەمان؟

بە نوکتە و گاڵتەکردن ناسراو بوو، دەڵێت: ئەمە مەعنەویاتی هاوەڵانی زیاد دەکات، ماوەیەك لە نەخۆشخانەی قادسیە ماینەوە، ئەویش بەعسییەکانی توڕەکرد، لە خیوەتگەی پاشکۆ لە پاڵ مندا بوو.

کاتێك سڵاوی لێدەکردم، لە جیاتی سڵاوکردن دەیوت: سەید! تۆ لە کوێی با خزمەتت بکەم سەروەرم! محەمەد کازم بابائی لە خەڵکی شارەکەی ئەو بوو، پێی ڕاگەیاندم خێرا بە بەر ئەودا ڕۆیشتووە و لێی پرسیوە:

---

(١) ڕژێمی بەعس، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق (دووڕووەکان) و هەوالگری کەرکوك فەرمانیدا و پرۆسەکەی جێبەجێ کرد، بەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی بۆمبێکی تێگرت، حزبی دیموکرا (کوردەکانی عێراق) ژمارەیەك لە پاسەوانی شۆڕش (سوپا) و لیژنەکانی شۆڕشگێڕی و ئەندامانی لەشکر و تێکۆشانی بینیاتنان و کوردە بەرهەڵستکارەکانی لەم بەندیخانەیەدا گرتبوو، بۆمبە باران کردنەکە بووە هۆی مردنی زۆرێکیان.

عەلی ئەسغەر بۆ کوێ ئاوا بە پەلە؟ لەوەڵامدا وتی: (قطرة من ساقية تسير[1]) لە پێناو کارێکدا دەڕۆم.

عەلی ئەسغەر و سەید محەمەد شەفاعەت منش لە ڕاوەدونانی شیعری، وەك ئەسپی تاودانی گرەو وابوون، تا چەند کاتژمێرێکیان پێ دەچوو، نەمدەزانی کەی ئەم هەموو شیعرانەیان لەبەرکردووە.

لە خێوەتگەی پاشکۆ یەکێك لە پاسەوانان پێی وت: لە گرتووخانەدا دەمێننەوە تا هەڵدەوەشێننەوە، دەستەجێ پێی وت:

- بەو کەسە مەگریە کە کەوتۆتە نێو ناخۆشی بەندیخانە، لەوانەیە ڕۆژێك بکەویتە نێو هەمان چارەنووس.

عەلی ئەسغەر شەونوێژی دەکرد و لە خوا دەپاڕایەوە بە ئارامی، جارێکیان لە قنوتەکەیدا بە فارسی نزای خوێند، نازانم بۆچی ئەمەی کرد، هەندێکیان پرسیاریان کرد: بۆچی لە قنوتەکەتدا بە فارسی دەپاڕێیتەوە؟

وتی: حەزم لێبوو بە زمانی خۆم لێی بپاڕێمەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، یان پێت وایە خوا عەرەبییە؟

حامد جارێکیان جگەرەکەی خۆی کوژاندەوە بە پشتی عەلی ئەسغەر، بەمەش سوتا و شوێنەکە پڕ لە کێم و زوخاو بوو.

ئەمڕۆ کاتێك عەلی وتی: سوپاس بۆ خوا! یەکێك لە برینپێچان پێی وت: لەسەر دیلایەتی سوپاسگوزاری دەوێ؟ عەلی ئەسغەر وتی: بەندایەتی بۆ خوا شایستەی سوپاسگوزاریە، برینپێچەکە دەمی وەك تەڵەی تەقیو لێهات و نەیزانی چی بڵێت.

---

(١) لە شیعرەکانی پەروین ئیعتسامیە.

عەلی ئەسغەر زوو درکی دەکرد، کاتێك برینپێچەکە پێی وت: ئێوەی دیلەکانی جەنگ لە زەوی فراوانی خوا دەرکراون! لە وەڵامدا پێی وت: سوپاسی خوا ئەکەین بۆ تاقیکردنەوەمان بە بەندیخانە لە نامۆیی و غەریبی و بە تاوان ئێمەی تاقی نەکردۆتەوە! بە دیلایەتی جەستە نەوەك ڕۆح ئێمەی تاقیکردۆتەوە!

ئێوارە دوو دیل هەناسەی دواییان هەڵکێشا و لە هۆڵی تەنیشتەوە گیانیان سپارد، ئەو دیلەی ڕۆیشتبوو بۆ باشتنیان کاتێك هاتەوە وتی: ئەوان لە دەشتاییەکانی دەوروبەری تکریت دیلەکان دەنێژن، لە گۆڕستانێکی تایبەت بە دیلە ئێرانیە ونبووەکان، تا ئێستا زیاتر لە چوار سەد دیلیان ناشتووە.

- پێنج شەمە ٢ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — نەخۆشخانەی قادسیە

- سەید!

گەڕاومەتەوە لای بۆ ئەوەی بزانم چی دەوێت:

- ئەگەر ڕۆیشتیتە نێو دۆخەوە[1] ئەوا تەنها بیرت لای خوا بێ، ئینجا چەند ساتێك وەستا و وتی: دەرگاکە دابخە! وا وێنام کرد ئەو پێم دەڵێت ئەگەر هاتیتە نێو دۆخی (ویجد)ەوە لە نزادا، ئەوا لە نزا چاکەکانت لە بیرمان نەکەی، دوێنێ پێی وتم: یاخوا دەستت بشکێ! وتی: بۆچی دەستم بشکێت؟ وتی: دەتەوێ چی بشکێت؟ وتم: باشە، چی؟ وتی:

- ملی سەدام.

ئێوارەی ئەمڕۆ بڕیاردرا عەلی ئەسغەر بگێڕدرێتەوە بۆ خێوەتگەکە، بیری قسە جوانەکانی ئەوم کردووە، لە نەخۆشخانە و بەهۆی بارودۆخی تایبەتی دیلەکانەوە زۆر

---

(١) واتە کاتێك ڕۆیشتیتە نێو دۆخی (ویجد) لە نوێژدا. وەرگێڕی عەرەبی.

گاڵتە و گەپی دەکرد، زۆر زیرەك بوو، دەیتوانی خەندە بنەخشێنێ لەسەر لێوی دیلەکان لە گشت بارودۆخێکدا.

کاتێك لە نەخۆشخانە دەرچوو، هەندێك برینپێچ و ژمارەیەك کەپسولی دژە چاڵاکی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ خێوەتگەکە، کاتێك ویستی بڕواتە دەرەوە، بە پزیشکەکەی وت: دەمەوێ نزا بۆ سەدام بکەم! حوسێن مەردانی دیلی خوزستانی قسەکانی وەرگێڕا، پزیشکەکە وەك ڕەزامەند بوون پێکەنی و وتی: ئێستا تۆ بوویتە ئادەمیزاد! عەلی ئەسغەر دەستەکانی بۆ نزا بەرز کردنەوە و وتی:

- خوایەگیان؛ سەدام و لایەنگرانی لەگەڵ یەزید و معاویە، ئێمەش لەگەڵ حوسێنی کوڕی عەلی کۆ بکەیتەوە و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکەی!

هەموو دیلەکان هاواریان کرد و وتیان: ئامین (نزاکە گیرا بکەی)!

قادری پزیشك لە هێنانی ناوی یەزید و معاویە و حوسێن، درکی بەوە کرد ئەو نزا بۆ سەدام ناکات، بەڵکو نزای لێ دەکات، بۆیە ڕۆیشتە پێشەوە بۆ لای ئەو و پێ لەقەیەکی لێدا، عەلی ئەسغەر وتی:

- ئەگەر معاویە خۆشەویستی خوا بێ، ئەی بۆچی ناتانەوێ لەگەڵ ئەو زیندوو بکرێنەوە و لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکرێ، ئەگەر ئیمامی حوسێن ئیمام بێ ئەوا بۆچی تکای پێ ناکەن؟ ئێوە لایەنگیری معاویە دەکەن و ئەوە ڕەت دەکەنەوە لەگەڵیدا لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکرێ، دوژمنایەتی حوسێن دەکەن و دەتانەوێ خوا لەگەڵ ئەودا لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکات! خوا و خورمات بەیەکەوە دەوێ[1] ئای ئێوە چەندە کەسانێکی سەیرن!

دیمەنی قادری پزیشك مایەی بەزەیی بوو!

---

(١) نموونەیەکی ئێرانیە، پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

- **شەمە ٤ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – نەخۆشخانەی قادسیە**

ئەمڕۆ دیلێکیان لە خێوەتگەی ١٣ هێنا، ناوی ڕەزا بوو، جەنگاوەری فیرقەی ٢٥ کەربەلا بوو، بەهۆی ئەوەی کەسێکی بەسیجی بوو، بەعسییەکان ناچاریان کردبوو سابوون بخوات، دووچاری زگچوون و ڕشانەوەی خوێناوی و هەناسەتەنگی و ئیلتهابی ڕیخۆڵەیی توند ببوو، بەمەش ناچار بە کۆکەی بەردەوام و سینگ ئێشە و سەرئێشە ببوو، ڕەزا وتی: لە فاودا بەدیل گیراوە، کاتێك منیان بە ئوتۆمبێلی ئیڤا ناچارکرد بۆ گواستنەوە بەرەو بەسرە، پێش وەستانی ئوتۆمبێلەکە لەلای سەربازگەکە لە دەوروبەری بەسرە منیان فرێدایە سەر زەوی، هەر بۆیە باسکم شکا و بانگلۆز بووم و لەهۆش خۆم چووم، کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە بینیم لە سەربازگەی جبیلەتم!

ڕیزا وتی: خێوەتگەکەمان لە نەخۆشخانەی تکریت باشترە.

وا دەردەکەوێ پزیشکی ددان لە خێوەتگەیاندا هەبێ،پزیشکەکە بە تەلی دڕکاوی و موس ددانەکان دەمار بڕ دەکات، پزیشکەکە هەڵدەستێت بە بردنە ژوورووەوەی تەلەکە و گەرم کردنی تا ئاستی گڕ گرتنی و ئینجا ئاژنینی لە کونەکەدا.

دوو لە دیلەکان نەشتەرگەری گشتی ئەنجام دەدەن، بە بەکارهێنانی دەرزی فرە جۆر و دەرهێنانی ساچمەی قەبارە جیاواز.

یەکێك لە پاسەوانانی نێو خێوەتگەکە داوای لێکرد سەما بکات، بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدام، ڕەزا ڕەتی کردۆتەوە، دیلێکی تریش لەگەڵ ئەو بەهەمان شێوە، کە لە پلەدارەکانی فیرقەی ٧٧ خوڕاسان بوو، گوێچکەکانی دووچاری ئیلتیهاب و کەم و کورتی لە بیستندا ببووەوە، سەرباری خوران و سوتانەوە لە گوێچکە و لا سەرئێشە.

له پرۆسەکانی نەسری شەشەمدا بریندار بوو، کە بووە هۆی ڕزگاربوونی بەرازیەکانی ٦٢٠، کە ناسراوە بە ((تەپۆڵکەی سەروەری شەهیدان))، لە زگیدا بریندار ببوو و پەردەی گوێچکەیەکی تەقی بوو، بەهۆی تەقینەوەی موشەکێکی کاتیۆشا، کراسە سەربازیەکەی دڕا بوو، تا ئێستا پۆشاکێکی تایبەت بە دیلەکان ناپۆشێت، یەکێك لە دیلە بریندارەکان دیشداشەیەکی پێبەخشی.

ئێوارە وسام عەبدولڕەحمان عیزەتی پزیشك گەیشت، بۆ پشکنینی نەخۆشەکان بە پێچەوانەی جەمالی پزیشکەوە، کەسێکی ویژدان زیندوو و بەڕێز و بە ڕەوشت بوو، بە دیلێکی برینداری وت، کە بەهۆی کاری زۆرەملێ وای لێهاتبوو، بەگوێرەی ڕێکەوتنامەکانی ژنێف نابێ دیلەکان لە کاری زۆرەملێدا بەکاربهێنرێن.

وسامی پزیشك وەك هاوسۆزی لەگەڵ دیلەکان ئەم قسەیەی کرد، یەکێك لە دیلەکان وتی: لەوەتەی جەنگ دەستی پێکردووە، ڕێکەوتنامەکانی ژنێف پێشێلکراون، پاسەوانانی شۆڕش و سوپا و بەسیجەکان وەك دیلی جەنگ دانیان پێدا نەنراوە، بۆ ئەوەی بەگوێرەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکرێ، بۆیە سەدان کەسیان لەسێدارە دران.

ئەو دیلانەی لە کاری زۆرەملێدا بریندار بوونە، بە دەست بەردەوامی خوێن بەربوونەوە دەناڵێنن، وسامی پزیشك وتی: هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی خۆراك پێدانەکان، بۆیە برینەکان بەیەکەوە نا لکێنەوە، هەروەك باسی ئەوەی کرد دیلە ئێرانیەکان بەهۆی کەم و کورتی پرۆتینەوە دووچاری نەخۆشی (ئەسقەربوت) دەبنەوە.

هەندێك پرسیاریان کرد: پزیشك! پێویستە چی بکەین؟

- پێویسته خۆراكی به پڕۆتین بخۆن، بەدڵنیاییەوە ئەم خۆراكانه به دیلەكان نادرێن لێرەدا!

زۆربەی دیلەكان دووچاری شەقبوون و برین بوونەوە له زماندا، بەهۆی كەمی ڤیتامینەكان و بەتایبەت بەهۆی زۆر خواردنی باینجانەوە.

- یەك شەممە ٥ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تكریت – نەخۆشخانەی قادسیه

له كۆتاییەكانی شەودا، سەربازێكی عێراقی كه بڕوانامەی بەكالۆریۆسی بەدەستهێناوە و له خەڵكی كەركوك و ناوی عەبدولمونعیم بوو، هات و به وسامی پزیشكی وت: برینپێچەكان هەندێك دەرمانی ماوە بەسەرچوو به دیلەكان دەدەن، ناوبراو وتی ئەوانەی دژی حزبی بەعسن، ژیانیان زۆر ناخۆش دەبێ.

پێم وابوو ئەو دەیویست ئەوەی هەمان بوو بۆی باس بكەین، حوسێن مەردانی وتی: من متمانه به هاوڕێیەتی ئەو دەكەم، خەمباری خۆی دەربڕی بەهۆی لەسێدارەدانی خانەوادەی سەید حەكیم و قسەی كرد لەبارەی چیرۆكی دوو كەسایەتی تكریتی ناسراو، یەكەمیان ناوی حوسێن جبوری پزیشك و مامۆستای زانكۆ بوو، لەگەڵ عادل جبوری عەقید، یەكێك له سەركردەكانی پاسەوانی كۆماری، وتی: ئەمانه هی شاری تكریتن، شوێنی له دایكبوونی سەدام، هەواڵگری[1] ئەوانی ژەهرخوارد كرد، به ماددەی ((سالیوم))، بەڵام ئەوان گەشتیان بۆ لەندەن كرد به ڕێگەی سوریاوە بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرن، عەبدولمونعیم وتی: ئەوانەی نازناوی تكریتیان هەڵگرتووە له عێراقدا دێن و دەچن، ئەوان پێیان وایه بەرز و باشترن لەوانی تر، تەنها لەبەر ئەوەی

---

(١) بارزان تكریتی زڕبرای سەدام بەرپرسی ئەم دەزگایه بوو، سەدام سەرۆكایەتی هەواڵگری دابووە كەسانی نزیكی خۆی، بۆ شاردنەوەی تاوانەكانی، دەزگای هەواڵگری سیخوڕی و دژە سیخوڕی و پوچەڵكردنەوەی هەوڵی كودەتای ئەنجام دەدا، له میانەی گوێ هەڵخستن و چاودێری له نێو ڕیزەكانی لەشكر و هێزە سربازیەكان.

خەڵکی شوێنی لەدایکبوونی سەدامن، تەواو وەك جولەکەکان کە پێیان وایە گەلی هەڵبژێردراوی خوان...

سەدام ٤٩ ئەفسەری لە سێدارەدا لە یەك ڕۆژدا، لە دوای پێشقەچوونی هێزە ئێرانیەکان و پاشەکشەی هێزەکانی لە شەلمچە.

- سێ شەمە ٧ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – نەخۆشخانەی قادسیە

لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ مۆڵەتمان پێدرا لەلایەن قادری پزیشکەوە، ئێمەیان سواری ئوتۆمبێلێکی بارهەلگری تیۆتای خۆڵەمێشی بچوك کرد، پێش ئەوەی ئوتۆمبێلەکە لە نەخۆشخانە بچێتە دەرەوە دەستی ئێمەی دیلیان بە چوار چوار بەستەوە، من و محەمەد بخرد و دوو دیلی تر، دوو ڕێکخەر یاوەرمان بوون، یەکێکیان وتی پێش گەیشتنە سەربازگەی سەڵاحەدین چاومان دەبەستنەوە، ئوتۆمبێلەکە بە ناو شەقامەکانی تکریتدا دەهات و دەچوو و سەرم بووە شانۆی هزرە جیاوازەکان، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات من لە شەقامەکانی تکریت، شوێنی لە دایکبوونی سەدام بە یەك قاچ و دەست بەستراوەیی بجوڵێمەوە.

هەستم بە نامۆیی و دەردی دووری تێکشکێنەر کرد، کەمێك ترسیش منی گرتەوە، چی دەبێ ئەگەر ئێمە ڕادەستی خەڵکی تکریت بکەن، وێنای ئەوەم دەکرد چۆن پارچە پارچەمان دەکەن! ئەو وشانەم هاتەوە یاد کە عەلی جاڕوڵا پێی وتم: سەید! وشیاربە مشتومڕ لەگەڵ تکریتیەکان نەکەی، ئەگەر بەلایاندا تێپەڕی بڵێ ئاشتیم دەوێ، ئەوان کەسانێکی دڵڕەقن، عودەی بەزەیی بە کامل حەنا و سەدامیش بەزەیی بە عودەی کوڕیدا نەهاتەوە، شەفیق عاسمیش بەزەیی بە ئێوەدا نایەتەوە، لێرەدا کەس بەزەیی بەوەی تردا نایەتەوە، ژیان لێرەدا وەك دارستانە، ئاژەڵی مەزن ئاژەڵە بچوکەکان ڕاو دەکات! دواتر قسەی بۆ کردم لەبارەی چیڕۆکی عودەی و کامل خەنا، لە نادی سەید، کە

چۆن عودەی بە پێ لەقە و داردەستە لە کامل حەنای داوە تاکو مردن، چۆن سەدام ویستویەتی کوڕەکەی بکوژێت، دەوترێت گوللەی لە قاچیداوە، تاوانی کامل حەنا ئەوە بووە پرسی هاوسەرگیری سەدامی لەگەڵ ئافرەتێك ڕێکخستووە، دوای تەڵاقدانی بە مێردەکەی[1].

چەند چاوێك چاودێری ئێمەیان دەکرد، ئوتۆمبێلەکە لە وێستگەی بەنزین وەستا، هەندێك چاویان کەوتە سەرمان و گەنجێك هاواری کرد: ئێوە دیلی ئێرانین، دواتر هاواری کرد: هەی مەجوسینە! پاسەوانانی خومەینی، تەنانەت بەنزین تێکەرەکەش هات بۆ ئەوەی سەیرمان بکات، چەند دینداریکی لەدەستدا بوو، ڕق و کینەم لە چاوی ئەم تکریتیانەدا بینی، یەکێك بەردەوام ناشرینترین جنێوی پێدەداین؛ ڕێکخەران هۆشداریان دایە هەندێکیان لە نزیکبوونەوە! بەشێوەیەك سەیریان دەکرد وەك ئەوەی پێشتر کەسی ئێرانیان نەبینی بێ، هەندێکیان زیاتر دەرکەوتن و بە تەماتە و پێڵاو لە ئێمەیان دەدا.

ئوتۆمبێلەکە پڕ بەنزین کرا و وێستگەکەی جێهێشت، بە بەردەم ئوتۆمبێلێکی ڕەنگ سەوزی کۆندا تێپەڕی، ئافرەتێکی بەساڵاچوو لە پشتەوەیدا دانیشتبوو، تاکە نەعلێکی تێگرتم و لە باسکیدام، کەوتە تەنیشتم، چاکە لەم ڕووداوە دابوو، ئەویش ئەوە بوو کە تاکە نەعلێکی ترم دەستکەوت، من قاچی ڕاستم بڕدراوە! ئەوەی ڕوویدا دیاریەکی بەنرخ بوو، دیل خەونی پێ ئەبینی، بەشێوەیەك کە من لە دڵەوە لێی خۆش بووم!!

---

(١) ئەو کاتە وا بڵاو کرایەوە سەدام سورە لە سەر کوشتنی عودەی و فەرمانی بە بەندکردنی کردووە، ساجدەی دایکی عودەی خێرا پەیوەندی بە شای ئوردن حوسێنەوە کردووە، بۆ نێوەندگیری لم پرسەدا، ئەو ئافرەتەی هاوسەرگیری لەگەڵ کرد سەمیرە شابەندەر بوو، کە بە زەبری هێز لە هاوسەرەکەی بەڕێوبەری فرۆکەوانی مەدەنی تەڵاقدرا بوو. وەرگێڕی عەرەبی.

## بەشی یازدەم

# تکریت

## خێوەتگەی پاشکۆ

■ **شەمە ١١ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ**

عەقیدێك بە یاوەری خەلیلی نەقیب لە خێوەتگەکەدا دەگەڕا بۆ پشکنین، حەسەن بەهەشتی پور چاوەڕێی هەلێکی دەکرد بۆ ئەوەی داوا لە بەرپرسان بکات قاچێکی دەستکردم پێبدەن، جاری پێشتر داوای کرد، بەڵام ڕێگریان لێکرد و پێیان وت: دارگۆچانەکە بە زیادەوە بەسیەتی!

بەهەشتی پور لێکدانەوە و دابەشی دەکرد و دەگەیشتە ئەوەی قاچی دەستکرد زیاتر لە حەفتا و پێنج دیناری پێویست نییە، هەر دیلێك مانگانە دینار و نیوێکی پێ دەدرێ، کەواتە ئەوەندە بەسە پەنجا کەس واز لە بەشە موچەی خۆیان بۆ یەك مانگ بهێنن و کێشەکەی چارە بکەن!

بەهەشتی پور چاك درکی بەو ناهەمواریە دەکرد کە پەکەوتووێك دەبینێ، بەم بارودۆخە سەختەدا، چەندین جار وا ڕوویداوە پاسەوانان بەپێ لەقە و دار دەستە و کێبڵ لە دیلەکانیان داوە، منیش دەکەوتمە سەر زەوی و لە هەموو لایەکەوە لێدانم بەردەکەوت، هەندێك پاسەوان وا ڕاهاتوون دڵ ڕەق بن و پێیان ئاساییە دیمەنی کەسێکی پەکەوتوو ببینێ کەوتۆتە بەر پێیان و پێ لەقە و لێدان دەخوات، لە ڕاستیدا دڵخۆش بووم بەم هەواڵە، لە ڕێڕەوەکەدا بەهەشتی پور وەستا لەسەر ڕێگەی عەقیدە پشکنەرەکە، پرسی قاچە دەستکردەکەی بۆ عەقیدەکە باس دەکرد.

وا دەردەکەوێ عەقید و نەقیبەکە دلگران بووبن بەم پێشنیازە، پێم وابێ پێیان وت: ئایا عێراق ئەوەندە هەژارە بەوەی موچەی ژمارەیەك دیل ببڕێ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیلێکی پەکەوتوو؟

بەهەشتی پور بە عەقیدەکەی وت: گەورەم! دەزانم عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و بە هەر شتێك، ئەوەی ئێستا گرنگە، چارەسەرکردنی کێشەی دیلێکی پەکەوتووە بە هەر ڕێگەیەك بێ.

عەقیدەکە بەڵێنی بە بەهەشتی پوردا بمگوازێتەوە بۆ مانگی سوری عێراقی، بۆ گرتنەبەری ئەوەی پێویستە، لەو ڕۆژەوە بوێریم نەبووە ئەم بابەتە بکەمەوە، پرسیارم لە نەقیبەکەش نەکردووە سەبارەت بە بەڵێنی عەقیدەکە، چەند مانگێکم بەسەر برد بە خەون بینین بە قاچی دەستکرد[1].

- یەك شەمە ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەم شەو یادی کۆچی دوایی خاتوو زەهرا سڵاوی خوای لێبێ بوو، تەلەفزیۆن بەشی ئێمە بوو، وەك نەریتی باو دەنگی گۆرانیەکانی لێ دەهات، هەر بۆیە وەك ڕێزێك بۆ ئەم یادە، هاوڕێیان ئامێری تەلەفزیۆنیان کوژاندەوە، پاسەوانان هەردەم چاودێری دیلەکانیان دەکرد لە نێو زینداندا، دیمەنی کوژانەوەی تەلەفزیۆنەکە ئەوانی هەراسان کرد بوو، تەلەفزیۆنیان لەبەر دیلەکان هێناوە، نەقیبەکە مۆڵەتی نەدەدا تەلەفزیۆنەکە بۆ ژووری پاسەوانان بگوازرێتەوە، هەر بۆیە لە پشتی پەنجەرەوە سەیری تەلەفزیۆن و ئەو کەناڵانە دەکەن کە حەزیان لێیەتی، زیاد لە جارێك وا ڕوویداوە دیلەکان حەزیان لە بینینی یاری تۆپی پێبووە، بەڵام پاسەوانان حەزیان لە دیمەنی گۆڕانی عەرەبی و تورکی بووە، ئێمە سەیری بەرنامەی زانستیمان دەکرد لە شێوەی نهێنیەکانی سروشت یان بڵاوکراوەی هەواڵی و هەندێك فیلمی بەڵگەنامەیی.

---

(١) دوای ساڵێك لە گەڕانەوەم بۆ نیشتمان قاچێکم پێکرا لەلایەن مانگی سوری ئێرانیەوە لە گۆڕەپانی ونك ونك لە تاران.

لەبەر ئەمە پاسەوانان هەراسان بوون لە بینینی تەلەفزیۆنەکە بەکوژاوەیی، بەتایبەت وەلید دەستی کرد بە جنێو هەڵڕشتن بەسەر حەمید غیوریدا کە تەلەفزیۆنەکەی کوژاندۆتەوە، حەمید لە خەڵکی گنبد بوو، وەلید بانگی کرد بۆ لای پەنجەرە و دەستی درێژ کردە ژوورەوە و شەقە زلەیەکی لێدا، دواتر شەقە زلەیەکی لە فەرهادیشدا.

وەلید فەرمانی کرد بە کردنەوەی تەلەفەزیۆن و مەحمود ئەنوەر لەسەر شاشە دەرکەوت بەدەم گۆرانی وتنەوە، وەلید عاشقی می ئەکرمی گۆرانیبێژی ڕووت و قوت بوو، وەلید لەگەڵ گۆرانیەکە دەیوتوە و ئینجا بانگی کرد و وتی:

- دەی ناسڕی هەواڵگری چەپڵە لێبدە!

من وەڵامی ئەوم نەدایەوە، دواتر بانگی حوسێن مەڕوان کرد، کە دیلێکی عەرەبی خوزستانیە، بۆ ئەوەی قسەی ئەو بۆ من وەربگێڕێت، وتی:

- خومەینی بە ئێوەی وتوە سەیری ئافرەتی ڕووت نەکەن؟!

حەزم نەدەکرد قسەی لەگەڵ بکەم، لە شوێنی خۆم هەستام و ڕۆیشتمە ئەوپەڕی زیندانەکە، بەشێوەیەك کە چاوم نەکەوێتە سەر ئەم بوونەوەرە بێ نرخە، وەلید زانی چی بە خەیاڵی مندا دێت، بۆیە داوای لێکردم لە پەنجەرە نزیك ببمەوە و وتی:

- نازانم بۆچی سەیری سەما و گۆرانی ناکەن؟! بەپێچەوانەوە من زۆر حەزم لێیەتی!
- خەڵکی لە بیروباوەڕ و حەزدا جیاوازن، هەر یەکێك حەزێکی هەیە، بەڵام ئیسلام فەرمانمان پێدەکات لە گوناه و تاوان دوور بکەوینەوە!

وەلید زۆر پێکەنی و وتی: حکومەتەکەتان باڵاپۆشی بە زەبری هێز دەسەپێنێ، بەڵام من عاشقی گوگوش و مهەستیم، نازانم بۆچی ڕقتان لە گوگوش دەبێتەوە؟!

لەم شەودا وەلید هەڵساوە بە مشتومڕ کردن لەگەڵمدا بۆ یەکەم جارە ئەمە ڕوویدات لەبارەی بیروباوەڕ و ئایین، پێی وایە حکومەتی ئێران بە زەبری هێز باڵاپۆش دەسەپێنێ، هەر بۆیە هانی دیلەکانی دەدا بۆ سەیرکردنە ئەم بەرنامە بێ نرخانە لە سەما و ڕووت و قوتی!! لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی دانانی تەلەفزیۆنەکان لە زیندانی دیلەکاندا، پاڵنان بێ بۆ لادان و کەوتن و خلیسکان، هەر بۆیە ئامێری تەلەفزیۆن لە ژووری پاسەوانان دانانێن، بیرۆکەیەکم بە خەیاڵدا هات، بۆیە بە وەلیدم وت:

- گەورەم! ڕێگە دەدەی پرسیارێك بکەم؟
- بپرسە!

ئەگەر برسی بووی، دوو قۆدیە ماسی ببینی یەکێکیان کراوە و ئەوەیتریان داخراو، ئەوا لە کامەیان دەخۆی؟

بۆ یەکەم جار بوو وەلید باش بێ لەگەڵم و وتی:

- لە قۆدیە داخراوەکە!

لەبەر ئەوەی بڕوات وایە ئەوەی داخراو ژەهراوی نییە؟

سەری لەقاند وەك دەربڕینی ڕەزامەندی، وتم:

- واتە قۆدی کراوە بۆگەن و گەندەڵە وانییە؟

بە پرسیارەوە وتی:

- پەیوەندی ئەم وتەیە بابەتەکەوە چییە؟
- بەڵکو پەیوەندیەکی بەهێزی پێوە هەیە!
- مەبەستت چییە؟

ئافرەتی باڵاپۆش، وەك قۆدی ماسی داخراو وایە، لە خراپی و تێكچوون پارێزراوە، بەپێچەوانەوە ئافرەتی ناباڵاپۆش دەكرێ دووچاری تێكچوون و گەندەڵی ببێتەوە، ئافرەتی باڵاپۆشی پاك مرۆڤی چاك پەروەردە دەكات، ئافرەتی خراپ كەسانی خراپ و بێ ڕەوشت پەروەردە دەكات.

وەلید گوێی گرتبوو، بۆیە زیاتر وتم:

- هەروەك چۆن قۆدیە ماسیە كراوەكە هەڵنابژێری، چونكە دەترسی لەوەی ژەهراوی بێ، پێویستە لەسەرت دووربكەویتەوە لە گەندەڵی و لادان، لەبەر ئەوەی قۆدیە ماسی داخراو هەڵدەبژێری ئەوا بەرەو داوێنپاكی و بێگەردی، دەڕۆی ئەمە شتێكی چاكە!

بەدرێژایی دوو ساڵ لەگەڵ وەلید، نەمبینی بوو بەم جۆرە گوێ بۆ قسەكانم بگرێ، وەك چۆن ئەم جارەی گوێی گرتبوو، توانیم لە میانەی نموونەیەكی زۆر سادە ئەم ڕاستییە لە ناخی وەلیددا هۆشیار بكەمەوە، ڕووبەڕوو بوەستێت و بگەڕێتەوە سەر هۆشی خۆی، ئەگەرچی بۆ ماوەیەكی كەمیش بێ[1].

- سێ شەمە ١٤ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

---

(١) دوای ماوەیەك یەكێك لە پلەدارەكانی هەوالگری لە خێوەتگەكە، پرسیاری لە ڕامین حەزرەت زادە كرد، كە زۆر تاوتوێی بابەتی جیاوازیان دەكرد:

ئایا چۆن ئافرەتان لە ئێران باڵاپۆش، یاخود چۆن توانیتان عەبا بەبەر كچاندا بكەن؟ ڕامین وتی: لە ڕۆژنامەكانی ئێوە هەواڵی خانمە سەرۆك وەزیرانی پاكستان بی نەزیر بوتو و سەردانەكەی ئەومان خوێندەوە بۆ ئێران، كە چۆن لەچكی لەبەر كردووە وەك ڕێزێك بۆ كەلتوری ئێرانی و باڵاپۆشی ئاینی، ئەم كەلتورە قەناعەتی بە ئافرەتان كردووە لە ئێران باڵاپۆش بن!

بەعسییەكە وەك ملكەچ بوون بۆ ڕاستی بێ دەنگ بوو!!

هیچ شتێك ئەمڕۆ ڕوونەداوە، بەگوێرەی نەریت نوێژی بەیانیمان کردووە، ڕێوڕەسمی سەرژمێری و ئامادەیی بەیانی ئەنجامدراوە، ژەمی بەیانیمان خواردەوە کە نەتێرمان دەکات و نە گۆشتی پێدەگرین، ڕێوڕەسمی سەرژمێری و ئامادەیی لە نیوەڕۆشدا ئەنجامدرا، نانی نیوەڕۆمان خوارد، نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارەمان کرد، نمایش لە گۆڕەپانی خێوەتگەکە ئەنجامدرا، ڕێوڕەسمی سەرژمێری و ئامادەیی کاتی ئێوارەش ئەنجامدرا، هەندێك حەساینەوە، دواتر لە کاتژمێر نۆی شەو کاتی خەوتن ڕاگەیەنرا!

- پێنج شەمە ١٦ تشرینی دووەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لە ئێوارە ئامێری ڤیدیۆیان هێنا، بۆ نمایشکردنی فیلمێك کەس نازانێ ناوەڕۆکەکەی چییە، بڕیاردرا لە زیندانی ژمارەی حەوت نمایش بکرێ، کە گەورەترین زیندانە، دیلەکان کۆبوونەوە بۆ بینینی فیلمەکە، من و حوسێن مەروانی و فەرهەنگ خاکیان و مەحمود یوسفی پێمان باشتر گفتوگۆ بکەین لە جیاتی بینینی فیلمێکی بێ نرخ، دە خولەك تێپەڕین بەسەر نمایشکردنی فیلمەکە، حوسێن موقیمی هات و پێی ڕاگەیاندین فیلمەکە سیاسیە و هیچ زیانێك لە تەماشاکردنیدا نییە.

- بابەتی فیلمەکە چییە؟
- لەبارەی دیلە عێراقییەکانە.

ڕۆیشتمە زیندانی ژمارە حەوت بۆ بینینی ئەم فیلمە، زیندانیەکە پڕ بوو لە تەماشاکەران، هاوڕێیان منیان هەلگرت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بم، فیلمەکەم بینی، ئەفسەری هەواڵگری چاودێری کاردانەوەکانی دەرکرد لەسەر ڕووخساری دیلەکان، چیرۆکی فیلمەکە دەخولێتەوە بە دەوری جەنگ و دیلایەتی، حامد وتی: فیلمێکی بەڵگەنامەییە، چاك سەیری دڕندایەتی پاسەوانانی خومەینی و ڕێگەی هەڵسوکەوت کردنیان بکەن لەگەڵ دیلەکان، دوای چەند ساتێك گومانم بۆ دروست بوو لە دوای

ئەوەی هەندێ لە فیلمەکەم بینی، دیمەنەکە لەوپەڕی دڕندایەتیدا بوو، دیلێکی عێراقیان لە دوو ئوتۆمبێل بەستبووەوە، هەر ئوتۆمبێلێك بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە ڕۆیشت، بۆ ئەوەی جەستەی دیلەکە لەت ببێ و ببێتە دوو بەش.

دوای کۆتایی هاتنی فیلمەکە، پرسیارم لە حەسەن بەهەشتی پور کرد لەم بارەوە، ناوبراو زانیاری لەبارەی فیلمەکەوە هەبوو.

نمایشکردنی فیلمێکی لەم جۆر زۆر بە وردی کار و لێکدانەوەی بۆ کراوە، پرسەکە ملکەچە بۆ ڕێنمایی هەوالگری بەسەرکردایەتی شەفیق عاسمی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی لە خێوەتگەکە، فیلمێك بە توندی وێنەی پاسەوانی شۆڕش و هێزەکانی بەسیج دەشێوێنێ، وەك دڕندە و وەحشی دەریاندەخات، ناوی فیلمەکە (شرین و دڕندە) بوو، حەسەن بەهەشتی پور بەوانی وت، پرسی ئەم فیلمە لە دادگاکانی ئیتاڵیادایە، ئەمە بەرهەمهێنراوە لە چوارچێوەی پڕوپاگەندە لە دژی ئێران، ئێوە چۆن وێنای دەکەن ئەوا ئازادن، بەڵام ڕۆژگار ئەوە دەردەخات کامە ڕاست دەکات ئێمە یان ئێوە سەبارەت بەم فیلمە؟[1]

---

(١) لە ساڵی ١٩٨٣ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕژێمی بەعسی سەدامی، گرێبەستێکی ئەنجامدا لەگەڵ دامەزراوەی (راسینغ پیکچەر)ی سینەمایی، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی (شرین و دڕندە) هەڵسا بە ئاوێتەکردنی دیمەنە واقیعیەکان لەگەڵ وێنەڤیدیۆی هەڵبەستراو لەبارەی جەنگ، لە سەرویانەوە دیمەنی هەڵسانی پاسەوانی شۆڕش بە ڕاکێشانی مرۆڤێك بەوەی دیلێکی عێراقییە بە دوو ئوتۆمبێل و بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا، لە میانەی بەکارهێنانی فێڵی سینەمایی و وێنەگرتنی ئەم دیمەنە بەوەی فیلمێکی بەڵگەنامەییە، گوزارشت دەکات لە دڕندایەتی پاسەوانی شۆڕش لە ڕێگەی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ دیلەکان، فیلمەکە نمایشکراوە لە ئیتاڵیا و عێراق و چین و یابان و گشت وڵاتانی عەرەبی، جگە لە سوریا و لوبنان نەبێ، لە ساڵی ١٩٨٦ دامەزراوەی سینەمایی ناوبراو تاوانبارکراو و دووچاری پێبژاردن (غرامە) بووەوە بە ئەندازەی نیو ملیار لیرەی ئیتاڵی کە دەکاتە نزیکەی ٠٠٠ ٤٠٠ دۆلار.

دوای ئەوەی ئەم درۆیە ڕوون بووەوە بۆ ئەو دیلانەی نارەزایەتیان دەربڕی، یەکێك لە دیلەکانی خەڵکی تاران، کە ساڵێك لە سەربازگەی (حشمەتیە) بەسەربرد بوو لە تاران، خێوەتگەی دیلە عێراقیەکان لەوێ بوو، هەڵسا بە شرۆڤەکردنی سروشتی ئەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دیلە عێراقییەکاندا دەکرێ لە ئێران، باسی ئەم چیرۆکەی کرد، ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی و پاسەوانەکانیش گوێیان دەگرت:

لە ڕۆژانی هەینیدا، وا نەریت بوو ژمارەیەك دیل ببرێنە مزگەوتی تاران، کە لەوێ نوێژی هەینی ئەنجام دەدرێ، هەینیەك لە دوای تەواو بوونی نوێژ پاسێك کە دیلەکانی دەگواستەوە بۆ خێوەتگەکە دەستی بەڕۆیشتن کرد، دیلێك بەجێما و بەدڵنیایەوە ئەمە هەلێك بوو بۆ هەڵاتن، وا ڕوویدا ئەم دیلە ئوتۆمبێلێکی بەکرێگرت بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە خێوەتگەکە و کرێیەکەشی لە نووسینگەی خێوەتگەکە وەردەگرت، تەکسیەکە ئەوی گەیاندە سەربازگەی (حشمەتیەت)، ئەگەر هەڵسوکەوتی ئێرانیەکان لەگەڵ دیلەکاندا توندوتیژ و نا مرۆڤانە بووبایە، ئەوا ئەم دیلە بەختی خۆی لە ڕاکردندا تاقی دەکردەوە.

پاسەوانان ئەمەیان ڕەت دەکردەوە، بەهەشتی پور بەوانی وت: ئایا نکۆڵی لە پێشنیاری ئێران دەکەن لە زستانی ١٩٨١، کە ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ پێشوازی کردن لە خانەوادەکانی حەوت هەزار دیلی عێراقی لە تاران لە ڕێگەی تورکیاوە، ئایا ئێوە ئەمە دەکەن؟!

- یەك شەمە ٣ کانونی یەکەمی ١٩٨٩ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لەوەتەی چەند ڕۆژێکە، دیلێکم ناسیوە ناوی (نور تاغن ئانە ئاغن غراوی)ە، خەڵکی گوندی (نارلی ئاجی سو)ی سەر بە (بەندەر تورکمان)ە، یارمەتی منی دەدا بۆ ئەنجامدانی هەندێك کار، لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتیدا هاوشێوەی عەلی ئەسغەر

ئینتزاری بوو، خەندەی زیندانەکە بوو، وتە و گاڵتەکانی زیندوێتی و خۆشی دەخستە نێو دڵی دیلەکاندا، جارێکیان وتی: خوایەگیان گیانم مەکێشە پێش ئەوەی بمکوژن.

شەوێك نور تاغن بە دیلێکی وت: هەردەم دەخولایەوە لە نێو زیندانەکە، لە ڕێگادا پێی بەوانە دەکەوت کە دەکەوتنە سەر ڕێگاکەی: مرۆڤ دەگاتە قۆناغێك تیایدا جگە لە خوا کەس نابینێ!!

کاتێك مشتومڕ لەگەڵ پاسەوانان دەکات و ئەوانیش ملکەچی ڕاستی نابن، وەك نەریت خۆیان، ئەوا پێیان دەڵێت: دەکرێ ڕاستی بچەمێنرێتەوە بەڵام ئەستەمە بشکێنرێ.

ئەمڕۆ کاتێك حامد وێنەیەکی ئیمامی خومەینی بینی لە ڕۆژنامەی قادسیەدا، دڕاندنی و نور تاغن ناڕەزایەتی دەربڕی و وتی:

- ئیمامی خومەینی سەرچاوەی شوێنکەوتنی منە، بەهەر حاڵ مافی ئەوەت نییە بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکەی!

حامد پێنوسێکی خستە نێو پەنجەکانی ئەو و بەتووند گوشی، نور تاغن دەستی بەهاوارکردن کرد بەهۆی زۆری ئازارەوە، نور تاغن وێنە دڕاوەکەی ئیمامی هەڵگرتەوە و ماچی کرد و وتی:

- کاتێك وێنەی ئیمام لە ڕۆژنامەکانتاندا بڵاو دەکەنەوە مەیدڕێنن.

دواتر پرسیاری لە حامد کرد:

- پەنا بەخوا ئایا پێغەمبەر سوکایەتی پێ دەکرێ؟
- ئایا خومەینی پێغەمبەرە؟
- نەخێر! بەڵام لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر و جێگرەوەی ڕاستەقینەی ئەوە.

- شەمە ٦ كانونی یەكەمی ١٩٨٩ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

ئێوارەی ئەمڕۆ دوو دیل هێنرانە خێوەتگەكە، نازناوی یەكێكیان (ڕەجەوی) بوو، وا دەردەكەوێ لە خێوەتگەی بەعقوبەوە هاتبن، بە موس هێرشی كردبووە سەر یەكێك لە دیلەكان، بەرپرسان هەڵسابوون بە دوورخستنەوەی ئەو بۆ ئەم خێوەتگەیە، پێش ئەوەی ژمارەی زیندانەكەی دیاری بكرێ، بە كێبڵ پێشوازی لێكرا، هاواری دەكرد: من لە خزمە نزیكەكانی ڕەجەویم، مافی ئەوەتان نییە لێم بدەن.

پێم وابێ ئەو دەیەویست ئەوان هەڵبخەڵەتێنێ، بەڵام سەعد لێی بڕوا كرد و وازیان لێی هێنا، دوای ئەوەی ژمارەیەك دیل لە خێوەتگەی بەعقوبە هاتن، یەكێكیان لە خەڵكی خوزستان بوو، كابرای دەناسی و بە حامدی وت: ئەم ڕەجەویە نازناوی خۆی بەكاردەهێنا لە خێوەتگەی بەعقوبە، ئینجا كارەكەی ئاشكرا بوو، بۆیە بۆ ئەم خێوەتگەیە دووریان خستەوە.

- چوار شەمە ١٠ كانونی دووەمی ١٩٩٠ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

پێش دوو هەفتە، هەندێك وشەی فارسیم بە هەڵە فێری جەمیل كرد، ویستم سزا بدرێ، چونكە ئەو زۆر منی ئازار دەدا، یەكێك لە كارە دەستییە جوانەكانی منی لێ سەندم، هەوڵی بردنی كارێكی تریشم دەدات، بۆیە خۆی خۆشەویست دەكرد لەلای من، بە سامی وت: ناسرِ سولێمان دەكەرێنم، بۆ ئەوەی هەندێك كاری دەستی جوان بۆ من بكات.

سامی ئەمەی پێ وتم، بۆیە كاتێك جەمیل پێی وتم: فێری ناوی ئەندامەكانی جەستەی بكەم بە زمانی فارسی، ویستم بیانگۆڕم واتە دەست بە پێ، پێ بە دەست، لوت بە سمێڵ، سمێڵ بە لوت، گوێچكە بە ڕیش، ڕیش بە گوێچكەم پیشاندا، زیرەك بوو و زوو لەبەری كرد، من هەستم بە چێژی تۆڵەسەندنەوە دەكرد!!

ئەمەم بە محەمەد کازم بابائی و حوسێن موقیمی وت، ئەوان هانیاندام، بەڵام جەلال ڕەحیمیان بەرهەڵستی کرد و وتی: پێویست نییە ئەمە بکەی، ئەگەر کارەکەت ئاشکرا بوو ئەوا ئازارت دەدات!

جەمیل هات، دەستی بە ئاماژەکردن کرد بە ئەندامەکانی بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لەبەری کرد بوو تاقیان بکاتەوە، ئاماژەی بۆ قاچی دەکرد و دەیوت: دەست، ئاماژەی بۆ چەناگەی دەکرد و دەیوت: لوت، بۆ لوتی و دەیوت: چەناگە، منیش سەری خۆم ئەلەقاند!

چارەنووس وای ویست جەمیل چاوی بەدیلێك بکەوێ لە ڕێگەی گەڕانەوە لە نەخۆشخانەی تکریت، بە فارسی تێی هەڵداوە و پێی وتوە:

- بۆچی لوتت ناتاشی؟ دیلەکانیش پێکەنیون، جەمیل پرسیاری کردووە:
- بۆچی پێ دەکەنن؟!

ئەوانیش پێیان وتوە:

- گەورەم بە ڕیش ناوترێت لوت.
- ڕیش بە فارسی چییە؟!

کەریم بە جەمیلی وتبوو: بە فارسی بە ڕیش دەڵێن (ریش)، نەوەك لوت، لێرە جەمیل درکی کردبوو ناسرِ سولێمان گاڵتەی پێکردووە، هەر بۆیە هاتە لام و ئاگر لە چاوانی دەباری، لە ڕاستیدا بیرم لە ئاکامی ئەم گاڵتە نەکردبووەوە، بۆیە پابەندی بێدەنگی بووم!! جەمیل لەسەر هەر وشەیەکی هەڵە کە فێری ئەوم کردبێ، بە شەقە زلەیەکی توونە سزای دام، هەستم بە پەشیمانی کرد لە کارەکەم، شایستەی ئەم سزایە بووم، ئاماژەی بە گوێچکەی دەکرد و دەیوت: چی بەمە دەڵێن؟ پێم دەوت: ڕیش، واتە

من ئەو وشانەی بە هەڵە فێری ئەوم کردبوو دووبارەم دەکردنەوە، دوای ئەوەی سزاکە تەواو بوو، محەمەد کازم بابائی کە سزاکەی بینی هات، وتی: چیرۆکی تۆ وەك چیرۆکی (مەلا مەشهور)ە، جارێك پرسیاری لێکرا: تەمەنت چەندە، وتی: چل ساڵ، دوای سی ساڵ پرسیاری لێکرا: تەمەنت چەندە؟ وتی: چل ساڵ، وتیان: (مەلا مەشهور) ئەمە پێش سی ساڵ بوو! (مەلا مەشهور) وتی: پیاو لەسەر قسەی خۆیەتی و لێی پاشگەز نابێتەوە! بۆچی وشەی هەڵە دووبارە دەکەیتەوە و سور دەبی لەسەری؟

پێم وت: محەمەد کازم پیاو لەسەر قسەی خۆیەتی، ڕیش بە فارسی ڕیش نییە!

- دووشەمە ١٥ کانونی دووەمی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

سەرمایەکی زۆر سەختە و ئێسقان دەتەزێنێ، چەندە حەزم دەکرد ڕۆژێك هەست بە تێری بکەم، ئەگەر ویستم هەست بە تێری بکەم، پێویستە بە نۆ کەس لە هاوەڵ و هاوبەشانم لە خواردندا بڵێم: لەگەڵ من ئەمڕۆ نان نەخۆن، ئەو کاتە هەست بە تێری دەکەم، بەڵام ئایا ئەمە دەکرێ؟

- چوارشەمە ١٧ کانونی دووەمی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ سەعد تورەیە، بەهۆی هەندێکی ترەوە، پێش چەند ڕۆژێك سەرمایەکی سەخت بوو، من و سێ کەسی تر سوودمان بینی لە بەتانیەیەك بۆ دروین و ڕێکخستنی خاولیەك، بیرۆکەکە سەرکەوت و هەستم بە گەرمێتی کرد لەم سەرمایە زۆرەدا، خێرا ئەم بیرۆکەیە بڵاوبووەوە لە زیندانەکانی تردا، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بازاری گەرم بوو، سەعد بە تورەیی هات و خاولیەکەی لێ سەندمەوە دوای ئەوەی بە کێبڵ لێیدام، بۆ ئەوەی ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە.

- سێ شەمە ١٢ شوباتی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ یادی لەدایکبوونی ئیمامی خاوەنی سەردەم و ڕۆژگار (خوا دەرچوونی خێرا بکات) هەندێك دیلی خەڵکی تەبرێز و ئازربایجان، ئاهەنگێکی بچوکیان گێڕا، کە بگونجێ لەگەڵ تواناکانیان و دوور لە چاوی پاسەوانان و بەتایبەت بەعسییەکان، لیژنەیەکی سرود گوتنیان پێکهێنا بە زمانی تورکی، ئەم ئاهەنگە بچوکە لە ئێوارەی ئەمڕۆ ئەنجامدرا؛ هەروەك ئاهەنگەکە سەرباری سرود و شانۆی لەخۆگرت و شرینەمەنی دابەشکران، وەك نەریت چاودێری ڕێڕەوەکە کرا بە ئاوێنە، یەکێکیان لەلای ڕێڕەوەکە دەوەستێت، ئاگاداری ئاهەنگێڕانی دەکردەوە؛ حەیدەر ڕاستی سرودەکانی دەوت، کاتێك چاودێرەکە ئاگاداری دەدا، ئەوا سرود وتنەکەی دەپچڕاند تا کاتی ڕۆیشتنیان.

ئاگاداریەکان گوزارشتیان دەکرد: لە چەند ڕستەیەکی بەکارهێناو بۆ کەش و هەوا یان ئاگاداری لە هێرشی ئاسمانی، دۆخی مەترسیدار! هەور! کەش و هەوای سور، بەمەش هاوڕیان لە قاقای پێکەنینیان دەدا!

نەقیب شەفیقی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی کتێبێکی هێنا بە ناونیشانی (ڕێوشوێنی سەردان) لە دانانی تەقی مودەرسی، تیایدا دانەر گاڵتە دەکات بە بەهاکانی جەنگ و شەهیدی و شەهیدانی بەسیج، مودەرسی وشەی زۆر دزێوی بەکاردەهێنا، بەوەی جەنگی نێوان عێراق و ئێرانی بە هەڕەمەکی و فشە وەسف دەکرد، ئەمەش دەگونجا لەگەڵ ڕێنماییەکانی بەعس!

- چوار شەمە ٢١ ئازاری ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای ساڵی کۆچی هەتاوی نوێ ١٣٦٩، نامەیەکم نووسی بۆ عەلی ئەکبەر و دامنایە نێو کەپسولەی ئانتی بیوتیك و دامە موئەیەدی پزیشك بۆ ئەوەی بیداتێ، ڕۆژی سەری ساڵی نوێی کۆچییە، هەروەك چۆن جەژنی ساڵی ڕابردووە

بەڵام خوانی حەوت سینەکەمان پێی نییە، کارەکانمان بۆ ساڵی نوێ دابەشکرد، بڕیاردرا ئەرکەکانی ڕۆژانە ئەنجام بدرێن، لە چوارچێوەی چوار وەزارەتەوە، وەزارەتی تەندروستی و چارەسەری، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، وەزارەتی هەواڵگری و بەرگری، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێنمایی ئیسلامی، وەزارەتی هەواڵگری و بەرگری تێکەڵکێش کران، بنچینەی بابەتەکە پێشنیازێك بوو لە جەلال ڕەحیمیانی بەرپرسی زیندانەکەوە، ناوبراو وتی: ئەم خێوەتگەیە دەوڵەتێکی بچووککراوەیە لە گۆشەیەکی عێراقدا، خێوەتگەکە پوختەی ئێرانە و پێویستە کارەکان لە میانەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بەڕێ بکرێن!

چوار کەس هەڵبژێردران بۆ گرتنەدەستی ئەم چوار وەزارەتە، وا بڕیاریدا ئەم کەسانە متمانەی دیلەکان لە نێو زیندانەکە بەدەستبهێنن، کامبیز فرح دوست بۆ وەزارەتی تەندروستی و چارەسەری، جەلال لەحمی بۆ وەزارەتی پەیوەردە و فێرکردن، عەلی ئەسغەر ئینتزاری بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێنمایی ئیسلامی، منیش بۆ وەزارەتی بەرگری و ئاسایش پاڵێورام، وەزیرەکان متمانەی دیلەکانی نێو زیندانەکەیان بەدەستخست.

ئەرکی من بووە بەدەستخستنی زانیاری پێویست، لەبارەی ئەوەی ڕوودەدات و پێدانی زانیاری سوتێنەر، سەرباری چارەسەرکردنی مەلەڤ دیلە جگەرەکێشەکانە، ئەوانەی دوودڵ نین لە ئەنجامدانی ناپاکی لەگەڵ هاوڕێیانیان، لە پێناو بەدەستخستنی جگەرە!

ئەرکی وەزیری تەندروستی و چارەسەری، بریتییە لە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی برینداران و دابینکردنی دەرمانی پێویست، بە هەموو ئامرازەکان و سوود بینین لە کارە دەستییەکان لە ئاڵوگۆڕی و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ پزیشکەکان، لەبەر

ئەوەی کامبیز فرح دوست لە نۆرینگە کاری دەکرد، ئەوا بۆ ئەم کارە شیاو بوو، ئەزموونی پێویستی هەبوو.

وەزیری پەروەردە و فێرکردن، بەرپرسە لە دابینکردنی پەڕەی کیسە چیمەنتۆ و قۆدی جگەرە و پێکهێنانی بازنەی وانە و وەرگێڕانی ڕۆژنامە عێراقییەکان، لە کاتێکدا وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێنمایی ئیسلامی هەڵدەستێت بە کاری ئاهەنگ گێڕانەکان لە بۆنە ئاینیە جیاوازەکان، بەتایبەت کاتی کۆچی دوایی کردنی ئیمامە پاکەکان لە خانەوادەی پێغەمبەر سڵاوی خوایان لێبێ، وەزارەتی هەواڵگری و بەرگری ئاسایش بۆ ئەم ئاهەنگانە دابین دەکات.

- دوو شەمە ٩ نیسانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

من لە ڕێڕەوی گرتووخانەکەدا بووم، ئەو کاتە حامد هاتە ژوورەوە و ژمارەی زیندانی دەی بەرز کردبۆوە، یەکێك لە هاوڕێیان بە چاکی لاسایی دەنگی هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆك کۆمار دەکاتەوە، بەشێوەیەك ئەوەی بیبیستێ وا دەزانێ ڕەفسنجانیە، من لە پشت پەنجەرەوە گوێم لە وتەکەی دەگرت، لەگەڵ هاتنی پاسەوان بۆ لای پەنجەرەکە، وتەکەی خۆی گۆڕی، ڕافیع داوای لە کەریم کرد ئەوەی دەیڵێت بۆی وەربگێڕێت.

حامد داوای لە دیلەکە کرد بەردەوام بێ لە قسەکردنیدا، کەریم وتی: ئەم دیلە لاسایی دەنگی ڕەفسنجانی سەرۆك کۆماری ئێران دەکاتەوە، دیلەکە هەڵی بینیەوە بۆ خستنەڕووی لێهاتوویی خۆی لەم بوارەدا و زیاتر وتی:

- من وتار پێشکەش دیلە ئێرانیەکان لە خێوەتگەکانی تکریت و پێیان دەڵێم: ئارام بگرن و خۆڕاگر بن، خوای مەزن لەگەڵ ئارامگراندایە، ڕازی بن بە قەزا و قەدەری خوا، پەیام ئاڕاستەی هاوتا عێراقییەکەم دەکەم و داوای لێدەکەم، خۆراکی پێویست

به دیله ئێرانیەکان بدات، ئێمە لێرەدا مریشك و برنج بە دیلەکانتان دەدەین، بۆ ئەوەی مێژوو ئەوە تۆمار بکات، ئەگەر بۆ جارێکیش بێ دیلەکانتان تێر کردووە، وا مەکەن دیلەکان کاتێك دەگەڕێنەوە نیشتمانیان و جیهان دەیانبینێ لاواز و جەستەیان بێ هێز بووبێ، جا خەڵك پرسیار بکەن ئەم دیلانە لە چ وڵاتێکی دواکەوتوودا بووینە ئایا لە ئەفریقا بووینە؟

کوڕان و ئازیزانم، بنچینەی گشت کێشە و ئاشوب و خەمەکان، بەڕێز (مادس)ە!ئەم گەوجە شێت و دڕندەیە و ئەم مرۆڤە کەللەڕەقە کە شوێن شەیتان دەکەوێ، ئێمەی خستۆتە نێو ئەم خەم و خەفەتانەوە.

کاتێك گوتاری دیلە ئێرانیەکە تەواو بوو، حامد پرسی: مادس کێیە؟ دیلەکە وتی: مەبەست لێی سەرۆکی ئەمریکییە کە بووەتە هۆی گشت کێشەکان.

حامد بڕوای بە وتەی هاوەڵان کرد بەوەی مادس سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە شەیتانی مەزنە، بەڵام دواتر ڕاستیەکەی زانی کە (مادس) هەڵگەڕاوەی وشەی سەدامە، ئەو کاتە دیلە هەژارەکەی بە توندی سزادا!!

- هەینی ٢٠ نیسانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ دوایین هەینی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، ئەم مانگە پیرۆزە پاکیەکی تایبەتە، دەستپێکی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە دوای یەکەم ڕۆژ بوو لە دەستپێکی ساڵی کۆچی هەتاوی تازە.

لە بەیانی ئەمڕۆدا، منیان برد بە تاوانی خوێندنی نزای کومەیل، بۆ زیندانی ژمارە ١٢، فازڵی ئەفسەر هاتە زیندانەکە و قسەی لەبارەی یادەوەریەکانی خۆی کرد لە شاری (سوسنگرد)، بە ڕاست یان درۆ وتی: لە دەستپێکی جەنگدا لە حەویزە و بستان

زۆرێك لە ئێرانیەکانی کوشتووە، جوانترین یادەوەریەکانی لە ڕووبارەکانی دەوروبەری سوسنگردە، کە بریتی بوو لە کوشتنی گامێشەکان، چێژی بۆ ئەو لە کوشتنی ئێرانیەکان باشتر بوو، بەم شێوەیە دەیوت:

کاتێك گوللەم لە قاچەکانی دەدا لە کاتی ڕۆیشتنیدا لەسەر کەناری ڕووباری غوفل لە سوسنگرد، باعە باعەکەی ئەو ناوەی پڕ کردبوو، کەوتە سەر زەوی و ئێسکی قاچەکانی شکا بوون، من ئامۆژگاری هاوەڵانم کرد نەیکوژن بۆ ئەوەی هەناسەی زیاتر هەڵبکێشێ و باعە باعەکەی بەرز بکاتەوە! پێم وت: تۆ جەنگ لەگەڵ ئێرانیەکان دەکەی، کەواتە گوناهی ئەم ئاژەڵە هەژارانە چییە؟

ڕۆیشتمە لای حەسەن بەهەشتی پور، سەرقاڵ بوو بە وانە وتنەوە بە هەندێك لە دیلەکاندا، لە کاتی کۆتایی هاتنی وانەکە لەلای دانیشتم و وتی:

- ئەمڕۆ لە ئێران چەند ڕێپێوانێك ئەنجام دەدرێن، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی قودس، دەمەوێ بە پێشنیازێك ئەمە پێشکەشی بەرپرسانی خێوەتگەکە بکەین، نازانم وەڵامیان چی دەبێ؟

بەهەشتی پور کە عەقڵێکی کراوەی هەیە وتی: هاوڕێیان! تەمەنمان وەك با تێدەپەڕێت، دەمەوێ قسە لەگەڵ خەلیلی نەقیب بکەم و پێی بڵێم: ئێمە عەرەبن و خەڵکی فەڵەستینیش عەرەبن بە هەمان شێوە، پێویستە هاریکاریان بکەن، هەروەك پەیوەندیتان لەگەڵ یاسر عەرەفات چاکە، واتە پەیوەندی سەدام و یاسین عەرەفات بەهێزە[1]، ئەگەر بەڕاستی ئێوە هاوسۆزن لەگەڵ گەلی فەڵەستین ئەوا داوای لە

(١) پەیوەندی یاسر عەرەفات، لەگەڵ سەدام پەیوەندیەکی تایبەت بوو، جیاواز لە پەیوەندی سەرۆك وڵاتە عەرەبیەکانی تر، عەرەفات نازناوی سەڵاحەددینی ئەیوبی لە سەردەمی ئێستادا بۆ سەدام بەکارهێناوە، لەگەڵ سوارچاکی ئوممەتی عەرەبی، بەم دوو نازناوە لە چاوپێکەوتنەکانیدا قسەی لەگەڵ دەکرد!

بەرپرسانی وڵات بکەن ڕێگەمان پێ بدەن، وەك دیلە ئێرانیەکان جەنگ لەگەڵ جولەکەکان بکەین وەك بەرگری لە خاکی فەڵەستین و گەلی فەڵەستینی! شەڕ بکەین لەگەڵ جولەکە داگیرکەرەکان لە جیاتی هێشتنەوەمان لەم گرتووخانانەدا!

پێشنیازەکەی بەهەشتی پور، ئومێدی زۆرێك لە ئێمەیە، هەردەم بەهەشتی پور پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و ستەمکاران لە وانەکانیدا دەخاتەڕوو؛ بابەتی تێکۆشان کورت نابێتەوە لە بەرگری کردن لە ئیسلام و موسڵمانان، بەڵکو بەرگری لە گشت ستەمکاران دەگرێتەوە لە جیهاندا، سەریان بە هەر چ لایەن و ئاینێك بێ، بەرگری کردن لە لاوازەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی لوتبەرزەکان لەو دروشمانەن کە ئیمامی کۆچ کردوو خوا لێی ڕازی بێ بەرزی کردبوونەوە.

وا دەردەکەوێ پاسەوانەکان، ئەو پێشنیازانەی حەسەن بەهەشتی پور خستیەڕوو، زۆر بە ئاسوودەیی پێشوازیان لێکرد!

بەهەشتی پور بە فازڵی ئەفسەری وت بە توانجەوە:

- بە یەك بەرد، دوو کێژولە دەپێکن! جولەکەکان دەکوژن، لەو کاتەشدا ئەگەر جولەکەکان ئێمە بکوژن ئەوا ڕزگارتان دەبێ لە دەستمان!

فازڵی ئەفسەر وتی:

- داواکاریەکەتان جێبەجێ نابێ، شتێکی کرداری نییە.

---

سەدام خەڵاتی گرانبەهای بەسەر عەرەفاتدا دەباراند، زۆربەی جاران ڕۆژنامە عێراقییەکان وێنەی ئەم چاوپێکەوتنانەیان بڵاو دەکردەوە، جارێکیان یاسر عەرەفات بە سەدامی وت: جەنابی سەرۆك لە جیهانی خەوندا تۆم بینیوە ئەسپێکی سپی دەهاژۆی و ڕێبەری ئوممەتی عەرەبی و ئیسلامیت دەکرد بۆ ڕزگارکردنی قودسی پیرۆز، ئەوەی یاسر عەرەفات لە خەوندا بینیبووی بووە خاڵی قسە لەسەرکردنی ڕۆژنامە عێراقییەکان، بەتایبەت ڕۆژنامەی قادسیە.

محەمەد کازم وتی:

- ئەی چۆن ئومێدی ئەوانە دێتەجێ، کە لە وڵاتانی عەرەبیەوە هاتوون بۆ شەڕکردن لە پاڵتاندا؟

سامی کە مرۆڤێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر بوو وتی:

- کاتێك ڕێزدار خومەینی لە عێراق بوو، فەتوایدا بەوەی دروستە پێنجیەك (الخمس) بەسەر گیانفیدایە فەڵەستینیەکاندا دابەش بکرێ، ئەو کاتە ڕژێم لە بەغداد کاری کرد لە سەر بڵاو نەبوونەوەی ئەم فەتوایە.

■ دوو شەمە ٢٣ نیسانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

هەڵسوکەوتی پاسەوانان لەگەڵ ئێمە گۆڕا، بە نەرمی ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردین، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژنامە عێراقییەکان، کە دەقی پەیامی سەدام حوسێنیان تێدا بوو بۆ سەرۆکی ئێران هاشمی ڕەفسنجانی، تیایدا سەدام داوای لە سەرۆکی ئێران کردووە چاوپێکەوتن لە مەککەی پیرۆز ئەنجام بدەن بۆ چەسپاندنی پایەکانی ئاشتی؛ یاسر عەرەفات هەڵساوە بە ڕادەستکردنی نامەکە و گەیاندنی بە بەرپرسانی ئێران، وەك نەریتی خۆیان ڕۆژنامە عێراقییەکانی دەهۆڵیان بۆ سەدام دەژەنی و بە (پیاوی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) وەسفی دەکرد.

لە ڕۆژانی دواتردا، پێشنیازی سەدام ڕەتکرایەوە، پاسەوانان دەستیان کرد بە جنێودان بە سەرۆك هاشمی ڕەفسنجانی!!

■ شەمە ٢٨ نیسانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ڕێگەیان بە دیلەکان داوە یاری تۆپی دەست بکەن، ئەمەش بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی سەدام، پێش ئەمە تەنها ڕێگەیان بە یاری تاوڵە دابوو، هاوڕێیان خۆیان دووردەگرت لە یاری کردن لەگەڵ پاسەوانان، جگە لە سەلوان نەبێ، کە لەم یاریەدا

زیرەك بوو، بەڵام پاسەوانەکانی تر توانای بەرەنگاربوونەوەی دیلەکانیان نەبوو لەم یاریەدا، کاتێك دەدۆڕان دیلەکانیان جنێوباران دەکرد، هەندێك جار لە کەسی براوەیان دەدا، هەر بۆیە هاوڕێیان سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەنجامەکە کەمێك باش بێ، ڕێگەیان دەدا خاڵی نزیك لە سەرکەوتن بۆ پاسەوانان تۆمار بکرێ!

لە یاری ئەمرۆدا، تیپی دیلەکان، لە بنەڕەتدا پێکهات بوون لە خەڵکی پارێزگاکانی باکور، پیشگەرەکان لە خەڵکی بەندەر تورکمان و لە نێویاندا (نورتاغن غراوی) لە سەرەتادا هەستی شکستی بە پاسەواناندا، بۆیە (نور تاغن)یان دەرکرد لە نێو تیپی دیلەکان، لەگەڵ ئەمەشدا یاریەکە کۆتایی هات بە سەرکەوتنی تیپە ئێرانیەکە، ئەم ئەنجامە تەنگی بە هەندێك لە پاسەوانان هەڵچنی! ئەوانی تریش بە نا بەدڵی قبوڵیان کرد، هەیانبوو دانی دەنا بە باڵادەستی تیپی ئێرانی، لەبەرامبەردا وەلید و ڕافع بە توڕەیی هەڵسوکەوتیان دەکرد و بە دوای هەلێکدا دەگەڕام بۆ تۆڵەسەندنەوە!

نور تاغن بەوانی وت: لەبەر ئەوەی ئێمە دیلین دەبێ بدۆڕێین؟ یان دەبێ بدۆڕێنین بۆ ئەوەی ئێوە دڵخۆش بن؟

جامی پێشبڕکێیەکە زۆر جوان بوو، دیلێك دروستی کردبوو، کە لە خەڵکی تەبرێز بوو، لە گێچ دروسی کرد بوو، پاسەوانان بە زەبری هێز لێیان سەند، پێشبڕکێیەکی تاڵ بوو! لەوەتەی چەند شەوێکە بڕیار دراوە چەند یاریەك ئەنجام بدرێن بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی سەدام لە نێوان تیپی پاسەوانان و تیپی دیلەکان، دیلەکان مەرجی ئەوەیان داناوە ڕێز لە ئەنجامەکە بگیرێ و دووچاری لێدان نەبنەوە.

جامی یاریەکە پێکهاتووە لە دوو لا، لایەکیان تابلۆی نەخشەی عێراق و لایەکەی تریان تابلۆی نەخشەی ئێرانی لەسەرە، ئەمرۆ جامەکە بە دۆڕاوەکە دەدرێ، ئەمە لە جیهانی دیلایەتیدا ئاساییە، بەڵام لە جیهانی وەرزشیدا وا نییە!

ئەمڕۆ ئێوارە چەند دێڕە شیعرێکی گۆرانیبێژی عێراقی عادل عقلەم دەستکاری کرد کە ستایشی سەدام دەکات:

((گەورەی ئەی سەروەرم؛

گەورەمماڵەکەت خراپ بوو ئەی سەروەرم؛

شەتی عەرەب بووە بەشی ئێمە ئەی سەروەرم؛

وازی لێتهێناوە گەورەم)).

- شەمە ٢٦ ئایاری ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

بەرامبەر زیندانی ژمارە ١٢ دانیشتم، ماجدی پاسەوانی نوێ دەرکەوت، ئەو زۆر سەرسامە بە کارە دەستییەکان، بەتایبەت جوان و سەرنجڕاکێشەکان، وەك قەحتانی ئەفسەر، لەو ڕۆژانەدا من ناچاربووم لە پێناو بەدەستخستنی پێنوس یان چەند پەڕێك یاخود دەرمانی پێویست ئاڵوگۆڕی لەگەڵ بکەم بە هەندێك کاری دەستی، جوانترین کاری دەستی خۆم لەگەڵ قاسم گۆڕیەوە، سەرباری باشیەکەی ناوبراو زیرەکیش بوو، بەدوای هەلێکدا دەگەڕا و پەیوەندیەکی تۆکمەی هەبوو لەگەڵ دیلە عەرەبە ئێرانیەکان، هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ دیلەکاندا نەدەکرد مەگەر خۆی بەناچار بینیبووبایە.

قاسم هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی ماجد لە هەندێك کاری نەخشاندن و کاری دەستی.

هەندێك لە پاسەوانان ئیرەییان بەقاسم بردووە لەسەر ئەمە، ئەو پێی وتم، من لەلای هەندێك لە هاوەڵانم: عەباس بهنام، محەمەد بلچك، عەلی باقڕ لە ڕێڕەوی گرتووخانەکەدا دانیشتبووم، ماجد هات و پارچە قوماشێکی ٣٠ × ٣٠ سم پێبوو، نازانم

کێ نەخشەکەی بۆ کێشاوە، ماجد هەوڵیدا عەلی یەمانەی نەخشەکەی بۆ بکێشێ، عەلی یەمانی ڕەتی کردەوە وێنەی سەدامی بۆ کێشێ، ڕستەیەکی زۆر جوانی بۆ نەخشاند: ((خوایەگیان؛ ئاکامی کارەکانمان بە چاکە بگێڕی)) ماجد بانگی حەکیم خەلەفیانی کرد و بە لەخۆبایی بوونەوە قسەی لەگەڵ کردم و وتی:

- دەمەوێ ئەم وێنەیەم بۆ بنەخشێنی!

ویستم ڕق و کینەی خۆم بۆ ئەم بوونەوەرە قێزەونە بشارمەوە، هەوڵمدا ئاسایی بم، بەڵام نەمتوانی، ئەم بوونەوەرە جنێوی زۆر پیسی پێدام، زمان پیس بوو، شەقە زلەیەکی لە دیلێکدا و پەردەی گوێچکەکەی تەقی، بە دڵنیایەوە سیخوڕیش بوو، کاتێك دەیبینی دوو دیل بەیەکەوە قسە دەکەن، بانگی هەر دووکیانی دەکرد، ئینجا بە تەنها لەگەڵ یەکێکیاندا دادەنیشت و لێی دەپرسی: قسەتان لەسەر چی دەکرد، دواتر بە تەنها هەمان پرسیاری لەوەی تریش دەکرد!

ماجد کە سور بوو لەسەر ئەوەی وێنەی سەدامی بۆ بنەخشێنم، پێم وت:

- بە هاوژینەکەت بدە تا بۆت بنەخشێنێ.
- خێزاندار نیم.
- کەواتە بدە بە دایك یان خوشکەکەت!

ماجد بە توندی هەراسان بوو، وەك خۆ شرین کردن وتی:

- من زۆر حەزم لەکارەکانتە، هەندێکیانم لای قاسم بینیوە.
- هەوڵ دەدەم دڵی خۆم بدەمەوە بەم کارانە.
- تۆ درۆ دەکەی، کارت بۆ قاسم دەکرد.

ناتوانم ڕاستی بدرکێنم، ناتوانم بڵێم ئەم کارانە دەکەم و ئاڵوگۆڕی پێدەکەم لەگەڵ قاسم لە بەرامبەر بەدەستخستنی پێنوس و پەڕ و دەرمان، لەگەڵ قاسم لەسەر شاردنەوەی ئەمە ڕێککەوتووم!! قاسم مکوڕترە لە من لەسەر شاردنەوەی ئەمە، چونکە خەلیلی نەقیب زیاد لە جارێك ئاگاداری لەمە داوە!

بە دەربڕینێکی پێداگیرانە و ڕوون بە ماجدم وت:

- گەورەم! ناتوانم وێنەی سەدام بنەخشێنم!

دەزانم ڕەتکردنەوەکەم باجێکی قورسم پێ دەدات، سیماکانی توڕەیی بە دەموچاویەوە دەرکەوتن و بە هەڕەشەوە وتی:

- ئەمە سوکایەتی کردنە بە سەرۆك، باجێکی قورس بەم هۆیەوە دەدەی!
- من سوکایەتیم بە کەس نەکردووە، وتومە ناتوانم!

خۆی بۆ نەگیرا و دەستی بە جنێوباران کردنم کرد، پێ لەقەیەکی لە دارگۆچانەکەمدا! پێم وت:

- هەرچی وشەی ناشرینت وتوە ئەوا شایستەی تۆیە سەدام قاچی منی بڕیوە و براکەمی کوشتووە، ئێستا لە زینداندام و دەتەوێ وێنەی سەرۆك کۆمارەکەتان بنەخشێنم!

ماجد پێ لەقەیەکی لە تەنیشتی مندا و بە کێبڵ لەسەریدام و بەرچێلی گرتم و بە توندی شەقە زلەیەکی لێدام، بەمەش هێور بووەوە، لەو ساتەوە بەردەوام ڕاوەدووی منی ناوە و بەدوای پاساودا گەڕاوە بۆ ئەوەی ئازارم بدات، بۆیە جۆش و خرۆشی خۆم لە کاری دەستیدا لەدەستداوە!

- پێنج شەمە ٣١ ئایاری ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

له پێناو دڵخۆشی، هەندێك له هاوەڵان له زیندانەكاندا، شانۆیان ئەنجامدا، پاسەوانان سەرسام بوون بە شانۆیەكی كۆمیدی، كه له زیندانی ژماره دوازده پێشكەشكرا، لەم شانۆیەدا ئەفسەرێكی لەشكری عێڕاقی هەڵدەستێت به لێپرسینەوه لەگەڵ دیلێكی ئێرانی.

- ناوت چییه؟
- عەباس.
- نازناوەكەت؟
- عەباسی.
- ناوی باوكت چییه؟
- مەلا عەباس.
- ناوی باپیرت چییه؟
- ئەمیر عەباس.
- ناوی یەكه سەربازیەكەت چییه؟
- لیوای ئەبو فەزڵی عەباس.
- له كوێ بەدیل گیراوی؟
- دەشتی عەباس.
- ڕاست دەڵێی یان درۆ دەكەی؟
- به ئەبو فەزڵی عەباس درۆ دەكەم!

ئەم شەو شانۆی (سدام در صد دام[1])مان پێشكەش كرد.

---

(١) له پۆلی یەكەمی ناوەندی بووم، منداڵەكانی گوندەكەمان، به بۆنەی جەژنەكانی (دەی ئەلفەجر) شانۆیەكی جوانیان پێشكەشكرد، ناوی شانۆكه (سدام در سد دام) بوو، شەهید سەید هیدایەتوڵا ڕۆڵی سەدام، ئامۆزام سەید كەرموڵا ڕۆڵی فەریق تالع دوری، كوڕی خاڵم ئەبو گودەرزی ڕۆڵی فەریق ماهر

(سەدام لە سەد بۆسەدا) محەمەد باقر وجدانی، ڕۆڵی تالع خەلیل دوری، حەسەن موقیمی ڕۆڵی ماهر ڕەشید، محەمەد بخرد ڕۆڵی دیلە بەسیجەکە، من ڕۆڵی سەدامم گێڕا، چەند گۆڕانکاریەکمان لە سیناریۆ و گفتوگۆکەدا کرد.

حوسێن مەروانی چاوێری ئەو شوێنەی دەکرد، دەبوایە قۆدی بچوك بەدەستەوە بگرێ و چاودێری ڕێڕەوەکە بکات، ئاگاداری لەبارەی هاتنی پاسەوانە لە کاتی شیاودا بدات، لەکاتی ئاگادارکردنەوە و نزیك بوونەوەی یەکێك لە پاسەوانان، نمایشی شانۆیی دەوەستێت تا ئەو کاتەی دووردەکەوێتەوە، شانۆیەکە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، شوێنی ڕامین حەزرەت زادە لە شانۆیەکەدا دیار بوو، ئەگەر ئامادە بووبا، ئەوا ڕۆڵی سەدامم بەو دەدا.

---

ڕەشید، ئامۆزاکەی ترم سەید عیمران بلادی ڕۆڵی بەسیجێکی دیلی دەگێڕا، وا بڕیار بوو شانۆیەکە لە قوتابخانەی گوندەکە پێشکەش بکرێ، بەهۆی چاك نمایشکردن شانۆیەکە لە شاری باشت نمایشکرا، ناوبانگی دەکرد و فەرمانگەی پەروەردە و فێرکردن قوتابیانی قوتابخانەکانی کۆکردەوە لەسەر تەختەی هۆڵی مەزن لە شاری باشت، سیناریۆ و گفتوگۆی شانۆیەکە لە مێشکمدا چەسپا، ڕۆڵی براکەم لە ڕۆڵی سەدامدا زۆر جوان بوو، گودەرز پیتی (ال)ی ناساندنی بۆ وشەکان زیاد دەکرد، ڕۆڵگێڕانەکەی سەید ئەکرەمیش باش بوو، کە تایبەتمەند بوو بە باڵا بەرزی و لێوەشاوەییەکەی، لەم شانۆیەدا سەدام بە سەرکردەکانی وت: پێویستە بۆ هەموو جیهان بسەلمێنین ئێمە دەوڵەتێکی ئیسلامین، ئێرانیەکان ئەمەیان بۆ هەمووان سەلماندووە، سەرکردەکان کۆمەڵێك پێشنیازیان خستەڕوو، سەدام پێشنیازەکانی ماهر عەبدولڕەشیدی پەسەند کرد، کە پێشنیازی کرد لەلای گڵکۆی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ نوێژ بکات، سەدام نوێژەکەی کرد بێ ئەوەی پێڵاوەکانی لەبەر بکات و ڕکوعی لەبیر کرد.

بەعسییەکان لەبەردەمیدا هەڵدەستن بە زگ هەڵدڕاندنی دیلێکی ئێرانی، کە ڕەتی کردۆتەوە جنێو بە ئیمامی خومەینی بدات، سەدام داوا لە تالع دوری دەکات لێکۆڵینەوە لەم بارە بکات، بۆچی دیلە ئێرانیەکان جنێو بە خومەینی نادەن، لە کاتێکدا عێراقییەکان خۆیان ڕادەستی ئێران دەکەن و هاوار دەکەم: ((مەرگ بۆ سەدام))، لە کۆتایی شانۆیەکە سەدام کۆبوونەوە بە سەرکردەکانی دەکات و لە جەنگدا دۆڕاندوویەتی، سەبارەت بەوەی پێویستە چی بکات، تالع دوری بە سەدامی وتوە: تۆ خۆت بکوژە و ئێمەش ڕادەکەین!

ڕامین بەکارێکی هاوشێوەی کاری برای شەهیدم هەڵسا لە شانۆی (سەدام لە سەد بۆسەدا)، ڕامین شانۆیەکەی لەبارەی سەدام پێشکەش کرد بۆ هاوڕێیانی لە فەوجی ٤٠٩ فیرقەی ٤١ سەئرولا، ناوبراو ڕۆڵی سەدامی گێڕا و شانۆیەکە پێشوازی و دەستخۆشی لێکرا لەلایەن تەماشاکەرانەوە.

لە خێوەتگەی پاشکۆدا، ڕامین جارێك یەکێك لەو هاوەڵانەی بینی، کە لەو تیپەدا بوو کە شانۆیەکەیان پێشکەش کردبوو بۆ فەوجی ٤٠٩، ڕامین پێی وت کە جلەکانی دەشۆرد، هەواڵەکانی فەوجی ٤٠٩ چی هەن؟ وتی: زۆرێکیان شەهید بوون لە هێرشی پێچەوانە لە مانگی حوزەیراندا، ڕامین پرسی: ئەی چی سەبارەت بەو ئەندامانەی کە شانۆیەکەیان پێشکەش کردووە، وتی: بیستومە ئەو بەسیجیەی ڕۆڵی سەدامی گێڕاوە لە شانۆیەکەدا و زۆرێکی تریش کوژراون، خەمی بۆ ئەم هەواڵە خوارد! ڕامین پێکەنی و وتی: ئایا من دەناسی؟

وتی: نەخێر! بەڵام ڕووخسارت نامۆ نییە، لە شوێنێك تۆم بینیوە، بەڵام نازانم لە کوێ؟ڕامین وتی: چی دەڵێی؟ من سەدامم.

لە ڕۆژی دواتردا ئێمە هەر چوارمان بانگ کراین بۆ ژووری ئەفسەری ئێشکگر، نازانین ئەو سیخوڕە کێیە کە ناوەڕۆکی شانۆیەکەی بەوانی ڕاگەیاند بوو، دووچاری لێدانی زۆر توند بووینەوە، کاتێك هاوڕێیان داوایان کرد دووبارە شانۆیەکە بەڕێوە ببەین، بەوانم وت: پێویستە سەرەتا کێشەی سیخوڕەکان چارە بکەین، پێش ئەوەی داوا لەم و لەوانی تر بکەن شانۆ پێشکەش بکەین! یەکێك لە پارێزکاران وتی کە ماڤ خۆشی بوو: ناوی سەدام بسڕنەوە، لە هەر کارێکی شانۆییدا، تەنانەت لە شانۆی (سەدام لە سەد بۆسەدا) و هیچ یەکێك دووچاری سزای ئەوان نابێتەوە، لە ڕاستیدا بەعسییەکان هەستیار نین بەرامبەر هیچ پرسێك، ئەوەندەی هەستیارن سەبارەت بە سەدام، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام بە چاوی گومان و دوودڵیەوە سەیری شانۆکانیان دەکردین!

- شەمە ٢ حوزەیرانی ١٩٩٠ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

نامەیەكم بۆ غولام ڕەزا كەریمی نووسی، لە نێو كەپسولی ئانتی بایوتیك و ڕادەستی سامیم كرد بۆ ئەوەی بۆ ئەو ببات، شەوی ڕابردوو دوپشكێك بە ((یەزدا بەخش موورادی))یەوەدا، ناوبراو لە خەڵكی قەزوین بوو، وەلید بابەتەكەی بە شانازیەوە باس دەكرد دوای سەرژمێری و ئامادەیی بەیانی، شەوی ڕابردوو وەلید پاسەوان بوو، دوپشكە زەردەكەی لە ڕێڕەوەكەدا بینیوە و ویستویەتی بیشێلێت، بەڵام پاشگەزبووەتەوە خستوویەتیە سەر پارچە كارتۆنێك و فڕێیداوەتە نێو زیندانی ژمارە هەشتدا!

وەلید بەوپەڕی دزێوی وتی: گوێم هەڵخستبوو بۆ ئەوەی هاواری یەكێكتان ببیستم!! لە ڕۆژی دواتردا یەكێك لە هاوەڵان شیعرێكی هۆنیەوە لەبارەی وەلید و دوپشك، وەلید نەیتوانی خاوەنی شیعرەكە بناسێ، منیش نەمتوانی بیزانم كێیە، یەكێك لە دیلەكانی عەرەبی خوزستان هەڵسا بە وەرگێڕانی شیعرەكە بۆ وەلید، خەریك بوو لە تووڕەییان بتەقێتەوە:

تۆ ژەهراویتری لە دوپشكی زەرد ئەی وەلید!

تۆ خراپتری لە یەزید ئەی وەلید!

لە خوای پایەبەرز دەپارێینەوە ئەی وەلید!

لەگەڵ وەلید زیندوت بكاتەوە و لێپرسینەوە لێ بكات!

- دوو شەمە ٤ حوزەیرانی ١٩٩٠ – تكریت – خێوەتگەی پاشكۆ

ئەمڕۆ هاوكاتە لەگەڵ یەكەم ساڵیادی كۆچی دوایی ئیمامی خومەینی خوا لێی ڕازی بێ، زۆرێك لە هاوەڵان ئاگاداری ڕێوڕەسمی پرسەكە نەبوون لە بەیانی ئەمڕۆدا،

به دڵنیایەوە دەبێ دوور لە چاوی بەعسییەکان ئەنجام بدرێ، ڕێوڕەسمەکەم کورت کردەوە، ڕێوڕەسمەکە دەوەستا بە نزیك بوونەوەی بەعسییەکان!

ئێوارەی ئەمڕۆ ماجد هەڵسا بە زەوتکردنی یەکێك لە کارە دەستیەکانم بە زەبری هێز، زۆر ماندوو ببووم لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، دەمویست پێشکەشی خانەوادەی شەهید باقر جاکیان بکەم، ناوی ژمارەیەك شەهیدم نەخشاندووە لە پاڵ مۆمێك، نەخشاندنەکە ژمارەیەك هێمای لەخۆ دەگرت، کە یادەوەریەکانی ئەم شەهیدە بەڕێزانەی لەخۆدەگرت، کە بریتی بوون لە هەر یەکێك لە:

شەهید ڕەزا مەکتوبیان[١]، شەهید ڕەزا عەلی پاك نەسەب[٢]، شەهید نوڕوڵا دیسقی[٣]، شەهیدا بارانی شێخی[٤]، شەهید باقرِ جاکیان[٥]، شەهید سەید شەریف پنجەبند[٦].

سامی وتی: ماجد ئەم تابلۆ نەخشێنراوانەی سوتاندووە، هەستم بە توڕەیی کرد سەبارەت بەو کارەی ئەم مرۆڤە گەوجە ئەنجامیداوە، ڕۆیشتمە لای و پێم وت: بۆچی ئەم تابلۆ نەخشێنراوەت سوتاند؟ بەوپەڕی ناشرینیەوە وتی: چونکە ناوی هەندێك لەو کەسانەی تێدایە کە نەوەکانی عێراقیان کوشتووە!

- سێ شەمە ٥ حوزەیرانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

---

(١) لە پڕۆسەکانی چوارەمی کەربەلادا شەهید بوو.

(٢) لە ساڵی ١٩٨٧ لە کوردستان شەهید بوو.

(٣) لە زستانی ١٩٨٧ شەهید بوو.

(٤) لە شەلمچە لە ١٩٨٧ شەهید بوو.

(٥) لە بەهاری ١٩٨٧ شەهید بوو.

(٦) لە زستانی ١٩٨٧ لە کوردستان شەهید بوو.

دوێنێ دیلەکان، ڕێوڕەسمی پرسەیان ئەنجامدا، بەبۆنەی کۆچی دوایی کردنی ئیمامی خومەینی خوا لێی ڕازی بێ، قاسمی بەرپرسی هونەری لە خێوەتگەکە پێی وتم: کاتێك لە خێوەتگەکە دەرچووم ماجد ماسی دەبرژاند، ڕێگری لێکردم بچمە نۆرینەگە، منیش هەستم بە سەر ئێشەیەکی زۆر دەکرد، دەمویست حەبێکی ئیستامینوفن بهێنم!! ماجد بانگی فازڵی کرد، کە دیلێکی عەرەب و پێی وت:

- ئایا ماسی برژاو دەخۆی؟
- تۆ لێم ناگەڕێی دەستە حەبێکی ئیستامینوفن بەدەستبخەم، دەتەوێ ماسیم پێبدەی!
- ئێوە مەجوسین، پێویستە واتان لێ بکەین، لە نێوان ژیان و مردندا بن تەواو وەك ماسی برژاوی عەبدولمونعیم لەسەر کەناری دیجلە!

کاتێك وەلید ئەمەی وت، من لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم، ئەو ویستی ڕیسوام بکات، بۆ ئەمەی لەبارەی ماسی برژاو و عەبدولمونعیمی بژێنەرەوە وت، وا دەردەکەوێ خەڵك لە عێراق حەزیان لە خواردنی ماسی برژاوی تازەیە، هەر بۆیە بیستم لەسەر کەناری دیجلە چەند چێشخانەیەك هەن، ماسی برژاو پێشکەشی گەشتیار و سەردانکەرانی دەکەن، کەسێك دێت یەك دوو ماسی لە نێو حەوز هەڵدەبژێرێ کە هێشتا زیندون، زۆربەی جاران حەوزەکان بچوك و پڕ ماسین، ئاساییە لە نێوان ژیان و مردن بن لە بارودۆخی نا سروشتیدا، تەنها هەناسە دەدات و چاوەڕێی کاتی مەرگی دەکات، لەو کاتەی ئەو کەسە دێت کە هەڵیدەبژێرێت، ئەو کاتە زانیم ماجد مەبەستی چییە.

- هەینی ٢٢ حوزەیرانی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

هەمووان هەستیان بە دوودڵیەکی توونی کرد، لە دوای گەرم بوونی هەواڵەکان لەبارەی زەمین لەرزە و بومەلەرزەکان، کە لە منجیل، رودبار و تارم ڕوویانداوە، بەتایبەت ئەو دیلانەی کە هی پارێزگای گەیلان و زنجان بوون، زۆر دوودڵ بوون سەبارەت بە چارەنووسی خێزان و خزمانیان.

ناتوانن وردەکاری هەواڵی ئەوە دەستبخەن کە ڕوویداوە، بەهزاد ڕۆشن وتی: دەکرێ زانیاری بەدەستبخەین لە ڕێگەی مانگی سوری عێراقیەوە، لەوانەیە ئاماری قوربانیانیان لابێ، ئێمە هەوڵی دڵدانەوە و دڵنیاکردنەوە ئەو هاوەڵانەمان دەدا، کە خەڵکی ناوچە زیان بەرکەوتووەکان بوون، هەرگیز گرمە و هۆرەی گریانی نەوەکانی منجیل و رودبار و تارم لە خۆرئاوابوونی ئەم ڕۆژە خەمبارە لەبیر ناکەم، وا وێنایان دەکرد خزم و خێزانەکانیان لە بومەلەرزە تێکدەرەکەدا لەدەستداوە.

پێش سەرژمێری شەوانە، نزیکەی پەنجا دیل لە خەڵکی باکوری ئێران، لە بەردەم ژووری ئەفسەری ئێشکگردا ڕیز بوون، کاتێك پرسیار لە بارەی هۆکاری گردبوونەوەکە کرد، وترا دەیانەوێ خوێن ببەخشن، تکایان دەکرد لە پێناو خوێن بەخشین بۆ قوربانیانی بومەلەرزەکە، حەمیدی ئەفسەر وتی: هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ ئێران نییە، تەنانەت ئەگەر خوێنیش ببەخشن، ئەوا لە تواناماندا نییە ڕەوانەی ئێرانی بکەین، ژمارەیەکی زۆر لە دیلەکان پشتی هاوڕێ دیلەکانیان گرت بۆ خوێن بەخشین، دیمەنەکە زۆر جوان بوو، سەرباری مەزنی کارەساتەکە!

- یەك شەممە ٢٤ حوزەیرانی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

لە خۆرئاوابووندا ڕێوڕەسمی فاتیحە خوێندن ئەنجامدرا لەسەر قوربانیانی بومەلەرزەکەی منجیل و رودبار، دوای چەند ڕۆژێك داوای دیلەکانی خەڵکی گەیلان و

زنجان ڕەتکراوە، لە پێناو بەدەستخستنی لیستی ناوەی قوربانیانی بومەلەرزەکە، هەروەك پێشنیازی خوێنبەخشین کۆسپ و تەگەرەی تێکەوت.

خەلیلی نەقیب ڕێگەی بە تاکەکانی ناوچە تێکچووەکەدا ڕێوڕەسمی خوێندنی فاتیحە ئەنجام بدەن، لەسەر گیانی قوربانیاندا، لە زیندانی ژمارە حەڤدە، دیلەکان ڕوویان دەکردە زیندانەکە بۆ پێشکەشکردنی پرسە و خوێندنی سوڕەتی فاتیحە.

لە نێو عێراقییەکان موئەیەدی پزیشك و سامی لە زیندانی ژمارە حەڤدە ئامادە بوون و تۆقەیان لەگەڵ تاکەکانی باکوری ئێراندا کرد، پرسەیان پێشکەش کرد، کاتێك ناوی ڕاپەڕیوی ئێرانی ناسراو (میرزا کوچك خان جنگلی) هات، موئەیەدی پزیشك وتی ئەم پیاوە مەزنە دەناسێت، بە سەید جەمالەدینی ئەسەد ئابادی (ئەفغانی) ناسراوە، لە میانەی وتار و نووسینەکانی محەمەد حوسێن هەیکەلی نووسەری ناوداری میسڕی، ئینجا وتی: بۆچی ناوی لێدەنێن میرزا کوچك خان جنگلی؟

بەهزاد وتی: ئەمە ناوی ئەوە!

پزیشکەکە وتی: مەڵێن میرزا کوچك خان، بەڵکو بڵێن میرزا بزرگ! ئەو کەسێکی مەزن بووە[1].

- دوو شەمە ٩ تەموزی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ ئێوارە پاسەوانانشوتیان دەخوارد لەبەردەم ژووری ئەفسەری ئێشکگر، منیش سەیری ئەوانم دەکرد و دڵم لە تێنوێتیاندا توابووەوە، ئامادە بووم دەست لە موچەی مانگانەکەم کە دینار و نیوێکە هەڵبگرم، لە پێناو یەك پارچە شوتی، پێم وابێ موچەکەم بەشی سێ چوار شوتی دەکات.

---

(١) کوچك واتە: بچوك، بزرگ واتە: مەزن. وەرگێڕی عەرەبی.

■ سێ شەمە ١٠ تەموزی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ خەلیل ئیبراهیم کازمی نەقیب و فەرماندەی خێوەتگەکە ڕۆیشتە دەرەوە بێ خواحافیزی، یەك مانگ بەسەر بەرزبوونەوەی پلەکەیدا ڕۆیشتووە بۆ پلەی ڕائد، نەقیب جەمال وەك فەرماندەی خێوەتگەی ١٣ لە تکریت شوێنی ئەوی گرتەوە.

ئەم ئێوارەیە، سەعد گەیشتنی عەباسی نەقیب ڕاگەیاند، کە دەبێتە فەرماندەی ئەم خێوەتگەیە. عەباسی نەقیب مرۆڤێکی نەرم و نیانە و لە خەڵکی شاری حیلەیە، خاوەنی جەستەیەکی وەرزشی و بازوو ئەستورە، ئەسمەر و ڕێك و سەرنجڕاکێشە، ڕێکپۆشە و وا دەردەکەوێ بە ئەزموون بێ، بە ئارامی و هێدی دەچێتەڕێ و پرچی شانە ناکات و گڵاوازەیە بە بەردەوامی.

کاتێك خەلیلی نەقیب لە خێوەتگەکە ڕۆیشتە دەرەوە، حاجی حوسێن شوکری بە پاسەوانانی وت: لە کۆتاییدا خەلیلی نەقیب بە هەموو چاکە و خراپەکانیەوە ڕۆیشت، شەو هەر چەندە درێژ بێ ئەوا لە کۆتاییدا خۆرهەڵاتنی بەدوادا دێت! دەتانتوانی چاك ڕەفتار لەگەڵ دیلە ئێرانیەکان بکەن، بەڵام واتان نەکرد! ئەگەر من لە شوێنی خەلیلی نەقیب بووبام، ئەوا پێش ئەوەی ڕۆیشتبام سێ جار کرنووشم دەبرد و سێ جاریش تیایدا دەموت: خوایەگیان؛ من ستەمم لە خۆم کرد، تۆ لێم خۆشبە! ئێوارەی ئەو ڕۆژە سامی هەواڵی کۆچی دوایی کردنی موئەیەدی پزیشکی پێداین؛ هەمووان یادەوەری چاکیان لەگەڵ موئەیەدی پزیشکدا هەیە.

■ چوار شەمە ١١ تەموزی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ سێزدەی زیلحیجەی حەڕام، جەژنی غەدیری ڕێزدارە، ئەو نزایەی سوننەتە بۆ هاوڕێیانم خوێندەوە، من لە ناوەندی نزاکە بووم، کاتێك هاواری ماجدی پاسەوانەکە بەرز بووەوە، نزاکەم پچڕاند، زۆر تورە بوو، ئەو پەڕەی لێ سەندم

**که نزاکەی تێدا نووسرا بوو، بە دەستی خۆی پێچا و بەنێو چاوی دادام! حاجی سەعدوڵا کە بەرنامەی ڕێکخست بوو، هەڵسا و وتی:**

- **هەمان نزامان خوێندەوە لە جەژنی ڕەمەزاندا، بەڵام هیچ شتێکتان نەوت.**
- **نزاکردن قەدەغەیە!!**

**لە جەژنی ڕەمەزاندا ئاگاداری خوێندنی نزاکە نەبووینە، حاجی وتی: لێمان بگەڕێ با نزاکە بخوێنین!**

- **پەرت و بڵاو بن خێرا! دەی زوو! ناسر سلێمان وەرە بۆ ژووری ئەفسەری ئێشکگر!**

**ڕۆیشتمە ژووری ئەفسەر، حامد جگەرەکەی بە تاکە نەعلەیەکی کوژاندەوە، پازدە شەقە نەعلەی لێدام، سەلوان هەوڵیدا ڕێگری لێ بکات: کاتێك پێم وت: بۆچی بە تاکە نەعلە لێم دەدەی؟ وتی بۆ ئەوەی تووڕە ببی، تۆ مەجوسی و نامەوێ دەستم بە ڕووخسارت بکەوێ.**

**حاجی سەعدوڵا لە پشت منەوە بوو، بینی حامد بە نەعلە لێم دەدات، بە تووڕەیی وتی:**

- **چ شتێك لە نزای سوننەتدا ئێوە تووڕە دەکات؟ ئەو دەڵێت: ئایا تێکدەری بناغەی هاوبەشدانان و دووڕوویی لە کوێیە؟ لەناوبەری تاوان و سەرپێچی لە کوێیە؟ کوژێنەرەوەی شوێنەواری هەوا و ئارەزوو لە کوێیە؟ ئەو کەسەی پەتی درۆ و دەلەسە دەبڕێ لە کوێیە؟ قڕکەری ستەم و هەڵگەڕانەوە لەکوێیە؟ ڕیشەکێشکاری نکۆڵیکار و گومڕایی و ئیلحاد لە کوێیە، سەربەرزکاری خۆشەویسانی خوا و سەرشۆڕکەری دوژمنانی خوا لە کوێیە؟**

حامد به تورەیی هاواری کرد، پاسەوانان هاتنە پاڵی و حاجی سەعدوڵایان جنێوباران و ڕیسواکرد، حامد بە ڕق و کینەوە وتی:

- هەموو ئەوەی وتت مەبەستت ئێمە و حکومەتی عێراقە!

ئەمڕۆ هاوەڵان لە گرتووخانەی ژمارە دوازدە ڕێوڕەسمی خوێندنی فاتیحە لەسەر گیانی باوکی موئەیەدی پزیشك و خەمی قورئانی پیرۆزیان ئەنجامدا، کاتێك هەواڵەکە گەیشتە پاسەوانەکان، سامی پێیانی وت: ئەگەر چاك ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین، بەزەییان بە باوانماندا دێتەوە و فاتیحە لەسەر گیانیان دەخوێنن، ئەگەر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین، دەڵێن: خوا لێی خۆش نەبێ و کوڕێکی ئاوای هەر نەبووبایە!!

- سێ شەمە ٣١ تەموزی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ حەکیم خەلەفیان ڕۆژنامەی سەورەی بۆ خوێندمەوە، لە لاپەڕەی دووەمدا وتارێك هاتبوو بە پێنووسی نزار حەدیسی بە دەوری کودەتای سەربازی دەخولایەوە، کە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن ڕێبەریان کرد لە ٣٠ تەموزی ١٩٦٨، بەمەش ئەحمەد حەسەن بەکر بووە سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و سەدامیش جێگرەکەی.

- پێنج شەمە ٢ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی عاشورا ١٠ موحەڕەمی حەرام، هەل هەلەکانی پاسەوانان لێدران، نەمدەزانی هۆکارەکەی چییە، دەمویست هۆکارەکەی بزانم، هەل هەلەکانیان، هەلێك بوو بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پرسەی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ، گوێم بە هەڕەشە و ئاگاداریەکانیان نەدا سەبارەت بە خوێندنەوەی شیعر و سرودە حوسێنیەکان، پێم وابێ شتێکی گرنگ ڕوویداوە، ئەوان دڵخۆشن و هەل هەلە لێدەدەن.

ڕۆیشتمە لای سامی بۆ ئەوەی زانیاری لەم بارە وەربگرم، سامی وتی:

- لەشکری عێراقی کوێتی داگیر کرد.

هەواڵەکە وەك تریشقە و بروسکە بەسەرمدا هات، دیلە ئێرانیەکان سەریان سوڕما بەم هەواڵە و هەموویان پرسیاریان کرد بۆچی کوێت؟ بۆچی لە ڕۆژی عاشوڕادا؟ کوێت لەگەڵ ئەو خزمەت و پاڵپشتیە زۆرانەی پێشکەشی کردوون بۆ عێراق، جەبینین سەدام لەشکرکێشی دەکات بۆ نێو قوڵایی خاکی کوێت، ئایا میر جابر شایستەی ئەم چارەنووسەیە؟! ئایا بۆچی ئەم هەموو هێزە سەربازیانە؟

ڕامین حەزرەت زادە وتی دەتوانرێ کوێت بە کاتیۆشای مام ناوەند داگیر بکرێ.

لە کاتی خۆرئاوابووندا سەدام لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەوت و گوتارێکی پێشکەش بە گەلی عێراق کرد، وتی کوێت بە دوو کاتژمێر داگیر کراوە، ئەم وتەیە ڕووپەڕی ڕۆژنامە عێراقیەکانی گرتەوە و بووە ناونیشانی یەکەم لە ڕۆژنامەی قادسیە و هێشتا وێنەی ئەم ڕۆژانەمەیە لە یاد و مێشکمدا هەڵکەندراوە، (لق بۆ ڕەگ گەڕایەوە) کوێت لە سەردەمی عوسمانیدا بەشێك بوو لە عێراق، پێویستە پێیەوە بلکێندرێتەوە، سەدام بە فەرمی لە تەلەفزیۆنەوە ڕایگەیاند کوێت بووەتە پارێزگای نۆزدەم،

- یەکێك لە هاوڕێیان بە توانجەوە وتی: هەر کاتێك هێرش دەکەنە سەر دراوسێیەکتان؟ ئەوا ڕایدەگەیەنن پارێزگایەکی ئێوەیە، دوێنێ خوزستان و ئەمڕۆ کوێتی خەمبار!!

سەدام لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: کاتێك قاچی پاسەوانی خومەینی دەکەوێتە سەر خاکی کوێت و قەتەر و دوبەی ئەوکاتە شێخەکانی کەنداو دەزانێ چیان بەسەردێت؟ پاسەوانی خومەینی ئەوان دەلوشن!!

لەسەرەتای جەنگ لەگەڵ ئێران، نەخشەیەکی تازە بۆ عێراق دەرکەوت، کە تیایدا خوزستان وەك بەشێك لە عێراق بوو، عەلی جارۆڵای پاسەوانە چاکەکە پیشانی منیدا، بڕوام بەوە نەکرد کە چاوەکانم بینیان!

ڕژێمی سەدام کوێتی وەك پارێزگایەك لە پارێزگاکانی عێراق ڕاگەیاند، ناوی لێنا پارێزگای کازیمە، بۆ ئەوەی ببێتە پارێزگای نۆزدە، ڕۆژنامەکان گفتوگۆی زیاتریان تاوتوێ دەکرد لەبارەی کوێت، وا دەردەکەوێت سەدام یارمەتی مەزن لە کوێتەوە وەردەگرتبێ لەشێوەی بەخشین. سەدام وتی: عێراق بە ڕێژەی سی ملیار دۆلار قەرزداری کوێتە، پێویستە کوێت لەم قەرزە خۆش ببێ، چونکە عێراق لەگەڵ ئێران دەجەنگێ وەك بەرگری کردن لە وڵاتانی عەرەبی!!

ڕۆژنامەی شۆڕشی وتەبێژی حزبی فەرمانڕەوا، وتەکانی سەدامی بڵاوکردەوە، کە ئاڕاستەی سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی کرد بوو: لەشکری عێراقی شێخە ترسنۆکەکانی کەنداوی پاڕاستووە و ئەوانی لەسەر تەختەکانیان پایەدار کردووە و پڕۆژەی ئێرانی شکست پێهێناوە، لە ڕەوانەکردنی شۆڕشەکەی، بەڵام ئەم شێخە زگ ئەستور و بێ کەڵکانە ڕێزیان نەگرت لە قوربانیەکانی عێراق و گەلی عێراق!

سەدام هەڵوێستی خۆی لەبارەی کوێتەوە ڕاگەیاند بوو، لە یادی کودەتای سەربازی لە ١٧ تەموزدا، کوێتی تۆمەتبار کرد بە دزینی نەوت لە کێڵگە نەوتیەکانی ڕمێلە و دواتر ڕەوانەی دەکات.

سعودیە و کوێت؛ قەرزێکیان بە ڕێژەی سی و پێنج ملیار دۆلار پێشکەشی ڕژێمی سەدام کردبوو، لە کاتێکدا سەدام بە تەنها ئەرکی بەرگری گرتبووە ئەستۆ بۆ بەرگری کردن لە وڵاتانی کەنداو!

داوای لە کوێت کرد لە قەرزەکانی خۆشبێ و سێزدە ملیار دۆلاریش پێشکەش بکات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق.

مشتومڕی توند ڕوویاندا لە نێوان عیزەت ئیبراهیم لەگەڵ برای میری کوێت، جنێویان بە یەکتریدا، عیزەت ئیبراهیم ئەو قاپەی لەبەردەمی بووە لە برای ئەمیری گرتووە و وتویەتی: ئەگەر قوربانیەکانی ئێمە نەبووبایە لە جەنگدا، ئێران ئێوەی دەلوشی!

پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی قەیرانی کوێت لە سەر ڕۆژنامە عێراقییەکاندا دەدرەوشانەوە، بەتایبەت ڕۆژنامەی سەورە و قادسیە، بیستبووم پێش سی ساڵ عێراق داوای لە کوێت کرد بوو، کوێتیش هانای بۆ بەریتانیا برد بوو، بەریتانیاش خێرا هاتبوو بە هانایەوە، بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات ڕۆژێك سەدام هێرشی سەر کوێت بکات، ئەگەرچی ئەم کارە دوور نەبوو لە کەسێکی وەك سەدام!

- هەینی ٣ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

من چاودێری و بەدواداچوونم دەکرد بۆ هەواڵی ڕووداوەکان، سەدام کەسێکی بە ناوی حوسێن عەلی وەك سەرۆکی حکومەتی کوێت دانا، بۆ یەکەم جار بوو ناوی ئەم کەسە ببیستم، تەنانەت بەرپرسانی نێو خێوەتگەکەش دەیانپرسی ئەم کەسە کێیە،

دوای ماوەیەك زانیمان حوسێن کامل مەجیدی[1] زاوای سەدام بوو، میر جابر ئەلسەباح بۆ سعودیە ڕایکرد، براکەشی بەشێوەیەکی دزێو کوژرا.

پاسەوانەکان سەرخۆش بوون بەهۆی هێرشەکەی کوێتەوە، بۆیە وازیان لە ئێمە هێنا.

فازڵی ئەفسەر وتی: ڕۆژی عاشوڕا بێ هیچ کێشەیەك ڕۆیشتینە نێو کوێتەوە، ئیمامی حوسێن لەگەڵ لەشکرەکەماندا بوو!

ئەمڕۆ مشتومڕ لەگەڵ پاسەوان و ئەفسەران گەرمتر بوو، بە لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونەوە قسەیان دەکرد، هاوڕێیان بەرگەی بێ دەنگیان نەگرت!

لەگەڵ ئەوەی ئێمە کوێتمان خۆشنەدەویست بەهۆی هەڵوێستە پاڵپشتیکارەکانی بۆ ڕژێمی بەعس و یارمەتیە مەزنەکانی بۆی، بەڵام حەسەن بەهەشتی پور، ئەسغەر ئەسکەندەری، مورتەزا واحید پور، بەهزاد ڕۆشن، ڕۆیشتنە نێو مشتومڕێکی گەرم لەگەڵ پاسەوانەکاندا، ئەمەش پاسەوانانی هەراسان کرد!

بەهەشتی پور بە توانجەوە بە فازڵی ئەفسەری وت: ئێمە زانیاریمان لایە سەبارەت بە مێژووە سەرنجڕاکێشەکتان، لە ساڵی ١٩٧٠ هەڵسان بە داگیرکردنی خاکی ئوردن بە

(١) هاوسەری کچی سەدام (ڕەغدە)یە، ئەو کەسەیە ئەرکی بۆمبەباران کردنی هەڵەبجەی بە بۆمبی کیمیایی کیمیایی گرتەئەستۆ. سەدام سێ زاوای هەن، هەموویان برای حوسێن کامل هاوسەری ڕەغدەی کچە مەزنی سەدامن، سەدام کامل مەجید هاوسەری کچی دووەم (ڕەسا) و هاوسەری سێیەمی کچەکەشی (حلا)، هەر یەك لە حوسێن کامل و سەدام کامل بۆ ئوردن هەڵاتن، سەدام توانی ئەوان هەڵبخەڵەتێنێ بۆ گەڕانەوە بە سەلامەتی، دوای گەڕانەوەیان سەدام ئەوانی ناچارکرد لە ڕێگەی عودەی کوڕیەوە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی جیا بوونەوە واژوو بکەن، دواتر دەستگیرکران و کوژران، لە هێرشێکدا کە عەلی کیمیایی بۆ سەر ماڵەکەیان بەڕێوەی برد.

زاوای سێیەمی خۆی ڕادەستی ئەمریکییەکان کرد لە جەنگی دووەمی کەنداودا.

پاساوی بەرگری کردن لە گەلی فەڵەستینی، دواتر لە جەنگی لەگەڵ ئێراندا خوزستانتان داگیر کرد، ئەوەتا ئێستا کوێت داگیر دەکەن، تێناگەین لەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن!

دواتر ڕووی گوتارەکەی کردە فازڵی ئەفسەر و وتی:

- بڕوام پێ بکە چارەنووسی کوێت، بەهۆی نزای ستەملێکراوە ئێرانیەکانەوە وایلێهاتووە!

ئەسغەر ئەسکەندەری بە قەحتانی ئەفسەری وت:

- دۆلارەکانی کوێت دەگۆڕدران بۆ قازیفە و موشەك و بۆمبی کیمیایی، جەستەی هەزاران کەسی ئێرانیان دڕاندووە، خوا تۆڵەی لە خانەوادەی سەباح کردەوە!

بەهزادی پزیشك بە حامدی وت:

- سەرکردەکەمان پێشبینی ئەمڕۆی کردبوو!

بە فازڵی ئەفسەری وت: ئێوە قەرزداری کوێتن، چۆن فڕۆکەوانەکانتان ڕێگەیان بەخۆدا کوێت بۆمبەباران بکەن؟ ئەمە بێڕێزیە بەرامبەر بە چاکەکاری!!

فازڵی ئەفسەر لە مەبەستەکەی تێگەیشت، ئەو فڕۆکە جەنگیانەی بیرە نەوتیەکانی بۆمبەباران دەکرد لە دوورگەی خارکی ئێرانی لە بنکەی (عەلی سالمی) ئاسمانی لە کوێتەوە هەڵدەستان، ماوەی نێوان ئەم بنکەیە و دوورگەی خارك کەمتر لە دوو سەد کیلۆمەتر مەتر بوو.

لە ئێوارە گۆرانیبێژی سەدام دەرکەوت: گۆرانی دەوت: سەدام خوا بتپارێزێ و دەست بە گەنجێتیەکەتەوە بگرێ!

- شەمە ٤ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ

لە ئێوارە دیلەکان لەلای دەروازەی خێوەتگەکە کۆبوونەوە، سەیری دەرەوەیان دەکرد، چەند بینایە و جەمەلۆنێك لە باڵی خۆرهەڵاتی خێوەتگەکە بوون، بەرپرسان هەڵسان بە بەتاڵکردنی کەمپە جەمەلۆنێکی خێوەتگەی ژمارە ١٥، کە لە تەنیشت خێوەتگەی پاشکۆ بوو.

ئەمڕۆ بەیانی؛ هەندێك لە کوێتیەکانیان هێنایە ئێرە، نزیکەی دوو سەد کەس دەبوون، سەرەتا پێم وابوو دیلی ئێرانی بن، سامی وتی: ئەوانە دیلی کوێتین، دیشداشەی سپیان لەبەردایە، پاسەوانان هاتن و ئێمەیان پەرت و دوورخستەوە لەلای دەروازەی خێوەتگەکە، دەیانویست کاری ئەم دیلانە نهێنی بێ، پرسیارم لە سامی کرد: ئەوانە لە خێوەتگەی ئێرانیەکان چی دەکەن؟

سامی وتی: ئەوان ئێستا دیلن، بەهۆی ئەوەی بەرەنگاری لەشکری عێراقی بوونەتەوە لە کاتی ڕۆیشتنە نێو کوێتدا!

حکومەتی عێراق کەسە ئینگلیز و ئەمریکیەکانی لە کوێتی دەستگیر کردبوو، ئەوانی بۆ عێراق گواستبووەوە، ڕایگەیاند ئەوان دابەش دەکات بەسەر ناوەندە هەستیارەکان لە وڵاتدا!!دەیانەوێ وەك قەڵغانی مرۆیی بەکاربهێنرێن!

لە ئێوارەدا دڵخۆشی پاسەوانان بۆ خەم و خەفەت و دوودڵی گۆڕا، کە چاوەڕێی لێبوردنیان دەکرد، نزیك لە کۆتایی هاتن بوو.

وا دەردەکەوت هەل هەلەکانیان کە ئاسمانی ئەوێی پڕ کردبوو، گۆڕان بۆ پرسیاری پڕ ترس و بیم لە ئاییندە، وڵاتانی ئەوڕوپی بەڵێنی بەرپەرچدانەوەیاندا!

ڕژێمی بەعس وەڵامی هەڕەشەکانیدایەوە، بە ڕەتکردنەوەی گشت مۆڵەتەکان لە گشت یەکە سەربازیەکان، داوای لە بە تەمەنە ڕەوانەکراوەکان کرد بێنەوەبۆ خزمەتی سەربازی، هەروەك لە تەلەفزیۆن بەیاننامەیەك ئاڕاستەی گشت بە تەمەنە ڕەوانەکراوەکان کرا، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕیزەکانی خزمەتی (ئیحتیات: زەخیرە)، مۆڵەتی ماوەی هەفتەیەك بەوانەی نێو عێڕاق و دوو هەفتەش بەوانەی لە دەرەوەی عێڕاق دران، ئەوانەی دوادەکەون وەك ناپاك لەگەڵ گەلی عێڕاق لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ و تووندترین سزا دەدرێن، شێوەزاری بەیاننامەکە مێشکی پاسەوانەکانی زۆر ئاڵۆز کرد!

دوای داگیرکردنی کوێت، چیتر پاسەوانان قسەیان نەدەکرد لەبارەی ئێران، بەوەی دوژمنی سەرسەختی عەرەبە، بەڵکو دەیانوت ئێران خۆیبە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیاند و چەسپاندی ئەو پشتگیری عەرەبە دژی جولەکە داگیرکەرەکان.

# بەشی دوازدەم

## تكريت

## خێوەتگەی ١٦

- دوو شەمە ٦ ئابی ١٩٩٠ — تكريت — خێوەتگەی ١٦

بەیانی ئەمڕۆ داوایان لە ئێمە کرد کەل و پەلەکانمان کۆ بکەینەوی، بەرەو کەمپە جەمەلۆنەکان بچین و تا هەتایە خێوەتگەی پاشکۆ جێدەهێڵین، یادەوەریە شرین و تاڵەکانی بەرجەستە بوون، لەگەڵ ئەوەی زۆرم ناڵاند لەم خێوەتگەیەدا، بەڵام من بیرمهەر لای بوو!

کاتێك ڕۆیشتمە نێو کەمپە جەمەلۆنی ژمارە دوو، بە دوای برادەرانی غولام ڕەزا کەریمدا دەگەڕام، لەبارەی عەباس گلزار پور سادقی، ڕەزا محەمەدیەوە پرسیم، زۆر بیری عەلی ئەکبەر فەیزم کرد بوو، ڕەزا محەمەدی گوێزراوەتەوە بۆ نەهرەوان و ئەوانی تریش گوێزراونەتەوە بەعقوبە، ئەوانی دیکەش بۆ خێوەتگەی ١٩ تكريت.

ژمارەیەك دیلیان لە خێوەتگەی ژمارە پێنجەوە بۆ کەمپی جەمەلۆنی ژمارە دوو هێنا، ئەم کەمپە جەمەلۆنە سیفەتەکانی پێشووی لەدەستداوە.

بوونی من لە پاڵ عەلی ئەکبەر فەیز، حەسەن خورسند، ئیبڕاهیمی ئەندازیار، رستگار موقدەم، وا دەکات هەست بە هەندێك لە دڵخۆشی بکەم، زانیم ئەو ناوانەی من بە نهێنی دەمنارد بۆ غولام ڕەزا کەریمی، ڕەزا محەمەدی و عەلی ئەکبەر فەیز نەگەیشتووەتە ئەوان! بە عەلی ئەکبەرم وت:

- ئایا موئەیەدی پزیشك نامەکانی نەداوەتە تۆ؟
- نەخێر! هیچ شتێکی نەداوەتە من.
- کەپسولی ئانتی بیوتیکی پێنەداوی؟
- بەڵێکەپسولەکەی پێدام و منیش بە هاوڕێیە نەخۆشەکانمدا!!

پێکەنیم، عەلی ئەکبەر دەیزانی هاوڕێیان نامە دەگۆڕنەوە، لە پەڕی بچوك و پێچراو لە دوو توێی کەپسولدا، بەڵام پێی وا بوو ئەو کەپسولەی لە ڕێگەی موئەیەدی پزیشك وەریدەگرێ چارەسەرە!! بەڵام ئەو کەپسولەی لە عەلی جاڕوڵاوە وەریدەگرێ ئەوا نامەی تێدایە! ئا بەم شێوەیە نامەکانم دەگەیشتنە نێو زگی هاوڕێیە نەخۆشە هەژارەکانم!!

نامە گۆڕینەوە بە بەکارهێنانی کەپسول، کارێکی ناسراو بوو لەلای زۆر کەسەوە؛ لە سەرەتادا کەپسولەکە بەتاڵ دەکرایەوە لە هاڕاوی پزیشکی و ئینجا پەڕی بچوك لە پاکەتی جگەرە دەکرانەوە، بەتایبەت سیفۆن بە ئەندازەی درێژی کەپسولەکە، دوای نووسینی نامەکان لە نێو کەپسولەکەدا دادەنران، کەپسولەکەش لە ڕێگەی موئەیەدی پزیشك و سامی و عەلی جاڕوڵا و ئەوەی متمانەی لای هاوڕێیان هەبوو دەگوازرانەوە.

- سێ شەمە ٧ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی پاشکۆ ١٦

ئەمرۆ ڕێگەیان بە دیلە بریندارەکاندا گەرماو بکەن، ئێمە دووچاری کەم ئاوی هاتبووین لە وەرزی هاویندا؛ لە ڕیزی دەرەوەی کەمپە جەمەلۆنەکەدا وەستام.

پاسەوانێکی نوێ، کە پێشتر نەمبینی بوو وتی: بۆچی هاتوویتە بەرەی جەنگ؟

مەبەستی ئێمەی تەمەن بچوك بوو، ئەو نموونەیەم بیر هاتەوە کە حەسەن بەهەشتی پور لەم دواییانەدا باسی کرد، بە پاسەوانە تازەکەم وت:

- یەکێك لە هاوڕێکانم نموونەیەکی چاکی پێشکەش کرد، پێم وابێ وەڵامی پرسیارەکەی لای تۆ دەبێ، کاتێك بەشێك لە جەستەکەت دووچاری برین دەبێ، میکرۆبەکان هێرشی ئەم بەشە دەکەن، ئەمە دەقۆزنەوە بەمەبەستی لەناوبردنی جەستە، خڕۆکە سپیەکان کە وەك قەناس بەدەست و هاوێژەری ئارپێچی وان

بەرەنگاریان دەبنەوە، خۆیان دەکەنە قوربانی لە پێناو پێشگرتن لە هێرشەکە، بەمەش میکرۆبەکان لەناودەچن، ئێمە بە ئەرکی ئەم خرۆکە سپیانە هەڵدەستین، هیوادارم وەڵامی تۆم دابێتەوە!

پاسەوانەکە بە مەندەهۆشی بێ دەنگ بوو، حەسەن پور هەمیشە جەختی دەکردەوە ئەگەر دووچاری پرسیارێکی لەم جۆرە بووینەوە، ئەوا پێویستە خرۆکە سپیەکانمان وەك نموونە بیر بکەوێتەوە، ئەمەش گاڵتەی مەحمود ئاقاسیم بیر دەخاتەوە لەگەڵ هاوڕێیان لە یەکەی ئەندازە، هەر بۆیە بە ڕافعی پاسەوانە تازەکەم وت:

- من و بەسیجەکانی هاوشێوەم، چاك عەدنان خێروڵا دەناسین! دوای شکاندنی گەمارۆی سەر ئابادان لە نێو جەماوەری سەرباز و ئەفسەرەکانیدا وتی: ئەگەر هێزێکی وەك ئەم بەسیجانەمان هەبووبایە، ئەوا دەمانتوانی جیهان داگیر بکەین!!

ئەم ڕستە و گوزارشتەم زیاد لە جارێك بینی لە مەحمود ئاقاسی فەرماندەی یاریدەدەر لە یەکەی ئەندازە (یەکەی تێکدان).

ئێوارە پێش فیکە لێدان، لە پشت تەلە دڕکاویکانی کەمپی جەمەلۆنی ژمارە سێ (کریم)م بینی، ناپاکی ئەو هاتە خەیاڵم، خوای مەزن کەریمی سەرشۆڕ کرد، سەرباری گشت ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی کردووە، وا دەردەکەوێ مێژووی بەکاربردنی تەواو بووە، ئازاردانی ئەو بۆ من گەیشتبووە ئاستێکی بەرگە نەگیراو، بۆیە کاتێك ئەفسەرێکی مەزن سەردانمانی کرد، هاوڕێیان سکاڵایان لای کرد کە لە بارودۆخمان تێدەگات، فەرمانی بە دەرکردنی لەسەر بەرپرسیارێتیەکەی و دوورخستنەوەی کرد بۆ شوێنێکی تر، سەرباری هاوسۆزی خەلیلی نەقیب لەگەڵ کەریم، بەڵام ملکەچی ئەفسەرە مەزنەکە بوو.

ئەمڕۆ ئێوارە؛ سەرشۆڕی ئەم ناپاکە و نزمیەکەیم بینی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك بینیم بە تەنها هاتوچۆ دەکات ئازارم بۆی چەشت، زۆر بە تەنها بوو، بانگم کرد و پێم وت:

- کەریم لێتخۆش بووم! وەرە بۆ لای برا و هاوڕێکانت، داوای لێبوردنیان لێ بکە بەڵکو خوا لێتخۆشببێ!

هەستی بەشەرمەزاری کرد و سەیری نەکردم، هاوڕێیان لە کەمپی جەمەلۆنی ٣ وتیان: هەست بە پەشیمانی دەکات!

- سێ شەمە ١٤ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

جیاوازی زۆر هەن لە نێوان زیندانی ئاسایی و دیل؛ زیندانی ئاسایی ماوەی بەندکردنەکەی دەزانێ، بەڵام دیل نازانێ کەی ئازاد دەکرێ، هەروەك غولام ڕەزا کەریمی دەڵێ: ئێمە وەك نەخۆشی تووشبوو بە شێرپەنجەین، نازانین کەی دەمرین!

لە پاسەوانانمانەوە بیست، هەواڵێکی گرنگ لە ڕادیۆیەوە پەخش دەکرێ، لە کاتژمێر نۆی بەیانی، لە ڕاستیدا گوێم پێنەدا و بە هاوەڵانم وت: لەوانەیە ئەم هەواڵە گرنگە لەبارەی هێرشکردنە سەر سعودیەوە بێ! هاوڕێیان لەبەردەم تەلەفزیۆن کۆبوونەوە، کاتێك هەواڵەکە بڵاوکرایەوە، لە شوێنی خۆم چەقم بەست! دڵخۆشی لە چاوی هەمووان ئاوێتە لەگەڵ فرمێسکەکان دەبارین!

ئایا ئەوەی دەوترێت ڕاستە؟ لە هەموو ژیانمدا دوو ڕووداو هەن بڕوام پێ نەکردوون! ڕووداوی کەوتنە نێو دیلایەتی و ئەم هەواڵە، عەباس بهنام کە پێدەکەنێ و فرمێسك دەڕژێنێ وتی: سەید! لە کۆتاییدا ئازاد دەبین.

وا وێنام دەکرد بۆ ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ لە پشت تەلە دڕکاویەکانەوە دەمێنینەوە، پێشکەشکارەکە نامەی سەدامی[1] دەخوێندەوە کە ئاڕاستەی سەید هاشمی ڕەفسنجانی کرا بوو، کاتێك بەندی چوارەمی خوێندەوەلەبارەی ئاڵوگۆڕ کردنی دیلەکانەوە، زۆرێك دەستیان بە گریان کرد! هەستم کرد سەرلەنوێ لەدایکبوومەتەوە، ئەمە مەزنترین هەواڵە لە ژیانمدا من دڵخۆش بکات، ئەو هەواڵەی خەونم بەوەوە دەبینی ڕۆژێك بیبیستم! هەندێك لە پاسەوانان دڵخۆش بوون، هەندێکی تریشیان گوێیان زۆر پێ نەدەدا.

هاوڕێیان نوێژی سوپاسگوزاریان بۆ خوای مەزن کرد، بەرپرسانی خێوەتگە شۆکیان گرت، بەهۆی دانپێدانانی ڕژێمی بەعس بە مافەکانمان و دووبارە دانپێدانانی بە ڕێکەوتنامەی جەزائیر، کە سەدام بەخۆی لە ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامیدا، لە ساڵی ١٩٨٠ لەسەر تەلەفزیۆن و لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی دەرکەوت، بۆ ئەوەی بە لەخۆبایی بوونێکی زۆرەوە ئەم ڕێکەوتنامە هەڵبوەشێنێتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە! ئەو هەوڵی ڕامالینی ڕژێمی شۆڕشی ئێرانی دەدا، هەر دوو لای ناوچەکە داگیر بکات و ڕێبەری ئومەتی عەرەبی بکات و جێگەی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بگرێتەوە؛ بەڵام ڕێبەرایەتی ئیمامی خومەینی کۆچ کردو خوا لێی ڕازی بێ و یەکێتی گەلی ئێرانی و هاریکاری و دەستەبەری و ئامادەییە کارایەکەی لە گشت گۆڕەپان و مەیدانەکان و خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پاڵەوانان و ئارامگرتن و خۆڕاگریان،

(١) لە بەندی چوارەمی نامەکەی سەدام حوسێن بە بەرواری ٢٣ موحەڕەمی ١٤١١ك بەرامبەر ١٤ ئابی ١٩٩١ ئەمەی خوارەوە هاتبوو: ((ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانی جەنگ بە هەموو ژمارەیەکیانەوە لە عێراق و ئێران لە ڕێگەی سنووری وشکانی لە خانەقین – قەسری شرین، ئەو خاڵانەی ڕێکەوتنیان لەسەر دەکرێ، ئێمە لە ڕۆژی هەینی ١٧ ئابی ١٩٩٠ ئێمە دەستپێشخەر دەبین.

عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆك کۆماری ئێران! برا؛ بەم بڕیارە هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە هەرچی داواتان کردووە و پێداگیریتان لەسەر کردووە دێتەجێ، تەنها ئاڵوگۆڕی بەڵگەنامەکان ماوە)).

خەوی لە چاوەکانی سەدام و سەرۆکەکانی پشت ئەو و پشتیوانانی زڕاندبوو، لە کۆتاییدا هات و دانی بە گشت مافەکانی ئێراندانا کە دوێنێ پێشێلی کردبوو.

لە کۆتاییەکاندا هەندێك لە هاوڕێیان هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیاندا لە ناپاك و سیخوڕ و دووڕووەکان، هەندێکیان ویستیان ئەوانە پاکتاو بکەن کە ناپاکیان کردووە، ناکرێ لێیان خۆشببین، بەڵام بە تەمەنەکان نێوەندگیریان لە بابەتەکەدا کرد و توڕەبووەکانیان ڕازی کرد زیانیان پێ نەگەیەنن!

- پێنج شەمە ١٦ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

عەتیە مرۆڤێکی ڕێك و پێك نەبوو، هەواڵی ئاڵوگۆڕ کردنی دیلەکانی بە ساردی وەرگرت، بە هاوڕێیانی وت: زۆر دڵخۆش مەبن تا قاچتان دەخەنەسەر خاکتان، لە هەر ساتێکدا لەوانەیە سەدام لە بڕیارەکانی پاشگەز ببێتەوە، ئێوە لێرە چێژ دەبینن بە بەخشندەیی میوانداری و کێبڵەکانمان!

سەرباری ئەوەی عەتییە بوێری نەبوو کێبڵ و داردەستە بەکاربهێنێ، بەڵام شاراوەکانی نێو سینگی خۆی ئاشکرا کرد، نازانم بۆچی دڵگرانە لە ئازاد کردنی دیلەکان؟!

پێم وت: بە ویستی خۆمان نەهاتووینەتە ئێرە، بە ویستی خۆشمان لێرە نەماوینەتەوە، دەگەڕێینەوە نیشتمانەکەمان، سەید محەمەد شەفاعەت منش وتی: بە سەر بەرزانە و پاڵاوانانە دەگەڕێینەوە، دوای ئەوەی سیماکانی گیانفیدااییمان تۆمارکرد.

عەتییە دەستی بە جنێو و وشە پیسەکانی کرد و وتی:

- ئێوە کە پەککەوتوون ئەم قسانە دەکەن، دەبێ ئەوانی تر چی بڵێن؟

به عەتییەم وت: زستان تێپەڕی خۆڵەمێش لەسەر ڕەژوو مایەوە، دەگەڕێینەوە ئێران، یادەوەریە تاڵەکان لەگەڵ خۆمان دەبەین، چی دەبێ ئەگەر بەپێچەوانەوە یادەوەریە شرینەکان لەگەڵ خۆمان ببەین، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چاك و بە چاکە باستان بکەین؟

ئەمڕۆ عەباسی نەقیبی فەرماندەی نوێ، فەرمانی بە فەرمی بە پاسەوانان کرد کێبڵ و قەمچی بەکارنەهێنن و دوور فڕێیان بدەن، وا دەردەکەوێ بەرپرسان نایانەوێ دیلەکان بگەڕێنەوە نیشتمانەکەیان، لە کاتێکدا شوێنی لێدان و هەڵسوکەوتی تووند بە جەستەکانیانەوە بێ، ببنە تۆمارێك بۆ کارە دزێوەکانیان لەبەردەم چاویکەکانی ڕاگەیاندن.

ئێوارە سەلوان هاتە لام و داوای لێبوردنی لێکردم، دەیویست لە دڵەوە لێی ببورین، پێم وت: سەلوان ڕەفتاری تۆ لەگەڵ ئێمە چاك نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵەوە لێت خۆشبووم.

لە ڕاستیدا لەو خۆشبووم، بەڵام ناتوانم لە وەلید خۆشبم، هەردەم بە توونددی لێی دەدام، بیرم دێتەوە جارێك یارمەتی منی دا، کاتێك کەمێك شۆربام ڕژاندبووە سەر وێنەی سەدام لەسەر ڕۆژنامە، بەڵام ئەو لێی نەگەڕا ماجد سزام بدات، ماجد بە لەخۆبایی بوونەوە بە محەمەد کازمی وت: ئەرکی ئێمە سزادانی ئێوەیە، ئێمەش ئەرکی خۆمان جێبەجێ دەکەین، ئەمە بۆ ڕقی کەس ناگەڕێتەوە، محەمەد کازم وتی: گەورەم کێشە نییە ((پێوەدانی دوپشك لە داخوازیەکانی سروشتەکەیەتی)).

کاتێك هەڵسوکەوتەکانی عەتیەم بیردێتەوە، پێکەنین دەمگرێ، بانگی دەکردم و دەیوت: من ڕقم لێت دەبێتەوە چونکە تۆ پاسەوانی خومەینی، پێم وت: ئێستا دەبێ چی بکەم؟ پۆستاڵەکەی لە دەمی من نزیك کردەوە و وتی گازی لێبگرە.

پێش چەند ڕۆژێك من سەرنجم دابووە سەری، وتی: ئەوە چیتە؟ پێم وت: ئەوەندە تاڵی، شیلەی هەنگوین کار لە گۆڕینی تامەکەت ناکات! لە ڕاستیدا عەتیە بە تەواوی نا ڕێك و نا تەواو بوو، زۆر بەدەستیەوە دەمانناڵاند بەهۆی خێل بوونی چاوەکانی، بانگی دیلێکی دەکرد و سەیری یەکێکی تری دەکرد، دیلەکەی تر دەهات و دووچاری لێدان دەبووەوە و پێی دەوت: کێ بانگی تۆی کردووە قەشمەر؟! دواتر دەچووە لای دیلە داواکراوەکە و لێدەدا و دەیوت:

- بۆچی کە بانگت دەکەم نایەی هەی قەشمەر؟!

- شەمە ١٨ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەمڕۆ دەیەم یادی ساڵانە تێدەپەڕێت بەسەر تەقینەوە مەزنەکە، کە گوندەکەمانی هەژاند پێش دە ساڵ، دوێنێ یەکەم کۆمەڵەی دیلە ئێرانیەکان گەڕانەوە نیشتمان.

من دەژیام لەگەڵ تاڵایەتی یای تەقینەوە مەزنەکە، کە بووە هۆی کوژرانی خۆشەویستانم، یادەوەریەکانی ئەم کارەستە لەبیر نەکراوە زۆر ئازارم دەدات، خوای مەزن وای ویستووە ئەم یادە کاوڵکەرە هاوکات بێ لەگەڵ دەستپێکی ئازاد کردنی دیلەکان بۆ سوککردنی زۆرێك لە تاڵایەتی یادەوەریەکان، هاودەمی گەورەترین خۆشی بێ لە ژیانمدا!!

بەڵێ خوای پاك و بێگەرد ویستویەتی دڵخۆشی مەزن پێش یەك ڕۆژ لە یادی مەرگەساتەکە دەستپێ بکات، لە هەموو ساڵێکی هاوشێوەی ئەم کاتە یادەوەریەکان بەیەکەوە دەست پێدکەن، بۆ ئەوەی دۆخی هاوسەنگی بپارێزێ لە ناخمدا لە نێوان خۆشی و خەم، شرینی و تاڵایەتی، تا دەروون چێژ لە ژیان ببینێ[1].

---

(١) ئازاد بوون و ڕزگاربوون لە گرتووخانە نهێنیەکانی دیلایەتیدا. لە نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممەی ١٨ ئابی ١٩٨٠ تیشکی خۆر کۆڵانی گوندی (دە بزرگ) داگرتبوو، ڕەنگی دەدایەوە لەسەر دیواری خانووە گڵینەکانی،

ئەو کاتە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان بووم، لەگەڵ هاوڕێیانم یاریمان دەکرد و دڵمان پڕ لە خۆشی و شادی بوو، ژیان وەك ئاوی بێگەرد و شرین دەچووەڕێ.

لەو ڕۆژانەدا من یاری و گاڵتەم دەکرد، لە پاڵ ئەمەدا یارمەتی دایکم دەدا، لەو ڕۆژەدا لە پێشنیوەڕۆ لە سەری چیاکەوە دەهاتمەوە هەندێك قەدە دارم پێ بوو.

فەر و بەرەکەتەکانی شۆڕشی ئیسلامی گەیشتە گوندەکەمان لە بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوە، ڕووخسارە کۆنی گۆڕی لە هەژاری و بێ بەشکرانەوە، ڕووی گوندێکی جوانی لەو ناوچەی لێ دەرکەوت، کە لە باوەشی دۆڵێکە و چیاکانی (پیچاب) بەسەریەوە دەڕوانن.

کار دەستی پێکرد لە دروستکردنی ڕێگایەك کە بەشی باکوری گوندەکە دەگەیەنێ بە ناوچە شاخاویەکان و لە گۆشەگیری ڕزگاری دەکات.

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دایکم هەندێك ئەستورکی بۆ چاك کرد بووم، دۆڵکەیەکی پڕ ئاویشی بۆ ناردمە نێو باخچە، کاتی چنینی هەنار و ترێ و هەنجیر هات بوو.

کات لە دەوروبەری پێنج و نیوی ئێوارە بوو، من گوێدرێژەکەی خۆم بە باری پڕ لە هەنارەوە دەبردەوە بەرەو گوندەکەم، بە دووری سەد مەتر لە گوندەکە دەنگی تەقینەوەیەکی ترسێنەر بێ دەنگیەکەی شکاند، لە شوێنی تەقینەوەکە دووکەڵێکی زۆر بەرز بووەوە، ڕەنگ ڕەش بوو و تێکەڵ بە تەپ و تۆز ببوو و بەسەر گوندەکەدا دەباری، تا ئێستا دەنگێکی وام نەبیستووە، بەرەو ماڵەکەم هەڵاتم و جەستەی سوتا و پارچە پارچە بووم بینی، تاڵە موەکان بە هەواوە دەبارین.

ماڵەکەمان دەکەوێتە باشور خۆرئاوای گوندەکە، گەیشتمە ئەوێ و هەناسەم سوار ببوو، پەروانەی خوشکم کە تەمەنی شەش ساڵان بوو لە پاڵیدا خوشکە شیرەخۆرەکەم (هنگامە) کە تەمەنی پێنج مانگ بوو کەوتبوون، هنگامە دەگریا و پەروانە هەوڵی حەواندنەوەی دەدا، پرسیارم لەبارەی دایکم کرد وتی: ڕۆیشتووەتە ماڵی (میرزا زرغام).

- موهین تاج و هیمەتوڵا لە کوێن؟
- موهین تاج لەگەڵ دایکم ڕۆیشتم و هیمەت لە حەوشەی ماڵەوەیە.

پەروانە پرسیاری لێکردم لەبارەی دەنگی تەقینەوەکە، من بەبێ وەڵام بەجێمهێشت، ڕام کرد بۆ ماڵی میرزا زرغام، کەسم نەبینی، هەندێك لە خەڵکی گوندەکە بریندار و هەندێکی تریش مرد بوون، ئەوانی تریش ڕایان کرد بوو بۆ شوێنی تەقینەوەکە.

لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، بینیم لاشەی کوژراوان لە پیرەمێرد و گەنج و منداڵەکان فڕێدراونەتە نێو کۆڵانێکی بەرتەسکەوە، خانووەکەمان دوو دەرگای خۆرهەڵات و خۆرئاوای هەیە، کاتێك لە دەرگاکەی ترەوە هاتمە ناو حەوشەی ماڵەوە، لە شوێنی خۆم ڕاوەستام، کاتێك چاوم کەوتە سەر جەستەی برا بچوکەکەم کە لە تەمەنی پێنج ساڵان بوو، لاشەکەی سارد بووەوە، وا هەستم دەکرد خەوتووە یان لەهۆشخۆی چووە، لەلای دانیشتم و جەستەکەیم جوڵاند، لەلای ڕووخساریەوە خوێنی وشك بوو هەیە،

وەك كۆترێکی سپی شەهید وا بوو کە دەستی دانابووە سەر ئەو شوێنەی ساچمەکەی بەرکەوتبوو، کەسی لەلا نەبوو و دواهەناسەکانی دەردەدا و ماڵئاوایی لە ژیان دەکرد، من یەکەم کەس بووم کە گەیشتم بەڵام دوای ئەوەی ئەو ڕۆیشت! خەندیەك لەسەر لێوانی دروست بوو.

هەمووومان سەید هیمەتمان خۆشدەویست، بەهۆی دۆخە تەندروستیەکەی، لە ساڵی ١٩٧٥ سەید قودرەتوڵای برام دەچووە (تنگ زال) کهگیلویە بۆ ئەوەی دەست بەکاری خۆی بکات وەك مامۆستا، من و موهین تاجی خوشکم و سەید عینایەتوڵا و سەید هیدایەتوڵای لەگەڵ خۆی دەبرد، بۆ ئەوەی گەورەکان فێر ببن و بچوکەکانیش پەروەردە ببن، تا ئەم ساتە کە سەید قودرەتوڵای براکەم کە نوێنەر و ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژە، کاتێك بیر لە موهین تاج و سەید هیمەتوڵا دەکاتەوە، ئەوا فرمێسکەکانی لەسەر ڕوومەتەکانی دەڕژێن.

پێش دوو ساڵ سەید هیمەتوڵا نەخۆش کەوت، بەبێ ئەوەی باوکم و براکانم لەوێ بن دایکم بردی بۆ گچساران بۆ چارسەرکردنی، لەوێ دەرزیەکی بە هەڵە لێدرا و تووشی نیوە پەککەوتن و شەلبوون هات، تا ماوەیەك بە ناچاری نەبووبا نەیدەتوانی بڕوات، دایکم و براکانم هەوڵی بێ وچانیاندا بۆ ئەوەی مەشقی پێبدەن و دواتر باری تەندروستیەکەی کەمێك چاك بوو، چەند هەناگاوێك دەڕۆیشت و دەکەوتە سەر زەوی، هەمووومان خۆشحاڵ بووین بەهۆی چاك بوونی باری تەندروستیەکەی، بەوەی دەتوانێ ئەگەر کەمیش بێ بچێتەڕێ، برا گەورەم سەید حیشمەتوڵا لە هەمووومان زیاتر بایەخی پێدەدا، لە دووری پێنج مەتر دەوەستا و ئاماژەی بۆ سەید هیمەتوڵا دەکرد سەبارەت بە چوکلاتەکان، ئەویش هەوڵی دەدا ڕابکات و بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لە دوای چەند هەنگاوێك هاوسەنگیەکەی لە دەست دەدا، بەمەش ئێمە خەمبار دەبووین.

من سەیری جەستەی ئەم بچوکە ڕاکشاوەم دەکرد، زۆر گریام، ڕۆیشتمە لای پەروانە و پێم نەوت دایکم لە ماڵی میرزا زرغام نییە، هیچم لەبارەی سەید هیمەتوڵا نەوت، دەمویست هنگامە ببمە ئەوسەری گوندەکە بۆ لای دایکم و پێی بدەمەوە، بە پەروانەم وت لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی چاوی لە هنگامە بێ، دەمویست بگەڕێمەوە دایکم و خوشکم موهین تاج بدۆزمەوە، ڕامکرد بۆ شوێنی تەقینەوەکە.

گرمە و هۆرەی گریان ئاسمانی داگرتبوو، ئافرەتان لە ڕووخساریان دەدا و بە دەنگی بەرز دەیانوت: جەستەکان پارچە پارچە بوو، هەر یەکێك بە دوای قوربانیانی خزمە نزیکەکانی دەگەڕان، هەندێکیان لای جەستەی قوربانیەکانیان دانیشتبوون، کە لەم تەقینەوەیدا لە دەستیاندا بوو، من لە نێو دیمەنێکی پڕ ئێشدا بووم لە جەستەی پارچە پارچە بوو و جەستەی سوتاودا، بینیم هەمووان خزمانی منن، دواتر موهین تاجی خوشکم بینی کە لە بەهاری سێزە ساڵی تەمەنی دابوو، ڕووخساری درەوشاوەی داپۆشراوە بە خۆڵەمێش و بارود، دڵم شەق و لەت و پەت بوو، لەلای دانیشتم و زۆر گریام، زۆر ئەوم خۆشدەویست، لەلای قوتابخانە کەوتبوو، ئەو قوتابخانەیەی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تێدا دەخوێند، منیش ئەو کات پۆلی دووی سەرەتایی بووم؛ بەستە سورەکەی بەشێکی سوتا بوو، پۆشاکێکی شیری لەبەر دەکرد، کە

نەخشێنرا بوو بە گوڵەکانی بەندەی خۆر، ملوانکەیەکی ئاڵتونی تێخرا بوو، کە خاڵم بۆی کڕیبوو، تەپ و تۆز بازنە زیوینەکانی ئەویان ڕووماڵ کرد بوو. بەدوای دایکمدا گەڕام کەس وەڵامی نەدایەوە، هەر یەك بەدوای خزمانیدا دەگەڕێت، گوێبیستی دەنگی ئامۆزاکەم (شاه بی بی) بووم، دەیوت جەستەی (گل بی بی) لێرەیە، منیش بەرەو لای ڕام کرد، بینیم دایکم بوو! بڕوام بەوە نەکرد کە چاوەکانم دەیبینن، هەستم کرد کۆتاییم هات و مۆمی ژیانم کوژایەوە تا هەتایە، ئومێدم دەکرد خوڵ لەسەر ڕووخساری لابدەم و خۆزگە کات دەگەڕایەوە پاش. دایکم کۆچی کرد، ئاشتی و گەرم و گوڕی و سۆز نەمان، پۆشاکەکانی خوێناوی ببون، کەش و هەوایەکە پڕ بوو لە هاوار و ناڵە و پیاوان هاتن بە هانای بریندااران، جەستەی سەید عینایەتوڵایان هەڵگرت، تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو، کەوتبووە ژێر بینایە ڕووخاوەکە، ئەگەر لە کاتی گونجاودا دەریان هێنا بووبا ئەوا بە زیندوویی دەمایەوە، توونــد و تیژترین شێوەکانی مردنم بینی و بە هەموو بوونی خۆم هەستم پێی دەکرد.

نازانم ئێستا لە چ سنوورێکی کلت و شوێن بوەستم؟ گەڕامەوەماڵەوە پەڕوانە دەگریا، دەیویست بچێتە شوێنی تەقینەوەکە، بە تیلە چاوێك جەستەی سەید هیمەتوڵای بینی و گەڕایەوە و هنگامەی لە باوەش بوو! لە پاڵیدا دانیشتم، من وا دەمزانی نازانێ چ شتێك بەسەر براکەی هاتووە، کاتێك کەمێك ئارام بووم پێی وتم: لاشەی سەید هیمەتوڵام بینیوە، بەمە زۆر گریام، نەمدەزانی چی بکەم! ئەوم جێهێشت و گەڕامەوە و دەمویست لای دایکم دانیشم.

خۆرئاوا بوو، من ونببووم لە نێو گرمەی خەڵکدا کە هاتبوون بەهانای ڕزگارکردن و دڵدانەوەدا.

هەندێك ئافرەت لاشەی خوشکەکەمیان هەڵگرت و دایاننایە تەنیش دایکم، ساچمەکان دڵی خوشکەکەمیان دڕاند بوو، ئامۆزاکەم سەید ئیسحاق کە هەر دوو براکەی سەید ڕەحیم و سەید دەراج کوژرا بوون لە ڕووداوەکەدا، هەڵسا بە گواستنەوەی لاشەی هیمەتی براکەم بۆ ئەوسەری گوندەکە، بۆ ئەوەی دایبنێتە تەنیشت لاشەی شەهیدانی خێزانەکە، لەلای خێزانەکەم دانیشتم و پەروانە هاتە شوێنی تەقینەوەکە و هنگامەی لە باوەش بوو. نازانم چۆن شەوەکە تەواو بوو، من وەك ئەو کێژوولە و چێشکەیەم لێ هاتبوو کە باران تەڕی کردووە و گۆشەگیر بووە، یادەوەریەکانی مندالێیم دڵۆپ دڵۆپ بەردەبوونەوە بۆ نێو یادم، بەهۆی بچوکی تەمەنمەوە وا وێنام دەکرد ئەوەی دەبینم کابوس یان خەونێك بێت.

لە لای چەپی دەروازەی گوندەکە گۆڕەپانێکی مەزن هەبوو، جەستەکان بۆ ئەوێ گوێزراونەتەوە، تەقینەوەکە ئەوەندە توونــد بوو، پارچەکانی جەستەی قوربانیان بۆ سەدان مەتر دوور فڕێدابوو، خەڵکی لە دەوروبەری گوندەکە پارچە جەستەیان دەدۆزیەوە و دەیانناشت بەبێ دیاری کردن، گوندەکە ڕووە جوان و ڕازاوەکەی لە دەستدا، ژمارەی قوربانیان یادەوەری تاڵیان لە دوای خۆیدا جێهێشت، بەتایبەت ئەو گەنجانەی ئەم کارەساتەیان بینی، بەم شێوەیە گوندەکە بەرەو تێکچوون و لە دەستدانی پڕشنگیەکەی دەڕۆیشت.

دوای ساڵێك و سی ڕۆژ، ڕژێمی بەعس لە عێراق دەستی بە هێرشە هەلایەنەکەی کرد، لە ناخی خۆمدا دەموت: ئەگەر ئەو گەنجانەی کوژراون لەم تەقینەوەیەدا ئێستا زیندووبان، ئەوا لە پێشەنگی بەرگری پیرۆزدا دەبوون، لە سەرەوەی شەهیداندا دەبوون.

لە گۆڕەپانی گوندەکە خەڵك کۆبووەوە لەلای لاشەی قوربانیەکانیان، لە خزم و خوێشەکانیان، ئافرەتان پرچیان دەردەهێنا و لەخۆیان دەدا و تەپ و تۆزی خەم و خەفەت باڵیکێشا بوو، بۆنی باروت و دووکەڵ بڵاوببووەوە، وەك ئەوەی دوارۆژ بەرپا بووبێ.

گەڕامەوە ماڵەوە چۆڵ بوو، تەنانەت ئەو پۆشاکانەی کە دایکم شۆردبوونی ئەوا هێشتا لەسەر شێرەکە بوون، دایکم هەلی ئەوەی دەست نەکەوتبوو بەسەر دیوار هەڵیانبخات، پەروانە و هەنگامەم نەدۆزیەوە ماڵەکە چۆڵ بوو.

خەڵکی گوندە نزیکەکان هاتبوون بۆ یارمەتیدانی دەرهێنانی قوربانیان و بەهاناوەچوونی برینداران و گێڕانەوەی گوندە تێکشکاوە بۆ سەر ڕێڕەوە سروشتیەکەی.

لەو شەوەدا من وەك زۆر منداڵی تر ون و سەرگەردان بووم، سەید ئیسحاقی ئامۆزام منی برد و دایە دەستی خاڵم، خالی بچوکم ئومێد عەلی جیهاندیدە لە بنکەی پۆلیس خزمەتی دەکرد لە بستان، لەگەڵ هەندێك پلەدار هاتە گوندەکەمان بە پۆشاکی سەربازی.

پێش سەرکەوتنی شۆڕش کە بچوك بووم ڕقم لەم پۆشاکە دەبووەوە، ڕۆژێکیان پیاوانی پۆلیس هاتنە ماڵمان و پشکنیان و باوکمیان دەستگیر کرد، دوای ئەوەی ساواك براکەمیان دەستگیر کرد، کاتێك دەهاتنە گوندەکەوە ئەوا هەڵدەهاتین بۆ پشت بەردەکان لە بەرزاییەکانی گوندەکە، جارێکیان عەقید ڕەحمانی بۆ پشکنینی ماڵەکەمان هاتە گوندەکە و دراوێکی پیشاندام و وتی کتێبی براکەت و چەکی باوکت لە کوێن من ئەوەت پێ دەدەم، ئاخ خۆزگە ئەمەم بەدەستدەهێنا بێ ئەوەی هیچی پێ بڵێم!

خاڵم چاوەڕێی منی دەکرد لەلای ئوتۆمبێلی بنکە، سەید ئیسحاق منی برد و دایە دەست ئەو، ماچێکی لێدام و منی لە باوەشگرت بە خۆشەویستی و لەبارەی دایکمەوە لێی پرسیم:

- دایکت لە کوێیە؟
- مردووە!
- بەبێ دەنگی سەیری کردم و بڕوای نەکرد خوشکە تاقانەکەی لە دەستداوە.
- چی دەڵێ؟ مردووە؟
- دەستی بەگریان کرد و پرسیاری لێکردم لەبارەی موهین تاج!
- ئەویش مردووە!

پرسیاری لەبارەی هیمەت و پەروانە و هەنگامە لێ کردم؟ پێم وت: هیمەت مردووە، بەڵام پەروانە و هنگامە هیچ شتێکیان بەسەر نەهاتووە.

بردمە گۆڕەپانی گوندەکە و دایکم و خوشکم و برا بچوکەکەم پیشانی ئەواندا، خاڵم لای خوشکە تاقانەکەی دانیشت و بەکوڵ دەگریا، خاڵم بە دوای پەروانە و هنگامەدا دەگەڕا، زانیمان خەڵکی گوندی تەکیە بردویانەتە گوندی خۆیان.

لە بەیانی زوودا خاڵم منی دایە دەست پیاوێکی خەڵکی باشت، دواتر زانیم کێیە، ناوی زۆراب گرچی پور بوو، تازە لە باشتەوە هاتبوو و ئوتۆمبیلی کومپرسی ڕەنگ زەردی هەبوو، خێزانەکەمی دەناسی و برادەری براکەم بوو لە دامەزراوەی تێکۆشان و ئاوەدانیدا پێش شۆڕش، برادەری قودڕەتوڵا و حیشمەتوڵای براکانم بوو، خاڵم ڕایسپارد بۆ ئەوەی بمبات بۆ تیرەی شیاس، کە ماڵە کۆنەکان لەوێن و دەکەونە دەروازەی شاری شیاس، کە دەکاتە تیرەی دایکم، ڕێگاکە لە باشتەوە زۆر قەربالغ بوو، تەقینەوەکە ببووە هۆی کوژرانی پەنجا و نۆ کەس و حەفتا و سێ بریندا و پەککەوتە.

ماوەی ڕێگەی باشت دوو کاتژمێری خایاند، من بە درێژایی ڕێگاکە دەگریام، زۆراب هەوڵی هێورکردنەوەی منی دەدا، تێنەدەگەیشتم چی دەڵێت، دەستی بەسەر سەریدا دەهێنام، زهراب کەسێکی دڵ چاك بوو، بەرگەی نەگرت بە گیرانەوە بمبینێ، بۆیە لە کۆتاییدا دەستی بەگریان کرد.

لە ڕێگادا یادەوەریەکانم دەهاتنەوە بیر کە هەم بوون لەگەڵ موهین تاج پێش دوو مانگ، ئەمە لە بەهاردا بوو، دایکمان ئێمەی ڕەوانە کرد بۆ ماڵی خاڵۆیانم، ماوەی نێوان گوندەکەمان بۆ باشت بەپێ ڕۆیشتن حەوت کاتژمێری دەخایاند، کاتێك گەیشتینە ڕێگەی خۆشکراوی نزیك پردەکە، توانای ڕۆیشتنم لەدەستدا، بنی پێیەکانم ئاوسان، سواری ئوتۆمبێلێك بووین و ئێمەی گەیاندە گوندی (کتە) و زۆر تێنوو بووم، لە دەرگای یەکەم ماڵماندا و خۆمان ناساند، ماڵی سەید ڕەزا بوو لە سەیدانی عەنائی، هاوژینەکەی بی بی ماهتاب ئەحمەد زادە ژنێکی چاك و بەڕێز بوو، خواردنی پێجاین و ئێمەیان گەیاندە لای ڕێگاکە، چاوەڕێی ئوتۆمبێلێکمان دەکرد، لۆریەکی ڕەنگ زەرد لەبەردەممماندا وەستا، شوفێرەکەی سەید نەسرەتوڵای براکەم بوو، لەوەتەی چەند مانگێکە سەید قودڕەتوڵای برام سەرۆکی تێکۆشان و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە داوای لە سەید نەسرەتوڵا کردووە لۆریەکە ببات بۆ گوندەکە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکە، سەید نەسرەتوڵا لە لۆریەکە دابەزی و ئێمەی ماچ کرد و ئینجا سوار بووین و گەیشتینە باشت، سەید نەسرەتوڵامان جێ هێشت و خواحافیزیمان کرد و ڕۆیشتینە ماڵی خاڵۆیانمان، ئەو کات خواحافیزیەکە دوایین خواحافیزی نەسرەتوڵا بوو لەگەڵ موهین تاج.

ئێستا من لە ڕێگەدام بۆ باشت، لە کاتێکدا لاشەی موهین تاج لە گۆڕەپانی گوندەکە دانرابوو، لەبەر ئەمە بەدرێژایی ڕێگاکە دەگریام.

زۆراب منی دایە دەست خزمانی دایکم، ڕۆیشتمە ناو ماڵی خاڵۆیانم، هەر کە چاوی ئافرەتان کەوتە سەر من، ئەوا دەستکرا بە گریان و لەخۆدان.

لە ماڵی داپیرەم ئافرەتێك بە دەنگێکی خەمبار دەگریا و (شروە)ی دەوت (شیعرێکی خەماویە، بە دەنگێك دەخوێنرێ کە خەمی لێدەبارێ – وەرگێڕی عەرەبی) هەندێك ئافرەتیش هۆرەیان دەهات، ئەگەر

باپیرەم لە دایکم مابووبایە، ئەوا لەدەستدانی کچە تاقانە و منداڵەکانی زۆر لەسەری گران دەبوو، باپیرەم لە دایکم جوتیارێکی کۆڵنەدەر بوو، لە پاییزی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد، زۆر باوکی خۆشدەویست و ڕێزی لێدەگرت، داپیرەشم شاە بی بی محەمەدی لە ڕوونی دەروونیەوە شۆکی گرتووە و چەندین ساڵی دوور و درێژ دەینالاَن بۆ کچە تاقانەکەی بە گۆشەگیری و دەیلاواندەوە، حەوت ساڵ ئاوا بەردەوام بوو تا ڕۆیشتە بەر میهرەبانی خوا.

دەردی دووری زۆر کاری لە دەروونم کرد، دوای لە دەستدانی دایکم، من خاڵەت و پورم نەبوو، باپیرانم لە باوکم و لە دایکم مرد بوون، داپیرەم لە باوکم بەهەمان شێوە مرد بوو، تاکە برام سەید هیمەتم لەدەستدا.

خالم ئومێد عەلی ئەو شەوە لە گوندەکە مابووەوە و تەرمەکانی هێنایە باشت، سەید عینایەتوڵای برا گەورەم لە گوندەکەدا نێژرا و سێ تەرمەکەی تر گوێزرانەوە بۆ شۆردن لە (ئابنمای) لەلای دەروازەی گوندەکە، ئافرەتانی تیرەی شیاس و گوندی تەل مویزی و خزمانی باشت هاتنە شوێنی شۆردن و کفن کردنەکە، ڕۆیشتمە لای دەروازەی شارەکە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی کۆتایی لە دایکم بکەم، ئەم شتانە پڕ ئازارترین بوون.

لەم ساتە ئازاربەخشە پەنجا و حەوت کەس دەبنە قوربانی لە پێناو ڕزگارکردنی دوو کەس، ئەمە کاتێك ڕوویداوە کە ئەسکەندەر ئیبراهیمی ئاسنگەر لەگەڵ سەید حوسێن سەجادی ڕۆیشتووە بۆ کوژاندنەوەی باروتەکە، باروتەکە هی فەرمانگەی ڕێگە و بان بوو لە پێناو ڕێخۆشکردن، بەهۆی فشاری گازی بارودەکە دەرگا بەروی ئەسکەندەر و سەید حوسێن داخراون، هەوڵەکانیان بێ کەڵك بوو لە کردنەوەی دەرگاکان، خەڵکی گوندەکە ڕۆیشتن بۆ یارمەتیدانیان، هەندێکیان چوون بۆ ئاو هێنان و هەندێکی تر هەوڵی دیوار کون کردنیاندا، پیاوان زۆر کاریان کرد بۆ کردنەوەی دەرگاکە، لەناکاودا یەك تەن دینامێت بە شێوەیەکی ترسناك تەقیەوە، گیانی دایك و خوشك و دوو براکەمی لێ سەندم، کاتێك ڕۆیشتمە بەرەکانی جەنگ، دەنگی تەقینەوەکان یادەوەری تەقینەوە ناخۆشەکەیان بیر دەخستمەوە!

دوای سێ ڕۆژ خەڵکی گوندەکە هاتن و پەروانە و هنگامەیان دایە دەست باوکم، باوکم هاتە باشت و پەروانە و هنگامەی ڕادەستی خاڵوانم کرد، چاودێری کردنی هەنگامە بە تەمەنە پێنج مانگیەکەی کارێکی سەختە، باوکم هنگامەی بردە یاسوج بۆ ئەوەی دایبنێتە بنکەی چاودێری منداڵانی شیرەخۆر.

باوکم وتی: شەوێك شەش ئافرەتی شیردەرم بە ئاگا هێنایەوە بۆ شیردان بە هنگامە، بەڵام لەلای هیچ یەکێکیان شیرمان دەستنەکەوت.

لەو ساڵانەدا من خولیا و ئومێدی بینینی دایکم هەبوو، هەستم بە سۆز و دڵسوتانەوە بۆی دەکرد، وا ڕێکەوت لە باشت ئافرەتێکم بینی زۆر هاوشێوەی دایکم بوو، ناوی ((بی بی جەوهەر)) بوو، هەندێك جار دەمبینی دەچووە بازار، منیش بەدوای دەکەوت و بۆ ئەوەی ببینم و چێژ لە بینینی بگرم، ئەو دایکمی بە بیر دەهێنامەوە، سەیری دەموچاوی ئەوم دەکرد وەك ئەوەی ڕووخساری دایکم ببینم، لە من و

ئا بەم شێوە دیمەنە خەمبار و مەرگەساتەکان دێنە پاڵ یەك.

---

هەڵسوکەوتەکانم نیگەران نەدەبوو، بەهۆی ئەوەی من منداڵێکی بچوك بوو، کاتێك زانی بە دایکم دەچێت، زۆرتر بە سۆزەوە سەیری دەکردم و هەندێك جار فرمێسکی لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە، هەر ساڵێك زیاتر کە تێدەپەڕی زۆرتر خولیای بینینی دایکم چڕ دەبووەوە، ئەوەی زۆرتر ئازاری دەدام هیچ وێنەیەکی دایك و خوشك و براکەم نەبوو، لە ساڵی ١٩٨٧ لە بەرەی شەڕی خۆرئاوا بریندار بووم، چەند ڕۆژێکم بەسەر برد لە ماڵی خاڵی مەزنم لە تاران، ببووە گرێ لە دڵمدا بەوەی وێنەیەکی دایك و خوشك و براکەمم نەبوو، زۆر لە ماڵی خزماندا گەڕام بەڵام بێ سود بوو، خەریك بوو سیمای کۆچ کردووان هێدی هێدی دەتوایەوە! هەندێك جار ناتوانم وێنایان بکەم، هەندێك جاریش لە خەوندا دەیانبینم، بەمەش وێنەکەیان بە ڕوونی دێنەوە یادم، پرسیارم لە خاڵم کرد: خاڵی ئازیزم ئەو کات تۆ کامێرات هەبوو، بۆچی وێنەیەکی خوشکە تاقانەکەت نەگرتبوو؟ لەگەڵ خوشکەزاکانت! وێنەی زۆری باوان و خزمانی تر هەیە؟ ئاخێکی بەسۆی هەڵکێشا و وتی: لە کوێوە دەمزانی ئەو و منداڵەکانی لەدەست دەدەم؟

ناهیدی هاوژینی خاڵم وتی: بەدرێژایی چەندین ساڵ دەمبینی خاڵت دەچووە هەیوانەکە و بەشەو باسی دایك و خوشك و دووبارەکەتی دەکرد و دەگریا.

خاڵم دژی ڕۆیشتنم بوو بۆ بەرەی جەنگ، پێی وتم: چوار لە ئەندامانی خێزانەکەت کوژراون، بمێنەوە و چاودێری دوو خوشکە هەژارەکەت بکە.

ڕووداوی تەقینەوە مەزنەکە لە گوندەکەمان بووە بابەتێکی زیندوو بۆ ڕاگەیاندن، ئەو کاتە حکومەت بە سەرۆکایەتی شەهید محەمەد عەلی رجائی ماتەمینی گشتی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕاگەیاند، بازاری بازرگانی داخرا، ئایەتوڵا دهدشتی وەك نوێنەری ئیمامی خومەینی خوای لێ ڕازی بێ هاتە گوندەکەمان، هەروەك ئەو کاتە سەرۆکی یەکێتی سۆفیەتی بریجنیف بروسکەی سەرەخۆشی بۆ ئیمام نارد بەم بۆنەیە، حکومەتی ئێرانی سەدان بروسکەی سەرەخۆشی هاوشێوەی پێگەیشت لە لایەن وڵاتانی ئیسلامی و بیانی.

شەهید محەمەد عەلی رجائی سەرۆك وەزیران بروسکەیەکی سەرەخۆشی بۆ ئیمامی خومەنی خوا لێی ڕازی بێ نارد، تیایدا هاتووە:

بۆ بەڕێز ئیمامی ئومەت و ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئیمامی خومەینی.

بە بۆنەی کارەساتی تەقینەوە ئازاربەخشەکە لە گچساران، کە بووەتە هۆی کوژرانی ژمارەیەك هاوڵاتی ئازیز، گەرمترین سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئیمام و وەلی ڕۆژگار و ڕێبەری شۆڕش دەکەین، گیانمان بەقوربانی بێ، ئومێدەوارین ئەم ڕووداوانە تاقیکردنەوە بن لەسەر ڕێگەی کامڵ بوونی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئومەتەکەمان.

لە خوای پاك و بەرز دەپاڕێینەوە، سەرکەوتوومان بکات بۆ تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەی خوایی بەسەربەرزانە، سەرۆك وەزیران، محەمەد عەلی رجائی. (ڕۆژنامەی کەیهان، چوار شەمە ٢٠ ئابی ١٩٨٠ ژمارە ١١٠٧٣).

- دوو شەمە ٢٠ ئابی ١٩٩٠ – تكریت – خێوەتگەی ١٦

عەباسی نەقیبی فەرماندەی خێوەتگەكە هات، ئەفسەری بەرپرسی فەرمانگەی ڕێنمایی سیاسیشی لەگەڵدا بوو، فەرمانی كۆبوونەوەی دەركرد لە گۆڕەپانی خێوەتگەكە، كاتێك دیلەكان كۆبوونەوە، دەستی بە قسەكانی كرد، وتەكانی زۆر بە وردی حیسابی بۆ كرا بوو، داوای لە دیلە ئێرانیەكان دەكات هەموو ئەو شتانە لەبیر بكەن كە ڕوویداوە و بەسەریان هاتووە لە خێوەتگە و گرتووخانەكاندا، لەم بارەشەوە لە ئێران نەدوێین، وتی:

((ئەگەر ئێوە قسەتان لەسەر ناخۆشیەكانتان كرد لێرە، ئەوا زیاتر هەستی ناخۆشی و تاڵی دەبەخشن بە خانەوادەكەتان، لە جیاتی ئەمە بیر لە هاوسەرگیری و دەستكردن بە ژیانێكی تازە بكەنەوە، ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت! پێویستە ڕابردوو لەبیر بكەن و بیر لە ئاینده بكەنەوە، یادەوەریە تاڵەكانی جەنگ، ژیان تاڵتر دەكەن!)).

عەباسی نەقیب گوتارەكەی بەم ڕستەیە كۆتایی پێهێنا:

((هەموو یادەوەریەكانی زیندانی لەم شوێنە بنێژن و بگەڕێنەوە وڵاتەكەتان!)).

ئایا چۆن ئەمە بكەم؟ هەندێك یادەوەری و بەروارم تۆمار كردووە، وا بڕیارمداوە یادەوەریەكانم تۆمار بكەم لە دوای گەڕانەوەم بە ئازادی بۆ باوەشی نیشتمان، بۆ ئەوەی بۆ ئەم نەوانە وەك پەند و ئامۆژگاری بمێنێتەوە، ئەفسەرەكە وتی: لێرە یادەوەریەكان بنێژن و بڕۆن!!

لە دوای ئەو وتەی ئەفسەری ڕێنمایی سیاسی هات و پێی وتین:

((ئێمە برای ئەمریكییەكانین، ئەم جەنگەیان بەسەر ئێمەدا سەپاند، باجێكی قورسماندا!!)).

- سێ شەممە ٢١ ئابی ١٩٩٠ – تکریت – خێوەتگەی ١٦

ئەو کاریکاتێرەی یەکێك لە دیلەکان دروستی کرد بوو، وای کرد سەعد دووبارە کێبڵ بەکاربهێنێ، هەر چەندە فەرمانی قەدەغەکردن دەرچووبووو لەلایەن عەباسی نەقیبەوە، ئەم وێنەیە گوزارشتی لە دوای گەڕانەوەی سەدام دەهات بۆ دانپێدانان بە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥.

عەلی سەعادەتی وتی: کاریکاتێرەکە لە کاری مەسعود شەفاعەتە، ئەوەی کۆتایی لەسەر کیسەی چیمەنتۆ وێنەکەی دروستکرد بوو، ئەمەش توڕەیی پاسەوانانی وروژاند.

لە وێنەی کاریکاتێرەکەدا، لەلای چەپ سەدام دەرکەوتبوو، پاڵی بە تۆپێکی قوڕس دابووەوە، سەرۆك وڵاتە زلهێزەکان لە پشتیەوە ڕیزیان بەستبوو، ئەمرکیا، یەکێتی سۆڤیەتی، شا فەهدی شای سعودیە، حوسنی موباڕەکی و حوسێنی شای ئوردن، سەدام ڕێکەوتننامەی ناوبراو دەدڕێنێ و دەڵێت: ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕەت دەکەمەوە و خوزستان و شەتی عەرەب لە سێ ڕۆژدا دەگرم، لە لای ڕاست ڕەفسنجانی دانیشتووە لەسەر کورسیەکی مەزن، دەستی درێژ کردووە بۆ ئەوەی سەدام ماچی بکات، لە ژێر بەرواری ١٩٩٠ نووسیویەتی: بەڕێز ڕەفسنجانی لێم ببوورە لە ساڵی ١٩٨٠ گەوجایەتیم کرد، نەزان و لەخۆبایی بووم و ڕێکەوتننامەکەم دڕاند، ڕیغان منی هەڵخەڵەتاند، ڕێککەوتننامەکە زۆر جوان بوون، من دانی پێدا دەنێم و دووبارە بەیەکەوە دەلکێنم و دەستەکانتان ماچ دەکەم.

نازانم کامە ناپاکی بەکرێگیراو هەواڵی لەبارەی ئەم کاریکاتێرە داوە؟ ڕاستەوخۆ پاسەوانان هاتنە لای مەسعود و گونیەکەی ئەویان پشکنی، کە نامە کەسیەکانی ئەوی تێدا بوون، کاریکاتێرەکەیان لە نێو شتومەکەکانیدا دۆزیەوە.

سەعد داوای لە وەرگێڕەکە کرد، بە وردی قسەکانی نێو وێنەکە وەربگێڕێت، فازڵ وەرگێڕانەکەی ئەنجامدا بە ترس و لەرزەوە، پاسەوانان لە توڕەییان سور هەڵگەڕان، سەعد دەستی کرد بە لێدان لە مەسعود بە کێبڵ، زۆر بە توندی لێی دەدا، ئەمە دوایین دیمەنی توند و تیژ بوو کە بینیم، دوایین جاریش بوو کێبڵ ببینم!

- شەمە ٢٥ ئابی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

لەلای دەروازەی کەمپە جەمەلۆنەکە، حەکیم خەلەفیان وەستابوو ناونیشانەکانی ڕۆژنامەی قادسیەی وەردەگێڕا، داگیرکردنی کوێت بابەتی گەرمی ڕۆژنامەکان بوو، منیش حەزم دەکرد زانیاری زیاترم لەبارەی داگیرکردنی کوێتەوە هەبێ، کە لە ٢ ئابدا ڕوویدا، داوام لە حەکیم خەلەفیان کرد ئەوەم بۆ وەربگێڕێ کە لە وتارێکی عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم هانی سەرۆکی زانکۆی ئەنباردا هاتووە لە ڕومادی، ناوبراو نووسینی زۆر بوو لەبارەی پێدا هەڵدانی سەدام و بیرۆکە فراوانخوازیەکەی، ڕۆژنامەکە چەند هەواڵکی باسکرد بوو لەبارەی گۆڕانی هەندێك ناو لە چەند ناوچەیەکی کوێتدا، ئەوەم بیردێتەوە کەناری شیوخ ببووە کەناری ڕەشید، مزگەوتی دەوڵەت بووەتە مزگەوتی سەدام، دواناوەندی عەبدوڵای سالم بە ناوی سەدام کراوە، ئەوەم بیرهاتەوە کە سەدام پێی هەڵسا بوو لە گۆڕینی ناوی شارە ئێرانیەکان، وەك خرمشهر بۆ محمرە و سوسنگرد بۆ خەفاجیە و ئەهواز بۆ ناسریە دوای هێرشە هەمەلایەنەکەی بۆ سەر ئێران.

- دوو شەمە ٢٧ ئابی ١٩٩٠ — تکریت — خێوەتگەی ١٦

دیلەکان لە گۆڕەپانی خێوەتگەکەدا کۆکرانەوە، پاسەوانان وتیان: بڕیارراوە دیلە بریندارەکان پێش ئەوانی تر ئازاد بکرێن، دڵخۆشیەکی زۆر دایگرتم، ماڵئاواییم لە هاوڕێیانم کرد، پێش ئەوەی سواری پاس ببم چاوم پڕ فرمێسك بوو، هەموو

یادەوەریەکانم وەك شریتێکی سینەمایی بە بەرچاومدا دەڕۆیشتن، سەرباری ئەو هەموو تەنگوچەڵەمەیەی چەشتم، ئەوا خۆشەویستیم لە ناخودا بوو بۆ خێوەتگەی پاشکۆ، بەرامبەر بە خێوەتگەکە هەستم بە سۆز ودڵسوتان کرد، ڕاهاتووم لەگەڵ دیوار و زەمینە گڵێنەکەی، زۆربەی هاوڕێیەکانم کە ماڵئاواییم لێکردوون جارێکی تر نایانبینمەوە، بەرپرسان لێرەدا نایانەوێ دیلە بریندارەکان جیا بکەنەوە لەوانی تر، تا دووچاری هەراسانکاریەکانی ڕای گشتی نەبنەوە، بۆ ئەوە دیلە پەککەوتووەکان لە ڕاپۆرتە وێنەییەکاندا دەرنەکەون و نەبنە کەرستەیەکی ڕۆژنامەوانی لە دژیان.

پێش ماوەیەك ناوی زیاتر لە چوار سەد دیلم تۆمارکرد بوو و لە نێو لولەی دارگۆچانەکەم شارد بوومەوە، وا بڕیار بوو هەر لە دیلایەتی ئازاد بم، ئەوا ئەم لیستانە ڕادەستی مانگی سوری ئێرانی بکەم.

پاسەکان لە سەربازگەی سەڵاحەدین دەرچوون، من هەستم بە دڵخۆشی کرد.

هەندێك لە پاسەوانان داوایان کرد لێیان ببورین، سامی، عەلی جاڕوڵا، موئەیەدی پزیشك ماڵئاوایی لێکردین، چاویان پڕ فرمێسك بوون، یەکێك لە جوانترین کاری نەخشاندنم پێشکەش بە موئەیەدی پزیشك کرد، بۆ ئەوەی وەك یادەوەری بمێنێتەوە، وەلید بەبێ گوێدانە دیمەنەکانی ماڵئاوایی سەیری دەکرد.

پاسەکان لە شاری تکریت ڕۆیشتنە دەرەوە، یادەوەریەکانی هاتنمان بۆ سەربازگەی سەڵاحەدین هاتنەوە یادم، ئەمە هەمان ئەو ڕێگەیە کە ئوتۆمبێل ئێمەی پێدا گواستەوە بۆ ئەم سەربازگە کۆنە.

ئوتۆمبێل بەرەو باشور ڕۆیشت، لە دوورەوە گومبەتەکانی هەر دوو ئیمام عەلی هادی و حەسەنی عەسکەری سڵاوی خوایان لێبێ دەرکەوتن، بەهۆی خولیام بۆیان فرمێسکەکانم داباری.

# بەشی سێزدەم

## ڕومادی

## نەخۆشخانەی ١٧ تەموز

- **دوو شەمە ٢٧ ئابی ١٩٩٠ — ڕومادی — نەخۆشخانەی ١٧ تەموز**

پێش خۆرئاوا بوون ئەو پاسانە گەیشتنە نەخۆشخانەی ١٧ تەموز، کە بریندارەکانی تێدا بوو، دەکەوێتە شاری حەبانیە، سەری بە شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبارە؛ پرسی فەریق سەلاح قازی و حاجی سەعدوڵا و وتاری ٢٧ ئیمامی عەلی سڵاوی خوای لێبێ هاتەوە یادم.

ئێمەیان بردە هۆڵێکی مەزن، لە گۆشەیەکی نەخۆشخانەکەدا، لە کاتی چوونە ژوورەوەمدا ژمارەیەك دیلی بریندارم بینی لە خێوەتگەکانی تکریت هێنرا بوون، ئێمە زۆر برسی و تێنوو بووین.

هەڵسوکەوتی پاسەوانان لەگەڵ ئێمە لە نەخۆشخانەکەدا خراپ نەبوو، ئەو هۆڵەی ئێمەیان بردە ئەوێ تەلەفزیۆنی تێدا نەبوو، هاوڕێیان بە ئاگان تا کاتێکی زۆر درەنگی شەو.

جەعفەر دەوڵەتی موقدەم لە کۆتاییەکانی شەودا، کە دەقێکی گوتاری ئامادە کردبوو، وتی: ئەگەر ئێمە ئازاد کراین، ئەوا ئەم گوتارە پێش گوتاری هەینی پێشکەشی خەڵکی زابل دەکەم!

جەعفەر گیانێکی پڕ جۆش و خرۆش و هەست زیندووی هەبوو، وتی: بە خەڵکی زابل دەڵێم: چی لە شەلچە ڕوویداوە... پێیان دەڵێم: ئێران بەبێ خومەینی بەندیخانەیە، خۆزگە گەڕابایینەوە ئێران و چاومان کلرێژ کردبایە بە بینینی ئیمام!

بۆیە بڕیارمدا؛ کاتێك ئازاددەکرێم و دەگەڕێمەوە ئێران، بچمە یەکێك لە مزگەوتەکانی شارەکەم و وتەیەك پێشکەش بکەم لەبارەی ئەوەی بەسەرماندا هاتووە لە خێوەتگە و گرتووخانە نهێنیەکانی بەعسدا.

- **چوار شەمە ٢٩ ئابی ١٩٩٠ — ڕومادی — نەخۆشخانەی ١٧ تەموز**

ئەمڕۆ ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب هات، زانیاری ناسنامەکانی ئێمەی تۆمار کردن وتی خاچی سور دێتە ئێرە، مافی ئەوەتان نییە بڵێن ئێمە لەگەڵ دیلە سەلامەتەکاندا بووین لە تکریت!

وتم:

- ئەی چیان پێ بڵێین؟
- بڵێن لێرە دەژین!

محەمەد کازم بابائی وتی:

- گەورەم پایەکانی درۆ لاوازن، خێرا دەڕوخێن.

- **پێنج شەمە ٣٠ ئابی ١٩٩٠ — ڕومادی — نەخۆشخانەی ١٧ تەموز**

ئەمڕۆ ژمارەیەك کەسی سەربازی گەیشتن، کە بریندار ببوون بەهۆی هێرشی سەر کوێتەوە، وا دەردەکەوێ هەندێگ گەنجی کوێتی کۆمەڵەی بەرگریان پێکهێنا بوو، چەند هێرشێکیان بۆ سەر سەربازانی عێراقی پێکهێنا بوو لە شەقامەکانی کوێتدا، پاسەوانی هۆڵەکە کە ناوی شەعبان بوو وتی: ئەم سەربازانە لە ناوچەی جابرە لە کوێت بریندار بووینە.

ئێوارە لە ڕۆژنامەی شۆڕشدا، نەخشەی عێراقی تازەم بینی، کوێت تیایدا دەرکەوتبوو وەك پارێزگای نۆزدەم، لەلای باشوری بەسرە، لە کاتێکدا بەشەکانی باکوری کوێت کە دوورگەی وربە و بوبیانی دەگرتەوە بە بەسرەوە لکابوون.

بە شەعبانی پاسەوانم وت: لەوانەیە گەنجانی کوێت ئەم نەخشەیەیان بینیبێ، بۆیە کۆمەڵەی بەرگری چەکداریان دروستکردبێ و جەنگیان دژ بە ئێوە دەستپێکردبێ!

- شەمە ١ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – نەخۆشخانەی ١٧ تەموز

من سات بە ساتم دەژمارد، لە چاوەڕوانی ڕۆژی ئازاد بوونمدا، کاتژمێر و ڕۆژەکان زۆر بە هێواشی کوشندە دەڕۆیشتن، زۆرتر سەختتر بوو لە پێش ڕاگەیاندنی هەواڵی ئاڵوگۆڕی دیلەکان، بەرپرسان کات و ژوان دوای ژوانیان دیاری دەکرد!! یەکێك لە دیلە عێراقییەکان هاتە نەخۆشخانەکە، کە لە ئێرانەوە پێش نزیکەی دە ڕۆژ یان زیاتر ئازاد کرا بوو، بە ڕەوانی بە فارسی دەدوا، ناوی ئەمجەد بوو، قەدی مام ناوەند، ڕەنگ ئەسمەر بوو، لە باری جەستەییەکەی وا دەردەکەوت چاك هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، پۆشاکێکی شینی لەبەردا بوو، مانگی سوری ئێرانی لە کاتی ئاڵوگۆڕی دیلەکاندا پێی بەخشی بوو، لە کاتێکدا بەعسییەکان جلی سەربازی زۆر کۆنیان پێدایین!

وا دەردەکەوێ پێش ئەوەی بکەوێتە نێو دیلایەتی کاری لەم نەخۆشخانەیە کردبێ، بۆیە هەواڵی دەپرسی لەبارەی بارودۆخی شوێنی کاری پێشووی خۆی، هەر بۆیە هاوڕێیانی پێیان ڕاگەیاند ژمارەیەك دیلی بریندارى ئێرانی لێرەن! کاتێك ئەمجەد پێی وتم: من دیل بووم لە ئێران، هەستم بەوە کرد بۆنی نیشتمان دەکەم.

ئەمجەد وتی: هەر کە پێم ڕاگەیەنرا دیلی ئێرانی لێرە هەن، خێرا هاتم بۆ ئەوەی قسەتان لەبارەی ئێرانەوە بۆ بکەم، پێش ئەوەی قسەمان لەبارەی ئێرانەوە بۆ بکات، لەسەر نەخۆشخانەی ١٧ تەموز قسەی بۆ کردین، وا دەردەکەوێ زۆربەی هاوڕێیانی لەم

نەخۆشخانەیەدا کوژراون لەو جەنگەدا کە ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ ئەنجامیدا، لە کاتێکدا هەندێکی تر لە هاوڕێیەکانی خانەنیشین کران و هەندێکی تریش گوێزراونەتەوە بۆ خزمەتکردن لە نەخۆشخانە یان ناوەندەکانی تری سەر بە لەشکر و هێزە چەکدارەکان، بەڵام ئەو ژمارەیەکی کەمی لە هاوڕێیەکانی بینی کە هێشتا کار لەم نەخۆشخانەدا دەکات، ئێمە تێنوی بیستنی هەواڵەکانی ئێران بووین.

لە میانەی پرۆسەکانی ئازادکردنی خرمشهر بە دیل کەوتبووە دەست هێزەکانمان، وەك یاریدەدەری پزیشك کاری دەکرد لە پزیشکایەتی لیوای ٢٤ فیرقەی سێی زرێپۆشدا، هەروەك پێمانی ڕاگەیاند، لەگەڵ دەستپێکی جەنگەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیەکانی لە نەخۆشخانەی ١٧ تەموز ڕەوانەی بەرەی پێشەوەی شەڕ کراون.

زۆر ڕێزی لە ڕێزدار خامنەئی دەگرت و خۆشەویستیەکەی بۆ ئەو دەردەبڕی، حاجی حوسێن شوکری و سەید محەمەد شەفاعەت منش بە خولیاوە چاوەڕێی ئەوە بوون قسە بکات لەبارەی ئێران، ناوی زۆربەی بەرپرسانی ئێرانی دەزانی، پەیامنێرێکی ڕۆژنامەنوسی بەناوی (مورتەزا سەرهەنگی[1]) دەناسی، ناوی ئەوی نەدەزانی، تەنها نازناوەکەی کە (سەرهەنگی) بوو دەزانی، سەردانی ئەو خێوەتگەیەی کرد بوو کە لە ساڵی ١٩٨٣ تیایدا ژیاوە.

---

(١) ئەو کاتە من پەیامنێرەکەم نەدەناسی، بەڵام دوای ئازاد کرانم لە دیلایەتی زانیم مەبەستی دیلە عێراقیەکە چی بوو، مەبەستی مورتەزا سەرهەنگی بوو، کە ئێستا بەڕێوبەری نووسینگەی ئەدەبیات و هونەری بەرگریە، چەندین دانراوی هەن لە بارەی بەرگری پیرۆزدا (جەنگی عێراق و ئێران) یەکێکی تر لە دانراوەکانی (گوڵبژێرێك لەوەی ئەو کات ڕوویدا)، ئەمە پێکهاتووە لە یادەوەری سەرنجڕاکێشی دیلە عێراقیەکان، کتێبەکە شایستەی خوێندنەوەیە.

وتی: دیله ئێرانیەکان هەموو شتێکیان بۆ ئەم پەیامنێرە باسکردووە، من لە مەبەستی تێنەگەیشتم، وا وێنام دەکرد دیلە عێراقیەکان هەموو شتێکیان بە پلەدارەکانی ئێران وتوە، دواتر زانیم ئەو مەبەستی ڕۆژنامەنووسی بەڕێز سەرهەنگیە.

ئەمجەد سەیری دەوروبەری خۆی کرد، کاتێك دڵنیابوو جگە لە ئێمە کەسی لێ نییە وتی:

بەعسییەکان کاری زۆر ناهەمواریان ئەنجامداوە لە شاری خرمشهر و هوەیزە و سوسنگرد، هەموو شتێکم بە وردی بە پەیامنێرەکەتان وتوە.

بەڵێ: من لە یەکەی پزیشکی بووم، گەمارۆدراین و ئینجا بەدیلگیراین، هاوڕێیانم هەموو شتێکیان وت.

ئەمجەد وتی: دوای ئەوەی بە چەند ڕۆژێك لە دیلایەتی ئازاد کرا، هەندێکمان زانیاری لەبارەی ئەوانەیان بڵاوکردەوە کە چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە و دژی ڕژێم قسەیان کردووە، بۆیە ئەوانیان دەستگیر کرد و بردیانە هەواڵگری... چەند ڕۆژێك بەندکراین، هەڕەشەمان لە ئەفسەری تەنها کرد و پێیمان وت ناوی ئەم دیلانە باس دەکەین یان دەڵێین لە دیلایەتی ئازادکراون.

پرسیارم لێکرد ئایا چارەنووسیان چی دەبێ؟

ئەمجەد وتی: خوا دەزانێ، دواتر دەستی بە قسەکانی کرد و وتی: ئەفسەری هەواڵگری سەربازی پێمانی وت: ئەگەر لەلایەن خزمانیانەوە پرسیار لە بارەی ئەوانەوە لێتان کرا، بڵێن: هیچ شتێك نازانین!

دواتر بیستم سەدام وتویەتی: لێپرسینەوە لەگەڵ گشت ئەو ناپاکانە دەکرێ، کە ناوبانگی عێراقیان شێواندووە بەرامبەر ئێرانیە مەجوسییەکان!

پێم وت: ئایا پەشیمان نین دوای ئەوەی کەوتوونەتە نێو ئەم تەنگوچەڵەمەیە؟ ئەگەر ئەوەیان نەکردبا ئەوا لە نێو خێزان و خانەوادەکانیاندا دەبوون؟ چەند ساتێك وەستا و ئاخێکی تری هەڵکێشا و وتی: چەندین ساڵمان لە ئێران بەسەر برد، زۆرێك لە ڕاستیەکانمان بۆ دەرکەوت، بڕوام وانییە ئەوان پەشیمان ببنەوە، ئەوا شارەزای سروشتی ڕژێمی بەعس بوون، لێرەدا مرۆڤ لە پێناو وتنی یەك قسەی ڕاست دەکوژرێ، بەداخەوە مێژووی عێراق پڕیەتی لە ستەم و زۆرداری.

بەعسییەکان فیلمێکی وێنەگیراویان لایە لەبارەی خۆپیشاندانی دیلە عێراقیەکان لە تاران، هەوڵی ناسینەوەی ئەوان دەدەن دوای ئازادکرانیان و گەیشتنیان بە عێراق، هەروەها وێنە و فیلمی ئەو دیلانەیان پێیە کە بەشداربوونە لە نوێژی هەینی لە تاران.

ئەمجەد گریانی لە گەرووی‌دا مابووەوە و قسەی دەکرد، کاتێك پرسیارم لێی کرد لەبارەی ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ دیلەکاندا دەکرێ لە خێوەتگەکاندا؟ وەستا و وتی: هەردەم ئاخ بۆ ئێران هەڵدەکێشم و ئێستا زیاتر هەستی پێدەکەم، ئای ئێمە چەندە لە ئێران ئازاد بووین و ئێستا لە نیشتماندا دیلین!!

- دوو شەمە ٣ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – نەخۆشخانەی ١٧ تەموز

بەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەك دیل لە خێوەتگەکانی تکریتەوە گەیشتنە ئێرە، لە نێویاندا لەتیف دەهقانم بینی، زۆر بە دیداری دڵخۆش بووم، ڕۆیشتم بۆ پێشوازی کردن لێی و باوەشم تێگرت و بە ئەندازەی دوو ساڵ لە دووربوون ماچم کرد، بڕوام بەوە نەکرد کە چاوەکانم دەیبینن! هەرگیز ئامۆژگاریەکانی ئەوم بیرنەچۆتەوە لە نەخۆشخانەی ڕەشید، لەتیف ئەم وتەیەی سەدامی بۆ وەرگێڕام:

((ئێمە بۆ جەنگ لەگەڵ ئێران ئامادەین، بۆ بەرگری کردن لە سەروەری و شکۆی عێراق)).

ئەم وتەیە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی قادسیەدا هاتبوو، بەروارەکەی بۆ ساڵانی جەنگ دەگەڕایەوە، لەسەر پەنجەرەکان درابوو، بۆ ڕێگەگرتن لە تیشکی خۆر، بەروارەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ و ئەو وتەیەی سەدامی بیرخستمەوە کە لەسەر دیواری سەربازگەی فەیلەقی چواری لە مەیمونە نووسرابوو:

((ئەوەی بە جوامێرانە شەڕ بکات، شایستەی شکۆ و ڕێزە)).

کاتێك لەتیف دەهقان، ئەم وتەیەی بۆ من وەرگێڕایە سەر فارسی، پێم وت:

- لەتیف! چی دەبێ ئەگەر بە بەعسییەکان بڵێین کێ دەستدرێژی کردۆتە سەر شکۆ و سەروەری ئێوە، تا سەدام ئەم جۆرە قسەیە بکات؟!
- سەید! ئەو مشتومڕە دووبارە نەکەیتەوە، کە لە نەخۆشخانەی ڕەشیددا دەتکرد! لێرەدا نامانەوێ سرودەکانی ئاهنگران بڵێیتەوە، تکایە سەرکێشیمان ناوێ، توڕەیان مەکە، تەنها چەند ڕۆژێك ماوە و لە ئاشوبیان ڕزگارمان دەبێ!

لە نێو پاسەوانانی ئێرە، ئەنوەر عەلاوی بووەتە دۆستمان، حەزی دەکرد بێتە ئێران، ناونیشانی دوو یان سێ لە هاوڕێیانی لە خەڵکی کوتی نووسی، وتی: ئامۆزاکەی فڕۆکەوانە و چەندین جار شاری ئەهواز و دزفولی بۆمبەباران کردووە، کوڕ و هاوژینەکەی لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لە ساڵی ١٩٨٦ گیانیان لەدەستدا، ئەنوەر وتی: خوای مەزن بەم ڕووداوە تۆڵەی لێسەندەوە، بەخۆی دانی بەوەدا ناوە خوێنی زۆرێك لە خەڵکی بێ تاوانی ڕشتووە!

لە ئێوارە کۆبووینەوە لەبەردەم تەلەفزیۆنن و بەدڵخۆشی ڕاپۆرتە وێنەییەکانمان دەبینی لەبارەی ئاڵوگۆڕی دیلەکانی نێوان هەر دوو وڵات؛ هەندێك دێن تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن بە ڕووگرژی، هەندێکیان دەیانوت:

- **ئێرانیەکان دیلە عێراقیەکانیان کردۆتەوە پۆلێك مەلایی!**

**سەدام گوزارشتی لە دیلە عێراقیەکان کرد بەوەی بۆمبی ناوەکین!**

**جلی جوانیان لەبەر بوو، پاسەوانە بەعسییەکان زۆر بێزار بوون، زانیان هەڵسوکەوتی چاکیان لەگەڵ کراوە و وەك میواندار بایەخیان پێدراوە! بە یەکێك لە پاسەوانانم وت: سوپاسی خوای بێگەر دەکەم، توانیمان بیری دیلە عێراقییەکان بگۆڕین، لە کاتێکدا ئێوە و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق شکستتان هێنا لە گۆڕینی ئێمە!**

**محەمەد کازم وتی: بۆ دیلەکانی ئێوەمان سەلماند ئێمە موسڵمانین، ئێمە گۆشتی مرۆڤ ناخۆین، پاسەوانانی شۆڕش شاخودار نین، ئەمە زۆری دەگەیاند!**

# بەشی چواردەم

## ڕومادی

## خێوەتگەی ١٣

- **شەمە ٨ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – خێوەتگەی ١٣**

**ئەمڕۆ ئێمەیان گواستەوە بۆ خێوەتگەی ١٣ لە ڕومادی، پێش نزیکەی دە ڕۆژ دیلەکانی ئەم خێوەتگەیە ئازادکران، بیست و دوو ڕۆژ تێپەڕین بەسەر ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانی هەر دوو لا، ڕێژەی ناوەندی ئاڵوگۆڕی دیلەکان گەیشتە نزیکەی هەزار دیل بەشێوەیەکی ڕۆژانە، من سات بە ساتم دەژمارد بۆ ڕۆژی ئازادی، کات زۆر هێواش دەڕۆیشت، کاتێك لە تکریتەوە ئێمەیان بۆ ڕومادی گواستەوە، وتیان بەیانی ئازاد دەکرێن!! ڕۆژەکان زۆر هێدی دەڕوون لە چاوەڕوانی ئەم بەیانیەدا.**

**لە ئێوارەی ئەمڕۆدا؛ پێمان ڕاگەیەنرا خاچی سوری نێودەوڵەتی هاتووە بۆ تۆمارکردنی ناوەکانمان، نازانم سودی ئەمە چییە، لە کاتێکدا بڕیاری ئازادکردنمان لە دیلایەتی دەرکراوە، ماوەی دیلایەتیمان لە تکریت بەسەربردووە وەك ونبوان، هیچ مافێکمان نییە وەك دیلی جەنگ، زۆرێکمان شەهید بوون لە زیندانی و گرتووخانە نهێنیەکاندا، کاتێك پشکنەران گەیشتنە خێوەتگەکە، محەمەد کازم بابای شیعری (شهریار[1])ی وت:**

**گیانم هاتیە لام، قوربانت بم بەڵام بۆچی ئێستا؟!**

**ئەوەی ئێستا دەڕۆی لە کاتێکدا هێزم بە بەردا نەماوە بۆچی؟**

---

**(١) شاعیرێکی ئێرانی مەزنی هاوچەرخە، پزیشکی خوێندووە لە شاری تاران، کچێکی بەناوی سوڕەیا خۆشویستوە، بەهۆی هۆکاری شاراوە باوکی (بازرگانێکی مەزن) بووە، لە عەقیدێکی ئێرانی مارەی کردووە، لەسەردەمی ڕەزاخانی دامەزرێنەری خانەوادەی پەهلەوی، عەقیدەکە هەڕەشەی کوشتنی لە شاعیرەکە کردووە. گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی لە دایك بوونی لە تەبرێز، چارەنووس وای ویستووە عەقیدەکە بمرێ، لە کاتێکدا شاعیرەکە ناوبانگی بڵاو دەبێتەوە، لە نەخۆشخانە سوڕەیا دێتە لای و لێی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی قبوڵی بکاتەوە، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە و ئەم دێڕە شیعرانە دەهۆنێتەوە.**

ئەی دڵڕەق، چی دەبوو ئەگەر پێش ئێستا هاتبای، بۆچی ئێستا هاتی؟

نزیکەی بیست هەزار دیلی ئێرانی بێ سەروشوێن، لە نێو خێوەتگەکانی تکریتدا و لە پشت تەلە دڕکاویەکان دەڕزن، ئا ئەوەتا هاتوون بۆ تۆمارکردنی ناوەکانمان! ئەمڕۆ ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ناوی ئێمەی تۆمارکرد بە فەرمی وەك دیلی جەنگ، خاچ سوری نێودەوڵەتی دەیتوانی فشار بخاتەسەر ڕژێمی بەعس بۆ کردنەوەی دەرگای گرتووخانە نهێنیەکان، ئەگەرچی ئەم ڕژێمە ناسراوە بە یاخی بوونی بەسەر یاسا نێودەوڵەتیەکان و زۆر گوێ بەم فشارانە نادات.

بەیانی پێش گەیشتنی نوێنەرانی خاچی سور، کەسە سەربازیەکانی نێو خێوەتگەی ۱۳ لە ڕومادی هەڕەشەیان لە ئێمە کرد سەبارەت بە قسەکردن لەبارەی بارودۆخی خێوەتگە و چارەنوسی ئەوانەی مردوون لە خێوەتگە نهێنیەکاندا، بە ڕاشکاوانە بە ئێمەیان وت: ئەوانە دەڕۆن و ئێمە و ئێوە دەمێنینەوە! کاتێك نوێنەرانی خاچی سور دیلە پەل بڕاوەکانیان بینی سەریان سوڕما!

سەربازەکان هاودەمی جولەکانی پشکنەرانیان دەکرد، هیچ هەلێکیان بۆ هیچ کەسێك جێنەدەهێش لەوەی هەندێك ڕاستیان پێ بوترێت، من بەدوای هەلێکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی نامەیەك بە پشکنەرەکە بدەم و باسی ئەوە بکەم کە لە گرتووخانە نهێنیەکاندا بەسەرماندا هاتووە، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەنامە لە خاچی سوری نێودەوڵەتی و گەواهی دیلێکی قاچ بڕاو!

- یەك شەمە ٨ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – خێوەتگەی ١٣

خێوەتگەی ١٣ لە ڕومادی، ئەو شوێنەی دیلەکانی دوورگەی مەجنونی تێدا دەژین، دیوارەکانی بووەتە بڵاوکراوەیەك، دیلەکان ناو و بەرواری دیلبوونیان لەسەر دەنووسی، لەگەڵ ناوی شار و شوێنی نیشتەجێبوونیان، ناوی هەندێك لەو هاوەڵانەم بینی کە

بەشداريان كردبوو لە پرۆسەكانى (پد خندق)، خێوەتگەكە ڕێك و پێك بوو، خاچى سورى نێودەوڵەتى سەرپەرشتى دەكرد، هاوڕێيانم بە بەخت بوون، دواى ئەوەى خاچى سور ناوەكانى ئەوانى تۆمار كرد، دواى چەند ڕۆژێك لە ديليبوونيان! ئاى ڕۆژ و كاتەكان چەندە خێرا تێدەپەڕن، وەك ئەوەى داستانى (پد خندق) دوێ ڕوويدابێ.

شەوەكە داوام لە پاسەوانێك كرد، پەڕ و پێنوسێك بۆ بێنێ، دواى كاتژمێرێك بۆى هێنام! دەمويست نامەيەك بۆ سەرۆكى ڕێكخراوى خاچى سورى نێودەوڵەتى بنوسم؛ بە يەكێك لە هاوڕێيانم وت كە ئينگليزى دەزانى:

- دەمەوێ لە پشكنەرەكە بپرسم كە سەرۆكى خاچى سورى نێودەوڵەتى كێيە، چى بڵێم؟ وتى: پێيان بڵێ: Who is the head of red croos?.
  - دوو شەمە ١٠ ئەيلولى ١٩٩٠ — ڕومادى — خێوەتگەى ١٣

لە كاتى خۆرئاوابوونى ئەمڕۆ، پێش گەيشتنى پشكنەرەكە بۆ خێوەتگەكە، لە يەكێكيانم پرسى كە سويدى بوو: كێ سەرۆكى ڕێكخراوى خاچى سورى نێودەوڵەتيە[1]، پێى وتم: بەڕێز كونيليو سومارو[2].

لە ئێوارە و بەيارمەتى محەمەد كازم بابائى و لەتيف دەهقان و دوو لە چاوى پاسەوانان دەستم كرد بە نووسينى نامەيەك بۆ بەڕێز كورنيليو سومارو، ويستمان دەنگى ئەم ستەملێكراوە ونبوانەيان پێ بگەيەنين، كە دەڕزن لە نێو گرتووخانە نهێنيەكانى ديلايەتيدا، ويستمان دەنگيان بگەيەنين بە ڕێكخراوى خاچى سورى نێودەوڵەتى، ئەگەر مێشكم يارمەتيم بدات ئەوا دەقى نامەكە بەم جۆرەى خوارەوە بوو:

---

(١) Who is the head of red croos?

(٢) Mr. Korniliyo Sumaro

بەڕێز جەنابی کورنیلیو سومارو؛ سەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی؛

سڵاوتان لێبێ؛

ئەم نامەیە گوزارشت لە دەنگی ژمارەیەك لە دیلی بریندارى ئێرانی دەكات، ئەوانەی کە چاوەڕوانی ئێوە بوون لە خێوەتگەکانی تکریتدا، بەڵام هەروەك شەهریاری شاعیر وتی: گیانم بەقوربانت بێ هەر هاتی بەڵام بۆچی ئێستا؟ ڕێکخراوەکەتان کە دیلەکان لە دوای خوا هانای بۆ دەبەن، لە نێو گشت دیلەکانی جەنگ لە وڵاتانی جیهاندا، هەرگیز گوێبیستی دەنگی ئێمە نەبوون، چونکە ئێمە ئێرانین، بەرگریمان لە وڵاتەکەمان کرد دژی سەرۆکەکانتان، بە جۆش و خرۆشەوە هەوڵتاندا لە پێناو دیلە عێراقیەکانی نێو ئێران، زۆر بایەختان دەدا بە جۆری ئەو خواردنانەی پێیان دەدرا، بەڵام لێرەدا بەعسییەکان تەنها ئەوەندە خۆراکمان پێ دەدەن کە ژیاندا بمانهێڵێتەوە و هەناسە بدەین و بەس... دەنگی ئێوە لە بەرگری کردن لە دیلە عێراقییەکان جیهانی کەڕ کرد، خۆزگە ئاگاتان لە بوونی ئێمە هەبووبایە، ئێمە لای ئێوە سکاڵا لە بەعسییەکان دەکەین، بەڵام نازانین لە کوێ سکاڵا لە ئێوە بکەین، لەلای خوای دادگەری ڕەها سکاڵا لە ئێوە دەکەین، تەنانەت ئەگەر سکاڵا لە دەستی بەعسیەکان لەلای ئێوە بکەین، ئەوا بڕوامان وا نییە سەیری سکاڵاکەمان بکەن.

ڕێزدار کورنیلیو سومارو:

ناکرێ ئەوە ببینرێ کە ڕوودەدات لە پشت شیشەی گرتووخانەکانەوە، نزیکەی هەشتا و پێنج کەس مردوون لە خێوەتگەی ١٦ تەنها بەهۆی ڕشانەوە و زگچونی خوێناوی نەخۆشی نەزانراوی ترەوە، لە وڵاتی غەریبیدا مردن و هێشتا خێزانەکانیان بە ئومێدی گەڕانەوەیان دەژین، پێت وایە کێ بەرپرسە لە مردنی ئەم دیلە لە

هاوشێوەی شاه ئاوریدە، محەمەد بخرد، حوسێن مروانی، عەلی لەشکری، محەمەد سابری و دەهقان منشادی و جگە لەوانیش.

ئەوەی تەنگوچەڵەمەکانی کەم کردەوە لە گرتوخانەکاندا، بڕوا بوونمان بوو بە خوا و ئارامگرتن و خۆڕاگری ئەم پاڵەوانانە بوو.

ئێستا ئێوە هاتوون بۆ تۆمارکردنی ناوی دیلەکانی جەنگ، بەعسییەکان ناچاربوون گرتووخانە نهێنیەکان ئاشکرا بکەن، ئەی بۆچی لێیان ناپرسن بەساڵاچوێکی تەمەن حەفتا ساڵان کە شوانی ڕانە مەڕەکەی بووە لە دەشتەکانی ئیلامدا چی دەکات، مام ئیبڕاهیم لێرە چ کارێکی هەیە، نەوە تەمەن نۆ ساڵانەکەی چی دەکات لە گرتووخانە نهێنیەکانی بەعسدا، لێییان بپرسن ئەمیر لەگەڵ براکەی لە گرتووخانە نهێنیەکانی دیلایەتیدا لە تکریت چی دەکەن؟! پێم وابێ ئێوا ناکەن چونکە سەرۆکەکانتان ئەمەیان ناوێت!

بەڕێز کورنیلیو سومارو!

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، تەنها دیلە ئێرانیەکان نەیاننالاندووە بەهۆی ستەمەوە، بەڵکو لە برا عێراقیەکانمان و بەتایبەت لە شیعەکانەوە بیستومانە، لەوەتەی کودەتای سەربازی ڕژێمی بەعس و چوونەسەر تەختی سەدام، بەعسییەکا ئەشکەنجە و ئازاری گەلی عێڕاقی دەدەن و دەیانکوژن و بەندیان دەکەن، ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە پشتگیری ئەوان دەکەن، زۆرێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچار دەکرێن بۆ داننان بەوەی سیخوڕن، ئینجا حوکمی لەسێدارەدانیان لەسەر دەدرێ! بە خودی خۆم لە هەندێکیانم بیستومە ئەم ڕژێمە دڕندەیە نینۆکی بەرهەڵستکارانی دەکێشێ و چاویان دەردەهێنێ و کارەبا بەکاردەهێنێ لە ئەشکەنجەدانی قوربانیان و دەیانهاوێژێتە نێو

تێزاب و هەندێکیان ژەهرخوارد دەکەن بۆ ئەوەی لە دوای ماوەیەکی کەم لە ماڵەکەیاندا بمرن.

یەکێکیان پێی وتم: نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێك کۆمەڵەیەکی نارد بۆ پشکنینی گرتووخانەی ئەبو غرێب، ڕژێم هەڵسا بە گواستنەوەی زیندانە سیاسیەکان و گۆڕینەوەیان بە زیندانی ئاسایی، بەڵکو وایان کردووە هەندێك کارمەندی ئاسایش و تەناهی پۆشاکی گرتووخانەکان بپۆشن، ڕۆڵی زیندانە سیاسیەکان بگێڕن!

ئایا هەست بە بەرپرسیارێتی خۆتان ناکەن لەبەرامبەر ئەم ستەمە؟

ئایا بەرپرسیارێتی ئێوە چییە بەرامبەر ئەوەی ڕوودەدات، وەڵامی ئێوە بۆ ئێمە چییە؟

تەنانەت وەڵامی ئێوە بۆ مێژوو و ویژدان چی دەبێ؟

- سێ شەمە ١١ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – خێوەتگەی ١٣

ئەمڕۆ ئەندامانی خاچی سوری نێودەوڵەتی هاتن، بۆ تەواو کردنی کارەکەیان لە تۆمارکردنی ناوی دیلەکان، یەکێك لە بریندارە هاوڕێکانمان ڕۆیشتە پێشەوە و نامەکەی پێدا، کاتێك پشکنەران ڕۆیشتن، پاسەوانان هاتن و بەبێ بەزەییانە لەم دیلەیاندا، دەیانویست ناوەڕۆکی نامەکە بزانن، ناوی حەسەن بوو، لە دیلەکانی خێوەتگەی ١٨ بەعقوبە بوو، زۆر خۆڕاگر بوو لەو کاتەی لێیان دەدا، لێوەکانی نەگەزی! کاتێك ڕێکخەری سەربازی ڕۆیشت، دیلەکە ڕاستیەکەی بەئێمە وت! منیش پێم وت:

- نەدەبوو لەبەر چاوی ئەوان نامەکە ڕادەست بکەی!
- من ناچار بووم، چونکە بابەتەکە زۆر گرنگ بوو!

**حەسەن چیرۆکەکەی بۆ گێڕاینەوە: لە کاتی ئاڵوگۆڕ کردنی دیلەکان، بەعسییەکان دیلێکیان گوللەباران کرد کە ناوی حوسێن پیراینده بوو، ناوبراو دەستبەجێ بە کوژراوی کەوتە سەر زەوی، ئەمە لە خێوەتگی ١٨ بوو لە بەعقوبە، حەسەن وتی: شەهید حوسێن پیراینده زۆر بەختەوەر بوو، سات بە ساتی دەژمارد و چاوەڕێی ئازادبوونی دەکرد؛ وتی لە شاری سرابەوە بەپێ ڕۆیشتن دەچێتە مەشهەد بۆ زیارەتی ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕەزا سڵاوی خوای لێبێ.**

- **چوار شەمە ١٢ ئەیلولی ١٩٩٠ – ڕومادی – خێوەتگەی ١٣**

**یەکێك لە پاسەوانان کە ڕەوشت بەرز بوو وتی: هەموو ئەو عێراقیانەی لە ئێرانەوە هاتوون، لە شەڕەکانی خرمشهرەوە بەدیلگیرا بوون، ئەو پاسەوانە ئاگاداری زۆرێك لە وردەکاریەکانی جەنگ بوو، بە ئێمەی وت: هێزەکانی ئێران لە خرمشهر ئەوەندە سەربازی عێڕاقیان بە دیل گرت، کە یەکسان لەگەڵ ژمارەی دیلەکان بەدرێژایی ساڵانی جەنگ، کە زیاتر لە حەڤدە هەزار سەربازی عێڕاقی خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێوە کرد!**

**هەستم بە دڵخۆشی دەکرد، درکم کرد پڕۆسەکانی ڕزگاری خرمشهر یان پڕۆسە مەزنەکانی بەیتولمەقدیس، چەندە شانازیەکی گەورە بووە بۆ ئێمە.**

**بە ڕاشکاوی بە ئێمەی وت: چارەنوسی هەر کەسێك کە لە جەنگەکە پاشگەز دەبووەوە کوشتن بوو، لەسەر دەستی کۆمەڵەی لەسێدارەدان، چارەنووسی هەر کەسێکیش کە بەرگری بکات مردنی سور بوو، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون خۆبەدەستەوەدان و دیلبوون بوو!**

**سەیرێکی دەوروبەری کرد و کاتێك دڵنیابووەوە لە نەبوونی هیچ چاودێرێك بەسەرمانەوە، دەستی بەلاساییکردنەوەی سەرکردە بەعسییەکانی کرد و وتی: ئەوان**

تەنها فەرمان دەرکردن لە حەشارگەکانیانەوە دەزانن: بۆ پێشەوە! بەرگری بکەن! پاشەکشە مەکەن! ئەنجامەکەی بەدیلگیرانی حەڤدە هەزار سەرباز بوو تەنها لە خرمشهر!

ئەم پاسەوانە ناوی چەند بەرپرسێکی بۆ ئێمە باسکرد، لە نێویاندا سەلاّح قازی سەرۆکی فەیلەقی سێیەم، ئەو فەرمانی بە پاشەکشە کرد لە شاری خرمشهر، هەروەك ڕژێمی بەعس لیوا ڕوکن شەوکەت عەتا سەرۆکی فەیلەقی حەوتەم لەسێدارەدا، بەهۆی پاشەکشەی لە شاری فاو (لە پرۆسەکانی فەجری هەشتەم)، هەروەها لیوا ڕوکن زیاء تۆفیق ئیبراهیم، سەرۆکی فەیلەقی دووەم، دوای سەرکەوتنی هێزە ئێرانیەکان لە ڕزگارکردنی شاری مهران لە ساڵی ١٩٨٦.

پرسیاری لێمان کرد:

- ژمارەی ئەو سەرکردانە چەندە، کە خومەینی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن؟

پێکەنی، مافی خۆی بوو ئەم پرسیارە بکات! هیچ زانیاریەکی نییە لەبارەی ڕاستی ئەوەی ڕوودەدات لەودیوەی تری ساتری گڵێن، شارەزا نییە لە گیانی قوربانیدان و فیداکاری و تێکۆشان و گیانی بوێری و نەبەردی، کە سەربازەکانمان و هێزەکانی پاسەوانی شۆڕش هەیانە، کە داستانیان تۆمار کردووە، کاتێك قسەمان بۆ کرد لەبارەی شێوازەکانی بەرگری و گیانی شەڕکردن، وتی:

- ئەمە بڕوا نەکراوە! ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن، ئەی بۆچی ئەم هەموو پلەدار زۆرانەتان لە جەنگدا کوژران؟

بۆم ڕوونکردەوە و پێم وت: سەرکردەکانمان لە هێڵەکانی پێشەوەدا شەهید دەبوون.

- ئەمە ماناى وايە خومەينى فەرمانى لەسێدارەدانى دەرنەكردووە بۆ هیچ ئەفسەرێك لە دواى داگیركرانى خرمشهر و مهران؟
- هەرگیز شتی واى نەكردووە! بەڵكو بەپێچەوانەوە جارێكیان وتی لە دوورەوە دەستی ئەو سەربازانە ماچ دەكات كە بە جوامێرانە شەڕ دەكات و بەرگرى لە ئیسلام دەكات.

محەمەد كازم پێى وت:

جەنگە كۆتایی هاتووە، ئەوەتا دیلەكان دەگەڕێنەوە وڵاتەكانیان، بەڵام تا ئێستا كلیلەكانی بەسرەتان بە ئێمە نەداوە!

پاسەوانە چاكە عێراقیەكە، لەوە نەگەیشت كە محەمەد كازم وتی، بۆیە بە نامۆیی وتی:

- چۆن كلیلەكانی بەسرە؟
- ئایا سەدام نەیوتوە ئەگەر ئێرانیەكان خرمشهریان بەدەستهێنایەوە، ئەوا كلیلەكانی بەسرەیان پێ دەدەم!

- پێنج شەمە ١٣ ئەیلولی ١٩٩٠ — ڕومادی خێوەتگەی ١٣

ئەمڕۆ دوایین ڕۆژی دیلایەتیە، كە لە نێو بەندیخانە و گرتووخانەكانی بەعسدا بەسەریدەبەین، شەوی ڕابردوو بە ئێمەیان وت: بەیانی زوو ئێوە ئازاد دەكرێن، زیارەتی عاشوراڕم بۆ هاوەڵان خوێندەوە، هەر كەوتم: خوایەگیان؛ نەفرەت لە ئەبو سوفیان و معاویە و یەزیدی كوڕی معاویە بدە، نەفرەتێكی هەتا هەتایی، پاسەوانێك هات پشت پەنجەرە و وتی:

- ئێرە موحەڕەم نییە! نزاكردن قەدەغەیە!

پێم وت:

- هەموو خاکێك کەرەبەلایە! هەموو مانگێك موحەڕەمە! هەموو ڕۆژێك عاشوڕایە!

هەراسان بوو و هیچ نەوت، دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی زیارەتەکە، پاسەوانێك لە دوای کۆتایی هاتنی زیارەتی ئیمامی حوسێن سڵاوی خوای لێبێ لە ڕۆژی عاشوڕادا هات و پۆستاڵێکی لە پشتی دام، بە دڵنیایەوە هەستم بە هیچ شتێك نەکرد، من نغرۆی نێو بەختەوەری ببووم، چونکە بەیانی ئازاد دەکرێم و دەگەڕێمەوە باوەشی نیشتمان! پێم وت: لێم بگەڕێ با نزایەکە تەواو بکەم!

- ئەگەر لە خوێندنەوەی بەردەوام بی، ئەوا ڕێگەتان پێنادەم بچنە کەربەلا!

گوێم بە قسەی ئەو نەدا، من ئەگەر بەڕاستی زانیبام نامانبەنە کەربەلا بەهۆی خوێندنەوەی نزای عاشوڕا ئەوا نەمدەخوێندەوە، هاوڕێیان بەردەوام بوو لە مشتومڕ نەکردن لەگەڵ پاسەوانان لەم ڕۆژانەدا، پاسەوانەکە ڕووداوەکەی بۆ نەقیبەکە باسکرد، داوای لە وەرگێڕ کرد ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێ کە پێمان دەڵێت، بە ڕق و کینەوە سەیری دەکردم و وتی:

- ئێوە نابەمە کەربەلا!

بە ئێمەیان ڕاگەیاند بوو، دەمانبەنە کەربەلا بۆ زیارەتی گڵکۆی ئیمامی حوسێن، وەك هەموو دیلەکانی تر، ئەمەش دڵخۆشیەکەمانی زیاد کرد، پرسیارم لە نەقیبەکە کرد:

- ئایا بەڕاستی ئێوە نامانبەن بۆ کەربەلا؟
- نزا بۆ جەنابی سەرۆك بکە کە ئازادی پێتان بەخشیوە!

جەعفەر دەولەتی موقەدەم وتی: دیلە سەلامەتەکانتان بردووە بۆ زیارەتی کەربەلا، کەواتە ئێمەش ببەن!

- خەفەت و داخی زیارەتی کەربەلا لەگەڵ خۆتان دەبەنە نێو گۆڕ.

لە دەوروبەری کاتژمێر پێنجی بەیانی، دوو پاس گەیشتن و هەندێك ژمارەی سەربازیان پێ بوو، فەرمانیان پێمان کرد لە چەند ڕیزێکدا دابنیشن، ئەفسەرێك هات لە لیستێکدا ناوی ئێمەی دەخوێندەوە و ئێمەش یەك لە دوای یەك سواری پاسەکە دەبووین، وا وێنامان کرد ئێمە دەبەنە سەر سنوور لە ناوچەی خەسرەوی، بەڵام پاسەکە لە ڕوومادی دەرچوو و بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد ڕۆیشتن، دوو کاتژمێر لە فڕۆکەخانە چاوەڕێمان کرد، خاچی سور هەڵدەستا بە چەند ڕێککارێکی پێشوەختی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیلە بریندارەکان؛ فڕۆکەخانەکە پڕ بوو لە سەربازانی عێڕاقی، کە زۆربەیان دارگۆچانیان لە ژێر شان بوو، پڕ بە دڵ ئومێدی ئەوەم دەخواست دارگۆچانەکەم نەپشکنن، پەڕاوێکی پێکهاتوو لە بیست لاپەڕەم پێچاوە لەگەڵ برینپێچەکەم، کە یادەوەری و بەروارەکان لە ماوەی دیلایەتیا لە خۆی دەگرێت.

عەقیدێکی عێڕاقی ناوی ئێمەی هێنا، ئیمەیش بەرەو گۆڕەپانی فڕۆکەخانەکە دەچووین، لێدانەکانی دڵم زیاد بوون، بەدوای هەلێکدا دەگەڕام، بۆ ئەوەی ئەو نامەیە بە فەرمانبەرانی خاچی سور بدەم، کە پێش چەند ڕۆژێك نووسیبووم، ناوی ئەو دیلانەیان دووپات دەکردەوە کە بڕیاری ئازاد کرانیان درا بوو، هەلەکەم قۆستەوە و نامەکەم ڕادەستیان کرد دوور لە چاوی ئەفسەرە بەعسییەکان.

پێش ئەوەی سواری فڕۆکە ببین، عەقیدێکی عێڕاقی بە تەمەن و ڕەنگ ئەسمەر هات، چەند ئەندامێکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی لەگەڵدا بوو.

عەقیدەکە بە شێوەزارێکی خۆشرینکردن وتی:

- کێ دەیەوێ داوای پەنادانی سیاسی بکات، ئەوا ژیانێکی خۆشی لە عێراق بۆ فەراهەم دەکەین، هەروەك دەتوانن بێنە نێو ڕێکخراوی موجاهیدنی خەلق!

هاوڕێیان لیستی پەنابەریان دڕاند، ئێمە پێشبینی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکەین، ئەم گەوجانە چۆن بیر دەکەنە؟

چ گومانێکمان پێ دەبەن؟ ئێمە وا هەستمان دەکرد چرکەکان بوونەتە خولەك، خولەکەکانیش بوونەتە کاتژمێر!

یەکە و قورئانیان دان بە هەر یەکێکمان، ناوی سەدامی دوژمنی خوای لەسەر بوو!

سواری فڕۆکە بووین، سەعدوڵا بەوانی وت: خۆزگە ئەم قورئانانەتان لە خێوەتگەکاندا بە ئێمە دەدا!

لە گەشتەکەدا ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی خاچی سوری نێودەوڵەتی هاودەمی ئێمە بوون، ئەو فەرمانبەرەش لە نێویاندا بوو کە نامەکەم پێیدا.

یەکێکیان لە تەنیشتم دانیشت کە سویسڕی بوو، ناوی نیکل بوو، بینیم لە گۆشەیەکی فڕۆکەخانەکە فڕۆکەیەکی ئێرپاسی ئێرانی لێبوو، کە ناپاکەکان لە ڕۆژانی جەنگدا ڕفاند بوویان، ئاڵای کۆماری ئیسلامی لەسەر بوو؛ هێشتا لەسەر خاکی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدادە و گەواهیدەرە لەسەر ناپاکی ئەم دووڕووانە.

من زۆر تێنووی نیشتمان بوو، دڵم ببووە پۆلێکی گڕ گرتوو، هاوڕێیان فرمێسکی دڵخۆشی و خولیای نیشتمانیان دەڕشت، لە جوانترین ساتەکانی ژیانمدا ژیام بە هەموو بوون و گەردیلەکانی قەوارەکەم.

من لە نێو خەونێکی دڵخۆش و بەختەوەردا دەژیام.

ئاخ بۆچی ئەم هەموو هێواشییە ئەی کات، ئەی چرکەکان! بۆچی ئاوا بە هێواشی دەڕۆن؟ بۆچی؟

بیرۆکەکان لە سەرمدا کۆدەبوونەوە وەك ئەسپە باڵدارەکان بەیەکدا دەچوون، بیرم لە ساتی بەدیدار گەیشتن دەکردەوە! دیداری باوك و برا و خوشکەکانم، دەبێ لە چ بارودۆخێکدا بێ؟ وا هەستم کرد من ئامادە نینم بۆ ئەم دیدارە چاوەڕوانکراوە؛ هەندێك جار بیرۆکەی نامۆم بۆ دەهاتن، سەبارەت بەوەی بەعسییەکان لەوانەیە پەشیمان ببنەوە و ڕێگە دەگرن لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە و دەمانگێڕنەوە بۆ گرتووخانە دۆزەخیەکانیان!

بە حەزەوە چاوەڕوانی ئەو ساتانەم دەکرد، کە تیایدا فڕۆکە دەچێتە نێو ئاسمانی ئێرانی خۆشەویست، کاتێك زانیم ئێستا فڕۆکەکە ڕۆیشتووەتە نێو خاکی ئێرانەوە، زیاتر لە کانیاوەکانی دڵخۆشی تەقینەوە، دڵەکەم خێراتر لە فڕۆکە دەفڕی!

لە دەوروبەری کاتژمێر سێ و نیوی ئێوارە، فڕۆکەکە هەڵنیشت لەسەر خاکی فڕۆکەخانەی مهرئابادی نێودەوڵەتی، کاتێك فڕۆکەکە نیشتە سەر ڕێگەی فڕۆکەکە، هەستم بە حەسانەوە کرد و بە تەواوی شڵەژانەکان نەمان، کە لەوەتەی بەیانی زووەوە دەمارەکانی گرژ کردووم، هەستم بە ئازادی کرد، کابوسەکانی شەوە تاریکەکان تا هەتایی پێچرانەوە، بەڵێنی خوایی هاتەجێ لە دانەوەی پاداشتی ئارامگران، بەڵێ لەگەڵ ناخۆشیەکدا چەندین خۆشی هیە، بەڕاستی لەگەڵ هەر ناخۆشیەکدا چەندین خۆشی هەیە!

لە پلیکانەکانی فڕۆکەکە دابەزیم، تیپی لەشکر سرودی نیشتمانی ژەنی، دیلەکان دارگۆچانەکانیان فڕێدا و نێوچەوانیان خستە سەر زەوی و کڕنوشیان برد، کڕنووشی سوپاسگوزاری بۆ خوای پاك و بێگەرد، نوێژی سوپاسگوزاریان کرد.

حاجی سەید ئەحمەد خومەینی کوڕی ئیمامی کۆچ کردوو خوا لێی ڕازی بێ هات بۆ پێشوازیمان، وێنەیەکی مەزنی ئیمامم بینی لە هۆڵی فڕۆکەخانەکە، وتەی کۆچکردووی مەزنی لەسەر بوو:

((ئەگەر ڕۆژێك دیلەکان گەڕانەوە نیشتمانەکەیان، منیش ئامادە نەبووم، ئەوا سڵاوی منی پێبگەیەنن و پێیان بڵێن: خومەینی هەرگیز لەبیرتان ناکات)).

گریام و فرمێسکم هەڵڕشت.

سڵاوت لێبێ ئەی ڕۆحوڵا!

# بەشی پازدەم

## ئێران

## لەدایکبوونی نوێ

- هەینی ١٤ ئەیلولی ١٩٩٠ — تاران — سەربازگەی لەشکرك

هەوڵمدا لە سەربازگەکە بچمە دەرەوە، بڕۆمە گەڕەکی ئاکباتان، محەمەد عەلی خاڵم لەوێ نیشتەجێیە، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام، ڕێکخەرانی فڕۆکەخانەکە بەوپەڕی خۆشەویستیەوە پێیان وتم:

- خۆشەویستم! پێویستە لەسەرمان بتانبەین بۆ لای خانەوادەکانتان، هەر بۆیە مۆڵەتتان پێ نادەین لە سەربازگەکە بچنە دەرەوە، ئەمە ڕێنماییەکانن و ناتوانرێ پێشێل بکرێن، ئا بەم شێوەیە یەکەم ڕۆژم بەسەربرد لە ڕۆژانی ئازادی، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی خاڵم لا نەبوو.

لە ئێوارە هاتینە هۆڵی سەربازگەکە بۆ خواردنی نانی ئێوارە، نانی ئێوارەمان برزنج و مریشك بوو، وتم ئەگەر بەشم نەکات ئایا دەفرێکی ترم بۆ دێنن؟ پیاوێك کە زۆر باش بوو وتی: بەڵێ کوڕەکەم زۆر خۆراکمان لایە، تەنها نیو قاپم خوارد، وا دەردەکەوێ گەدەم بچوك بووەتەوە، لەو ماوەیەی لە دیلایەتیدا بەسەرم بردووە لەسەر کەمێك خۆراك ڕاهاتبووم، زگی خۆم لە خۆراك تێکرد، بەڵام چاوەکانم هێشتا برسی بوون!

- شەمە ١٥ ئەیلولی ١٩٩٠ — تارات — سەربازگەی لەشکرك

ئێمەیان برد بۆ فڕۆکەخانەی مهرئاباد، کاتژمێر هەشتی ئێوارە بوو، ماڵئاواییم کرد لە هەر یەك لە سەعدوڵا گل محەمەدی و محەمەد کازم بابائی، نەمتوانی زاڵبم بەسەر هەست و سۆزەکانم و دەستم بەگریان کرد، ماوەی دیلایەتی بە هەموو ناخۆشی و دەردەسەریەکانی لەگەڵ کەسانێکدا کە ئەوپەڕی سۆز و خۆشەویستیان بۆت هەیە،

ئەوا ماوەیەکی جۆشدراوە بە پاکی و بێگەردی، ڕۆژانی دیلایەتیمان بەش کرد بە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانی، خوای مەزن ئارامی پێبەخشین؛ هەندێك جار هەست بە شرینی ئەو ڕۆژانە دەکەی کە لەگەڵ کەسانێکدا ژیاوی کە لەوپەڕی باشی و میهرەبانی و سۆزی مرۆڤایەتیدان، حاجی سەعدوڵا وەك باوکێکی بەسۆز بوو بۆ من، لە کاتی ماڵئاوایی کردن لێی حەزێکی زۆرم لە چاوەکانیدا بینی بۆ دیداری منداڵەکانی لە جرجان، فڕۆکە منی گواستەوە لە تارانەوە بۆ شیراز، لە ماوەی گەشتەکەدا بیرم تەنها لە ساتەکانی چاوکەوتن دەکردەوە بە خۆشەویستان و وڵات.

- **یەك شەمە ١٦ ئەیلولی ١٩٩٠ — یاسوج — گچساران — باشت**

لە یەکێك لە خانەکانی پشودان لە شیراز پشوماندا، ئوتۆمبێلێکی پاترۆڵی ڕەنگ شیری هات، ئێمەی گواستەوە بۆ یاسوج، دوای نوێژی بەیانی من و سەید محەمەد شەفاعەت منش و محەمەد باقر پور سواری ئوتۆمبێلەکە بووین، ئێمەی بردە یاسوج، کاتژمێری نۆ و نیو گەیشتین، ئێمەیان بردە خانەی پشو لە (ئابشار)، ژەمی بەیانیمان خوارد، تا ئەم ساتە هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم نازانن من زیندووم، لە خانەی پشو عەقید رهام بەخش حەبیبی من ناسیەوە، کە لە خەڵکی باشت بوو و شۆك گرتی و بڕوای بەوە نەکرد من زیندووم و هێشتا لە ژیاندام، بەسۆزەوە ماچی کردم و بەجۆش و خرۆشەوە باوەشی پێداکردم و پەیوەندی بە خوشکەکەم بی بی ماهتابەوە کرد، کە لە یاسوج نیشتەجێ بوو و پێی ڕاگەیاند من لە دیلایەتی ئازاد کراوم و هێشتا لە ژیاندام، خوشکەکەم بڕوای بە هەواڵی زیندوو بوونی من نەکرد، چ جای ئەوەی لە یاسوج بم، باوکم و برایەکانم هەواڵی منیان دەپرسی لەو دیلانەی دەگەیشتنە ئێران، ئەو وەڵامەی بەدەستیان دەخست ئەوە بوو: هیچ شتێکی لەبارەوە نازانین!وا دەردەکەوێ زۆرێك لەو هاوڕێیانەی منیان لە نەخۆشخانەی ڕەشید بینی بوو، بە خێزانەکەمیان وتبوو شەهید بووە.

دوای ده خولەك عەقید حەبیب هات و وتی: خوشکەکەت بی بی مەهتاب لە گۆڕەپانەکە چاوەڕێت دەکات، دڵم بە توندی لێی دەدا، من بە ڕوونی گوێبیستی ئەم لێدانانە دەبووم، ئەم ساتانە پڕ بوون لە بەختەوەری، کە خوشکە مەزنەکەم دەبینم، هەستم کرد من لە خەوندام لە نێو شەش برا و حەوت خوشکدا، بی بی مەهتات یەکەم کەس بوو لە خانەوادەکەم ببینم، زۆر تێنوی دیداری بووم و خێرا بەرەو لای ئەو ڕام کرد، بەدەم خۆشەویستی و سۆز و جۆش و خرۆشیەوە باوەشی پێدا کردم، بۆنی دایکم لەودا کرد و بە دەنگی بەرز گریام؛ بۆ ماوەی بیست خولەك دەستەکانی ئەو منیان گرتبوو و ماچی دەکردم و زۆر گریا، عەقیدەکە پێی وت: لێی بگەڕێ با لە سەختییەکانی گەشتەکە بحەسێتەوە!

پرسیارم لە مەهتاب کرد، لەبارەی باوك و برا و خوشکەکانم، ترسی ئەوەم هەبوو باوکم کۆچی دوایی کردبێ لەم ماوەیەدا، ماڵئاوایی لەم دونیایە کردبێ.

کاتژمێر دە و نیو بەیانی لەگەڵ سەید محەمەد شەفاعت منش گەشتم کرد بۆ گچساران، لە ڕێگەدا ماڵئاواییم لێکرد، هەموو یادەوەریەکانم لەگەڵ ئەودا لە ڕۆژانی دیلایەتیدا هەڵمگرتن، گاڵتە و گەپ و ئارامگری و ڕاوەدونانە شیعریەکانی، لە هەمووی گرنگتر وەفاداریەکەی، خۆشحاڵیم لەوەدا بوو هەر کاتێك بیری ئەوم بکردبایە ئەوا دەمتوانی سەردانی بکەم.

لە دەوری کاتژمێر دوازدەی نیوەڕ گەیشتوومەتە گچساران، بینیم کۆمەڵانی خەڵك بەرەو لای من دێن بۆ پێشوازی کردنم، وا هەستم ڕۆژانی دیلایەتی و ئێش و ئازار لەسەر ئەستۆم لاچوون.

تێڕوانینم لەبارەی ئازادی جیاواز بوو لەوەی دەمبینی، وا گومانم کاتێك دەگەمە ئێران، ئەوا مانگی سور هەندێك پارەم پێدەدات، کە بەشی گەشتی ڕۆیشتنم بکات بۆ

لای خانەوادە و خزمانم، دواتر دەڵێن خوات لەگەڵ! هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات لەگەڵ گەیشتنم بە شارەکەم گچساران ئەم ساتە جوانانە دەبینم!! لە دەوروبەری نزیکەی بیست ڕۆژ لە ئازاد کرانمان لە دیلایەتی، کە ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانەی ١٧ تەموز بووم، بە جەعفەر دەوڵەتی موقەدەمم وت: دوای ئەوەی لە دیلایەتی ئازاد دەکرێم ئەوا وتەیەك پێشکەش دەکەم لە ناو خێزان و خزمانم لە شارەکەمدا، لە یەکێك لە مزگەوتەکان یان لە نوێژی هەینیدا، ئەم بیرۆکەیەم لە جەعفەرەوە وەرگرت، تەنانەت من لە ناخی خۆمدا پەیکەری ئەم وتارەشم ئامادەکرد بوو، دەزانمچس بە کۆمەڵانی شارەکەم دەڵێم.

ئەو کۆمەڵانەی دەهاتن بۆ پێشوازی کردن لێم لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار پیاو و ئافرەت دەبوون، ڕژانە نێو تەلاری (بەسیج) زۆربەی خەڵکی باشت و تیرەکانی باوی هاتبوونە گچساران بۆ پێشوازی کردن لێم، لەبەردەم تەلاری بەسیج و بە ئەندازەی بینینی چاو خەڵك کۆببووەوە بە پیاو و ئافرەتەوە، هەندێك لە برایانی پاسەوانی شۆڕش منیان هەڵگرت و بردمیان بۆ لای سەرەوەی تەلارەکە، کورسیان دانابوو بۆ وتاربێژی هەینی و کاربەدەستی شار و بەرپرسان، لەسەر تەلارەکە سەیری بەردەمی خۆم کرد، کۆمەڵانی خەڵك لە بن تەلارەکەوە تا لای مزگەوتی خاوەنی ڕۆژگار و لە کەرتی تەلاری حکومەتی خۆجێی تا گەڕەکی (سادات) خەڵك وەستاون، هەر هەموویان بەشێوەیەك وەستابوون وەك ئێمە لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا بین؛ پێشبینی هاتنی ئەم کۆمەڵە زۆرەی خەڵکم نەدەکرد!

حاجی سەید موتەقی کاشانی وتاربێژی هەینی شارەکە وتی: قسە خەڵك بکە، لەبارەی دیلایەتی و ناخۆشی و سەختی و نەهامەتیەکان و کوژرانی هاوڕێیانت و بەرگری و خۆڕاگری و نەبەردیان، هەر شتێك کە بکرێ کاریگەر بێ لە ژیانی ئەم خەڵکەدا!

وا هەستم کرد نەتوانم قسە بکەم لەبەردەم ئەم کۆمەڵە خەڵکە زۆر و زەوەندە، چەند ساتێکی سەخت بوون و دڵم زۆر بە تووندی لێی دەدا و گومانم بۆ دەهات سەبارەت بە شکست هێنان، سەرباری ئەوەی متمانەم بەخۆم هەبوو لەوەی لە قوتابخانەی دیلایەتیدا پەروەردە کراوم، دڵم پڕ بوو لەو نا هەمواریانەی لەو بارودۆخە سەختانە تیایدا دەژیام، حەزم دەکرد قسە بۆ خەڵکی شارەکەم بکەم سەبارەت بەو ناڵاند و چەرمەسەریانەی بینیومانە! هەمووان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد دیلێکی تازە ئازاد کراو لە گرتووخانەکانی بەعسدا، کە لاوێکی تازە پێگەیشتووی قاچ بڕاوە دەبێ چی بڵێ؟!

لە لوتکەی کاردانەوەی گەرمی جەماوەریی، پێشکەشکاری بەرنامەی ئاهەنگەکە وتی: لەم بەشەی بەرنامەکەدا، گوێ دەگرین بۆ وتەی برای پاڵەوان سەید ناسرحوسێنی پور، کە لە نەوەی گڵ و ساترە گڵینەکان و نەوەی باروت و تفەنگ و خەندەقەکانە، چەندین یادەوەری شەهیدانی لە سینگدایە، لە نەوەکانی ئەم شارە، لە داستانی بەرگری لە شکۆ و ڕێزی ئەم گەلە کۆڵنەدەر و سەربەرزە؛ یادەوەری ئەو پاڵەوانانەی بە سینگەکانیانەوە ڕووبەڕووی شەپۆلی گوللە و فیشەك بوونەوە، لە پێناو نیشتمان و ئایین و شکۆیانەوە! پێشوازی لەم پاڵەوانە دەکەین بە درودان لەسەر محەمەد و خانەوادەی محەمەد.

بەرەو دوانگە ڕۆیشتم و هەنگاومنا، شانم خستبووە سەر دارگۆچانەکەم و لە پشت مایکەوە وەستام، بۆ ئەوەی یەکەم وتار لە ژیانمدا پێشکەش بکەم!

بەناوی خوای پارێزەری شکۆی خوێنی شەهیدان! سڵاو لە ئیمامی تێکشکێنەری بتەکان، ئیمام خومەینی ئازیز، ئەو ئیمامەی هیوا و خولیامان سەردان کردن بوو بۆ لای ئەو لە جماران، ئەگەر گەڕاینەوە نیشتمان! گەڕاینەوە بەڵام ئەو کۆچی کرد،

هەروەك براكەم هادی گنچی وتی لەوانەیە ئیمام دلگران بووبێ لێمان، لە جەنگدا وەك ئەوە نەبووبین كە ئەو حەزی كردووە و ویستویەتی!

ئەی ئیمامی ئازیز و خۆشەویست! من وەك گەشتیارێك، سەركەوتوو نەبوومە لە ڕۆیشتن لەگەڵ كاروانی شەهیدان، لەبەردەم ئامادەبوونی ئەم جەماوەرە دەڵێم، نەوەكانت لە دوورگەی مەجنون تا دوایین گوللە و فیشەك جەنگیان كرد، لاشەی هاوڕێیان پارچە پارچە بوون، ئامێرەكانی بەعسیەكان بەسەر تەرمی ئەوان كەوتن و بە خوێنی شەهیدان سور بوون، تەواو وەك ڕۆژی عاشورا، لەو ڕۆژە خوێناویەدا هاوەڵانی یەزید بەسەر جەستەی شەهیدان كەوتن لە كەربەلا بە سمی ئەسپەكانیان... هەر خوا دەزانێ هاوەڵانم چەندە ناڵاندوویانە بەدەست ئەشكەنجە و ئازارەكانی گرتووخانەی ڕەشید، چونكە ئەوان ڕەتیان كردەوە خۆیان لە تۆ بەری بكەن و جنێوت پێ بدەم، ئای چەندە بەرگەی قەمچی گەرمیان گرت، چەندە دووچاری دار شەقە و پێ لەقە بوونەوە، چونكە وەفادار بوون بۆت!

من وەك گەشتیارێك سەركەوتوو نەبوون لە ڕۆیشتن لەگەڵ كاروانی شەهیدان، بە خانەوادە و خەڵك و نەوەكانی گەلە بەڕێزەكەم و خانەوادەی شەهیدانی داستانی خەندەق دەڵێم: كوڕەكانتان تا دوایین فیشەك خۆڕاگریان نواند، بەم نەبەردی و خۆڕاگریەیان كەربەلایەكی تازەیان دروست كرد، بە شەهید كەوتن و جەستەكانیان كەوتە دەست دوژمن لە پێناو ئەوەی یەك بستە خاكی ئێران نەكەوێتە دەستی ئەوان!

من كەسێكی وتاربێژ نیم، داوای لێبوردن دەكەم لە بەردەم ئەم ئامادەبووە بەڕێزانە!

لە ڕۆژانی كۆتایی دیلایەتیدا، كە ئاڵوگۆڕی دیلەكان لە نێوان هەر دوو لا دەستی پێكرد، فەرماندەی خێوەتگەكەمان عەباسی نەقیب وتی: كە گەڕانەوە ئێران قسە

مەكەن لەبارەی جەنگ و بە خانەوادەكانتان نەڵێن چیتان بەسەر هاتووە لە خێوەتگەكانی دیلایەتیدا، هەموو شتێك كۆتایی هاتووە، ئەگەر قسەیان بۆ بكەن ئەوا ناخۆشی و تاڵایەتی دەخەنە دڵی ئەوانەوە، شتی جوانیان بۆ باس بكەن و پێبكەنن و نزا بۆ جەنابی سەرۆك سەدام بكەن، كە ئێوەی لە دیلایەتی ئازاد كردووە، بەڵێ عەباسی نەقیب بەم جۆرە ئامۆژگاری ئێمەی كرد!

لە ناخی خۆمدا وتم: ئای ئەم ستەمە چەندە دزێوە، جەنگێكی ناهەمواریان بۆ سەر ئێمە دەستپێكرد بۆ ماوەی هەشت ساڵ، دواتر عەباسی نەقیب دێت و ئامۆژگاریمان دەكات هیچ شتێك باس نەكەین لەبارەی ئەوەی بەدەستیەوە ناڵاندوومانە لە خێوەتگەكانی تكریت، ئەو دەیەوێ گەلە بەرێزەكەمان هیچ شتێك نەزانێ لەو ستەم و داپڵۆسین و چەوساندنەوەی بەسەر نەوە دیلەكانماندا هاتوون، چەند ساڵێك ئێمەیان خستۆتەوە زیندانی نهێنی دوور لە چاوی خاچی سوری نێودەوڵەتی، بەعسییەكان بە بۆنە و بەبێ بۆنەش بەردەوام بە ئێمەیان دەوت: كەس نازانێ ئێوە لێرەن، تەنانەت زۆرێكمان وا بڕوامان كرد فەرمانگەكانیناسنامە و ڕەگەزنامە هەڵساون بە پوچەڵكردنەوەی ناسنانەی باری كەسێتیمان و ئێمە لەناوبراوین!!

جارێكیان فازڵی ئەفسەر بەئێمەی وت: نرخی ئێوە لای ئێمە یەك مریشكیش ناهێنێ، وەلیدی پاسەوان وتی: تەنها ئەوەندە خواردنتان پێدەدەین كە بە زیندووی بمێننەوە و ئاڵوگۆڕتان بكەین لەگەڵ دیلەكانمان لە ئێران، كاتێك گوێبیستی دانوستان بووین لە نێوان دكتۆر ویلایەتی و تارق عەزیز، پرسیارم لە قەحتانی ئەفسەر كرد: كەی لە دیلایەتی ئازاد دەكرێین؟ دەزانن وەڵمەكەی چی بوو؟ وتی: كاتێك دەبینن پیاو وەك ئافرەت زگ پڕ دەبێ، ئەو كاتە ئازاد دەكرێن، واتە هیچ ئومێدێك بۆ ئازادبوونتان نییە!

ئەمڕۆ دەمەوێ قەحتانی ئەفسەر گوێبیستی دەنگی من بێ تا پێی بڵێم: ئەی ئەفسەر! ئازادی خۆمان بەدەستهێنایەوە بۆ ئەوەی پیاو زگ پڕ بێ!

کاتێك ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بڕیاری ٥٩٨، هاوڕێیانم دەیانوت: خوزگە دەنگی ئێمە گەیشتبایە بەرپرسان تا پێمان وتبان: هیچ ماف و جیاوك (امتیاز)ێك بە بەعسییەکان نەدەن لە پێناوماندا، ئێمە ڕازی نابین ئەم بەعسیانە بەهۆی ئێمەوە هەراسانتان بکەن!

بەعسییەکان داوایان لە ئێمە کرد، هەواڵتان پێ نەدەین سەبارەت بە مردنی دەیانی وەك محەمەد بخرد و عەلی شاه ئاوریدە و حوسێن مەڕوانی و عەلی لەشکری، بەهۆی توشبوونیان بە نەخۆشی ناڕوون! ئەوان شەهید بوون لە خێوەتگەکانی تکریت و جەستە پاکەکانیان نێژران لە بیابانی تکریت! ئەوان داوایان کرد قسە نەکەین لەبارەی بوونی دیلێکی منداڵی تەمەن نۆ ساڵان، کە لەکاتی لەوەڕاندنی ڕانە مەڕدا لەگەڵ ئیبڕاهیمی برایدا لە دەشتەکانی ئیلام بەدیلگیراون، بەڵێ ئەمیر لەگەڵ براکەی ڕانە مەڕەکەیان دەلەوەڕاند، بەعسییەکان ئەوانیان بەدیل گرت و ڕانە مەڕەکەشیان برد بۆ ئەوەی گۆشتەکەیان بلوشن و زگیان پڕ بکەن لە گۆشتی حەڕام.

ئەی خەڵکی گچسارانی ئازیز! قاچم لە بەغداد بەجێماوە، بۆ ئەوەی هیچ بستێك لە خاکی ئێران لە ژێر پۆستاڵی بەعسییەکاندا نەمێنێتەوە، بەعسییەکان قاچە بریندارکەمیان شێلا تا شکۆ و حورمەتمان پێشێل نەکرێ! ئەمریکیەکان و سەدامی بەکرێگیراویان وا گومانیان برد دەتوانن شۆڕشەکەمان سەرکوت بکەن، ئەوەی وامان لێ دەکات سەر بکەوین بە دەستەکانمان و خۆڕاگر بین بەرامبەر دوژمنانمان بریتیە لە بڕواکەمان و شوێنکەوتنی ئیمامەکانی خانەوادەی ڕێزداری پێغەمبەر سڵاوی خوا لێبێ، خوێنی پاکی شەهیدانمان، سەدامی خستەسەر ئەژنۆ بۆ ئەوەی تکا لە ئێران بکات بۆ قبوڵکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥، سەدام کە ئەم ڕێکەوتننامەیەی دڕاند

لەبەردەم جیهان پێش دە ساڵ، نزا و پاڕانەوەی ئومەتەکەمان سەدامی تێکشکاند، خوای پاك و بەرز ئەوی سەرشۆڕ کرد و ئێمەی بەسەر ئەودا سەرخست.

- **دوو شەمە ١٧ ئەیلولی ١٩٩٠ — باشت —**

خۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنم بەسەر برد، لە پاڵ خوشکەکانم: مەهتاب، نرجس، فیروزە، پەروانە، لالە، سیما، هنگامە، باوکم سەیرم دەکات و دەگرییێت، بڕوا بەوە ناکات کە دەیبینێ، قودڕەتوڵای براکەم وتی:

- دەزانی باوکم دوێنێ چی وت؟
- نازانم.
- دوێنێ کاتێك بی بی مەهتاب مژدەی هاتنی تۆیدا، باوکم بڕوای نەکرد، مەهتاب سوێندی بۆ دەخوارد!ئەوا بڕوا ناکات تۆ هێشت زیندووی، کاتێك ڕەشماڵمان هەڵدایەوە بۆ پێشوازی کردن لێت و قوربانیمان کرد لە پێناوی خوای پاك و بێگەرددا، ئامادەکاریەکانی پێشوازیکردن لەتۆمان تەواو کرد، باوکم وتی: ئەگەر ناسر هات، دەڕۆمە لای گۆڕی باوکم سەید مەنسوری و پێ دەڵێم:
- باوکە هەڵسە وەرە بۆماڵەوە[1].

لە ئێوارەدا ئامۆزاکەم سەید غولام بلادی پێی ڕاگەیاندم کە ئەحمەد فروزان شەهید بووە، نەمتوانی هەست و سۆزەکانم بشارمەوە، بۆیە لە گرمە و هۆرەی گریانمدا، لەگەڵ ئەوەی حەوشەی ماڵەوە پڕ بوو لە خەڵك کە بۆ سەردانی من هاتبوون، ڕۆیشتمە ژوورێك و بە تەنها ئەوەندەی خوا ویستی گریام و فرمێسکم

(١) باپیری خوا لێخۆشبووم سەید مەنسورە، باوکم بۆیە ئەوەی وت چونکە زۆر دڵنیا بوو من شەهید بوومە، هاتنەوەی من سەبارەت بە باوکم وەك کەسێکی مردوو و دواتر خوا زیندووی کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ نێو خانەوادەکەی، بەردەوام سەیدە بەحرانیەکان ئەم وتەیەی باوکمیان دەگواستەوە لە مەجلیسە خێزانیەکانیاندا.

هەڵڕشت، ئەحمەد یەکێك بوو لە خۆشەویستترین هاوڕێیانم، ناوبراو ڕەحمەتی خوای لێبێ لە پرۆسەکانی (بۆسە) شەهید بوو، سەید شوجاعەدینی برام نامەکەی ئەوی سەبارەت بە من پیشانیدام، ئای لە چارەنووسی سەیر لەو ڕۆژانەدا ئەحمەد هێشتا لە ژیاندا مابوو، منیش ون ببووم، ئەمڕۆ ئەو بازی بەسەر مندا هاوێشتووە و ڕۆیشتووە، کاتێك گەڕامەوە ئەو بە شەهیدی ماڵئاوایی کردبوو، لە ناخی خۆمدا وەك بیرهاتنەوەی ئەو ڕۆژانە کاتێك ئەحمەد بە شەهیدی دەزانیم دەموت: خۆزگە شەهید بووبام! ئەحمەد شاعیر بوو و بە ڕەوشت بوو، سروشتی لەسەر گاڵتە و گەپ ڕاهاتبوو، خۆشنووس و (وێژەوان) ئەدیب بوو، شیعرێکی گاڵتەئامێزی لەسەر زمانی داپیرەی خۆی دادەڕشت:

داپیرەم دەڵێت: مەڕۆ بۆ بەرەی جەنگ!

ئەگەر ڕۆیشتیتە بەرەی جەنگ: مین مەچێنە!

ئەگەر مینت چاند بەسەریاندا مەڕۆ!

ئەگەر بەسەریاندا ڕۆیشتی بە ئاسماندا مەفڕە!!

- سێ شەممە ١٨ ئەیلولی ١٩٩٠ – باشت –

ئەمڕۆ هەندێك ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە سەردانیان کردم کە پێکم هێنابوو، فایز، جمشید، عیسا، ئیبراهیم، داریوش و... لەم ڕۆژانە فایز بەرپرسیاری خۆیەتیە لە نێو کۆمەڵەکەدا، کاتێك جەنگ و دیلایەتی کۆتایی هات و یادەوەریەکانی ئەم ڕۆژانە دەهاتنەوە یادم، هەست بە کروزانەوە و دڵسوتانەوە دەکەم!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا مەلەفێکم پێکهێنا بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە، بۆ هەر یەکێکیان مەلەفێکم کرێ و لەو لیستەی ئامادەم کردووە چەند ڕاپۆرتێکم لەبارەی مەشقی

سەربازیدا تیایدا کۆکردەوە، لە پەڕی کارتۆنی ڕەنگاو ڕەنگ ناسنامەم بۆیان دروست کرد، ناوەکەیان و جۆری مەشقی سەربازیان تێدا بوو، هەروەك مۆرێکم بۆ خۆم دروست کرد بوو لە ڕووپۆشی دەرزی پەنسلین، دەمانویست سود لەم ناسنامانە ببینین بۆ ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگ، تەنها وێنەکان مابوونەوە و پارە تەواو بوو! ڕۆیشتمە لای سەید سادق، کە وێنەگر و پێم وت: سەید قودرەتوڵای برام سڵاوی لێدەکردی، دەیەوێ بۆ چەند ڕۆژێك کامێراکەم پێ بدەی، وەك ڕێزێك بۆ براکەم کامێراکەی پێدام، کاتێك زانی من ناوی براکەم بەکارهێناوە ئەوا بە توندی و تووڕەییەوە سەرزەنشتی کردم!! وێنەیەکی بەکۆمەڵم بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە گرت، دواتر دوو دانەم لەبەرگرتەوە، ئینجا بریمنەوە بۆ ئەوەی وێنەی هەر یەکێکیان بخەمە نێو مەلەفی هەر یەکێکیان و وێنەیەکیش لە پسولەکە بدەم!!

منداڵیم بەم شێوەیە بووە، ئێمە پلانمان دادەڕشت لە پێناو ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگ، بیرۆکەکانی منداڵی بەم جۆرەمان بۆ دەهات و ئەم کارانەمان دەکرد!!

کاتێك هاوڕێیانم هاتنە لام، یادی ڕۆژانی ڕابردوومان کردەوە، کە پڕ بوون لە بێ تاوانی و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی!

هیچ هەواڵێم بەدەست نەکەوت لەبارەی سەید نەسرەتوڵای برام، نازانم چ شتێك ڕێگەی لێگرتووە لە هاتنە سەردانی من! لە دەروونی خۆمدا وتم: لەوانەیە شەهید بووبن و هەواڵەکەیان لە من شاردبێتەوە، سەید نەسرەتوڵای فەرماندەی هەواڵگری کۆمەڵەی تایبەتە لە شاری سەقز لە کوردستان.

سەید نەسرەتوڵا پێکراوە لە شەڕکردن لەگەڵ تاقمی کۆمەڵە، لە قاچ و زگیدا دوێنێ پێکراوە، سەید حیشمەتوڵا سەرکەوتوو بوو لە پەیوەندی کردن پێیەوە، حیشمەتوڵا لە بەدالەی پەیوەندی کردن لە شاری باشت پەیوەندی کردووە بە بارەگای

پاسەوانی شۆڕش لە سەقز، نەسرەتوڵا لە خسرەوی لە سنووری شاری باشت پەیوەندی دەکرد! چارەنووس وای ویست هێڵەکان یەکبگرن و دوو براکە لەسەر هێڵەکە بەیەك بگەن بە ڕێکەوتن!

لەوەتەی دوو هەفتەیە سەید نەسرەتوڵا بە دارگۆچانەکەی ڕۆیشتووەتە سەر سنوور لە ناوچەی خسروی، چونکە شاندی دیلەکان دەهاتنە ئەوێ، بەدوای مندا دەگەڕا، سەید نەسرەتوڵا وتی: دوو جار پشکنینی کردووە بۆ لیستەکانی سی و چوار هەزار دیل، ناوی سەید ناسر لە نێویاندا نەبوو، ئەگەر زیندوو بووبایە ئەوا ئازاد دەکرا!

لێرەدا حیشمەتوڵا پێی وت: ئەگەر مژدەی هەواڵێکی خۆشت پێبدەم، چ شتێکم پێدەدەی؟

نەسروڵا وتی: ئەگەر هەواڵەکە پەیوەست بێ بە سەید ناسرەوە، چیت دەوێت پێت دەدەم!

حیشمەتوڵا وتی: سەید ناسر هاتۆتەوە و لەوەتەی دوو ڕۆژە لەماڵەوەیە!

حیشمەتوڵا هەواڵی پێدام: نەسرەتوڵای برام دەستبەجێ دەستی بەگریان کرد، کاتێك ئێوارە نامەکەی سەید نەسرەتوڵام خوێندەوە[1] سەبارەت بە لەدەستدانم لە

(١) بۆ باوك و براو و خوشك و خزمە ستەملێکراوەکانم! سڵاوتان لێبێ، تاکە تاکە سڵاوتان لێ دەکەم و لە خوای پاك و بێگەرد دەپارێمەوە ئارامگریتان پێ ببەخشێ، هیوادارم خۆڕاگر بن لەبەردەم ڕووداو و ناخۆشیەکان.

باوکی ئازیزم؛ نامە پڕ سۆزەکەتانم پێگەیشت لە بەرواری ٢ ئابی ١٩٨٨، سەرباری هەواڵە خەمبارەکە، بەڵام من سوپاسی خوا دەکەم لە نێو خێزانە پڕ لە جوامێرەکەمان چاکترینمانی هەڵبژاردووە، لە نامەکەتان باسی ئەوەتان کردووە ئەوەی بەلاتانەوە گرنگە ئازاری دووربوون و لەیەکترازانە، دوودڵ مەبن سەبارەت بە من، چونکە هیچ مەترسیەك لەسەر من نییە، من شایستەی شەهید بوون نیم، ئەگەر شایستە

**بووبام ئەوا پێشتر بەدەستم دەهێنا، ئەگەر من شایستە بووبام ئەوا بەدەستم دەهێنا، بەر لەوەی هەواڵی لەدەستدانی سەید ناسرى برام بخوێنمەوە، ئەگەر شایستەی شەهیدی بووبام، ئەوا ئەم دونیا بێ کەڵکەم بەدەستدەهێنا و لە ژیاندا نەدەمامەوە بۆ ئەوەی بینەری شەهید بوونی برا بێ تاوانەکانم بم.**

**باوکی ئازیزم؛ چاك ئەوەت لەبیرە کە پێم وتی: ڕۆژێك هەواڵی شەهید بوونی سەید ناسرت پێ دەگات، ئەوا بە هەرەمەکی نەموت، کاتێك هەواڵی شەهید بوونی هیدایەتوڵای براکەمم بیست، لە ناخمدا وتم: چ ئێسا یان لە ئایندە سەید ناسر شەهید دەبێ، من دەروونی خۆم ڕاهێنا لەسەر بیستنی ئەم هەواڵە ڕۆژێك لە ڕۆژان، ناسر ستەملێکراو بوو، لە ستەملێکراویدا هاوشێوەی سەید بەهەشتییە، بە ستەملێکراوی وەك بەهەشتی ژیا و بە ستەملێکراوی مرد.**

**خۆشبەختی بۆ ئەو کە شەهیدی و بەختەوەری بەدەستهێناوە، نازانم چۆن باسی هەواڵی شەهید بوونی ئەوتان بەم جۆرە باسکردووە، ئایا نازانن ڕەوانەکردنی هەواڵی لەم جۆرە بۆ جەنگاوەران لە باری بە یەکدادانی کارێکی چاك نییە، بەڵام کێشە نییە خوا لەگەڵ ئارامگراندایە، دەتوانرا باسی ئەوە بکەن بریندار بووە یان قاچی بڕدراوە و بەم شێوەیە... باوك و برا خۆشەویستەکانم ئێوە سورن لەسەر هاتنەوەم لە مۆڵەتێکدا، بەڵام من پرسیارتان لێدەکەم گرنگی هاتنی من چییە، دەتوانم چی بکەم جگە لە گریان، هەر بۆیە وام پێ باشترە لێرە بمێنمەوە و بە چاکی شەڕی پاڵەوانانە بکەم و داوا لە هەر کەسێك دەکەم کە منی خۆشدەوێ ئەو بۆشاییی پڕ بکاتەوە کە ماڵئاوایی ناسر جێیهێشتووە بەگوێرەی توانا و ڕێگە نەدات تفەنگەکەی سارد ببێتەوە.**

**دەزانم ئێوە دەتانەوێ من بێنم لەلاتان بوەستم، خوا گەواهیدەرە من زۆر خەمبارم و خەفەتبارم، حەزم لێیە لە پاڵ ئێوە بم لەم بارودۆخە هەستیار و ناخۆشەدا، بەڵام بارودۆخەکان زۆر هەستیارن و ئەگەر هەر یەکێك لە خانەوادەی جەنگاوەران شەهید بێ یان ون ببێ، ئەوا خزمانی بەرەکانی جەنگ چۆڵ بکەن، ئەوا ئایا کێ شوێن و خەندەقەکان دەپارێزێ؟**

**من حەزم لێیە لێرەدا بگریم بۆ براکەم لە ژێر گرمە و هۆرەی دەنگی فیشەك و گوللە تۆپەکان، با ئەمە لە ژێر چاودێری خوای بالادەست و خاوەن شکۆ بێ!**

**بە هەر حاڵ من لێرەدا پیرۆزبایتان لێ دەکەم و سەرەخۆشیتان دەدەمەوە، ئەگەر بتوانن ئارام بگرن لەسەر خوشکەکانم، ئەوا من هەشت بە شەرمەزاری دەکەم لەبەردەم ئەوان تا دواڕۆژ!**

**خوایەگیان؛ تۆ گەواهیدەری لەسەر فرمێسکەکانی خوشکە بێ تاوانەکان، ئەوان خولیای ئایندەی براکانیان بوون، هەست بە شانازی دەکەن بەهۆی بوونی ئەم جۆرە برایانە، ئا ئەوەتا ئەوان ئێستا بینەری ڕۆژی شەهیدبوونی جوانی ئەوانن...**

**ڕۆژێکم بیر دێتەوە کە لە ناخی خۆمدا وتم: من دە برام هەن، ئەگەر بمانەوێ یەك فەوج لە لەشکری بەعسییە دوژمنەکان تێکدەشکێنین... من سوپاسی خوا دەکەم ئەم شکۆمەندیەی بە ئێمە بەخشیوە... لە**

بەرەی جەنگ، دەستم بە هەڵڕشتنی فرمێسك کرد، نامەیەکی پڕ بوو لە سۆز و جۆش و خرۆشی، ١٢٣ مانگ ماوەی تێکۆشانی سەید نەسرەتوڵا درێژ دەبێتەوە، ئەمە مایەی شانازی بوو بۆ خانەوادەکە؛ هەرگیز لەگەڵ کۆ نەبوومەتەوە بە ئەندازەی بوونم لە بەرەکانی جەنگدا، هەرگیز وا ڕێك نەکەوتووە بە یەکەوە لە یەك میحوەر بین لە میحوەرەکانی شەڕدا!

کۆمەڵەی گورزوەشێنی تایبەت کە شەید سەید هیمەتوڵا و سەید نەسرەتوڵای برام قسەیان لەبارەوە بۆ دەکردم داوە بەنەکەی پچڕاوە!

جەنگ کۆتایی هاتووە! و دیلەکان گەڕانەوە وڵاتەکەیان.

لە کۆی شەش برا، کە ڕۆیشتوونەتە نێو بەرە و مەیدانەکانی جەنگ و شەڕدا، لە پێنج هێڵی جیاوازدا، یەکێکیان شەهید بووە و یەکێکی تریان کەوتە نێو دیلایەتی و سێیەمیان زیندانی سیاسی بووە لە ڕژێمی پێشوودا، سێی تریان گیانفدان[1]!

کۆتایی

وەرگێڕانەکە لە حوزەیرانی ٢٠١٣ تەواو بووە

---

کۆتاییدا هیوادارم سڵاوم بگەیەنن بە گشت خزمان و خوێشان و لە دوورەوە ڕووی برا و خوشکەکانم ماچ دەکەم.

هیوادارم بە بەخشندەیی خۆتان لێم ببورن، چەند ڕۆژێك دواکەوتم، ئەگەر هیچ شتێك ڕوو نەدات، ئەوا لە دوای دوو هەفتە لەلای ئێوە دەبم بە ویستی خوا، زیاتر لە کاتتان ناگرم، پسولەی بانگهێشتم بۆ ئێوە ناردووە، تا هەمووتان بێنە بەرەی جەنگ، نازانم گەیشتوون یان نا، پێویست بە وەڵام ناکات! سڵاو و ڕێزم هەیە، کوڕ و براتان سەید موجتەبای شەفیعی.

٢ ئابی ١٩٨٨

(١) ئەوانەی لە بەرەکانی جەنگدا بریندار بوونە و زیانی جەستەییان پێگەیشتووە، چەمکی (گیانفیدا)یان بۆ بەکاردەهێنرێ. وەرگێڕ.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشنووس | ٥ |
| پێشکەشە | ٧ |
| پێشەکی وەرگێڕ | ٩ |
| ئاماژەیەك | ١٠ |
| پێشەکی نووسەر | ١٢ |
| بەشی یەکەم: دوورگەی مەجنون، ڕێگای خەندەق | ١٦ |
| بەشی دووەم: دوورگەی مەجنون، قەڵاکانی خەندەق | ١٠٦ |
| بەشی سێیەم: مەیمونە، بارەگای فەیلەقی چوارەم | ١٥٩ |
| بەشی چوارەم: بەغداد، گرتووخانەی ڕەشید | ٢٠٦ |
| بەشی پێنجەم: بەغداد، نەخۆشخانەی ڕەشید | ٢٦٤ |
| بەشی شەشەم: بەغداد، گرتووخانەی ڕەشید | ٣٢٢ |
| بەشی حەوتەم: تکریت، خێوەتگەی پاشکۆ | ٣٤٩ |

| | |
|---|---|
| بەشی هەشتەم: تکریت، خێوەتگەی ١٦ | ٤٦٨ |
| بەشی نۆیەم: تکریت، خێوەتگەی پاشکۆ | ٥٥١ |
| بەشی دەیەم:تکریت، نەخۆشخانەی قادسیە | ٦٠٥ |
| بەشی یازدەم: تکریت، خێوەتگەی پاشکۆ | ٦١٨ |
| بەشی دوازدەم: تکریت، خێوەتگەی ١٧ | ٦٦٠ |
| بەشی سێزدەم: ڕومادی، نەخۆشخانەی ١٧ تەموز | ٦٨٠ |
| بەشی چواردەم: ڕومادی، خێوەتگەی ١٣ | ٦٨٩ |
| بەشی پازدەم: ئێران، لەدایکبوونی نوێ | ٧٠٤ |
| ناوەڕۆك | ٧١٩ |



ئەو تاجەی
بەجێماوە
بەعەرەبی کردنی: کەمال سەید
بەکوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجر
ARWAN
کاروان
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن